# کۆمەڵناسی سیاسی

## ڕۆڵو دەوری هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی سیاسیدا

نووسراوەی: دوکتۆر حوسێن بەشیریە

وەرگێڕانی: ناسر ئیبراهیمزادە

بۆ پەنجەکانی یەکەم مامۆستای ژیانم کە بۆنی نانیان لێ دێ:

دایکم

## ناوەرۆک

سەرەتا..............................................................13

بەشی یەکەم........................................................ 21
١. سەربردە، سروشتو پێگەی کۆمەڵناسی سیاسی ..........................21
2.ڕەچەڵەک نامەی زانستی کۆمەڵناسی سیاسی .........................38

بەشی دووهەم: چوارچێوە تیۆرەکان لە کۆمەڵناسی سیاسی-دا.....................51
سەرەتا.................................................................. 51
١. مۆدێلی سەرەتایی کۆمەڵناسی سیاسی لە هزری مارکس‌دا ..............53
سێ بۆچوونی سترۆکتووری لە پەیوەندی سەرخانو ژێرخان-دا...............60
هەڵەیەکی سترۆکتووری لە لێکدانەوەی سەرخانو ژێرخان....................71
چینە کۆمەڵایەتییەکانو دەوڵەت..........................................75 ڕەهەندەکانی
پەیوەندی دەوڵەتو چینە کۆمەڵایەتییەکان.....................85
چەند تێبینییەک لە سەر ئینسترۆمێنتالیزم یان سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەتی کاپیتالیزمی مۆدێرن..................................................92
ڕاڵف میلیبەند.............................................................92
نیکۆس پۆلانزاس........................................................97

کلاوس
ئۆفە.............................................................103
2. چوارچێوەی گشتی کۆمەڵناسی سیاسی
ڤێبێر................................113
پێشەکی..............................................................
113
مۆدێلی تایبەتی کۆمەڵناسی سیاسی
ڤێبێر...............................126
سیاسەتو باڵادەستی نەریتی..................................135
سیاسەتو باڵادەستی بروکراتیک..............................137
سیاسەتو باڵادەستی کاریزماتیک.............................139

هەڵسەنکاندن.........................................................145
٣. پلۆڕالیزم یان زۆربوونی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی
کۆمەڵایەتی..............147
بابەتە
گشتییەکان...................................................147
ئێلیتیزم..............................................................
161
ڕەخنەی بیرۆکەی پارەتوو وەک مۆدێلی کۆمەڵناسی
سیاسی............169
مۆدێلی زۆربوونی سەرچاوەو گرووپەکانی دەسەڵات
173.......................
ڕەخنەو تاوتوێ
کردن...............................................183
مۆدێلی لاوەکی
کۆرپۆراتیزم...........................................191
٤. بیرۆکەی فانکشناڵیستی و پەیوەندی سیستمی
200...............................

بیرۆکەکانی تاڵکۆت
پارسۆنز..................................................202
بیرۆکە
تەواوکەرەکان..................................................212
ئاراستەکانی ئەو دواییانە لە فانکشناڵیزم-
دا..............................214
ڕەخنەو
هەڵسەنگاندن..................................................217
پوختەی
باسەکە..................................................220

بەشی سێهەم. کەلەبەرە کۆمەڵایەتییەکان، هێزە
کۆمەڵایەتییەکان..............226
سەرەتا..................................................
226
١. کەلەبەرە
کۆمەڵایەتییەکان..................................................235
٢. هێزە
کۆمەڵایەتییەکان..................................................259
کۆمەڵناسی سیاسی لە ئاستی میکرۆو
ماکرۆدا..........................262
جۆرو شێوەی کردەوەی هێزە
کۆمەڵایەتییەکان..........................270
هۆکارە کاریگەرەکانی سەر توانای هێزو گرووپە
کۆمەڵایەتییەکان.......280
هێزە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانو گرووپەکانی
دزە....................292

3.هێزە کۆمەڵایەتییەکانو حیزبە
سیاسییەکان..............................299

بەشی چوارەم. ڕۆڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی سیاسی-
دا.........313
پێشەکی: دەوڵەتو فۆڕماسیۆنی هێزە
کۆمەڵایەتییەکان.........................313
١. یەکێتیو پێکهاتەی چینی
کاپیتالیست...................................317
٢. یەکێتیو دەسەڵاتی چینی
کرێکار.......................................323
٣. ئاستی دزەو دەسەڵاتی چینەکانی پێش کاپیتالیزم.......................327
٤. ئاراستەی ستاتۆو گرووپە
ناچینایەتییەکان............................329
–یەکریزیو هاوئاراستەیی چینو ستاتۆ
کۆمەڵایەتییەکان...............331
–پەیوەندی چینو ستاتۆ
کۆمەڵایەتییەکان..............................334
سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت..............................................338
بنیاتی تیۆری کۆمەڵناسی سیاسی: کۆبەندی..............................343
١. ڕۆڵی چینی کاپیتالیست لە دەسەڵاتی سیاسی-
دا.........................353
واتاو ڕیشەی مێژوویی
بوورژوازی......................................357
دەسەڵاتی سیاسی چینی
کاپیتالیست.......................................366
ئینگلستان......................................................................368

ئەڵمان(ڕۆژئاوا)........................................................
377

وڵاتە یەکگرتووەکانی
ئەمریکا..........................................382

ژاپۆن.................................................................
385

ئێران..........................................................387

٢. بەرپرسانو دەسەڵاتی
سیاسی.............................................398

٣. ڕۆڵی وردەبوورژوازی لە سیاسەت-
دا.......................................409

٤. ڕێکخراوو بزووتنەوە
کرێکارییەکان.......................................428

پێشەکی..........................................................................
428

مێژووی بزووتنەوەی
کرێکاری..........................................437

یەکێتییە کرێکارییەکان
440..............................................

ڕێکخراوو بزووتنەوە کرێکارییەکان لە ئینگلستان-
دا...........................445

بزووتنەوەی کرێکاری لە کیشوەری
ئورووپادا................................453

ئەڵمان..............................................................
460

فەڕەنسا...........................................................
464

ئیتالیا.......................................................... 468
ئیسپانیا........................................................ 469
بزووتنەوەی کرێکاری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا................... 470
بزووتنەوەی کرێکاری لە سۆڤیەتو ڕۆژهەڵاتی ئوروووپادا.................. 475
بزووتنەوەی کرێکاری لە ئەفریقادا........................................ 480
بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران-دا.......................................... 482
کۆبەندی.......................................................... 487
٥. ڕۆڵی ئەریستۆکراسیو خاوەن زەوییەکان لە سیاسەت-دا................ 490
بیرۆکەو مێژوو........................................................ 490
دەوری ئۆلیگارشی خاوەن زەوی لە سیاسەتی وڵاتانی ئەمریکای لاتین-دا.... 506
ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی لە ئێران-دا.................................. 508
٦. دەوری جووتیاران لە ژیان سیاسیدا...................................... 523
جووتیاران لە مێژووی ئوروووپادا.......................................... 524
دەوری جووتیاران لە ژیانی سیاسی هەندێ وڵاتی ئوروووپایی-دا............ 533

دەوری سیاسی جووتیاران لە وڵاتانی ئاسیادا..............................541
دەوری سیاسی جووتیاران لە ئەمریکای لاتین-دا..............................549
دەوری سیاسی جووتیاران لە ئێران-دا....................................552
٧. پیاوانی ئایینی، ئایینو سیاسەت......................................559
سەرەتا..................................................................559
بیرۆکەکانی ئایین..........................................................564
بانگەشەی سیاسی ئایینەکان...............................................576
مەسیحییەت.............................................................578
ئایینی بوودا..............................................................586
ئایینی جوو................................................................588
ئیسلام..................................................................591
ئایینو سیاسەت لە ڕۆژئاوادا...............................................597
ئایینو سیاسەت لە ئەمریکای لاتین-دا......................................603
ئایینو سیاسەت لە هەندێ وڵاتی ئیسلامی-دا..................................608

ئایینو سیاسەت لە ئێران-دا....612
**.٨ ڕووناکبیرانو سیاسەت**....627
سروشتو ئۆگرییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕووناکبیران....627
دەوری ڕووناکبیران لە سیاسەت-دا....642
.١ ڕەخنەی سیستمی سیاسی....643
.٢ بەشداری کردنی ڕووناکبیران لە ژیانی سیاسی-دا....649
.٣ دوورەپەرێزی لە سیاسەت....652
دەوری ڕووناکبیران لە ئێران-دا....655
خوێندکارانو بزووتنەوەی خوێندکاری....663
**.٩ سپاو سیاسەت**....667
سەرەتا....667
سەربردەی مێژوویی سپا....669
میلیتاریزم: «بەسپایی بوونی کۆمەڵگا»و سیاسەت....674
باسە تیۆرەکان....684

کۆمەڵناسی سیاسی دەستێوەردانی سپا لە سیاسەت-دا........................686
توانا سیاسییەکانی ڕێکخراوە سەربازییەکان.............................686
پاڵنەرەکانی دەستێوەردانی سپا لە سیاسەتدا........................688
ئۆگرییە ناوچەییەکان.............................................693
ئاستە جیاجیاکانی دەستێوەردانی سپا لە سیاسەتدا......................695
سپاو سیاسەت لە ئێراندا..............................................704
١٠. ڕۆڵو دەوری ئەتنیکو کەمایەتییە ئەتنیکییەکان لە سیاسەت-دا.......711
ئەتنیسیتەو ڕەگەز...............................................711
دەوری کەمایەتییە ئەتنیکییەکان لە ڕۆژئاوای ئورووپادا....................722
دەوری عێلو عەشیرەتو ئەتنیکەکان لە ئێران-دا.............................724
ڕۆڵو دەوری سیاسی ئەتنیکو خێڵەکان لە ئەفغانستان-دا..................734
١١. ڕۆڵو دەوری ژن لە ژیانی سیاسی‌دا...................................738
سەربردەی مێژوویی.....................................................740
مۆدێلەکانی ڕەفتاری سیاسی ژن...........................................746
چاولێکەری ژنان لە مێردەکانیان لە ڕەفتاری سیاسی-دا.................747

کۆنسێرڤات بوونی ژن لە ڕووی سیاسییەوە.............................749
نەریتخوازی ژن ................................................753
دوورەپەرێزی ژن لە سیاسەت.........................................754

بەشی پێنجەم. پێگەی کۆمەڵایەتی دەوڵەتانو جۆری ڕژێمە سیاسییەکان.......758
سەرەتا................................................................758
١. پێگەی کۆمەڵایەتی ڕژێمە سیاسییەکان.................................760
پێوانە کۆمەڵناسانەکانی پۆلێن کردنی ڕژێمە سیاسییەکان...................760
ڕژێمە دیموکراتیکە ڕاستەکانو ڕەوتی گۆڕانی دەوڵەت لە ڕۆژئاوادا.........768
سیستمە کۆنسێرڤاتە نەریتییەکان..........................................779
سیستمە لیبراڵەکان...................................................785
لیبراڵ دیموکراسی...................................................793
دیموکراسی کۆمەڵایەتیو دەوڵەتی فەرعانی.................................797
قەیرانی کاپیتالیزمو گوورانی نیۆلیبراڵیزم................................803
ڕژێمە ڕاستە دەسەڵات-خوازەکان..........................................807

تایبەتمەندیو بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوە فاشییەکان............808
دەوڵەتی فاشی.....................................................820
وێنە مێژووییەکان.....................................................825
ڕژێمە چەپەکان.......................................................
٢.جۆرەکانی«کۆمەڵگای سیاسی»:پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنیو جەماوەر.....................................................844
سەرەتا.....................................................844
کۆمەڵگای مەدەنی .............................................848
کۆمەڵگای جەماوەریی.....................................................858
تیۆرەکانی کۆمەڵگای جەماوەری.......................................862
کۆمەڵگا سیاسییە جۆراوجۆرەکان.........................................872
کۆمەڵگای سیاسی پلۆڕالیست.......................................873
کۆمەڵگای سیاسی داخراوی نەریتی.......................................875
کۆمەڵگای سیاسی نیوەنەریتی ناجەناوەری............................877
کۆمەڵگای سیاسی داخراوی جەماوەری.................................880
کۆمەڵگای سیاسی سەرکوتکەری ناجەماوەری.........................884

کۆمەڵگای سیاسی سەرکوتکەری جەماوەری............................887
بیبلۆگرافی: هەڵبژاردەی سەرچاوە ئینگلیزییەکان..........................

# سەرەتا

*مرۆڤەکان خۆیان مێژووی خۆیان دروست دەکەن بەڵام نە شێوازەکەی بە دڵی خۆیانەو نە هەلومەرجەکەش خۆیان هەڵی دەبژێرن.*

سیاسەت سەرقاڵییەکی تاکە کەسیو تاک لایەنە نییە؛ گەمەی سیاسەت پێویستی بە دۆستو دوژمن هەیە. هەر کۆمەڵگایەکی سیاسی لەو گرووپو هێزانە پێکهاتووە کە کەم تا زۆر لە ژیانی سیاسیدا دەوریان هەیە. دەوڵەت لە هەموو شوێنێکدا لە گرووپی کۆمەڵایەتی تایبەت پێکهاتووەو پشت بە پشتیوانی ئەو هێزو گرووپە تایبەتانەوە دەبەستێ. لەگەڵ دەستاودەست بوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا سروشتو ئاراستەی ئایدۆلۆژیکی ڕژێمە سیاسییەکانیش گۆڕانی بەسەردا دێ. بابەتی سەرەکی کۆمەڵناسی سیاسیی تاوتوێ کردنی پەیوەندی دوو لایەنەی نێوان دەسەڵاتی دەوڵەتو هێزە کۆمەڵایەتییەکانە. ڕەفتاری هێزە کۆمەلایەتییەکان لە بەرامبەر دەسەڵاتدا ڕەنگە بەو شێوازانەی خوارەوە بێ. ١) لە دژی دەسەڵات هەستنەوە، ٢) بەشداریو دزەی تێدا بکەن، ٣) یان تووشی بێ کردەوەیی سیاسی بێن. لە لایەکی

تـرەوە، دەوڵـەتان ڕەنگـە هێـزە کۆمەڵایەتییـەکانی دەرەوەی گۆڕەپـانی دەسەڵات ١) سەرکوت بکەن یان ٢) دەرگای چوونە ناوماڵی دەسـەڵاتیان بـە ڕوودا واڵا بکەنو یان ٣) ڕێکیان بخەن. دەوڵەت وەک سەرەکیترین پێکهاتەی سیاسی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەڵواسراو نییـە، بـەڵکوو لـە نـاو تـۆڕی ئـاڵۆزی بەرژەوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـدا دەژیو بـە بـێ ناسـینی ئـەو بەرژەوەندییانـە، نـاتوانین سروشـتی دەوڵـەت بـە باشـی بناسـین. ڕاسـتە دەوڵەت بەرزترین هێمـای دەسـەڵاتی سیاسـییە، بـەڵام جـێ پەنجـەی هێـزە کۆمەڵایەتییەکانی پێوە دیارە. دەوڵـەت هـەم گۆڕەپـانی گێرەوکێشـەی هێـزە کۆمەڵایەتییەکانەو هەم هێمای زاڵبوونی بەشێکە بـە سـەر بەشـەکانی تـردا. ڕاسـتە دەوڵـەت ڕۆڵو دەورە گشـتییەکان ڕادەپـەڕێنێ، بـەڵام سـیمای تایبەتیشی هەیە. بەگشتی دەوڵەت خاوەنی چوار بنـەماو سیمای جیـاوازە: یەکەم، سیمای توندوتیژی؛ دووهەم، سیمای ئایدۆلۆژیک؛ سێهەم، سیمای گشتیو چوارەم، سیمای تایبـەتی. ڕژێمـی سیاسـی پێویسـتە خـاوەنی لانـی کەمی ئەو بنـەماو هـەیکەلانـە بـێ. حکوومـەتێک توانـای دەکارهێنـانی زۆرو توندوتیژی نەبێو دەزگا سەرکوتکەرەکانی لاواز بن، حکوومەتێکی لەرزۆکە. دژبـەرانو دوژمنـانی ڕژێمـە سیاسییەکان بـە شـێوەیەکی سروشـتی سـیمای توندوتیژی دەوڵەتان باش دەناسن. ڕاستە زاڵبوونو توندوتیژی گرینگتـرین توخمەکانی کۆمەڵگای سیاسین، بەڵام حکوومەت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خـۆی ڕەوا پێشـان بـدا پێویسـتە پشـتگیریو ڕەزایـەتی خـەڵکێش بـۆ لای خـۆی ڕاکێشێ. کاتێک پەیڕەوی کردنو ملکەچی خەڵک لە ڕاست حکوومـەت پشـت بە هۆکارو قانوونی گشتیو ئەخلاقییـەوە ببەستێ، دەسـەڵاتو تونـدوتیژی

دەوڵەتی زۆر ئاسانتر لە لایەن خەڵکەوە قبووڵ دەکرێ. دنەدانی خەڵک بۆ قبووڵ کردنی دەسەڵات لە چوارچێوەی بیروباوەڕو ئەفسانەو ئایدۆلۆژیاوە یەکێکە لە بنەماو هەیکەلە کۆنەکانی پێکهاتەی دەوڵەت. جەماوەر بە شێوەیەکی سروشتی هیکەلی ئایدۆلۆژیکی دەوڵەت دەناسن. هەروەها دەوڵەت هەر لە کۆنەوە ئەرکو دەوری گشتی لە ئەستۆ بووە. داکۆکی کردن لە بەرامبەر هێرشە دەرەکییەکاندا، چارەسەری گرژییە ناوخۆییەکان، پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانو دابین کردنی دەزگایەک بۆ دادپرسیو دادپەروەری کۆنترین لایەنەکانی پێکهاتەی دەوڵەتن. بەڵام کۆمەڵناسی سیاسی هەیکەلی تایبەتی دەوڵەتو پەیوەندی دەسەڵاتی دەوڵەت لەگەڵ بەرژەوەندی گرووپو هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا تاوتوێ دەکا. ڕەنگە بنەمای دەسەڵاتو هیکەلی دەوڵەت لە ژێر کاریگەری قەیرانو هەلومەرجی قەیراناویدا گۆڕانی بەسەردا بێو حکوومەت زۆرتر بە لای توندوتیژیو سەرکوتو پڕۆپاگەندەی ئایدۆلۆژیاو دابین کردنی فەرعانی ئابووریدا بشکێتەوە، بەڵام دەسەڵات هیچ کات ناتوانێ تەواو سەربەخۆ بێ-و لە بەرژەوەندی گرووپە تایبەتەکان دابڕێ. ساماندارانی بە شێوەیەکی سروشتی هەیکەلی تایبەتی دەوڵەت باشتر دەناسن. لەو کتێبەدا بە مەبەستی ڕوون بوونەوەی هەرچی زیاتری جیاوازی نیوان «دیسیپلینی» کۆمەڵناسی سیاسیو لقەکانی تری زانستە سیاسییەکان ئەرکی کۆمەڵناسی سیاسی بەرتەسک دەکەینەوە، واتا ئەرکی کۆمەڵناسی سیاسی تاوتوێ کردنی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی دەوڵەتو گرووپو هێزە کۆمەڵایەتییەکانە. بۆچوونێکی ئەوتۆ دەربارەی کۆمەڵناسی سیاسی دەبێتە

هۆی ناسینی *ژیانی* سیاسی بە واتا کۆنکرێتو هەمە لایەنەکەی. ژیانی سیاسی کۆمەڵێک پەیوەندی دینامیکە لە ناو سەرجەم بەشەکانی کۆمەڵگادا. کە واتا بابەتی سەرەکی کۆمەڵناسی سیاسی تاوتوێ کردنی پەیوەندییەکانی نێوان سترۆکتووری ئابووری، سترۆکتووری کۆمەڵایەتیو سترۆکتووری سیاسییە. بۆچوونێکی ئەوتۆ لە ژیانی سیاسی دژی ئەو بۆچوونە ئابسترە جۆراوجۆرانەیە کە ئێستاکە لە کۆمەڵناسی سیاسی ڕۆژئاوادا باون. بۆچوونە سترۆکتووریو فانکشناڵییەکان بەشێکی ڕاستییەکان بڕ دەدەن ئەو کارەش دەبێتە هۆی ئەوە ئاوڕ لە هەمووی ژیانی سیاسی نەدەنەوە. ئەو بۆچوونە ئابسترانە لەگەڵ ئەوەدا کە بوونەتە هۆی ئاڵۆزی پانتا جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵناسی سیاسی، دەروونناسی کۆمەڵایەتی، مرۆڤناسی سیاسیو هتد، بابەتەکانی وەک ڕەوتی سۆسیالیزاسیۆن، سترۆکتووری بنەماڵە، تیپە کەسایەتییەکانو کاراکتەری نەتەوەیی کە پانتای گشتی کردەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی هەر ولاتێکن، بە هەڵە وەک بەشێکی کۆمەڵناسی سیاسی سەیر دەکەن. ئەو ئاڵۆزییە جێ بە باسی سەرەکی کۆمەڵناسی سیاسی واتا پەیوەندی دەسەلاتی دەولەتو هێزە کۆمەڵایەتییەکان لێژ دەکا.

خاڵێکی تر لە پەیوەندی لەگەڵ شێوازی هەڵسوکەوتی ئەو کتێبە لەگەڵ بابەتی کۆمەڵناسی سیاسیدا کە پێویستە داکۆکی لێ بکرێ لێکدانەوە مێژووییەکەیەتی. بێگومان مێژوو کاکڵی سەرەکیو کەرەسەی خاوی هەموو زانستە کۆمەڵایەتییەکانەو ئاوێتەبوونی مێژوو و بیرۆکە زانستی

کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. بۆچوونە تیۆرو ئابسترەو نامێژووییەکان لە کۆمەڵناسی سیاسیدا پوچو بێ ناوەرۆکن. بابەتی ڕاستەقینەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی پرۆسەی فرە لایەنەو کۆنکرێتی پڕاکسیسی مێژووییەو لەو ڕووەوە خاڵی دەسپێکی ئەو زانستانە دەبێ مرۆڤو هێزە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکان بێ. لە ژێر تیشکی بۆچوونێکی ئەوتۆ لەو کتێبەدا بە تێروتەسەلی باس لە مێژووی سەرهەڵدانو گۆڕانو کردەوەی هێزە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان دەکەین.

هەروەها لەو کتێبەدا بە وردی باس لە مێژووی کردەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران کراوە. هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە لە هەر وڵاتێکدا کۆمەڵناسیی سیاسی بە جەخت کردن لە سەر کۆمەڵگاکەی خۆی کۆمەڵناسی سیاسی دەنووسێتەوە بۆ ئەوە خوێنەرانی وڵاتەکەی لەگەڵ بابەتە تیۆرەکاندا ڕابێنێ. باس لە بابەتە تیۆرەکانی کۆمەڵناسی سیاسی لە ئێرانیشدا دواجار دەبێ بەستێنی کۆمەڵناسی سیاسی ئێران دەستەبەر بکات. ئاماژەی ئەو کتێبە بە کۆمەڵگای ئێران لەو باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئەو کتێبە پێنج وتار لەخۆ دەگرێ. لە وتاری یەکەمدا سروشتو سەربردەو مێژووی سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی سیاسی تاوتوێ کراوە. وتاری دووهەم چاوخشانەوەیەکە بەسەر مۆدێلە تیۆرەکانی کۆمەڵناسی سیاسیدا. بێگومان لە کۆمەڵناسی سیاسیشدا، وەک لقەکانی تری زانستە

کۆمەڵایەتییەکان سەبارەت بە بوارو بابەتی خوێندنەوەو هەروەها سروشتی بابەت جیاوازی بیروڕا زۆرە. مەبەست لە تاوتوێ کردنی مۆدێلە تیۆرەکان لە وتاری دووهەمدا تەنیا گێڕانەوەی مێژووی بیرۆکەکانی کۆمەڵناسی سیاسی نییە، بەڵکوو ڕەخنەی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی ئەو مۆدێلانەو هەروەها نزیک کردنەوەی ئەو مۆدێلانە لە یەکترە بۆ گەیشتن بە مۆدێلێکی گشتی تر بە مەرجێک پاڕادۆکسی مەنتیقی لێ نەکەوێتەوە. لە وتاری سێهەمدا لە ژێر تیشکی باسە تیۆرەکانی وتاری دووهەمدا، مۆدێلێکی گشتی کۆمەڵناسی سیاسی هەم لە ئاستی ماکرۆو هەم لە ئاستی میکرۆدا دەخرێتە ڕوو. لەو وتارەدا ئاستی لێکدانەوە لە کۆمەڵناسی سیاسیداو پەیوەندی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ژیانی سیاسی لەڕووی تیۆرەوە تاوتوێ کراوە. لە وتاری چوارەمدا کە کاکڵی سەرەکی ئەو کتێبە پێکدێنێ، دەوری هێزە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی سیاسیدا تاوتوێ کراوە. ئاراستەی سەرەکی ئەو وتارە ئاراستەیەکی مێژووییەو سەبارەت بە ڕۆڵو دەوری سیاسی هەر هێزێکی کۆمەڵایەتی گەلێ نموونەی مێژووییمان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان هێناوەتەوە. لە کاتێکدا مەبەستی سەرەکی وتاری چوارەم «ئەنالیزی» کۆمەڵگای سیاسیو دەست نیشان کردنی هێزەکانی پێکهێنەری کۆمەڵگای سیاسییە، بابەتی سەرەکی وتاری پێنجەم چۆنیەتی «ئاوێتە بوونی» ئەو هێزانە لە ڕژێمە سیاسییەکانو هەروەها لە جۆرە تیپیکاڵەکانی کۆمەڵگای سیاسی دایە. (ئەو کتێبە بابەتەکانی پێویست بۆ دەرسی «کۆمەڵناسی سیاسی» لەخۆ دەگرێ، کە لە زانستە سیاسییەکاندا دەگوترێتەوە.)

***

**لێرەدا سپاسی خاتوو زارا زادەحوسێن خوێندکاری زانستە سیاسییەکانی زانکۆی تاران دەکەم کە دەستنووسەکانی ئەو کتێبەی دووبارە نووسییەوە.**

***

**چاپی دووهەمی ئەو کتێبە پێرستی ناوەکانی لێ زیاد کراوە. ئەو پێرستەش لە لایەن بەرێز جەواد تەقەویزادە خوێندکاری زانستە سیاسییەکانی زانکۆی تارانەوە ئامادە کراوە؛ سپاسی زەحمەتەکانی دەکەم.**

# بەشی یەکەم

## ١. سەربردە، سروشتو پێگەی کۆمەڵناسی سیاسی

بێگومان دەتوانین ڕیشەی سەرجەم لقەکانی زانستی سیاسی نوێو یەک لەوان کۆمەڵناسی سیاسی لە فەلسەفەی سیاسی کۆندا بدۆزینەوە. بێتوو کۆمەڵناسی سیاسی بەگشتی وەک تێکۆشانێکی فکری بۆ شی کردنەوەو ڕوون کردنەوەی دیاردەو ئاکارو دارشتە سیاسییەکان لە ڕێگەی هۆکارە ئابووری، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەکانەوە پێناسە بکەین، ئەوسا گەلێ نموونەی ئەوتۆ لە هزری فەلسەفی پێشەنگانی بیری سیاسیدا بەدی دەکرێ. بۆ نموونە دەکرێ باس لە تێکۆشانی ئەفلاتوونو ئەرەستوو سەبارەت بە ڕوون کردنەوەی ئاڵوگۆڕی سیستمە سیاسییەکانو هەروەها هۆکاری سەرهەڵدانی شۆڕشەکان بکەین. فیلسووفە سیاسییەکانی سەردەمانی ڕابردوو لەگەڵ ئەوەدا کە سەوداسەری کۆمەڵگایەکی ئایدیال بوون، سەبارەت بە دۆزینەوەی بنەماو قانوونەکانی زاڵ بە سەر ژیانیشدا

**کەترەخەم نەبوون. دواتر کاتێ هەزری سیاسی لە ڕۆژئاوا لە بیری بیرمەندانێکی وەک ماکیاڤیللیو هابزدا لایەنێکی زانستیو عەینی تری بەخۆوە گرت، تایبەتمەندییە کۆمەڵناسانەکەشی بەهێزتر بوو. بۆ نموونە پەندو وانەکانی ماکیاڤیللی بۆ پاشاکان، لەو ڕوانگە کۆمەڵناسانەوە سەرچاوەی دەگرت کە بنەمای بەردەوامی دەسەڵاتی دەسەڵاتداران ترسی بندەستانە لە باڵادەستان. ڕوانگەیەکی ئەوتۆ لە شی کردنەوەی بنەماکانی تەکووزو هۆکارەکانی نەبوونی سەقامگیری سیاسی، لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئەو شتەی دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی ویستی دەسەڵاتدارانەوە، زانستی سیاسی هەرچی زیاتر بەرەو کۆمەڵناسی سیاسی پاڵ نا. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە بۆچوونی دوو کۆمەڵناسی سیاسی هاوچەرخی ڕۆژئاوا واتا ڕاینهارد بەندیکسو سیمۆڕ مارتین لیپسێت سەبارەت بە سەربردەی کۆمەڵناسی سیاسی بکەین. بە پێی باوەڕی ئەو کۆمەڵناسانە «سەردێڕی کۆمەڵناسی سیاسی لە ناوئاخنەکەی نوێترە، چوونکە زۆربەی کارە کلاسیکەکانی پانتای کۆمەڵناسی سیاسی، وەک بەدواداچوونەکانی دوتۆکڤێل، بڕایس، میخێلزو ڤێبێڕ بەر لە بە پسپۆڕی بوونی ئەو پانتایە هاتبوونە ئەنجام.»[1]**

**سەرەڕای سەربردەی لە مێژینەی ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسی لە فەلسەفەی سیاسی کۆندا، ڕیشەی کۆمەڵناسی سیاسی وەک لقێکی زانستە**

---

1. in L. Coser (ed.) *Political Sociology.* (London: Harper & Row, 1966), p.10.

سیاسییەکانی هەنووکەیی دەگەڕێتەوە سەر ئاڵوگۆڕە فکرییەکانی سەدەی نۆزدەهەم. لەو سەدەیەدا کەلک وەرگرتن لە میتۆدەکانی زانستە سروشتیەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا لە چوارچێوەی قوتابخانەی پۆزێتیڤیزمدا ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە سەرجەمی ئەو زانستانەدا پێک هێناو بەتایبەت بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی ئۆگری بۆ بەدیهێنانی زانستی کۆمەڵو سیاسەت. هەرچەندە لە ئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا بنەماکانی زانستی نوێی کۆمەڵناسی سەریان هەڵدا، بەڵام هەر ئەوەش بوو بە هۆی گوورانی بنەماکانی کۆمەڵناسی سیاسی. سەن سیمۆنو ئۆگۆست کۆنت وەک ڕەچە شکێنی قوتابخانەی پۆزێتیڤیزم لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە دەکرێ سیاسەت زانستێکی پۆزێتیڤ بێو بۆ متمانە کردن بە بڕیارەکانی پشت بە بینراوە عەینییەکان ببەستین. قوتابخانەی پۆزێتیڤیزم کاریگەرییەکی زۆری لە سەر بەربڵاوبوونەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانو کۆمەڵناسی سیاسی لە سەدەی بیستەمدا هەبوو. بەڵام کۆمەڵناسی سیاسی بە واتا نوێیەکەی دەرئەنجامی ئاڵوگۆڕە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی چاخی نوێیە. بە گشتی دەکرێ بڵێین بابەتی کۆمەڵناسی سیاسی لە لایەک تاوتوێ کردنی پەیوەندی نێوان دەوڵەت، دەسەڵاتی سیاسیو دەسەڵاتی دەوڵەتیو لە لایەکی ترەوە تاوتوێ کردنی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاو دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی یان هێزو گرووپە کۆمەڵایەتییەکانە. لەو ڕوانگەوە دەسەڵاتی سیاسی بریتییە لە دەسەڵاتی دەوڵەتیو دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی کە هەموو کۆمەڵگای تەنیوەتەوە. هەوڵی کۆمەڵناسی سیاسی تێگەیشتنە لە پەیوەندی

نێوان دەسەڵاتی دەوڵەتیو دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی. بەو واتایە *دەوڵەت سەرووترین* جۆری پەیوەندی دەسەڵاتە لە کۆمەڵگادا (و حکوومەت کۆمەڵێک پێکهاتەو ئەنستیتۆی دەکارهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتییە)، بەڵام جۆرەکانی تری پەیوەندی دەسەڵاتیش لە کۆمەڵگادا هەن. بابەتی سەرەکی کۆمەڵناسی سیاسی شی کردنەوەی جێگەو شوێنی دەوڵەتە لە ناو تۆڕی ئاڵۆزی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانو هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو پانتایە. بە واتایەکی تر، کۆمەڵناسی سیاسی پەیوەندی بە دارشتەی ناوخۆیی دەوڵەتو حکوومەتەوە نییە چوونکە ئەو بابەتە زۆرتر وەک بابەتی سەرەکی «زانستی سیاسەت» سەیر دەکرێ. بێتوو سیاسەت وەک «پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا، ئابووریو دەوڵەت»[1] چاو لێ بکەین ئەوسا ئەرکی کۆمەڵناسی سیاسی تێگەیشتن لەو *پەیوەندییانەیە* نە شی کردنەوەی تەواوی پاژەکانی وەک کۆمەڵگاو دەوڵەت بە شێوەیەکی پرشوبڵاو. زانستە کۆمەڵایەتییەکانی هەنووکەیی وەک کۆمەڵناسیو زانستی سیاسەت زۆرتر بە شێوەیەکی جیا لە یەکو وەک دوو پانتای سەربەخۆ خەریکی ڕانانی کۆمەڵە زانیارییەک دەربارەی «سیستمی کۆمەڵایەتی»و «سیستمی سیاسی»ن. بە گشتی دەکرێ بڵێین تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو پانتایە ئاوڕێکی ئەوتۆی لێ نەدراوەتەوە کە ڕاستەقینەی عەینیو کۆنکرێتی (نە زانستیو ئابسترە) ژیانی سیاسی پێکدێنن.

1. D. Held, *Political Theory and the Modern State.* Polity press, London, 1989, p. 3.

پەیوەندی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا وەک بابەتی سەرەکی کۆمەڵناسی سیاسی یەک لە گرینگترینو ڕەنگە بکرێ بڵێین گرینگترین بابەتی داڕشتنی تیۆری سیاسیو کۆمەڵایەتی بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو بووە. دەسپێکی تێڕامان لەو پەیوەندییە هاوکاتە لەگەڵ گووڕانی دەوڵەتی مۆدێڕن. سەرهەڵدانی داڕشتەی دەوڵەتی مۆدێڕن لە هەموو شوێنەکاندا دەرئەنجامی چارەسەری کێشەی نێوان پاشاکانو دەسەڵاتە خۆجێیەکانو بەرفراوان بوونەوەی پەیوەندییەکانی ئابووری بازاڕو هەروەها کۆتایی کێشەی نێوان دەوڵەتو ئایین بە قازانجی پاشاکان بوو. دەوڵەتی مۆدێڕن کەم تا زۆر لە هەموو شوێنەکاندا سەرەتا بە شێوەی دەوڵەتی سەرەڕۆ هاتە کایەوەو دەوڵەتێکی ئەوتۆ پێداویستییەکانی یەکگرتوویو یەکێتی نەتەوەیی دەستەبەر کرد. لە ڕوانگەی «فەلسەفەی سیاسی»یەوە، دەوڵەتی مۆدێڕن وەک «جۆرە دەسەڵاتێکی گشتی سەربەخۆ لە دەسەڵاتدارو بندەستانی سەیر دەکرا کە خاوەنی ئۆتۆریتەی سەروو بوو لە وڵاتدا»[1]. بە پێچەوانە دڕدۆنگ بوون لە ڕاست تایبەتمەندییە گشتییەکانی دەوڵەتی مۆدێڕنو تێڕامان لە پەیوەندی نێوان «دەسەڵاتی دەوڵەتی»و بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتدارانو کۆمەڵگا خاڵی گووڕانی کۆمەڵناسی سیاسی بە واتای مۆدێڕنی پێک هێنا. بە واتایەکی ڕوونتر پاش گووڕانی دەوڵەتی مۆدێڕن دوو جۆرە تێگەیشتن سەبارەت بە پەیوەندی دەوڵەتی مۆدێڕن لەگەڵ کۆمەڵگادا هاتە ئاراوە:

---

1. Ibid, pp. 11-12.

یەکەم تێگەیشتنێکی فەلسەفی بوو کە ناوئاخنی بنەڕەتی فەلسەفەی سیاسی نوێ پێکدێنیو ئەوی تر تێگەیشتنێکی نافەلسەفی یان «زانستی»و کۆمەڵناسانە بوو کە وەک بەستێنی سەرەکی گووڕانی کۆمەڵناسی سیاسی نوێ دێتە ژمار. لە تێگەیشتنی یەکەمدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە باشترین جۆری پەیوەندی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا چ جۆرە پەیوەندییەکەو یان لە نێوان دەوڵەتو کۆمەلگادا چ پەیوەندییەک *دەبێ* لە ئارا دابێ. بەڵام لە تێگەیشتنی دووهەمدا پرسی بنەڕەتی ئەوەیە کە لە ڕاستیدا چ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا لە ئارا دایە. فەلسەفەی سیاسی نوێ لە ڕێگەی وێناندنی جیاوازی نێوان دوو پانتای دەوڵەتو کۆمەڵگاوە خەریکی پێناسە کردنی پانتای تایبەتی سەربەخۆ لە پانتای دەسەڵاتی دەوڵەتیو دیاری کردنی سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتی مۆدێڕن بوو و لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا پشتگیری لە مافو ئازادییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکرد. بۆ نموونە بە پێی چەمکی گرێبەستی کۆمەڵایەتی کە گرینگترین بیرۆکەی فەلسەفەی سیاسی نوێیە کاتێک تاکەکانی کۆمەڵگا هەندێ لە مافەکانی خۆیان دەسپێرنە دەسەڵاتێکی سەرووتر، ئەوسا پانتای گشتی (دەوڵەت)و پانتای تایبەتی ژیان (کۆمەڵگای مەدەنی) بە ڕوونی دەردەکەون. لە هزری فەلسەفیدا دەوڵەت ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگا نییە. بە گشتی لە فەلسەفەی سیاسیدا دەوڵەت وەک هێمای دەسەڵاتی گشتیو نوێنەری بەرژەوەندییە گشتییەکان سەیر کراوە. فەلسەفەی سیاسی لە پانتای پەیوەندی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگادا ڕوانگەیەکی نۆڕماتیڤی هەبووە نە شیکارییانەو باسی ئەو بابەتانەی کردووە: سنووری دڵخوازی دەسەڵاتی

دەوڵەتو مافی تاکەکان لە کۆمەڵگادا، پێویستی داکۆکی کردن لە ژیانی تایبەتی، چاو لێ کردنی دەوڵەت وەک دەسەڵاتی گشتی، سنووری دڵخوازی دەستێوەردانی دەوڵەت لە ویستوخواستی کۆمەڵگاو ئەو جۆرە بابەتانە. بەو پێیە یەکەم بۆچوونەکان لە پەیوەندی لەگەڵ پەیوەندی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا پاش سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرن بە شێوەیەکی فەلسەفیو «نۆرماتیڤ» خرانە ڕوو. بەڵام کۆمەڵناسی سیاسی لە ڕوانگەیەکی شیکارییانەوە دەڕوانێتە پەیوەندی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگاوە.

بابەتی سەرەکی کۆمەڵناسی سیاسی بە گشتی تاوتوێ کردنی پەیوەندییەکانی دەوڵەتو کۆمەڵگاو بە تایبەت کاریگەرییەکانی کۆمەڵگا لە سەر دەوڵەتە. لەو ڕووەوە لە کۆمەڵناسی سیاسیدا ناسینی کۆمەڵگاو ئاڵۆزییەکانی وەک خاڵی دەسپێکی ناسینی ژیانی سیاسی دێنە ژمار. لەگەڵ هەمووی ئەوانەش لە کۆمەڵناسی سیاسیدا، ژیانی سیاسی تەنیا وەک سێبەرو ڕەنگدانەوەی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان نایەتە ژمار. ڕاستە دەوڵەت لە لایەن هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانەوە «دەست نیشان» دەکرێ، بەڵام بەکردەوە سەرەکیترین هێزی ئەکتیڤە. بە واتایەکی تر دەوڵەت تەنیا گۆڕەپانی ململانێی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکان نییە، هەرچەند لە کۆمەڵناسی سیاسیدا زۆرتر کارمان بەو لایەنەیە.

بە کورتی کۆمەڵناسی سیاسی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی سیاسەت تاوتوێ دەکا. تاوتوێ کردنی کاریگەرییەکانی کۆمەڵگا بە گشتی (پانتای

پەیوەندییـــەکانی بەرهـــەمهێنانو ئـــابووری، تویێژبەندییـــە کۆمەڵایـــەتیو فەرهەنگییـــەکان) لـــە ســـەر دارِشـــتەو پرِۆســـەو ئاکـــاری سیاســـیدا نـــاوەرۆکی کۆمەڵناسی سیاســـی پێکـدێنن. بـــە واتایـــەکی ئاســـانتر لـــە کۆمـــەڵناسی سیاسـیدا، ژیـانی سیاسـی لـە رِێگـەی بگـۆرِە کۆمەڵایەتییەکانـەوە شـی دەکرێتەوە. بێگومان لە نێوان دەوڵەتو کۆمـەڵگادا هـەردەم کارتێکـەری دوو لایەنە لە ئارا دایە، بەڵام کۆمەڵناسی سیاسی سەرنج دەداتە لایـەنێکی ئـەو پەیوەندییانە کە چوارچێوەی کۆمەڵایـەتی سیاسـەتو حکوومـەت پێکـدێنن. لەو رِوانگەوە کۆمەڵناسی جیاوازی هەیە لەگەڵ زانستی سیاسـەت بـە واتـا نوێو بەرتەسکەکەی. هەڵبەت ئـەو جیاوازییـە ئیعتیبارییـەو پەیوەنـدی بـە خاڵی دەسپێکی باسەکەوە هەیە.


بۆ دۆزینەوەی جیاوازی سەرەکی نێوان کۆمەڵناسی سیاسیو زانستی سیاسـەت دەبـێ سـەیری ئـەو جـەخت کردنانـە بکـەین کـە دەکرێتـە سـەر کۆمەڵگاو دەوڵەت. کۆمەڵناسی سیاسی زۆرتـر شـێوە دیتنێکـە لـە «ژێـررِا بـەرەو ژوور»، واتـا زۆرتـر کارتێکەرییـەکانی کۆمـەڵگا لـە سـەر سیاسـەت تاوتوێ دەکا، بەڵام «زانستی سیاسەت»، زۆرتر شێوە دیتنێکە لـە «ژوورِا بـەرەوە ژێـر»، واتـا زۆرتـر دارِشـتەی دەسـەڵاتو پرِۆسـەی سیاسـەتو برِیـــاردانو کارتێکەرییـــەکانیان لـــە ســـەر پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتییەکانـــدا تاوتوێ دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا جیا کردنەوەیەکی ئـەوتۆ تـەنیا دەرئـەنجامی پێداویســتی دابەشــکردنی کــاری زانســتی لــە نێــوان لقــەکانی زانســتی کۆمەڵایەتیدا نییەو هەندێ جیاوازی بنەرِەتی لە نێوان بابەتەکانی ئـەو دوو

لقەدا لە ئارا دایە؛ بەو واتایە کە کاریگەرییەکانی دەوڵەت لە سەر کۆمەڵگا ناکرێ وەک کاریگەرییەکانی کۆمەڵگا لە سەر دەوڵەت چاو لێ بکەین. دەوڵەت وەک هێمای ویستی زاڵ لە وڵاتێکدا لە سەر کۆمەڵگا *دەسەڵات دەکار* دێنێو ڕەنگە ژیانو پرۆسە کۆمەڵایەتی، ئابووریو فەرهەنگییەکان لە ڕێگەی کردەوەی خۆیەوە بگۆڕێ. بەو پێیە دەوڵەت هێمای باڵادەستی، دەسەڵاتو ویستی بکەرە. بەڵام کۆمەڵگا ئەو دەسەڵاتەی نییە. دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەی دەسەڵاتی دەوڵەتی پاڵپشتی بەڕیوەبەرایەتی توندوتیژی لە پشتەوە نییە. پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاو دەوڵەت لە ژێر تیشکی چەمکی «دیتێرمینەیشن» (Determination)دا تاوتوێ دەکرێ نە لە ژێر ناوی «دەکارهێنانی دەسەڵات»دا. لە ڕوانگەیەکەوە کۆمەڵگاو هێزە کۆمەڵایەتییەکان وەک بەستێنو پانتای کردەوەی دەوڵەت، سنوورو سروشتی دەوڵەت دیاری دەکەن. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، کاربەرێوەبەرانی سیاسیش وەک بەشێکی کۆمەڵگا بە پێی تایبەتمەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگای خۆیان دەجوڵێنەوە. بەو پێیە دەبێ لە ڕووی تیۆرەوە دوو چەمکی دەسەڵاتی سیاسیو دیتێرمینەیشن لێک جیا کەینەوە.[1] بە گشتی لە کاتێکدا زانستی سیاسەت لەگەڵ سیستمی سیاسیو چۆنیەتی دەکارهێنانی دەسەڵات لە پەیوەندی دایە، کۆمەڵناسی سیاسی سەرقاڵی تاوتوێ کردنی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵاتی

1. L. Althusser and E. Balibar, *Reading Capital.* (London, 1975), pp. 177-9

سیاسییە. هەڵبەت بە باوەڕی دوو کۆمەڵناسی سیاسی کە پێشترناویان برا: «دابەشکردنی کار لە نێوان دوو پانتای خوێندنەوە واتا کۆمەڵناسی سیاسیو زانستی سیاست لە سەدەی نۆزدەهەمدا زۆر ڕوونتر بوو. ئێستاکە زانایانی سیاسی ئۆگری ئەو پرسیارەن کە «کێ، چی، لە چ کاتێکداو چۆن وەدەست دێنێ»و لە لایەکی ترەوە کۆمەڵناسانی سیاسی ئۆگری شیکاری ڕێکخراوە ڕەسمییە سیاسییەکانن؛ لە ئاکامدا سنووری نێوان زانستی سیاسیو کۆمەڵناسی سیاسی ڕوون نییە.»[٢] لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵ کردنی باسەکە لە لایەن نووسەرانەوە نابێ ببێتە بیانوو بۆ تێکڕووخانی سنووری نێوان بەشە جیاجیاکانی زانستی سیاسی. ئەو سنوورانە دەکرێ بە شێوەی خوارەوە پێشان بدەین.

(پانتای زانستی سیاسەت)




(پانتای کۆمەڵناسی سیاسی)

2. Coser, op. Cit. p. 26.

لە ڕووی پێگەی مێژووییەوە، سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی سیاسی کە لەخۆ گرێ جیاوازی نێوان پانتای دەوڵەتو کۆمەڵگایە، خۆی بەرهەمی ئاڵوگۆڕە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا بیرمەندانی کۆمەڵایەتی چەمکی جیاوازی دەوڵەت لە کۆمەڵگایان زیاتر خستە ڕوو. پێشتر لە هزری سیاسی کۆندا «کۆمەڵگا» هەر لە بنەڕەتدا سیاسی سەیر دەکراو بەو پێیە جیاوازییەک لە نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگادا لەبەرچاو نەدەگیرا. سروشتی سیستمە سیاسییەکان بەر لە سەرهەڵدانی لیبڕاڵیزمو کاپیتالیزم پاڵپشتی ماددی تێکەڵاوی ئەو دوو چەمکە بوو. جیاوازی نێوان دوو پانتای دەوڵەتو کۆمەڵگا دەرئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕە سەرەکییە مێژووییانە بوو کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا گەیشتنە لووتکە. یەکەم، هاوکات لەگەڵ لەناوچوونی دەوڵەتی موتڵەقەو سەرهەڵدانی سیستمی سیاسی لیبڕاڵی، دەستێوەردانی دەوڵەتان لە کاروباری ئابووریدا کەم بۆوەو «کۆمەڵگای مەدەنی» وەک چوارچێوەی ئازادییە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی تاک لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا بەهێز بوو. لەگەڵ هەرەسهێنانی دەوڵەتی موتڵەقەو دابەش بوونی بە دوو بەشی «دەسەڵاتی سیاسی»و «کۆمەڵگای مەدەنی» جیاوازی نێوان دوو پانتای سیاسەتو کۆمەڵگا باشتر دەردەکەوت. دووهەم ئاڵوگۆڕی سەرەکی کە بەستێنی لیک بڵاوبوونی دوو چەمکی کۆمەڵگاو دەوڵەتی دەستەبەر کرد، لێکدابڕانی دینو دەوڵەت بوو؛ لە ئاکامدا دینو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کەوتنە پانتای کۆمەڵگاوە. بە پێی ئەو کەلێنەی کەوتە نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگاوە دەوڵەت

وەک ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا دەهاتە ژمار. لە فەلسەفەی سیاسیدا بە گشتی دەوڵەت وەک بەرژەوەندی گشتی سەیر دەکرا. هەر ئەو چەمکە بنەمای بیرۆکەی بەرژەوەندی دەوڵەتی (Raison d'etat) پێکدێنا. بەڵام بە پێچەوانە، هزری سیاسی چاخی نوێ بە شکو گومانەوە دەڕوانێتە تایبەتمەندی گشتی دەوڵەتی: «بەرژەوەندی کە تەوەرەی سەرەکی سەرجەم پەیوەندییە مرۆییەکانو کۆی ژیانی کۆمەڵایەتییە، «بنچینەی کۆمەڵگا» پێکدێنێ».[1] جێرمی بێنتام فیلسووفی ناوداری سەدەی نۆزدەهەمی بەریتانی لەو باوەڕەدا بوو کە چەمکی دەوڵەت وەک کۆمەڵەیەکی پێکهاتوو لە بەرژەوەندییە گشتییەکان چەمکێکی لێڵو ناڕوونەو دەکرێ لە ڕێگەی دابەشکردنی بەرژەوەندییەکانی گرووپە پێکهێنەرەکانییەوە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت بناسین: «بەرژەوەندی ئاپۆرە کۆی بەرژەوەندییەکانی ئەندامانی پێکهێنەریەتی.»[1]

لە سەردەمی ئێستادا کۆمەڵناسی سیاسی لە دەوری تەوەرەی سەرەکی خۆی واتا پەیوەندییەکانی دەوڵەتو کۆمەڵگا، لە بوارە جۆراوجۆرەکانی توێژینەوەدا پەرەی سەندووە. ئەو بوارە جۆراوجۆرانەی

---

1. L. Von Stein, *The History of the Social Movement in France: 1789-1850.* N. J., 1964, p.55.
1. J. Bentham, *Introduction to the principles of Morals and Legislation.* Oxford, 1876, p.3.

توێژینــەوە بــە گشــتی دەرئــەنجامی دەکارهێنــانی چوارچێــوە تیــۆرە جۆراوجۆرەکانن کە لە بەشی داهاتوودا بە تێروتەسەلی باسیان دەکەین. بە گشــتی دەکــرێ باســی ســێ بۆچــوونی ڕەفتــاری، کاریگــەری هێــزە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر ژیانی سیاسیو سترۆکتووریدا بکەین. لـە لایـەکی تـرەوە ئـەو سێ بۆچوونـە ئامـاژە دەکەنـە سـەر سێ ئاستی شیکاری لـە کۆمەڵناسـیدا: ئاسـتی یەکـەم شـیکاری تـاکو ڕەفتارەکـانی تاکـە، ئاسـتی دووهـەم شـیکاری گـرووپو هێـزە کۆمەڵایەتییـەکانو کاریگـەری ئـەو هێـزو گرووپانەیـە لـە سـەر سیاسـەت، ئاسـتی سـێهەم شـیکاری سـترۆکتووری دەوڵەتو هۆکارە دیاریکەرەکانییەتی. لـە ئاستی شیکاری یەکەمدا کـە لـە سەردەمی ئێستادا «ڕەفتارناسی سیاسی»[1] پێ دەگوترێ تاوتوێ کردنو شـی کردنــەوەی ڕەفتــارە سیاسـییەکانی تــاک لــە هــەر پانتایــەکی کۆمــەڵگای سیاسـیدا، چ لــە نــاوخۆی پانتــای دەســەڵاتی سیاســی یــان لــە دەرەوەی دەسـەڵاتی سیاسیدا، بابـەتی سـەرەکی کۆمەڵناسـی سیاسـی پێکـدێنێ. بـۆ نموونە بۆچوونە سیاسیو ئایـدۆلۆژیا جۆراوجۆرەکـانی تـاک، لـە ڕێگـەی کاریگـەری بگـۆڕە جۆراوجۆرەکـانی وەک پێگـەی کۆمەڵایـەتی – ئـابووری، سـتاتۆی کۆمەڵایـەتی، ئاسـتی فێرکـاری، ڕەگـەز، ئەتنیسـیتە، بۆچوونـە ئایینیەکانــەوە شــی دەکرێنــەوە. لــەو بــوارەدا تــاوتوێ کردنــی بۆچــوونی حیزبـیو ڕەفتـاری هـەڵبژاردن وەک بابـەتی سـەرەکی کۆمەڵناسـی سیاسـی

1. Political Behaviour

وڵاتانی دیموکراتیکی ڕۆژئاوا دێتە ژمار. خاڵی لاوازی بۆچوونی ڕەفتاری لە کۆمەڵناسی سیاسیدا ئەوەیە کە زۆرجار لەبری باس لە هۆکارەکانی ڕەفتار باسەکە بە لای پڕۆسەکانی سۆسیالیزاسیۆنو فەرهەنگو کاراکتەری نەتەوەییو کاریگەرییەکانی بنەماڵەدا دەشکێنێتەوەو ئەوەش دەبێتە هۆی تێکەڵ بوونی دوو دیسیپلینی سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتیو کۆمەڵناسی سیاسی؛ سەرەڕای ئەوەش، بابەتی سەرەکی کۆمەڵناسی سیاسی (بە جەخت کردن لە سەر دوو بابەتی کۆمەڵگاو سیاسەت) ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی ڕەفتاری تاک نییە. تاکو ڕەفتارەکانی تاک یەکەی سەرەکیو ڕاستەوخۆی شیکاری ژیانی سیاسی لە ئاستی دەوڵەتدا نین. بەڵام ئاستی دووهەمی شیکاری، واتا ئاستی هێزو گرووپە کۆمەڵایەتییەکانو کاریگەریان لە سەر ژیانی سیاسی، یارمەتییەکی زۆر دەداتە تاوتوێ کردنی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا وەک پانتایەک کە لەودا ژیانی سیاسی بە واتای *ڕاستەقینەو هەست پێکراوو کۆنکرێت* لە ئارا دایە. لە بۆچوون یان ئاستی گرووپیدا، ڕۆڵو کردەوەو کاریگەرییە دیاریکەرەکانی گرووپو هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسیدا (وەک تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی دارشتەی سیاسی، ئایدۆلۆژیاو دارشتنی سیاسەتی دەوڵەتیو هتد) تاوتوێ دەکرێ. ئاستی سێهەم، واتا ئاستی شیکاری ستروکتووری، لە کۆمەڵناسی نوێدا شێوە دیتنێکی ئابسترەیە. هەروەک لە بەشی داهاتوودا باس دەکرێ، دەکارهێنانی ئەو شێوە دیتنە تەنیا لە چوارچێوەیەکی تیۆری تایبەت لە قوتابخانەکانی کۆمەڵناسی سیاسیدا قەتیس نامێنێتەوە. لە بۆچوونی ستروکتووریدا لەبری باس لە

ڕۆڵو دەوری گرووپو هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی سیاسیدا، باس لە کاریگەریی سترۆکتووره ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان لە سەر سترۆکتووری سیاسی دەکرێ. بۆچوونی سترۆکتووری ئاوڕ لە لایەنی نۆڕماتیڤی ژیانی سیاسی ناداتەوەو لە ڕێگەی گەریمانەی بوونی *دارِشتەکان* (وەک بابەتگەلی جیا لە *کردەوە*) پەیوەندییەکانی نێوانیان تاوتوێ دەکا. بۆچوونی ئێمە لەو نووسراوەیەدا بۆچوونێکە کە کۆمەڵگا وەک کۆمەڵێک کردەوە لە قەڵەم دەداو دارِشتەکانیش وەک بەرهەمی کردەوە سەیر دەکا. بۆ پاساوی ئەو شێوە بۆچوونە لە کۆتایی بەشی دووهەمدا هەندێ بەڵگە دەخەینە ڕوو.

## 2. سەربردەی زانستی کۆمەڵناسی سیاسیو سەرچاوە فکرییەکانی

هۆی گەشەکردنو بەربڵاوبوونەوەی کۆمەڵناسی سیاسی نوێ وەک بەشێکی زانستە سیاسییەکانی نوێ دەرئەنجامی بەرفراوان بوونەوەی پۆزێتیڤیزمە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا. لە سەدەی نۆزدەهەمدا زانایانی کۆمەڵایەتی بۆ باشتر ناسینی کۆمەڵگاو دەوڵەت هەوڵیان دا کەلک لە میتۆدە باوەکانی زانستە سروشتییەکان وەربگرن. ئەزموونگەری (ئیمپریسیزم)و پۆزێتیڤیزم سەرچاوەی ناسینی زانستە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بوون. کۆمەڵناسی نوێ هاوهەنگاو لەگەڵ زانستی سیاسەتی مۆدێرن بە پێچەوانەی زانستی سیاسی کۆن (بە فەلسەفەی سیاسیشەوە) هەر لە دەسپێکەوە هەروەک زانستە پۆزێتیڤەکان خۆی لە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەو بایەخدانەرانەو نۆرماتیڤ پاراستو هەوڵیدا زۆرتر لە ڕێگەی وەسف کردنو پۆلێن کردنی دیاردەکانو هەروەها ئیستقراوە قانوونە گشتییەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بدۆزێتەوە. دەسپێکی زانستی کۆمەڵگاو سیاسەت بە واتای پۆزێتیڤ لە ڕۆژئاوادا لە نووسراوەکانی سەن سیمۆنو ئۆگۆست کۆنتدا بەدی دەکرێ. سەن سیمۆن لەو باوەڕەدا بوو کە بە کەلک وەرگرتن لە میتۆدی زانستە سروشتییەکان دەکرێ لەگەڵ سیاسەتو کۆمەڵناسیش بە شێوەی زانستە «پۆزێتیڤەکان» مامەڵە بکرێ. زانستی پۆزێتیڤ ئەو زانستەیە کە متمانە بە دەستوورەکانی لە سەر بنەمای ئەو

بینراوە عەینیو تەجروبییانەیە کە دەکرێ ئیسبات بکرێن. سەن سیمۆنو ئۆگۆست کۆنت لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە زانستی کۆمەڵگاو سیاسەت دەکرێ بە شێوەی «فیزیکی کۆمەڵایەتی» بخرێتە ڕوو. بە باوەڕی کۆنت ئامانجی زانستێکی ئەوتۆ دۆزینەوەی قانوونە نەگۆڕەکانی گەشەکردنی مرۆڤ لە ڕەوتی مێژوودا بوو. کۆنت «قانوونی سێ قۆناغەکەی گەشەکردن» (واتا تێپەرکردنی قۆناغە ئایینی، مێتافیزیکییەکانو گەیشتن بە قۆناغی زانستی پۆزێتیڤ) وەک یەکێک لە دۆزراوە گرینگەکانی «فیزیکی کۆمەڵایەتی» چاو لێ دەکرد. بنەمای ئەپیستمۆلۆژیای قوتابخانەی پۆزێتیڤیزم باوەڕ بە یەکێتی زانست بوو، واتا دەکرێ هەموو بوارە زانستییەکان (هەم زانستە سروشتییەکانو هەم زانستە کۆمەڵایەتییەکان) پەیڕەوی لە یەک سیستمی ئەپیستمۆلۆژیکو میتۆدۆلۆژیک بکەن. بە باوەڕی پۆزێتیڤیستان یەکێتی زانستەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە بابەتی بەر باس تا چەندە خاوەن ئیعتیبارە، چوونکە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش هەروەک دیاردە سروشتییەکان، دەرەکی، عەینیو تەجروبین. هەر لە سەر بنەمای ئەو یەکێتییەی بابەتەوە بوو کە پۆزێتیڤیستان دەیانگوت هەموو زانستەکان دەبێ لە یەک میتۆدی لێکۆڵینەوەش کەلک وەربگرن. قوتابخانەی پۆزێتیڤیزم وەک بەستێنی سەرەکی بەربڵاوبوونەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لە سەر بەرفراوان بوونەوەی زانستی کۆمەڵگاو سیاسەت لە سەدەی بیستەمداو هەلی بەرفراوان بوونەوەی قوتابخانەی ڕەفتاری ڕەخساند، بەو شێوەیە

قوتابخانەی ڕەفتاری بوو بە قوتابخانەی زاڵ بە سەر زانستی سیاسەتو کۆمەڵناسی سیاسیدا. لە قوتابخانەی ڕەفتاریشدا(Behaviorism) لایەنی دیارو ئاشکرای پرۆسەکانو ڕەفتاری سیاسی دەکەونە بەر خوێندنەوەو تاوتوێ کردنو لە ئاکامدا وتەزاکانی وەک ئاقاری زەینیو بایەخیو مەعنەوی دیاردە «عەینییەکان» ئاوڕیان لێ نادرێتەوە. لە ئاکامی بەرفراوان بوونەوەی بۆچوونی پۆزێتیڤیستی لە زانستدا، شێوەکانی دوکتۆرەینی پۆزێتیڤیزم بۆ زانستی کردنی خوێندنەوە کۆمەڵایەتیو سیاسییە نوێیەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا کەلکیان لێ وەرگیرا. بە مەبەستی ناسینی دیاردە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان کۆکردنەوەی زانیاری، بینین، پێوان، پۆلێن کردنو شێوەکانی تری چەندایەتی بوون بە نەریتێکی باو. کردنەوەی قوتابخانەی زانستە سیاسییەکان لە زانستگای کۆلۆمبیا لە ساڵی ١٨٨٠ لە لایەن جۆن بوورگێسەوە[1] بوو بە مایەی پەرەگرتنی بۆچوونی پۆزێتیڤیستی لە کۆمەڵناسی سیاسی ئەمریکادا. ئارتور بێنتلی[2] یەک لە زانایانی سیاسیو کۆمەڵناسانی سیاسی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٠٨دا کتێبێکی لە ژێر ناوی *ڕەوتی حکوومەتدا* بڵاوکردەوە. لەو کتێبەدا بێنتلی میتۆدە نۆرماتیڤو فەلسەفیو بایەخدانەرییەکان ڕەتدەکاتەوەو جەخت دەکاتە سەر یەکێتی بابەتی زانستەکانو زانستی سیاسەتو کۆمەڵگا وەک خوێندنەوەی ڕەفتاری

1. J. Burgess
2. A. Bentley

بەکۆمـەڵ (هـەم ڕێکخـراوە سیاسـییەکانو هـەم دەوڵـەت) پێناسـە دەکـا. بۆچوونی پۆزێتیڤیستی لە قوتابخانەی شیکاگۆ کە لە دەیەی ١٩٢٠دا سەری هەڵدابوو گەیشتە لوتکە. چاڕلز میریام[3] لـە سـاڵی ١٩٢٢ لـە کتێبـی *لایەنـە نوێیەکانی سیاسەتدا* جارێکی تـر جـەخت دەکاتـەوە سـەر گرینگـی کـەلک وەرگرتن لە ئامارو بینینە تەجروبیەکان لە زانسـتی سیاسـەتو کۆمـەڵگادا. هـەر لـەو سـاڵەدا واڵتـرِ لیپمـان[1] یـەکێکی تـر لـە زانایـانی سیاسـەتو کۆمەڵناسی سیاسی ئەمریکا کتێبێکی لە ژێر ناوی *بیـروڕای گشـتی* دەرکرد. بابەتە سەرەکییەکانی بەرباسی قوتابخانەی شیکاگۆ بریتی بوون لە: باسی دەسەڵاتی سیاسیو بنەماکانی دەسەڵاتی سیاسیو میتۆدەکانی دەکارهێنـانی دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەیەکی تەجروبی، خوێندنـەوەی ڕەفتـاری سیاسـی دەنگـــدەران، خوێندنـــەوەی هەڵبژاردنـــەکانو هۆکارەکـــانی بۆچـــوونی ئایـدۆلۆژیک لـە ڕەفتـاری سیاسـیدا بـە گشـتی. پـاش شـەڕی دووهـەمی جیهـانیش زانایـانی سیاسـەتو کۆمەڵناسـی سیاسـی ئـەمریکا بۆچـوونی پۆزێتیڤیستی خۆیان پاراستو درێژەیان بـە خوێندنـەوەی دیاردەکـانی وەک گرووپەکانی گووشار، ڕەفتـاری ڕێکخـراوە سیاسییەکان، بیـروڕای گشـتی، هەڵبژاردنەکانو هتددا.

3. Merriam
1. W. Lippman

درێژەی بۆچوونی پۆزێتیڤیستی لە سیاسەتو کۆمەڵناسی ڕۆژئاوادا بە شێوەی فانکشنالیزم لە بۆچوونەکانی پارسۆنزو لایەنگرانیدا دەردەکەوێ. فانکشنالیزم چەمکە سەرەکییەکانی خۆی لە زانستە مکانیکییەکان وەردەگرێ، کۆمەڵگا وەک کۆمەڵەیەکی ئینیستڕۆمێنتاڵ سەیر دەکاو بە شێوەیەکی مکانیکی باس لە پەیوەندییەکانی نێوان سیستمی کۆمەڵایەتیو سیستمی سیاسی دەکا. دەیڤید ئیستۆن[1] زانای سیاسی ئەمریکی لە کتێبی *سیستمی سیاسی* (١٩٣٥)دا سیستمی سیاسی وەک بەشێک لە سیستمی کۆمەڵایەتی وەسف دەکا، ئەو سیستمە سیاسییە وەک سیستمێکی لاوەکی دەوری «دابەشینی فەرماندەرانەی بایەخەکان» لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕێ. بۆچوونە فانکشنالی، سیستمیو سیبرنێتیکییەکان بە گشتی پۆزێتیڤو کۆنسێرڤاتانە بوونو تەنانەت زۆر زیاتر لە بۆچوونە پۆزێتیڤە سەرەتاییەکان بابەتی بەرباسی خۆیان لە چوارچێوە بایەخییەکەی دابڕیوە. بە گشتی پۆزێتیڤیزم کە بۆچوونێکی زاڵ بووە لە کۆمەڵناسی سیاسی ڕۆژئاوادا دیاردەکانی بەرباسی خۆی لە دەقە گشتییەکانیان جیا دەکاتەوەو بە شێوەیەکی ئابستڕە تاوتۆیان دەکا. هەروەها لەو بۆچوونەدا وەسفی دۆخی هەنووکەیی (کە بە باوەڕی ڕەخنەگران پاساوێکە بۆ دۆخی هەنووکەی) زاڵەو گرژی، ناکۆکی، قەیران، دابڕانو هەرەسهێنانی کۆمەڵگاو دەوڵەت ئاوڕێکی ئەوتۆی لێ نادرێتەوە.

---

1. D. Easton

یەکێکی تر لە سەرچاوە فکرییە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی سیاسی بیروڕاکانی کارڵ مارکسو نەریتی مارکسیزمە بە گشتی. بە پێی هەندێ بۆچوون کۆمەڵناسی سیاسی هەر لە بنەمادا بەرهەمی هزری مارکس بووە.[٢] ڕاستە مارکس هیچ کات وشەی «کۆمەڵناسی» دەکار نەهێناوەو بە چاوێکی سووک لە ئۆگۆست کۆنتی ڕوانیوە (هەروەک لە یەکێک لە نامەکانیدا دەڵێ: «هەڵوێستی من تەواو دژی هەڵوێستی کۆنتەو بە خاوەن پلەو پایەییەکی بەرزی زانستی نازانم») بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی سەرەکی مارکس لە «ئابووری سیاسی»، کۆمەڵناسی ئابووریو سیاسی بوو. مارکس لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە کۆمەڵناسی ئۆگۆست کۆنت خاوەن تایبەتمەندییەکی چەق بەستوویەو ئاوڕ لە گرژی کۆمەڵایەتی ناداتەوە. لە ڕاستیدا، مارکس لە بەرامبەر کۆمەڵناسی پۆزێتیڤیستی کۆنتدا کۆمەڵناسییەکی تر دەخاتە ڕوو کە بابەتە سەرەکییەکەی تاوتوێ کردنی کێشەی گرووپو چینە کۆمەڵایەتییەکانە. بەو پێیە دەردەکەوێ کە مارکس دژی کۆمەڵناسی نەبوو بەڵکوو باوەڕی بە کۆمەڵناسی پۆزێتیڤ نەبوو و لە سەر بنەمای ئەپیستمۆلۆژیاو میتۆدۆلۆژییەکی تر کۆمەڵناسییەکی تری خستە ڕوو. باسی سەرەکی مارکس لەو پانتایەدا دۆزینەوەی ڕیشەکانی دەوڵەت لە ناخی کۆمەڵگاو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا بوو. کتێبی ***کاپیتاڵیش*** لە ڕاستیدا سەرەڕای ڕەتکردنەوەی هزری ئابستڕەی «مرۆڤی ئابووری»و

---

2. G. Gurvitch, *La Vacation Actuelle de la Sociologie* (Paris, 19630, vol. II PP. 220-25, in Bottom ore & P. Goode (ed.) *Readings in Marxist Sociology*. (Oxford, 1983), PP. 38-43.

«قانوونە سروشتییە ئابوورییەکان» خۆی باسێکی بنەڕەتییە لە کۆمەڵناسی ئابووری – سیاسیدا. لەو ڕوانگەوە دیاردەو چالاکییە ئابوورییەکان کاتێ بە تەواوی لە کۆمەڵگا دابڕێن واتای خۆیان لە دەست دەدەن. لە سەر بنەمای ئەو بۆچوونە، مارکس ژیانی کۆمەڵایەتی دانابەزێنێتە سەر ژیانی ئابووری بەڵکوو بە پێچەوانە لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە ژیانی ئابووریو وتەزاکانی وەک کاڵاو بایەخو نرخ پەیڕەوی ژیانی کۆمەڵایەتین. بەو پێیە ژیانی سیاسیش وەک ژیانی ئابووری لە سەر بنەمای کۆمەڵگاو گرووپە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕوون دەکرێتەوە. ئامانجی کارو چالاکییە ڕەخنەییەکانی مارکس لە دژی هێگێلو هێگێلییە لاوەکان جەخت کردن لە سەر دامەزراندنی ئابووری سیاسی یان کۆمەڵناسی سیاسی بوو. ماتریالیزمی دیالەکتیکی مارکسو باسی ژێرخانو سەرخان باسێکی فەلسەفی یان ئەپیستمۆلۆژیاو مێژوویی نییە بەڵکوو باسێکی تەواو کۆمەڵناسانەیە. دیالەکتیکی مارکسیش بۆ ڕوونکردنەوەی بزاوتو دینامیک بوونی گشتایەتی (یونیوێڕساڵی) کۆمەڵگاو پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان هێزە بەرهەمهێنەکانو پەیوەندییە بەرهەمهێنەکانو وشیاریو ئایدۆلۆژیا کەلکی لێوەردەگیرا. مارکس لە سەرەتای کتێبی *پێشەکییەک لە سەر ڕەخنەی ئابووری سیاسیدا* دەڵێ ئابووری سیاسی زانستێکی نائایدۆلۆژیکە. لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا میراتی مارکسیزم لە سەدەی بیستەمدا لایەنە ئایدۆلۆژیکەکەی بوو نە لایەنە کۆمەڵناسانە یان ئابووری سیاسییەکەی، واتا باسی قەیران لە کۆمەڵگای کاپیتالیستی پێشکەوتوو و بارودۆخی شۆڕشی سوسیالیستی (لەبری ئابووری سیاسی) بوو بە

تەوەرەی سەرەکی باسو بابەتە مارکسییەکان. لە دژی ئەو بۆچوونە، لە دەیەی ١٩٦٠ی زایینیدا بە مەبەستی زیندوو کردنەوەی کۆمەڵناسی مارکسی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەندێ هەوڵی فکری بەرچاو درا. کۆمەڵناسە سیاسییە مارکسییەکانی نوێ هەوڵیان دا لە ژێر تیشکی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی سەدەی بیستەمدا بە تایبەت بە سەرنجدان بە ئاڵۆزتر بوونی داڕشتەی کۆمەڵگاو دەسەڵاتی سیاسیو پەیوەندییەکانی نێوانیان، بە «پاڕادایم»ی سەرەتایی مارکس لەمەڕ ژێرخانو سەرخانو هەروەها پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاو دەوڵەتدا بچنەوە. هەروەها نوێنەرانی جۆراوجۆری نەریتی کۆمەڵناسی سیاسی مارکسی کەوتنە ڕەخنەگرتن لە میتۆدەکانی قوتابخانەی پۆزێتیڤیزم لە کۆمەڵناسی سیاسیدا. بە بۆچوونی ئەو نوێنەرە جۆراوجۆرانە لە ڕوانگەی دیالەکتیکەوە، بە پێچەوانەی بۆچوونی زانایانی کۆمەڵایەتی پۆزێتیڤیست، ڕاستینەی کۆمەڵایەتی بابەتێکی پاڕادۆکسیکاڵ، لێکدابڕاو و لە گۆڕان دایەو هیچ کات ناگاتە دۆخێکی سەقامگیر هەتا بکرێ بە پێی حوکمی دوکتۆرەینی پۆزێتیڤیزم لە ڕێگەی قانوونە گشتییە نەگۆڕەکانی سەربەخۆ لە کارتێکەری زەمان شی بکرێنەوە.

لە ڕووی ئەپیستمۆلۆژیاو میتۆدۆلۆژییەوە سێهەم سەرچاوەی فکری کۆمەڵناسی سیاسی قوتابخانەی زانستە فەرهەنگییەکانی ئەڵمانە. ئەو قوتابخانەیەش هەروەک مارکسیزم بە جۆرێک لە جۆرەکان درێژەی ئایدیالیزمی فەلسەفی ئەڵمان بوو و لە ڕێگەی نامێتافیزیکی کردنی چەمکە

**ئایدیالیستییەکان، بنەمایەکی تری بۆ کۆمەڵناسیو کۆمەڵناسی سیاسی پێکهێنا. قوتابخانەی زانستە فەرهەنگییەکانی ئەڵمان ئەو بۆچوونەی لایەنگرانی پۆزێتیڤیزمی ڕەتدەکردەوە کە پێیان وابوو زانستە کۆمەڵایەتییەکان زانست نین چوونکە بنەماکەیان میتۆدەکانی زانستە سروشتییەکان نییە. بە باوەڕی ویلهۆڵم دیڵتایو فریدریش ڕیکریت دوو نوێنەری سەرەکی ئەو قوتابخانەیە زانستە کۆمەڵایەتیو زانستە سروشتییەکان بە پێی سروشتی بابەت دوو زانستی جیاوازن. دیڵتایو ڕیکریت لە جیاتی یەکێتی زانست باسیان لە جیاوازی زانست دەکردو لەو باوەڕەدا بوون کە بابەتەکانی بەرباسی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بابەتێکی ڕووحانیو فەرهەنگین. دیڵتای داهێنەری زاراوەی «زانستە ڕووحانییەکان»[1] چەمکی ڕووحی لە واتا مێتافیزیکییەکەی لە فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان دابڕیو وەک چەمکێکی تەجروبی لە پۆلێن کردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکاری هێنا. بە پێی بۆچوونی دیڵتای دیاردەکان سێ جۆرن: یەکەم دیاردە سروشتییەکان کە بابەتی بەرباسی زانستە سروشتییەکانن؛ دووهەم دۆخو پرۆسە دەروونییەکانی تاک کە بابەتی سایکۆلۆژی پێکدێنن؛ سێهەم دیاردە ڕووحانییەکانی وەک زمان، فەرهەنگ، ئەدەبو سەرجەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان کە بابەتی زانستە ڕووحیو فەرهەنگییەکانن. دیاردە ڕووحانییەکان بە عەینی بووی زەینی مرۆڤنو وەک بەشێک لە پانتای ڕووحی عەینیو فەرهەنگ دێنە ژمار. جیاوازی ژیانی کۆمەڵایەتیو ژیانی**

1. Geisteswissenschaften

سروشتی لەو چەمکە دایە. جیهانی کۆمەڵگا پڕاوپڕە لە واتا، بیرورا، بۆچوون، لێکدانەوە، هزرو نییەت کە واتا بە پێچەوانەی سروشت، جیهان فی‌نفسە خاوەن واتایە. کە واتا بۆ ناسینی جیهانی کۆمەڵگا ناتوانین کەلک لە میتۆدەکانی زانستی سروشتییەکان وەربگرین. سنووردار کردنی زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش کارێکی هەڵەیە چوونکە هەمووی ئەو زانستانە پەیوەندیان بە جیهانێکی یەکگرتوو و یەکریزەوە هەیە. تەنیا لە ڕێگەی پڕۆسەیەکی تێگەیشتنی ڕوونو دیارەوە دەکرێ لە هێماکانی ڕووح تێبگەین، دیڵتای ئەو پڕۆسەیە وەک «تێگەیشتن» یان «تێگەیشتن لە ناخەوە» ناوزەد دەکا. ماکس ڤێبێڕیش کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسیو کۆمەڵناسی سیاسی وەک دیڵتایو ڕیکرێت لەو باوەڕەدا بوو کە ناسینی جیهانی کۆمەڵگاو ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بە بێ لەبەرچاوگرتنی لایەنی واتاو بایەخو ئامانجە مرۆییەکان ناسینێکی ناتەواوە. دیاردە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان ناوئاخنی زەینیان هەیەو تێگەیشتن بە لای فامکردنی ئەو ناوئاخنەدا دەشکێتەوە. یەکێک لە ڕەخنەکانی ڤێبێڕ لە پۆزێتیڤیستان ئەوە بوو کە پۆزێتیڤیستان ئاوڕ لە پانتای هۆکارە نائەقڵانییەکانو کاریگەری ئەو هۆکارانە لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی نادەنەوەو لەو باوەڕە دان کە ڕەفتارەکانی مرۆڤ ئەقڵانینو ئامانجێکی دیاریکراویان لە پشتە.

بە گشتی کۆمەڵناسی سیاسی لە سەرچاوەی فکری جۆراوجۆرەوە ئاوی خواردۆتەوەو سەربردەیەکی ئاڵۆزی هەیە. بە سەرنجدان بەو

قوتابخانانـەی لـەو کتێبـەدا بـاس کـراون دەکـرێ سـەربردەی زانسـتیو ئەپیستمۆلۆژیای کۆمەڵناسی سیاسی بە شێوەی خوارەوە پیشان بدەین.

# بەشی دووهەم

## چوارچێوە تیۆرەکان لە کۆمەڵناسی سیاسیدا

### سەرەتا

کارڵ دوویچ لە کتێبی *دەمارەکانی حکوومەت*[1]دا دەڵێ بنەمای داڕشتنی تیۆر لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا کەڵک وەرگرتنە لە هێماکانی پانتایەک بۆ شی کردنەوەی پانتایەکی تر. مرۆڤ بۆ شی کردنەوەی کۆمەڵگا لە سروشتو بۆ شیکاری سروشت لە کۆمەڵگا کەلکی وەرگرتووە. بە درێژایی مێژوو هەرچی داهێنانی مرۆڤ لە بواری پیشەسازیدا پەرەسەندووتر بووەو ئامرازو دەزگای جۆراوجۆری دروست کردووە، هێمای ژێرخانی بیرۆکەکانیشی ئاڵۆزتر بووە. گرینگترینی ئەو هێمایانەی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بوونە بنەمای تیۆریک بریتین لە هێما مکانیکییەکانی وەک (ساعەتو دەزگا)و هێما ئۆرگانیکەکان. بە پێی ئەو بۆچوونە دەکرێ

---

1. K. Deutsch. *The Nerves of Government*, (New York: Free Press, 1966), PP. 22-38.

بڵێین بیرۆکە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی سیاسیش پشت بەو هێمایانە دەبەستن بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بەو هێمایانەی خوارەوە بکەین: کەلک وەرگرتن لە هێمای ژێرخانو سەرخان کە تایبەت بە بیناسازییە لــە کۆمەڵناسی سیــاسی مــارکسیدا، کەلک وەرگرتن لە هێمای گەریانی خوێن لە بیرۆکەی ئێلیتیزمداو کەلک وەرگرتن لە هێما ئۆڕگانیکو مکانیکییەکان لە بیرۆکەی فانکشناڵیدا. لەو بەشەدا لە ڕوانگەیەکی پێکگرتەییەوە گرینگترین مۆدێلەکانی تیۆری کۆمەڵناسی سیاسی دەخەینە بەر باس. بێ شک چەمکو ڕوانگەکانی ئەو سیستمە فکرییانە لەگەڵ یەکتردا جیاوازیان هەیە بەڵام مەبەست لە باس کردنیان خستنە ڕووی بیرو بۆچوونی جیاوازە دەربارەی سروشتی زانستی کۆمەڵناسی سیاسیو هەوڵێکیشە بۆ گەیشتن بە ڕوانگەیەکی هەراوتر.

## ١

# مۆدێلی سەرەتایی کۆمەڵناسی سیاسی لە هزری مارکس-دا

تاوتوێ کردنی کۆمەڵناسانەی پەیوەندی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا بۆ یەکەم جار لە لایەن کارڵ مارکسەوە ئەنجام دەرا. هەروەک باس کرا فەلسەفەی سیاسی نوێ لە ڕوانگەیەکی نۆڕماتیڤەوە سەیری پەیوەندی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا دەکاو سەرنج دەداتە تاکو مافو ئازادییەکانی تاک. بەڵام مارکس لەو باوەڕەدا بوو کە لە ڕێگەی تاکو پەیوەندی تاکو

دەوڵەتــەوە نــاتوانین دەوڵــەتی مــۆدێرن شــی بکەینــەوە. هەڵبــەت ئــەو بۆچوونەی مارکس بە واتای ڕەتکردنەوەی ئیرادەو گرینگی تاک لە مێژوودا نییەو مارکس بۆچوونێکی تری دەربارەی تـاک هـەبوو. بـە وتـەی مـارکس «مرۆڤ گیانلەبەرێکی ئابسترە نییە کە لە دەرەوەی جیهان ئۆقرەی گرتبێ بەڵکوو مرۆڤ هەمان جیهانی کۆمەڵایەتی، واتا دەوڵەتو کۆمەڵگایە»[1]. کـە واتـا تاکـەکان تـەنیا لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ یـەکتردا دەبنـە خـاوەن واتـاو گرینگی. بەو پێیە لە ژیانی سیاسیو مێژووییدا کۆمـەڵێک تـاک چالاکن کـە پەیوەنــدی ســترۆکتووریو عــەینیان پێکــەوە هەیــە؛ ئــەو تاکانــە چینــە کۆمەڵایەتییـەکان پێکدێنن. کـە واتـا بابـەتی کۆمەڵناسـی سیاسـی تـاوتوێ کردنــی پەیوەنــدی دەوڵــەتو ســترۆکتووری چینــە کۆمەڵایەتییەکانــە. لــەو ڕووەوە بە بێ ناسینی پەیوەنـدی نێوان دەوڵـەتو چینـە کۆمەڵایەتییـەکان ناتوانین دەوڵەتی مۆدێرن بناسین.

بـۆ تێگەیشـتن لـە بیرۆکـەی مـارکس دەربـارەی پەیوەنـدی دەوڵـەتو کۆمـەڵگا پێویستە ئاماژەیـەک بکـەینـە سـەر بەسـتێنی گشـتی بیرۆکـەکـەی مــارکس. مــارکس لــە دژی بۆچــوونی ئایدیالیســتی هێگێــلو بۆچــوونی ماتریالیستەکانی وەک فۆیرباخ بـاوەڕی وایـە کـە «پراکسیس» یـان کـاری مرۆڤ لە مێژوودا وەک تێکەڵاوی عەینو زەین گرینگترین هۆکاری دیاریکەرو داهێنـەرە لـە کۆمـەڵگاو مێـژوودا. بـەو شـێوەیە مـارکس هـەم زەینخـوازی

1. K. Marx, *The critique of Hegel's Philosophy of Right.* Cambridge U.P. Cambridge, 1970, P. 131.

(سابژێکتیڤیزم) هێگێلو هەم ماتریالیسمی فۆیرباخی ڕەتدەکاتەوە. کاری مرۆڤ لە مێژوودا واتا «پڕاکسیس»، بەرهەمهێنو دانەری سەرجەم شێوەو پێکهاتە مێژوویی‌و کۆمەڵایەتییەکانە وەک (ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کەلوپەلەکان، پێکهاتەکانو سیستمی ئابووری، هێماو سەمبولە فەرهەنگییەکان، ئایدۆلۆژیا، دەوڵەتو هتد). جیهانی پێکهاتەو هێماو سەمبولەکان ڕەنگدانەوەی پڕاکسیس یان کردەوەی مرۆڤە لە مێژوودا. مێژوو و کۆمەڵگا بریتین لە کۆی ئاکارو کردەوەکانی مرۆڤ. بەڵام مرۆڤ بە تەواوی ئاگاداری ئەو ڕاستییە نییە. لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەکردنی مێژووییدا دەستکردو بەرهەمەکانی کاری مرۆڤ واتا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانو شێوازەکانی وشیاری وەک ڕاستییەکی عەینی دێنە ڕوو. واتا کاری مرۆڤ دەبێتە بابەتێکی دەرەکی. مرۆڤ جیهانی پێکهاتەو شێوازە کۆمەڵایەتییەکان دەئافرێنێ بەڵام ئاگاداری تەواوی لە سەر بەرهەمی کاری خۆی نییە. هەرکات جیهانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان درێژتر بێ لەو ئاستەی کە بۆ پڕۆسەی گەشەکردنی کار لە هەر قوناغێکدا پێویستە، دۆخی ڕیفیکاسیۆن (Reification) دێتە ئاراوە. لە دۆخی ڕیفیکاسیۆندا مرۆڤ دەستکردەکانی خۆی پێ لە خۆی لە سەرترەو وەک شتێکی ئەزەلی‌و ئەبەدی سەیری دەستکردەکانی خۆی دەکا، بەو شێوەیە دۆخی ڕیفیکاسیۆن دەبێتە دۆخی ئێلیناسیۆن. لە دۆخی ئێلیناسیۆندا مرۆڤ لە بەرهەمی کاری خۆی نامۆیە. جیهانی کەلوپەلەکان یەکێکە لە هێماو سەمبولە سەرەکییەکانی ڕیفیکاسیۆنو ئێلیناسیۆنی مرۆڤ لە بەرهەمی کاری خۆی. لە هەر

قۆنـاغێکی مێژووییـدا چڵەپۆپـەی تواناکـانی مـرۆڤ لـە کـارو داهێنـانو ئافراندندا لە بەشێکی کۆمەڵگا یان لە چینێکدا دەردەکەوێ. بۆ نموونـە لـە چـاخی سـەرهەڵدانی چینـی بـورژوا وەک چینێکـی شۆڕشگێڕی نوێـدا، بـورژوازی هێمـای لووتکـەی تواناکـانی مـرۆڤ بـوو لـە کـارو داهێنانـداو جیهـانی پیشەسـازیو بازرگـانیو دەوڵـەتی لیبراڵـیو ئایـدۆلۆژیای ئیندیۆڤیدیالیزمو گەلێ شتی تری ئافرانـد. لێرەدا بـورژوازی وەک هێمـاو سەمبولی کاری مرۆڤ هێزی جووڵانـەوەو هۆکـاری بزاوتـی مێـژوو بـوو کـە تـوانی قـاپێلکی جیهـانی فیۆدالی(واتـا پەیوەندییـەکـانی بەرهـەمهێنانو سترۆکتووری دەسـەڵاتی سیاسـیو ئایـدۆلۆژیای فیـۆدالی) تێـک بشکێنێو جیهانی دڵخوازی خۆی (واتا پەیوەندییەکـانی بەرهـەمهێنانو سـترۆکتووری دەوڵەتی بورژوازیو ئایدۆلۆژیای لیبرالیزم) بافرێنێ. ئەو ئافراندنە کاری زەینی بەکۆمەڵی بورژوازی بوو. جیهانی عەینی بـورژوازی تـا ئـەو کاتـە ئەڵترناتیڤێکی داهێنەر تر لـە بـورژوازی لـە ئـارا دا نـەبێ دەتـوانێ وڵامـی ویستوخواستەکانی ئەو چینە بداتەوە. بەڵام جیهانی عەینی بە پێچەوانـەی بۆچـوونی چینـەکانی دەسـەڵاتدار دیاردەیـەکی ئـەزەلیو ئەبـەدیو سترۆکتووری نییـە بـەڵکوو وەک ئاوێـک دەچـێ کـە بەستوویەتی بـەڵام لـە ناوەوە کاری مرۆڤ وەک کەرەسەی سـەرەکی پێکهێنـەرەی سـەرجەم دیـاردە کۆمەڵایەتییەکان لە جووڵانەوە دایە. کـاتێ لـە نێـوان پرۆسـەی پراکسیسـی مێژووییو جیهانی ڕیفیکاسیۆن یـان بـە واتایـەکی بـاوتر، لـە نێـوان هێـزو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا ناکۆکی دێتە ئاراوە کە پرۆسـەی پراکسیسـی مێژوویی گەشەسەندووتر بێو جیهـانی بەستەڵەکی کەلوپـەلو پێکهاتـەکـان

ڕێگر بێ لە بەردەم گەشەکردنی پرۆسەی پراکسیسی مێژوویی‌دا. پانتای پراکسیس یان هێزەکانی بەرهەمهێنان پانتای *بزاوت*و پانتای جیهانی ڕیفیکاسیۆن یان سەرخانەکان پانتای ڕێگرییە. لە ئاکامدا سەردەمانێک دادێ کە هۆکاری بزاوت لە مێژوودا، واتا پراکسیس قاپێلکی وشک تێکدەشکێنێ‌و فۆرماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی نوێ دەخوڵقێنێ کە ئەوسا بەرهەمی کار هێزێکی نوێیە. بە باوەڕی مارکس لە کۆمەڵگای پێشکەوتووی کاپیتالیستیدا هاوکات لەگەڵ زاڵ بوونی بوورژوازی، جیهان تەواو دەبێتە جیهانێکی ڕیفیکاسیۆن. بەڵام بە پێی مەنتیقی ئاڵوگۆڕی مێژوویی ئەگەر جیهانی بوورژوازی کۆتایی مێژوو نەبێ‌و مەجالی لەدایکبوونی جیهانێکی تر لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕەوە هەبێ ئەوسا وەک مێشکی بزاوتی پراکسیسی مێژوویی دەبێ چینێکی تر قاپێلکی جیهانی بوورژوازی تێک بشکێنێ. بە باوەڕی مارکس لە ناو چینەکانی کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا تەنیا چینی پرۆلیتاریا دەتوانێ  بە پێی ویست‌وخواستە ماددییەکانی خۆی جیهانێکی تر وێنا بکا. بوورژوازی لەگەڵ جیهانی پێکهاتە سەقامگرتووەکاندا هەست بە یەکایەتی دەکاو پێی وەک ماڵی خۆی وایە. چینەکانی بەر لە کاپیتالیزم ئەگەر بێتوو چالاکیش بن تەنیا جیهانە چاڵکراوەکان زیندوو دەکەنەوە. بەڵام چینی پرۆلیتاریاو هەمووی ئەو گرووپانەی وەک چینی پرۆلیتاریا بیر دەکەنەوە، هێزی داهێنەرو کاریگەری چاخی کاپیتالیستین. کاتێ تایبەتمەندی بەکۆمەڵی بەرهەمهێنان تەواو بەرفراوان بێتەوە هێزی کارو بەرهەمهێنانی پرۆلیتاریایی قاپێلکی خاوەنێتی تایبەت‌و ئایدۆلۆژیای ئیندیۆڤیدیالیزمی بوورژوازی تێکدەشکێ. بەڵام جیاوازییەکی سەرەکی هەیە

لە نێوان پرۆلیتاریاو چینە داهێنەرەکانی سەردەمانی ڕابردوودا جیاوازییەکەش ئەوەیە کە چینەکانی ڕوو لە گەشە لە شێوە بەرهەمهێنانی پێش سۆسیالیستیدا یەکێتی عەینو زەینیان نەبوو. بۆ نموونە لە کۆمەڵگای فیۆدالیدا وەرزێران، وەک *بەرهەمهێنەرانی ماددی* واتا بەرهەمهێنەرانی کاڵاکانو ئەریستۆکراتەکان، *وەک بەرهەمهێنەرانی* مەعنەویی واتا بەرهەمهێنەرانی فەرهەنگو ئایدۆلۆژیا دەهاتنە ژمار. واتا لە کۆمەڵگای فیۆدالیدا زەینو عەین یەک نەبوون. لە جیهانی بوورژوازی- شدا کرێکارانی پیشەسازی وەک بەرهەمهێنەرانی ماددی واتا بەرهەمهێنەرانی زێدەبایی دێنە ژمار بەڵام بوورژوازی بەرهەمهێنی فەرهەنگو ئایدۆلۆژیایە، واتا دیسانیش عەینو زەین یەک نین. بەڵام کاتێ پرۆلیتاریا وشیار دەبێتەوەو ئایدۆلۆژیای درۆیین لە خۆی دادەماڵێ، تێدەگا کە جیهانی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی دەستکردەو پشکی خۆی لەو جیهانە دەستکردەدا دەناسێتەوە. لە چینی پرۆلیتاریادا پاش قەیرانی کاپیتالیزمو هەرەسهێنانی دواجاری، زەینو عەین یەک دەگرن چوونکە پرۆلیتاریا هاوکات هەم دەبێتە بەرهەمهێنی بەرهەمە عەینییەکانو هەم بەرهەمە زەینییەکانی کۆمەڵگا. بە گشتی لە هزری مارکسدا پرۆسەی کارو پراکسیسی مرۆڤ لە مێژوودا پێکهێنەری ژێرخانو کۆی بەرهەمە عەینییەکانی کاریش پێکهێنەری سەرخانن. لە ڕووی لێکدانەوەی شۆڕشەوە بابەتەکە بە شێوەی گرژی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنانو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەردەکەوێو لە ڕووی لێکدانەوەی دەوڵەتەوە واتا لە کۆمەڵناسی سیاسیدا بابەتەکە بە شێوەی پەیوەندی نێوان دەوڵەتو

کۆمەڵگا وەک کۆی هێزە کۆمەڵایەتییەکان (واتا چینە کۆمەڵایەتییەکان) دێتە بەرباس. بە واتایەکی تر کۆمەڵگا وەک پانتای ژێرخانی پڕاکسیس یان کردەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، دەوڵەت وەک پانتای سەرخان دیاری دەکا. کە واتا پەیوەندی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکانو دەسەڵاتی سیاسی یان دەوڵەت بەشێکی دانەبڕاوی بیرۆکەی گشتی ژێرخانو سەرخانە لە بۆچوونەکانی مارکسدا.

## سێ بۆچوونی سترۆکتووری دەربارەی ژێرخانو سەرخان

بابەتی ژێرخانو سەرخان وەک گرینگترین تۆخمی کۆمەڵناسی مارکسی یەکێکە لەو بابەتانەی مشتومڕێکی زۆری لە سەر بوو و کەوتۆتە بەر خوێندنەوەو لێکدانەوەی جۆراوجۆر. پرسی گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ژێرخان کە بە ڕواڵەت لە هێزو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان پێکهاتووە، تەنیا سترۆکتووری ئابووری لەخۆ دەگرێ یان هەندێ لەو بابەتانەش کە وەک سەرخان دێنە ژمار. بە واتایەکی تر، ئایا ژێرخان لە سترۆکتووری ئابووری بەربڵاوترە. پرسێکی گرینگی تر لەو پەیوەندییەدا ئەوەیە کە ئایە تەنیا لە بەرهەمهێنانی کاپیتالیستیدا (بە سەرنجدان بە سروشتە ئابوورییەکەی واتا سروشتی ناسیاسی پەیوەندییەکانی ئیستیسمار) ژێرخان، ئابوورییەو لە فۆڕماسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی بەر لە

کاپیتالیزمو دوای کاپیتالیزمدا هەندێ لەو تۆخمانەی کە لە سیستمی کاپیتالیستیدا وەک سەرخان دێنە ژمار (بۆ نموونە سیاسەتو ئایینو سترۆکتووری خزمایەتی) ڕەنگە ڕۆڵو دەوری ژێرخانیان هەبێو پارێزەری پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بن. بە گشتی سێ بۆچوون دەربارەی ژێرخان – سەرخان خراونە ڕوو کە ڕیشەی هەمووی ئەو بۆچوونانە دەگەڕێتەوە سەر ئەو هێما جۆراوجۆرانەی مارکس لەمەڕ پەیوەندییەکانی ژێرخانو سەرخاندا کەلکی لێوەرگرتوون. ئەو سێ بۆچوونە بریتیین لە: ۱) بۆچوونی ئیکۆنۆمیستی یان دیتێرمینەیشنی تاک لایەنە[1]، ۲) بۆچوونی دیالەکتیکی یان دیتێرمینەیشنی دوو لایەنەو چۆنیەتی مامڵە کردنی ژێرخانو سەرخان پێکەوە، ۳) دیتێرمینەیشنی فرە لایەنە.[2] مارکس لە کتێبی *پێشەکییەک لە سەر ڕەخنەی ئابووری سیاسیدا* دەڵێ: «مرۆڤ لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی ژیانی خۆیدا بە ناچار دەکەوێتە ناو هەندێ پەیوەندییەوە کە لە دەرەوەی ویستو ئیرادەی مرۆڤن. ئەو پەیوەندییانە لەگەڵ قۆناغێکی تایبەتی پڕۆسەی گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنە مادییەکاندا دەگونجێن. کۆی ئەو پەیوەندییانە، سترۆکتووری ئابووری کۆمەڵگا واتا بنەمای ڕاستەقینە پێکدێنێنو لە سەر بنەمای ئەو پەیوەندییانە سەرخانە حقووقیو سیاسییەکان سەرهەڵدەدەنو هەندێ شێوازی تایبەتی وشیاری کۆمەڵایەتی

---

1. Reductionism, Economism

2. ئەو بابەتانە لەو نووسراوانەی خوارەوە وەرگیراون:

M. Rader, *Marx’s Interpretation of History.* (New York, 1979). S. Rigby, *Marxism and History.* (Manchester U. P. 1987).

لەگەڵ ئەو سەرخانە حقووقیو سیاسییانەدا خۆ ڕێکدەخەن.»[3] وادێتە بەر چاو کە هێمای ژێرخان _ سەرخان لە هزری مارکسدا مۆدێلێکە بۆ ڕوون کردنەوەی پەیوەندی نێوان بەشەکانی کۆمەڵگا. واتا ژێرخانو سەرخان بە شێوەیەکی دایمو هەمیشەیی لە سترۆکتووره ڕاستەقینەکانی کۆمەلگادا جێگیر نەبوون. جگە لەو چەمکە مارکس بۆ شی کردنەوەی سەرخانو ژێرخان لە هەندێ چەمکی تریش کەلک وەردەگرێ وەک چەمکی ڕووان، ڕەنگدانەوە، خۆ گونجاندن، کارتێکەری دوو لایەنە لە سەر یەکتر، پەیوەندی ئۆرگانیکو هەروەها پەیوەندی ئیستلزام . بۆ نموونە مارکس باس لە *خۆ گونجاندنی* (نەک دیتێرمینەیشن) شێوازەکانی وشیاری لەگەڵ سترۆکتووری ئابووریدا دەکا یان دەڵێ لە ناخی هەر لایەنێکی بەرهەمهێنانی ماددیدا سترۆکتوورێکی کۆمەلایەتی تایبەت *دەڕوێ*. لە زۆربەی بوارەکاندا مارکس ئۆرگانیزاسیۆنی کۆمەلایەتی وەک ژێرخانی دەوڵەتو ئایدۆلۆژیاو ماف دەناسێنێ. هەروەها مارکس لەو کتێبەدا باس لە سێ ئاستی فۆرماسیۆنی کۆمەلایەتی دەکا: یەکەم هێزەکانی بەرهەمهێنان، دووهەم پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانو سێهەم ئۆرگانیزاسیۆنی کۆمەلایەتی. لە نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنانو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە لایەکو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانو ئۆرگانیزاسیۆنی کۆمەلایەتی _ سیاسی لە لایەکی ترەوە جۆرە

3. K. Marx, *A. Contribution to the Critique of Political Economy.* (London, 1971), pp. 20-213

پەیوەندییەکی دیتێرمینەیشن لەبەرچاو گیراوە. گۆڕانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان درەنگ یان زوو گۆڕانی سەرجەم سەرخانی لێدەکەوێتەوە. بەو شێوەیە لە ڕووی هۆکارێتییەوە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەکەونە پێشەوەی دەوڵەتو ئایدۆلۆژیاوە. پەیوەندییە ژێرخانییەکان یان پەیوەندییە دیاریکەرەکانی دەوڵەت هەمان پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانن کە لە لایەن دەوڵەتەوە پێک نایەن بەڵکوو دەسەڵاتی دەوڵەتی خۆی بەرهەمی ئەو پەیوەندییانەیە. مارکس لە نووسراوەکانی تریدا زۆر جار باس لە پەیوەندی دوو لایەنەو چەند لایەنەی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانو سەرخانە سیاسی – ئایدۆلۆژیاکان دەکا. لەو نووسراوانەی مارکسدا پەیوەندییەکانی نێوان ژێرخانو سەرخان وەک پەیوەندی کارلێکەری دوو لایەنە باس دەکرێن واتا سەرخان کار دەکاتە سەر ژێرخان بەڵام دیاریکەری ژێرخان نییە. دیتێرمینەیشن واتا جیا کردنەوەی تایبەتمەندی ژێرخان لە کردەوەو کارلێکەری دوو لایەنە. پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە بناغەی بینایەک دەچن کە سەرخان دەچێتە سەر ئەو بناغەیە. مارکس لە بەشێکی تری نووسراوەکانیدا بۆ باس کردن لە دیتێرمینەیشنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان وەک ژێرخان کەلکی لە هێمای *ڕووان* وەرگرتووەو لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ڕیشەی دەوڵەتو ئایدۆلۆژیا لە زەوی فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی دایە.[1] مارکس هەروەها کەلک لە هێمای ڕەنگدانەوە وەردەگرێو

---

1. K. Marx, *Capital*, vol.I (London, 1977), p. 23

لەو باوەڕە دایە کە بارودۆخی سیاسی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگای مەدەنییە.[2] هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا چەمکی خۆ گونجاندنیش لە هەندێ بواردا بۆ پێشاندانی پەیوەندی نێوان بەشە جیاجیاکانی لایەنێکی بەرهەمهێنان لەگەڵ یەکتردا کەلکی لێوەرگیراوە. هەندێ لەو هێمایانە بۆ نموونە هێمای ڕەنگدانەوە زیاتر لە هێماکانی تر دەورێکی بێ کردەوەیی دەداتە سەرخانی سیاسی. لە هێماکانی تردا مارکس هەولدەدا هەم دیتێرمینەیشنی ژێرخان پێشان بداو هەم کارلێکەری ژێرخانو سەرخان لە سەر یەکتر. بێگومان دەوڵەت بە شێوەیەکی کاریگەر کار دەکاتە سەر پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بەڵام دواجار پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان سروشتی دەوڵەت دیاری دەکەن.

سەرهەڵدانی ئەو سێ بۆچوونەی باس کران، بەرهەمی ئەو هێما جۆراوجۆرانەن کە مارکس بە مەبەستی ڕوون کردنەوەی پەیوەندی نێوان ژێرخانو سەرخان کەلکی لێوەرگرتوون. لە بۆچوونی تاک لایەنە یان ئیکۆنۆمیستیدا، ئابووری، دەوڵەتو ئایدۆلۆژیا وەک سێ بابەتی لێک جیا سەیر دەکرێن کە پەیوەندی *دەرەکیان* پێکەوە هەیە. لەو بۆچوونەدا ئابووری (پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان) ماکەی سەرەکی جووڵانەوەی فۆڕماسیۆنی کۆمەڵایەتییەو پێکهاتنی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک لە ئابووریدا دەبێتە مایەی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە سەرخان دا. لە بەرامبەردا سەرخان

---

2. K. Marx, *The Poverty of Philosophy*. (Moscow, 1937), p. 156.

هیچ چەشنە کاریگەرییەکی دیاریکەری لە سەر ژێرخان نییە. بۆچوونی دیالەکتیکی لە پەیوەندی نێوان ژێرخانو سەرخان لە ڕاستیدا بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا لە لایەن ئینگێلسەوە خرایە ڕوو. لەو بۆچوونەشدا ژێرخانو سەرخان وەک دوو بابەتی لێک جیا سەیر دەکرێن بەڵام جیاوازی ئەو بۆچوونە لەگەڵ بۆچوونی ئیکۆنۆمیستی لەوە دایە کە لەو بۆچوونەدا سەرخان دەورێکی مێژوویی چالاکو گرینگی هەیە بەڵام «لە دوایین لێکدانەوەدا ژێرخانی ئابووری دیاریکەرە».[1] ئینگێلس لەو باوەڕەدا بوو کە لێکدانەوەی تاک لایەنەو ئیکۆنۆمیستی لە هزری مارکس لێکدانەوەیەکی هەڵەیە. بە باوەڕی ئینگێلس چوونکە ئایدۆلۆژیا لە ڕووی مێژووییەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ سەری هەڵنەداوە ناکرێ دەورو کاریگەری ئایدۆلۆژیا لەبەر چاو نەگیرێ. پەیوەندییەکی دیالەکتیکی لە نێوان ئابووریو سەرخاندا لە ئارا دایە. سەرخان بەکردەوە شوێن دادەنێتە سەر ژێرخان، هەرچەند بزوێنەری سەرەکی لە مێژوودا ژێرخانە. هەروەها بە باوەڕی ئینگێلس سیاسەتو دەوڵەت تەنیا ڕەنگدانەوەی پەسیڤی ژێرخانی ئابووری نین بەڵکوو شێوازە سیاسیو حقووقییەکان «شوێن» دادەنێنە سەر خەباتە مێژووییەکان. لە ڕێگەی ژێرخانی ئابوورییەوە ناکرێ وردەکارییە سیاسیو ئایدۆلۆژیاکانی سەرخان شی بکرێنەوە. بە باوەڕی ئینگێلس، مارکس لە شیکارییە مێژووییەکانی خۆیدا بەشێوەیەکی دیالەکتیکی کەلکی لە هێمای ژێرخانو سەرخان وەرگرتووە. لە هەندێ

---

1. K. Marx and f. Engel's, *Selected Correspondence*. (Moscow, 1975), pp. 393-6.

بواری تایبەتی وەک ڕووسیاو پێڕۆسدا مارکس ڕاشکانەوە جەخت دەکاتە سەر ڕۆڵو دەوری کۆمەڵایەتیو چالاکی دەوڵەت.[1] لەگەڵ ئەوەشدا بە باوەڕی ئینگێلس پەیوەندی دوو لایەنەی دیالەکتیکی نێوان سەرخانو ژێرخان پەیوەندییەکی هاوسەنگ نییە بەڵکوو بەگشتی ژێرخان بەهێزترو کاریگەرترە. ناسینی کاریگەری سترۆکتوورە سیاسیو ئایدۆلۆژیاکان بە واتای ڕەتکردنەوەی ئەو پرێنسیپە سیاسییە نییە کە ڕیشەی پێکهاتەکانی سەرخان دەچێتەوە سەر ژێرخان.

هەروەک باس کرا مارکس لە هەندێ بواردا لە بری هێمای ژێرخانو سەرخان کەلک لە هێمای ئۆرگانیزم وەردەگرێ. هەڵبەت مەبەستی مارکس لە کەلک وەرگرتن لەو هێمایە دەربڕینی ئەو بابەتەیە کە کۆمەڵگاش وەک هەر ئۆرگانیزمێکی تر گۆڕانی بە سەردا دێ. جاری واشە تەنیا بۆ باس کردن لە پەیوەندییە ئۆرگانیکەکان لە نێوان بەشە جیاجیاکانی پانتای ژێرخانی ئابووریدا هێمای ئۆرگانیکی دەکار دێنێو هیچ ئاماژەیەک بە بوونی ئەو پەیوەندییانە لە نێوان ژێرخانو سەرخاندا ناکات. لە شێوە ڕوانینی ئۆرگانیکی بۆ کۆمەڵگادا، ژێرخانو سەرخان دوو بەشی لێک جیا نینو پەیوەندی دەرەکیشیان پێکەوە نییەو تەنیا دەتوانن لە چوارچێوەی یەکەیەکی گشتیدا وەک بەشەکانی ئەو یەکە گشتییە ئیش بکەن. دیارە لە ناو ئەو یەکە گشتییەشدا بەشەکان کێشو گرینگایەتی وەک یەکیان نییەو

1. Ibid, p. 395.

جێگەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دیارترە. واتا هێمای ژێرخانو سەرخان لە ناخی یەکەیەکی گشتی ئۆرگانیکیشدا جێگەی خۆی هەیە. ژێرخانو سەرخان بەشێوەیەکی ئۆرگانیک لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندی دانو ناوئاخنی یەکترن. بە ڕواڵەت هیچ چەشنە جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوان بۆچوونی دووهەمو سێهەمدا بەر چاو ناکەوێ چوونکە فەرزەکەیان ئەوەیە کە سەرخان ڕۆڵو دەورێکی چالاکی هەیەو لە ڕووی دیتێرمینەیشنەوە ژێرخان لە پێشترە. لە ڕاستیدا لە شێوە ڕوانینی ئۆرگانیکدا فەرز ئەوەیە کە ژێرخانو سەرخان دوو سترۆکتووری جیاواز نینو پەیوەندی ناوخۆییان پێکەوە هەیە. کە واتا بۆ نموونە حقووق ڕەنگدانەوەی سیستمی ئابووری نییە بەڵکوو بەشێکە لەو سیستمەو ڕەنگو ڕوخسار دەبەخشێتە ئەو سیستمەیە. سیاسەتو سترۆکتووری سیاسی لە هەندێ بواردا بەشێکن لە سەرخانو لە هەندێ بواری تریشدا بەشێکن لە ژێرخان. لە سیستمە کۆمەڵایەتییەکانی پێش کاپیتالیزمدا «سەرخانە» سیاسی، ئایینی، حقووقییەکانو هەروەها سترۆکتووری خزمایەتی ماکەکانی ڕەنگو ڕوخساربەخشی بەرهەمهێنان بوونو چوونکە بەردەوامی پەیوەندی ئیستیسماری زێدەبایی پشتی بە وانەوە بەستبوو، وەک بەشێکی ژێرخان دەهاتنە ژمار. لەو سیستمانەدا کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی سیاسی وەک کۆنترۆڵی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان لە فۆرماسیۆنی کاپیتالیستیدا بووە.

بەگشتی دەرئەنجامە تیۆرەکانی هێمای ئۆرگانیکی بۆ چەمکی ژێرخانو سەرخان زیانبار بوون. چوونکە کاتێ نەتوانین لە ڕێگەی «سەرخانەوە» «ژێرخان» دیاری بکەین، بێگومان هەر چەشنە ئیددعایەک لەمەڕ جیاکردنەوەی پاژەکانی کۆمەڵگا بە پێی دیتێرمینەیشن ئیددعایەکی پووچ و بێ مانایەو هیچ هۆیەکیشمان بۆ لە پێشەوە بوونی ستروکتووری ئابووری لە ناخی یەکەیەکی گشتی ئۆرگانیکدا لە بەر دەستدا نییە. لە ئاکامدا ڕەنگە وەک هەندێ لە ڕەخنەگران[1] باس لەوە بکرێ کە ئەخلاقو حقووقو شێوازەکانی وشیاری بەرهەمی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان نین بەڵکوو وەک بەشێک لە پاژە پێکهێنەرەکانی ئەو پەیوەندییانە دێنە ژمار. بەو پێیە بە هیچ جۆر بۆمان نییە بڵێین ژێرخان سەربەخۆیەو هیچ پەیوەندییەکی بە ماکەکانی سەرخانەوە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەک ئاماژەی پێدرا لە هەندێ فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتیدا هۆکارەکانی «سەرخان» وەک شێوەی ڕێکخستنی سیاسی کۆمەڵگا، ستروکتووری خزمایەتیو دابو ڕەسمەکان دیاریکەری پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانن. لە ڕاستیدا باوەڕی هەندێ لە مارکسییەستراکچڕالیستەکانی وەک ئاڵتووسێر بە هێمای یەکەیەکی گشتی ئۆرگانیک لە بری هێمای ژێرخانو سەرخان وڵامدانەوەیەک بوو بەو ڕەخنانە.[1] لێکدانەوەی ئیکۆنۆمیستی لە سەرخانو ژێرخان دەڵێ کۆی دیاردەو پەیوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسیو

---

1. J. Plamenatz, *Man and Society*. Vol. II (London, 1963), pp. 269-293.
1. L. Althusser, *For Marx*. (London, 1977); L. Althusser and E. Balibar, *Reading Capital*. (London, 1975).

فکرییەکان، لەسەر بنەمای «پرێنسیپی یەکێتی ناوخۆیی» فۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی پارادۆکسێکی سەرەکیو ناوەندی دووبارە بەرهەمدێننەوە، ئاڵتووسێر لە دژی ئەو لێکدانەوەدا دەڵێ ئاستە جیاکانی کۆمەڵگا تەنیا پارادۆکسێکی سەرەکیو ناوەندی دووبارە بەرهەم ناهێننەوە بەڵکوو فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی وەک یەکێتی تێکەڵاوی یەکەیەکی گشتی ئۆرگانیکی ستروکتووری لەخۆ گری هەندێ ئاستی لێک جیایەو ئەو ئاستانە خاوەنی «سەربەخۆیی ڕێژەیین». هیچ چەشنە پەیوەندییەکی دیتێرمینەیشن لە نێوان ئاستە ئابووری، سیاسیو ئایدۆلۆژیاکاندا لە ئارا دا نییە. چوونکە هەر کام لەو ئاستانە خاوەنی پارادۆکسی ناوخۆییو مێژووی سەرهەڵدانو گۆڕانی تایبەت بە خۆیانن‌و ئەو پارادۆکسانە ناکرێ بۆ پارادۆکسێکی ناوەندی یەکە دابەزێنرێن. لە ئاکامدا هەر هەلێکی مێژوویی تایبەت لە ڕێگەی کۆی کاریگەرییەکانی هەر کام لە ئاستەکانی گشتایەتییەوە دیاری دەکرێ. کە واتا سیاسەت‌و حکوومەت ڕەنگدانەوەی ژێرخانی ئابووری نین چوونکە خۆیان ڕوخساربەخشی ژێرخانی ئابوورین. هەروەها بە باوەڕی ئاڵتووسێر ڕاستە کە لە هەر یەکەیەکی گشتی ئۆرگانیکدا ئاستەکان خاوەنی سەربەخۆیی ڕێژەیین بەڵام ئاستی ئابووری ئاستێکە کە لە دواشیکاریدا شێوەی ڕێکخستنی ئاستەکانی ناو ستروکتووری گشتی دیاری دەکا. دیتێرمینەیشنی ئاستی ئابووری بە دوو شێوە خۆ دەنوێنێ. یەکەم ئاستی ئابووری ئەوە دەست نیشان دەکا کە کام یەک لە سێ ئاستەکان بەشێوەیەکی عەینی دەرکەون. بۆ نموونە لە کۆمەڵگا بێ چینە سەرەتاییەکاندا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی تایبەتی باوی ئەو

کۆمەڵگایانە زەروورەتی بوونی ئاستی سیاسی یان دەوڵەتیان دروست نەدەکرد. دووهەم ئاستی ئابووری ئەوە دەست نیشان دەکا کە کام یەک لەو سێ ئاستانە لە ناخی سەرجەم سترۆکتوورەکەدا *زاڵ* بێ. کە واتا دەبێ دوو چەمکی *زاڵبوون*و *دیتێرمینەیشن* لێک جیا کەینەوە. مارکسیش لە کتێبی *کاپیتاڵدا* دەڵێ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئایین‌و لە جیهانی کەوناردا سیاسەت زاڵ بوو، بەڵام لە هەر دوو بواردا ئەوە بەرهەمهێنان یان پیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە کە هۆی زاڵبوونی ئایین یان سیاسەت شی دەکەنەوە.[1] لە سەدەکانی ناوەڕاستدا سیاسەتیش تۆخمی زاڵی (ژێرخانی) فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی بوو چوونکە پشتگیری لە دووبارە بەرهەمهاتنەوەی باڵادەستی لە پەیوەندییە چینایەتییەکاندا دەکرد بەڵام دواجار ئەوە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی فیۆدالی بوون کە دەست نیشانی ئەوەیان دەکرد کە تۆخمی سیاسی دەبێ تۆخمی زاڵ بێ لە پرۆسەی ئیستیسماردا. بەڵام لە ئابووری کاپیتالیستیدا بە هۆی ئیستیسماری زێدەبایی لە ڕێگە ئابوورییەکانەوە، تۆخمی ئابووری هەم دیاریکەرو هەم تۆخمی زاڵە.

## هەڵەیەکی سترۆکتووری لە لێکدانەوەی ژێرخان‌و سەرخاندا

---

1. Marx, *Capital*, vol. I, p. 86.

گرفتــی هاوبەشــی بۆچوونــە جۆراوجۆرەکــان دەربــارەی ژێرخــانو سەرخان کە لە هزری مارکسدا باس دەکرێن لـەوە دایـە کە بـە پێچەوانـەی لێکدانەوە مێژووییەکانی خـودی مـارکس، چـەمکی کـردەوە یـان پڕاکسیسی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بە قازانجی چەمکی سترۆکتوور وەلا دەنرێو لە بـری باس لە ڕۆڵو دەوری هێـزە کۆمەڵایەتییـەکان لـەسـەر سترۆکتوورەکـان لـە ڕوانگەی کاریگـەری دیتێرمینەیشنی سترۆکتوورێک لەسـەر سترۆکتوورێکی ترەوە سەیری ژێرخانو سەرخان دەکرێ. بـە واتایـەکی تـر هـەم کـردەوەی مێژوویی‌و هـەم دەرئـەنجامی کـردەوەی مێژوویـی وەک «سـترۆکتوور» دێنـە ژمار. هەروەک پێشتر باس کرا لە ڕوانگەی مارکسەوە کـار یـان پڕاکسیسـی هێـزە کۆمەڵایەتییـە ئافرێنـەرەکان دیاریکـەری سـەرجەم شـێوازو پێکهاتـەو سترۆکتوورە کۆمەڵایەتییەکانە. سترۆکتوورەکان تەنیا ڕەنگدانەوەی عـەینی کــردەوەی هێــزە کۆمەڵایەتییــەکانن. کــردەوەی هێزەکــانی کۆمــەڵگا یــان چینــەکان هۆکــاری جووڵانــەوە لــە مێــژوو و لــە ســەرجەم پەیوەنــدی‌و شێوازەکانی بەرهەمهێنانو کۆمەڵایەتی دایە. فۆڕماسیۆنە کۆمەڵایەتییـەکان بەگشتی بەرهەمـی کـردەوەی هێـزە کۆمەڵایەتییـەکانن. پەیوەنـدی کـردەوەو سـترۆکتوور بـە پێچەوانـەی پەیوەنـدی سـترۆکتوور و سـترۆکتوور کـە لـە هـەموو لێکدانـەوە جۆراوجۆرەکـان لـە ژێرخـانو سـەرخاندا هەیـە، هـەم هێزێکی ڕوونکەرەوەی زۆرتری هەیە هەم کێشەی تێکبەزینی سترۆکتووری‌و فانکشناڵی ژێرخانو سەرخان چارە سەر دەکا کـە گرفتێکـی سـەرەکییە لـەو هێمایـەدا. مـارکس بـاوەڕی وابـوو کـە کۆمــەڵگای مــەدەنی (کـۆی هێــزە کۆمەڵایەتییــەکان) ژێرخــانی شــێوازە سیاســی‌و حقووقییەکانــە: «...

پەیوەندییە حقووقییەکانو هەروەها شێوەکانی دەوڵـەت هـەروا نەناسرێنو لە ڕێگەی پرۆسەی گەشەکردنی زەینـی مرۆڤـەوە شـی ناکرێنـەوە، چوونکـە پنجیان لە بارودۆخی ماددی ژیاندا داکوتاوەو هێگێل بەشێوەی نووسـەرانی ئینگلتـەراو فـەرەنسـای سـەدەی هەژدەهـەم ئـەو بارودۆخـە وەک کۆمـەڵگای مەدەنی ناوزەد دەکا.»[1] هەروەها مارکس لە کتێبی هەژاری فەلسەفەدا دەڵێ: « هەر کۆمەڵگایەکی مەدەنی تایبەت بارودۆخێکی سیاسی تایبەتی هەیە کـە تەواو ڕەنگدانەوەی ڕەسمی کۆمـەڵگای مەدەنییـە.»[2] کـە واتـا دەوڵـەت وەک پانتایەکی سەرخان لە ڕووی کردەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەناسرێ. باسی پەیوەندی نێوان سترۆکتووورە ژێرخانیو سەرخانییەکان چ لە شێوازی پەیوەنـدی دیتێرمینەیشـنی تـاک لایەنـە، دوو لایەنـەو چ لـە شـێوازی فـرە لایەنــەدا، لەگــەڵ نــاوەرۆکی لێکدانــەوە مێژوویــەکانی مارکســدا یــەکتر ناگرێتەوە. مەبەستی مارکس لە ژێرخان کردەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکانـەو لەو ڕوانگەوە دەکرێ بڵێین مۆدێلی مـارکس لـە کۆمەڵناسـی سیاسـیدا بـاس کردنە لە پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتی سیاسیو هێزە کۆمەلایەتییەکان.

## چینە کۆمەڵایەتییەکانو دەوڵەت

1. Marx, *A Contribution to the Critique of Political Economy*.
2. Marx, *The Poverty Philosophy*. 159.

بە پێی ئەو بابەتانەی تا ئێستا باس کران، پەیوەندی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکانو دەسەڵاتی سیاسی ناوەرۆکی سەرەکی بیرۆکەی ژێرخانو سەرخانە لە بۆچوونەکانی مارکسداو هەر ئەوەش بنەمای کۆمەڵناسی سیاسی مارکسی پێکدێنی. پەیوەندی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکانو دەوڵەت پانتای سەرەکی کۆمەڵناسی سیاسییە کە لە ڕاستیدا وەک شوێنی ڕەنگدانەوەی سەرجەم پەیوەندییەکانی ژێرخانو سەرخان دێتە ژمار.

بەگشتی تایبەتمەندی سەرەکی کۆمەڵناسی سیاسی مارکس بریتییە لە ئەنالیزی کۆمەڵگا، دەست نیشان کردنی بەرژەوەندییەکانو هەروەها چینە سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگا، دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان پاژەکانو دواجار دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان پاژەکانی کۆمەڵگاو سترۆکتووری سیاسی. بە واتایەکی تر، باسی ڕیشەی کۆمەڵایەتی دابەشینی دەسەلاتی سیاسی بابەتی سەرەکی ئەو کۆمەڵناسییە سیاسییە پێکدێنێ. بە بۆچوونی مارکس پێوانەی پۆلێن کردنی چینە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە خاوەنێتیو جۆری خاوەنێتیو هەروەها ڕادەی ئازادی تاکە کەسی. بۆ نموونە کرێکار لەگەڵ ئەوەدا کە خاوەن بەرژەوەندی بەرهەمهێنان نییە بەڵام ئازادە؛ وەرزێری بەستراوە هەندێ جار خاوەنی بەرهەمی کارەکەیەتی؛ وەرزێری ئازاد خاوەنی زەویو بەروبومی کاری خۆیەتی. بە باوەڕی مارکسو ئینگێلس کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بێ چین بوون چوونکە لەو کۆمەڵگایانەدا زێدەبایی بەرهەم نەدەهاتو خاوەنێتی تایبەتیش لە ئارا دا نەبوو. کەلێنو کەلەبرە چینایەتییەکان تەنیا لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی زیاترو زێدەبابییەوە

سەریان هەڵدا. لە ئاکامدا چینی نابەرەمهێن توانی لە ڕێگەی چەوساندنەوەی چینە بەرهەمهێنەکانەوە بژی. ئەو کەسانەی خاوەنێتیو کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە دەستەوە دەگرن دەبنە چینی دەسەڵاتداری سیاسیو ئابووری. لە شێوە بەرهەمهێنانی کاپیتالیستیدا، بوورژوازی دەست بە سەر زێدەباییدا دەگرێ کە بەرهەمی کاری بەرهەمهێنی چینی کرێکارە. سروشتی دەوڵەتو ژیانی سیاسی لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا بە بێ ناسینی پەیوەندی ئیستیسمارو باڵادەستی چینایەتی ناناسرێ. پەیوەندیو کەلەبرە چینایەتییەکانی کۆمەڵگا بە باوەڕی مارکس لە ڕووی سروشتەوە لەخۆ گری پێکدادانو ناکۆکیو گرژینو زۆر جاریش ڕەوشێکی ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە. کە واتا بابەتی بەر باسی کۆمەڵناسی سیاسی لە ڕوانگەی مارکسییەوە بەشێوەیەکی وردتر دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ستروکتووری دەوڵەتو گرژییە کۆمەڵایەتیو چینایەتییەکانە. بە پێی کۆمەڵناسی مارکس گۆڕانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانو پێکهاتە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانو هەروەها شێوازەکانی وشیاری بەرهەمی کردەوەو خەباتی چینایەتین. لەو ڕووەوە ژیانی سیاسی ڕەنگدانەوەی گێرەوکێشەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکانە. پێکهاتنی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک لە پەیوەندییە چینایەتییەکاندا لە ژیانی سیاسیشدا ڕەنگدانەوەی دەبێ. لە کۆمەڵناسی سیاسیدا هەنگاوی یەکەم ناسینی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانە. بە وتەی مارکس «ئەگەر بمانهەوێ لە ڕوانگەی ئابووری سیاسییەوە بارودۆخی وڵاتێکی تایبەت تاوتوێ بکەین، پێویستە باس لە دانیشتوانی ئەو وڵاتەو چۆنیەتی دابەش بوونی ئەو

دانیشتوانه لـه نێوان چینـەکانی شـارو لادێدا بکـەین...»[1]. لـه ڕوانگـەی مارکسەوە چینەکان ئەو هێزە مێژووییە دینامیکانەن کە لـە ڕێگـەی گـرژیو ناکۆکییەکانی خۆیانەوە دەبنە مایەی بـەرەوپێش چـوونی مێـژوو. پێوانـەی دابەشکردنی چینە کۆمەڵایەتییـەکان ڕادەی داهـات، یـان شـێوەی دابەشـینو دەکارهێنـــان نییـــە بـــەڵکوو پەیوەنـــدی نێـــوان چینـــە کۆمەڵایەتییـــەکانو کەرەسەکانی بەرهەمهێنانە. پەیوەندییەکانی دابەشینو دەکارهێنان لە لایەن پەیوەندییـــەکانی بەرهەمهێنانـــەوە دەســـت نیشـــان دەکـــرێن. خـــاوەنێتی ئامرازەکـــانی بەرهـــەمهێنان پێوانـــەی ســـەرەکی جیـــا کردنـــەوەی چینـــە کۆمەڵایەتییەکانە لێکتر. هەروەها یەکێک لە پێداویستییەکانی بوونی چینـە کۆمەڵایەتییەکان گرژی چینایەتییە. بوونی بەرژەوەندی هاوبەشی ماددی لە ناو گرووپێکی کۆمەڵایەتیدا تەنیا دەبێتە هـۆی سـەرهەڵدانی «چـین لـە نـاو خوددا». بەڵام ئەگەر بەرژەوەندی هاوبەشـی مـاددی بەسـتێنی سـەرهەڵدانی یەکریزیی، ڕێکخسـتنو وشیاری چینایـەتی دەسـتەبەر نـەکا چـین بـە واتـا سیاسییەکەی، واتا «چین بۆ خود» پێـک نایـە. سروشـتی سیاسـی چینێـک تەنیا لە گرژیو ناکۆکی لەگەڵ چینێکی تردا دەردەکەوێ. کە واتـا چینـەکان تەنیا وتەزای ئابووری نین، بەڵکوو هێـزی سیاسـینو کێشـەی نێوانیشـیان کێشـەیەکی سیاسـییە. بابـەتی ئـەو کێشـەیەش دیـاری کردنـی پەیوەندییـە گشـتییەکانی بەرهـەمهێنانـەو کێشـەیەکی ئـەوتۆش بـێگومـان کێشـەیەکی سیاسییە. «هەر خەباتێکی چینایەتی خەباتێکی سیاسییەو هـەر خـەباتێکی

1. Marx, *A Contribution…*, p. 256.

سیاسی سەرەکیش خەباتێکی چینایەتییە.» خەباتی سیاسی سەرەکی لە نێوان چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگادا دێتە ئاراوە. لەو ڕووەوە دابەشکردنی چینەکان بە دوو چینی سەرەکیو لاوەکی لە هزری مارکسدا لە ڕووی کۆمەڵناسی سیاسییەوە گرینگییەکی تایبەتی هەیە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە مارکس باسی دوو دەستە چین دەکا: یەکەم چینە سەرەکییەکان کە دەورێکی بەرچاویان هەیە لە گۆڕانە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکاندا، دووهەم چینە لاوەکییەکان، بەرژەوەندییەکانی ئەو چینانە دەورێکی بەرچاوی لە خەباتی چینایەتیو گۆڕانە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکاندا نییە بەڵام ڕەنگە بکەونە ناو هاوپەیمانی جۆراوجۆری سیاسی لەگەڵ چینە سەرەکییەکاندا. بە سەرنجدان بەوە کە چەمکی چینو خەباتی چینایەتی لە هزری مارکسدا زۆرتر بۆ ڕوون کردنەوەی ئاڵوگۆڕ لە ستروکتووری کۆمەڵگا لە درێژماوەدا کەلکی لێوەردەگیرێ نە بۆ وێنەی بارودۆخی کۆمەڵگا لە دۆخێکی چەق بەستوودا، لەو ڕووەوە پێویستە جەخت بکرێتە سەر دوو چینی سەرەکی وەک دوو جەمسەری گرژیو ناکۆکی. ئەگەر خەباتی چینایەتی دوو جەمسەری سەرهەڵنەدا، لە ڕێگەی خەباتی وردە چینەکانەوە ناتوانین ڕەوتی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگا دەست نیشان بکەین. دواجار کێشەو گرژییە کۆمەڵایەتییە گرینگەکان، ناوەرۆکی خەباتی چینایەتی پێکدێنن. بێگومان لە لێکدانەوەیەکی ئەوتۆدا بۆچوونی سەرەکی ئەوەیە کە چینە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی لێکدانەوەی بەرژەوەندییە ماددییەکانی خۆیان بەشێوەیەکی ئەقڵانی دەجووڵێنەوە لەو ڕووەوە ڕەفتاری سیاسی چینە کۆمەڵایەتییەکانیش چوونکە ڕەنگدانەوەی

بەرژەوەندییە چینایەتییەکانە، وەک ڕەفتارێکی ئەقلانی دێتە ژمار. هەر بەو هۆیە ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە ماددییەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکانن. بە سەرنجدان بەو بابەتانەی باس کران دەورو پێگەی دەوڵەت لە ناو کۆمەڵگای چینایەتیو پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا لە ڕوانگەی مارکسەوە بابەتی بەر باسی کۆمەڵناسی سیاسی پێکدێنن. ڕەتکردنەوەی سروشتی گشتی دەسەڵاتی دەوڵەتی خاڵی دەسپێکی ئەو کۆمەڵناسییەیە. هەڵبەت شێوازی هەڵسوکەوتی دەوڵەتی مۆدێرن بە جۆرێکە کە هەر دەڵێی چینە کۆمەڵایەتییەلان بوونیان نییە یان پەیوەندی نێوان ئەو چینانە پەیوەندییەکی ئیستیسماری نییەو یان ئەو چینانە هیچ چەشنە ناکۆکییەکی سەرەکیان لەسەر بەرژەوەندی لە نێواندا نییەو یان ئەو ناکۆکییانە هیچ شوێنێکیان لەسەر ژیانی سیاسیدا نییە.[1] بەلام دەوڵەت بەکردەوە پارێزەری سیستمی قانە کۆمەڵایەتییەکانە. خاوەنێتی تایبەتیو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بە ڕواڵەت دوو بابەتی ناسیاسینو دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەتو بڕیاردانی سیاسییەوە. بەڵام لە ڕاستیدا دەوڵەت نە هێزێکی سەربەخۆیەو نە دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی پەیوەندیو بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانەوە. بەڵکوو وەک سەرەکیترین پەیوەندی دەسەڵاتی ناو کۆمەڵگا لەو پەیوەندیو بەرژەوەندییانە پێکهاتووە.

---

1. D. Held, Op. Cit. p. 33.

بەگشتی لە نووسراوە مێژووییی– سیاسییەکانی مارکسدا دوو بۆچوونی جیاواز لەمەڕ پەیوەندی نێوان دەوڵەتو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا بەر چاو دەکەوێ، بۆچوونی یەکەم، بۆچوونی «ئینسترۆمێنتالیزم»ە[1]و بۆچوونی دووهەم، بۆچوونی سەربەخۆیی ڕێژەییە[2]. لە بۆچوونی یەکەمدا کە بۆچوونی سەرەکی نووسراوەکانی مارکسو ئینگێلسە، دەوڵەت وەک ئامرازی بالادەستی چینی سەروو و کەرەسەی دابین کردنو بەردەوامی بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە سەیر دەکرێ. لە بۆچوونی دووهەمدا کە زۆرتر بۆچوونی نووسراوە سەرەتاییەکانی مارکسە فەرز ئەوەیە کە دەوڵەتو پێکهاتەکانی دەوڵەت ڕەنگە لە چاو ژێرخانی ئابووریو چینی دەسەلاتدار لە ڕووی مێژووییەوە جۆراوجۆر بنو لە هەمان کاتدا ناکرێ دەسەلاتی دەوڵەت ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندی چینی سەروو گرێ بدەین: دەوڵەت تا ڕادەیەک سەربەخۆیە یان دەکرێ بڵێین خاوەنی سەربەخۆیی ڕێژەییەیە. لە بۆچوونی یەکەمدا مارکس لەسەر ئەو باوەڕەیە کە چوونکە دابەشینی قانە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان بەشێکی سروشتی سترۆکتووری دەسەلاتی سیاسییە، کە واتا دەوڵەت هەڵقولاوی دەسەلاتی ئابووریو کۆمەڵایەتی چینی بالادەستە. دەوڵەت لانیکەم لە بەرهەمهێنانی کاپیتالیستیدا بەشێکە لە سەرخان کە پشت بە پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە دەبەستێ. لە ڕوانگەی مارکسەوە «پەیوەندییەکانی دەسەلات لە بەرهەمهێناندا پەیوەندییەکانی

1. Instrumentalism
2. Relative Autonomy

**دەسەڵات لە سەرجەم کۆمەڵگادا دەست نیشان دەکەن»[3]. کە واتا دەسەڵاتی سیاسی تیشک یان سێبەری دەسەڵاتی ئابوورییەو لە ڕووی ئابوورییەوە دەوڵەت ڕاستەوخۆ لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەست دایە. مارکسو ئینگێلس لە *مانیڤێستی کومۆنیستدا* دەڵێن: «هێزی بەرێوەبەرایەتی دەوڵەتی مۆدێرن تەنیا کۆمیتەیەکە بۆ ڕاپەراندنی کاروباری گشتی بوورژوازی.»[1] لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا دەوڵەت بەرژەوەندییەکانی چینی کاپیتالیست وەک بەرژەوەندی گشتی لە قەڵەم دەداو گەرەنتی ئەو بەرژەوەندییانەش دەکا. «دەوڵەت لە چوارچێوەی ئیرادەی دەوڵەتیو قانووندا ڕوخسارێکی گشتی دەبەخشێتە بەرژەوەندییەکانی چینی دەسەڵاتدار.»[2] ئینگێلس لە کتێبی *سەرچاوەی بنەماڵە، خاوەنێتی تایبەتو دەوڵەتدا* دەڵێ: «دەوڵەت، دۆستی بەهێزترینو ساماندارترین چینە کە لە ڕێگەی دەوڵەتەوە دەبێتە چینی باڵادەستی سیاسیو لەو ڕێگەوە دەکاتە کەرەسەیەکی نوێ بۆ سەرکوتو چەوسانەوەی چینی بندەست. لە میسری کۆندا دەوڵەت دەوڵەتی کۆیلەداران بوو بۆ سەرکوتی کۆیلەکان. دەوڵەتی فیۆدالیش ئامرازی ئەریستۆکراسی بوو بۆ سەرکوتی وەرزێران.»[3] بە بۆچوونی مارکسو ئینگێلس(لە نووسراوەکانی دەیەی ١٨٤٠)دا تێکەڵاوی**

---

3. Ibid, pp. 33-35.
1. Marx and Engels, *The Communist Manifesto.* (Harmondsworth, 1970), p. 82.
2. Marx and Engels, *Collected Works.*vol. 5 (London, 1976), p. 329.
3. Engels, *The origin of the family, Private Property and the State,* (Moscow, 1968).p.168.

بەرژەوەندییەکانی خاوەن سەرمایەکانو دەسەڵاتی دەوڵەتی پرەنسیپی سەرەکی کۆمەڵگا کاپیتالیستییە پێشکەوتووکان بوو. «سەربەخۆیی دەوڵەت ئێستاکە تەنیا لەو وڵاتانەدا بەدی دەکرێ کە ستاتۆ فیۆدالییەکان هێشتا نەبوونە چین.» مارکس ئەو بۆچوونەی ماکس ئێشتێرنێری ڕەتدەکردەوە کە دەڵێ دەوڵەت «هێزێکی سێهەمە» لە سەرووی چینە کۆمەڵایەتییەکانداو باوەڕی وابوو کە دەوڵەتی مۆدێرن گرێدراوی کۆمەڵگایەو سەربەخۆ نییەو «پێویستی بە بوورژوازی» هەیە.[1]

بۆچوونی دووهەم دەربارەی پەیوەندی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا لە کتێبەکانی *ڕەخنەی فەلسەفەی حەقی هێگێل*و *هەژدەهەم برۆمێر لویی بۆناپارتدا* بەرچاو دەکەوێ. لە کتێبی یەکەمدا مارکس ڕەخنە لەو بۆچوونەی هێگێل دەربارەی دەوڵەتو بڕۆکراسی دەوڵەتی دەگرێ کە دەڵێ: «دەوڵەتو بڕۆکراسی دەوڵەتی نوێنەری «ڕوانگەو ئیرادەی گشتی»و کۆی بەرژەوەندییە تایبەتەکانن»، مارکس وەک «ئەنجوومەنێکی داخراوی ناو دەوڵەت» باس لە بڕۆکراسی دەوڵەتی دەکا کە لەودا «بەرژەوەندی دەوڵەت دەبێتە غایەتێکی تایبەت»[2]. ئەوەی هێگێل وەک «بەرژەوەندی ڕەهاو گشتی دەوڵەت»ی ناو دەبرد، لە لای مارکس پانتای «گرژییەکی چارەسەر نەکراو» بوو. بەڵام مارکس لەو کتێبەدا سترۆکتوورو تایبەتمەندییەکانی بڕۆکراسی

1. *Collected Works*.vol. 5, pp. 355-6.
2. Marx, *Contribution*. 51

نوێ بەشێوەیەکی جیا لە چینە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ڕوو و ئاماژە دەکاتە سەر سەربەخۆیی ڕێژەیی بڕۆکڕاسی نوێ.

مارکس لە کتێبی *هەژدەهەم برۆمێری لویی بۆناپارتدا* شێوەی کۆبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە دەست هێزی بەڕێوەبەردا تاوتوێ دەکاو دەوڵەتی بۆناپارتی وەک مێملی کۆمەڵگای مەدەنیو سەرچاوەی سەربەخۆی کردەوەی سیاسی ناو دەبا. دەوڵەتی بۆناپارتی کۆمەڵێک پێکهاتەی ئاڵۆزە کە ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر کۆمەڵگای مەدەنیو ڕێ لە دەکارهاتنی دەسەڵاتی بوورژوازی لە گۆڕەپانی سیاسیدا دەگرێ. بەو پێیە بە بۆچوونی مارکس ڕەفتاری نوێنەرانی دەوڵەت تەنیا پەیڕەوی لە ویستوخواستو بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەست ناکا، بە تایبەت لە قۆناغی گواستنەوە لە شێوازێکی بەرهەمهێنانەوە بۆ شێوازێکی تر ئەو کاتەی کە ئابوورییەکی ڕێژەیی لە نێوان چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگادا دێتە ئاراوە. بێگومان مەبەستی مارکس لێرەدا وەسفکردنی دەوڵەت وەک نوێنەری ئیرادەو بەرژەوەندی گشتی نییە بەڵکوو دەوڵەت لەو شێوازەیدا «غایەتە گشتییەکان دەکاتە بەرژەوەندی تایبەت.»[1] ئاستی داهێنانی دەوڵەت لە چاو کۆمەڵگای مەدەنیو هێزەکانی سنووردارەو دەوڵەت لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا ناتوانێ لە چینی باڵادەست دابڕێ. گرێدراوی دەوڵەت لە چینی باڵادەست بە تایبەت لە بارودۆخی قەیراناویدا بە تەواوی

1.K.Marx, *The Eighteenth Bromaire of Louis Bonaparte*, New York, 1963, pp.120-121

دەردەکەوێ. کە واتا ڕاستە بۆناپارت دەستی بە سەر دەسەڵاتی سیاسی-داگرت، بەڵام دواجار بوو بە مایەی سەقامگیر بوونی دەسەڵاتیماڵی ئەو چینە.

پاش مارکس بیرۆکەی ئینسترۆمێنتالیزمی دەوڵەت بوو بە بۆچوونی باوی مارکسییەکان. بۆ نموونە لینین لە کتێبی *دەوڵەتو شۆڕشدا* (١٩١٧) دەوڵەت وەک «مەکینەی زاڵبوونی چینێک بە سەر چینێکی تردا»و «ئامرازی ئیستسماری هێزی کاری کەدکار لە لایەن سەرمایەوە» وەسف دەکا. چینەکانی سەروو لە ڕێگەی هاوپەیمانی لەگەڵ باندەکانی ناوخۆی حکوومەتو دزەکردن لە ناویانداو هەروەها تەماع وەبەرنانی نوێنەرانی حکوومەت باڵادەستی خۆیان بە سەر دەوڵەتدا دەپارێزن. پەیوەندی نێوان دەوڵەتو چینی سەروو بە تایبەت لە بڕۆکڕاسیو دەزگای بەڕیوەبەرایەتیو ئیداریدا باش دەردەکەوێ چوونکە بە پێچەوانەی پێکهاتەکانی نوێنەرایەتی ڕەفتارەکانیان لە چاوی خەڵک doورە. چینەکانی باڵادەست «لە ڕێگەی خاوەنێتی ڕاگەیەنەرەکان، کۆنترۆڵی ناوەندەکانی کۆبوونەوە، دراو و سەرچاوەکانی تر» خۆیان بە سەر پێکهاتە سیاسییەکاندا دەسەپێنن.[١] بەگشتی دەسەڵاتی چینایەتی زۆرتر لە ناو دەزگا ئیدارییەکانی دەوڵەتدا خۆ دەنوێنێ. لەو بابەتانەی کە تا ئێستا باس کران ناگەینە ئەو ئەنجامە کە مارکس پاش نووسینی *هەژدەهەم برۆمێر* لە بیرۆکەی ئینسترۆمێنتالیزم

1. Lenin, *The State and Revolution.* New York, 1971, pp. 35-39.

پاشگەز بۆتەوە، بەڵکوو تەنیا بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی تایبەتی شی دەکردەوەو لە هەمان کاتدا جەختی لەوە دەکردەوە کە «دەسەڵاتی دەوڵەتی لە نێوان عەرزو ئاسمان هەڵناوەسراوە»و لە چوارچێوەی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیدا دەژی، هەرچەند بارودۆخێکی ئەوتۆ جاروبار سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەتی لێدەکەوێتەوە. بارودۆخێکی ئەوتۆ یان بارودۆخی «هاوسەنگی چینایەتییە» لە کۆمەڵگادا (بۆ نموونە لە نێوان ئەریستۆکراسی فیۆدالیو بوورژوازی لە دەولەتە سەرەڕۆکاندا) یان دەرئەنجامی جێ هێشتنی کورسی دەسەڵاتی سیاسییە لە لایەن چینی دەسەڵاتدارەوە بە مەبەستی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی.[1] (بۆ نموونە بۆناپارتیزم لە فەرەنساداو حکوومەتی ئەریستۆکراتی ئینگلیس لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بە نوێنەرایەتی بوورژوازی ئەو وڵاتە). مارکس تەنانەت دەربارەی دەوڵەتی «تا ڕادەیەک سەربەخۆی» بۆناپارتدا لەو باوەڕە دابوو کە ڕژێمی بۆناپارتی دواجار شێوازێکی حکوومەتی چینایەتی بووەو پشتگیری لە بەرژەوەندییەکانی بوورژوازی فەرەنسا دەکرد.[2] دەوڵەت پێکهاتەیەکە کە باڵادەستی ئابووریو کۆمەڵایەتی چینی سەروو گەرەنتی دەکاو ئەگەریش هەمیشەو بە بەردەوامی پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی چینی سەروو نەکا، لانیکەم بۆ پاڕاستنی ئەو بەرژەوەندییانە بەکەلکە.

---

1.*Communist Manifesto*. 82.
2. *Selected Correspondence*. 166.

## ڕەهەندەکانی پەیوەندی دەوڵەتو چینە کۆمەڵایەتییەکان

لە ڕوانگەی مارکسییەوە دەوڵەت تایبەتمەندی چینایەتی هەیە، پرسیارێک کە لێرەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە کە چۆن دەتوانین پەیوەندی نێوان دەوڵەتو چینە کۆمەڵایەتییەکان پێشان بدەین. تێفکرینی مارکسی لە وڵامی ئەو پرسیارەدا باس لە سێ جۆرە پەیوەندی لە نێوان دەوڵەتو چینەکاندا دەکا[1]: پەیوەندی یەکەم پەیوەندی تاکەکەسییە، واتا سروشتی چینایەتی دەوڵەت لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەندامانییەوە دەناسرێ؛ پەیوەندی دووهەم پەیوەندی سترۆکتوورییە، واتا سروشتی چینایەتی دەوڵەت لە ڕووی ئاستەنگییە سترۆکتوورییەکانی سیستمی کۆمەڵایەتییەوە دەردەکەوێ؛ پەیوەندی سێهەم پەیوەندی سیاسییە، واتا چینی دەسەڵاتدار لە ناو هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا بەهێزترین گرووپە. لە ڕوانگەی یەکەمدا باس لەوە دەکرێ کە لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتی «لێژنەی دەسەڵاتدار» لە ناو پێکهاتە جیاجیاکانی حکوومەتدا دەکرێ سروشتی چینایەتی دەوڵەت بناسین، چوونکە لێژنەی دەسەڵاتدار (لە بەشە جیاجیاکانی قانووندانان، بەڕێوەبەرایەتی، دادوەریو سپادا) زۆربەی کات هەڵقوڵاوی چینی باڵادەستی کۆمەڵگان. بەستێنی کۆمەڵایەتی، فێرکاری، بنەماڵەیی و

1. R. Miliband, *Marxism and Politicd.* (Oxford, 1978).
2. Marx and Engels, *Collected Works.* Vol. IV. Pp. 567-8.

ئایدۆلۆژیکی هاوبەش لە نێوان گرووپی دەسەڵاتدارو چینی باڵادەست پشتگیری کردنی حکوومەت لە بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە شی دەکاتەوە. مارکسو ئینگێلس لە هەندێ بواردا جەختیان دەکردە سەر پەیوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوان حکوومەتو چینی باڵادەست. ئینگێلس لە کتێبی بارودۆخی چینی *کرێکاری لە بریتانیادا* دەڵێ دەوڵەت «بوورژوازییەکی ڕێکنەخراو لە جۆری حیزبە».[۲] مارکس لە کتێبی *خەباتی چینایەتی لە فەرەنسادا* دەڵێ حکوومەت پاش ساڵی ۱۸۳۰ ڕاستەوخۆ کەوتە دەست «ئەریستۆکراسی ماڵی». ڕاڵف میلیبەند لە کتێبی *دەوڵەت لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا* دەڵێ تەنانەت لە دەوڵەتە کاپیتالیستیە پێشکەوتووەکانی هەنووکەیشدا لێژنەی دەسەڵاتدار هەڵقوڵاوی چینە ساماندارو گرووپەکانی بەستراوەی ئەو چینەیە. بەڵام لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان دەوڵەتو چینە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووی پەیوەندی تاکەکەسیو پێگەی کۆمەڵایەتی ئەندامانی لێژنەی دەسەڵاتدار ڕووبەڕووی زۆر ئاستەنگیو دژواری دەبێتەوە. بۆ نموونە لە بریتانیای سەدەی نۆزدەهەمدا کە ئەزموونی سەرهەڵدانی گەورەترین چینی بوورژوای هەبوو، دەسەڵاتی سیاسی هەروا لە دەست ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی دابوو. لە لایەکی ترەوە، لە هەندێ دەوڵەتی فەرعانی سەدەی بیستەمدا (وەک دەوڵەتی ڕۆزوێڵت لە ئەمریکادا) لێژنەی دەسەڵاتداری هەڵقوڵاوە لە چینی باڵادەست کەوتە دژایەتی کردنی ئەو چینە.

بە سەرنجدان بەو ڕیزپەرانە هەندێکی تر لە مارکسییەکان، بە تایبەت مارکسییە سترۆکچراڵییەکان باوەڕیان وابوو کە پەیوەندی سەرەکی دەوڵەتو چینە کۆمەڵایەتییەکان لە پەیوەندی سترۆکتووری نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا دایە. بە پێی ئەو بۆچوونە شوێنی دەوڵەت لە ناو هەر شێوازێکی بەرهەمهێناندا بە بێ لەبەرچاوگرتنی پێگەی کۆمەلایەتی لێژنەی دەسەڵاتدار گەرەنتی پشتگیری کردنی دەوڵەت لە بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەستە لەو شێوازەی بەرهەمهێناندا. بۆ نموونە نیکۆس پۆلانزاس دەڵێ: «پەیوەندی نێوان چینی بوورژواو دەوڵەت *پەیوەندییەکی عەینییە*، واتا ئەگەر دەوری دەوڵەت لە فۆڕماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی تایبەتدا لەگەڵ بەرژەوەندی چینی باڵادەست لە هەمان فۆڕماسیۆندا بگونجێ، گونجانێکی ئەوتۆ دەرئەنجامی سروشتی ئەو سیستمەیە: بەشداری ئەندامانی چینی باڵادەست لە دەوڵەتدا *هۆی* سروشتی چینایەتی دەوڵەت نییە بەڵکوو دەرئەنجامی ئەو سروشتە چینایەتییەی دەوڵەتە.» دەوڵەت لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا ئامرازێکە بەدەست چینی باڵادەستەوەو جگە لەوەش ناتوانێ شتێکی تر بێ. هەر شێوازێکی بەرهەمهێنان لەخۆگری ئاستەنگیو سنووری سترۆکتووری تایبەتە کە دەوڵەت سەرەڕای پێگەی کۆمەڵایەتیو بۆچوونە ئایدۆلۆژیاکانی خۆی ناتوانێ ئەو ئاستەنگیو سنوورانە لەبەرچاو نەگرێ. پەیوەندی تاکەکەسی لە نێوان حکوومەتو چینی باڵادەست ناتوانێ شیکارییەکی تەواو دەربارەی سروشتی دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بدا.

بەدەر لە سروشتی ئەو پەیوەندییە، دەوڵەت ئەنستیتۆیەکە کە ئەرکی بەرهەمهێنانەوەی سیستمی چینایەتییە.[1]

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، شیکارییە سترۆکتوورییەکان لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە، ڕوونکەرەوە نین‌و لەبری ئەوەی دەرگای توێژینەوە تەجروبییەکان بە ڕووی پەیوەندی نێوان دەوڵەت‌و چینی باڵادەستدا واڵا بکەن زۆربەی کات دەست بە سەر بابەتەکە دادەگرن‌و کۆتایی بە باسەکە دێنن. زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە ئەگەر بڕیارە سترۆکتوورێکی چینایەتی تایبەت بەرهەمبێتەوە، ئەوسا دەوڵەت دەبێ ئاسانکاری پێویست بۆ ئەو کارە بکات. بەڵام باس لەوە ناکرێ بۆچی دەوڵەت دەبێ ئاسانکاری بکات. ئاسانکاری تایبەتی ئەو کارە بریتییە لە گێڕانی ڕۆڵ‌و دەوری تایبەت لە لایەن دەوڵەتەوە. کاتێ دەگوترێ دەوڵەت هەندێ کاروبار ڕادەپەڕێنێ کە لە ناخی دەوڵەتدا جێگیرن واتای وایە کە دەست بە سەر بابەتەکەدا گیراوە. لە قوتابخانەی سترۆکتووریزمدا فۆڕماسیۆنی کۆمەڵایەتی (لەبری چینە کۆمەڵایەتییەکان) وەک نوێنەرێک لە مێژوودا دەردەکەوێ کە ڕۆڵ‌و دەوری دەوڵەت دەست نیشان دەکا. لە ئەنجامدا دەوری پڕاکسیس و کردەوەی نوێنەرانی مێژوویی واتا هێزو چینە کۆمەڵایەتییەکان لە بەر چاو ناگیرێ. بەگشتی ڕوانگەی پەیوەندی سترۆکتووری لە نێوان دەوڵەت‌و چینە کۆمەڵایەتییەکاندا بە وتنی هەندێ

---

1. N. Poulantzas, “ The Problem of the Capitalist State” in *Ideology in Social Science,* edited by R. Blackburn. (London, 1972).

بابەتی گشتی کۆتایی پێ دێو کۆمەڵناسی سیاسیی تینووی تێگەیشتن لە وردەکارییەکان تێرئاو ناکا.

ڕوانگەی پەیوەندی سیاسی نێوان دەوڵەتو چینی باڵادەست جەخت دەکاتە سەر تواناو سەرچاوەکانو هەروەها جێگەو پێگەی ستراتیژیکی ئەو چینە وەک بەهێزترین «گرووپی گوشار» بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی. لە ڕێگەی گوشار هێنان و دزە کردن لە دەسەڵاتی سیاسیدا چینی باڵادەست دەتوانێ بەرژەوەندە تایبەتەکانی خۆی وەک بەرژەوەندی نەتەوەیی بقەبڵێنێ. جگە لە بەستێنە هاوبەشەکانی کۆمەڵایەتی، بنەماڵەیی و ئایدۆلۆژیا لە نێوان لێژنەی دەسەڵاتدارو چینی باڵادەستدا، ئەو چینە دەتوانێ لە ڕێگەی کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانو ڕەوتی کەڵەکە کردنی سەرمایە، سەرمایەگوزاریو بازرگانیو هەروەها دزەکردن لە پلاندانان بۆ کاروباری بەرهەمهێنان، حەق دەستەکان، نرخو هتددا، دەوڵەت لە ژێر دەستی خۆیدا ڕاگرێ. دەسەڵاتی ئابووری، بنەمای دەسەڵاتی سیاسی چینی باڵادەستەو دەوڵەت ناتوانێ خۆی لێ دەرهاوێ. حکوومەتەکان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە جیاجیاکانی خۆیان بۆ نموونە دابینکردنی تەناهی، دابینکردنی فەرعانی، سەقامگیرکردنی ئابووریو هەروەها دابینکردنی سەرچاوە ماڵییەکان زۆربەی کات پێویستیان بە پشتگیری چینی باڵادەست هەیە. بەسەرنجدان بەو تەنگژەو ئاستەنگیانە سروشتییە کە دەسەڵاتی سیاسی بە لای هەڵوێستەکانی چینی باڵادەستدا بشکێتەوە. هەڵبەت دەوڵەت وەک پانتایەکی پێکهاتەیی جیا سەربەخۆیەو

پەیوەندی بە چینە کۆمەڵایەتییەکان تەنانەت چینی باڵادەستیشەوە نییەو بەسەرنجدان بەو سەربەخۆییە دەوڵەت ناتوانێ بە تەواوی لە چینی باڵادەستدا بتوێتەوە. کە واتا سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت بەو واتایە لە سروشتی دەوڵەتدا جێگیرەو لەو ڕوانگەوە هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ ئینیسترۆمێنتاڵی دەوڵەتدا نییە. بەو پێیە دەکرێ پەیوەندی نێوان دەوڵەتو چینی باڵادەست وەک «پەیوەندی نێوان دوو گرووپی هێزە جیاجیاکان ناو بەرین کە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە لەگەڵ یەک لە پەیوەندیدانو هەر یەکەو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە.»[1] مارکسیش لە هەندێ بواردا جەختی کردۆتە سەر بوونی پەیوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوان دەوڵەتو چینی باڵادەستدا. بۆ نموونە مارکس لە کتێبی *خەباتی چینایەتی لە فەڕەنسادا* دەڵێ هەرچی مەترسییەکانی سەر دەسەڵاتی چینی باڵادەست زیاتر بن بە هەمان ڕادە دەسەڵاتو سەربەخۆیی دەوڵەتیش بەرز دەبێتەوە. بەڵام کاتێ چینی دەسەڵاتدار لە خوارەوەڕا هیچ مەترسییەک هەڕەشەی لێ ناکا ئەوسا بە پێچەوانە پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان دەوڵەتو ئەو چینەدا دێتە ئاراوە.[1] لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە «سروشتی»ترین هاوپەیمانو هاریکاری دەوڵەت لە ڕووی ئابوورییەوە چینی باڵادەستە کە دەتوانێ زۆرترین گیروگرفت لە بەر دەم کردەوەی دەوڵەتدا دروست بکات.

1. R. Miliband, *Class Power and State power.* (London, 1983), p.74.
1. Marx, *Class Struggles in France.* (Moscow, 1972), p. 104.

ڕوانگـەی پەیوەنـدی سیاسـی نێـوان دەوڵـەتو چینـی باڵادەسـت، بەربەستو ئاستەنگییەکانی دوو ڕوانگەی پەیوەندی تاکە کەسیو پەیوەنـدی سترۆکتووری نییەو پرێسپێکتیڤێکی لەبار بۆ شیکردنەوەی وردەکارییـەکانی پەیوەنـدی نێـوان دەوڵـەتو چینـی باڵادەسـت بەدەسـتەوە دەدا. هـەر لـەو ڕوانگـەشـەوە دەکـرێ سـەیری پەیوەنـدی نێـوان دەوڵـەتو سـەرجەم چـینو گرووپو هێزە کۆمەڵایەتییەکان بکەین. لە بەشی چوارەمی ئـەو کتێبـەدا لـە ڕوانگەیـــەکی ئـــەوتۆوە بـــاس لـــە پەیوەنـــدی نێـــوان دەوڵـــەتو هێـــزە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین.

## چەند تێبینییەک لەسەر ئینیسترۆمێنتالیزم یان سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەتی کاپیتالیستی مۆدێرن

بەگشتی لە کۆمەڵناسی سیاسی مارکسیدا پەیوەندی نێوان دەوڵـەتو چینی باڵادەست زۆرتر لە چوارچێوەی چـەمکی ئینیسترۆمێنتاڵی دەوڵـەتو جاروبـاریش لـە چوارچێوەی چـەمکی سـەربەخۆیی ڕێژەیـی دەوڵەتـدا شـی دەکرێتەوە. کە واتا لە تێگەیشتنی مارکسیدا، دەوڵەت دەکەوێتـە نێـوان دوو چـەمکی ئینیسـترۆمێنتاڵیزمو سـەربەخۆیی ڕێژەیـی. لێـرەدا بەمەبەسـتی هـەرچی زیـاتر ڕوونکردنـەوەی شـێوەی کـەلک وەرگـرتن لـەو بۆچوونـەو هەروەها بیروڕا جیاوازەکانی دەربارەی ئـەو بۆچوونـە، چەنـد نموونەیـەک لـە شـێوەکانی لێکدانـەوەی مارکسـی پەیوەنـدی نێـوان دەوڵـەتو چینـە کۆمەڵایەتییەکان دێنینەوە.

**ڕاڵف میلیبەند:** میلیبەند لە کتێبە سەرەکییەکەی خۆی واتا *دەوڵەت لە کۆمەڵگای کاپیتالیستی(١٩٦٩)*دا توانایی بیرۆکەی ئینیسترۆمێنتاڵی دەوڵەت لە بەرامبەر بیرۆکەی باوی کۆمەڵناسی سیاسی ڕۆژئاوا واتا «پلۆڕالیزم»دا تاوتوێ دەکا (بڕوانە بەشی سێهەم). سەرەتا میلیبەند دەربارەی سروشتی دەوڵەت دەڵێ: «... دەوڵەت کەلوپەل نییە کە واتا لە دەوروبەردا شتێک بە ناوی دەوڵەت نابینی... باس کردن لە بەشێکی دەوڵەت – واتا حکوومەت – وەک دەوڵەت دەبێتە مایەی شڵەژانی باسی سروشتو بوونی *دەسەڵاتی دەوڵەتی* ... گریمان حکوومەت هەمان دەوڵەت بێ، ئەوسا دەبێ بڵێین گەیشتن بە دەسەڵاتی حکوومەت گەیشتنە بە دەسەڵاتی دەوڵەتی».[١] ناوبراو لە دژی ئەو بۆچوونە کە دەوڵەت لە ناو بەرژەوەندیو ئۆگرییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا نێوبژیوانێکی بێ لایەنە بە کەڵک وەرگرتن لە ئامارو زانیارییەکان دەربارەی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەو بابەتە دەخاتە ڕوو کە لەو کۆمەڵگایانەدا چینێکی باڵادەست ئامرازەکانی بەرهەمهێنان کۆنترۆڵ دەکاو لەگەڵ پێکهاتە سیاسییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا بە تایبەت سپا، ڕاگەیەنە گشتییەکانو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی هەیە. بەپێی لێکدانەوەکەی میلیبەند ڕێژەی نوێنەرانی ئەو چینە لە پۆستە هەستیارو سەرەکییەکانی دەولەتی مۆدێرندا زۆر لە نوێنەرانی چینەکانی تر زیاترە. بڕۆکراسیو نوێنەرانی دەوڵەتی

---

1. R. Miliband, *The State in Capitalist Society.* (London, 1973), p. 49.

هەڵقولاوی چینە بازرگانو خاوەن زەوییەکانو هەروەها چینە مامناوەندییە نوێیەکانو خاوەن پیشەکانن لە ڕووی ئایدۆلۆژیاوە بۆچوونیان بەو شێوەیە کە «دەوڵەت دەورێکی زۆر گرینگو سەرەکی دەگێڕێ لە پاراستنو داکۆکی کردن لە سترۆکتووری دەسەڵاتو قانەکانی کۆمەڵگای کاپیتالیستی پێشکەوتوودا». لە لایەکی ترەوە میلیبەند لە ڕێگەی جیاکردنەوەی چەمکەکانی حکوومەت کردن بە واتای دانی بڕیاری ڕۆژانەو بالادەستی بە واتای کۆنترۆڵی هەمە لایەنەوە دەگاتە ئەو ئەنجامە کە چینی بالادەست زۆربەی کات دەست لە کاروباری حکوومەت وەرناداو ئەندامانی حکوومەت تەنیا سەر بەو چینە نین بەڵکوو زۆریان هەڵقولاوی چینە مامناوەندییە نوێیەکانن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت *نوێنەری* چینی بالادەستە(هەڵبەت ئەوە بەو واتایە نییە کە دەوڵەت *بە ئەمرو فەرمانی* چینی بالادەست حکوومەت دەکاو بڕیار دەدا)[1]. لەو کۆمەڵگایانەدا پێکهاتە دەوڵەتییەکان دەکەونە ژێر گوشارە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی دەرئەنجامی پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایە لە کەرتی تایبەت داو بەو پێیە سەربەستیو داهێنانی پێکهاتە دەوڵەتییەکان سنووردار دەکرێ. هەروەها چوونکە ڕەوایی حکوومەت بەندە بە بەردەوامی ڕەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایەو سەرمایەگوزاری و ئەگەر بێتوو پرۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایەو سەرمایەگوزاری تووشی بشێوی بێ ئەوسا ڕەوایی حکوومەتیش دەکەوێتە

---

1. R. Miliband, *Marxism and Politics*. 74.

مەترسییەوە. هەر بەو پێیە حکوومەتە سۆسیال دێموکراتەکانی ئەو کۆمەڵگایانە زیاتر تووشی ئاستەنگیو بەربەست دەبنەوە.

لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا بڕۆکڕاسی دەوڵەتی ناچارە بارودۆخی هەڵسووڕانو چالاکیو پێشکەوتنی کەرتی تایبەتو پڕۆسەکانی بازاڕ دابین بکاتو هەر ئەو ناچارییە ڕوونکەرەوەی تایبەتمەندی چینایەتی دەوڵەتە. میلیبەند لە ڕێگەی جەخت کردن لەسەر سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت کە بە باوەڕی خۆی مەرجی سەرەکییە لە خزمەت کردن بە بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە لە درێژخایەندا، بیرۆکەی ئینیسترۆمێنتاڵیزمی سادە ڕەتدەکاتەوە. بە بۆچوونی میلیبەند دەوڵەت بە مەبەستی پاراستنی لێوەشاوەییو کارتێکەری سیاسی خۆی دەبێ خۆی لە دزەی ڕاستەوخۆی گرووپەکانی سەر بە چینی باڵادەست ڕزگار بکات. تەنانەت ڕەنگە بڕیارو سیاسەتەکانی حکوومەت لە کورتخایەندا دژی بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە بێ. هەروەها دەوڵەت لە بارودۆخی قەیراناویدا دەتوانێ زیاتر سەربەخۆ بێ واتا زیاتر لە بەرژەوەندییەکانی چینی سەروو و بە گشتی بەرژەوەندییە چینایەتییەکان دابڕێ. میلیبەند لە ڕووی ئەو پێناسە کردنەی مارکس لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی مۆدێرن واتا وەک «کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی بابەتە گشتییەکانی سەرجەمی بوورژوازی»یەوە دەڵێ کە واتا لە ڕوانگەی مارکسەوە چینی بوورژوا دەبێ «بابەتە تایبەتەکان»و گرووپی جیاجیاو تەنانەت ڕەنگە دژبەریش لە خۆبگرێ. گریمان وابێ ئەوسا دەوڵەت دەبێ ئەرکی دادوەریو پێکهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی

بەشە جیاجیاکانی چینی باڵادەست بگرێتە ئەستۆو تا ڕادەیەکیش سەربەخۆ بێ. بەباوەڕی میلیبەند ڕاستە بەگشتی دەوڵەت لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا *نوێنەری* چینی دەسەڵاتدارە بەڵام ڕاستەوخۆ بە ئەمرو گوێی ئەو نییە. دەوڵەت لە کاروباری بەڕیوەبەرایەتیدا دەستی والایەو زۆر سەربەخۆیەو بۆ ئەوە بتوانێ وەک دەوڵەتی چینایەتی هەڵسوکەوت بکات دەبێ هەر وابێ. بە واتایەکی ترو بەتایبەت هێزی بەڕێوەبەرایەتییەکەی دەبێ لە دیاریکردنی چۆنیەتی خزمەت بە «بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان»دا کە هەر هەمان بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەستە، تا ڕادەیەک ئازاد بێ. بەتایبەت لە هەلومەرجێکدا کە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت لە ژێر زەختی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی وەک دەزگای قانوون داناندا نەبێ (وەک ئەوەی لە ئەزموونی فاشیزمدا هاتە کایەوە)، ئەو ئازادییە زیاتر دەبێ. لە کۆمەڵگا کاپیتالیستەکاندا چینی سەروو، واتا سامانداارانی پیشەسازی، خاوەن بانکەکان، بازرگانە گەورەکانو گەورە سامانداارانی بەشی کشتوکاڵی، بە هۆی ویستوخواستی سیاسیو ئابووریی جۆراوجۆر لەگەڵ یەکتر دەکەونە ناکۆکییەوە. لەو ڕووەوە دەوڵەت هەوڵ دەدا بەرژەوەندی سامانداران لە درێژخایەندا پێکەوە ڕێکخاتو لە ململانێی نێوان کارو سەرمایەدا خۆی وەک بێ لایەن پێشانی جەماوەر بدا.

**نیکوس پۆلانزاس:** بەباوەڕی پۆلانزاس، هەروەک پێشتریش ئاماژەی پێدرا، لە ڕێگەی تاوتوێکردنی پەیوەندییە تاکەکەسییەکانی نێوان دەوڵەتو چینە کۆمەلایەتییەکان یان لە ڕێگەی باس کردن لە پێگەی کۆمەلایەتی

**لێژنــەی دەســەڵاتدارەوە نــاتوانین سروشــتی دەوڵــەت لــە کۆمــەڵگای کاپیتالیستیدا دیاری بکەین. بەشداری کردنی ساماندارانی لە حکوومەتو دەزگـای برۆکراسیدا گرینگییەکی ئەوتۆی نییەو هەروەها شیکەرەوەی سروشتی دەوڵەت نییە. بە واتایەکی تر کێشەی سەرەکی ئەوە نییە کە داخـوا چ کەسانێک بـە چ پێگەیـەکی کۆمەڵایەتییـەوە پۆسـتە سـەرەکییە سیاسیو ئیدارییەکان بە دەستەوە دەگرنو بڕیار دەردەکەن. پەیوەندی نێوان دەوڵــــەتو چینـــــی باڵادەســــــت بـــــە پێچەوانـــــەی بۆچـــــوونی «ئینیسترۆمێنتالیســتەکان» بــە هــۆی دزە کردنــی ڕێکخراوەکــانی چینــی باڵادەست لـە نـاو دەوڵـەت یـان دابینکردنـی سەرچاوەی مـاڵی یـان دەست بەسـەرداگرتنی پۆسـتە سیاسـیو حقووقییـەکان یـانیش زاڵ بـوون بـە سـەر ناوەندە فێرکارییەکانو شتی لەو جۆرە بابەتانەوە نییـە. پەیوەنـدی نێـوان دەوڵەتو چینی باڵادەست تـەنیا پەیوەندییـەکی تاکەکەسی، ئایـدۆلۆژیکو ئابووری نییە بەڵکوو لە نێوان سترۆکتووری دەوڵەتو سترۆکتوورەکانی تر لە ناخی فۆرماسیۆنێکی کۆمەڵایەتیدا «پەیوەندی عەینی» لە ئارا دایە.[1] کە واتـا کـردەوەی دەوڵـەت پەیوەنـدی بـەوەوە نییـە کـە داخـوا دەسـەڵاتداران خاوەنی چ جێگەو پێگەیەکی چینایەتین ئەوەی لەو بوارەدا شیاوی سـەرنجە ماکـە سـترۆکتوورییەکانی دەوڵـەتن کـە دەبنـە هـۆی مانـەوەو بـەردەوامی کاپیتالیزم. بە پێی بۆچوونی پۆلانزاس لە کتێبی *دەسەڵاتی سیاسیو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا* دەوڵەت لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا هۆکارێکی دیسیپلین**

1. Poulantzas, *The Problem of the Capitalist State.* P. 245.

بەخشەو سێ ئەرکی سەرەکی ڕادەپەڕێنێ: یەکەم، دەبێتە هۆی ڕێکخستنو یەکگرتووی سیاسی چینە باڵادەستەکانو ئەو فۆنکسیۆنە گرینگییەکی تایبەتی هەیە چوونکە ئەو چینانە بە هۆی ململانێ لەسەر بەرژەوەندییە کاتییەکان تووشی ناکۆکیو گرژییەکی لاوازکەری ناوخۆیی دەبن؛ دووهەم سترۆکتووری دەوڵەت دەبێتە هۆی لاوازی چینی کرێکار لە ڕووی ڕێکخراوەییەوەو بەو شێوەیە ئەو مەترسییە دەڕەوێنێتەوە کە لە لایەن سانتراڵیزمو ڕێکخراوەیی چینی کرێکارەوە دەکرێتە سەر باڵادەستی چینی باڵادەست؛ سێهەم چینەکانی سەر بە شێوازی بەرهەمهێنانی کۆن وەک وردە بوورژوازیو وەرزێران لە ڕووی سیاسیو ئایدۆلۆژیاوە مۆبیلیزەو ڕێکدەخات.[1] سەرەکی ترین ئەرکی دەوڵەتی کاپیتالیستی پاراستنی یەکێتی چینی باڵادەستەو ئەوەش بەندە بە «سەربەخۆیی ڕێژەیی» دەوڵەت واتا دەوڵەت زۆر گوێ نەداتە بەرژەوەندییە وردو جیاوازەکانی گرووپە جیاجیاکانی چینی دەسەڵاتدار. دەوڵەت خۆی لە هەمان کاتدا گۆڕەپانی ململانێ چینایەتییەکان یان «تێکپەستراوی هێزە چینایەتییەکان»ـە.[2] ڕادەی سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت بەندە بە پەیوەندی نێوان چینەکانو گرووپە ناوخۆییەکانی ئەو چینانەو هەروەها گوڕی خەباتی چینایەتی. هەرچی ئەو خەباتو ململانێیە بەگوڕتر بێ، ڕادەی سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەتیش زیاتر دەبێ. لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا سەربەخۆیی دەوڵەت هەردەم

1. N. Poulantzas, *Political Power and Social Classes.* (London, 1973), pp. 287-8.
2. Condensation of class forces

ڕێژەییە چوونکە بڕۆکڕاسی دەوڵەتی خۆی لە خۆیدا خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی نییە، بەڵکوو تەنیا لە لایەنی بەڕیوەبردنی ئەرکە دەوڵەتییەکانو ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا، خاوەن دەسەڵاتە. بەو واتایە بەباوەڕی پۆلانزاس بڕۆکڕاسیو پێکهاتە دەوڵەتییەکان گۆڕەپان-و «ناوەندی دەسەڵات»ن لە کاتێکدا دەسەڵات لە دست چینە کۆمەڵایەتییەکان دایە. «بلۆکی دەسەڵات» لەو چینو وردە چینانە پێکهاتووە کە لە ژێر «هێژموونی»[1] یان دەسەڵاتی بەشێکی چینی باڵادەست دان. سترۆکتووری دەوڵەتی مۆدێڕن لە ڕاستیدا ڕکەبەرایەتیو ناکۆکی لە ناوخۆی کۆمەڵگای مەدەنیدا بەرهەمدێنێتەوە لە کاتێکدا پێکهاتە ئیداری، بروکراتیکو هەڵبژاردنییەکانی دەوڵەت بە ڕواڵەت نوێنەری یەکێتی «گەل»و «نەتەوە»ن. هەڵبەت دەوڵەت تەنیا ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان نییە بەڵکوو بە هۆی پتەو کردنو پاراستنی ئەو بەرژەوەندییە ئابوورییانەوە، وەک پاژێکی سروشتی بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەست سەیر دەکرێ.

بەگشتی بۆچوونی پۆلانزاس لە کتێبی *دەسەڵاتی سیاسیو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا* بە پێچەوانەی نووسراوەکانی دواتری بۆچوونێکی سترۆکتوورییانەیە کە بەپێی ئەو بۆچوونە دەوڵەت دەکەوێتە ناخی سترۆکتوورە چینایەتییەکانەوەو پاڵپشتی لە مانەوەی ئەو سترۆکتوورە

1. Hegemony

چینایەتییانە دەکات. دەوڵەت ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە چینایەتییەکانە لە پانتای سیاسیدا. هیکەلو سروشتو کردەوەی دەوڵەت لە لایەن ستروکتووری ئابووریو پەیوەندییە چینایەتییەکانەوە دەست نیشان دەکرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت ستروکتوورێکی پچڕپچڕ نییەو بۆ ئەوە بتوانێ وەک دەزگای باڵادەستی چینایەتی ستروکتووری بەرهەمهێنانی ئابووری دووبارە بەرهەمبێنێتەوە دەبێ خاوەنی سەربەخۆیی ڕێژەیی بێ واتا بەستراوەی چینو خەباتی چینایەتی نەبێ. بە کورتی لە بۆچوونە سەرەتاییەکانی پۆلانزاسدا دەوڵەت تەنیا گۆڕەپانی باڵادەستی چینایەتیو پانتای کردەوەی گرووپی باڵادەستی بلۆکی دەسەڵاتە کە تەکووزی دەبەخشێتە دەسەڵاتی چینی باڵادەستو ڕێکخراوەیی چینەکانی بندەست تێک دەشکێنێ. ڕاستە دەوڵەت کاریگەری هەیە لەسەر چۆنیەتی هیکەلی خەباتی چینایەتی لە ناوخۆی کۆمەڵگای مەدەنیدا بەڵام ناخی دەوڵەت گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی نییە.[1]

هەڵوێستە تیۆرییەکانی پۆلانزاس لەمەڕ پەیوەندی نێوان دەوڵەتو چینە کۆمەڵایەتییەکان لە نووسراوە سەرەتاییەکانیدا وەک بۆچوونێکی ستروکتوریی کەوتوونە بەر ڕەخنەو لە خۆگری هەندێ پاڕادۆکسن. پۆلانزاسیش تا ڕادەیەک هەم باوەڕی بە سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت هەیەو هەم لەو باوەڕە دایە کە دەسەڵاتی سیاسی تەواو دەسەڵاتی

1. Ibid, pp. 255-74.

چینایەتییـــە. لـــەو بەرهەمانـــەدا پـــۆلانزاس دەوڵـــەت وەک پـــارێزەری بەرژەوەندییە چینایەتییەکان لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا تاوتوێ دەکا. لـە دوالێکدانەوەدا، بۆچـوونی پـۆلانزاس لـە پەیوەنـدی نێـوان دەوڵـەتو چینـە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستە پێ دەنێتە شوێن پێی هەڵوێستەکانی وەک بۆچوونی دووهەمی مـارکس دەربـارەی ئـەو پەیوەندییـە (واتـا سـەربەخۆیی ڕێـژەیـی دەوڵەت) بەڵام ئەنجامەکەی بیرۆکـەی ئینیسترۆمێنتاڵیزم کـە بـە پێـی ئـەو بیرۆکـە دەوڵـەت تـەواو ڕەنگدانـەوەی دەسـەڵاتی چینایەتییـەو هـیچ جـۆرە ڕۆڵێکـی ئـەکتیڤی نییـە. لـە هـەمان کاتـدا ئـاوڕ لـە دەوری ڕێکخـەرو وشیارکەرەوەی چینـە کرێکارییـەکانو کاریگـەرییـەکانی دەورێکـی ئـەوتۆ لەسەر پەیوەندی نێوان دەوڵـەتو چینـی باڵادەست نەدراوەتـەوە. بـە هـۆی کاریگەری ئەو ڕەخنانـە پـۆلانزاس لـە دوابـەرهـەمـی خـۆی واتـا لـە کتێبـی *دەوڵەت، دەسەڵات، سۆسیالیزم*[1] ـدا بۆچوونـە سترۆکتوورییەکانی خـۆی هاوسەنگ کردو زیـاتر جـەختی کـردە سـەر ڕۆڵـی هێـزە کۆمەڵایەتییـەکـان. پـــۆلانزاس لـــەو کتێبـــەدا لـــەبری کـــارتێـــــکەری ســـترۆکتوورەکانی بەرهـەمهێنان کاریگـەری خـەبـاتی چینایـەتی لـە فۆرماسیۆنی دەوڵەتـدا تـاوتوێ دەکـات. لـە ڕوانگـەیـەکی ئـەوتۆوە دەوڵـەت هـەر لـە بنـەڕەتـدا «سترۆکتوور» نییـە بـەڵکوو کۆمـەڵێک پەیوەندییـە کـە لـە ژێر کاریگـەری خـەباتی چینایەتیـدا پێـک دێ. هـەروەها خـەباتی چینایـەتی لـە نـاوخۆی دەوڵەتیشدا درێژەی دەبێ. کە واتا ئیتـر دەوڵـەت وەک نوێنگـەی دەسـەڵاتی

1. N. Poulantzas, *State, Power, Socialism.* London, NLB, 1980.

چینایەتی سەیر ناکرێ بەڵکوو گۆڕەپانی خەباتو ململانێی چینایەتییە بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی. بەو پێیە لە نووسراوەکانی پۆلانزاسدا دوو بۆچوون دەربارەی پەیوەندی نێوان دەوڵەتو چینە کۆمەڵایەتییەکان بەدی دەکرێ: بۆچوونی یەکەم ئەو بۆچوونەیە کە باوەڕی وایە دەوڵەت گۆڕەپانی *باڵادەستی* چینایەتییە کە زۆرتر وەک بۆچوونە کلاسیکییە مارکسییەکان دەچێ، بۆچوونی دووهەم ئەو بۆچوونەیە کە باوەڕی وایە دەوڵەت *گۆڕەپانی گرژی چینایەتییە.*

**کلاوس ئۆفە.** ئۆفە کۆمەڵناسی سیاسی مارکسی ئەڵمانی هاوچەرخ لە باسی پەیوەندی نێوان دەوڵەتو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا هەم بۆچوونی ستروکتووریانە ڕەتدەکاتەوەو هەم بۆچوونی ئینیسترۆمێنتاڵی. بەباوەڕی ئۆفە دەوڵەتی هاوچەرخ نە «دەوڵەتی کاپیتالیستییە» ئەو جۆرەی پۆلانزاس دەڵێ ناچارە هەندێ ڕۆڵو دەور بە ئەنجام بگەیەنێ بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کاپیتالیزمو نە «دەوڵەت لە کۆمەڵگای کاپیتالیستی» دایە کە بەباوەڕی میلیبەند لە بندەست ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی چینی باڵادەست دایە. بەڵکوو دەوڵەت تا ڕادەیەکی بەرچاو خاوەنی سەربەخۆی ڕێژەییەو دەسەڵاتەکەی دەسەڵاتێکی چینایەتی نییە. لە خەباتو ململانێی چینایەتی پڕۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایەدا بڕۆکڕاسی دەوڵەتی وەک نێوبژیوانێکی سەربەخۆ دەردەکەوێ بەڵام بۆچوونە ستروکتووریو ئینیسترۆمێنتاڵییەکان جەخت دەکەنە سەر بێ کردەوەیی دەوڵەت لە بەرامبەر ستروکتووره ئابوورییەکانو چالاکیو هەڵسووڕانی

چینـی باڵادەست. بـەبـاوەڕی ئۆفـە ئـەو سیاسـەتانەی بەرژەوەنـدی چینـی باڵادەست دەستەبەر دەکەن شەرت نییە بەرهەمی زەختو گوشاری ئەو چینە بێ. تەنانەت دەکرێ بڵێین بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەست لەو تاقمە لـە سیاسـەتە دەوڵەتییەکانـدا بـە باشـترین شـێوە دابـین دەکـرێ کـە ئـەو سیاسـەتانە بەرهـەمی زەخـتو گوشـاری ئـەو چینـە نـەبوون بـەڵکوو دەرئـەنجامی پڕۆسـەی ڕواڵـەتیو ڕەسـمی بڕۆکڕاسـی دەوڵـەتین. دەوڵـەت دەورێکی چالاکو سەرەکی هەیە واتا لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا پشتگیری لەو بەرژەوەندییـە تایبەتانـە دەکـات کـە هاوئاهـەنگ بـن لەگـەڵ بـە تـاڵان بردنی زێدەبایی لـە لایـەن چینـی باڵادەستەوە. گۆڵبژێر کردنێکـی ئـەوتۆی بەرژەوەندییە تایبەتەکان لە لایەن دەوڵەتەوە نە بەرهەمی باڵادەستی چینی باڵادەسـتە بـە سـەر دەوڵەتـداو نـە دەرئـەنجامی بەربەسـتو تـەنگژە سترۆکتوورییەکانە بەڵکوو دەوڵەت بە مەبەستی دابین کردنی «بەرژەوەنـدی دەوڵەتی» بارودۆخێک لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا دەخووڵقێنێ کە بە پلەی یەکەم سترۆکتووری دەسەڵاتی دەوڵەتی دووبارە بەرهەم بێنێتەوە هـەر بـەو هۆیە دەوڵەت بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەست هەڵدەبژێرێ.[1]

لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەباوەڕی ئۆفـە دەوری نێوبژیـوانی دەوڵـەت لـە ململانێی چینایەتییەکاندا لە خۆگری هەندێ پاڕادۆکسەو لـە ئـەنجامی ئـەو پاڕادۆکسانەدا دەوڵەت تووشی قەیران دەبێ. گێڕانی دەوری جۆراوجۆرو دژە

1. M. Carnory, *The State and Political Theory.* (Princeton, U. P. 1984), pp. 131-140.

یەک لە لایەن دەوڵەتەوە سەرچاوەی قەیرانێکی ئەوتۆیە. پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان ڕۆڵو دەورە جۆراوجۆرەکانی دەزگای دەوڵەتیو پاژەکانی کۆمەڵگای کاپیتالیستی. بەباوەڕی ئۆفە کۆمەڵگای کاپیتالیستی هاوچەرخ لە چوار بەش پێکهاتووە: ١) کەرتی تایبەتی ڕکەبەرایەتی؛ ٢) کەرتی تایبەتی پاوانکراو، ٣) کەرتی کرێکاریو ٤) کەرتی دەوڵەتی. سەرەکی ترین تایبەتمەندی دەوڵەتی مۆدێرن تێوەگلانی دەوڵەتە لە گرژیو ناکۆکییەکانی دەرئەنجامی ئەو چوار بەشە. لەو ڕووەوە ئەرکی سەر شانی دەوڵەت بە ئەنجام گەیاندنی ڕۆڵو دەوری دژە یەکە. دەوڵەت بۆ ئەوە بتوانێ بڵێ دەسەڵاتەکەی دەسەڵاتێکی ڕەوایە دەبێ هەم پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەی تایبەتو پێداویستەکانی کەرتی ڕکەبەرایەتیو پاوانکراوەیی دابین بکاتو هەم نێوبژیوانێکی بێ لایەن بێ لە نێوان بەرژەوەندییە چینایەتییەکاندا. پڕۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایە بە دەوڵەت کۆنترۆڵ ناکرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا «بەرژەوەندی تایبەتی دەوڵەت»و کاربەدەستان لە گەرەنتی کردنی بەردەوامی پڕۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایە لە ئابووری کاپیتالیستی دایە. بە پێی بۆچوونی ئۆفە «بەرژەوەندی تایبەتی دەوڵەت» «نە دەرئەنجامی هاوپەیمانی بەشێکی حکوومەتە لەگەڵ هەندێ چینی تایبەت کە ئۆگری پڕۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایەنو نە دەرئەنجامی دەسەڵاتی سیاسی چینی خاوەن سەرمایەیە کە بە مەبەستی دابین کردنی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی خۆی گوشار

دەخاتە سەر بەڕێوەبەرانی دەسەڵاتی دەوڵەتی »[1]. کە واتا بۆچوونی ئۆفە بە تەواوی جیاوازە لە بیرو بۆچوونەکانی میلیبەندو پۆلانزاس. دەوڵەت لە بەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ناچارە بەردەوامی پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرمایە گەرەنتی بکات.

بە پێی بۆچوونی ئۆفە ناوەرۆکی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە لایەن دوو هۆکارەوە دەست نیشان دەکرێ: ١) چوارچێوەی حقووقی دێموکراسی کە میکانیزمی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی دەخاتە بەردەست گرووپە جۆراوجۆرەکانەوە؛ ٢) پرۆسەی عەینی کەڵەکە بوونی سەرمایە کە چوارچێوەو سنوورە سەرەکییەکانی سیاسەتەکانی دەوڵەت دەست نیشان دەکات.

بەسەرنجدان بە نیازو پێداویستی ماڵی حکوومەت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکو کاروبارەکانیو هەروەها نیازی حکوومەت بە سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانداو وەدەست هێنانی پشتگیری کۆمەڵانی خەڵک دەوڵەت بە مەبەستی چارەسەری قەیرانە ئابوورییەکان ناچارە دەست بخاتە ناو کاروبارەکانەوە. دەوڵەت بە شێوەیەک لەو کارە نزیک دەبێتەوە کە لەگەڵ نیازو ویستی کەرتی تایبەتدا – وەک ئازادی سەرمایە گوزاریو چالاکییەکانی بەرهەمهێنان– نەکەوێتە ناکۆکییەوە. لەو ڕووەوە دەوڵەت

1. C. Offe and V. Ronge, “Theses on the Theory of the State” in C. Offe, *Contradictions of the Welfare State*. (London, 1984), p. 140.

ڕووبەڕووی زەختو گوشاری جۆراوجۆر دەبێتەوە؛ واتا دەوڵەت دەبێ بە بێ نانەوەی گرفتو کێشە بۆ کەرتی تایبەتو لێپێچینەوە لە سیستمی بازاڕ بەردەوامی پڕۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایە گەڕەنتی بکات. لە هەلومەرجی کاپیتالیسمی سەدەی بیستەمدا دەستتێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا بەگشتی کارێکی پێویستە، بەڵام ڕەنگە ئەو کارە مەترسییەک بێ بۆ سەر بنەما نەریتییەکانی ڕەوایی سەرجەمی سیستم واتا ئیندیۆڤیدیالیزم، ململانێو لیبراڵیزم. بەو پێیە، دەکرێ بڵێین دەست-تێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا بابەتێکی هەستیارە. کە واتا ئۆفە لە پێناسەکردنی دەوڵەتی مۆدێرندا باس لەو تایبەتمەندییانەی خوارەوە دەکات: «١) دەستتێوەرنەدانی دەوڵەت لە پڕۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایەدا؛ ٢) بە ئەنجام گەیاندنی ڕۆڵو دەورەکانی پێویست بۆ بەردەوامی پڕۆسەی کەڵەکە کردنی سەرمایە؛ ٣) بەستراوەیی دەوڵەت بە کەڵەکە کردنی سەرمایەو ڕۆڵو دەوری دەوڵەت لە شاردنەوەو نکۆڵی کردن لەو سێ تایبەتمەندییەی سەروو.»[1]

بەسەرنجدان بە تایبەتمەندییە پاڕادۆکسیکاڵەکانی سەروو بەباوەڕی ئۆفە هیچ دەوڵەتێک لە کۆمەڵگای کاپیتالیستی هاوچەرخدا ناتوانێ هاوکات ڕۆڵو دەورەکانی ناوبراو لە درێژخایەندا بە شێوەیەکی

---

1. C. Offe, “The Theory of the Capitalist State and the Problem of Policy Formation”, in Lindberg et al (eds.), *Stress and Contradiction in Modern Capitalism.* (Lexington, Mass. 1975), p. 144.

سەرکەوتوانە ئەنجام بدا. بۆ نموونە ئۆفە باس لە توانای دەزگای ئیداری دەوڵەت دەکات لە ڕاپەڕاندنی ئەقڵانی کارو بابەتەکاندا، بەتایبەت لەو ڕوانگەوە کە زۆربەی چالاکییە ئیدارییەکانی حکوومەت پشتگیری لە پرۆسەی ئابووری بازاڕ ناکەن. کە واتا لە پانتای بڕیارە ئیدارییەکاندا، دەوڵەت لایەنی سەرمایەی پاوانکراو و ڕێکخراوە کرێکارییەکان دەگرێ کە ڕاکێشانی پشتگیری ئەو لایەنانە یەکێکە لە پێداویستییەکانی بەردەوامی سیستم. بەو شێوەیە دەوڵەت بۆ نموونە لە ڕێگەی دانی قانو وەرنەگرتنی باجو خەراجو پێشکەش کردنی هەندێ خزمەتگوزاری گشتی بۆ سەرمایەی پاوانکراو خەرجی بەرهەمهێنان کەم دەکاتەوە یان بە مەبەستی وەدەست هێنانی پشتگیری ڕێکخراوە کرێکارییەکان داکۆکی لە بەرز بوونەوەی حەقدەستەکان دەکات. لە ئاکامدا هەندێ پەیوەندی نارەسمی ئاڵۆز لە نێوان دەوڵەتو بەشەکانی ناوبراودا دێتە ئاراوە کە لە ڕێگەی خوێندنەوەی چالاکی پارڵمان یان پێکهاتە سیاسییەکانی ترەوە ناکرێ بە باشی لێیان تێبگەین.

بەباوەڕی ئۆفە دەوڵەتی مۆدێرن تووشی هەندێ گرفتی بنەڕەتییە کە بە شێوەی ئیداری چارەسەر ناکرێن. کێشەی سەرەکی دەوڵەتی هاوچەرخ «پێکهێنانی هاوسەنگییە لە نێوان ڕۆڵو دەورە پێویستەکاندا». بە بۆچوونی ئۆفە «سێ مەنتیقەکەی سیاسەتداریژی» دەوڵەتی مۆدێرن – مەنتیقی بروکراتیکی ئەقڵانی کە پشت بە گەڕەنتی کردنی لێهاتووییەوە دەبەستێ، مەنتیقی گەڕەنتی کردنی ویفاقی کۆمەڵایەتی کە پشت بە پرەنسیپەکانی

دێموکراسییەوە دەبەستێو مەنتیقی سیاسەتدارشتنی ئابووری کە پشت بە گەڕەنتی کردنی بەرژەوەندییە ماددییەکانەوە دەبەستێ، ڕێگرن لە بەر دەم بە ئەنجام گەیشتنی ڕێکوپێکی ڕۆڵو دەورەکانی دەوڵەت چوونکە ویستو خواستە جۆراوجۆرەکانی دەرئەنجامی پانتای ئابووری کۆمەڵگا، دەوڵەت ناچار دەکەن دەست بداتە چالاکی نەشیاو و نەگونجاو لەگەڵ ڕەوتی ئابووری بازاڕ. هەرکام لەو سێ «مەنتیقە» ڕووبەڕووی گرفتو کێشەی تایبەت بە خۆی دەبێتەوە. مەنتیقی بروکراتیک یان ئیداری پشت بە هەندێ پڕەنسیپی ئەقڵانیو ئیداریو ڕێسای نەگۆڕ دەبەستێو ناتوانێ خۆی لەگەڵ ئامانجی ئەو سیاسەتانەدا ڕێکخات کە پشت بە مەنتیقێکی تر دەبەستن. مەنتیقی گەڕەنتی کردنی ویفاقی کۆمەڵایەتیش دواجار تووشی شکست هێنان دەبێ چوونکە ئاستێکی هەندە بەربڵاو و گشتی لە بەشداریو چالاکی سیاسی بەدی دێنێ کە مەجالی وەدیهاتنی لە ناو سترۆکتووری دەوڵەتێکدا نییە کە ناچارە کەڵەکە بوونی سەرمایەی تایبەت گەڕەنتی بکات؛ لە ئاکامدا گرژیو ململانێی کۆمەڵایەتی بەرز دەبێتەوە؛ هەروەها مەنتیقی سیاسەتدارێژی بەکردەوە ناتوانێ هەڵگری ئامانجو شێوە کردەوەی ڕەسمی، بروکراتیکو قانوونمەند بێ.

کە واتا بڕۆکڕاسی دەوڵەتی مۆدێرن کە پشت بە هەندێ ڕێساو پڕەنسیپی نەگۆڕو دیارەوە دەبەستێ لە بەرامبەر ئەو پێداویستیانەدا کە لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەتی مۆدێرندا دەست نیشان دەکرێن ناتوانێ خاوەنی ئەقڵانییەتی پێویست بێ. بەو پێیە، لە ڕوانگەیەکەوە بە

پێچەوانەی بۆچوونی ماکس ڤێبێر برۆکراسی ئەقڵانی مۆدێرن دیاردەیەکی زێدەیە. کە واتا ئۆفە سنوورەکانی دەزگای ئیداری یان برۆکراسی بە باشی دەست نیشان دەکات. بۆ نموونە بەپێی لێکدانەوەی ئۆفە برۆکراسی دەوڵەتی کاپیتالیستی ناچار دەبێ هەندێ خزمەتگوزاری پێشکەش بکات کە ڕاستەوخۆ لە قازانجو بەرژەوەندی هەندێ بەشی ڕێکخراوی چینی کرێکارە یان لە قازانجی گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان دایە بە بێ ئەوە بنەمایەکی ئەقڵانی لە پشتەوەی ئەو کارە بێ. کە واتا لە لێکدانەوەی پۆلانزاسدا دەوڵەت بەپێی پێداویستییەکانی برۆکراسیو کۆمەڵگای کاپیتالیستییە کە دەکەوێتە خزمەت نیازەکانی سەرمایەوەو ناتوانێ سنووری ئەو تەنگژە و پێداویستییانە دەرباز بکات، لە شیکارییەکەی ئۆفەدا گرژییەکانی دەرئەنجامی ڕۆڵو دەوری دەوڵەتە کە پاساودەری دەرباز بوونێکی ئەوتۆیەو تەنانەت زۆر جار زەرووڕەتی دەرباز بوونێکی ئەوتۆ پێکدێنێ. کە واتا بە بۆچوونی ئۆفە «دەوڵەت تەنیا داکۆکی لە بەرژەوندییەکانی چینێک ناکا بەڵکوو *داکۆکی* لە بەرژەوەندییەکانی *هاوبەشی* هەموو ئەندامانی *کۆمەڵگای چینایەتی کاپیتالیستی*» دەکات. لەو ڕووەوە دەوڵەتێکی تەواو چینایەتییە.[1] ئۆفە بە سەرنجدان بە ئاستەنگییە فانکشناڵیو سترۆکتوورییەکانی سیاسەتی دەوڵەتو زەرووڕەتی وڵام دانەوە بە ویستو نیازی چینە جۆراوجۆرەکانو ڕاکێشانی پشتگیری سەرمایەو کار بە شێوەیەکی هاوکات هەم ئاوڕ لە سنووری سیاسەتی دەوڵەت دەداتەوەو

1. Offe and Ronge, op. cit. p. 139.

هەم گەڕەنتی کردنی کەڵەکە بوونی سەرمایەی تایبەتو ڕەوایی سیاسی، بەڵام بە پێچەوانەی پۆلانزاس، ئۆفە بە تەواوی ئاوڕ لە توانای دەزگای سیاسیو بڕۆکڕاسی لە دەستەبەر کردنی بەرژەوەندییە درێژخایەنو ستراتیژیکەکانی چینی باڵادەست ناداتەوە. شکانەوەی ستراتیژیکی دەوڵەت بە لای بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەست لە سترۆکتوورە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە کۆمەڵگا کاپیتالیستییەکاندا نکۆڵی لێ ناکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا ڕەنگە لە ڕووی ڕادەی نوێنەرایەتی بەرژەوەندی چینە جۆراوجۆرەکان لە ناخی سترۆکتووری دەسەڵاتدا شێوازی پێکهاتەیی جۆراوجۆری لێ بکەوێتەوە.

# ٢

# چوارچێوەی کۆمەڵناسی سیاسی ماکس ڤێبێر

## پێشەکی

ماکس ڤێبێر گەورە کۆمەڵناسی ئەڵمانیش وەک مارکس ئۆگری شیکردنەوەی دەوڵەتی مۆدێڕنو پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان دەوڵەتی مۆدێڕنو کۆمەڵگا بوو، بەڵام بە پێچەوانەی مارکس، ڤێبێر لەو باوەڕە دابوو کە دەوڵەتی مۆدێڕن تەنیا پاشکۆو ڕەنگدانەوەی سادەو ساکاری چالاکیو هەڵسووڕانی چینە کۆمەڵایەتییەکان نییەو بۆ ناسینی ئەو دەوڵەتە دەبێ هەندێ پرۆسەی بەربلاوتر لە بەر چاو بگرین. هەروەها بەباوەڕی ڤێبێر دەوڵەتی مۆدێڕنیش وەک هەر پانتایەکی تری سیستمی کۆمەڵایەتی ڕەوتی گۆڕانو دینامیزمی سەربەخۆی تایبەت بە خۆی هەیە کە واتا ناتوانین بڵێین هیچ پانتایەکی ژیانی کۆمەڵایەتی تەواو ڕەنگدانەوەی پانتایەکی ترە. بە واتایەکی تر ماکس ڤێبێر جەختی دەکردە سەر لێکدابرانی ڕێژەیی پانتا جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو لەو باوەڕە دابوو کە «پەیوەندییەکی هەڵبژاردەیی» لە نێوان پانتا جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا (بۆ نموونە لە نێوان سترۆکتووری کۆمەڵایەتیو سترۆکتووری ئابووریدا) لە ئارا دایە واتا هەر سترۆکتوورە بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک

هەڵکەوتەیی تایبەتمەندییە شیاوەکان لە ستروکتووریکی تر وەردەگریٚ. بە سەرنجدان بەو بابەتەی تا ئێستا باس کرا ڕاستە هەندێ بیرو بۆچوونی سیاسی ماکس ڤێبێر زۆرتر لە کتێبەکانی پەیوەندیدار بە کۆمەڵناسی سیاسیدا باس دەکرێن یان لە ناو گەورە کۆمەڵناساندا تەنیا بۆچوونەکانی ماکس ڤێبێر تایبەتمەندی کۆمەڵناسی سیاسییان هەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەی هێڵی سەرەکی دیسیپلینی کۆمەڵناسی سیاسی بە واتای دۆزینەوەی پەیوەندییە ئالۆزەکانی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا لە نووسراوەکانی ڤێبێردا کارێکی دژوارو حەستەمە. باسەکەی ڤێبێر دەربارەی گرینگیو ستروکتووری دەوڵەتی مۆدێرنو تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی مۆدێرن بەتایبەت پاوانکردنی کەلک وەرگرتن لە توندوتیژیو دەست داگرتن بە سەر سەرچاوەکانی دەسەڵاتی سیاسی، جۆرەکانی ڕەوایی یان باڵادەستی سیاسیو هەروەها سیستمی بڕۆکڕاسی نوێش هەرچەندە باسو بابەتێکی گرینگە بەڵام ناچێتە ناو چوارچێوەی ئەو کۆمەڵناسییە سیاسییەی مەبەستی ئێمەیە بەڵکوو دەچێتە ناو پانتای «زانستی سیاسەتی» مۆدێرن. بێ گومان ئاوێتە کردنی باسو بابەتەکانی پەیوەندیدار بە *هیکەلی* دەوڵەتی مۆدێرنو پەیوەندی دەوڵەتو کۆمەڵگاو زاڵبوونی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بە سەر دەزگای دەوڵەتدا لە ڕووی زانستییەوە (واتا دەست نیشان کردنو سنووردارکردنی پانتای کۆمەڵناسی سیاسی) ڕێ ونکەرە. ڕاستە ڤێبێر لە لایەک دارشتەی کۆمەڵایەتی واتا چینو گرووپو ستاتۆ کۆمەڵایەتییەکانو لە لایەکی تریشەوە دارشتەی دەوڵەتی مۆدێرن واتا تایبەتمەندییەکانی

بڕۆکڕاسی مۆدێڕنو جۆری باڵادەستیو ڕەوایی ئەو باڵادەستییە شی دەکاتەوە، بەڵام لە نووسراوەکانی ڤێبێڕدا بە زەحمەت دەکرێ مۆدێلێکی دیارو ڕوون سەبارەت بە پەیوەندی دەوڵەتو کۆمەڵگا بدۆزینەوەو یان ئەگەر مۆدێلێکی ئەوتۆ لە نووسراوەکانیدا هەبێ، بتوانین دووبارە دروستی بکێنەوە. لێکۆڵەرەوەیەک بەو شێوەیە باس لەو بابەتە دەکات: «گەڕان لە نووسراوەکانی ڤێبێڕدا بۆ دۆزینەوەی لێکدانەوەیەکی سەلمێنەر سەبارەت بە تایبەتمەندی وردی پەیوەندی نێوان سانتڕالیزمی زۆری بڕۆکڕاسی دەوڵەتی مۆدێڕنو کاپیتالیزمی مۆدێڕن کارێکی بێ هوودەیە ... ڤێبێڕ کارتێکەری هێزە فەرهەنگی، ئابووریو تەکنۆلۆژییەکان لە گەشە کردنی بڕۆکڕاسیدا لێک جیا ناکاتەوە... لە ئاکامدا پەیوەندی نێوان دەوڵەت، ڕەوتی گوورانو سەرهەڵدانی بڕۆکڕاسیو کاپیتالیزم بە نادیاری دەمێنێتەوە.»[1] ئەگەر ئەو بۆچوونەی ڤێبێڕ وەک دوا بۆچوونی ناوبراو قبووڵ بکەین کە هەر پانتایەکی ژیانی کۆمەڵگا خاوەنی سەربەخۆیی ڕێژەییو دینامیزمی ناوخۆیی تایبەت بە خۆیەتی ئەوسا تەنانەت ناکرێ بوونی مۆدێلێکی کۆمەڵناسی سیاسی بەو واتایەی مەبەستی ئێمەیە لە نووسراوەکانی ڤێبێڕدا لەبەر چاو بگرین. ڤێبێڕیش لە وەسف کردنی بڕۆکڕاسی مۆدێڕنو تایبەتمەندییە ئابسترەکەی لە چاو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگاو ئابووریدا دەڵێ: *«ئەگەر هۆکارەکانی کۆنتڕۆڵ نەبن بڕۆکڕاسی دەوڵەتی ڕەنگە گیرۆدەی بەرژەوەندی تایبەتی ساماندارانو خاوەن زەوییەکان بێ، هەر*

---

1. D. Held, op. cit. pp. 43-44.

وەک بڵێـــی نـــابێ بڕۆکراســـی دەوڵـــەتی بکەوێتـــە ژێـــر کاریگـــەری بەرژەوەندییـەکانی کۆمـەڵگای مـەدەنی، کـە واتـا بـە ڕواڵـەت بڕۆکراسـی دەوڵەتی لە بارودۆخی ئاسایی‌دا سەربەخۆیە.[2] بـەپێی ئـەو بابەتانـەی تـا ئێستا بـاس کـران ڕەنگـە هەڵـە نـەبین ئەگـەر بڵێـین کۆمەڵناسـی ڤێبێـر کۆمەڵێک لێکۆڵینـەوەی پـڕشو بـڵاوە دەربـارەی کۆمـەڵگاو دەوڵـەتو بگـرە تایبەتمەنـدی کۆمەڵناسـی سیاسـی هـەر نییـە، کـە واتـا بـۆ چـی دەبـێ هزرەکـانی ڤێبێـر بخەینـە خانـەی کۆمەڵناسـی سیاسـییەوەو بـە هینـدیان بگرین؟ لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا بۆچوونێکی ئەوتۆ بۆچوونێکی ناتـەواوو هەڵەیە. چوونکە لانی کەم لە نووسراوەکانی ماکس ڤێبێردا ئـەو بابەتـە بـە ڕوونی خۆی دەردەخات کە شیکاری دەسەڵاتی سیاسـیو دەوڵـەت نـاتوانین وەک مۆدێلی سەرەتایی مارکس دابەزێنینـە سـەر ئاسـتی لێکدانـەوەی چینـە کۆمەڵایەتییەکان. بە باوەڕی ڤێبێر پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان دەوڵـەتو دارشتەی دەسەڵاتو پەیوەندییە چینایەتییەکاندا لە ئارا دا نییـەو دەوڵـەتی مۆدێرن بەرهەمی گووڕانو سەرهەڵدانی سەرخانی کاپیتـالیزم نییـە بـەڵکوو دەوڵەتی مۆدێرن کارتێکەرییەکی بنەرەتی هەبووە لە گووڕانو سـەرهەڵدانی سـەرخانی کاپیتالیزمـدا. واتـا بڕۆکراسـیو کاپیتـالیزمو دەوڵـەتی مـۆدێرن هاوڕێیو هاودەمی یەکتر بـوون. بـەڵام ڕەتکردنـەوەی ئـەو پەیوەندییـە بـەو واتایە نییە کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان دەسەڵاتی سیاسیو دەوڵـەت بـە

2. M. Weber, *Economy and Society*. Vol. II, (Berkley, California U. P. 1978), pp. 142-3.

گشتیو دارشتەی کۆمەڵگاو نەریتو ستاتۆ کۆمەڵایەتییەکانو بزووتنەوە فکریو ئایدۆلۆژیاکانیشدا لە ئارا دا نییە بەڵکوو پەیوەندییەکی ئەوتۆ لە قووڵترین شێوازی خۆشیدا بەرچاو دەکەوێ. بەڵام لە نووسراوەکانی ڤێبێڕدا ئەو پەیوەندییە بە ئاسانی خۆ بەدەستەوە نادا. بۆ دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە دەبێ ئاستی ئەو بابەتانەی وەک «کۆمەڵناسی سیاسی» ڤێبێڕ باسیان لێوە دەکرێ(واتا باسی تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتو جۆرەکانی ڕەواییو باڵادەستی سیاسی) ببەزێنینو بچینە ناو قووڵایی بۆچوونەکانی ڤێبێڕ دەربارەی مێژوو و کۆمەڵگا. ئەوسا دەتوانین پەیوەندی نێوان ژیانی سیاسیو سیاسەتو دەوڵەتو باڵادەستی سیاسی لەگەڵ جۆرە جیاجیاکانی «کۆمەڵگا»و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکاندا بدۆزینەوە. لێرەدا بەر لەوەی بچینە سەر باسی کۆمەڵناسی سیاسی ڤێبێڕ بە کورتی ئاوڕێک لە تایبەتمەندییە گشتییەکانی کۆمەڵناسییەکەی ڤێبێڕو جیاوازیو وێکچووییەکانی لە مۆدێلی مارکس دەدەینەوە.

ماکس ڤێبێڕ هەرچەندە لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کەڵک لە میتۆدە کۆمەڵناسانەو مێژووییەکانی مارکس وەردەگرێ، بەڵام لەو باوەڕە دایە کە مارکسیزم بیرۆکەیەکی تاک لایەنەیەو ناتوانێ بە دروستی لە پەیوەندی نێوان دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت دەوڵەتی مۆدێرن تێ بگات. بە باوەڕی ڤێبێڕ هەڵەی سەرەکی مارکس لەوەدا بوو کە لایەنێکی ڕاستەقینەی لە وانی تر زۆر زیاتر زەق دەکردەوەو دەوری هۆکارە دیاریکەرە جۆراوجۆرەکانی لەبەر چاو نەدەگرت. هەڵبەت ڤێبێڕ لەو

باوەڕەدا نەبوو کە ماتریالیزمی مێژوویی مارکس بە تەواوی ناڕاستە بەڵکوو شیکاری دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی تاکە هۆکارێکەوەی ڕەتدەکردەوە. بەو پێیە دەکرێ بڵێین تێگەیشتنی ڤێبێر لە هزری مارکسی تێگەیشتنێکی پۆزێتیڤیستیانە بوو. کە واتا ڤێبێر باوەڕی وابوو کە دەبێ لە پاڵ هۆکارە ماددیو ئابوورییەکان سەرنج بدرێتە هۆکارە سیاسیو سپاییەکانیش. ناوبراو بەتایبەت جەختێکی زۆری دەکردە سەر سترۆکتوورە سیاسیەکان وەک هۆکاری دیاریکەر. لە ڕوانگەی ڤێبێرەوە بالادەستی بە سەر ئامرازەکانی بەرێوەبەرایەتی کۆمەڵگا بە ڕادەی بالادەستی بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا گرینگە. ناوبراو بە پێچەوانەی مارکس لە ڕووی پێوانەیەکی سیاسیو ئیدارییەوە مێژووی دابەش دەکرد. بۆ نموونە لە ڕوانگەی ڤێبێرەوە فیۆدالیزم خاوەنێتی تایبەتە بە سەر ئامرازەکانی توندوتیژی سپایو خاوەنێتی بەکۆمەڵە بە سەر ئامرازەکانی بەرێوەبەرایەتی کۆمەڵدا. لە سیستمی فیۆدالیدا حاکم نەیدەتوانی دەست بە سەر ئامرازە سپایو ئیدارییەکان دابگرێ چوونکە ڕووبەڕووی هەندێ گرووپی کۆمەلایەتی دەبۆوە کە خاوەنی ئەو ئامرازانە بوون. کە واتا تێگەیشتن لە کۆنترۆڵ کردنی ئامرازە ماددییەکانی دەسەلاتی سیاسیو ئیداری بۆ تێگەیشتن لە جۆرەکانی سترۆکتووری سیاسی گرینگییەکی تایبەتی هەیە.

بە سەرنجدان بەو بۆچوونەی ڤێبێر کە خەبات بۆ بەدەستەوە گرتنی ئامرازەکانی حکوومەتو ئیدارەکردنی کۆمەڵگا گرینگییەکی تایبەتی هەیە،

ناوبراو لەو باوەڕە دایە کە مێژووی ئورووپا پاش سەدەکانی ناوەڕاست مێژووی خەباتی دەسەڵاتدارانی سیاسییە بۆ بەدەستەوە گرتنی ئامرازە ماڵیو سپاییەکانی حکوومەت کە لەو سەردەمانەدا لە دەست گرووپی جۆراوجۆردا بوون. لەو ڕووەوە ڤێبێر دەوڵەت وەک «دەکارهێنانی ڕەوای توندوتیژی لە وڵاتێکی دیاریکراو بە شێوەیەکی پاوانکراو» پێناسە دەکاتو دەوڵەتەکان بە سێ بەش دابەش دەکات: دەوڵەتی وشکایی، دەوڵەتی ئاوییو دەوڵەتی زۆزانی یان کوێستانی. لە ڕوانگەی ڤێبێرەوە ئاوییو وشکایی وڵات فاکتەرێکی دیاریکەرە چوونکە دەوڵەتانی کەنار ڕۆخی ئاو یان دەوڵەتە ئاوییەکان بەستێنێکی لەباریان بۆ گەشەکردنی دێموکراسی، بازرگانیو پێکهاتنی ئیمپراتۆڕی دەستەبەر کردووە، بەڵام دەوڵەتانی وشکایی وەک ڕووسیا زۆرتر بەستێنێکی لەبار بوون بۆ بڵاوبوونەوەی دەزگای بڕۆکڕاسی ناوەندی.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵناسی ڤێبێر ئەوەیە کە ناوبراو دەسەڵاتی ئابووریو دەسەڵاتی سیاسی لێک جیا دەکاتەوەو وەک دوو وتەزای جیاواز سەیریان دەکات. ڤێبێر لە ڕەخنەی مارکسیزمدا دەڵێ دەبێ ئەو بابەتەی تەواو بابەتێکی *ئابوورییە*و ئەو بابەتەی لە لایەن هۆکارە ئابوورییەکانەوە *دیاری کراوە*و ئەوەی تەنیا پەیوەندی بە ئابوورییەوە هەیە لێک جیا کرێنەوە. بۆ نموونە گرینگی هزرە ئایینییەکان لە ڕوانگەی سەرهەڵدانی پێکهاتە ئابوورییە مۆدێڕنەکانەوە ناکرێ بڵێین بەو مانایەیە کە ئەو هزرانە هۆکاری ئابوورییین. بە

پێچەوانەی بۆچوونی مارکس ڤێبێر لەو باوەڕە دایە کە چین تاکە پێوانەی پۆلێن کردنی کۆمەڵگا نییە. بە باوەڕی ڤێبێر کۆمەڵگا بە سێ بەش دابەش دەبێ، بەشی یەکەم دەسەڵاتی ئابووری (چین)، بەشی دووهەم ستاتۆی کۆمەڵایەتیو بەشی سێهەم دەسەڵاتی سیاسی (حیزب). چین وەک کۆمەڵێک لەو تاکانەی لە بازاڕدا خاوەنی یەک جێگەو پێگەن ڕەنگە چەند ستاتۆی کۆمەڵایەتی لەخۆ بگرێو هەروەها ڕەنگە لە ناو ستاتۆیەکی کۆمەڵایەتیشدا لە ڕووی پێگەی چینایەتییەوە هەندێ جیاوازی لە ئارادا بێ. حیزبیش وەک «خانەی دەسەڵات» بە پێی بەرژەوەندییە سیاسییەکان دەبێ لە چینو ستاتۆی جۆربەجۆر پێک بێو ڕەنگە چینێک خاوەنی چەندین حیزب بێ. لەو ڕووەوە ژیانی سیاسیو حیزبی شەرت نییە پەیوەندی بە چینو ستاتۆ کۆمەڵایەتییەکانەوە ببێو ئەوەش لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە جیاوازییەکی گرینگە لە نێوان بۆچوونەکانی ڤێبێرو مارکسدا.

بەڵام خاڵێکی هاوبەش لە نێوان هزرەکانی ڤێبێرو مارکس لەوە دایە کە هەولی ڤێبێریش دۆزینەوەی پەیوەندییەکە لە نێوان دیاردەکانی پەیوەندیدار بە پانتای زانیاریو هزر لەگەڵ بەرژەوەندییە ئابووریو سیاسییەکاندا. لە ڕاستیدا ڤێبێر بایەخێکی ئەوتۆی نەدەدایە «ئایدۆلۆژیا»و «پاساوە تیۆریکەکان». ڤێبێر باوەڕی وابوو کە ئایدۆلۆژیا لەڕاستیدا دەمامکێکە بۆ شاردنەوەی بەرژەوەندییە ماددییەکان؛ بۆ نموونە ئایدۆلۆژیای پڕۆلیتاریایی بە باوەڕی ڤێبێر ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی ڕووناکبیرو سیاسەتڤانو پێشەنگانی شۆڕشگێڕ بوو. هەروەها هزری

دەوڵەتی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیستیش هزرێکی «ئایدۆلۆژیکە»و ناکرێ چەمکی نەتەوەو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بخرێنە لاوە.

خاڵێکی تری هاوبەش لە نێوان بۆچوونەکانی مارکسو ڤێبێر تێکۆشانی ڤێبێرە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی نێوان پانتای پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا. بە باوەڕی ڤێبێر پێکهاتە سپایی، ئایینی، سیاسیو حقوقییەکان بە شێوازی جۆراوجۆر لە ڕووی فانکشناڵییەوە پەیوەندی هەیە لەگەڵ دیسیپلینی ئابووری کۆمەڵگادا. بەو جیاوازییەوە کە بە باوەڕی مارکس ئابووری کاپیتالیستی هەر لە بنەمادا نائەقڵانییە چوونکە ئەو سیستمە خۆی ڕووبەڕووی پاڕادۆکسێکە لە نێوان پێشکەوتە ئەقڵانییەکانی هێزەکانی بەرهەمهێنانو ئەو لەمپەرانەی سیستمی حقووقی کاپیتالیستی دەیخاتە بەردەمیان، بەڵام لە ڕوانگەی ڤێبێرەوە پێکهاتەکانی کاپیتالیستی مۆدێرن هەمان ئەقڵانییەتن. کاپیتالیزم هاوشێوەی بڕۆکڕاسی دەوڵەتی پشت بە دیسیپلین، نرخاندنو وردبینییەوە دەبەستێو بە شێوەیەکی ئەقڵانی بەرێوە دەچێ. سیستمی کاپیتالیستی لە هەمان کاتدا سیستمێکی دینامیکەو پاڵنەری تاکەکانە بەرەو لای بەپسپۆڕی بوونی پڕۆفیشناڵ. ئەو پڕۆسەیە خۆی بەستێنی بەرفراوان بوونەوەی دەزگای بڕۆکڕاسی دەستەبەر دەکا.

هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا ڤێبێر نکۆڵی لە گرینگی خەباتی چینایەتی لە ڕەوتی مێژوو و هەروەها لە دیاریکردنی سروشتی دەوڵەتی

مۆدێڕندا ناکات بەڵام ڕۆڵێکی دیاریکەرو سەرەکیشی ناداتێ. هەروەها ڤێبێڕ نکۆڵی لە ئەگەری بەکۆمەڵایەتی بوونی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ناکات، هەرچەند باوەڕی بە سۆسیالیزم نییە. بە باوەڕی ڤێبێڕ ڕەنگە هەڵس-وکەوتی سۆسیالیزم لەگەڵ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان هەمان هەڵسوکەوتی دەوڵەت بێ لەگەڵ ئامرازەکانی بەڕێوەبردنو حکوومەتدا. واتا هەر وەک چۆن دەوڵەت خاوەنێتی ئامرازەکانی ئیداریو سپایی خۆماڵی کردووە، ڕەنگە سۆسیالیزمیش لە ڕێگەی بەکۆمەڵایەتی کردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە ژیانو ئامرازە ئابوورییەکان بکاتە پاشکۆی سیستمی بڕۆکڕاسی دەوڵەتەوە. بە باوەڕی ڤێبێڕ بڕۆکڕاسیو سۆسیالیزم هەر دوو دەبنە مایەی کۆیلەتی مرۆڤی مۆدێڕن. بەڵام بە پێی بۆچوونی ڤێبیر لە دەم کوورتدا دیکتاتۆڕی بروکراتەکان دێتە دیی نە دیکتاتۆڕی پڕۆلیتاریا. بەو پێیە بۆچوونەکانی ڤێبێڕ دەربارەی بڕۆکڕاسی هەندێ ناکۆکی لە خۆ دەگرن. واتا ناوبراو لە لایەک باوەڕی بە سەرهەڵدانی دیتێرمینیستی بڕۆکڕاسی هەیە بۆ ئیدارە کردنی کۆمەڵگاو دەوڵەتو لە لایەکی تریشەوە جەخت دەکاتە سەر ئەو کۆسپو تەگەرانەی بڕۆکڕاسی دەیخاتە بەردەم ئامانجەکانی لیبڕاڵیزم. لە ئاکامی بەربڵاوبوونەوەی بڕۆکڕاسیدا کرێکاران لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی ئابووری، سەربازان لە ئامرازە توندوتیژییەکانی سپاییو فەرمانبەران لە ئامرازە ئیداریو دیوانییەکانو پسپۆڕان لە ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە نامۆ دەبن. بەو پێیە ڤێبێڕ باوەڕی وایە کە هزری ئێلیناسیۆن لە بیرۆکەی مارکسدا تەنیا بەشێکە لە

ئێلیناسیۆنی گشتیو ئەویش زۆری درێژدادری لە بارەوە کراوە. ئەو بابەتانەی باس کران هێمای پڕۆسەی بەربڵاوبوونەوەی بڕۆکڕاسین. سۆسیالیزمیش پشتگیری لە پڕۆسەی بروکراتیزە بوونی جیهان دەکا.[1]

یەک لە باسە سەرەکییەکانی ڤێبێڕ لە کۆمەڵناسی سیاسیدا باسی پەیوەندی نێوان هزرو بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. مارکس لە ڕووی ڕۆڵو دەوری هزرەکان لە خەباتی چینایەتیدا باس لە هزرەکان دەکا. بە باوەڕی مارکس ئەو هزرانەی پڕاگماتیستن دەبنە ئایدۆلۆژیا وەک ئامرازێک بۆ خەباتی چینایەتی. دینامیک بوونی مێژووی هزرەکانیش لە ڕوانگەی ڕۆڵو دەوری ئەو هزرانە لە پاساودانی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانەوە ڕوون دەکرێتەوە. ڤێبێڕیش لەو باوەڕە دابوو کە ئەگەر هزرەکان ئاوێتەی بەرژەوەندییە مادییەکان نەبن لە مێژوودا کاریگەر نابن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڤێبێڕ لەو باوەڕەدا نەبوو کە هزرەکان تەنیا ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانن. هەروەک باس کرا بە باوەڕی ڤێبێڕ سەرجەم بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو بۆ نموونە پانتاکانی فکریو سیاسی، ئابووریو ئایینی خاوەن ئاڵوگۆڕی ناوخۆیی سەربەخۆو تایبەت بە خۆیانن. تەنانەت ڕەنگە لە نێوان هزرو بەرژەوەندییەکانو هەروەها لە نێوان بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بۆ نموونە پانتا سیاسیو ئابوورییەکاندا ناکۆکی بێتە ئاراوە.

---

1. H. Gerth and C. Wright-Mills, *From Max Weber.* (London, Rout ledge, 1948), pp. 46-50.

بەڵام بە باوەڕی ڤێبێڕ «پەیوەندییەکی هەڵبژاردەیی» لە نێوان هزرو بەرژەوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا هەیە نە پەیوەندییەکی ڕەنگدانەوەیی. پێویستە ئەوەش بگووترێ کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان بەرژەوەندی ڕانەران یان لایەنگرانی هزرێکو کاکڵی ئەو هزرە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی سەرهەڵدانی ئەو هزرەدا لە ئارادا نییە. بۆ نموونە ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینی هەڵقوڵاوی ناخی ئەو چینانە نەبوون کە دواتر بوونە بەرێوەبەری هزرەکانی ئەوان. بەڵام دواتر لایەنگرانی هزرێک بەشێک لەو هزرە هەڵدەبژێرن کە لە بەرژەوەندییەکانی ئەوان نزیک بێ. کە واتا سەرەتا ناکرێ بڵێین ناوەرۆکی هزرێک لەگەڵ بەرژەوەندی لایەنگرانیدا یەکتر دەگرێتەوە. بەڵام کاتێک هزرەکان پێ بە پێی بەرژەوەندی تایبەت هەنگاو نەنێن، هێدی هێدی ئیعتیباری خۆیان لە دەست دەدەنو کاتێک پەیوەندی هەڵبژاردەیی ناوبراو نەیەتە ئاراوە هزرەکان تەواو بێ ئیعتیبار دەبن. ئەو خاڵەش شیاوی ئاماژە پێکردنە کە ڤێبێڕ لە نووسراوەکانی دوایی‌دا زۆرتر بەلای مارکس‌دا دەشکێتەوە. هەرچەندە ڤێبێڕ لە کتێبی *ئەخلاقی پرۆتستانو ورەی کاپیتالیستی‌دا* جەخت دەکاتە سەر دوو فاکتەری فکریو ئایینی لە سەرهەڵدانی کاپیتالیزمدا، بەڵام لە کۆتایی تەمەنی‌دا باس لە بنەما ئابوورییەکان دەکات. لەڕاستی‌دا دەکرێ بڵێین هەرچی ڤێبێڕ زیاتر لە ژیانی سیاسیو ئایدۆلۆژیکی ئەڵمان بێزرا بە هەمان ڕادە جەختی دەکردە سەر گرینگایەتی بەرژەوەندییە مادییەکان، تا ئەو جێیە کە دەڵێ: «ئەوە بەرژەوەندی مادییە کە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان دیاری

دەکا، نە هزرەکان. بەڵام «هزرەکان» ئافرێنەری هەندێ خەون‌و خولیان کە وەک شەمەندەفەرڤان ڕێگەیەک دیاری دەکەن کە لەو ڕێگەدا پاڵنەری ئاکارو کردەوە بەرژەوەندییە.»[١]

## مۆدێلی تایبەتی کۆمەڵناسی سیاسی ڤێبێر

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا بە سەرنجدان بە جۆراوجۆری بابەتەکان سەرەتا وا دێتە بەرچاو کە هیچ پەیوەندییەکی ناوخۆیی لە نێوان پاژە جیاجیاکانی هزری ڤێبێردا لە ئارادا نییە هەر لەو ڕووەوە هەندێ لە ڕەخنەگران باوەڕیان وایە کە هزری ڤێبێر هزرێکی یەکدەستو یەکپارچە نییە. بەڵام کاتێ ورد بینەوە، بۆمان دەردەکەوەێ کە پەیوەندییەکی ناوخۆیی‌و مەنتیقی پاژە جیاجیاکانی هزری ڤێبێر واتا مێژوو و کۆمەڵگاو سیاسەت لێک گرێ دەدا کە پێکهێنەری مۆدێلی کۆمەڵناسی سیاسی ڤێبێرەو دەکرێ بە شێوەی خوارەوە پێشانی بدەین:

1. Ibid, pp. 63-4.

لە هزری ڤێبێردا ڕەوتی عەقڵانی بوونی جیهان گشتی‌ترین چەمکە. بە باوەڕی ڤێبێر جیهان لە پرۆسەی عەقڵانی بووندا بەردەوام بەرەوپێش دەچێ. چەمکی عەقڵانییەت لە ڕوانگەی ڤێبێرەوە بە واتای بەرفراوان

بوونەوەی عەقڵانییەتی پێکهاتەییو ئامرازییە لە پانتای ژیانی دەرەکیو کۆمەڵایەتیداو ئەو دیاردانەش لە خۆ دەگرێ: دیاردەی بەرفراوان بوونەوەی ئاڵۆزی سیستمی کۆمەڵایەتی، دیاردەی بەرفراوان بوونەوەی بەڕێکخراوە بوون، دیاردەی خۆ بەدەستەوەدانی ژیان واتا دیسیپلین هەڵگرو شیاوی پێشبینیو کۆنترۆڵ کردن بێ، دیاردەی باڵادەستی مرۆڤ بە سەر دەوروبەردا لە ڕێگەی بەرفراوان بوونەوەی بەرژەوەندییە ئامرازییەکانی مرۆڤ بە نیسبەت سروشتەوە، دیاردەی لەناوچوونی دەسەڵاتی هێزە سیحراویو ناعەقڵانییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. پرۆسەی عەقڵانی بوون ڕاستە پرۆسەیەکی پێویستە بەڵام دەبێتە مایەی ئێلیناسیۆنو بێزاری هەرچی زیاتری مرۆڤیش چوونکە سرینەوەی سیحرو ئەفسوون لە جیهان، دەبێتە مایەی لەناوچوونی شیرینی ژیانی نەریتی. هزری هەڵاتن لە ئازادییەکانی دەرئەنجامی ژیانی عەقڵانی نوێو گەڕان بەدوای هێمنایەتیو ئاسوودەیی لەدەستچوو لە داوێنی بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا، هەروەک دواتر لە نووسراوەکانی هانا ئارێنتو ئێریک فرۆمدا باس کران، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر بۆچوونەکانی ماکس ڤێبێر. ئەو بێزارییو ئێلیناسیۆنە یەکێکە لە سەرچاوەکانی کردەوەی کۆمەڵایەتیو سیاسی لە جیهانی هاوچەرخدا.

لەگەڵ ئەوەشدا بەباوەڕی ڤێبێر تەنیا هەندێ پانتای تایبەتی ژیان بەتایبەت لایەنی ئابووری، بڕۆکڕاسیو زانستە کە عەقڵانی دەبن بەڵام لایەنەکانی تری ژیانی مرۆڤ زۆربەیان ناعەقڵانیین بە واتایەکی تر

دیسیپلین هەڵگرو جێ پێشبینی نین. بەو پێیە بەشێکی بەرچاوی ژیانی مرۆڤ بە پێی گەڵالەو پلان نییە. یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەوام بوونی ژیانی ناعەقڵانەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی خودی مرۆڤ وەک بوونەوەرێک کە جاروبار ناعەقڵانە بیر دەکاتەوەو چارەنووسی خۆی دەسپێرێتە دەست هێزە نادیارەکانی هەستو سۆز. سەرچاوەی زۆربەی کردەوەکانی تاکەکەس چ لە ژیانی تایبەتیداو چ لە ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا ئەو ژیانەیە کە پشت بە هەستو سۆزەوە دەبەستێ. تایبەتمەندی ناعەقڵانی بوونی مرۆڤ لە لایەکی ترەوە گرێدراوی ژیانی ڕووحانیو ئایینی مرۆڤە. مرۆڤ لەگەڵ ئەوەدا کە بوونەوەرێکی عەقڵانییەو جیهان ساکارو شیاوی کەڵک لێوەرگرتن دەکاو هەروەها ئامراز چێ دەکا، لایەنێکی فانتازیانەو سیحراویشی هەیە کە پێکهێنەری مێژووی ناعەقڵانی مرۆڤە. ژیانی زەینی مرۆڤ هەروەک لایەنی عەقڵانییەتی ئامرازی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ناچێتە چوارچێوەی دیسیپلینەوە. هەر ئەو ژیانە ناعەقڵانییە دەبێتە بەستێنی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کاریزماییەکان لە مێژوودا. هەر لەو ڕووەوە ماکس ڤێبێر بە پێچەوانەی مارکس لەو باوەڕە دایە کە زۆربەی ئاکارە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ لە بنەمادا ناعەقڵانیین.

هەروەها هۆکاری ڕێکەوت جا چ لە سروشتەوە سەرچاوەی گرتبێ یان لە پەیوەندی مرۆڤەکانەوە فاکتەرێکی کاریگەرە لەسەر ژیانی مرۆڤو لە هەمان کاتیشدا نە دەچێتە چوارچێوەی دیسیپلینەوەو نە پێشبینی دەکرێ. ماکیاڤێللیش دەڵێ ڕەنگە بازنەی ئیرادەو دەسەڵاتی (Virtu)

دەسەڵاتدار پەرە بستێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە هۆکاری پێشبینی نەکراوی وەک شانس(چانس)و ڕێکەوت (Fortuna) زەرەدو زیانی پێ بگەیەنن. هۆکارێکی تریش کەوا دەکا ژیانی مرۆڤ زۆرتر پێشبینی نەکراو و ناعەقلانی بێ بوونی ناکۆکی سروشتییە لە نێوان بەها سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤدا وەک ئازادیو بەرامبەری، خۆشیو ئاسوودەیی تاکو کۆو لەو جۆرە بابەتانە. بە باوەڕی ڤێبێر ئەو بەهایانە دژی یەکتر نینو هیچ کات لە چوار ڕێیانێکی ناوەندی مێژوودا یەکتر ناگرنەوە. بۆ نموونە تێکەڵ کردنی بنەماکانی ئایینو سیاسەت شتێکی نەگونجاوە چوونکە بێتوو بنەماکان بپارێزین بەرژەوەندی سیاسی لەکیس دەچێو بێتوو بەرژەوەندی سیاسی لەبەرچاو بگرین ئەوا ڕەنگە نەتوانین بنەماکانی ئایین ڕەچاو بکەین. بەو پێیە ژیانی مرۆڤ بەگشتی ژیانێکی «تراژیکە» چوونکە مرۆڤ ڕووبەڕووی هەڵبژاردنی زۆر ڕێگە دەبێتەوە کە هەر هەموویان کەم تا زۆر دەکرێ هەڵبژێردرێن. بە سەرنجدان بەو هۆکارانەی باس کران نابێ چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێ کە ویستوخواستەکانی مرۆڤ لەگەڵ دەرئەنجامی کردەوەکانیدا هەردەم یەکتر بگرنەوە. جگە لە ویستوخواستی ئێمە، زۆر هۆکاری تریش کاریگەریان هەیە لەسەر دیاریکردنی دەرئەنجامی کردەوەدا. بەو پێیە دەکرێ بڵێین بەشێکی بەرچاوی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە ژێر کاریگەری ئەو هۆکارانە دایە کە ناچنە چوارچێوەی دیسیپلینەوەو پێشبینی ناکرێنو ناعەقلانیین.

دۆئالیسمی ژیانی عەقلانیو ژیانی ناعەقلانی لە کۆمەڵگاو سیاسەتیشدا ڕەنگی داوەتەوە. لە پانتای کۆمەڵگادا کردەوەو ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان کە بابەتی کۆمەڵناسین، هەم عەقلانیینو هەم ناعەقلانی. لەو ڕووەوە، ڤێبێر چوار «جۆری تیپیکاڵی» کردەوەی کۆمەڵایەتی تاوتوێ دەکا کە بریتین لە کردەوەی عەقلانی ئامانجدار، کردەوەی عەقلانی پشت بەستوو بە بایەخ، کردەوەی نەریتیو کردەوەی بەهەست. بنەمای کردەوەی عەقلانی ئامانجدار نرخاندنی پەیوەندی نێوان ئامرازو ئامانجە. لەو جۆرە کردەوەدا کە نموونەی لە ژیانی ئابووریدا بەرچاو دەکەوێ ئەکتەری کۆمەڵایەتی بە پێی کارئاسانی کارەکەی خۆی ڕەنگە هەم ئامرازەکانی گەیشتن بە ئامانج بگۆڕێو هەم بە سەرنجدان بە پێداویستییەکانو بواری وەدەستهێنانی ئامرازەکانی پێویست، بە ئامانجەکەیدا بێتەوە. لە کردەوەی عەقلانی پشت بەستوو بە بایەخەکاندا کە زۆرتر لە پانتای ئایین-و ئەخلاقدا دەردەکەون، ڕەنگە بواری پێداچوونەوە بە ئامرازەکاندا بلوێ، بەڵام لە ئامانجەکانی پشت بەستوو بە پڕەنسیپو بەهاکاندا پێداچوونەوەیەکی ئەوتۆ دەست نادا. لەڕاستیدا بنەمای ئەو کردەوە پڕەنسیپو باوەڕەکانە بە بێ ئاوڕدانەوە لە دەرئەنجامە سوودبەخشو زیانبارەکانی. کردەوەی نەریتی بەگشتی کردەوەیەکی مکانیکییەو لەودا باس لە نرخاندنی ئامرازو ئامانج ناکرێ. بنەمای ئەو کردەوە لاسایی کردنەوەو پەیڕەوی کردنی ناوشیارانەیە لە دابو نەریتی باو. کردەوەی سۆزاویش کردەوەیەکی ناعەقلانییەو بە بێ مەزەندەکردنی ئامانجو ئامراز

دیتە ئەنجام. ژیانی سۆزاوی مرۆڤ چوارچێوەیەکی دیسیپلین هەڵنەگرەو پێشبینی ناکرێ.[1]

ژیانی سیاسیش وەک بەشێکی ژیانی کۆمەڵایەتی گۆڕەپانی ڕەفتاری عەقڵانیو ناعەقڵانییە. سیاسەت پەیوەندی دەسەڵاتو پەیڕەوی کردن لە نێوان ئەکتەرانەو کردەوەی دەسەڵاتو پەیڕەوی کردن ڕەنگە کردەوەی عەقڵانیو ئامانجدار، یان کردەوەی عەقڵانی پشت بەستوو بە بەها، یان کردەوەی نەریتیو سۆزاوی بێ. کاتێک دەسەڵات پشت بە هەندێ نەریتەوە ببەستێو هاووڵاتیانیش لە سەر بنەمای ئەو نەریتانە پەیڕەوی لە حکوومەت بکەن، ئەوسا جۆری سیاسەت یان باڵادەستی یان ڕەوایی لە جۆری نەریتییە. کاتێک پەیوەندی دەسەڵاتو پەیڕەوی کردن پەیوەندییەکی سۆزاویو پشت بەستوو بە خۆشەویستی تاکەکەسییەوە بێ ئەوسا سیاسەتو باڵادەستی لە چەشنی کاریزماییە. کاتێک دەسەڵاتو پەیڕەوی کردن لە سەر بنەمای قانوونو نۆرمە عەینییەکان بێ، ئەوسا سیاسەتو باڵادەستییەکی ئەوتۆ سیاسەتو باڵادەستییەکی بروکراتیکو قانوونییەو دەچێتە خانەی کردەوەی عەقڵانییەوە. هەڵبەت بە کردەوە ڕەنگە ئاوێتەیەکی جۆراوجۆری ئەو سێ چەشنە تیپیکاڵە بێتە دی. تێکەڵاوی سیاسەتی کاریزماییو سیاسەتی نەریتیو سیاسەتی نەریتیو سیاسەتی

1. I. Zeitlin, *Ideology and the Development of Socialogical Theory.* (Prentice Hall, NewJersey, 1981), pp. 127 – 170; A. Giddens, *Capitalism and Modern Social Theory.* (Cambridge, U. P. 1971). Pp. 119 – 184.

بروکراتیک تیکەڵاوییەکی باوە. بەو پێیە بابەتی کۆمەڵناسی سیاسی ماکس ڤێبێڕ تاوتوێکردنی جۆرە سەرەکییەکانی سیاسەتو باڵادەستی سیاسییە. چوونکە تێگەیشتن لە باڵادەستیو سیاسەت پشت بە سروشتی بانگەشەی دەسەڵاتدار بە نیسبەت دەسەڵات واتا ڕەوایی سیاسیو هۆکارەکانی پەیڕەوی کردنی هاووڵاتیان لە حکوومەتەوە نابەستێ کە واتا ناکرێ بڵێین سیاسەتێکی تریش لەئارا دایە کە پشت بە توندوتیژییەوە دەبەستێ، چوونکە هیچ دەسەڵاتدارێک نالێ تەنیا لە سەر بنەمای زۆرو توندوتیژییەوە حکوومەت دەکا بەڵکوو هەمیشە هەندێ «هۆکار» دێنێتەوە بۆ پاساوی ڕەوابوونی دەسەڵاتەکەی. هەروەها هاووڵاتیانیش زۆربەی کات وایان پێ باشترە کە پەیڕەوی کردنو فەرمانبەری خۆیان بە هەندێ هۆکار ببەستنەوە. بە واتایەکی تر، ڤێبێڕ باس لە بنەماکانی ئۆتۆریتەی سیاسی دەکا نە لە بنەماکانی دەسەڵات.

بە گشتی لە کۆمەڵناسی سیاسی ڤێبێڕدا چوونکە ژیانی مرۆڤ ڕووبەڕووی هێزە عەقڵانیو ناعەقڵانییەکان دەبێتەوەو زۆربەی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی، ڕەفتاری ناعەقڵانین، کە واتا دەکرێ بڵێین بنەمای ناعەقڵانی ڕەفتار لە ژیانی سیاسیشدا بەهێزن. ڕەفتاری سیاسی ڕەفتارێکی تەواو عەقڵانی نییە واتا پشت بە نرخاندنی بەرژەوەندی ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە نابەستێ، چوونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاڵۆزەو بەدەر لەو بەرژەوەندیانە، بەرژەوەندیو ژیانێکی ناعەقڵانی قوڵیشی هەیە کە بێ گومان کاریگەریان هەیە لە سەر پانتا جۆربەجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ بۆ

نموونە لە سەر ڕەفتارە سیاسییەکانی. سیاسەتو باڵادەستی لە هەرکام لەو سێ جۆرەی باس کرا کردەوەو ڕەفتارێکی گرووپییە کە هۆکاری دەسەڵاتو پەیڕەوی کردن لەودا جۆراوجۆرن. ڤێبێر لە تاوتوێکردنی ئەو سێ جۆرە تیپیکاڵەی سیاسەتدا کە بە بۆچوونی ناوبراو سیاسەت تەنیا ئەو سێ جۆرەی هەیە ئاوڕ لە ڕەوتە کۆمەڵایەتیو مێژوویییەکانی پەیوەندیدار بە هەر کام لەو سێ جۆرە سیاسەتە دەداتەوەو لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە ئەو بابەتانە تاوتوێ دەکا.

**سیاسەتو باڵادەستی نەریتی:** باڵادەستی نەریتی پشت بەو نەریتانەوە دەبەستێ کە هەم دەسەڵاتدارو هەم هاووڵاتی پەیڕەوی لێ دەکەن. بنەمای کۆمەڵایەتی باڵادەستی نەریتی، کردەوەیەکی نەریتییە کە بە پێی ئەو کردەوە نەریتییە پەیوەندی باڵادەستی بابەتێکی پێشاوپێش دیاریکراوە. دەسەڵاتدار ناتوانێ سەرجەم نەریتە سەرەکییەکانی حکوومەت پێشێل کات، هەرچەندە لە سیاسەتی نەریتیشدا ئەگەری ئەوە هەیە کە حکوومەت ببێتە حکوومەتی تاکەکەسی. بەو حاڵەش، دەسەڵاتدارە نەریتییەکان کاتێ نەریتەکان ڕەچاو نەکەن حکوومەت دەخەنە مەترسییەوە. ئایین وەک بنیاتی نەریتەکانی کۆمەڵگا ڕووبەڕووی دەسەڵاتدارە نەریت شکێنەکان دەبێتەوە. لەو ڕووەوەیە کە زانایانی سیاسی بە دەسەڵاتدارە نەریتییەکان دەڵێن ئەگەر دەتانهەوێ پێگەی دەسەڵاتتان بەدوور بێ لە مەترسی دەبێ ڕێز لە نەریتو ئایین بگرن. لە سیاسەتی نەریتیدا لە نێوان پاسەوانانی نەریتە جیاجیاکاندا ئەگەری هاتنە دی کێشمەکێش لەئارا دایە. بەتایبەت

دەسەڵاتداری سیاسی بێتوو ڕووبەڕووی ئایین بێتەوە دەسەڵاتەکەی دەکەوێتە مەترسییەوە.

چوونکە سیاسەتی نەریتی بەکردەوە بە لای تاکەکەسی بوونی حکومەتدا دەشکێتەوە، دەزگای ئۆفیسی حکوومەتی نەریتی زۆرتر پێکهاتووە لە دەستوپێوەندەکان، خزمانو خزمەتکارانی تاکی دەسەڵاتدار. ئەو جۆرە سیستمانە لەگەڵ بڕۆکڕاسی عەقلانی بە واتای مۆدێڕندا یەکتر ناگرنەوە چوونکە وەدەست هێنانی پۆستو مەقام لەو سیستمانەدا بە پێی نزیکایەتیو خزمایەتی لەگەڵ تاکی دەسەڵاتدارە نە بە پێی تواناو لێهاتووییەکانی تاک. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ڕۆڵودەوری کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی نەریتی لە ڕێگەی هەندێ ستاتۆی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە دێنە ئەنجام. بەتایبەت پیاوانی ئایینی لە ڕووی فێرکاری گشتیو دادوەرییەوە ڕۆڵودەورێکی بەرفراوانیان لە ئەستۆیەو کاتێ دەستدرێژی بکرێتە سەر چوارچێوەی کارو کردەوەیان بە خێرایی هەڵوێست دەگرنو لە دژی ئەو دۆخە ڕادەوەستن. جاروبارەش لە نێوان خزمەتکاراندا کێشمەکێش دێتە ئاراوە هەڵبەت سەرکەوتن لەو کێشمەکێشانەدا گرێدراوی لێهاتوویيو هونەری حکوومەت کردنی تاکی دەسەڵاتدارە. دەزگای ئۆفیسی دەوڵەتی نەریتی دەزگایەکی خاوەن دیسیپلین نییە، دانی پلەوپایە یاساو ڕێسایەکی ڕوونو دیاری نییەو پۆستە سیاسییەکان بە شێوەیەکی پێشبینی نەکراو دەستاودەست دەکرێن لەو ڕووەوە کەس هەست بە تەناهی پیشەکەی خۆی ناکات. لە دەزگای ئۆفیسی ئەو جۆرە دەوڵەتانەدا زۆربەی کات پۆست لە مێزەکەی جیا

ناکرێتەوەو کاربەڕێوەبەران وەک خاوەن پۆستەکان دێنە ژمار. دابو ڕەسمی فرۆشتنی پۆستو مەقامە ئیدارییەکان لە زۆربەی دەوڵەتە نەریتییەکاندا بەرەو نەمان دەچێ. لە ڕوانگەی ڤێبێرەوە زەقترینو بەرجەستەترین نموونەی سیاسەتو باڵادەستی نەریتی پاتریمونیالیزمە[1] کە لەودا تایبەتمەندییەکانی ناوبراو بە تەواوی دەردەکەون. دەوڵەتی پاتریمونیاڵ بەرهەمی گۆڕانی سیستمی ناسانتراڵی فیۆدالیو سەرهەڵدانی ئەرتەشو سپا نوێیەکانو پێویستی تێوەگلانی ئەرتەشو سپایە لە گرژیو ئاڵۆزییە بەربڵاوە نێونەتەوەییەکاندا. هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی سیستمی حکوومەتی تەواو پاشایی سیستمی حکوومەتی واسالی بەرەو نەمان چوو و لە بەرامبەر ئیمتیازەکانی سیستمی فیۆدالیدا دەسەڵاتی بروکراتەکانی گرێدراوی دەسەڵاتدار دەرکەوت.

**سیاسەتو باڵادەستی بروکراتیک:** بە باوەڕی ڤێبێر یەک لە سەرەکی-ترین هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵگای نەریتی گەشەکردنو بەربڵاوبوونەوەی عەقڵانییەتو بڕۆکڕاسییە کە پشت بە نۆڕمە عەینیو قانوونییەکانەوە دەبەستن. گرینگترین دەسکەوتی پڕۆسەی عەقڵانی بوون لە مێژووی ڕۆژئاوادا سەرهەڵدانی بڕۆکڕاسی عەقڵانییە کە تەشەنەی کردۆتە بەشەکانی تری جیهانیش. هۆکاری سەروەری شارستانییەتی ڕۆژئاوا بە سەر شارستانییەتەکانی کەوناردا دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی بڕۆکراسی

1. Patrimonialism

عەقڵانی. پەرەسەندنی ئەو عەقڵانییەتە دەرئەنجامی گەلێ هۆکار بوو وەک سەرهەڵدانی سیستمی حقووقی عوقەلایی، ئابووری دراوی، پەرەسەندنی کەرەسەی پەیوەندی گرتن بەتایبەت ئاڵوگۆڕی فکریو داشکانەوەی ئایینی پرۆتستان بە لای بەرژەوەندییەکانی جیهاندا. لە سیاسەتی بروکراتیکو عەقڵانیدا پەیوەندی دەسەڵاتو پەیڕەوی کردن، پەیوەندییەکی تاکەکەسی نییە. نە ڕێو ڕەسمە کۆنەکانو نە تایبەتمەندییە تایبەتەکانی تاکەکەس هیچ کامیان بنەمای دەسەڵاتو پەیڕەوی کردن نین بەڵکوو بنەمای دەسەڵات-و پەیڕەوی کردن نۆڕمە قانوونییەکانە واتا جیا کردنەوەی ئەرکەکان لێکتر. سیاسەتی بروکراتیک پشت بە کردەوەی عەقڵانی ئامانجدارەوە دەبەستێو لەڕاستیدا یەک لە چوارچێوەکانی بەرفراوان بوونەوەی کردەوەیەکی ئەوتۆ لە جیهانی هاوچەرخدا هەر لە هەمان پانتای برۆکراسیدا دەردەکەوێ. لە برۆکراسی مۆدێڕندا لێهاتوویيو لێزانی دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی دەروەستی نەریتیو تاکەکەسیو تۆرەمەیی. بە پێی قانوونو نۆڕمە قانوونییەکان پۆستو مەقام دوو بابەتی لێک جیانو پۆست ملکی خاوەنەکەی نییەو وەک میرات بە کەس ناگا. لە سیاسەتی بروکراتیکدا سەرجەم لێهاتوویيو پانتاکانی کردەوە بە شێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا بە پێی زنجیرەپلە دابەش کراونو لە چوارچێوەی قانوونەکانی باودا پیشەی سیاسیو ئیداری خاوەن تەناهین.

**سیاسەتو باڵادەستی کاریزمایی:** ئۆتۆریتەو باڵادەستی نەریتی لە هزری ڤێبێردا وەک دۆخی چەسپاو و کۆن لە ژیانی سیاسی مرۆڤدا سەیر

دەکرێ. بەڵام دوو هێزی فکری تێکدەر ڕەنگە ئەو بارودۆخە بشێوێنن: یەکەم هێزی عەقڵانییەت کە لە بڕۆکڕاسی‌دا دەگاتە لوتکەو دووهەم هێزی کاریزما. هێزی عەقڵانییەت سەرەتا پێکهاتەو ڕیزبەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێ پاشان گۆڕان لە بۆچوونە تاکەکەسییەکاندا پێکدێنێ. هێزی کاریزما بە پێچەوانە سەرەتا ژیانی ڕووحی تاکەکەس دەگۆڕێ پاشان گۆڕان لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان‌دا پێکدێنێ. کاریزما هێزێکی ناعەقڵانی‌و موعجیزەئاسایە کە لە ناخی جیهان‌و چوارچێوەی ناعەقڵانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا سەرهەڵدەداو وەک هێزە دەسەڵاتدارەکانی ئەو پانتایە پێش‌بینی ناکرێ. لەو ڕووەوە بە وردی ناکرێ بڵێین کە لە چ بارودۆخێکی تایبەتدا کاریزماو بزووتنەوەی کاریزمایی سەرهەڵدەدەن، هەرچەندە ڤێبێر دەڵێ لە سەردەمانی «زەختو گووشارو دڵەڕاوکێی دەروونی، فیزیکی، ئابووری، ئەخلاقی، ئایینی‌و سیاسی‌دا لە دایک دەبن».[1] کاریزما هەڵقوڵاوی دەقی مێژووی ناعەقڵانی ژیانی مرۆڤ‌و نیازی هەمیشەیی مرۆڤە بە پێناسە کردنی ژیانی خۆی‌و ڕاستەقینەی جیهان‌و کۆمەڵگا. بە واتایەکی تر کاریزما وڵامێکە بۆ «پرسی مانا»، هەروەک چۆن بە گشتی سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیاو ئایین‌و باوەڕەکانیش لەو ڕوانگەوە شی دەکرێنەوە. ڕەنگە وڵامی پرسی مانا لای پێغەمبەرێک یان ڕێبەرێکی سیاسی یان گرووپو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بێ. بێ‌گومان مرۆڤ لە ناو گرووپی کۆمەڵایەتی‌دا دەژی‌و لەو ڕێگەوە خۆی لە پێناسەی بەکۆی تایبەت لە

1. Gerth and Wright-Mills, op. cit. p. 250.

ڕاستەقینەی کۆمەڵگاو جیهانو ژیانی خۆی گرێ دەدا. بەخشینی شووناس بە خود یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی زەینی مرۆڤ. کە واتا لە ڕوانگەیەکەوە دەکرێ بڵێین مرۆڤ مێژووی هزرێکی تایبەتی هەیە کە مەنتیقو هێزی ناوخۆیی تایبەت بە خۆی هەیەو بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە چ پەیوەندییەکی لەگەڵ پرۆسەی عەقڵانییەتو بەرژەوەندییە ماددییەکاندا دەبێ کار دەکاتە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ. خۆ بەستنەوە لە چوارچێوەی بیروباوەڕێکدا دەبێتە مایەی دەستەبەر بوونی زەمینەی ڕەفتاری تاکو کۆ. کردەوەی مرۆیی بێ واتاو بێ بایەخو بێ ئاراستە نییە. بیروبۆچوونی مرۆڤ هەر چییەک بێ خاوەن مەنتیقو هێزو مێژووی ناوخۆیی تایبەت بەخۆیەتی. ڤێبێر لە ناخی ئەو باسە گشتییەوە دەگاتە باسی کاریزما. کەسایەتییە کاریزماییەکان بە درێژایی مێژووی ناعەقڵانی مرۆڤ بەردەوام پێناسەی نوێ لە جیهانو مرۆڤ دەخەنە ڕوو و هەر کات بتوانن هەندێ لایەنگر لە دەوری خۆیان کۆ کەنەوە کە بەڵێندەر بن بەو پێناسە نوێیە، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە لە گرووپێک تاک کە هەموویان باوەڕیان بە یەک سیستمی بیروباوەڕ هەیەو بە پێی ئەو باوەڕە دەجوڵێنەوە. ئەو بزووتنەوانە لە بارودۆخێکدا کە ژیان بێ مانا بێ وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر دەوروبەردا سەرهەڵدەدەنو لایەنگرانی خۆیان ڕێکدەخەن. لایەنگران دێنە سەر ئەو باوەڕە کە پێناسەو لێکدانەوەی نوێی ئەوان لە جیهانو مرۆڤ وڵامێکی باشتر دەداتەوە بە کێشەی بێ مانایی ژیان.

کاتێک بزووتنەوەی کاریزمایی دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بگرێ، ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی لەچاو کۆمەڵگاو سیاسەتی نەریتی دەبێتە خاوەن سیمایەکی نوێ. ئەگەر بزووتنەوەی کاریزمایی لە تاکێکدا ڕەنگدانەوەی تایبەتی بێ، ئەو تاکە لە ڕوانگەی لایەنگرانەوە دەبێتە تاکێکی سەرسوورهێنەر(خارق‌العادە). پەیوەندی نێوان ڕێبەرو ڕێڕەوان پەیوەندییەکی خۆشەویستییە دیارە پەیوەندی خۆشەویستیش کردەوەیەکی سۆزاوییە. ڕەنگە بزووتنەوەی کاریزمایی تەواو تاکەکەسی بێ. لەو شێوازە تایبەتەدا ڕێبەر یان موراد وەک تاکێکی سەرسوورهێنەر دەبێتە بابەتی خۆشەویستیو کردەوە سۆزاوییەکان. بەڵام ئەگەر بنەمای باڵادەستی کاریزمایی کردەوەی عەقڵانی پشت بەستوو بە بایەخ بێ ئەو کردەوانە بە لای ئەو بایەخانەدا دەشکێنەوە کە ڕێبەر جەختیان لە سەر دەکا. بزووتنەوەی کاریزمایی ڕەنگە هەندێ نەریتی هەڵوەشاوە زیندوو کاتەوە، ئەوسا دەبێ بزانین بزووتنەوەی بەرباس تا چ ڕادەیەک کاریزماییە واتا پشت بە کەسایەتی ڕێبەری سەرسوورهێنەر دەبەستێ یان تا چ ڕادەیەک نەریتییە واتا پشت بە زیندووکردنەوەی نەریتەکانی ڕابردوو دەبەستێ. بەو پێیە ڕەنگە کردەوە سۆزاوییەکان بە لای بزووتنەوەو ڕێبەرو کردەوە عەقڵانییەکانی پشت بەستوو بە بایەخ بە لای ناوەرۆکی نەریتی ئەو بزووتنەوەدا بشکێنەوە. بە گشتی بزووتنەوە کاریزمایی - نەریتییەکان لە بزووتنەوە کاریزماییە تاکەکەسییەکان تەمەن درێژترن. کەسایەتی کاریزمایی وەک کەسایەتییەکی تایبەت، سەرسوورهێنەرو خاوەن بەرپرسایەتی سەیر دەکرێ هەر بەو هۆیە دەکەوێتە بەر دڵی دەروێشو

لایەنگرانی. بە سەرنجدان بە بنەمای سۆزاویو تایبەتمەندی تاکەکەسی بزووتنەوەی کاریزمایی دەسەڵاتەکەی لە دەسەڵاتی باڵادەستی نەریتی لەرزۆکترە، چوونکە لەلایەک خۆی هۆکاری کزیو لاوازی نەریتە باوەکانەو لەلایەکی ترەوە ئافرێنەری هەندێ نۆرمو بایەخی نوێیە کە بە خێرایی جێگیر نابن. هەروەها بزووتنەوەی کاریزماتیک بەردەوام نیازی بە وروژاندنی هەستو سۆزی لایەنگرانی هەیە. چوونکە بنەمای سەرەکی باڵادەستی کاریزمایی خۆشویستنە، سیستمە ئۆفیسییەکەشی هەر لە سەر ئەو بنەمایەیە. پێوانەی هەڵبژاردنی کاربەدەستانو بەرپرسان ڕادەی خۆشەویستی بزووتنەوەو ڕێبەرە. ڕێبەر وەک سەرچاوەی تەواوی کەماڵو پێگەیشتوویی ولامی بێ ئۆقرەییو بێ شووناسی لایەنگران دەداتەوەو لایەنگرانی توندئاژۆ، خۆیان لە کەسایەتی ڕێبەردا دەبیننەوە.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە بزووتنەوەی کاریزمایی کاتێک دەتوانێ بەردەوام بێ کە تێکەڵاوی بەرژەوەندییە ماددییەکانی هەندێ گرووپی کۆمەڵایەتی یان «گرووپە هەڵگرەکان» بێ. لە پەیوەندی لەگەڵ ئایینەکاندا ڤێبێر بە تێروتەسەلی باسی ئەو بابەتەی کردووە. بە باوەڕی ڤێبێر، ئایینە گەورەکان بە پێی ڕووحی ئابووری زاڵ لە ناخی خۆیاندا زۆرتر لەگەڵ بەرژەوەندییە ماددییەکانی یەک لە چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگادا یەکتریان گرتۆتەوە. لەو ڕووەوە گرووپە هەڵگرەکانی ئایینە جۆراوجۆرەکان واتا بروکراتەکان، چینە بازرگانەکان، فەرماندەرانو خاوەن زەوییەکان ڕەنگی بەرژەوەندییە ماددییەکانی خۆیان لە بزووتنەوە

ئایینییەکان داوەو بەو شێوەیە هەر ئایینە لە ئاوێتە بوون لەگەڵ بەرژەوەندی ماددی تایبەتدا درێژەی بە ژیان داوە. هەڵبەت بازنەی ناوەوەی دەروێشانو لایەنگران لەو کەسانە پێکهاتووە کە لە هەموو ساتو کاتێکدا تەنانەت ئەگەر بە زیانی خۆشیان بێ پێداگرن لە سەر پەیڕەوی کردن لە ڕێبەر. بازنەکانی دوورتر ئەو کەسانە لەخۆ دەگرێ کە قازانج-ویست، هەلپەرست، گێچەڵ فرۆش، لایەنگری نوێیو تاکی ڕاڕان.[1] بزووتنەوەی کاریزمایی لە بارودۆخی لاوازیو هەرەسهێناندا وردەوردە بازنە دوورەکانی لایەنگرانی لێ دەبێتەوە.

بە پێی سروشتی خۆی بزووتنەوەی کاریزماتیک تەمەنێکی درێژی نییەو پاش ئەوەی کاریزما ڕۆڵو دەوری خۆی لەمەڕ خستنە ڕووی مانایەکی تر لە ژیانو کۆ کردنەوەی لایەنگران لە دەوری خۆی بە ئەنجام گەیاند «ڕۆتینە» دەبێ، واتا دەبێتە بابەتێکی ئاساییو ڕۆژانە. بە پێکهاتە بوون یان «ڕۆتینە» بوونی کاریزما، لەڕاستیدا بە واتای ڕێککەوتنی هزرو لێکدانەوە نوێیەکانە لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیانی ڕێکخراوەییدا. لە پرۆسەیەکی ئەوتۆ دایە کە پرسی جێگر دەێتە ئاراوەو لەو ڕێگەوە کاریزما دەبێ بە نەریتێکی نوێ. پرسی جێگر ڕەنگە بە یەکێک لەو شەش ڕێگەیەی خوارەوە چارەسەر بێ: ١) سەرهەڵدانی ڕێبەرێکی نوێی کاریزمایی؛ ٢) درێژە دان بە ڕێگەو ڕێبازی ڕێبەری سەرەکی بە شێوەیەک لە شێوەکان؛ ٣)

1. R. Tucker, “Theory of Charismatic Leadership”, *Daedal us,* vol. 97, 1968.

ڕێبەری سەرەکی خۆی جێگری خۆی دیاری کردبێ؛ ٤) دیاریکردنی جێگر لە لایەن سەرانی بزووتنەوە؛ ٥) دانی پۆستی ڕێبەرایەتی بە منداڵی ڕێبەری سەرەکی؛ ٦) تواندنەوەی بزووتنەوەی کاریزمایی لە ناو پێکهاتەو ڕێکخراودا. بەو شێوەیە بزووتنەوەی کاریزماتیک کە خۆی هەڵقوڵاوی بارودۆخێکی نەریتییە دواجار دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نەریتێکی تر.

لەڕاستیدا لایەنی گرینگی هزری کاریزما لە نوسراوەکانی ڤێبێڕدا بووژانەوەی نەریتەکانە. نەریتەکان بەردەوام خۆیان ساز دەدەنەوەو یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو کارە هێزی کاریزمایە. بزووتنەوەی پرۆتستان باشترین نموونەی وەها خۆسازدانەوەیەک بوو. کاتێک بە هۆی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی هیکەلی ڕاستەقینە لە جلوبەرگی نەریتدا جێی نەبێتەوە ئەوسا کاریزما لەدایک دەبێ.

## هەڵسەنگاندن

بە گشتی ڤێبێڕ پرێسپێکتیڤێکی جیاوازی لە کۆمەڵناسی سیاسیدا کردەوە. بەتایبەت جەخت کردنی لە سەر تۆخمی ناعەقلانی لە ڕەفتارە سیاسییەکاندا شیاوی سەرنجە. کۆمەڵناسی سیاسی بزووتنەوە جەماوەرییە مۆدێرنەکان (لە نووسراوەی بیرمەندانی وەک هانا ئارێنتو ئێریک فرۆمدا) تا ڕادەیەکی زۆر شەقڵی بیروبۆچوونی ڤێبێڕی پێوە دیارە. بەو پێیە تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە باسی کۆمەڵناسی سیاسی بزووتنەوە

جەماوەرییەکانەوە هەیە ڕوانینی ڤێبێر بەرچاومان ڕوون تر دەکاتەوەو پرێسپێکتیڤێکی تیۆری هەراوترمان دەخاتە بەردەست. لە لایەکی ترەوە، لە کۆمەڵناسی سیاسی ڤێبێردا بابەتی تەوەرەیی واتا پەیوەندییەکانی دەوڵەتو کۆمەڵگا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تاوتوێ ناکرێن. هەڵبەت لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا دەوڵەت خاوەن پێگەیەکی سەرەکییەو سروشتییە کە گرووپە جۆراوجۆرەکان دەبێ تێ بکۆشن بۆ دزەکردن لە ناو دەوڵەتدا. لە ڕوانگەی ڤێبێرەوە ستاتۆ کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان بۆ کۆنترۆڵی دەزگای دەوڵەت لە ململانێ دان بەڵام هیچ گرووپێکی کۆمەڵایەتی باڵادەست سەرهەڵنادا. لە بۆچوونی ڤێبێردا دەوڵەت تەنیا ئامرازی باڵادەستی گرووپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت نییەو پەیوەندی نێوان دەوڵەتو دارشتەی ڕیزبەندییە کۆمەڵایەتییەکان نادیارە. دەکرێ بڵێین لە بۆچوونی ڤێبێردا دەوڵەت تەنیا گۆڕەپانی ڕووبەڕوو بوونەوەی ستاتۆ کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانە بەڵام ڤێبێر قانوونێک لەو بارەوە بەدەستەوە نادا.

# ٣

# پلۆڕاڵیزم یان زۆری سەرچاوەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی

## بابەتە گشتییەکان

یەکێکی تر لە مۆدێلە باوەکانی کۆمەڵناسی سیاسی هاوچەرخ مۆدێلی پلۆڕالیزمە. پلۆڕالیزم لە بەرامبەر بیرۆکە مارکسییەکاندا کە باس لە بنەما چینایەتییەکانی دەوڵەت دەکەن، جەخت دەکاتە سەر زۆری ناوەندەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی. ئەو مۆدێلە لە لایەک لە ژێر کاریگەری نەریتی ڤێبێڕ دایە کە جەخت دەکاتە سەر سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگاداو لە لایەکی تریشەوە کاردانەوەیەکە لە بەرامبەر بیرۆکەی هەندێ کۆمەڵناسی سیاسی وەک پارەتوو و موسکا کە جەختیان دەکردە سەر بوونی «ئێلیت»ی دەسەڵاتێکی یەکدەست لە کۆمەڵگادا. هەروەها پلۆڕالیزم ڕەخنەی چەمکی نەریتی دێموکراسیشە کە لەودا باس لە بەشداری جەماوەری خەڵک لە ژیانی سیاسیدا دەکرێ. لە بۆچوونی ژاکۆبۆنی لە دێموکراسیدا یان ئەوەی بە «دێموکراسی زۆرینە» ناسراوە بەشداری

زۆرینەی جەماوەر لە ژیانو بڕیاردانی سیاسی‌دا وەک پێوانەی دیموکراسی سەیر دەکرێ. بەڵام لە پلۆڕالیزمدا «دیموکراسی بە واتای زۆر بوونی گرووپەکانی دەسەڵاتو ئەگەری دەستاودەست بوونی دەسەڵاتی سیاسی لە ناو ئەو گرووپانە دایە لە کاتێکدا «سەرەڕۆییو دیکتاتۆڕی» واتای باڵادەستی گرووپێکی دەسەڵاتی یەکدەست دەدا. لە پلۆڕالیزمدا پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی دەوڵەتیو گرووپو هێزە کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ دەکرێ. گریمانەی سەرەکی ڕوانگەی پلۆڕالیستی زۆریو جۆراوجۆری سەرچاوەکانی دەسەڵاتە. دەسەڵاتی سیاسی پرۆسەیەکی بێ برانەوەی ڕکەبەرایەتیو حاوانەوەیە لە نێوان هێزە جیاجیاکاندا کە هەر کام نوێنەری بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی وەک گرووپە پیشەسازیو بازرگانییەکان، بزووتنەوە کرێکارییەکان، گرووپ بەندییە ئایینیو ئەتنییەکانو هەتا دواین.[1] ڕیشە تیۆرییەکانی مۆدێلی کۆمەڵناسی سیاسی پلۆڕالیستی هەنووکەیی دەچێتەوە سەر بۆچوونە ڕیالیستیو ئێلیتیستییەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. ڕیالیستە ڕەشبینەکانی وەک ویلفرێد و پارەتوو، گائێتانۆ موسکاو ڕۆبێرتۆ میخێلز لە ڕەخنەی دیموکراسی‌دا دەڵێن لە کۆمەڵگا سیاسییەکاندا بەردەوام «ئێلیتێک» یان گرووپێکی سەرچڵ حاکمە. لە ئاکامی ئەو مشتومڕانەدا باسی کۆمەڵناسانە دەربارەی سروشتو دابەشینی دەسەڵاتی سیاسی لەدایک بوون. باسی سەرەکی ئەوە بووە کە ئایا لە کۆمەڵگای مۆدێرندا دەسەڵات بە لای چڕبوونەوەدا دەشکێتەوە یان

---

1. R. Dahl, *A Preface to DemocraticTtheory.* (Chicago, U.P.1956).

بە لای لێکدابراندا. تیۆروانە کۆنەکان لەو باوەڕەدا بوون کە دەسەڵات بە هۆی هۆکاری جۆراوجۆر بە لای چڕبوونەوە لە دەست گرووپێک یان ئێلیتێک یان «ئۆلیگارشییەکی» یەکدەستدا دەشکێتەوە.[1] بەڵام تیۆروانانی ئەو دواییانە جەخت دەکەنە سەر «پلۆڕالیزمی ئێلیتەکان»و دەڵێن لە کۆمەڵگای مۆدێرندا هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی ئاڵۆزی داڕشتەی کۆمەڵایەتیو گووڕانو سەرهەڵدانی ئێلیتە جۆراوجۆرەکان دەسەڵات بە لای لێکدابران[2]دا دەشکێتەوە. لەو ڕووەوە بە باوەڕی پلۆڕالیستەکان لە کۆمەڵگای مۆدێرندا سەرچاوەکانی دەسەڵات زۆر دەبنو ئەو بابەتانە لەخۆ دەگرن: سامان، ستاتۆی کۆمەڵایەتی، خوێندەواری، زانیاریو هتاد. زۆر بوونو جۆراوجۆری سەرچاوەکانی دەسەڵات دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی ئێلیتی جۆربەجۆرو هاوڕک. بەڵام تیۆروانانی پێشوو دەیانگووت سەرچاوە جۆراوجۆرەکان تەواوکەری یەکترنو دواجار دەسەڵاتی سیاسیو سامانو ستاتۆی کۆمەڵایەتی لە دەست گرووپێکی یەکدەستدا کۆ دەبێتەوە. لە کۆمەڵناسی سیاسی «ئێلیتەکان»دا، بە گشتی ڕەفتاری سیاسی ئاوێتەیەکە لە ڕەفتاری عەقڵانیو ناعەقڵانی. خەباتی ئێلیتەکان بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵات خەباتێکی «عەقڵانییە»، بەڵام ڕێکخستنی جەماوەر بە مەبەستی پشتگیری سیاسی لە ئێلیتەکان ڕەفتارێکی ناعەقڵانیو لە ڕووی هەستو سۆزەوەیە. بەشێکی بەرچاوی ژیانی سیاسی لە سەر بنەمای ئەو ڕەفتارە

---

1. Centripetal tendency of power
2. Centrifugal tendency of power

ناعەقڵانیانەیـــە. ململانێـــی نێـــوان ئێلیتـــەکان لـــە ســـەر بەرژەوەندییـــە بەرهەستەکانە، بـەڵام سـەرکەوتنی هـەر ئێلیتێک پێویستی بە پشتگیریو ڕێکخستنی جەماوەرە لە ڕێگەی پڕۆپاگەندەو ورووژاندنی بیـروڕای گشتیو دەستەوداوێن بوون بە فڕوفێڵەکانی ڕێکخستنو مۆبیلیزە کردنی جەماوەر.

لـــە ڕوانگـــەی کۆمەڵناســـی ئێلیتیســـتییەوە (چ بیرۆکـــەی یـــەکێتی ئێلیتەکانو چ ڕوانگەی زۆربوونی ئێلیتەکان)، لە نێوان ئێلیتە سیاسییەکان- و دارشـتە ئـابووریو کۆمەڵایەتییـەکاندا پەیوەندییـەکی پێویسـت لـە ئـاردا نییـە. کۆمەڵناسـی سیاسـی تـەنیا بـە واتـای ناسـینی کـردەوەی سیاسـی «ئێلیتەکانـە». هەڵبـەت لـە نێـوان ئێلیتـی ئـابووریو ئێلیتـی سیاسـیدا پەیوەندییـــەک لـــە ئـــارا دایـــە بـــەڵام ئـــەو پەیوەندییـــە، پەیوەندییـــەکی بەسـتراوەییو ئینیسـترۆمێنتاڵی بـە واتـا مارکسیسـتییەکەی نییـە. لەگـەڵ ئـەوەشدا موسکا بەپێچەوانـەی پـارەتوو لـە هەنـدێ بـواردا جـەختی لـەوە دەکردەوە کە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا سامان دەبێتە هۆی پێکهاتنی دەسەڵاتـی سیاسی، بەڵام لە کۆمەڵگای نەریتیدا زۆرتر دەسەڵات بۆتە هـۆی پێکهـاتنی سـامان.[1] خـەباتی ئێلیتـەکان بـۆ وەدەسـت هێنـانی دەسـەڵات پێویسـتی بـە کۆکردنەوەی سەرچاوە ناوخۆییەکانو هەروەها رەگـەڵ کـەوتنی ئێلیتـەکانی ترو جەماوەر هەیە.

1. G. Mosca, *The Ruling Class.* (New York, 1965), p. 57.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسی ئێلیتیستییەوە ناکۆکی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگای سیاسیدا تایبەت نییە بە ئێلیتەکانو کۆمەڵانی خەڵک، بەڵکوو لە نێوان خودی ئێلیتەکاندا ئەو ناکۆکییە لە ئارا دایە. لەو ڕوانگەوە بوونی یەک یان چەند گرووپی ئێلیت بۆ وەها کۆمەڵگایەک شتێکی پێویستە. ئەو پێویستییە بە هۆکاری جۆربەجۆر پاساوی بۆ هێنراوەتەوە. بۆ وێنە هەندێ باوەڕیان وایە کە کۆمەڵانی خەڵک بە پێی ئەزموونی مێژوویی ناتوانن بە سەر خۆیاندا حکوومەت بکەن، هەرچەندە جاروبار بە شێوەیەکی هەڵکەوتەیی لە گۆڕەپانی مێژووی سیاسەتدا دەردەکەونو کارتێکەرییان دەبێ لە سەر دەستاودەست بوونی دەسەڵات لە گروپێکەوە بۆ گرووپێکی تر، بەڵام زۆرناخایەنێ دووبارە تووشی ناڕێکخراوی و بێ کردەوەیی دەبن. جەماوەر پێی باشترە بەرپرسایەتی بڕیاردان لەسەر کێشە گشتییەکان و تەنانەت کێشەکانی پەیوەندیدار بە خۆشیان بدەنە دەست هەڵکەوتەکان. لەهەمبەردا، هەڵکەوتەکان توانای ڕێکخستنی خۆیانیان هەیە و هەر ئەو ڕێکخستنەش یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بە«ئێلیت»بوونە. هەردەم تاقمێک لەخەڵک توانایی ئەوەیان هەیە خۆیان ڕێکخەن لەکاتێکدا بەپێی قانوونێکی گشتی زۆربەی خەڵک ناتوانن خۆیان ڕێکخەن.[2]

2. R. Michels, *Political Parties.* (New York, 1959).

گرینگترین چەمکی ئەو جۆرە کۆمەڵناسییە سیاسییە چەمکی «ئێلیت»ە کە لەگەڵ لێڵی و ناڕوونی و هەروەها واتە جیاجیاکانی هەنووکە لە خوێندەنەوە سیاسییەکاندا برەوی سەندووە. چەمکی هەڵکەوتەکان یان سەرچڵەکان، وەرگێراوی وشەی *ئێلیتن* (élite)[۳] کە زۆربەی کات ئاماژەیە بەو کەسانەی خاوەن پۆستە سەرەکییەکانن لە سیستمی سیاسیدا. بەو واتایە، ئێلیتەکان هەر هەمان ئەو کەسانەن کە حکوومەت دەکەن و کارمان بە سەر هۆکاری ئەو نازناوەوە نییە. بۆ نموونە کاتێک پارەتوو دەڵێ کە «هەر نەتەوەیەک لەژێر دەست حکوومەتی گرووپێک ئێلیت دایە» تەنیا بەو واتایەیە کە هەر نەتەوەیەک خاوەن کەسگەلێکە کە حکوومەتیان بەسەردا دەکا.[٤] بەڵام چەمکی ئێلیتەکان لە هەندێ بواردا بە واتای تێکچنراوتریش دەکار هاتووە. لەو شێوە دەکارهاتنەدا هەر ئەوەندەی گرووپێکی دەسەڵاتدار دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، پێوانەیەکی تەواو نییە بۆ ئەوەی وەک «ئێلیت» سەیر بکرێ. لەو واتای دووهەمدا، وشەی ئێلیت لەمەڕ ئەو گرووپانە دەکار دێ کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرێ کە بە هەر هۆیەک لە هۆیەکان لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکانیتر سەرووتر بن، هەرچەندە حکوومەتیش لەدەستی ئەواندا نەبێ. لەو واتایەدا چەمکی ئێلیت خاوەنی لایەنێکی ئەخلاقی و بایەخییە. لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا،

---

۳. لە وشەی élire فەرانسەیی بەواتای هەڵبژاردن وەرگیراوە. هاوتاکەی لە ئینگلیسیدا to elect ە.

4. H. Laswell and M. Kaplan, *Power and Society*. (New Haven, 1950), p. 202

هەنـدێ لــە کۆمەڵناسـە سیاسـییەکانی وەک ویلفرێـدو پـارەتوو چـەمکی ئێلیتیـان بـە شـێوەیەکی دووڕوو دەکارهێنـاوە و دوو واتایەکـەی سـەرویان بەشێوەیەک پێکـەوە تێکـەڵ کـردووە. لـە واتـای سێهەمدا دەوتـرێ کـە هـەر گرووپێکـی دەسـەڵاتدار تـەنیا تـا ئـەو کاتـە لەدەسـەڵاتدا دەمێنێتـەوە کـە خاوەنی تایبەتمەندییەکانی سەرچڵی بێ و یـان هـەر «ئێلیتێـک» لەئاکامـدا دەبێتە گرووپی دەسەڵاتدار.

سـەربردەی چــەمکی ئێلیــت دەگەڕێتــەوە بــۆ هزرەکــانی نیکۆلــۆ ماکیــاڤیللی. ماکیــاڤیللی لـــە واتایـــەکی گشـــتیدا ســـەرجەم پرۆســـە کۆمەڵایەتییـەکان دەبەسـتێتەوە بـەو ڕاسـتییە سـەرەکییەوە واتـا جیـاوازی ئێلیتـەکان و نائێلیتـەکان و هـەر لـەو ڕووەشـەوە تیۆروانـە سـەرەکییەکانی ئێلیتیـزم وەک پـارەتوو، موسـکا، میخێڵـز و سـوڕڵ لـە ژێـر کاریگـەری هزرەکـانی ماکیـاڤیللی دابـوون.[1] ماکیـاڤیللی لـەڕاسـتیدا ئێلیـت بـەواتای گرووپێکـی دەسـەڵاتدار چـاو لـێ دەکـا کـە ویسـت و پیـاوەتی پێویسـت بـۆ پارێزگاری لە بنەماکانی دەسەڵاتی خۆی دەردەخا.

لەڕاستیدا چەمکی ئێلیت لە وڵاتە جیاوازو هەروەها نەریتە سیاسییە جیاوازەکاندا بە واتاگەلی جۆربەجۆر دەکار هاتووە. هەروەک جۆرج لۆکاج دەیگـوت بابـەتی «ئێلیتـەکان» بەتایبـەت بـەواتای دووهـەمی کـە لایـەنی

---

1. J. Burnham, *The Machiavellians.* (London, 1943).

ئەخلاقی و بایەخی هەیە زۆرتر لە وڵاتانێکی وەک ئیتالیا و ئەڵماندا کە خاوەن نەریتێکی لاوازی دێموکراتیکن سەرنجیان پێدراوە. لەو جۆرە ولاتانەدا چەمی «ئێلیت» بوون بۆتە هۆی خرۆشانی هەست و سیستمە فاشییەکانیش کەڵکیان لەوەها چەمکێک وەردەگرت. بەپێچەوانەوە لە وڵاتانیکی وەک فەرانسە و بریتانیا کە لە زووترەوە خاوەنی ئەزموونی دێموکراتیک بوون، چەمکی ئێلیت بەواتای یەکەم واتا بە بێلایەنی بایەخی و ئەخلاقی دەکارهاتووە. بۆ نموونە هارۆڵد لاسوێڵ نووسەری بریتانی گووتوویەتی: "خاوەن دزەکان کەسگەلێکن کە لەو شتەی دەکرێ وەدەست بێ، بەشێکی بەرچاویان وەدەست هێناوە. ئەوانەی بەشێکی بەرچاو وەدەست دێنن " ئێلیتن، و پاشماوەکانیش جەماوەری خەڵک پێک دێنن."[٢] جیاوازی نێوان ئێلیت و چینی کۆمەڵایەتیش هەندێ مشتومڕی لێ کەوتەوە. هەندێ لەسەر ئەو باوەڕەن کە پێگەی کۆمەڵایەتی ئێلیت زۆربەی کات لە پێگەی کۆمەڵایەتی چینێکی کۆمەڵایەتی هەراوترە وەک ئەریستۆکراسی میراتی و لە خوێندنەوەی ئێلیتەکاندا هەردەم دەبێ سەرنج بدەینە خرۆشانی کۆمەڵایەتی. بەو واتایە ئێلیت لەگەل چینی کۆمەڵایەتیدا جیاوازی بنەرەتی هەیە. بەباوەڕی زۆربەی نووسەرانی هاوچەرخ چەمکی ئێلیت دەبێ سەبارەت بە گرووپی دەسەڵاتداری *کۆمەڵگای نوێ* دەکار بێنین. بەو واتایە کە حکوومەتی ئەو چینەی کە لەسەر بنەمای خاوەنێتی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بووە جێی خۆی داوەتە حکوومەتێکی ئێلیتی کە

2. H. Laswell, *Politics: Who Gets What, When, How*. (NewYork, 1936), p. 13.

دەسەڵاتەکەشی بەهۆی توانا و دەسکەوتە تاکەکەسییەکانە نە بەهۆی خاوەنێتییەوە. ئەو واتایە لە ئێلیت هەرچەندە لەگەڵ چەمکی دووهەمدا ویکچوویی هەیە، بەڵام واتایەکی جیاوازە و هیچ تایبەتمەندیەکی ڕەوانناسانەی نییە. لەو واتایەدا، حکوومەتی ئێلیت وەک هاوتای حکوومەتی لێهاتووکان (Meritocracy)چاوی لێدەکرێ. بەو پێیە لەهەر کۆمەڵگایەکدا کە بواری پێشکەوتی تاکەکەسی بڕەخسێ ئەوا ئەو کۆمەڵگایە خاوەن تایبەتمەندی ئێلیتیستیشە. بەو واتایە تەنیا حکوومەتی بروکراتیک – قانوونیی کە لە هزرەکانی ماکس ڤێبێردا باسمان کرد، حکوومەتی ئێلیتییە. لێرەدا دەسکەوت و توانا تاکەکەسییەکان وەک پێوانەی پێشکەوتن دێنە ژمار.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ لەخاوەن ڕایانی وەک کارڵ مانهایم ئەو ڕەخنەیان خستۆتە ڕوو کە تەنانەت لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکانیشدا ئەوەی دەبێتە هۆی بە دەسەڵات گەیشتنی گرووپی دەسەڵاتدار تیکەڵاوییەکە لە پەیوەندییە بنەماڵەییەکان، خاوەنداریتی و لێهاتوویی تاکەکەسی. گائێتانۆ موسکاش دەڵێت کە سەرجەمی چینە دەسەڵاتدارەکان بەکردەوە (نەک بەشێوەی قانوونی) بەمیراتی دەبن. بەو پێیە تەنانەت لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکانیشدا مافە تایبەتەکانی پەیوەندیدار بە ڕەچەڵەک درێژ دەبنەوە. بۆ نموونە لەسەدەی نۆزدەهەمدا لە ئینگلیس ئەریستۆکراسی، ئێلیتی دەسەڵاتداری پێک دێنا هەرچەندە حکوومەتی ئەو وڵاتە حکوومەتی پاڕلمانی بوو. لەلایەکیترەوە گرینگی هۆکاری لێهاتوویی لە بەدەسەڵات گەیشتنی

گرووپی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگا نەریتییەکانیشدا نابێ لەبەرچاو نەگیرێن. لەو ڕووەوە ڕەنگە نەتوانین چەمکی ئێلیت بەجۆرێکی تایبەت لە کۆمەڵگا سنووردار کەین. لەو پەیوەندییەدا هەندێ لەخاوەن رایان لەنێوان سێ تاقمی ئێلیت دا جیاوازییان داناوە: ١) ئەو ئێلیتانەی بەپێی پێوانە نەریتی یان ئاوەزییەکان خاوەنی لێهاتوویی بوون و بەپێی توانا تاکەکەسییەکان دەگەنە دەسەڵات. ٢) ئەو ئێلیتانەی بەمەبەستی بەئەنجام گەیاندنی هەندێ فۆنکسیۆنی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ئاوەزییانە پێک دێن و ٣) ئەو ئێلیتانەی بەپێی هۆکارە هەستی یان یوتالیتاریانیزمەکان ڕۆڵی نوێنەرایەتی دەدرایە دەستی ئەوان؛ بۆ وێنە ئەو کەسانەی کە لە سیستمە پارڵمانییەکاندا وەک نوێنەر هەڵدەبژێرێن تەنیا بەپێی لێهاتوویی و لێزانی دەستیان وە پۆستەکانی پەیوەندیدار ڕاناگا.[1] نووسەرانیتریش باسی جۆرەکانیتری ئێلیتەکان کردووە. بۆ نموونە تام باتامۆر نووسەری ئینگلیسی وەک ئێلیتەکانی بەرچاو باسی سێ پۆلی ئێلیت واتا ڕووناکبیران، بەرپرسە پیشەسازییەکان و فەرمانبەرانی پلەبەرز لە کۆمەڵگا مۆدێرنە پیشەسازییەکاندا دەکا. بەباوەڕی باتامۆر هیچ کام لەو ئێلیتانە توانا و مەجالی ئەوەیان نییە کە ببنە ئێلیتی یەکەی دەسەڵاتدار چوونکە خاوەنی یەکگرتووی و یەکریزی ناوخۆیی پێویست نین. کاتێک ئێلیتی دەسەڵات لەچینی سەڕوو جیا بێ ئەوا دەکرێ بڵێن دەوڵەت

1. H. Lasswell, D. Lerner and Rothwell, *The Comparative Study oF Elites.* (Stanford, 1952).

گەیشتووە ڕادەیەکی سەربەخۆیی. بە پێچەوانەوە، کاتێک ئێلیتی دەسەڵات و چینی سەڕوو دەباڵ یەکتردا بن ئەوا سەربەخۆیی دەوڵەت نزم دەبێتەوە.[1]

ڕاڵف دارندۆرڤ ئێلیتەکان وەک گرووپگەلێک سەیر دەکا کە ئەرکی بەڕێوە بردنی هەندێ فۆنکسیۆنی تایبەتیان لە ئەستۆیە و دابەشیان دەکاتە سەر حەوت جۆر کە بریتیین لە: ڕێبەرانی ئابووری، ڕێبەران و هەڵکەتەکانی سیاسی، هەڵکەوتەکانی زانستی، پیاوانی ئایینی، ڕێبەرانی ئامرازە پەیوەندییە گشتییەکان، هەڵکەوتەکانی سپا و هەروەها هەڵکەوتەکانی دەزگای دادوەری. لەڕاستیدا دارندۆرڤ لەگەڵ دیاری کردنی ئەو ئێلیتە فانکشناڵیانە، ئەنجامی فۆنکسیۆنەکان و بوونی دەسەلات و دزەی لێ تێکچووە. بەواتایەکی تر دابەش کردنی ئێلیتەکان بەپێی فۆنکسیۆنەکان دەبێتە هۆی گەڕانەوە بۆ میتۆدی کۆنی تاوتوێ کردنی پێکهاتەکان لەزانستی سیاسەتدا.[2]

لە زۆربەی دابەشکردەنەکاندا چوار جۆر ئێلیتی سەرەکی بەرچاو دەکەوێ کە بریتین لە: ١) ئێلیتی دەسەڵاتی سیاسی، ٢) ئێلیتی ئابووری، ٣) ئێلیتی سپایی، ٤) ئێلیتی فکری. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی تیۆروانەکان دەسەڵاتی سیاسیان وەک تایبەتمەندییەکی سەرەکی ئێلیت لەبەرچاو

---

1. T. B. Bottomore, *Elites and Society.* (London, 1964).
2. K. Von Beyme, “Elite”, *Marxism, Communism and Westren Society.* Vol. 3. p. 137.

گرتووه. بۆ نموونه گائێتانۆ موسکا "چینی دەسەڵاتدار" یان "چینی سیاسی" هەر بەهەمان واتای ئێلیتی دەسەڵات دەکاردێنێ.[3] پارەتوو واتای ئێلیتی سەبارەت بە سەرجەم پۆلێنبەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکار دێنا و بۆ وێنە باسی ئێلیتی پیاوانی ئایینی و هەروەها دزەکانیشی دەکرد.[4]

لەڕووی شێوەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئێلیتەکان و دیاری کردنیان لە کۆمەڵگادا لە سێ میتۆد کەڵک وەرگیراوە: ١) میتۆدی جەخت کردن لەسەر پۆستە ڕەسمییەکان[5] کە لەو میتۆدەدا ئێلیت کۆمەڵەی ئەو کەسانەیە کە خاوەنی پۆستە ڕەسمییە سەرەکییەکانی پێکهاتە سیاسییە جۆوراوجۆرەکانن. ڕەخنەیەکی لەو میتۆدە گیراوە ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی ڕاستەقینە لە پشت پەردەوەیە و ئەو کەسانەی خاوەن دەسەڵاتی ڕووکەشیانەن لەڕاستیدا خاوەن دەسەڵاتی بڕیاردانی ڕاستەقینە نین. ٢) جەخت کردن لەسەر ناو و ناوبانگ[6] کە لەو میتۆدەدا لێکۆڵەر لێژنەیەک لەو کەسانەی خاوەن زانیارین بۆ وێنە ژوورنالیستەکان و دادوەران پێک دێنێ و بیروڕای ئەو خاوەن ڕایانە سەبارەت بە پیاوانی خاوەن دەسەڵات،

---

3. Mosca op. cit. p. 50.
4. V. Pareto, *Mind and Society.* Vol. 3, (New York, 1935), sec. 2081.
5. Positiional approach
6. Reputational approach

دەبێتە پێوانەی دیاری کردنی ئێلیتی سیاسی. کەموکوری ئەو میتۆدەش لەوە دایە کە جاروبار ڕەنگە تاکگەلێک بە بێ ئەوە خاوەنی دەسەڵات یان دزە لەناو دەزگای سیاسی دابن بەوە ناوبانگیان دەرکرد بێ کە گۆیا لە دزەگای سیاسیدا خاوەن دەسەڵات و دزەن. ٣) میتۆدی جەخت کردن لەسەر بڕیاردان[1] کە لەو میتۆدەدا کەسگەلێک کە بەکردەوە لە بڕیارە سەرەکییە سیاسییەکاندا بەشدارن وەک ئێلیتی سیاسی چاو لێ دەکرێن. بێگومان تێکەڵاوییەک لەو سێ میتۆدە وردبینی لێکۆڵینەوە زیاتر دەکا.

## ئێلیتیزم

هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا هۆکاری گووران و سەرهەڵدانی مۆدێلی کۆمەڵناسی سیاسی پلۆڕاڵیستی ئەمانەی خوارەوە بوون؛ یەکەم، ڕەخنەگرتن لە مۆدێلی مارکس سەبارەت بەپەیوەندی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئابووری؛ دووهەم، ڕەخنە لە بیروڕای کۆمەڵناسانێکی وەک ویلفرێدوپارەتوو و گائێتانۆ موسکا سەبارەت بە یەکێتی ئێلیتی دەسەڵاتدار.

---

1. Decisional aproach

لێرەدا بۆ شی کردنەوەی سەربردەی ئەو مۆدێلە ئاماژەیەک دەکەێنە سەر کۆمەڵناسی سیاسی ئێلیتیستی ویلفرێدوپارەتوو.

ویلفرێدوپارەتوو (١٩٢٣ – ١٨٤٨) لە سەرهەڵدانی ئەو جۆرە کۆمەڵناسییەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. پارەتوو لە مشتومڕ لەگەڵ مارکسیزم و لایەنگرانی دێموکراسیدا بوو کە کۆمەڵناسییە سیاسییەکەی خۆی خستە ڕوو. بە گشتی، لەڕوانگەی پارەتووەوە ئاوەز هۆکارێکی ناتەواوە بۆ تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگا و مێژوو. مرۆڤ زۆرتر بوونەوەرێکی نائاوەزییە و خاوەنی سەرچاوەکانی سەرەکی هەستوسۆزە و ئەو تایبەتمەندییە لە مرۆڤدا بەردەوامە و مێژوو ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی تێدا پێک ناهێنێ. هەڵبەت پارەتوو باوەڕی وابوو کە دەبێ بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگا کەڵک لە میتۆدەکانی زانستی وەرگیرێ و جەختی دەکردە سەر ئەزموون و ئابژێکتیڤ. بەڵام خۆشی وەها میتۆدێکی لە هزرەکانیدا بەتەواوی ڕەچاو نەدەکرد. بەواتایەکیتر پارەتوو میتۆدگەلێکی بە کەڵکی بۆ خوێندنەوەی لایەنی نائاوەزییانەی ژیانی مرۆڤ لە ڕوانگەیەکی ئاوەزییانە نەخستە ڕوو. بەباوەڕی پارەتوو ئایین، سۆسیالیزم و دێموکراسی سەرجەمیان نوێنگەی ژیانی نائاوەزییانەی مرۆڤن و بێ بنەما و ئەساسن، هەرچەندە بەپێی سروشتی مرۆڤ هەردەم جۆرێک لە ئایین یان ئایدۆلۆژیا بەردەوام دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە خۆی ئەو ئایین یان ئایدۆلۆژیایانە ببنە سەرچاوەی قازانج، و لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگادا کاریگەر بن. ئایین، سۆسیالیزم و دێموکراسی سەرجەمیان نوێنگەی وێرانکەری مرۆڤخوازی و

دلۆڤانین کە لە هەلومەرجی گرووپە لاواز و ژێردەستەکانەوە سەرچاوە دەگرێ.

بەباوەڕی پارەتوو لەبنەمادا هەڵسوکەوتی مرۆڤ دوو جۆرە: یەکەم هەڵسوکەوتی ئاوەزی کە لەسەر بنەمای زانست و لۆژیکە و دووهەم هەڵسوکەوتی نائاوەزییانە کە لەسەر بنەمای هەستە. لایەنی هەستی ژیانی مرۆڤ لەبنەمادا لۆژیکی و ئاوەزییانە نابێ. لەو دوو جۆرە هەڵس-وکەوتە، هەڵسوکەوتی هەستی و نائاوەزییەکان لە دیاری کردنی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا کاریگەرتر و دیاری کەرترن. حکوومە ئاوەزیی و نائاوەزییەکانیش لەبناخەرا جیاوازیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. حووکمە لۆژیکی و ئاوەزییەکان پەیوەندییە ئابژێکتیڤ و تەجروبییەکانی ڕاستییەکان پیشان دەدەن بەڵام حووکمە هەستییەکان زاڵ دەبن بەسەر ڕاستی و پەیوەندی و قانوونەکاندا و خۆیان بەسەریاندا دەسەپێنن.

بەباوەڕی پارەتوو لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیدا، هەروەک پێشتر باسمان کرد، هەست هێزی زاڵ و باڵادەستە و لەو بوارەدا ئاوەز و لۆژیک کاریگەرییەکی کەمی هەیە. لە پشت هەر هەڵسوکەوت و ئاکارێکدا هەستێک شاراوەیە. لەڕاستیدا هەست و غەریزە لە بیرۆکەی پارەتوودا وەک ژێرخانی ئابووری لەبیرۆکەکانی مارکسیستی دان. بۆ وێنە هەروەک باسکرا هەستی دلۆڤانی یەکێک لە هەستە سەرەکییەکانی مرۆڤە کە پێکهێنەری ژێرخانی سەرجەم بیرۆکە مرۆڤ دۆستانە و ئایینی و

سۆسیالیستییەکانە. کۆمەڵانی خەڵک سۆسیالیزم بەپێی هەستی دلۆڤانییەوە دەپەژرێنن نە لەسەر بنەمای پیویستی لۆژیکی و ئاوەزییانە. لەهەمبەردا، نەبوونی هەستی دلۆڤانی لە ئەدەب و هونەردا لەهەر سەردەمانێکدا هێمای هێز و متمانە بەخۆیی ئێلیتی دەسەڵاتدارە. کۆمەڵانی خەڵک زۆرتر لەسەر بنەمای بەستەکانی خۆیان دەجولێنەوە. لەهەمبەردا ئێلیتەکان زۆرتر لەسەر بنەمای خەملاندنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەشێوەیەکی ئاوەزییانەتر بیردەکەنەوە و دەجوولێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک ئێلیتی دەسەڵاتدار هەستی دلۆڤانی و مرۆڤدۆستی تێدا پێک بێ ئەوا تووشی لاوازی و گەندەڵی دەبێ. "هەر ئێلیتێک کە توانای شەرکردن بۆ پارێزگاری لە هەلومەرجی خۆی نەبێ تووشی هەرەسهێنان دەبێ و چی لەدەست نایە جگە لەوەی جێی خۆی بداتە گرووپێک کە خاوەن تایبەتمەندی پیاوانە و بەدەسەڵات بێ[1]."

لەڕوانگەی پارەتوووە کردەوەی ئاوەزیی سنووردارە بە بواری ئابووری و زانست. لەبوارەکانیتردا کردەوەکانی مرۆڤ لەژێر کاریگەری هەستوسۆزە نەگۆڕەکان دان کە وەک هێزەکانی ژینەکی - ڕەوانی دێنە ژمار. دۆخی ڕەوانی مرۆڤ لەبنەمادا ئاڵوگۆڕ هەڵگر نییە، چوونکە هێزە ڕەوانییەکانی مرۆڤ، واتا هەستوسۆزەکان، پاشماوە نەگۆڕەکان پێک دێنن. تەنیا نوێنگەی ئەو پاشماوە نەگۆڕانە کە پارەتوو ناویان دەنێ "وەرگیراوەکان"، ئاڵوگۆڕیان

1. Zeitlin, op. cit. pp. 179-80.

تێدا پێک دێ. بەو پێیە، پارەتوو بەشێوەیەکی پاڕادۆکسیکاڵ هۆکارە نەگۆڕەکان وەک دیاریکەری هۆکارە بگۆڕەکان وەردەگرێ. پارەتوو تەنانەت لە هەندێ بواردا بە هێنانەوەی وێنەگەلێک لە کردەوە نائاوەزییەکانی، سەرجەم کردەوەکانی مرۆڤ وەک کردەوەی نائاوەزی چاو لێ دەکا. هەرچییەک بێ هەست و پاشماوە نەگۆڕەکان دیاریکەری کردەوە نائاوەزیی و هەروەها ئەو پاساوانەن کە وەک ئاوەزیی دەچن. ئەوە لە کاتێک دایە کە کاربەرێوەبەران، کردەوەکانی خۆیان دەدەنە پاڵ ئەو پاساوانەی وەک ئاوەزیی دەچن. لەکاتێکدا هەست یان غەریزەی سەرەکی ئەو کاربەرێوەبەرانەی ڕاکێشاوەتە بواری کردەوەییەوە.

بە گشتی هەڵسوکەوتی مرۆڤ زۆربە نائاوەزییانەن چوونکە مرۆڤ لەلایەن هێزە نائاوەزییەکانەوە واتا پاشماوە نەگۆڕ و هەستەکانێتی کە دەکەوێتە جووڵەوە بەڵام لەهەمان کاتدا پێویستی بەپاساوی وەک ئاوەزیی بۆ هەڵسوکەوتە نائاوەزییەکانی خۆیەتی و وەرگیراوەکان یان بەوتەی پارەتوو "فۆڕمۆڵەکان" ئەو ئەرکە لەئەستۆ دەگرن. پارەتوو ژمارەی غەریزەکان یان پاشماوە نەگۆڕەکان پێویستی بیرۆکەکەی خۆی بە ئیشتیای خۆی هەڵدەبژێرێ و دیاردەگەلی جیاواز ناو دەنێ "غەریزە" و بەتایبەت "بەرژەوەندییەکان" نائاوەزی دەژمێرێ. پارەتوو باسی شەش پۆلی غەریزە و هەستە سەرەکییەکان دەکا کە بریتین لە:

1) غەریزە یان هەست یان پاشماوە نەگۆڕەکان واتا "تێکەڵاوییەکان" کە لە توانای بیرکردنەوە، داهێناندا خۆ دەنوێنێ. هەر جۆرە تیکەڵاوی یان

داهێنانێک و گەیشتن بە دۆزراوەکان و بابەتە چاوەڕوان نەکراوەکان نوێنگەی ئەو غەریزەن و وەک هۆکاری سەرەکی پێشکەوتنی ژیاری مرۆڤ دێنە ژمار. ئەو غەریزە بنەمای هاوبەشی خۆاناسی، فەلسەفە و زانستە؛ "ڕەنگە ئەو سێ چالاکییە نوێنگەی دۆخێکی ڕەوانی وەک یەک بن."[1] کەرەسەی خاو و پێکهێنەری غەریزی تێکەڵاوی، وێناندنەکان، مەزەندەکان و خەونە داهێنەرەکانی مرۆڤن. ئەو غەریزە زۆربە لەناو ئێلیتە زانستی، ئابووری و سیاسی و سپاییەکاندا گەشە دەکا بەڵام لەناو جەماوەردا بڵاونابێتەوە.

٢) غەریزە یان پاشماوە نەگۆڕەکان "درێژبۆوەی کۆمەڵەکان" واتا داب و نەریت و ریورەسم و باوەڕەکان کە بەگشتی کولتوور پێکدێنن. ئەو غەریزانە لەجەماوەردا چر دەبنەوە. باوەڕداربوون وەک بنچینەی ئەو غەریزەیە دێتە ژمار، چا چ باوەڕ بەئایین بێ یان بە ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی. بەواتایەکیتر بابەتی وەها غەریزەیەک لەبنچینەرا نائاوەزییانەیە و دەبێ تەنیا باوەڕیت پێی هەبێ. ئەوغەریزەیە دەبێتە هۆی بەردەوام بوون و یەکریزی ژیانی کۆمەلایەتی.

3) غەریزە یان پێداویستی دەربرینی هەست لەڕێگەی کردەوەی ئاشکرا و ریورەسمەکان. لەسەرجەم کۆمەڵگاکاندا پێداویستی بە دەربرینی هەست بەشێوەیەکی ئاشکرا

1. Ibid, p. 186.

لەدیاردەکانی وەک ڕێورەسمە ئایینییەکان، خۆپێشاندانەکان و هەروەها لەکردەوە بەکۆمەڵە خۆرسکەکاندا دەردەکەوێ.

٤) غەریزەی کۆمەڵایەتی بوون کە پەیوەندی بەژیانی مەدەنی مرۆڤەوە هەیە. بەپێی ئەو غەریزەیە مرۆڤ پێویستی بەژیانی کۆمەڵایەتی هەیە. رابواردن، ئایین، سیاسەت و هتد نوێنگە و ئامرازی دابینکەری ئەو غەریزەیەن. هەروەها پێداویستی مرۆڤ بەلاساکردنەوە و خۆ بەشێوەی دیتران دەرهێنان هەر لەو غەریزەوە سەرچاوە دەگرن. هەستی پەیوەندیدار بە پێویستی بوونی سەرزنجیرەی کۆمەڵایەتیش هەر لەو ویستەوە سەرچاوە دەگرێ.

٥) غەریزەی یەکریزی تاکەکەسی و هەستی خاوەنێتی؛ هەستی خاوەنێتی کە بنەمای باڵانسی کۆمەڵایەتییە هەر لەو غەریزەوە سەرچاوە دەگرێ. "مرۆڤ لە غەریزەی سەروەری نەفسەوەیە کە ئیلهام وەردەگرێ نەک لە ئامانجی دادپەروەرییەوە".[1] لەڕاستی دا بەپێچەوانەی باوەڕی پارەتوو، ئەو غەریزە یان هەستە بەتەواوی "ئاوەزییە".

٦) غەریزەی سێکس کە بەپێچەوانەی "غەریزەکانی"تر غەریزەیەکی تەواو ژینەکییە. بەباوەڕی پارەتوو، تابۆکان، پارێزگاری و بەندەیی و چلەکێشی رێگەگەلێکن بۆشاردنەوەی ویستی سێکسی. بەجێ هێنانی ئەرکە ئایینییەکان و پارێزگاری تەنیا دەمامکێکی درۆیینن بۆ شاردنەوەی هێزی

1. Ibid, p. 190.

سێکس. غەریزەی سێکس لە ئەدەب و هونەردا دەردەکەوێ. بەڵام وەرگیراوە وەک ئاوەزییەکان غەریزەگەلێکن کە خەڵکی بە هەڵە وەک هۆکاری هەڵسوکەوتی خۆیانی لێ تێدەگەن. بۆ ئەوەی خەڵک دنە بدەین هەتا کردەوەیەک بەشێوەیەکی تایبەت بەئەنجام بگەیەنن ئەوا دەبێ دەستەوداوێنی وەرگیراوەکان بین، چوونکە لە ڕێگەی وەرگیراوەکانەوە دەتوانین هەستی خەڵک بوروژێنین." [2]

کۆمەڵناسی سیاسی پارەتوو لە بەستێنی وەها بیرۆکەگەلێکی لێڵ و نادیاری دەروونناسانەوەیە کە باسی لێوە دەکرێ. پارەتوو تەنیا دوو غەریزەی یەکەمی بۆ شی کردنەوەی هەڵسوکەوتی سیاسی دەسەڵاتداران و خەڵک دەکار هێناوە. بەباوەڕی پارەتوو غەریزەی یەکەم لە ئێلیتی سیاسی و غەریزەی دووهەم لە جەماوەردا کۆ دەبێتەوە. لەڕاستیدا غەریزەی یەکەم لاوازکەر و ڕووخێنەرە لەکاتێکدا غەریزەی دووهەم هێزدەرە. بەڵام لەناو گرووپی دەسەڵاتداردا غەریزەی دووهەم یان خاوەنەکانی بەردەوام دەسەڵاتی خۆیان لە دەست دەدەن و دەبێ بەردەوام لە خوارەوەرا واتا لەناو جەماوەرڕا بەهێز بکرێن. گرووپی دەسەڵاتداری سەقامگرتوو گرووپێکە کە لەودا تێکەڵاوییەکی تەواو لە تایبەتمەندییەکانی ڕێوی و شێر لەئارا دابێ، دیارە مەبەست غەریزەکانی یەکەم و دووهەمە. بەڵام بەپێی ڕەوتی

---

2. Ibid, p. 196.

هەرەس هێنان و گەندەڵی کۆمەڵگای سیاسی، بەکردەوە لەناو ئێلیتی دەسەڵاتداردا ژمارەی ڕێوییەکان بەرز دەبێتەوە و لەهەمبەردا ژمارەی شێرەکان لەناو بەشێک لە جەماوەردا بەرز دەبێتەوە و بەو پێیە بزاڤێکی بەردەوام لە کۆمەڵگای سیاسیدا لە خوارووڕا ڕووە و سەڕوو دەێتە ئاراوە کە پارەتوو وەک "گەڕیانی ئێلیتەکانی" باس دەکا.

## ڕەخنە لە بیرۆکەی پارەتوو وەک مۆدێلێکی کۆمەڵناسی

سیاسی. بە گشتی لە مۆدێلی ئێلیتیزمدا باوەڕ وایە کە دەسەڵات بەلای چربوونەوە لەدەست گرووپێکی بچووکدا دەشکێتەوە هەرچەندە سەرچاوەکانیشی زۆر بن. کۆمەڵگا هەردەم بەسەر دوو گرووپ یان دوو بەشدا دابەش کراوە: یەکەم هەڵکەوتەکان و ئێلیتەکان و دووهەم جەماوەری ژێردەست. لەبیرۆکەی پارەتوودا تایبەتمەندییە رەوانی – ژینەکییەکان وەک پێوانەی جیاکەرەوەی ئێلیت لەجەماوەر دەکاردێ. بەو پێیە لەنێوان ئێلیت و داڕشتەی ئابووری – کۆمەڵایەتی دا پەیوەندییەکی پێویست لەئارادا نییە و بەو پێیە ژیانی سیاسی بە گشتی سەربەخۆ لەژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە. لەڕوانگەی ئێلیتیستەکانەوە سروشتی سیاسەت تێکەڵاوییەکە لە سەرکوت و پێکهاتن. تێکەڵاوییەکی تەواو لەو دووانە دەبێتە هۆی سەرکەوتن و بەردەوامی دەسەڵاتی گرووپی دەسەڵاتدار و هەرکات نەرم رۆیی ئێلیتی باڵادەست زۆربێ ئەوا بنەماکانی دەسەڵاتی سیاسی لەرزۆک دەبن و گرووپێکی رکەبەر لەناو جەماوەردا دیتە دیی کە دەسەڵات بەدەستەوە

دەگرێ. بەو پێیە "گەریانی ئێلیتەکان" دێتە ئاراوە. ناکۆکی ڕاستەقینە لەنێوان ئێلیت و کۆمەڵانی خەڵکدا نییە بەڵکوو لەناوخۆیی ئێلیتە جۆراوجۆرەکان دایە و هەردەم ئێلیتێکی بچووکیش دەست بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەت دادەگرێ. ڕۆبێرتۆ میخێلز نووسەری ڕێئالیستی ئەڵمانی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا واتا *ڕێکخراوە سیاسییەکان* ئەو چەمکەی وەک "قانوونی ئاسینینی ئۆلیگارشی" باسکردووە کە بەپێی ئەو قانوونە گوورانی *ڕێکخراو* چ لەئاستی ڕێکخراوەکاندا و چ لەئاستی دەوڵەت دا بەردەوام دەبێتە هۆی بەرفراوان بوونەوەی ئاراستە ئۆلیگارشییەکان و زاڵ بوونی کەمایەتییەک. بەپێی ئەو قانوونە زۆرینەی خەڵک بە سەرنجدان بە بێ کردەوەیی و ڕێکنەخراوییان ناتوانن دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرن. لایەنگری لە ڕێکخراو و ڕێکخستنێک هەردەم دەبێتە هۆی گوورانی ئاراستەی کنسێرڤاتیوانە.

گرینگترین ڕەخنەیەک کە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە لە بیرۆکەی پارەتوو و بە گشتی لە سەرجەمی بیرۆکەی ئێلیتیستی دەگیرێ ئەوەیە کە ئەو بیرۆکەیە بەبێ هیچ بەڵگەیەک پەیوەندی دەسەڵاتی سیاسی و داڕشتەی کۆمەڵگا و ئابووری ڕەتدەکاتەوە. تەنیا وتنی ئەوە کە لە هەر کۆمەڵگایەکی سیاسی‌دا تەنیا ئێلیتێک دەسەڵاتدارە ڕوونکەرەوەی پرسە گرینگەکانی بەرباسی کۆمەڵناسی سیاسی وەک سروشتی کۆمەڵایەتی دەسەڵات، جۆراوجۆری گرووپە دەسەڵاتدارەکان لەوڵاتە جیاجیاکاندا، چۆنییەتی پەیوەندی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا و

هتد نییە. جەماوەریش بەو شێوەیە لەو بیرۆکەدا باس دەکرێ بێ بیچم و قەوارە نییە.

بەڵام ئەو خوێندنەوانەی لەمەڕ ئێلیتە سیاسییەکان بەئەنجام گەیشتوون پاڵپشتیان لە باوەڕە بنچینەییەکی پارەتوو کردووە و هەمووشیان ناچنە ناو چوارچێوەی چەمکەکانی ئێلیتیزمی کۆنەوە (بەتایبەت بۆچوونەکانی دەروونناسانەکانی) و زۆرتر ئاراستەی تەجروبییان هەیە. کتێبە کلاسیکەکەی سی.ڕایت میلز لەژێر ناوی *ئێلیتی دەسەڵات*[1] یەکێکە بوو لەو کتێبانە. تێگەیشتنی ئەو نووسەرە لەچەمکی ئێلیتی دەسەڵات مۆرکی تیگەیشتنی پارەتووی پێوە دیارە. بەباوەڕی میلز لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکانی وەک کۆمەڵگای ئەمریکادا ئەندامانی گرووپێکی بچکۆلە کە دەستیان بەسەر سەرجەم پۆستە گرینگەکانی ناو کۆمەڵگادا گرتووە بەهۆی جێگەی کۆمەڵایەتی هاوبەش و هەروەها پەیوەندییە تاکەکەسی و بنەماڵەییە زۆر نزیکەکانیانەوە بەستراوەی یەکترن. میلز لەڕاستیدا دەسەڵاتی بەواتای بەشداری لەبڕیاردانی سیاسیدا هێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەمکی "ئێلیتی دەسەڵات" لە چەمکی "چینی دەسەڵاتدار" کە لە نووسراوەکانی پارەتوو و موسکادا بەدی دەکرێ، لێک جیا دەکاتەوە. بەپێی شیکاری میلز کۆمەڵگای ئەمریکا لەسێ بەش پێکهاتووە، واتا ئێلیتی پلە یەکەم، ئێلیتی پلە دووهەم و جەماوەری ناسیاسی و شیاوی مۆبیلیزەکردن. ئێلیتی کۆمەڵگا پێکهاتووە لە سکرتێری ڕێکخراو و گرووپە

---

1. C. Wright-Mills, *The Power Elite.* (Oxford, U. P. 1956).

سیاسییەکان، بەرپرسانی کۆمپانیا سەرەکییەکانی بازرگانی و پیشەسازی، بەرپرسانی ئەنستیتۆکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هەروەها هەڵکەوتەکانی سپا. کتێبەکەی میلز وەرگێردرایە سەر زمانی ڕووسی و کەوتە بەرسەرنجی مارکسیستەکانی سۆڤیەت. بەڵام بە گشتی ئەو دەرئەنجامەی میلز لە کتێبەکەیدا دەریدەخا نامارکسیستییە و بەواتایەکیتر ئێلیتیستییە دەرئەنجامەکەش ئەوەیە کە "سامانداران بە تەنیا لە چڵەپۆپەی سەر زنجیرە پلەی دەسەڵاتی سیاسیدا جێگیر نین."[2] وێنەیەکیتر لە وەها خوێندنەوەگەلێک، توێژینەوەکەی گاتزمەنە لە کتێبی *ئێلیتی سیاسی بریتانیادا.* بەپێی ئەو توێژینەوە دەکرێ نزیکەی ١١٠٠٠ کەس وەک ئێلیتی سیاسی دیاری کەی. ئەو ئێلیتە، دەسەڵاتی خۆی لە سەرچاوە جۆربەجۆرەکانی وەک پەیوەندییە بنەماڵەییەکان و خوێندنی زانکۆوە وەدەستهێناوە و بە سەر سەرجەمی دەزگای سیاسیشدا زاڵە.[1]

وێنەیەکیتری ئەو جۆرە خوێندنەوانە توویژینەوەکەی تێئۆدۆر دایە لەکتێبی *کێن ئەوانەی ئەمریکا بەرێوە دەبەن.* بەپێی ئەو توویژینەوە ئێلیتی دەسەڵاتداری ئەمریکا پێکهاتووە لە ٥٨١٦ کەسی خاوەن دەسەڵات لە کۆمەڵگایەکی ٢٢٦ میلیۆنی دا. ئەو ئێلیتە دەستی بەسەر پۆستە

2. Ibid, p. 117.
1. Guttsman, *The British Political Elite.* (London, 1963).

سەرەکییەکانی حکوومەت، کۆمپانیا گەورەکان، سپا، بڕۆکڕاسی دەوڵەتی، ڕاگەیە گشتییەکان و هەروەها دەزگای دادپەروەری داگرتووە.[2]

## مۆدێلی زۆری سەرچاوەکان و گرووپەکانی دەسەڵات

سەربردەی مێژوویی بیرۆکەی زۆری سەرچاوەکانی دەسەڵات لەکۆمەڵناسی سیاسیدا دەگەڕێتەوە سەر ئەو خوێندنەوانەی لەسەر دابەشینی دەسەڵاتی سیاسی لە دێموکراسییە ڕۆژئاواییەکاندا کراوە کە لە دەیەی ١٩٥٠ لە ئەمریکادا بڵاوکراوە. چەمکی دەسەڵات لە مۆدێلی پلۆڕاڵیزمدا وەک ئەو چەمکە دەچێ کە ماکس ڤێبێر خستییە ڕوو. دەسەڵات بەپێی واتای ڤێبێر بریتییە لە "ئەگەری دەکارهێنانی ویستی تاک یان گرووپێک لەو تاکانەی کە سەرەڕای بەربەرەکانی دێتران لە درێژەی کردەوەیەکی بەکۆمەڵدا دێتە ئەنجام."[3] هەر بەو شێوەیە ڕابێرت داڵ گەورەترین کۆمەڵناسی سیاسی قوتابخانەی پلۆڕاڵیزم لە پێناسە کردنی دەسەڵاتی سیاسیدا دەڵێ: "مەبەست لە دەسەڵات پەیوەندییەکی وشیارانە و بیر لێکراوەیە کە لەودا لایەنێک دەتوانێ کردەوەیەک بەشێوەیەک بەئەنجام بگەیەنێ کە دژکردەوەکانی لایەنەکەیتر کۆنترۆڵ کا."[4] بەواتایەکیتر،

2. T. Dye, *Who is Running America? The Carter Years.* (Prentice Hall, 1979).
3. Gerth and Mills, op. cit. p. 180.
4. Dahl, *Preface*, p. 13.

مەبەست پەیوەندییەکە کە لەودا لایەنێک لایەنێکی‌تر ناچار بە ئەنجامی کردەوەیەک دەکا کە پێی خۆش نییە ئەو کردەوەیە ئەنجام بدا.

ڕابێرت داڵ لە لێکۆڵینەوە تەجروبییەکانی خۆیدا لە شێوەی دابەشینی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگا کاپیتالیستە هاوچەرخەکان بەتایبەت لە ئەمریکادا سەوداسەری چەسپاندنی مۆدێلی کۆمەڵناسی سیاسی پلۆڕاڵیستی لەهەمبەر مۆدێلەکانی‌تر دابووە. بۆ نموونە لە یەکێک لە نووسراوە سەرەتاییەکانی‌دا واتا *کێن ئەوانەی حکوومەت دەکەن (١٩٦١)* تەمای وایە پانتاکانی دەسەڵاتی گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان لە شاری نیوهیۆنی ئەمریکادا پێشان بدا. بەواتایەکی‌تر، داڵ توانای یاریزانان لە دانی بڕیارە سیاسییەکان لە بوارە جیاجیاکان‌دا تاوتوێ دەکا. پرسی سەرەکی ئەوەیە کە ئایە سەرجەمی ئەو بڕیارانە لەلایەن گرووپێکەوە دەدرێن یان نا. تاوتوێ کردنی بڕیارە سەرەکییەکان لە سێ پانتای سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی‌دا پێشان دەدەن کە سێ گرووپی دەسەڵاتی سەرەکی خۆدەنوێنن کە ئەو سێ گرووپە تێکبەزیو نین و یەکتریش داناپۆشن. هەڵبەت بەپێی شیکارییەکەی داڵ لەو شارە چکۆلانەی کە خاوەنی یەک پیشەسازی سەرەکیین، ئێلیتێکی دەسەڵاتی یەکەش لەئارا دایە. سەرهەڵدانی ئێلیتە جۆربەجۆرەکان پەیوەندی بەرادەی پەرەسەندنی ئابووری و پیشەسازی و هەروەها جۆربەجۆری داڕشتەی کۆمەڵگاوە هەیە. زۆری سەرچاوەکانی دەسەڵات خۆی دەرئەنجامی بەپیشەیی بوونی کۆمەڵگاکانە. ئاکامێکی کە داڵ لەو باسەی وەردەگرێ ئەوەیە کە لەڕەوتی بڕیاردانی سیاسی لەشاری ناوبراودا، هاوپەیمانییەتییەکی چەند لایەنە لە

گـــــــــرووپەکانی دەسەڵات لـە دەوری شـــــــــارەداردا بـەدی دەکرێ. سێ گرووپـی دەسـەڵاتی بـەرباس لەسـەر کێشـە گشـتییە سـەرەکییەکان لەگـەڵ یەکتردا ناکۆکییـان هەیـە و لـەڕووی ئەندامەتیشـەوە تێک نەبـەزیون. بـەو پێیە دەسەڵاتی سیاسی لـەناو گرووپـە جیاجیاکـاندا پـرشوبـڵاوە کـە ئـەو گرووپانە خـاوەن بەرژەوەنـدی و ئـۆگری جیـاواز یـان دژی یـەکن. هەڵبـەت نابەرامبەری لە "دەسەڵات" و سـامان و سـتاتۆی کۆمەڵایـەتی و فێرکـاری دا بەدیـدەکرێ بـەڵام لەدواشـیکاریدا هـەر گرووپـە و لـەچاو گرووپـەکانیتـر لەلایەنێکەوە خاوەنی سەروەرییە. ئەو ڕاستییەش بـە هـۆی ڕاسـتی *زۆری و جۆراوجۆری* سەرچاوەکانی دەسـەڵاتی سیاسـییەوەیە. گرووپـەکانی خـاوەن سـەرچاوەی دەسـەڵات بەشـێوەگەلی جۆربـەجۆر لـەڕووی بڕیـاردان و سیاسـەتەکاندا بـە ئاراسـتەی بەرژەوەندییـەکانیان زەخـت دەخەنـە سـەر حکوومەت.[1]

بوونی گرووپە جۆربـەجۆرەکانی دەسـەڵات لـە بیرۆکـەی پلـۆڕاڵیزمدا هەم وەک بابەتێکی خـوازراو (واتـا وەک پێویسـتییەکی دێموکراسـی) و هـەم وەک بابەتێکی ڕاستەقینە و دەربڕی جۆری دابەشینی دەسەڵاتی سیاسی لـە کۆمـەڵگا دێموکراتیکـەکاندا چـاوی لـێدەکـرێ. پێشـتریش جەیمزمێدیسـۆن بیریـاری سیاسـی ئـەمریکایی بـاوەڕی وابـوو کـە بـوونی گـرووپ و لایەنـە جۆربەجۆرەکان لە کۆمەڵگادا هەرچەندە نـەخوازراوە بـەڵام پێویسـتە و دوو

1. Dahl, *Who Governs? Democracy and Power in an American City*. (New Haven, 1961).

**بنچینەی سەرەکیشی هەیە: یەکەم لە پێگە و پێکهاتەی مرۆڤ دایە؛ و هەر لەو رۆشەوە بوونی گرووپ و تاقمە جیاجیاکان پێویستی ژیانی سیاسین و لەناوبردنیشیان هەروەک لەناوبردنی هەوا وایە بۆ بەرگری لە مەترسی کەوتنەوەی ئاگر. و دووهەمیان دابەشینی نابەرامبەری خاوەنێتییە لەناو خەڵکدا.[2] بەباوەڕی داڵ، کۆمەڵگا لەسەر بنەمای کەلەبرە جیاجیاکانی وەک چین، ئایین، ئەتنیک، ڕەگەز و ئۆگرییە خۆجێیەکان لێکدادەبڕێ و هەرکام دەبنە هۆی سەرهەڵدانی گرووپ و تاقمی کاریگەر لەسەر ژیانی سیاسی وەک گرووپەکانی زەخت، ئەنجوومەن و پێکهاتەکان، سەندیکاکان و ڕێکخراوەکان و هتد. لەڕووی ئایدۆلۆژیاکیشەوە بوونی گرووپە جیاجیاکانی دەسەڵات و هەروەها گرووپە زەختەکان وەک هۆکاری سەقامگیری سیاسی و بالانسی چینایەتی و سیاسەتدانان لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی ئۆگرییە جیاجیاکانەوە سەیر دەکرێ.**

**بەر لە رابێرت داڵ، دەیوید ترۆمێن لە کتێبە بەناوبانگەکەی واتا *پرۆسەی حکوومەت (١٩١٥)دا* بنەماکانی مۆدێلی کۆمەڵناسی سیاسی پلۆڕاڵیستی راناوە و جەختی کردبووە سەر گرینگایەتی گرووپەکانی خاوەن دزەی رکەبەر لەژیانی سیاسی دەوڵەتە مۆدێرنەکان وەک بابەتی سەرەکی "زانستی سیاسەت". بەپێی شیکاری ترۆمێن "چوارچێوەی گشتی چالاکی حکوومەت لەدرێژەی سەردەمانێکی تایبەتدا پێشاندەری کۆمەڵەیەکی تێکچنراوی پەیوەندییە تێکبەزیوەکانە کە لەگەڵ ئاڵوگۆڕ لەسیاسەت و**

---

2. Dahl, *Perface.*

جێگەی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییە ریکخراو و نارێکخراوەکاندا، گۆڕانی بەسەردا دێ.[1] لەبیرۆکەی ترۆمێندا دەوڵەت سەربەخۆ لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان نییە؛ بەو واتایە کە لەڕاستیدا دەوڵەت گۆڕەپانی دژە و رکەبەرایەتی گرووپەکانی زۆر و جۆراوجۆری دەسەڵاتە کە لە کۆمەڵگادا پرشوبڵاون. سیاسەتەکانی دەوڵەت دەرئەنجامی کۆکردنەوەی و لێک-گرێدانی ئۆگرییەکانی گرووپە جۆراوجۆرە رکەبەرەکانە. بەتایبەت ئەندامەتی تاکەکان لە گرووپە جیاجیاکاندا و سەرهەڵدانی "ئۆگرییە گرووپییە تیکبەزیوەکان" بەرعۆدەی پرۆسەیەکی ئەوتۆیە. ئەندامەتی تاکەکان لەگرووپە جیاجیاکاندا دەبێتە هۆی ئاستەنگ کردنی دەسەڵاتی هەرکام لەو گرووپانە و لەئاکامدا هیچ گرووپێک ناتوانێ زیاتر لەرادەی خۆی دەسەڵاتی سیاسی وەدەست بێنێ. رابێرت داڵ بە هاوسەنگ کردنی نەریتی فکری جیمز مادیسۆن لەکتێبی *پێشەکییەک لەسەر بیرۆکەی دێموکراسی (١٩٥٦)دا* باوەڕی وابوو کە بوونی گرووپ و ئۆگرییە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆر و زۆرەکان بنچینەیی دێموکراسین و دێموکراسی تەنیا دەتوانین وەک دەستاودەست بوونی حکوومەت لەنێوان چەندان گرووپی کەمایەتیدا واتا بکەین. بیرورا و ویستەکانی گرووپە رکەبەرە جیاجیاکان لەپێکهاتەە دێموکراتیکەکاندا ئاشکرا دەبن و هەر ئەوەش خۆی لەمپەری سەرهەڵدانی هەر چەشنە ئۆگرییەکە بەرەولای حکوومەتی سانتراڵ و دیکتاتۆری. سیستمی دێموکراسی، شتێکە مابەینی حکوومەتی ئێلیتێکی یەکە و ئارمانجی هاتنەدیی حکوومەتی زۆرینەی خەڵک، و بەو واتایە

1. D. Truman, *The Governmental Process.* (New York, 1951), p. 508.

دێموکراسی شتێک نییە جگە لە هەلومەرجێکی "پۆلیارشی"[2] کە لەو سیستمەدا رکەبەرایەتی ئاشکرا و ئازاد بۆ ڕاکێشانی پشتگیری خەڵک لەناو "ئێلیتەکان" و یان گرووپە جیاجیاکاندا لەئارا دایە. وەها رکەبەرایەتییەک دادپەروەرانەیە و دەبێتە هۆی پێکهاتنی حکوومەت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی"کەمایەتی" یان گرووپە جۆراوجۆرەکان. دیکتاتۆری حکوومەتی کەمایەتییەکە و دێموکراسی یان "پۆلیارشی" حکوومەتی چەند کەمایەتییە. "لەپێکگرتن لەگەڵ رەوتە سیاسییەکانی سیستمی دیکتاتۆریدا، تایبەتمەندییەکانی "پۆلیارشی" دەبنە هۆی بەربڵاوبوونەوەی چەندی و رادەی جۆراوجۆری گرووپە کەمایەتییەکان کە کارتێکەریان هەیە لەسەر بڕیارە حکوومەتییەکان دا."[1] لانیکەم لە کۆمەڵناسی سیاسی وڵاتە "دێموکراتیکەکانی" هاوچەرخدا دەبێ ڕاستینەی رکەبەرایەتی و حکوومەتی کەمایەتییەکان یان گرووپە جۆربەجۆرەکان لەبەرچاو بگرین. لەڕوانگەی داڵەوە پەیوەندییەکی مارکسیستەکانی لەنێوان چینە کۆمەلایەتییەکان و دەوڵەت دا لەبەر چاوی دەگرن لانیکەم لەوڵاتە دێموکراتیکەکاندا تەواو نییە. لەو وڵاتانەدا رکەبەرایەتی نێوان ئۆگری و بەرژەوەندی گرووپە ڕێکخراوەکان دیاریکەری تایبەتمەندی و دەرئەنجامەکانی سیاسەت-دانانی دەوڵەتە. هەڵبەت داڵ پێداگری ئەوە نییە کەرادەی دزە و کۆنترۆڵی گرووپە جیاجیاکان بەسەر بڕیارە سیاسییەکاندا وەک یەک و بەرامبەرە و

---

2. Polyarchy

1. Dahl, *preface*, p. 133.

یـان گشت هێـزە کۆمەڵایەتییـەکان خـاوەن گرینگایـەتی و دەسـەڵاتی وەک یەکن. هەروەها ڕەنگە گرووپەکان و ڕێکخراوەکانی سەر بەو گرووپانـە ببنـە خاوەن ئامـانجگـەلی "گرووپـی" تایبـەت بـەخۆیان و بـەو پێیـە لـە ویست-وخواسـتی ئەنـدامانی پێکهێنــەر دابـبـڕێن و بــەپێی "قــانوونی ئاســنینی ئۆلیگارشـی" لەهەمبـەر ئەنـدامانیاندا هەسـت بـە بەرپرسـایەتی نەکـەن. لـەئاکامی هـەمووی ئـەو هۆکارانـەدا ڕەنگـە گرووپگـەلێک زاڵ بـن بەسـەر دەزگای دەسەڵاتدا کە خاوەن ڕێکخستنی باشتر و سەرچاوەگەلی زۆرتر بن. بەو پێیە بـۆی هەیـە هێـزە کۆمەڵایەتییـەکان لـەڕووی سـەرچاوە و توانـای رکەبەرایـەتی و رادەی زانیارییـەوە وەک یـەک نـەبن. لەگـەڵ هـەمووی ئـەو دەرئەنجامانــەشدا وەهــا هــەلومــەرجێک لەبیرۆکــەی داڵ و هــەروەها پلۆڕاڵیستـەکاندا بەتـەواوی ڕوون نەبۆتـەوە و لەهەمبـەردا هـەروا جـەخت دەکرێتـە سـەر بـوونی سـەرچاوە زۆر و جیاجیاکـانی دەسـەڵات و هـەروەها ئۆگری و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و رکەبەرایەتیان لەناو دەوڵەتدا.

بـە گشـتی، بـەپێی مـۆدێلی پلـۆڕاڵیزم لـە کۆمەڵناسـی سیاسـیدا، دەســەڵاتی کۆمەڵایــەتی لــە کۆمــەڵگای مــۆدێڕندا ئــۆگری دابڕانــە و سەرچاوەکانیشــــی زۆرن و وتەزاگــــەلێکی وەک ســــامان، پرێســــتیژی کۆمەڵایەتی، دزەی ئایینی، خوێندەواری، زانیاری، کۆنترۆڵی ئامرازەکـانی پەیوەندایـەتی و لـەو بابەتانـە لـەخۆ دەگـرێ. هـەر لـەو ڕووەوە هەنـدێ لەگروپەکانی دەسەڵات لەکۆمەڵگادا بوونیان هەیە. ئەو هەلومەرجە شیاوی شووبهاندنە لەگەڵ هەلومـەرجی "ئێلگۆپـۆلی" لـەئابووریدا کـە لـەو هـەل-ومەرجــەدا نــە رکەبەرایەتییــەکی بەتــەواوی بازاڕی(هاوتــای دێموکراســی

بـەواتای زۆرینەکـەی) لـەئارا دایـە و نـە "مۆنۆپـۆلی" یـان پـاوانکردنی بەتـەواوی(هاوتای حکوومـەتی ئێلیتێکـی یەکـە) بـەڵکوو هەنـدێ گرووپـی دەسەڵات لەگەڵ یەکتر دە رکەبەرایەتی دان و ناسینی پەیوەنـدی دەوڵـەت و کۆمەڵگا بەستراوەی ناسینی ئەو گرووپانەیە. بێتوو ئەو گرووپانە دەسەڵات کـەم تـا زۆر لەگـەڵ یـەکتر دە رکەبەرایـەتی دابـن ئـەوا نـاتوانین ئـەو گرووپانە(هەر وەک چەمکی چینی بالادەست لەمارکسیزمدا) وەک "چینێکی" یەکە بێنینە ژمار. هەر گرووپە و خاوەن سـەرچاوەگەلی دەسـەڵاتی تایبـەت بەخۆیـەتی و دەتـوانێ مۆبیلیزەیـان بکـا. کاتێـک رکەبەرایـەتی لـەنێوان ئێلیتـەکاندا ئـازاد بێ(هـەلومـەرجی "پۆلیارشـی") ئەوسـا دەوڵـەت وەک گۆڕەپانی رکەبەرایەتی و گرژی و حاوانەوە لەناو ئێلیتـەکاندا دەردەکـەوێ. گرووپەکانی ناوەڕاست یان ئێلیتە جیاجیاکان لەڕێگەی ڕێکخـراوەکانیانـەوە دەبنە هۆی ڕەنگدانەوەی بیروڕای بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگا لـە گۆڕەپـانی سیاسەت دا و بەو پێیە، سیاسەتی گرووپـی دەبێتـە لەمپـەری "جـەماوەری" بـوونی ژیـانی سیاسـی. بەپێچەوانـەوە کاتێـک رکەبەرایـەتی لـەنێوان ئێلیتەکاندا ئازاد نەبێ و "ئێلیتێک" دەست بەسەر دەسەڵاتی سیاسی دابگـری بۆی هەیە ئێلیتەکانیتر لەبارودۆخی نەشیاودا و بـە کـەڵک وەرگـرتن لـەو دەرفەتانەی دێنە بەرەوە (هەروەک ئەوەی پارەتوو سەبارەت بە لاوازبـوونی دەسـەڵات و ویسـتی گرووپـی دەسـەڵاتدار دەیڵـێ) بـۆ رکەبەرایـەتی سیاسـی لەگـەڵ ئێلیتـی دەسـەڵاتداردا بکەونـە ڕێکخسـتنی سـەرچاوەکانی خۆیـان و بەشـێکی کۆمـەڵگا و لـەئاکامدا سیاسـەت بەجـەماوەری بـێ یـان جـەماوەر سیاسی بێ. بەو پێیە، دەکرێ مۆدێلی پلۆڕاڵیزم جگە لە دێموکراسییـــەکان بۆ شیکردنەوەی سیستمە سیاسییەکانیتریش دەکار بێنین. بۆ وێنە یـەکێک

لەكۆمەڵناسانی سیاسی هاوچەرخ بەناوی ویلیام كۆرنهۆرزر لەكتێبی *سیاسەتی كۆمەڵگای جەماوەریدا*[1] بەكەڵك وەرگرتن لەچەمكی ئێلیت و بەپێی جۆری پەیوەندی نێوان ئێلیت و جەماوەر و هەروەها ئامرازەكانی گەیشتن بە پۆستەكانی ئێلیت و لوانی ڕێكخستنی جەماوەر چوار جۆرە كۆمەڵەی سیاسی لێك جیاكردۆتەوە. ١) كۆمەڵگای داخراوی نەریتی كە لەودا تەقڵ بوون بە ئێلیتی داخراو، كەم تا زۆر نالوێ و لەهەمان كاتیشدا جەماوەر ناتوانرێ ڕێكبخرێن چوونكە پێگەی كۆمەڵایەتیان ڕیشەی لە پەیوەندییە نەریتی و توندەكانی بنەماڵە و ڕەگەز و هۆز دایە. ٢) لەكۆمەڵگای پلۆڕاڵیستیدا دەلوێ بچێتە ناو گرووپی ئێلیت بەڵام ڕێكخستنی جەماوەر بەكردەوە نالوێ چوونكە خەڵك لەناو ڕێكخراو و پێكهاتەكانی كۆمەڵگای مەدەنیدا ڕێكخراون و ئێلیتەكان ڕاستەوخۆ دەستیان وێیان ڕاناگا. ٣) كۆمەڵگای جەماوەری كە لەو كۆمەڵگایەدا جەماوەر بەسانایی ڕێكدەخرێن و لەهەمان كاتیشدا بواری چوونە ناو پۆستی ئێلیتەكانیش بۆ دێتران لەئارا دایە. ٤) كۆمەڵگای تۆتالیتێر كە لەو كۆمەڵگایەدا ئێلیت داخراو و دەست وێرا نەگەیشتوویە بەڵام پلەیەكی بەرز لە ئەگەری ڕێكخستنی جەماوەرە لێكدابراو و پرشوبڵاو لەئارا دایە.

1. W. Kornhauser, *The Politics of Mass Society*. (New York, Free Press, 1963).

## ڕەخنە و تاوتوێ کردن

مـۆدێلی کۆمەڵناسـی سیاسـی پلۆڕاڵیسـتی هەرچەنـدە لەسـەرەتادا بەمەبەسـتی دەربـڕین و شـی کردنـەوەی پەیوەنـدی دەوڵـەت و کۆمـەڵگای مۆدێڕن رانرا بەڵام هێدی هێدی بوو بە بیرۆکەیەکی نۆڕماتیڤ سـەبارەت بـە دیموکراسی و لەو ڕووەوە هەندێ وێکچوونی رواڵەتی لەنێوان ئەو مۆدێلە و مۆدێلی فەلسەفەی سیاسی مۆدێڕن کە پێشتر ئاماژەمان پێدا بـەدی دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا لـە بیرۆکـەی پلـۆڕاڵیزمدا بەشداری گرووپـی لەسیاسـەتدا لـەجێی بەشـداری تاکەکەسـی خـاوەن گرینگییـەکی بنەرەتییـە. بەشـداری تاکەکەسی لەژیانی گشتیدا بـەواتای بەرباسـی فەلسـەفەی سیاسـی چـاخی نوێ پێداویستی و گرینگایـەتی خـۆی لەدەست داوە و وەک پێداویسـتییەکی دیموکراسی باو نایەتە ژمار.

کـەموکووری و ناتەواوییـەکانی پلـۆڕاڵیزم وەک مـۆدیلی کۆمەڵناسـی سیاسی لەلایەن زۆربەی زۆری نووسەرانەوە تاوتوێ کراوە. یەکەم ئەوە کـە بەپێی هەندێ لە ڕەخنەکان، چـەمکی دەسـەڵات لـە بیرۆکـەی پلۆڕاڵیسـتیدا چەمکێکی تاک لایەنە لەکاتێکدا دەسەڵات لەسروشتی خۆیدا زۆربـەی کـات دیاردەیــەکی تیکچنــراو و چەنــد لایەنەیــە. دەســەڵات تــەنیا بەشـێوەی ئــابژێکتیڤ، واتــا کاتێــک بڕیارێــک دەدرێ و یــان ئامرازێــک دەکــاردێ، دەکارناهێندرێ و دەکارهێنانی دەسەڵات هەردەم ئامرازی نییە بەڵکوو ڕەنگە لە هەلومەرجێکیشدا کە هیچ ئامرازێک دەکارنەهاتووە یـان هـیچ بڕیارێـک نەدراوە دەسەڵات دەکاربێندرێ. کاتێـک گرووپێکـی کۆمەڵایـەتی بایـەخگـەلی

سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها قانوون و پێکهاتەگەلێک پێکدێنێ کە پانتای بڕیاردانی سیاسی بەربەست دەکاتەوە بە کێشەکانی بەرئۆگری خۆی، ئەوسا بەبێ دەکارهێنانی دەسەڵاتی ئامرازی، زۆرەملی پێشاوپێش لەناو داڕشتەی کۆمەڵگادا جێگیر بووە.[1] بە وتەی یەکێ لە ڕەخنەگران: "بەستراوەیی سیستمێکی سیاسی[بەگرووپێکی کۆمەڵایەتییەوە]تەنیا لەسەر بنەمای کۆمەڵەیەکی کردەوە و[بڕیارەکان] نییە بەڵکوو زۆربەی کات لەسەر بنەمای پێگەی سترۆکتووری و کولتووری گرووپەکان."[2] بێتوو دەسەڵات تەنیا بەواتا تاک لایەنی یان ئامرازییەکەی لەبەرچاو بگرین(واتا توانای تاکەکان لەسەپاندنی ویستی خۆیان بەسەر دێتراندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەکەڵک وەرگرتن لە ئامراز) ئەوسا دەسەڵاتی سیاسی گونجێندراو لە سترۆکتووری قانوون و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و هەروەها ئایدۆلۆژیایە سیاسییەکان لەبەرچاو ناگیرێن. سەرنج نەدان بەو لایەنانە دەبێتە هۆی چاوپۆشی لەدەسەڵات و جێگەی نابەرامبەری چین و گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکان. چاوپۆشین لەنابەرامبەری دابەشینی ماف و دەسەڵاتی سیاسی لەنێوان هێز و گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکان تەنانەت لە سیستمە دێموکراتیکە هاوچەرخەکانیشدا دەبێتە هۆی بۆچوونی ناتەواو لەپەیوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا و هەروەها ڕانانی کۆمەڵناسییەکی سیاسی سەقەتی لێدەکەوێتەوە. دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی

---

1. P. Bachrach and M. Baratz, “The Two Faces of Power”, *American Political Science Reviwe*, 59(4), p. 949.
2. S. Lukes, *Power: A Radical View*. (London, 1974), p. 22.

بەپێچەوانەی ئەوەی لە مۆدێلی پلۆڕاڵیزمی سیاسی دەردەکەوێ لەنێوان هێزە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکاندا بەشێوەیەکی بەرامبەر دابەش نەکراوە و یان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان خاوەنی یەک کێش و گرینگایەتی لەکارتێکەری بەسەر ژیانی سیاسی دا نین. تەنانەت بوونی ناوەندە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیش نابێتە هۆی ئەوە کە حکوومەت بەیەک رادە ئاور وە ویست و خواستەکانیان بداتەوە و ئەوەش خۆی دەرئەنجامی ئەو ڕاستییەیە کە بە سەرنجدان بەدابەشینی ناوەک یەک و نابەرامبەری مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لەهەمووی کۆمەڵگاکاندا زۆربەی هێز و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەگەلی پێویست بۆ رکەبەرایەتی لەگەڵ ئەوانیتریان لە گۆڕەپانی سیاسەتی نەتەوەییدا لەبەردەست دا نییە. بۆ وێنە لە گشت کۆمەڵگاکاندا چینە مامناوەندییەکان زۆرتر لەچینەکانی خوارووە چالاکی سیاسیان هەیە و تیکەڵ بە ڕێکخراوەکان دەبن چوونکە خاوەنی سەرچاوە گەلێکی زۆرترن بۆ تێکەوەگلان لەژیانی سیاسیدا. هەروەها بێتوو گرووپە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتیش لەئارادا بن ناتوانین نکۆڵی لەبوونی چینی دەسەڵاتدار بکەین چوونکە چینە دەسەڵاتدارەکان هەردەم پێکهاتوون لە گرووپگەلی جۆراوجۆر. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە حکوومەت تەنیا سەرنج بداتە خواست و ویستی ڕێبەرانی گرووپەکان. لەلایەکیتریشەوە توانای حکوومەت لەبەجێ هێنانی ویستی گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکاندا تووشی بەربەست و تەنگەژەی سترۆکتوورییە. وەها تەنگەژەگەلێک توانای سیاسەتدارێژی سنووردار دەکەن. سیستمی سیاسی و ڕەوایی و سەقامگیری دەوڵەت و پەرەسەندنی ئابووری زۆرتر کاتێک مسۆگەر دەبێ کە بەرژەوەندی ئۆگرییە

ئابوورییەکانی هەندێک لە گرووپەکان دەستەبەر بکرێ. قەیرانەکان بەتایبەت کاتێک هاوهەنگاو لەگەڵ داکەوتنی ئابووری بن زۆربەی کات بەزیانی دەوڵەتن و هەر لەوڕووەوە دەستەبەرکردنی بەردەوامی سامان نواندنی تایبەتی پێویستییەکی سەقامگیری سیاسییە.[1] بەکورتی ڕاستە کۆمەڵگای مۆدێرن توانای بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی زۆر لەگرووپ و هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تێدایە، بەڵام وەها بارودۆخێک نابێتە هۆی ئەوە کە دەسەڵاتی سیاسی هەر بەهەمان ریزبەندی لەناو کۆمەڵگادا بڵاوبێتەوە.

لێرەدا دەبێ جەخت لەوە بکرێ کە مۆدیلی ئێلیتیزم (تەنیا وەک مۆدێلی کۆمەڵناسی سیاسی و بەبێ هەڵسەنگاندنە بایەخی و نوارینە ئایدۆلۆژیاکەکانی لەدژی دیموکراسی و سۆسیالیزم و هەروەها بەبێ بنەما دەروونناسانەکانی) و مۆدێلی پلۆڕاڵیزم(تەنیا وەک چوارچێوەیەک بۆ خوێندنەوەی پەیوەندی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی وبەبێ نوارینە ئایدۆلۆژیاکەکانی لەقازانجی دیموکراسیدا) لەڕووی لۆژیکییەوە یەک شتن و پێیان وایە دەسەڵاتی سیاسی هەڵقوڵاوی سەرچاوە جیاوازەکانە هەرچەند لەسەر کۆبوونەوەی ئەو سەرچاوانە لەسەر ئاستی ژیانی سیاسیدا لەدەستی یەک یان چەند ئێلیتدا جیاوازیان هەیە. بەواتایەکیتر، دەکرێ بڵێن کە جیاوازی بیروڕای ئەو دوو مۆدیلە جیاوازییەکی "چەندایەتییە" نەک

---

1. C. Lindblom, *Politics and Markets.* (Basic Books, New York, 1977), pp, 122-3.

چۆنایەتی، (جیاوازیان لەڕووی ئایدۆلۆژیا سیاسییەوە زۆر بەربڵاوتر و گرینگترە لەجیاوازیان لەبواری کۆمەڵناسی سیاسیدا.) یەکێک لە ڕاڤەکەرانیش گووتوویەتی کە ئێلیتیزم و پلۆڕاڵیزم لەدەقی پرۆسەی پەرەسەندنی سیاسی وڵاتەکاندا دوو هەلومەرجی لێک نزیکن و یان بەواتایەکیتر تێپەرین لە ئێلیتیزمەوە بەرەو پلۆڕاڵیزم لەدەسەڵاتی سیاسیدا پێویستی بە نێوانێک لەڕووی تیۆریکەوە نییە.[1] لەگەڵ ئەوەشدا هەر وەک پێشتریش ئاماژەیکرا مۆدێلی ئێلیتیزمی نەریتی مۆدیلێکی چەندان شیاو بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندییە تێکچنراوەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا نییە، چوونکە زۆرتر باس لەتایبەتمەندییەکانی دەسەڵات و داڕشتەی حکوومەت دەکا و جۆراوجۆرییە ناوخۆییەکانی "ئێلیت" یان"چینی"دەسەڵاتدار تاوتوێ ناکا لەکاتێکدا مۆدێلی پلۆڕاڵیزم بەشێوەیەکی ڕوونتر سەرچاوەکان و گرووپە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی کۆمەلایەتی و پەیوەندیان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا تاوتوێدەکا.

لەکۆتاییدا ئەو بەشەدا دەبێ ئاماژە بکەینە سەر شێوە شیکاری مارکسیستی (بەپێی چینە کۆمەڵایەتییەکان) و شێوە شیکاری پلۆڕاڵیستی (بەپێی ئێلیتە زۆرەکان) لەبواری کۆمەڵناسی سیاسییەوە. ڕاستە مارکس و ئینگێلس سەرنجێکی ئەوتۆیان نەداوەتە پرسی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگا تاڕادەیەک سەرەتاییەکانی کاپیتالیستیدا بەڵام مارکسیستەکانی

---

1. R. Presthus, *Men at the Top: A Study in Community Power.* (New York, 1964), p. 25.

دواتــر ئـۆگری تـاوتویێ کردنــی بەسـتراوەیی گرووپـە کۆمەڵایەتییـەکان بـە بوورژوازی دەسەڵاتدارەوە بوون. لەگەڵ ئەوەشدا جەخت کردنی کۆمەڵناسە مارکسیستەکان لەسەر جیاوازی چین لەستاتۆ کە چەمکێکی بـاو بـووە لـە کۆمەلناسـی لیبڕاڵـیدا، بۆتـە هـۆی لەبـەرچاو نـەگرتنی ئـەو ڕاسـتییە کـە زۆربـەی سـتاتۆ کۆمەڵایەتییـە کۆنـەکان بوونەتـە گرووپـەگـەلێکی نـوێ کـە خاوەن بەرژەوەندی و دژەی خۆیانن. هەڵبەت کۆمەڵناسـە مارکسیسـتەکانی دوایـی لەشـیکاری گرووپـەکانی دەسـەڵات لـە دەوڵەتـە کاپیتالیسـتەکاندا، بیرۆکـەی پلۆڕاڵیزمیـان وەک بیرۆکەیـەکی لێـڵ و کەرەسـەیەکی شـاردنەوە ڕاستی باڵادەستی چیانەیەتی چاولێکردووە. پـێ داگـرتن لەسـەر ئـەو خاڵـە پێویستە کە تاوتویێ کردنی زۆربـوونی گرووپـەکانی دەسـەڵاتی کۆمەڵایـەتی نـاکرێ بـەبێ لەبـەرچاو گرتنـی داڕشـتەی چینایـەتی کۆمـەڵگا بـێ. بەرژەوەندییە جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگدانەوەی ڕێکخراوەکانیان دەگرووپەکانی دەسـەڵاتی کۆمەڵایـەتیدا بـێ بـەری نـین لەلایـەن و ئۆگرییـە چیانییەتییەکان. لەلایەکیترەوە جـەخت کـردن لەسـەر ئـەو لایەنانـە نـابێ ببێتـە هـۆی لەبـەرچاو نـەگرتنی کۆمەڵـەی تێکچنـراوی گـرووپ و هێـزە کۆمـەڵایەتییـەکان کـە هـەڵقوڵاوی داڕشـتەی کەلـەبرە جۆراوجۆرەکـانی کۆمەڵگاکانن.

## مۆدێلی لاوەکی کۆرپۆراتیزم (Corporatism)

کۆرپۆراتیزم نەک بەواتا ئایدۆلۆژیاک و مێژووییەکەی[۱] بەڵکوو بەواتای مۆدێلێکی کۆمەڵناسی سیاسی لەهەمبەر مۆدێلی پلۆرالیزم و لەپەراوێزی ئەودا لەدایک بووە. سەبارەت بە پەیوەندی دەوڵەتی مۆدێرن و کۆمەڵگا بیرۆکەی کۆرپۆراتیزم لەسەر بنەمای ئەو ئەسڵەیە کە هاوئاهەنگی و یەکێتی چینایەتی پێویستی بەردەوام بوونی کۆمەڵگایە و ئەو هاوئاهەنگییەش کاتێک دێتەدیی کە چینە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت ڕێکخراوە چینایەتییەکانی سامان و کار ئاگاداری ماف و ئەرکەکانی خۆیان سەبارەت بە یەکتر ببن.[۲] بەواتایەکیتر لەبیرۆکەی کۆرپۆراتیزمدا "کۆمەڵگا وەک شتێک سەیردەکرێ کە پێکهاتبێ لەپاژە جیاجیاکان کە لە پەیکەرەیەکی یەکەدا یەکیان گرتبێتەوە و بەدەنێک(Corpus) پێکبێنن و

---

۱. کۆرپۆراتیزم بە واتا ئیدئۆلۆژی و مێژوییەکەی کە بەستراوەی سروشتی دەوڵەتە فاشیستەکانی ئورووپا لەنێوان دوو شەری جیهانی دایە، وەک پێداویستی سازدانی هاوئاهەنگی لەنێوان چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگا و ئامادەبوونیان لە گۆڕەپانی ئابووری و سیاسەتدا دەکار هاتووە. بەو واتایە کۆرپۆراتیزم ئیدئۆلۆژییەکی نۆرماتیڤە. بەڵام کۆرپۆراتیزم وەک مۆدێلێکی کۆمەڵناسی سیاسی بەمەبەستی شیکاری راستەقینەی پێوەندییە تێکچنراوەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا خراوەتە روو.

2. L. Panitch, “The Development of Corporatism in Liberal Democracies”, *Comparative Political Studies*, 10(1) 1977, p. 61.

ڕیشەی وشەی کۆرپۆراتیزمیش هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێ.[3] هەر وەک لە سەرەوودا باسمان کرد لە مۆدێلی پلۆڕاڵیزم دا ئەو ئەگەرە زاڵـە کە لـەنێوان بەرژەوەندی و گرووپە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا لەسەر وەدەست هێنـانی پلـە سیاسـییەکان رکەبەرایـەتی لـەئارا دایـە و سیاسـەتیش هەڵـگری کـارتێکەرییـەکـانی ئـەو ڕکـەبـەرایـەتیانەیە. لەهەمبـەردا لـەمۆدێلی کۆڕپـۆڕاتیزمدا ئەگـەری زاڵ ئەوەیـە کـە حکوومەتـەکان نـاتوانن ئۆگرییـەکانی گرووپـە جیاجیاکـان لەبـەرچاو نـەگرن و یـان بەیـەک چـاو سـەیریان نەکـەن بـەڵکوو سروشـتی دەوڵـەت پێویسـتی بـەسـەرنجدان بـە بەرژەوەندی گرووپە جیاجیاکان و کۆکردنـەوە و تێکـەڵ کـردن و هاوسـەنگ کردنیان بەمەبەستی سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها سـازدانی بەشـێکی هـەرە کـەمی دادپـەروەری لـەناو چنـراوەی کۆمـەڵ دایـە. بـەپێی بیرۆکـەی کۆڕپـۆڕاتیزم، مـۆدێلی مـارکس و پلـۆڕاڵیزم بەباشـی لەپیوەنـدی دەوڵـەت و کۆمـەڵگا ناگـەن چوونکـە سـەرنج نادەنـە سروشـت و ڕۆڵ و فۆنکسیۆنی بالانسبەخشی دەوڵەت. بـەپێی مـۆدێلی کۆڕپـۆڕاتیزم داڕشتەی سیاسەتی دەوڵەتی فەرعانی مۆدێرن لەکۆمەڵگای کاپیتالیستی و چینایەتی-دا لەسـەر بنـەمای هاوسـەنگی و بالانسـی ئۆگرییـە چینایـەتی و هێـزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانە. لەو داڕشتەدا کە بـەپێی بـاوەڕی کۆڕپۆڕاتیستە هاوچەرخەکان، تایبـەتی دەوڵەتـە مۆدێڕنـە دێموکراتیـک و فەرعانییـەکانی کۆمەڵگا کاپیتالیستییە *پێشکەوتووکانە*، مێکـانیزمگـەلێک بـۆ نوێنەرایـەتی

3. J. Winkler, Corporatism, *Archives europeaines de sociology*. 17 (1), 1976, p. 105.

ئۆگرییە جۆراوجۆرەکان دانراون. ئەو ئۆگری و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیانە لەناو سازیگەلێکدا، ڕێکخراون و لەلایەن دەوڵەتەوە ناسراون. هەر ڕێکخراوە و نوێنەرایەتی پاوانکراوی بەرژەوەندییەکانی بەشی بەستراوەی خۆی لەدەست دایە و دەوڵەتیش تاڕادەیەک چاودێرە بەسەر شێوەی ڕێکخستنی خواستەکانی هەر ڕێکخراوێکدا[1]. بەو پێیە کۆرپۆراتیزم وەک شرۆڤەیەک سەبارەت بە مۆدێلی پەیوەندییە چەسپاو و باوەکانی ناودەوڵەت و کۆمەڵگا لەکاپیتالیزمی پێشکەوتوودا ڕانراوە. بەپێی باوەڕی کۆرپۆراتیستە هاوچەرخەکان، ئاڵوگۆڕ لە بارودۆخ و پەیوەندییەکانی هێزە چینایەتییەکان لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا لە پاش شەری جیهانی یەکەم هێزی پلۆراڵیزمی وەک مۆدێلێکی کۆمەڵناسی سیاسی دابەزاند. لەهەمبەردا وەها ئیددعا دەکرێ کە مۆدێلی کۆرپۆراتیزم بە باشترین شێوە دەتوانێ ڕاستی پەیوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگا بخاتە ڕوو. بەتایبەت پێداویستی کاپیتالیزم بۆ دووبارە بەرهەم هێنانەوەی بارودۆخی ژیانی خۆی پێویستی سازبوونی ئەو جۆرە لە پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگایە کە لە مۆدێلی کۆرپۆراتیزمدا شیکاری کراوە. بەپێچەوانەی مۆدێلی پلۆراڵیزم کە لەودا فەرز ئەوەیە کە "ژمارەیەکی نادیار لە گرووپە جۆراوجۆرە، ئازاد، ڕکەبەر، خودمووختار و بێ سەر زنجیرەپلەی ناوخۆیی" لە کۆمەڵگای مۆدێرندا بوونیان هەیە و بەشێوەیەکی ئازاد کار دەکەنە سەر ژیانی سیاسی، لەبیرۆکەی کۆرپۆراتیزمدا باوەڕ وایە کە وەها

1. P. Schmitter, “Still the Century of Corporatism?” *Review of Political Studies*, 36 (1), 1974.

گرووپگەلێکی "دیار و سنووردار، خاوەن پسپۆری، زۆرەملی، خاوەنی سەر زنجیرە پلەی ناوخۆیی تێکچنراو، پێویستیان بە مۆڵەت لەلایەن حکوومەتەوە هەیە و هەر یەکەو خاوەن مافی نوێنەرایەتی بەرژەوەندی بەشی بەستراوەی خۆیەتی".[2] بەپێی باوەڕی کۆرپۆڕاتیستەکانیتر "زۆربوونی دەسەڵات" لە کاپیتالیزمی پێشکەوتوودا لەئاردا نییە بەڵکوو هێزی کۆمەڵایەتی و (چینایەتی) دیار لەئارا دان کە کار دەکەنە سەر دەسەڵاتی دەوڵەت بەڵام ئەو هیزانە سنووردار نین بەچینەکانی سەرووی ئابووری یان بوورژوازییەوە و هەروەها ژیانی سیاسی تەنیا لەڕێگەی پێداویستی و کەلوپەلەکانی بەردەوامی کەڵەکەبوونی سامانەوە دیاری ناکرێ.

لەڕاستیدا مۆدیلی کۆرپۆڕاتیزم پێداگری شیکاری بارودۆخی باو لە پیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا لە وڵاتە پێشکەوتووە پیشهسازییەکان دایە. بەپێی ئەو مۆدێلە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە توانایی دەولەتی مۆدێرن لە دیاری کردن و ئاراستە وەرگرتنی هێزەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. تێکەڵ کردن و کۆبەستی ئۆگری و بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکان ئێستا لەناو چوارچێوەکانی دەسەڵاتدا دێتە ئەنجام و ڕووداوێکی "ڕێکەوت" یان بێ زانیاری نییە و زەختی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دەوڵەت بەشێوەیەکی دڵخوازانە و پێشبینی نەکراو نییە. بۆ وێنە لەگرووپەکانی

---

2. Ibid, pp. 93-4.

نوێنەری بەرژەوەندی و چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵایەتی، وەک فیدراسیۆنە کرێکاری و خاوەن کارەکاندا ئەندامەتی بۆتە شتێکی زۆری. لەهەر بوارێکدا ڕێکخراوێک ویستەکان دەخاتە بەردەم و دەکەویتەوە دانوستانەوە و بڕیار و گرێبەستەکانی لەگەڵ دەوڵەت دا وەک شتێکی رەوا سەیر دەکرێ. وەها ڕێکخراوگەلێک پەیڕەوی ئەندامانی خۆی بەرەولای خۆی رادەکێشێ و بنەمای پشتگیری لەسیاسەتەکانی دەوڵەت پێک دێنێ.

به گشتی مۆدێلی کۆرپۆڕاتیزم تێکەڵاوییەکە لە لایەنە سەرەکییەکەی مۆدێلی مارکس و مۆدیلی داڵ. بەپێی مۆدێلی کۆرپۆڕاتیزم بنەمای ڕاستەقینەی کردەوەکانی دەوڵەتی مۆدێڕن بۆ کۆکردنەوە و تێکەڵ کردن و ئاشتکردنەوەی بەرژەوەندی و ئۆگرییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆر و دژە یەکەکان، هەر هەمان گرژی چینایەتییە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو گرژییانە ناکرێ بەباشی لەو هەولانە تێبگەین. دەوڵەت لەسەر ئاستی ژیانی سیاسیدا، پەیوەندییە چینایەتی و *قۆناخی باوی خەباتی چینایەتی* بەرهەمدێنێتەوە. بەو پێیە کۆرپۆڕاتیزم تەنیا فۆرماسیۆنی هێزە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانیان و هەروەها پەیوەندییەکانیان لەگەڵ داڕشتەی دەوڵەتی مۆدێڕنی فەرعانی لە قۆناخێکی مێژوویی تایبەتدا پێشان دەدا و یان بەواتایەکیتر، جۆرە فۆرماسیۆنێکی تایبەتی مۆدێلی مارکس دەکێشێتەوە. لەلایەکیترەوە، کۆرپۆراتیستەکان دوو چەمکە سەرەکییەکانی مۆدێلی پلۆڕاڵیزمیان پاڕاستووە؛ یەکەم، ئەوە کە سیاسەت-دانانی دەوڵەتی هەردەم دەرئەنجامی کێشە و گرژی و رکەبەرایەتی گرووپەکان و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە بەلام ئەو ڕاستییە لە

فۆرماسیۆنی تایبەتی دەوڵەتی مۆدێرنی فەرعانیدا شێوەیەکی تایبەتی وەرگرتووە، بەو واتایە کە لەو فۆرماسیۆنەدا ئەو گرووپانە خاوەن سنووری سەربەستی دیاری کراو و هەروەها مافی تایبەتی پاوانکراون. دووهەم ئەوەکە، رکەبەرایەتی لەنێوان ئۆگری و بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکانی ئابووری – کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی رەچاوکردنی سیاسەتی هاوسەنگ(واتا ئەو سیاسەتانەی کە دەبنە هۆی هاوسەنگ بوونی ویستی گرووپە جیاجیاکان)، چوونکە دەستەبەر کردنی بەرژەوەندی سەرجەم چینەکان بەتایبەت چینە کریکاری و کاپیتالیستەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ پێویستی بە پێش گرتن لەبەدیهاتنی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی دارِشتەیی لە سیستمی کاپیتالیستی دایە. بۆ وێنە، دانوستانی بە کۆمەڵی نێوان سێ لایەنی حکوومەت، یەکێتییە خاوەن پیشەکان و یەکێتییە کرێکارییەکان لەسەر پرسەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی ئابووری دەرخەری تایبەتمەندی کۆرپۆراتیستی دەوڵەتی مۆدێرنە کە وەک دابین کەری یەکێتی و سەقامگیریی کۆمەڵگا سەیر دەکرێ. بەو پێیە، دەوڵەت تێدەکۆشێ بەمەبەستی سەقامگیری بارودۆخی هاوسەنگی دەسەڵاتی چینایەتی لەرِێگەی سازدانی حاوانەوە لەنێوان چینەکاندا، زاڵ بێ بەسەر خەباتی چینایەتیدا. لەراستیدا یەکێک لەتایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پەیوەندی دەوڵەتی مۆدێرن و کۆمەڵگا لە وڵاتە ئورووپاییەکان لەپاش شەری جیهانی دووهەمدا بەربڵاوبوونەوەی دیاردەی دانوستان و گرێبەستە سێ لایەنەکان لە بواری سیاسەتە ئابورییەکاندا (بەتایبەت سیاسەتی نرخەکان، حەقدەستەکان، پلاندانان و خەواندنی سامان) بووە، کە لە دەرەوەی پارِلماندا دێنە ئەنجام. ئەوەش خۆی بەهۆی لاوازبوونی پێکهاتە

نوێنەرایەتییەکان و پاڕلمان لەو وڵاتانەدا بووە. لە هەندێ لە وڵاتاندا "پاڕلمانتاریزمی ئابووری" وەک تێکۆشان بۆ حاوانەوەی ئۆگری چینە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی کۆرپۆڕاتیستی باسی لێوەکراوە. لەو پیوەندییەدا ئەنجوومەنە ئابووری – کۆمەڵایەتییە راوێژکاری هولەند، فەرانسە و ئۆتریش جێی باسن. ئەو تاقمە لە لایەنگرانی مۆدیلی کۆرپۆڕاتیستی دەوڵەت کە بیرۆکەکەیان لەسەر بنەمای بیرۆکە سیاسی – ئابوورییەکانی کاتۆلیکی ڕۆدەنێن داکۆکیان کردووە لە پێکهاتنی مەجلیسی دووهەم و یان تەنانەت مەجلیسی یەکەمی پاڕلمان لەسەر بنەمای گرووپەکانی خاوەن بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی. هەڵبەت ئەزموونی فاشیزم بە گشتی تەمێکی گومان و دوودڵی خستۆتە سەر وەها پێشنیارگەلێک. لەگەڵ ئەوەشدا، بەڕێوەبردنی وەها پێشنەهادێک و سپاردنی بەشێکی باشی کورسییەکانی پاڕلمان بە گرووپەکانی خاوەن بەرژەوەندی کارێکی حەستەمە. لەڕاستیدا لەسیستمە فرە حیزبییەکاندا، حیزبە سیاسییەکان بەشێوەیەکی نادیار هەر ئەو ئەرکە بەئەنجام دەگەیەنن.

لەکۆی باسەکەدا ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە مۆدێلی کۆرپۆڕاتیستی شیاوی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا لەوڵاتە پێشکەوتووە کاپیتالیستییەکانی هاوچەرخدا بێ و بەو شێوەیە تەنیا دەتوانێ لایەنێکی مۆدێلی هەراوی کۆمەڵناسی سیاسی پێکبێنێ. تەنانەت لە وڵاتانێکی ئەوتۆشدا مۆدێلی کۆرپۆڕاتیستی دانوستان و گرێبەستە سێ قۆڵییەکان تەنیا چوارچێوەیەکی زۆر بچووکی سیاسەت دانانی ئابووری لەخۆ دەگرێ و گرێبەست گەلێکی ئەوتۆش زۆربەی کات

تێپەر و ناکاریگەر بوونە. بەو پێیە، لەولاتانی بەرباسدا، پێکهاتەی کۆرپۆراتیستەکان زۆر لاوازن و دەرخەری کۆمەڵە پەیوەندییە تێکچنراوەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا نین. بێشک فۆنکسیۆنی کاریگەری کۆرپۆراتیزم پێویستی بەبڵاوبوونەوەی "کلتووری" دانوستان و حاوانەوەی نێوان گرووپەبەندییە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان و بەسازی بوونی چین و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی دیار و چربۆوەیە. لەکردەوەدا، بەردەوام بوونی ڕوانگە دژەکاپیتالیستی و نەحاوانەوەکان لەبەشە سەرەکییەکانی بزووتنەوە کرێکارییەکان لە ولاتانی ڕۆژئاوادا و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان و هەروەها نەبوونی یەکگرتوویی لەنێوان یەکێتییە کرێکارییەکان و لەئاکامدا نەبوونی هاوئاهەنگی لەنێوانیان دا لەبواری دانوستانی بەکۆمەڵ، بوونەتە لەمپەری بڵاوبوونەوەی چوارچێوەکانی کۆرپۆراتیستی. لەلایەکیترەوە دیسانیش دەبێ وەبیر بێنینەوە کە بۆ وێنە رادەی ئازادی کردەوە و دەسەڵات و هەڵبژاردنی ڕێکخراوە کرێکاری و ڕێکخراوە خاوەن کارەکان بەیەک رادە نییە و ئەوەش خۆی دەگەڕێتەوە سەر نابەرامبەری دارشتەیی دابەشینی دەسەلاتی سیاسی لە کۆمەڵگاگەلێکی ئەوتۆدا. تەنانەت لەگەڵ هاتنە سەر کاری سیستمێکی کۆرپۆراتیستی و جێگیربوونی هاوسەنگی چینایەتی لە دەمکوورتدا گرژی نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەدرێژماوەدا لەناو ناچێ.

٤

# بیرۆکەی فانکشناڵیزم و پەیوەندی سیستمی کۆمەڵایەتی و سیستمی سیاسی

داخوا بیرۆکەی فانکشناڵیزم خاوەنی مۆدێلی کۆمەڵناسی سیاسییە؟ ڕەنگە بڵێین کە زاڵترین نوارین لەکۆمەڵناسی هاوچەرخ لە ڕۆژئاوادا نوارینی فانکشناڵیزمە کە ڕیشە فکرییەکانی ئەو شێوە نوارینە سەرەتا دەگەڕێتەوە سەر ئیمیل دۆرکهایم و پاشانیش تالکۆت پارسۆنز. چەمکە سەرەکییەکانی ئەو نوارینە بۆ وێنە چەمکی سیستم و فۆنکسیۆن لەزانستە فەننییەکان (بۆ وێنە نووسراوەکانی لۆدویک فۆن بێرتالنفی و ڕۆدێلف کلاوسیوس) وەرگیراون.[1] لەو تێگەیشتنەدا گریمانە ئەوەیە کە هەمووی کۆمەڵگا سیستمێکە پێکهاتوو لە بەشە جیاجیاکان کە هەرکام فۆنکسیۆن و ئەرکی تایبەت بەخۆی بە ئەنجام دەگەیەنێ و لە نێوان پاژەکانی سیستمدا

---

١. مهدی فرشاد، *نگرش سیستمی*، امیرکبیر ١٣٦٢، و. سادوسکی، *نظریه سیستمها*، ترجمه کیومرث پریانی، نشر تندر، ١٣٦١.

پەیوەنـدیگـەلی تەواوکـەر و دو لایەنـە لـەئارا دایـە. هـەر سیسـتمەو کۆمەڵەیەکە لـە پـاژە بەسـتراوەکان کـە لـەناو چوارچێوەیـەکی[2] تایبـەتدا ئەکتیڤـە و لەگـەڵ ئـەو چوارچێوەیـەدا پەیوەندییـەکی دوو لایـەەی هەیـە. دەکرێ چوارچێوە وەک بەشێک لەسیستمێکی گەورەتر وێنـا بکـەین. لـەو ڕووەوە دەبـێ لـەنێـوان سیسـتمی سـەرەکی و لاوەکـیدا بـەپێی ئاسـتی خوێندنەوە جیـاوازی دانـێن. دەتـوانین سیسـتمی سیاسـی وەک سیسـتمێکی لاوەکی[1] خوازراوە لە سیستمی کۆمەڵایەتی و یان وەک سیسـتمێکی سـەرەکی پێکهاتوو لە سیستمە لاوەکییەکان لەبەرچاو بگرین. هەروەها سیستم ڕەنگـە کـراوە یـان داخراوبـێ. سیسـتمی داخـراو لەگـەڵ دەوڕووبـەردا پەیوەنـدی و دانوستانی نییـە و ڕووە و هاوسـەنگییەکی چـەقبەسـتوویە[2] و بـەدوورە لـە کارتێکـەری زەمـان. لەهەمبـەردا سیسـتمی کـراوە لەگـەڵ چوارچێـوەدا لـە دانوستان دایە و پاژەکانی لەدەروازەی ئاڵوگۆڕ دان. هەر سیسـتمێکی کـراوە خاوەنی ئـەو چـوار تایبەتمەندییـەی خوارەوەیـە: ١) Input یـان ئـەو شتەی دەچێتە ناو سیستمەوە؛ ٢) Output یان ئەو شتەی سیسـتم بەرهـەمی دێنـێ، ٣) Process واتا ئـەو کردەوانـەی لەسـەر Input ئـەنجام دەدرێـن هـەتا ببێتـە Output و ٤) Feedback یان مێکانیزمی کۆنترۆڵ کە یـان دەبێتـە هـۆی بـەگۆڕ بوونی ڕەوتی کردەوەی سیستم هـەتا ئاسـتی هـەرە سـەڕوو (واتـا فیدبـەکی

---

2. Environment
1. Sub-System
2. Homeastasis

پۆزێتیڤ) و یان دەبێتە هۆی دابەزینی ڕەوتی کردەوەی سیستم هەتا ئاستی هەرەخوارووو(واتا فیدبەکی نێگەتیڤ). لێرەدا سەرەتا بەپێی بیروڕای پارسۆنز و نوێنەرانی‌تری ئەو شێوە نوارینە بەتایبەت دەیوید ستۆن مۆدێلی گشتی کۆمەلناسی سیاسی فانکشنالیستی رادەنرێ و پاشان تواناکانی ئەو نوارینە وەک مۆدیلی کۆمەلناسی سیاسی دەکەوێتە بەر ڕەخنە و هەڵسەنگاندن.

## بیرۆکەکانی تالکۆت پارسۆنز

پارسۆنز کە لەدەیەی ١٩٣٠دا مامۆستای کۆمەڵناسی زانستگای هاروارد لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بوو کاریگەرییەکی بەردەوامی هەبووە لە سەر کۆمەڵناسانی ئەمریکایی و نوارینی فانکشنالیستی لەژێر کاریگەری نووسراوە سەرەکییەکانی ئەو بەتایبەت *داڕشتەی کردەوەی کۆمەڵایەتی (١٩٣٧)دا* بەربڵاوبۆتەوە. پارسۆنزیش خۆی بەتایبەت لەژێر کاریگەری دۆرکهایم دابوو. بە گشتی بەباوەڕی پارسۆنز فۆنکسیۆنی سەرەکی کۆمەڵگا سنووردار کردنی ویستە سەرکەشەکانی مرۆڤ و دانانی قانوون و ڕێساگەلێکە لەسەر ئەو ویستوخواستانە. لەو ڕووەوە هزری پارسۆنز لەو بوارەدا شیاوی پێکگرتن لەگەڵ هزری فرۆیدە. هەروەها پارسۆنز لەژێر کاریگەری نەریتی ماکس ڤێبێردا بوو چوونکە پارسۆنزیش لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەکاتی بەئاوەزی بوون دایە و ئاوەزیی بوون وەک پێوانەی جیاکەرەوەی کۆمەڵگای نەریتی لەکۆمەڵگای

مۆدێڕن دێتە ژمار. لەپرۆسەی بەئاوەزیی بوونی هێور و بەردەوامدا، کۆمەڵگا گەشە دەستێنێ و کردەوەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕووەو هەڵکشان بەلای نۆرمە ئاوەزییەکان دا دەشکێتەوە. بەباوەڕی پارسۆنز باشتری شێوە و میتۆد بۆ تێگەیشتن لەسەرتاپای ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە ئەو ڕاستەقینە کۆمەڵایەتییە وەک "سیستم" تێ بگەین. کۆمەڵگاش، هەروەک سیستمە مێکانیکی یان ئۆرگانیکییەکان کۆمەڵەیەکە لەو پاژانەی کە لەنێوانیاندا پەیوەندی دوو لایەنە لەئارا دایە. کۆمەڵەیەکی ئەوتۆ تەنیا لەسەر بنەمای توندوتیژی و دەسەڵات ڕانەوەستاوە بەڵکوو لەسەر بنەمای مێکانیزمگەلێکی یەکریزی تێکچنراوە کە یەکێک لەوان بنەما ئەخلاقییەکانە. کۆمەڵگا بۆ ئەوەی یەکریزی کۆمەڵایەتی بپارێزێ هەندێ ئاستەنگی دادەنێ. دیسیپلینی کۆمەڵایەتی، پاڵنەری مرۆڤە بەرەولای ژیار و ئازادی و لەو ڕووەوە گەشەی ئاوەزمەندی لەمێژوودا دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی وشیاری و ئازادی و ئاسوودەیی مرۆڤ. لەگەڵ ئەوەدا دەسەڵاتیش هەتا ئەو کاتەی کەڵکی خراپی لێوەرنەگیرێ بۆ بەردەوامی سیستمی کۆمەڵایەتی پێویستە. هەڵبەت وێناندنی کۆمەڵگا وەک کۆمەڵە و سیستمێک بەو واتایە نییە کە لەو کۆمەڵگایەدا گرژی و پێکدادان نایەتە ئاراوە. کەمی سەرچاوە و بەهاکان دەبێتە هۆی ڕکەبەرایەتی و ئەو ڕکەبەرایەتییەش گرژی و پێکدادانی لێدەکەوێتەوە. بەو پێیە دابەشینی سەرچاوە و بەهاکان یەکێک لەگرینگترین پرسەکانی سیستمی کۆمەڵایەتییە و هەر لەو ڕۆشەوە پێویستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دێتە ڕوو. گرژی خۆی لەخۆی دا نابێتە هۆی هەرەسهێنانی دیسیپلینی کۆمەڵگا چوونکە کۆمەڵانی

خەڵک پێداویستی و پێوانەی هاوبەشیان هەیە بۆ نرخاندنی سەرچاوەکان و لەو ڕووەوە دەتوانن گرژییەکانیان بگەیەننە ئاستێکی نزم و میتۆدگەلێک بۆ بەردەوامی ژیانی هاوبەش بدۆزنەوە.[1]

لەڕوانگەی پارسۆنزەوە هۆکارەکانی یەکریزی و بەردەوام بوونی سیستمی کۆمەڵایەتی بریتین لە: ١) بەهاکان؛ ٢) نۆڕمەکان؛ ٣) پێکهاتەکان و ٤) ڕۆڵ و دەورەکان. بەهاکان دیاریکەری ئامانجەکانی ژیانن و کردەوەی تاکەکانیش پەلکێشی لای ئەو ئامانجانە دەکەن. فۆنکسیۆنی سیستمی بەهاکانی هەر کۆمەڵگایەک سازدانی بنەمای یەکریزی کۆمەڵایەتییە. سیستمی بەهاکان وەک تۆخمی ئەخلاقی و فەرهەنگی سیستمی کۆمەڵایەتی دێتە ژمار و وەک  ژێرخانی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێ. نۆڕمەکان لە ژێر سێبەری بەهاکاندا لەدایک دەبن و هەروەها ئەکتیڤ دەبن و قانوون و میتۆدی کردەوەی کۆمەڵایەتی بەدەستەوە دەدەن. سیستمی حقووقی هەر کۆمەڵگایەک سیستمی نۆڕماتیڤی ئەو کۆمەڵگایەیە. نۆڕمەکان بەدیهێنەری بواری هاتنەدی بەها کۆمەڵایەتییەکانن. پێکهاتەکان ڕەنگدانەوەی بەها و نۆڕمەکان لە دامەرزاوە کۆمەڵایەتییەکان دان و ڕۆڵ و دەورەکان کۆمەڵە فۆنکسیۆنی ناوهەر پانتایەکی سیستمی کۆمەڵایەتین کە لە کردەوەدا بەها و نۆڕمەکان لەناو پێکهاتەکاندا دەکار دێنن.

1. R. Wallace and A. Wolf, *Contemporary Sociological Theory.* (Prentice Hall, 1984), pp. 17-44.

هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتی بۆ پاڕاستن و بەردەوام بوونی خۆی چوار فۆنکسیۆنی سەرەکی بەئەنجام دەگەیەنێ کە بریتین لە: ۱) پاڕاستنی یەکگرتوویی و یەکریزی کۆمەڵایەتی[1] ئە فۆنکسیۆنە لەلایەن پێکهاتەکانی وەک ئایین، فەرهەنگ و بنەماڵەوە دێنە ئەنجام دان کە بە گشتی پێکهێنەری سیستمی بەهاکانی کۆمەڵگان؛ ۲) پێکهێنانی یەکریزی و چارەسەری گرژی[2] بەپێی سیستمی نۆمیک یان حقووقی. سیستمی حقووقی لەهەر کۆمەڵگایەکدا بەرێوەبەری ئەو فۆنکسیۆنەیە؛ ۳) فۆنکسیۆنی گەیشتن بەئامانج ( Goal attainment) کە بەتایبەت لەلایەن سیستمی سیاسییەوە دێتە ئەنجام دان؛ و ٤) فۆنکسیۆنی خۆگوونجاندن(Adaptation) لەگەڵ هەلومەرجی بگۆر و نوێ دا کە لەلایەن پێکهاتەکانی سیستمی ئابوورییەوە بەرێوە دەبرێ.

سیستمی سیاسیش خاوەنی ئەو چوار فۆنکسیۆنەیە. ئایدۆلۆژیا و قانوونی بنچینەیی فۆنکسیۆنی یەکەم بەرێوە دەبەن، دەزگای دادپەروەری ئامرازی بەرێوەبردنی فۆنکسیۆنی دووهەمە؛ دەزگای ئۆفیسی یان بڕۆکڕاسی فۆنکسیۆنی سێهەم بەرێوە دەبا و دەزگای بەرێوەبەرایەتی یان حکوومەتیش ئەرکی بەئەنجام گەیاندنی فۆنکسیۆنی چوارەمی لەئەستۆیە. سیستمی سیاسی وەک هەر سیستمێکیتر خاوەنی بەها، نۆرم، سازی و ڕۆڵ و

---

1. Pattern Maintenance
2. Integration

دەورەی تایبەت بەخۆیەتی. گرینگترین پڕۆسە لەسیستمی سیاسیدا بەباوەڕی پارسۆنز پڕۆسەی *دەسەڵاتە* کە ڕۆڵەکەی هەر وەک ڕۆڵی دراو لەسیستمی ئابووری دایە. دەسەڵات بریتییە لە توانای گشتی سیستمی سیاسی بۆ مۆبیلیزەکردنی سەرچاوەکان بە ئاراستەی گەیشتن بە ئامانجەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی. بەو پێیە دەسەڵات بەباوەڕی پارسۆنز لە خزمەت بەرژەوەندی گشتی واتا سەرجەم سیستمی کۆمەڵایەتی دایە. لەناو سیستمی سیاسیدا بەها و نۆڕمەکان بنەمای پەیڕەوی سیاسی پێک دێنن. سیستمەکانی بەها و نۆڕمێک لە ڕێگەی ڕەهەندەکانی بەکۆمەڵ بوونەوە دەخزێنە ناو تاکەکان و لەئاکامدا، پەژراندنی بنەڕەتی نۆڕم و بەهاکان وەک بواری بەردەوام بوونی دەسەڵاتی سیاسی دێنە ژمار. دابەشکردنی ئەرکەکان لە سیستمی سیاسیدا بەپێی جیاوازی دەورە سیاسییەکانە. دەرکەوتنی هەر ڕۆڵ ودەورێک لە کۆمەڵگا و هەروەها لەسیستمی سیاسیدا پوان و ئەرکگەلێکی بەدواوەیە. هاووڵاتیان بەپێی ڕۆڵ و دەوریان لە سیستمدا پەیڕەوی لە دەسەڵاتی سیاسی دەکەن و کاتێک بەپێی ڕۆڵ و دەوری خۆیان نەجوڵێنەوە ئەوا دەکارهێنانی توندوتیژی بەمەبەستی پەیڕەوی لە نۆڕمەکان وەک پاڵپشتییەکی بەرێوەبەرایەتی کارێکی پێویستە. بەو پێیە، توندوتیژییەکی بەمەبەستی ڕەچاوکردنی بەها و نۆڕمە چەسپاوەکان بەئەنجام بگا کارێکی ڕەوایە.[1]

---

1. A. Orun, *Introduction to Political Sociology*. (Prentic Hall, 1983), pp. 72-105.

هەروەک گووتمان سیستمی سیاسی ئەرکداری بەڕێوە بردنی فۆنکسیۆنگەلێکی تایبەتە. گرینگترین فۆنکسیۆنەکانی سیستمی سیاسی بریتین لە: هێنانە سەرکاری کاربەڕێوەبەرانی دەور و ڕۆڵە سیاسییەکان، هەڵێنجان و مۆبیلیزەکردن و دابەشینی سەرچاوەکان، ناسین و تێکەڵ کردنی سەرچاوە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکان، دابین کردنی تۆڕی پەیوەندییە سیاسییەکان، دانان و بەڕێوە بردنی نۆڕمە سیاسییەکان و هەروەها ئەنجام دانی ئەرکەکانی نێوبژیوانی پەیوەندیدار بە بەڕێوەبردنی نۆڕمەکان.

هەروەک دیتمان هەندێک لەو فۆنکسیۆنانە پەیوەندیان بە بەشی"Input" و هەندێکیتریشیان پەیوەندیان بەبەشی "Output"ی سیستمی سیاسییەوە هەیە. سیستمی سیاسی لەپاش وەرگرتنی زانیارییەکان "Deta" دەست دەکا بە شیکاری و شرۆڤە و ڕێکوپێک کردنیان و بەشێوەی بڕیار و سیاسەتەکان دەیانخاتە ڕوو. کاتێک سیستمی سیاسی لێهاتوویە کە فۆنکسیۆنە تایبەتەکانی بەباشی بە ئەنجام بگەیەنێ. هەروەک گووتمان ئەو فۆنکسیۆنانە بەپێی بەها، نۆڕم، سازی و ڕۆڵ و دەورەکان دینە ئەنجام. سیستمی بەهاکان دابینکەری ڕەوایی سیاسییە و بەردەوامی دەبەخشێتە دۆخی هەنووکەیی. سیستمی نۆڕماتیڤ و کۆمەڵەی پێکهاتەکان ئامرازی هاتنە دیی سیستمی بەهاکانن. بەڵام سەقامگیری سیستمی سیاسی خۆی پێویستی بە بەردەوامی بالانس لەنێوان سیستمە لاوەکییە جیاجیاکانی ناو سیستمی کۆمەڵایەتییە. کاتێک دەڵێن گشت سیستمی کۆمەڵایەتی

سەقامگیرە کە لەنێوان سیستمە لاوەکییەکاندا هاوسەنگی لەئارا دابێ. بەڵام جیاوازی ڕیتمی ئاڵوگۆڕ لەناو ئەو سیستمانەدا دەبێتە هۆی نەبوونی هاوسەنگی و ناسەقامگیریی. لەلایەکیترەوە ڕەنگە ئاڵوگۆڕ لەهەرکام لە سیستمە لاوەکییەکاندا دەست پێ بکا و دواتر تەشەنە بکاتە پانتاکانیتر. ئاڵوگۆڕ لە سیستمی فەرهەنگی و بەهاکاندا سەرجەم سیستمی کۆمەڵایەتی ناهاوسەنگ دەکا. لەلایەکیترەوە ڕەنگە گووران و سەرهەڵدانی هۆکارەکانی یەکریزی لەچاو جۆراوجۆری و تیکچنراوی سترۆکتووری کۆمەڵایەتی تووشی دواکەوتن بێن کە لەئاکامدا دیسانیش ناهاوسەنگی و نالێهاتوویی[2] دێتە دیی. نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان سیستمی فەرهەنگی و بەهاکان و پانتاکانیتری سیستمی کۆمەڵایەتی و یان بە گشتی "چوارچێوە" دەبێتە هۆی ناسەقامگیربوونی بنەڕەتی. کاتێک سیستمی بەهاکان و چوارچێوە پێکەوە ناکۆک بن، بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی گشتی یان دەبێ چوارچێوە بگۆڕێ و لەگەڵ سیستمی بەهاکان کۆک کرێ و یانیش بەپێچەوانەوە. هەروەک دەیوید ستۆن پێشانی داوە سەرچاوەکانی ئەو ناکۆکی و ناهاوسەنگییە ڕەنگە هۆکاری دەرەکی یان ناوخۆیی کاریگەر لەسەر سیستمی بەهاکان (وەک هزرەکانی دەرەوەی سیستم و یان هزرە ڕیفۆڕمە ناوخۆییەکان) و یان هۆکارە دەرەکی و ناوخۆییەکانی کاریگەر لەسەر سیستمی کۆمەڵایەتی یانیش چوارچێوە (وەک شۆڕشی پیشەسازی یان زیاد

2. Malintegration, disequilibrium, Malfunction

بوونی دانیشتوان) بن.[1] لەوەها کاتێک دا بارودۆخێکی ناهاوئاهەنگی فرەلایەنە[2]دێتە دیی.

بەسەرنجدان بەو بەڵگەیە، لەو ڕوانگەوە ناکۆکی نێوان پانتا جیاجیاکانی کۆمەڵگا سەرچاوەی سەرەکی گرژی سیاسییە و هەر لەو ڕووەوە گرژی ڕەنگە سەرچاوەی کۆمەلایەتی، ئابووری فەرهەنگی یانیش سیاسی هەبێ. سیستمی سیاسی کاتێک سەقامگرتوویە کە بەشێوەیەکی ریکوپێک زانیارییەکان وەربگرێ و بیان کاتە دەرهاویشتە (Output). لەلایەکیترەوە بێتوو بازنەی زانیاری(Input)، پڕۆسە، Output و Feedback لێک بترازێ ئەوا سیستمی سیاسی تووشی بشێوی دەبێ. ئەو بشێوییە ڕەنگە لە پانتاکانی Input، پڕۆسە، Output، و یان Feedback دا بێتە دیی. لەپانتای زانیاریی Input دا ڕەنگە گشت ویستوخواستەکانی کۆمەڵگا نەچێتە ناو سیستمی سیاسییەوە و یان سازی و ڕێکخراوگەلێک بۆ گواستنەوەی ئەو خواستانەی لەئارادا نەبێ و یانیش سیستمی سیاسی بەشێوەیەکی درۆیین خواستوویستەکان بۆخۆی دیاری بکا. لە پانتای پڕۆسەدا ڕەنگە سیستمی ئاوەزمەندی بەرادەی پێویست هەراو نەبوو بێتەوە. لەپانتای دەرهاویشتەکانیشدا Input ڕەنگە دەرهاویشتە هیچ چەشنە پەیوەندییەکی لەگەڵ زانیارییەکاندا نەبێ و لەڕاستیدا سیستمی سیاسی

---

1. D. Easton, *The Political System.* (New York, 1959).
2. Multiple Dysfunction

ئەوەی خۆی پێی باشە وەک سیاسەتەکانی بخاتە ڕوو و هەندێ جاریش ڕەنگە دەرهاویشتە ڕەنگدانەوەی زانیارییەکان بن؛ و لەئاکامدا لەپانتای فیدبەکدا ڕەنگە پەیوەندی پێویست لەنێوان زانیاری و دەرهاویشتەدا بۆ پێکگرتن و ڕێکهاتنەوە لەئارادا نەبێ. لەهەموو ئەو بوارانەدا سیستمی سیاسی بەتەواوی لەچوارچێوە دادەبڕێ و تووشی پشێوی و ناهاوئاهەنگی دەبێ.

هەروەک چۆن ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی کار دەکاتە سەر هاوسەنگی پاژەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی ئاواش کار دەکاتە سەر سەقامگیری سیستمی سیاسی. بەپێی باوەڕی پارسۆنز ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لەسێ لایەنەوە دێنە دیی: ۱) ئاڵوگۆڕی بازنەیی و دوو پاتە بۆوە وەک ئەو ئاڵوگۆڕانەی دەرئەنجامی قەیرانە بازنەییەکانی ئابوورین؛ ۲) گەشەی ئاسۆیی کە بەواتای ئاڵوگۆڕە چەندایەتییەکانی هەرکام لە پانتا کۆمەڵایەتییەکانە وەک پێشکەوتنی توانا فەننییەکان یان بەرزبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و یانیش بەشداری کردن لە سیاسەتدا؛ و۳) ئاڵوگۆڕی ستروکتووری کە بەشێوەی ئاڵوگۆڕی چۆنایەتی لە ستروکتووره جیاجیاکانی وەک ئاڵوگۆڕ لە داڕشتەی بنەماڵەدا، ئاڵوگۆڕ لە شێوەی بەرهەم هێناندا و شتی لەو بابەتانە دایە. لۆژیکی ئاڵوگۆڕی داڕشتەیی لە ڕوانگەی پارسۆنزەوە بریتییە لە تێپەرین لە یەکریزی و یەکگرتوویی داڕشتەییەوە (Integration) ڕووەو دابڕان و تێکچنراوی داڕشتەیی (Differentiation) و سەرهەڵدانی

پێکـدادان و زەخـت (Tension) و لـەئاکامدا گەیشـتن بەئاسـتێکی بـەرزتری یـــەکریزی.[1] لـــەئاکامی جۆوراوجـــۆری داڕشـــتەیی‌دا، فۆنکســـیۆنەکانی داڕشتەیـەک لـەناو داڕشـتە جیاجیاکـان‌دا دابـەش دەبـێ، هـەروەک لەگـەڵ هـەراوتر بـوونی دابەشکردنی کـار و تێکچنـراوی کۆمەڵایـەتی‌دا هەنـدێ لـە فۆنکسـیۆنەکانی بنەماڵــە دەدرێتــە پێکهاتــە کۆمەڵایەتییــە جیاجیاکــان. هەروەها لە کۆمەڵگا پێشکەوتووترەکان‌دا داڕشتەگەلێکی زۆرتـر فۆنکسیۆنە ئابوورییەکانی کۆمەڵگا ئەنجام دەدەن. لـەدژی ئـەو جۆراوجـۆری و گۆرانـە داڕشتەییەدا بەشـێوەیەکی کـاتی زەخـت و پێکدادانـە کۆمەڵایەتییـەکان زیـاد دەکـەن و بەشـێوەی جۆربــەجۆری وەک گـرژی، تونـدوتیژی و دڵــەراوکێ دەردەکەون. بەڵام لـە ئاسـتێکی بـەرزتری یـەکریزی‌دا سـازی و دامـەزراوە و بـەها و نـۆرمگـەلی نـوێ دێنـە دیـی و بـەو پێیـە کۆمـەڵگا بـە تێپـەرین لـە قۆناغەکانی سەروو تێکچنراوتر دەبـێ. لـەو پرۆسـەدا هاوسـەنگی پاژەکـانی سیستمی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی کـاتی تووشـی پشـێوی دێـن و بەتایبـەت لـــەنێوان پانتـــای یـــەکریزی ئـــەخلاقی و فەرهـــەنگی و پانتـــای پێکهاتـــە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگادا ناکۆکی دێتە ئاراوە. بە گشتی، بـەپێی نـواڕینی کۆمەڵناسی فانکشنالیستی، دیسیپلینی سیاسی لەسەر بنـەمای دوو دەسـتە هۆکارە: یەکەم ئەوەکە سیستمی سیاسی فۆنکسیۆنەکانی خۆی بە باشـی بـە ئەنجام بگەیەنێ و لەگەڵ سیستمە لاوەکییەکانی کۆمەڵگادا لەپەیوەندی دوو

---

1. Orum, op. cit. pp. 94-99.

لایەنە دابێ، و دووهەم ئەوە کە لەنێوان پانتا سەرەکییەکانی سیستمی کۆمەڵایەتیدا ناکۆکی و ناهاوسەنگی بەگۆڕ نەیەتی دیی.

## بیرورِا تەواوکەرکان

قوتابخانەی فانکشناڵی هەروەک باسکرا بە گشتی بەشوێن ئەوە دایە کە بە کەڵک وەرگرتن لە چەمکە باوەکانی زانستە فەننییەکان بپرژێتە سەر شیکاری ژیانی سیاسی و پەیوەندی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیدا. کارڵ دۆویچ بە کەڵک وەرگرتن لە مۆدێلی سیبێرنێتیک بەداوی رانانی شرۆڤەیەکی وردی ژیانی سیاسی بەپێی مۆدێلی فانکشناڵیدا بووە. لە بیرۆکەی سیبێرنێتیکیشدا سیستمی سیاسی وەک هەر سیستمێکیتر خاوەنی فۆنکسیۆنگەلێکە کە پێکهاتە جیاجیاکانی سیستم ئەو فۆنکسیۆنانە بەرێوە دەبەن. بەڵام بەباوەڕی دۆویچ ناتوانین سیستمی سیاسی هاوشانی سیستمە مێکانیکییەکان بزانین، وەک ئەوەی لەبیرۆکە کۆنەکاندا گریمانە دەکرا. بەباوەڕی دۆویچ دەکرێ بەباشترین شێوە سیستمی سیاسی لەگەڵ ئەو سیستمانەدا پێک بگرین کە خاوەن وشیاری، بیرەوەری و زانیارین هەر ئەو جۆرەی لە سیبێرنێتیک یان زانستی کۆنترۆڵ و پەیوەندییەکاندا دەخرێتە ڕوو. ئەو مێکانیزمانەش کەوا خۆبەرێوەبەرن و هەروەها خاوەنی بیرەوەری و زانیاریشن هەر لەسەر بنەمای زانیاری و دەرهاویشتە و فیدبەکەوە دەجولێنەوە. سیستمگەلێکی ئەوتۆ زیاتر لە سیستمە مێکانیکییەکان و تاڕادەیەکیش هەروەک مێشکی مرۆڤ خاوەنی زانیارین و

توانـای کـۆنترۆڵی ناوخۆیـان هەیـە. سیسـتمی سیاسـیش زۆرتـر شـیاوی پێکگرتن لەگـەڵ سیستمگـەلێکی ئەوتۆیـە. لەسـەر ئـەو بنەمایـە، سیستمی سیاسـی مەسـێجگـەلێک وەردەگـرێ و ڕێـکوپێکیـان دەکـا و بـەپێی ئـەوان بڕیـاردەدا. زانیارییـە پێویسـتەکانی سیسـتمە سـێبێرنیتیکەکان بـریتین لـە وزەی کارەبا، پێلە رادیۆییەکان و هتد. دەسیستمی سیاسیدا Input پێویست زانیارییەکانە. پەیوەندی و کۆنترۆڵ و بڕیاردان بـەپێی ئـەو زانیارییانەیـە. لەو ڕوانگەوە دەسەڵاتی سیاسی بریتییە لە کۆنترۆڵی ئەو زانیارییانە. هەر لـەو ڕووەوە بـەردەوامی سیسـتمی سیاسـی پەیوەنـدی هەیـە بـەرادەی دەسەڵاتەوە واتا کۆنترۆڵی ئەو زانیارییانە. هەر سیسـتمێکی سیاسـی دەبـێ بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوام بوونی خۆی سێ جـۆرە زانیـاری وەربگـرێ: ١) زانیاری سەبارەت بەجیهانی دەرەوە؛ ٢) زانیاری سەبارەت بـە ڕابـردوو یـان بیرەوەری و ٣) زانیاری سەبارەت بە پاژەکـانی و هـەروەها کـردەوەی خـۆی کـە ئـەوەش بەسـتراوەی کـردەوەی مێکـانیزمی فیدبەکـە. بـەو پێیـە کاتێـک پەیوەنـدی سیسـتم لەگـەڵ جیهـانی دەرەوەدا بپچـڕێ یـان شـێواوییەک لـە مێکانیزمی ڕێ نیشاندەری ناوخۆییدا بێتە ئاراوە، سیستم تووشی ئیفلیجی دەبێ.[1]

---

1. K. Deutsch, op. cit. Chap. 5.

## بۆچوونەکانی دوایی فانکشناڵیزم

پارسۆنز باوەڕی بە جۆرە دیتێرمینیزمێکی دوولایەنە لەنێوان سیستەمە لاوەکییەکانی سەرجەمی سیستمی کۆمەڵایەتیدا هەبوو. بەپێی باوەڕی پارسۆنز، سەرجەمی سیستمی کۆمەڵایەتی دەبێ لەڕووی واتاوە دووبارە ساز بکرێتەوە هەتا بتوانین شیکاری پاژە پێکهێنەرەکانی بکەین. هەروەها پارسۆنز پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ڕۆڵی پاژ تەنیا دەبێ لەپاراستنی سەرجەمی سیستم دا لەبەرچاو بگرین. لەو ڕووەوە بۆچوونی کۆنسێرڤاتانە لە قوتابخانەی هاوسەنگی چەق بەستوی پارسۆنزدا لەئارادا بوو. بەواتایەکیتر، زۆربەی کات ئەو شێوە نوارینە بەدوای ڕوونکردنەوەی چۆنییەتی بەردەوام مانەوەی دۆخی هەنووکەیی و چەسپاودا بووە. لەهەمبەردا هەندێ لە فانکشناڵیستەکانی وەک نیل سمێلسێر بەپێچەوانەی پارسۆنز پێشانیان داوە کە گۆڕانی مێژوویی لەبواری گەشە کردنی پیشەسازیدا نارێک و ناهاوئاهەنگ بوونە و هەر لەو ڕووەوە جۆراوجۆری دارشتەیی لەهەر قۆناخێکدا ڕەنگە پێکهاتەگەلی جیاجیا بەرهەم بێنێ. بەپێی باوەڕی سمێلسێر هەموو پاژەکانی پێکهێنەری سیستم لەڕووی کارتێکەری لەسەر هەمووی یان لەسەر پاژەکانیتر خاوەنی دەسەڵات و دزەی وەک یەک نین. بەو پێیە، جەخت کردن لەسەر بەستراوەیی دوو لایەنەی وەک یەک لەنێوان پاژەکاندا زێدەڕۆیی کردنە و هەر لەو ڕووەوە دەبێ بەچاوی گومانەوە سەیری ئەو قانوونییە بکەین کە پێی وایە کۆمەڵگا وەک سیستمێکە. بوونی پیوەندی دوو لایەنە لەنێوان پاژەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی ناتوانین پێشاوپێش وەک قانوونێک بپەژرێنین.

ئالۆین گۆڵدنێریش جەختی کردۆتە سەر دزە و کارتێکەری ناوەک یەکی پاژەکانی سیستم لەسەر یەکتر. بەپێی باوەڕی گۆڵدنێر دەبێ دارشتەی سیستمی کۆمەڵایەتی لەڕووی رادەی یەکریزی و پەیوەندی دوو لایەنەی پاژەکانی دابەش کەینە سەر دوو بەشی سەرەکی. لە بەشێکدا هەر تۆخمێکی دارشتەیی خاوەنی پەیوەندی دوو لایەنە لەگەڵ سەرجەم تۆخمەکانیتره. هەرچی پانتای ئەو بەشە لە گشت سیستمدا بەرفراوانتر بێتەوە واتا هەرچی پەیوەندییە دوو لایەنەکانی پاژەکانی ناو سیستم زۆرتر بێ، هاوسەنگی و سەقامگیری سەرجەمی سیستمیش زۆرتر دەبێ. لەبەشێکیتردا تۆخمێکی دارشتەیی تەنیا لەگەڵ تۆخمێکیتردا پەیوەندی دوو لایەنەی هەیە و لە پاژەکانیتر دابڕاوە. هەرچی پانتای ئەو بەشە لە گشت سیستمدا بەرفراوانتر بێتەوە، واتا هەرچی پەیوەندی دوو لایەنەی نێوان پاژەکان کەمتر بێ، بەستێنی پێکدادان و گۆران زیاتر بەربلاو دەبێتەوە. لەوەرا دەگەێنە ئەو ئاکامە کە سیستم لەناخی خۆیدا، بەپێچەوانەی وێناندنی پارسۆنز، خاوەن تۆخمگەل و سەرچاوەکانی گرژی و گۆڕانە و هەروەها ڕادەی کارتێکەری پاژ و تۆخمەکان لەپاراستنی سەقامگیری یان پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لەسەرجەم سیستم دا جیاوازە. بەپێی ئەو شیکارییە تۆخمی گێرە شێوێن یان "خراپکار" (Dysfunctional) لەناو ناچێ بەڵکوو ڕەنگە ببێتە هۆی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە هەمووی سیستمدا. بەواتایەکیتر سەرچاوەی

گۆڕان و ئاڵوگۆڕ دەبێ لە بازنەی پەیوەندییە لاوازەکانی نێوان پاژەکاندا بدۆزینەوە.[1] (گۆڵدنێر لەهەمبەر نواڕینی هاوسەنگی چەق بەستووی پارسۆنزدا (Homeostasis)، ئەو نواڕینەی بە نواڕینی "ئاڵوگۆڕ زێی" یان پێگەیشتن (Morphogentic) ناوبردووە.)

## ڕەخنە و هەڵسەنگاندن

بە گشتی چەمکە سەرەکییەکانی فانکشنالێزم لە زانستە مێکانیکییەکان وەرگیراون. لەئاکامدا وەها ڕوانگەیەک بە ئاشکرا ئۆگری ئەوەیە کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هەروەک دیاردە سروشتی و ئابژێکتیڤەکان بەبێ تۆخمی سابژێکتیڤ و هەروەها بێ واتا و بێ بەها لەبەرچاو بگرێ، هەروەک وەی بڵێی لە نێوان پاژەکانی دەزگایەکی مێکانیکی و پاژەکانی کۆمەڵگادا جیاوازی چۆنایەتی ئەوتۆ لەئارا دانییە، هەروەها نواڕینی فانکشنالی سیستمی کۆمەڵایەتی وەک کۆمەڵەیەکی ئاوەزی لەبەرچاو دەگرێ کە لەسەر بنەمای هەڵسوکەوت و نواڕینی ئاوەزی کەسانێکە کە ڕۆڵە جیاجیاکان وەدەست دێنن. هەر لەو ڕووەوە کارتێکەری لایەن و هەڵسوکەوتە نائاوەزییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و

1. A. Gouldner, “Reciprocity and Autonomy in Functional Theory”, in *System, Change and Conflict*, edited by N. Demerath and R. Peterson, (New York, Free Press, 1967).

سیاسیدا لەبەرچاو ناگیرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵناسی فانکشنالی بەسەرنجدان بەتایبەتمەندییە ئابسترەکەی سەرنج ناداتە دارشتەی بەرژەوەندی و ئۆگرییە چەسپاوەکان. لەو ڕووەوە، بە گشتی نوارینی فانکشنالی دەکەوێتە هەمبەری نوارینی گرژی کۆمەلایەتی. گریمانەی بیرۆکەی فانکشنالی ئەوەیە کە لەناو سیستمدا هیچ گرووپێک خاوەنی پلەگەلی دەسەڵات کە لە پێشترەوە دیاری کرابێ نییە و تەنیا پێکهاتەکان یان ڕۆڵە تایبەتەکان خاوەنی تایبەتمەندی دەسەلاتی سیاسین. بەو پێیە قسەکردن لە بوونی چین یان گرووپێکی دەسەڵاتدار کە دەسەڵاتەکەی بەهۆی دارشتەی ئۆگری و بەرژەوندییە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکانەوە بێ، باسکردنێکی بێ جێ دەبێ. لەبیرۆکەی فانکشنالی دا گریمان ئەوەیە کە گرووپە دەسەڵاتدارەکان لەگەڵ وەدەست هێنانی سازی و ڕۆڵە پەیوەندیدارەکانی خۆیان دەسەڵاتی سیاسی وەدەست دێنن نەک ئەوەی کە بڵێ سازی و ڕۆڵەکانی دەسەڵات کاتێک لەژێر ئەو ناوەدا دەردەکەون کە لە دەست گرووپ یان چینی دەسەڵاتدار دابن. بە وتەیەکیتر، سیستم زنجیرە فۆنکسیۆنێک ئەنجام دەدا کە پەیوەندی بە هیچ گروپێکی کۆمەڵایەتییەوە نییە ئەوە لەکاتیک دایە کە لەڕاستیدا ئەنجامی وەها فۆنکسیۆنگەلێک بۆ پاڕاستنی پلە کۆمەڵایەتییەکانی گرووپە دەسەڵاتدارەکان پیویستە. لە نوارینی فانکشنالیدا ژیانی سیاسی بەواتا لکێندراوەکەی کە پێکهاتووە لە پێکدادان و حاوانەوەی بەرژەوەندی و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانە لەبەرچاو ناگیرێ. هەروەها نوارینی فانکشنالی کەمتر سەرنج دەداتە تۆخمی سەرەکی دەسەڵات و توندوتیژی لە پاڕاستنی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

گریمانــەی ئـەو نواڕینـە ئەوەیـە کـە بـوونی سـەقامگیری بـەهۆی بـوونی یەکریزی و یەکگرتوویی ڕاستەقینە و نـەبوونی نـاکۆکی دایـە و هـەروەهاش حاوانەوە و یەکریزی لەچاو گرژی و ناکۆکی لەناو سیستمی کۆمەڵایـەتیدا دەکەوێتە پلەیەکی سەڕووتـر. بـە وتـەیـەکیتـر، سیسـتمی بـەهاکان بنـەمای بەردەوام بوونی کۆمەڵگایە. لەکاتێکدا بێتوو ئەوە بپـەژرێنین کـە سیسـتمی بـەهاکان خـۆی جاروبـار بەشـێکە لـە ئایـدۆلۆژیا و ڕەنگـە دەسـەڵاتیش تایبەتمەندی ئایدۆلۆژیاک وەرگرێ، ئەوسا ئـەوەی پێـی دەوتـرێ سیسـتمی نۆڕم و بەهاکان شتیک نییە جگە لە باڵادەستی داڕشـتەیی و ئـایـدۆلۆژیاک. زۆربەی کات باڵادەستی کۆمەڵایـەتی لـە چوارچێوەی نـۆڕم و قانوونگـەل و بەشێوەی باڵادەستی ئایـدۆلۆژیاک دەردەکـەوێ. کاتێـک باڵادەسـتی دەبێتـە ئایـدۆلۆژیا کـە گرووپـەکانی ژێـر فـەرمانی باڵادەسـتی بـەهاکانی گرووپـی باڵادەست بە جۆرێک بپەژرێنین و بە شتێکی ڕەوای چاو لـێ بکـەین. لەگـەڵ ئـەوەشدا، ئـەو پەیوەندییانـەی لـە ڕوانگـەی فانکشـناڵییەوە لـە نێـوان پاژەکـانی سیسـتمی کۆمەڵایـەتیدا لـەئارا دان پەیوەندییـەکی ڕواڵـەتین و خاوەنی هیچ چەشنە تۆخمێکی بەرژەوەندی و دەسەڵات نین کـە گرینگتریـنی تۆخمـە ڕاسـتەقینەکانی بیۆلـۆژیکی مـرۆڤیش پێـک دێـنن. لـەوە ڕوانگـەوە پەیوەندی دەوڵــەت و کۆمەڵگــا نەک وەک ژیــانێکی زینـدوو و دینامیــکی گــرووپ و هێــــزە کۆمەڵایــەتی – سیاســییەکان بــەڵکوو هــەروەک پەیوەندییـەک لـەنێوان داڕشـتە ئابسترەکان دا چـاوی لـێدەکرێ. نـواڕینی فانکشـناڵی داڕشـتە و پێکهاتـەکان کـە خۆیـان دەرئـەنجامی کـردەوەن وەک هۆکار و نوێنەر سەیر دەکا و باس لەکردەوە و پڕاکسیسی گرووپ و هێـزە کۆمەڵایەتییەکان ناکا؛ و بەو پێیە ئەو شێوە نواڕینـە نـواڕینێکی بـەراوەژوو

بینە. وەها نوارینێک، نامێژوویی، ناسیاسی و ئابسترەیە و هەر لەو ڕووەوە ناتوانێ هیچ هەنگاوێک لە پێناو گەشە و پەرەگرتنی کۆمەڵناسی سیاسیدا باوێژێ. ئەو پەرەکەی نوارینی فانکشنالی لەباشترین بیچمی خۆیدا ئەوەی کە لەنوارینە نادارشتەییەکان دا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا باس دەکرێ، بەشێوەیەکی خوازەیی باس دەکا.

## پوختەی باسەکە

چوار مۆدێلەکەی کۆمەڵناسی سیاسی (واتا مۆدێلی مارکس، ڤێبێر، داڵ و کۆرپۆراتیزم) هەر کامیان لایەنە جۆربەجۆرەکانی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگایان لە ڕوانگەی جۆراوجۆرە تاوتوێ دەکەن. زۆربەی کات لە کۆمەڵناسی سیاسیدا جەخت دەکرێتە سەر جیاوازییەکانی ئەو مۆدێلانە و هیچ هەنگاوێکی ڕێکوپێک بە مەبەستی تێکەڵ کردنی ئەو ڕوانگە جیاوازانە نایەتە ئەنجام. هەروەک لە سەرەوودا باسمان کرد هەڵبەت هەندێ بواری هاوبەش لەنێوان ئەو مۆدێلانەدا دەدۆزرێتەوە؛ بۆ وێنە لە مابەینی هەندێ لە ڕوانگەکانی مارکس سەبارەت بە سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت و هزرەکانی ڤێبێر سەبارەت بە بڕۆکراسی مۆدێرن هەندێ وێکچوویی بەدی دەکرێ. لەلایەکیترەوە مۆدێلەکانی ڤێبێری و پلۆڕالیستی و کۆرپۆراتیستی هەموویان بۆ تەواوکردن یان لێ دەرهاویشتن و یانیش باشترکردنی مۆدێلی سەرەتایی مارکس رانراون. لەگەڵ ئەوەشدا

کۆمەڵناسە سیاسییەکانی ئەو دواییانە بەمەبەستی سازدانی مۆدیلێکی تۆکمەتر دەستیان کرد بەتێکەڵ کردنی هەندێ لایەنی مۆدێلەکانی باسکراو. لەڕاستیدا مۆدێلی کۆمەڵناسی سیاسی پلۆڕاڵیستی لەبنەمادا دەرئەنجامی ئەو هەوڵە فکرییانە بووە کە مەبەستیان تاقیکردنەوەی رادەی دروستی مۆدێلی مارکس بوو و بە بەشی خۆشیان دەروازەیەکی توێژینەوەی بەرچاویان لە بواری کەلەبر و گرژییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و هەروەها کارتێکەرییان لەسەر ژیانی سیاسی بەڕووی کۆمەڵناسی سیاسیدا کردۆتەوە. لەلایەکیترەوە مۆدێلی کۆڕپۆڕاتیزم، باسی گرووپەکانی گووشار و دزەی (لەمۆدێلی پلۆڕاڵیزم)دا بەمەبەستی تێگەیشتنی باشتری پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا لە سیستمی کاپیتالیستی هاوچەرخدا دەکارهێناوە. بەو پێیە بێگومان تێکەڵاوییەکی پاژەکانی مۆدێلە جۆربەجۆرەکان لەئاکامدا چوارچێوەیەکی گشتیتر بۆ تاوتوێ کردنی پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا وەک بواری سەرەکی کۆمەڵناسی سیاسی بەدەستەوە دەدا.

بە گشتی بێتوو بمانهەوێ کۆی ئەو خوێندنەوانەی هەنووکە لەژێر ناوی "کۆمەڵناسی سیاسی"دا دەخرێنە ڕوو هەر بەو ناوە بپەژرێنین، ئەوا پانتای تایبەتی کۆمەڵناسی سیاسی بەواتای خوێندنەوەی پەیوەندییەکانی دەوڵەت و هێزە کۆمەڵایەتییەکان تووشتی دابەزین و تێکەڵپێکەڵی دەبێ. بێگومان لەو سەردەمەدا تێکەیشتنێکی تاک لایەنە لەکۆمەڵناسی سیاسی لەئارادا نییە. هەروەها هەلومەرجی مێژوویی و بارودۆخی سیاسیش کاریگەریان هەبووە لەسەر هەڵبژاردنی تێگەیشتنەکان دا. بۆ وێنە

کۆمەڵناسی سیاسی پاش شەری دووهەمی جیهانی لەژێر کاریگەری هەراوی بزووتنەوە فاشییەکان دا زۆرتر ئۆگری تاوتویێ کردنی پێگەی کۆمەڵایەتی بزووتنەوە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکان ئایدۆلۆژیایەکان و هەروەها مۆبیلیزەی سیاسی بوو. لەساڵانی دواتردا واتا لەپاش بەردەوامی و سەقامگیربوونی سیستمی دیموکراسی لەوڵاتە ڕۆژئاواییەکان دا، ئەو سیستمە سەرنجی کۆمەڵناسانی سیاسی ڕاکێشایە سەر تاوتویێ کردنی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی هەڵبژاردن و هەروەها هەڵسوکەوتەکانی هەڵبژاردن. بەو پێیە کۆمەڵناسی سیاسی خۆی ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری ئۆگرییە سیاسی و مێژوویەکان دا بووە. تەنانەت هەندێک لە کۆمەڵناسانی سیاسی تەنیا سیستمە ڕۆژئاواییەکانیان وەک بابەتی "رەوای" کۆمەڵناسی سیاسی سەیر کردووە. بۆ وێنە بەندێکس و لیپست گووتوویانە: "کۆمەڵناسی سیاسی تەنیا کاتێک خاوەنی بابەتێکی ڕاستەقینە و پەژرێندراوە کە بڕیارە سیاسییەکان دەرئەنجامی کۆتایی ئەو گرژییانە بن کە تایبەتن بەژیانی سیاسی لە کۆمەڵگا دێموکراتیکەکان دا."[1] لەگەڵ پەژراندنی وەها مەرجیکدا بێگومان کۆمەڵناسی سیاسی وڵاتە نادێموکراتیەکان کە بە بەشی خۆی زۆر شیاوی تێفکرینە دەست نادا. لەڕاستیدا دیسیپلینی کۆمەڵناسی سیاسی دەبێ بتوانێ چوارچێوەیەک بۆ شیکاری پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا لەڕژێمە جیاجیاکان دا

---

1. In Coser, Op. cit. p. 17.

بەدەستەوە بدا. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، نوارِینی کاریگەری هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ژیانی سیاسی دەتوانی وەها چوارچێوەیەکی ئەوتۆ دەستەبەرکا. وەها نوارینێک خۆی خۆشاوی سەرجەم دەسکەوت و بۆچونە تیۆرییەکان لە کۆمەلناسی سیاسی دایە. خاڵی هەنگاونانی ئێمە ناسینی کۆمەڵگا و ناکۆکی و کەلەبرەکان و هەروەها هێزە کۆمەڵایەتییەکانە. کۆمەڵناسی سیاسی سەرەتا دەبێ کۆمەڵگا بناسێ. جەخت کردن لەسەر نوارِینی هێزە کۆمەڵایەتییەکان هەندێ قازانجی لێدەکەوێتەوە. یەکەم ئەوەکە، وەها نوارینێک بێبەرییە لەتایبەتمەندی ئابسترە و نارِوونی نوارِینە دارِشتەییەکان. زمانی ستراکچراڵیستەکان ئابسترە و دوور لەزەینە و نوارِینی ستراکچراڵی بوار نادا بە توێژینەوە ئابژێکتیڤ و مێژووییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، کارتێکەری دارِشتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ژیانی سیاسیدا تەنیا لەرِێگەی تاوتوێ کردنی رِۆڵی گرِووپە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاشکرا دەبێ. بەندێکس و لیپست رِاستیان گووتووە کە "کۆمەڵناسی سیاسی دەبێ سەرنج بداتە *کردەوەگەلی* ئەو کەسانەی پۆستەکانی دەسەڵاتیان بەدەستە و بەشێوەیەکی گشتیتر سەرنج بداتە *کردەوە* سیاسییەکانی خەڵک".[1] لەرِاستیدا ژیانی سیاسی بەهۆی هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرِێوە دەچێ. دووهەم ئەوەکە، تێگەیشتنی هێزە کۆمەڵایەتییەکان تێگەیشتنێکی مێژووییە. بەو واتایە کە تێکەڵاوی رِاستەقینەی ژیانی سیاسی و هەروەها کێشە و ئاڵۆزییە "رِاستەقینەکانی" کۆمەڵگا سیاسییەکانە. بۆ وێنە پرسیارگەلێکی وەک ئەوە کە چ گرِووپ-

1. Ibid, p. 21.

گەلێکی کۆمەڵایەتی بەزەرەدی چ گرووپگەلێکیتر بەسەر دەسەڵاتی دەوڵـەت دا زاڵن و یان سیاسەت و بڕیارەکانی دەوڵەت زۆرتر لـەقازانجی چ هێزێکـی کۆمەڵایەتی دایە، بە گشتی ئەمانـە پرسیارگەلێکی زۆر گرینگن کـە ئاماژە دەکەنە سەر کێشـە بنەڕەتییـەکانی قـازانج و دەسـەڵات لـەژیانی سیاسـیدا. سـێهەم ئەوەکـە، بـە سـەرنج دان بەسـنووری نێـوان لقـەجۆراوجۆرەکانی زانستە سیاسییەکان دەبێ پانتای کار خۆمان وەها دیاری بکەین کە سنوور و جیاوازییە دەستکردەکانی نێوانیان نەبەزێنین. وادێتە بەرچاو کە نـواڕینی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بەر بەتێکـەڵ بـوونی ئـەو سنوورانە دەگرێ. واتـای کۆمەڵناسی سیاسی وەک تاوتوێ کردنی کارتێکەری هێـزە کۆمەڵایەتییـەکان لەسەر ژیانی سیاسی دا واتایەکی تۆکمە و تەواوە چوونکـە لەلایەکـەوە بـۆ وێنە لەگەڵ پانتـای "زانستی سایسـەت" کـە بابـەتی ئـەو پانتایـە دەزگـای حکوومەت یان سیسـتمی سیاسـی و بەرێوەبەرایـەتی گشـتییە و یـان لـەگـەڵ پانتــای ســایکۆلۆژی کۆمەڵایــەتی و سیاســی کــە بابــەتی ئــەو پانتایــەش پڕۆسەی گوورانی هەڵسوکەوتە تاکەکەسییەکان بە هۆی هۆکارگەلێکی وەک کولتوور و بنەماڵەیە تێک نابەزێ و لەلایەکیترەوە زۆربەی ئەو بابەتانەی کـە زۆربـەی کـات لـە نەریتـە کـۆن و نوێیەکانـدا لـەژێر نـاوی کۆمەڵناسـی سیاسیدا تاوتوێ دەکرێن، وەک دابەشینی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگادا، کاریگەری گرژییە کۆمەڵایەتییـەکان، پێگـەی کۆمەڵایـەتی دەوڵـەت، ئێلیتـی سیاسی و هتد لەخۆ دەگرێ.

# بەشی سێهەم

## کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان، هێزە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی سیاسی

### سەرەتا

هەروەک پێشتر باسکرا بابەتی کۆمەڵناسی سیاسی، تاوتوێ کردنی پەیوەندییە تێکچنراوەکانی نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەت و بەتایبەت کارتێکەری هێزە کۆمەڵایەتییەکانە لە گۆڕەپانی سیاسیدا. بەو پێیە کۆمەڵناسی سیاسی دەبێ سێ پانتای بەستراوەی یەکتر تاوتوێ بکا: ١) ناسینی تێکچنراوی و کەلەبڕ و گرژییەکانی کۆمەڵگا وەک خاڵی هەنگاو نان؛ ٢) ناسینی پۆلێنبەندی گرووپەکان و ئەو هێزانەی لەسەر هێڵی ئەو کەلەبڕانە لە هەر کۆمەڵگایەکدا دێنە دیی. هەرچی ژمارەی کەلەبڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆرتر و شێوەی تێکەڵاویان تێکچنراوتر بێ، کۆمەڵەیەکی تێکچنراوتری پۆلێنبەندی گرووپ و هێزە

کۆمەڵایەتییەکان دێتە ئاراوە. ٣) شێوەی شوێندانانی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ژیانی سیاسی و باس کردنی وتەزاگەلێکی وەک باڵادەستی کۆمەڵایەتی و دزە و کارتێکەری و ڕۆڵیان لە سیاسەتدا.

پەیوەندی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی سیاسی پەیوەندییەکی تێکچنراوە و وتەزاگەلێکی وەک دەسەڵات، دزە، کاریگەری، ڕۆڵ، فەرماندەری و ستاتۆ لەخۆ دەگرێ. ئەو پەیوەندییە زۆربەی کات لەژێر ناوی «پڕۆسەی سیاسی»دا تاوتوێ دەکرێ. لە ڕوانگەی پڕۆسەی سیاسییەوە، بەگشتی دەکرێ دەسەڵاتی سیاسی دابەش کرێتە سەر دوو بەشی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و دەستەڵاتی دەوڵەتی. ئار. ئێچ. تۆنی، مێژوونووسی ناوبەدەرەوەی ئینگلیسی دەیگووت: «دەسەڵات بریتییە لە توانایی تاک یان گرووپێک لە تاکەکان بۆ گۆڕینی شێوەی کردەوەی تاکەکان یان گرووپەکانیتر بەئاراستەی دڵخوازی ئەو تاک یان گرووپە.»[1] ئەو واتایە واتایەکە لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی. بەڵام لە هەمبەردا، ئەو واتایەی جان لاکی فیلسووفی ئینگلیسی لە دەسەڵات خستوویەتییە ڕوو واتای دەسەڵاتی دەوڵەتییە: «بە باوەڕی من دەسەڵاتی سیاسی، بریتییە لە مافی دانانی قانوونگەلێک لەگەڵ دیاری کردنی سزای مردن و سەرجەم سزا بچووکترەکان بە مەبەستی ڕێکوپێک کردن و پاراستنی خاوەنێتی...»[2] بێ-گومان «دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی» وتەزایەکی تێکچنراوترە و جۆرەکانی

---

1. R. H. Tawney, *Equality*. (Allen Unwin, London, 1931), p. 229.
2. G. Wootton, *Innterest Groups*. (Prentice Hall, New Jersey, 1970), p. 76.

فرەتـریش لـەخۆ دەگـرێ. دزە، زەخـت، ئـۆرت و پرێسـتیژ شـێوەگەلێکی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتین. لە هەمبەردا، دەسەڵاتی دەوڵەتی خاوەن پاڵپشتێکی بەرێوەبەرایەتی ڕوون و ئاشکرایە کە لەسـەر بنـەمای توانـای دەکارهێنـانی تونـدوتیژی و زۆری (ئـامرازی یـان داڕشـتەیی) دەزگـای حکوومەتـە. تـەنیا حکوومـەت دەتـوانێ دەسـەڵاتی دەوڵـەتی دەکـار بێنـێ، سـزا دیـاری بکـا و لـەڕووی لێهـاتوویی دەکارهێنـانی دەسـەڵات خـۆی بـە نوێنـەری سـەرجەم کۆمەڵگا دەزانێ. بە وتەی «لاسوییەل» ئـەوەی دەسـەڵات بـە گشـتی لـە دزە جیا دەکاتەوە، مەترسی دەکارهێنانی پاڵپشتی بەرێوەبەرایەتییە.»[1]

بە باوەڕی ڕابێرت داڵ، هزروانی سیاسی ئەمریکایی دزە بریتییە لـە «پەیوەندییەک لە نێوان یاریزانـاندا کـە لـەودا یاریزانێـک، یـاریزانێکی‌تـر پاڵدەنێ بۆ ئەنجامدانی کردەوەیـەک کـە بێتـوو دەکارهێنـانی دزە لـە ئـارادا نەبێ ئـەوا ئـەو کردەوەیـە نایەتـە ئـەنجام.»[2] لـە کۆمەڵناسـی هاوچـەرخدا زۆربەی کات گریمانە وایە کە گرینگترین دەرکەوتەی دەسـەڵاتی کۆمەڵایـەتی هەر هەمان دزەیە، لەکاتێکدا دزە تەنیا یەکێک لـە نوێنگـە سـەرەکییەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییە. دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لە ڕێگـەی میکـانیزمگـەلێکی شاراوە و تێکچنراوتریشەوە دەکار دێ. پانتای هـەڵبژاردنی سیاسـەتوانان، بـۆ سیاسـەتدانـەری و چوارچێـوەی ئایـدۆلۆژیا بـاو لەلایـەن گرووپـە

1. H. Lasswell & A. Kaplan, *Power & Society*, (Routledge & Kegan Paul, London, 1952), p. 71.
2. R. Dahl, "The Concept of Power" in *Introductory Readings in Political Behaviour*, edited by S. Ulmer, (Chicago, 1961).

سەرەکییەکانی خاوەن دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییەوە دیاری دەکرێ. بەو پێیە باس لە باڵادەستی کۆمەڵایەتی و چینە باڵادەستە کۆمەڵایەتییەکان یەکێک لە باسە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییە. لەو ڕووەوە، چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی ناتوانین تەنیا بەرتەسک کەینەوە بە دزە و زەختی ئاشکرای گرووپەکان. ناکرێ دزەی «گرووپە ستراتێژییەکان» لەگەڵ دزەی گرووپە «ناستراتێژییەکان» وەک یەک لەبەرچاو گیرێن. لەڕاستیدا وشەی دزە زۆرتر لەمەڕ گرووپە ستراتێژیک و ناستراتێژییکەکاندا دەکار دێنن و بۆ دەربڕینی تۆڕێکی تێکچنراوتری پەیوەندی گرووپە ستراتێژییکەکان لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتیدا لە چەمکی دەسەڵات و باڵادەستی کۆمەڵایەتی کەڵک وەردەگیرێ.

بەو پێیە بابەتی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەراوتر و بەربڵاوترە لە بابەتی گرووپەکانی خاوەن دزە و زەخت و ناکرێ بابەتی کۆمەڵناسی سیاسی بەرتەسک کەینەوە بە باسی ساکار و ڕوونی گرووپەکانی خاوەن دزە و زەخت. «پرۆسەی سیاسی» بە واتای قووڵی وشەی سەرجەمی ئەزموونی ژیانی سیاسی لە وڵاتێکدا لەخۆ دەگرێ. یەکێک لە شرۆڤەکەرانی سەرەتایی لەمەڕ ڕۆڵی گرووپەکانی خاوەن دزەدا وتوویەتی کە «گرووپێکی ئەوتۆ تەنیا نوێنگەیەکی ئەو هەودایەیە کە دەگەڕێتەوە سەر بنەما و بنچینەی ڕشتەی کۆمەڵایەتی.»[1]

---

1. E. Herring, *Group Representation Before Congress.* (New York, 1929), p. Xi.

ئـەرکی کۆمەڵناسـی سیاسـی دۆزینـەوە، وێنانـدن، پـۆلینکـردن، شـرۆڤەی دارِشـتە، شـرۆڤەی دینـامیکی و ڕۆڵـی هێـزە کۆمەڵایـەتی _ سیاسـییەکانە.[٢] لـەو ڕوانگـەوە بابـەتی سـەرەکی باسـەکە تـەنیا تـوێژە سیاسییەکەی دەسەڵات نییە، بەڵکووو توێژە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و بە تایبەت شێوە گۆڕانی دەسـەڵاتی ئـابووری بـۆ دەسـەڵاتی کۆمەڵایـەتی و گۆڕانی دەسـەڵاتی کۆمەڵایـەتی بـۆ دەسـەڵاتی سیاسـییە. هێـزە سیاسـی _ کۆمەڵایەتییەکان، دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی دەگۆڕن بۆ دەسەڵاتی سیاسی.[٣]

خوێندنـەوەی ڕۆڵـی هێـزە کۆمەڵایەتییـەکان لـە ژیـانی سیاسـیدا مەبەستی سەرەکی کۆمەڵناسی سیاسی هەر لە سەرەتای گوورانییەوە بووە. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا یـەکێک لەنووسراوە گرینگـە سـەرەتاییەکان لەو بوارەدا، *پرۆسەی حکوومەت* (١٩٠٨) نووسراوەی ئـارتۆر بێنتلـی زانـای سیاسی ئەمریکایی بوو کە لەجێی ئاراستەی باو لە زانستە سیاسییەکاندا واتـا بـاس لـە بنـەما حقـووقی و دارِشـتە ڕۆاڵـەتییـەکانی حکوومـەت ڕۆڵـی

---

2. G. Almond, “A Comparative Study of Interest Groups and the Political Process.” *American Political Science Reviwe,* 1958, vol. LII.
3. F. Neumann, *the Democratie and the Authoritarian State.* (New York, 1957), pp. 12-14.

گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی لە ژیانی سیاسی‌دا تاوتوێ کرد. لەگەڵ ئەوەش‌دا نوارینی بێنتلی بە هۆی هەندێ هۆکارەوە لەلایەن زانایانی سیاسیەوە پێشوازییەکی ئەوتۆی لێ ناکرا هەتا ساڵی ١٩٥١ کە یەکێکی‌تر لە زانایانی سیاسی بەرچاوی ئەمریکا واتا دەوید ترۆمن لە کتێبی *پرۆسەی حکوومەتی‌دا* جارێکی‌تر بابەتی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی لە کۆمەڵناسی سیاسی ڕۆژئاوادا زیندوو کردەوە. لەگەڵ ئەوەش‌دا بەشێکی بەرچاوی ئەو خوێندنەوانەی لەژێر ناوی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان، گرووپە خاوەن دزەکان و هەروەها گرووپەکانی زەخت لە کۆمەڵناسی سیاسی ڕۆژئاوادا بەئەنجام گەیشتوون زۆرتر دیاردەکانیان وەسف کردووە و خاوەنی بنەمای تیۆریک نین و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ دەستوێراگەیشتنی تەنیا یان زەختی گرووپێک لەسەر ڕەوتی سیاسی‌دا لێ تێکچووە.

دزەی گرووپێکی کۆمەڵایەتی لە ژیانی سیاسی‌دا بە گشتی *دەرئەنجامی* شێوەی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و چۆنییەتی دابەشینی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییە. بەپێی ئەو هۆکارانە، گرووپ و هێزە کۆمەڵایەتییەکان پێشاوپێش خاوەن پلەگەلێکی جیاجیای دەسەڵاتی کۆمەڵایەتین. بەو پێیە باس لە باڵادەستی کۆمەڵایەتی، چینی دەسەڵاتدار و سروشت و پێگە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەت بابەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی سیاسی پێک دێنن.

**لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا، نابێ ڕۆڵی کورتبری گرووپەکانی دزە لەبەرچاو نەگرین. بەتایبەت ئەوە کە زۆربەی کات و لە هەموو شوێنێکدا کەشێکی بەگومان و ڕەش بینی بۆ گرووپگەلێکی ئەوتۆ لەئارا دایە. زۆربەی کات، گرووپەکانی دزەی شاراوە وەک تۆخمەکانی گەندەڵی سەیر - دەکرێن: «لە ڕوانگەی خەڵکی ڕەشاییەوە گرووپەکانی زەخت بەدەر نین لە «مافیای» خاوەن هۆتێلەکان، بازرگانەکانی خواردنەوە ئەلکۆلییەکان، لایەنگرانی چەوسانەوە و بازرگانانی مەرگ و نەمان.»[1] و یان ئەوەتا «گرووپەکانی زەخت وەک شەمشەمە کوێرە لە ڕووناکی دەترسن.»[2] تۆماس هابزیش گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی ناو نابوو «کرمی ڕیخۆڵەی دەوڵەت». بەڵام لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە بوونی گرووپگەلێکی ئەوتۆ بابەتێکی سروشتییە. گرووپە جیاجیاکانی کۆمەڵایەتی بۆ بەدواداچوونی بەرژەوەندییەکانی خۆیان چ لەهەمبەر کاربەرێوەبەرانی دەوڵەت و چ لەهەمبەر گرووپەکانی نەیاردا خۆیان ڕێکدەخەن و دزە دەکەنە ناو ژیانی سیاسییەوە. شیکردنەوەی ئەوە کە بۆچی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەست دەخەنە ناو ژیانی سیاسییەوە کارێکی حەستەم نییە.**

**سیستمی سیاسی میکانیزمی بنەڕەتی دابەشینی «بەهاکانی دەسەڵات-بەخش» لەکۆمەڵگا دایە. لەگەڵ ئەوەشدا، حکوومەت خۆی کۆمەڵەی ئەو**

---

1. H. Ehrmann, (ed.) *Interest Groups on Four Continents.* (Pittsburgh, U. P. 1958), p. 61.
2. Ibid., p. 86.

دەرفەت و توانا و ئامرازانەیە کە بێگومان هەر گرووپەو تێدەکۆشێ، پشکی خۆی لەو دەرفەت و توانا و ئامرازانە زۆرترکا. بەتایبەت دەوڵەتە مۆدێرنەکان دەسەڵاتی ئابووری فرەتریان هەیە و لەو بابەتانەدا کە پەیوەندیان هەیە بە نرخ، شتومەک، حەقدەست، گرێبەست، نواندنی سامان، هەنارده و هاوردەی کاڵا و لەو جۆرە بابەتانەدا دەست ئاواڵەن و سروشتییە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەو بوارانەدا دزە دەکار بێنن. گرووپەکانی ڕکەبەر ناچاردەبن بە مەبەستی بەهێزکردنی هەڵوێستی تاک لەهەمبەر یەکتردا پشتگیری گرووپەکانیتر و بەتایبەتیش پشتگیری حکوومەت بە شێوەیەک ڕاکێشن. زۆربەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان کاتێک ماف یان بەرژەوەندییەکانیان دەکەوێتە مەترسییەوە و یان دابەشینێکی نوێی مافەکان خەریکە دێتەدیی دەستدەکەن بە هەڵسووڕانی سیاسی. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە لەکۆمەڵناسی سیاسیدا تەنیا ڕۆڵ و دزەی هێز و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەپانتای گشتی کۆمەڵگادا واتا پانتای ئەو بڕیارانەی ئۆگرییە گشتییەکانی کۆمەڵگا لەخۆ دەگری دەکەونە بەرباس. هەڵسووڕانی ئەو گرووپانەی مەبەستیان وەدەستهێنانی مافە تەواو تایبەتەکانە (وەک هەڵسووڕانی کۆمپانیا بازرگانییەکان بۆ وەدەستهێنانی مافە ماڵییە تایبەتەکانی خۆیان لە ئەنیستیتۆ حکوومەتییەکان) بابەتی بەرباسی کۆمەڵناسی سیاسی نییە. هەڵبەت لەکردەوەدا جیاکردنەوەی دزە و زەختێکی کە تەنیا بە ئاراستەی بەرژەوەندی تایبەتی گرووپێکدا دەچێ لەو دزەیەی کە ئامانجی

کارتێکەری لەسەر سیاسەتی گشتی حکوومەتە، حەستەم دەنوێنێ. لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا، کۆمەڵناسی سیاسی لەبنەڕەتدا سەرقاڵی پانتای گشتی یان سیاسی کۆمەڵگا و هۆکار و گرووپە کاریگەرەکانی سەر ئەو دۆخەیە.

# ١

# کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان

بێگومان یەکەمین ئەرکی کۆمەڵناسی سیاسی ناسینی گرژی و کەلەبرکانی کۆمەڵگایە. تاوتوێ کردنی کاریگەری هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ژیانی سیاسیدا بە پلەی یەکەم، پێویستی ناسینی بنەماکانی گوورانی ئەو هێزانەیە. بەو پێیە لە کۆمەڵناسی سیاسیدا سەرچاوە، تاوتوێ کردنی کۆمەڵگا و مەبەست، شیکاری ژیانی سیاسییە.

هێز و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی هەڵکەوتەیی نایەنە ئاراوە بەڵکووو لەسەر بنەمای ئۆگرییە جۆراوجۆرەکانی ناو داڕشتەی کۆمەڵگا دان. زۆربەی کات ئۆگرییەکانی ئەوتۆ لەدەوری کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکاندا دێنە دیی. هەندێ لە کۆمەڵناسان لەبری کەلەبر باسیان لەگرژی و ناکۆکی کۆمەڵایەتی کردووە. وادێتە بەرچاو کە گرژی و ناکۆکییەکانی کۆمەڵایەتی هەڵگری واتایەکی بەربڵاوتر و ئابسترەتر لە

واتای کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان بن. کەلەبری کۆمەڵایەتی بەکردەوە دەبێتە هۆی دابەشبوون و لێکبڵاوبوونی دانیشتوانان و سەرهەڵدانی پۆلین بەندی گرووپەکان و ئەو پۆلین بەندییەش ڕەنگە شێوازی ڕێکخراوە سیاسییەکان بەخۆوە بگرێ. قانوونی گشتی کۆمەڵناسی سیاسی ئەوەیە کە ژیانی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا بەشێوەگەلی جۆراوجۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەری کەلەبرە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکانی ئەو وڵاتە وهەروەها جۆری فۆرماسیۆنی ئەو کەلەبرانە. بەڵام جۆراوجۆری کۆمەڵناسی سیاسی وڵاتە جۆراوجۆرەکان بە هۆی جۆر و *ژمارەی* ئەو کەلەبر و *شێوەی فۆرماسیۆن* یان تێکەڵاوی ئەو کەلەبرانەیە.

لە تاوتوێ کردنی کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێ سەرنج بدرێتە جۆراوجۆرییە جۆگرافی و مێژووییەکان. بەو واتایە کە جۆر و ژمارە و شێوەی فۆرماسیۆنی کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی هۆکارە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر و لە زەمانێکەوە بۆ زەمانێکیتر لەناو وڵاتێکدا ڕەنگە تووشی گۆڕان بێ. بەپێی جۆراوجۆرییەکی ئەوتۆ دەکرێ کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان دابەش کرێنە سەر کەلەبرەکانی ئەکتیڤ یان نائەکتیڤ و داڕشتەیی یان مێژوویی.

لەڕووی کاریگەری لەسەر ژیانی سیاسیدا کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ دابەش کرێنە سەر کەلەبرە نائەکتیڤ و ئەکتیڤەکان. بۆ وێنە کەلەبری چینایەتی لە وڵاتێکدا ڕەنگە لەڕووی سیاسییەوە خەوتوو و نائەکتیڤ بێ، واتا وشیاری سیاسی و ڕێکخستن و کردەوەی سیاسی بەپێی ئەو کەلەبرە

چینایەتییەوە نەهاتبێتە ئەنجامدان. کەلەبری کۆمەڵایەتی کاتێک ئەکتیڤ دەبێ کە لەسەر بنەمای ئەو پۆڵین بەندی گرووپانە و کردەوە و وشیاری سیاسییەوە سەری هەڵدابێ. (مارکس هەر لەو بوارەدا باسی »چین لەناوخۆ»  و «چین بۆخۆی»  دەکرد).

جۆری تێپەربوون لە بارودۆخی کەلەبری نائەکتیڤ بۆ بارودۆخی کەلەبری ئەکتیڤ پێویستی بە پرۆسەگەلێکی تێکچنراو هەیە کە زۆربەی کات لە بابەتی «مۆبیلیزەی کۆمەڵایەتی»دا باسی لێوە دەکرێ. لەو پەیوەندییەدا دوو بارودۆخ شیاوی وێناندنن. یەکەم ئەوە کە کەلەبرێکی کە ئێستا نائەکتیڤە ڕەنگە لە داهاتوودا ئەکتیڤ بێ، وەک کەلەبرە چینایەتییەکانی کۆمەڵگا نیوەپیشەسازییەکان. دووهەم ئەوەکە، کەلەبرێکی کە لەڕابردوودا ئەکتیڤ بووە و ئیتر کاریگەری جارانی نەمابێ، وەک کەلەبرە ئایینییەکانی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان. بە گشتی لە کۆمەڵگایەکدا ڕەنگە کۆمەڵەیەکی کەلەبرە ئەکتیڤ و نائەکتیڤەکان لەئارا دابن و ئەرکی کۆمەڵناسی سیاسی دۆزینەوە و جیاکردنەوەی ئەوانە. بەڵام کۆمەلناسی سیاسی بەپێی ڕەوتی خۆی تەنیا سەرقاڵی کەلەبرە ئەکتیڤ و کاریگەرەکانی سەر ژیانی سیاسییە و باسی تۆکمە و هەراوتری جۆرەکانی کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان  و یەک لەوان کەلەبرە نائەکتیڤەکان هەروا دەخاتەوە سەرشانی کۆمەڵناس.

هیچ کۆمەڵگایەک نادۆزییەوە کە بێ کەلەبری کۆمەڵایەتی و یان تەنیا یەک کەلەبری کۆمەڵایەتی بێ. زۆربەی کات لە کۆمەڵگاکاندا بە پێی

حووکمی دابەش کردنی کاری کۆمەڵایەتی، هۆکارە پەیوەندیدارەکانی ڕەگەز و بنچینە، (جنسیت) و شتیتر چەندان کەلەبر لەئارا دایە، بەڵام لەوانەیە هەر کامەیان بە پێی هۆکارە جۆراوجۆرەکان لە یەک زەماندا ئەکتیڤ یان نائەکتیڤ بن. لە کۆمەڵناسی سیاسیدا، دینامیک بوونی کۆمەڵگا و دەوڵەت تاڕادەیەکی زۆر دەرئەنجامی ئەکتیڤ بوون یان نائەکتیڤ بوونی کەلەبرەکان لە ڕەوتی زەمان دایە. بەو پێیە پێشبینی کردنی دینامیک بوون و گۆڕانی سیستمە سیاسییەکان بە ناسینی چالاکی کەلەبرەکان یان نائەکتیڤ بوونی کەلەبرەکان دەشی.

لەڕووی پێداویستی سەرهەڵدان، هەندێ لە کەلەبرەکان داڕشتەیی و هەندێکیتریش مێژوویی یان «هەڵکەوتە»یین. کەلەبرە داڕشتییەکان، ئەو کەلەبرانەن کە بە پێی هەندێ تایبەتمەندی ئاڵوگۆڕ هەڵنەگر و بەردەوام لە کۆمەڵگای مرۆییدا دێنە دی و بەردەوامیش لەئارادان. بۆ نموونە بەردەوامی دابەش بوونی کاری کۆمەڵایەتی هەردەم جۆرێک لە کەلەبرە چینایەتییەکان (جا چ بە واتای پەیوەندیدار بە خاوەنێتی ئامرازە بەرهەم هێنەکان و یانیش دابەشینی داهاتەکان) پێک دێنێ. (هەڵبەت ڕەنگە کەلەبری چینایەتی بە هۆی هەندێ هۆکارەوە ئەکتیڤ نەبێ). کەلەبرە چینایەتییەکان تەنیا دەرئەنجامی خاوەنێتی تایبەت بە سەر ئامرازە بەرهەمهێنەکاندا نین بەڵکووو خاوەنێتی دەوڵەتیش بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا جۆرە کەلەبرێکی چینایەتی پێک دێنێ چوونکە لەو جۆرە خاوەنداریەتییەدا *کۆنترۆڵی* ئامرازە بەرهەم هێنەکان دواجار دەکەوێتە بەردەست بەشگەلێکی کۆمەڵگا.

هەروەها دابەشکردنی دانیشتوان بە پێی ڕەگەز و تەمەن لە پیاو و ژن و پیر و جوان یەکێک لە تایبەتمەندییە بەردەوامەکانی کۆمەڵگای مرۆییە. ئەو پۆلێنبەندی گرووپانەی لەسەر بنەمای ئەو کەلەبرانە دێنە دیی ڕەنگە لە ژیانی سیاسیدا ئەکتیڤ و کاریگەر بن. لە کۆمەڵگا نەریتیترەکاندا بە پێی ئەوە کە ژنان گوێڕایەلی مێردەکانیانن و ڕۆڵی سیاسیان نییە، کەلەبری ڕەگەزی لە ژیانی سیاسیدا کاریگەر نییە، بەپێچەوانە لەو کۆمەڵگایانەی وا لە بەردەم ئاڵوگۆری بەربلاوی کۆمەڵایەتی دان پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری ژنانیش تووشی گۆران دەبێ و ڕەنگە ژنانیش ویستوخواستی سیاسیان لێ پەیدا بێ. لە ڕەوتی بەپیشەسازی بوونی ڕۆژئاوا ژنان لە هەندێ قۆناخی جیاجیادا خوازیاری بەشداری لە ژیانی سیاسی لە ڕێگەی وەدەست هێنانی ماف دەنگدان و بەشداری کردن لە پێکهاتەکانی نوێنەرایەتیدا بوون. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لەو ڕەوتەدا بەشداری کردنی ژنان لە ژیانی سیاسیدا خۆی لەژێر کاریگەی هۆکارە چینایەتییەکان دابووە و لە هەر چینێکدا کە پیاوان ڕۆڵی سیاسی زۆرتریان بوو بێ ژنەکانیشیان زۆرتر بەلای بەشداری کردن لە ژیانی سیاسیدا شکانەوە. بەو پێیە دەبێ کارتێکەری کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان لە سەریەکتریش لەبەرچاو بگرین.

سەبارەت بە کەلەبری تەمەن و یان «نێوانی وەچەکان»یش دەتوانین بڵێین لە کۆمەڵگای نەریتیدا یەکریزی و یەکدەستی فەرهەنگی و گوێڕایەڵی منالان لە باوکانیان زۆربەی کات دەبێتە لەمپەری سەرهەڵدانی کەلەبر لە نوارینی وەچەکاندا. بەپێچەوانە، لەو کۆمەڵگایانەدا کە تووشی گۆڕانی

کۆمەلایەتی فەرهەنگی بەربلاو هاتووون کەلەبری ئەوتۆ هەست پێ کراوتره. هەروەها بە سەرنجدان بەوە کە لە نێوان کۆنسێرڤاتیزم و ڕادیکالیزمی سیاسی لەلایەک و پیری و گەنجی لەلایەکیترەوە پەیوەندییەک لەئارادایە، زۆربەی کات لەو کۆمەڵگایانەدا کە ئاستی مام- ناوەندی تەمەن سەرووتره و دانیشتوانیانی پیرترن، ئەگەری ئاراستەی کۆنسێرڤاتیزمی سیاسی زۆرتره و لە هەمبەردا ئەو ئەگەره لەئارادایە کە ڕادیکالیزمی سیاسی لەو کۆمەڵگایانەی کەوا دانیشتوانی گەنجترن بواری گەشەکردنی لەبارتری بۆ برەخسێ.

هەندێکیتری کەلەبره کۆمەلایەتییەکان دەرئەنجامی سەربردەی مێژوویی ولاتێکن و بەو پێیە لەڕووی دارشتەییەوە پێویست نین. ئاڵوگۆر و هەلکەوتە مێژووییەکان لە سەرهەڵدانی ئەو کەلەبرانە لەهەر کۆمەڵگایەکدا کاریگەرن. بەو پێیە زۆر جۆراوجۆری لە چۆنییەتی بیچم- گرتنیان لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا بەدی دەکرێ. لەناو کەلەبره مێژووییەکاندا دەکرێ باسی ئەو کەلەبرانە بکەین؛ کەلەبره مێژوویی و فیرقەییەکان، کەلەبری نێوان ئایین و دەوڵەت، کەلەبرەکانی ئەتنیکی، زمانی، ڕەگەزی ( نژاد) و هتد. سەبارەت بە ئایین دەبێ بڵێن کە ئایینزاکان هەڵگری بۆچوونی جۆراوجۆرن ئەوەش وادەکا کە ئایینزاکان تووشی لێک دابڕان بێن. بۆ نموونە لە مێژووی ئوروپادا، بزووتنەوەی ڕیفۆڕمی ئایین بووە هۆی لێک بلاوبوونی مەسیحییەت و سەرهەڵدانی تاقمی پرۆتستانت لە هەمبەر کلێسەی کاتۆلیکدا و لەئاکامدا ئۆگرییە ئایینزا و فیرقەییەکان (sectarican) بوونە هۆکارێکی گرینگی هەڵوێستە سیاسییەکان. سەبارەت بە

ئیسلام، ئایینزای شیعە لە ئێراندا بواری فەرهەنگی لەباری بۆ ڕەخساو لەو وڵاتەدا زۆرتر بڵاوبۆوە. ئایینزا بەشێوەیەکیتریش بواری سەرهەڵدانی کەلەبری کۆمەڵایەتی – سیاسی دەستەبەر کردووە و ئەویش کەلەبری ئایین و دەوڵەت (Clericalism / Secularism) بووە. ئەزموونی مێژوویی نیشان دەدا کە لە نێوان ئۆگرییە دنیایی و سیاسییەکان لەگەڵ ئۆگرییە ئایینییەکاندا بەردەوام ناکۆکی لەئارا دایە و لەئاکامدا لە هەموو ئایینەکاندا لە نێوان پیاوانی ئایینی یان پارێزەرانی ئایین و خاوەن دەسەڵاتە سیاسییەکاندا گرژی و پێکدادان هاتۆتە ئاراوە. کێشەی کڵێسە و پادشاکان لە ئوروپادا و هەروەها مشتومڕی ئەمیر و خەلیفەکان لە ئیسلامی سەردەمانی خۆیدا گرینگترین کەلەبری سیاسی دەهاتە ژمار. شۆڕشی زانستی – پیشەسازی ڕۆژئاوا و ئاڵوگۆڕەکانی دەرئەنجامی ئەو شۆڕشە ئاگری مشتومڕی نێوان ئایین و دنیای خۆشتر کرد. بۆ نموونە تایبەتمەندی دژە ئایینی شۆڕشی فەرانسە هەر لە سەرەتاوە کەلەبڕێکی لە نێوان کلێسەی کاتۆلیک و کۆماری فەرانسەدا پێک هێنا، هەتا ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٠٥دا کڵێسەی بە تەواوی لە سیاسەت دابڕا. لە ئیتالیادا، کڵێسەی واتیکان بە پێی هۆکارە مێژووییەکانەوە هەروا بە هێز مایەوە و لەئاکامدا کەلەبری ئایین و دەوڵەت لە سیاسەت و حکوومەتی ئەو وڵاتەدا بەردەوام کاریگەر بووە.

هەرچەندە هەموو ئایینەکان تەکلیفگەلێکیان بۆ دنیاش و سیاسەتیش لەبەر چاو گرتووە بەڵام هەندێکیان تایبەتمەندی و بانگەشەی سیاسیان زۆرتر بووە. ئایینی مەسیح هەر لە دەسپێکەوە تێکۆشاوە ئایین

لە دەستێوەردانی دەوڵەت بپارێزێ و لەئاکامدا ئایین و سیاسەتی لێک جیا کردەوە. بەڵام لەکردەوەدا لەگەڵ ئەوەی دەسەڵات کەوتە بەر دەست کلێسەوە ئەو جیابوونەوەیە لەناوچوو. دواتر ئایینزای پرۆتستانت جارێکیتر لەگەڵ ڕەتکردنەوەی پێویستی کڵێسە وەک ئامرازی ڕزگاری و نێوبژیوانی نێوان باوەڕدار و خواوەند خەریکی سڕینەوەی سیاسەت لە ئایین بوو. کلێسەی کاتۆلیک لە چاو ئایینزای پرۆتستانت خاوەنی بانگەشەی سیاسی بەرچاوتر بووە و بوونی سەرزنجیرە پلەی ڕێکخراوەیی لەو ئایینزایەدا تایبەتمەندی هێزێکی سیاسی دابووە ئەو ئایینزایە. بە گشتی هۆکارگەلێکی وەک ئاستی بانگەشەی سروشتی ئایینزا بۆ سیاسەت، ئاستی ڕێکخستنی پێکهاتە ئایینزاکان و ئاستی نائایینی بوونی ئۆگرییە سیاسییەکان لە سەرهەڵدانی کەلەبری ئایین و دەوڵەتدا کاریگەر بوونە. کەلەبری ئایینیش لەوانەیە سەردەمانێک نائەکتیڤ بێ بەڵام دووبارە لەژێر کاریگەری هۆکارەکانی وەک گەشەی سێکۆلاریزم و مۆدێڕنیزاسیۆنی کۆمەڵگادا (هەروەک سەبارەت بە ئیسلام ئەو شتە بەدی دەکرێ) ئەکتیڤ بێتەوە.

هەندێکیتری کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان وەک کەلەبرە فەرهەنگی، ئەتنیکی، زمانی و ئایینزاکان دەرئەنجامی «ڕێکەوتەکانی» مێژوویی و هەروەها چۆنییەتی گورانی وڵاتێک لەڕووی مێژووییەوە بوونە. بۆ نموونە بوونی جۆراوجۆری ئەتنیکی لە وڵاتێکدا بەهۆی هۆکاری جۆراوجۆرەوەیە. هەندێ لە وڵاتانی هەنووکەیی کە خاوەنی سەربردەی ئیمپراتۆڕیین تێکەڵاوییەکی زۆرتری ئەتنیک و ئایینزا و گرووپە زمانی –

فەرهەنگییەکانیان لەخۆ گرتووە. هەروەها کۆڕەوە سەرەکییەکان لەسەر ئاستی جیهاندا بۆتە هۆی تێکەڵاوی ئەتنیکەکان لە هەندێ وڵاتدا. تێکەڵاوی ئەتنیکی دانیشتوانی کەنەدا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو بوارەوە شیاوی تێڕامانە.

سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لەناخی ئیمپراتۆرییەکانیشدا، تێکچنراوی ئەتنیکی و ئایینی و فەرهەنگی لێکەوتەوە. زۆربەی کات لە سنوورەکانی هاوسای ئایین، ئایینزا ئەتنیک و زمانەکاندا تێکەڵاوی و تێکچنراوەگەلێکی جۆراوجۆر دێتە دیی و بێتوو وڵاتێک لەو «سنوورڕانە»دا پێک بێ بێگومان ئەو تێکەڵاوی و تێکچنراویانە کار دەکەنە سەری. بۆ نموونە دەکرێ وەها تێکچنراوەگەلێک لە سنووری نێوان دوو پانتای کولتووری ئەڵمانی و فەرانسەوی لە ئورووپادا بدۆزینەوە. (لە سویسدا، ئەڵمانی زمانەکان ٦٥٪ دانیشتوان و فەرانسە زمانەکان ٣٥٪ دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێک دێنن، لە بلژیکدا هولەندی زمانەکان (فلمیشەکان) ٥٥٪ دانیشتوان و فەرانسە زمانەکانیش (والۆنەکان) ٤٥٪ دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێکدێنن).

لەڕوانگەی پەرەسەندنی مێژوویی و قۆناغەکانی گۆڕانی ئابوورییەوە، ژمارە و بیچمی کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتە جۆربەجۆرەکاندا جیاوازە. پرۆسەی مۆدێرنیزم لە جیهاندا پێویستی بە

تێپەرکردنی قۆناغە جۆراوجۆرەکان بۆ وێنە تێپەرکردنی قۆناخی «شۆرشی کشتوکاڵی» بۆ شۆرشی پیشەسازی و «شۆرشی سەڕوو پیشەسازی» بووە.[1] لەو پڕۆسەیەدا دەکرێ باس لە کۆمەڵگا نەریتییەکان، کۆمەڵگا نیۆنەریتی – نیۆمۆدێرنەکان کە کەوتوونە نێوان شۆرشە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکانەوە و کۆمەڵگا مۆدێرنەکان کە شۆرشی پیشەسازیان تێپەر کردووە و کەم تا زۆر گەیشتوونەتە دەروازەی سەردەمانی «سەڕوو پیشەسازیی»ەوە« بکەین. لەهەر قۆناخێک لە پەرەسەندنی ئابووریدا، کەلەبری تایبەت دێنە دیی و یان لە »چالاکی» ئەو کەلەبرانەدا گۆڕان پێک دێ. کۆمەڵگای نەریتی بە واتا باوەکەی خاوەنی گەلێ کەلەبری تایبەت بە خۆیەتی. لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا زۆربەی کات کەلەبری نێوان هۆز و بنەماڵە گەورەکان لە ژیانی کۆمەڵگایەتی و سیاسیدا کاریگەرییەکی دیاریکەری هەیە. هەروەها کەلەبرەکانی ئایینی، فیرقەیی و زمانی لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا هێشتا هەر گرینگ و کاریگەرن و تێگەیشتن لە سیاسەت و حکوومەتی ئەو کۆمەڵگایانە بە بێ فامکردنی ئەو کەلەبرانە و کاریگەریان ناشێ. بێگومان کۆمەڵگا نیوەنەریتی – نیوەمۆدێرنەکان یان کۆمەڵگاکانی لەکاتی تێپەربوون‌دا خاوەنی سیما و ژمارەیەکی زۆرتری کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکانن. لە لایەکەوە کەلەبرەکانی هۆزی، ڕەگەزی، فەرهەنگی و زمانی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگای نەریتی کەم و زۆر ئەکتیڤن و لەلایەکیتریشەوە کەلەبرەکانی کۆمەڵگای

---

۱. آلوین تافلر، *موج سوم*، ترجمه شهیندخت خوارزمی، نشر نو، ۱۳۶۲.

مۆدێڕن وەک کەلەبری چینەکان و کەلەبری وەچەکان دەردەکەون. کۆمەڵگا نێوەنەریتی و نیوەمۆدێڕنەکان تووشی کەلەبڕێکی قووڵتر و بنەڕەتیترن کە هەر لە هەمان دوو کووت بوونەوە سەرانسەری ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێ. زۆربەی کات ئەو دوو کوورت بوونەوە لەژێر ناوی «ئابووری دوو لایەنە«، «دوو لایەنە بوونی فەرهەنگی» و کەلەبری مۆدێڕنیزم و نەریتخوازیدا تاوتوێ دەکرێ. بە پێی ئەو کەلەبرە چینە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان واتا ئەریستۆکراسی، ڕووحانیت، وردەبۆورژوازی و وەرزێران دەکەونە هەمبەر چینە کۆمەڵایەتییە نوێیەکانی وەک بوورژوازی نوێ، ڕووناکبیران و چینە کرێکارییەکان. لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا ژیانی سیاسی بە توندی لەژێر کاریگەری گرژی و پێکدادانەکانی دوو نیوەی کۆمەڵگا دایە و دەوڵەت هەرچەندە ڕەنگە زۆرتر نوێنەری بەشی نەریتی و یان مۆدێڕن بێ بەڵام ناچارە بە شێوەیەکی نێوەنجی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەر دوو بەش-دا پتەوتر کا. کەلەبری سەرانسەری لە نێوان دوو نیوەی کۆمەڵگا لەپانتای ئابووری و فەرهەنگدا زۆربەی کات زۆرتر لە کەلەبرە ناوخۆییەکانی هەر کام لە دوو بەشەکەی کۆمەڵگا کاریگەریان دەبێ لەسەر ژیانی سیاسیدا.

لە کۆمەڵگا مۆدێڕنە پیشەسازییەکاندا کەلەبرە نەریتییەکان زۆربەی کات چالاکی خۆیان لەدەست دەدەن و هەرچەندە ڕەنگە جاروبار بە هۆی هۆکارگەلێکی کاتییەوە ئەکتیڤ بن بەڵام لەو کۆمەڵگایانەدا گرووپ و هێزە سەرەکی و ئەکتیڤەکانی ژیانی سیاسی لەسەر بنەمای کەلەبرەکانی کۆمەڵگای مۆدێڕنەوە بیچم دەگرن. کەلەبرەکانی کۆمەڵگای مۆدێڕن بە هۆی گۆڕانی سیستمی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی و سیستمی ئابوورییەوەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، بە تێپەربوون لە کاپیتالیزمی بازرگانی و گەیشتن بە کاپیتالیزمی پیشەسازی و ماڵی جۆری کەلەبر و ڕیزبەندی ئەو هێزانەی کە لەسەر بنەمای ئەوانەوە پێک دێن، تووشی ئاڵوگۆڕ دەبن.

لە کۆمەڵگا پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا جگە لە کەلەبرە سەرەکییەکانی چینایەتی، کەلەبرەکانی ناو _ چینایەتیش دێنە ئاراوە و زۆربەی کات لە دەم کورتدا کاریگەرییەکی زۆرتریان هەیە لەسەر داڕشتە و سیاسەت دارشتنی دەوڵەتدا. بۆ نموونە دەبێ باس لە کەلەبری نێوان سامانی بازرگانی و سامانی پیشەسازی، سامانی کۆمپڕادۆر و سامانی نەتەوەیی، سامانی گەورە و گچکە، سامانی پاوانکراو و ناپاوانکراو و پاوانکراوە پیشەسازی و بانکییەکان لە ناخی چینە کاپیتالیستەکاندا بکەین.

هەروەها لە ناخی چینی کرێکاری پیشەسازیشەوە گەلێ کەلەبر دێنە ئاراوە. هاریکاری بەشی کارامە و ڕێکخراوی چینی کرێکاری پیشەسازی کە خاوەنی ڕێکخراوگەلی پڕ هێز و لۆسەگەلی زەختە، پێداویستی بەردەوام بوونی کەڵەکە بوونی سامان و سەقامگیری ئابوورییە. هەر لەو ڕووەوە لە کۆمەڵگا کاپیتالیستە پێشکەوتووەکاندا لەنێوان ئەو بەشە و دەوڵەتدا پەیوەندایەتییەکی نزیکتر دێتە دیی.

لە ڕووی شێوەی فۆڕماسیۆن و تێکەڵاوییەوە، کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگە یەکتر بەهێز بکەن و یانیش ببنە بارگرانی سەرشانی یەکتر. ئەو جۆرە فۆڕماسیۆنانە پێیان دەوترێ کەلەبرە تێک-

پەستاوەکان (Reinforcing cleavages). کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگە یەکتر بێ هێز و لاواز بکەن کە ئەوسا پێیان دەوترێ «کەلەبرە یەکترهەڵبڕەکان» (Crosscutting Cleavages). کاتێک کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان تێکپەستاو بن زۆربەی کات کۆمەڵگا دەبێتە دوو جەمسەری و پۆتانسییەلی گێرەوکێشەی کۆمەڵایەتی بەرز دەبێتەوە. بەپێچەوانەوە کاتێک کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان یەکترهەڵبرن، بە سەرنجدان بە بەرزبوونەوەی خاڵەکانی هاوبەشی گرووپ بەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەستێنی گرژی کۆمەڵایەتیدا دەکشێ.

بە پێی ژمارە و شێوەی تێکەڵ بوون و ئەکتیڤ بوون و نائەکتیڤ بوونی کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان جۆرە جیاجیاکانی فۆڕماسیۆنی کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان دێنە دیی.

١. کۆمەڵگای تاک کەلەبری ئەکتیڤ. لەو داڕشتەدا تەنیا یەک کەلەبری سەرەکی لەڕووی سیاسییەوە ئەکتیڤە و کەلەبرەکانیتر لە ڕووی سیاسییەوە کاریگەر نین و یان ئەوە کە بە سەرنجدان بە وەکیەکی دانیشتوان لەڕووی ڕەگەزی، ئایینی و زمانییەوە لە بنەمادا کەلەبریتر لە ئارادا نین. بۆ نموونە لە بریتانیادا یەک کەلەبر واتا کەلەبری چینایەتی لە ڕووی سیاسییەوە بەرچاو و ئەکتیڤ بووە و ڕێکخراوە، حیزب و ئایدۆلۆژیایە سیاسییەکان لەدەوری ئەودا سەریان هەڵداوە. هەر لە سەرەتاوە لەو وڵاتەدا، ئایینی پرۆتستانت بوو بە ئایینی ڕەسمی دەوڵەت و لەئاکامدا کەلەبر لەنێوان ئایین و دەوڵەتدا پێک نەهات. کۆمەڵگای تاک کەلەبر دەکرێ بە شێوەی خوارەوە پێشان دەین:

## چیـــن


لــــەو جــۆرە کۆمەڵگایانـــەدا کەلـــەبڕێکی ســـەرەکی (ئـــابووری – کۆمەڵایەتی) ئەکتیڤە. بەڵام کەلەبرە یەکترهەڵبرەکان (ئەتنیسیتە و ئـایین) لەڕووی سیاسییەوە ئەکتیڤ نین و کاریگەری کەلەبری سەرەکیش هـاوکێش دەکەن. حیزبە سیاسییەکان لە دوو جەمسەری کەلەبری ئەکتیڤی سەرەکی دا سەرهەڵدەدەن.

**٢. کۆمەڵگای دوو کەلەبرەی پارالێل:** لەو جۆرە داڕشتە کۆمەڵایەتییەدا دوو کەلەبری سەرەکی و ئەکتیڤ لەئارادان بەڵام ئەو دووە تێکپەستاو نین. لە هەمان کاتدا کەلەبرە یەکترهەڵبەڕە نائەتیڤەکان (لێرەدا هێڵە وردەکان) دوو کەلەبرە سەرەکییەکە قووت دەکەن و دەبنە لەمپەری لێکبڵاوبوون و پچڕپچڕبوونی چنراوەی کۆمەڵگا. لێرەدا سێ پانتای سەرەکی گوورانی حیزبە سیاسیەکان لە ئارادایە و لەئاکامدا ڕەنگە سیستمێکی فرە حیزبی بێتە ئاراوە.

حیزبە پرۆتستانتەکان حیزبە سێکولارەکان حیزبە کاتۆ

وێنەی کۆمەڵگای سیاسی لە هوولەند دا

**٣. کۆمـەڵگای تـاک کەلـەبرەی تێـکپەسـتراو:** لـەو داڕشـتەدا تـەنیا کەلـەبڕێکی سـەرەکی و ئـەکتیڤ لەئارادایـە بـەڵام کەلـەبرەکانی‌تـر هەرچەندە لەڕووی سیاسییەوە ئەکتیڤ نین بەڵام قورسایان دەکەوێتـە سـەر کەلەبری سەرەکی و بەهێزی دەکەن. بۆ نموونە کاتێک کە کەلەبری ئایین و دەوڵەت لەگەڵ کەلەبری چینایەتیدا کۆ دەبێتەوە و لـە ئاکامدا بـۆ نموونـە حیزبی چینـەکانی خـوارووو، دژی دەسـتێوەردانی ئـایین لەسیاسـەت دان لـە کاتێکدا حیزبی چینەکانی سەرووو پشتگیری ئەو جۆرە دەستێوەردانە دەکەن.




لـە سیاسـەت و حکوومـەتی توورکیـادا کەلـەبری چینایـەتی لەگـەڵ کەلەبری ئایین و دەوڵەتدا بەشێوەی خوارەوە بوونە:

چین | هاوەنگی یان دژایەتی لەگەڵ
دەوری سیاسی ئایین

+——

حیزبی عەداڵەت | حیزبی
کۆماریخوازی گەل


حیزبی یەکێتی نەتەوەیی | حیزبی
کرێکار

حیزبی ڕزگاری نەتەوەیی | حیزبی
سۆسیالیستی کرێکاران

### ٤. ئەو کۆمەڵگایانەی خاوەن دوو کەلەبری یەکترهەڵبەرن:

لەو داڕشتەدا دوو کەلەبری سەرەکی و ئەکتیڤ یەکتر هەڵدەبرن و لەئاکامدا ژمارە و جۆری هێزە کۆمەڵایەتی – سیاسییەکان هەڵدەکشێ، فۆڕماسیۆنی کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتانێکی وەک فەرانسە و ئیتالیا و هەروەها وڵاتانی سکاندیناویدا لەو جۆرەن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە لە هەندێ بواردا کاریگەری یەکێک لە کەلەبرە یەکترهەڵبڕەکان (وەک کەلەبری چین) ڕەنگە هەندێ بەشی کۆمەڵگا هەستی پێ نەکەن و لەئاکامدا هەڵبرین بە شێوەی T دەرکەوێ.

(وێنەی وڵاتانی سکاندیناوی)



چین
خوارووسەروو
سۆسیالیزمی کرێکاری
لیبراڵیزم
کەلەبری شار
و
لادێ
حیزبە جووتیارییەکان
حیزبە کۆنسێرڤاتەکان

(وێنەی ئیتالیا)

چین

سەروو خوارروو

حیزبە کۆنسێرڤات و ڕاستە ڕادیکاڵەکان

حیزبی دێموکرات مەسیحی + لایەنگرانی

کڵێسە

--

دژبەرانی

کڵێسە

حیزبە لیبراڵەکان حیزبە

سۆسیالیستەکان


## ٥. ئەو کۆمەڵگایانەی خاوەن سێ کەلەبری یەکترهەڵبڕن:

**بێتوو سێ کەلەبری ئەکتیڤ و بەهێز لەئارادابن، ئایدۆلۆژیا و حیزبە سیاسییەکان ژمارەیان بەرز دەبێتەوە و پۆتانسێلی گرژیش بەگوڕتر دەبێ. دوورژە، لە کتێبی حیزبە *سیاسییەکانیدا* داڕشتەی کەلەبری کۆمەڵایەتی لە کۆماری چوارەمی فەرانسەدا لەو جۆرەی خوارەوە دەزانێ[١].**

**چین**

---

١. ئەو بەشە لە کتێبی خوارەوە وەرگیراوە:
G. Smith, *Politics in Western Europe.* (London, Heineman, 1972), pp. 11 – 36.


ئایین
خواڕوو سەڕوو
کەلەبر
پڕۆتستانت
کاتۆلیک
لادێ
شار

# ٢

# هێزە کۆمەڵایەتییەکان

ناسینی کەلەبر و گرژییە کۆمەڵایەتییەکان سەرەتا و هەنگاوی یەکەمی کۆمەڵناسی سیاسییە. جۆر، ژمارە، فۆڕماسیۆنی کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتە جیاجیاکاندا جیاوازە و هەر ئەو جیاوازییەش تایبەتمەندی تایبەتی سیاسەت و حکوومەتی هەر وڵاتێک پێک دێنێ. هەرچی ژمارە و تێکخراوی فۆڕماسیۆنی کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان زۆرتر بێ گرووپ و هێزە کۆمەڵایەتی – سیاسییەکان و هەروەها نوارێن و ئایدۆلۆژیایە سیاسییەکان جۆراوجۆرتر دەبن. لەسەر بنەمای کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان ڕیزبەندی هێزە سیاسییەکان دێتە ئاراوە.

هێزە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵەیەک لەو چین و گرووپەکانن کە کاریگەریان هەیە لەسەر ژیانی سیاسی بەواتا گشتییەکەی و ڕەنگە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرن و یانیش بە شێوەگەلی جیاجیا دزەی تێدا بکەن. بەو واتایە هێزە کۆمەڵایەتییەکان یەکەم، پێکهاتوون لەو تاکانەی کە لەڕووی ئۆگری ئابووری، بایەخی،

فەرهەنگی، سینفی و لەو جۆرە شتانە وەک یەک بن، دووهەم، ئۆگری بەشداری لە ژیانی سیاسیدان (وەک دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات، بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، بەشداری لە پێکهاتە سیاسییەکاندا، بەشداری لە بڕیاردان و سیاسەت داناندا)، سێهەم بۆ ئەو مەبەستە خۆیان ڕێکدەخەن و ئامادەی ئەنجامی کردەوەی سیاسی دەبن.

لەڕووی ئۆگری بۆ بەشداری لە ژیانی سیاسیدا دەبێ بڵێین کە جیاکردنەوەی ویستە سیاسییەکان لە ویستە ناسیاسییەکان لەناو کێشە و ویستەکانی هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا کارێکی دژوارە. بەگشتی کاتێک ویستەکانی بەرباس بەتەواوی «سنفی» بن، واتا تەنیا لە چوارچێوەی ئۆگرییە تایبەتەکانی گرووپی بەرباس دابن و هێزە کۆمەڵایەتییەکان نەیان هەوێ بەدوای ئۆگرییە گشتییەکانی کۆمەڵگا بچن، ئەوسا دەکرێ تایبەتمەندی ناسیاسیان بۆ لەبەرچاو بگرین. هەروەها ڕەنگە کاریگەری هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ژیانی سیاسیدا ئاست و پلەگەلی جۆراوجۆری هەبێ. ئەو کاریگەرییە ڕەنگە لە *دوور* یان لە *نزیکەوە* بێ، لە *دەرەوە* یان لە *ناوەوە* دابێ، لە ڕێگەی *نێوبژیوان یان بێ نێوبژیوانەوە* بێ و یان *بەشێوەی نەرم و نیان و یانیش بەشێوەی توندوتیژەوە* بێ. لەگەڵ ئەوەش-دا، ڕەنگە ئەو کاریگەرییە بەشێوەی دەکارهێنانی باڵادەستی کۆمەڵایەتی و یان دەکارهێنانی دژە لەسەر پێکهاتە جیاجیاکانی حکوومەت دابێ. بە گشتی دەکرێ بە سەرنجدان بە مۆدێلەکانی کۆمەڵناسی سیاسی کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی بەرباس بە شێوەی خوارەوە پێشان دەین:




١. بواری کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان (هێزە بنچینەییەکان)

٢. ئاستی گرووپبەندییە سەرەکییەکان و بزووتنەوەکان (هێزەکانی بزاوت)

٣. ئاستی ڕێکخراو و پێکهاتەکان (هێزەکانی دزە)

٤. پانتای سیاسەت

## کۆمەڵناسی سیاسی لەئاستی میکرۆ و ماکرۆدا

هەروەک لە وێنەی سەرەوودا دەبینرێ، بە سەرنجدان بە پانتای هێزە کۆمەڵایەتییەکانی تێکەوەگەلاو و کاریگەریان لەسەر ژیانی سیاسیدا دەکرێ باس لە دوو ئاستی کۆمەڵناسی سیاسی ماکرۆ و میکرۆ بکەین. جیاوازییەکانی ئەو دوو شێوە نوارینە دەکرێ لە چەند خاڵدا کورت کەینەوە.

میکرۆ کۆمەڵناسی یەکەم زۆرتر دەپرژێتە سەر تاوتوێ کردنی ڕۆڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە خوولەکانی سەقامگیری سیاسیدا؛ دووهەم تێدەکۆشێ ڕۆڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی میکرۆدا (بۆ نموونە یەکێتییەکان، ئەنجوومەنەکان، گرووپە ڕێکخراوەکان، گرووپەکانی خاوەن دزە و حیزبە سیاسییەکان و هتد) تاوتوێ بکا و سێهەم ئەوە کە،

**کاریگەری پێکهاتەگەلێکی ئەوتۆ لەسەر چالاکی و سیاسەت دانەری پێکهاتە دیارەکانی حکوومەتدا وەک کابینە، پارڵمان، وەزارەتخانەکان و هتد تاوتوێ دەکا.**

**بەگشتی، میکرۆ کۆمەڵناسی سیاسی سەرقاڵی هێزە ڕێکخراوە دیارەکانە. تایبەتمەندییەکانی هێزە ڕێکخراوەکان بریتیین لە:**

**١. بوونی ڕێکخراوەیەکی ڕەسمی کە لەو ڕێکخراوەدا ڕۆڵ و ئەرکەکان لەسەر بنەمای پێوانەگەلی فەرماندەرانە لێکجیا و دابەش کراون و هەروەها ئەندامی کادر و ئەندامی ئاسایی لێک جیا کراونەتەوە.**

**٢. بوونی سەرچاوە مالی کە لەبەردەستی بڕیاردەران دابێ. سەرچاوەکانی ماڵی بەردەوام دەبێ بە شێویەک نوێ ببنەوە.**

**٣. بوونی لایەنی کەم لایەنگر یان بازنەی یەکەمی لایەنگران کە لە هەلومەرجی پێویستدا بەسانایی موبیلیزە بن.**

**لە هەمبەردا، ماکرۆ کۆمەڵناسی سیاسی نە خوولەکانی ئاڵوگۆری بنەڕەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ڕۆانگەی کاریگەری هێزە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانەوە تاوتوێ دەکا بەڵکووو لە خوولەکانی سەقامگیریشدا ڕۆلی هێزە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی ماکرۆدا لە گووران و دیاری کردنی سروشتی پێکهاتە سیاسییەکاندا تاوتوێ دەکا. لەو**

بوارەدا بەتایبەت کێشەی چینی باڵادەستی کۆمەڵایـەتی و پەیوەنـدی لەگـەڵ دەوڵەتدا جێی سەرنجە.

یەکێک لە قازانجەکانی جیاکردنەوەی دوو نـوارینی میکرۆ و مـاکرۆ، ئاسان کردنەوەی میتۆدی خوێندنەوەی پێکگرتەیی هێزە کۆمەڵایەتییەکانە. کاتی پێک گرتنی هێزە و گرووپەکان بێگومان دەبێ گرووپەکانی وەک یـەک و لە یەک ئاستدا کە خاوەنی ئامانجی کەم تا زۆر وەک یـەکن پێکـەوە پێک بگرین. بە واتایەکی‌تر ئـەو گرووپانـەی کـە پێکیـان دەگرێن دەبـێ لـەڕووی «فەزای کۆمەڵایەتییە«وە لـە یـەک ئاست دابـن. پێـک گرتنـی دوو گرووپـی کۆمەڵایەتی کە یەکیان لـە ئاسـتی میکرۆ دابـێ و ئـەوەی‌تریـان لـە ئاسـتی ماکرۆدا زۆربەی کات کەڵکی نییە. نـاکرێ کاریگەرییـەکانی بزووتنەوەیـەکی کۆمەڵایەتی و کۆمپانیایـەکی بازرگـانی لـە دوو سیسـتمی سیاسـی یـان لـە سیستمێکی سیاسیدا پێک بگرین. بێگومان جـۆری کاریگـەری و دزە کـردن و بە گشتی پەیوەندی هێز و گرووپەکان لەگەڵ ژیانی سیاسی‌دا لە دوو ئاستی ماکرۆ ومیکرۆدا جیاوازی بەرچاویان هەیـە. هـەروەها لـەڕووی بابـەتی دزە کردنیشەوە ناتوانین بۆ وێنـە دزەی کۆمپانیایـەکی بازرگـانی لەسـەر هێـزی قانووندانان و هێزی بەرێوەبەردا پێکەوە پێـک بگـرین، بـەڵام پێـکگرتنێکـی ئەوتۆ لە نێوان دوو کۆمپانیا لە هەرکام لە بوارەکانی دزەکردندا شیاوترە. بەو پێیە نزیکایەتی گرووپەکانی دزە و نزیکایەتی و وێکچوویی پانتـای دزە و بواری کردەوە پشتگیری باسی پێکگرتەیی دەکەن. هەروەها وێکچوویی لە کێشەکانی پەیوەندیدار بـە گرووپـەکان (وەک کێشـەگەلی مـاڵی)، هاوچـاخ بوون (پێکەوە بوونی گرووپەکان لە دەقـی زەمانێکـدا و یـان لـە سـەردەمانی

ڕژێمێکی سیاسیدا) و وێکچوونی میتۆدەکانی بەدواداچوونی ئامانجەکانیان بایەخی پێکگرتنەکە دەبەنە سەرێ. هەروەها بە پێی ئەوە کە هێزە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری و دزەیان لە چەند پانتادا هەیە لەو ڕووەشەوە دەکرێ پێکیان بگرین. هەندێ هێز یان گرووپ خاوەنی پانتای کارتێکەری و دزەی هەراو بەربڵاوترن و هەر بۆیەش خاوەنی پێگەیەکی ستراتێژیکن. لەبەرچاو گرتنی دوو ئاستی ماکرۆ و میکرۆ یارمەتی دەدەن بە ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە لە هەر بوارێکدا. بەڵام ئاشکرایە کە دوو ئاستی ماکرۆ و میکرۆ لە کۆمەڵناسی سیاسیدا لەگەڵ یەکتر تێکبەزیون و جیاکردنەوەیان لەکردەوەدا حەستەمە. بێگومان هەندێ لە گرووپەکان بەدوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسییەوەن و هەندێکیتریش تەنیا بەدوای دزەکردن لەخاوەن پۆستە سیاسییەکان دان. واتا ئەو کەسانەش کە دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن و دەکاری دێنن خۆشیان دەکەونە ژێر کاریگەری زەخت یان دزەی گرووپ و هێزە کۆمەڵایەتی – سیاسییەکانیترەوە و لەلایەن هەندێ گرووپی کۆمەڵایەتییەوە پشتگیری دەکرێن و پێگەی کۆمەڵایەتی تایبەتیان هەیە. بۆ وێنە حیزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان تێدەکۆشن پرۆگرام و سیاسەتەکانیان لەسەر بنەمای هاوپەیمانییەکی کەم تا زۆر بەربڵاوی ئۆگرییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆنین و بەو پێیە دیمەنێکی «گشتی»تر دەدەنە ڕوخساری خۆیان. بێگومان وەها پێداویستییەک هەڵقوڵاوی بەرپرسایەتی دەکارهێنانی دەسەڵات لە ئاستی کۆمەڵگا بە ئاراستەی بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتییەکانە.

هەروەهـــا ویســـتی هێـــزە کۆمەڵایەتییـــەکـــان بەواتـــا بەربڵاوەکـــەی لـــەڕێگـەی گـڕووپ، ئەنجوومـەن و پێکهاتـەکانیـانـەوە دەخرێتە ڕوو. بۆ وێنە ویستەکانی بزووتنەوەی کرێکـاری یـان هێـزی چینـی کرێکـار لـەڕێگـەی یەکێتییـە کرێکارییەکانـەوە یـان لـەڕێگـەی حیزبـە سیاسییەکانەوە ڕادەگەیەندرێ و دەکار دێن. لـە هەنـدێ وڵاتدا ویستەکانی چینی کرێکار لەلایەن یەکێتییـە کرێکارییەکانـەوە ڕێـکوپێـک دەکرێن و لـە ڕێگەی حیزبە کرێکارەکانەوە دەکار دێـن. واتـا حیزبـەکان، هێڵـی سیاسـەت دارِشتنیان لە یەکێتییەکان وەردەگرن. بە پێچەوانە لە هەندێ لە وڵاتەکانی-تردا ڕێکخراوە کرێکاری و حیزبە چەپەکان بـەکردەوە زۆر دەبـاڵ یـەکدان و حیزبـەکانی نـاوبراویش لـە ئاراسـتەی ویسـت و سیاسـەتەکانی ڕێکخـراوە کرێکارییەکان دا دەورێکی ئەکتیڤیان گێراوە.[1] بە سەرنجدان بەوانەی ووتمان جەخت کردن لەسەر هەرکام لـە دوو نـوارِینی مـاکرۆ و میکـرۆ دەبێتـە هـۆی لاوازی ڕوانگـەی کۆمەڵناسـی سیاسـی. لەلایەکـەوە، تـەنیا تـاوتوێ کردنـی پەیوەندییـەکانی حکوومـەت لەگـەڵ ڕێکخـراوەکـان و ئـەو گڕووپـە خـاوەن دزانەی کە لە دەورووبەریدا چـالاکن لـە پرسـپێکتیڤێکی گشـتیمان بـێ بـەش دەکەن. لەلایەکیترەوە، جەخت کردن لەسەر هێزە بەربڵاوەکان دەبێتە هۆی ئەوە کە لەژیانی سیاسیدا «وێککەوتنە تریکەکان» نەناسین.

بــە گشــتی بابــەتی کۆمەڵناســی سیاســی (چ لەئاســتی میکــرۆ و چ لەئاستی ماکرۆدا) باسـی هێـزە کۆمەڵایەتییەکانـە لـە قۆنـاغـە جیاجیاکـانی

---

1. Wootton, op. cit. p. 22.

سەرهەڵدانیاندا و هەروەها کاریگەریان لە ژیانی سیاسیدا. لەڕووی قۆناغەکانی گوورانەوە دەکرێ باسی ئەو هێزانە بکەین: هێزە بنچینەییەکان (وەک چینی کرێکار) و هێزەکانی بزووتنەوە (وەک بزووتنەوە کرێکارییەکان) و هێزەکانی دزەی ڕاستەوخۆ (وەک کۆنفیدڕاسیۆنی کرێکاران). هەروەها دەکرێ باس لە ژنان وەک هێزی بنچینەیی، بزووتنەوەی ژنان بۆ وەدەست هێنانی ماف و ئازادییە مەدەنییەکان وەک هێزی بزووتنەوە و ڕێکخراوە تایبەتەکان (بۆ نموونە ئەنجوومەنی پزیشکانی ژنی فەرانسە) وەک هێزی دزەی ڕاستەوخۆ.[2] هەڵبەت ڕەنگە هێزێکی دزەی ڕاستەوخۆ لە سەر دوو هێزی بنچینەیی ڕاوەستابێ. بۆ نموونە ئەنجوومەنی کرێکارانی هیندی لە بریتانیادا لەسەر بنەمای هێزە بنچینەییەکانی چینی کرێکار و کەمایەتییەکی ئەتنیکییە. هەروەها ڕەنگە هێزێکی دزە هەرچەند لەرواڵەتدا لەسەر بنەمای هێزێکی بنچینەیی تایبەت دابێ بەڵام لەهەمان کاتدا لەلایەن هێزێکی بنچینەییترەوە ووروژێنرابێ، بۆ وێنە کاتێک بزووتنەوەی چینایەتی بە ئاراستەی ئۆگرییەکانی خۆی بزووتنەوەی ئەتنیکی دەوڕووژێنێ. ڕەنگە هێزی بنچینەیی گرووپیکی دزە جیاواز بێ لەوەی کە چاوەڕوان دەکرێ هێزی بنچینەیی ئەو گرووپە بێ. بۆ نموونە گرووپی بنچینەیی زۆریەک لە حیزبە سۆسیالیستەکان لە وڵاتانی لەکاتی گەشەکردندا، توێژە مامناوەندییە ڕووناکبیرییەکان بوونە. لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ڕەنگە چەندین گرووپی بنچینەیی

---

2.Peak Organizations

هەبێ. بزووتنەوەی فاشیزم لە ئورووپادا بەر لە سەرکەوتنی سیاسی لەسەر بنەمای چەندین گرووپی بنچینەیی وەک جووتیاران، وردەبوورژوازی و ئەریستۆکراسی بوو. گرووپە رووناکبیرەکانیش هێزێکی بنچینەیی یەکەیان نییە و ناکرێ سەرچاوەیان لە دابەشکردنێکی چینایەتی-دا بدۆزینەوە. هەروەها رەنگە لەناخی گرووپێکی بنچینەیی ئابووریدا بزووتنەوە یان گرووپیکی دژە فەرهەنگی بێتە دیی. لە ئێراندا زۆربەی کات بازاڕ هێزی بنچینەیی بزووتنەوە سیاسی – ئایینییەکان بووە.

بە گشتی هێزە بنچینەییەکان لەڕووی ئەندامەتی لکاو یان وەدەست هاتوو بە دوو تاقمی گشتی دابەش دەبن.[1] گرووپە ئەتنیکی، تەمەنی، نێر و مێی و ڕەچەڵەکییەکان وەک هێزی بنچینەیی لکاوە دێنە ژمار و ڕەنگە ببنە گرووپی دژە. هەروەک پێشتریش بینیمان هۆزەکان، ئەتنیکەکان، گرووپە فەرهەنگییەکان و ئەوانی وەک ئەو لە سیاسەت و حکوومەتی وڵاتانی نیوە پیشەسازیدا هەروا خاوەن ڕۆڵی بەرچاون. تێپەرین لە یەکریزی لکاوەوە بۆ یەکریزی وەدەست هاتوو نیشاندەری گۆڕان و مودێرن بوونی کۆمەڵگایە. لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵاوی ئەتنیکی لە هەرکۆمەڵگایەکدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گرووپەکانی دژەی«لکاو». بۆ نموونە لە پەیوەندییەدا دەکرێ فێدڕاسیۆنی ئەنجوومەنی پاکستانییەکانی بریتانیا و یان «ئەنجوومەنی خەڵکانی رەنگین پێستی ئەمریکا» ناو بێنین.

1. Ibid, pp. 41 – 44.

گرووپەکانی ئەتنیکی، ڕەچەڵکی و نێر و مێ لە هەموو شوێنێکدا وەک هێزی سەرەکی نایەنە ژمار و ڕادەی گرینگایەتیان پەیوەندی بە هۆکارگەلێکی وەک (وەک یەکی) همگنی کۆمەڵایەتی، ڕادەی پەرەسەندنی ئابووری و ڕادەی هەراوی فەرهەنگی هاوبەش لە ئاستی نەتەوەیی‌دا هەیە. لەگەڵ مۆدێڕنیزە بوونی کۆمەڵگادا ژمارەی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر بنەمای ئەندامەتی وەدەست هاتوو زیاد دەبێ. لە کۆمەڵگاکانی مۆدێڕندا گرینگترین هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای ئەندامەتی نالکاون. گرووپەکانی فکری، پڕۆفیشناڵ، چینایەتی، سینفی، حیزبە سیاسیەکان، یەکێتی و ڕێکخراوە جیاجیاکان ئەندامەتی نالکاویان هەیە.

## شێوە و شێوازی کردەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان

هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە سیستمە سیاسییە جیاجیاکان‌دا شێوە هەڵسوکەوتی جۆراجۆر لەخۆیان پێنیشان دەدەن. ئەو جیاوازییە بە گشتی پەیوەندی هەیە بە هۆ و هۆکارگەلێکی جۆراوجۆری وەک فەرهەنگی کۆمەڵگا، ڕادەی ڕێکخراوەیی هێزەکان، شێوەی دەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، تایبەتمەندی و سروشتی هێزەکان، شیوەی دابەشینی دەسەڵات و سەرچاوەکانی و کردەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی‌تر. بۆ وێنە فەرهەنگی کۆمەڵگا وەک کۆمەڵەیەک لە نواڕینە چەسپاو و کۆنەکان و یان مۆدێلی بیرکردنەوە و هەست و بایەخدان و کردەوە کە بەردەوام لە وەچەیەکەوە بۆ

وەچەیەکیتر دەگوازرێنەوە لە جۆر و کردەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا کاریگەرە. کولتووری سیاسی بەتایبەت لە هەر کۆمەڵگایەکدا کار دەکاتە سەر ئامانجەکانی کردەوەی سیاسی و ئامرازەکانی پێویست بۆ بەدواداچوونی ئەو ئامانجانە دیاری دەکا.[1] هەروەها سروشت و تایبەتمەندی هەر هێز یان گرووپێک بێگومان شێوەی کردەوەی ئەو هێز یان گرووپە دیاری دەکا. بۆ نموونە شێوە کردەوەی بزووتنەوەیەکی ئایینی بێگومان دەکەوێتە ژێر کاریگەری بناخەی باوەڕە ئایینییەکان. لەلایەکی-ترەوە هەندێ لە هێزەکان (بۆ نموونە یەکێتییە خاوەن کارەکان) زۆرتر پاڵپشتیان سامان و ئامرازە نامرۆییەکانە، لەکاتێکدا هەندێکیتری (وەک یەکێتییە کرێکارییەکان) پاڵپشتیان زۆرتر هێزی کار و بوار و دەرفەتە مرۆییەکانە. سروشتی سەرچاوەکانی گرووپی بەرباسیش بێگومان کاردەکاتە سەر شێوەی کردەوەی ئەو گرووپە (وەک دانی مافی ماڵی بە دێتران، دەست دانە مانگرتن، پڕۆپاگەندەی بیروباوەڕ و هتد).

لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا ڕێکخراوە بازرگانی و یان یەکێتییە خاوەنکارەکان بۆ دزە کردن لەسەر ناوەندەکانی بڕیاردەر زۆربەی کات (بە شیوەی ناقانوونی) هەندێ پارە دەخەنە بەردەست حیزبەکان بۆ ململانێ هەڵبژاردنەکان. زۆربەی کات گرووپگەلێکی ئەوتۆ پارەیەکی بەرچاو

---

1. See G. Almond and S. Verba, *The Civie Culture.* (Boston, 1956).

خەرجی پڕۆپاگەندە و کارتێکەری لەسەر بیرورِای گشتی دەکەن.[٢] لەڕووی شێوەی دابەشینی دەسەڵاتی سیاسییەوە، جۆری کردەوەی هێز و گرووپە کۆمەڵایەتی – سیاسییەکان بێگومان لە دارِشتەی دەسەڵاتی داخراوی تاک لایەنە و دارِشتەی دەسەڵاتی کراوە و دوو لایەنەدا جیاوازیگەلی بنەڕەتی هەیە. لە سیستمە سیاسییە دێموکراتیکەکاندا ئەو شێوانە بریتین لە پێکهاتنی کۆڕ و کۆمەڵە و گرووپ و یەکێتییەکان بۆ دزەکردن لەسەر بڕیاردەران، پێکهێنانی حیزبەکان، بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا، بەشداری لە پێکهاتە سیاسییەکاندا، بەخشینی یارمەتییەماڵییەکان، دزەکردن لە دیاری کردنی کاندیداکانی هەڵبژاردندا و هتد. لە سیستمە دێموکراتیکەکان-دا، هێزە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی ئاشکرا و شیاوی خوێندنەوەن و دەکرێ ڕێکخراو، پێکهاتەی ئەندامان و جۆری چالاکییەکانیان بەوردی تاوتوێ کەین. بەپێچەوانەوە لە سیستمە سیاسییە داخراوەکاندا کە دەسەڵات بە شێوەیەکی تاک لایەنە لە سەرووڕا دەکار دێ، ڕۆلی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە هەلومەرجی سەقامگیری سیاسیدا شاراوەترە و لەو بوارانەدا دەبێ بپڕژێنە سەر تاوتوێ کردنی کایەی باندەکان و دزەی تاقم و گرووپەکان لە ناخی برۆکراسیدا. لەو جۆرە سیستمانەدا دەوری هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە بارودۆخی قەیران و تێپەریندا ئاشکراتر دەبێ. هەروەها جۆری سیستمی

---

٢. لەساڵی ١٩٦٠دا ٥٠٠٠ کۆمپانیا خاوەنی دیپارتمانی پێوەندییە گشتییەکان بوون کە یەکێک لە کارە سەرەکییەکانیان سازدانی پێوەندی دەگەڵ گرووپ و حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکان بوو و بەگشتی لەساڵ دا زیاتر لە ٤٠٠ ملیۆن دۆلاریان خەرج دەکرد.
Wootton, op. cit. pp. 47 – 50.

سیاسی (بۆ نموونە ئەوە کە سیستم فیدراڵی یان نافیدراڵی بێ) بێگومان کاریگەری هەیە لەسەر پانتا و گووڕی کردەوەی گرووپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.[1]

هەروەها ئامرازەکانی دەکارهێنانی دەسەڵاتی گرووپە جیاجیاکان بە پێی هۆکارە جۆراوجۆرەکانی وەک سروشتی گرووپ، ئامانجی گرووپ، ئاستی وشیاری گرووپ، شێوەی ڕێکخستن، یەکریزی و یەکێتی گرووپ، سەرچاوە و دەرفەتەکانی، دووری و نزیکی لە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی، پەیوەندی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان، ڕادەی پانتای پێگەی کۆمەڵایەتی، سروشتی سیستمی سیاسی، جۆری بەشداری مۆڵەتدراو لەژیانی سیاسیدا و هتد جیاوازی هەیە. هەراوی پەیوەندییە گشتییەکان، پێکهێنانی حیزب یان دزەکردن لە حیزبەکاندا، پێکهێنانی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتی بەرێوەبەرایەتیدا، دابین کردنی سەرچاوە ماڵییەکان بەشێوەیەکی «ڕەوا یان ناڕەوا»، دەست دانە توندوتیژی و خەباتی شۆرشگێرانە، ئامرازە باوەکانی چالاکی هێزە سیاسی کۆمەڵایەتییەکانن.

لە هەلومەرجی چەسپاودا، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان زۆربەی کات لە ڕێگەی پەیوەندییە تاکە کەسی یان گرووپییەکان، پاڵپێوەنان، زەخت هێنان یان دانی سەرچاوەی ماڵی و وادە دزەکردنی خۆیان بەرێوە دەبن. «مامڵەی» سیاسی باوترین میتۆدی سەرجەمی وڵاتانە. بەو واتایە ژیانی

---

1. Ibid, p. 56.

سیاسی ڕایەڵەیەکی هەراو و کەم و زۆر شاراوەی پەیوەندییە تاکە کەسی، گرووپی و مامڵە سیاسییەکانە.[٢]

هەوڵی دزەکردن لەناو سیستمدا، خۆی بەواتای پەژراندنی پراکتیکی سیستمی حکوومەتی چەسپاوە. لە هەلومەرجی چەسپاودا گرووپەکانی دەسەڵات بەردەوام بەدوای دۆزینەوەی هاودەستانێک لەناو کۆری پارڵمان و حیزبەکان دان. ئەو هەڤاڵبەندانە ڕەنگە کاتی یان هەمیشەیی بن. دزەکردن لە برگە قانوونییەکان (لوایح) و هەروەها دزەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە کابینەدا گرینگییەکی تایبەتی هەیە.

ئەو خواردن و زیافەتانەی گرووپەکانی دزە بۆ وەرزێر، نوێنەرانی پارڵمان، ژوورنالیستەکان و هتدی دەگێڕن لە دابین کردنی سەرەتاکانی دزەکردندا کاریگەرن. بوونی «هۆکاری دزە» لەناو دەزگای بەرێوەبەریدا بەتایبەت بۆ وەدەست هێنانی زانیارییەکانی پێویست لە بواری پلانەکانی حکوومەتدا پێویستە.[١]

---

2. H. Eckstein *Pressure Group Politics.* (London, 1960), p. 32.

١. لە هەندێ وڵاتی وەک ئەمریکادا بەپێی قانون ئاستی دزەکردن و هەروەها چۆنیەتی دزەکردن و ڕادەی یارمەتی ماڵی بە حیزب و تاکەکان دەبێ ئاشکرا بێ. بەڵام هەوڵی کۆنترۆڵ کردنی هەڵسووڕانی ئەو گرووپانەی خاوەنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتین بەپێی قانونی «لۆبی» لە ساڵی ١٩٤٦ لەو وڵاتەدا نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک. دیاری کردنی لانی زۆری یارمەتی ماڵی بە حیزبە سیاسییەکان بە سانایی ژێر پێ دەخرێ.

ڕەنگە چالاکی گرووپەکانی دزە بەشێوەیەکی برگەیی یان نابەردەوام بێ. بۆ نموونە لە کاتی دانوستانەکانی پارلمان سەبارەت بە بووجە یان سازدانی بڕیارنامەکانی حکوومەتیدا چالاکییەکانی ئەوتۆ بەگوڕتر دەبن. شێوازی چالاکی برگەبرگەیی بریتییە لە هەناردنی نامە و یان ناردنی شاند بۆ دەزگا بەڕیوەبەرایەتی و وەزارەتخانەکان، دزەکردنی ڕاستەوخۆ لە کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبەکان دا، خەباتی ئاشکرا لەگەڵ گرووپە ڕکەبەرەکان، هانا بردنە بەر بیروڕای گشتی، گونجاندنی بابەتەکانی پیویست لە ڕۆژنامەکاندا و هتد. چالاکی گرووپی دزە بە پێی بابەت ڕەنگە هەڵمەتبەر یان تەنانەت توندوتیژ بێ. وەک چالاکی هەڵمەتبەر دەکرێ ئەوانەی خوارەوە ناو بەرین: هەڕەشە کردنی بە نامە، هەڕەشە کردن لە گرووپەکانی ڕکەبەر، هەڕەشەی مانگرتن، هەڕەشەی کەم کردنەوەی بەرهەمەکان، داخستنی کارگەکان و هتد. گرووپەکانی دزە لە هەمبەر گرووپەکانی ڕکەبەردا زۆربەی کات لە میتۆدەکانی هەڕەشە ئامێز کەڵک وەردەگرن و لەگەڵ «دۆستان» لە پێکهاتە جیاجیاکاندا بە پارێزێکی زۆرترەوە هەڵسوکەوت دەکەن. لەو جۆرە بابەتانەدا گرووپەکان تێدەکۆشن لەناو ئەو هاوکارانەی کە وابڕیارە دزەی تێدا بکەن کەسێک هەڵبژێرن کە لە هەمووان زیاتر لەو کەسە نزیکە هەتا بە پێی بابەت دەنگ بدا بەو برگە قانوونییەی کە بە دڵی ئەوانە و یان بڕیارنامەی پێویستی گرووپ دەرکا. گرووپەکانی دزە وایان پێ باشترە کە دزە لە »دۆستان»دا بکەن نە «دوژمنان» چوونکە دزەکردنێکی ئەوتۆ زۆربەی کات بە پارێزتر و بێ هەڵلا و هەنگەمەترە. بەپێچەوانە لەمەڕ «دوژمنان» گرووپەکانی دزە زۆربەی کات دەیکەنە هاشوهووت و هانا دەبەنە بەر ڕاکێشانی بیروڕای گشتی. ناکۆکی

نانەوە لە نێوان نوێنەران یان وەزیراندا یەکێک لە شێوەکانی باو لەو جۆرە بوارانە دایە.[2]

شێوەی دزە کردنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهاتە بڕیاردەرکانی وەک پارڵماندا پەیوەندی بە هۆکارگەلێکی وەک بوونی حیزبەکان، جۆری سیستمی پارڵمانی، شێوەی جیاکردنەوەی هێزەکان و هتدەوە هەیە. ئەو باسە سەرەکییانەی لەو بوارەدا دەخرێنە ڕوو بریتیین لە: ئامادە بوونی ئەندامانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە پارڵماندا و پەیوەندیان لەگەڵ حیزب لە پارلماندا، پەیوەندی ئەندامانی پارڵمان لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی، شێوەکانی دزەکردن یان «لۆبی» (lobbying)، پەیوەندی گرووپبەندییەکان لەگەڵ حیزبی دەسەڵاتداردا و لەو جۆرە بابەتانە. بە تایبەت کۆمیتەکانی پارڵمانی زۆربەی کات دەبنە شوێنی دزە کردنی گرووپەکانی زەخت. گرووپبەندییەکانی ناو پارڵمان جاروبار لە پێکهاتنی قەیران بۆ هێزی بەرێوەبەریدا ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان هەیە و بە پێی جۆری سیستمی سیاسی ڕەنگە لە دیاری کردنی ئەندامانی کابینەدا کاریگەر بن.

لە دێموکراسییە ڕۆژئاواییە هاوچەرخەکاندا ئیتر ئەوە باوی نەماوە کە »لۆبی» و «لۆبیست» لە پشت کۆڵەکەیەکی هۆڵی پارڵماندا خۆی حەشار داو و چاوەڕێی هاتنی ئەو ئەندام پارڵمانە بێ کە خستوویەتە

2. Wootton, op. cit. p. 74.

بەرچاوەدێری خۆی و بە تەمایە دزەی تێدا بکا. ئێستا شێوەکانی دزە کردن زۆر تێکچنراوتر لەو جۆرەن. لۆبیستەکان هەنووکە پێیان دەوترێ «ڕاوێژکارانی پاڕلمانی». زۆربەی گرووپەکان ڕاستەوخۆ دزە ناکەن بەڵکووو لە ڕێگەی کەسانیترەوە لەگەڵ نوێنەرانی پاڕلماندا پەیوەندی دەگرن.

لەلایەکیترەوە، پەیوەندی تاکەکەسی نوێنەری پاڕلمان لەگەڵ گرووپە دزەکاندا ڕۆڵێکی سەرەکیتر دەگێڕێ. بۆ نموونە لە حیزبە کرێکارییەکاندا پەیوەندی نوێنەرانی پاڕلمان و کاربەدەستانی سەرووی یەکێتییەکان بەرچاوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تاقمە لە نوێنەرانی پاڕلمان کە پاڵپشتێکی بەهێزیان لەناو گرووپەکانی دزەدا نییە، زۆرتر دزەیان تێدا دەکرێ. ئەو گرووپانەی کاندیدایەک بۆ هەڵبژاردنەکان ناوزەد ناکەن زۆربە بۆ ئاگادار بوون لە بیروڕای کاندیداکان سەبارەت بە خۆیان پرسیارنامەیان بۆ دەنێرن هەتا بۆیان دەرکەوێ کە پێش یان پاش هەڵبژاردن پشت بە چ نوێنەرانێک ببەستن. بەو پێیە ڕەنگە لە نێوان نوێنەران و گرووپی دزەدا، پێشاوپێش هیچ پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی یان گرووپی لەئارادا نەبێ.

لەهەندێ بواردا نوێنەرانی پاڕلمان ئەو هەوڵانەی لەلایەن گرووپەکانەوە بۆ دزە کردن لەواندا دەدرێن وەک زەخت چاو لێ ناکەن و پەیوەندی گرتن لەگەڵ گرووپەکانی نێوبراو بە سەرچاوەی وەدەست هێنانی زانیاری دەزانن. بە پێی لێکۆڵینەوەکانی بەردەست، هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر هەڵسوکەوتی نوێنەرانی پاڕلمان زۆرن کە لەناویاندا جگە لە دزە

کردنی گرووپەکان، دەکرێ ئەوانە ناو بەرین بیر و باوەڕەکانی تاکەکەسی، ئایدۆلۆژیا حیزبی و چاوەڕوانی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی دواتردا. شێوە و سەرچاوەی وەدەست هێنانی زانیاری (لەڕێگەی گرووپەکانەوە) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێ لەسەر تێگەیشتن و بڕیارەکان دا. لەو کاتانەدا کە دەسەڵاتی گرووپی بەرباس فراوان نییە، دزە کردن یا گووشار ڕەنگە لایەنی ئاشکرا و بەکۆمەڵ بەخۆوە بگرێ (وەک ناردنی تۆمار یان نامەی سەرئاوەڵای بەکۆمەڵ).

بە گشتی هەرچی پێگەی پاڕلمان لاوازتر بێ و یان لاوازتر کرێ، دەکارهێنانی دەسەڵاتی گرووپەکان لەسەری دادەبەزێ. زۆربەی گرووپەکان لەبری نوێنەرانی پاڕلمان، دزە دەکەنە ڕێبەرانی حیزبەکان و یان لە قۆناخی نووسینی بڕگەیی قانوونیدا هێزی بەرێوەبەر وەک شوێنی دزە کردن لەبەرچاو دەگرن. لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا ناتوانین بڵێین کە لە سیستمە حیزبییە ئازادەکاندا، مافی پێشنیاری قانوون بەتەواوی دراوەتە دەست هێزی بەرێوەبەر و گرووپەکانی دزە کردن. گرووپەکانی خاوەن بەرژەوەندی دەبێ لە سەرجەمی قۆناغەکانی قانووندانانەندا دزە بکەن و دزە کردن تەنیا لە قۆناخی پێشنیاری قانووندا ناتوانێ بەرژەوەندییەکانیان دابین کا. گرووپگەلێکی ئەوتۆ هەروەها لە هەولی ئەوە دان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە کۆمیتەکانی پاڕلمانیدا نوێنەر یان وتەبێژێکیان هەبێ.

## هۆکارە کاریگەرەکانی سەر هێز و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان

ڕادەی توانا و دەسەڵاتی هێز و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی بە چەند هۆکارێکەوە هەیە:

**١. دارشتە و ڕێکخراوەیی ناوخۆیی گرووپ:** لەو بوارەدا هۆکاری یەکەم ڕادەی توانای ماڵییە کە ڕەنگە گرووپ بەشێوەی ڕاستەخۆ واتا یارمەتی ماڵی و یان ناڕاستەخۆ (وەک بڵاوکردنەوەی بڵاڤۆکەکان، نووسینی وتار و بابەت لەرۆژنامەکاندا، پێکهێنانی پەیوەندییە گشتییەکان و پرۆپاگەندە) دەکاری بێنێ. سەرچاوە ماڵییەکانی گرووپە جۆراوجۆرەکان بە پێی بابەت جیاوازن. گرووپ و ڕێکخراوە بازرگانی و سینفی و خاوەنکارییەکان ڕاستەوخۆ سەرچاوەی ماڵی بەرچاویان لەبەردەست دایە. هەندێکیتر وەک یەکێتییە کرێکارییەکان دەبێ سەرچاوەکانی ماڵی پێویست وەدەست بێنن.

ژمارەی ئەندام و دیسیپلینی ناوخۆیی گرووپ هۆکاری دووهەمی ڕادەی توانای سیاسی گرووپە. نوێنەرانی پارڵمان و حیزبە سیاسییەکان بە مەبەستی ڕاکێشانی پشتگیری لە هەڵبژاردنەکاندا سەرنجی زیاتر دەدەنە ئەو گرووپانەی ئەندامیان زۆرترە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی ئەندام هەردەم هۆکارێکی دیاریکەر نییە. ژمارەی زۆری ئەندام بە بێ بوونی دیسیپلین، ڕێبەرێکی یەکدەست و ڕێکخستنێکی توندوتۆڵ لەناو گرووپدا

وەک خالێکی بەهێزی گرووپ نایەتە ژمار. گرووپی بەدیسیپلین و ڕێکخراو و خاوەن سەرچاوەی ماڵی بەرچاو پێویستی بە ڕەشایی خەڵک نییە.

هۆکاری سێهەم، ژمارە و هاوپەیمانەکانی گرووپە. کاتێک گرووپێکی دزە بتوانێ لەگەڵ گرووپێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا کە لە بەرچاوی بیروڕای گشتی خۆشەویستە ببێتە هاوپەیمان دەتوانی لەپشت ئەو گرووپەدا خۆی «حەشار»دا و دەست بکا بە دزە کردن. بەتایبەت ئەگەر ئەو گرووپە بەرفراوانترە گروپێکی «سیاسی» نەبێ و ویستەکانی بە ئاراستەی بەرژەوەندی گشتی دابێ، ئەوا دزەی گرووپی بەرباس زیاتر دەبێ. گرووپەکانی وەک مامۆستایان، خوێندکاران، ژنان، لاوان و هتد ڕەنگە ببنە کەرەسەی دەستی گرووپەکانی دزە.

تێکەڵاوی ئەستوونی و ئاسۆیی چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی (بە شێوەی کارتێل و تراستەکان) هۆکارێکیتری بەهێزبوون و چڕبوونەوەی دەسەڵاتی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانە. لەناو خۆی فێدراسیۆن یان کۆنفیدراسیۆنە خاوەنکارییەکاندا زۆربەی کات ڕێکخراوێک پێگەیەکی زاڵتری هەیە و ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوە لە ڕێبەرایەتی سەرجەم فێدراسیۆن یان کۆنفیدراسیۆندا دەوری چالاکیان هەیە. لەڕاستی دا سەرجەمی کۆنفیدراسیۆن دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئەو ڕێکخراوە زاڵەوە. ڕێکخراوێکی ئەوتۆ لەگێرەوکێشەکانی نێوان ڕێکخراوەکانی ئەندامیشدا زۆربەی کات ڕۆڵی نێوبژیوان دەگرنە ئەستۆ. هەروەها ڕێکخراوی زاڵ زۆربە کۆنترۆڵی دەزگای ئۆفیسی و ماڵی کۆنفیدراسیۆنیش

دەکا و پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پێکهاتە گرینگە سیاسی – ئابوورییەکانی وەک ژوورەکانی بازرگانی و ئەنجوومەنە ئابوورییەکاندا سازدەدا.

هۆکارێکیتری ڕادەی توانایی گرووپێک بوون یان نەبوونی گرووپێکی ڕکەبەری ڕێکخراوە. لە شوێنێکدا کە ڕکەبەرێک لەئارادا نەبێ گرووپێکی شاراوەی کەم دەسەڵات دەتوانێ بە کەیفی خۆی ڕمبازێنێ بکا.

1) پەیوەندی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان. لە هەندێ بواردا گرووپەکانی دزە پێویستییەکی ئەوتۆیان بە پەیوەندی گرتن لەگەڵ حیزبی سیاسیدا نییە چوونکە دەتوانن لەڕێگەی دزەکردنی ڕاستەوخۆ لە دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا بگەنە ئامانجەکانیان. تەنانەت جاروبار ڕەنگەیە ئەو حیزبە سیاسییە بەهێز و ڕێکخراوانەی کە کۆنترۆڵی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی و پارڵمانیان لەدەست دایە کۆسپ بخەنە سەر ڕێگەی گەیشتنی گرووپەکانی دزە بە ئامانجەکانیان. هەروەها چاوەدێری ڕێکخراوەکانی حیزبی لەسەر ئەندامان، ڕەنگە ڕێ لە بەستراوەیی ئەندامان بە گرووپەکانی خاوەن دزە بگرێ. تەنانەت کاتێک نوێنەرێکی پارڵمان لەژێر دزەی گرووپێکی خاوەن دزەدا هەڵبژێردرابێ دیسانیش ناتوانێ بە بێ لەبەرچاوگرتنی تێبینییەکانی حیزبەکەی خۆی برگەی قانوونیی گرووپی لایەنگری پێشکەش کا و یان بە دڵخوازی خۆی لە کۆمیتەکانی پارڵمانیدا هەڵسووڕێ.

2) لەو ڕووەوە هەندێ گرووپی دەسەڵاتدار وایان پێ باشترە لەڕێگەی نوێنەرە ناحیزبیەکان و یان لەڕێگەی نوێنەرانی حیزبە«لاواز»ەکانەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان هەنگاو بنێن. هەروەها هەرچی پێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی حیزبە سیاسییەکان تیکەڵاوتربێ و هەرچی ڕادەی حیزبە سیاسییەکان زۆرتربێ، ئەگەری هەڵکشانی توانا و چالاکی گرووپەکانی دزە زۆرتر دەبێ. کاتێک چەندین حیزب ئۆگری ڕاکێشانی پشتگیری گرووپێکی دزە بن، بێ گومان توانای سیاسی ئەو گرووپە زیاتر دەبێ. ئەگەری وەرگرتنەوەی پشتگیری گرووپێکی دزە لەحیزبێک و گوازتنەوەی بۆ حیزبێکی‌تر واتا هەل رەخسانی جووڵانەوەی سیاسی، توانای ئەو گرووپە زیاتر دەکا. پەیوەندی حیزبە و گرووپەکانی دزە بە پێی بابەت جیاوازە. ڕەنگە یەک یان چەندین حیزبی«مانگ» وەک گرووپێکی دزە بێنە ژمار. بەپێچەوانەوە ڕەنگە یەک یان چەندین گرووپی «مانگ» حیزبێک بن. کاتێک حیزبێک بە تەواوی بەستراوەی یەک گرووپی دزە بێ، توانای ئەو حیزبە لە پەیوەندی گرتن لەگەڵ گرووپەکانی‌تری دەسەڵاتدا کەم دەبێتەوە. لە هەندێ بواردا ڕەنگە گرووپێکی دزە بە هۆی بەستراوەیی بە حیزبێک پرێستیژ و گرینگی و دزەی گشتی خۆی لە دەست بدا و یان دزەی لەناو حیزبەکانی‌تردا کەم بێتەوە. دزەی پیاوانی ئایینی و گرووپە ئایینییەکان زۆربەی کات هەراوتر و گشتی‌ترە لە کاتێکدا بەستراوەیی بە حیزبێک ڕەنگە ڕادەی ئەو دزەیە سنووردار بکا.

هەلپەرستی و کۆنسێرڤاتیڤ بوونی حیزبەکانیش بواری بەهێزبوونی گرووپەکانی دزە دەرەخسێنێ. حکوومەتە ڕیفۆرمخواز و شۆڕشگێرەکان بە

تایبەت ئەو کاتەی تازە بەدەسەڵات گەیشتبن و ئامانجیان پێکهێنانی ئاڵ-وگۆڕی سەرەکی لە سیستمی مافە کۆمەڵایەتییەکان دابێ، ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە کەمتر بکەونە بەر دزەی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان.

۳. بارودۆخی حقوقی: بێ گومان مۆڵەتی قانوونیی بۆ چالاکی گرووپەکان پێویستییەکی کردەوەی سیاسی ئەوانە. قانوون بنچینەییەکان زۆربەی کات هەندێ ئاستەنگی یان هەل و دەرفەت بۆ چالاکی گرووپ و هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو دەگرن. رێوشوێنەکانی وەک قانوونکانی دژە تراست دەبنە لەمپەری بەرز بوونەوەی کێش و گرینگی گرووپەکانی پەیوەندیدار. لەئاستی حکوومەتیشدا ڕەنگە دامەزراوە یان پێکهاتەکی حکوومەتی لەڕووی حقوقییەوە دەست رۆیشتووییەکانی سنووردار بێ، بەڵام لەکردەوەدا بەهۆی چالاک بوونی گرووپەکانی دزە لەناوی دا دەست رۆیشتووتربێ.

لەهەندێ بواردا بەپێی قانوونیی بنچینەیی (وەک قانوونی بنچینەیی سویس) گرووپەکانی ڕێکخراویش بۆیان هەیە یارمەتی کۆکردنەوەی زانیاری بکەن بۆ ئامادەکردن و ڕانانی برگە قانوونییەکان. لەسویسدا، بۆندسرات (یان ئەنجوومەنی فیدڕال) بەڵگە و دانوستانەکانی پەیوەندیدار بە بیروڕای گرووپەکان لەگەڵ لایەحەکاندا دەنێرێتە پارڵمان. لە ساڵی ١٩٦٦ لە ئەڵماندا فیدراسیۆنی یەکێتییە کرێکارییەکان لەدژی سەرۆک وەزیرانی ئەو کات بە هۆی وەرنەگرتنی بیروڕای ئەو فیدڕاسیۆنە سەبارەت بە

لایەحەیەک شکایەتی بردە بەر دادگای ئۆفیسی و لەئاکامدا سەرۆک وەزیرانی ناچار کرد داوای لێبووردن بکا.

٤. ڕادەی دزە هەڵگری حکوومەت: ڕادەی دزەی گرووپێکی خاوەن بەرژەوەندی بەستراوەی ڕادەی دزەهەڵگری بابەتی دزەیە. بێ گومان ئەو بابەتەی وابڕیارە دزەی تێدا بکرێ دەستەوەستان و بێکردەوە نییە و لەڕەوتی دزەدا خۆشی کاریگەرە. بابەتی دزە ڕەنگە خۆی ئاوەڵا بکا بۆ دزەکردنی گرووپێک. حکوومەتەکان ڕێگە دزەکردن دەدەن بەو گرووپانەی لەناوەندی دەسەڵات نزیکترن.

توێژینەوەیەکی سەرەکی لەمەڕ دزەی گرووپەکان لە کۆنگرەی ئەمریکادا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامانە: «سیاسەتی زەخت هێنان بە شێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن قانووندانەرانی ویلایەتەکانی ئەمریکاوە پەژرێنراوە.»[1] ڕوانگەی پۆزێتیڤی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی لەمەڕ دزەی گرووپەکان زۆربەی کات ڕێرەوی هۆکارگەلێکی وەک جۆر و سروشتی گرووپی بەرباس و بە تایبەت ڕادەی نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان لەلایەن ئەو گرووپەوەیە. بۆ نموونە فێدڕاسیۆنی پیشەسازی ئەڵمانی ڕۆژئاوا نوێنەری ٩٨٪ سەرجەمی خاوەن پیشەسازییەکانی ئەو وڵاتە و پێکهاتبوو لە ٣٩ یەکێتی پیشەسازی. و یان

1. Wootton, op. cit. p. 88.

**کۆنفیدڕاسیۆنی پیشەسازییەکانی ئینگلیس (CBI) نوێنەری ٪۸۰ پیشەسازییەکانی ئەو وڵاتە بووە.[2]**

**جگە لە ڕادەی نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکان، پێگەی گرووپی بەرباسیش دیاریکەرە. بۆ نموونە گرووپێکی ناوەندی وەک کۆنفیدڕاسیۆنی خاوەنکاران بە نوێنەرایەتی کەمتر (بۆ نموونە نوێنەرایەتی ٪۵۰ سەرجەمی یەکێتییە خاوەنکارییەکان) ڕەنگە دزەی زۆرتر لە گرووپێکی وەک ئەنجوومەنی زیان لێکەوتوانی شەر (بۆ نموونە نوێنەرایەتی ٪۱۰۰ سەرجەمی گرووپەکانی پەیوەندیدار) بێ.**

**لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بزانین گرووپی بەرباس تا چ ڕادەیەک دەتوانێ ئۆگرییەکانی وەک ئۆگرییە گشتییەکان بخاتە ڕوو و بابەتی بەر دزەش تا چ ڕادەیەک ئەو بۆچوونە دەپەژێنێ. (هەڵبەت کۆمەڵناسانی سیاسی بە گشتی بەپێچەوانەی فیلسووفە سیاسییەکان باوەڕیان بە بوونی خێر و مەسڵەحەت و بەرژەوەندی و ئۆگرییە گشتییەکان نییە و زۆربەی کات ئەوانە وەک «پاساوێک» بۆ ئۆگرییە تایبەتەکان چاولێدەکەن). هەروەها حکوومەت ڕەنگە لە ڕێگەی چەمکی بەرژەوەندی گشتییەوە، لەهەمبەر دزەی گرووپگەلێکدا بەربەرەکانی بکا. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک تەنیا یەک ڕێکخراو نوێنەری بەرژەوەندییەکانی گرووپێک بێ. زیاتر دەتوانێ دزە**

2. Ibid, p. 90.

لەحکوومەتـدا بکـا. لەهەمبـەردا کاتێـک چەنـدین ڕێکخـراو نوێنەرایـەتی بەرژەوەندییەکانی گرووپێک بکەن، دەسەڵاتی ئەو گرووپە پرشوبڵاو دەبێ.

لەو پەیوەندییەدا بەستێنی سەرەکی یەکریزیش گرینگە. بۆ نموونە ڕێکخراوەکانی دەکارهێنەران هیچ چەشنە ویکچوونێکی ڕاستەقینە و ڕوونـی بەرژەوەنـدییان لەگـەڵ یـەکتردا نییـە و لـەئاکامدا کـەمتر دەتـوانن دزە لەحکوومەتـدا بکـەن. لەڕاسـتیدا ڕادەی دزەی گرووپێـک پەیوەندییـەکی ئـەوتۆی لەگـەڵ ژمـارەی ئەنـدامان یـان بیچمـی ڕواڵـەتی ڕێکخـراودا نییـە. گرووپی ڕێکخراوەی بچووک ڕەنگە بە کەڵک وەرگرتن لـە سەرچاوەی مـاڵی زۆرتـر و شێوەی دزە بـەهێزتر لـەچاو گرووپـی گـەورەتر لـەڕووی ژمـارەی ئەندام و ڕێکخراوەیی ڕواڵەتیدا دزەی زۆرتر بێ.[1]

لە زۆربەی حکوومەتەکاندا هێزی بەرێوەبەر مەبەستی سەرەکی دزەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانە. بە تایبەت لەگـەڵ بەربڵاوبوونـەوەی ئەرکـەکانی هێزی بەرێوەبەرایەتی هێزە کۆمەڵایەتی – سیاسیەکانیش زۆرتـر سـەرنجی پێ دەدەن. بە تایبەت لـەو سیستمانەدا کـە هێـزی بەرێوەبـەر زاڵـە بەسـەر هێزی قانووندانەردا چاوەڕوانی هەلومەرجێکی ئەوتۆی لێدەکرێ. بڕۆکراسی دەوڵـەتی پێکهێنـەری مەبەسـتی سـەرەکی دزەیـە. لـەو نـاوەدا بـێگومـان تایبەتمەندییەکانی هەر چەشنە بڕۆکراسییەک دیاریکەرە. کاتێـک سیسـتمی بڕۆکراسی لەڕووی سیاسییەوە سانتراڵ نەبێ شیمانە بەرزبوونـەوەی دزەی

1. D. Truman. *The Governmental Process.* (New York, 1951), p. 114.

گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەو سیستمەدا زێدە دەبێ: هەروەها هۆکارگەلێکی وەک ڕادەی یەکریزی ناوخۆی و پێگەی کۆمەڵایەتی بڕۆکڕاسی و شێوەی دامەزراندنی فەرمانبەران کاریگەری هەیە لەسەر ڕادەی دزەهەڵگری پێکهاتەکان. لەزۆربەی وڵاتاندا کۆمیتەکان، ئەنجوومەنەکان و شانەدە ڕاوێژکارییەکانی کە لە بوارە کۆمەڵایەتی _ ئابوورییەکانەدا چالاکن، دەکەونە بەر دزەی گرووپەکانی دزە *لەدەرەوەرا*. لەهەندێکیتری وڵاتاندا بروکراتەکان و نوێنەرانی گرووپە تایبەتییە ڕێکخراوەکان لە ناوەوەی دەزگا دەوڵەتییەکاندا هاریکاری یەکتر دەکەن. لەو بارودۆخەدا دزە ناوخۆییە.[٢] سەبارەت بە پەیوەندی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و بڕۆکڕاسی کێشەگەلێکی سەرەکی وەک هاوڕێی ئایدۆلۆژیاک و تێکبەزیوی پێگەی کۆمەڵایەتی بروکراتەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، شێوەکانی دزە لە ڕێکخراوە تایبەتە ئۆفسییەکانی وەک کۆمیسیۆنەکانی پلاندانان و پەرەسەندنی ئابووری و هتد دەخرێنە ڕوو. ڕادەی بەگوڕبوونی پەیوەندییەکانی نێوان گرووپەکانی دزە و دەزگای دیوانی و ئۆفیستی بەستراوەی هۆکارگەلێکی جۆراوجۆرە وەک بوونی ڕێکخراوەکان، جۆری سیستمی پاڕلمانی، ڕادەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا و هتد.

لەگەڵ پەرەگرتنی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویەکانی هێزی بەڕێوەبەر، گرووپەکانی خاوەن دەسەڵات بەتەمای دزەی زیاتر لەو هێزە دان. بۆ وێنە لە ئەڵمان دا لەنێوان ساڵانی ١٩٤٩ هەتا ١٩٥٨، ٨٢/٨٪

2. Ehrmann, op. cit. p. 7.

گووشار و دزە لەلایەن ئەنجوومەنی فێدڕاڵی پیشەسازی ئاڵمانەوە کراوەتە سەر هێزی بەرێوەبەر و هێزی قانووندانەر تەنیا ٧٪ زەخت و دزەی لەسەر بوو.[1] لەئیتالیادا دزەی گرووپە پیشەسازییەکان لەناو برۆکراسیدا زۆر بەرفراوانترە لەدزە لەناو هێزی قانووندانەردا. لەزۆربەی بوارەکاندا دابەشینی پۆستەکانی وەزارەت هاوڕێژەیە لەگەڵ دزەی گرووپەکانی دەسەڵات. هەندێ لەو گرووپانە خوازیاری دانانی وتەبێژی خۆیان وەک وەزیر و یان لانیکەم جێگری وەزیرن. ئەو دیاردەیە بە تایبەت لە وەزارەتخانەکانی ئابووری، کار و کشتوکاڵدا بەدی کراوە.[2] لە پەیوەندییەکانی نێوان گرووپەکانی دزە و ڕێکخراوە دەوڵەتییەکاندا زۆربەی کات بەر لە پێشکەش کردنی لایەحە قانوونییەکان بیروڕای گرووپ وەردەگیرێ و یان نوێنەرانی ئەو گرووپە لە کۆمیتە راوێژکارییەکاندا ئامادە دەبن.

گرووپەکانی دزە زۆربە هەوڵ دەدەن ڕای پۆزێتیڤی بەرپرسانی نزیک لە وەزیران وەدەست بێنن. لەزۆربەی کاتدا ئەو بەرپرسانە لەجێی وەزیران بڕیاردەدەن و لە جێگەی وەزیر لەگەڵ پێکهاتەکانیتر و وەزارەتخانە و گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکەونە دانوستان و بە سەرنجدان بەوە کە وەزیران زۆر سەرقاڵن لە کردەوەدا بەشێکی زۆری ئەرکەکانیان لەلایەن

1. Lapalombara, *Interest Groups in Italian Politics.* (Princeton, U. P. 1964), p. 391.
2. A. Potter, *Organized Groups* (London, Faber – Faber, 1961), p. 32.

پێرسۆنێلەکانیانەوە دێنە ئەنجامدان. لەگەڵ ئەوەشدا دزەی ئەو بەرپرسانە لەسەر وەزیران شیاوی سەرنجە و زۆربەی کارەکانیان لەلایەن وەزیرانەوە دێتە پەژراندن. هەروەها دەکرێ زانیارگەلیکی بەرچاویش لەڕێگەی ئەو بەرپرسانەوە وەدەست بێ.

لەهەندێ بواریشدا سیاسەتوانان خۆیان گرووپێکی خاوەن دزە وشیار دەکەنەوە لەمەڕ کاریگەری هەندێ سیاسەت و بڕیاردا و لەئاکامدا ئەو گرووپانە هاندەدەن بۆ ئەوەی هەڵسووڕاو بن. بۆ نموونە بە وتەی یەکێک لە زانایانی سیاسی ئەمریکا، «زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە کار ڕێکخەرن... و زەخت دێننە ئاراوە نەک ئەوەی بڵێی تەنیا بابەتی زەخت بن. ئەندامانی کۆنگرە سیاسەتڤانانێکی زەخت هێنەرن».[٣]

بە گشتی، دەسەڵاتی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بەستراوەی کۆمەڵە هۆکارێکە وەک ڕادەی سەرچاوە ماڵییەکان، ڕادەی ڕێکخراوەیی و یەکریزی ناوخۆیی، ڕادەی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا، ڕادەی کۆنترۆڵی بیروباوەڕی ئەوانیتر و بوونی پرێستیژ و ئۆرتی کۆمەلایەتی. سەراوە و درفەتەکانی گرووپێک دەبێ شیاوی ئەوە بن ببنە دزە. هەڵبەت گرووپە جیاجیاکان ڕەنگە ڕادەیەکی جۆراوجۆری سەرچاوەکانیان «بگۆڕن» بۆ دزە. ڕەنگە گرووپێک کە لەچاو گرووپێکیتر سەرچاوەی کەمتری هەیە، بەشێکی زۆرتر سەرچاوەکانی «بگۆڕێ» بۆ ئامرازی پێویستی دزەکردن و لەئاکامدا دزەشی

---

3. J. M. Burns, *Congress and Formation of Economic Politices,* quoted by Wootton op. cit. p. 97.

**زۆرتر بێ. هەروەها دەست پێوەگرتنی سەرچاوەکانی دزە پرسیکی گرینگە. دەست پێوەگرتن لەو بوارەدا پەیوەندی هەیە بە ناسینی دروستی بابەتی دزە، گوڵبژێر کردنی باشترین کەرەسەی دەکارهینانی دزە و چۆنییەتی پلاندارشتنی ستراتیژیکی گرووپ.**[1]

## جۆرەکانی هێزە کۆمەڵایەتییەکان و گرووپەکانی دزە

**دابەشکردنی جۆربەجۆر لە گرووپەکانی خاوەن دەسەڵات و دزە هاتوونە ئەنجام دان. بۆ نموونە هەندێ لە نووسەران بەچاولێکردن لەو جیاوازییەی فرێدیناند تونیز کۆمەڵناسی ئەڵمانی لەنێوان ئاپۆرە** (Gemeinschaft) **و کۆمەڵگا** (Gezellschaft)**ی دادەنا، هێزە و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانیان بە پێی چۆنییەتی پەیوەندی ناوخۆی ئەندامان (پەیوەندی نزیک و لەپێشەوە و یان پەیوەندییە رەسمیەکان) دابەش کردووە.**

**هەروەها هەندێ لە نووسەرانی فانکشنالیست، هێزە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی چوار فۆنکسیۆنەکانی سیستمی**

---

1. Wootton, op. cit. p. 84.

کــۆمەڵایـــەتـــی (واتـا خـــۆڕێکخستن لەگـەڵ بارودۆخـــی نـــوێ، چـارە سەری گرژی، پاراستنی یەکریزی بایەخی و گەیشتن بە ئامانجەکان) دابەش دەکەنە سەر چوار پۆل:

١) گرووپــە ئابوورییــەکان (ڕێـک لەگـەڵ فۆنکسـیۆنی خۆڕێکخسـتن لەگەڵ بارودۆخەکانی نوێ) وەک یەکێتییەکان، کۆمپانیاکان ...

٢) گرووپەکانی لەسەر بنەمای فۆنکسیۆنی پاراستنی یـەکریزیی وەک پێکهاتەە حقووقییەکان.

٣) گرووپـە فەرهەنگییـەکان (هۆکـاری پاراسـتنی یـەکریزیی بایـەخی) وەک گرووپە ڕووناکبیرییەکان.

٤) گرووپـــەکانی بەرێوەبـــەر فۆنکســـیۆنی سیاســـی گەیشـــتن بـــە ئامانجـــەکان و هـــەروەها گرووپـــە ناوخۆییـــەکانی ناویـــان وەک کوتلـــە پارڵمانییەکان و دامەزراوە حکوومەتییەکان.[٢]

هەروەک دیترا لەو جۆرە دابـەش کردنـەدا دەسـەڵاتی کۆمـەڵایـەتی و دەسەڵاتی دەوڵەتی لێکدەدرێن. هەروەها لە یەکێک لە نووسراوە کۆنـەکان[٣] دا باسی گرووپەکانی »پارێزەر و هەڵمـەتبـەر»، «نیگـەتیڤ و پۆزێتیـڤ»،

---

2. Ibid, p. 34.
3. E. Schattschneider, *Politics, Pressures and the Tariff.* (New York, 1935).

«سەرەتایی و دوایی» کراوە. لە نووسراوەیەکی‌تردا،[٤] «گرووپی شاراوە» لە «گرووپی ئەکتیڤ» جیاکراوەتەوە. لە نووسراوەگەلی‌تردا باس لە «گرووپە دەسەڵات ویستەکان»، «گرووپە دژەویستەکان»، «گرووپەکانی خاوەن ئەنجوومەن یان بێ ئەنجوومەن»، «گرووپی ویتۆ»، گرووپی بەرژەوەندییە هەست پێکراوەکان و بەرژەوەندییە هەست پێنەکراوەکان» کراوە.[١]

هەروەها زۆربەی کات «بزووتنەوەکان» وەک کۆمەڵەی ئەو تاکانەی خاوەن نوارین و بەهای وەک یەکن لە »ڕێکخراو» کە ڕەنگە لەناخی بزووتنەوەیەک دا بێتە دیی، جیاوازی دانراوە. ڕێکخراو کاتێک دێتە دێ کە بەشیکی ئەندامانی بزووتنەوەیەک ئەرکی بڕیاردان بۆ سەرجەم بزووتنەوە دەگرنە ئەستۆ. لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێکخراو، ڕەوتی دان و دابەشکردنی دەسەلات بیچم دەگرێ. هەروەها دەبێ گرووپە ئایدۆلۆژیاکەکان کە بۆ سەقامگیرکردنی کۆمەڵەیەک لە ئارمانەکان هەڵدەسوورێن لە گرووپە نائایدۆلۆژیاکەکان کە ڕەنگە تەنیا بۆ زاڵ بوون بەسەر کۆمەڵگادا هەڵسووڕاون (Control Monements) جیاوازی داندرێ.[٢]

---

4. D. Truman, op. cit. pp. 36 – 9.
1. See D. Riesman “Who has the power”. In R. Bendix & S. M. Lipset (eds.) *Class, Status and Power*. (London, 1953), pp. 154 – 162.
2. R. Turner & L. Killian, *Collective Behaviour*. (New York, 1956), p. 360.

هەندێ [لە نووسەران] بە گشتی «گرووپەکانی زەخت» دابەش دەکەنە سەر گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان (Interest group) کە ئەندامانی ئەو گرووپە خاوەنی تایبەتمەندی سابژێکتیڤی هاوبەشن و «گرووپە عەقیدەتییەکان» (Attitude groups) کە ئەندامانی ئەو گرووپە سەبارەت بە کۆمەڵەیەک بەهای هاوبەش بەرعۆدەن. گرووپە عەقیدەتییەکان لەچاو گرووپەکانی‌تر دەوام و سەقامگیریان کەمترە و زۆرتر تووشی ئاڵوگۆر دێن.[٣]

هەندێ لە نووسەران گرووپەکانی دەسەڵات یان دزە یان زەخت بە شێوەیەکی ساکار دابەش دەکەنە سەر گرووپە ئابووری، سیاسی، ئایینییەکان و هتد. گرووپە ئابوورییەکان بریتین لە ڕێکخراوە ئابووری، پرۆفیشناڵ و پیشەییەکان و هەروەها یەکێتییە جۆراوجۆرەکان. ڕێکخراوە فەرهەنگییەکانی وەک زانستگا و ڕیکخراوە زانستییەکانیش لەڕووی ڕادەی گرینگی سیاسی ڕووناکبیران، گرینگایەتی وەدەست دێنن. ڕەنگە ئامانجەکانی ڕێکخراوگەلێکی ئەوتۆ سیاسی نەبن بەڵام زۆربەی کات کردەوە و چالاکی سیاسی ئامرازێکی گرینگە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ناسیاسییەکان[٤].

یەکێکی‌تر لە نووسەران، گرووپەکانی دزەی بە پێی ئۆگرییەکانی پێکهێنەری ئەو گرووپانەی دابەش کردۆتە سەر دوو دەستە. یەکەم، ئەو

---

3. H. Eckstein. *Pressure Groups Politics.* P. 9.
4. Truman, op. cit. p. 35.

گرووپانـــەی پاڵپشـــتیان ئۆگرییـــە ســـابژێکتیڤ یـــان ماددییەکانـــە وەک یەکێتییەکان و دووهەم، ئەو گرووپانەی لەسەر بنەمای نـوارین یـان بـەها ئابژێکتیڤـەکانن، وەک بزووتنـــەوەکانی پـــارێزەری ژینگـــە، ئەنجوومـــەنی پشتگیری لـە پەلـەوەرە نائەهلییـەکان و هـەروەها جڤـاکی دامـاڵینی چەکـە ناوەکییەکان.[5]

ڕەنگە بەشێک لە ڕێکخراوە گشتییەکان یان برۆکراسی دەوڵـەتی وەک گرووپـی دزە بجووڵێنـەوە. هـەر لـەو ڕووەوە هەنـدێ لـە نووسـەران باسـی «گرووپە خاوەن دزە ڕەسمیەکانیان» کردووە کە پێکهاتوون لە فەرمانبـەران و نوێنەرانی ڕەسمی بەڵام لە هەمان کاتدا فۆنکسیۆنی گرووپەکانی زەخت و یان خاوەن دزەکانیش بەئەنجام دەگەیەنن.[1] بێگومان ئەو چەمکە لەمەڕ ئەو سیســـتمە بروکراتیکانـــەی لەســـەر بنـــەمای خـــاوەنێتی گشـــتین (واتـــا سۆسیالیزمی دەوڵەتی) زۆرتر ڕاستە تـا لـەمـەڕ سیسـتمە ڕکـەبەرایەتیـەکان دا. بۆ نموونە لە یەکێتی سۆڤێتی بـەرێدا، زانـایـانی نـاوەکی، بەرپرسـانی دامەزراوە ناوەکییەکان، بەرپرسـانی چالاکییـە ئاسمانییەکان، بەرپرسـانی پیشەسازییە قورسەکان، ڕێبەرانی یەکێتییە کرێکارییەکان (لە ئەنجوومـەنی گشتی یەکێتییە کریکارییەکاندا)، شـارەدارەکان، سـووخۆزەکان، ڕێبـەرانی

5. H. Eckstein, op. cit. p. 10.
1. G. Almond and J. Coleman (eds) *The Politics of the Developing Areas* (Princeton, U. P. 1960).

سـپا، بەرپرسـانی زانسـتگاکان و هەنـدێ لـە نووسـەران گرینگترینـی گرووپەکانی زەخت بوون.[2]

لـەو کتێبـەدا (لـە وتـاری داهـاتوودا)، هێـزە کۆمەڵایەتییـەکان (و گرووپەکانی هەڵقوولاوی ئـەو هێزانـە) دابـەش دەکەینـە سـەر دوو دەستەی سـەرەکی: یەکـەم چینـە کۆمەڵایەتییـەکان کـە سروشـتی ئابووریـان هەیـە و ئـەوی‌تـر سـتاتۆ کۆمەڵایەتییـەکان کـە لەسـەر بنـەمای ژیـانی کولتـووری هاوبەشن. چینە کۆمەڵایەتییـەکان بـە پێـی خـاوەنێتی و کـار یـان جێگـەیان لەناو دارِشتەی ئـابووری‌دا دیـاری دەکرێن. هـەروەها لـەڕووی ئـاڵوگۆڕی مێژووییـەوە باسـی چینـە نـەریتی و مۆدێرنـەکانیش دەکـەین. سـتاتۆ کۆمەڵایەتییەکان وەک پیاوانی ئایینی و ڕووناکبیران وتەزاگەلێکی ئابووری بەتـەنێ نـین بـەڵام ڕەنگـە پەیوەنـدی جۆربـەجۆریان لەگـەڵ چینـە کۆمەڵایەتیەکاندا هەبێ.

2. I. Deutscher “Moscow: The Ouiet men: Constellations of Lobbies” *The Nation.* AP. 1965.

٣

# هێزە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکان

هەر لێرەدا دەبێ، جێگەی حیزبە سیاسییەکان لەناو باسی هێزە کۆمەڵایەتی – سیاسییەکان لەڕووی تیۆرەوە ڕوون کەینەوە. حیزبە سیاسییەکان لە ڕاستیدا بیچمێکی تایبەتی ڕێکخستنی هێزە کۆمەڵایەتییەکانن و وەک ڕێکخراو، دەکەونە بەر گوشاری گرووپ و ئۆگرییە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان. لەو وڵاتانەدا کە خاوەنی سیستمی حیزبی چەسپاون، حیزبە سیاسییەکان وەک ئەڵقەی پەیوەندی نێوان بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتە بڕیاردەرە سیاسییەکان دەجووڵێنەوە. پەیوەندی نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و حیزبە سیاسییەکان بە پێی هۆکارگەلێکی جیاجیای وەک ڕادەی حیزبەکان و سیستمی هەلبژاردنی باو و ڕادەی ئایدۆلۆژیاک بوون یان چەمەوازی حیزب جیاوازی هەیە. بێگومان لەنێوان حیزبە سیاسییەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕێکهاتنەوەیەکی تەواو لەئارادا نییە. ڕەنگە حیزبێک، تەنیا حیزبی چین یان هێزێکی کۆمەڵایەتی بێ. هەروەها ڕەنگە، چەندین حیزب لەسەر بنەمای یەک چین یان هێزی کۆمەڵایەتی – سیاسی بن. و

هەروەها ڕەنگە حیزبێک لە چەندین گرووپی بنچینەیی پێک هاتبێ. لەو سیستمانەی خاوەنی چالاکی ئازادی حیزبی نین، هێزە کۆمەڵایەتی سیاسییەکان ڕەنگە بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانیان لە جۆرەکانیتری ڕێکخستنی سیاسی جگە لە حیزب کەڵک وەرگرن. ئەو باسە سەرەکییانەی لە پەیوندی نێوان حیزبە سیاسییەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا دێنە پێشەوە، بریتین لەبەستراوەیی پێگەی کۆمەڵایەتی حیزب بەگرووپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت، ڕۆلی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە دیاری کردنی پێکهاتەی ڕێبەرایەتی حیزب و سیاسەتە حیزبییەکاندا، پشتگیری ماڵی گرووپەکان لە حیزبەکان و گۆڕانی پەیوەندی نێوان گرووپ و حیزبەکان.

حیزبە سیاسییەکان لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی تایبەتدا دێنە دی. بێگومان دەبێ کۆمەڵگای مەدەنی گەیشتبێتە ئاستێک لە پێشکەوت و تیکچنراوی هەتا پێداویستی گوورانی حیزبەکان وەک نوێنەری بەرژەوەندی و ئۆگرییە جۆراوجۆرەکان بێتە بەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی بەرچاوی دانیشتوان دەبێ لەڕووی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی ئابوورییەوە ئامادەیی بەشداری کردن لە ژیانی سیاسیان دا هەبێ. لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا کە دەسەڵاتی سیاسی لە دەست ئۆلیگارشییەکی بچووک دابوو، گوورانی حیزب بەواتای نوێ بواری نەبوو. حیزبی سیاسی کە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیا، ڕێکخستن، ڕێبەرایەتی و پلانگەلیکی ڕوون و ئاشکرایە دیاردەیەکی نوێیە. بەو واتایە حیزبە سیاسییەکان بۆ یەکەم جار لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و لەناو کەلەبر و لێکترازانە چینایەتی، ئایینی، ناوچەیی و سیاسییەکاندا سەریان هەڵدا. لە هەندێ لەو وڵاتانەدا وەک ئاڵمان گرژی ئایینی و

سەرهەڵدانی ئایینی پڕۆتستانت لە سەدەی شانزدەهەمدا بووە هۆی سەرهەڵدانی تاقم و دەستە ئایینییەکان و هەر ئەو دەستانەش بە هێوری لەگەڵ یەکتر ڕێک کەوتن و چالاکی یەکتریان وەک حیزب لە ژیانی سیاسی دا پەژراند. بۆ نموونە لە ئەڵماندا لە گرێبەستی ئاشتی وێستفالێدا هاتووە کە لەداهاتوودا مشتومڕە ئایینییەکان لە جێگەی ئەوەی بە پێی بیروڕای قەزایی لە دادگاکاندا کۆتایی پێ بێ، دەبێ بە پێی گرێبەستەکانی سازانی دوو لایەنە چارەسەر کرێن. جگە لە ناکۆکییەکانی سکتارییەکان (فیرقەیی)، کەلەبری نێوان ئایین و دەوڵەت، کەلەبری شار و ناوچە لادێیەکان، کەلەبرە چینایەتییەکانی دەرئەنجامی شۆرشی پیشەسازی و «کەلەبری» نێوان پێکهاتەی سەڵتەنەت و پێکهاتەی کۆماری بەستێنی کۆمەڵایەتی گووڕانی حیزب لە ئوڕووپایان پێک هێنا.

لەو وڵاتانەدا کە لەڕووی ئایینییەوە تووشی لێک دابڕان نەهاتوون، کەلەبری نێوان کڵێسە و دەوڵەت، بووە هۆی سەرهەڵدانی حیزبەکانی لایەنگری دەستێوەردانی کڵێسە لە کاروباری دەوڵەتیدا (وەک حیزبە دێموکرات مەسیحییەکان) و هەروەها حیزبە لیبڕاڵ و دژە دەستێوەردانی ئایین لە دەوڵەتدا. حیزبە سیاسییە کاتۆلیکەکان لەدژی ڕەوتی جوودابوونەوەی بابەتەکانی ئایینی و بابەتەکانی سیاسی لە چاخی نوێدا هاتنە ئاراوە.

گۆڕانی دارشتەی کۆمەڵایەتی لەئاکامی شۆرشی پیشەسازیدا بەستێنی چینایەتی سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکانی پێک هێنا. لەگەڵ

ئەوەشدا پەیوەندی نێوان پۆلێن کردنی کۆمەڵایەتی و حیزبە سیاسییەکان تەنانەت لە سیستمە دوو حیزبییەکانیشدا پەیوەندییەکی زۆر تێکچنراوە. ئەندامەتی لە چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەتدا و بەستراوەیی بە حیزبێکی سیاسی تایبەت هەموو دەم هاوتای یەکتر نین. زۆر هۆکاری ناوەندی لەو نێوەدا گرینگ و کاریگەرن بۆ وێنە ئۆگرییە ڕێکخراوەییەکان، هۆکارەکانی تەمەن، ڕەگەز، ئایین و ناوچەیی. لە زۆربەی وڵاتاندا لادانێکی لە نێوان ئۆگرییە چینایەتی و ئاراستە حیزبییەکاندا بەدی کراوە.

دیاردەی«کۆنسێرڤات بوونی چینی کرێکار» (Working classtoryism) یان لارێ بوونی ڕای سیاسی کرێکاران و پشتگیریان لە حیزبە دەستە ڕاستییەکان دیاردەیەکی بەرچاوی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بووە. لە بریتانیا، ئەڵمانی (ڕۆژئاوا) و ئیتالیادا پێشان دراوە کە نزیکەی ٣/١ کرێکاران (لەگەڵ ئەوەدا کە خۆیان پێ لەچینی کرێکارە،) دەنگ دەدەنە حیزبە کۆنسێرڤاتەکان. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٥٩دا لە بریتانیا ٤١٪ دەنگدەرانی چینی کرێکار دەنگیان دایە حیزبی کریکار و ٣٠٪ یشیان دەنگیان دایە حیزبی کۆنسێرڤات. لەلایەکیترەوە حیزبە کرێکارییەکان زۆرتر پەلکێشی ئەو دەنگانە دەکەن کە خۆیان پێ لە چینی کرێکار نییە. هەر لە هەمان هەڵبژاردندا، ٥٧٪ دەنگدەرانی چینە مامناوەندی و چینەکانی سەڕوو دەنگیان دایە حیزبی کۆنسێرڤات و ١٧٪ هەمان دەنگدەرانیش دەنگیان دایە

حیزبی کرێکار.[1] لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت لە سیستمە چەند حیزبییەکانیشدا کاتێک حیزبێک ناتوانێ نوینەری چینێک بێ لە نێوان ئۆگرییە چینایەتییەکان و ئاراستە حیزبییەکان یان ئەندامەتی لە حیزبەکاندا یەکریزییەکی بەرچاو لەئارا دایە. هەرچی کۆمەڵگایەک لەڕووی پیشەسازییەوە پێشکەوتووتر بێ کێش و گرینگی ئۆگرییە چینایەتییەکان وەک سەرچاوەی سەرەکی گرژییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان زیاتر دەبێ.

حیزبە کرێکارییەکانی ئوڕووپا لە بەستێنی بزووتنەوەی یەکێتییە کرێکارییەکاندا سەریان هەڵدا. جگە لەلایەنگرانی سەندیکالیزم و ئەنارشیزم کە یەکێتییە کرێکارییەکانیان بە باشترین ئامرازی ڕێکخستن و پێشبردنی ئۆگرییەکانی چینی کرێکار دەزانی، لایەنگرانیتری بزووتنەوەی کرێکاری پشتگیریان لەڕێکخستن بەشێوەی حیزبی دەکرد. لەهەمبەر سەرهەڵدانی حیزبە کرێکارییەکان، حیزبە لیبراڵ _ بۆرژواکان کە لەئاکامی خەبات لەگەڵ مافە ئەریستۆکراسییەکان و دەوڵەتی رەها لەپاش شۆرشی فەرانسە لەزۆربەی وڵاتە ئۆروپاییەکاندا سەریانهەڵدا بوو، یەکریزی خۆیان زۆرتر کرد.

لەنێوان دوو شەری جیهانیدا لە وڵاتانێکی وەک ئەڵمان، ئیتالیا و ئیسپانیادا، چینەکانی وردەبوورژوایی کە لەئاکامی بەربڵاوبوونەوەی

1. R. Dowse and J. Hughes, *Political Sociology.* (John Wiley, London, 1972), pp. 196 – 200.

کاپیتالیزمی نوێدا لەڕووی ئابووری و فەرهەنگییەوە خۆیان لەبەردەم مەترسی لەناوچووندا دەدی، بەستێنی سەرهەڵدانی حیزبە فاشییەکانیان دەستەبەر کرد. لە فەرانسەدا حیزبی پووجادیست (poujadist) وەک «یەکیتی پشتگیری لەکاسبکاران و ئەو کرێکارانەی بە ئامرازکاریان دەکرد» لە پاش شەری دووهەمی جیهانی لەناخی وردەبوورژوازیدا سەری هەڵدا. بزووتنەوەی فاشیستی نوێی ئیتالیا (MSI)[2] و هەروەها بزووتنەوەی نیۆنازی ئەڵمان (SRP)[1] کە پاش شەر سەرەرای قەدەغەی قانوونی سەریان هەڵدا [بەڵام دیسانیش] لەلایەن گرووپەکانی ویکچۆەوە پشتگیریان لێدەکرا.

ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی لەسەر بنەمای کەلەبرە جۆراوجۆرەکانەوە دێنە دی ڕەنگە یان حیزبێکی سیاسی بۆخۆیان دامەزرێنن (وەک حیزبە کرێکارییەکان کە لەناخی بزووتنەوەی یەکێتییە کرێکارییەکانەوە سەریان هەڵدا)، یان ئەوەتا پشتگیری یەکێک لە حیزبەکان بکەن و لەئاکامدا ببنە هۆی سەرهەڵدانی لابالێک لەناو ئەو حیزبەدا (وەک پشتگیری لە حیزبی دێموکرات لەلایەن بزووتنەوەی کرێکاری ئەمریکا) و یان ئەوەتا سەربەخۆیی خۆیان لە سیستمی حیزبی بپارێزن و بە پێی بابەت وەک گرووپی دزە یان گرووپی گووشار پشتگیری یەکێک لە حیزبەکان بکەن[2]. ئەو حیزبانەی لەسەر بنەمای کەلەبرە چینایەتی و ئایینییەکانن لەڕووی ئایدۆلۆژیاکەوە یەکریزتر و توندوتیژتر لە

2. Movimento Sociale Italiano
1. Sozialistische Reichspartei
2. R. Dahl, *Pluralist Democracy in the United States.* (Chicago, 1967), p. 429.

حیزبه‌كانی‌تر بوونه‌. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا دابه‌زینی گوڕی كه‌له‌بر و گرژییه‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كانی په‌یوه‌ندی‌دار ده‌بێته‌ هۆی داكشانی گوڕی كێشه‌ و ئۆگرییه‌ ئایدۆلۆژیایه‌كان. بۆ وێنه‌ له‌گه‌ڵ ڕاكێشانی چینی كرێكار و چینی رووناكبیر له‌ناو سیستمه‌ دێموكراتیكه‌ ڕۆژئاواییه‌كان‌دا، ئایدۆلۆژیا حیزبه‌ چه‌په‌كانیش كاڵ بۆته‌وه‌. هه‌رچی كه‌له‌بره‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان به‌گوورتر بن، شیمانه‌ی سه‌رهه‌ڵدانی حیزبه‌ ئایدۆلۆژیایه‌كانیش زۆرتر ده‌بێ. به‌پێچه‌وانه‌ له‌ وڵاتانێكی وه‌ك وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكادا به‌ پێی ئه‌وه‌ی حیزبه‌ سیاسییه‌كان له‌سه‌ر بنه‌مای كه‌له‌بره‌ سه‌ره‌كییه‌كانی كۆمه‌ڵگا نین تایبه‌تمه‌ندییه‌كی ئه‌وتۆی ئایدۆلۆژیاكیان نییه‌.[٣]

به‌گشتی كه‌م بوونه‌وه‌ی كه‌له‌بره‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان پرۆسه‌ی نائایدۆلۆژیاك بوونی ژیانی سیاسی و حیزبی خێراتر ده‌كه‌ن. له‌هه‌ل-ومه‌رجێكی ئه‌وتۆدا حیزبه‌كان تایبه‌تمه‌ندی هه‌مه‌لاگر به‌خۆوه‌ ده‌گرن و بۆ وه‌ده‌ست هێنانی پشتگیری ده‌سته‌وداوێنی به‌شه‌ جیاجیاكانی كۆمه‌ڵگا ده‌بن( Cmnibus or catch- allparty) و له‌ئاكامدا ئایدۆلۆژیایه‌كان ده‌بنه‌ ته‌نیا كه‌ره‌سه‌یه‌ك بۆ ده‌ست به‌سه‌رداگرتنی ده‌سه‌ڵات.[٤]

---

٣. بۆ جیاكردنه‌وه‌ی حیزبه‌ ئیدئۆلۆژی و حیزبه‌ به‌رژه‌وه‌ندی خوازه‌كان بڕوانه‌ سه‌رچاوه‌ی خواره‌وه‌:

M. Weber, *The Theory of Social and Economic Organization.* (New York, 1947), pp. 407 – 8.

4. A. Downs, *An Economic Theory of Democracy*. (New York, 1957), p. 96.

حیزبـە ئایدۆلۆژیایەکـەکان زۆربـەی کـات حیزبـی «کـادێری» زۆر ڕێکخراو و «داخراون» کە ئەندامـەتی لـەو حیزبانـەدا ڕەسمیە و ئەنـدامانی بـــرێ پـــارە وەک حـــەقی ئەندامـــەتی دەدەن. لەهەمبـــەردا حیزبـــە نائایدۆلۆژیایەکان حیزبگەلیکی «کراوەن» کە پشت بە ئەندامـەتی ڕەسمی نابەستن و لەو حیزبانەدا گرووپی حیزبی ناوپارڵمان گرینگتر لەڕێکخـراوی حیزب لەدەرەوەی پارڵمانە.

مۆریس دوورژە، لەڕووی سەرچاوە ماڵییەکانەوە حیزبەکانی دابـەش کردۆتە سەر دوو دەستە: یەکـەم، ئـەو حیزبانـەی سـەرچاوە ماڵییـەکانیان بەســـتراوەی حـــەقی ئەندامـــەتی ئەندامانـــە (وەک زۆربـــەی حیزبـــە سۆسیالیستەکان) و دووهـەم، ئـەو حیزبانـەی سـەرچاوە پێویسـتەکانیان لەڕێگەی بەخشش و پاداشتی گرووپـە کۆمەڵایەتییەکانـەوە وەدەست دێـنن (وەک زۆربەی حیزبە لیبراڵەکان).

دابـین کردنـی سـەرچاوە ماڵییـەکان خـۆی یـەکێک لـە هـەوداکانی پەیوەنـدی سـەرەکی حیزبـەکان لەگـەڵ گـرووپ و چینـە کۆمەڵایەتییەکانـە. گرینگترین ڕێگەکانی دابینکردنی سـەرچاوە مـاڵی حیزبـەکان بـریتین لـە: ١) دانـی حـەقی ئەندامـەتی ئاسـایی،٢) یارمەتییـە تایبەتـەکان لەلایـەن ئـەو ئەندامانـــەی دەســـتیان گەیشـــتۆتە پۆســـتەکانی حکوومـــەتی،٣) داهـــاتی هەڵسوورانە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی حیزب،٤) یارمەتییـە ماڵییەکانی خەزنەی دەوڵەت بۆ چالاکییەکانی حیزبـی و هەڵبژاردنـەکان،٥) یارمـــەتی و بەخششـــی گرووپـــە تایبـــەت و خـــاوەن دزەکـــان. لـــە وڵاتـــە

یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، دەوڵەتی فیدراڵ بە پێی قانوونی تافت – هارتلی ڕێکەوتی ١٩٤٧، دانی یارمەتی ماڵی لەلایەن کۆمپانیا و یەکێتییەکانەوە بە حیزبە سیاسییەکانی قەدەغە کرد، بەڵام ڕێگەکانی خۆدزینەوە لەو قانوونییە هەردەم والایە و بەکردەوە کۆنترۆڵ کردنی ئەو کارە دژوارە.

ڕادەی کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنییەتی تێکەڵاویان کاردەکاتە سەر ڕادەی حیزبەکان لە سیستمە حیزبییەکاندا. کاتێک گرژییەک یان کەلەبرێکی کۆمەڵایەتی سەرەکی و ئەکتیڤ لەئارادابێ و کەلەبرەکانیتر شاراوە یان چالاک نەبن، شیمانەی سەرهەڵدانی سیستمی دوو حیزبی زۆرتر دەبێ. هاوکات لەگەڵ زۆربوونی ڕادە و تێکچنراوی تێکەڵاوی کەلەبر و گرژییە کۆمەڵایەتییەکاندا شیمانەی سەرهەڵدانی سیستمە چەند حیزبییەکانیش بەرز دەبێتەوە. لەلایەن نووسەرانەوە هۆکارگەلی جۆراوجۆر بۆ سەرهەڵدانی سیستمە حیزبیە جیاجیاکان خراوەتە ڕوو. بۆ نموونە، هۆکارگەلێکی وەک فەرهەنگی سیاسی و سیستمی هەڵبژاردن وەک هۆکاری دیاریکەری سیستمی دوو حیزبی لە وڵاتانی ئەنگلۆساکسۆندا خراونە ڕوو. سەبارەت بە سەرچاوەی سیستمی چەند حیزبی لە ئوڕووپادا، جیوانی سارتوری، کۆمەڵناسی سیاسی ئیتالیایی چەند هۆکاری خستۆتە ڕوو: ١) سازدانی خێرایی سیستمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ڕێژەیی(Proportional Kepresent ation) لە هەلومەرجی سەرەتایی سەرهەڵدانی حیزبەکان؛ (بێتوو پێشتر سیستمی حیزبی گەیشتبێتە سەقامگیرییەکی ڕێژەیی، هاتنە دیی سیستمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ڕێژەیی نابێتە هۆی

سەرهەڵدانی سیستمی چەند حیزبی)؛ ٢) بوونی بۆچوونە ناوەند بەزێنەکان لە ئاکامی تێکەڵاوی گرژییە ئەتنیکی و ئایینییەکان لەگەڵ گرژییە چینایەتییەکاندا؛ ٣) وەرگرتنی حیزبە دژەبەر لەناو سیستمی حیزبیدا.[1] لە زۆربەی توێژینەوەکاندا کاریگەری سیستمی هەڵبژاردن لە گووڕانی و سەرهەڵدانی سیستمە حیزبییەکاندا جەختی لەسەر کراوە. لەئاکامدا هەندێ لەو وڵاتانەی کە خاوەنی سیستمی فرە حیزبی یان چەند جەمسەرین (کە ئەو سیستمەیان [وەک سیستمی] ناهاوڕێژە لەگەڵ سیستمی دێموکراتیک ئەژماردووە) بە مەبەستی سازدانی هەلومەرجی سەرهەڵدانی سیستمی دوو حیزبی لە جێگەی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژیی خەریکی سازدانی سیستمی هەڵبژاردنی زۆرایەتی بوونە. بەڵام بەڵگەگەلێکی زۆر باسی ئەوە دەکەن کە لەو کۆمەڵگایانەدا کە خاوەنی کەلەبری کۆمەڵایەتییە زۆرن ناکرێ کۆمەڵەی ئۆگری و بەرژەوەندییەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵقوڵاوی ئەو ئۆگری و بەژەوەندییانە لەناو سیستمێکی دوو حیزبیدا جێ کرێنەوە. لەهەلومەرجێکی ئەوتۆدا سەپاندنی سیستمی هەڵبژاردنی زۆرایەتی بە شێوەیەکی دەست کرد بە مەبەستی پێک هێنانی سیستمی دوو حیزبی سەقامگیری کۆمەڵایەتی دخاتە مەترسییەوە. بەهاتنەدی ئەو جۆرە سیستمی هەڵبژاردنانە کاریگەری کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان پووچەڵ نابێتەوە چوونکە لەوانەیە حیزب و گرووپە جیاجیاکان دەست بدەنە

---

1. G. Sartori, “The Case of polarized pluralism”, in *Political Parties and Political Development*, edited by Lapalombara and M. Weiner, (Princeton U. P. 1966).

هاوپەیمانییەکی بەرفراوان. بەو پێیە بە کورتی دەبێ کاریگەری کەلەبر و تێکەڵاوی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەسەرهەڵدانی سیستمە حیزبییە جۆراوجۆرەکاندا لەبەرچاو بگرین.

هەرچی ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکان لە سیستمێکدا زەقتر بی، هێز و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەگەلێکی زۆرتر بۆ دزەکردن لە وان دا دەکار دێنن. لەلایەکیترەوە حیزبێکی سیاسیش ڕەنگە بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی خۆی دەست بداتە ڕاکێشانی پشتگیری گرووپە جیاجیاکان. لەڕاستی دا لەپەیوەندی دوو لایەنەدا هەر دوو لایەن قازانج دەکەن. لە ڕۆانگەی حیزبەکانەوە ناوزەد کردنی نوێنەرانی هەندێ گرووپی دەسەڵاتدار وەک نوێنەری پارڵمان یان ئەندامی حکوومەت، لەهەمبەردا دەبێتە هۆی ڕاکێشانی بیروڕای سیاسی هەراوتر و پشتگیری ماڵی بەتایبەت لە خوولەکانی هەڵبژاردندا. لەو وڵاتانەدا کە حیزبەکان تەنیا ئامرازێکن بۆ ڕێکخستنی چالاکییەکانی هەلبژاردن، ئەرکە حزبییەکان بە شێویەکی بەردەوام لە ڕێگەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەناو حیزبدا دێنە ئەنجامدان. لە ئیتالیادا پەیوەندی نزیک لە نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و حیزبە سیاسییەکاندا پێی دەوترێ «سەرپەرستی» (Parentela)[2]. بۆ نموونە ڕێکخراوە کاتۆلیکەکان دزەیەکی بەرفراوانیان لە حیزبی دێموکرات مەسیحیدا هەیە. بە پێی ئەوە کە گرووپە حیزبییەکان لە پارڵماندا لەمەڕ

2. J. La Palombara, *Interest Groups in Ilalian Politics.* (Princeton, U. P. 1964), p. 306.

هاودەنگی لەگەڵ لایەحەکاندا دزە و ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە، گرووپەکانی خاوەن بەرژەوەندی لەڕێگەی ئەوانەوە دزەی خۆیان لەسەرجەم قۆناغەکانی چەسپاندنی قانووندا دەکاردێنن.

لەنێوان حیزب و گرووپەکانی دزەدا پەیوەندیگەلێکی جۆراوجۆر لەبەرچاو دەگیرێن:

١. ڕەنگە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی وەک یەکێتییە کرێکارییەکان حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی کرێکار بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی.

٢. ڕەنگە گرووپێکی کۆمەڵایەتی خۆی ببێتە حیزبێکی سیاسی وەک پووجادیستەکانی.

٣. زۆربەی کات چەندین گرووپی دەسەڵات تێدەکۆشن دزە لە حیزبێکدا بکەن.

٤. لە وڵاتانی تاک حیزبیدا، حیزبی دەسەڵاتدار سەرجەمی گرووپەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی کۆنترۆڵ دەکا و یانیش مۆبیلیزەیان دەکا.

٥. حیزبی دەسەڵاتدار ڕەنگە بە ئیشتیای خۆی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان ڕێک بخا.

**هەندێ لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆپاگەندە و چالاکییەکانی هەڵبژاردندا ڕاستەوخۆ بەشداری دەکەن (لە ئەمریکادا بەو چالاکییە دەوتری «کـــردەوەی پاراڵێـــل» Parallel Action)[1].**

1. Patter op. cit. p. 251.

# بەشی چوارەم

## ڕۆڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی سیاسیدا

## سەرەتا: دەوڵەت و فۆڕماسیۆنی هێزە کۆمەڵایەتییەکان

دەکرێ بڵێن کاتێک باشتر لە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و چین و هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەگەین کە هەمووی ئەو چین و گرووپە کۆمەڵایەتیانە و کاریگەری هەرکامیان لەو پەیوەندییەدا تاوتوێ کەین. هێزە کۆمەڵایەتییەکان ئەو چین و گرووپ و ستاتۆیانە لەخۆ دەگرن کە وەک چین لەقەڵەم نادرێن بەڵام ڕەنگە شێوەی جووڵانەوەیان وەک نوێنەری چینە کۆمەڵایەتییەکان و یان خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی چینایەتی بێ. ئەو

گرووپ و ستاتۆیانە ڕەنگە وەک نێوبژی نێوان دەوڵەت و چینی سەڕوو بجولێنەوە، لە دۆخێکی ئەوتۆدا ناسینیان لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی دەوڵەتەوە پێویستە. بێتوو بڵێن لە کۆمەڵگای مۆدێڕن دا دەوڵەت، لانی کەم لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی ڕەوایی خاوەنێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانەوە، بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەستی کۆمەڵایەتی دەپارێزێ، ئەو شێوە لێکدانەوە تەواو نییە. بێتوو ئەو لێکدانەوەیە ڕاستیش بێ دیسانێش بۆمان نییە بڵێن چینێکی «دەسەڵاتدار» بوونی نییە، بەو واتایە کە سامانداران سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەت دیاری دەکەن. لەو جۆرە بیرۆکە گشتییانەدا سەبارەت بە پەیوەندی دەوڵەت و هێزە کۆمەڵایەتییەکان ئەو خاڵە لەبەرچاو ناگیرێ کە نە دەوڵەت و نەچینی باڵادەستی کۆمەڵایەتی هیچ کامیان خاوەنی تەنیا یەک فۆڕمی مێژوویی دیار و ڕوون نیین. بەستراوەیی دەوڵەت بەچینی باڵادەستەوە پەیوەندی بە وەها جۆراوجۆرییەکی مێژووییەوە هەیە. بەو پێیە دەبێ هۆکارەکانی جۆراوجۆری و گوڕ و لاوازی دەسەڵاتی چینی سەڕوو لەسەر داڕشتەی سیاسی دا بدۆزینەوە. هەندێک لەو هۆکارانە بریتین لە:

١. ئاستی ڕێکخستن، یەکێتی و هاوبەشی بەرژەوەندییەکان لەناو چینی ساماندارادا؛

٢. ئاستی ڕێکخستن و ئاراستەی ئایدۆلۆژیاک و یەکێتی چینەکانی خواڕوو بەتایبەت چینی کرێکار؛

**٣. ڕادەی دەسەڵات یان دزەی چینە کۆمەڵایەتییەکانی تر و ئاراستەی ئایدۆلۆژیاکیان لەهەمبەر چینی کاپیتالیستدا؛**

**٤. ڕادەی یەکریزی و تێکبەزیوی نێوان چینە هەڵکەوتە کۆن و نوێیەکان.[١]**

**دەکارهێنانی نوارینێکی ئەوتۆ بەگشتی دەسکەوتی مۆدێلە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵناسی سیاسی کۆ دەکاتەوە و کەموکوورییەکانیشی دەسڕێتەوە. بۆ نموونە لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە، ئەو شێوە نوارینە لەهەمان کاتدا کە سەرنج دەداتە گرینگی و کێشی سەڕووی گرووپە ستراتێژییەکان لەناو فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتیدا لەلایەکیترەوە دەسەڵاتی چینی باڵادەست، ڕەها لەقەڵەم نادا و ڕۆڵ و کاریگەری گرووپە ناستراتێژییەکان یان بەشێوەی سەربەخۆ و یان بەشێوەی هاودەستی و یانیش هاوبیرانی گرووپە ستراتێژییەکان تاوتوێ دەکرێ. هەروەها لە بیرۆکە ئێلیتیستییەکاندا یەکێتی گرووپی دەسەڵاتدار و لە بیرۆکە پلۆراڵیستییەکانیشدا زۆربوونی گرووپەکانی دەسەڵات لەبەرچاو دەگیرێ. سەرەڕای ئەوە، پەیوەندی ئەو گرووپانەی لە کۆمەڵناسی سیاسی ڤێبێردا وەک ستاتۆی کۆمەڵایەتی ناودەبرێن (وەک پیاوانی ئایینی و**

---

١. سەرەتای بەردەست لەسەر بنەمای ئەو نووسراوەی خوارەوەیە:
G. Causer, “Private Capital and the State in Western Europe “in *Contemporary Europe: Social structures and Cultural Patterns,* edited by S. Giner, and M. Scotford Archer, (London, Routledge 1978), pp. 28 _ 54.

ڕووناکبیران) لەگەڵ چین یان گرووپە ستراتێژییەکاندا هەم لەڕووی تێکبەزیوی تاکەکانەوە و هەم لەڕووی هاوجنسی ئایدۆلۆژیاکەوە تاوتوێ دەکرێ. لە وەها ڕوانگەیەکەوە دەکرێ ڕۆلی سەرجەمی ئەو پۆلێن کردنە کۆمەڵایەتیانە تاوتوێ بکەین کە لەسەر بناغەی کەلەبرە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاوە سەرهەڵدەدەن. هەروەها ڕادەی ئامرازبوون و یان سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت لە تاوتوێ کردنێکی ورد و مێژوویی پەیوەندییەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ دەوڵەتدا دەردەکەوێ. لە بارودۆخی مێژوویی تایبەتی هەر وڵاتێکدا ڕەنگە کۆمەڵەیەک یان هاوسەنگییەکی هێزە کۆمەلایەتییەکان وەک گرووپە باڵادەستەکان بێنە دیی. لە سەرهەڵدانی کۆمەڵەیەکی ئەوتۆی هێزەکاندا هۆکارگەلێ جیاجیای خۆارەوە کاریگەرن: ڕادەی تێپەربوونی کۆمەڵگای نەریتی ڕوووە و کۆمەڵگای مۆدێڕن (ئاڵ و گۆڕی فۆڕماسیۆنی چینە کۆمەڵایەتییەکان)، ڕادەی نوێژەن بوونەوەی ئابووری لە کۆمەڵگای مۆدێڕندا (یان سەرهەڵدانی جۆراوجۆری و تێکچنراوی لە داڕشتەی ساماندا) و ڕادەی دێموکراتیزە بوونی کۆمەلگا و سەرهەڵدانی ڕێکخراوی چینەکانی خوارەوو. بەو پێیە دەتوانین بگەینە چوارچێوەیەکی گشتی بۆ کۆمەڵناسی سیاسی سەرجەم دەوڵەتەکان. بەگشتی بێتوو چینی کاپیتالیست خاوەن یەکێتی و ڕێکخستن بێ، و بزووتنەوەیەکی کرێکاری بەهێزیش نەهات بێتە دی، و دەسەڵاتی چین و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانیتریش بەهۆی هۆکارگەلێکی مێژووییەوە دابەزیبێ و فۆڕمی سیستمی سیاسیش لەبار بێ، ڕادەی دزەی چینی کاپیتالیست

بەسەر دەوڵەتدا بەرز دەبێتەوە. جگە لەوە، ئەوا دەوڵەت ڕەنگە بە پلەگەلێکی جیاجیا بگاتە «سەربەخۆیی».

## ١. یەکێتی و بیچمگرتنی چینی کاپیتالیست

هاوکات لەگەڵ بەدی هاتنی جۆراوجۆری لە داڕشتەی سەرمایەدا، شیمانەی سەرهەڵدانی کەلێنە ناوخۆییەکانی کاپیتالیستەکانیش بەرز دەبێتەوە. بەو پێیە لەوانەیە سەرمایەی بازرگانی بکەوێتە هەمبەر سەرمایەی پیشەسازی، سەرمایەی گەورە بکەوێتە هەمبەر پیشەسازییەکانی سامان هەڵگر، پیشەسازی ڕوو لەبازاڕی ناوخۆیی بکەوێتە هەمبەر پیشەسازییەکانی ڕوو لە بازاڕە دەرەکییەکان، پاوانکراوە پیشەسازییەکان بکەونە هەمبەر پاوانکراوە بانکییەکان و سەرمایەی پاوانکراو بکەوێتە هەمبەر سەرمایەی ناپاوانکراو. زۆربەی کات لە وڵاتانێکدا کە خەریکی نوێژەن کردنەوەی ئابوورین، شیمانەی سەرهەڵدانی ناکۆکی و پێکدادان لە نێوان سەرمایەی بازرگانی و سەرمایەی پیشەسازیدا بەرز دەبێتەوە. ئەو دەوڵەتە ڕیفۆڕمیستانەی خەریکی ڕاکێش کردنی سەرمایەکانن بۆ ناو پیشەسازی، سیاسەت گەلێک دەگرنەبەر کە زۆربەی کات لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی چینی بازرگانی نەریتیدا دەکەونە ناکۆکییەوە.

لەمەڕ سەرهەڵدانی ناکۆکی نێوان سەرمایەی گەورە و سەرمایەی بچووک و کاریگەریان لەسەر داڕشتەی دەوڵەتدا بەگشتی دەکرێ بڵێین کە

دەسەڵات و دزەی ئەنستیتۆ گەورەکان لەئاکامی دەست وێراگەیشتنی ڕاستەوخۆیان وە دەزگای دەوڵەتی و توانای زۆرتریان لە گواستنەوەی سەرچاوە ئابوورییەکاندا لە ئەنستیتۆ بچووکەکان زۆرترە. لەگەڵ ئەوەش دا ئەنستیتۆ گەورەکان هەردەم باڵادەست نین. بۆ نموونە کۆنفێدڕاسیۆنی خاوەنکارانی بریتانیا ساڵانێکی زۆر لەژێر باڵادەستی ئەنستیتۆ بچووکە کار هەڵگرەکان دابوو و ئەوەش بووە هۆی ئەوە کە بڕیاری توند لە پەیوەندی لەگەڵ یەکێتییە کرێکارییەکان‌دا بدرێ. هەروەها کۆنفێدڕاسیۆنە خاوەنکارەکانی ئیتالیا لەدرێژەی ساڵانی پاش شەری دووهەمی جیهانی لەژێر باڵادەستی پیشەسازیی‌ە بچووکەکان دابوون. تەنانەت کاتێکیش سەرمایە گەورەکان زاڵن، تەنیا بوونی ئەنستیتۆ بچووکەکان دەتوانێ دەسەڵاتی کردەوەیان بەرتەسک کاتەوە. لەهەمان کاتدا ڕەنگە ئۆگرییەکانی سەرمایە گەورە و بچووکەکان وەک یەک بێ. لە زۆر بواردا سەرمایە گەورەکان بۆ بڕینەوەی لانیکەمی حەقدەستەکان و یان کۆنترۆڵی نرخەکان، ڕەنگە ئۆگرییەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی سەرمایە بچووکەکاندا وەک یەک پێشان بدەن. ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە نێوان سەرمایەی گەورە و بچووکدا زۆرتر لە بواری کێشە کرێکارییەکاندا دێتە پێشەوە. لەو جۆرە کێشانەدا ئەنستیتۆ بچووکەکان زۆربەی کات لەگەڵ پێکهاتنی یەکێتییە کرێکارییەکاندا دژایەتی دەکەن، لەکاتێکدا ئەنستیتۆ گەورەکان بە سەرنجدان بەوە کە توانای زێدەتریان لە دابین کردنی حەقدەستی زۆرتردا هەیە، زۆرتر ئۆگری ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی کار و سەرمایە و دووری لە گرژییەکانی ڕۆژانەن. بەگشتی دەوڵەتە

ئورووپاییەکان پاش شەر سیاسەت گەلێکیان گرتەبەر کە زۆرتر هاوئاهەنگ بووە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی سەرمایەی گەورەدا. هاندانی کەڵەکە بوونی سەرمایە گەورەکان لە ئورووپادا بۆ ململانێ لەگەڵ سەرمایە ئەمریکاییەکان و بەرفراوان بوونەوەی بازرگانی نێونەتەوەیی بۆتە هۆی گرتنەبەری سیاسەت گەلێک کە بەرژەوەندی ئەنستیتۆ گەورەکانی دابین کردووە.

نیکۆس پۆلانزاس، لە کتێبی *چینەکان لە کاپیتالیزمی هاوچەرخدا*[1] ناکۆکییە ناوخۆییەکانی بوورژوازی و کاریگەریانی لەسەر داڕشتەی سیاسی‌دا تاوتوێ کردووە. بەپێی ڕاڤەکەی پۆلانزاس ئەو ناکۆکییانە ڕەنگە شێوازی جۆراوجۆر لەخۆ بگرن. ناکۆکی نێوان پاوانکراوە پیشەسازی و پاوانکراوە بانکییەکان لەگەڵ ئەو داشکانەوە گشتییە واتا ئاوێتە بوونی سەرمایەی پیشەسازی دەسەرمایەی ماڵی‌دا وەک یەکێک لە ناکۆکییە بەرچاوەکانی بوورژوازی کاپیتالیسمی ڕۆژئاوا دێتە ژمار. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا باڵادەستی سەرمایە و پاوانکراوە پیشەسازیی‌ەکان لەناو دەوڵەتی کۆماریخوازاندا بەرچاوبووە. لەئەڵماندا سەرمایەی بانکی باڵادەست بووە بەسەر سەرمایەی پیشەسازی‌دا. لەفەرانسەدا، سەرمایەی بانکی بەگشتی خۆی لە سەرمایە خەواندنی پیشەسازی شاردۆتەوە و هیچ ئاوێتە بوونێکیش لە نێوانیاندا نەهاتۆتە ئاراوە. هەر لەو ڕووەوە گەشەی پیشەسازییەکان لەفەرانسەدا هێورتر

1. N. Poulantzas, *Classes in Contemporary Capitalism.* (London, New Left Book, 1975).

بووە. بۆ نموونە سێ بانکی بەرچاوی فەرانسە لەریزی دە بانکی بەرچاوی نائەمریکایی دابوون، لەکاتێکدا کۆمپانیای ڕێنۆ هەژدەهەمین کۆمپانیای گەورەی پیشەسازی نائەمریکایی جیهانە. حکوومەتی گۆڵیستەکان لە فەرانسەدا نوێنەری باڵادەستی سەرمایەی بانکی بوون.

هەروەها ناکۆکی لەناوخۆی پاوانکراوە پیشەسازییەکاندا لەئاکامی ململانێ بۆ کۆنترۆڵ کردنی بازاڕ، ڕاکێشانی یارمەتییە ماڵییەکانی دەوڵەت، خەواندنی سەرمایە لە بەشە پڕ قازانجەکانی ئابووریدا و هەروەها هەڵلوشینی سەرمایە بچووک و مام ناوەندییەکان لە کاپیتالیسمی ڕۆژئاوادا سەری هەڵداوە. ناکۆکی نێوان سەرمایەی پاوانکراو و سەرمایەی پاواننەکراو یەک لە ناکۆکییە سیاسییە کاریگەرەکان بووە. لە بارودۆخی کاپیتالیسمی ئەو دواییانەدا، سەرمایەی پاوانکراو بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەباتی چینایەتی بەربڵاودا شێوەیەکی نەرم و نیانتری لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سەرمایەی پاوانکراودا گرتۆتە بەر. لەڕابردوودا، سەرمایەی پاوانکراو میتۆدگەلیکی ڕاستەوخۆ و توندوتیژتری بۆ لەناوبردنی سەرمایە پاواننەکراودا دەکار دێنا. هەنووکە دانانی قانوون لەدژی پێکهێنانی تراست بە واتای دانی پوانە بە سەرمایەی پاواننەکراو. بۆ نموونە لەکاتی ڕانانی پلانی ئابووری شەشەم لە فەرانسەدا (١٩٧٣) کۆمیتەی نەتەوەیی خاوەنکارانی فەرانسە کە ڕێکخراوی سەرمایەی پاوانکراوە زاڵ بوو بەسەر کۆمیسیۆنی پیشەسازیدا و بە تەمابوو بەشێوەی ئابووری ژاپۆن نرخی (مەزندەی) گەشەی ساڵانە بگەیەنێتە ٨٪. بێتوو وابا

ئەوسا هەزاران كۆمپانیای مام ناوەندی و بچووك بەهۆی نەبوونی لیهاتووییەوە لەگەڕ وەدەردەنران. بەو پێیە دەوڵەت بۆ پاڕاستنی باڵانس بە ڕاگەیاندنی مەزەندەی (نرخی) گەشەی ٦٪ ڕادەی زەختەكانی سەر سەرمایە بچووكەكانی كەم كردەوە و بەو پێیە ڕێككەوتنێك لەنێوان سەرمایەی پاوانكراو سەرمایەی پاواننەكراودا هاتە ئاراوە. هۆی گرتنەبەری وەها سیاسەتێك لەلایەن دەوڵەتی فەرانسەوە ئەوە بوو كە كۆمپانیا بچووكەكان دەیانتوانی كرێكاران لەدژی وەگەر خستنەوەی چالاكییە ئابوورییەكان بوروژێنن و ببنە هۆی ناسەقامگیری سیاسی. سامانی پاوانكراو و سامانی پاواننەكراو زۆربەی كات لەبواری گرتنەبەری سیاسەتی حەقدەستەكاندا دەكەوتنە ناكۆكییەوە. سامانی پاوانكراو زۆربەی كات لەهەمبەر ویست و داخۆازی بردنە سەری حەقدەستی كرێكاراندا نەرم و نیانترە چوونكە بە سانایی دەتوانێ لەڕێگەی بردنە سەری نرخەكانەوە قەرەبووی بەرز بوونەوەی حەقدەستەكان بكاتەوە، لەكاتێكدا سامانی پاواننەكراو و ڕكەبەرایەتی وەها كارگەلێكی لەدەست نایە.

هەروەها بە پێی یەكێك لە توێژینەوە نوێیەكان[1] لە درێژەی ساڵانی ڕابردوو لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا باڵادەستی سامانی پیشەسازی ڕووی لە داكشان بووە و سامانی ماڵی و بازرگانی هەڵكشاوە. لەو وڵاتەدا لەدەیەی ١٩٨٠دا گرینگایەتی بەرهەم هێنانی ماشێنە گەورەكان ڕووی لە

1. J. Pertras and C. Dave n port, “The Changing Wealth of the U. S. Ruling Class”, *Monthly Review*, Dec. 1990, pp. 23-38.

نشستی بووە و هاوردەی بەرهەمە پیشەپیکهاتەکان هەڵکشاوە. بەرفراوان بوونەوەی بازاڕی پەرە نرخدارەکانیش بەتایبەت بەرچاو بووە. ئەو ئاڵ و گۆڕانە بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕەکانی پێکهاتوو لە جۆری داراییەکانی ساماندارانی ئەمریکادا خوێندنەوەی لەسەر کراوە. ئەو ڕاڤەیە لەسەر بنەمای زانیارییە کۆ کراوەکان سەبارەت بە سەرچاوە ماڵییەکانی ٤٠٠ کەس لە گەورە ساماندارانی وڵاتە یەکگرتووەکان دایە. بەپێی ئەو زانیارییانە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣ و ١٩٨١دا دابەشینی سەرچاوە ماڵییەکانی چینی کاپیتالیست بەو شێوەیە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە: سامانی ماڵی لە ٢٥٪ بۆ ٣٨٪، سەرچاوە ماڵییەکان لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو دا لە ٣٪ وە بۆ ٤٪، لە نەوت و گازدا لە ١٦٪ وە بۆ ٨٪، لە ئامرازە ڕاگەیەنەرەکاندا لە ١٦٪ وە بۆ ١٨٪، لە بەرهەم هێنانە پیشەسازییەکاندا لە ٢٦٪ وە بۆ ١٩٪ و لە بازرگانی بچووکدا لە ١٤٪ ڕاوەستاوە. بەو پێیە چڕبوونەوەی سامان لە بواری ماڵی و بازرگانییەوە لەچاو پیشەسازی هەڵکشانێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. بەواتایەکی تر چڕبوونەوەی سامان لە چالاکییە نابەرهەمهێنەکاندا زۆرتر بووە. هەروەها بەپێی ئەو ئامارە مەودای نێوان ئابووری بازرگانی و ئابووری بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لە ٢٢٪ بۆ ٣٤٪ هەڵکشاوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە داکشانی چربوونەوەی سامان لەنەوت و گازیشدا بەرچاوبووە. ئەو پرۆسەیە لە هەمان کاتدا هاورێی هەڵکشانی ڕەوتی تێکەڵ بوون و چربوونەوەی سامانی ماڵی لە ڕێگەی کرینی پشکەکانەوە بووە. لەئاکامدا سامانی بازرگانی و ماڵی

لەناوخۆی چینی دەسەڵاتداری ئەمریکادا زاڵ بووە بەسەر سامانی پیشەسازی و نەوتیدا.

## ٢. یەکێتی و دەسەڵاتی چینی کرێکار

سەرهەڵدانی چینی کرێکار وەک هێزێکی سیاسی، ڕەنگە کار بکاتە سەر ڕادەی بەستراوەیی دەوڵەت بە چینی کاپیتالیستەوە. لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا کاریگەری سیاسی بزووتنەوەی چینی کرێکار لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئاشکرا بوو. زێدە بوونی ڕۆڵی سیاسی چینی کرێکار لەو کۆمەڵگایانەدا دەرئەنجامی هەراوی مافی دەنگی سیاسی و سەرهەڵدانی یەکێتییە کرێکاییەکان و حیزبەکانی چینەکانی خواروو بوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەگشتی بزووتنەوە کرێکارییەکان لەو کۆمەڵگایانەدا بەهۆی چەند هۆکارێکەوە نەبوونە شۆرشگێر. هۆکارگەلێکی وەک بواری بەشداری هێمنانەی حیزبە کرێکارییەکان لە سیاسەتدا، سەرهەڵدانی دەوڵەتە فەرعانییەکان، دانی هەندێ سەوەری بە چینی کرێکار، ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی کار و سەرمایە لەناو پێکهاتەکانی چارە سەری کێشە و گرفتەکاندا و بڵاوبوونەوەی قانوونگەلی کار بوونە لەمپەری هەراو بوونی ڕووەی شۆرشگێری لەناو چینە کرێکارییەکانی ڕۆژئاوادا.

سەبارەت بەسەرهەڵدانی چینی کرێکار وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی و کاریگەر دەبێ سەرنج بدرێتە: ڕادەی هەراوی ڕێکخراو و یەکێتییەکانی ناو

چینـی کرێکـار، [هـەروەها] بۆچوونـە سیاسـییەکانی ئـەو ڕێکخراوگەلـە و پەیوەندیان لەگەڵ حیزبە سیاسییەکاندا. یـەکێک لـە لۆسـەکانی دەسـەڵاتی سیاسـی چینـی کرێکـار و ڕێکخراوەکـانی، دەسـەڵاتی مانگرتنـە. کاریگـەری دیاریکاریی مانگرتن لـە سیاسـەتی حەقدەستەکاندا بەتایبـەت لـە وڵاتـانی دێمـوکراتیکی ڕۆژئـاوادا لـە زۆر بـواردا ئاشـکرا بـووە. هـەروەها ڕادەی دەسەڵاتی چینی کرێکار پەیوەندی هەیە بە جۆری پەیوەندی نێوان یەکێتییە کرێکارییەکان و حیزبە سیاسییەکان و هـەروەهاش شیمانەی بـە دەسـەڵات گەیشتنی حیزبە هاوپەیمانییەکانی چینی کرێکار. بەگشتی لەو وڵاتانەدا کـە بە هۆکارگـەلی مێژووییـەوە بۆچوونـە ڕادیکاڵـەکان لـەناو چینـی کرێکـار و ڕێکخراوەکانیدا نەهاتۆتە دیی جووڵانەوە سیاسییەکانی ئەو چینە زۆربـەی کات ڕوویان کردۆتـە وەدەست هێنـانی مافـەکانیان (ئیمتیـازات) لـە ڕێگـەی هەڵبژاردنەکانەوە.

بەسـتراوەیی چینـی کرێکـار بـە حیزبێکـی سـەرەکی لـە سیسـتمی دوو حیزبیدا _ لەچاو سیستمی فرەحیزبی _ ڕادەی دەسەڵات و دزەی ئـەو چینـە زێتر دەکا، بەڵام پرش و بڵاوی چینـی کـرێکـار لــەناو چـەندین حیــزبدا بێگومان دەبێتە هۆی دابەزینی دزەی ئەو چینە لەسـەر داڕشـتەی دەوڵـەتدا. هەروەها ڕادەی ناکۆکییە ئایدۆلۆژیاکانی ناوخۆیش کاریگـەر دەبـێ لەسـەر دەسەڵاتی چینی کرێکار. هەروەک ئەزموونی بزووتنـەوەی کرێکـاری ئیتالیـا لـە کۆتاییـەکانی دەیـەی ١٩٦٠دا پیشـانی داوە، لـەنێوان بـەرز بوونـەوەی یـەکریزی نـاوخۆیی و سـەرکەوتوویی سیاسـی بزووتنـەوەی کرێکـاریدا

پەیوەندییەک لەئارا دایە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونی هەندێکی تر لە وڵاتانی وەک ئەڵمانی (ڕۆژئاوا) دەریخستووە کە بزووتنەوەی کرێکاری یەکگرتوو و یەکدەست ڕەنگە ساناتر تێکەڵ بە سیستمی دەسەڵاتی چینی باڵادەست بێ. هەروەها ئامادەبوونی بەشە کرێکارییەکان لەناو حیزبە کۆنسێرڤاتەکاندا، وەک حیزبی دێموکرات مەسیحی ئیتالیا، دەتوانێ تاڕادەیەک ببێتە لەمپەری باڵادەستی تەواوی دەسەڵاتی سەرمایە بە سەر دەوڵەتدا.

ڕادەی تێکەڵ بوونی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لەناو چینی دەسەڵاتداردا ڕەنگە گرینگ بێ لەباری توانای ئەو ڕێکخراوانە لە دەکارهێنانی دەسەڵاتی گێرەوە لە هەمبەر دەسەڵاتی چینی باڵادەستدا. ڕۆڵی لێژنە سێ قۆڵییە کرێکاری، خاوەنکاری و حکوومەتییەکان لە دیاری کردنی سیاسەتە ئابوورییەکاندا ڕەنگە زۆر کاریگەر بێ. لە ئینگلیسدا بەتایبەت پاش بە دەسەڵات گەیشتنی حیزبی کرێکار لە ساڵی ١٩٦٤دا پێویستی ڕاکێشانی هاریکاری یەکێتییە کرێکارییەکان لە پرۆسەی ڕێنوێنی ئابووری ئینگلیسدا لەڕێگەی کۆمیتەی گەشەسەندنی ئابووری نەتەوەییەوە، بووە هۆی بەرز بوونەوەی دەسەڵاتی چینی کرێکار لەو کۆمیتەیەدا.

تایبەتمەندی و ڕادەی دەسەڵاتی جووڵانەوەی کرێکاری و یەکێتییە کرێکارییەکان کاریگەرە لەسەر ئاراستەی سیاسی ڕژێمەکاندا. لە هەندێ وڵاتی ڕۆژئاوایی (وەک ئەڵمان)دا دەکارهێنانی دیسیپلینی حقووقی وردتر

لەسەر پەیوەندییە کرێکاری و پیشە سازییەکان لەچاو هەندێ لە وڵاتانی تری (وەک ئینگلیس)دا نە بە هۆی جیاوازی لە دەسەڵاتی چینی کاپیتالیستەوەیە، بەڵکوو بەهۆی ئاراستە جیاوازەکانی جووڵانەوە کرێکارییەکان لەو وڵاتانەدا بووە. بۆ وێنە لە ئەڵمانی پاش شەردا بوونی جووڵانەوەیەکی ڕێکخراوی کرێکاری هەلی سەرهەڵدانی قانوونی دانوستانی بە کۆی چربۆوەی سەبارەت بە پەیوەندییە پیشەسازییەکان هێنایە ئاراوە. هەروەها بەرگری هاوبەشی یەکێتییە کرێکاری و خاوەن کارییەکان لەهەمبەر تێکۆشانی وڵاتانی سەرکەوتوو لە شەری جیهانیدا بە مەبەستی لاوازکردنی توانای پیشەسازی ئەڵمان بۆتە هۆی لاواز بوونی بۆچوونە دژەکاپیتالیستییەکان لەناوخۆی جووڵانەوەی یەکێتییە کرێکارییەکاندا.

## ٣. ڕادەی دەسەڵات و دزەی چینەکانی بەر لە کاپیتالیسم

بەگشتی زۆربەی کات ڕوو نەدانی شۆرشە خوێناوییەکان و یان ڕیفۆرمە بنچینەییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی چینەکانی بەر لە کاپیتالیسم. چین گەلێکی وەها ڕەنگە لە بارودۆخی کۆمەڵگای کاپیتالیستیشدا بە هێز و یەکریز بن و پاژێکی بلۆکی دەسەڵات پێک بێنن و یان بە شێوەیەکی ئایدۆلۆژیک نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی چینی کاپیتالیست بکەن. بێگومان هەر چەندە پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی نالێک و ناهاوسەنگتر بێ ڕادەی زۆر بوونی هێزە

کۆمەڵایەتی _ سیاسییەکان بەرز دەبێتەوە و لەئاکامدا کۆمەڵناسی سیاسی ڕووبەڕووی ئاڵۆزییەکی زۆرتر دەبێتەوە.

**چینی زەویدار.** لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە دەبێ بزانرێ کە لە نێوان بەرژەوەندی و ئۆگرییەکانی چینی زەویدار و یان پاشماوەکانی لە کۆمەڵگای کاپێتالیستیدا، لەگەڵ بەرژەوەندی چینی کاپیتالیست تا چ ڕادەیەک هاوئاهەنگی یان ناهاوئاهەنگی لەئارا دایە. بێتوو ناهاوئاهەنگی لەئارا دابێ، ئامادەبوونی چینی زەویدار لە بلۆکی دەسەڵاتدا دەبێتە هۆی دابەزانی دزەی چینی کاپیتالیست لەسەر داڕشتەی دەسەڵاتی سیاسیدا. بۆ وێنە لە وڵاتانێکی وەک ئیسپانیا و پرتەقاڵدا چینە زەویدارەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بوونە لەمپەری سەقامگیری ئابووری کاپیتالیستی بەشێوەی تەواوی خۆیی و لە ڕێگەی پاڵپشتی کردنی لە حیزبە سیاسییە کۆنسێرڤاتەکان و دەوڵەتە دەسەڵات ویستەکاندا، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دیاری کردنی سیاسەتەکانی حکوومەتدا هەبوو. لە زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا، چینە ئۆلیگارشییە زەویدارەکان بەشێکی بەرچاوی دەسەلاتی سیاسیان لەدەست دا بووە و لەئاکامدا بوونەتە لەمپەری دەست بەسەر داگرتنی سیستمی سیاسی لە لایەن چینە کاپیتالیستەکانەوە.

**جووتیاران.** لە هەل و مەرجی سەقامگرتوو و هێمنایەتی سیاسیدا ڕۆڵی چینی جووتیار بەگشتی لە پەیوەندییەکانی دەوڵەت لەگەڵ چینی باڵادەستدا ڕۆڵێکی بەرچاو نییە. لەگەڵ ئەوەشدا بەشی کشتوکاڵی لە وەها بارودۆخێکدا ڕەنگە بەشێوەگەلی جۆراوجۆر کار بکاتە سەر

بەرژەوەندییەکانی چینی کاپیتالیست و پەیوەندییەکانی لەگەڵ سیستمی سیاسی دا. بەشی جووتیاری بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی ڕەنگە لە دژی بەرژەوەندییەکانی چینی کاپیتالیست بجوولێتەوە. بۆ وێنە لە زۆربەی وڵاتانی ئەندامی کۆمەڵەی ئورووپادا زەخت هێنان لە لایەن جووتیارانەوە بۆ دابین کردنی سیاسەتە پاڵپشتییەکان و پاڵپشتی لە مەزندەی کاڵا کشتوکاڵییەکان لە ڕێگەی بردەنە سەری مەزەندەی خۆاردەمەنییەکان، لەدژی بەرژەوەندییەکانی چینی کاپیتالیست بووە کە تێدەکۆشێ بە مەبەستی پێشگرتن لە بەرز بوونەوەی ویستی یەکێتییە کرێکارییەکان سەبارەت بە حەقدەستەکان، مەزەندەی خۆاردەمەنی لە ئاستێکی نزمدا ڕاگرێ. هەروەها دزەی گرووپە کشتوکاڵییەکان لەناو حیزبە کۆنسێرڤاتەکان بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا شیاوی لە بەرچاو گرتنە. لەو پەیوەندییەدا یەکێتییە کشتوکاڵییەکان دەتوانن یارمەتی ماڵی وەها حیزب گەلێک بکەن.

## ٤. ئاراستەی ستاتۆکان و گرووپە ناچینایەتییەکان

سپا. لە وڵاتانی پێشکەوتەی کاپیتالیستیدا کە خاوەن نەریتی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بە هێزن، ئەرتەش وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی – سیاسی و دەستێوەردەر ناجوولێتەوە. هەڵبەت لەو وڵاتانەدا هەڵکەوتوانی ئەرتەش یەک لە گرووپە خاوەن دزە سیاسییەکان دێنە ژمار و بە

شێوەگەلی جۆراوجۆر لەگەڵ چینە سەرۆکانی کۆمەڵگا بە تایبەت خاوەن سامانەکاندا تێکەزیوی و پەیوەندیان هەیە. بە پێچەوانەوە لەو تاقمە لە وڵاتانی ڕووە و پەرەسەندنەوە کە خاوەنی سازی مەدەنی بەهێز نین، ئەرتەش جار و بار دەست دەخاتە ناو کار و باری سیاسییەوە. ئەو ڕۆڵەی ئەرتەش وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی – چینایەتی بە ئەنجامی دەگەیەنێ پەیوەندی هەیە بە کۆیەکی بارودۆخ و توانای هێزە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان. هەر لەو ڕووەوە دەستتێوەردانەکانی ئەرتەش لە سیاسەتدا بە پێی بارودۆخە باسکراوەکان، کاریگەری جۆراوجۆر دەبێ لەسەر پەیوەندییەکانی دەوڵەت و چینی کاپیتالیست و هەروەها چۆنییەتی گەشەی کاپیتالیزم. بۆ وێنە لە یۆناندا، ئەو ئەرتەشییانەی گرێدراوی وردەبوورژوازی بوون هیچ جۆرە سیاسەت و پلانێکی ئابووریان نەبوو. هەر لەو ڕووەوە نوارینی ڕەشبینانەیان بۆ چینی کاپیتالیست و جەختکردنیان لەسەر پێداویستی سەرمایەگوزاری دەرەکیدا بوو بە لەمپەری پێشکەوتنی کاپیتالیسمی یۆنان. لەلایەکیترەوە لە ئیسپانیادا پەیوەندی نزیکی چینی کاپیتالیست لەگەڵ ئەرتەشدا یەک لە هۆکارەکانی گەشەکردنی کاپیتالیسمی ئەو وڵاتە بووە.

گرووپە خاوەن دزە ئاینییەکان. بەگشتی هەر چەندە دەکرێ بڵێن کە پێکهاتە ئاینییەکان بە تەمان دیسیپلین و دۆخی هەنووکەیی بپارێزن، بەڵام ڕەنگە جیاوازی بیروڕا لەسەر بیچم گرتنی وەها دیسیپلینێک گرووپ و پێکهاتە ئاینییەکان پەلکێشی ململانێ لەگەڵ خاوەن سامانەکاندا بکا.

ئەو بارودۆخە لە وڵاتە ئورووپاییەکاندا کە خاوەنی حیزبە دێموکرات مەسیحییەکانن هاتۆتە دیی. بەگشتی ڕادە و جۆری یەکریزی و تێک بەزیوی نێوان دەسەڵاتدارە سیاسی و گرووپە خاوەن دزە ئاینییەکان دەتوانێ وەک هۆکارێکی کاریگەر لە سەر باڵانسی هێزە سیاسییەکان لەمەڕ پەیوەندی دەوڵەت و چینی باڵادەستدا بجووڵێتەوە. (لەبەشی حەوتەمی ئەو وتارەدا بە دوور و درێژی باس لە پەیوەندی ئایین و سیاسەت دەکرێ.)

## یەکریزی و یەک ئاراستەیی چین و ستاتۆ کۆمەڵایەتییەکان.

ڕادەی تێکبەزیوی بەرژەوەندییەکان و هاوئاراستەیی ئایدۆلۆژیک لە نێوان چینی کاپیتالیست لە لایەک و بڕۆکڕاسی دەوڵەتی، زەویداران، ئەرتەش، گرووپە ئاینییەکان و ڕووناکبیران لە لایەکیترەوە یەکێکە لە هۆکارە گرینگە دیاری کەرەکانی ڕادەی گۆڕ و لاوازی کاریگەری ئۆگرییەکانی سەرمایە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی. بێتوو گرووپ و ڕێکخراوگەلی تر وەک هێزە سیاسی چالاک (بۆ وێنە پیاوانی ئاینیی یان ئەرتەش) لەئارادا بن هەرچی هاوئاهەنگی لە نێوان بەرژەوەندییە ماددی و ئۆگرییە مەعنەوییەکانیان لەگەڵ چینی باڵادەستدا زیاتر بێ، ئامادە بوونیان لە گۆڕەپانی سیاسی و یان دەستێوەردانیان لە کار و باری حکوومەتدا وەک لەمپەری سەر ڕێگەی دەکارهێنانی دەسەڵاتی ئەو چینە نایەتە ژمار. بە پێچەوانە بێتوو ناکۆکی ماددی و فکری لە نێوانیاندا لە ئارادا بێ،

**شیمانەی دابەزینی دەسەڵاتی چینی کاپیتالیست بەرز دەبێتەوە. بەتایبەت ڕادەی تێکبەزیوی و یەکریزی نێوان چینی کاپیتالیست و بڕۆکڕاسی دەوڵەتی لە ڕوانگەی ئەو باسەوە خاوەن گرینگییەکی تایبەتە. لەو بارەیەوە جیاوازی گەلێکی بەرچاو لە نێوان دارِشتەی سیاسی دەوڵەتەکاندا بەدی دەکرێ. ڕادەی ئامادەبوونی کاپیتالیستەکان لە کۆڕی قانووندانەری و هەروەها لە ناوخۆی هێزی بەڕێوەبەرایەتیش لە وڵاتە جیاجیاکاندا بێگومان جیاوازە. بۆ وێنە لەناو وڵاتانی ئوڕووپایی‌دا ئەو ڕادەیە لەمەڕ وڵاتانێکی وەک یۆنان و ئیسپانیادا لە ئاستێکی نزم‌دا بووە و بە پێچەوانە لە هولەنددا سەروتر لە هەر وڵاتێکی تر.**

**هەروەها ڕادەی هاتوچۆی تاکەکان لە بڕۆکڕاسی دەوڵەتییەوە بۆ ناو چینە کاپیتالیستە پیشەسازی یان تیجارییەکان بۆ وێنە لە وڵاتی فەرانسەدا زۆر لەسەرێ بووە و لە وڵاتی ئیتالیادا لەچاو وڵاتانی تر لە ئاستێکی نزم-دا بووە. شێوە و ڕادەی دەست وێراگەیشتنی نافەرمی چینی کاپیتالست وە بڕۆکڕاسی دەوڵەتی بە سەرنجدان بە هۆکارە جیاجیاکان لە چوارچێوەی پلەگەلی جیاوازدا دێتە دی. لەهەر شوێنێکدا هێزی قانووندانەر لاوازتر بێ، دزەی چینی کاپیتالیست بەرز دەبێتەوە. بە پێچەوانە ئەگەر پاڕلمان ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دیاری کردنی سیاسەتەکاندا هەبێ، ئەو دزەکردنە دەبێ لە ڕێگەی کۆمیتە پاڕلمانییەکانەوە بێتە ئەنجام دان.**

**ڕادەی یەکریزی چینی کاپیتالیست لەگەڵ هێزە سیاسی – کۆمەڵایەتییەکانی تری وەک زەویداران، پێکهاتە ئاینییەکان و ئەرتەش**

کاریگەر بووە لەسەر ڕادەی هێز و لاوازی ئەو چینە. بۆ وێنە لە ئینگلیسدا بە پێچەوانەی فەرانسە، بەشێوەیەکی نەریتی ڕادەی تێکبەزیوی چینی زەویدار و چینە کاپیتالیستەکان بەرچاو بووە. بەو پێیە زەویداران ئاستەنگیان نەخستۆتە سەر ڕێگەی دەکارهێنانی دەسەڵاتی چینی کاپیتالیست. لە بابەت پەیوەندی ئەرتەش و چینی کاپیتالیستیشدا دەکرێ بڵێین لە زۆربەی وڵاتانی لە کاتی گەشەکردندا تێکبەزیوی و هاوئاراستەیی ئایدۆلۆژیکی لە نێوان بوورژوازی و ئەرتەشدا کەم بووە و هەر لەو ڕووەوە دەوڵەتە نیزامییەکان ئاستەنگیان نەخستۆتە سەر ڕێگەی گەشەکردنی چینی کاپیتالیست و کاپیتالیسم. بە پێچەوانە بۆ وێنە لە شۆڕشی میلیتاریستی پرتەقاڵدا، دەستێوەردانی ئەرتەش بواری بەرز بوونەوەی دەسەڵات و دزەی چینی کاپیتالیستی دەستەبەر کردووە.

هەروەها لەناو وڵاتانی ڕۆژئاوادا پێکهاتەکانی ئایینی پڕۆتستانت بوارێکی لەبارتریان بۆ پەرەسەندنی کاپیتالیسم و بەرز بوونەوەی دەسەڵاتی چینی کاپیتالیست دەستەبەر کردووە لەکاتێکدا باڵادەستی کڵێسەی کاتۆلیک بە سەر دەوڵەتدا، بۆ وێنە لە ئیرلەندا، یەکێک بووە لە هۆکارەکانی دواکەوتوویی کاپیتالیسم و لاوازی چینی کاپیتالیست لە باری سیاسییەوە.

پەیوەندی چین و ستاتۆ کۆمەڵایەتییەکان. لەو بابەتی هەر ئێستا ووترا بە باشی دەردەکەوێ کە یەک لە گرینگترین و دژوارترینی باسەکانی

کۆمەڵناسی سیاسی دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان چینە (بەواتای ئابووری) و ستاتۆ کۆمەڵایەتییەکانە. هەروەک پێشتریش ئاماژەی پێکراوە مارکس لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە چینی کۆمەڵایەتی هەر چەندە لە واتای «لەخۆدا» وتەزایەکی ئابوورییە بەڵام لە واتای «بۆخۆدا» خاوەن کولتوور و ئایدۆلۆژیایەکی هاوبەشە. ماکس ڤێبێر لەهەمبەردا، هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێکردووە لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی سێ تەوەرەی بەرچاو واتا چین، ستاتۆ و حیزب دابەش دەبن. بە باوەڕی ڤێبێر چین پێکهاتووە لە کۆیەک لەو تاکانەی کە خاوەن «بارودۆخێکی بازاڕی» یان «شانسی ئابووری» وەک یەکن. ستاتۆ کۆیەک لەو تاکانەیە کە خاوەن ژیانێکی فەرهەنگی و بایەخی وەک یەکن و لەوانەیە ستاتۆیەک پێکهاتبێ لە چەند چین و یان چینێکی کە لەخۆ گری چەندان ستاتۆی کۆمەڵایەتی بێ. حیزب وەک «ماڵی دەسەڵات»یش دەتوانێ چەندان چین یان ستاتۆ لەخۆ بگرێ. لەکاتێکدا مارکس باوەڕی بە »وێککەوتنی ڕێژەیی» لە نێوان چین و ستاتۆی کۆمەڵایەتیدا بوو، ڤێبێریش جەختی دەکردە سەر «لێکترازانی ڕێژەیی» نێوانیان. باسکردن لە پەیوەندی نێوان ستاتۆ و چین لەو ڕوانگەوە لە کۆمەڵناسی سیاسیدا گرینگە کە بێتوو یەک لە ستاتۆ کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، دەبێ ڕێژەی ئەو ستاتۆ کۆمەڵایەتییە لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت چینی باڵادەستدا ڕوون بێتەوە. لە نێوان چین و ستاتۆ کۆمەڵایەتییەکانیشدا ڕەنگە پەیوەندییە تاکەکەسی، گرووپی یان دارشتەییەکان لەئارادا بن. هەروەک لە سەرووەدا ئاماژەی پێدرا باس کردن لە پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی نێوان ستاتۆگەلی وەک پیاوانی ئایینی،

ڕووناکبیران و میلیتاریستەکان لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ڕوانگەی باسی ئینسترۆمێنتالیستی و یان سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەتەوە خاوەن گرینگە. بۆ وێنە لە بواری پەیوەندی ڕووناکبیران لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکاندا هەروەک دواتر زێتر شیان دەکەوێنە، کارڵ مانهایم کۆمەڵناسی ئەڵمانی لە کتێبی *ئایدۆلۆژیا و یۆتۆپیادا*[1]، بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ جووڵانەوەی کۆنسێرڤاتیسمی مۆدێرندا دەڵێ کە ڕووناکبیران بە پێی ئەوە کە لە ناخی پێگە کۆمەڵاتەتییە جۆراوجۆرەکانەوە سەرهەڵدەدەن لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و فکرییەوە »سەرئاوکەوتە«ن. بێگومان ڕووناکبیران خۆیان چین نین بەڵکوو «مانگی» چینەکان و ئیدئۆلۆگی هێزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانن. لەو ڕووەوە بە باوەڕی مانهایم *ڕووناکبیرانی مۆدێرن* بە شێوەیەکی شاراوە توانای وەسەرکەوتنی ئۆگرییە چینایەتییەکانی خۆیانیان هەیە و هەر لەو ڕووەوە ڕەنگە بە *شێوەیەکی ڕێژەیی* سەربەخۆ بن لە ئۆگرییە چینایەتییەکانیان. لانی کەم ئەوە کە لەچاخی مۆدێرندا هەندێ لە توێژە ڕووناکبیرییەکان «بێ چین» (déclassé) بوونە. لەهەمبەردا ئانتۆنیۆ گرامشی، بەڵگەی دێنایەوە کە لە نێوان ڕووناکبیران و چینە کۆمەلایەتییەکاندا پەیوەندی گەلێکی تێکچنراو لەئارا دایە. گرامشی باسی لە دوو جۆری ڕووناکبیران دەکرد، یەکەم

---

١. کارڵ مانهایم ،*ئایدۆلۆژیا و یۆتۆپیا*، وەرگێراوی فەریبۆرزی مەجیدی، لەبلاوکراوەکانی زانکۆی تاران، ١٣٥٥.

ڕووناکبیرانی «ئۆرگانیک» و ئەویتر ڕووناکبیرانی «دەستەمۆکراو». بە باوەڕی گرامشی هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بە پێی پێگەی ئابووری خۆیی یەک یان چەند پۆل لە ڕووناکبیرانی «ئۆرگانیک»ی خۆی دێنێتە ئاراوە کە لە باری فکرییەوە یەکریزی و یەکدەستی دەبەخشێتە بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە.[1] بەو پێیە بەرپرسان و تەکنۆکراتەکان بە پێچەوانەی بەڵگەکانی زۆربەی کۆمەڵناسانی ڕۆژئاوایی وەک جیمز بێرنهام کە لە کتێبی *شۆڕشی بەرپرساندا* وەک چینی دەستەلاتداری نوێ لە سیستمی کاپیتالیستیدا باسیان لێ دەکا، تەنیا «مانگی» چینی کاپیتالیستن و لە نێوان ئەو دووەدا، هەم لەباری پەیوەندییە تاکەکەسییەکان، هەم پەیوەندییە گرووپییەکان و هەمیش دارشتەی ئایدۆلۆژیکدا یەکریزی لەئارا دایە. دووهەم ئەوەکە، هەر چینێکی کۆمەڵایەتی لە پاش سەرهەڵدانی ڕووبەڕووی گرووپ گەلێکی ڕووناکبیری هەنووکەیی دەبێتەوە کە ڕەنگە لەناو ئەو چینەدا بتوێنەوە. بۆ وێنە پیاوانی ئایینی کاتۆلیک کە سەردەمانێک ڕووناکبیرانی «ئۆرگانیکی» ئەریستۆکراسی زەویدار بوون، دواجار بوون بە ڕووناکبیرانی «دەستەمۆکراوی» چینی کاپیتالیست.

بەگشتی کاتێک بەشێکی ستاتۆیەکی کۆمەڵایەتی بەشدارە لە دەسەڵاتی سیاسیدا، بۆ خستنەڕووی باسێکی ورد و هەمە لایەنەی بیرۆکەی

1. A. Gramsci, *Selections from Prison Notebooks.* (London, 1971), pp.5-14.

ئینسترۆمێنتاڵی و یان سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت و ڕادەی باڵادەستی چینی باڵادەستی کۆمەڵایەتی بەسەر دەزگای دەسەڵاتی دەوڵەتیدا، دەبێ پەیوەندییە تاکەکەسی، گرووپی و ئایدۆلۆژیاکانی نێوان ئەو ستاتۆ و چینە کۆمەڵایەتیانە بەتایبەت چینی باڵادەست تاوتوێ کرێن. هەرچەندە تێکبەزیوی ئەو دووە بەپێی ئەو سێ ڕەهێڵەی پەیوەندی زۆرتر بێ، ئامادە بوونی ستاتۆی بەرباس لە دەسەڵاتی سیاسیدا کەمتر وەک لەمپەرێک لەسەر ڕێگەی چینایەتی بوونی دەوڵەت و باڵادەستی چینی کۆمەڵایەتی باڵادەست بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتیدا دەجووڵێتەوە. بە پێچەوانە لەو جۆرە بوارانەدا سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت کاتێک بەرز دەبێتەوە کە ستاتۆ بەرباسەکانیش خاوەنی سەربەخۆیی ڕێژەیی بن لە چینی باڵادەست.

## سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت

بابەتی سەرەکی کۆمەڵناسی سیاسی ڕۆڵ دیتنی هێزە کۆمەڵایەتییەکانە بە شێوازگەلی جیاجیا، لە پرۆسە سیاسییەکاندا. بەڵام لەهەمبەر ئەو هێزانەدا، هۆکارەکانی خۆڕاگری و هاوسەنگی لەناو دەوڵەتیشدا لەئارا دایە. دزەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە سیاسەتدا بە واتای ئەوە نییە کە بڕۆکراسی دەوڵەتی تەنیا ڕەنگدانەوەی ئەو دزەیە بێ.

هەندێ هۆکار دژەی گرووپەکانی دەسەڵات هاوسەنگ دەکەن و کاریگەریان دەبێ لەسەر دوا سیاسەت داناندا.

هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، هۆکارە دەرەکییەکانی وەک قەڵەشتە ناوخۆییەکانی چینی باڵادەست، پێکهاتەی سیاسی چینە کرێکارییەکان و بەردەوام بوونی دەسەڵاتی گرووپە نەریتییەکان بەرز بوونەوەی سەربەخۆیی کردەوەی دەوڵەتانیان لێ دەکەوێتەوە. هەندێ هۆکاری ناوخۆیش سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت بەرز دەکەنەوە. وەک یەکێک لەو هۆکارە ناوخۆییانە دەکرێ ئاماژە بکەینییە سەر ئەو خاڵە: هەرچی تایبەتمەندی پرۆفیشناڵ و پسپۆری کاربەرێوەبەرانی ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان زۆرتر بێ و هەرچی سیستمی برۆکراسی لە شێوە تیپیکاڵەکەی (لە بیرۆکەی ڤێبێردا) نزیکتر بێتەوە، ڕادەی گرێدراوی بە بەرژەوەندییە تاکە کەسییەکانیشدا دەبەزێ. بەو حاڵەش هەروەک بینیمان کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە برۆکراسی ئاوەزی و قانوونیی چۆن چۆنی دەتوانێ لەهەمبەر سیمای تایبەتی دەوڵەت و پێویستی دابین کردنی بەردەوامی کەڵەکە بوونی سامانی تایبەتیدا، بمێنێتەوە. بە هەر حاڵ برۆکراسی یەک لە ڕوخسارە سەرەکییەکانی دەوڵەتی مۆدێرنە. تایبەتمەندی بڕیاردانی بە کۆ و بەرپرسایەتی لە برۆکراسی مۆدێرندا ڕادەی سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت دەباتە سەرێ.

هۆکارێکی تری ناوخۆیی کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە، سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت و دەسەڵاتی چینی باڵادەست گرێدراوی ڕادەی

دەستێوەردان و دەسەلاتی ئابووری دەولەتە. زێدە بوونی دەستێوەردانی دەولەت لە ئابووریدا و بە تایبەت سەرهەلدانی دەولەتە فەرعانییەکان، تارادەیەک دەرئەنجامی شێوەی کردەوە و ریزبەندی هێزە کۆمەلایەتی – سیاسییەکان بووە و لەهەمبەریشدا کار دەکاتە سەر فۆنکسیۆنی هێزە سیاسی – کۆمەلایەتییەکان. بەو پێیە هەرچەندە لە لایەکەوە چڕ بوونەوەی کۆنترۆلی سەرچاوە ئابوورییەکان لە دەست چینی کاپیتالیست دایە و سەرهەلدانی پاوانکراوە و کۆمپانیا زنجیرەییەکان، دەسەلاتی ئەو چینە لە دەکارهێنانی دزە لەسەر دەولەتدا زێدە دەکا، بەلام لە لایەکی ترەوە کۆنترۆل کردنی وەها چڕ بوونەوەیەک لە ڕێگەی قانوون دژە پاوانکراوەکانە و دەتوانێ دەسەلاتی سیاسی چینی بالادەست بەرتەسک کاتەوە. بە گشتی دەستێوەردانی دەولەت لە کاروباری ئابووریدا و سەرهەلدانی دارشتەی دەولەتی فەرعانی ڕادەی سەربەخۆیی کردەوەی چینە بالادەستەکان کەم دەکاتەوە و لەهەمبەریشدا سیاسەتە لیبرالییەکانی ئابووری و کردنەوەی کەرتی تایبەت دەسەلاتی ئەو چینانە زێدە دەکا و سەربەخۆیی ڕێژەیی دەولەت کەم دەکاتەوە.

کاپیتالیسمی لیبرال لە درێژەی سەدەی بیستەمدا لەئاکامی ئەو ئالوگۆڕانەی لە کەرتی تایبەت و کەرتی دەولەتدا ڕوویاندا، تووشی گۆڕان هات. لە لایەکەوە سەرهەلدانی پاوانکراوەکان و تێکەل بوونی کۆمپانیاکان زیانیان گەیاندە پرەنسیپی ڕەکەبەرایەتی ئازاد و دواجار زێدە بوونی دەسەلاتی سامانیان لێکەوتەوە. لەهەمبەردا دەولەت بە پالپشتی کردن لە

بەرژەوەندییە گشتییەکان لە بەرامبەر پاوانکراوەکان و هەروەها دانانی قانوونی پێویست لەو بوارەوە ڕۆڵی دەوڵەت لە ئابووریدا زێدە کرد. بۆ وێنە بە پێی قانوونی دژە تراست لە ئەمریکادا، بەرهەمهێنەران یان دابەشکاران بۆیان نییە سەبارەت بە دیاری کردنی نرخەکان لەگەڵ هاوڕکەکانیاندا دەسبەیەکی بکەن و هەروەهاش دیاری کردنی نرخی جۆرا و جور بۆ کالا وەک یەکەکان و فرۆشتنیان بەنرخی جیاجیا کارێکی ناقانوونییە.

لە لایەکی ترەوە لە کاپیتالیسمی مۆدێرندا زێدە بوونی دەستێوەردانەکانی دەوڵەتیش بۆتە هۆی لە ژێر پێ نانی هەندێ پرەنسیپی بنەڕەتی کاپیتالیسمی لیبراڵ. دەوڵەت هەندێ لە خزمەتگوزارییەکانی پاوانکردووە. هەندێ لە پێداویستییە بە کۆمەڵەکان لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە بەباشی دابین ناکرێن و ڕەنگە سەرمایەگوزاری لە هەندێ چالاکیدا بەدەر لە توانای کەرت تایبەت بێ. بە گشتی هەمووی ئەوانە بواری بەربلاوبوونەوە دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووری کاپیتالیستیدا دەستەبەر کردووە. ئەو پارادۆکسە کۆمەڵایەتیانەی دەرئەنجامی کاپیتالیسمن بەتایبەت پاش شەری یەکەمی جیهانی پێداویستی دەستێوەردانی هەراوی دەوڵەت لە ئابووریدا و هەروەها سازدانی دارشتەی دەوڵەتی فەرعانیان بیر هێنایەوە.

بەگشتی بەرز بوونەوەی ڕۆڵی ئابووری دەوڵەت لە چاخی دەوڵەتە فەرعانییەکاندا گەلێ ئاستەنگی خستۆتە بەردەم ئازادی ڕەها دەسەلاتی

سامانەوە. بەتایبەت کۆنترۆڵی کردنی سەرمایەگوزاری لە لایەن حکوومەتەوە لەو بوارەدا کاریگەر بووە.


بەڵام لە دەسپێکی دەیەی ١٩٨٠وە زۆربەی دەوڵەتە فەرعانییەکان لەهەمبەر قەیرانی سیستمی کاپیتالیستی و بە مەبەستی چارەسەری ئەم قەیرانە کەوتنە تێکرماندنی داڕشتەی دەوڵەتی فەرعانی و بەڕوو کردن لە تایبەتی کردن زۆربەی بەربەستە دانراوەکانی بەردەم دەسەڵاتی سامانی تایبەتیان لەناو بردووە. بەو پێیە دەسەڵاتی ئابووری دەوڵەت ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی چینی باڵادەست.

سێهەم هۆکاری ناوخۆیی کە دەبێ ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە کە، جۆری رژیمی سیاسی کار دەکاتە سەر سەربەخۆیی پڕاکتیکی دەوڵەت و چینی باڵادەست. بەگشتی سەربەخۆیی پراکتیکی دەوڵەت لەهەمبەر چینە کۆمەڵایەتییەکانی سیستمە سیاسییە دیکتاتۆرەکاندا بەرز دەبێتەوە. هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، «دەوڵەتە بۆناپارتیستەکان» تێدەکۆشن بە سازدان یان پاڕاستنی باڵانسی چینایەتی، خۆیان لە سەر دەستی چینەکان بپارێزن. بەو حاڵەش قەیرانە ناوخۆییەکانی سیستمە دیکتاتۆرەکان هەردەم دەبێتە هۆی وەر چەرخانی سیاسەتی ئابوورییەکانیان و ئەو وەرچەرخانەش سەربەخۆیان کەم دەکاتەوە.

## بنەما تیۆرەکانی کۆمەڵناسی سیاسی: کۆی باسەکە

هەر وەک پێشتریش بینیمان کۆمەڵناسی سیاسی بریتییە لە تاوتوێ کردنی ڕۆڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی سیاسی‌دا و کارتێکەرییەکانی کۆمەڵگا لە سەر دەوڵەت. هەروەها لە بەشی ڕابردوو پێشانمان‌دا کە کۆمەڵگا بەپێی قەڵەشت و پاڕدۆکسە ناوخۆییەکانی لەخۆ گری گرووپ، چین و هێزە جیاجیاکانە. هەندێ لە پۆلێن کردنەکانی کۆمەڵگا وەک چینە کۆمەڵایەتییەکان سروشتێکی ئابووریان هەیە لە کاتێکدا هەندێکی تری وەک ڕووناکبیران، پیاوانی ئایینی، میلیتاریستەکان و کەمایەتییەکانی فەرهەنگی و ئەتنیکی، سروشتی ئابووریان نییە بەڵکوو بە پێی ستاتۆی کۆمەڵایەتی، فێرکاری، فۆنکسیۆنە تایبەتەکان و ڕووداو یان بار و دۆخە مێژووییە تایبەتەکان دێنە دیی. بێ‌گومان کۆمەڵناسی سیاسی پێویستە پاژە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگا بناسێ و ئەو پاژانەش ڕەنگە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازیان هەبێ. پۆلێن کردنە ناچینایەتییەکان ڕەنگە لە گۆڕەپانی سیاستدا بە دوای ئۆگرییە تایبەتە سێنفییەکانی خۆیان‌دا بچن و یانیش نوێنەر یان کاربەرێوەبەری ئۆگرییە چینایەتییەکان بن.

بێ گومان چەسپاندنی وەها قانوونگەلێکی ئەزمونی پێویستی بە توێژینەوەی مێژوویی بوارە تایبەتەکانە. باس کردنی پێگەی کۆمەڵایەتی دەوڵەتان پێویستی بە ناسینی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەتە. بۆ وێنە ئەو بوارانەی خوارەوە شیاوی تاوتوێ کردنن: پێگەی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتدارە سیاسییەکان، ***پاڵپشتی کردنی*** بەشە تایبەتەکانی کۆمەڵگا لە حکوومەت، پەیوەندییە ***ئایدۆلۆژیاکانی*** نێوان دەوڵەت و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها پەیوەندییە ***ئابوورییەکانی*** نێوانیان. کۆی ئەو پەیوەندییانە وێنەی تێکچنراوی خوارەوە بەدەستەوە دەدەن. ئەو دەوڵەتانەی لە ئاکامی فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی یان پەیوەندی دەسەڵاتی دەوڵەتی لەگەڵ چین و ستاتۆ کۆمەڵایەتییەکاندا دێنە دی، لە بەشی پێنجەمدا بەتێروت[...]ەکرێن.




[...]وپە کۆمەڵا[...] و هەروەها لەناوخۆی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانیشدا گەلێ پەیوەندی ئاڵۆز لەئارا دایە. وێنەی سەرەوە چوارچێوەیەکی کۆمەڵناسی سیاسی بەدەستەوە دەدا کە ڕۆڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکا[...]سیاسیدا تاوتوێ دەکا. لەو و[...] کە یەکەم دەوڵەت ڕەنگە گرێدراوی زیاتر لە یەک چین یان پۆلێن کردنێکی

کۆمەڵایەتی (لە ڕوانگەی ئاخیزگەی کۆمەڵایەتی، گرووپی پشتیوان یان ئایدۆلۆژیا) بێ. *دووهەم*، ڕەنگە هاوپەیمانەتییەک لە هێزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان وەک هێزی باڵادەستی کۆمەڵایەتی دەرکەوێ؛ *سێهەم*، ڕەنگە دەوڵەت گەلێ ئاڵوگۆڕ لە فۆرماسیۆنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیدا پێک بێنێ بە مەبەستی پتەو کردنی دەسەڵاتی خۆی لە ڕێگەی ڕاکێشانی پاڵپشتی و مۆبیلیزە کردنی بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگاوە؛ *چوارەم*، ڕەنگە هێزێکی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی هەبێ لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتدا و *پێنجەم*، ستاتۆ و گرووپە فکری و پرۆفیشناڵەکان لەناو کۆمەڵگادا خاوەنی گەلێ پەیوەندی ئاڵۆزن لەگەڵ دارشتەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکاندا .

وێنەی سەرەوو وەک چوارچێوەیەکی کۆمەڵناسی سیاسی بێگومان وێنەیەکی ساکار کراوەیە لەچاو ڕاستییە ئاڵۆزە کۆمەڵایەتییەکان. لە ڕاستیدا ڕۆڵ و کاریگەری هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی سیاسیدا لەناو کۆیەکی ئەو پەیوەندییە زۆر ئاڵۆزانەدا دێتە ئەنجام و لەبەرچاو گرتنی کۆی ئەو پەیوەندییانە مەرجی ناسینی ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییەن. پەیوەندی دەوڵەت و هێزە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا پاژێکی ئەو پەیوەندییانە. هەر چەندە ئێمە لەو نووسراوەیەدا کۆمەڵناسی سیاسیمان تەنیا سنووردار کردووەتەوە بە تاوتوێ کردنی پەیوەندی دەوڵەت و هێزە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام بە مەبەستی ئاسانکاری لە تێگەیشتنی جێگەی ئەو پەیوەندییە لە ناو تۆڕی پەیوەندییە گشتییەکان پێویستە لێرەدا ئاماژەیەک بکەینە سەرکۆی ئەو پەیوەندییانە. هەروها دەبێ بڵێین کە باسەکانی ئەو بەشە

سەبارەت بە هێزە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی شاراوە لە سەر بنەمای ئەو تێگەیشتنەیە لە کۆی پەیوەندییە دێتێرمینیستییەکانی نێوان پاژە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگا و سیاسەتن. بنەمای تێگەیشتنی ئێمە لەو بوارەدا توێژینەوەکانی ئێریک ئۆلین ڕایت کۆمەڵناسی سیاسی هاوچەرخی ئەمریکایە لە کتێبی *چین، قەیران و دەوڵەت*[1]دا .

ئۆلین ڕایت شەش «لایەنی دیتێرمینەیشن» لە ژێر تیشکی چەمکی گشتی «دیتێرمینەیشن» یان هۆکار وەک پەیوەندی نێوان دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەی خوارەوە دیاری دەکا:

١. **سنوورە دارشتەییەکان**[2]. لەو لایەنەی دیتێرمینەیشندا دارشتەیەکی کۆمەڵایەتی، سنوورێک بۆخۆی دادەنێ کە لەناو ئەو سنوورەدا، ڕەنگە دارشتە یان پرۆسەیەکی تر بە شێوازی جیاجیا بێتە دی و یانش لە هاتوچۆ دابێ. پەیوەندی دارشتەی ئابووری یان لایەنی بەرهەم هێنان لە چاو دارشتەی دەوڵەت دەکەوێتە ژێر ئەو لایەنەی دیتێرمینەیشنەوە، چوونکە هەر دارشتەیەکی ئابووری پێویستی سەرهەڵدانی جۆرێکی تایبەتی دەوڵەت دێنێتە کایەوە، بەڵام ڕەنگە جۆرە جیاوازە و سنووردارەکانی دەوڵەت لەناو وەها پێداویستییەکی دارشتەییدا بێنە دیی. هاتنە دی

1. E. Olin-Wright, *Class, Crisis, and the State.* (New Left Books, 1978), pp. 15-26.
2. Structural limitation

یەکێک لە ڕێچکە شیاوەکان لە دواجاردا پەیوەندی هەیە بە لایەنی دووهەمی دیتێرمینەیشنەوە.

**٢. هەڵبژاردن**[12]. مەبەست لە هەڵبژاردن کاریگەری کۆیەی ئەو هۆکارانەیە کە دەبنە هۆی هەڵبژاردنی ڕێچکەیەکی وەڕاست گەراو و ڕاستەقینە لەناو تەیفی ئەو ڕێچکە شیاوانەی کە لە بواری داڕشتەیەوە دیاری کراون. لە باسی کۆمەڵناسی سیاسیدا، ئاست و جۆری چالاکی هێزە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری دەبێ لە هەڵبژاردنی جۆرێکی دیاری کراوی داڕشتەی دەوڵەت لە ناو ئەو سنوورەی کە لە لایەن داڕشتەی ئابووری یان لایەنی بەرهەم هێنەوە دیاری کراوە. بۆ وێنە ڕادەی خۆ ڕێکخستنی چینەکانی ژێروی کۆمەڵگا کاریگەرە لە بە دیموکراتیک کردنی دەوڵەتی کاپیتالیستیدا. پەیوەندی نێوان هۆکارەکانی هەڵبژاردن و سنوورەکانی داڕشتەیی کە گرێدراوی لایەنی سێهەمی دیتێرمینەیشنە دەبنە هۆی هاتنەدی وەها هەڵبژاردنێک لەکردەوەدا.

**٣. بەرهەم هێنانەوە[13].** مەبەست لە بەرهەم هاتنەوەی دارِشتەیەک لە لایەن دارشتیەکی ترەوە ئەوەیە کە دارِشتەی بەرهەم هێنەوە دەبێتە لەمپەر لەوە کە دارِشتەی دووبارە بەرهەم هاتۆوە بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئاڵوگۆری بەسەردا بێ. لە کۆمەڵگای سیاسیدا، دارِشتەی دەوڵەت و سیاسەتەکانی دەوڵەت لە ڕێگەی دابین کردنی بەردەوامی پرۆسەی چەوسانەوە، دارِشتەی ئابووری یان لایەنی بەرهەم هێن دووبارە بەرهەم دێننەوە.

سێ لایەنی سەرِووی دیتێرمینەیشن، ئەو بارودۆخە سیاسیانە شی دەکەنەوە کە چەقبەستو و یان بێ گرژی و ناکۆکین، پەیوەندی بەرهەم هێنانەوە بەتایبەت، پەیوەندییەکی تەوەرەیە لە بەردەوام بوون و سەقامگیر بوونی هەر چەشنە سیستمێکدا. شی کردنەوەی ئاڵوگۆری سیستمە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها دینامیک بوونیان لە ڕێگەی سێ لایەنەکەی تری دیتێرمینەیشنەوە دەستەبەر دەبێ. لێرە دایە کە ڕۆڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەوێ.

**٤. سنوورەکانی هاوئاهەنگی فانکشناڵی[14] یان بشێوی لەڕەوتی بەرهەم هێنانەوە و یان بەرهەم هێنانەوەی پاڕدۆکسیکاڵ.** لەو لایەنەدا، دارِشتەی بەرهەم هێنەرەوە، بە سەرنجدان بەو ناکۆکییانەی لە

---

1. Reproduction
2. limits of functional compatability

ئاکامی ئاڵوگۆڕ و کردەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەناو دارِشتەی بەرهەم هاتۆوەدا هاتۆتە ئاراوە، ناتوانێ ئەو دارِشتەیە بە تەواوی وەک ڕابردوویی بەرهەم بێنێتەوە، بەڵکوو دەبێ هەندێ لە لایەنە پارِدۆکسیکاڵەکانی ناو ئەو دارِشتەیەش بەرهەم بێنێتەوە. بۆ وێنە لە مێژووی ئورووپادا، دەوڵەتە سەرەڕۆکان، هەم هەندێ لە لایەنە سەرەکییەکانی سیستمی فیۆدالی و هەم هەندێ لە لایەنە کاپیتالیستییە تیجارییەکانیان بەرهەم دێنایەوە. لەئاکامی ئەو دوو جۆرە بەرهەم هێنانەوەیەدا وەها دەوڵەتانێک دواجار تووشی ناکۆکی و گرژی ناوخۆیی هاتن.

**٥. پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ[15]**. لەو لایەنەی دیتێرمینەیشندا، ئاڵوگۆڕ بەشێوەیەکی تەواو و بە بێ هاتنەدیی هیچ چەشنە گرژییەک لە دارِشتەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ دارِشتەیەکی تر، تا ئەو جێیەی بواری بەرهەم هێنانەوە دەگاتە ئاستی هەرە نزمی خۆی. پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ چ لە دارِشتەی ئابووری و چ لە دارِشتەی سیاسی‌دا فۆنکسیۆنی سەرەکی هێزە کۆمەڵایەتییەکانە. هەڵبەت ڕەنگە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەبێ بەڵکوو لە ڕێگەی «نێوبژیوە» بێ.

---

1. transformation

6. نێوبژی[16]. لەو لایەنەدا هۆکارێکی وەک نێوبژی کار بکاتە سەر جۆری پەیوەندی نێوان دوو دارشتە و یان شێوەی کارتیکەری دوو لایەنەی نێوان ئەو دوو دارشتەیە دیاری بکا و بیچمیان داتێ پێی دەوترێ نێوبژی. بۆ وێنە ئاست و جۆری چالاکی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بەرهەم هێنانەوەی دارشتەی ئابووری لە ڕێگەی دارشتەی دەوڵەت و سیاسەتە دەوڵەتییەکانەوە وەک هۆکارێکی نێوبژی کارتێکەری هەیە. نێوبژیش یەک لە فۆنکسیۆنەکانی هێزە کۆمەڵایەتییەکانە.

ئۆلین _ ڕایت بە دابەشکردنی گشتێتی کۆمەڵایەتی بە چوار پانتای دارشتەی ئابووری، هێزە کۆمەڵایەتییەکان، دارشتەی دەوڵەت و سیاسەتە دەوڵەتییەکان و کەڵک وەرگرتن لە شەش لایەنی دیتێرمینەیشنی سەرەوو بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو پاژانە مۆدێلی خوارەوە بەدەستەوەدەدا.

2. mediation



بەسەرنجدان بە تۆڕی ئەو پەیوەندییانە، ڕۆڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی سیاسیدا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ساکار نییە. هەروەها هەلومەرج و سنووری دارِشتەیی تایبەت پێویستە بۆ ئەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی سیاسیدا دەوریان هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە هێزە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی کاتی مات و بێ دەنگ بن. ئەوسا کاری کۆمەڵناسی سیاسی بەرتەسک دەبێتەوە بە تاوتوێ کردنی پەیوەندییەکانی دیاریکردنی سنووورە دارِشتەییەکان و بەرهەم هێنانەوەی کۆمەڵایەتی. کاتێک هێزە کۆمەڵایەتییەکان ئەکتیڤن، کاریگەریشیان لە سەر ژیانی سیاسی ئاڵۆز دەبێ. کاریگەری هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر دارِشتەی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە بۆ ئاستی ژیانی سیاسی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کاریگەرییە زۆربەی کات شێوازی هەڵبژاردن و نێوبژی لەخۆ دەگرێ. کردەوەی ڕاستەوخۆ و ئاشکرای هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی سیاسیدا زۆربەی کات لە بارودۆخێکی چاوەڕوان نەکراودا بواری سەرهەڵدانی بۆ دەرەخسێ وەک بارودۆخەکانی شۆرش. بێتوو هیزە کۆمەڵایەتییەکان ئەکتیڤ بن ئەرکی کۆمەڵناسی سیاسی زۆرتر دەبێتە خوێندنەوە و تاوتوێ کردنی

دینامیسم و ئاڵوگور هەڵگری دەوڵەت و سیاسەت. تاوتوێ کردنێکی ئەوها پێویستی بە جەخت کردنە لەسەر لایەنەکانی وەک بەرهەم هێنانەوەی پاڕادۆکسیکاڵ و پێکهێنانی ئاڵوگۆرە.

لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەڕێوەبردنی بە تەواوی ئەو مۆدێلە تیۆریکە چ لە سەردەمانی سەقامگیر بوون و چەسپاویدا و چ لە سەردەمانی دینامیسمی سیستمە سیاسییەکاندا، پێویستی بە هەڵبژاردنی سیستمێکی سیاسی لە بڕگەیەکی مێژوویی تایبەت دایە. لە ڕاڤەکردنی ڕۆڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی سیاسیدا لێرەدا ئێمە تەنیا دەتوانین سنوورە گشتییەکانی ئەو چوارچێوەیە لە بەرچاو بگرین.

١

## ڕۆڵی چینی کاپیتالیست لە دەسەڵاتی سیاسیدا

بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵناسی سیاسی لەپاش سەردەمانی مارکسەوە تەرخان کراوە بۆ تاوتوێ کردنی ڕۆڵی چینی کاپیتالیست لە دەوڵەت و دەسەڵاتی دەوڵەتدا. هەروەک بە دوور و درێژی ئاماژەمان پێدا بە پێی

مۆدێلی کۆمەڵناسی سیاسی مارکس، دەوڵەت لە کۆمەڵگای چینایەتیدا تایبەتمەندی چینایەتی هەیە و لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیشدا ئامرازی دابین کردنی بەرژەوەندی چینی باڵادەستی ئابوورییە و تەنیا ڕەنگە تا ڕادەیەک لە دەسەڵاتی ئەو چینە سەربەخۆبێ. هەروەک لە نووسراوەکانی مارکسیشدا دەردەکەوێ پەیوەندی چینی کاپیتالیست لەگەڵ دەوڵەتدا پەیوەندییەکی ئاڵۆزە، بەڵام بێگومان ناسینی سروشتی دەوڵەتی مۆدێرن پێویستی بە ناسینی ئەو پەیوەندییەوە هەیە. هەروەک ئاشکرایە لەناو کۆمەڵناسە مارکسیستەکاندا جیاوازی بیرورا سەبارەت بە جۆری ئەو پەیوەندییە لەئارا دایە. ئەو جیاوازییانە دەکرێ بەشێوەی خوارەوە کورت کەینەوە:

١. دەوڵەت و شاندی دەسەڵاتداری سیاسی لەناخی چینی باڵادەستی ئابوورییەوە سەرهەڵدەدەن و پێگەی کۆمەڵایەتییەکەشیان وەک یەک دەچێ. هەر بۆیە کۆمەڵناسی سیاسی دەبێ پێگەی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتداران تاوتوێ بکا.

٢. شاندی دەسەڵاتداری سیاسی پێویست ناکا هەڵقوڵاوی چینی سەڕوو بێ، بەڵکوو ڕەنگە خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی جیاواز بێ. لەگەڵ ئەوەشدا چینی باڵادەست خاوەنی گەلێ لۆسەی دەسەڵاتی بەرچاوە و کۆمەڵناسی سیاسی دەبێ ئامرازە جیاجیاکانی دەسەڵاتی چینی سەڕوو تاوتوێ بکا.

٣. دەسەڵاتی چینی سەڕوو نە لە ڕێگەی گرێدراوی چینایەتی شاندی دەسەڵاتدار و نە لە ڕێگەی لۆسەکانی زەختی ئەو چینەوە دەکار دێ،

بەڵکوو بەهۆی پێگەی ستراتێژیک و باڵادەستی لە داڕشتەی کۆمەڵگا دایە. پێکهاتە دەوڵەتییەکان دەکەونە ژێر ئەو گووشارانەی کە دەرئەنجامی پێداویستی بەردەوامی پرۆسەی کەڵەکە بوونی سامان لە کەرتی تایبەت دان و لەئاکامدا سنوورەکانی سەربەخۆییان بەرتەسکە. بەو پێیە ئەرکی کۆمەڵناسی سیاسی تاوتوێ کردنی کاریگەرییە قووڵە داڕشتەیی و ئایدۆلۆژیاکانی چینی دەسەڵاتدارە لەسەر سروشت و داڕشتە و سیاسەتەکانی دەوڵەتدا. فۆنکسیۆنی سەرەکی دەوڵەتی چینایەتی پاراستنی یەکریزی چینە باڵادەستەکان و لاوازکردنی ڕێکخراوەیی چینەکانی خوارووە.

4. دەوڵەت و شاندی دەسەڵاتداری سیاسی ( تەنانەت بۆ پاراستنی باڵادەستی چینی کاپیتالیست و بەردەوامی سیستمی کاپیتالیستی) تاڕادەیەکی بەر چاو خاوەنی سەربەخۆیی کردەوەیین. بەو پێیە کۆمەڵناسی سیاسی دەبێ پەیوەندی گرێدراوی و سەربەخۆیی لە هەر بۆارێکدا بە وردی ڕوون کاتەوە.

5. چینی کاپیتالیست بەهۆی ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا تووشی ئاڵوگۆڕ و جۆراوجۆریی ناوخۆیی دەبێ. بەو پێیە ناکرێ باس لە باڵادەستی چینی سەڕوو بەسەر دەوڵەتدا بکرێ بە بێ لەبەر چاو گرتنی ئەو جۆراوجۆرییانە و دیاری کردنی وردی جۆری باڵادەستی.

٦. بە لەبەر چاو گرتنی فۆنکسیۆنە سەرەکییەکانی تر بەتایبەت پێکهێنانی یەکێتی ئایدۆلۆژیک و باڵادەستی ئاوەزیی _ برۆکراتیک دەوڵەت

لە سیستمی کاپیتالیستیدا ناتوانێ بەتەواوی لەژێر دەستی فۆنکسیۆنی بەردەوامی کەڵەکە بوونی سامان دابێ. بەو پێیە دەوڵەت دەبێ پارسەنگی بپارێزێ و نێوبژیوانێکی بێ لایەن بێ. دەوڵەتی مۆدێڕن لە ژێر زەختی پێداویستی دابین کردنی پێویستییەکانی سامان و کار، دابین کردنی کەڵەکە بوونی سامان و دابین کردنی یەکێتی و ڕەوایی ئاوەزییدا گەلێ فۆنکسیۆنی ناکۆکی تێدا بەدی هاتووە.

7. ڕادەی دەسەڵاتی چینی کاپیتالیست لەسەر دەوڵەت گرێدراوی گەلێ هۆکارە، وەک پلەی یەکێتی و ڕێکخستنی ئەو چینە، پلەی دەسەڵات و ڕێکخستنی چینە کرێکارییەکان، ڕادەی دەسەڵاتی چینەکانی بەر لە کاپیتالیسم و هەڵوێستی ئایدۆلۆژیک و ڕادەی یەکریزی و تێکبەزیوی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی چینی کاپیتالیستدا و هەروەها ڕادەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا.

بەگشتی بیرۆکەکانی سەرەوو جارێک بە لای سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت و جارێکی تر بە لای ئینیسترۆمێنتالیزمدا دەشکێنەوە. لە ڕوانگەی پەیوەندی بیرۆکەکان لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکاندا دەبێ بڵێین ڕەنگە هەرکام لە دوو شێوە نواڕینە (واتا ئینیسترۆمێنتالی یان سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت) بارودۆخێکی مێژوویی تایبەت باشتر ڕوون کەنەوە. بەگشتی ئاڵۆزی داڕشتەی کۆمەڵگا و داڕشتەی دەوڵەتی مۆدێڕن ئاڵۆزی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و چینە کۆمەڵایەتییەکانی لێ دەکەوێتەوە. کۆمەڵناسی سیاسی گۆڕەپانی خستنە ڕووی حوکمە گشتییەکان نییە و

ناکەوێتە دەرەوێ کات و شوێن و هەر لەو ڕووەوە بە توندی گرێدراوی مێژووە. بەو پێیە دەبێ پەیوەندی دەوڵەت و چینە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر بوارێکی مێژوویی تایبەتدا بە وردی تاوتوێ بکەین.

## چەمک و ڕیشەی مێژوویی بوورژوازی

بوورژوازی یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی مێژووی کۆمەڵایەتی ئورووپا. ئەو چەمکە لە سەردەمی مارکس بە دواوە بە واتای «چینی دەسەڵاتداری کۆمەڵگای کاپیتالیستی» واتا چینە کاپیتالیستەکان و «خاوەن ئامرازەکانی بەرهەم هێنان» کەلکی لێ وەرگیراوە. کۆمەڵناسانی سیاسی تر تایبەتمەندی بوورژوازییان بۆ وێنا کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی _ سیاسی ئورووپا لە سەدەی نۆزدەدا دەکار دێنا. بە گشتی چەمکی بوورژوازی بە درێژایی مێژوو گەلێ ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. لە مێژووی کۆمەڵایەتی ئورووپادا چەمکی بوورژوازی بەتایبەت بەو چینە لە خەڵک گوتراوە کە خاوەنی تایبەتمەندی ئایدۆلۆژیایی و فکری بوون. ئەو چینە دژی ئەریستۆکراسی بوو. بەو پێیە بوورژوازی تەنیا وتەزایەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەبوو، بەڵکوو زۆربەی کات لە ڕێگەی تایبەتمەندییە فەرهەنگی، ئایدۆلۆژیک و سیاسییەکەیەوە دەناسرا. بەو پێیە بوورژوازی بە واتا مێژووییەکەی لەگەڵ «بوورژوازی» بە واتای چینی دەسەڵاتداری کۆمەڵگای کاپیتالیستی و هەروەهاش لەگەڵ «چینی مامناوەندی» بەو

واتایەی کە لە کۆمەڵناسی سیاسی وڵاتانی پەرەنەسەندوودا دەکار دەکرێ، جیاوازی بنەڕەتی هەیە.

ڕیشەی مێژوویی بوورژوازی دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی شارەکانی ڕۆژئاوا و ناوەندی ئوروپای سەدەکانی ناوەڕاست. لە ڕوانگەی مێژووییەوە، بوورژوازی لە ئوروپای سەدەی یازدەهەم لەئاکامی پێکدادانی نێوان بازرگان و ڕێکخستنی ناو سینفەکانی ئەو کرێکارانەی بە ئامراز کاریان دەکرد لەگەڵ زەویداراندا هاتە دیی. ئاکامی ئەو گرژی و پێکدادانە سەرهەڵدانی شارە خۆبەڕێوەبەرەکان (Burgh) و سینفەکانی سەربەخۆ لە چینی ئەریستۆکرات (Burgher) بوو. بە باوەڕی ماکس ڤێبێر ئەو شارە نوێیانە لەگەڵ شارە کۆنەکاندا جیاوازی بنەڕەتی هەبوو، چوونکە خاوەنی خۆبەڕێوەبەری و مافی حکوومەتی تایبەت بە خۆیان بوون. شاری ئەوتۆ لە ڕۆژهەڵاتدا نەهاتە دیی. شارە خۆبەڕێوەبەرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست خاوەنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی هەڵبژێراو و دەزگای دادی سەربەخۆ و ژیانێکی سینفی و تیجاری بەهێز بوون. بەر لەو سەردەمە لە شارە کۆنەکاندا زەویداران چینە سەرەکییەکانی هاووڵاتیانیان پێک دەهێنا. لە سەدەی یازدەهەمدا کۆکردنەوەی سامانی تیجاری باو بوو، بەڵام بازرگانانی ئەو شارە نۆگرییەکی ئەوتۆیان بە کۆکردنەوەی سامانی

تیجاری نەبوو. بێگومان شاری خۆبەڕێوەبەر جیاوازییەکی یەکجار زۆری لەگەڵ شارەکانی کۆمەڵگا سەرەڕۆکانی ڕۆژهەڵاتدا هەبوو.[١]

بەپێی ئەو بەڵگانەی بەردەست شارە نوێیەکانی ئورووپا بۆ یەکەم جار لە ناوچەی ڕاینی ڕۆژئاوای فەرانسە و لە ئیسپانیا و ڕەنگە لە ناوەندی ئورووپادا سەریان هەڵدابێ. شارە نوێیەکان بەدوور بوون لە دەستێوەردانی لۆردە فیۆدالەکان. چینە بازرگانەکان و ئەوانەی بە ئامراز کاریان دەکرد و هەروەهاش ئەریستۆکراتی دانیشتووی شارە نوێیەکان بە گشتی پێیان دەگوترا بوورژوا (bourgeois). لەو ناوچانەی وا شارە نوێیە خۆبەڕێوەبەرەکان نەهاتبوونە ئاراوە، شارەکان بە شێوەیەکی نەریتی هەروا بەستراوەی ناوچە وەرزێری و کشتوکاڵییەکانی دەوروبەری خۆیان بوون. بوورژوازی وەک نوێنگەی گەشەکردن و ئەقڵانییەت هاوکات لەگەڵ گەشەی بازرگانی و شارە بازرگانییەکان لە ئورووپادا دەرکەوت. لە سەدەکانی دوازدە و سێزدەدا سینفە بازرگانییەکان بە تەواوی سەقامگیر بوون. لە سەدەکانی چاردە و پازدەدا وردە وردە لە نێوان بوورژوازی و ئەریستۆکراسیدا کێشە و گرژی هاتە ئاراوە. بە گشتی لە ڕوانگەی

---

١. لەهەمبەر شاری نوێ(burgus) دا شاری کەونار(Civitas) هەبوو کە لەو شارە دا تەنیا زەویداران وەک شارۆمەند دەهاتنە ژمار، بازرگانی دەدەست کۆیلەکان دا بوو. جۆرێکی تری شاری ئورووپاییش، gorod بوو کە خاوەنی ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی شوورە بوو:

R. Bendix, *MaxWeber: An Intellectual Portrait.* (New York, 1962), pp.74-7

ئاڵوگۆڕی مێژووی ڕۆژئاواوە، ڕۆڵی بوورژوازی لە گەشەکردنی بازرگانی، پێکهێنانی شێوەی نوێی ئۆرگانە ئۆفیسی و سیاسیەکان، سەرهەڵدانی ناسیۆنالیسم و دەسەڵاتی نەتەوەیی و پێکدادانی نێوان کڵێسە و دەوڵەتدا گرینگییەکی تایبەتی هەبوو. هاوکات لەگەڵ گۆڕانی باجە شتومەکییەکانی فیۆدالی بۆ باجە دراوییەکان «یەکەم قەیرانی فیۆدالیزم» واتا قەیرانی کشتوکاڵی سەدەی چاردەهەم هاتە ئاراوە. لە شارەکاندا لەسەر دەسەڵاتی سیاسی لە نێوان مەزنە پیاوانی کۆن و بوورژوازیدا گرژی هاتە ئاراوە. بوورژوازی دەورێکی بەرچاوی لە کەڵەکە بوونی سەرەتای ساماندا هەبوو و بە سەرنجدان بە پەرەگرتنی پەیوەندی گۆڕینەوەیی و دراوی لە گوندەکاندا، ناڕاستەوخۆ وەرزێرانی دەچەوساندەوە. هاو هەنگاو لەگەڵ بزووتنەوەی چاکسازی ئایین (ڕیفۆڕماسیۆن)، ئایینی پرۆتستانت نواڕینی ئایینی پێویستی بۆ گەشەی بوورژوازی دەستەبەر کرد و لەلایەکی ترەوە بوورژوازیش یەکەم ئایدۆلۆژیای شیاوی بۆ گەشەکردنی کاپیتالیزمی بوورژوازی وەدەست هێنا. لە ڕوانگەی ئینگێلسەوە ڕیفۆڕماسیۆن وەک «شۆڕشی بوورژوایی پلەیەک» وەسف دەکرا.[17] هەڵبەت بە تەواوی ناکرێ بڵێین کە بوورژوازی لە سەردەمانی سەرهەڵدانی ڕیفۆڕماسیۆندا تەواو پەرە سەندوو بوو. هەرچی بێ ڕیفۆڕماسیۆن دابینکەری پێداویستییەکانی گەشەی بوورژوازی بوو.

---

1. F. Engels, *Peasant War in Germany*. (Moscow, 1956).p. 222.

بە سەرنجدان بەوە کە کۆمەڵگای سەدەکانی ناوەڕاست لە ستاتۆ کۆمەڵایەتییەکان پێک دەهات، لەڕاستیدا بوورژوازیش یەکێک بوو لەو ستاتۆیانە و وەک چینێکی نوێ نە دەهاتە ژمار. بەڵام بە باوەڕی کارڵ مارکس، تایبەتمەندی تایبەتی بوورژوازی ئەوە بوو کە چیتر ستاتۆیەکی کۆمەڵایەتی خاوەن پلە تایبەتەکان بە واتا کۆنەکەی نەدەهاتە ژمار بەڵکووو گرینگترین «چینی» کۆمەڵگای مەدەنی پێک دەهێنا.

لە چاخی دەوڵەتی سەرەڕۆدا واتا چاخی تێپەڕین لە فیۆدالیتەوە بۆ کاپیتالیزمی بازرگانی و یان چاخی «هاندانی پیشەسازی» لە نێوان دەوڵەتی نەتەوەیی سەرەڕۆ و بوورژوازی ڕووەو گەشەدا هاوپەیمانی هاتە ئاراوە. بە مەبەستی لاوازکردنی ئەریستۆکراتی فیۆدالی، دەوڵەتی سەرەڕۆ لە ڕێگەی سیاسەتی مێرکانتلیزم و دانی پوانی ماڵییەوە بوورژوازی هاندەدا و هاوپەیمانی لەگەڵ پێک دێنا و ڕێکی دەخست و زانیاری پێدەبەخشێ. بوورژوازی هەتا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم خۆی لەگەڵ ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی - سیاسی سەقامگیردا ڕێکخستبوو و هاریکاری دەوڵەتی سەرەڕۆی دەکرد بەو پێیە بە پێچەوانەی بیروڕای هەندێ لە مارکسییەکان بوورژوازی بەردەوام هێزێکی شۆڕشگێر نەبووە. هەر لە هەمان سەردەمدا بوورژوازی ڕۆڵێکی فەرهەنگی و فکری دیاریکەری وەدەست هێنابوو و وەک جارکێشی چاخی «ڕۆشنگەری» دەهاتە ژمار. لە لایەکی ترەوە دەوڵەتی سەرەڕۆش لە گشت جێدا ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو لە سەرهەڵدان و پەرەگرتنی بوورژوازیدا. لە پاش هەرەس هێنانی دەوڵەتە سەرەڕۆکان، ڕۆڵ و چالاکی سیاسی بوورژوازی بەرچاوتر و ڕاستەوخۆتر بوو و لە

هەندێ بواردا دەسەڵاتی سیاسی کەوتە دەستی ئەو چینە. شۆڕشی فەرانسە ڕۆڵێکی بەرچاوی گێرا لە بەشداری پێکردنی بوورژوازی لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

کارڵ مارکس سەرهەڵدانی بوورژوازی بە ئاکامی پرۆسەیەکی دوور و درێژ دەزانی. بە باوەڕی مارکس: «بوورژوازی و هەلومەرجی [سەرهەڵدانی] بەکاوەخۆ دێنە دیی. ئەو چینە بە پێی دابەش بوونی کاری کۆمەڵایەتی خۆشی دابەش دەبێتە سەر بەشە جیاجیاکان و دواجار گشت چینە خاوەندارەکان لەناوخۆیدا دەتوێنێتەوە هەتا سەرجەمی سامانی بەردەست دەبێتە سامانی پیشەسازی و بازرگانی.»[18] چینی بوورژوا چوونکە چیتر «ستاتۆ»یەکی کۆمەڵایەتی نییە ناچار دەبێ خۆی بە شێوەی نەتەوەیی ڕێکدەخا نەک بە شێوەیەکی خۆجێی. هەر چەندە بوورژوازی لە ناخی چینی «بۆرگێر»ەوە سەری هەڵداوە بەڵام هۆی بەربڵاوبوونەوەی زۆرتر پەرەسەندنی بازرگانی جیهانی، ئابووری گۆڕینەوەیی، چربوونەوەی خاوەنێتی و سەرهەڵدانی پیشەسازی گەورە بوو. بەو شێوەیە بوو کە »چینە میلیۆنێرە پیشەسازییەکان، سەرانی ئەرتەشە پیشەسازییەکان [واتا] بوورژوازی مۆدێرن دەرکەوتن».[19] بوورژوازی کەڵکی لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی پیشەسازی وەرگرت و بەستێنی سەرهەڵدانی بازاڕی جیهانی کاپیتالیزمی دەستەبەر کرد. لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا ڕەوتی

---

1. Marx & Engels. *The German Ideology*. (Moscow, 1964), p. 68.
2. Marx & Engels, *The Communist Manifesto*, p. 35.

سەرهەڵدان و پەرەگرتنی بوورژوازی لە وڵاتانی جۆراوجۆردا شێوازی جیاجیای لەخۆ گرت: «لە کاتێکدا بوورژوازی فەرانسە لە ڕێگەی گەورەترین شۆڕشی مێژوویی ئەوسا، خەریکی دەست بە سەر داگرتنی کیشوەری ئوروپا بوو، و لە کاتێکدا بوورژوازی بریتانیا کە پێشتر ئازادی سیاسی وەدەست هێنابوو، شۆڕشێکی پیشەسازی پێک هێنا و هیندی هێنایە ژێر دەسەڵاتی سیاسی خۆی و شوێنەکانی‌تری جیهانیشی هێنایە ژێر رکێفی دەسەڵاتی بازرگانی خۆی، لە هەمان کاتدا «بۆرگێر»ە لاوازەکانی ئەڵمان لە ئاستی «نییەتی باش» سەرووتر نەچوو بوون. »[20] فریدریش ئینگێلس باسی لە ڕوودانی سێ گرژی بەرچاو لە نێوان بوورژوازی و *فیۆدالیزمدا* دەکرد: یەکەم ڕیفۆرماسیۆن لە ئەڵماندا کە بەهۆی سوور نەبوونی بوورژوازی هەرەسی هێنا؛ دووهەم شەری ناوخۆی بریتانیا؛ سێیەم، شۆڕشی فەرانسە. بەڵام بوورژوازی لە هەر شوێنیکدا سەرکەوتوویی وەدەست هێنا، سەرەڕای ناکۆکییە ناوخۆییەکانی بە تایبەت لە ناو بەشە بازرگانی و پیشەسازییەکاندا، دەسەڵاتی خۆی لە دژی سەرجەمی چینەکانی‌تر دەکارهێنا.[21]

---

3. *German Ideology*. p. 207. 4. Engels, op. cit.

بە باوەڕی مارکس و ئینگێلس بوورژوازی شۆڕشگێر و پێشڕۆ دواجار دەبێتە هێزێکی کۆنسێرڤات و دواکەوتوو. بەتایبەت لە بارودۆخی قەیراناوی دا بوورژوازی ئامادەیە ئایدۆلۆژیا سەرەتایی خۆی واتا لیبڕاڵیزم و پارڵمانتاریزم وەلانێ و بۆ پاراستنی تەکووزی سیاسی پاڵپشتی دەکا لە سەقامگیر بوونی ڕژێمی دیکتاتۆڕی. ڕژێمێکی ئەوتۆ «بەرژەوەندییە ماددییە بەرچاوەکانی بوورژوازی تەنانەت لە دژی ئیرادەی بوورژوازیش‌دا دەپارێزێ».[22] لێنینیش بە پەیڕەوی لە مارکس جیاوازی دادەنا لە نێوان قۆناغە پێشکەوتوو و دواکەوتووەکانی باڵادەستی بوورژوازی. بە باوەڕی لێنین لە سەردەمانی سەرهەڵدان و باڵادەستی تەواوی بوورژوازی لە ساڵی ١٧٨٩وە تا ١٨٧٠ پێکهاتە ڕزیوەکانی چاخی فیۆدالیتە و چاخی دەوڵەتی سەرەڕۆی ئورووپایی تێک شکان. خولی دووهەم لە ساڵی ١٨٧٠وە تا ١٩٠٧ بوو واتا سەردەمانی باڵادەستی تەواوی بوورژوازی و داشکانەوەی بەرەو لای «سامانی ماڵی دواکەوتوو یان زۆر دواکەوتوو». لە درێژەی سەدەی بیستەمدا بوورژوازی دەکەوێتە هەل-ومەرجێکی وەک هەلومەرجی ئەریستۆکراسی لە قۆناغی یەکەمی گەشەی بوورژوازییەوە، واتا «بوورژوازی کە چینێکی ڕووەو گەشە و پێشکەوتوو بوو بوو بە چینێکی رزیو، داوەشاو و دواکەوتوو».[23] ستالین، فاشیزمی پێ »نەخۆشی لاوازی بوورژوازی» بوو، بەو واتایە کە بوورژوازی لە بارودۆخی قەیراناوی‌دا ئیتر ناتوانێ بەهۆی ئامرازە

---

1. Marx and Engels, *Selected Correspondance. p. 214.*
2. Lenin, *Collected Works*.vol, 21, p. 146.

پارلمانتاریستییەکانەوە حکوومەت بکا و ناچار دەبێ دەست بداتە شێوە تێرۆریستییەکان.[24] (رۆڵی چینی بوورژوازی یان کاپیتالیستەکان لە فاشیزمدا دواتر تاوتوێ دەکەین).

هەروەک ئاماژەی پێکرا، رۆڵی مێژوویی بوورژوازی لە وڵاتە جیاجیاکاندا جۆراوجۆر بووە. لە فەرانسەدا ململانێی نێوان بوورژوازی و ئەریستۆکراسی فیۆدال و دەوڵەتی سەرەرۆ دەرئەنجامەکەی رووداني شۆرشی بوورژوایی و سەرهەڵدانی «نەتەوەی بوورژوایی» بوو. لە ئینگلیسدا هێلی نێوان ئەریستۆکراسی و بوورژوازی بە تەواوی روون نەبوو و لە ئاکامدا ململانێیەکی ئاشکرا نەهاتە دیی. یەکەم گرووپە بوورژواییەکان لەو وڵاتەدا لەناو ئەریستۆکراسی پلە دوودا (Gentry) سەریان هەڵدا. لەگەڵ ئەوەشدا لەو وڵاتەدا تەنیا منداڵانی گەورە هەڵگری ناسناوی ئەریستۆکراسی باوک بوون و منداڵانیتر هەڵگری ئەو ناسناوە نین. لەئاکامدا زۆربەی ئەریستۆکراتەکان دەستیان دایە بازرگانی. لە لایەکیترەوە بوورژوازی لە گوندەکاندا خاوەنی زەوی و زار بوو. بوورژوازی ئینگلیس لە درێژەی سەدەی نۆزدەهەمدا باڵادەستی تەواوی سیاسی وەدەست هێنا. لە ئەڵماندا تا ساڵی ١٩١٨ دەسەڵاتی سیاسی هەروا لە دەست چینی ئەریستۆکراتدا مابۆوە. هەر دووکی بوورژوازی و ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی لە بە دەسەڵات گەیشتنی بزووتنەوەی فاشیستی ناسیۆناڵ سوسیالیزم بە رێبەرایەتی ئادۆلف هیتلێر کاریگەر بوون.

---

3. Stalin, *Problems of Leninism.* (Moscow, 1947), p. 461.

## دەسەڵاتی سیاسی چینی کاپیتالیست

یەکێک لە شرۆڤەکەران سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاسی چینە کاپیتالیستەکان گوتویەتی کە دەبێ بزانین «داخوا دزەی بوورژوازی لە سیاسەتدا هەروەک بوونی بەبرێکی ئازاد لە بێشەڵان دایە و یان ئەو ڕاپۆرتانەی لەوێوە دەگەن شتێک نین جگە لە وەهمی خەڵکانێکی خەیاڵاوی».[25] هەروەک پێشتریش باسکرا کێش و گرینگایەتی سیاسی چینی کاپیتالیست (و هەر چنێکی باڵادەستی کۆمەڵایەتی) لە وڵاتێکدا گرێدراوی کاریگەری هۆکارە جۆراوجۆرەکانی وەک ڕادەی کێش و گرینگایەتی سیاسی چینە کۆمەڵایەتییەکانیتر، سروشتی مێژوویی ڕژێمە سیاسییەکان و لەو جۆرە بابەتانەیە و ئەرکی کۆمەڵناسی سیاسی تاوتوێکردنی کاریگەری ئەو هۆکارانەیە لەسەر پەیوەندی دەوڵەت و چینی باڵادەست لە هەر بڕگەیەکی مێژوویی‌دا. بێگومان ڕۆڵی چینە کاپیتالیستەکان لە سیاسەتدا سەرەتا لە پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمە سیاسییەکانی چاخی لیبراڵیزمی ڕۆژئاوادا خرایە ڕوو. هەروەک دیوومانە باڵادەستی چینی کاپیتالیست لە دەوڵەتی کاپیتالیستیدا هەم لە ڕوانگەی ماکرۆ کۆمەڵناسی سیاسییەوە واتا باڵادەستی داڕشتەیی و ئایدۆلۆژیک و ڕۆڵی دیاریکەرییەکەی لە سروشتی حکوومەت و سیاسەتەکانیدا تاوتوێکراوە و هەم لە ڕوانگەی میکرۆ

---

1. Wotton, op. cit. p. 91.

کۆمەڵناسی سیاسییەوە واتا ڕۆڵ و دزەی ڕێکخراو و ڕێکخستنە جیاجیاکانی چینی کاپیتالیست لە پێکهاتە جیاجیاکانی حکوومەتدا. سەبارەت بە ڕۆڵی بەکردەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی سیاسیدا، دەکرێ بڵێین چالاکی ڕێکخراوەکانی چینی کاپیتالیست لە ئاستێکی ورد و هەروەها ڕادەی دزە و زەخت خستنە سەر دەزگای حکوومەتیان کورتەیەکی باڵادەستی ئەو چینە دەگێڕنەوە. لێرەدا بە مەبەستی پێشاندانی ئەو ڕۆڵە دەپرژێنە سەر تاوتوێکردنی چەند وێنەیەکی مێژوویی.

**ئینگلستان.** لە ئینگلستاندا وەک یەکەم وڵاتی پیشەسازی جیهان، سەرەتا گرووپە ئابووری و تیجارییە خاوەن دزەکان وەک گرووپی نەخۆازڕاو بشێوەی ژیانی سیاسی چاویان لێدەکرا. بۆ وێنە ویلیام پیت سەرۆک وەزیرانی ئینگلیس سەبارەت بە کۆمەڵەی گشتی کرێکارانی پیشەسازی ئینگلیس گوتبووی کە ئەوانە «هەندێ کرێکاری پیشەسازین، لەبری ئەوە دابنیشنە سەرکوورسییەکانی خۆیان کەچی دەبینی بەبێ هیچ ئامانجێک لەهۆڵەکانی پاڕلماندا دەخوولێنەوە.»[26] دواتر چینی کاپیتالیست بوو بە چینی باڵادەستی ئەو وڵاتە.

بەپێی ئامارەکانی دەیەی ١٩٦٠ ئەو وڵاتە خاوەنی١٢٠٠ یەکێتی یان ئەنجوومەنی کرێکارانی پیشەسازی بوو.[٢] ژمارەی سەرجەم ئەنجوومەنە

---

1. Ibid., p. 87.

٢. زانیارییە سەرەکییەکان سەبارەت بەڕێکخراوە خاوەنکارییەکانی ئینگلیستان لەوسەرچاوەی خوارەوە وەرگیراون:

تیجارییەکان بە وردەفرۆش و جووملەفرۆشەوە دەگەیشتە ٢٥٠٠. لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی ٢٧٠ یەکێتی خاوەنکاریش بۆ دانوستان لەسەر حەقدەستەکان هەبوون کە ئەویش خۆی خاوەنی١٦٠٠ لقی خۆجێی بوو. ژمارەی ئەندامانی فیدراسیۆنی پیشەسازییەکانی ئینگلیس (F.B.I) بە هەندێ کۆمپانیا و نزیکەی ٥٠ یەکێتی لەساڵی ١٩١٦ دامەزرا و لە ساڵی ١٩٥٦دا بوو بە ٧٥٣٣ کۆمپانی و ٢٨٣ یەکێتی. ژمارەی یەکێتییە پیشەسازییەکان لە ٥٠٠ یەکێتی لە ساڵی ١٩١٩دا بوو بە ١٢٠٠ یەکێتی لە ساڵی ١٩٥٦دا. کۆنفیدڕاسیۆنی خاوەنکارانی ئینگلیس (B.E.C) سەرجەمی ئەو ٢٧٠ یەکێتییە خاوەنکارییانە بواری دیاریکردنی حەقدەستەکانی لەخۆ گرتووە. ئەرکەکانی کۆنفیدڕاسیۆن بریتی بوون لە دابینکردنی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری بۆ ئەندامان و هەروەها دابینکردنی زانیاری و دانوستان لەگەڵ یەکێتییە کرێکارییەکاندا. ئەندامانی فیدڕاسیۆنی پیشەسازییەکانی ئینگلیس بریتی بوون لە کۆمپانیا جیاجیاکان و یەکێتییە تیجارییەکان. زۆربەی پیشەسازییە گەورەکان لەو فیدڕاسیۆنەدا یەکیان دەگرتەوە. لەهەمبەردا کۆمپانیا بچووک و مامناوەندییەکان لە یەکێتی نەتەوەیی خاوەن پیشەسازیەکان (N.U.M)دا یەکیان دەگرتەوە.

---

S.E. Finer, “Interest Groups and the Political Process in Great Britain” in Ehrmann, op. cit. pp. 117-144.

ژمارەی ئەندامانی یەکێتی نەتەوەیی خاوەن پیشەسازییەکان لە ساڵی ١٩٥٦دا ٥٥٠٠ کۆمپانیا و ٧١ یەکێتی تیجاری بوو. لەهەمبەردا فێدراسیۆنی پیشەسازییەکان لەگەڵ کۆی ئەندامانی سەرەکی و گرێدراوی نزیکەی ٥٠٠٠٠ کۆمپانیای لەخۆ دەگرت. زۆربەی کۆمپانیاکان ئەندامی هەر دوو ڕێکخراو بوون. لەهەمان کاتدا کۆمپانیا پیشەسازی و تیجارییەکان لەگەڵ کۆمپانیاکانی بیمە، بانک و هتد ئەندامی هۆڵی بازرگانی هەر ناوچەیەکن. لە ساڵی ١٩٥٦دا نزیکەی ١٠٠ هۆڵی بازرگانی تەواو خۆبەڕێوەبەر لەئارادابوون کە سەرجەمیان بەشێوەی کۆنفیدراسیۆن لە ئەنجوومەنی هۆڵە بازرگانییەکانی ئینگلیس (A.B.C.C)دا لێک کۆببوونەوە. لەو ئەنجوومەنەدا ٦٠٠٠٠ کۆمپانیا (٣٠٠٠٠کۆمپانیا پیشەسازی) ئەندام بوون.

هەروەها فێدراسیۆنە پیشەسازییەکان، یەکێتی نەتەوەیی خاوەن پیشەسازییەکان و ئەنجوومەنی هۆڵە بازرگانییەکان لە کێشە هاوبەشەکان-دا هاریکاری یەکتریان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا سەدان «ژووری تیجاری» وردەفرۆشیش لەئارادابووە کە ئەندامی ئەنجوومەنی ژوورە بازرگانییەکانی (جوملە فرۆش) نەبوونە. کۆی ئەو جۆرە «ژوورە تیجارییانە« لە «ژووری تیجارەتی نەتەوەیی»دا یەکیان گرتۆتەوە. لە نێوان کۆنفیدراسیۆنی پیشەسازییەکان و یەکێتی نەتەوەیی خاوەن پیشەسازییەکاندا ڕکەبەرایەتییەکی بەرچاو لەئارادابووە.

بەگشتی ڕێکخراو و گرووپە پیشەسازی – تیجارییەکانی ئینگلیس خاوەن تۆڕێکی ئاڵۆزی پەیوەندییە دوو لایەنەکان بوون. بۆ وێنە

ئەنجوومەنی خاوەن پیشەسازی و بازرگانانی ئۆتۆمبێل (S.M.M.T) هەم ئەندامی فێدراسیۆنی پیشەسازی، هەم ئەندامی ئەنجوومەنی ژوورە بازرگانی و هەمیش ئەندامی فێدراسیۆنی پیشەسازی ڕێگەوبانی ئینگلیس(B.R.F)ن.

فێدراسیۆنی پیشەسازی ڕێگەوبان سەرجەمی ئەو بەرژەوەندییە تیجاری و پیشەسازییانەی لەخۆییدا کۆکردۆتەوە کە بە تەمای لێدانی ڕێگەوبان یان کەڵک وەرگرتن لە ڕێگەوبانن و دزەشی کردۆتە ناو قانوونەکانی ڕێگە لێدانەوە. هەروەها ئەنجوومەنی خاوەن پیشەسازییەکان و بازرگانانی ئۆتۆمۆبیل ئەندامی کۆمیتەی هاوئاهەنگ کەری هاتوچۆن کە ڕێکخراوێکی هاوئاهەنگی نێوان بازرگانان و خاوەن ئامرازەکانی هاتوچۆ، بووە.

ئەندامەتی لەو ڕێکخراوانەدا زۆربەی کات دڵخواز بووە و هەر لەو ڕووەوە جاروبار هەندێ کۆمپانی ڕاستەوخۆ بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا چوون. بۆ وێنە کاتێ پاش شەری دووهەم دەوڵەت کەوتە بیری بەنەتەوەیی کردنی ئامرازەکانی هاتوچۆ، یەکێتی هاتوچۆی گشتی (P.T.A) کە یەکێتییەکی سەرەکی بوو، تا بەر لە ئاشکرابوونی هەڵوێستەکانی دەوڵەت بێدەنگی لێرا کرد، بەڵام هەندێ لە کۆمپانیا ئەندامەکان لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەتی بەخۆیان (کۆمیتەی پەیوەندییە گشتییەکانی کۆمپانیای پاسی ئینگلیس) دەستیان دایە پڕۆپاگەندەیەکی توند لەدژی بەنەتەوەیی کردن.

هەروەها سەبارت بەکێشە تایبەتەکان لەنێوان ڕێکخراوە بەرچاوەکاندا واتا فێدراسیۆنی پیشەسازی، یەکێتی نەتەوەیی خاوەن پیشەسازی، ئەنجوومەنی ژووری بازرگانی وکۆنفێدراسیۆنی خاوەنکارانی ئینگلیس(B.E.C) هاریکاری لەئاردابووە.

لە ئینگلیسدا گرووپە تیجاری و پیشەسازییەکان زۆرتر لەگەڵ هێزی بەرێوەبەردا پەیوەندیان هەیە. «بەشی سەرەکی کاری حکوومەت، بەرێوەبردنە نە سیاسەتدانان و بەشی سەرەکی چالاکی فێدراسیۆنی پیشەسازییەکانی ئینگلیسیش دەکەوێتە بواری ئۆفیسییەوە».[27] دەزگای بەرێوەبەر و گرووپەکانی بەرباس لەباری مالی، زانیاری و ئۆفیسییەوە پێویستیان پێکتر هەیە. لە هەندێ بواردا بەرێوەبردنی سیاسەتەکانی حکوومەت پێویستی بە هاریکاری ڕێکخراوە تیجاری و پیشەسازیی‌ەکانەوە هەیە. بەپێی ڕاپۆرتێک: «لەنێوان ئەو [گرووپانە] و ئەو بەرێوەبەرایەتییانەی لەگەڵیان لە پەیوەندیدان پەیوەندیەکی نزیک و دۆستانە و تاکەکەسی لەسەرجەم ئاستەکاندا لەئارادایە. ئەندامان و کاربەرێوەبەرانی ئەو گرووپ و ڕێکخراوانە، تەتەرەکانی بەرێوەبەرایەتییەکانیان دەناسی و دەستیان وێیان ڕادەگەیشت».[28]

---

1. Sir Norman Kipping, Director General of F. B.I. quoted by Finer, op. cit. p. 130.
2. *Report on the Committee of Intermediaries,* London, 1950, quoted by finer, p. 131.

پەیوەندییە ڕەسمییەکانی نێوان گرووپەکانی دەسەڵات ودەزگای بەڕێوەبەری دەوڵەت بەسێ شێوە دەدەکەون:

١) ئامادە بوونی ڕاستەوخۆی نوێنەرانی گرووپ لە کۆمیتەکانی حکوومەتدا. بۆ وێنە فێدراسیۆنی پیشەسازییەکانی ئینگلیس لانیکەم لە ٢٠کۆمیتەی حکوومەتدا بەڕەسمی ئامادە بوو.

٢) بانگهێشتی نوێنەرانی گرووپ بۆ دەربرینی بیروڕا لە کۆمیسیۆنەکانی تاوتوێکردنی پرسە تایبەتەکان یان کۆمیسیۆنە سەڵتەنەتییەکان (وەک کۆمیتەی پەیوەندیدار بە قانوونی تۆمارکردنی هێما تیجارییەکان، کۆمیتەی پشت نووسینی چەک وهتد).

٣) ڕاکێشانی ڕای ڕاوێژکاری گرووپەکان سەبارەت بە بڕیار و دانراوە ئۆفیسییەکان لەلایەن وەزارەتخانەکانەوە، ئاساییترین پەیوەندی نێوان ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان و گرووپە تیجاری و پیشەسازییەکانی ئینگلیس لەو جۆرەیە و زۆر دەگمەنە ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان سەبارەت بە دانراوە ئۆفیسییەکان لەگەڵ گرووپە پەیوەندیدارەکانی وەک فێدراسیۆنی پیشەسازی ئینگلیسدا بیروڕا نەگۆڕنەوە.

«ڕێکخراوە گەورەکانی پیشەسازی، تیجارەت و کشتوکاڵی خاوەنکاران دەبێ بە هاوپەیمانی حیزبی کۆنسێرڤات بزانین».[29] ئەو

3. Ibid, pp. 133-4.

هاوپەیمانییە بە سێ شێوە دەردەکەوێ: ١) دەنگ: یەک لەسەر سێی ئەو یەک ملیۆن کەسەی «بەشی خاوەنکاریان» پێک دێنا لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٥١دا دەنگیان بە حیزبی کۆنسێرڤات دا.

٢) بەشداری بەرچاوی ئەو بەشە لەناو نوێنەرانی حیزبی کۆنسێرڤات لە پارڵماندا. لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٥١ و ١٩٥٥، ڕێژەی خاوەنکاران و بەرپرسان لەناو نوێنەرانی حیزبی کۆنسێرڤات لە پارڵماندا ٣٣٪ بوو. (ڕێژەی حیزبی کرێکار ٩٪ بوو).

یارمەتییەماڵییەکانی گرووپە خاوەن دزە تیجاری و پیشەسازییەکان بە حیزبی کۆنسێرڤات. بەتایبەت فێدراسیۆنی پیشەسازییەکانی ئینگلیس و یەکێتی نەتەوەیی خاوەن پیشەسازییەکان، حیزبی کۆنسێرڤاتیان بە «حیزبی خۆیان» دەزانی. کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆنسێرڤات لە کاتی هەڵوێست گرتن لەگەڵ گرووپەکانی «هاوپەیماندا» ڕاوێژ دەکا و هەندێ لە ویستەکانیان لە پرۆگرامی خۆیدا دەگونجێنێ. «هەڵسوکەوتی حیزب زۆربەی کات لەسەر ناوی گرووپی خاوەن دزەی خۆیەتی. دەنگ، دەنگی یاقووبە بەڵام دەست دەستی عیسایە».[30]

گرووپەکانی دەسەڵات لە ئینگلیسدا لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە دزەدە کەن. بۆ وێنە: ١) وەدەست هێنانی زانیاری لە ڕێگەی خزمەتگوزاری نووسینگەی پەیوەندییە گشتییەکان و یان کۆمپانیا حقووقییەکانی خۆیان سەبارەت بە

1. Ibid, p. 135.

بڕیارەکانی پاڕڵمان بەر لەوەی لە پاڕڵماندا بخرێنە بەرباس. ٢) پەیوەندی لەگەڵ نوێنەرانی کۆمیتە جۆراوجۆرەکانی پاڕڵمان، وەک سازدانی کانـاڵی پەیوەندی بەردەوام لەلایەن کۆنفێدراسیۆنی پیشەسازییەوە لەگەڵ کۆمیتەی پیشەسـازی پاڕڵمـان و ئامـادە بـوونی نوێنــەرانی کۆنفێدراسـیۆن لــەو کۆمیتانــەدا. ئۆرگانــە گــەورەکان زۆربــەی کــات بــە بێــدەنگی دزە دەکــەن (لەهەمبەردا گرووپە بێدەسەڵاتەکان زۆربەی کات دەکەونـە هـات و هـاوار و بــە ئاشـکرا هــەنگاو دەنــێن). ٣) ئامــادە بــوونی نوێنــەرانی ناڕەســمی گرووپــەکانی دزە لــە دەرەوەی ژووری کۆمیتەکانــدا بەمەبەسـتی«ڕێنـوێنی کردنی» نوێنەرانی پاڕڵمان.[31]

گرووپ و ڕێکخراوە خاوەن دزەکانی تیجارەت و پیشەسازی ئینگلیس بە مەبەستی زۆرکردنی گووشـاری خۆیـان لەسـەر کاربەدەسـتانی بڕیـاردەر بەتایبەت لە پاڕڵماندا کەڵک لە شێوازی جۆراوجۆر وەردەگرن بۆ مۆبیلیزە کردنی پاڵپشتی گشتی. لە هەندێ بواردا گرووپەکانی ناوبراو بە مەبەستی پڕۆپاگەندە بۆ هەڵوێستەکانی خۆیان کـەڵکیان لـە ڕێکخـراوە تایبەتـەکان وەرگرتووە. بۆ وێنە دوو ڕێکخراوی *ئامانجـە پیشەسازییەکان*، و یـەکێتی *ئابووری* پاش شەری دووهەمی جیهانی بە مەبەستی پاڵپشتی کردنـی ئـەو گرووپانە گەلێ چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجام دەدا. هەروەها پاش شـەر لـە سەردەمی حکوومەتی کرێکاریدا یەکێتی ڕاگواستنی زەوی و یـەکێتی خـاوەن پیشــەکانی هێڵــی شــەمەندەفەر لــە دژی گەلاڵــەی بــە نەتــەوەیی کردنــی

2. Ibid, pp. 135-6.

ڕاگواستنی ڕێگەی دوور دەستیان دایە گەلێ چالاکی بەربڵاوی وەک وەشانی بڵاوکراوەکان، پێکهێنانی کۆروکۆبوونەوەی پڕۆپاگەندەیی، هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا و هتد، بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر پاڕلمان دانەنا.[32] لە زۆربەی بواردا ئامانجی پڕۆپاگەندە کۆمەڵانی خەڵک نییە بەڵکوو تاقمێکی کەمی کەسایەتییە گرینگ و بڕیاردەرەکانە.

ئەڵمانی (ڕۆژئاوا)[٢]. گەورەترین ئۆرگانی خاوەنکاری ئەڵمان کۆنفیدراسیۆنی یەکێتییە خاوەنکارییەکانە (BDA) کە خۆی پێکهاتووە لە فیدراسیۆنی یەکێتییە خاوەنکارییەکانی سەرجەم لقە ئابورییەکانی وەک پیشەسازی، کانگاکان، تیجارەت، بانکداری، بیمە و هتد. ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو ئۆرگانە بریتین لە: ڕێکخستنی سیاسەتی حەقدەستەکان، بەدواداچوونی سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانی تەبا لەگەڵ سەرجەمی فیدراسیۆنەکانی ئەندام، پتەوکردنی یەکریزی خاوەنکارەکان لە سەرجەم بوارە ئابوورییەکاندا بە مەبەستی مسۆگەر کردنی خاوەنێتی تایبەت و ڕێگەنەدان بە دەوڵەت لە دەستێوەردانی بڕیارەکانی کەرتی تایبەتدا. لە ناخی ئەو ڕێکخراوەدا سامانی گەورە باڵادەستە و لەگەڵ

---

1. Ibid, p. 138.

٢. زانیارییە بنەرەتییەکان سەبارەت بە ئەڵمانی(ڕۆژئاوا) لەو سەرچاوەییەی خوارەوە وەرگیراوە:

W. Hirsch-Weber, “Some Remarks on Interest Groups in the German Federal Republic” in Ehrmann, pp. 96-116.

بوونی بەستێنەکانی ناکۆکی شاراوەدا لە ناویدا، دیسانیش نوێنەری بەرژەوەندی گشتی وهاوبەشی ئەندامانی بووە.[33]

لەپانتای پیشەسازیدا، بەهێزترین ڕێکخراوی کۆنفیدراسیۆنی پیشەسازییەکانی ئەڵمان (BDI) پێکهاتووە لە فیدراسیۆنی پیشەسازییەکان. ئەو ڕێکخراوە تەنیا ئەو خاوەن پیشەسازییانە وەک ئەندام وەردەگرێ کە وەک خاوەنکار ئەندامی کۆنفیدراسیۆنی یەکێتییە خاوەنکارییەکانیش (BDA) بووبن. کۆنفیدراسیۆنی پیشەسازییەکان نوێنەری ڕەسمی بەرژەوەندییە گشتییەکانی خاوەن پیشەسازییەکان بووە لە پەیوەندی لەگەڵ دەزگای قانووندانەر و بەڕێوەبەرایەتی وڵاتدا. ئەو کۆنفیدراسیۆنە لە ساڵی ١٩٥٨دا لە ٧٠٠ یەکێتی پێکهاتبوو و هەروەها بڕۆکڕاسییەکی تایبەتی گەورەشی لەبەردەستدا بوو. ئەندامانی لێژنە بڕیاردەرەکانی ناو کۆنفیدراسیۆن هەر هەمان خاوەن پیشەسازی و بەرپرسانی کۆمپانیا گەورەکان بوون. «یەکریزی ناوخۆیی BDI کە بەهۆی بەرژەوەندی و ئایدۆلۆژیا هاوبەشەکانەوە دابین دەکرێ، لەئاکامدا وەفاداری ئەندامانی بە حیزبە سیاسییە جیاجیاکان لەناو ناچێ»؛ و «حیزبە بوورژواییەکان

1. Ibid, pp. 99-100.

بەهۆی ئەو سەرچاوە ماڵییە زۆرەی وەدەستی دێنن ناتوانن تێبینییەکانی BDI لەبەرچاو نەگرن»[34].

ڕێکخراوی BDA لەگەڵ BDI و ڕێکخراوەکانی بانکداری، بیمە، پاپۆڕوانی و یەکێتی هۆڵەبازرگانییەکان لەسەریەک GDGW پێکدێنن کە هاوپەیمانەتییەکە لە هەموو کۆنفێدراسیۆنەکان (پێکهاتوو لە فێدراسیۆنەکان).

خەڵک چالاکی فێدراسیۆنی خاوەنکاران و فێدراسیۆنی خاوەن پیشەسازییەکان لە بەراورد لەگەڵ یەکێتییە کرێکارییەکاندا هەست پێناکەن و بە باشی نایناسن. سەرەڕای ئەوەش «ئەو بایەخانەی لایان پەسەندە هەرهەمان ئەو بایەخانەن کە لەلای زۆرینەی خەڵکەوە پەسەند کراون»[35].

پەیوەندی ڕێکخراوە خاوەنکارییەکان لەگەڵ بڵاوکراوەکاندا بەتایبەت زۆر بەهێزە. پەیوەندی ڕێکخراوە بوورژواییەکان لەگەڵ حیزبی یەکێتی دێموکرات مەسیحی هەمیشە پەیوەندییەکی بەرچاو بووە. هەڵبەت ئەو ڕێکخراوە خاوەن داڕشتەیەکی ناوخۆیی زۆر ئاڵۆزە و هەوڵی دروستکردنی یەکێتی نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانتەکانی داوە و باڵێکی کرێکاری زۆر بەهێزی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ ڕێکخراوە بازرگانی و پیشەسازییە بوورژوازییەکاندا هەبووە. کۆمیتەی ئابووری

---

2. Ibid, p. 101.
3. Ibid, p. 166.

حیـزب هەمیشـە پێکهـاتووە لـەخاوەن پیشـەسـازییەکان، بانکـدارەکان و بازرگانــە گــەورەکان. گــەرچی حیزبــی دێمــوکرات مەسـیحی لــە هــەوڵی تێکەڵاوکردنی ئۆگرییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە جیاجیاکانـدا بـووە، بـەڵام شک لەوەدا نییە کە ڕێکخراوە خاوەن پیشەسازییەکان و بازرگانەکان ڕۆڵ و دزەیەکی زۆریان لەو حیزبەدا بووە. بەتایبەت لـە ڕووی ماڵییـەوە، حیـزب زۆر بەسـتراوەی ڕێکخراوگـەلێکی ئەوتۆیـە. هـەر لـەو پەیوەندییـەدا واتـا یارمەتییـە ماڵییـەکان، حیزبـی دێمـوکرات مەسـیحی تـوانی بـەدزەکردن لـە پاڕلماندا قانوونییـەک بچەسپێنێ کـە بـە پێـی ئـەو قانوونییـە یارمەتییـە ماڵییـەکانی حیزبـە سیاسـییەکان باجیــان لــێ نەدەسـتێنرا. فێدراسـیۆنە بازرگـانی و پیشـەسـازییەکان بـە مەبەسـتی بەخشـینی یارمـەتی مـاڵی بـە حیـزب، «ڕێکخـراوی سەرپەرسـتی» تایبــەتیان پێـک هێنـا. هــەر ئــەو ڕێکخراوانــە لــەکاتی هــەڵبژاردن لــە ڕۆژنامەکانـدا پڕۆپاگەنـدە بـۆ حیـزب دەکـەن. کڵێسـەی کـاتۆلیکیش لایـەنگرانی خـۆی هانـدەدا دەنـگ بـۆ حیزبـی «مەسـیحی» بـدەن. لــە نێـو خــاوەن پیشەسـازییەکان، بازرگانــەکان و بانکدارەکانی ئەندامی گرووپی پاڕلمانی دێموکرات مەسیحیدا، ژمارەیـەکیان هەمیشە جێگەیەکی بەرچاویان هەیە لە ڕێکخراوە خاوەنکارییەکاندا. لەگەڵ ئەوەشـدا سـەرانی فێدراسـیۆنە خاوەنکارییـەکان بـە دەگمـەن لـە پاڕلمانـدا دەدیترێن. نوێنەرانی ئـەو فێدراسیۆنانە بەشـێوەیەکی بـەرچاو لـە کۆمیتـە پاڕلمانییەکاندا ئامادەن و یان لانی کەم بۆ کارتێکەری لەسـەر چەسـپاندنی ئەو لایەحانەی ئۆگرییان پێیانەوە هەیـە لەگـەڵ کۆمیتـە پەیوەندیدارەکانـدا پەیوەندی دەگرن و بەپێی بابەت دزە دەکەنە نوێنـەری پاڕلمـان یـان حیـزب

لە پارڵماندا. زۆربەی کات بەرگری کردن لەوەها دزە کردنێک بە سەرنجدان بە یارمەتییەماڵییەکان کارێکی دژوارە.

ڕاپۆرتی ساڵانەی BDI پێشاندەری ئاستی پەیوەندی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ کابینە دایە. بەگشتی ئاستی نفوزی ئەو ڕێکخراوانە لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتیدا لە پارڵمان زۆرتر بووە.[36] لەلایەکی ترەوە بە سەرنجدان بەوەکە کابینە بەسەر پارڵماندا باڵادەستە، نفوزی گرووپەکانی نفوز لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتیدا ناڕاستەوخۆ بە واتای نفوز لە پارڵمانیشدا بووە. ئەندامانی هێزی بەڕێوەبەر بەشێوەیەکی سروشتی لەکاتی پێشکەشکردنی گەڵالەکان و جێبەجێ کردنی قانوونکانیشدا بیروڕای گرووپە ڕێکخراوە بازرگانی و پیشەسازییەکان وەردەگرن.

ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. سیاسەت و حکوومەت لە ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکادا، هەمیشە پاڵنەری گرووپە خاوەن نفوز و گرووپەکانی زەخت بووە بۆ ئەنجامدانی چالاکی فراوان. بەهێزترین و گرینگترینی گرووپەکانی زەخت لە ولاتەدا لەناو چینە کاپیتالیستەکانەوە هەڵقوڵاون. بۆ نموونە گەورەکۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا هەمیشە نفوزێکی زۆریان هەبووە لە ئەنجوومەنی نەتەوەیی نەوتی ئەو ولاتەدا. لەڕاستیدا ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە بەرپرسانی کۆمپانیا سەرەکییەکانی

---

1. Ibid, pp. 111-12.

نـەوت بوونـە. هـەروەها «ئەنجوومـەنی نەتـەوەیی پیشەسـازی کـارانی» ئـەمریکا (NAM) یەکێکـە لـە گرووپـە زەختـەکانی بـواری قانوونـدانان.[37] بەشـێوەیەکی سروشـتی کۆمپانیـا جیاجیاکـان بـۆ نفـوز کـردن لـە دەزگـای بەرێوەبەرایەتی لە پێناو ئامانجە تایبەتەکانیاندا دەکەونە ململانێـەوە. بـۆ نموونــە زۆرجــار لــە نێــوان کۆمپانیــای بۆئینــگ و کۆمپانیــای جێنــڕاڵ ئەلیکتریک لەسەر نفوزکردن لە وەزارەتی بەرگریدا ململانێ دروست بووە.[38] هەروەها کۆمپانیا بازرگانی و پیشەسازییەکان بۆ نفوز کردن لە وەزارەتـی بازرگانیدا (بەتایبەت لێژنـەی بەرهـەمهێنانی نەتـەوەیی) لـە کێبـەرکێ دان. ئەنـدامانی هەنـدێ لـە کۆمیتـە ڕاوێژکارییـەکانی وەزارەتـی بازرگـانی هـەر هەمان بەرپرسـانی گـەورە کۆمپانیاکـانی کـەرتی تایبـەتن.[39] سـەبارەت بـە وەزارەتی بازرگانی ئەمریکا و پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ گرووپـەکانی نفوزی نێوچینی کاپیتالیستدا و تراوەکە «چـاوەڕوانـی کۆمپانیاکـان ئەوەیـە نفوز بکەنە سەر ڕەوتـی دیـاریکردن و هـەڵبژاردن وەزیـری بازرگـانی و تەنانـەت ئەگـەر بۆیـان کـرا خۆیـان وەزیـر دیـاری بکـەن. هەنـدێ لـەو وەزیـرە بازرگانییانەی پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ کۆمپانیا بازرگانییەکاندا بووە زۆرتر لەهەمبەر ئەو کۆمپانیانەدا هەستیان بە بەرپرسـایەتی کـردووە نـەک سەرۆک کۆماردا».[40] وەزارەتی کشـتوکاڵی ئـەمریکاش ئامـانجێکی سـەرەکی

2. Wootton, op. cit. p. 93.
3. Ibid, p. 51.
1. T. Anderson “Pressure Groups and Intergovernmental Relations” *The Annals*, 1965, p. 121.
2. Wootton, op. cit. p. 63.

کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی خۆراردەمەنی بووە بۆ نفوز کردن. «کۆمیسیۆنە سەربەخۆکانی» چاودێری لایەنە جیاجیاکانی ئابووری وەک کۆمیسیۆنی سەربەخۆی ڕاگواستن، پاپۆڕوانی، کارەباو و هتد بەهۆی سەربەخۆیی و ئەو دەسەڵاتە بەرچاوەی هەیانە بە باوەڕی هەندێ کەس «چوارەم لق یان چوارەم هێزی دەسەڵاتی» ئەمریکان، و وەک بوارێکی سەرەکی تری ناوچینی کاپیتالیست دێنە ژمار کە لە لایەن گرووپەکانی زەختەوە نفوزییان تێدادەکرێ.[41] لە دانان و وەلانانە سیاسییەکانیشدا نفوزی گرووپ و ڕێکخراوەکانی کەرتی تایبەت لەبەرچاو دەگیرێ. «سەرۆک کۆمار لە کاتی هەڵبژاردنی کاربەدەستە پلەبەرزەکانی وەزارەتی کشتوکاڵی وکار وبازرگانیدا پێویستە سەرنجی تایبەت بداتە گرووپەکانی بەستراوەی ئەو وەزارەتانە وهەروەها ڕێزیشیان لێبگرێ.»[42]

بەگشتی سیستمی سیاسی و ئۆفیسی ئەمریکا لە هەمبەر نفوزی ڕێکخراو و گرووپەکانی نفوز لە بەشی ساماندا زۆر لاوازە. «بەشێکی بەرچاوی ئەو دەزگا ئۆفیسییە کەوتۆتە بەر هەرەشەی نفوز کردنی «دەرەکی». وڵاتە یەکگرتووکان خاوەن ئەو دەزگا ئۆفیسییە بەهێزە نییە کە بتوانێ کۆنترۆڵی لاوازی سیستمی ئۆفیسی لەلایەن سەرۆک کۆمارە قەرەبووکاتەوە. »[43]

3. Ibid, p. 64.
4. Ibid, p. 66.
1. Ibid, p. 67.

ژاپۆن[٢]. گەورەترین و بە نفوزترین ڕێکخراوی بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی ژاپۆن، فیدراسیۆنی یەکێتییە خاوەنکارەکانە (Nikkei-Ren) کە لە ساڵی١٩٤٨دا بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و یەکێتییەکرێکارییەکان پێکهات. ئەو ڕێکخراوە ٤٠ بەشی پرۆفیشناڵی هەیە. لێژنەیەکی بەرێوەبەرایەتی کاروباری فیدراسیۆن بەرێوە دەبا. چالاکییە سەرەکییەکانی ئەو ڕێکخراوە بە گشتی بریتین لە: ١) لە هەمبەر قسە و باسەکانی کرێکاریدا هەڵوێستی خاوەنکاری وەرگرێ، ٢) لەگەڵ یەکێتییە خاوەنکارییەکان دانوستان بکا و ٣) سەبارەت بە سیاسەتەکانی کار پێشنیار پێشکەشی حکوومەت بکا. هەر لە دەسپێکی چالاکیدا فیدراسیۆنی نێوبراو لە ژیانی سیاسییەوە گلا و داکۆکی لە سیستمی دوو حیزبی دەکرد و لە هەمبەر نفوزی ڕوو لە گەشەی حیزبی سوسیالیست«بڕیارنامەیەکی داکۆکی لە حکوومەتی پاڕلمانی» دەکرد. حیزبە کۆنسێرواتاکان لە لایەن فیدراسیۆنی یەکێتییە خاوەنکارەکانەوە پشتگیری دەکران.

دووهەم ئۆرگانی سەرەکی ژاپۆن فیدراسیۆنی ڕێکخراوی ئابوورییە (Keidan–Ren) کە لە ساڵی ١٩٤٦دا دامەزرا. ئەو ڕێکخراوە گەورەترین

---

٢. زانیارییە سەرەکییەکان لەو سەرچاوەی خوارەوە وەرگیران:
K. Tsuji, “Pressure Groups in Japan.” in Ehrmann, op. cit, pp. 145-153.

کۆمپانیا بازرگانییەکانی (نزیکەی ٨٠٠ کۆمپانیای گەورە و بانکی) ژاپۆنی لە خۆ گرتووە. ئەرکی سەرەکی ئەو ڕێکخراوە پێکهێنانی پەیوەندی لە نێوان ڕێکخراوە جیاجیاکانی بوورژوازی بازرگانی و پیشەسازی و توێژینەوەی پرسە ئابوورییەکان بووە. ئەو ڕێکخراوە بە ناردنی پێشنیار لە بواری سیاسەتە ئابوورییەکان و ڕیفۆرمی شێوەی بەڕێوەبردنی ئابووریدا نفوزێکی بەرچاوی لە پارڵمان و بڕۆکڕاسی دەوڵەتیدا کردووە.

یەکێکیتر لە ڕێکخراوە بازرگانییە سەرەکییەکانی ژاپۆن، یەکێتی خاوەنکارانە (Doyo–Kai) کە لە ساڵی ١٩٤٦ بە کۆ بوونەوەی خاوەنکارانی «لیبڕاڵ» پێکهاتووە و چالاکییەکەی توێژینەوەی ئابووری نەتەوەی بووە. لە ساڵی ١٩٥٦دا فێدراسیۆنی سیاسی سامانی گچکەی ژاپۆن (Chusei–Ren) بە مەبەستی پشتگیری بۆنگا و کارگە بچووکەکان لە هەمبەر گەورە کاپیتالیستەکاندا پێکهات. ئەو فێدراسیۆنە بەتایبەت لە بواری سیاسییەوە بە مەبەستی پشتگیری بەرژەوەندییەکانی کاپیتالیستە بچووکەکان زۆر کارا بووە. ئامانجە سەرەکییەکانی کەم کردنەوەی باجی سەر سامانە بچووکەکان و بەرز کردنەوەی ئاستی (ئیعتیبارات) بووە بۆ سامانە بچووکەکان. هەر بەو مەبەستە ئەو ڕێکخراوە هەوڵی ئەوە بوو نفوز بکاتە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە. لە ئەنجامدا فێدراسیۆنی ناوبراو توانی لە ڕێگەی نفوز و زەخت بۆ سەر پارڵمان«گەڵاڵەی پشتگیری لە میکرۆ بازرگانی» بە پەسەند بگەیەنێ. وەک ئۆڕگانی سەرەکی کەرتی تایبەت لە ژاپۆندا دەکرێ ئاماژە بکەینە«کۆمیتەی پەرەسەندنی ئابووری» و هۆڵی بازرگانی ژاپۆن (Nissho). بە گشتی ئەو ڕێکخراوانە لە گەڵ حیزبی لیبڕاڵ

**دێموکراتی ژاپۆندا پەیوەندییەکی نزیکیان بووە و یەکێک بوون لـە ڕەهەنـدە هەرە گرینگەکانی دابین کردنی سەرچاوە ماڵی ئەو حیزبە.**

**ئێران. لەچاخی قاجـار بـەهۆی چەنـد هۆکارێکـەوە دەسـەڵاتی کۆمەڵایـەتی وئـابووری چینـی بارزگـانیئێران بەڕادەیـەک بـەرزبۆوە کەلەکۆتاییـەکانی ئەوچاخەدا بوو بەیەکێک لەگرووپەسەرەکییەکانی نفوزلەسیاسـەتی وڵاتـدا. وەک چەندهۆکارەکانی ئەو بابەتە دەکرێ بـاس لەسـەقامگیری وهێمنایـەتی ڕێژەیـی ئـابووری وسیاسـی، پەرەگرتنی پەیوەندییـە بازرگانییـەکان لەگـەڵ ڕۆژئـاوا وسیاسـەتی پشـتگیری دەوڵـەت بکـەین. هـەڵگرتنی بـاج وکـۆنترۆڵ لەسـەر هاوەردەکـان یـەکێک بـوو لەهـەنگاوە پشـتگیرییەکانی حکوومـەتی قاچار لەبازرگانان.[1] لەوسەردەمەدا ڕێکخراوە سینفییەکانی بازاڕیش خاوەن نفوزوسـەربەخۆییەکی ڕێژەیی‌بـوون. لەڕوویەکەوە، خـەڵکی بـازاڕ پەیوەندییەکی پتەوتریان لەگـەڵ پیـاوانی ئـایینی داهـەبوو نـەک دەوڵـەت. تەنانەت بەپێی بۆچوونێک چینی بازرگان ببوو بەچینێکی بەمیرات جێمـاو.[1] لەکۆتاییـەکانی چـاخی قاجـاردا، لەژێرکاریگـەری فراوانبوونـەوەی پەیوەندییەبازرگانییـەکان لەگـەڵ دەوڵەتـە پێشـکەوتووکان بازرگانـەکان لـەکاروباری دامەزرانـدنی کارگـەی نـوێ وهـەڵێنجانی سـەرچاوەکاندا**

---

۱. پیترآوری، *تاریخ معاصر ایران*، ترجمه رفیع مهرآبادی، ص ٥ – ١٥٤

۱. مرتضی راوندی، *تاریخ تحولات اجتماعی ایران*، جلد٣، تهران،امیرکبیر، ١٣٤٤، ص ٤٠٢ .

سەرمایەگوزارییان دەکرد. بازرگانەکان وەک ستاتۆیەکی بەرچاوی کۆمەڵگا خاوەن پێگەیەکی بەرزبوون و پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ گرووپە خاوەن نفوزەکانی تر بەتایبەت کاربەرێوەبەرانی دەوڵەت وزانایان وپیاوانی ئایینیدا هەبوو. لاوازی دارِشتەی ئەوچینە بواری هاریکاری وراکێشانی یارمەتییەکانی دەوڵەتی دەستەبەردەکرد. چاودێری کاری بازرگان وسینفەکانی بازاڕ لەلایەن حکوومەتەوە بوبەهۆی پتەوبوونی پەیوەندی یەکگرتوویی نێوانیان.[2] دانانی رەییس التجار یان ملک التجار وەک پۆستێکی ڕواڵەتی لەلایەن شاوە پێشاندەری بەستراوەیی بازرگانەکان بوو بەدارِشتەی دەسەڵاتەوە. لەلایەن شاوە نازناوی تری وەک ناظم التجار وامین‌التجار وتاجرباشی دەدرایە ئەوبازرگانەی هەڵکەوتوو وجێ متمانەی بوون. ئەو نازناوانە بەشێوەیەکی سروشتی لەباوکەوە وەک میرات دەگەیشتنەکوڕەکەی. هەروەها بازرگانەکان لەگەڵ خاوەنکاران،وەستاکاران وبەرپرسانی ئەسنافداپەیوەندییان هەبوو. لەگەڵ پەرەگرتنی بازرگانی دەرەکی ونفوزی ڕۆژئاوا،هەناردەی کەرەسە خاوی ئێران بۆبازاڕە دەرەکییەکانیش بەرزبۆوەوئەوەش بووە هۆی سەرهەڵدانی بەشێکی چینێکی بازرگانی نوێی سەربەدەرەوە. بەوشێوەیە فرۆشی کەلوپەلی دەرەکی لەناوخۆدا وهەناردنی کەرەسەی خاوبۆدەرەوە بواری بەستراوەیی چینی بازرگانی ئێرانی بەدەرەوەی ڕەخساند. هەندێ جاربازرگانەکان تەنانەت خۆشیان بەدەوڵەتە دەرەکییەکان فرۆشتووە. هزری لیبراڵیزم بەواتای

---

۲. ر.ک. به احمد اشراف' *موانع تاریخی رشد سرمایه داری در ایران: دوره قاجاریه*' تهران' نشر زمینه' ۱۳۵۲

دەستتێوەرنەدانی دەوڵەت لەئابووری وئازادی خاوەنێتی تاکەکەسی کەلەڕێگەی ڕووناکبیرانەوە بڵاودەکرایەوە، کەوتەبەرسەرنجی چینی بازرگان ئەوە لەبارودۆخێکدا بوو کەدارِشتەی دەوڵەتی نیمچە سەرەڕۆی ئێران لەکۆتاییەکانی چاخی قاجاردا ئاستەنگی دەخستەبەردەم بازرگانییەوە. لەلایەکیترەوە هزری ناسیۆنالیزمی ئابووری(وکولتوریش) لەگەڵ بەرژەوەندی بازرگانەکاندا هاوڕێژە بوو. بەستێنی فکری چالاکییەسیاسییەکانی ئەوچینە لەبزوتنەوە سیاسی وئابوورییەکانی سەرەتای چاخی مەشرووتییەتدا لەلایەن لیبرالیزم وناسیۆنالیزمی چینی بازرگانەوە دابین دەکرا.

یەکێک لەو ئاڵوگۆڕانەی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لەژێرکاریگەری پەیوەندییە فراوانەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوادا پێکهات دامەزرانی کۆمپانیا بازرگانییەکان بوو لەلایەن بازرگانە ئێرانییەکانەوە. لەوسەردەمەدا بازرگانەکانی ئێران لەپیشەپێکهاتەکانیش(وەک دامەزراندنی کارگەی چنینی ئاوریشم، پاکردنەوەو ڕستنی لۆکە)دا سەرمایەگوزارییەکی زۆریان کرد.

لەگەڵ هەمووی ئەوانە، لەئێرانی چاخی قەجەروتەنانەت لەپاش ئەویشدا گەلێ ئاستەنگی بەرچاو لەبەردەم سەرهەڵدانی بوورژوازی بازرگانی وپیشەسازیدا هەبوون کەباسکردنیان دەکەوێتەدەرەوەی ئەوباسەی ئێستای ئێمە. فراوانبوونەوەی پەیوەندی بازرگانی دەرەکی وبەرزبونەوەی هاوردەوهەناردەکان بزاوتێکی هەست پێکراوی لەچینە بازرگانەکانی ئێراندا

پێکهێنابوو. گەلێ ئەنجوومەنیش پێکهاتن وەک ئەنجوومەنی پیشکەوتنی ئیسفەهان، ئەنجوومەنی ئیسلامی بەربڵاوکردنەوەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی نەتەوەیی وهاندانی بەکارهێنانی کەلوپەلە ناوخۆییەکان.

لەلایەکیترەوە بەستراوەیی ئابووری دەوڵەتی قەجەر بەوڵاتانی دەرەوە کە لە بەخشینی مافی ئابووریجیاجیا بەو وڵاتانە وڕاکێشانی پشتگیری ویارمەتی ماڵی ئەوانداخۆی دەردەخست، ناسیۆنالیزمی ئابووری بازاڕ وبازرگانەکانی بەهێزدەکرد. لەکاردانەوە بەپێکهاتنی وەزارەتی بازرگانی لەسەردەمی ناسرەدین شادا یەکەم ویستیان پێکهێنانی ئەنجوومەنی دادوەرانی بازرگانی بوو. ناسرەدین شا لەژێرگووشاردا دەستووری پێکهاتنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی بازرگانانی دەرکرد لەپێناو ئەومەبەستەدا بازرگانەکانی تاران پلاتفۆرمێکیان نووسی، بەڵام بەسەرنجدان بەداڕشتەی دەسەڵات هاتنەدیی وەها مەبەستێک لەوسەردەمەدا حەستەم بوو. بەخشینی مافی پاوانکراوی توتن بەکۆمپانیای ڕەژی دژکردەوەی توندی بازرگانانی لەدژی بارەگاودەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بەدواوەبوو. بەڕێوەبردنی بەخششێکی ئەوتۆ زیانی دەگەیاندە بەرژەوەندی بەشێکی زۆری بازرگانەکان. بازرگانانی توتن بۆ بەرگریکردن لەبەڕێووەچونی مافێکی ئەوتۆ ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەت کەوتنە دانوستان وپێشنیاری ئەوەیاندا کە باجی زۆرتر لەو حەقەی کەبڕیاربوو دەوڵەت لەکۆمپانیای دەرەوەی وەرگرێ، دەدەن.[1] بەگشتی

---

١. ر.ک. بە فریدون آدمیت *شورش بر امتیاز نامه رژی:* تحلیل سیاسی' تهران پیام ١٣٦٠.

ئـاڵوویری بازرگـانی لەگـەڵ ڕۆژئـاوا بـووە هـۆی بـەهێزبوونی دەسـەڵاتی ئابووری بازرگانەکان. بەڵام هەڵسوکەوتی سەرەڕۆیانەی حکوومەتی قەجەر لەگـەڵ بازرگانەکانـدا کاریگەرییـەکی بـەرچاوی لـەنارەزایی ودواجـار جووڵانەوەی مەشرووتییەتدا هەبوو. بازرگانەکان شکاتیان بردە بەرپیاوانی ئایینی وداوای دامەزراندنی عەدالەتخانەیان کرد.

بەپێی بڕیارنامـەی ئەنجوومـەنی شورای نەتـەوەیی، بازرگانان وەک یـەکێک لەشـەش چینەسـەرەکییەکی وڵات ناسـران وهەنـدێ کورسـی پاڕلمانیشـیان درایـە. لەخولـە سـەرەتاییەکانی ئەنجوومـەنی نەتەوەییـدا بازرگانان ئامادەبوونێکی بەرچاویان هەبوو ولەسەریەک ٢٥/٤٪ نوێنـەرانی ئەنجوومەنی نەتەوەیی یەکەمیان پێکدێنا.

لەسـاڵەکانی سـەرەتای شۆڕشـی مەشرووتییەتدا هـزری پێکهێنـانی کۆمپانیا نەتەوەیی بۆپەرەسەندنی پیشەپێکهاتەکان برەوی سەند. بۆوێنـە کاشف السلطنه گەڵاڵەیـەکی پەرەسـەندنی چاکـاری ودامەزرانـدنی کارگـەی چـای پێشکەشـی ئەنجوومـەنی نیشـتیمانی کـرد. یـەکێک لەهەنگاوەسـەرەتاییەکانی بازرگانـان لـەپاڕلمانـدا ڕەتکردنـەوەی پارەوەرگرتن لـەدەرەوە وپێشنیاری دامەزرانـدنی بـانکێکی نەتـەوەیی بـوو. چالاکی سیاسی بازرگـان وخـەڵکی بـازاڕ لـەماوەی سـەردەمانی دیکتـاتۆڕی بچووکدا بەتایبـەت لەشـاری تـەورێز بـەرچاوبوو.[٢] ڕوونـاکبیرونوێخوازان

---

٢.ر. ک. اشرف، پیشین، ص ١١٦ – ١١٥.

پشتگیریان لەحیزبی دیموکرات دەکرد، لەخولی دووهەمی پارلماندابازرگان وخەلکی بازارلەدژی ئەوان لایەنگری حیزبی میانەرۆ(إعتدالیون)بوون. دواتربەپێکهاتنی گۆڕان لەسیستمی هەلبژاردن وبریارە سینفییەکاندا هێدی هێدی کێشی بازرگانەکان لەئەنجوومەنە قانووندانەرەکاندا نزم بۆوە. سەرەڕای ئەوە بازرگان وبازارەنەریتییەکان تەنانەت لەسەردەمانی پالەویدا، یەک لەستاتۆ سیاسییەبەرچاوەکانی ئێران لەقەڵەم دەدران. هەرچەند مۆدێرنیزەبوونی ئابووری سەردەمی پالەوی ئالوگۆڕێکی لەدارشتەی بازار وچینە کاپیتالیستەکاندا پێکهێنا.

ئەوچینەکاپیتالیستەبازرگانەمۆدێرنەی لەوسەردەمدا پێکهات هەلقولاوی ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی وبازرگانەکانی بازاربوو. بەتایبەت لەساڵی ١٣٤٠ هەتاوی بەدواوە دەولەت دەستی دایە دروستکردنی چینێکی کاپیتالیستی مالی وپیشەسازی نوێ کەخاوەندارەتی نزیکەی ٧٠٪دامەزراوە مالی وپیشەپێکهاتەکانی دەکرد. لەپاش داکەوتنی دەولەتی رەزاشا، لەگەل کەمبوونەوەی رۆلی دەولەوت لە ئابووریدا، هەلوەشاندنەوەی پاوانکراوەدەولەتییەکان، وەرگرتنی پارەویارمەتییە مالییەکان لەدەرەوە وبەرزبوونەوەی هاوردەکان، چینەبازرگانەکان گیانێکی تازەیان هاتبۆوەبەر. نفوزی چینی کاپیتالیستی بازرگانی لەحکوومەت وپارلمان لەسالانی ١٣٢٠ هەتاوی تا ١٣٣٢ بەتایبەت لەسەردەمانی دوکتور موسەددیقدا بەرادەیەکی بەرچاو بەرز ببۆوە. هەرچەند لەسالانی ١٣٣٢ هەتاوی تا١٣٤٠ بەهۆی زال بوونی بارەگای شا و سپا بە سەر ژیانی سیاسیدا نفوزی چینەکاپیتالیستەکان کەمبۆوە، بەلام دەسەلاتی ئابووری

ئەوچینــە هــەرواڕوی لەگەشــەکردن بــوو. لەوســەردەمەدا ســەرمایەگوزاری تایبەت هەرساڵەو٢٠٪بـەرزدەبۆوە.[2] گەشـەی چینـی کاپیتالیستی بازرگـانی لەسەرەتاکانی دەیەی ١٣٤٠ هەتاوی بەدواوە لەگـەڵ گرتنەبـەری سیاسـەتی ڕیفۆڕمی ئابووری وجەخت کردن لەسەر بەشی بەرهـەمهێنان وپیشەسازیدا تووشی گەلێ بەربەستی هات. لەهەمبەردا لەماوەی ساڵانی ١٣٤٠ وەتا١٣٥٧ هەتاوی چینێکی نوێی کاپیتالیستی مـاڵی وپیشەسازی هاتـەدیی. لەسـاڵی ١٣٤٢ هەتاویـدا دەوڵــەت "کۆنفرانسـێکی ئـابووری" بەمەبەسـتی هاریکـاری خــاوەن پیشەســازی وســامانەکان پێکهێنــا لەپێناوهانــدانی پەرەســەندنی ئــابووری. بــوورژوازی بازرگــانی وبــازاڕ لەهەمبەرسیاســەتە نوێیــەکانی ڕێنوێنی ئابووریدا دژکردەوەیان نێگـەتیڤ بـوو و پشـتیوانیان لەهەڵوێستی مـەلاکانی دژی قـانوونی بنچینــەیی مەشـروتییەت کـرد. لەسـەر هەڵـدانی سـاڵی١٣٤٢هـەتاوی دا بـازاڕ ڕۆڵێکـی بـەرچاوی گێـرا. لەسـاڵانی داهـاتوودا دەوڵــەت هەنــدێ ئاســتەنگی بازرگــانی وگــومرگی بەمەبەسـتی پێشـگرتن لەگەشـەی کاپیتالیسـمی بازرگـانی نایـەوە وبـەدانی پارەومـافی پـاوانکراو لــەپێناو هانــدانی ســەرمایەگوزاری پیشەســازی ئــاڵوگۆڕێکی لــەدارشــتەی چینەکاپیتالیستەکاندا پێکهێنا.

ڕێخۆشـکردن بۆسـەرمایەگوزاری دەرەکـی پشتیوانیگەشـەی چینـی کاپیتالیست بوو. نزیکـەی ٢٠٠ کۆمپانیـای دەرەکـی لـەوان سـاڵان لەئێرانـدا

2. J. Bharier, *Economic development in Iran 1900-1970*, (London, 1971), pp. 84-60.

سەرمایەگوزارییان کردبوو. دامەزرانی بازاڕی بورس لەساڵی ١٣٤٦دا دەسەڵاتی چینەکاپیتالیستە نوێیەکانی زۆرترکرد. ژمارەی کارگە پیشەپێکهاتەکان لەساڵی ١٣٣٦دا لە ١٠٠٠وە گەیشتە ٦٢٠٠ کارگە لەساڵی١٣٥٣دا.[١] بوورژوازی گەورەی پیشەسازی لەدەیەی ١٣٥٠دا پێکهاتبوو لە١٥٠بنەماڵە کەخاوەنی نزیکەی٦٧٪سەرجەم پیشەسازی ودامەزراوەماڵییەکان بوون. لەساڵی ١٣٥٣چڕبوونەوەی سامانی پیشەسازی گەیشتە ئاستێک کە٣٪پیشەپێکهاتەە بەرچاوەتاییبەتەکان ٧٠٪بایەخی زێدەکراوەی پیشەسازی بەرهەم دێنا. چینی کاپیتالیستی نوێ سازکراوی دەستی دەوڵەت بوو وهاریکارییەکی نزیکی لەگەڵیدا هەبوو. هەروەها ئەوچینەبەمەبەستی وەرگرتنی پوانی زۆرترنفوزی دەکردەسەرسیاسەتەکانی حکوومەت. سەندیکا خاوەنکارە بەستراوەکانی حیزبی ئێرانی نوێ سەبارەت بەپرسەماڵییەکان لەگەڵ وەزارەتخانەکاندا "کۆنفرانسیان" پێکدێنا. ژووری بازرگانی وپیشەسازی وکانەکان کە تێکەڵاوێکی سەرجەم ژوورە بازرگانییەکانی تاران وشارەکان بوو لەگەڵ وەزارەتی ئابووری ودارایی لەبواری بەڕێوەبردنی سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەت لەوساڵانەدا هاریکارییەکی نزیکی هەبوو. گەشەی چینی نوێ لەسەرەتاکانی دەیەی ١٣٥٠دا ترسێکی وەهای خستەناو دەوڵەت وبارەگای شاوە کەباسیان لەمەترسی گەشەی "فیۆدالیزمی پیشەسازی"دەکرد. هەرلەو ڕووەوە لەساڵی ١٣٥١دا "ئەنجوومەنی باڵای کۆمەڵایەتی" بەمەبەستی بەرگریکردن لەگەشەی هەڕەمەکی چینی

١. وزارت ا قتصاد ودارایی، *آمار صنایع بزرگ*. تهران، ١٣٥٣ ، ص. ٤.

کاپیتالیستی نوێ بوفەرمانی شاپێکهات وبڕیاردرا نزیکەی ٥٠٠٠ لەیەکە پیشەپێکهاتەە تایبە گەورەکان، ٣/١ پشکەکانیان بفرۆشنە کرێکاران. ناکۆکییەکی ئەوتۆ لەنێوان بوورژوازی پیشەسازی نوێ وبارەگای شادا یەکێک بوو لەلایەنەکانی قەیرانی ناوخۆیی دەوڵەت بەرلەشۆڕشی ١٣٥٧. کۆنترۆڵی نرخ وبەرزبوونەوەی حەقدەست،دەست بەسەرکردنی هەندێک ساماندراری گەورە،کەم بوونەوەی دانی پارە لەلایەن بانکەوە بەکەرتی تایبەت ومۆبیلیزەی کرێکاری نارەزاییەکی فراوانی لەناو بوورژوازی پیشەسازیدا دروستکرد. هەرئەوناکۆکییەی نێوان کەرتی تایبەت ودەوڵەت لەناوتاکەحیزبی ئەو سەردەم(رستاخیز)داڕەنگی دایەوە وحیزبی دابەشکردە سەردووباڵ،"باڵێکی پێشکەوتووخواز "کە لایەنگری دەستێوەردانی دەوڵەت لەئابووری ودژی کاپیتالیستی گەورەبوو وباڵەکەیتر"باڵی سازێنەرە"کەوەک لایەنگری لیبرالیسمی ئابووری وبوورژوازی گەورەدەهاتەژمار. بەگشتی لەسالانی بەرلەشۆڕشی١٣٥٧هەتاوی بوورژوازی پیشەسازی گەورە ببوو بەهێزێکی خاوەن نفوز لەسیاسەت وحکوومەتی ئێراندا. بەلام پاش شۆڕش بەهۆی هەلاتنی ساماندراران،داخرانی کارگەکان،کەم بوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی،خۆماڵی کردنی هەندێک لەپیشەپێکهاتەە تایبەتە سەرەکییەکان وهتد،بوورژوازی پیشەسازی بەرەو کزبوون چوو. لەجێگەی ئەوکاپیتالیزمی بازرگانی ونەریتی زاڵ بوو.

بەوشێوەیە پاش شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٣٥٧هەتاوی ڕۆڵی بازاڕی نەریتی لەسیاسەتی ئێراندا بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوەبینی.

بەکردەوە جیاکردنەوەی چینی بازرگان وکاپیتالیست لەوردەبوورژوازی لەوبارەدا کارێکی دژوارە. بەدەسەڵات گەیشتنی زانایانی ئایینی لەشۆڕشدا هاوڕێی فراوانبوونەوەی نفوزی سیاسی بازاڕ، بەسەرنجدان بەیەکگرتوویی مێژوویی بازاڕ ومەلاکان شتێکی سروشتییە. دەستێوەردانی بەرفراوانی دەوڵەت لەکاروباری ئابووریدا ویەک لەوان پێویستی ڕەچاوکردنی سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی دراو بەهۆی شەری ئێران وعێراق و سەرهەڵدانی کێشەئابوورییەکان، نارەزایی خەڵکانێکی بازاڕی لێکەوتەوە.

# ٢

# دەسەڵاتی سیاسی و بەرپرسان

لەماوەی سەدەی بیستەمدا هاوکات لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگای پیشەسازی وبەرزبوونەوەی ئاڵۆزییەکانی سیستمی کاپیتالیستی ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لەدارشتەی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا هاتۆتە ئاراوە. بەتایبەت دابڕانی زۆری نێوان *خاوەندارەتی وکۆنترۆڵی* ئامرازەکانی بەرهەمهێنان سەرهەڵدانی چینێکی نوێی بەرپرسانی لێکەوتەوە.

باس لەپەیوەندی نێوان بەرپرسان وکاپیتالیستەکان یەکێک لەبابەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی سیاسی ڕۆژئاوادا وبەتایبەت وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکا بووە. بەباوەڕەی هەندێک لەگەڵ لێکترزانی کۆنترۆڵ وخاوەندارەتی ئامرازەکانی أبەرهەمهێنان، لەوەوپاش کاپیتالیستەکان چینی باڵادەستی کۆمەڵ نین و لەجێگەیان بەرپرسان وتێکنۆکراتان وەک چینی دەسەڵاتدار دەرکەوتوون. بێگومان «چینی» نوێی بەرپرسان، وەک ستاتۆیەکی کۆمەڵایەتی گرینگی کۆمەڵگای کاپیتالیستی پیشەسازی لەقەڵەم دەدرێ بەڵام بەسەرنجدان بەپەیوەندیی کەسی وگرووپی وئایدۆلۆژیاکە ئاڵۆزەکانی نێوان ئەوان وچینی کاپیتالیستدا، باس لەسەرهەڵدانی چینێکی دەسەڵاتداری نوێ دژوارە. هەروەک پێشتر وتمان

هەندێکی وەک ئانتۆنیۆگرامشی بەرپرسان وەک «ڕووناکبیرانی ئۆرگانیکی» چینی کاپیتالیست ناودەبەن.

لەڕاستیدا باس لە ڕۆڵی توێژی بەرپرسان وەک چینی دەسەڵاتدار و یان وەک پاژێکی ئەو چینە لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا ڕەخنەیەکە لە بیرۆکەی مارکسیسم سەبارەت بە ناوەڕۆکی چینی دەسەڵاتدارلەو کۆمەڵگایە. هەڵبەت مارکس و ئینگێلس ئاماژەیان کرد بووە سەر دیاردەی کۆمپانیا سەهامییەکان. مارکس لە کتێبە بە ناوبانگەکەی واتا *کاپیتاڵدا* باس لە «گۆڕانی ساماندار بە بەرپرس و بەرێوەبەری سامانی ئەوانی تری»دەکا وئەو هەلومەرجەبە«هەڵوەشاندنەوەی لایەنی بەرهەمهێنانی کاپیتالیستی لەناخۆیدا»وەسف دەکا.[1] بەڵام لەسەردەمانی مارکس وئینگێلسدا کۆمپانیا سەهامییەکان تازەدەهات سەرهەڵدەن. کاپیتالیسمی سەدەی نۆزدەهەم بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەپیشەسازی وئاڵۆز نەبوو.

ڕاڵف دارندۆرف لەڕەخنەگرە سەرەکییەکانی مارکسیسم لەکتێبی *چین وگرژییە چینایەتییەکان لەکۆمەڵگای پیشەسازیدا*، لەسەرئەوباوەڕەیە کەلەئاکامی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی ناوەرۆکی چینی زاڵی کاپیتالیسمی پیشکەوتوو ئاڵوگۆری بەسەرداهاتووە. بەباوەڕی دارندۆرف کۆمەڵناسی سیاسی مارکس باس لەکۆمەڵگا ودەوڵەتێک کەبەشێوەیەکی ئەوتۆ بەپیشەسازی نەببوو. کۆمەڵگای پیشەسازی مۆدێرنی هەنووکەیی

1. Marx, *Capital*, vol. 3, London, 1962. pp. 427-429.

بەبێ لەبەرچاوگرتنی سیستمەئابوورییەکەی دیاردەیەکی جیاوازە،جاروبار بەهەڵە کۆمەڵگای پیشەسازی لەگەڵ کۆمەڵگای کاپیتالیستی وەک یەک چاولێدەکرێن،لەکاتێکدا دوو چەمکی تەواوجیاوازن. کۆمەڵگای کاپیتالیستی چەمکێکی ئابوورییە بەڵام لەناوخۆیدا دیارکار وبنەمای دەسەڵاتی سیاسی دەسەڵاتی ئابوورییە. حکوومەتە لیبراڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم حکوومەتی چینی کاپیتالیست بوون کەکۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان دەکرد. مارکس تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای کاپیتالیستی لەوچەند خاڵەدا کۆدەکردەوە: خاوەندارەتی کەسی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان،بەرهەمهێنانی بایەخی زێدەکراو،دابەشکردنی کاری چینایەتی بەپێی خاوەنێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان وزاڵبوونی بازاڕی بازرگانی لەئابووریدا. گرینگترین تایبەتمەندی کۆمەڵگای کاپیتالیستی سەدەی نۆزدەهەم چڕبوونەوەی خاوەنێتی وکۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەدەست گرووپێکی کۆمەڵایەتی یەکەدابوو. بەڵام بەباوەڕی دارندۆرڤ کۆمەڵگای مۆدێرنی پیشەسازی لەزۆر لایەنەیەوە وەپێش کۆمەڵگای کاپیتالیستی کۆن کەتووە.

دابڕانی خاوەندارەتی لەکۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان وسامان لەئاکامی فراوانبوونەوەی کۆمپاینا سەهامییەکان لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە یەکێک لەتایبەتمەندییە گرینگەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی نوێیە. لەئاکامی ئەو پرۆسەیەدا بەهێوری چینێکی هەراوی بەرپرسانی سەربەخۆ هاتۆتە ئاراوە. بێگومان گرینگایەتی ورۆڵی چینی بەرپرسان لەکۆمەڵگای کاپیتالیستیدا هەندێ مشتومری تیۆریکی

لێکەوتۆتــەوە. نووســەرێکــی ئــەمریکایی بــەناوی جیمزبێرنهــام هــەروەک پێشتریش باسمان کرد ترۆتسکیست ولــەژێر کاریگــەری مارکسیسمدا بــوو لــەکتێبی *شۆڕشــی بەرپرســان(١٩٤١)دا*، پرۆســەی لێکــدابرانی خاوەنــدارەتی وکۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بەگرینگترین تایبەتمەنــدی کۆمــەڵگای نوێ وەسف کردووە. بەباوەڕی بێرنهــام دەســەڵاتی ڕاستەقینە لەکۆمــەڵگای کاپیتالیســتیدا لەدەســت بەرپرســاندایە نــەک لەدەســت خــاوەن زەوی و پشکداراندا. «جێگەو ڕۆڵ وفۆنکسیۆنی گرووپی بەرپرسان بــەهیچ چەشنێک بەستراوەی پاراستنی خاوەنــدارەتی وپەیوەنــدی ئــابووری کاپیتالیســتانە نییەبەپێچەوانەوە، پشــت بــەناوەڕۆکی تێکنیکــی پرۆســەی بەرهــەمهێنانی مــۆدێرن دەبەســتن».[1] بەوپێیــە بــەبێ لەبــەرچاوگرتنی ئەوەکــە داخــوا خاوەندارەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان کەسی یان گشتی بن بەرپرسان هــەم لەڕووی دەسەڵاتی بڕیــاردان وهــەمیش لــەڕووی کــەڵک وەرگــرتن لــەداهاتی نەتەوەیی خاوەنی پوانی بەرچاون. مەبەست لە«شۆڕشی بەرپرسان» دەست بەسەرداگرتنی پۆستەکانی دەسەڵاتەهەم لەحکوومــەت وهــەمیش لەسیستمی ئابووریــدا لەلایــەن ئــەو هەلپەرەســتانەوە کــەجێی کاپیتالیســتانی کۆنیــان گرتۆتەوە. بەپێی ئەوەی بەرپرسان زۆربەیان سامانداران وپیــاوی کــارکردن نــین تــەنیا قــازانجی کارگــە وپیشــەپێکهاتــەکانیــان دەوێ. بەشێکی زۆری پشــــکداران ئاگـــــاداری بەرێوەبەرایـــــەتی وشـــــێوەی پێشـــــوەچوونی پیشەپێکهاتەکــانی خۆیــان نیــین وتــەنیا شتێکی بیــری لێدەکەنــەوە نرخــی پشکەکانیانە لــەبــازاڕی بورسدا. بەرپرســان هەرچەنــدە جاروبــار خۆشیان

1. J. Burnham, *The Managerial Revoletion.* (New York, 1941), p. 91.

پشکدارن، بەڵام سەرچاوەی داهاتی زۆر وسەربەخۆیی کردەوەیان لەکۆنترۆڵ وبەڕێوەبردنی پیشەپێکهاتەکاندایە. ڕاستە بەرپرسان لەلایەن کۆمەلێکەوە هەڵدەبژێرێن کەنوێنەری پشکدارانە بەڵام لەهەمبەرهیچ کەسدا وڵامدەرەوە نین. چینی بەرپرسان تەنیا تایبەتی پیشەسازی نییە ولەبرۆکراسی دەوڵەتیشدا پەرەی سەندووە. فراوانی ئەرکەکانی حکوومەت لەڕوی چەندی وچۆنییەوە پێویستی بەسەرهەڵدانی چینێکی ئاوا هەبوو. دەوڵەتی مۆدێرن، خۆی گەورەترین ساماندار، بانکدار وزەوی دارە ولایەنی ئابووری، ماڵی، پیشەسازی، سپایی وخزمەتگوزاری جۆراوجۆری لەخۆگرتووە. بەوپێیە سروشتییەنوێنەرانی خەڵک لەپارڵمانی قانووندانانەدا ناتوانن *ستادێکی* پێویست بۆبەڕێوەبردنی دەزگایەکی دەوڵەتی ئاڵۆزی ئاوا دروستبکەن. لەئاکامدا ڕۆڵی هێزی بەڕێوەبەرایەتی ودەزگای ئۆفیسی لە"قانووندانانیشدا"بەرزدەبێتەوە. بۆوێنە "بابەتی زۆریەک لەو قانوونگرینگانەی کەکۆنگرەی ئەمریکالەوسالانەی دواییدا دەریکردوون، دانی بەشێکی زۆرتری دەسەڵاتی خۆی بوون بەدامەزراوەکانی تر".[1] بەوپێیەبێرنهام لەسەر ئەوباوەڕەبوو کەدەزگای ئۆفیسی وردەوردە جێگەی دەسەڵاتی پارڵمان دەگرێتەوە ودێموکراسی بەواتا نەریتییەکەی لەناودەچێ. لەکۆمەڵگای پیشەسازیدا دەسەڵات بەگشتی دەکەوێتە دەست بەرپرسان، تێکنۆکراتان، کاربەڕێوەبەرانی ئۆفیسی وبروکراتەکان. لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕۆڵی دەوڵەت ودەستێوەردانی دەوڵەت لەئابووریدا، ڕۆڵی

---

1. Ibid, p. 148.

چینــی بەرپرســان وکاربەرێوەبــەرانیش بەرزدەبێتــەوە. بێرنهــام لەســەر ئــەوباوەڕەبوو کــەزاڵبوونی بەتــەواوی چینــی بەرپرســان ڕەتێکــی هێــور ودرێژخایەنە وکاتێک بەتەواوی زاڵبوون، لیبراڵ کاپیتالیسم ودیموکراسی نەریتی لەناودەچن.

بیرۆکەکــەی بێرنهــام کاردانەوەیــەکیفراوانی لەناوکۆمەڵناســانی سیاسیدا پێکهێنــا. بۆوێنــە ڕایــت – میلزلــەکتێبی *ئێلیتــی دەســەڵاتدا* بــاوەڕی وایەکەکاریگەرییــە سیاســییەکانی ســەرهەڵدان وبلاوبوونــەوەی چینــی بەرپرســان زێــدەڕۆیی تێــداکراوە چوونکــە پەیوەنــدی وتێکبــەزیوی وبەرژەوەنــدی هاوبەشــی نێــوان بەرپرســان وســاماندراران لەئاســتێکدایە کەلــەڕووی سیاســییەوە دەبــێ وەک چینێکــی کۆمەڵایــەتی لەقەڵــەم بــدرێن. لەلایــەکیترەوە لاســوێڵ ولێرنێــر لــەکتێبی تویژینــە*نــەوەی پێکگرتــەیی ئێلیتەکانــدا* (پێشــتر باســی لێکــراوە) باوەڕیــان وایەکەلــەئاکامی قەیرانەئابوورییــەکانی دەرئــەنجامی دوو شــەری جیهــانی ڕۆڵــی چینــی کاپیتالیست یان ئێلیتی ئابووری لــەدەوڵەتــە ڕۆژئاواییەکانــدا بــەرەولاوازی دەچوو وچینێکــی تێکنۆکرات یــان"ئێلیتی سیاسی"لەگەڵ زاڵبــوونی بەســەر ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا وەک ئێلیتی زاڵ دەرکەوت.

بەو دواییانە ئۆلیوێن تــافلێر لــەکتێبی *جێگۆڕکێ دەسەڵاتدا*، بابــەتی لەوچەشنەی خستۆتەڕوو وباوەڕی وایە کەلەکۆمەڵگای سەرووپیشەسازیدا ســەرچاوەکانی دســەڵاتی سیاسی تووشــی ئــاڵوگۆری چۆنایــەتی هــاتوون بەچەشنێک کەوشیاری وەک سەرچاوەیەکی نوێی دەسەڵات دەبێتەجێگری

خاوەنـــدارەتی وســـەرچاوە نەریتییـــەکانی تـــری دەســـەڵات. بەرپرســـان وتێکنۆکراتان بەهۆی زانست وپسپۆرایەتی لەکەناڵی فێرگە وزانستگاکانەوە دەگەنەپۆستەکانی خۆیـان. بەوپێیـە پشـت بەپسـپۆرایەتی زانسـتی خۆیـان دەبەستن نـەک خاوەنـدارەتی ئـابووری. هەرلـەروەوە بنـەماکانی ڕەوایـی و فەرمانـدەری وپـەیڕەوی لەکۆمـەڵگای سـەرووپیشەسـازی مۆدێرنـدا تووشـی ئاڵوگۆری بنچینەیی دێن.

لــەو بیرۆکانــەدا ســەبارەت بــەڕەوتی جیابوونــەوەی خاوەنــدارەتی لـــەکـــۆنترۆڵی ئامرازەکـــانی بەرهـــەمهێنان لانـــی کـــەم لـــە سیســـتمە کاپیتالیســـتەکان زێـــدەڕویی کـــراوە. هـــەروەک ڕایـــت – میلزپێشـــانیداوە بەرپرسان زۆربەی کات گەورەپشکدارەکانن. بەپێی سەرچاوەیەک سەبارەت بەئەمریکا"[لە ٥٠٠ کۆمپانیای گەورەی] ناوگۆڤاری فۆرچـونـدا خـاوەنـدارەتی وکـۆنترۆڵ١٥٠کۆمپـانی لەدەسـت تاکێـک یـان ئەنـدامانی بنەماڵەیـەک دایـەو٧٠کۆمپـانی گـەورەش لەلایـەن دامەزرێنـەرانی ئەوکۆمپانیانـەوە بەڕێوەدەچن..."[1] پشکدارانی بچووک بەشێوەیەکی سروشتی دەستیان ناگاتە بەڕێوەبەرایەتییەوە. هەروەهائاخێزگەی کۆمەڵایەتی"ئێلیتی"بەرپرسانچینی بوورژوازییە. لەتوێژینەوە پەیوەندیدارەکاندا دەوترێ کەلەوڵاتانی ڕۆژئـاوا بەشـێوەیەکی مامناوەنـدی نزیکـەی ٦٠٪ بەرپرسـانی هەڵکەوتـەی کۆمپانیـا

1. R. Sheehan, “Proprietors in the World of Big Business”, *Forlune, 5, June,* 1967. pp. 178-182, quoted by Miliband, op. cit. p. 29.

وپیشەپێکهاتەکان لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە هەڵقوڵاوی چینی کاپیتالیستن".[1]

بەپێی سەرچاوەیەک "چینی بەرپرسان [لەئەمریکادا] گەورەترین گرووپی ناوکۆمەڵەی پشکدارانە وبەشێکی گەورەی ئەوچینەش لەچاوچینەکانیتر خاوەن پشک وسامانن".[2] بەپێی سەرچاوەیەکیتر "کۆمپانیاکان پشت بە تێبینی ئۆلیگارشییە زۆر بچووک وبەردەوامەکان دەبەستن. ئەوانیش خۆیان هەڵقوڵاوی ناوبەشێکی بچووکی دانیشتوانی ئەمریکان واتا بەشی بازرگانی ومالی".[3] بەباوەڕی ئەوکەسانەی لەچاو چینی کاپیتالیست زۆرتر جەخت دەکەنە سەرگرینگایەتی ورۆڵی چینی بەرپرسان لەگەڵ زاڵبوونی بەرپرسان بەستراوەیی دەوڵەت بەچینی کاپیتالیستیش لەناودەچێ، چوونکەبەرپرسان لەپێناوبەرژەوەندی گشتیدابڕیاردەدەن. بالام بەکردەوە بەرپرسانیش لەژێرتەنگەژەی ئەوسیستمەدان کەکاری تێدادەکەن وهەروەک پێشتریش وتمان گۆڕانی"پێرسۆنێلی"دەوڵەت کاریگەرییەکی نییە لەسەر بەستراوەیی دەوڵەت بەسامانەوە. هەروەها بەرزبوونەوەی قازانج ولێهاتوویی پێکهاتەئابوورییەکان یەکێک لەئامانجە سەرەکییەکانی بەرێوەبەرایەتین. چینی بەرپرسان یەکێک لەچینە پرداهاتەکانی ولاتانی کاپیتالیستین. بەپێی

---

1. T.B. Bottomore, *Elites and Society,* chap. 4.
2. G. Kolko, *Wealth and Power in America.* (New York, 1962), p. 67, in Miliband, The *State in Capitalist Society,* p. 34.
3. A Berle, *The xxth Century Capitalist Revolvtion,* 1960. p. 180, quoted by Miliband, op. cit. p. 30.

هەمان سەرچاوەمووچەی۲٥۰هەزاردۆلاری لەساڵدابۆبەرپرسانی هەڵکەوتەی پیشەپێکهاتەکانی ئەمریکا شتێکی ئاساییە. داهاتی مامناوەندی بەرپرسان لەدەیەی ۱۹۷۰دا نزیکەی ۷۳هەزار دۆلار ڕاگەیەنراوە.[٤]

بەگشتی لەڕووی داڕشتەییەوە بەرپرسان کاربەڕێوەبەرانی خاوەنێتی تاکەکەسین ولەهیچ سەرچاوەیەکیشداباسی سەرهەڵدانی ناکۆکی بنەرتی لەنێوان ئەوان وکاپیتالیسمدانەکراوە. سەرەڕای ئەوە بێتوو کاربەڕێوەبەرانی دەوڵەت،بەرپرسان وتێکنۆکراتان خاوەنی ڕێکخراوە بن ئەوا زۆرتر دەتوانن دزەبکەنە سەرڕەوتی سیاسەت. "ئەنستیتۆی بەرپرسانی"(Institute of directors) ئینگلیس ساڵی ۱۹۰۳ پێکهات بەڵام هەتا ساڵی ۱۹٤۸کە دووبارە ڕێکخراوە دزەیەکی ئەوتۆی نەبوو. ژمارەی ئەندامانی لەساڵی ۱۹٥٤دا، ۱۰هەزارولەساڵی ۱۹٥۸دا، ۲٦هەزار کەس بوو. بەپێی "کتێبی ڕێنوێنی بەرپرسان" لەساڵی ۱۹٥۸ ژمارەی بەرپرسان لەبریتانیادا، ۳۰هەزارکەس ڕاگەیەنرا. دزەکردنی ناوپاڕلمان ئەرکی سەرەکی دامەزراوەی بەرپرسان بووە بەمەبەستی باشتربوونی بارودۆخی چینی خۆیان و وەرگرتنی بەڵێنی کەم کردنەوەی باج.[۱] یەکێکیتر لەگرووپە خاوەن دزەکانی سیاسەتی ئینگلیس "ئەنجوومەنی نەتەوەیی کاربەڕێوەبەرانی حکوومەتە"کە لەحکوومەتە خۆجێی وپیشەپێکهاتە نەتەوەییەکاندا نوێنەرایەتی کاربەدەستانی باڵاو ئۆفیسی دەکا.

4. Miliband, op. cit. p. 35.
1. S. E. Finer, op. cit. p. 119.

لــــە ڕۆژئـــاوای ئەڵمانـــدا بروکـــرات وکاربەڕێوەبـــەرانی دەوڵـــەت وبەرپرسـانی پیشـەپێکهاتـەە گشـتییەکان ئەنجوومـەنی تایبـەت بـەخۆیان هـەبوو کەلەسـاڵی ١٩٥٨دا خـاوەنی ٥٢٠ هـەزار ئەنـدام بـووە و هـەڵگری بۆچـوونی سیاسـی کۆنسـێرڤات بـوون وبـەردەوام لەگـەڵ فێدراسـیۆنە کرێکارییەکاندا لەگێرەوکێشە دابوون.[٢]

2. W. Hirsch -Weber, op. cit. p. 99.

## ٣

# ڕۆڵ و دەوری وردەبوورژوازی لە سیاسەتدا

بەشێوەیەکی سروشتی مەبەست لەوردەبوورژوازی ئەو چینەیە کە لەکۆمەڵگای کاپیتالیستی بوورژوایی دا دەکەوێتە نێوان چینەکاپیتالیست وکرێکارییەکانەوە و ئەو خاوەنداره ئامرازە بەرهەمهێنە بچووکانە لەخۆدەگری کە هەرچەندە هەروەک کاپیتالیستەکان بەشێکی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان لە بەردەست دایە بەڵام چینەکانی تر ناچەوسێننەوە. وردەبوورژوازی بەشداری پرۆسەی کار و بەرهەمهێنانە و لە ڕوویەکیشەوە لەلایەن بوورژوازی گەورەوە دەچەوسێتەوە. تەنانەت ئەگەر وردەبوورژوازی کەڵک لەحەقدەستیش وەرگرێ دیسانیش چەوسانەوە ناتوانێ لەبەشداری پرۆسەی کاری بەرهەمهێنان دا بێ نیازی بکا. بەباوەڕی زۆربەی مارکسیستان، لەسەرەتاکانی پەرەسەندنی کاپیتالیزم دا وردەبوورژوازی بەربڵاوترین چینی کۆمەڵایەتییە بەڵام لەگەڵ چڕبوونەوەی دەسمایە لەدەست بوورژوازی گەورەدا ئەوچینە لاواز دەبێ و لەکۆمەڵگای کاپیتالیستی پێشکەوتووش دا دەبێتە چینێکی بچووک. لە *مانیفێستی کومۆنیستی دا* مارکس و ئیگێڵز باوەڕیان وایە کە دواجار وردەبوورژوازی لەناو پرۆلیتاریا دا دەتوێتەوە. بەباوەڕی ئەو دوو بیرمەندە وردەبوورژوازی لەڕووی ئایدۆلۆژیا و سیاسییەوە هەڵوێستی کاتی و بگۆڕ دەگرێتە بەر. مارکس لە کتێبی *برۆمێر لۆیی بۆناپارتی هەژدەهەم دا(١٨٥٢)*

دەڵێ: "تایبەتمەندی بەرچاوی وردەبوورژوازی هەوڵ دان بۆهەڵوەشاندنەوەی دەسمایە یان حەقدەست نییە بەڵکوو تێکۆشانە لەپێناو کەم کردنەوەی گرژی و پێکهێنانی هاوئاهەنگییە لەنێوانیان دا".[1] لێنین لەسەر ئەوباوەڕە بوو کە وردەبوورژوازی بەپێی شوێنگە تایبەتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەی بەردەوام لەنێوان شۆڕش و دژەشۆڕش لەجێگۆڕکێ دایە.[1] تا ئەوکاتەی کاپیتالیسم هەیە وردەبوورژوازی لەژێر مەترسی هەڕەشە و زاڵ بوونی ئابووری دایە بەڵام بەهۆی ترسی لەدەست دانی دەسمایە بچووکەکەی ناتوانێ بەدڵەوە بچێتە ناو شۆڕشی دژەکاپیتالیستییەوە.[2] وردەبوورژوازی لەڕووی ئایدۆلۆژیا و سیاسییەوە، دەتوانێ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێری لەدژی کاپیتالیسم بخاتە گەڕ، بەڵام هیچ کات تاسەر بەشۆڕشگێری نامێنێتەوە و لەنیوەی ڕێ دا تووشی دڵەڕاوکێ دێ و تەڨلی بوورژوازی دەبێ. بەباوەڕی لێنین وردەبوورژوازی لەکاتی هەستیاری شۆڕشدا "هێزی شۆڕشگێرانەی جەماوەر لەناو دەبا".[3] لێنین "وردەبوورژوای" پێ جنێوێکی سیاسی بوو، و بەچاوێکی کەمەوە سەیری بزوتنەوەکانی وەک پۆپۆلیزمی سۆڤیەت، شۆڕشگێرە کۆمەڵایەتییەکان، مێنشەویکەکان وبەشێکی ڕووناکبیرانی دەکرد و بەتەوسەوە بەوردەبوورژوازی ناوی دەبردن.

---

1. Bottomore and Goode. op. cit. p. 96.
1. Lenin, *Collected Works.* Vol. 10, pp. 250-65.
2. Ibid, vol. 17. p. 80.
3. Ibid, vol. 21, p. 252.

کارڵ مانهایم، لە کتێبی *ئایدۆلۆژیا و یۆتۆپیادا* لەسەر ئەو باوەڕەیە کە وردەبوورژوازی وەک یەکێک لە پێگە کۆمەڵایەتییەکانی ئایدۆلۆژیا کۆنسێرڤاتیزم کاردانەوەیەکی فکری و سیاسییە لە هەمبەر ڕەوتی تێکڕووخاندنی جیهانی کۆن. شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئایدۆلۆژیا کۆنسێرڤاتیزم لەلایەن گرووپەکانی وەک وردەبوورژوازی، جووتیاران و ئەریستۆکراتەکانەو هەڵدەگیرا کە دەکەوتنە دەرەوەی پرۆسەی گشتگیری عەقڵانییەتی کاپیتالیسمەوە و دژایەتی لایەنە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفەی ڕۆشنگەرییان دەکرد. بە باوەڕی مانهایم یەکەم دژبەرانی کۆمەڵگای کاپیتالیسمی بوورژوایی، وردەبوورژوازی بوون.

پیش سەرهەڵدانی سیستمی کاپیتالیزمی مۆدێرن وردە بوورژوازی یان چینی مام ناوەندی نەریتی لە هەموو شوێنێک دا بەشێوەی سینف وڕێکخراوی کرێکاری پێکهاتبوو. لە ئورووپای چاخی فیۆدالی دا بە سەرنجدان بە پەرتەوازەیی دەسەڵاتی سیاسی ئەو سەردەمە وردە بوورژوازی خاوەن سەربەخۆییەکی زۆرتر بوو و لەهەندێ وڵات دا لەناو شارە نیوە خۆبەرێوەبەرەکان دا دەژیا و وەک گەرایی بوورژوازی نوێ دەهاتە ژمار. وردە بوورژوازی هاوڕێی چینە نەریتییەکانی تر زۆربەی کات یەکێک بووە لە هێزە بەرگرییەکان لەهەمبەر هەوڵی پاشا سەرەڕۆکان لە بواری نوێژەن کردنەوەی ئۆفیسی ومالی دا. لە زۆربەی بوار دا کاتێک دەوڵەتانی سەرەڕۆی نوێخواز تووشی قەیران هاتوون وسەرەتا پێویستەکانی شۆڕش دەستەبەر بوو، وردەبوورژوازی وەک بەشێکی هێزە شۆڕشگێرەکان هاتۆتە گۆڕەپانی چالاکی سیاسییەوە. ئەنجامی شۆرشە بوورژواییەکان بە قازانجی

سەرمایەی بازرگانی و پیشەسازی بوو. لەولاتانی رۆژهەلات دا پێش سەرهەڵدانی کاپیتالیزمی مۆدێرن وردەبوورژوازی لەچاو چینە هاوشێوەکانی خۆی لەڕۆژئاوا دا سەربەخۆی کردەوەی کەمتر بوو. بەلام لەئاکامی دزەی دەرەکی و لاوازبوونی دەسەلاتی ناوەندی زۆربەی کات ئەو چینە بووە بە پێگەی کۆمەلایەتی ناسیۆنالیزم ودژایەتی کاپیتالیزمی ڕۆژئاوا. لەڕاستی دا وردەبوورژوازی تەنیا لەهەلومەرجی قەیران وتێپەرکردن وشۆڕش دا ڕۆلی سیاسی ئەکتیڤی گێراوە. زۆربەی کات وردەبوورژوازی پاش ڕەوینەوەی هەلومەرجی قەیراناوی توانا و سەرچاوە و زانیاری و ڕێکخستنی پێویست بۆدرێژەدان بە چالاکییە سیاسییەکانی خۆی لەدەست دەدا.

وردەبوورژوازی بەتایبەت لەهەندێ هەلومەرجی دارشتەیی و مێژوویی تایبەت دا ڕۆلێکی سیاسی بەرچاوی گێراوە. ڕوودانی شۆڕشە توند و تیژەکان و سەرکەوتنی خێرای شۆڕشی پیشەسازی، لە ولاتانی ڕۆژئاوا دا کە ئەزموونی مۆدێرنیزە بوونی دێموکراتیکیان هەبوو، دارشتەی کۆمەلگای نەریتی بەتەواوی تێک شکاند و لەئاکام دا وردەبوورژوازی هاورێی چینە نەریتییەکانی تر تووشی ئالوگۆر هات و ڕێکخراو و شووناسی خۆی لەدەست دا. لەولاتانێکی وەک فەرانسە، بریتانیا و ئەمریکا پاش چاخی شۆڕش، بزووتنەوەی بوورژوایی ناهاتە دیی. بەلام لەو ولاتانەی ئەزموونی شۆڕشە سیاسییە توند و تیژەکان و شۆڕشی پیشەسازی خۆڕسکیان نەبوو و بە مەبەستی گەیشتن بەئاستی ولاتانی پێشکەوتووتر دەستیان دابووە ئەنجامی ڕیفۆرم و مۆدێرنیزە کردن لە

سەرووڕا، هەلومەرجی مێژوویی بۆ چالاکی سیاسی وردەبوورژوازی ڕەخسا. لەولاتانێکی وەک ئەڵمان، ژاپۆن و ئیتالیا دا بەهۆی گەلێ هۆکاری جۆراوجۆری مێژووییەوە شۆڕشێکی وەک شۆڕشی فەرانسە و بریتانیا نەهاتۆتە ئاراوە. دەوڵەتە ئەریستۆکراتە ڕیفۆڕمخواز و ناسیۆنالیستەکانی ئەو ولاتانە لەڕێگەی ڕیفۆڕمی ئۆفیسی و مالی و ئابوورییەوە ڕێگای تێپەرکردنی هێور و هێدی هەلومەرجی پێش کاپیتالیزم بۆ هەلومەرجی کاپیتالیزم و مۆدێرنیزم و پیشەسازیان بۆ کۆمەڵگای خۆیان خۆش کرد. لەگەڵ ئەوەی هەندێ ڕیفۆڕم کران بەلام داڕشتەی کۆمەڵگای نەریتی بە دەست لێنەدراوی مایەوە. لەئاکامی ئەو پڕۆسەیە دا کۆمەڵگایەکی دوو لایەنە سەری هەڵدا کە لەو کۆمەڵگایەدا لایەنی بەرهەمهێنان و داڕشتە کۆمەلایەتییە کۆن و نوێیەکان دەکەوتنە پاڵ یەک. بەسەرنجدان بەوە کە ئەو ولاتانە ئەزموونی شۆڕشی گشتگیریان نییە، یەکریزی و ڕێکخراو و شووناس و ئایدۆلۆژیا چینە نەریتییەکان و یەک لەوان وردەبوورژوازی بەدەست لێنەدراوی مایەوە. وردەبوورژوازی بەشێوەیەکی شاراوە چینێکی دژە مۆدێرنیزم و کاپیتالیزمە و هەر لەڕووەوە لەڕوانگەی ڕاست ڕۆیانەوە شۆڕشگێر و ڕادیکال بووە. لەهەلومەرجێک دا کە دەوڵەتە نوێخوازە ڕیفۆڕمیستەکان (وەک کۆماری وایمار لە ئەڵمان دا ) تووشی سستی و قەیران هاتن، بواری خەبات و سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان لەدژی ئەو دەوڵەتانە بەهێزتر بوو و لەو بەستێنە دا ئەو گرووپانەی هەڵقۆلاوی وردەبوورژوازی نەریتی بوون بەخستنە ڕووی ئایدۆلۆژیایەکی نوێ کە زۆربەی کات ئاوێتەیەکی ئایدۆلۆژیایە

نەریتییەکان بوو کەوتنە دژایەتی لەگەڵ مۆدێرنیزم، ڕیفۆڕمیزم، کاپیتالیزم و سوسیالیزم. یەکێک لەچینە سەرەکییەکانی لایەنگری بزووتنەوە ڕاستە ڕادیکاڵە دژە مۆدێرنیستەکان واتا بزووتنەوە فاسیشتییەکان لەهەموو شوێنەکان دا وردەبوورژوازی بووە و یان بەواتایەکی باشتر پێگەی کۆمەڵایەتی باڵی چەپ یان ڕادیکاڵی بزووتنەوە و ڕژێمە فاسیشتەکانی پێک هێناوە.

زۆربەی توێژەران پشتگیری وردەبوورژوازی لە بزووتنەوە فاشییەکانیان بەڕوونی پێشان داوە.[1] لەسەرەتای سەدەی بیستەم وردەبوورژوازی لە ئوورووپا دا ڕووبەڕووی هێزە ڕێکخراوە بوورژوازی و چینە کرێکارییەکان ببۆوە و لەئاکام دا هەستی بە نەبوونی تەناهی و بێ دەسەلاتی دەکرد. داشکانەوەی وردەبوورژوازی بە لای بزووتنەوەی ڕاستە توندڕۆکان دا دژکردەوەیەک بوو لەهەمبەر گەشەی عەقڵانییەتی کاپیتالیزم دا. لە وڵاتێک دا کە وردەبوورژوازی بە هۆی هۆکار مێژوویییەوە بەهێز مابێتەوە، ئەوا لە هەلومەرجی قەیرانی ئابووری دا وەک قەیرانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ئەو چینە لە ڕوی سیاسییەوە ئەکتیڤ دەبێ. لە

---

۱. سەبارەت بە مەترسییەکانی سەر وردەبورژوازی و بازاری بچووک و کاریگەریان لە سەرهەڵدانی فاشیزم دا بڕوانە ئەو سەرچاوانەی خوارەوە:

- برینگتون مور، *ریشه های اجتماعی دیکتاتوری ودموکراسی*، ترجمه حسین بشیریه، نشر دانشگاهی، ۱۳٦۷، فصل دوم.
- اریش فروم، *گریز از آزادی*، ترجمه عزت الله فولادوند، کتابهای جیبی، ۱۳۵۳، فصل پنجم وششم.

بنەما دا فاشیزم ئایدۆلۆژیا وردەبوورژوازی داڕووخاو و زیان ویکەوتوو لەلایەن مۆدێرنیزمی کاپیتالیستانەوە بوو. وردەبوورژوازی لە چالاکییە سیاسییەکانی دا بەردەوام لەلایەن هێزە نەریت و کۆنسێرڤاتەکان بەتایبەت ئەریستۆکرات و جووتیارانەوە پشتگیری دەکرا. لەڕاستی دا فاشیزم لە کۆمەڵگایەک دا بواری سەرهەڵدانی بۆ دەرەخسێ کە نیوە نەریتی و نیوە پیشەسازی بێ و هێزەکانی کۆمەڵگای نەریتی لەجێی خۆیان دا مابنەوە. سیمۆن مارتین لیپسێت لە کتێبی *مرۆی سیاسی دا* پێشان دەدا کە فاشیزم، بزووتنەوەی وردەبوورژوازی بوو، لەڕاستی دا وردەبوورژوازی بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیان و زەرەدانەی لەلایەن پرۆسەی بەپیشەسازی بوونەوە ویێ کەوتبوو لە هەمبەر بزووتنەوەی دێموکراسی، مۆدێرنیزم و سێکیولاریزم دا بزووتنەوەی فاشیزمی وەڕێخست. بنەمای ڕەوانی بزووتنەوەی جەماوەری ئەڵمان پێکهاتبوو لەوەی کە وردەبوورژوازی و چینە مام ناوەندییەکانی ڕووەو نەمان هەستیان بە نەبوونی هێمنایەتی دەکرد.[1]

ڕاینهارد کۆنڵ، لەکتێبی *فاشیزم: ڕێگەی خۆدزینەوەی کۆمەڵگای کاپیتالیستی لە قەیران دا*، ڕۆڵی وردەبوورژوازی لە سەرهەڵدانی بزووتنەوە و ڕژێمە فاشییەکان تاوتوێ دەکا و پێشان دەدا کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم لە وڵاتانی ناوەندی ئۆورووپا دا ژمارەی ئەو

---

1. S. M. Lipset, *Political Man.* (London, 1963), pp. 127 – 35.

کەسانەی سەرقاڵی چالاکی ئابووری سەربەخۆ بوون، واتا وردەبوورژوازی، کەم بوونەوە. بۆ وێنە لە ساڵی ١٨٨٢ لە ئەڵمان دا، ٤٢/٨٪ سەرجەم دانیشتوان سەرقاڵی چالاکی ئەوتۆ بوون، ئەو ئامارە لە ساڵی ١٩٠٧ دا دابەزی بۆ ٣٥٪ و لە ساڵی ١٩٣٣ دا گەیشتە خوارتری ٣٠٪. بەو پێیە وردەبازرگان و خاوەن پیشەکان ئاگاداری لەناوچوونی خۆیان بوون و بە دوای ڕێگە چارەدا دەگەڕان. لە ئاکام دا هەم بەرەنگاری گەورە کاپیتالیستە پاوانکراوەکان بوونەوە و هەمیش ڕێکخراوە کرێکارییەکان. لە ڕاستی دا ئەو چینە مام ناوەندییە حەز و تاسەکانی خۆی لە سەردەمانی پێش کاپیتالیزم و پیشەسازی و دێموکراسی دا دەدیی. لە ساڵی ١٩١٨ بە دواوە بارودۆخی وردەبوورژوازی لە ئەڵمان، ئۆتریش و ئیتالیا دا خراپتر بوو. ئاوسانی ئابووری ساڵانی دواتر پاشەکەوتەکانی ئەو چینەی هەڵلووشی. لە لایەکی ترەوە سەرکەوتنی شۆڕشی سوسیالیستی لە سۆڤیەت دا و بڵاوبوونەوەی بزووتنەوە کرێکارییەکان وردەبوورژوازی ئووروپایان خستبۆە مەترسییەوە. تاوتوێ کردنی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو تاکانەی دەنگیان دایە حیزبە فاشییەکان، بە پێی لێکۆڵینەوەکەی کۆنڵ ئەوە پێشان دەدا کە لایەنگرانی فاشیزم تایبەتمەندی وردەبوورژواییان هەبوو.[٢]

---

٢. راین هارد کونل، *فاشیسم: مفر جامعه سرمایه داری از بحران.* ترجمه منوچهر فکری ارشاد، انتشارات توس، ١٣٥٨ ، ٢٥– ١٤

ئێریش فرۆم لە کتێبی *هەڵاتن لە ئازادی دا* بوارە ڕەوانییەکانی ئۆگری وردەبوورژوازی بۆ فاشیسمی ڕوون کردۆتەوە. بە ڕای فرۆم ئایدۆلۆژیا سەرەڕۆیانەی نازیسم لە ڕووی ڕەوانییەوە جێ سەرنجی وردەبوورژوازی ئەڵمان بوو. وردەبوورژوازی لەچاو توێژەکانی تری کۆمەڵگا لە دڵەوە پێشوازی لە ئایدۆلۆژیا نازیسم کرد. بە باوەڕی فرۆم، تایبەتمەندییە ڕەوان ناسانەکانی وردەبوورژوازی ئەڵمان بۆ وێنە دەسەڵات ویستی هاوڕێی هەستی لاوازی، پێرەوکار، کەسایەتی دەسەڵات ویست، ڕێبەر پەروەری و لەو جۆرە بابەتانە بەرهەمی مێژووی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتە بوو. وردەبوورژوازی لە ئاکامی گەشە و بڵاوبوونەوەی کاپیتالیسمی بە پاوانکراو و مۆدێڕن دا تووشی ترس و تەنگژە هات و بۆ تۆڵە کردنەوە خوازیاری دەسەڵات بوو. لە ڕاستی دا توندوتیژخوازی ئایدۆلۆژیا نازیسم و فاشیسم، ڕەنگدانەوەی ترس و بێزاری و توورەی وردەبوورژوازی بوو. فاشیزم، کرانەوەی گرێ ڕەوانییەکانی وردەبوورژوازی ترساو و تۆقاو بوو. هیتلێر، لە سەرەتادا خۆی وەک زرگاریدەری سەرمایەی بچووک و دوژمنی سەرمایەی گەورە و پاوانکراو و بانکی لە دڵی بوورژوازی دا جێ کردەوە. لە دەوڵەتی فاشیستی ئەڵمان دا هەزاران وردەبوورژوا بوونە خاوەن سامان و توانایيەکی بەرچاو و قەرەبووی ئەو سەردەمەیان کردەوە کە هەستیان بە کەمی دەکرد . فاشیزم هەستی سەروەری دەبەخشییە وردەبوورژوازی و ڕەهەندە پێویستەکانی هەستی سادیستی و مازووخیستی بۆ دابین دەکرد. کەسایەتی سادیستی – مازووخیستی هیتلێر هاوئاهەنگ بوو لەگەڵ جۆری کەسایەتی

وردەبوورژوازی ئەڵمان دا. بوونی سیستمی زنجیرە پلەی توونـد وتیژ لـە فاشـیزم دا وڵام دەری پێداویسـتییەکانی کەسـایەتی دەسـەڵات ویسـتی وردەبوورژوازی بوو.

لـە سـەرجەم وڵاتـانی دواکـەوتوو دا وردەبـوورژوازی لـە ڕووی پەرەسەندنی کاپیتالیستییەوە، ڕۆڵێکی بـەرچاوی گێـراوە لـە سـەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیایە ناسیۆنالیستییەکان دا. دزەی کاپیتالیزمی دەرەکی بە تایبەت لە بواری ئابووری و فەرهەنگی لەو وڵاتانەدا دژکردەوەی چینە نەریتییەکان و لـە وانـیش وردەبـوورژوازی بـەدواوە بـوو. دزەی ئـابووری و بەربڵاوبوونـەوەی هاوردەکـان هـەلی نـەمانی ئـابووری نـەریتی و وردەبـوورژوازی دەسـتەبەر کـرد. دژکـردەوەی وردەبـوورژوازی و چینـە نەریتییـەکان شـێوەی ناسـیۆنالیزمی توونـدی لـەخۆ گـرت. ڕۆڵـی وردەبوورژوازی لە سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیا ناسیۆنالیزم لەلایەن ئینگێلس، لوکزامبوورگ و لێنینـەوە ئامـاژەی پێکـراوە. ناسیۆنالیزم زۆر جـار وەک ئایـدۆلۆژیا چینـی نـەریتی ڕوو لـە نـەمان دەرکـەوتووە. لـە شۆڕشـە نەتەوەییەکانی وڵاتانی ڕوو لە پەرەسەندنی وەک چین، کۆبا، ئەلجـەزاییر و ڤێتنـام دا وردەبـوورژوازی نـەریتی و جووتیـاران کـە بـە هـۆی بەربڵاوبوونـەوەی بـازاڕی جیهـانی کاپیتالیزمـەوە زیانیـان لـێ کـەوتبوو، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیا شۆڕش دا.

ڕۆڵی وردەبوورژوازی لە دەوڵەتە دێموکراتیکە هاوچەرخەکان دا دەبێ لـە چوارچێـوەی چالاکییـەکانی هـەڵبژاردن و حیزبـی دا تـاوتوێ کـرێن.

توێژینـەوەکان پێشـاندەری ئـەوەن کـە لـە فەرانسـە و ئیتالیـا دا لـە نێـوان ئاراستە سیاسی و ئایدۆلۆژیاکەکانی وردەبوورژوازی نەریتی ( دوکانـداران، ئەو کرێکارانەی بە ئامراز کـار دەکـەن، خـاوەن پیشـەکان و کاسبکاران ) و ئاراستەی وردەبوورژوازی کرێوەرگری نوێ دا جیاوازی بە ئاشکرا دەبینـرێ. لە فەرانسە دا وردەبوورژوازی هەر لە سەردەمانی شۆڕشی مەزنەوە خـاونی ئاراستەی دێموکراتیک و ڕیفۆڕمیستی بـووە. ئـەو چینـە لـە سـاڵی ١٨٤٨ دا پشتگیری لە کۆماری دووهەم کرد و لە ساڵانی ٨٠ – ١٨٧٠ دا یارمـەتی پتـەو بـوونی کۆمـاری سـێهەمی کـرد. لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم دا حیزبـی ڕادیکـاڵ، حیزبـی وردەبـوورژوازی فەرانسـە بـوو. لـە ئیتالیـاش دا وردەبوورژوازی تا ماوەیـەکی زۆر ئاراسـتەی لیبرالـی هـەبوو بـەڵام شـەری یەکەمی جیهانی و قەیرانەکانی دوای شـەر ئاراسـتەی ئـەو چینـەی گـۆڕی و کردییە هاوپەیمانی فاشیزم. لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا وردەبـوورژوازی فەرانسـە و ئیتالیا کە لە هەمبەر گەشـە و پەرەسـەندنی تکنیکـی و بەربڵاوبوونـەوەی پیشەپێکهاتەە گـەورەکان دا هەسـت بـە سسـتی و لاوازی دەکـەن، بەئاشـکرا خـاوەنی ئاراسـتەی "دواکـەوتووین" و لـە ڕووی سیاسـیەوە نـارازین. وردەبوورژواکان هەم سەرمایەی گەورە یان "فیۆدالیزمی ماڵی" ڕەش دەبینن و هەمیش لە "پڕۆڵتریزە" بوون دەترسن، هەست دەکـەن کـە هـیچ کـام لـە ئایدۆلۆژیایـەکانی لیبراڵیـزم و سۆسـیالیزم نـاتوانن بەرژەوەندییـەکانیان دابین بکەن. جۆرە کۆڕپۆڕاتیزمێکی نوێ زۆرتر لە هەر ئایدۆلۆژیایەکی تـر سـەرنجی ئـەوان بـۆلای خـۆی ڕادەکێشـێ. لـە فەرانسـە دا بزووتنـەوەی پۆدجـادیزم (Poujadism) زۆرتـر لەلایـەن دوکانـدار و خـاوەن پیشـەکانەوە

پشتگیری دەکرا. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٦ دا نیوەی دەنگەکانی بزووتنەوەی پۆدجادیزم لە لایەن وردەبوورژوازییەوە دابین کرا. (سەرجەمی دەنگەکانی وردەبوورژوازی ١٨٠٠٠٠٠ دەنگ بوو ). بەڵام پۆدجادیزم بزاوتێکی کاتی بوو و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی زۆربەی کاسبکار و دوکاندارانی فەرانسە بەچارەسەر نەکراوی ماوە. لە فەرانسە دا وردەبوورژوازی بە تایبەت لە کاتی چالاکی هەڵبژاردنەکان دا بەمەبەستی ئاگادار بوون لە هەڵوێستی کاندیداکان سەبارەت بە بڕیار و کێشە تایبەتەکانی قانووندانان نامە و پرسیانامەی بۆ کاندیداکان دەنارد و لەو ڕێگەوە گووشاری بۆ سیاسەتڤانان دێنا و دزەی لە ناویان دا دەکرد. لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٥٨ ئیتالیا دا نیۆفاشیزمەکان و "پاشا خوازان" نزیکەی ١٠/١ دەنگەکانیان وەدەست هێنا. ٤/١ وردەبوورژوازیش دەنگی دابووە ئەو دوو حیزبە. وردەبوورژوازی لە فەرانسە و ئیتالیا دا زۆرتر لە هەر چینێکی تر ئۆگری ئایدۆلۆژیایە دژە دێموکراتیکە ڕاستە توند ڕۆیەکانی وەک نیۆفاشیزم بووە.[1]

لە ڕۆژئاوای ئەڵمان دا "کۆمەڵەی ناوەندی ئەو کەسانەی بە ئامراز کاردەکەن" وەک سینفێکی نەتەوەیی پیشەسازی کاران جووڵاوەتەوە و مەبەستیشی گەیشتن بە هەڵوێستێکی وەک یەک و یەکدەست بووە سەبارەت بە کێشەکانی لەپێناو دزەکردن لە حکوومەت دا . ئەو کۆمەڵە لەگەڵ

---

1. M. Dogan, “Political Cleavage and Social Stratification in France and Italy,” in *Party Systems and Voter Alignments: Cross-Nationl Perspectives.* Edited by S. M. Lipset and S. Rokkan (The Free Press, New York, 1967), pp. 150- 155.

ڕێکخراوی ناوەندی وردەفرۆشان و ڕێکخراوی خاوەن مڵکەکان و فێدراسیۆنی فەرمانبەرانی دەوڵـەت و هەنـدێ کۆمەڵـەی وردە وەرزێـران، فێدراسـیۆنێکی بەهێزیان پێکهێناوە.[1]

بـە پێـی هەنـدێ توێژینـەوە بزووتنـەوەی مـەک کـارتیزم لـە وڵاتـە یەکگرتووکانی ئـەمریکاش دا زۆرتـر لەلایـەن وردەبـوورژوازی ئـەو وڵاتـەوە پشتگیری لێ دەکرا. پشتگیری بەشێکی بـەرچاوی دانیشـتوانی ئـەمریکا، لـە سێناتۆر مەک کارتی و تێروانینەکانی کەمتر لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسانەی لەسەر کراوە بەڵام لـە توێژینەوەیـەکی مـارتین تـرۆ[2] دا بـە ڕوونـی پێشـان دراوە کــە مــەک کــارتی بەشــێکی بــەرچاوی پشــتگیری خــۆی لــە نــاو وردەبوورژوازی ئەمریکا ( ساماندارانی بچووک و دوکانداران ) وەدەست دێنا و لـە لایـەن چینـی مـام ناوەنـدی کـرێ وەرگـرەوە پشـتگیرییەکی ئـەوتۆی لێنەدەکرا. لەو توێژینەوە دا مارتین تـرۆ بـاوەڕی وایـە کـە بـە پێچەوانـەی بیروڕای باو دیاردەی مـەک کـارتیزم لـە ئـەمریکا دا دەرئـەنجامی نـەبوونی تۆلرانسی سیاسی نەبووو بەڵکووو نەبوونی نەبوونی تۆلرانسی سیاسـی و مەک کارتیزم هـەر دوو دەرئـەنجامی هـەل و مـەرجێکی کۆمەڵایـەتی تایبـەت بوون. پشتگیری لە مەک کارتی ڕەنگدانەوەی نارەزایەتی وردەبوورژوازی لە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی وسیاسی بـوو. مـەک کـارتیزم زۆرتـر لـە

---

1. Hirsch-Weber, op. cit. pp. 101-2.
2. M. Trow, “Small Businessmen, Political Tolerance and Support for McCarthy.”, in Coser, op. cit. pp. 181-203.

لایەن ئەو وردەکاپیتالیستانەوە پشتگیری لێ دەکرا کە دەترسان لە ئاکامی پڕۆسەی چربوونەوەی سەرمایە و سەرهەڵدانی کۆمپانیا بە پاوانکراوەکان و بەربلاوبوونەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووری دا ستاتۆ و شکۆ و پێگەی کۆمەڵایەتی وئابووریان لە دەست بدەن. نووسەر لە کۆتایی دا، مەک کارتیزم و پشتگیرییە کۆمەڵایەتییەکەی لەگەڵ بزووتنەوەی ناسیۆنال سۆسیالیستی ئەڵمان و بزووتنەوەی پۆجادیزمی فەرانسە لە بەریەک ڕۆناوە و گەلێ ویکچوویی بەرچاوی لە نێوانیان دا دۆزیوەتەوە.

لە درێژەی سەدەی بیستەم لە ئێران دا وردەبوورژوازی یەکێک لە هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی سەردەمانی قەیران، یاخیبوون و سەرهەڵدان بووە. لە شارە گەورەکانی ئێران دا وردەبوورژوازی پشتگیری لە هێزە سیاسییە نەریتییەکان بەتایبەت زانایان و پیاوانی ئایینی کردووە و هەمیشە خاوەن ئاراستەی دینی بووە. هەندێ حیزبی سیاسی وەک فیداییانی ئیسلام و موجاهیدینی ئیسلام لە دەیەی ۱۳۲۰ هەتاوی دا لەلایەن وردەبوورژوازییەوە پشتگیری دەکران. هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە وردەبوورژوازی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی گەورەی دژی دزەی ئابووری و فەرهەنگی کاپیتالیزمی ڕۆژئاوا بووە و پشتگیری لە بزووتنەوەی فەرهەنگی، ئابووری و ئایینییەکانی وەک بزووتنەوەی تووتن و شۆڕشی مەشرووتە کردووە. سەرە ڕای ئەوە دەبێ وردەبوورژوازی وەک پێگەیەکی سەرەکی بزووتنەوەی سیاسی ئیسلام لە ئێران دا لەقەڵەم بدەین کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە هەمبەر دزەی ڕۆژئاوا دا سەری هەڵدا. هەر لە سەرەتاوە مەلاکان بە دانی دروشمی ئایینی و دژی چەوسانەوە،

توانیـان وردەبـوورژوازی مـۆبیلیزە بکـەن. بەگشـتی وردبـوورژوازی بـازاڕی ئێـران لــە کۆتاییــەکانی سـەدەی نۆزدەهــەم دا بــەهۆی دزەی ئــابووری و فەرهەنگی ڕۆژئاوا شکستی بەسەردا هات. بەستراوەی زۆری ئابووری ئێران بە کاپیتالیزمی جیهانییەوە بەتایبەت زیـانی دەگەیانـدە ئـەو کەسـانەی بـە ئامراز کاریان دەکرد، خاوەن پیشەکان و پیشەسازی کاران. لەگەڵ هەمووی ئەوانـەش ڕێکخـراوە سینفییەکانی بـازاڕ لـە چـاخی پەهلـەوی دا گۆڕانیـان بەسـەردا نـەهات. حیزبـە وردەبوورژواکـانی ئـەو سـەردەمە وەک فیـداییانی ئیسلام دژی دێموکراسی ڕۆژئاوا و هـەر چەشـنە بەسـتراوەییەکی ئێـران بـە ڕۆژئاواوە بوون. حیزبـی موجاهیـدینی ئیسـلام بـە ڕێبەرایـەتی ئایـەتووڵڵا کاشانی دزەیەکی فراوانی لەناو وردەبوورژوازی دا هەبوو. هەروەها حیزبی نەتەوە ئیسلامییەکان کە پشتگیری لە دامەزرانی دەوڵەتی ئیسلامی دەکرد لە نــاو کاســبکارانی بــازاڕدا خــاوەن دزە بــوو. هــەروەها بزووتنــەوەی ناسیۆنالیستی خۆمـاڵی کردنـی نـەوت بـە ڕێبەرایـەتی دکتـوور مووسـەدیق لەلایــەن چینــی مــام ناوەنـدی نەریتییــەوە پشــتگیری دەکـرا. حیــزب و گرووپەکانی بەستراوەی بازاڕ لـە بـەرەی نیشـتیمانی دا بەشدار بـوون. لـە ئاکامی ناکۆکی نێوان دوو باڵی نەتەوەیی و دینی ناو بەرەی نیشـتیمانی دا پشتگیری وردەبوورژوازی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کەم بۆوە و حکوومەتی مووسەدیق لاواز کرد. ئـەو سـەردەمانەی لـە نێـوان مـەلاکان و حکوومـەت دا ناکۆکییەکی ئەوتۆ لە ئارادا نەبوو وردەبوورژوازی بازاڕ مۆبیلیزە نـەدەکرا. هـەر وەک وتمـان وردەبـوورژوازی نـەریتی لـە ئێـران دا بـەردەوام پاشکۆی پیـاوانی ئـایینی بـووە. لەگـەڵ پەرەسـەندنی ناکۆکییـەکانی نیـوان پیـاوانی

ئایینی و بارەگای شا لە سەرەتاکانی دەیەی ١٣٤٠ هەتاوی دا جارێکی تر وردەبوورژوازی بازاڕ لە ڕووی سیاسییەوە چالاک بوو. داخرانی ئەنجوومەنی نەتەوەیی و گرتنەبەری سیاسەتی نوێ ئابووری بەمەبەستی فراوان کردنی ڕۆڵی دەوڵەت دژکردەوەی بەربڵاوی بازاڕی لێکەوتەوە. لە مانگی گەلاڕێزانی ١٣٤٠ هەتاوی دا بازاڕی تاران بەمەبەستی پشتگیری لە قانوونی بنچینەیی و مافی تاکەکەسی یەکێتییەکیان پێکهێنا. هەروەها نزیکایەتی زۆری ڕژیمی شا لە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان جارێکی تر هەستی ناسیۆنالیستی و ئایینی کاسبکارانی بازاڕی وڕووژاند. کاتێک ئەنجوومەنی نەتەوەیی لە ساڵی ١٣٤٣ هەتاوی دا لەهەمبەر گرێبەستێکی سپایی ٢٠٠ میلیۆن دولاری دا مەسوونییەتی دیپلۆماتیکی دایە پێرسۆنێلی سپای ئەمریکا، دژکردەوەی توندی هەندێک لە پیاوانی ئایینی و بە تایبەت ئایەتووڵڵا خومێنی جارێکی تر بووە هۆی هەڵچوونی  هەستی ئایینی چینی مام ناوەندی نەریتی. لەمانگی مووحەررەمی ١٣٤٢ هەتاوی دا ڕێوڕەسمی ئایینی گۆڕا بۆ نارەزایەتی سیاسی و یاخیبوون، هەمووی بازاڕی تەنییەوە. لە ساڵانی ٥٧ –١٣٤٢ هەتاوی دا لە ئاکامی فراوان بوونی نوێژەن کردنەوە و بەپیشەسازی کردنی وڵات دا، هەل ومەرجی وردەبوورژوازی ئێران خراپتر بوو. وردەبوورژوازی بازاڕ و بەتایبەت ئەو کەسانەی بە ئامراز کاریان دەکرد و پیشەسازی کارانی نەریتی، بەپێچەوانەی خاوەن پیشەپێکهاتەە نوێیەکان لەلایەن دەوڵەتەوە لە بواری دابین کردنی پارە، هەڵگرتنی باج لەسەریان و پشتگیری گوومرگەوە پاڵپشتی نەدەکران. هەستی ئایینی چینی مام ناوەندی نەریتی یەک لە بوارە سەرەکییەکانی گوورانی ئایدۆلۆژیا شۆڕشی ئیسلامی پێک دێنا. زۆربەی زانایان و

ڕووناکبیرانی ئایینی نوێ پشتگیری هەڵوێستەکانی وردەبوورژوازیان لە چوارچێوەی پشتگیری لە ئیسلام و کولتووری ئیسلامی، ناسیۆنالیزم، دژایەتی لەگەڵ ئیمپریالیزم و کاپیتالیزم و هەروەها جەخت کردن لەسەر خۆبەڕێوەبەرایەتی ئابووری دەکرد. چینی مام ناوەندی نەریتی بەردەوام پێگەی سەرەکی بەرخۆدان لەهەمبەر دزەی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی ڕۆژئاوا دا بووە. لەساڵانی پێش شۆڕشی ئیسلامی وردەبوورژوازی نەریتی بە تایبەت بەشە پیشەپێکهاتەکەی لاواز بوو. لە ساڵی ١٣٥٥ هەتاوی لە ئێران خاوەنی نزیکەی ٢١٩٬٠٠٠ کارگەی نەریتی بوو کە تەنیا ٢٤٪ بەرهەمی دەسکردی ناوخۆیان دروست دەکرد. لەهەمبەر دا ٦٬٦٢٦ کارگەی مۆدێرن ٧٦٪ دەسکردی پیشەپێکهاتەان بەرهەم دێنا.[1] هەروەها ڕێژەی هەناردە لە سەر هاوردە لە ٣٠٪ لە ساڵی ١٣٣٠ دا دابەزییە سەر ١٩٪ لە ساڵی ١٣٤٠ دا و بۆ ٥٪ لە ساڵی ١٣٥٥ دا. بە گشتی وردەبوورژوازی وەک چینێکی یەکریز لە باری فکری، فەرهەنگی، ئابووری و سیاسییەوە لەو ساڵانەدا تووشی هەرەس هێنانان هات. لە دژکردەوەی لەهەمبەر ئەو ئاڵوگۆڕانە توێژە مام ناوەندییە نەریتییەکان دەستیان دایە پێکهێنانی بانکی ئیسلامی و سندووقی قرض الحسنە و گرووپە ئیسلامییەکانی وەک حیزبی نەتەوە ئیسلامییەکان.

پاش شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران دا بازاڕ ڕۆڵێکی سیاسی بەرچاوی وەدەست هێنا. حیزب و گرووپە سیاسییە ئیسلامییەکان لەلایەن

---

1. وزارت اقتصاد و دارایی ، *آمار صنعتی* ، ص ٤.

وردەبوورژوازییەوە پشتگیرییەکی کۆمەڵایەتی بەرچاویان لێدەکرا. تۆڕی نەتەوەیی ئەنجوومەنی ئیسلامی سینفەکانی بازاڕ یەکێک بوو لە پشتیوانەکانی حکوومەت. لە ساڵەکانی سەرەتای شۆڕش دا سەرجەمی سینفەکانی بازاڕ لە تاران دا لە ناو "کۆمەڵەی سینفەکان" دا ڕێکخرا بوون. حیزبی کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی چالاکی خۆی دا، لایەنگرانی هەڵسووری خۆی لە ناو ئەو بەشەی بازاڕ دا مۆبیلیزە دەکرد.

# ٤

# بزووتنەوە و ڕێکخراوە کرێکارییەکان

## سەرەتا

بزووتنەوە کرێکارییەکان لە مێژووی ئوورووپا لە دەیەی ١٨٣٠ بە دواوە لە ناو کرێکارانی کرێ وەرگری پیشەسازی و بازرگانی دا بەمەبەستی وەدەست هێنانی ئامانجی ئابووری و ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێکهاتن. گوورانی چینی کرێکاری پیشەسازی نوێ دەرئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی بوو. بزووتنەوەی کرێکاری وردەوردە لە چوارچێوەی یەکێتی و حیزبە کرێکارییە جیاجیاکان دا ڕێکخرا. بزووتنەوە کرێکارییەکان هەر لە دەسپێکەوە لە ڕووی ڕێکخستن و وشیارییەوە بەناوبانگ بوون. فۆرمی زۆر سەرەتایی بزووتنەوەی کرێکاری دەتوانین لە "ئەنجوومەنە برایەتییەکانی " سیستمی سینفی پێش کاپیتالیزم دا بدۆزینەوە کە لە سەدەی چواردەهەم لە ناو شاگردان و کرێکاران و ئەو کەسانەی بەئامراز کاریان دەکرد سەریان

هەڵدا. لە سەرەتاکانی چاخی شۆڕشی پیشەسازی دا چینی کرێکار لە ژێر گەلێ ئاستەنگی قانوونیی بەرچاو دا بوو، لە ناویشیان دا دەکرێ باس لە ڕێگە نەدانی پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵەکان، ئاستەنگی خستنە بەردەم هەڵبژاردنی شوێنی دانیشتن و تەنانەت بەرگری لە پێکهێنانی ژیان هاوسەری بە هۆی دەست تەنگییەوە بکرێ. قانوونی ئازادی گرێبەندی کارکردنی کرێکاران لەو سەردەمە دا ئامرازێکی سەرکوتکردنی بزاوتە کرێکارییەکان بوو لە دەست خاوەن کار و خاوەن دەسمایەکان دا. هەستی یەکێتی و یەکریزی و وشیاری لە حاند پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان هەر لە سەرەتاوە تایبەتمەندییەکی شۆڕشگێرانەی دایە چینی کریکار. هەڵبەت ئەو هەستە سەرەتا لە چوارچێوەی بزووتنەوە ڕەوشتی و ئایینی و یۆتۆپیاییەوە دەرکەوت. هەندێ لە بزووتنەوە سەرەتاییەکانی کرێکاران لە سیستمی سینفیشدا تایبەتمەندییەکی دژە پیشەسازی و کۆنە خوازانەیان هەبوو، وەک شۆڕشی " لۆدیتەکان " ( Luddites ) (مەکینە شکێنەکان) لە ئینگلستانی سالآنی ١٢–١٨١١ لە دژی فراوان بوونەوەی شێوە بەرهەم هێنانی مکانیکی و یاخیبوونی ئاوریشم چنانی لیۆنی فەرانسە لە سالآنی ٣٤ – ١٨٣١ دژکردەوەیەک بوو لەهەمبەر سەرهەڵدانی سیستمی نوێی کارگەکان دا. بە گشتی ئەو بزووتنەوە کۆنەخوازانە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە لە بزووتنەوەی سەرەکی چینی کرێکاری پیشەسازی نوێ دا. لە دەسپێک دا گەلێ لەمپەری بەرچاو لە بەردەم ڕێکخستن و چالاکی سیاسی چینی کرێکار دا هەبوو، وەک دەست تەنگی لەڕادە بەدەر، دەم ژمێری کاری دوور و درێژ، نەبوونی تەناهی بازاڕی کار و دژکردەوەی سپایی و سەرکۆتکەرانەی حکوومەتەکان کە ڕێگربوون لە ڕێکخستنی کرێکاران.

ڕووناکبیران هەر لە سەرەتاوە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە پێکهاتنی بزووتنەوە کرێکارییەکان دا. بەتایبەت لە ئورووپای دەیەی ١٨٦٠ دا سۆسیالیست و مارکسیستەکان وشیاری شۆڕشگێریان دەدایە چینە کرێکارەکان. بزووتنەوەی سۆسیالیزمی نوێ و مارکسیزم لە دەوری تەوەرەی بزووتنەوەی کرێکاری دا بیچمی گرت.

هەڵبەت بزووتنەوەی کرێکاری تەنیا خاوەن ئاراستەی سۆسیالیستی نەبوو و ئاراستەی سۆسیال - دێموکراتیک، لیبڕاڵی و ئایینیشی تێدا بڵاوبۆوە. لەگەڵ ئەوەش دا زۆربەی ڕادیکاڵەکان تەنیا ئاراستەی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکارییان بە ڕەسمی دەناسی و فۆڕمەکانی تری ئەو بزووتنەوەیان پێ ئاراستەی وردەبوورژوا و پیلانێک بوو بۆ بەلاڕێدابردنی سەرنجی چینی کرێکار لە خەباتی چینایەتی. لە بیرۆکەی مارکسیستی دا بە گشتی بزووتنەوەی کرێکاری بزووتنەوەی چینێکە کە ئاگاداری ڕۆڵی گرینگ و مێژوویی خۆی لەپێناو پێکهێنانی سۆسیالیزمە. بەو واتایە چینی کرێکار نەک خاوەن وشیاری سینفی و ئابووری و سیاسییە، بەڵکوو تەنیا چینێکە کە دەتوانێ وشیاری " مێژوویشی" هەبێ و بە پێی کاری داهێنەرانەی خۆی جیهانی بوورژوایی تێکەوەپێچێ. بەپێی ئەو بۆچوونە سۆسیالیزم خۆی وەک دەرئەنجامی وشیاری چینی کرێکار دێتە ژمار.

مارکس و ئینگێلس لە *مانیڤێستی کومۆنیستی دا*، بۆچوونێکی ئەو تۆیان لە ڕۆڵی مێژوویی چین و بزووتنەوە کرێکاری خستۆتە ڕوو.

**مارکسیزم وردەوردە بوو بە ئایدۆلۆژیا سەرەکی بزووتنەوە کرێکارییەکان. مارکس و ئینگێلس پرۆلیتاریایان پێی نوێنەری سەرەکی گۆڕانی کۆمەڵگای کاپیتالیستی و تێپەر بوون ڕووە و سۆسیالیزم بوو. بە باوەڕی ئەوان پرۆلیتاریا نەیدەتوانی " بە بێ هەڵوەشاندنەوەی سەرجەمی هەل و مەرجە نامرۆییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی " هەل و مەرجی ژیانی نامرۆییانەی خۆی باشتر بکا.[1] لەگەڵ ئەوە دا بە باوەڕی ئەوان چینی پرۆلیتاریا سەرەتا دەبوو لە ڕێگەی خەباتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ناو یەکێتییەکان دا پێ بگا.[2] مارکس و ئینگڵێز یەکێتییە کرێکارییەکانی ئینگلسیان پێی جۆرە ڕێکخراوێکی پرۆلیتاریایی بوو. بەباوەڕی ئەوان یەکێتییە کرێکارییەکان " ناوەندی ڕێکخستنی چینی کرێکار "[3] بوون و هەوڵی زیادکردنی حەقدەستەکان لەلایەن ئەوانەوە هەنگاوێکی پۆزێتیڤ بوو. پرۆدۆن لە *فەلسەفەی هەژاری دا* لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە زیاد کردنی حەقدەستەکان کارێکی بێ واتایە چوونکە تەنیا بەرزبوونەوەی نرخەکانی لێ دەکەوێتەوە. لەهەمبەردا، مارکس لە *هەژاری فەلسەفە دا*، پێی وابوو زێدەبوونی حەقدەستەکان ئەگەری کەم بوونەوەی قازانجی کاپیتالیستەکانی لێ دەکەوێتەوە و دەسکەوتی سیاسی گرینگی بەدواوە دەبێ. لە ڕوانگەی مارکسەوە " ئاراستەی گشتی سیستمی کاپیتالیستی بەرزکردنەوەی ئاستی**

1. Marx and Engels, *The Holy Family*. (Moscow, 1956), p. 52.
2. Marx, *The Poverty of Philosophy*. P. 173.
3. Marx and Engels, *Selected Works*. Vol. 2 (Moscow, 1969), p. 82.

مـام ناوەنـدی حەقدەسـتەکان نییـە بـەڵکووو مەبەسـتی کـەم کردنـەوەیی و *دابەزاندنی نرخی کارە بۆ کەمترین ئاستی*". ٤

سەرەڕای ئەوانە مارکس یەکێتییە کرێکارییەکانی وەک تەنیا ئامرازی پارێزگاری پرۆلیتاریا لەهەمبەر دەست درێژییـەکانی کاپیتالیستان دا چـاو لێ دەکرد. بە باوەڕی مارکس ئامانجی یەکێتییەکان بـەرگری کـردن بـوو لـە دابەزینی نرخی کار. تا پێش شۆڕشـەکانی سـاڵی ١٨٤٨ مـارکس چـاوەڕوانی ئەوە بوو کە کێشە ئابوورییەکانی یەکێتییـە کرێکارییـەکان دواجـار بگـۆڕێن بـۆ خـەباتی شۆڕشـگێرانە و سیاسـی. بـەڵام شکسـتی بزووتنـەوە شۆڕشگێرییەکانی سـاڵی ١٨٤٨ دەریخسـت کـە چـاوەڕوانی مـارکس لـەخۆرا بوو. هەر لەو ڕووەوە مارکس لە پـاش سـاڵی ١٨٤٨ باسـی پێویسـتی چینـی کرێکـار بـە ڕێنمـایی و چـالاکی شۆڕشـگێری و خـەباتی سیاسـی دەکـرد و خەباتی سینفی و ئابووری یەکێتییە کرێکارییەکانی لە ڕووی گرینگییەوە بە پلـە دوو لەقەڵـەم دەدا. مـارکس هەرچەنـدە یەکێتییـە کرێکارییـەکانی پێـی کـاکڵی سـەرەکی ڕێکخسـتنی پرۆلیتاریـا بـوو بـەڵام وەک ڕۆڵـی سـەرەکی نەیدەڕوانییـە ڕۆڵـی ئـەوان لـە ڕێبەرایـەتی بزووتنـەوەی کرێکـاری دا. بـە بـاوەڕی مـارکس یەکێتییـە کرێکارییـەکان لـە ڕاسـتی دا تـەنیا خوازیـاری زێـدەبوونی حەقدەسـتەکان بـوون نـەک بڵێـی لـە بنـەڕەت دا سیسـتمی حەقدەستەکان بخەنە ژێر پرسیار و ڕەخنـە لـێ گـرتن. بـە بـاوەڕی مـارکس یەکێتییە کرێکارییەکان نابێ لەبەر دابین کردنـی بەرژەوەندییـە کاتییـەکانی

---

4. Ibid, vol. I, p. 446.

خۆیان واز لە خەبات لە دژی چینی کاپیتالیست بێنن بەڵکووو دەبێ ئەو خەباتە بکەنە ئامرازی لەناوبردنی یەکجارەکی چینە کاپیتالیستەکان. بەو پێیە ناتوانین چالاکی یەکێتییە کرێکارییەکان جیا لە دەقی بزووتنەوەی شۆڕشگێری پرۆلیتاریا تاوتوێ بکەین.

لە ڕوانگەی مارکس وئینگێلسەوە خەباتی ئابووری و سیاسی دوو لایەنی جیانەکراوەی خەباتی یەکێتییە کرێکارییەکان بوون. مارکس و ئینگڵێز ئەو باوەڕەیان لە دژی باوەڕی فرێد نیاد لاساڵ و لایەنگرانی دا خستە ڕوو کە باوەڕیان وابوو *حەقدەستەکان بە گشتی تا کەمترین ئاستی پێویست بۆ دابینکردنی بژیو دادەبەزن.* بەو پێیە بە باوەڕی لاساڵ دەبێ گرینگی بدرێتە چالاکی سیاسی چینی کرێکار. (لاساڵ ئەو بۆچوونەی وەک "قانوونی ئاسنینی حەقەستەکان" وەسف دەکرد). مارکس و ئینگڵێز، لە بەرچاو نەگرتنی گرینگی چالاکی یەکێتییە کرێکارییەکان لە پرۆگرامی گۆتای حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیان (١٨٧٥) لەدزەکردنی لاساڵەوە دەزانی. هەڵبەت مارکس و ئینگڵێزش لەسەر ئەو باوەڕە نەبوون کە خەباتی یەکێتییە کرێکارییەکان " قانوونی" حەقدەستەکان تێک دەشکێنێ بەڵکووو باوەڕیان وابوو کە قانوونی حەقدەستەکان قانوونییەکی ئاسنین نییە و خەباتی چینایەتی کاریگەر دەبێ لە سەری. لە لایەکی ترەوە مارکس و ئینگڵێز ڕەخنەیان لە هێڵی فکری بەتەواوی ئابووری یەکێتییە کرێکارییەکان دەگرت. بە باوەڕی ئەوان یەکێتییە کرێکارییەکان ببوونە هۆی

سەرهەڵدانی " کەمینەیەکی هەڵبژاردتە" لـە کاتێک دا زۆرینییـەکی هـەراوی چینە کرێکارییەکان لە هەژاری دا دەژیان.[1] بـە بـاوەڕی مـارکس و ئینگڵێـز، یەکێتییە کرێکارییەکان تەنیا نوێنگەی بزووتنەوەی پرۆلیتاریـایی نـەبوون. بە ڕای ئینگڵێز ڕێکخراوی پڕۆفیشناڵی یەکێتییـە کرێکارییـەکانی ئینگلستان لەگـەڵ قـانوونی یـەکریزی پرۆلیتاریـایی دا لێـک نەدەهاتنـەوە.[2] لـەپاش شکستی کۆمۆنی پاریس لە ساڵی ۱۸۷۱ دا گۆڕانێکی تـر بەسـەر بیـر و ڕای مارکس و ئینگڵێز دا هات سەبارەت بە یەکێتییە کرێکارییـەکان. بـە بـاوەڕی ئەوان پرۆلیتاریا دەبێ خـۆی لـە نـاو ڕێکخراوێکـی وەک حیزبـی سیاسـی دا ڕێکبخا. لە کۆنفرانسی نێونەتـەوەیی یەکـەم لـە لەنـدەن لـە سـاڵی ۱۸۷۱ دا بڕیار درا کە چینی کرێکار خۆی لەناو حیزبێکی سیاسی تایبەت دا ڕێکبخا و خەباتی ئـابووری یەکێتییـە کریکارییـەکان دەبـێ بەشێک بـێ لـە سـەرجەم خـەباتی پرۆلیتاریـایی. مـارکس و ئینگڵێـز ڕایـان گەیانـد کـە ڕێکخـراوی سیاسی چینی کریکار دەبێ لـە تەنیشت یـەکێتی کریکارییـەکانی ئینگلـز دا ساز بدرێ و خەباتی ئابووری یەکێتییە کرێکارییەکان لە خەباتی سیاسی و حیزبـی پرۆلیتاریـا گـرێ بـدا.[3] بـاس لـە سـەرێتی حیـزب، یـەکێتی یـان ئەنجوومەنەکان یەک لە باسە سەرەکییەکانی مارکسیزم بووە. سەرەڕای ئـــەوە زۆربـــەی یەکێتییـــە کرێکارییـــەکانی ئوڕووپـــا دژی هەرچەشـــنە

1. Engels. *The Condition of the Working Class in England.* (Oxford, 1958), p. 370.
2. *Selected Works*, vol II, p. 83.
3. Marx and Engels, *On Britain.* (Moscow, 1962), p. 516.

بەستراوەییەکن بە حیزبی سیاسییەوە و ئەو بەستراوەییەیان لە دژی بەهێزبوونی بنەڕەتی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی چینی کرێکار دەزانی.

لەگەڵ هەمووی ئەوانەش لە دەیەی ۱۸۸۰ دا تەنیا بە هۆی دزە و بڵاوبوونەوەی نووسراوەکانی کاڕڵ کائۆتسکی مارکسیزم بوو بە ئایدۆلۆژیا باوی بزووتنەوەی کرێکاری و تایبەتمەندییەکی ڕیفۆرمیستیشی وەرگرت. لە ئاکام دا لە پرۆگرامی بە ناوبانگی ئێرفۆرتی حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئەڵمان لە ساڵی ۱۸۹۱ دا کە یەکەم پرۆگرامی مارکسیستی بزووتنەوەی کرێکاری ئوڕووپا بوو، پرسی "شۆڕش" لە ژێر سەردێری "ئامانجەکانی دوارۆژ"دا خرایە ڕوو و ڕیفۆڕمە بە کردەوەیەکانیش بەشێک بوون لە "پێداویستیەکانی ئێستا". بەگشتی بزووتنەوەی کرێکاری ئوڕووپا لەوەو پاش ئاراستەیەکی ڕیفۆڕمیستانەی بە خۆوە گرت. لەلایەکی تر کومۆنیست و بە تایبەت لێنینیستەکان وەها ئاراستەیەکیان پێی دەرئەنجامی سەرهەڵدانی " ئەریستۆکراسی کرێکاری" لە ئاکامی چەوسانەوەی وڵاتە دواکەوتووکان بوو و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری ئوڕووپایان بە هەلپەرستی و هاریکاری لەگەڵ بوورژوازی دەسەڵاتدار تاوانبار دەکرد. لە ڕاستی دا لەگەڵ بەرفراوان بوونەوەی دزەی بزووتنەوەی کرێکاری لە پاڕڵمان و یەکێتییە کرێکارییەکان دا ئەو بزووتنەوە ناچار بوو پشت لە هەڵوێستە شۆڕشگێری و خەباتی چینایەتی بکا و ڕوو بکاتە شێوازی قانوونیی و هەڵبژاردنی دێموکراتیک. لە لایەکی ترەوە هەر کاتێک ئاراستە ئەنارشییەکان لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری دا بە هێزتر بوون، حاوانەوە و لێک نزیک بوونەوە درەنگتر هاتۆتە دیی. هەندێک لە تیۆروانەکانی

سۆسیالیزمیش پێیان وابوو بزووتنەوەی کرێکاری ناکرێ خۆی بەدوور بگرێ لە(سازان)، هەر وەک ویکتۆر ئادلێر یەکێک لە دۆستانی فریدریش ئینگێلس لە داکۆکی کردن لە ئاراستەی ڕیفۆرمیستی سۆسیال دێموکراسی ئاڵمان دا ئەو ئاراستەیەی وەک "هەلپەرستی بە باشترین واتای وشە" بە مەبەستی کەڵک وەرگرتن لە هەر دەرفەتێک بۆ ڕێکخستنی هەرچی زیاتری چینی کرێکار ناو برد.

## مێژووی بزووتنەوەی کرێکاری

شۆڕشی پیشەسازی و لاوازبوونی خاوەنکاران و ئەو کەسانەی بە ئامراز کاردەکەن و سینفەکان، فراوان بوونەوەی کاری لە پێناو پارە دا و ڕاگواستنی هێزی کار لە بەشی کشت و کاڵییەوە بۆ ناوەندە پیشەپێکهاتەکان ڕووخانی سیستمی کۆمەڵایەتی کۆنی لێکەوتەوە. لە هەل و مەرجە سەرەتاییەکانی شۆڕشی پیشەسازی دا بارودۆخی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار لە زۆر ڕووەوە خراپ بوو. شۆڕش لە دەسپێک دا بووە هۆی هەژاری و دەست تەنگی فراوانی چینی کرێکار. هەندێ لە ئابووری زانان دابەزینی ئاستی ژیانی کرێکاریان لە ڕووی قانوونی ئابووری ڕانان و وێستی هێزی کار، لە ژێر کاریگەری تێروانینی ماڵتووس دا پێ هۆکارێکی بەکەڵک و هاوسەنگ ساز بوو. لە لایەکی ترەوە سۆسیالیستی وەک ڕابێرت ئۆئێن لە ئینگلستان دا گووشاری دەخستە سەر حکوومەت هەتا قانوونگەلێک لە پێناو خۆشگوزەرانی چینی کرێکاری نوێ دەرکا. کاتێک

هەوڵەکانی بێ ئاکام مان، ئۆئێن کرێکارانی بانگهێشت هەتا لە ناو یەکێتییە کرێکارییەکان دا کۆبنەوە و لەڕێگەی هەنگاوی بە کۆمەڵ گووشاری پێویست بخەنە سەر حکوومەت.

هەر وەک لە سەرەوودا ئاماژەی پێ درا، یەکەم ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە لایەن ئەو خاوەنکار و کەسانەوە پێکهاتن کە بەئامراز کاریان دەکرد و لە پێناو پاراستنی کار و پیشەی خۆیان دا لەدژی فراوان بوونی سیستمی کارگەیی دا خەباتیان دەکرد. هەروەها یەکەم یەکێتییە کرێکارییەکان لەو بەشانەی ئابووری دا سەریان هەڵدا کە کەمتر لە بەشەکانی تر کاریگەری شۆڕشی پیشەپێکهاتەان وەرگرتبوو. پێک هاتنی یەکێتییەکان دژکردەوەیەک بوو لەهەمبەر کاریگەری شۆڕشی پیشەسازی. هەروەک ئاماژەی پێ درا ڕۆڵی ڕووناکبیرانی ڕادیکاڵی چینی مام ناوەندی لە هەڵگیرساندنی یەکەم بزووتنەوە کرێکارییەکان دا بەرچاو بووە. لە فەرانسە و ئەمریکا دا یەکەم ئەنجوومەنە کرێکارییەکان لە ژێر کارێگەری بڵاوبوونەوەی هزرەکانی چاخی ڕۆشنگەری و بە تایبەت هزری مافی مرۆڤ دا سەریان هەڵدا. لە سەرەتا دا چالاکی بزووتنەوە کرێکارییەکان لێرە ولەوێ و نایەکانگیر بوو. یەکەم بزووتنەوەی گەورەی کرێکاری ئوڕووپا پێش ساڵی ١٨٤٨ بزوتنەوەی چارتیستەکانی ئینگلیس بوو. یەکێتی نەتەوەیی چینە کرێکارییەکان و ئەنجوومەنی کرێکارانی لەندەن، لە ساڵی ١٨٤٠ دا ئەنجوومەنێکی نیمچە فێدراسیۆنی کرێکاریان پێک هێنا. ئامانجی سەرەکی بزووتنەوەی چارتیستەکان وەدەست هێنانی مافە دێموکراتیەکان و ڕیفۆڕمی سیستمی پاڕلمانی بوو. لە فەرانسە دا شۆڕشە سیاسییە یەک لە

دوا یەکەکان پێش سەرهەڵدانی یەکەم بزووتنەوەی کرێکاریان گرت. پێش شۆڕشی ١٨٤٨ بزووتنەوەی کرێکاری فەرانسە پێک هاتبوو لە کۆمەڵێک ئەنجوومەنی خۆبەخش و دۆستانە کە زۆربەیان لە ژێر کاریگەری ئاراستە توندەکانی بلانکی و بابۆف دا بوون و بەزۆری دەستیان دەدایە مانگرتنی توند و تیژ. یەکەم بزووتنەوە کرێکارییەکان لە ئەڵمان دا پێش شۆڕشی ١٨٤٨ سەریان هەڵدا و خاوەن ئاراستەی سۆسیالیزمی خەیاڵی و ڕادیکالیزمی ڕووناکبیرانە بوون. ئەنجوومەنە شاراوەکانی ئەو سەردەمی ئەڵمان کە کاریگەر بوون لە فراوان بوونەوەی بزووتنەوە کرێکارییە سۆسیالیستییەکان دا یەکیان "ئەنجوومەنی دادپەوەر خوازان" و ئەویتریان "ئەنجوومەنی کومۆنیستی" بوو. پاش شۆڕشەکانی ١٨٤٨ بەشێوەیەکی کاتی بزووتنەوە کرێکارییەکان شکستیان خوارد و سەرکوت کران. لە ڕاستی دا ئەو ڕێکخراوانەی لە دەیەی ١٨٦٠ دا سەریان هەڵدا درێژەی ڕێکخراوەکانی پێش ئەو شۆڕشانە نەبوون. پاش ١٨٦٠ بزووتنەوەی کریکاری لە وڵاتە جیاجیاکانی ئوڕووپا دا گەشەی سەند. هەر لەو سەردەمە واتا لە ساڵی ١٨٦٤ دا ئەنجوومەنی نێونەتەوەیی کرێکاران (ئەنترناسیۆناڵی یەکەم ) پێک هات. نێونەتەوەیی یەکەم بەمەبەستی بەهێزکردنی بزووتنەوەی نێونەتەوەیی کرێکاری و پێکهێنانی حیزبێکی پرۆڵتەری پرۆگرامێکی لەژێر ڕێنماییەکانی مارکس و ئینگلێز دا دارشت. لەگەڵ ئەوەش دا ئەو ڕێکخراوە هەر لە سەرەتاوە تووشی ناکۆکی ناوخۆیی نێوان مارکسیستەکان، ئەنارشیستەکان و سەندیکالیستەکان هات و بەرەبەرە باڵی مارکسیستی کەوتە کەمایەتییەوە.

## یەکێتییە کرێکارییەکان

دا پەیوەندی هەبوو بەکێشەکانی کار، حەقدەست و هەل ومەرجی کار. لە ڕاستی دا ئامانجی یەکێتییە کرێکارییەکان ڕێکخراوەی سەرەکی بزووتنەوەی چینی کرێکاری بوون کە زۆربەیان لە ژێر کاریگەری سۆسیالیزم، سەرەتا لە ڕۆژئاوای ئورووپا دا و دواتر لە وڵاتانی تری پیشەسازی و نیوەپیشەسازی دا پەرەیان سەند. ئامانجی سەرەتایی ئەو یەکێتیانە خەبات لە دژی هەژاری بەهۆی هەل ومەرجی سەرهەڵدانی کاپیتالیزم، نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و سەرکوتی سیاسی بوو. بە تایبەت ڕیفۆڕمی سیستەمی حەقدەستەکان کە گرینگترین تایبەتمەندی داڕشتەی سیستەمی کاپیتالیستییە، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو ڕێکخراوانە بووە. یەکەم مشت ومڕ و پێکدادانی ڕێکخراوی کرێکاران لەناو یەکێتییەکان سەرەکی پێکهاتنی یەکێتییە کرێکارییەکان ئەوە بوو، پێشی بە کاڵا بوونی کار لە سیستەمی کاپیتالیستی دا بگرن.

یەکەم یەکێتییە کریکارییەکانی ئورووپا لە سەدەی هەژدەهەم بەشێوەی ڕێکخراوەی خۆڕسکی هەرەوەزی و هاریکاری دوو لایەنە لە نێوان کرێکاران دا دروست بوون. لە سەرەتا دا یەکێتییە کرێکارییەکان بە پێی کار و پیشە دروست دەبوون، بەڵام دواتر لەگەڵ گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵگا و ئابووری ئاراستەی چربوونەوە لەو یەکێتیانە دا فراوان بوو. چربوونەوەی دەمایەی پیشەسازی و ماڵی، ڕێکخراوی یەکێتییە کرێکارییەکانیشی بەرەو

چربوونەوە دەبرد. سەرەڕای ئەوە سەرهەڵدانی ڕێکخراوەی چڕبۆوەی خاوەنکاران، پێویستی یەکێتی نێوان ڕێکخراوە پڕۆفیشناڵە کرێکارییەکانی سەرجەم کارە جیاجیاکانی هێنایە پێشەوە. چینی کرێکاری پیشەسازی بە بێ یەکێتی ڕێکخراوەیی نەیدەتوانی لەهەمبەر دەسەڵاتی ڕێکخراوی خاوەنکاران و دەسەڵاتی دەوڵەت دا ڕاوەستێ.

هەروەها کەڵک وەرگرتنی فراوان لە تەکنەلۆژیا پێشکەوتووتر، سەرهەڵدانی سیستمی هێڵی بەرهەم هێنان پاش شەری یەکەمی جیهانی و گۆڕانی سیستمی بەرهەم هێنانی پیشەسازی ڕێکخستنی کرێکاران بەپێی کاریان لاواز کرد و دەرکەوت کە کرێک[1]اران دەبێ یەکگرتوو بن. بەتایبەت سەرهەڵدانی کۆمەڵێکی گەورەی کرێکاری ئاماتۆر، ڕێکخستنی بەپێی کار و لێهاتوویی دژوار دەکرد. ئۆتۆماسیۆن بەهای لێهاتووییە دەستی و پیشەپێکهاتەە کۆنەکانی لە ناو برد. لە لایەکی ترەوە سەرهەڵدانی توێژێکی کرێکاری " یەخە سپی " گەلێ پرسی ڕێکخراوەیی نوێی خستە بەردەم یەکێتییە کرێکارییەکان کە بەپێی ئەزموونی ڕێکخستنی پرۆفیشناڵی ڕابردوو چارەسەر نەدەکران. دان وستاندنی بە کۆمەڵ لە سەر حەقدەست و هەل

ومەرجی کار پێویستییەکی یەکجار زۆری بە هاریکاری گرووپە پرۆفیشناڵە جۆراوجۆرەکانی ناو کارگە گەورە پیشەپێکهاتەکان بوو، ئاراستەی چربوونەوەی یەکێتییەکان هەندێ گۆڕانی لە دارِشتەی ناو خۆیی یەکێتییەکانیش دا پێکهێنا.

سیدنی و بێتریز وێب، دوو سۆسیالیستی ئینگلیسی لە کتێبی *مێژووی یەکێتییە کرێکارییەکان لە ئینگلستان دا* لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ڕێکخراوە پرۆفیشناڵە ناچربۆوەکانی کرێکاران لە بنەڕەت دا لە سەر بنەمای دێموکراسین، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاراستەی چربوونەوە لە یەکێتییەکان لە ئاستی نەتەوەیی دا ئاراستەی سەرهەڵدانی ڕێبەرایەتی پرۆفیشناڵ و بەرێوەبەرایەتی ناوەندی فراوان دەبێتەوە و یەکێتییە کرێکارییەکان دەبنە ڕێکخراوەی بروکراتیکی خاوەن زنجیرە پلە.[1] لەگەڵ ئەوەش دا پاش شەری یەکەمی جیهانی ئاراستەی چربوونەوە لە یەکێتییە کرێکارییەکان دا کەوتە بەر هێرشی توندی سەندیکالیست و لایەنگرانی بزووتنەوەی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان لە ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێری کرێکاران دا.

ئامانجە ناوخۆییەکانی یەکێتییە کرێکارییەکان بریتی بوون لە باشتر کردنی بارودۆخی ئابووری ئەندامان، دابینکردنی بژیو، بەرزکردنەوەی حەقدەستەکان، بەرگری لە بێکاری و یارمەتی دان لە کاتی پێویستی و

1. S. and B. Webb, *History of Trade Unions in England.* (New York, 1965).

تەنگانە دا. لە هەندێ بواردا بەرزکردنەوەی ئاستی فێرکاری و فەرهەنگی کرێکارانیش وەک ئامانجی یەکێتییەکان لە قەڵەم دەدرا. دەستەبەر کردنی ئازادییە سیاسییەکان و بەشداری کردن لە چالاکییە حیزبییەکان دا بەشێکی تری ئامانجە سەرەکییەکانی یەکێتییەکان بووە. سیاسەتی حەقدەستەکان بوو کێشەیەکی سیاسی لە ئاستی نەتەوەیی دا. لەگەڵ هەمووی ئەوانە لە سەدەی بیستەم دا چالاکی یەکێتییە کرێکارییەکان تەنیا لە ئاستی سیاسەتی حەقدەستەکان دا نەمایەوە و زۆر سەرتر چوو و بە تەمای دزەکردن لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی حکوومەت دا بوون.

لە بریتانیا و ئەمریکا دا یەکێتییە پڕۆفیشناڵەکان زۆرتر ئۆگری کێشەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی حەقدەستەکان بوون و کۆنتڕۆڵی هێزی کار و نرخەکەی وەک کاڵا (closed shop system) دەسەڵاتێکی ئابووری بەرچاویان وەدەست هێنا. لە هەندێ بوار دا یەکێتییە کرێکارییەکان خۆیان دەستیان دایە سەرمایەگوزاری لە دامەزراوە ئابووری و ماڵییەکان دا.

گرینگترین ئامرازی دەسەڵاتی یەکێتییەکان، مانگرتنە کە خۆی شێوازی جۆراوجۆری هەیە. جۆرە باوەکانی مانگرتن بریتین لە: مانگرتن بۆ ماوەیەکی نادیار، مانگرتنی کاتی و سەمبۆلیک، مانگرتنی سەرەکی و لاوەکی (واتا وەک دەربڕینی هاودەردی لەگەڵ مانگرتنی سەرەکی)، کەم کارکردن و داگیر کردنی کارگەکان. هەندێ جار هەندێ مانگرتن لە لایەن ئۆرگانە پەیوەندیدارەکانی ناو یەکێتی کرێکارییەوە پەسەند ناکرێن و بە شێوەیەکی خۆرسک دێنە ئەنجام دان.(wild-cat strike)

چوونکە بەشێوەیەکی سروشتی ناکۆکییە کرێکارییەکان پەیوەندیدارن بە پەیوەندی نێوان دەسمایە و کار هەر بۆیە دەبنە خاوەن تایبەتمەندی سیاسی. بێ شک مانگرتنی گشتی زۆرتر خاوەن تایبەتمەندی سیاسییە، هەرچەندە ویست و نارەزاییە ئابوورییەکانیش بەردەوام بەشێکن لە هۆکارەکانی مانگرتن. ئەمریکا، ئینگلیس و فەرانسە لەو ساڵانەی دواییدا ئەزموونی مانگرتنی گەورەیان لە وڵاتانی تری ڕۆژئاوا زیاتر بووە. لەگەڵ ئەوەش لە زۆربەی بوارەکان دا یەکێتییە کرێکارییەکان لەڕێگەی دزەکردن لە حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە ئۆفیسی و ئابوورییەکانی دەوڵەت دا وەدوای ئامانجەکانیان دەکەون.

لە ژێر دا ڕۆڵی بزووتنەوە و ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە هەندێ وڵات دا تاوتوێ دەکەین.

## بزووتنەوە و ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە بریتانیادا

بریتانیا وەک کۆنترین وڵاتی پیشەسازی جیهان ئەزموونی یەکەم سەرهەڵدانی گەورەی بزووتنەوەی کرێکاری هەیە. بزووتنەوەی کرێکاری ئەو وڵاتە هەردەم تایبەتمەندییەکی کردەوەخواز و نائایدۆلۆژیاکی هەبووە و وەک ئامرازێک بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی پشتگیری لە سیستمی دێموکراسی پارلمانی کردووە. بزووتنەوەی کرێکاری بریتانیا هیچ کات تەنانەت لە سەردەمانی سەرهەڵدانی چارتیستەکانیش دا نەبوو بەخاوەن

تایبەتمەندی شۆڕشگێرانە، هەرچەندە بارودۆخی کرێکارانی ئەو وڵاتە لە بارودۆخی کرێکارانی وڵاتانی تر باشتر نەبوو. بەگشتی تایبەتمەندی سیستمی پارڵمانی بریتانیا لە ڕووی ڕیفۆڕم خوازی و هاوسەنگ بوونەوە شوێنێکی دیاری لەسەر بزووتنەوەی کرێکاری ئەو وڵاتە دانا. لەگەڵ ئەوەدا کە دەوڵەتی لیبراڵی بریتانیا دەوڵەتێکی بوورژوازی بازرگانی و پیشەسازی بوو، بەڵام چەمەوازی سیستمی حقووقی ئەو وڵاتە بواری بەخشینی پوانی وردەوردەی بۆ چینی کرێکار دەستەبەر دەکرد. لەساڵی ١٨٢٥ دا، قانوونی دژی کۆبوونەوەی کرێکاری لەو وڵاتەدا هەڵوەشایەوە. سەرە ڕای ئەوە بزووتنەوەی کرێکاری بریتانیا لە لایەن ڕووناکبیرانی ئەو وڵاتەشەوە پشتگیری دەکرا. هەتا دەیەی ١٨٩٠ لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری دا ئاراستەیەکی سەندیکالیستی هەست پێکراو لە ئارادا بوو بەو واتایە کە ئەو بزووتنەوەیە خۆی لە تێوەگلانی ڕاستەوخۆی پرسە سیاسییەکان دەپاراست. لەو سەردەمەدا بزووتنەوەی کرێکاری باڵی ڕادیکاڵی حیزبی لیبراڵی پێ نوێنەری ڕاستەقینەی چینی کرێکار بوو. هەڵبەت هەر دوو حیزبی کۆنسێرڤاتی (تۆری) و لیبراڵی (ویگ) بە تەمای ڕاکێشانی دەنگی کرێکاران بوون و لەو نێوەدا بەردەوام ژمارەیەکی بەرچاوی کرێکارانی کانەکان دەنگیان دەدایە حیزبی کۆنسێرڤات. سەرەڕای هەندێ ئاستەنگی هەڵبژاردن دیسانیش نوێنەرانی کرێکاران دەیانتوانی لە ڕێگەی هاوپەیمانەتییەوە بچنە ناو ئەنجوومەنی عەوام. بەسەرنجدان بە بەهێزبوونی سیستمی دوو حیزبی لە بریتانیادا، لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کرێکاری دا حیزبێکی سێهەم دروست نەبوو. سەرەتا پارتی کرێکار وەک نوێنەری پارڵمانی یەکێتییە کرێکارییەکان دەرکەوت و لە

ڕاستیش دا درێژەی ئەو گرووپە کرێکارییە بەهێزە بوو کە لە ساڵی ۱۹٦۰ لە پارڵمان دا سەری هەڵدا بوو. بە واتایەکی تر سەرچاوەی پارتی کرێکار پارڵمان بوو. بەگشتی ئاراستە سەرەکییە سۆسیالیستییەکانی بریتانیا لەناویشیان دا کۆمەڵەی فابیەنەکان، فێدراسیۆنی سۆسیال دێموکراتەکان و هەروەها سەندیکالیستە سینفییەکان هیچ چەشنە دژایەتییەکیان لەگەڵ بەشداری چینی کرێکار لە سیستمی پارڵمانی دا نەبوو. لە ئاکام دا بزووتنەوەی کرێکاری بریتانیا ئاراستەیەکی نەرم و ناشۆڕشگێرانەی تێدا سازبوو ئەوە وای کرد فرێدریش ئینگێلس لە ساڵی ۱۸۷٤ دا نارەزایەتی خۆی لە "خەم ساردی کرێکارانی بریتانیا سەبارەت بە هەر جۆرە بیرۆکەیەکی سیاسی" دەربڕێ.[1]

بەگشتی تایبەتمەندی ناشۆڕشگێرانەی بزووتنەوەی کرێکاری بریتانیا هەر لەهەمان دەسپێکەوە سەرنجی نووسەرانی ڕادیکاڵ و بەتایبەت مارکسیستەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئینگێلس سەری لەوە سوور مابوو کە بزووتنەوەی کرێکاری بریتانیا سەرەڕای ڕێکخستنی زۆر پێشکەوتووی، بۆچی تەپ و ناشۆڕشگێرە. بۆ پاساوی ئەو دۆخە هەندێ مارکسیست چەمکی "ئەریستۆکراسی کرێکاری" یان بووڕژوا بوونی کرێکارانیان خستەڕوو. چەوسانەوەی کۆلۆنیالیستی و ئیمپریالیستی وڵاتانی تری لەلایەن بریتانیاوە بەباوەڕی لێنین هۆکاری سەرەکی فراوان بوونی ورەی

1. F. Engels, *The Peasant War in Germany*. (Moscow, 1956), p. 32.

"هەلپەرستی" ناو بزووتنەوەی کرێکاری ئەو وڵاتە بوو.[2] لە لایەکی ترەوە پێشتر ئینگێلس باوەڕی وابوو کە تەواو بە پێچەوانەوە، توێژی سەرووی چینی کرێکاری بریتانیا هەمیشە لە توێژکانی تر چالاکتر و ڕادیکاڵتر بووە. هەندێکیش لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە هۆکاری میانەڕۆیی بزووتنەوەی کرێکاری ئەو وڵاتە تایبەتمەندی چەمەوازی سیستمی حقووقی و سیاسی بریتانیایە.

یەکەم ڕێکخراوە کرێکارییەکانی بریتانیا لە سەدەی هەژدە و لە درێژەی شۆڕشی پیشەسازی دا سەریان هەڵدا بەڵام بە پێی قانوونی کۆبوونەوەکانی ١٧٩٩ و ١٨٠٠ سەرکوت کران. لە ژێر گووشاری شۆڕشی کرێکاران لە ساڵی ١٨٢٤ دا قانوونکانی ناوبراو هەڵوەشانەوە. لە ئاکام دا لەهەر بوارێکی ئابوری دا ژمارەیەکی زۆری یەکێتییە کرێکارییەکان سەریان هەڵدا. ڕۆڵی سەرەتایی یەکێتییە کرێکارییەکان کە لە پاش ساڵی ١٨٢٥ دا پێکهاتن کۆتایی هێنانی هێمنانەی ناکۆکییەکانی نێوان کرێکاران و خاونکاران بوو. هەر بەوپێیە کەڵک وەرگرتن لەمانگرتن زۆر بەرتەسک بوو. ئەو یەکێتیانە لەژێر ڕێنوێنی فکری ڕابێرت ئۆئین، سۆسیالیستی بە ناوبانگی بریتانیایی، لە ساڵی ١٨٣٤ دا ئاوێتەی "یەکێتی کرێکاری گەورەی نەتەوەیی" بوون بەڵام یەکێتی گەورە لە هەوڵەکانی بۆ مانگرتن تووشی شکست هات. ئەو یەکێتییە خاوەنی ٥٠٠ هەزار ئەندام بوو. هاوکات لەگەڵ دامەزرانی "کۆمەڵەی گەورەی ئەندازیاران" (کرێکارانی لێهاتوو) لە ساڵی

---

2. *Collected Woeks.* Vol. 23, p. 115.

١٨٥١ دا وەرزێکی نوێی چالاکی یەکێتییە کرێکارییەکانی بریتانیا دەستی پێکرد. ئامانجەکانی ئەو یەکێتییە بریتی بوون لە: هەنگاونان لە بواری هاریکاری و هەرەوەزی خۆبەخشانە و چارەسەری کێشەی حەقدەستەکان و دەمژمێری کار. لەگەڵ ئەوە دا یەکێتی ناوبراو گەلێ ئامانجی ڕیفۆڕم خوازانەشی هەبوو و پشتگیری لە هاوسەنگی بەرژەوەندییە چینایەتییە جیاجیاکان دەکرد. لە نێوان ساڵانی ١٨٦٠ تا ١٨٨٠ دا یەکێتییە کرێکارییەکان توانیان کاریگەر بن لە دەرکردنی هەندێ قانوون لەلایەن پاڕلمانەوە بۆ دابین کردنی بەرژەوەندی کرێکاران. لە ساڵی ١٨٧٦ دا لە هەمبەر بەرز بوونەوەی مەترسییەکانی سەر یەکێتییە کرێکارییەکان "ئەنجوومەنی کرێکارانی لەندەن" (ئەندامی نیونەتەوەیی یەکەم) پشتگیری لە چالاکی سیاسی کرد و لە داخۆیانییەک دا "دێموکراسی ڕادیکاڵی" وەک ئامانجی بزووتنەوەی کرێکاری دیاری کرد.

ئەنجوومەنی یەکێتییە کرێکارییەکانی لەندەن، بواری یەکگرتووی و یەکپارچەیی بزووتنەوەی کرێکاری ڕەخساند و لە ئاکام دا لە ساڵی ١٨٦٨ یەکەم کۆنگرەی یەکێتییە کرێکارییەکان(TUC) لە مەنچێستێر پێکهات. سەرەڕای ئەوە یەکێتییە کرێکارییەکان لەگەڵ دامەزرانی کۆمەڵەی نوێنەرانی بەرژەوەندی کرێکاران لە ساڵی ١٨٦٨ دا و کۆمیتەی پاڕلمانی کرێکاران لە ساڵی ١٨٧١ دا دزەیان کردە ناو پاڕلمان. بەڵام لەو سەردەمە دا بواری ئابژێکتیڤ بۆ پێکهێنانی پارتی کرێکاران لە ئارادا نەبوو و ئاراستەی ڕیفۆڕم خوازی و کۆنسێرڤات لەناو یەکێتییە کرێکارییەکان دا زاڵ بوو. بەڵام لە درێژەی قەیرانی ئابووری ساڵەکانی ٨٥ – ١٨٧٥ دا ئاراستەی

ڕادیکاڵی لە ناویان دا بە گوورتر بوو. کرێکارانی نالێهاتووی پیشەسازی ڕستن و چنین و کانەکان بەتایبەت بە پێکهێنانی "بزووتنەوەی نوێی کرێکاری" یەکێتی کرێکاری نوێیان ساز دا کە هاورێ لەگەڵ یەکێتییە پرۆفیشناڵەکان لە کۆنگرەی یەکێتییەکان دا چالاکیان دەنواند. لە ئاکامی ئەو گۆڕانانە دا یەکێتییە کرێکارییەکان بە سیاسی بوون و لە ساڵی ١٨٨٩ دا ڕێبەرایەتی کۆنگرە کەوتە دەست تاکە توند ڕۆکان. لە کۆنگرەی ١٨٩٠ لیورپول دا، داخوازی هەشت کاتژمێر کار لە ڕۆژ دا و چالاکی سیاسی زۆرتر بۆ یەکێتییەکان خرایە ڕوو. لە ساڵی ١٨٨٩ دا، کۆنگرەی یەکێتییەکان داوای لە کۆمیتەی پارڵمانی کرێکارانی کرد کۆنفرانسێکی هاوبەش لە نێوان یەکێتییە کرێکاری، هەرەوەزییەکان و گرووپە سیاسییەکانی لایەنگری سۆسیالیزم پێک بێنێ هەتا لەسەر جۆری نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار لە پارڵمان دا بڕیار بدا. بەرهەمی ئەو دان و ستانە پێکهاتنی کۆمیتەی نوێنەرایەتی کرێکاران بوو. هەر ئەو کۆمیتەیە لە ساڵی ١٩٠٦ دا بوو بە پارتی کرێکار. لە ڕاستی دا پارتی کرێکار لە لایەن یەکێتییە کرێکارییەکانەوە دامەزرا.

حیزب لەڕووی ماڵیشەوە بەستراوەی یەکێتییەکان بوو. هەر ئەندامی یەکێتییەک وەک ئەندامی حیزبیش سەیر دەکرا. لە ساڵی ١٩١٤ یەکێتییە کرێکارییەکان پتەوتر بوون و ژمارەی ئەندامانیان لە ٤ ملیۆن کەس تێپەری. هەر لەو ساڵانە دا پارتی کرێکاریش چالاکی بەرچاوی هەبوو. لە درێژەی شەری یەکەمی جیهانی دا یەکێتییە کرێکارییەکانی بریتانیاش وەک وڵاتانی تری ئۆڕووپایی کەوتنە سات و سەودا لەگەڵ حکوومەت و یەکێتییە

خاوەنکارەکان و بەو پێیە لە درێژەی قەیرانی شەردا ئۆگری ناسیۆنالیستی کەوتە سەڕووی ئۆگری سۆسیالیستی. بەڵام پاش شەر ڕادیکالیزمی یەکێتییە کرێکارییەکان یەکجار توند بوو. سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبری سۆڤیەت و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان لە ئەڵمانی پاش شەردا هۆکارەکانی توندبوونی ڕادیکالیزمی یەکێتییە کرێکارییەکانی ئەو سەردەم بوون. لە هەمان کات دا پاش بەجەماوەری بوونی حیزب، بەشێکی بەرچاوی چینە مام ناوەندییەکانیش پشتگیریان لە حیزب کرد. لەهەمبەر ئەو گۆڕانە دا پاش شەر هەندێ گرووپی ڕادیکاڵ لە پارتی کرێکار دابڕان و تێکەڵ پارتی کومۆنیستی بریتانیا بوون. پاش مانگرتنی گشتی ساڵی ١٩٢٦ سەربەخۆیی کۆنگرەی یەکێتییەکان لەئاکامی دانانی "قانوونی ناکۆکییەکانی" یەکێتییەکان لە ساڵی ١٩٢٧ دا، زۆر بەرتەسک بۆوە. بە پێی ئەو قانوونییە مانگرتنە گشتییەکان قەدەغە کران. لە ساڵانی داکەوتن واتا ٣٢ – ١٩٢٩ دا ئەندامەتی لە یەکێتییەکان دا دابەزی بەڵام لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی پارتی کرێکار لە ساڵی ١٩٤٥ دا قانوون دژە یەکێتییەکانی ساڵی ١٩٢٧ هەڵوەشانەوە و هەندێ لە ڕێبەرانی یەکێتییەکان گەیشتنە پۆستەکانی باڵای حکوومەت. لە ئاکامی سیاسەتی حکوومەتی کرێکاری لەمەڕ "جێگیرکردنی حەقدەستەکان" لە ساڵی ١٩٤٨ دا ناکۆکی لە نێوان حیزب و یەکێتییە کرێکارییەکان دا هاتە ئاراوە و لە ئاکام دا هەندێ یەکێتی بەئاشکرا کەوتنە دژایەتی کردنی حیزب. هەر ئەو ناکۆکییانە لە ئاکامی سیاسەتی حەقدەستەکانی حکوومەتی کرێکاری هاڕۆڵد ویلسۆن لە دەیەی ١٩٦٠ دا توندتر بوو. ژمارەی ئەندامانی کۆنگرەی یەکێتییە کرێکارییەکان(TUC) لەو ساڵانەدا زیاتر لە ٨ ملیۆن کەس بوو. ئەو

کۆنگرەیە ئەو یەکێتییانەی لەخۆ گرتووە: یەکێتی پرۆفیشناڵی نەریتی، یەکێتییە گشتییەکان، یەکێتی سینفەکان و هەروەها یەکێتی کرێکارانی کرێ وەرگر.

لەدەیەی ١٩٦٠ لەبریتانیا دا نزیکەی ١٠ ملیۆن کرێکار (لە سەرجەمی ٢٠ ملیۆن کرێکاری ئەو وڵاتە) ئەندامی یەکێتی کرێکاری بوون. لەوانەش نزیکەی ٩ ملیۆن کەس ئەندامی کۆنگرەی یەکێتییە کرێکارییەکان بوون. ئەو کۆمەڵە کرێکارە ئەندامی ١٨٣ یەکێتی کرێکاری بوون. گرینگترین ئەندامانی "کۆنگرەی یەکێتییەکان" لە بریتانیا دا بریتین لە: یەکێتی کرێکارانی ڕاگواستن، یەکێتی نەتەوەیی کرێکارانی شارەوانییەکان، یەکێتی نەتەوەیی کرێکارانی کانگەکان، یەکێتی نەتەوەیی کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر، یەکێتی کرێکارانی پیشەپێکهاتەکان، یەکێتی پرۆفیشناڵی نەریتی و یەکێتی کرێکارانی کرێوەرگر. کۆنگرەی یەکێتییەکان لەڕاست ئەندامانی دا بێ دەسەڵاتە و لە دان و ستانەکانی پەیوەندیدار بە حەقدەستەکان دا کە دراوەتە دەست یەکێتییەکانی ئەندام بێ لایەنە. سەرەڕای ئەوە لەبریتانیا دا "بزووتنەوە هەرەوەزییەکان" گرینگییەکی تایبەتیان هەیە. لە دەیەی ١٩٦٠ دا ژمارەی ئەنجوومەنە هەرەوەزییەکانی دابەشینی بچووک پتر لە ٩٨٨ هەرەوەز دەبوو. هەروەها ٤٤ ئەنجوومەنی هەرەوەزیی بەرهەم هێنان هەبوون. زۆربەی هەرەوەزەکان ئەندامی "یەکێتی هەرەوەزیی" بوونە کە ڕێکخراوی ناوەندی هەرەوەزەکانە. لەدەیەی ١٩٦٠ دا، ١٨٠ یەکێتی گەورەی کرێکاری بەستراوەی پارتی کرێکار بوون و نزیکەی نیوەی کورسییەکانی پارتی کرێکاریشیان بەدەستەوە بوو و بەشێکی بەرچاوی سەرچاوە

ماڵییەکانی حیزبیشیان دابین دەکرد.[1] پارتی کرێکار پرس و ڕای بە یەکێتییە کرێکارییەکان بوو و پرۆگرامی چالاکی هەڵبژاردنەکانی خۆی لەگەڵ ویست و داواکانیان دا دەگوونجاند.

## بزووتنەوەی کرێکاری لە کیشوەری ئورووپادا

بەگشتی لە ئورووپا دا بە پێچەوانەی ئەمریکا، بزووتنەوەی کرێکاری دژی دەوڵەت بوو. دەوڵەتە ئورووپاییەکان سەرەتا هەوڵیان دا بزووتنەوەی کرێکاری لەڕێگەی دەسەڵاتەوە سەرکوت کەن. لەناو ئەو بزووتنەوانە دا دوو باڵی سەرەکی لە ئارادابوون. باڵیکی لایەنگری چالاکی قانوونیی و باڵەکەی تریش شۆڕشگێر و لایەنگری خەبات بوو.

هەر چەندە سەرکەوتنی دێموکراسی لە درێژەی شۆڕشەکانی ئورووپا دا لەقازانجی بزووتنەوە کرێکارییەکان دابوو، بەڵام ئەو رژیمانەی پاش شۆڕشەکان هاتنە سەرکار داکۆکیان لە بەرژەوەندی چینە خاوەن زەوی و کاپیتالیستەکان دەکرد. لەنیوەی دوهەمی سەدەی نۆزدەهەم دا ئاراستە ئەنترناسیۆنالیستییەکان و هیوای سەرکەوتنی بزووتنەوەی کرێکاری بەگۆڕتر بوو. بەڵام شکستی کۆمۆنی پاریس لە ساڵی ١٨٧١ دا شکستییەکی هەژێنەر بوو. "نێونەتەوەیی یەکەم" وەک ئەنجوومەنی کرێکارانی جیهان

---

1. Finer, op. cit. p. 133.

لەسەر بنەمای قانوونکانی سۆسیالیزم پێکهات، بەڵام وەدیی نەهاتنی ئاواتا سیاسییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری دواجار گوورانی لاباڵ و ئاراستەی جیاجیای لەناو خۆی بزووتنەوە دا لێکەوتەوە. مارکس پشتگیری لە پێکهاتنی حیزبە کرێکارییەکان لە ئاستی نەتەوەیی دا دەکرد. لەهەمبەردا، باکۆنین لەگۆشەنیگایەکی ئەنارشیستییەوە پێکهاتنی حیزبە کومۆنیستەکانی پێ سەرەتای دەسەڵات خوازی و دەسەڵات تەوەرەییەکی نوێ بوو. لە ئاکام دا بزووتنەوەی کرێکاری ئوڕووپا بوو بە دوو بەش. بەشی یەکەم لابالی سۆسیال دێموکراسی کە لەژێر دزەی مارکس و ئینگێلس دا بوو و بەشی دووهەمیش، باڵی ئەنارشیستی – سەندیکالیستی بوو کە پشتی بەهزری باکۆنین بەستبوو. لەگەڵ هەمووی ئەوانە دا هەر دوو لاباڵ کۆک بوون لەسەر ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی چینایەتی بوورژوایی و پێکهاتنی دێموکراسی ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای خاوەنێتی بەکۆ. ناکۆکی نێوانیان زۆرتر لەسەر شێوەی پراکتیک بوو واتا ئەوە کە داخوا بزووتنەوەی کرێکاری سەرەتا دەبێ لە ڕێگەی شۆڕشگێرانەوە دەست بەسەر دەسەڵات دا بگرێ و یان سەرەتا بەشێوەیەکی سەندیکالیستی ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی ئامرازە بەرهەم هێنەکان وەدەست بێنێ هەتا دواجار، کۆمەڵگای بوورژوایی هێدی هێدی تووشی تێداچوونی ئابووری و ڕەوشتی بێ. لاباڵی سۆسیال دێموکراتیک (مارکسیستی) پشتگیری لە ڕێکخستنی پرۆلیتاریا بەشێوەی حیزبێکی سیاسی و هەروەها کەڵک وەرگرتن لە یەکێتییە کرێکارییەکان بۆ سازدانی یەکگرتووی *سیاسی* دەکرد. بەو حاڵەش پێویستی کۆنترۆڵی پێکهاتەە سیاسییەکان، لە کردەوە دا ناسینی سیستمی پاڕلمانی لێدەکەوێتەوە. بەتایبەت حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئەلمان وەک

گەورەترین حیزبی جەماوەری سۆسیالیستی ئورووپا پشتگیری لەوەها شێوازێک دەکرد.

ئەنارشیزم و سەندیکالیزم دزەیەکی فراوانیان لەوڵاتانی لاتین (ئیسپانیا، پورتەقاڵ، ئیتالیا)دا هەبوو. ئەنارشیست و سەندیکالیستەکان دژی دەسەڵاتی دەوڵەت و هەر چەشنە چربوونەوەیەکی دەسەڵات بوون و تەنانەت بەشێوەیەکی تاکتیکیش سیستمی پارڵمانیان نەپەژراند. ئەنارشیزم بەتایبەت وەک بیرۆکە لە ئیتالیا دا پێشوازی لێکرا. دەکرێ بڵێن ئەنارشیزم لە وڵاتانێک دا پەرەی سەند کە بزووتنەوە کرێکارییەکانی ئەم وڵاتانە تووشی نالەبارترین هەل و مەرجی ئابووری و سیاسی هاتبوون. ئەنارشیزم بەتایبەت لە قۆناغە سەرەتاییەکانی مۆبیلیزە و چالاکی سیاسی چینی کرێکار دا فراوان بۆوە. لە لایەکی ترەوە لە فەرانسە و ئەڵمان دا سەندیکالیزم دزەیەکی زۆرتری هەبوو. بزووتنەوەی سەندیکالیستی بەهۆی جەخت کردنی سەندیکالیستەکان لەسەر *چالاکی ئابووری (ناسیاسی) ڕاستەوخۆ*، نەبوونە حیزبی سیاسی. هەر وەک پێشتریش ئاماژەی پێ درا هەزری ڕیفۆڕم خوازی و بەشداریکردن لە دەوڵەتی بوورژوایی لەناو بزووتنەوەی سۆسیال دێموکراسی دا مشت و مڕی گەورەی لێکەوتەوە. هێدی هێدی لە ناو بزووتنەوەی سۆسیال دێموکراسی ئەڵمان و هەر وەهاش لە ناو خۆی نێونەتەوەیی دووهەمی سۆسیالیستی دا سێ لاباڵ دەرکەوتن: لاباڵی یەکەم میانەڕۆکان یان مارکسیستە ئۆرتۆدۆکسەکان بوون کە بیروکەکانی مارکس و ئینگێلسیان سەبارەت بە سەرهەڵدانی قەیران لە کاپیتالیزم دا و هەروەها ڕوودانی شۆڕشی سۆسیالیستیان پێی پرۆسەیەک

بوو کە ناکرێ خۆی لێ بە دووربگری بەڵام بەپێی ئەوە کە لە بنە ڕەت دا سۆسیالیزمیان بەدیموکراتیک دەزانی، پشتگیری لە دەوڵەتی دیموکراتیک و هەروەها بەشداریکردنیان لەو دەوڵەتە دا ڕەوا دادەنا؛ دووهەم لاباڵی ڕاست بەڕێبەرایەتی برێنشتاین بوو کە سۆسیالیزمیان وەک ئامانجێکی ڕەوشتی سەیر دەکرد نەک پێویستییەکی سابژێکتیڤ و لە ڕووی مێژووییەوە نەکرێ خۆی لێ بەدوور بگری و سێهەم گرووپەکانی لاباڵی چەپ بە ڕێبەرایەتی ڕۆزالۆکزامبوورگ بوون کە پشتگیریان لە بزووتنەوەی جەماوەری و چالاکی شۆڕشگێرانە دەکرد.

بەگشتی بزووتنەوەی کرێکاری کیشوەری ئورووپا لەچاو بزووتنەوەی کرێکاری ئەمریکا دا بەهۆی دوو هۆکاری خوارەوە زۆرتر سەرقاڵی پرس و مشت و مڕە تیۆرییەکان بوو : یەکەم چوونکە ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی کرێکاری ئورووپا زۆرتر هەڵقووڵاوی ڕووناکبیرانی چینی مام ناوەندی بوو و هۆکاری دووهەم، بەگشتی سیاسەت و حیزبایەتی لە ئورووپا دا هەردەم تایبەتمەندی ئایدۆلۆژیاکی بەهێزی هەبووە. لەگەڵ ئەوەش دا شەری یەکەمی جیهانی بەشێوەیەکی کاتی بزووتنەوەی کرێکاری ئورووپای لاواز کرد، چوونکە لەئاکامی شەردا، ئۆگرییە ناسیۆنالیستییەکان ئۆگرییە سۆسیالیستییەکانیان وەژێر خۆیان دا و هەر لەو ڕووەشەوە یەکێتی نێونەتەوەیی بزوتنەوەی کرێکاری زیانی لێکەوت. بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩١٧ سۆڤیەت و پێکهاتنی کۆمینتێرن وەرژێکی نوێ لە بزووتنەوەی کرێکاری ئورووپا دا دەستی پێکرد. پێکهێنانی حیزبی شۆڕشگێرانی پرۆفیشناڵ لەلایەن بەڵشەفیکەکانەوە لەگەڵ بیروڕای

زاڵ بەسەر حیزبەکانی ئەندامی نێونەتەوەیی دووهەم دا یەکتریان نەدەگرتەوە چوونکە بەباوەڕی ئەو حیزبانە، بزووتنەوەی کرێکاری دەبوو پشتگیری زۆرینەی خەڵک وەدەست بێنێ نەک تەنیا چینە کرێکارییەکان. لەلایەکی ترەوە لێنین بۆدەست بەسەر داگرتنی دەسەڵات بەشێوازێکی سەندیکالیستی کەڵکی لە ئەنجوومەنە کرێکارییەکان وەرگرت. بەگشتی شۆڕشی سۆڤیەت لەئاکامی ستراتێژی لابالی ڕادیکالی نێونەتەوەی یەکەم سەبارەت بەپێویستی دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵاتی سیاسییەوە سەرکەوتنی وەدەست هێنا.

بەگشتی بزووتنەوەی کرێکاری ئوڕووپا سێ ئاراستەی ئایدۆلۆژیاکی سەرەکی وەدەست هێنا: یەکەم ئاراستەی سۆسیالیستی، دووهەم ئاراستەی سەندیکالیستی و سێهەم ئاراستەی ئایینی(مەسیحی). جیاوازی ئاراستە سۆسیالیستی، سەندیکالیستی و ئەنارشییەکان زۆرتر دەرئەنجامی میتۆدە جیاجیاکانی خەباتە بۆگەیشتن بە سۆسیالیزم. بزووتنەوەی کرێکاری سۆسیالیستی بەهیوای گۆڕینی کۆمەڵگا و ئابووری لەڕێگەی کردەوەی سیاسی (واتا کردەوەی ناڕاستەوخۆ) و دەست بەسەرداگرتنی دەزگای دەوڵەت دا بوو. لەو بزووتنەوە دا حیزبی سیاسی کرێکاران دەخرایە سەڕووی یەکێتییە کرێکارییەکان. لەزۆربەی وڵاتانی ئوڕووپایی دا، بزووتنەوەی یەکێتییە کرێکارییەکان وەک ئامرازی حیزبی کرێکار دەهاتنە ژمار. یەکەم جار لە ڕێوڕەسمی کرانەوەی نێونەتەوەیی یەکەم دا داخوازی پێکهێنانی حیزبێکی ڕێکخراو و بەدیسیپلینی کرێکاری لەهەمبەر حیزبە لیبراڵ و حیزبە ڕاستەکان دا، خرایە ڕوو. بەگشتی حیزبە سۆسیال

دێموکراتەکانی بەستراوەی نێونەتەوەیی دووهەم ئاراستەی ڕیفۆڕمیستیان وەدەست هێنا. هۆکاری سەرەکی ئەو ئاراستەیە دژەی فکری مارکسیستە ئۆڕتۆدۆکسەکان بەتایبەت کائۆتسکی لە نێونەتەوەیی دووهەم دا بوو. هەر وەک ئاماژەی پێدرا، بەپێی باوەڕی مارکسیستە ئۆڕتۆدۆکسەکان شۆڕشی کۆتایی تەنیا لەئاکامی کردەوەی ئەو قانوون مێژووییانەی ناکرێ خۆیان لێ بەدوور بگری لە دواڕۆژ دا دێتە دیی. لەسەدەی نۆزدەهەم دا حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئەڵمان مۆدێلی حیزبەکانی وەک خۆی لەزۆربەی وڵاتانی ئوڕووپایی دا بوو. گرینگی نێونەتەوەیی ئەو حیزبە بەهۆی ڕێکخستنی بەهێز، توانای ماڵی و چالاکی پرۆپاگەندەییەوە بوو. سەرەڕای ئەوە حیزب لەلایەن یەکێتییە کرێکارییەکانی ئەڵمانیشەوە پشتگیری لێدەکرا و بەتایبەت لەناو نێونەتەوەیی دووهەمی سۆسیالیستی دا خاوەن پێگەیەکی زاڵ بوو.

دواجار بزوتنەوەی کرێکاری سۆسیالیستی لەپاش شەری یەکەمی جیهانی بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی نێوان گرووپە ریفۆرم خواز و شۆڕشگێرەکان و هەروەها بەهێز بوونی ئاراستە ناسیۆنالیستییەکان لەناو خۆی بزووتنەوەی کرێکاری دا تووشی لاوازی و لێک بڵاوبوون هات. هەرەس هێنانی نێونەتەوەیی دووهەم لەساڵی ١٩١٤ دا پێشاندەری ئەوە بوو کە ئاراستەی عەقڵانی سۆسیالیستەکان وەک توانای هێزە سیاسییەکانی تر نەیدەتوانی هەڵچوون و مۆبیلیزە گشتی وەرێبخا. بزووتنەوەی سوسیالیستی کرێکاری لە ئوڕووپا دا پاش شەری یەکەمی جیهانی، دوو ئاراستەی سەرەکی وەدەست هێنا. یەکەم، ئاراستەی بەڵشەفیکی و لایەنگری

لەکۆمینتێرن (نێونەتەوەیی کومۆنیستی) و ئەویتر، ئاراستەی ڕیفۆڕمیستی و دێموکراتیک بوو کە لە ڕێکخراوی "نێونەتەوەیی سۆسیالیستی کرێکاران" دا ڕەنگی دایەوە.

ئاراستەی سەندیکالیستی بزووتنەوەی کرێکاری هەمیشە هەندێ ئاراستەی ئەنارشیستی هاورێ بوو. لە ئوڕووپادا بەتایبەت لە ولاتانی فەرانسە و ئیتالیا و ئیسپانیا دا سەندیکالیزم ئاراستەیەکی سەرەکی ناو بزووتنەوەی کرێکاری دەهاتە ژمار. هەروەها لەناو یەکێتییە کرێکارییەکانی هەندێ ولاتی ئوڕووپایی وەک فەرانسە و بێلژیکدا ئاراستەی مەسیحییەت لەچاو بزووتنەوەی سۆسیالیستی دزەیەکی بەرچاوی هەبوو. ئەو ئاراستەیە بەزۆری سنووردارە بە کرێکارانی کاتۆلیک و پەیوەندی هەبووە لەگەڵ حیزبە کاتۆلیکەکان و واتیکان دا. لە ساڵی ١٩٢٨ دا فێدراسیۆنی نێونەتەوەیی بزووتنەوە کرێکارییە مەسیحییەکان لە ڕکەبەرایەتی لەگەڵ نێونەتەوەیی سۆسیالیستی دا پێکهات. ئێستا بە سەرنجدان بە ئاراستەکانی باسکراو دەپرژێنە سەر کورتەیەکی بزووتنەوە و هەروەها ڕێکخراوە کرێکارییەکانی ئەڵمان، فەرانسە، ئیتالیا و ئیسپانیا.

**ئەڵمان.** یەکەم یەکێتی کرێکاری ئەڵمان لە شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ دا لەکرێکارانی چاپ و جگەرە پێکهات. چالاکی یەکێتییە کرێکارییەکان تەنیا لە دەیەی ١٨٧٠ مۆڵەتی قانوونیی پێدرا. لە ساڵی ١٨٦٨ دا یەکێتییەکی کرێکاری چربۆوە بە ڕێبەرایەتی لایەنگرانی فێر دیناد لاساڵ پێکهات. لاساڵ

خۆی لە ساڵی ١٨٦٣ دا یەکەم حیزبی کرێکاری پێکهێنـاوە. لەسـاڵی ١٨٦٩ دا ئۆگۆست بێبل و ویلهێم لایبێنخت بە پشـتیوانی مـارکس و ئینگـێلس حیزبـی سۆسیال دێموکراتیان پێک هێنا. لەساڵی ١٨٧٥ دا لایەنگرانی لاسـاڵ و بێبـل – لایبێنخت لە *کۆنگرەی گۆتا دا* یەکیان گرت و تەقڵی نێونەتـەوەیی یەکـەم بوون و ڕێکخراوە کرێکارییەکانیشیان کۆنگرەیەکی هاوبەشیان پێکهێنا بوو. بەپێی قانوونی دژی سۆسیالیزم، کە لە ساڵی ١٨٧٨ دا لەلایەن بیسمارکەوە سـەپێنرا سـەرجەم چالاکییـە کرێکارییـەکان (بەشـێوەی یـەکێتی و حیزبـی) قەدەغە کران. بەڵام لەگەڵ هەڵوەشانەوەی قـانوونی نێـوبراو لەسـاڵی ١٨٩٠ دا و ڕوودانـی مـانگرتنی بـەرفراوان لـە یـەکی مـانگی مـەی هـەمان سـاڵ دا فێدراسـیۆنە سـەرەکییە کرێکارییـەکان لەبێڕلـەن دا کۆمیسـیۆنی گشـتی یەکێتییە کرێکارییەکانی ئەڵمانیان پێک هێنا. هزری لاساڵ هەتا ساڵی ١٨٩١ بەسـەر بزووتنـەوەی کرێکـاری ئـەڵمان دا زاڵ بـوو. لەگـەڵ دەرچـوونی پرۆگرامـی ئـەرفۆڕت لـەو سـاڵە دا بنـەماکانی هـزری مـارکس بەشـێوەیەکی تیۆریـک وەک ئایـدۆلۆژیا سۆسـیال دێموکراسـی ئـەڵمان پـەژرێنرا بـەڵام بـەکردەوە حیزبـی سۆسـیال دێمـوکرات هـەر وەک حیزبێکـی ڕیفۆڕمیسـت مایەوە. بە گشتی ڕێبـەرانی فێدراسیۆنە کرێکارییـەکان لایـەنگری سۆسیال دێموکراسـی و دژی لابـاڵی شۆڕشـگێری مارکسیسـتی حیزبـی سۆسـیال دێمـوکرات بـوون و لـەڕووی ئایدۆلۆژیایـەوە پشـتگیریان لـە لابـاڵی ڕڤێژنسـتەکان (Revisionist) بـە ڕێبەرایـەتی برێنشـتاین دەکـرد. یـەکێتی کرێکاری بەهۆی قەیرانی شەری یەکەمی جیهانی و فـراوان بوونـەوەی ورەی ناسیۆنالیستی لە وڵات دا کەوتنە سات و سەودا لەگەڵ یەکێتی خاوەنکـاران و حکوومەت. لەتەنیشت یەکێتییـە سۆسیالیستییەکان یەکێتییـە کرێکارییـە

مەسـیحییەکانیش(کاتۆلیک) لـەئارادا بـوون کـە بـە پێـی بڕیارنامـەی بەناوبانگی ١٥ مەی ١٨٩١ پاپ لیئۆی هەشتەم ئەرکی ئـەو یەکێتییانـە چـاک کردنی ڕەوشتی چینـی کرێکـار و خاوەنکـار بـوو. هـەروەها هەنـدێ یـەکێتی کریکـاری لیبـرالیش هـەبوون کـە لایـەنگری هـزری "هاوسـەنگی چینایـەتی" لەکۆمەڵگا دا بـوون. سـەرەڕای ئـەوە یەکێتیـە کرێکارییـەکان زۆرتـر لـەگـەڵ حیزبی سۆسیال دیموکراتیک دا پەیوەندیان هەبوو. لەو پەیوەندییـە دا ئـەو دوو لایەنە یەکتریان پتەو و بەهێز دەکرد. لە ئەڵمان دا بەپێچەوانەی وڵاتە ئینگلیـز زمانـەکان حیزبـی سۆسـیال دیمـوکرات و یەکێتییـە کرێکارییـەکان بەشێوەیەکی هاوکات گەشەیان کرد لە کاتێک دا لە وڵاتانی ئینگلیزی زمـان دا یەکێتییە کرێکارییـەکان بـەر لـە گـوورانی حیزبـە چەپـە جەماوەرییـەکان سـەریان هەڵـدا بـوو. لـە سـاڵانی ١٩ – ١٩١٨ دا ئەنجوومـەنی شۆڕشـگێری کرێکاران لەدژی سیاسەتی ڕێبەرانی فێدراسیۆنە کرێکارییـەکان پێکهـات کـە لـە هاوپەیمانـەتی لەگـەڵ سۆسـیال دیموکراتـەکان دا ئاراسـتەی ریفـۆڕم خوازیـان ئاشکرا تـر ببـوو. یەکێتییـە کرێکارییـەکان لەسـاڵانی سـەرەتای کۆماری وایمـار دا بـۆ سـەقامگیرکردنی دیموکراسـی سیاسـی و باشـترکردنی بارودۆخی ئابووری کرێکاران چالاکیان دەنواند. ئاراسـتەی ریفۆڕمیسـتانەی یـەکێتی گشـتی کرێکـارانی ئـەڵمان بەتایبـەت بـووە هـۆی کـەم بوونـەوەی ژمارەی ئەندامانی لە ٨ ملیۆن کەسەوە بۆ ٤ ملیۆن کەس. ئەو یەکێتییـە لـە سـاڵانی دەیـەی ١٩٢٠ دا هێـدی هێـدی ڕووی کـردە پشـتگیری کردنـی هـزری "دیموکراسـی ئـابووری". لـە سـاڵانی قـەیرانی گـەورە واتـا ٣٣ – ١٩٢٩ دا ژمارەی ئەندامان و توانای ئەو یەکێتییە زۆرتـر دابـەزی و دواجـار لەسـاڵی ١٩٣٣ دا بەبێ هیچ بەربەرەکانییەک دەوڵەتی ناسیۆنـاڵ سۆسیالیست تێکـی

شکاندن. یەکێتییە مەسیحی و لیبڕاڵەکانیش هەڵوەشانەوە و لەجێگەی ئەوان ڕێکخراوی کرێکاری حیزبی نازی دامەزرا. یەکێتی شۆڕشگێری کرێکارانی بەستراوەی حیزبی کومۆنیستی ئەڵمانیش کە زۆرتر یەکێتی بێکاران بوو لەهەمبەر نازیزم دا هیچ چەشنە بەربەرەکانییەکی نەکرد. لەساڵی ١٩٤٩ دا یەکێتی گشتی کرێکارانی ئەڵمان(DGB) وەک یەکێتییەکی "بێ لایەن" پێکهات کە نزیکەی ٦/٥ ملیۆن ئەندام و ١٦ یەکێتی پیشەسازی لەخۆدەگرت. پاش شەری دووهەمی جیهانی سیاسەتی گشتی ئەو یەکێتییە، پشتگیری کردن بوو لە پلان دارشتنی ئابووری، خۆماڵی کردنی پیشەپێکهاتەکان، بەشداربوونی کرێکاران لە بەڕێوەبەرایەتی کارگەکان دا و داماڵینی چەک بەگشتی بە مەبەستی بەرگری کردن لە کەوتنەوەی شەر. یەکێتی گشتی کرێکاران گرینگترین ڕێکخراوی کرێکاری ئەڵمانی(ڕۆژئاوای جاران) بووە و نزیکەی ١/٣ کرێکارانی ئەو وڵاتەی ڕێکخستبوو.

یەکێتی گشتی نوێنەری یەکێتییەکانی ئەندام لە چالاکییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان دا بووە بەڵام هەر یەکێتییەک دەتوانێ سەبارەت بە پرسەکانی خۆی چالاکی سیاسی بنوێنێ. بەشێوەیەکی نەریتی (هەروەک ڕۆبێرت میخێلزیش لەسەر ئەو باوەڕی بوو) لە یەکێتییەکانی ئەڵمان دا ڕێبەران خاوەن ئۆتۆڕیتەیەکی بەرچاو بوون. سۆسیالیستەکان بەسەر ڕێبەرایەتی یەکێتی گشتی کرێکارانی ئەڵمان دا زاڵ بوون. لە ناکۆکییەکانی نێوان حیزبی سۆسیال دێموکراتیک و یەکێتی دێموکرات مەسیحییەکان دا بەگشتی ئەو یەکێتییە، لەپێناو پاڕاستنی یەکگرتوویی ناوخۆیی ڕێکخراوەکە هەڵوێستی بێ لایەن بووە. سەرەڕای ئەوە ژمارەی

**ئەندام و ڕێبەرانی یەکێتی گشتی لەناو کاندیداکانی حیزبی سۆسیال دێموکرات دا هەردەم بەرچاو بووە.[1]**

**فەرەنسا. یەکەم یەکێتییە کرێکارییەکانی فەرانسە لە پاش هەڵگرتنی قانوونی قەدەغەی سەر کۆڕ و کۆبوونەوەکان لەساڵی ١٧٩١دا، لە ساڵی ١٨٦٤ سەریان هەڵدا. بزووتنەوەی کرێکاری فەرانسە پەیڕەوی دوو نەریت بوو: یەکەم نەریتی بلانکی و بابۆڤ واتا نەریتی ئەنجوومەنە شاراوە و شۆڕشگێرەکان و دووهەم، نەریتی سۆسیالیستی و ئەنارشیستی کە پشتگیری لە هەرەوەز و ئەنجوومەنە هاریکارییەکان دەکرد. لەساڵی ١٨٧٩ دا فێدراسیۆنی کرێکارانی سۆسیالیستی فەرانسە وەک بەشێکی حیزبی سۆسیالیست لەلایەن ژوول گۆسدوە(Guessede) دامەزرا. کۆنفێدراسیۆنی گشتی کرێکارانی فەرانسە(CGT) لە ساڵی ١٨٩٥ دا پێکهات و درێژەی یەکەم یەکێتی پرۆفیشناڵی فەرانسە واتا کۆنفێدراسیۆنی نەتەوەیی سەندیکا کرێکارییەکانی لیۆن بوو. ئاراستەی کۆنفێدراسیۆنی گشتی، سەندیکالیزم و "کردەوەی ڕاستەوخۆی ئابووری" بوو. شکستی کۆمۆنی پاریس لە ١٨٧١ دا بزووتنەوەی کرێکاری فەرانسەی هێنابووە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ ئامانج و کردەوە سیاسی وەلانێ. کۆنفێدراسیۆنی گشتی ٢٨ یەکێتی ئەندام و ١٢٦ یەکێتی بەستراوەی هەبوو. سەرەڕای ئەوە کاپیتالیزمی فەرانسە لەسەدەی**

---

1. Hirsch – Weber, op. cit. pp. 97 – 100.

نۆزدەهـەم دا گەشـە کردنێکـی ئـەو تـۆی بـەخۆوە نـەبینیوە و داڕشـتەی کۆنفیدراسـیۆن لەسـەر بنـەمای یەکێتییـە پرۆفیشـناڵەکان بـوو. بـە پێـی پەیماننامەی ئامین لە ١٩٠٦ دا ڕێککەوتنێک لـە نێوان لاباڵـە ریفۆڕمیست و ئەنارشیسـتەکانی کۆنفیدراسـیۆن دا هاتـە ئـاراوە. ژمـارەی ئەنـدامانی کۆنفیدراسیۆن لـە ساڵی ١٩٠٦ دا گـەیشتە ٦/٣ ملیـۆن کـەس. لەهەمبـەر دا سەندیکالیستەکان دژی چڕبوونـەوەی ڕێکخـراوە کرێکارییـەکان و پێکهاتنی حیزبی سیاسی کرێکاران بوون. بەبـاوەڕی ئـەوان یەکێتییـە کرێکارییـەکان وەک یەکەی ئابووری و سیاسـی بـۆ کـردەوەی ڕاستەوخۆ دەهاتنـە ژمـار و دەبـوو ڕاسـتەوخۆ ئـەرکی شۆڕشـی سۆسیالیسـتی و تێکـدانی سیسـتمی کاپیتالیستی وەئەستۆ بگرن. لە کۆنفرانسی ئـامین دا ویستە ڕادیکاڵـەکانی سەندیکالیستەکان هەڵپەسێردران و بواری پێکهێنانی حیزب دەسنیشان کـرا. لەئاکام دا، دژەی لاباڵی مارکسیست و ڕیفۆڕمیست کـە بەشـی فەرانسـەیی نێونەتەوەیی سۆسیالیستی ئەو سەردەمیان پێکدێنا بەرز بۆوە. لـە درێـژەی شەری یەکەم دا کۆنفیدراسیۆنی گشتی لە ژێر کاریکـەری خرۆشـانی هەسـتی ناسیۆنالیستی دا لـەگەڵ خاوەنکـاران و حکوومـەت دا ڕێککـەوت. پـاش شـەر لەسـاڵی ١٩٢٢ دا لـەگـەڵ زێـدەبوونی ئاراسـتەی ڕیفۆڕمیسـتی لـەناو کۆنفیدراسیۆنی گشتی دا کۆنفیدراسیۆنی کومۆنیستی کرێکاران (CGTU) کـە لەژێر کاریکەری بیرۆکەکانی لێنین دا ڕۆڵی ڕێبەرایەتی حیزبی کومۆنیستی فەرانسـەی پەژراند لـە کۆنفیدراسـیۆنی گشـتی دابـڕا. پـاش سـەرکەوتنی حیزبەکانی بەرەی خـەڵک لـە ساڵی ١٩٣٥دا، دوو کۆنفیدراسیۆنی نێوبراو جارێکی تر لەژێر کاریگەری دژەی حیزبـی کومۆنیست دا یـەکیان گرتـەوە. بەڵام بۆجارێکی تـر ئـەو یەکگرتنـەوە لـە هـەل و مـەرجی سـەرەتای شـەری

دووهەمی جیهانی و لەژێر کاریگەری گرێبەستی هێرش نەکردنی ئەڵمان و سۆڤیەت بۆ سەر یەکتر دا هەڵوەشایەوە. لە ساڵی ١٩٤٣ دا بۆ جارێکی تر ئەو دوو کۆنفیدراسیۆنە بە مەبەستی خەباتی هاوبەش لەدژی فاشیزم دا یەکیان گرتەوە. کومۆنیستەکان کە لە بزووتنەوەی بەرگری دا ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو دزەی خۆیان لەناو کۆنفیدراسیۆنی گشتی دا بەرفراوان کردەوە. لە پاش شەری دووهەم سەرەتا یەکێتییە کرێکارییەکان پشتگیریان لە دەوڵەتی هاوپەیمانی ساڵی ١٩٤٥ کرد، بەڵام لەگەڵ دەسپێکردنی شەری سارد دا، بۆ جارێکی تر لە ساڵی ١٩٤٨ دا ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کۆنفیدراسیۆن بەتایبەت سەبارەت بە کێشەی پلانی مارشاڵ بە گۆڕتر بوو و ئاراستەی کومۆنیستی لە ناوی دا زاڵ بوو. بەگشتی بزووتنەوەی کرێکاری فەرانسە لە ئاکامی زاڵ بوونی نەریتی سەندیکالیستی و دژە پارلمانتاریستی دا زۆرتر لەگەڵ حیزبی کومۆنیست دا هەستی بەنزیکایەتی کردووە. لەلایەکی ترەوە یەکێتییە کرێکارییە مەسیحییەکانیش لە فەرانسە دا چالاک بوون.

سەرەتا سیاسەتی کۆنسێرڤاتی کڵێسە ڕێگر بوو لەبەردەم سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی کرێکاری بەهێزی مەسیحی. سەرەڕای ئەوە هاوپەیمانی نەریتی نێوان دەربار و کڵێسە ئاراستەیەکی دژە کڵێسەی بەهێزی لەناو کرێکاران دا بڵاو کردەوە. لەلایەکی ترەوە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی کڵێسە بەئاشکرا دوژمنایەتی بزووتنەوەی کرێکاریان دەکرد. لەگەڵ هەمووی ئەوانە دا لەدەیەی ١٨٨٠ بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی یەکێتی کرێکارانی مەسیحی لە بەربەرەکانی لەگەڵ کۆنفیدراسیۆنی گشتی

کرێکاران دا (کەخاوەن ئاراستەی کومۆنیستی بوو) پێکهات و لەساڵی ۱۹۱۹ دا کۆنفیدراسیۆنی کرێکارانی مەسیحی فەرانسەی (CFTC) پێک هێنا. ئەو کۆنفیدراسیۆنە لەگەڵ حیزبی کاتۆلیکی "بزووتنەوەی کۆماریخوازانی خەڵکی"دا پەیوەندایەتییەکی نزیکی هەبوو. بەڵام کۆنفیدراسیۆنی نێوبراو لەساڵی ۱۹٦٤ دا وشەی "مەسیحی" لە ناوەکەی خۆی سرییەوە و وشەی "دێموکراتیکی" لە جێ دانا و ئاراستەیەکی ڕادیکاڵی لەخۆ گرت. لە گەڵ ئەوەدا کە کۆنفیدراسیۆنی گشتی کومۆنیستی بەهێزترین ڕێکخراوی کرێکاری وڵاتی فەرانسە لەو ساڵانەی دوایی دا بووە بەڵام لە شۆڕشی مانگی مەی ساڵی ۱۹٦۸ و داگیرکردنی کارگەکان دا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو.

**ئیتالیا.** بزووتنەوەی کرێکاری ئیتالیا لە سەرەتاوە لەژێر کاریکەری ئاراستەی سەندیکالیستی دا بووە. بەشی ئیتالی نێونەتەوەیی یەکەمی سۆسیالیستی لایەنگری باکۆنین بوو. هەروەها ئەنارشیزم وەک ئاراستەی سەرەکی ئایدۆلۆژیا بزووتنەوەی کرێکاری ئیتالیا بەتایبەت لە ناوچە دواکەوتووەکان دا دەهاتە ژمار. لەدەیەی ۱۸۹۰ دا یەکێتی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان بە ئاراستەیەکی سەندیکالیستییەوە لە بەربەرەکانی لەگەڵ حیزبی سۆسیالیستی کرێکاران دا چالاکی دەنواند. حیزبی سۆسیالیست وەک حیزبی ڕووناکبیرانی بوورژوا سەیر دەکرا. زۆربەی یەکێتییە کرێکارییەکان پشتگیریان لە سیاسەتی بەربەرەکانی و مانگرتنی گشتی بەشێوەی سەندکالیستی دەکرد ولەسەر ئەو باوەڕە بوون کە سۆسیالیزمی

ڕیفۆڕم خواز بەرژەوەندییەکانی ئەوان دابین ناکا. بەتایبەت پاش ساڵی ١٩٠٣ حیزبی سۆسیالیستی ئیتالیا کەوتە ژێر دزەی مارکسیستەکان و چالاکییەکی بەرچاوی لەناو نێونەتەوەیی دووهەم دا هەبوو و لە پاش ساڵی ١٩١٩ دا تەقڵی کۆمینتێرن بوو. لە ساڵی ١٩٢٢ دا مشت و مڕەکان لەسەر بواری شۆڕش لە ئیتالیا بووە هۆی جیابوونەوەی بەشێکی حیزبی سۆسیالیست و پێکهاتنی حیزبی کومۆنیست. لەگەڵ سەرهەڵدانی فاشیزم بزووتنەوەی کرێکاری ئیتالیا تووشی قەیران و شکست و لێک دابران هات. مانگرتنەکانی ساڵی ١٩٢٠ پێشانی دا کە چینی کرێکاری ئیتالیا لەڕووی ڕێکخستن و ئایدۆلۆژیایەی ئەوەندە ئامادە نییە کە بتوانێ دەست بەسەر دەسەڵاتی سیاسی دا بگرێ.

بێ گومان نەریتی سەندیکالیستی و ئەنارشیستی بەجەخت کردنیان لەسەر نەبوونی چربوونەوە و دەستەوداوێن نەبوونی کردەوەی سیاسی لایەنێکی بەهێز نەبوون لەهەمبەر هێزە ڕێکخراوە فاشییەکان دا. ئانتۆنیۆگرامشی، بیرمەندی مارکسیستی ئیتالیا و ڕێبەری حیزبی کومۆنیستی ئەو وڵاتە خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی سەندیکالیستی و خاڵە بەهێزەکانی فاشیزمی لە نووسراوەکانی دا بەباشی ڕاڤەکردووە.

**سپانیا.** لەئیسپانیا دا بەهۆی هەلوێستەکانی باکۆنین دزەی ئەنارشیست و سەندیکالیستەکان و ئاراستەی دژە پاڕلمانتاریستی زاڵ بوو بەسەر ئاراستەی مارکسیستی بزووتنەوەی کرێکاری ئەو وڵاتەدا. حیزبی

سۆسیالیستی ئیسپانیا کە لە ساڵی ١٨٨٨ دا پێک هاتبوو تەنیا لە ناو بەشێکی بچووکی بزووتنەوەی کرێکاری واتا یەکێتی گشتی کرێکارانی ئیسپانیا دا خاوەن دزە بوو لە کاتێک دا کۆنفیدراسیۆنی نەتەوەیی کاری ئیسپانیا کە ئاراستەیەکی سەندیکالیستی و ئەنارشیستی هەبوو پشتگیری بەشێکی زۆری بزووتنەوەی کرێکاری لەپشت بوو. فیدراسیۆنی ئەنارشیستە ئیبرییەکان دژایەتی هەر چەشنە چالاکییەکی سیاسی و هەڵبژاردنیان دەکرد و دزەیەکی بەربڵاویشیان لە کۆنفیدراسیۆن دا هەبوو. لەئاکامی ئاراستەی توندی سەندیکالیستی و ئەنارشیستی دا، حیزبی سۆسیالیست خۆی لەهاریکاری نێونەتەوەیی کومۆنیستی پاراست. لەلایەکی ترەوە کۆنفیدراسیۆنی نەتەوەیی کار تەقڵی ئەنارشیستی – سەندیکالیستی نێونەتەوەیی بوو. لە ئیسپانیاش دا وەک ئیتالیا لێک دابرانی بزووتنەوەی کرێکاری بەقازانجی بەرەی نەتەوەیی فاشیستی دا شکایەوە. لەولاشەوە هەوڵی تێرۆریستی ئەنارشیستەکان، بیانوویەک بوو بۆ هێرشی هێزە فاشییەکان.

بەهۆی شەری ناوخۆیی حیزبی سۆسیالیست تووشی لێک دابرانێکی زۆرتر هات و حیزبی کومۆنیست بەسەر لابالی کۆماری خوازان دا زاڵ بوو و بەپشتیوانی مۆسکۆ کەوتە پاکتاوکردنی ئەنارشیست و سۆسیالیستەکانی ناو بزووتنەوەی کرێکاری.

## بزووتنەوەی کرێکاری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا

بزووتنەوەی کرێکاری ئەمریکا لەچاو وڵاتانی ئورووپا لە هەل و مەرجێکی جیاواز دا سەری هەڵدا. هەڵگرتنی بەربەستەکانی هەڵبژاردن لە ساڵی ١٨٢٠ دا دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی یەکێتییە پرۆفیشناڵ و پیشەپێکهاتەە پەرتەوازەکانی لە بوارە سیاسییەکان دا لێکەوتەوە. لە ساڵی ١٨٢٩ دا حیزبی کرێکارانی نیۆیۆرک پێکهات. لەپاش ساڵی ١٨٣٠ یەکێتی ڕێکخراوەیی وەک گرینگترین ئامانجی بزووتنەوەی کرێکاری دەهاتە ژمار. یەک لە ئامانجە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری سازدانی هەرەوەزی بەرهەم هێنان و دابەشکردنی زەوی بوو بەڵام بزووتنەوەی ناوبراو نەیتوانی گووشاری پێویست بخاتە سەر کۆنگرە. لەگەڵ هەمووی ئەوانەش دا هیچ هەوڵێکی هەمە لایەنە نەدرا بۆ پێکهاتنی حیزبی کرێکاری و پرۆلیتاریایی. ئەنجوومەنی نەتەوەیی کرێکاران کە لە ساڵی ١٨٦٦ لە باڵتیمۆر دا پێکهات بۆ پێکهێنانی هەرەوەزییەکان خەباتی دەکرد و لەئاکام دا نەیتوانی بگاتە ویستە سەرەکییەکانی خۆی لەناویشیان دا هەشت کاتژمێری کار لە ڕۆژ دا و پێکهێنانی حیزبی سیاسی کرێکاران و دواجار لە ساڵی ١٨٧٢ دا لێک هەڵوەشا. وەک هۆکارەکانی لاوازی بزوتنەوەی کرێکاری و نەگووڕانی وشیاری چینایەتی لەناو کرێکارانی وڵاتە یەکگرتووکان دا دەبێ ئاماژە بکەینە سەر ئەو هۆکارانە: فەرعانی و سامانی نەتەوەیی فراوانتری وڵاتە یەکگرتوووکان لەچاو وڵاتانی ئورووپا، زاڵبوونی ئایدۆلۆژیا چینە مام ناوەندییەکان، جیاوازی ئاستی پەرەسەندنی ولایەتە جیاجیاکان، جیاوازی فەرهەنگی و ئەتنیکی لەناو کرێکاران و کۆچی بەردەوامی ناوخۆ. لەڕووی فەرهەنگیشەوە کردەوەی بەکۆمەڵ وەک کارێکی باش سەیر نەدەکرا. هەروەها لە ڕۆژئاوا دا دەرفەتی لەبار بۆ چالاکی ئابووری و بەتایبەت

دەست بەسەر داگرتنی زەوی لەمپەری بڵاوبوونەوەی ڕادیکالیزمی کرێکاری بوو. یەکەم ئەنجوومەنی کرێکاری تارادەیەک بەربڵاو لە ساڵی ١٨٨٠ دا بەناوی "پێشڕۆیانی بزووتنەوەی کرێکاری" (Noble Order of the Kinghts of Labour) دەرکەوت کە ئاراستەیەکی دیموکراتیک و تەنانەت شۆڕشگێری هەبوو. ئامانجی ئەو ئەنجوومەنە کرێکارییە پێکهێنانی هەرەوەزییەکان و سازدانی هاوسەنگی لە نێوان کرێکاران و بەرێوەبەرایەتی دا بوو بەڵام لە ئاکامی چالاکییەکانی دا چوارچێوەی مانگرتنە کرێکارییەکان فراوان تر بوون. بەربەرەکانی خاوەنکاران و خاوەن پیشەپێکهاتەکان و لاوازی ناوخۆیی بوونە هۆی لێک بڵاوبوونی ئەو ئەنجوومەنە لەساڵی ١٨٩٠ دا. لەپاش ئەوە ئەو ئەنجوومەنە لەگەڵ یەکێتی و ئەنجوومەنە کرێکارییەکان لە فێدراسیۆنی کرێکارانی ئەمریکا دا (AFL) یەکیان گرت. ئەو فیدراسیۆنە کە ٩٠ یەکێتی کرێکاری لەخۆ دەگرت ماوەیەک لەژێر ڕێبەرایەتی ساموئێل گامپێرز (Gompers) دا بوو کە خاوەن بۆچوونێکی مارکسیستی بوو. لەگەڵ ئەوەش دا فێدراسیۆنی ناوبراو دژی هەر چەشنە بیرۆکەیەکی خەباتی چینایەتی بوو و پشتگیری لە سیستمی کاپیتالیستی دەکرد. فێدراسیۆنی کرێکارانی ئەمریکا نەچووە ژێر باری هیچ کام لە دوو حیزبە سەرەکییەکە و خۆشی حیزبێکی تری پێک نەهێنا. بواری پێکهاتنی حیزبی کرێکاری و سۆسیالیستی لە ئاستی نەتەوەیی دا لە ئارادا نەبوو. لایەنی ئەمریکایی نێونەتەوەیی یەکەم بە خێرایی بەرەو نەمان چوو. فرێدریش سوورج (Sorge) دۆست و لایەنگری مارکس لە ئەمریکا دا چارەسەری ئەو کێشەیەی لە بەهێزکردنی بزووتنەوەی یەکێتییە کرێکارییەکان دا دەدیی. لە ساڵی ١٨٧٧ دا حیزبی سۆسیالیستی کرێکاران لەلایەن دانییەڵ دۆ لیئۆنەوە

دامەزرا، بەڵام هەوڵەکانی لەپێناو ڕاکێشانی سەرنجی یەکێتییە کرێکارییەکان بۆ سۆسیالیزم تووشی شکست هات. لەهەمبەر دا، ئاراستەی سەندیکالیستی و پشتگیری چالاکی ئابووری لەئەمریکا دا پەسەندتر بوو. لەساڵی ١٩١٤ دا قانوونی کلیتۆن (Clayton Act) ئازادی کردەوەی زۆرتری دایە یەکێتییە کرێکارییەکان و چالاکی ئەوانی بەڕەسمی ناسی. لەدەیەی ١٩٢٠ دا هەندێ گرووپی کومۆنیستی، پارتی کرێکارانی ئەمریکا و پارتی کومۆنیستی کرێکاریان پێکهێنا کە خاوەن ئاراستەی دژە پاڕلمانی بوون. پارتی کرێکارانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٣٠ دا بوو بە پارتی کومۆنیستی وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکا. لەگەڵ ئەوەش دا بزووتنەوەی یەکێتییە کرێکارییەکان و پارتە سیاسییەکانی بەستراوەی ئەو بزووتنەوەیە نەیانتوانی لایەنگرانێکی زۆر بۆلای خۆیان ڕاکێشن و بەزۆریش بەرتەسک بوون لە چوارچێوەی ڕێکخراوی کۆچبەرانی تازە هاتوو دا. لەدەیەی ١٩٢٠ لەئاکامی سیاسەتی هێرشکارانەی خاوەنکاران دا، فێدراسیۆنی کرێکاران (AFL) بەشێکی بەرچاوی لایەنگرانی لێ تەکییەوە. سیاسەتی کۆنسێرڤاتانەی ڕێبەرانی ئەو فێدراسیۆنە لەساڵی ١٩٣٥ دا بووە هۆی لێک دابرانی کۆنگرەی ڕێکخراوە پیشەپێکهاتەکان (IO). ئەو ڕێکخراوەیەش زۆر زوو بەلای میانەڕۆیی دا شکایەوە. کۆنگرەی ناوبراو پشتگیری لەپارتی کرێکاری ئەمریکا دەکرد. لەسەردەمانی "سیاسەتی نوێی" (New Deal) ڕۆزویڵت دا زۆرتر گرینگی دەدرایە پرسی کرێکاری و یەکێتییەکان. بەپێی ئەو سیاسەتە یەکێتییە کرێکارییەکان بوونە خاوەن مافی ڕێکخستن و دان و ستانی بەکۆمەڵ. ژمارەی ئەندامانی یەکێتییەکان لە ٣ ملیۆن کەس لە ساڵی ١٩٣٣ دا گەیشتە ٧/٢٥ ملیۆن کەس لە ساڵی ١٩٣٧ دا. لەسەردەمانی شەری

**دووهەمی جیهانی دا یەکێتییە کرێکارییەکانی ئەمریکا لە ژێر کارێکەری هەستی ناسیۆنالیستی دا کەوتنە سات و سەودا لەگەڵ حکوومەت و یەکێتی خاوەنکاران. پاش شەر دەوڵەتی ئەمریکا هەوڵی دا دزەی یەکێتییە کرێکارییەکان بەرتەسک کاتەوە. بەتایبەت قانوونی پەیوەندییەکانی نێوان کرێکاران و بەرپرسانی ساڵی ١٩٤٧ (ناسراو بە قانوونی تافت – هارتلی) کە سەرەڕای دژایەتی کردنی یەکێتییەکان پەسەند کرا، مافی کرێکارانی لەبواری مانگرتن دا بە توندی بەرتەسک کردەوە. دواجار لەساڵی ١٩٥٥ دا کۆنگرەی ڕێکخراوە پیشەپێکهاتەکان و فێدراسیۆنی کرێکاران یەکیان گرت و بوونە گرووپێکی خاوەن دزەی بەرچاو کە ١٦ ملیۆن کەسی ئەندام هەبوو. بەگشتی بزووتنەوەی کرێکاری ئەمریکا هیچ کات ئاراستەیەکی ڕادیکاڵی هەڵنەگرت. ویستەکانی یەکێتی کرێکاران هەمیشە لەچوارچێوەی دەستەبەر کردنی حەقدەستی ساڵانە، کەم کردنەوەی کاتژمێری کار و دابەشینی پشکێکی قازانجی کارگەکان لەنێو کرێکاران دا بەرتەسک بۆتەوە. فرێدریش ئینگێلس لەساڵی ١٨٨٧ دا سەبارەت بە دوارۆژی ئەو بزووتنەوە گەش بین بوو بەوە کە کۆسپی سەدەکانی ناوەڕاست لەبەر دەم بزووتنەوەی کرێکاری ئەمریکا دا نییە و لەئاکام دا گەیشتنی ئەو بزووتنەوە بە وشیاری چینایەتی و ڕێکخستن لەچاو بزووتنەوە ئوڕووپاییەکان ساناترە.[١] بەڵام پارتە کومۆنیستەکان بەکردەوە نەیان توانی پشتگیری کرێکارانی ڕێکخراو بۆلای خۆیان ڕاکێشن و لەئاکام دا ناچار بوون هێدی هێدی هەڵوێستی ئایدۆلۆژیاکی خۆی هاوسەنگ کرد.**

---

1. F. Engels. *The Condition of the Working Class in England.* P. 354.

# بزووتنەوەی کرێکاری لە یەکێتی سۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتی ئوروووپادا

بزووتنەوەی کرێکاری سۆڤیەت لە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی ئەڵمان دا فراوان بۆوە. بەتایبەت "بزووتنەوەی ڕزگاری کرێکاران" کە لەژێر ڕێنوێنییەکانی گێئۆرگی پێلخانوڤ لە دەیەی ١٩٨٠ دا پێکهات، پشتی بە سۆسیال دێموکراسی ئەڵمان بەستبوو. پارتی سۆسیال دێموکراتی سۆڤیەت لەساڵی ١٨٩٨ دا پێکهات و بەهۆی ناکۆکی ناوخۆی سەبارەت بە پرسی ئامادەبوونی سۆڤیەت بۆ گەیشتنی بە سۆسیالیزم و ئامرازی پێویستی ئەو تێپەرکردنە بە دوو لابالی مەنشۆفیک و بەلشەفیک دابەش بوو. لێنین وەک ڕێبەری بەلشەفیکەکان لەگەڵ ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە هەڵچوونێکی شۆڕشگێری جەماوەری پشتگیری چالاکی حیزب و یەکێتییە کرێکارییەکانی دەکرد. لە سۆڤیەت دا بەر لە ساڵی ١٩١٧ یەکێتییە کرێکارییەکان قانوونیی نەدەناسران. چالاکی حیزبی و یەکێتی لەناو بزووتنەوەی کرێکاری دا بەباوەڕی لێنین پێویست بوو بەڵام خەبات و چالاکی یەکێتییە کرێکارییەکانی لە بواری ئابووری دا لەپێناو گەیشتن بە سۆسیالیزم بە شتێکی تەواو نەدەزانی. حیزبی چربۆوەی "شۆڕشگێرانی پرۆفیشناڵ" دەبوو پێشەنگی یەکێتییە کرێکارییەکان بێ. لێنین دژی بیر و ڕای مەنشەفیکەکان لەمەڕ " بێ لایەنی سیاسی" یەکێتییە کرێکارییەکان بوو و وەک "سپای پاشەکەوتی" حیزبی شۆڕشگێر سەیری دەکردن. بیر و ڕای لێنین لەو

بارەیەوە پێچەوانەی بیرۆکەی مارکس بوو کە پێی وا بوو نوێنگەی سەرەکی بزووتنەوەی چینایەتی پرۆلیتاریا لە یەکێتییە کرێکارییەکان دایە بە سەرچاوەی سەرەکی چالاکی حیزبی و سیاسی دا دەنان. یەکێتییە کرێکارییەکانی سۆڤیەت بەر لە شۆڕش لەژێر دزەی مەنشەفیکەکان دا بوون. لە کۆنفرانسی یەکێتییە کرێکارییەکانی ژووئییەی ١٩١٧ دا یەکێتییە بەلشەفیکەکان کەمایەتی بوون. لە یەکەم کۆنگرەی سەرانسەری یەکێتییە کرێکارییەکان لە ژانوییەی ١٩١٨ دا ڕاگەیەنرا کە یەکێتییە کرێکارییەکان بێ گومان دەبنە ئۆڕگانەکانی دەوڵەتی سۆسیالیستی. لەو کۆنگرەیە دا لیئۆن ترۆتسکی باوەڕی وابوو لە دەوڵەتی سۆسیالیستی دا ئەرکی یەکێتییە کرێکارییەکان تەنیا بەرز کردنەوەی بەرهەم هێنان و ڕێک و پێک کردنی کارە. لێنین لەگەڵ ئەوە دا کە هەڵوێستەکانی ترۆتسکی ڕەتکردەوە، خۆشی ئەرکی یەکێتییە کرێکارییەکانی لەچوارچێوەی سازدانی پەیوەندی لە نێوان حیزب و جەماوەر دا هێشتەوە.[1] تامسکی بەرپرسی کۆنگرەی یەکێتییە کرێکارییەکان خوازیاری دەسەڵاتی سیاسی یەکێتییەکان و گەڕانەوەی دێموکراسی بۆ ناو ئەو یەکێتییانە بوو. لەساڵی ١٩٢١ دا بەگرتنە بەری "سیاسەتی ئابووری نوێ" ڕاگەیەنرا کە ئەرکی یەکێتییە کرێکارییەکان پشتگیری کردنە لە دەوڵەت لەهەمبەر چینی کاپیتالیست دا. لێنین لەدژی "گەندەڵی دەوڵەتی پرۆلیتاریایی" مافی مانگرتنی یەکێتییە کرێکارییەکانی بەڕەسمی ناسی.[2] لەگەڵ دەسپێکی بەپیشەسازی کردنی خێرای سەردەمانی

1. CW. Vol. 23, p. 20.
2. CW. Vol. 33, p. 195.

ستالین دا یەکێتییە کریکارییەکان بەو شێوەیەی ترۆتسکی لەبەر چاوی بوو بوونە پێڕەوی "قانوونی بەرهەم هێنانی ڕووەو زێدە". لەساڵی ١٩٢٩ دا تامسکی لە سەرپەرستی یەکێتییە کرێکارییەکان وەلانرا و پاشان خرایە بەندیخانە. جێگرەکەی، واینبێرگ ڕاشکاوانە ڕایگەیاند: "هەندێ هەواڵمان لە کارگەکان دا لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەبێ یەکێتییە کرێکارییەکان بە ڕادەی بەڕێوەبەرایەتی لە سیاسەتی حەقدەستەکان دا ڕۆڵیان بێ. ئەوە هەڵەیەکی بنەڕەتییە و واتاکەشی ئەوەیە کە یەکێتی جێگەی بەریوەبەرایەتی بگرێتەوە".[٣] لەسەردەمانی ستالین دا یەکێتییە کرێکارییەکان وەک پێکهاتەکی ئۆفیسی دەوڵەتیان لێهات و هەر چەشنە ڕۆڵ و دەسەلاتێکی سەربەخۆی کە تا ئەو کاتە هەیان بوو ئەویشیان لە دەست دا. لە نێوان ساڵانی ١٩٣٢ هەتا ١٩٤٧ دا هیچ چەشنە کۆنگرەیەکی یەکێتییە کرێکارییەکان پێک نەهات.

پاش شەری دووهەمی جیهانی لە دەوڵەتە سۆسیالیستەکانی ڕۆژهەلاتی ئوڕووپا دا یەکێتییە کرێکارییەکان بە پێی مۆدێلی یەکێتییە کرێکارییەکانی سۆڤیەت پێکهاتن. هەروەک چۆن لە یەکێتی سۆڤیەت دا یەکێتییە کرێکارییەکان وەک " یاریدەدەری بەریوەبەرایەتی" لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە بەریوەبردنی ئابووری و بەرز کردنەوەی بەرهەمهێنان دا بەڕەسمی ناسرا بوون، لەولاتە سۆسیالیستەکانی تریش دا یەکێتییە کرێکارییەکان وەک "ئامرازی قانوونیی بەریوەبردنی سیاسەتە ئابوورییە

---

3. Schwarz, *Labour in the Soviet Union.* (New York, 1951), p. 85.

نەتەوەییەکان" سەیر دەکران. پاش کۆنگرەی بیستەمی پارتی کومۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت و دەسپێکی سڕینەوەی سیاسەتەکانی ستالین دا، سەربەخۆیی و سەربەستی یەکێتییە کرێکارییەکان تا ڕادەیەک بەرز بۆوە. پاش ساڵی ۱۹۵۹ لە یەکێتی سۆڤیەت دا کۆمیسیۆنەکانی یەکێتی کرێکاران ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پلان دارێژی و دیاری کردنی حەق دەست و کاتژمێری کار و چارەسەری پرسی فەرعانی کرێکاران دا وەدەست هێنا. لە زۆریەک لەولاتانی سۆسیالیستی ڕۆژهەڵاتی ئوڕووپا دا ئەنجوومەنە کرێکارییەکان لەناو کارگەکان دا خاوەن هێزی بڕیار دان بوون بەڵام هیچ چەشنە سەربەستییەکی ڕاستەقینەی سیاسیان نەبوو و ناچار بوون لە چوارچێوەی پلانی ئابووری نەتەوەیی دا بجووڵێنەوە. لە ساڵی ۱۹٤۸ دا پاش دەرکرانی یۆگۆسلاڤیا لە کۆمینفۆرم، لەگەڵ گووڕانی خۆبەڕێوەبەرایەتی کرێکاری لە کارگەکان دا، یەکێتییە کرێکارییەکان چاوەدێری چالاکییە جیاجیاکانی ناوخۆی کارگەکانیان دەکرد. لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئوڕووپا دا ئاراستەی ئابوورییەکی چرنەبۆوە دەبووە هۆی بەرز بوونەوەی سەربەستی یەکێتییە کرێکارییەکان. لەوەها هەل و مەرجێکش دا یەکێتییە کرێکارییەکان تەنیا یاریدەدەر و ئامرازی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەوڵەت بوون. لە ساڵی ۱۹٦۸ لە ڕۆژئاوای ئەڵمان دا بەپێی گەڵاڵەی "ئۆتۆنۆمی کارگەکان" گەلێ سەربەستی لە بواری گرێدانی گرێبەست لەگەڵ ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان دا درایە یەکیتییە کرێکارییەکان و هەر کات لە ئابووری سۆسیالیستی وڵاتێک دا ئاراستەکانی بازاڕ بەهێزتر بووە، سەربەستییەکانی یەکێتی کرێکارانیش زۆرتر بووە. لەناو ئەو وڵاتانە دا تەنیا یەکێتییە کرێکارییەکانی چێکۆسلۆڤاکیا لەئاکامی ئاڵ و گۆڕەکانی ۱۹٦۸ دا بوونە خاوەن هەلی

مانگرتن و کردەوەی ڕاستەوخۆ. هەندێ لە سەر ئەو باوەڕەن کە یەکێتییە کرێکارییەکان و سۆسیالیزم وەک ئاگر و ئاو وان لە کاتێک دا کاپیتالیزم و یەکێتییە کرێکارییەکان پەیوەندییەکی دوو لایەنەیان لەگەڵ یەکتر دا هەیە. لە ڕاستی دا گووران و سەرهەڵدانی یەکێتییە کرێکارییەکان بەشێکی مێژووی پەرەسەندی لیبراڵ کاپیتالیزم بوون و لە وڵاتە سۆسیالیستەکان دا یەکێتییە کرێکارییەکان فۆنکسیۆن و واتای جیاوازیان هەبوو.

## بزووتنەوەی کرێکاری لە ئەفریقادا

لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین دا ڕۆڵی یەکێتییە کرێکارییەکان پەیوەندی هەبووە بە: ئاستی دەستەبەر کردنی ئازادییە کۆمەڵایەتی – سیاسییەکان، ئاستی گەشەی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکانی، جۆری دارشتەی دەسەلاتی سیاسی، ئاستی مۆدێرنیزم و پەرەسەندنی ئابووری، ئاستی گەشەی چینی کرێکار و هتد. لە زۆربەی ئەو ولاتانە دا ڕژێمە سیاسییەکان بە مەبەستی کەم کردنەوەی هێزی یەکێتییە کرێکارییە خۆڕسکەکان خۆیان یەکێتی کارتۆنییان پێک هێناوە. بێ گومان وەها ڕێکخراو گەلێک خاوەن دەسەلاتی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی نین.

لە ئەفریقا تەنیا لە دەیەکانی ۱۹٤۰ و ۱۹٥۰ دا یەکێتییە کرێکارییەکان سەریان هەڵدا. لە ساڵی ۱۹۳۷ دا لە کۆلۆنییە ئەفریقاییەکانی فەرانسە دا یەکێتییە کرێکارییەکان لە لایەن قانوونوە مۆڵەت دران. لە هەندێ وڵاتی

وەک نێجیریا دا سەربردەی چالاکی یەکێتییە کرێکارییەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی ١٩٢٠ . لە دەیەی ١٩٥٠ دا نزیکەی ٢٠٪ کریکارانی ولاتانی ڕۆژئاوای ئەفریقا ببوونە ئەندامی یەکێتییە کرێکارییەکان. کۆ بوونەوە و چالاکی یەکێتییە کرێکارییەکان لەو شارە ئەفریقاییانەی خاوەن کانگە بوون هەمیشە بەرچاوتر بووە. لە هەندێ ولاتی وەک گینە دا، بزووتنەوەی یەکێتییە کرێکارییەکان ڕۆڵێکی کاریگەر و چالاکی لە سیاسەت دا گێراوە. حیزبی دێموکراتیکی گینە بە ڕێبەرایەتی سکوتۆرە لەلایەن یەکێتییە کرێکارییەکانەوە پشتیوانی لێ دەکرا.

لەگەڵ ئەوەش دا ئامادە بوونی ڕێبەرانی یەکێتییەکان لە پۆستەکانی حکوومەت لە سەرجەم ولاتان دا زۆر کەم بووە. بۆ وێنە لە ولاتانی ڕۆژئاوای ئەفریقا لە ساڵی ١٩٥٨ دا لە ٤٧٣ ئەندامی ئەنجوومەنی قانووندانان دا تەنیا ٤ کەسیان لە یەکێتییە کرێکارییەکان بوون. لەگەڵ هەمووی ئەوەش دا حیزبە سیاسییەکانی ولاتە جیاجیاکانی ئەفریقا جەختێکی زۆریان کردۆتە سەر ڕاکێشانی پشتگیری یەکێتییەکان. پەیوەندی نێوان پارتە چەپ و یەکێتییەکان بەتایبەت لە ولاتانێکی وەک نێجیرییە، گینە و غێنا دا فراوان بۆتەوە. لەلایەکی ترەوە فراوان بوونی ڕادیکالیزمی یەکێتییە کرێکارییەکانی ئەفریقا، حیزب و ڕێبەرە ناسیۆنالیستەکانی سەبارەت بە ڕۆڵی ئەوان لە سیاسەت دا ڕەش بین کرد. لاوازی بنەڕەتی یەکێتییە کرێکارییەکانی ئەفریقا بە هۆی نەبوونی پیشەپێکهاتەکی بەرفراوان، ئاستی خوارەوەی لێهاتوویی و فێرکاری لەناو کرێکاران و هەرزانی نرخی کارەوە بووە. زاڵ بوونی کەرتی دەوڵەت لە ئابووری هەندێ

لەو وڵاتانە دا دەبێتە کۆسپی سەر ڕێگەی سەربەخۆیی کردەوەی یەکێتییەکان. لە ڕووی ناوخۆیشەوە دارِشتەی یەکێتییە کریکارییەکان لە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقایی دا لاواز بووە. یەکێکی تر لە هۆکارەکانی گەشە نەکردنی توانای یەکێتییە کرێکارییەکان هێز و توانای ڕێبەرانی سیاسییە، کە دەتوانن بە بێ ئەوە دەستە و داوێنی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بن جەماوەر مۆبیلیزە بکەن. هەروەها لە زۆربەی بوار دا ڕکەبەرایەتی ناوخۆیی و ناکۆکی ئەتنیکی و عەشیرەیی بوونە لەمپەری ئاوێتە بوونی یەکێتییەکان لە ناو فێدراسیۆنەکان. بەگشتی لاوازی بزوتنەوەی یەکێتییە کرێکارییەکان لە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقا دا لەمپەرێک بووە لەسەر ڕیگەی سەرهەڵدانی حیزبی سیاسی لە ناو یەکێتییەکان دا.[١]

## بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران‌دا

بزووتنەوەی کرێکاری ئێران لە ژێر کاریگەری فراوان بوونەوەی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا دا، سەرکەوتنی شۆڕشی مەشرووتە و بە تایبەت سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر لە سۆڤیەت دا هاتە دیی. یەکەم تیشکەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە ساڵی ١٩٢٨ دا بەدی دەکرێ کە لەو دا کرێکارانی چاپخانەکانی تاران یەکێتی کرێکاریان پێک هێنا و ڕۆژنامەیەکیشیان لە ژێر ناوی " یەکگرتوویی کرێکاران " (اتفاق کارگران) دا

---

1. P. Lloyd, *Africa in social Change.* (Penguin books, 1969), pp. 203-9.

بڵاو کردەوە. بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبری سۆڤیەت چالاکی سیاسی و فکری حیزبی سۆسیال دیموکراتی کرێکارانی سۆڤیەت لە دنەدانی بزووتنەوە و وشیاری کرێکارانی ئێرانی دا کاریگەر بوو. گرووپی ڕووناکبیری "همت" لە باکۆ لە ساڵی ١٢٨٣ هەتاوی دا گەلێ ڕێکخراوی لە شارە گەورەکانی ئێران دا پێک هێنا و داکۆکی لە مافی مانگرتن و چالاکی ئابووری و سیاسی کرێکاران دەکرد و خوازیاری باشتر بوونی هەل و مەرجی ژیانی کرێکاران بوو. لقەکانی حیزبی سۆسیال دیموکرات وەک (اجتماعیون – عامیون) لە تاران و تەورێز و مەشهەد دا پێک هاتن. لەو شارانە دا بە مەبەستی باشتر کردنی هەل و مەرجی کار و چوونە سەری حەق دەستەکان و سەرنجی دان بە کێشەی فەرعانی کرێکاران لێرە و لەوێ چالاکی ڕێکخراوی کرێکاری ئەنجام دەدران. بار و دۆخی پێشکەوتووتری پیشەسازی ناوچەی قەفقاز لە چاو ئێران و بەتایبەت پیشەسازی نەوتی باکۆ بەشێکی هێزی کاری ئێرانی پەلکێشی ئەو وڵاتە کرد. پاش شۆڕشی ئۆکتۆبر هزری سۆسیالیستی و کومۆنیستی لە ناو ئەو تاقمە لە کرێکارانی ئێران دا بەتەواوی تەشەنەی کرد. پتەو بوونی دەسەڵاتی چینەکانی سەرووی لە ئاکامی شۆڕشی مەشرووتە دا هۆکارێکی تری برەوی ئەو هزرانە بوو لەناو دانیشتوانی ئێرانی لە قەفقاز دا. هەندێ لە ئێرانییەکانی باکۆ لە ساڵی ١٢٩٥ هەتاوی دا بە مەبەستی بەڕێوەبردنی بەکردەوەی ئەو هزرانە "کۆمیتەی عەداڵەت" یان پێک هێنا. ڕێبەرانی کۆمیتەکە بریتی بوون لە میرزا جەعفەری پیشەوەری، سووڵتان زادە، حەیدەرخان عەموو ئۆغلی، سەلامۆڵلا جاوید و میرزا ئەسەدوڵلا غەففار زادە. لە ساڵی ١٢٩٩ هەتاوی دا کۆمیتەی عەداڵەت یەکەم کۆنگرەی خۆی لە دورگەی ئەنزەلی لە خاکی ئێران دا پێک هێنا و

دامەزراندنی حیزبی کومۆنیستی ئێرانی ڕاگەیاند و بانگەوازی پێک هێنانی یەکێتی کرێکاری و جووتیاری و خەباتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کرێکاران و جووتیاران دەکرد. تیۆروانی سەرەکی حیزبی کومۆنیستی ئێران سووڵتان زادە بوو. لە پێشوازی بانگەوازی ناوبراو دا یەکێتی کرێکارانی چاپخانەکان ڕێکخرا و دەستی دایە چالاکی و مانگرتن. هەروەها کرێکارانی قوماش فرۆش و نانەوەخانەکانیش یەکێتی خۆیان پێک هێنا. لەساڵی ١٣٠٠ هەتاوی دا بەو شێوەیە نزیکەی ١٠ یەکێتی کرێکاری پێک هاتبوون. ئەو یەکێتییانە، یەکێتی گشتی کرێکارانیان پێک هێنا. هەر لەو ساڵە بە دواوە چالاکی سیاسی لە ناو کرێکارانی ئۆفیس و ڕێکخراوە دەوڵەتییەکانیش دا ( بەتایبەت کۆمپانیای نەوتی ئێران و ئینگلیس دا) فراوان بۆوە، بەڵام لە سەردەمانی حکوومەتی قوام السلطنه لە ساڵی ٢ – ١٣٠١ دا چالاکی یەکێتییەکان تووشی گەلێ ئاستەنگی بەرچاو هات.

لە دەیەی ١٣٢٠ هەتاوی دا چالاکی سیاسی بزووتنەوە و یەکێتییە کرێکارییەکان لە ژێر ڕێنوێنییەکانی حیزبی توودە دا گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی. چینی کرێکاری پیشەسازی ئێران لەو سەردەمە دا زۆرتر سەرقاڵی پیشەسازی نەوت، پیشەسازی ڕستن و چنین و افزارمندی بوو. دەوڵەت لە ساڵی ١٣٢٥ هەتاوی دا لە دژی مۆبیلیزە کردنی کرێکاری لە لایەن حیزبی توودەوە، وەزارەتی کاری دامەزراند هەتا لە ڕێگەی یەکێتییە کرێکارییە دەوڵەتییەکانەوە بەر بە دزەی یەکێتییەکانی بەستراوەی حیزبی توودە بگرێ. پاش کودەتای مانگی گەلاوێژی ١٣٣٢ هەتاوی لەگەڵ سەرکوتی حیزبی توودە دا، ئۆگری حکوومەت بە ڕێکخراوە فەرمییەکان لەکزی دا.

دواتریش سەرجەمی یەکێتییە کرێکارییە مۆڵەت دراوەکان لە لایەن حیزبی ئێرانی نوێ وە کۆنترۆڵ کران.[1] حیزبی ئێرانی نوێ لە ڕواڵەت دا وەک نێوبژی کرێکار و خاوەنکاران دەجووڵاوە. هەر لەو ساڵانە دا حکوومەت بە مەبەستی ڕاکێشانی پشتگیری چینی کرێکاری نوێ هەندێ هەوڵی بەرتەسکی دا وەک بەشدار کردنی کرێکاران لە ٢٠٪ قازانجی کارگەکان، دیاری کردنی لانی کەمی حەق دەستەکان و هەروەها فرۆشتنی پشکی کارگەکان بە کرێکاران. بە مەبەستی دیاری کردنی سیاسەتی کرێکاری هەر ساڵە بە سەرۆکایەتی شا کۆنگرەی نەتەوەیی کار پێک دەهات. بانکی دەوڵەتی ریفاهی کرێکارانیش بە مەبەستی ڕاکێشانی پشتگیری چینە کرێکارییەکان پێک هات. بەپێی پێداچوونەوەی قانوونی کار لە ساڵی ١٣٤٢ هەتاوی دا تەنیا پێک هێنانی سەندیکای جیاجیا مۆڵەت دەدران؛ سەندیکاکان بۆیان نەبوو فێدراسیۆن پێک بێنن. کرێکاران بەپێی قانوون مافی دان و ستانی بە کۆیان هەبوو بەڵام بە کردەوە حکوومەت لە جێی ئەوان ئەو کارەی بەئەنجام دەگەیاند.

لە سەرەتاکانی دەیەی ١٣٥٠ هەتاوی دا لەگەڵ ڕوودانی هەندێ مانگرتنی لێرە و لەوێ دەوڵەت بە مەبەستی بردنە سەری حەق دەستەکان گووشاری خستە سەر خاوەنکاران. دەوڵەتی شا لە هەمبەر قەیرانە ناوخۆییەکان هەر لەو ساڵانە دا لە ڕێگەی دامەزراندنی حیزبی ڕەستاخیزەوە دەستی دایە مۆبیلیزە کرێکاری و بە پێی قانوونی

---

١. بڕوانە : عبدالصمد کامبخش , *جنبش کارگری در ایران* , انتشارات حزب توده , بی تا

پەرەسەندنی خاوەنێتی پیشەسازی کەوتە فرۆشتنی هەندێ پشکی کارگەی کەرتی تایبەت و دەوڵەتی بە کرێکاران. لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی دا کرێکاران لە ژێر کاریگەری ئەتمۆسفێری سیاسی گۆڕاوی ئەو سەردەم دا دەستیان دایە مانگرتن و چالاکی سیاسی. لە درێژەی شۆڕش دا، کۆمیتەکانی مانگرتنی کرێکاری کە دواجار بوونە ئەنجوومەنە کرێکارییەکان خەریک بوون بەرێوەبەرایەتی کارگەکان بەدەستەوە بگرن و لە هەندێ بواریش دا بەکردەوە بەرێوەبەرایەتی کارگەکانیان بەدەستەوە گرت. ئەنجوومەنی کرێکارانی ڕێگەی شەمەندەفەر یەک لەو ئەنجوومەنە کرێکارییە سەرەتاییانە بوو کە لە درێژەی شۆڕش دا پێک هات. ویستی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان بریتی بوو لە کەم کردنەوەی کات ژمێری کار، بەرز کردنەوەی حەق دەستەکان، بە ڕەسمی ناسینی ئەنجوومەنەکان و قانوونیی بوونی مانگرتن. کرێکارانی پیشەسازی نەوت تەنانەت داوای ناردنی نوێنەرێکیان وەک ئەندامی ئەنجوومەنی شۆڕش خستە ڕوو. پاش شۆڕش لە سەردەمانی چالاکی حیزبی کۆماری ئیسلامی دا لە هەندێ بوار دا، ئەنجوومەنە ئیسلامییەکانی کارگەکان هاتنە جێگەی ئەو ئەنجوومەنانەی لە درێژەی شۆڕش دا سەریان هەڵدا بوو. حیزبی ناوبراو بە مەبەستی هاندان و دامەزرانی ئەنجوومەنە ئیسلامییەکان، بەشی کرێکاری تایبەت بە خۆی پێک هێنا. لە هەر شارەو ئەنجوومەنەکانی کارگەکان لە ناو ئەنجوومەنی ناوەندی دا ڕێکخران.

## کۆبەندی

بەگشتی هەروەک پێشتریش باسمان کرد لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆڵی و ئامانجەکانی بزووتنەوەی کرێکاری دوو تیۆری خراونە ڕوو: یەکەم، بیرۆکەی کومۆنیستی کە ئامانجی بزووتنەوەی کرێکاری لە هێنانەدی سیستمێکی سۆسیالیستی دا دەبینێ و بەڵام بەپێی ئەو بیرۆکەیە وەها ئامانجێک نەهاتۆتە دیی؛ دووهەم، بیرۆکەی دێموکراتی کە پێی وایە ئامانجی سەرەکی بزووتنەوەی کرێکاری، واتا وەدەست هێنانی ئازادیيە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هاتوونە دیی. بە پێی بۆچوونی دووهەم، بزووتنەوەی کرێکاری لەنێوان ساڵانی ١٨٤٨ و ١٩١٨ دا گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی و لەگەڵ پێکهاتنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی چینی کرێکار و گەیشتنیان بە دەسەڵات دا سەردەمانی "بزووتنەوە" بەسەر چوو. هەر کات لە ژیانی سیاسی دا ڕۆڵ و دزەی ڕێکخراوە کرێکارییەکان بەرز بۆتەوە بەستراوەیی داڕشتەی دەوڵەت وە چینی زاڵی کۆمەڵایەتی تاڕادەیەک کەم بۆتەوە.

زۆربەی ئامانجەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕۆژئاوا دا بە بێ دەست بەسەر داگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەیەکی شۆڕشگێر و ڕادیکاڵ لە ڕێگەی ڕیفۆرمیستانەوە هاتوونە دیی. یەکێک لە گرووپە خاوەن دزەکانی وڵاتانی دێموکراتیک ڕێکخراوە کرێکارییەکان بوونە. لەلایەکی ترەوە زۆربەی خاوەن ڕایان بۆ وێنە هێربێرت مارکووزە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە چینی کرێکار لە ڕۆژئاوا دا "ئامبۆرژوا" بووە و ئاسیمیلە بوونی ئەو

چینـەیان لـەناو کۆمـەڵگای بـەکارهێن دا پـێ هێمـای لـەناوچوونی هێـزی ڕزگاریدەر لە کاپیتالیزمی هاوچەرخ دا بوو. ئینگێلس ئەو پرۆسـەیـەی پێـی پرۆسەیەک بوو کە ناکرێ خۆی لێ بە دوور بگری. بێ گومـان بـاش بـوونی هـەل و مـەرجی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری چینـی کرێکـار لـە کۆمـەڵگای بەکارهێنی مۆدێرن دا یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی گۆڕانی نواڕینی ئەو چینانە بووە. هەروەک پێشتریش ئاماژەی پێ کرا، ڕاست خـوازی بەشـێکی بـەرچاوی چینـی کرێکـار لـە هەنـدێ وڵاتـی ئوڕووپـایی دا یـەکێک لـە دەرکەوتەکانی ئەو گۆڕانەیە. بەگشتی لە وڵاتانی نیوە پیشەسازی دا چینـە کرێکارییەکان هێزێکی سیاسی بەرچاو نەبوونـە بـەڵام وا چاوەڕوان دەکـرێ ڕۆڵـی ڕێکخـراوە کرێکاریـیـەکان لـە وڵاتـانی ڕووە و پەرەسـەندن لەگـەڵ پێشکەوتنی پیشەسازی ئـەو وڵاتانـە دا بـەرز بێتـەوە لـە کاتێـک دا ڕۆڵـی سیاسی چینی کرێکار لە کۆمەڵگا کاپیتالیستە "سەرِوو پیشە پێکهاتەکانی" ئەو دواییانە بەشێوەیەکی کاتی ڕەنگە بەرەو کز بوون بچێ.

٥

# ڕۆڵی ئەریستۆکراسی و خاوەن زەوییەکان لە سیاسەتدا

## بیرۆکە و مێژوو

لە ڕووی مێژووییەوە ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی چینی هەڵبژاردە و دەسەڵاتداری کۆمەڵگای نەریتی و کۆمەڵگاکانی پێش کاپیتالیزمی پێک هێناوە. ئەریستۆکراسی لەچاو گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی تر لە هەموو شوێنێک دا خاوەنی گەلێ پوانی تایبەت بوو و چینێکی کەم تا زۆر داخراویشی پێک دێنا. بزاوتی کۆمەڵایەتی بەتایبەت لە وڵاتانێک دا کە خاوەن ئەریستۆکراسی میراتی و سەقامگیر بوون، شوێنێکی ئەوتۆی لەسەر ئەو چینە دانەدەنا. ئەندامەتی لە چینی ئەریستۆکرات دا خاوەن هەل و مەرجێکی تایبەتی نەگۆڕ بوون. ئامادە بوونی چینێکی باڵای ئەریستۆکرات لە حکوومەت دا دیاردەیەکی گشتی و فراوانی مێژووی وڵاتانی سەردەمانی بەر لە کاپیتالیزم بووە. تەنیا لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاراستە بەرامبەر خوازەکان لە درێژەی شۆڕشە دێموکراتیکەکان دا بوو کە بۆ یەکەم جار پوانەکانی ئەریستۆکراسی کەوتنە بەر هێرش. لەگەڵ ئەوەش دا

پاشماوەکانی ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی ئێستاش لە هەندێ وڵات دا بەردەوام ماونەوە. بەتایبەت لە وڵاتانی نیوە پیشە سازی و لە کاتی پەرەسەندن دا کە ئەزموونی ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی پەیوەندییەکانی خاوەندارەتی زەوەیان نییە، چینە خاوەن زەوییەکان بە هێزترن.

هەر وەک لە بیرورِای ئەفلاتوون و ئەرەستوو سەبارەت بە حکوومەتی ئەریستۆکراسی دا دەردەکەوێ، چەمکی ئەریستۆکراسی (Nobility,Aristocracy) لە بنەڕەت دا بە ڕەچەڵەک و ڕەگەزی سەڕوو دەگووترا. سەبارەت بە هەل و مەرجی گوورانی ئەریستۆکراسی لە ناخی کاستەکانی سپا و ڕووحانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئورووپا دا گەلێ توێژینەوەی جۆراوجۆر هاتوونە ئەنجام. بەشێوەیەکی سروشتی باسی سێ جۆری ئەریستۆکراسی لە مێژووی ئورووپا دا کراوە: یەکەم ئەریستۆکراسی بنەماڵەیی وەک ئەریستۆکراتی نەریتی فەرانسەی بەر لە شۆڕش، دووهەم ئەریستۆکراسی سپا وەک ئەریستۆکراسی پێروس و سێهەم ئەریستۆکراسی دیوانی بوو کە پلە و پایەیان پشت ئەستوور بەو پۆستانەوە کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە وەک میرات پێیان دەگەیشت، وەک بەشێکی ئەریستۆکراسی دەسەڵاتداری فەرانسە (Noblesse de robe). لە هەموو شوێنەکان دا ئەریستۆکراسی بە مەبەستی پێشگرتنی لێک بڵاوبوونی سامان و خاوەندارییەتییەکەی و هەژار کەوتنەوەی بنەماڵە ئەریستۆکراتەکان هەندێ ڕێ و شوێنی تایبەتی رەچاو دەکرد. لە هەموو شوێنەکان دا ئەرکە سەرەکییەکانی ئەریستۆکراسی بریتی بوو لە ئەرکی سپایی و بەرگریی. هەڵبەت لە ڕۆژئاوا دا بەپێچەوانەی ڕۆژهەڵات، ئەریستۆکراسی پارێزراو

بوو، خاوەنی مافی زەوی و مڵکانە بوو و لە ئاکام دا لە چاو دەسەڵاتدارانی ناوەند خاوەن سەربەخۆییەکی زۆرتر بوو. لە ئوڕووپا دا بنەمای ئەریستۆکراسی پێک هاتبوو لە پەیوەندی نێوان ئەرکەکانی سپا و خاوەنێتی زەوی. نازناوەکانی ئەریستۆکراسی بەشێوەیەکی سروشتی یان بە میرات دەگەیشت و یانیش بەستراوەی مانۆر (Manor) بوون. گرینگترین تایبەتمەندی ئەریستۆکراسی فیۆدالی ئوڕووپا ئەوە بوو کە لە زەوییەکانی ژێر دەستیان دا خاوەنی هەموو مافە سپایی و ئۆفیسی و سیاسییەکان بوو.

جۆری فۆنکسیۆن و ئاوێتەی کۆمەڵایەتی و سەروەری و پێگەی ئابووری و تایبەتمەندی فەرهەنگی ئەریستۆکراسی لە وڵاتانی جیاجیا دا بەستراوەی جۆری سیستمی سیاسی و ئابووری بوو. لە دەوڵەت – شارەکانی کەونار دا بە سەرنجدان بە ساکار بوونی داڕشتەی سیاسی، ئەریستۆکراسی وەک تۆخمێکی بەردەوامی حکوومەت لە قەڵەم نەدەدرا. بەڵام لە دەوڵەتە فیۆدالییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئوڕووپا دا ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆ و بەرچاوی لە دەسەڵاتی سیاسی دا هەبوو. دواتر لەگەڵ سەرهەڵدانی داڕشتەی دەوڵەتی سەرەڕۆ (قۆناخی نێوان فیۆدالیتە و دەوڵەت – نەتەوەی بوورژوایی) دا ئەریستۆکراسی هەرچەندە سەروەرییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی پاراست، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی خۆی لە دەست دا. هاوکات لەگەڵ بەستراوەیی ئەریستۆکراسی بە دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتی سەرەڕو دا تایبەتمەندی مێژوویی و پاوانکراو و سەروەرییە بە میرات جێماوەکانی ئەو چینە بەرەو نەمان چوون.

لــە سیســتمی "ســەرەڕۆی ڕۆژهــەڵات" و "شــێوە بەرهــەم هێنــانی ئاسیایی" دا بــار و دۆخــی ئەریستۆکراسی تــا ڕادەیــەک وەک بــار و دۆخــی ئەریستۆکراسی ئوڕووپای چاخی دەوڵـەتی سـەرەڕۆ بـوو واتـا لـە هەمبـەر دەوڵەت دا لە ماف و پارێزراوی و سەربەخۆیی سیاسی بێ بەش بوو.

لە هەموو شوێنێک دا ئەریستۆکراتەکان داواکـاری ئـەو سـەروەرییانە بوون: بە میـرات جێمـاو و بنەماڵـەیی و بـێ ڕاگواسـتن. لـەو وڵاتانـە دا کـە خاوەن ئەریستۆکراسییەکی بـەهێـز بـوون، ئەریستۆکراسـی تەنانـەت مـافی گۆڕینی شا و بنەماڵەی سەڵتەنەتیشی هەبوو. لـە کۆمـەڵگا نەریتییـەکان دا ئەریستۆکراسـی تـەنیا چینێکـی مـۆدێرن بـە واتـا ئابوورییەکـەی لەقەڵـەم نـەدەدرا، بـەڵکووو سـتاتۆ (Stand / Status) و تەنانـەت جـار و بـاریش کاستێک بوو. بەو پێیە وەسف کردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەریستۆکراسـی لـە کۆمەڵگا نەریتییەکان دا تەنیا کـە ڕووی ئـەرک و خـاوەنێتی ئابوورییـەوە، پێگەی ئەو بەباشی ڕوون ناکاتەوە.

بەپێی کات و شوێن پێگەی ئابووری دەسەڵاتی ئەریستۆکراسی بەهۆی هۆکارە جیاجیاکانی مێژوویی، فەرهەنگی و جوگرافیاییـەوە بـوو. هـەروەها هۆکارەکانی جوگرافیـای ئـابووری وەک پێویسـتی بـە سیسـتمی ئاوداشـتنی بەرفراوان (بۆ وێنە لە هەندێ وڵاتی ڕۆژهەڵات دا) و ئاستی چڕبوونەوە یـان لێک دابرانـی کۆمـەڵگا لـەو بـوارە دا کاریگـەر بـوون. دەسـەڵاتی ئـابووری ئەریستۆکراســی لــە هەنــدێ بــوار دا بەســتراوەی ئاســتی دەســەڵاتە سیاسییەکەی بـوو. لـە چینـی چـاخی مێنچـۆ دا دەسـەڵاتی ئـابووری تـا

ڕادەیەکی زۆر لە دەسەڵاتی سیاسی چینی ماندارینەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەریستۆکراسی لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ وەدەست هێنانی خاوەنێتی زەوی دا هێدی هێدی فۆنکسیۆنە نیزامی و ئۆفیسییەکانی خۆی تەواو کرد. لە سۆڤیەتی چاخی ڕۆمانۆف دا، ئەریستۆکراسی دیوانی (dvorianstvo) کە لە بنەڕەت دا خاوەن ڕیشەی سپای بوو، ئەریستۆکراسی بەمیرات جێاو و نەریتی (bayar) لە دەسەڵات خست و لەگەڵ پتەوکردنی سێرواژ لە سەردەمانی سەرەڕۆیی تێزار دا بوو بە چینێکی فیۆدالی بە هێز و هەڵکەوتە. دواتر لەگەڵ سەرهەڵدانی داڕشتەی دەوڵەتی سەرەڕۆ دا ڕۆڵی ئەریستۆکراسی تەنیا بەرتەسک بۆوە بە ئەنجام دانی هەندێ خزمەتگوزاری ئۆفیسی و زاڵ بوونە نەریتیتیەکەی لە مانۆرەکان دا (زەوییەکانی ئەریستۆکراسی) زۆر لاواز بوو. لە هەموو شوێنێک دا لەگەڵ سەرهەڵدانی داڕشتەی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن و هزری بەرامبەری مافی تاکەکان و وەرگرتنەوەی سەروەرییە بە میرات گەیشتووکان، دەسەڵاتی سیاسی ئەریستۆکراسی زۆر بەر تەسک بۆوە. ئەریستۆکراتەکان وەک خاوەن سەروەرییەکانی زەوی تا بەر لە فراوان بوونەوەی پیشەسازی و بازرگانی مۆدێرن بە تەواوی بەرژەوەندی و ئۆگرییە ئابوورییەکانی خۆیان کەم تا زۆر پاراست. لە سەرەتاکانی چاخی مۆدێرن دا ئەریستۆکراتەکان زۆرتر وەک ئۆلیگارشی خاوەن زەوی لە گۆڕەپانی سیاسی دا دەرکەوتن و وەک پێگەی کۆمەڵایەتی گرووپ و حیزب و ئایدۆلۆژیا کۆنسێرڤات لە قەڵەم دەدران. دواتر ئازادی جووتیاران، ڕیفۆرمی زەوی و فراوان بوونەوەی بازرگانی و پیشەسازی پێگەی ئابووری ئۆلیگارشی خاوەن زەوی لەرزۆک

کرد، هەرچەندە تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووش دا ئەریستۆکراسی کۆن بەهۆی ئەزموونی توانا و لێهاتووی لە بوارەکانی سپایی، ئۆفیسی و سیاسی دا وەک یەکێک لە گرووپەکانی سەرەکی دزە مانەوە.

لە ڕووی تیۆرییەوە، مارکس و ئینگێلس سەرهەڵدانی ئەریستۆکراسی سەرەتاییان پێ دەرئەنجامی هەرەس هێنانی کۆمەڵگای هاوبەشی سەرەتایی و گوورانی خاوەنێتی تایبەت بە سەر زەوی دا بوو. بە پێی بیرۆکە مارکسیستییەکان بەر لە کۆماری ڕۆم، چینی کوێلەداران دابەش بوونە سەر چەند گرووپی ڕکەبەر بە تایبەت ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی، ئەریستۆکراتی دیوانی، سووتخۆران و بازرگانان. لە نێوان سەدەکانی یازدە و نۆهەمی بەر لە زایین دا لە یۆنان، ئەریستۆکراسی خۆی چینێکی کوێلەدار بوو. لە نێوان سەدەکانی هەشتەم هەتا شەشەمی بەر لە زایین د ئەریستۆکراتەکان دەسەڵاتی سیاسییان دەدەست دا بوو. مارکس لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە دەکرێ مێژووی ناوخۆیی ئیمپراتۆڕی ڕۆم لە پێک دادانی نێوان خاوەن زەوییە بچووک و گەورەکان لە هەل و مەرجی بەردەوام بوونی کۆیلەداری دا کورت کرێتەوە. بەو پێیە ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی لە چاخی کۆیلەتیش دا ئامادە بوو. لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات دا کۆیلەداری لەگەڵ جۆرە فیۆدالیتەیەک دا ئاوێتە بوو. بەهۆی داشکان و سستی ئابووری کۆیلەداری و سەرهەڵدانی ئابووری فیۆدالی پشت بەستوو بە دەسەڵاتی ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی ئیمپراتۆڕی ڕۆم، دواجار لێک بڵاو بوو. بەباوەڕی توێژەرانی مارکسیست لە سەدەی چواردەی زایینی بە دواوە لە ئیمپراتۆڕی ڕۆم دا ئەریستۆکراسییەکی فیۆدالی بەهێز سەری هەڵداوە و

پەیوەندییە کۆلۆنییە فیۆدالییەکان لەسەدەی پێنجەم لە ئیمپراتۆری بیزانس دا سەقامگیر بوون. لە گەڵ هێرشی هۆزەکانی ژێرمەن و سلاڤ دا ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای مەدیتەرانە بە تەواوی بوونە فیۆدالی. ئەو ئەریستۆکراسییە فیۆدالییە خاوەن زەوییەی کە لە ئاکامی قەیرانی سیستمی کۆیلەداری لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆم دا دەرکەوت، لە زۆر لایەنی جیاجیاوە درێژەی هەر هەمان ئەریستۆکراسی سەردەمانی کۆیلەتی بوو، هەرچەندە ئەریستۆکراسی کۆن زۆرتر پشتی بە ڕەچەڵەک بەستبوو. ئەریستۆکراتەکانی چاخی فیۆدالی کە خاوەن زەوی بوون و پشتیان بە پۆستە سپایی و ئۆفیسییەکانەوە گەرم بوو، دواجار ئەریستۆکراسی کۆنیان وەلا نا. لە حکوومەتی کڵێسەی کاتۆلیک دا کە تا ڕادەیەک دارِشتەی دەوڵەتی ڕۆمی بەرهەم دێناوە، ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی خاوەنی پێگەیەکی پتەو بوو. هەروەک ئاماژەی پێ کرا، خاوەنێتی زەوی لە ڕۆژئاوا دا وەک گرینگترین تایبەتمەندی ئەریستۆکراسی فیۆدال دەهاتە ژمار. بەڵام لە ڕۆژهەڵات بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دا، وەدەست هێنانی ئەرک و پۆستە سپای و ئۆفیسییەکان گرینگترین تایبەتمەندی ئەریستۆکراسی بوون. بە پێی شرۆڤەی مارکسیستی ئەریستۆکراسی فیۆدال (هاوڕێی ڕووحانییەتی مەسیحی) چینی دەسەڵاتداری ئوڕووپای سەدەکانی ناوەڕاستی پێک دێنا و چینەکانی جووتیار و افزارمندی؟ دەچەوساندەوە. تەنانەت لە سەردەمانی دەوڵەتی سەرەڕۆش دا ئەریستۆکراسی وەک پاژێکی چینە دەسەڵاتدارەکان دەهاتە ژمار و دەسەڵاتێکی ئابووری و ئۆفیسی بەرچاویشی لەبەردەست دا بوو.

ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی خۆجێی ئەو سەردەمە پارێزراو بوون و خاوەنی هەندێ مافی دەسەڵاتداری (وەک دادوەریش) بوون و بەرپرسی پاراستنی تەناهی و ئارامی و بەرگری لەهەمبەر دوژمنی دەرەکی و پارێزگاری ملک و داهاتەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆی دا بوون.

لە سازدانی دەوڵەتی سەدەکانی ناوەڕاست دا ئەریستۆکراتە خاوەن زەوییەکان وەک چینی دەسەڵاتدار جووتیارانی ئازادیان کۆت و بەند کرد. چینی ئەریستۆکرات بەمەبەستی پێکهێنانی یەکێتی لە هەمبەر ئاراستەی هۆزی و ئەتنیکییەکان دا پشتگیری لە دەسەڵاتی پاشاکان دەکرد. سەرەڕای جیاوازی نێوان دەسەڵاتی فیۆدالەکان هەر بەو هۆیە هەندێ حکوومەتی پاشایی فیۆدالی هاتنە دیی. بە پێی باوەڕی مارکس و ئینگێلس لە کتێبی *ئایدۆلۆژیا ئەڵمانی دا* " لە ناو دەوڵەتە فیۆدالییەکان دا وەسەر یەک خستنەوەی زەوییە بەربڵاوەکان هەم بۆ ئەریستۆکراسی فیۆدالی پێویستی بوو، هەمیش بۆ پەرەسەندنی شارەکان. بەو پێیە لە هەموو شوێنێک لە ریزی سەرووی ڕێکخراوی چینی دەسەڵاتدار واتا ئەریستۆکراسی دا پاشایەک جێگیر بوو"[1].

لەگەڵ بەهێز بوونی دەسەڵاتی ناوەندی لەنێوان چینی بالای ئەریستۆکرات و دەرباری پاشا دا ڕکەبەرایەتی دێتە دیی و لەو

---

1. Marx, *German Ideology*. P. 36.

ڕکەبەرایەتییە دا دەربارەکان بەمەبەستی پتەو کردنی دەسەڵاتیان لەهەمبەر ئەریستۆکراتی گەورە دا دەستە و داوێنی ئەریستۆکراتی بچووک و چینەکانی تر دەبوون. بەگشتی زاڵبوونی ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی لە ئوڕووپا دا شێوازی سەرخانی جۆراوجۆری هەبوو بەڵام ئەو زاڵبوونە چ لە سەردەمانی پرش و بڵاوی فیۆدالی دا و چ لە سەردەمانی دەسەڵاتی چڕبۆوەی دەوڵەتی سەرەڕۆ و هەروەها گووڕانی دەوڵەتی نەتەوەیی دا بە شێوەگەلی جۆراوجۆر بەردەوام مایەوە. ئەریستۆکراتەکان بەمەبەستی بەرگری لە دەست درێژییەکانی دەرباری پاشا بوونی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتیان بۆ ستاتۆ کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان بە پێویست دەزانی. پێکدادانە سەرەکییەکانی نێوان ئەریستۆکرات و دەربار لە کۆتاییەکانی چاخی فیۆدالی و سەرەتاییەکانی چاخی دەوڵەتی سەرەڕۆ دا لێرەوە سەرچاوەی دەگرت. لە چاخی دەوڵەتی سەرەڕۆ دا مافی ملکانەی فیۆدالی بوو بە داهاتی مووچەیی کە حکوومەتی ناوەندی وەک باج لە جووتیاران و دانیشتوانی شاری وەردەگرت و بەشێوەی مووچە دەیدایە ئەریستۆکراتەکان. بەو پێیە دەوڵەتی سەرەڕۆ دەکەوتە نێوان ئەریستۆکراسی و جووتیاران و چەوسانەوەی ڕاستەوخۆی فیۆدالی دەکردە چەوسانەوەی ناڕاستەوخۆ. هەڵبەت بنەماڵەی پاشا لە ڕووی ئابوورییەوە خۆی وەک بەشێکی سەرەکی ئەریستۆکراسی گەورە دەهاتە ژمار.

سەبارەت بە بوونی ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی لە وڵاتانی نائوڕووپایی و بەتایبەت لە ئاسیا دا و هەروەها جۆری سیستمی کۆمەڵایەتی بەر لە کاپیتالیزم گەلێ بیر و ڕای جیاواز هەبووە. مارکس و

ئینگێلس لە باسی شێوە بەرهەم هێنانی ئاسیایی و سەرەرۆیی ڕۆژهەڵات دا "ئاپۆرەی رۆژهەڵاتیان" وەک دیاردەیەکی جیاوازی لە کۆمەڵگای ئورووپایی لەقەڵەم داوە. بە باوەڕی مارکس و ئینگێلس بە هۆی هۆکاری جووگرافیایی (پرش و بڵاوی لادێ و ناوەندەکانی دانیشتوان و سەرهەڵنەدانی چینەکان) و ئابووری لەو ئاپۆرانە دا، خاوەنێتی تایبەت لەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان نەهاتە دیی. لە ڕۆخی ڕووبارە گەورەکان دا کە ناوەندی سەرەکی کۆمەڵەی ڕۆژهەڵات بووە، پێویستی بە ڕێکخستنی ئاوداشتن سەرهەڵدانی دەسەڵاتی ناوەندی و کۆمەڵگای چینایەتی لێ کەوتەوە. لە بەرهەم هێنانی ئاسیایی دا ئەو گرووپانەی کە بەرپرسی ئەرکەکانی ناوبراو بوون دواجار چینی دەسەڵاتداریان پێک هێنا و لە ئاکام دا چینێکی ئەریستۆکرات هاتە دیی کە زۆرتر مووچەخۆر و بەستراوەی دەوڵەتی ناوەندی بوو. ئەو توێژە هیچ کات نەبوو بە چینێکی میراتی سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵات چوونکە بە باوەڕی مارکس سروشتی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕۆژهەڵات دا لەمپەری سەرهەڵدانی ناوەندەکانی دەسەڵاتی گرووپی بەردەوام بوو. جۆری پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و ئەریستۆکراسی لە ڕۆژهەڵات دا جیاواز بوو لە پەیوەندی واساڵ و پاشاکانی ئورووپا. لە ڕۆژهەڵات دا ئەو پەیمان و خزمەتگوزارییە دوو لایەنەی کە بنەمای پەیوەندییە حقووقییە بەردەوامەکانی سیستمی فیۆدالی ئورووپایان پێک دێنا، باو نەبوو.

بەگشتی لە هەموو شوێنێک دا ئەریستۆکراسی یەکێک بوو لە لەمپەرەکانی مۆدێرنیزم و ئاڵ و گۆڕی ئابووری و سیاسی چوونکە وەها ئاڵ و گۆڕێک زیانی دەگەیاندە سەربەستی و مافە کۆمەڵایەتییەکانیان. لە

زۆربەی وڵاتان دا ئەریستۆکراتەکان چالاکی بازرگانیان بە دوور لە شانی خۆیان دەزانی و داهاتی زەوییەکانیشیان خەرجی شتی لۆکس دەکرد. لەگەڵ هەمووی ئەوانەش دا ئەریستۆکراتەکان لەهیچ وڵاتێک دا نەیان توانی لە هەمبەر ئاڵ و گۆرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دا بەربەرەکانی بکەن و یان خۆیان لەگەڵ ئاڵ و گۆرە نوێیەکان دا ڕێکخەن و دواجار لە ئاکامی شۆڕشە کۆمەڵایەتی و ئاڵ و گۆری بەکاوەخۆ دا وەلا نران.

هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکەم شێوەی دەوڵەتی مۆدێرن لە سەدەی شازدەهەم دا پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەریستۆکراسی ئورووپا تووشی هەندێ ئاڵ و گۆڕ هات بەڵام لە زۆربەی وڵاتان دا ئەریستۆکراسی پێگەی زاڵی خۆی هەروا پاراست. لە سۆڤیەت دا هەر دوو چینی ئەریستۆکراتی (بویارەکان و ئەریستۆکراتە سپاییەکان) وەک چینی دەسەڵاتدار لە دەوڵەتی نوێ دا دەرکەوتن وتا سەدەی هەژدەهەم بەسەر دەزگای دەوڵەت دا زاڵ بوون. لە چاخی دەوڵەتی سەرەڕۆ دا سەرانی سپا و دەزگای ئۆفیسی لە ئەریستۆکراتەکان هەڵدەبژێران و لەگەڵ کەم بوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی ئەو چینە دیسانیش پوانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە دەستی ئەوان دا مایەوە. لە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنی سیاسی دا، ئەریستۆکراسی دەرباری هێدی هێدی لە ئەریستۆکراسی خۆجێی دادەبران و هەندێ ناکۆکیش لە نێوانیان دا ساز بوو.

چینی ئەریستۆکراتی بازرگان (Gentry) لە بریتانیا دا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بە بازرگانی کردنی کشت و کاڵی و کەڵەکە بوونی سامانی

سەرەتایی دا گێرا. دەست بەسەر داگرتنی زەوییە بەش نەکراوەکانی جووتیاری لە ڕێگەی بزووتنەوەی دیوارکێشان لەلایەن ئەو چینەوە یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی پارساکان بوو. لەو وڵاتە دا ئەریستۆکراسی بەهۆی ئاراستەی ژیانی بوورژوایی و بازرگانی بەخێرایی گۆڕا و ڕۆڵێکی گرینگی لە ئاڵ و گۆڕە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان گێرا. لە وڵاتانی تردا ئەریستۆکراسی بەگشتی لەمپەر بوو لەبەر دەم ئاڵ و گۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دا. لە فەرانسە دا، هیچ کام لە توێژە ئەریستۆکراتەکان لە بە بازرگانی کردنی کشت و کاڵی و کەڵەکە بوونی سامانی سەرەتایی دا دەوریان نەبوو. بەگشتی ئەریستۆکراسی فەرانسە سەبارەت بە بازرگانی ڕەش بین بوو و هەر ئەندامێکی ئەو چینە سەرقاڵی کاری بازرگانی بوایە نازناوی ئەریستۆکراتی لێ دەستێندرایەوە. گووشاری ماڵی دەربار لەسەر ئەریستۆکراسی بەردەوام بەستێنی هەڵگەڕانەوەی ئەریستۆکراسی لە مۆدێرنیزمی پێک دێنا. دواجار شۆڕشی فەرانسە پوانە ئەریستۆکراسییەکانی تێک شکاند. لە ئەڵمان دا، ئەریستۆکراتی یوونکێر دواکەوتووترین چینی خاوەن زەوی ئوڕووپا دەهاتنە ژمار. هەر لەسەدەی شازدەهەمەوە یوونکێرەکان خەریکی پتەو کردنی پێگەی سیاسی خۆیان بوون. فراوان بوونەوەی سێرواژ لە ناوەند و ڕۆژهەڵاتی ئوڕووپا دا تایبەتمەندی دواکەوتوانەی ئەو چینەی زێدە کرد. چینی خاوەن زەوی لە مێژووی کۆمەڵایەتی ئەمریکا دا کۆیلەداریش بوو. تا پێش شەری ناوخۆیی ساڵەکانی (٦٥ – ١٨٦١) چینی خاوەن زەوی – کۆیلەدار لە ویلایەتەکانی باشوور دا بەشێکی سەرەکی چینە دەسەڵاتدارەکانی ئەو وڵاتەی پێک دێنا. کۆتایی شەری ناوخۆی و سەرکەوتنی ویلایەتەکانی باکوور بووە هۆی

هـەڵگرتنی کۆیلـەداری، زاڵ بـوونی چینـەکانی بازرگـان و خـاوەن پیشـە پێکهاتەەکان لە سیستمی کۆمەڵایـەتی ئـەمریکا دا و هـەروەها کاپیتـالیزمی پیشەسـازی تەشـەنەی کـردە ویلایەتـەکانی باشـوور. پـێش شۆڕشـی میجـی ساڵی ١٨٦٨ لە ژاپۆن دا خاوەن زەوی و ئەریستۆکراتی "دایامیو" گرینگترین بەشی چینی دەسەڵاتداری سیستمی فیۆدالی ئـەو وڵاتـە بـوون. لـە شۆڕشـی "میجی" دا بەشێکی ئەریستۆکراتی گەژبین لە هاوپەیمانی لەگەڵ بازرگـان و ڕووناکبیران دا، هەندێ ڕیفۆڕمیان لە بواری سـازدانی یـەکێتی نەتـەوەیی و گەشە پێدانی پیشەسازی دا وەرێ خست و لەگەڵ بە بازرگانی کردنـی کشت و کـاڵی ئـەو وڵاتـە دا ڕۆڵێکـی دیاریکـەریان لـە کەڵەکـە بـوونی سـامانی سەرەتایی دا گێڕا. بەڵام دواتر هەندێ بەشی چینە خاوەن زەوییەکان کە لـە ڕەوتـی پڕۆسـەی مـۆدێڕنیزم دا زیانیـان وێکـەوتبوو پشـتگیریان لـە بزووتنەوەی فاشیستی دەیـەی ١٩٣٠ کـرد. پـاش شکستی ژاپـۆن لـە شـەڕی دووهەم دا ڕیفۆڕمی زەوی لە لایەن هێزەکانی سپای ئـەمریکاوە دوا گـورزی سـرەوانده فیـۆدالیزم و خـاوەن زەوییـەکانی ژاپـۆن. لـە چینـیش دا، ئەریستۆکراسـی خـاوەن زەوی بەشـێکی سـەرەکی چینـی دەسـەڵاتداری پێـک دێنـا. بـەڵام ئەریستۆکراسـی چـین لـەچاو چینـی خـاوەن زەوی ژاپـۆن بـە سەرنجدان بە زاڵ بوونی سیستمی چەوسێنەر لەو وڵاتـە دا سـەربەخۆییەکی ئەوتۆی نـەبوو. لـەئاکام دا ئەریستۆکراسـی خـاوەن زەوی چـین هـیچ کـات ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەبازرگانی کردنی کشت و کاڵی و ڕیفۆڕم و مۆدێڕنیزە بوونی ئەو وڵاتە دا نەگێرا. پـاش شۆڕشـی ١٩١١ لـە سـەردەمانی شـەر و لـە چـاخی کـۆمین تانـگ دا دەسـەڵاتی خـاوەن زەوییـەکان کـە هاوپـەیمانی

شەرخوازان و پیاوانی سپای خۆجێی بوون زێدە بوو. پاش شۆڕشی کومۆنیستی بەهۆی ڕیفۆڕمی زەوی و هاوبەش کردنی کشت و کاڵی دەسەڵاتی ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی چین بەتەواوی تێک شکا.

لە هیندوستانیش دا وەک چین، ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی پارێزراو و خاوەنی پوانی دەستە بەرکراو نەبوون. لە چاخی گورکانییەکان دا سیستمی ئیقتاعی لەمپەری بەردەم سەرهەڵدانی چینی خاوەن زەوی میراتی بوو. بە پێچەوانە لە سەردەمانی کۆلۆنی بوونی هیندوستان بە دەست ئینگلیسەوە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی ئیقتاعی دا خاوەن زەوییەکان مافی خاوەنێتی زەویان وەدەست هێنا و جۆرە فیۆدالیتەیەک لە هیند دا سەقامگیر بوو. خاوەن زەوییەکانی هیندوستان پێگەی خۆ جێی دەسەڵاتی ئینگلیسەکان لەو وڵاتە دا بوون. پاش سەربەخۆیی هیندوستان لە ساڵی ١٩٤٧ دا، سەرەتا لە ئاکامی سیاسەتی ساتیا خوازی گاندی دا دەسەڵاتی چینە خاوەن زەوییەکان هەر وەک خۆی مایەوە، بەڵام نێهرۆ لەگەڵ بەڕێوەبردنی ڕیفۆڕمی زەوی و پلانی گەشە پێدانی گووندەکان دا دەسەڵاتی خاوەن زەوییە گەورەکانی تێک شکاند.[1]

---

١. بڕوانە: برینگتۆن مۆر، سەرچاوەی پێشوو

لە ئیمپراتۆڕی عووسمانیدا، بەهۆی سیستمی بەخشینی زەوی، لە ڕاستی دا خاوەن زەوییەکان نوێنەری سوولتان لە ناوچە دا بوون و دەسەلاتێکی ئەو تۆیان نەبوو. لەگەڵ ئەوەش دا خاوەن زەوییەکان یەکێک بوون لەو پێنج بەشەی چینی دەسەلاتداری ئیمپراتۆڕی عووسمانیان پێک دێنا واتا ملکیە، سیفیە، کلیمیە، خزینییە و علمیە. دواتر لە سەردەمانی سووڵتان مەحموودی دووهەم دا (١٨٣٨ – ١٨٠٨) لە ئاکامی ڕیفۆڕمی ئۆفیسی و مالی دا دەسەلاتی خاوەن زەوییەکان، سپای گیان لەسەر دەست و پەیمانکاران (فەرماندارانی خۆ جێی) زیانی بەرکەوت. لەگەڵ هەمووی ئەوانەش دا چ لە سەردەمانی سووڵتانەکانی عووسمانی و چ لە سەردەمانی ئەتاتوورک دا ڕیفۆڕمەکان زۆرتر تایبەتمەندی ئۆفیسی و سپایی و فەرهەنگیان هەبوو و هیچ گۆڕانێکی لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و زەوی دا دروست نەکرد. لەهەمبەر دا جووتیاران، خاوەن زەوییەکان و زانایان، وەک نەیارانی سەرەکی بزووتنەوەی مۆدێڕنیزاسیۆن و ڕیفۆڕمی سەردەمانی ئەتاتوورک دەهاتنە ژمار.[1]

بەگشتی ڕادەی بزاوتی کۆمەلایەتی ئەریستۆکراسی و جۆری دژکردەوەیان لە وڵاتانی جیاجیا دا بەستراوەی گەلێ هۆکاری جیاجیایە وەک سروشتی کۆمەلایەتی ئەریستۆکراسی، بار و دۆخی ئابووری، بواری کرین و فرۆشتنی پۆستەکانی دەوڵەت، جۆری سیستمی خاوەنێتی زەوی و

1. B. Lewis, *The Emergence of Modern Turkey*. (London, Oxford. U. P. 1961).

ڕادەی میراتی بوونی نازناوی ئەریستۆکراسی. بەو پێیە و بەپێی بەڵگە مێژووییەکان لە هەموو شوێنێک دا ئەریستۆکراسی لەهەمبەر سیاسەتە ڕیفۆڕمیستییەکانی دەوڵەتی سەرەڕۆ دا هەڵوێستی دواکەوتوانەی نەنواند و "دژکردەوەی ئەریستۆکراتی" پێشان نەدا.

## دەوری ئۆلیگارشی خاوەن زەوی لە سیاسەتی وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا

لەوڵاتانی ئەمریکای لاتین دا گرووپە خاوەن زەوییەکان وەک هێزی سیاسی سەرەکی دێنە ژمار و لە سیاسەت و حکوومەتی ئەو وڵاتانە دا خاوەن دزەن. لە وڵاتانێکی وەک پێرۆ، شیلی و برێزیل دا نزیکەی ١/٢ تا ٣/٤ زەوییەکانی کشت وکاڵی لەدەست کەمایەتییەکی بچووکی ئۆلیگارشی خاوەن زەوی دا بووە. تەنیا لەو وڵاتانە دا دەسەڵاتی ئۆلیگارشی خاوەن زەوی زیانی بەرکەوتووە کە گۆڕانی شۆڕشگێرانەی بەرچاویان تێدا پێک هاتووە. پێش شۆڕش لە کووبا دا چینی خاوەن زەوی لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی وەک یەکێتی خاوەن کێڵگەکانی شەکر، یەکێتی شەکر چێنان و هتد ڕاستەوخۆ لە سیاسەتی ئەو وڵاتە دا دەستیان هەبوو. چینی ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی یان *لاتیفاندیا* پێک هاتبوو لە خاوەنەکانی کێڵگە گەورەکان. بەشێکی بەرچاوی زەوییە کشت و کاڵییەکانی کوبا، شەکریان لێ دەکرا. ئۆلیگارشی خاوەن زەوی زۆرتر لە شاری هاوانا دا دەژیان. پێش شۆڕش سیاسەتڤانانی کوبایی لە چینی لاتیفاندیا سەریان

هەڵدا بوو. بەڵام پاش شۆڕش لەئاکامی بەرێوەبردنی پرۆگرامی ڕیفۆڕمی زەوی دا خاوەنێتی سەر زەوییە گەورەکان هەڵگیرا و سەردەمانی زاڵبوونی ئۆلیگارشی خاوەن زەوی کۆتایی پێ هات. پێش شۆڕشی ساڵی ١٩١١ لە مێکزیکیش دا و بەتایبەت پێش ڕیفۆڕمەکانی کاردیناس لە ساڵی ١٩٣٧ دا ئۆلیگارشی خاوەن زەوی چینی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتەی پێک دێنا. لە ساڵی ١٩١٠ دا چینی ئۆلیگارشی خاوەن زەوی مێکزیک لە ١١ هەزار خاوەن زەوی گەورە پێکهاتبوو کە خاوەنێتی ٦٠٪ زەوییە کشت و کاڵییەکانیان دەکرد. کۆدیوکان یان فەرماندەرە سپاییە خۆجێیەکان کە دەسەڵاتی ڕاستەقینەیان دەدەست دا بوو بەشێکی بەرچاوی لاتیفاندیا بوون. کڵێسەش خاوەن زەوی و زارێکی زۆر بوو. پاش شۆڕشیش تا سەردەمانی ڕیفۆڕمی زەوی دەسەڵاتی ئۆلیگارشی خاوەن زەوی بەردەوام بوو. لە بریزیل دا ئۆلیگارشی خاوەن زەوی بەردەوام یەکێک بووە لە گرووپەکانی خاوەن دەسەڵات. چڕبوونەوەی سامان لە بەشی خاوەن زەوێتی دا یەکێک لە لەمپەرەکانی بە پیشەسازی بوونی ئەو وڵاتە دەهاتە ژمار. پاش کودەتای ساڵی ١٩٦٤ دا لەلایەن دەوڵەت و پاڕلمانەوە گرینگی درا بە ڕیفۆڕمی زەوی و لە نۆڤامبری هەمان ساڵ دا بە دانانی "قانوونی زەوی" سیستمی خاوەن زەوی بوونی گەورە سنووردار کرا. بە کردەوە تەنیا هەندێکی خاوەن زەوییە گەورەکان ئەویش بە ڕەزایەتی خاوەنەکانیان کەوتنە بەر قانوونی ڕیفۆڕمی زەوی. لە بریزیل دا سپا و خاوەن زەوییەکان لە ڕووی سیاسییەوە بەردەوام یەکگرتوو بوون. بەتایبەت خاوەن کێڵگەکانی شەکر و قاوە وەک گرووپەکانی دەسەڵاتی نەریتی و کۆنی ئەو وڵاتە دەهاتنە ژمار.

## ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی لە ئێراندا

بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییەکانی پاتریمیونیالیزم و سەرەڕۆی ئێرانی لەو وڵاتە دا هیچ کات ئەریستۆکراسییەکی میراتی و خاوەن پارێزراوی حقووقی و سەربەخۆ پێک نەهات، کە بتوانێ لە ڕووی حقووقییەوە دەسەڵاتی شا بەرتەسک کاتەوە. بە سەرنجدان بە بنیاتی خێزانی و بنەماڵەیی دەسەڵاتی سیاسی، پلەی ئەریستۆکراسی بەستراوەی خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵەی شا و نزیکایەتی لە ناوەندی بڕیار دانی سیاسی دا بوو. لە ڕاستی دا بە پێی باوەڕی ڤێبێر لەمەڕ دەوڵەتە پاتریمیونیاڵەکان، کۆنترۆڵی ئامرازەکانی ئۆفیسی و سپایی کۆمەڵگا زۆرتر لە کۆنترۆڵی سەرچاوە ئابوورییەکان وەک سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی دەهاتە ژمار. لە چاخی قاجار دا، دەسەڵاتی چینی ئەریستۆکرات بەستراوەی پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی شا، وەدەست هێنانی پۆستی دیوانی و خاوەنێتی زەوییەکان بوو. لە ئاکام دا بەشێوەیەکی سروشتی ئەرکەکانی دەسەڵاتداری ئەیالەتی، فەرمانداری سپای خۆجێی و باج ئەستێن لە یەک کەس دا کۆ دەبۆوە.[1] لەسەر ئەو بنەمایە ئەریستۆکراسی ئەو سەردەمە لە دوو گرووپی سەرەکی پێک دەهات: ئەریستۆکراسی دیوانی یان خاوەن

---

۱. چارلز عیسوی, *تاریخ اقتصادی ایران*, ترجمه یعقوب آژند, نشر گستره, ۱۳۶۲, ص ۷۹.

پۆستەکانی سەرو و ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی. بێ گومان ئەو دوو گرووپە تێک بەزیوییەکی زۆریان هەبوو. هەر لەو سەردەمە دا زەوییەکان دابەش دەبنە سەر چەند جۆری : ١ – زەوییەکانی دەوڵەتی، ٢ – زەوییەکانی فیۆدالی، ٣ – زەوییەکانی عەشیرەتی، ٤ – زەوییەکانی ئەربابی و ٥ – زەوییەکانی وردە خاوەنداری. لە سەرە ڕۆیی ئێرانی دا هەمیشە بەشێکی بەرچاوی زەوییەکان لەدەست حکوومەت دا بوون کە ئەو زەوییانەی دەدایە مووقتەع و تویولداران و یانیش بەکرێیان دەدان. لەئاکام دا ئەریستۆکراسی میراتی لە ئێران دا پێک نەهات.[٢] بە پێی وتەی لێمبتۆن، دوو لەمپەری سەرەکی لەو بوارە دا هەبوون: یەکەم قانوونی میرات لە ئیسلام دا کە بووە هۆی دابەش بوونی زەوییەکان بە پارچەی بچووکتر و دووهەم سەقامگیر نەبوونی سیاسی و گۆڕانی بەردەوامی دەسەڵاتداران کە گۆڕانی تویولدارانی لێدەکەوتەوە.[٣] تویولداران ئەرکی کۆکردنەوەی باج و ئەنجامی هەندێ خزمەتگوزاری سپاییان لەئەستۆ بوو. تویولداران لە ڕاستی دا سەرچاوەی سەرەکی دابین کردنی داهاتی حکوومەتی ناوەندی بوون. لە ئێران دا سیستمی تویولداری بریتی بوو لە دانی مافی کەڵک وەرگرتن لە زەوی بەشێوەیەکی کاتی یان هەمیشەیی و مافی کۆ کردنەوەی

٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەرەی ٨١.

٣. آن لمبتون, *مالک و زارع در ایران,* ترجمە منوچر امیری, بنگاه ترجمە و نشر کتاب, ١٣٤٥, ص ٤٠٩.

باج. لە سەردەمانی لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی دا، تویولداران دەبوونە گرووپی دەسەڵاتی خۆجێی. ئەو هەل و مەرجە لە کۆتاییەکانی چاخی قاجار دا گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی. هەروەها لە سەدەی نۆزدەهەم دا خاوەنێتی تایبەتی زەوی بەهۆی لاواز بوونی حکوومەتی ناوەندییەوە بەرفراوان بۆوە. لە چاخی قاجار دا لە چاو خولەکانی پێشوو ئاراستەی فیۆدالی سیستمی تویولداری زۆرتر بوو و لێک بڵاوبوونی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی سیاسی بە گۆڕتر بوو. لەو سەردەمە دا ئەریستۆکرات و ئاغاوەت بە هێزترین هێزی کۆمەڵایەتی وڵات بوون و فەرمانبەرانی خۆ جێی لەلایەن ئەوانەوە دادەنران.[۱] دەوڵەتی قاجار لەپێناو ئەنجام دانی ڕیفۆڕم و مۆدێرنیزاسیۆن و هەروەها بۆ دابین کردنی سەرچاوە ماڵییەکانی پێویستی ئەو کارانە، دەستی کرد بە فرۆشتنی زەوییەکانی دەوڵەتی. لەئاکام دا لە تەنیشت چینی تویولداری کۆن هێدی هێدی چینێکی نوێی خاوەن زەوی سەری هەڵدا. پاشا و دەسەڵاتدارانی چاخی قاجار لە ڕووی حقووقی و تیۆرییەوە هیچ چەشنە مافێکی سەربەخۆیان بۆ خاوەن زەوییەکان وەک چینێک لەبەر چاو نەدەگرت و کاتێک دەسەڵاتیان دەکەوتە بەر دەست دەستیان دەکرد بە داگیر کردن و دەست بەسەرداگرتنی زەوییەکانیان. بەگشتی لەچاخی قاجار دا کە دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنەمای خاوەنێتی بوو، زیاتر لێک بڵاو بوو و گرووپی دەسەڵاتی نویٚ سەریان هەڵدا. سیستمی حقووقی و ئابووری ئاغا و ڕەعییەت بنەمای سەربەخۆیی ڕێژەیی خاوەن زەوییەکانی پێک دێنا. خاوەن

---

۱. لمبتون, *مالک و زارع*, ص ٢٦٨

زەوییــە دەوڵەمەنــدەکان ڕاوێژکــار و نوێنــەری تایبــەتی خۆیــان هــەبوو. کۆنسێرڤاتیزمی نەریتی جووتیارانیش مەترسی هەر چەشنە سەرهەڵدانێکی کۆمەڵایــەتی لــەدژی سیســتمی ئاغــا و ڕەعیــەتی دەڕەوانــدەوە. بــە وتــەی لێمبتۆن ئەو خاوەن زەوییانەی لەلایەن حکوومەتەوە ئەرکی بــەڕێوە بردنــی مڵکەکانیان پێ دەسپێرا وەک ئاغا لەقەڵەم دەدران، ئاغاکان خــاوەن پێگــەی دەســەڵاتی خــۆ جێــی نیــوە ســەربەخۆ بــوون و شــاش لــەکاتی قــەیران دا چــاوەڕوانی پشــتگیری کردنــی ئــەوان بــوو. لەلایــەکی تــرەوە ســەرهەڵدانی خــاوەن زەوێتــی بــە واتــای ناسیاســییەکەی ئاکــامی لاوازی و هەرەســی حکوومەتی ناوەندی بوو. هەروەها فــراوان بوونــەوەی هــەنارده و هــاوردە و پەیوەندییە بازرگانییە نێونەتەوەییەکان و وەبرەو کەوتنی هەندێ بەرهەمی کشت و کاڵی ئێران ( وەک لۆکە، کەتان، ئاوریشم، برینج و وشکەبار) لــە بازاڕی جیهانی دا هۆکارێکی تــری بــەهێز بــوونی دەســەڵاتی بەشــێکی چینــی خاوەن زەوی بوو. بەگشتی لە سەردەمانی قاجار دا بە پێی ئەوە کە داهــاتی حکوومــەت لــە ڕێگــەی بــاجی زەوییەکانــەوە دابــین دەکــرا، ئاغــا و خــاوەن زەوییە خۆجێیەکان کە ئەرکی کۆکردنــەوەی باجیــان لەئەســتۆ بــوو، ڕۆڵــی بەهێزیان هەبوو. لە نێوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمیش دا بە سەرنجدان بە ئاڵ و گۆڕە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بواری دەسەڵاتی ئەو چینە هەراوتر بــوو. ئاغاکــان تــۆخمی ســەرەکی چینــی دەســەڵاتدار و مالــک الرقــابی ڕەعییەتەکان بوون.

لە شۆڕشی مەشرووتە دا ئەریستۆکراتە پێشکەوتوو و ڕووناکبیرەکان لە پێش بردنی شۆڕشی مەشرووتە دا دەوریان هەبوو، بۆ وێنە دەکرێ باس

لە محەمەد وەلی خانی سپاسالاری تۆنێکابۆنی، حاجی عەلی قوڵی خانی سەردار ئەسعەد و سەمسام وسەڵتەنە بکەین. سپاسالار تۆنێکابۆنی، ڕێبەری بزووتنەوەی گێلان، یەکێک بوو لە گەورەترین خاوەن زەوییەکانی ئەو سەردەمی ئێران. لە ڕاستی دا لە ڕووی ئابوورییەوە شۆڕشی مەشرووتە بۆ چینی خاوەن زەوی مەترسی دار نەبوو. لەلایەکی ترەوە بەرتەسک و لاواز بوونی دەسەڵاتی دەربار ئازادی و تەناهی زۆرتری بۆ ئەو چینە دەستەبەر دەکرد.[1] بە پێی بڕیارنامەی هەڵبژاردنەکانی مەشرووتە پشکێکی دیاریکراوی کورسییەکانی پارڵمان درایە ئەریستۆکراتەکان وەک یەکێک لە "شەش چینە" سەرەکییەکان. هەر لە سەرەتای دامەزرانی ئەنجوومەنی نەتەوەی دا خاوەن زەوییە گەورەکان بەسەری دا زاڵ بوون.[2] لە خولی یەکەمی پارڵمان دا ٢٥٪ نوێنەران لە ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی بوون. خولی یەکەم و دووهەمی پارڵمان لەگەڵ هەڵگرتنی سیستمی تویولداری و دەرکردنی قانوونی تۆمارکردنی بەڵگە و زەوییەکان دا دەسەڵاتی ئابووری ئەریستۆکراسی پتەوتر کرد. بە وتەی لێمبتۆن پاش هەڵوەشاندنەوەی تویولداری بەستراوەیی ڕەعییەت بە مالیک تا ڕادەیەک کەم بۆوە، بەڵام لە

---

١. مهدی ملک زاده، *تاریخ مشروطیت ایران*، جلد دوم ، انتشارات علمی، ١٣٦٣، صص ٧ – ١٠٧٦ .

٢. جوزف آپتون، *نگرشی بر تاریخ ایران نوین*، ترجمه یعقوب آژند، تهران، نیلوفر، ١٣٥٩، ص ١٧٢.

زۆربەی بوارەکان دا فەرمانبەرانی خۆ جێی نوێنەری مالیکەکان بوون. بەو پێیە دەسەڵات هەر لە دەست گەورە مالێکەکان دا بوو. [٣]

لە نێوان شکستی سەرەڕۆیی بچووک و کودەتای سێ ڕەشەمەی ١٢٩٩ هەتاوی دا ئەریستۆکراسی دیوانی و خاوەن زەوی ئێران گرینگترین تۆخمی چینی دەسەڵاتداری پێک دێنا و دەسەڵاتی بەرێوەبەرایەتی بە دەستەوە بوو. حیزبی ئێعتێدالیوونی ئەو سەردەم لە ئەنجوومەنی نەتەوەیی دا حیزبی چینی ناوداران و ئەریستۆکرات و پیاوانی ئایینی ئێران بوو کە لە هەمبەر حیزبی ڕووناکبیران و نوێخوازانی ئەو سەردەم واتا حیزبی دێموکرات دا چالاک بوو. لە درێژەی شەری یەکەمی جیهانی دا، بە سەرنجدان بە هەرەس هێنانی دەزگای دەوڵەتی ناوەندی گەورە مالیک و ئاغاکان بە ئاشکرا دەسەڵاتداری تەواو بوون. بەگشتی شۆڕشی مەشرووتە بە قازانجی خاوەن ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و بەتایبەت خاوەن زەوییەکان بوو و دەرچوونی قانوونی تۆمارکردنی بەڵگە و زەوییەکان لە ڕووی حقووقی و سیاسییەوە تەناهی خاوەنێتی زەوی دەستەبەر دەکرد. لە گەڵ بە دەسەلات گەیشتنی ڕەزا شا و گوورانی دەوڵەتی سەرە ڕۆی مۆدێڕن لە ئێران دا و چڕ بوونەوەی سەرچاوەکانی دەسەڵات، دزەی سیاسی ئەریستۆکراسی لە کەمێ دا، بەڵام دەسەڵاتە ئابوورییەکەی زیانی وێ نەکەوت. لەو سەردەمانە دا بە پێی قانوونی زەوییەکانی ئاغا و یەک سمی ساڵی ١٣٠٤ هەتاوی تەنیا

٣. لمبتون، *مالک و زارع*، ص ٣٢٣.

باجێکی دیاری کراو خرایە سەر زەوییەکان کە دواتر بوو بە باجی سەر فرۆشتن. لە گەڵ ئەوەش دا بە مەبەستی دابین کردنی داهاتی حکوومەت بەشێکی زەوییەکانی دەوڵەت فرۆشران و کەوتنە دەست چینی خاوەن زەوی. هەر وەها بەشێکی زەوی و مڵکە عەشیرەییەکان بوون بە زەوی ئەغاکان. بە گشتی تا ڕیفۆڕمی زەوی ساڵی ١٣٤٢ هەتاوی دەسەڵاتی ئابووری ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی لە گەڵ هەندێ هەنگاوی وەک دەست بە سەر داگرتنی هەندێ زەوی لە لایەن ڕەزا شاوە[1] دەست لێ نەدراو ماوە. سەرە ڕای ئەوە لە سەردەمی ڕەزا شا دا چینێکی خاوەن زەوی نوێ لە ناو نوێنەرانی دەوڵەت و ئەفسەرانی سپا دا سەری هەڵ دا. چینی ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی ئێرانی ئەو سەردەم نزیکەی ٣٧ هەزار بنەماڵەی گەورەی لە خۆ دەگرت.[2] لە گەڵ ئەوە دا کە ڕەزا شا خۆی لە ڕێگەی دەست بە سەر داگرتنی هەندێ زەوی ببوو بە یەکێک لە گەورە خاوەن زەوییەکانی ئێران و بنەماڵە ئەریستۆکراتە خاوەن زەوییەکان نزیکەی ٥٤٪ نوێنەرانی ئەنجوومەنی نەتەوەییان پێک دێنا، بەڵام بێ گومان ڕژیمی ڕەزا شا ڕژیمی خاوەن زەوییەکان نەبوو. سپا، بڕۆکڕاسی نوێ و بەشێکی چینی ڕووناکبیرانی کۆنسێرڤاتی چاخی مەشرووتە پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو ڕژێمەیان پێک دێنا. قانوون نوێیەکان و بە تایبەت قانوونکانی دابەش

---

١. لمبتون، *مالک و زارع*، ص ٣٤٠.

٢. احسان طبری، *ایران در عصر رضا شاه*، انتشارات خلق، ١٣٥٦.

کردنی وڵات لە ئاستی خۆجێی دا دەسەڵاتی ئەریستۆکراتی خاوەن زەویان بە شێوەیەکی ئاشکرا کەم دەکردەوە.

پاش هەرەسی دەوڵەتی سەرەڕۆی ڕەزا شا پاشماوەکانی ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی ئێران جارێکی تر دزە و دەسەڵاتی سیاسیان وەدەست هێناوە و لە ژێر ناوی پشتگیری لە مەشرووتە و قانوونی بنچینەیی و پارڵمانتاریزم دا کەوتنە چالاکی سیاسی. لە درێژەی سالانی ١٣٤٠ – ١٣٢٠ هەتاوی دا ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی گرینگترین بەشی چینی دەسەڵات دار بوون. لەو سالانە دا بە شێوەیەکی مام ناوەندی ٥٦٪ کورسییەکانی پارڵمان بە دەست نوێنەرانی ئەریستۆکراتەوە بوو. هەر لەو سەردەمە دا ٨٠٪ گووندەکان واتا(٤٠٠٠٠ گووند) لە بەر دەستی گەورە مالیکەکان دا بوو. هەر وەها لە ١٧ سەرۆک وەزیر ١٥ کەسیان لە چینی ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی بوون. لە گەڵ ئەوەش دا پارڵمان لە مەر دانەوەی ئەو زەوییانەی لە لایەن ڕەزا شاوە داگیر کرا بوون، بە خاوەنەکانیان قانوونییەکی دەرکرد. زۆربەی ئەو سیاسەتڤانانی سەر بە چینی ئەریستۆکرات کە لە چاخی ڕەزا شا دا هەڵ پەسێرا بوون دووبارە هاتنەوە ناو گۆڕەپانی سیاسەت. پاش هەرەس هێنانی حکوومەتی ڕەزا شا لە گەڵ فراوان بوونی چالاکی حیزبەکانی چینی مام ناوەندی و ڕووناکبیرەکان دا، ئەریستۆکراتی خاوەن زەویش هەندێ ڕێکخراوی ساز دا. گرینگترین حیزبی چینی ئەریستۆکرات، حیزبی دێموکراتی ئێرانی قەوام و سەڵتەنە بوو. پێگەی کۆمەڵایەتی ئۆلیگارشی خاوەن زەوی لە شار و گووندەکانیش دا هەر وا بە هێز و پتەو مایەوە. لە لایەکی ترەوە دوکتوور

محەمەدی مووسەدیق هەر چەندە خۆی سەر بە چینی ئەریستۆکرات بوو بەڵام لە ریزی پێشەوەی بزووتنەوەی سیاسی – کۆمەڵایەتی چینە مام ناوەندییەکان دا بوو و هەر بۆیەش بە زوویی بەرەنگاری پارڵمانێک بۆوە کە لە دەست نوێنەرانی ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی دا بوو. لە گەڵ شکستی حکوومەتی مووسەدیق لە کودەتای ١٣٣٢ هەتاوی دا ئەتمۆسفێری سیاسی وڵات گۆڕا و هەر چەندە چینی ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی دەسەڵاتی ئابووری و دزەی سیاسی خۆی پاراست، بەڵام دەسەڵاتی سەرەکی لە دەست بنەماڵەی شا دا بوو. دەربار لە هەمبەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و لیبراڵی چینە مام ناوەندییەکان دا بۆ ماوەیەک پێویستی بە پشتگیری ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی هەبوو. پێگەی دەسەڵاتی ئەریستۆکراتەکان لە زەوی و مڵکەکانیان دا بوو و دزەیان لە ناو جووتیاران دا دەستەبەر کاری هەڵبژاردنیان وەک نوێنەر لە پارڵمان دا بوو. لە خولی هەژدەهەمی پارڵمان دا ٦٠٪ نوێنەران لە ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی بوون. هەر وەها ئەریستۆکراتەکان وەک گرینگترین گرووپی خاوەن دزە لە قەڵەم دەدران. بێ گومان دزەی ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی لە دەزگای سیاسی دا لەمپەرێک بوو لە سەر رێگە تاک رۆیی دەربار. لەو ساڵانە دا گرژی و ناکۆکی نێوان دەربار و ئەریستۆکراسی یەکێک بوو لە لایەنەکانی خەبات بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات. تاکە رێگەی شکستی ئەو گرووپە، زاڵ بوونی دەربار بە سەر پارڵمان و هەڵبژاردنەکان دا بوو. لە پێناو ئەو مەبەستە دا دەربار کەوتە سازدانی حیزبی بەستراوەی خۆی تا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نوێنەرانی پارڵمان بگۆڕێ. بە شێوەی کاتی هەوڵەکانی دەربار لەو بوارە دا سەرکەوتوو نەبوو و دواجار لە خولی بیستەمی پارڵمان دا لە

١٧٦ نوێنەری پارڵمان ٩٦ کەس لە بنەماڵەی خاوەن دزە و خاوەن زەوی بوون. سەربەخۆیی پارڵمان لە هەمبەر شا دا بەستراوەی هێزی ئەریستۆکرات لە پارڵمان دا بوو. بەو پێیە شا لە ساڵی ١٣٤٠ هەتاوی دا دەبەر دا بوو لە ڕێگەی پێکهێنانی کابینەیەکی بە هێزی ڕیفۆڕم خواز دەسەڵاتی پارڵمان و ئەریستۆکراسی تێک بشکێنێ. شا بە هۆی پشتگیری قانوونی بنچینەیی لە هێزی ئەریستۆکراتەکان ڕەخنەی لە قانوونی بنچینەیی گرت. داخستنی پارڵمان بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو و هەروەها ڕیفۆڕمی کۆمەڵایەتی بە تایبەت ڕیفۆڕمی زەوی خاڵی کۆتایی دزەی ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی لە سیاسەتی ئێران دا بوو. لە ئاکامی ئەو هەوڵانە دا وەچەی سیاسەتڤانانی ئەریستۆکراتی کۆنی ئێرانی لە سیاسەت وەلانران. ڕیفۆڕمی زەوی گرینگترین هەوڵی دەربار بوو بۆ تێکشکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی. بە پێی قانوونی ڕیفۆڕمی زەوی ساڵی ١٣٤١ هەتاوی خاوەن زەوییەکان بۆیان هەبوو تەنیا یەکێک لە گووندەکانیان بۆ خۆیان ڕاگرن و پاشماوەی زەوییەکانیان دەکەوتە بەر قانوونی دابەش کردنی زەوی. لە قۆناخی یەکەمی ڕیفۆڕمەکان دا ١٤٠٠٠ گووند کەوتنە بەر ئەو قانوونییە. ڕیفۆڕمی زەوی لە سێ قۆناغ دا واتا لە ساڵی ١٣٤١ هەتاوییەوە تا ١٣٥٠ هەتاوی بەرێوە چوو. دژایەتی خاوەن زەوییەکان لە گەڵ ڕیفۆڕمی زەوی دا بە هۆی هۆکاری جیاجیا چەندان پتەو نەبوو. بە سەرنجدان بە ریزپەڕەکانی قانوونی ڕیفۆڕمی زەوی بەشێکی چینی خاوەن زەوی هەر وا مانەوە. لە ساڵی ١٣٥٠ هەتاوی دا،

ئێران نزیکەی ٦٢٠٠٠ گەورە خاوەن زەوی لە ناوچە جیاجیاکان دا هەبوو کە زەوییەکانیان بە پێی سیستمی کرێ وەرگریی دەکێڵ درا.[١]

پاش شۆڕشی ئیسلامی لە دەسپێک دا دەوڵەتی کاتی دۆخی هەنووکەیی خاوەنێتی زەوی کە لە ئاکامی بەڕێوە چوونی قانوونکانی ڕیفۆڕمی زەوی دا هاتبوونە ئاراوە، بە ڕەسمی ناسی. لە ئازەربایجان، کوردستان و گوورگان دا بە تایبەت خاوەن زەوی گەورە هەر وا مابوونەوە. بە پێی ڕاسپاردەی قانوونیی دانی زەوی و بووژانەوەی زەوییەکان کە لە بانەمەری ١٣٥٩ هەتاوی دا لە لایەن ئەنجوومەنی شۆڕشە دەر کرا، بە مەبەستی پاڕاستنی تەناهی لە ناوچە گووند نشینەکان دا سەرجەمی ڕاگواستنەکانی زەوی بە پێی قانوونکانی ڕیفۆڕمی زەوی، قانوونیی ڕاگەیەنران. لە هەمان کات دا بە پێی ئەو قانوونییە شاندێکی حەوت کەسی بۆ بووژانەوە و دانی زەوییەکان پێک هات کە ئەرکی جێ بە جێ کردنی بووژانەوە و دانی زەوییەکانی مردووان و دەست بە سەر دا گیراو و بەیارەکان و هەر وەها کێڵگەکانی گەورە خاوەن زەوییەکان کە زیاتر لە ڕادەی دیاری کراوی قانوونیی بوو پێ سپێردرا. بە سەرنجدان بە بۆشایی دەسەڵات کە لە ئاکامی هەرەس هێنانی پێکهاتەکانی سیستمی کۆن لە لادێ کان دا هاتبووە دیی لە هەندێ بوار دا خاوەن زەوییەکان بە تەما بوون دەست بە سەر ئەو زەوییانە دا بگرن کە بە پێی قانوونکانی ڕیفۆڕمی زەوی

---

١. *تحلیلی از شرایط اجتماعی روستایی*، تهران ١٣٥٧، صص ٢ – ٦١ .

لە ناو جووتیاران دا دابەش کرا بوون. لە هەندێ بوار دا بە پێی سیستمی موزاریعە کە پێش سەردەمانی ڕیفۆڕمی زەوی باو بوو، خاوەن زەوییەکان خوازیاری بەشێکی بەرهەمەکان بوون. هەندێ خاوەن زەوی ڕاسپاردەی قانوونیی دەر کراو لە لایەن ئەنجوومەنی شۆڕشیان لە مەر سەقامگیری دۆخی هەنووکەیی و قەدەغەی داگیر کردنی زەوییان بەو شێوەیە لێک دەدایەوە کە ڕیفۆڕمی زەوی ساڵی ١٣٤٢ هەتاوی داگیر کاری و دەست بە سەر داگرتنی خاوەنێتی تایبەتی بووە و بەو پێیە بەتاڵ کراوەیە. لەگەڵ سەقامگیر بوونی پێکهاتەە نوێیەکانی حکوومەت لە لادێ کان دا بۆشایی دەسەڵات کە لە درێژەی شۆڕش دا سەری هەڵ دا بوو پڕ بۆوە. لە گەڵ هەڵوەشانەوەی پێکهاتەە سیاسییەکانی سیستمی کۆن وەک ئەنجوومەنی دێ، ژووری سینفی، سپای پاک و خاوێنی و زانیاری و هتد گەلێ پێکهاتە نوێی وەک ئەنجوومەنی گووند، جیهادی سازەندەگی و دێداری بە مەبەستی سازدانی دیسیپلین و تەناهی و بەرێوە بردنی پلانەکانی پەرەسەندنی لادێی پێک هاتن. هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێ درا بە پێی ڕاسپاردەی قانوونیی ١٣٥٩ هەتاوی هەندێ لە زەوییە دەست بە سەر داگیراوەکان و هەروەها زەوییە بەیار و کێڵگەکانی گەورە خاوەن زەوییەکان کە زیاتر لە ڕادەی دیاری کراوی قانوونیی بوون دەبوو بدرێنە جووتیاران. دواتر لە ساڵی ١٣٦٧ هەتاوی دا بڕیارێک دەرکرا کە بە پێی ئەو بڕیارە جووتیاران دەبوو لە بری ئەو زەوییانەی پێیان دراوە پارە بدەنەوە. هەر وەها بەشێکی ئەو کێڵگانەی کە تا ئەو سا لە ڕووی قانوونییەوە بڕیار دان لە سەر خاوەنێتیان دوا خرا بە شێوەیەکی کاتی درانە خەڵک. هەندێ لەو

زەوییانەی لە درێژەی شۆڕش دا لە لایەن جووتیارانەوە دەستیان بە سەر دا گیرا بوو، لە گەڵ پاراستنی مافی خاوەنەکانیان بە شێوەیەکی کاتی درانە خەڵک تا بی کێڵن. لە ساڵی ١٣٦٥ هەتاوی دا پارڵمانی ئیسلامی قانوونییەکی دەرکرد سەبارەت بە دانی ئەو زەوییانەی کە بە شێوەی کاتی دەکێڵدران. دوا بە دوای ئەو کۆمەڵەی دیاری کردنی بەرژەوەندی لە ڕاگەیەنراوێک دا هەلێکی یەک ساڵەی بۆمالیکەکان دیاری کرد هەتا لە ڕووی حقووقییەوە خاوەنێتی زەوییەکانیان یەک لا کەنەوە. بە پێی ئامارە ڕەسمییەکان بە شێوەیەکی هەمیشەیی ٨٥٠ هەزار هێکتار درایە ١٢٠ هەزار بنەماڵەی جووتیار.[١](سەبارەت بە بار و دۆخی جووتیاران پاش شۆڕش، بڕوانە بۆ بەشی ٦).

---

١. *ویژهنامەی سیزدهمین سالگرد تاسیس هیأتهای هفت نفره*، تهران، ستاد مرکزی هیأتهای هفت نفره ، ١٣٧٢.

٦

# دەوری جووتیاران لە ژیانی سیاسیدا

بە گشتی ڕۆڵی جووتیاران و بزووتنەوە و ڕێکخراوە جووتیارییەکان لە ژیان سیاسی دا لە قۆناغەکانی شۆڕش و گۆڕانە کۆمەڵایەتی و گوورانی بزووتنەوە جەماوەرییەکان دا لە چاو قۆناغەکانی سەقامگیری سیاسی هەست پێکراو ترە. بۆ وێنە لە سەدەی بیستەم دا جووتیارانی وڵاتانی سۆڤیەت، چین، مێکزیک، وێتنام، ئەلجەزایر و کووبا ڕۆڵێکی سەرەکیان لە بزووتنەوە شۆڕشگێرییەکان دا گێراوە. لەو وڵاتانە دا لە ئاکامی گووشارەکانی بەهۆی تەشەنە کردنی پەیوەندییە کاپیتالیستییەکان بۆ ناو گووندەکان دا، ئاراستەی سروشتی جووتیاران بە کۆنسێرڤاتیزم و بێ لایەنی سیاسی ئاڵ و گۆڕی بە سەر دا هات. بە گشتی دژایەتی کردنی فراوان بوونی پەیوەندییەکانی کاپیتالیزم و ئابووری کاڵایی و بە بازرگانی بوونی کشت و کاڵی و هەوڵی پاڕاستنی شێوە ژیانی نەریتی، جووتیارانی سەدەی

بیستەمی زۆربەی وڵاتانی لە ڕووی سیاسییەوە چالاک کرد و بوو بە هۆکاری سەرهەڵدانی هەندێ شۆڕشی جووتیاری.[1]

لە بزووتنەوە فاشیستی و دژە مۆدێرنیستەکانی سەدەی بیستەمیش دا چینە جووتیارییەکان ڕۆڵی بەرچاویان گێراوە. لە وڵاتانێکی وەک ئەڵمان، ئیسپانیا، پرتەقال و ژاپۆن دا کە بە هۆی نەهاتنە دیی شۆڕشی دژە فیۆدالی چینە جووتیار و خاوەن زەوییەکان بەردەوام مانەوە پشتگیری کردنی چینە جووتیارییەکان لە بزووتنەوە و حکوومەتە فاشیستییەکانی سەردەمانی قەیرانی نوێژەن بوونەوە و سەرهەڵدانی ئاراستە ڕادیکاڵە ڕاست ئاژۆکان، دیاردەیەکی گشتی بووە.

## جووتیاران لە مێژووی ئورووپادا

لە سەدەکانی ناوەڕاست و چاخی فیۆدالیتە لە وڵاتە جیاجیاکانی ئورووپا دا شێوازی جۆرا و جۆری سێرواژ (Serfdom,Servage) واتا بەستراوەیی جووتیاران بە زەوی هەبوو. سێرواژ وەک بەشێکی سیستمی فیۆدالیتە لە قەڵەم دەدرا. بۆ وێنە لە فەرانسە دا جووتیاران دوو بەش بوون: بەشی یەکەم، سێرفەکانی تەواو کە وەک بەشێکی ملک و ماڵی

1. H. Alavi, “Peasants and Revolution” in *The Socialist Registrar, 1965,* edited by R. Miliband and J. saville, (New York, 1965).

ئاغاکان دەژمێران و بەشی دووهەم، ویلێنەکان (Villein) بوون کە تەنیا ئەرکداری بە جێ هێنانی هەندێ ئەرک و بەرعۆدەی ئاغا بوون و وەک بەستراوەی زەوی نەدەهاتنە ژمار. ئاغا بۆ تەواوێتی مافی فیۆدالییەکانی خۆی دەیتوانی کەسی سێرفیش وەک بەشێکی ملکی خۆی بێنێتە ژمار، لە ڕاستی دا ئەوەی بەو شێوەیە دەچووە گیرفانی ئاغاوە تاکی جووتیار نەبوو بەڵکووو خزمەت و کارەکەی بوو کە ئەویش لە سەدەی سێزدەهەم بەو لاوە زۆرتر بە شێوەی باج ڕادەنرا. سێرواژ بەو واتایەی دوایی لە سەر بنەمای دانی باج وخەراجی ئاغا بوو و جووتیارانی ئازاد و بەستراوەی لە خۆ دەگرت. پاش سەدەکانی ناوەڕاست بە تایبەت لە ناوەندی ئورووپا دا وشەی سێرواژ بۆ وێنا کردنی بار و دۆخێکی ناخۆشتر لە ڕوانگەی جووتیارانەوە دەکار دەهات بەو واتایە کە جووتیاران دەبوو باج و خەراجێکی قورستر بدەن. بەرعۆدە سەپێنراوەکانی سەر جووتیاران لە سیستمی سێرواژی باو لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئالپ، لەهێستان و مەجارستان لە چاخی ڕۆشنگەری دا وەک درێژەی کۆیلەتی لێک دەدرایەوە و گرینگترین تایبەتمەندیشی دەستەمۆیی میراتی بوو و لە ڕاستیش دا لە کۆیلەتی دەچوو. بە گشتی سێرواژ لە وڵات و هەل و مەرجە مێژووییە جیاوازەکان دا لە ناو خۆدا هەڵگری شێواز و گەلێ پلەی جۆرا و جۆری دەستەمۆیی جووتیاری بوو. بە گشتی سێرواژ بە واتای بەستراوەیی جووتیاران بە ئەربابی فیۆدال بوو. مێژوو نووسانی مارکسیست بە شێوەیەکی سروشتی سێرواژی سەدەکانی ناوەڕاستیان لە "پێلی دووهەمی سێرواژ" جیا کردۆتەوە، کە لە ناوە ڕاستەکانی سەدەی پانزدەهەم لە

ناوەند و ڕۆژھەڵاتی ئورووپا دا سەری ھەڵ دا و گرینگترین تایبەتمەندیشی دەستەمۆ بوونی میراتی بوو. نووسەران و مێژوو نووسانی ڕۆژئاوا لە وڵاتانی ئورووپایی دا خۆیان لە دەکار ھێنانی وشەی سێرواژ بۆ شێواز و پلە جۆراو جۆرەکانی دەستەمۆیی تاکە کەسی جووتیاران پاراستووە. لە ھەندێ وڵاتی وەک ئەڵمان دا جووتیارانی ئازاد و بەستراوەی زەوی و ھەر وەھا خاوەنێتی ئاغا بە سەر زەوی و تاکی جووتیار دا لە تەنیشت یەک لە ئارا دا بوون. ژمارەی جووتیارانی بەستراوەی زەوی لە ئاکامی دەستەمۆ بوونی جووتیارانی ئازاد دا زێدە بوو. لە سەدەکانی ناوەڕاست دا ئەریستۆکراتەکان جووتیارانی بەستراوەی خۆیان دا دەنایە بەر کرین و فرۆشتن بە شێوەیەک کە لە نێوان کۆیلەتی و سێرواژ دا جیاوازییەکی ئەو تۆ لە ئارا دا نەبوو. ھەر وەھا دانی فێدیە بۆ ئازادی جووتیاران لە سەدەی چاردەھەم بە دواوە لە ئورووپا دا بوو بە باو، لەگەڵ ئەوەش دا دەستەمۆیی میراتی زۆرتر لە ناوچەکانی ڕۆژھەڵاتی ڕووباری ئالپ دا باو بوو. لە سەدەکانی شازدە و حەڤدە دا پێلی دووھەمی سێرواژ ھێزی کاری زۆرە ملی بۆ زەوییەکانی ئاغای دەستە بەر کرد. خاوەن زەوییەکان خاوەن سەربەستی ئۆفیسی و قەزایی بوون و ھەر وەھا دەستیان درێژ دەکردە سەر خاوەنێتییەکانی جووتیارانیش و تەنانەت لە ھەندێ بوار دا بۆ وێنە لە سۆڤیەت دا دەستیان دەدایە کرین و فرۆشتنی جووتیاران. بە گشتی لە درێژەی سەدەکانی پازدە ھەتا ھەژدەھەم دا ناوەند و ڕۆژ ھەڵاتی ئورووپا بە پێچەوانەی ڕۆژ ئاوا سەرھەڵدانی دەستەمۆیی میراتی جووتیاران بەر چاو بوو، چوونکە لە ناوەند و ڕۆژ ھەڵاتی ئورووپا دا ئەریستۆکراسی ئارستەی بازرگانی زۆرتر بوو و فراوان بوونی کشت و کاڵی بازرگانی

پێویستی بە بەستراوەیی زیاتری جووتیاران بە زەوییەوە بوو. لە ئاکام دا دەسەڵاتی خۆ جێی ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی لە ناوەند و ڕۆژ هەڵاتی ئەروپا دا زۆرتر بوو لە دەسەڵاتی خۆ جێی ئەریستۆکراتی ڕۆژ ئاوای ئوڕووپا. لە هەمبەر دا لە ڕۆژ ئاوای ئورووپا ئەریستۆکراتی خۆ جێی زۆرتر پێکها تبوو لە دەرباری و دیوانیان و بە سەرنجدان بەوە کە حکوومەتی ناوەندی دەسەڵاتێکی زۆرتر هەبوو ئەریستۆکراسی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی ئەوتۆی نەبوو. هەر وەها دەسەڵاتدارانی ناوەند بە هۆی باج زۆرتر پشتگیریان لە جووتیاران دەکرد. پێداویستی ڕوو لە زێدەی ڕۆژ ئاوای ئوڕووپا بۆ بەرهەمە کشت و کاڵییەکان، ناوەند و ڕۆژ هەڵاتی ئوڕووپای کردە ناوەندی هەناردەی ئەو بەرهەمانە و لە ئاکام دا سیستمی سێرواژ لەو ناوچانە دا پتەوتر بوو.[1]

بۆ دۆزینەوەی یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەرەس هێنانی سیستمی فیۆدالی دەبێ یاخی بوونە جووتیارەییەکان بپشکنین. شەر و یاخی بوونە جووتیارییەکان بزاڤ گەلێک بوون لە دژی سیستمی ئاغاوەتی کە لە نێوان سەدەکانی ناوەڕاست و سەدەکانی نوێ دا ڕوویان دا. وەک گرینگترین شەرە جووتیارەییەکان دەکرێ باس لە یاخی بوونی فلاندەر لە ساڵی ١٣٢١، فەرانسە لە ساڵی ١٣٥٦، بریتانیا لە ساڵی ١٣٨١، بوهێم لە

1. L. Blum, “The Rise of Serfdom in Eastern Europe.”, in *American Historical Review*, 62, 1957 (4), pp. 807 – 36.

**ساڵی ٣٦ – ١٤١٩، سویس لە ساڵی ١٥ – ١٥١٣ و سۆڤیەت لـە سـەرەتاکانی سـەدەی حەڤدەهـەم دا بکـەین. ڕیشـە و هۆکـار و ئامانجـەکانی ئـەو یـاخی بوونانە زۆر وەک یەک دەچوون و پێکەوە پێلێکی یەکەیان پێک دێنا. هۆکـار و پاڵنــەرە سیاســی، ئــایینی، ئــابووری و کۆمەڵایەتییــەکان لــە ڕوودانــی زۆربەیان دا کاریگەر بوون. مێژوو نووسە مارکسیستەکان شەرە جووتیـاری و بە تایبەت شەری جووتیاری ئەڵمانیان وەک یەکێک لە گرینگترین ئـاڵ و گۆڕە مێژوو سازەکان چاو لێ دەکرد. مارکس شەری جووتیاری ئەڵمانی پـێ "ڕادیکاڵ ترین ڕاستەقینەی مێژووی ئەڵمان" بـوو.[٢] هەنـدێ توێژکـاری وەک ڕانکە مێژوو نووسی ئەڵمانی، شەری جووتیاریان پێ بەرهەمی بزووتنەوەی ڕیفۆڕمی ئایینی بوو. فرێدریش ئینگێلس لـە کتێبـی *شـەری جووتیـاری لـە ئەڵمان دا* (١٨٥٠) باوەڕی وابوو کە ڕیفۆڕماسیۆن و شەری جووتیاری دەربری یەکەم خەباتی سەرەکی بـوورژوازی ئوڕووپـا بـوون کـە لـەو دا جووتیـاران وەک ڕەشایی دەهاتنە ژمار. توێژەرانی سۆڤیەت بـە پـەیڕەوی لـە ئینگێلس وەک شێوازێکی "شۆڕشی بوورژوایی سەرەتایی" سەیری شەری جووتیاریان دەکرد. یاخی بوون زۆرتر لـەو ناوچانـە دا سـەریان هـەڵ دا کـە فیۆدالـەکان تێدەکۆشان باجی سەر زەوی و زار و مەتاعە بەش نەکراوەکانی گووندەکان زیاتر کەن و جاڕێکی تر سیستمی کاری زۆرە ملـی زینـدوو کەنـەوە. هەنـدێ لە نووسەران ئەو ئاڵ و گۆڕەیان وەک "دژکردەوەی فیۆدالی" وەسف کردووە کە پاش سەردەمانێکی کەمی فەرعانی جووتیاران لە سـەدەی سیزدەهەم دا،**

2. Marx, *On Religion.* (Moscow, 1964), p. 51.

لە سەدەکانی چاردە و پازدە دا ڕوویان دا. شەری جووتیاران تا ڕادەیەک لە هەمبەر "دژکردەوەی فیۆدالی" دا ڕوویان دا. هەندێکی تری نووسەران یاخی بوونی جووتیارانیان پێ دەرئەنجامی بەرز بوونەوەی ئاستی فەرعانی ئابووری جووتیاران بوو و پێشانیان داوە کە یاخی بوون لە ناو جووتیارانی ئاسوودەتر دا ڕووی داوە. لەو ڕووی سیاسییەوە شەرە جووتیارییەکان پێشاندەری ناکۆکی و گرژی نێوان خۆبەرێوەبەری ئاپۆرەی گووندی و هەولی ئاغا و دەسەلاتداران بۆ فراوان تر کردنی مافی دەسەلاتدارەتیان بوو. دواجار لە هەمبەر فراوان بوونی دەسەلاتی قەزایی خاوەن زەوییەکان و سەقامگیر بوونی سیستمی حقووقی ڕۆمی و پێک هاتنی بنەماکانی دەولەتی مۆدێرن یاخی بوونی جووتیاری سەری هەڵ دا. لەو ڕوانگەوە فراوان بوونی مافی خاوەنێتی و بەرز بوونەوەی باج و بەگۆڕتر بوونی سێرواژ ئامرازێک بوون بۆ پتەوتر بوونی دەسەلاتی سیاسی خاوەن تویولەکان. یاخی بوونی جووتیاری ئەو سەردەمە خاوەنی دوو ئاراستەی فکری بوو: یەکەم، خەبات بۆ وەدەست هێنانەوەی مافە لەدەست چۆکان لە ئاکامی "دژ کردەوەی فیۆدالی"دا و دووهەم، داخوازی مافە "خواییە" نوێیەکان بە بۆ چوونی پڕۆتستانتی یان پێک هێنانی هەل و مەرجێکی نوێ کە سێرواژی تێ دا هەلوەشێتەوە و لە هەموو بوارەکان دا مافی ئازادی جووتیاران دابین کرێ . داخوازی ڕیفۆڕمی کلێسە و ڕیفۆڕمی سیاسیش بەشێک بوو لە خەباتی ئایدیالیستی جووتیاران. بە گشتی شەرە جووتیارییەکان بەربەرەکانی بوون لە هەمبەر ئەو ئاڵ و گۆڕانە دا کە جیهانی فەرهەنگی و کۆمەلایەتی جووتیارانیان خستبووە مەترسییەوە. لە

دەقـی وەهـا دژکردەوەیـەک دا، ئاراسـتە بووژێنـەرەکان تایبەتمەندییـەکی یۆتۆپیایشیان لە خۆ گرت. لە کاتێک دا مێـژوو نووسـان و تـوێژەرانی ڕۆژ ئـاوا جـەختیان کردۆتـە سـەر ڕیشـەی ئـایینی و فەرهـەنگی شـەرە جووتیارییـەکان، نووسـەرانی مارکسیسـت سـەرنجیان داوەتـە هۆکـارە ئابوورییەکانی. هەروەک پێشتریش ئاماژەی پێ کرا ئینگێلس باسی لە سێ شەری یەک لا کەرەوە لە نێوان بوورژوازی و فیـۆدالیزم دا دەکـرد: "یەکـەم، ئەوەی لە ئاڵمـان دا بـە ڕیفۆڕماسیۆنی پرۆتستانتی ناسرا. ئـەو شـەرەی لۆتێر لە دژی کڵێسە خستیە گەر دوو یـاخی بـوونی سیاسـی لـێ کەوتـەوە: یەکـەم شۆڕشـی ئەریستۆکراسـی ریزەکـانی خـواڕوو، و دووهـەم شـەری گەورەی جووتیاری ساڵی ١٥٢٥[١]." بەو واتایـە جووتیـاران لـە دژە فیـۆدالی شۆڕشێکیان وەرێ خست کە بە قازانجی بـوورژوازی تـازە پێگەیشـتوو بـوو. بە پێی ئەو بۆچوونە جووتیاران بە بێ هاریکاری بوورژوازی نەیان دەتوانی لە هەمبەر "دژکردەوەی فیۆدالی" دا بەربەرەکانی بکەن. ئامانجی سـەرجەمی ئەو خەباتانە لە ناو بردنی لەمپەرەکانی بەر دەم پەرەسـەندنی کاپیتـالیزم و سازدانی چربوونـەوەی سیاسـی و یـەکێتی نەتـەوەیی و سیسـتمی بـازاڕی بەرفراوان بوو. بەو پێیە ڕیفۆڕماسیۆن و شەرەکانی جووتیاری وەک یەکـەم قۆناخی شۆڕشی سەرەتایی بوورژوایی لـە دژی سیسـتمی فیـۆدالی دەهاتنـە ژمار. بە بـاوەڕی مارکسیسـتەکان شۆڕشـی سـەرەتایی بـوورژوایی بـە سێ

---

1. Engels, *Socialism: Utopian and Scientific.* In Marx and Engels. *Selected Works,* vol. 2. p. 103.

قۆناغ دا تێ پەریوە: ١) خەباتی چینایەتی جووتیاران و بوورژوازی لە دژی دەسەڵاتدار و فیۆدالەکان لە دەیەی ١٤٣٠ بە دواوە؛ ٢) لوتکەی خەبات لە ڕیفۆڕماسیۆن و شەڕەکانی جووتیاری ئەڵمان لە ساڵی ١٥١٧ تا ساڵی ١٥٢٦، و ٣) دامرکانەوەی خەباتی چینایەتی لە ساڵی ١٥٢٠ تا ساڵی ١٥٣٦. لە لایەکی ترەوە توێژکارانی ڕۆژ ئاوا جەخت دەکەنە سەر ئەوە کە لەو خەباتە دا جووتیاران جیا لە بوورژوازی و گڕووپە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەجوڵانەوە یان هاوپەیمانی نێوان بوورژوازی و جووتیاران زۆر دەم کورت بوو، چوونکە بەرژەوەندی ئەو دوو لایەنە زۆر لێک جیا و تەنانەت هەندێ جار دژی یەکترن.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان شەڕەکانی جووتیاری و بزووتنەوەی ڕیفۆڕمی ئایینی بە پێی شرۆڤەیەک شەری جووتیاری ئەڵمان "پێڵێک بوو لە ڕیفۆڕماسیۆنی ئەڵمان"، چوونکە جووتیاران خوازیاری سەقامگیر بوونی بیرۆکەی لۆتێر و حکوومەتی لە چوارچێوەی قانوون دا بوون. بزووتنەوەی ڕیفۆڕمی ئایینی لانی کەم لە ساز بوونی شەڕەکانی جووتیاری دا ڕاستە و خۆ دەوری هەبوو. هێرشی لۆتێر بۆ سەر کڵێسە پەیڕەوی بێ ئەم لا و ئەو لای جووتیارانی لە پیاوانی ئایینی لاواز کرد. بە پێی ڕێنوێنییەکانی لۆتێر جووتیاران سەربەست بوون بە پێی ویژدان و تێگەیشتنی خۆیان لە ئایین بجۆڵێنەوە و خۆیان پیاوی ئایینی خۆیان بن. لە ئاکامی ڕێنوێنییەکانی لۆتێر دا جووتیاران زیاتر وشیار بوونەوە و لە دەوری تەوەرەی ئایدیالە پڕۆتستانتییەکان دا کۆ بوونەوە. "بزووتنەوەی ڕیفۆڕمی ئایینی وێنەی دوا ڕۆژێکی پر هیوا و شیاوی دەست وێراگەیشتنی

بە دەستەوە دەدا. و هیوای چارە سەری خێرای سەرجەم کێشە حقووقی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی لە خۆ دەگرت[1]."

هەڵبەت لۆتێر بیری لە ڕزگاری ڕووحانی دەکردەوە لە کاتێک دا جووتیاران گیرۆدەی کێشە ئابوورییەکان بوون. هزرەکانی لۆتێر وەک دەسپێکی خەبات لە گەڵ کڵێسەی کاتۆلیکی فیۆدالی دەهاتە ژمار. بەڵام لە ناو خۆی ڕیفۆڕماسیۆن دا هەندێ لایەن زۆرتر لە لایەنەکانی تر لایەنگری بزووتنەوەی جووتیاران بوون. بە تایبەت تۆماس مونتزێر یەکێک لە چاکخوازانی پڕۆتستانت وەک نوێنەری بزووتنەوەی جەماوەری جووتیاری دەرکەوت. ڕوانگەی مونتزێر زۆر زیاتر لە ڕوانگەی لۆتێر دژە فیۆدالی بوو. لە ڕاستی دا لە ناو بزووتنەوەی ڕیفۆڕماسیۆن و هەر وەها لە ناو بزووتنەوەی جووتیاریش دا دوو لابالی "میانە ڕۆ" و "توووند ڕۆ" لە ئارا دا بوون. لابالی میانە ڕۆ لە ناو بزووتنەوەی ڕیفۆڕماسیۆن دا تەنیا لە بیری ئاڵ و گۆڕ لە سیستمی کڵێسە دا بوو و بیری لە ئاڵ و گۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نە دەکردەوە. بە پێچەوانەوە لابالی توووند ڕۆ گۆڕانی کڵێسەی پێ گۆڕانی سیستمی کۆمەڵایەتی بوو و دژی فیۆدالی و خوازیاری ئەوە بوو کە دەسەڵات بدرێتە کۆمەڵگا.[1] تۆماس مونتزێر ڕێبەری لابالی ڕادیکاڵ بوو. ئینگێلس پێی وابوو خواناسی مونزێر تەنیا سەرخان و

---

1. Ritter, *Luther, His Life and Work.* (New York, 1963), p. 164.

1. Engels, *The Peasants War,* p. 78.

دەمامکێکە بۆ ویستی ڕادیکاڵی جووتیاران. شۆڕشی جووتیاری لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی مونتزێر دا گەیشتە لووتکەی خۆی. پەیوەندی نێوان ڕیفۆڕماسیۆن و بزووتنەوەی جووتیاری لە گەڵ ئەوە دا کە هاوکات بوون زۆریش تێکچنراو بوو و بە گشتی شەڕەکانی جووتیاری بە مەبەستی سازدانی ئاڵ و گۆڕە ئابووری و سیاسی ڕوویان دا بەڵام لە هەموو لایەکەوە تووشی شکست هات. مێژوو نووسانی ڕۆژ ئاوا لە هەڵسەنگاندنی پێگەی مێژوویی شەڕەکانی جووتیاری دا بە پێچەوانەی مارکسیستەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە پشتگیری جووتیاران لە مافە نەریتییەکان و خۆبەڕێوەبەرایەتی گووندەکان لە چوارچێوەی تێڕوانینەکانی پڕۆتستانتی دا دژکردەوەیەک بوو لە هەمبەر سەرهەڵدانی سیستمێکی سیاسی مۆدێڕن و چربۆوە و بە واتایەکی تر بەربەرەکانییەکی کۆنسێرڤاتانە بوو بۆ پاراستنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی کۆن لە هەمبەر پێشکەوتنی هێزە نوێیەکان دا.

بە تاڵ بوونەوەی سیستمی سێرواژ و بەستراوەیی جووتیاران بە زەوییەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەمەوە دەستی پێ کرد و لە گەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی فەرانسە پێ گەیشت. لە ڕۆژهەڵاتی ئوڕووپا دا تا نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدهەم سێرواژ بە واتای تایبەتی وشە درێژەی هەبوو. بە گشتی ئازادی و ڕزگار بوونی جووتیاران لە دەست زەوی و ئاغا لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەهەم لە ئوڕووپا دا و لە سەدەی بیستەم لە ناوچەکانی تری جیهان دا ڕەوتێکی هێور بوو. ئەو ڕیفۆڕمانەی لە ڕۆژ ئاوا دا ڕزگاری جووتیارانی لێ کەوتەوە زۆرتر لە لایەن دەسەڵاتداران و تا

ڕادەیەکیش لە لایەن ئەریستۆکراسییەوە ئەنجام دران و جووتیاران ڕۆڵێکی لاوەکیان هەبوو.

ئەو ڕیفۆڕمانەی بە چەندین قۆناغ دا تێ پەرین. لە ناوەندی ئوڕووپا لە سەدەی هەژدەهەم دا قانوونی بەسترانەوەی جووتیاران بە زەوی هەڵوەشاوە و ئاستەنگییەکانی بەر دەم گۆڕینی شوێنی دانیشتن و کاری زۆرە ملی هەڵگیران. لە سۆڤیەت دا تەنیا پاش ڕیفۆڕمەکانی ساڵی ١٨٦١ (هەڵوەشانەوەی سێرواژ لە لایەن قەیسەر ئەلیکساندری دووهەمەوە) ئەو گۆڕانە پێک هات. لە فەرانسە دا شۆڕش سەرجەم شوێنەوارەکانی بەسترانەوەی جووتیاران بە زەوی و ئاغای لە ناو برد بوو. لە ئەڵمان دا پاش شەڕەکانی ناپێلئۆن ئەو بەسترانەوانە هەڵوەشانەوە. ڕزگار بوونی جووتیاران لەو کۆت و بەندانە یارمەتی فراوان بوونەوەی شێوە بەرهەم هێنانی کاپیتالیزمی کرد. لە گەڵ گەشە کردنی بازاڕی بازرگانی دا، چینی ئاغای فیۆدال لە گەڵ بوورژوازی نوێ دا پەیوەندییەکی بەرفراوانی ساز دا. هەر وەها فراوان بوونی سیستمی حەق دەستەکان لە کشت و کاڵی دا پێگەی ئابووری چینی خاوەن زەوی دە گۆڕیی. لە گەڵ گەشە کردنی پەیوەندییە کاپیتالیستییەکان "جووتیار بۆ ئەوەی هێزی کاری خۆی بە ئازادی بفرۆشێ، دەبوو بەستراوەی زەوی، کۆیلە، سێرف یان بەستراوەی کەس نەبێ".[1] بە باوەڕی مارکس پڕۆسەی ڕزگار بوونی جووتیاران لە سێرواژ

1. *Capital*, vol, 1. p. 715.

خۆی جۆرە داماڵینێکی خاوەنێتی لە جووتیاران بوو چوونکە لە گەڵ کەرەسەکانی بەرهەم هێنانی بەر دەستیان پشتگیری و مافە فیۆدالییە کۆنەکانیشیان لێ ستێندرایەوە.

هەر وەها دەبێ ڕۆڵی دەوڵەتی سەرەڕۆ و قازانجی ئەو لە ڕزگار بوونی جووتیاران دا لە بەر چاو بگرین. دەوڵەتی سەرەڕۆ وەک سەرەتای دەوڵەتی مۆدێڕن بە مەبەستی لە ناو بردنی دەسەڵاتە خۆجێییەکان و پێک هێنانی دەزگایەکی ئۆفیسی و ماڵی یەکگرتوو و چڕ بۆوە پێویستی بە گۆڕینی پەیوەندییەکانی زەوی بوو.

لە ژێر کاریگەری شۆڕشی پیشەسازی و فراوان بوونەوەی بە ناوچە جیاجیاکانی جیهان دا ژیانی جووتیاری بە واتا نەریتییەکەی لە هەموو شوێنێک دا تووشی گۆڕان هات. لە چاخی کاپیتالیزم دا بەرز بوونەوەی ویستی بەرهەمە کشت و کاڵییەکان و گۆڕانی تێکنیکی بەرهەم هێنان کشت و کاڵی بە بازرگانی کرد. لە چاخی نوێ دا فراوانی ئامرازەکانی پەیوەندی گرتن گووندکانی خستە ناو بازنەی بازاڕی جیهانی کاپیتالیزمەوە. لە ئاکام دا بەرهەم هێنانی کشت و کاڵی هێدی هێدی بە پسپۆری بوو. لە هەندێ وڵات دا بە مەبەستی پشتگیری کردنی گوومرگی بەرهەمە ناوخۆییەکان هەندێ ڕێ و شوێن ڕەچاو کران. ئەو جۆرە ئاڵ و گۆڕانە لایەنە جیاجیاکانی ژیانی جووتیاران و لە ناویشیان دا سیستمی چاندن و ژیانی جووتیاران و پەیوەندییەکانیانی لە گەڵ شارەکان دا گۆڕی. بە تایبەت بەرز بوونەوەی کەڵک وەرگرتن لە ماشێن گەلێ ئاڵ و گۆڕی لە

سیستمی چاندن دا پێک هێنا. یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ئەو ئاڵ و گۆڕانە بەرز بوونەوەی کۆچی گووند نشینەکان بوو کە دواجار دەرئەنجامی سیاسی لێ کەوتەوە. کەم تا زۆر لە هەموو شوێنێک لە ئاکامی ئەو کۆچ کردنە دا ڕێژەی دانیشتوانی گووندەکان دابەزیوە. بۆ وێنە لە نێوان ساڵانی ١٨٨٨ تا ١٩٦٠ دا دانیشتوانی جووتیاری ئوڕووپا لە ٥٨ ملیۆنەوە دابەزی بۆ ٤٧ ملیۆن کەس. هەر وەها فراوانی پەیوەندییەکانی بازرگانی و ئاڵ و وێرە دراوییەکان، ئاڵ و گۆڕی سیستمی خاوەن زەوێتی، ڕیفۆڕمی زەوی و میکانیزە بوونی کشت و کاڵی ڕوخساری گووندەکانی گۆڕیوە. لە ئاکامی ئەو هۆکارانە دا یەکریزی نەریتی کۆمەڵگای جووتیاری تێک شکا و ژیانی لادێی بە شێوەیەکی ڕوو لە زێدە بۆتە پەیڕەوی ژیان و ئۆگرییەکانی شار. ناوەندەکانی لادێی هێدی هێدی دەبنە ناوەندەکانی شار و مەودای جوگرافیای نێوان شار و لادێ تا دێ کەم تر دەبێتەوە. لە گەڵ هەمووی ئەوە دا هەندێ جیاوازی نێوان ژیانی شار و ژیانی لادێ لە ناو ناچن. بۆ وێنە دەبێ گرینگی بنەماڵە، و پەیوەندی نزیک لە گەڵ سروشت لە ژیانی ئابووری دا لەبەر چاو بگرین.

## دەوری جووتیاران لە ژیانی سیاسی هەندێ وڵاتی ئوڕووپاییدا

لە ڕووی مێژووییەوە داڕشتەی کۆمەڵگای جووتیاری لە ئاڵ و گۆڕە مێژووییەکانی پێش و پاش شۆڕش لە فەرانسە دا نە تەنیا لاواز نەبوو بگرە

بە هێزیش بوو. لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم دا بە هۆی فراوانی پەیوەندییەکانی کاپیتالیزم لە لادێکان دا و بە گۆڕ بوونی چەوسانەوەی مافە فیۆدالییەکان و دنەدانی جووتیاران لە لایەن دەربار و فیزیۆکراتەکانی دەربارەوە، دژایەتی لە گەڵ ڕژیمی کۆن بە گۆڕتر بوو و ئەوەش یەکێک بوو لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی فەرانسە. پاش شۆڕش لە گەڵ سەرکوت کردنی ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی، وردە خاوەنداری لە ناو جووتیاران دا فراوان بۆوە. جووتیاران یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانی دژە فیۆدالی شۆڕشی فەرانسە بوون. ڕادیکالیزمی جووتیاری شۆڕشی فەرانسە لە ئابووری گووندەکان دا بەرەنگار بوونەوەیەک بوو لە هەمبەر پوانەکانی ئەریستۆکراسی و فیۆدالی و دژکردەوەیەکیش بوو لە هەمبەر گەشە کردنی پەیوەندییەکانی کاپیتالیستانە.

هەنووکە لە فەرانسە دا ٧٤٪ جووتیاران خاوەن زەوی، ٢١٪ کرێ چی و ٥٪ هەرەوەز کارن. لە ڕووی سیاسییەوە جووتیاران بە شێوەیەکی هەڤدودان پشتگیریان لە حیزبە جیاجیاکان کردووە. ئاراستەی سیاسی جووتیاران بەستراوەی گەلێ هۆکاری ناوچەیی، جۆری کشت و کاڵی، ئۆگرییە ئایینییەکان و نەرییتە بنەماڵەییەکانە. هەر ئەو هەلاجییە خۆی یەکێک لە خاڵە بە هێزەکانی ڕێکخراوە کشت و کاڵییەکان بووە. ئەو ڕێکخراوانە بە تایبەت خۆیان بە تەنیا سەرچاوەی باوەڕ پێ کراوی

سەقامگیری و ڕێک و پێک کردنی بازاڕی کشت و کاڵی دەزانن و لەو بوارە دا لە گەڵ حکوومەتە جیاجیاکان دا کەوتۆتە ناکۆکییەوە.[1]

حیزبی کومۆنیستی فەرانسە لە ناو جووتیاران و وەرزێرانی باشوور و باشووری ڕۆژ ئاوای ئەو وڵاتە دا هەمیشە خاوەن دزەیەکی بەرچاو بووە. بە تایبەت جووتیارانی بچووک و هەژار لە ڕێگەی دەنگ دان بە حیزبی کومۆنیستەوە دژایەتی خۆیان دە گەڵ دەوڵەت دەربریوە. لە لایەکی ترەوە چەندەی ژیانی جووتیارانی ناوچەکانی ناوبراو باشتر بوو بێ، زیاتر بە لای حیزبە ڕاست و میانە ڕۆکان دا شکاونەوە. لە ڕووی مێژووییەوە "شۆڕشی ١٧٨٩ دە گەڵ داماڵینی خاوەنێتی لە زەوییەکانی کڵێسە و ئەریستۆکراسی، جووتیارانی هەندێ ناوچەی کردە لایەنگر و هاوپەیمانی کۆمار. گەڕانەوەی بنەماڵەی بۆڕبۆڕن بە پشتگیری کڵێسە لە ساڵی ١٨١٥ دا جارێکی تر پرسی خاوەنێتی زەوییەکانی خستەوە ڕوو. کۆماریخوازی جووتیاران هەمیشە ڕەنگ دانەوەی دژایەتی دە گەڵ کڵێسەی پێوە دیار بووە".[2] ئاراستەی ئایدۆلۆژیاکی جۆراوجۆر و تایبەتمەندییە تاک خوازییەکانی کۆمەڵگای جووتیاری فەرانسە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی نزیکەی

---

1. G. Lavau, "Political Pressures by Interest Groups in France." In Ehrmann, op. cit. pp. 80-83

2. M. Dogan, "Political Cleavage and Social Stratification in France and Italy", in *Party Systems and Voter Alignments,* edited by S. M. Lipset and S. Rokkan, (Macmillan, 1967), p. 183.

**٥٠٠ ڕێکخـــراوی نوێنـــەری بەرژەوەنـــدی جووتیـــاران.[٣] گرینگتـــرین کۆنفیدراسیۆنی جووتیاری (FNSEA) هەمیشە دە گەڵ ڕێکخراوەکانی تر دا دە ڕکەبەرایەتی دایە.**

**لە ئەڵمانی (ڕۆژئاوای بەرێ) دا بەشی کشت و کاڵی، ڕێکخراوترین بەشی ئابووری وڵات بووە. لە ڕووی سەربردەی مێژووییەوە لە ئاڵمان دا ئاکامی بزووتنەوەی ڕزگاری جووتیاران ڕاگواستنی بەشێکی بەرچاوی زەوییەکان بوو بۆ جووتیاران و سەرهەڵدانی خاوەن زەوییە بچووک و مام ناوەندییەکانی جووتیاری بوو. لەو وڵاتە دا هیچ کات بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێری بۆ هەڵوەشانەوەی فیۆدالیزم سەری هەڵنەدا و لە ئاکام دا، بەردەوام بوونی فیۆدالیزم و کۆمەڵگای جووتیاری هەندێ بەستێنی پێویست بۆ بزووتنەوەی فاشیزمیان پێک هێنا. سەرجەمی جووتیاران ئەندامی ڕێکخراو و ئەنجوومەنە جیاجیاکانن کە لە ڕێکخراوێکی ناوەندی دا هاوپەیمانی یەکترن. ڕێکخراوە جووتیارییەکان کە پێیان دەوترێ "بەرەی سەوز" یەکریزی و یەکگرتوییەکی بەرچاویان هەیە. زیاتر لە ٥٠٪ جووتیاران دەنگ دەدەنە یەکێتی دێموکرات مەسیحی. ژمارەیەکی سەرپەرستان و کار بەدەستانی ڕێکخراوە جووتیارییەکان بەردەوام بەشێک بوون لە نوێنەرانی ئەو حیزبە لە پاڕلمان دا. حیزبی دێموکراتی ئازاد و "حیزبی ئەڵمانی" کە لە ناوچە گووندنشینەکان دا دزەیان پشتگیرییەکی**

---

3. H. Ehrmann, *Politics in France.* (Boston, 1968), p. 176.

بەرچاوی جووتیارانیان لە پشتە. حیزبی سۆسیال دێموکرات پشتگیرییەکی بەرتەسکی کرێکارانی کشت و کاڵی لە پشت بووە. یەکێک لە دەرئەنجامەکانی دژەی ڕێکخراوە جووتیارییەکان گرتنە بەری سیاسەتی پشتگیری لە بەرهەمە کشت و کاڵییەکان بووە. ڕێکخراوە جووتیارییەکان بە گشتی سەبارەت بە پیشەسازی و شار ڕوانگەیەکی ڕەشبینانەیان هەبووە و ئاراستەی ئایدۆلۆژیاکی ڕۆمانتیک و ڕابردووخوازی جووتیاری، ئێستاش پاش تێپەر بوونی سەردەمی فاشیزم، بەدی دەکرێ.[1]

لە نێوان پارێزگاکانی باکوور و باشووری ئیتالیا لە ڕووی ئاستی گەشە سەندنی ئابوورییەوە ناپارسەنگییەکی هەست پێکراو بەدیی دەکرێ. زۆربەی پارێزگاکانی باکوور پیشە سازی و سامان داران لە کاتێک دا زۆربەی پارێزگاکانی باشوور جووتیاری و هەژارن. لە سەدەی بیستەم دا کۆچکردن لە باشوورەوە بەرەو باکوور یەکجار زۆر بووە. لە ئیتالیا دا شێوەی خاوەنێتی زەوی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناچەیەکی ترەوە جیاوازە و دە گەڵ ئەویش دا ئاراستە سیاسییەکانیش دەگۆڕێن. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی باکوور ناوچەی جووتیارانی بچووک و سەربەخۆیە کە بە توندی پشتگیری لە حیزبی دێموکرات مەسیحی دەکەن. لە ناوچەکانی ناوەندی ئیتالیا دا سیستمی کشت و کاڵی پێکەوە (Mazzadria) بە بەربڵاوی باوە. نادادپەروەرییەکانی ئەو سیستمە وای کردووە جووتیاران پشتگیری حیزبی

---

1. Hirsch – Weber. Op. cit. pp. 102 – 110.

کومۆنیست بکەن. هەر لەو ڕووەوە ئەو ناوچەیە بە "پشتێنی سووری" ئیتالیا ناسرا. لە پارێزگاکانی باشوور دا گەورە خاوەن زەوییەکان (Iatifondi) هەر وا بەر دەوامن و زەوییەکان لە لایەن کرێکارانی کرێوەرگرەوە دەکێڵ درێن. دە گەڵ ئەوە دا حیزبی دێموکرات مەسیحی لەو ناوچانە دا خاوەن پشتگیرییەکی بەرفراوانە. بە گشتی لە هەر شوێنێک دا پێشتر کلێسە دەسەڵاتی زێدەتری بووە ئاراستەی جووتیاران زۆرتر حیزبە چەپەکان بووە. لە ڕاستی دا حیزبی کومۆنیستی ئیتالیا لە ناوچە گوندییەکان دا توانی زیاتر خەڵک لە خۆی کۆ کاتەوە هەتا ناوچە پیشە پێکهاتەکان. سەرە ڕای ئەوە گەلێ بەشی بەرچاوی کۆمەڵگای جووتیاری پشتگیری لە حیزبی دێموکرات مەسیحی دەکەن. لە ڕاستی دا یەکێتی چێنەران وەک بەشێکی حیزبی دێموکرات مەسیحی هاتۆتە ژمار و بەردەوامیش بەشێکی بەرچاوی دەنگەکانی ئەو حیزبەی دابین کردووە و هەندێ لە کاربەرێوەبەرانی خۆشی ناردۆتە پاڕلمان.[1]

لە فینلاند دا، "یەکێتی کشت و کاڵی" وەک حیزبی بەشی کشت و کاڵی لە پاش شەری دووهەمی جیهانییەوە نزیکەی ١/٤ دەنگەکانی وەدەست هێناوە. زۆرینەی جووتیارانی فینلاند خاوەن کێڵگەی بچووکی (کەمتر لە ١٠ هێکتار) ن و بە گشتی بەشی کشت و کاڵی بە بەرهەم هێنانی نزیکەی ١/٦ بەرهەمی ناخالسی نەتەوەیی، بەشێکی لاوازە. بەو پێیە حیزبی یەکێتی

---

1. G. Smith, *Politics in Western Europe.* 26-27.

کشت و کاڵی پشتیوانی لە سیاسەتی سوبسید و پشتگیری دەوڵەت لە جووتیارانە و زۆربەی کاتیش هاوپەیمانی حیزبی سۆسیال دیموکرات بووە. "فیدراسیۆنی بەرهەم هینەرانی کشت و کاڵی" وەک یەکیک لە گرووپە خاوەن دزە سەرەکییەکانی سیاسەتی فینلاند، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ حیزبی یەکیتی جووتیاران دا هەبووە.[2]

فیدراسیۆنی گەنمکاران لە ئوسترالیا دا یەکیک لە گرووپە خاوەن دزە سیاسییەکان بووە. لە باشوور و ڕۆژ ئاوای ئوسترالیا دا سیستمی هەڵبژاردن زۆر لەگەڵ ئۆگرییەکانی جووتیاران دایە. یەکیتی نەتەوەیی جووتیارانی ئوسترالیا یەکیکە لە گرووپە گووشارە سەرەکییەکانی وڵات و بە تایبەت لە حیزبی لادێ (Party Country)دا خاوەن دزەیە. ئەنجوومەنی فیدراڵی گیاکارانی ئوسترالیا کە چەندین ڕیکخراو لە خۆ دەگرێ جار و بار دزە دەکاتە ناو سیاسەت. شەکرکارانیش یەکیکی ترن لە گرووپە خاوەن دزەکان. سەرجەمی ئەو گرووپانەی باسکران لەگەڵ حیزبی لادێ دا دەپەیوەندی دان. لە بنەمادا حیزبی لادێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەشی کشت و کاڵی بە تایبەت گەنمکاران و ئەوانەی مەر و ماڵاتیان هەبوو لە هەمبەر چینەکانی بازرگانی و پیشەسازی و کریکاری دا پیک هات. ئەو حیزبە بە هاوپەیمانی حیزبی لیبراڵ پارسەنگییەکی گرینگی بووە لە

2. L. Krusius-Ahrenberg,"The Political Power of Economic and Labour Market Organizations: A Dilemma of Finnish Democracy" in Ehrmann, op. cit. p. 37 – 58.

سیاسەت و حکوومەتی ئوستراليا دا. حیزبی لادێ لە ڕووی ماڵییەوە بەستراوەی گرووپە دزەکانی بەشی کشت و کاڵی بوو و لە هەمبەر دا پشتگیری لە بەرژەوەندی گەنمکاران و بەرهەم هێنەرانی پەشم کردووە.[1]

ڕەوتی نوێژەن بوونەوەی کۆمەڵایەتی بە درێژایی چەند سەدە لە بریتانیا دا لە ناوچوونی کۆمەلگای جووتیاری نەریتی لێکەوتۆتەوە. لەگەڵ گوورانی چینی ئەریستۆکراتی بازرگان لە سەردەمانی پاش و پێش شۆڕشی خۆپارێزان، فراوان بوونەوەی بازرگانی پەشم و بوونی بەشێکی زۆری زەوییە کشت و کاڵییەکان و بە مەرتەع، لە درێژەی بزووتنەوەی "دیوارکێشان"دا هێدی هێدی خاوەنێتی لە زەوییە هابەشە جووتیارییەکان داماڵدرا و لەگەڵ گەشە کردنی مەرداری لە جێگەی کشت و کاڵی ژمارەیەکی زۆری جووتیاران ناچار بوون ڕوو بکەنە شارەکان. لە هەمبەر ئەو گۆڕانە دا بنەماڵەی ستوارت هەوڵیان دا بەرگری لە بەرزبوونەوەی دەسەلاتی چینە بازرگانە نوێیەکان و لەناو چوونی کۆمەڵگای جووتیاری بکەن، بەلام ئەو هەولانە دواجار لە ساڵی ١٦٤٩ دا شۆڕشی پارێزگارانی لێکەوتەوە. پاش شۆڕش ڕەوتی دیوارکێشان بەگۆڕتر بوو و لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدە دا پاشماوەکانی کۆمەڵگای جووتیاری لە ناو چوون. لە ناوچوونی کۆمەڵگای جووتیاری لە بریتانیا یەکێک لە بەستێنە سەرەکییەکانی گوورانی بزووتنەوە جەماوەرییە ڕاست ئاژۆکانی وشک کرد. لە ئاکام دا جووتیاران

1. W. Townsley,”Pressure Groups in Australia” in Ehrmann. Op. cit. pp. 14-24.

و وەرزێران لە بریتانیا دا وەک هێزێکی سیاسی گرینگ نایەنە ژمار.[1] لەگەڵ ئەوە دا کە زیاتر لە ٩٠٪ جووتیارانی بریتانیا ئەندامی یەکێتی نەتەوەیی جووتیارانن، لە ئاستی سیاسەتی نەتەوەیی دا دزەیەکی ئەوتۆی نییە. زیاتر لە ٧٠٪ زەوییە کشت و کاڵییەکانی ئەو وڵاتە بە کرێ دەچن.

## دەوری سیاسی جووتیاران لە وڵاتانی ئاسیادا

لە وڵاتانی ئاسیا دا بە هۆی گەلێ هۆکاری وەک چڕبوونەوەی سیاسی، بوونی بڕۆکڕاسی و دەزگای ئۆفیسی فراوان، زاڵ بوونی ڕاستەوخۆتر بە سەر جووتیاران دا و لاوازی ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی بار و دۆخی کۆمەڵایەتی جووتیاران جیاواز بووە لە بار و دۆخی جووتیارانی ئورووپا. لە چینی چاخی بنەماڵەی مێنچۆ لە گەڵ ئەوە دا کە زیاتر لە ٨٠٪ زەوییەکان لەدەست چینی خاوەن زەوی ماندارین دا بوو بەڵام دەوڵەت بە هۆی سەربردەی یاخی بوونە جووتیارییەکان لە بەرگری کردنی چەوسانەوەی بێ سەرە و بەرە و زێدە لە ڕادەی جووتیاران لە لایەن خاوەن زەوییەکانەوە خاوەن بەرژەوەندی بوو. لە سەردەمانی شەرسالاران و کۆمین تانگ دا لە گەڵ گەشە کردنی پەیوەندییە کاپیتالیستییەکان لە گوندەکان دا بار و دۆخی جووتیاران ڕووەو خراپی چوو. لە گەڵ لاواز

١. بڕوانە: مۆڕ، پێشوو، بەشی ٤.

بـوونی بڕۆکڕاسـی دەوڵـەتی ناوەنـدی لـە لایـەک و فـراوان بـوونی کاریگەرییـەکانی کاپیتـالیزم و سـەرهەڵدانی چنێکـی نـوێیی خـاوەن زەوییـەکان، لـە لایـەکی تـرەوە بەسـتێنی کۆمەڵایـەتی یـاخی بوونـە جووتیارییـەکان دەسـتەبەر بـوو و کومۆنیسـتەکان بـۆ مـۆبیلیزە کردنـی جووتیاران بار و دۆخەکـەیان قۆزتـەوە. دەوڵـەتی کومۆنیسـتی لـە ساڵانی سەرەتایی دا بە دابەشینی زەوی لە نێو جووتیـاران و لـە نـاوبردنی چینـی خاوەن زەوی گەلێ ڕیفۆرمی زەوی بـەرفراوانی ئـەنجام دا بـەڵام لـە ساڵی ١٩٥٧ دا لە گەڵ هاوبەش کردنی کشت و کاڵی، مـافی خـاوەنێتی جووتیـاری لە نـاوبرد. پـاش مردنـی مـائۆ لـە دەیـەکانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ دا ئاراستەیـەکی هەست پێ کـراو لـە نـاو جووتیـاران دا هاتـە دیـی بـۆ ئـەوەی پارچـە زەوی زۆرتریان هەبێ و بتوانن بەرهەمەکانیان لە بازاڕی ئازاد دا بفرۆشن.[١]

لە خولە جیاجیاکانی مێژووی هیندوستان جووتیاران لە گەڵ ئەوە دا کـە بـە توونـدی لـە لایـەن دەوڵـەتی ناوەنـدی و خـاوەن زەوییەکانـەوە دەچەوسانەوە بەڵام لە چاو وڵاتی چین یاخی بوونی جووتیاران لـەو وڵاتـە دا دیاردەیـەکی بـاو نـەبوو. وەک لەمپـەرەکانی بـەر دەم یـاخی بوونـە جووتێرییـەکان دەکرێ ئامـاژە بکەینـە سـەر ئەوانـەی خـوارەوە: سیسـتمی کاست و پێبەندی بە کاست و ئامادە بوونی خاوەن زەوییەکان لە ناوچە دا. لە سەردەمانی کۆلۆنیالیزمی بریتانیا دا لە گەڵ بەرز بوونەوەی دەسەڵاتی

---

١. بڕوانە: بەشی حەوتەم.

خاوەن زەوییەکان و سەقامگیر بوونی مافی خاوەنێتیان لە لایەک و بڵاوبوونەوەی کشت و کاڵی بازرگانی و بەرزەبوونی هەناردە لە لایەکی ترەوە پڕۆلیتاریای گوندیی پەرەی سەند. جووتیارانی هیند بە هاوپەیمانی لە گەڵ چینە مام ناوەندییە بازرگانییەکان لە بزووتنەوەی دژە کۆلۆنیالیزم و بزووتنەوەی سەربەخۆی نەتەوەیی دا ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا. حیزبی کۆنگرە لە ساڵی ١٩٢١ بە دواوە خاوەن ئاراستەیەکی جووتیاری ئاشکرا بوو و گاندی لە ڕاکێشانی پشتگیری سیاسی جووتیاران دا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. لەگەڵ ئەوە دا بزووتنەوەی سەربەخۆیی لە سەردەمانی گاندی دا سەرنجێکی ئەو تۆی نەدەدایە پرسی زەوی و بار و دۆخی کۆمەڵایەتی جووتیاران بەڵام نییەرۆ بە گرتنە بەری ڕێگەی "سۆسیالیزمی هیندی" لە ئاستێکی بەربڵاو دا دەستی کرد بە ریفۆڕمی زەوی.

گرینگترین ڕێکخراوی سیاسی کە پشتگیری لە بەرژەوەندی جووتیارانی هیند دەکا، حیزبی جووتیاران و کرێکارانی هیندە (PWPI) کە ئاراستەیەکی سۆسیالیستی هەیە و پشتگیری لە سیاسەتی خۆماڵی کردن دەکا. ئەو حیزبە لە بنەما دا لقی چەپی حیزبی کۆنگرە بوو کە لە ساڵی ١٩٤٨ دا لێی جیا بۆوە. حیزبی جووتیاران و کرێکارانی هیند بە شێوەیەکی هەڤدودان هەندێ کورسی پاڕلمانی وەدەست هێناوە. زۆربەی حیزبە سەرەکییەکانی هیندوستان وەک حیزبی کۆنگرە، حیزبی خەڵک و حیزبی کومۆنیست خاوەن ڕێکخستنی جووتیارین.

لە دیرۆکی ژاپۆن دا یاخی بوون و بزووتنەوە جووتیارییەکان هیچ کات نەبوونە دیاردەیەکی بەردەوام و لەمێژینەی. لە چاخی تۆکۆگاوا دا فیۆدالیزمی چربۆوەی ژاپۆن سەربەخۆیی کردەوەی جووتیارانی ئاستەنگ دەکرد. هەر چەندە جووتیاران تا ڕادەیەک پشتگیریان لە هێزە نەریتییەکانی ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێری میجی ساڵی ١٨٦٨، بەتایبەت ئیمپراتۆر کردووە بەڵام ئەو بزاڤە لە بنەما دا بزووتنەوەیەکی ئەریستۆکراتی – بازرگانی بوو. ئاراستەی ریفۆڕمەکانی زەوی سەردەمانی میجیش بە هێز کردنی لایەنی بازرگانی کشت و کاڵی و چینی خاوەن زەوی نوێی بازرگان بوو. کرین و فرۆشتنی ئازادانەی زەوی، فراوان بوونەوەی کەڵک وەرگرتنی کاپیتالیستانە، دەست بە سەر داگرتنی زەوییەکانی جووتیاری و بەرز بوونەوەی پیتاکی زەوییەکان لە دەیەی یەکەمی سەردەمانی میجی دا پێلێکی شۆڕشە جووتیارییەکانی لێکەوتەوە، بەڵام باڵادەست بوونی چینە خاوەن زەوییە نوێیەکان و چربوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی نەیانهێشت ئەو شۆڕشانە پەرە بگرن. مۆدێرنیزاسیۆنی سەردەمانی میجی بووە هۆی وڕووژانی دژکردەوەی چینە نەریتییەکان و لە ناویشیان دا جووتیاران. لە دەیەی ١٩٤٠ دا جووتیاران وەک یەکێک لە بستێنە کۆمەڵایەتییەکانی پشتگیری لە بزووتنەوەی فاشیزمی ژاپۆن دەهاتنە ژمار. پێ داگری لەسەر بەهاکانی ژیانی جووتیاری و پەسنەکانی کۆمەڵگای نەریتی و پشتگیری لە کشت و کاڵی بچووک بەشە سەرەکییەکانی ئایدۆلۆژیا فاشیزمی ژاپۆن بوون. پاش شەری دووهەمی جیهانی و شکستی دەوڵەتی فاشیستی، هێزە داگیرکەرەکانی ئەمریکایی پلانێکی بەربڵاوی

ڕیفۆڕمی زەویان لەو وڵاتە دا بە ئەنجام گەیاند و پاشماوەکانی فیۆدالیزمی ژاپۆنیان لە ناو برد. دوای شەر تەنیا چەند ڕێکخراوێکی سەرەکی بەشی کشت و کاڵی ژاپۆن چالاک بوون. بەمەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ سیاسەتی گەشەکردنی خێرای ئابووری ژاپۆن و دەرئەنجامە خراپەکانی بۆ بەشی کشت و کاڵی لە ساڵی ١٩٥١ دا فێدراسیۆنی نەتەوەیی ئەنجوومەنی پشتگیری و هەرەوەزی دوو لایەنە (Kyosai-Ren) دامەرزان. لە دامەزراندنی ئەو فێدراسیۆنە دا ئامانج بەرزکردنەوەی لێهاتوویی و کارامەیی بەشی کشت و کاڵی و دابین کردنی فەرعانی کۆمەڵایەتی بۆ جووتیاران بوو. ئەو فێدراسیۆنە ٧٦ هەرەوەزی کشت و کاڵی لە خۆ گرتووە. فێدراسیۆنی نەتەوەیی ئەنجوومەنە هەرەوەزییەکانی دۆزەرەوەی بازاڕ (Zenhan-Ren) لە ساڵی ١٩٤٨ دا پێک هات. هەروەها فێدراسیۆنی نەتەوەیی ئەنجوومەنە هەرەوەزییەکانی کرینە کشت و کاڵییەکان (Zenko-Ren) لە ڕێگەی دانی پارە بە حیزب و وەزارەتخانەکانەوە دزەیەکی بەرفراوانیان لە سیاسەتی کشت و کاڵی دا هەبووە. یەکێتی جووتیارانی ژاپۆنی (Nichino) وەک گرینگترین و بەربلاوترین یەکێتی جووتیاری لە ساڵی ١٩٢٢ دا پێک هات و لە پێناو دابەش کردنی زەوی لەناو جووتیاران دا خەباتی دەکرد. پاش شەر بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکان یەکێتی ناو براو بوو بە سێ لابالی چەپی کومۆنیستی، چەپی دژە کومۆنیستی و ڕاست ئاژۆ. بەگشتی یەکێتی جووتیاران لەگەڵ لاباڵی کاپیتاڵی پاوانکراو و سیاسەتە کۆنسێرڤاتەکانی

حکوومەت دا لە ناکۆکی دا بووە و بەتایبەت لەهەمبەر هەوڵی خاوەن زەوییەکانی پێشوو بۆ دەست بەسەر داگرتنەوەی دووبارەی زەوییەکان بەربەرەکانی کردووە.[1]

لە ساڵی ١٩١٣ دا جووتیارانی سۆڤیەت ٧٥٪ دانیشتوانی ئەو وڵاتەیان پێک دێنا و رابردوویەکی دوور و درێژی یاخی بوونیان هەبوو. لە ساڵی ١٨٦١ بەو لاوە ئازاد بوونی جووتیاران لە ژێر دەستەیی سێرواژ دەستی پێکرد و پاش شۆڕشی سەرنەکەوتووی ١٩٠٥ بە پێی پلانی ڕیفۆڕمی زەوی ستولیپین گەلێ ئاڵ و گۆڕ لە سیستم و پەیوەندییەکانی خاوەنێتی زەوی ئەنجام درا. لە درێژەی شۆڕش دا، بەلشۆڤیکەکان جووتیارە هەژارەکانیان کە لە ناو کۆمیتە جووتیارییەکان (Kombedy) دا ڕێکخرا بوون لە دژی کولاکی (جووتێرانی تێر و پر) ڕێکخست. پاش شۆڕش، سیستمی دانی زۆرە ملی کاڵا کشت و کاڵییەکان پەیوەندییەکانی نێوان شار و گوندیان تێک دا و لەئاکام دا "قەیرانی مەقەست" سەری هەڵدا کە مەبەست لەو قەیرانە دوورکەوتنەوەی بەگوڕی نرخی بەرهەمە پیشەسازی و بەرهەمە کشت و کاڵییەکان لە یەکتر بوو. جووتیاران لەهەمبەر سیستمی دانی زۆرە ملی بەرهەمەکان دا ئاستی بەرهەم هێنانی خۆیان کەم کردەوە. چارەسەرکردنی کێشەی جووتیاری ناکۆکی بیر و ڕای لەناو حیزبی کومۆنیست دا لێ کەوتەوە. لاباڵی ڕاست بە مەبەستی پێک هێنانی بازاڕێک بۆ کاڵا کشت و

1. Tsuji, Op. Cit. pp. 149-150.

کاڵییەکان خوازیاری بەرز کردنەوەی نرخە کشت و کاڵییەکان بوو و لابالی چەپیش بە مەبەستی بە پیشەسازی کردن پشتگیری بە گورتر بوونی چەوسانەوەی زێدەماوەی ئابووری کشت و کاڵی دەکرد. دواجار لە ساڵی ۱۹۲۹ دا سیاسەتی ستالین بە ئاراستەی بە پیشەسازی کردنی خێرای وڵات سەرکەوت. لە ئاکام دا جەماوەرەی جووتیار بە زۆرە ملی پەلکێشی کارکردن لە کێڵگە هاوبەش و دەوڵەتییەکان (کەڵخۆز و سۆخۆزەکان) کران. لەوە پاش بەرهەم هێنانی کشت و کاڵی پەیڕەوی پلانەکانی ناوەند بوو و نوێنەرانی حیزبی کومۆنیست چاوەێری کەڵخۆز و سۆڵخۆزەکانیان دەکرد. کەڵخۆز و سۆڵخۆزەکان دەبوو پشکێکی دیاریکراوی بەرهەمەکانی خۆیان دابایە دەوڵەت. هەڵبەت کێڵگەی بنەماڵەیی نەریتی ڕووسی بە شێوەی "زەوی تایبەت" لە قەوارەی زۆر بچووک دا هەروا مایەوە ( لانی زۆری پانتای مۆڵەت دراو ۱/۲ هێکتار بوو). بەگشتی جووتیاران لە یەکێتی سۆڤیەت دا بە توندی بەستراوەی سیستمی حیزبی و دەوڵەت بوون و هیچ چەشنە سەربەخۆیەکیان نەبوو. بە پێی تەمەن و ڕەکەزی جووتیار لە کەڵخۆز دا کاتژمێری کاری بۆ دیاری دەکرا. داهاتی جووتێری کەڵخۆزی پشکێکی قازانج بوو. سیستمی کێڵگە دەوڵەتییەکان (سۆخۆز) تەنیا ٢٥٪ی جووتیارانی لەخۆ دەگرت. سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤیەت دابەزاندنی بەرخۆر و هێنانە خواری ئاستی ژیان لەناو جووتیاران دا بوو. دەوڵەت ئەو پارەیەیی لە کرین و فرۆشتنی کالا کشت و کاڵییەکان دا بۆی دەماوە بۆ سەرمایەگووزاری لە بەشی پیشەسازی دا پاش قوولی دەدا. کەڵخۆز ئەرکی کۆکردنەوەی پیتاکیشی لەئەستۆ بوو. بەشێکی داهاتی جووتیاران (نزیکەی ۳۰٪ تا ۵۰٪) لە ڕێگەی زەوی تایبەتەوە بوو کە بەشێوەیەکی سروشتی

بەرهەمەکانی لە بازاڕە ئازادەکانی کەڵخۆزی دا دەفرۆشران. زەوییە تایبەتەکان ٢/٧٪ سەرجەمی زەوییە کێڵدراوەکانیان پێک دێنا.

سەرەڕای دامەزرانی سیستمی کەڵخۆز و سۆخۆزەکان ژیانی جووتیارانی ڕووسی گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەر دا نەهات و بە سەرنجدان بە گرینگی زەوییە تایبەتەکان ئابووری لادێی زۆرتر لە ئاستی خۆبژیویی دا مایەوە. شێوازی مێعماری و بیناسازی نەریتیش هەروا بەردەوام مایەوە. خەرجی سەرانەی دانیشتوانی لادێی لە کالا بەرخۆرەکان دا ٣١٪ خەرجی سەرانەی دانیشتوانی شاریی بوو. لە سەردەمانی دەوڵەتی کومۆنیستی دا کۆچکردن لە لادێوە بۆ شار پێویستی بە مۆڵەتی دەوڵەت بوو. بە سەرنجدان بەوە کە ئەندامانی ئەنجوومەنە خۆجێیی و ناوچەییەکان تاکەکانی سەر بە حیزب بوون جووتیاران ئامرازێکیان بۆ دەربرینی ئۆگرییەکانیان نەبوو. بەرپرسانی کەڵخۆزیش دانراوی حیزب لە ئاستی خۆجێیی دا بوون. لە بواری ئابووریشەوە وەک پلان دانان و دیاری کردنی نرخەکان جووتیاران ڕۆڵێکی دیاری کاریان نەبوو. جووتیارانی کەڵخۆزەکانیش وەک کرێکارانی پیشەسازی لانیکەمی حەق دەستیان دەدرایە. لە ڕووی کۆچکردنەوە لە نێوان سالانی ١٩٢٦ دا تا ساڵی ١٩٣٩، ١٨/٧٪ ملیۆن جووتیار بۆ ناوچە شارییەکان کۆچیان کرد. لە ساڵی ١٩٣٩ دا تا ساڵی ١٩٥٩ ئەو ژمارەیە گەیشتە ٢٥ ملیۆن. لەگەڵ هەمووی ئەوانەش لە سەردەمانی حکوومەتی کومۆنیستی دا بارودۆخی جووتیاران بەشێوەیەکی بەرچاو باشتر بوو. وەک دەسکەوتەکانی کۆمۆنیزم بۆ جووتیاران دەکرێ باس لەوانە بکەین: بەرز بوونەوەی ئاستی خوێندن،

بەربڵاوبوونەوەی ڕاگەیەنەرەکان و هەڤۆتە سیاسییەکان. سەرەڕای ئەوەش لە یەکێتی سۆڤیەت دا شوێنەوارێک لە حیزب و گرووپ و سەندیکا و ئەنجوومەن و فێدراسیۆنە جووتیارییەکان بەو شێوەیەی لە وڵاتانی تر دا باو بوو، بەدیی نەدەکرا.[1]

## دەوری سیاسی جووتیاران لە ئەمریکای لاتین‌دا

بە سەرنجدان بە جیاوازییەکانی نێوان شێوازەکانی خاوەنێتی زەوی لە ناوچە جیاجیاکان دا، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری جووتیاران و وەرزێرانی وڵاتانی ئەمریکای لاتین جیاوازە. بە گشتی لە ئەمریکای لاتین دا چوار جۆری خاوەنێتی زەوی بەدیدەکرێ. یەکەم، زەوییە بەش نەکراو و هاوبەشەکان کە سەرجەمی جووتیاران مافی کەڵک وەرگرتن لەو زەوییانەیان هەیە. کۆمەڵگای لادێی لە سەر بنەمای شێوازێکی ئەوتۆی خاوەنێتی زەوی لە هەندێ ناوچەی وەک ناوەندی بۆلیوی دا بە شێوەی نەریتی هەبوون و یانیش بە هۆی سیاسەتەکانی دەوڵەت سەریان هەڵدا؛ وەک مێکزیک و کۆبا کە پاش شۆڕش لەو وڵاتانە دا کێڵگەی هاوبەش پێک هاتن. جۆرە نەریتییەکەی زەوییە هاوبەشە جووتیارییەکان ڕووە و نەمان بوونە. دووهەم، کێڵگە بنەماڵەییەکان کە لە زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای

1. R. Laird (ed.) *Soviet Agricultural and Peasant Affairs.* (Lawrance, Kan), 1963.

لاتـین دا هەیـە. بـۆ وێنـە ١/٣ زەوییـە کشـت و کاڵییـەکانی ئـەرژەنتین بـە شێوەی کێڵگەی بنەماڵەیی کەڵکیان لێوەر دەگیرێ. بەرهەم هێنان لـە کێڵگـە بنەماڵەییەکان دا بەلای بازرگـانی و فـرۆش لـە بـازاڕ دا دەسووڕێتەوە. بـە سەرنجدان بە پرش و بڵاوی و نەبوونی یەکریزی لـەناو جووتیـارانی کێڵگـە بنەماڵەییـەکان، گـووران و سـەرهەڵدانی یـەکێتی کرێکـاری لـە ناویـان دا حەستەم بووە.

جـۆری سـێهەمی شـێوەی خـاوەنێتی زەوی لـە زۆربـەی وڵاتـانی ئەمریکای لاتین دا خاوەنێتی زەوی گەورەیە (Haciendas,fundos). ئـەو جـۆرە خاوەنێتییەی زەوییە گەورەکان لـە وڵاتـانی جیاجیـا دا بـە پێـی بابـەت بـە شێوەیەکی مام ناوەندی لە ١/٢ تا ٣/٤ زەوییە کشـت و کاڵییـەکان لـە خـۆ دەگرێ. تەنیا لەو وڵاتانەی ڕیفۆڕمی زەوی بـە شـێوەیەکی بـەربڵاو بـەرێوە چووە (وەک مێکزیک، بۆلیوی و کوبا) خاوەنێتی زەوییە گەورەکان کـەم تـا زۆر لە ناو چووە. سیستمی کەڵک وەرگرتن لە خاوەنێتی زەوییە گـەورەکان دا بـە شـێوەی موزارەعـە یـان کرێکێشییە. لـە هەنـدێ وڵاتـی وەک پێـرۆ دا بەرهـەمی ٦ ڕۆژ کـار بـۆ مالیـک دەبـێ. لـەو جـۆرە خاوەنێتییـەی زەوی دا ئەرباب پێی دەوترێ Patron (باوک سالاری) کە گەورەی ڕەعیەتەکانـە (Peon) و لە رێ و رەسمە جیاجیاکان دا لەناو ڕەعیەتەکان دەردەکەوێ.

چوارەم جۆری خاوەنێتی زەوی لـە ئـەمریکای لاتـین دا کێڵگـە گـەورە بازرگانییـە (Plantation) کانـە کـە پاشـماوەی سـەردەمانی کۆلۆنیـالیزم و کۆیلەدارییە و بە تایبەت لە کێڵگەکانی مۆز، شـەکر، لۆکـە و تـوتن دا بـاو

بووە. کۆمپانیا نێونەتەوەییەکان کە ئۆگری بەرهەمە کشت و کاڵی – بازرگانییەکانی ئەمریکای لاتین بوون کەوتنە سازدانی گەلێ کێڵگەی ئەوتۆ و لەو جۆرە کێڵگانە دا سەرمایەیان نوواند. ئەو جووتیارانەی لەو کێڵگانە دا کار دەکەن، وەک کرێکاری کرێ وەگر دێنە ژمار. سیستمی کێڵگە گەورە بازرگانییەکان وەک سیستمی کارخانەی پیشەسازی بەرێوە دەچێ.

ڕیفۆڕمی زەوی لێرە و لەوێی ئەمریکای لاتین (لە مێکزیک، بۆلیوی، کوبا، وێنێزوئێلا، شیلی و پێرۆ) دا بۆتە هۆی سەرهەڵدانی چینی مام ناوەندی جووتیاران و ڕێکخراو و یەکێتییە کشت و کاڵی و جووتیارییەکان.[1]

## دەوری سیاسی جووتیاران لە ئێراندا

لە مێژووی هاوچەرخی ئێران دا جووتیاران ڕۆڵێکی کاریگەریان لە ئاڵ و گۆڕە سیاسییەکان دا نەبووە و زۆرتر لە لایەن گرووپ و هێزە سیاسییە جۆراوجۆرەکانەوە ڕێکخراون. لە دەسپێکی شۆڕشی مەشرووتە دا بار و دۆخی جووتیاران یان " پرسی زەوی و جووتیاری" سەرنجی گرووپە جیاجیاکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. لە سەرەتاکانی سەردەمی مەشرووتە دا هەندێ لە ڕووناکبیران پشگیریان لە دابەشینی زەوییە گەورەکان لە ناو جووتیاران دا و هەروەها پێک هێنانی خاوەنێتی وردە جووتیاری دەکرد.

---

1. E. Wolf, “types of Latin American Peasantry: A Preliminary Analysis”, *American Anthrologist, 57,* June 1955, pp. 452-71.

وێنــەی وەهــا هزرێــک لــە کتێبــی *مەســالیک و لموحســینینی* تــالبۆف دا دەدیتریَ. یەکەم بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە ئێران لە چوارچێوەی حیزبی دێمۆکرات و حیزبی کومۆنیستی ئێران دا پشتگیری لە دابەشینی زەوییــەکان لە ناو جووتێرە بێ زەوییەکان دا دەکرد. لە ڕاستی دا لــە جێی جووتیــاران گرووپ گەلێکی تر داکۆکیان لە بەرژەوەندییەکانیان دەکرد. لــە ســەردەمانی مەشــــروتە دا بزووتنەوەیــــەکی جووتیــــاری گرینــــگ ڕووی نــــەدا. هەڵوەشاندنەوەی سیستمی تویولداری پاش شۆڕشی مەشروتە، زۆرینــەی جوتیــارانی ئێرانــی کــردە هــەرەوەز کــار. یــاخی بوونــەکانی لێــرە و لــەوێی جووتیاری لە سالانی شۆڕشی مەشرووتە دا بەرچاو دەکەوەن. بۆ وێنــە لــە ساڵی ١٢٨٧ هەتاوی دا جووتیارانی ناوچەی ڕەشت یاخی بوون و نەچوونــە ژێــر بــاری مــافی مالیکانــەی ئــەرباب و هێرشــیان بــردە ســەر زەوییــەکانی ئەرباب. لە قووچان، ئازەربایجان، ئیسفەهان، بەم و جیرۆفتیش دا یــاخی بوونی لەو جۆرە ڕوویان دا.[١]

لە ڕوانگەیەکەوە، بزووتنەوەی جەنگەڵ بە ڕێبەرایەتی میــرزا کۆچــک خــانیش شۆڕشــێکی جووتیــاری بــوو. ڕەنگــە لــە ئاکــامی بەربڵاوبوونــەوەی چینی خاوەن زەوی و دەست بە سەر داگرتنی زەوی لــە لایــەن ســپاییەکان و

---

١. احمد قاسمی، *شش سال انقلاب مشروطه ایران*، سازمان طوفان، ١٣٥٣.

کاربەرێوەبەرانی دەوڵەتی لە سەردەمانی ڕەزا شا دا گووشاری سەر چینی جووتیار زۆرتر بوو بێ. لە ئاکام دا پاش خەرمانانی ١٣٢٠ هەتاوی کێشەی زەوی – جووتیاری جارێکی تر سەرنجی حیزب و سیاسەت وانانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. هێزە جووتیارییەکان لە حکوومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان کە پاش شەری دووهەم لە ساڵانی ٥ – ١٣٢٤ هەتاوی دا پێک هاتن، دەوریان هەبوو. دابەزینی پشکی مالیکانە یەکێک لەو کێشەکان بوو کە لەو ساڵانە دا لە لایەن حکوومەت و حیزبەکانەوە گرینگی پێ دەدرا. بە مەبەستی پێک هێنانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ بۆ خۆی لە خەبات لەگەڵ ئاغاکان دا شاش جار و بار دەکەوتە بیری کەڵک وەرگرتن لە پشتگیری جووتیاران. بۆ وێنە شا لە ساڵی ١٣٢٨ هەتاوی دا باسی پێویستی دابەشینی زەوییەکانی شانشینی و خالیسی لەناو جووتیاران دا کرد. دواجار ڕیفۆڕمی زەوی لە دەیەی ١٣٤٠ هەتاوی دا یەکەمین ئاڵ و گۆری سەرەکی لە داڕشتەی کۆمەڵگای جووتیاری ئێران دا پێک هێنا.

لە ئێران دا بەر لە ڕیفۆڕمی زەوی چوار جۆری خاوەنێتی زەوی هەبوو: ١) زەوییەکانی بنەماڵەی پاشا کە بریتی بوون لە ٢٠٠٠ گوند(٤٪ گوندەکان)؛ ٢) خالیسەجات بریتی بوون لە ٣٠٠٠ گوند(یان ٦٪ گوندەکان)؛ ٣) زەوییەکانی بەخشراو بریتی بوون لە ٦٠٠٠ گوند(یان ١٢٪ گوندەکان) و ٤) زەوییەکانی ئەربابی بریتی بوون لە ٤٠٠٠٠ گوند (یان ٨٠٪ گوندەکان).

پێش ئەو ڕیفۆڕمانە، زیاتر لە نیوەی چالاکانی کشت و کاڵی هەرەوەزکار بوون. بە شێوەیەکی سروشتی جووتیارانی هەرەوەزکار تەنیا

دەیانتوانی ١/٣ بەرهەمەکە بۆ خۆیان هەڵگرن. نزیکەی ٧٪ جووتیارانیش خاوەنی زەوی خۆیان بوون. مەبەستی سەرەکی شا لە ڕیفۆڕمی زەوی پێکهێنانی بنەمایەکی پشتگیری سیاسی نوێ بوو بۆ خۆی پاش خەبات لەگەڵ ئەریستۆکرات و ئاغاکان. بە پێی بەڵگەنامەکانی بەردەست لە یەکەم قۆناخی بەڕێوەبردنی قانوونی ڕیفۆڕمی زەوی دا، زەوییەکانی ١٤ هەزار گوند دابەشکران. بە پێی ئەمری دەربار لە بەفرانباری ١٣٤٢ هەتاوی دا بە مەبەستی گەشە کردنی ڕەوتی مۆبیلیزەی جووتیاری، کۆنگرەی نەتەوەیی جووتێرانی ئێران لە ٤٠٠٠ نوێنەری جوتیاران و ئەندامانی شاندی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا هەرەوەزییە گوندییەکان پێک هات. لە سەرەتای ڕیفۆڕمی زەوی دا جووتیاران تا ڕادەیەکی زۆر پشتگیریان لە دەربار کرد. هەندێ گرووپی سیاسی لایەنگری جووتیاران لەو سەردەمە دا پشتگیریان لە پێکهاتنی حیزبی جووتیاران دەکرد بەڵام دەوڵەتی شا دژی پێکهاتنی حیزبێکی ئەوتۆ بوو. بە پێی ئامارە ڕەسمییەکان نزیکەی ٣.١ ملیۆن بنەماڵەی جووتیاری لە ئاکامی ڕیفۆڕمی زەوی دا زەویان پێ بڕا. بە پێی سەرچاوەیەک لە کۆتایی ڕیفۆڕمی زەوی لە ساڵی ١٣٥٣ دا لە سەرجەمی دانیشتوانی گوندی ٣٣٪ بێ زەوی بوون، ٣٩٪ بە شێوەیەکی مام ناوەندی خاوەن ٢ هێکتار زەوی بوون، ١٢٪ بە شێوەی مام ناوەندی خاوەن ٧

هێکتار، ١٤٪ بە شێوەیەکی نێوەنجی خاوەن ١٨ هێکتار و ٥٪ بە شێوەی مام ناوەندی خاوەنی ١٩٠ هێکتار بوون.[١]

بەگشتی لە ئاکامی ڕیفۆڕمی زەوی لە ئێران دا چینێکی مام ناوەندی جووتێری دەرکەوت کە ١٥٪ کۆمەڵگای کشت و کاڵی پێک دێنا. ئەو چینە ڕێکخراوە هەرەوەزییە گوندییەکان و کۆمپانیا پشکدارە زەراعیەکانی کۆنترۆڵی دەکرد. بەگشتی کۆمەڵگای جووتیاری ئێران لە ڕێگەی ڕێکخراوگەلێکی ئەوتۆوە لکابووە بڕۆکڕاسی دەوڵەتی. لە ئاڵ و گۆڕە شۆڕشگێرییەکانی دەوروبەری ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی دا، سەرەتا هەندێ توێژی گوندی بە شێوەی سنووردار پشتگیریان لە ڕژیمی شا کرد بەڵام لەگەڵ بەرفراوان بوونەوەی شۆڕش هەڵگەڕانەوە. لە ساڵانی سەرەتای شۆڕش لە هەندێ ناوچە لە نێوان جووتێران و پاشماوەکانی چینی خاوەن زەوی دا تێک هەڵچوون هاتبووە ئاراوە. ڕیفۆڕمی زەوی جۆراوجۆری توێژە جووتیارییەکانی لێ کەوتبۆوە. ئەو جووتێرانەی لەسۆنگەی ڕیفۆڕمی زەوییەوە ببونە خاوەنی زەوی دەترسان خاوەن زەوییەکانی پێشوو زەوییەکانیان لێ بستێننەوە. لە لایەکی ترەوە جووتێرە هەژار و بێ زەوییەکان خوازیاری دابەشکردنی زەوییە گەورەکان بوون. لە زۆربەی ناوچەکان دا جووتێرانی مام ناوەندی بە مەبەستی بەرگری لە گەڕانەوەی خاوەن زەوییەکان، ئەنجوومەن و کۆمیتەی جووتێریان پێک هێنا. لەهەندێ

---

١. محمدرضا سوداگر، *بررسی اصلاحات ارضی*، تهران، ١٣٥١، فصل دوم.

ناوچە لەنێوان جووتیاران و خاوەن زەوییەکانی پێشوو دا پێک دادان هاتە ئاراوە. لەهەندێ بواری بەرتەسک لەناوچەکانی باکوور دا خاوەن زەوییەکان، زەوییەکانی پێشووی خۆیان وەرگرتەوە. لەهەندێ بواری تریش دا، جووتێران دەستیان بەسەر زەوییەکانی خاوەن زەوییەکان دا داگرت. هەندێ لەو زەوییانە دواتر بە شێوەیەکی کاتی درایە گوندییەکان. لەناوچە جیاجیاکان بەتایبەت لەکوردستان، توورکمەن سەحرا، گوونبەد، ورمێ و گیلان دا بە مەبەستی پشتگیری لەجووتیارانی هەژار و درێژەدانی ڕیفۆڕمی زەوی ئەنجوومەنەکانی جووتیاری پێک هاتن. بەڵام بۆشایی دەسەڵات کە لەئاکامی هەرەس هێنانی پێکهاتەکانی سیستمی کۆن لەگوندەکان دا پێک هاتبوو، بە دامەزراندنی پێکهاتەکانی وەک جەهادی سازەندەگی، لێژنەکانی حەوت کەسی و ئەنجوومەنە ئیسلامییەکان پڕ بۆوە. بەتایبەت لێژنەکانی حەوت کەسی دان و بووژانەوەی زەوییەکان کە بەپێی لایەحەی قانوونی دان و بووژانەوەی زەوییەکانی چەسپاوی ئەنجوومەنی شۆڕش لەساڵی ١٣٥٩ هەتاوی دا، پێکهاتن لەچارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەندی دار بە خاوەنێتی زەوییەکان دا دەورێکی سەرەکیان گێرا. بەپێی لایەحەی نێوبراو ئەو لێژنانە دەبوو زەوییەکانی مردووان و سەرچاوە نەتەوەییەکان (ئەوانەی دەوڵەت خاوەنێتی دەکردن)، ئەو زەویانەی لەدرێژەی شۆڕش دا دەستیان بەسەر داگیرا بوو و زەوییەکانی بەیار و کێڵدراوی خاوەن زەوییە گەورەکان کە زیاتر لەڕادەی دیاریکراوی قانوونیی بوون بدەنە جووتیارانی بێ زەوی و کەم زەوی. لێژنەکانی حەوت کەسی پێک هات بوون لەدوو نوێنەری وەزارەتی کشت وکاڵی، نوێنەرێکی

وەزارەتی ناوخۆ، نوێنەرێکی جەهادی سازەندەگی، نوێنەرێکی حاکمی شەرع و دوو نوێنەری خەڵک کە لەلایەن نوێنەری حاکمی شەرعەوە بناسرێن. بەپێی توێژینەوەکانی ستادی ناوەندی لیژنە حەوت کەسییەکە لەدرێژەی چالاکی ئەو لیژنانە تا ساڵی ١٣٧٢ هەتاوی، ئەو هەنگاوانەی خوارەوە بە ئاراستەی دانی زەوی بە جووتیاران بە ئەنجام گەیشت: ١) بووژاندنەوە و دانی ٦٤٤ هەزار هێکتار زەوی مردووان و سەرچاوە نەتەوەییەکان بە نزیکەی ١٠٩ هەزار بنەماڵەی جووتێری بە شێوەی مووشاع (دابەش نەکراو) واتا بە شێوەی هەرەوەزی بەرهەم هێنانی مووشاع لەگەڵ دابین کردنی دراو و خزمەتگوزاری کشت و کاڵی پێویست بۆ بووژاندنەوەی زەوی مردووان، ٢) دانی تا سەری زەوییە بەیار و چێندراوە دەست بەسەر داگیراوەکان و مالکانە بە ١٢٠ هەزار بنەماڵەی جووتێری. ئەو زەوییانە پێشتر بە شێوەیەکی کاتی درابوونە جووتێران.[١] ئەو هەنگاوانەی تر کە لەپەیوەندی لەگەڵ جووتیاران دا بە ئەنجام گەیشتن و دەبێ باسیان بکرێ بریتین لە: پلانی باشتر و نوێژەن کردنەوەی گوندەکان، پلانی ئەنجوومەنی ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان، پلانی دامەزراندنی ناوەندی خزمەتگوزاری گوندی و عەشاییری و دامەزراندنی ئەنجوومەنی گوندەکان و ژووری هاریکاری.[٢]

---

١. *ویژنامه سیزدهمین سالگرد تأسیس هیأتهای هفت نفره*، تهران، ستاد مرکزی هیأتهای هفت نفره، ١٣٧٢.

٢. مهدی طالب، *مدیریت روستایی در ایران*، تهران، انتشارات دانشگاه تهران، ١٣٧١.

# ٧

# پیاوانی ئایینی، ئایین و سیاسەت

## سەرەتا

لەچەند سەدەی ڕابردوو دا ئایین بە چەشنێک لە کۆمەڵگا دا تووشی ئاڵ و گۆڕی قەیراناوی بووە کە هەنووکە تەنانەت هەندێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە دواجار ئایین لەناو دەچێ. بۆ چەسپاندنی ئەو باوەڕەشیان ئاماژە دەکەنە سەر ڕەوتی ڕوو لە زێدەی "سێکیولاریزە" بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی. لەڕوانگەیەکی ترەوە ئەو ڕەوتە لەڕاستی دا بەواتای لەناوچونی ئایین نییە بەڵکوو تەنیا باسی گۆڕانی شێوازی ئایین دەکا.[1] ئەو ڕەوتەش لەشوێنە جیاجیاکانی جیهان دا وەک یەک پەرەی نەگرتووە. ڕۆڵی ئایین لەچاو سەدەکانی ڕابردوو لەکۆمەڵگای ڕۆژئاوای هەنووکە دا

---

1. T. Luckmann. "On Religion in Modern Society", in *Journal of The Scientific Studies of Religion.* 2, 1963 (2), pp. 147-162.

کەم بۆتەوە، ئەوە لە کاتێک دایە کە لـەوڵاتانی تـر دا نەریتـە ئایینییـەکان هــەروا پتــەو و بــەردەوام ماونــەوە و هەنــدێ جــار لەهەمبــەر ڕەوتــی سێکیولاریزە بـوونی ژیـانی کۆمەڵایـەتی هەڵگەڕاوەتـەوە و بـەهێز کـراوە. لەهـەمان کـات دا ئـایین بووژانـەوە، نـوێ بوونـەوە، مـۆدێرنیزە بـوون، و ڕیفۆڕمی بەخۆوە بینیوە.

پەیوەندی نێوان پیاوانی ئایینی و سیاسەت و حکوومەت لـە ئاست و پلەی جیاجیا و جۆراوجۆر دایە. سەرەتا دەبـێ بڵـێن کە ڕەنگە سیاسـەت و حکوومەت ئایینی بن، بەبێ دەست تێوەردانی پیاوانی ئـایینی. بـێ جگـە لـە پێـاوانی ئــایینی ڕەنگــە گرووپــە کۆمەڵاتییــەکانی تــر کاتێــک دەســەڵات بەدەستەوە دەگرن، احکامە دینییەکان بەڕێوەبەرن. لـە سـەرجەمی سیستمە سیاسـییە نەریتییـەکان دا کـە زۆربـەیان لەسـەر بنـەمای ڕەوایـی ئـایینی بوونە، بەو واتایە سیاسەت ئایینی بووە.

دووهەم، هەڵس و کەوتی پیاوانی ئایینی لە سیستمە نەریتییـەکان دا زۆربەی کـات بەشێوەی گرووپێکـی دژەی سـەرەکی بـووە هـەر لـەو ڕووەوە بەشـێکی چینـی دەسـەڵاتدار بوونـە. لەسـەرجەم سیسـتمە نەریتییـەکان دا دەسەڵاتداران و پیاوانی ئایینی تاڕادەیەک پێکەوە حاوانـەوە. دەسـەڵاتدارە نەریتییـەکان دەبـوو ڕێـزی ئـایین و نەریتـەکان بگـرن، چوونکـە بێتـوو پێچەوانــە جووڵابانــەوە لەگــەڵ نــارەزایی پــارێزەرانی نــەریت و ئــایین بەتایبــەت پیــاوانی ئــایینی ڕوو بــە ڕوو دەبوونــەوە. لەکۆمــەڵگا مۆدێڕنـەکانیش دا سـازی و گرووپـە ئایینییـەکـان و پیـاوانی ئـایینی وەک

گرووپەکانی دەسەڵات لەقەڵەم دەدران. بەڵام دەست تێوەردانی ئایین و پیاوانی ئایینی لەسیاسەت لەکۆمەڵگای مۆدێرن دا لەژێر کاریکەری هەل و مەرجی کۆمەڵگای نوێ دا شێوازێکی تری هەیە. نادینی بوونی سیاسەتی، و هەرەشەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن بەستێنێکی نوێی بۆ بەهێزکردنی پۆتانسییەلی سیاسی ئایینەکان دەستە بەر کردووە. گوورانی بناژۆیی ئایینی بەتایبەت دژکردەوەیەک بوو لەهەمبەر هەرەشەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن و پڕۆسەی تێکڕووخانی دیسیپلینی کۆنی جیهان. بەو پێیە لەگەڵ نادینی بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسەت (سێکیولاریزم) لە چاخی نوێ دا شیمانەی دەست تێوەردانی ئایین و پیاوانی ئایینی لە سیاسەت دا بەرز دەبێتەوە.

بەگشتی شیمانەی دەست تێوەردانی پیاوانی ئایینی لە سیاسەت دا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەستراوەی چەند هۆکارە: ۱) هەرچی بانگەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئایین زۆرتر بێ، شیمانەی دەست تێوەردانی پیاوانی ئایینی لە ژیانی سیاسی دا زۆرتر دەبێ. بێ گومان سەرجەم ئایینەکان سەبارەت بە ڕێک و پێک کردنی بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کەم تا زۆر ئیدعاگەلێکیان بووە چوونکە هەر ئایینێک جگە لە ئەرکی دابین کردنی ئامرازەکانی ڕزگاری باوەڕداران دەبوو بپرژێتە سەر ڕێک و پێک کردنی ژیانی ماددیشیان. لەگەڵ ئەوەش دا هەندێ لە ئایینەکان زێدەتر لە ئایینەکانی تر بانگەشەی دەستێوەردانی بابەتەکانی دنیایی و سیاسیان بووە. 2) هەرچی پیاوانی ئایینی ئایینێک وەک هێزێکی سیاسی لەڕوانگەی مێژووییەوە، پێگەیەکی هەڵکەوتووتر و بەهێزیان هەبێ،

شـیمانەی دەسـت تێـوەردانی ڕاسـتەوخۆ و بـەربڵاویان لەسیاسـەت دا بەرزدەکرێتـەوە.٣) هـەرچی بـواری بۆچـوون و ڕاڤەهـەڵگری ئـایین و ڕێـک هاتنەوەی لەگەڵ هەل و مەرجە بگۆڕە مێژووییـەکان دا زۆرتـر بـێ، توانـای پیاوانی ئـایینیش بـۆ دەست تێوەردانی ڕاستە و خـۆ لەسیاسـەت دا بـەرز دەبێتـەوە. ٤) هـەرچی پێکهاتـەکـانی ئـایینی ڕێکخراوتـر و یـەکریزتر بـن، توانای پیاوانی ئایینیش بۆ دەست تێوەردانی سیاسەت زۆرتر دەبێ.

پرسی سەرەکی پەیوەندی ئایین لەگەڵ سیاسەت دا دەگەڕێتـەوە سـەر کێشـەی سـەرەکی تـری جیاکردنـەوەی بـوارە ئایینییـەکـان لـە بـوارە نائایینییەکـان. وێنانـدنی سنوور لـەنێوان ئـەو دوو بـوارە دا و ڕادەی ئـەو سنوورە خۆی وێناندنێکی مێژووییە. لەکۆمەڵگا سەرەتایی ترەکان دا بەژنی ئـایین بـەربڵاوترە و زۆریـەک لـەو بابـەت و کردەوانـەی لەکۆمـەڵگا پێشکەوتووترەکان دا دەکەونە دەرەوەی بواری ئایین، دەکەونە چوارچێوەی ئایینەوە. لەگشت ئایینەکان دا سنوورە وێنەکراوەکانی نێوان بوارە دینـی و نادینییەکان بەردەوان بگۆڕ بوونـە. لەگـەڵ هـەمووی ئەوانـەش دا، ئـایین وەک بـواری پەیوەندییـە تێکچنراوەکـانی مـرۆڤ لەگـەڵ هێـزە سـەڕوو مرۆییەکان تەنانەت لە کۆمەڵگا سەرەتایی ترەکان دا شیاوی هـەڵاواردن لـە بـواری تـەنیا مرۆییـە. هـەروەها هـەر وەک زۆربـەی کۆمەڵناسـانی ئـایین وتوویانـە ئـایین، کـردەوە و چالاکییـەکی بەکۆیـە. زۆربـەی کـات ئـایینی سـەرەتای ڕیشـەی لەوشـیاری هـۆزی دایـە. لەکۆمـەڵگای سـەرەتایی دا کەسایەتی تاک بەشێوەی سەربەخۆ شیاوی وێناندن نییە بـەڵکوو بەشێکە لەشعووری بـەکۆ. چارەنووسی ئـایینی تـاکیش بەستراوەی چارەنووسی

ئایینی کۆیە. لەقۆناغە سەرووترەکانی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی دا لەنێوان داشکانە تاکی و داشکانە کۆییەکان لەئایین دا ناکۆکی دێتە ئاراوە و هەر بەو هۆیەش بوارە نادینییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەربڵاوتر دەبێ. زۆربەی کات ئایین وەک بابەت یان ئەزموونێکی تایبەت و تاکەکەسی کاتێک دەخرێتە ڕوو کە یەکریزی بەکۆی لەسەر بنەمای ئایین لەرزۆک بوو بێ. تەنانەت لەئایینی مەسیحیش دا کە وەک تاک خوازترین ئایین دێتە ژمار، حەوارییەکان، کڵێسە یان (جەماعەتی ڕێکخراوی باوەڕداران) بە نوێنگەی لەشی مەسیح دەزانی. خوا وەک باوک و کڵێسە وەک دایکی باوەڕداری مەسیحی چاولێدەکرێ. تەنانەت ئایینی پرۆتستانتیش کەهاوکات لەگەڵ وەلانانی نێوبەندی نێوان تاکی باوەڕدار و خوا دا، تاک خوازی ئایینی لەدینی مەسیح دا گەیاندە چڵەپۆپە و هەرتاکێکی باوەڕداری بە پیاوی ئایینی خۆی دەزانی، لەگەڵ ئەو گشتە ڕیفۆڕمانەی لە ئایین دا پێکی هێنا، باوەڕی نەریتی بە جەماعەتی قێددیسیان و ڕزگارانی ئەزەلی هەروا پاراست. هەروەها لەتەسەوف دا کەنوێگەی تایبەتی ترین و تاک خوازانەترین ئەزموونی ئایینییە، هزری دین وەک ئەزموونێکی بەکۆ دەپارێزرێ. لەئایینی بوودا دا "سێ گەوهەری" باوەڕ بریتین لە بوودا، هەڤۆتەکانی و جەماعەتی باوەڕداران. لەئیسلام دا روحی بەکۆی دین لەنوێنگە جۆراوجۆرەکاندا، لە ڕێک و پێک کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و مەدەنی باوەڕداران ڕا بگرە تا جەهاد و حەج ئاشکرا دەبێ. هەروەها سەرجەمی پێغەمبەران و نێردراوان و پیاوچاکانی دین لەناو چوارچێوەی روح و فەرهەنگی بەکۆی سەردەمی خۆیاندا دەجووڵانەوە ویان نەریتی بەکۆیان بەجۆرێک ڕاڤەکردووە. لەڕوانگەی مێژووییەوە، سەرجەمی

ژیانی بەکۆی مرۆڤ بەهەموو لایەنە جیاجیاکانییەوە لە بەستێنی ئایینی دا لەهاتو چۆ دا بووە. ئەزموونی مێژوویی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەپەردە و لێڵاییەکی ئەزموونی دینی پێچراوە.

## بیرۆکەکانی ئایین

بەگشتی ئایین بەلای بابەتی مووقەددەس دا دەشکێتەوە لەهەمبەر بابەتی ئاسایدا. تاکی ئایینی لەڕێگەی کردەوە سەمبۆلیک و رازاوەییەکانی خۆیەوە خۆی لەهەمبەر سەرچاوەی واتایی تەواو و رەها و گشت گیری وجوود دا دەبینێ و بێ گومان لەهەمبەریشی دا هەست بە سەرسوورمان و ترس و رێز دەکا و تێدەکۆشێ لەڕێگەی کردەوە ناوبراوەکان خۆی تەقڵی ئەو سەرچاوە بکا. مەبەست لەوەها پەیوەندییەکیش ڕزگاری، رەها بوون بەخشین و وەلابردنی هەر بارێک لەیەستۆی روحی تاکەکەسییە. پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ وەها سەرچاوەیەک زۆربەی کات بەشێوەی پەیوەندی نێوان تاکەکان دەردەکەوێ بەڵام بێ گومان سەڕووتر لەو ئاستە دەچێ. لەگەڵ ئەوەش دا تاک باوەڕی وایە کە لە تێکۆشان بۆ گەیشتن بەو سەرچاوەیە پێویستی بە هاریکاری و هاورێیەتی دێترانیشە. بەگشتی نواڕینی ئایینی بەواتای ڕاستی وشە پێویستی بە جەخت کردنی بوونی بواڕێکی واتایی رەها و هەستی خۆ بەکەم زانی هەمیشەیی لەهەمبەر ئەو دایە. ئەو تایبەتمەندییانەش خۆی پێویستی بەبوونی کۆمایەک لەو سەمبۆلانەیە کە باوەڕ هێنان بە رەها و هەستی بەستراوەیی لەهەمبەری دا لەڕێگەی

ئەوانــەوە دەردەبــڕێ. خــوا لەڕوانگــە ئایینییــەکانییــەوە وەک نوێنگــەی *تاکەکەسی* ڕەها چاولێ دەکرێ و بابەتی پەرستن و ڕێڕەوی ڕەها و تەواوە. خوا بنەمای بوون و واتا و ڕەوشت و پاساوی کۆتایی بوونە. سـەمبۆلـەکان لەئایین دا ئاماژە دەکەنە عالەمی ڕەها و خۆیان لە خۆیان دا ئامانج نـین، هەرچەنـدە لـە ئایینـە سـەرەتاییەکاندا گرینگایەتییـەکی زۆرتریـان هەیـە. تێکۆشان بۆ گەیشتن بەهۆکاری پەیوەندی لەگەڵ عالـەمی ڕەهـا گرینگتـرین تێکۆشـانی ئایینییـە. لەگـەڵ هـەمووی ئەوانـەش دا وەحـی و ئیلهـام وەک تەواوترین جۆری پەیوەندی تەنیا بەداهێنانی خوایە.[1]

باوترینی باسەکان سەبارەت بـەئایین لەزانستە کۆمەڵایەتییـەکان دا بریتییە لە مرۆڤ ناسی ئایینی و کۆمەڵناسی ئایین. لـەباس وخواسـەکانی مرۆڤ ناسانە دا باس لـەگووران، ڕیشـە و شـێوازە سـەرەتاییەکانی ئـایین دەکــرێ. گرینگتــرین تیۆرییــەکانی پەیوەندیــدار بــە ســەرچاوەی ئــایین لـەڕۆژئاوا دا دەبـێ لەبیرۆکـەکانی خـواڕوو دا بدۆزینـەوە، بیرۆکـەی زمـان ناسانەی ماکس مولێر (١٩٠٠ – ١٨٢٣)، بیرۆکەی ئانیمیستی ئیدوارد تـایلۆر (١٩١٧ – ١٨٣٢)، بیرۆکــەی ئانــدرۆ لانــگ (١٩١٢ – ١٨٤٤) ســەبارەت بــە وەحدانییــەتی ســەرەتایی، بیرۆکــەکانی سروشــت خوازانــەی هەنــدێ لەلێکۆڵــەرەوان، بیرۆکــەی جیمــز فریــزەر (١٩٤١ – ١٨٤٤) ســەبارەت بــە سـەرچاوەی دیـن لـە جـادوو دا، بیرۆکـەی ئیمیـل دۆرکهـایم (١٩١٧ – ١٨٥٨)

---

1. R. Otto, *The Idea of the Holy: An Enquiry into the Non-Rational Factor in the Idea of the Divine and its Reslation to the Rational.* (New York, 1958).

سەبارەت بە ئایین وەک نوێنگەی یەکریزی کۆمەڵایەتی، بیرۆکەی لۆسین لۆی – برۆڵ (١٩٣٩ – ١٨٥٧) سەبارەت بە جۆری بیری سەرەتایی و بەر لە لۆژیک، بیرۆکەی فانکشنالیستی برانیسلاو مالینوڤێسکی (١٩٤٢ – ١٨٨٤)، بیرۆکەی رادکلیف براون (١٩٥٥ – ١٨٨١) سەبارەت بە تابۆ، بیرۆکەی مێژووخوازانەکانی کۆمەڵناسانی ئایین لە یەکێتی سۆڤیەتی بەرێ دا، بیرۆکەکانی ئەو دواییانە لە بواری ڕۆڵی شکستە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهێنانی تاقمە ئایینییەکان و بیرۆکە جۆراوجۆرەکانی تر. بەگشتی باسی سەرەکی مرۆڤ ناسی ئایینی باسی سەرچاوەی گوورانی ئایینە. لەهەمبەر دا کۆمەڵناسی ئایینی دەپرژێتە سەر تاوتوێکردنی گشتی هۆکارە کۆمەڵایەتییە کاریگەرەکانی سەر هەڵس و کەوتی ئایینی و هۆکارە ئایینییەکانی شوێندانەر لە سەر هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی. بێ گومان کۆمەڵناسی سیاسی ئاینیش دەبێ وەک پاژێکی کۆمەڵناسی ئایینی چاولێکرێ چوونکە بابەتی ئەو تاوتوێ کردنەی هۆکارە ئایینییە شوێندانەرەکان لە سەر هەڵس و کەوت و ژیانی سیاسییە و یان بەگشتی تاوتوێکردنی ڕۆڵی ئایین لە سیاسەت و حکوومەت دایە. کۆمەڵناسی سیاسی ئایین لەچاو مرۆڤ ناسی ئایینی و کۆمەڵناسی ئایینی دا گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردووە. زۆرترین باس و خواسەکان سەبارەت بە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئایین لە کۆمەڵناسی ئایین دا دەخرێتە ڕوو. ئیمێل دۆرکهایم، ماکس ڤێبێر و ئێرنێست ترۆڵتش (١٩٢٣ – ١٨٦٥) یەکەم بنیاتنەرانی کۆمەڵناسی ئایین بوونە. باسی سەرەکی دۆرکهایم سەبارەت بە فۆنکسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی ئایین بەگشتی لە سەرتاسەری مێژوو دا بووە. دۆرکهایم گرینگترینی ئەو فۆنکسیۆنەی لە یەکریزی کۆمەڵایەتی دا

دەدی. ماکس ڤێبێر ئۆگری ڕووحی ئابووری ئایینەکان بوو و لەگرینگترین نووسراوەکەی دا واتا *ڕەوشتی پرۆتستانتی و ڕووحییەی کاپیتالیستی دا* پێشانی دا کە لەنێوان پێداویستییەکانی کاپیتالیزم بەتایبەت پلان دارێژی ئاوەزیی و سەرەتی لە پاڵنەری قازانج ویستی دا لەگەڵ گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئایینی پرۆتستانت واتا چەمکی ئەرک، بایەخی کار وەک ئامانج نەک ئامراز و چاولێ کردنی سەرجەمی باوەڕداران وەک پیاوی ئایینی، پەیوەندییەکی ناوخۆیی لە ئارا دابووە. ترۆڵتشیش ئۆگری دەرئەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی ئیلاهیات و دین بوو و جیاوازی دادەنا لەنێوان چەمکی "کڵێسە" وەک ئایینی جێکەوتوو (لەگەڵ ڕووحانییەتی سەقامگیر و ئەندامەتی میراتی و تایبەتمەندی جیهانی وەرگرتن) و "تاقمە" ئایینییەکان دا (لەگەڵ ئەو ئەندامەتییەی بەهۆی داشکان و تێکۆشانی تاکەکەسییە و تایبەتمەندی دژی جیهان یان هەڵاتوو لە جیهانە).

کۆمەڵناسی سیاسی ئایین بەواتای تەواوی وشە لقێکی پەرەسەندووی کۆمەڵناسی سیاسییە کە چوارچێوە و چەمک و میتۆدەکانی هێشتا بە تەواوی نەهزراوی، هەرچەندە توێژینەوەی پرش و بڵاوی زۆر سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت لەئارا دایە. لێرە دا لەناو ئەو بیرۆکە زێدە هەراوانەی سەبارەت بە ئایین لەلایەنە جۆراوجۆرەکانەوە خراونە ڕوو تەنیا ئاماژە دەکەینە سەر ئەو تاقمە کە چاویان بریوەتە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی – سیاسی ئایین.

گرینگترین باس و خواسە نائایینییەکان سەبارەت بە ئایین لە ڕۆژئاوا دا لە فەلسەفەی ئەڵمانی دا خراوەتە ڕوو. لە فەلسەفەی هێگێل دا ئایین وەک قۆناخی دووهەمی نمایشی ڕووحی ڕەها چاولێدەکرێ کە دەکەوێتە نێوان هونەر و ناسینی ڕەها. ئەوەی ئایین بەشێوەیەکی سەمبۆلیک و تەماوی نمایشی دەکا، لە فەلسەفە دا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا پێشان دەدرێ. ڕووحی ڕەها کە لە هونەری کاسیک دا وەک یەکێتی ئابژە و سابژە "وینە" دەکرێ، لە ئایین دا بەشێوەیەکی سەمبۆلیک "نمایش" دەکرێ و لە فەلسەفە دا "تێدەگەین". لەڕوالەت دا ڕووحی ڕەها بەو واتایە لەچاو ئەو یەکێتییەی لەنێوان ئابژە و سابژە دا لە دەوڵەتی ئاوەزیی دا دێتە دیی، تۆخمێکی لە زیادێیە بەڵام لە ڕاستی دا بە باوەڕی هێگێل گرتنە بەری جۆرێکی تایبەتی ئایین دیاریکەری ئەو بیچمە کۆمەڵایەتی – سیاسییەیە کە دێتە دی. نەتەوەکان بەپێی ئەو وێنەیەی لە خۆیان هەیە دەوڵەتی خۆیان ڕێکدەخەن. "خەڵک پەیوەندی خۆی لەگەڵ خوا و خۆی دا بەهەمان شێوە وێنا دەکا کە خواوەند وێنا دەکا، بەو پێیە ئایین وێنەیەکە کە نەتەوەیەک ئەو وێنەیەی لەخۆی هەیە. نەتەوەیەک کە سرووشت وەک خوای خۆی ستایش بکا، هیچ کات نەتەوەیەکی ئازاد نییە، تەنیا کاتێک کە خواوەند وەک ڕووح و ڕاوەستاو لە ئەوپەر سروشت دا وێنا دەکا، خۆشی دەبێتە ڕووح و ئەوسا ئازاد دەبێ."بەو پێیە بۆ وێنە سەرهەڵدانی دەوڵەتی لیبڕاڵ تەنیا کاتێک دەلوێ کە مەسیحییەت سەرهەڵدا چوونکە تەنیا لە مەسیحییەت دایە کە مافی بێ کەوشەنی تای دەپارێزرێ.

لەڕوانگەی هێگێڵەوە بەو پێیە "دەبێ ئایین وەک شێوە درەوشاوەکەی لە بواری قانوون دانان، حکوومەتی دنیایی و ژیانی سێکیولار دا تێبگەین".[1] لەگەڵ هەمووی ئەوانە دا بۆچوونی فەکسەفەی هێگێڵ سەبارەت بە ڕۆڵ و جێگەی ئایین لە کۆمەڵ دا تەواو نەبوو. لۆدویک فۆیرباز فیلسووف و ڕەخنەگری ئایین لەڕەخنەی سەرجەمی ئایدیالیزم و فەلسەفەی هێگێڵ و فەلسەفەی ئایین دا دەریبری کە خواناسی لەڕاستی دا مرۆڤ ناسییە و یان بەواتایەکی تر ئایین وشیار بوونەوەی سابژەوە بووی مرۆڤە. بە باوەڕی فۆیرباخ چەشنی بیری ئایینی و سەرجەمی فەلسەفەی ئایدیالیستی شتێک نییە جگە لە وشیارییەکی درۆیین. خواوەند و ڕووحی ڕەها تەنیا پرۆجێکشنی تایبەتمەندییە مرۆییەکانن. خواوەند نەێگەی ئەو کەماڵاتەیە کە مرۆڤ خۆی دەیناسێ بەڵام ناتوانێ بیان هێنێتە دیی. "بوونەوەری قوودسی شتێک نییە جگە لە بوونەوەرێکی مرۆیی کە لە سنوور و هێڵەکانی ژیان تاکەکەسی ڕزگار بوووبێ."[1]بیرۆکەی فۆیرباخ سەبارەت بە ئایین زۆرتر پەیوەندی بە سەرچاوەی ئایینەوە بوو تا فۆنکسیۆن و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی. بەپێچەوانەوە ڕوانگەی کارڵ مارکس هەرچەندە بەتووندی لەژێر کاریگەری بیرۆکەی فۆیرباخ دا بوو بەڵام زۆرتر پەیوەندی بە فۆنکسیۆنەکانی ئایینەوە بوو. لەڕوانگەی فۆیرباخەوە خواوەند و ئایین

---

1. D. Christensen. (ed) *Hegel and the Philosophy of Religion.* (The Hague, 1970).

1. L. Feuerbach, *The Essence of Christianity*. (New York, 1957), p. 14.

نەک تەنیا نوێنگەی سەرجەمی کەماڵاتی دڵخواز و پرۆجێکتەی مرۆڤە بەڵکووو هەروەک حەشارگەیەکی مرۆڤە لە وڕووژانی شاراوەی هەل و مەرجی مرۆیی. مارکس، بەپێچەوانەی فۆیرباخ جەختی دەکردە سەر ڕۆڵی مێژووی و کۆمەڵایەتی هزرە ئایینییەکان و هەروەها لە جێی تاک، *کۆمەڵگای* بەهۆکاری پرۆجێکشن دەزانی و ڕیشەکانی ئەو پرۆجێکشنەی نەک لە روحی تاکەکەس و هەل و مەرجی مرۆیی و یان مرۆناسانە دا بەڵکووو لە هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا دەدۆزییەوە. بە وتەی مارکس" ئایین خۆ دزینەوە و خۆ هەستی مرۆییەکە کەیان خۆی نەدۆزیوەتەوە و یان خۆی دیسان ون کردووە. بەڵام *مرۆ* بوونەوەرێکی ئابسترە نییە کە لە دەرەوەی جیهان دا ڕۆنیشتبێ. مرۆ هەمان *جیهان مرۆ* (واتا) دەوڵەت [و] کۆمەڵگایە. هەر ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگایە ئایین پێک دێنێ کە *زانیاری جیهانی بەراوەژوویە* چوونکە [دەوڵەت و کۆمەڵگاش] جیهانی بەراوەژوون."[2] بەو پێیە دەوڵەت و کۆمەڵگای نادادپەررەوانە و نامرۆیانە، لە مرۆ دا ئایین دێننە ئاراوە، کە وشیارییەکی چەواشەکراوی مرۆڤە سەبارەت بە خۆی. مارکس ئایین بەهۆکاری سێبووری مرۆ و پاساوی وەها جیهانێک دەزانێ. بەو پێیە ئایین پاژێکی جیانەکراوەی ڕاستەقینەی بەردەستە نەک بلێی شێوازێکی بەراوەژووی وشیارییە سەبارەت بەو ڕاستەقینەیە. مرۆ پێویستی بە ئایین هەیە تا لەگەڵ تووش و

---

2. Marx and Engels, *On Religion.* P. 41.

تاڵییەکانی ژیان دا دەربەرێ. بۆ ئایین درێژە دانی ژیان لە وەها دنیایەک دا نالوێ.

بەو حاڵەش بە باوەڕی مارکس ئایین دڵرفێنترین لایەنی دینای نەخوازراو و زاڵمانەیە. بە وتەی مارکس:"ئێش و ئازاری *ئایینی* لە هەمان کات دا ڕەنگدانەوەی ئێش و ئازاری ڕاستەقینەن و *ناڕەزایەتییەکن* لە دژی ئێش و ئازاری ڕاستەقینە. ئایین ئاه و نزای خەڵکی زۆر لێکراوە، دڵی جیهانێکی بێ دڵ و ڕووحی هەل و مەرجێکی بێ ڕووحە. ئایین سرکەری خەڵکانە."[1]

مەبەستی مارکس لەو رستەی کۆتایی ئەوەیە کە ئایین هۆکارێکی ئارام کەرەوە و ئێش بەری جیهانی پر ئێش و ئازارە. بەڵام لەڕوانگەی مارکسەوە ئەو تەنیا فۆنکسیۆنی ئایین نییە چوونکە بەر لە مارکس وەک نزا و ناڕەزایەتی لەدژی ئێش و ئازاری ڕاستەقینە باس لە ئایین دەکا. لەگەڵ ئەوەش دا ئایین وەک ناڕەزایەتی لەدژی ئێش و ئازار، بێکاریگەرییە چوونکە سەرنجی مرۆ لەو جیهانەوە ڕاپێچی دنیایەکی تر دەکا و مرۆڤ فێردەکا کە ئێش و ئازاری ئەو دنیایە لەهەمبەر پاداشی ئەو دنیا دا بپەژرێنێ. بەو پێیە هەرچی جیهان بێ روحتر و ئازاردەر تر بێ، ئایین ڕووحانی تر و سەڕووتر دەچێ، و ڕووحی مرۆڤیش رادەسپێرێتە جیهانێکی تر. خۆشی ئایینی تەنیا خۆشی ڕووحی لواوە و لەهەمبەر ئازارەکانی

---

1. Ibid. p. 42.

دنیای ڕاستەقینە دا ئێش برێکی بێ وێنەیە. بەو پێیە بێ بەشکردنی مرۆڤ لەو دەرمانە ئارام بەخشە رەوا نییە، هەرچەندە چارەی ئێش و ئازاری ڕاستەقینەی کۆمەڵ لەوەها ئارام بەخشێک دا نادۆزێتەوە. بەو پێیە لەڕوانگەی مارکسەوە "بەتاڵ کردنەوە ئایین وەک خۆشییەکی وەهمی خەڵک پێویستی خۆشی ڕاستەقینەی خەڵکە. پێویستی وەلانانی وەهمەکان سەبارەت بە بوارەکانی سەرهەڵدانی[ئایین] ***بەواتای پێویستی وەلانانی هەل و مەرج و ئەو بوارانەیە کە پێویستیان بە تەوەهوومە.*** بەو پێیە ڕەخنەی ئایین بیچمی سەرەتایی و پەرەسەندووی ڕەخنەی ***وڵاتی ئێش و ئازارە کە ئایین تەنیا ڕەنگدانەوەیەکی ئەوە.*** یەکەمین ئەرکی فەلسەفە، کەلە خزمەتی مێژوو دایە، ئەوەیە کە لەپاش ئەوە کە ***بیچمی قوودسی*** ئیلینە بوونی مرۆ رەوا نییە ئێلینە بوون ***لەبیچمی ناقوودسیە***کەشی برەوێنێتەوە. بەو پێیە ڕەخنەی ئاسمانەکان دەبێتە ڕەخنەی زەوی، ڕەخنەی ئایین دەگۆڕێ بۆ ڕەخنەی حەق و ڕەخنەی ئێلاهیات دەگۆڕێ بۆ ڕەخنەی سیاسەت." هەڵبەت مارکس لە نووسراوەکانی دوواتری دا کاتێک دەوڵەت و کۆمەڵگا وەک سەرخان دەخاتە ڕوو ئیتر وەک بوارەکانی گەشەی ئایین و ئێلینەبوون باسیان ناکا بەڵکووو ڕیشەی گشتی ئێلیناسیۆن دەکاری ئێلینە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای لەسەر بنەمای بایەخی دا دەبینێ. تەنیا بە بەتاڵکردنەوەی هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی ئێلیناسیۆن و ئەو ئێش و ئازارەی دەرئەنجامی ئەو ئایینەیە کە خۆی ڕەنگدانەوەی ئەو ئێش و ئازارەیە، لەناو دەچێ. بەو پێیە مارکس لە کتێبی ***کاپیتاڵ*** دا دەبەردا بوو تا "ناکۆکییە ناوخۆییەکانی بنەما دنیاییەکانی ئایین" واتا ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان لێک کاتەوە. بنەمای ئایین لە هەل و مەرجێک

دایە کە لەو دا پەیوەندییەکانی نێوان مرۆیەکان وەک پەیوەندییـەکانی شتە دەرەکـی و پەیوەندییـەکانی کالاکـان وەدەر دەکـەوێ. "ڕەنگدانـەوەی ئـایینی دنیای ڕاستەقینە تەنیا کاتێک لەناو دەچێ کە پەیوەندییە بەکردەوەییەکانی ژیانی رۆژانە شتێک جگە لـە پەیوەندییـە ئـاوەزی و تـەواو ئاوەزییـەکانی مرۆڤ لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی و لەگەڵ سروشت دا پێک نەهێنێ."[1] بـەو پێیـە کێشەکە لە ڕونگەی مارکسەوە بـەتاڵ کردنـەوەی ئـایین نییـە بـەڵکووو بـە باوەڕی ئەو ئـەرکی سـەرەکی پێکهێنـانی کۆمەڵگایەکـە کـە لـەو دا وشیاری ئایینی ئیتر زەڕوورەتێکی نابێ و لەناو دەچێ. لەگەڵ کۆتـایی هـاتنی ئـێش و ئازاری ژیانی کۆمەڵایـەتی، ئـایین وەک ئـێش بـری ئـەو ئـێش و ئـازارە، زەڕوورەتـی خـۆی لەدەسـت دەدا. لـەڕوانگـەی مارکسـەوە ئـێش و ئـازاری مرۆناسـانە، واتـا پەیوەنـدی بـە هـەل و مـەرجی مرۆڤـەوە نییـە بـەڵکووو کۆمەڵناسـانەیە و دەرئـەنجامی سیسـتمی کۆمەڵایەتییـە. لـەڕوانگـەی کۆمەڵگای ساخڵەمەوە ئیتر پێویستی بە ئایین نییە.

لێنـین ئـاڵ و گۆرگـەلێکی بـەرچاوی بـە پێـی ئیشـتیایی خـۆی لـە بیرۆکەی مارکس سەبارەت بە ڕۆڵی کۆمەڵایـەتی ئـایین دا پێـک هێنـا. هـەر وەک وتمـان لـەڕوانگـەی مارکسـەوە، ئـایین هۆکـاڕێکی ئـارام بەخشـە کـە خەڵکان خۆیان لە بارودۆخی ئێش و ئازاراویی دا بەرهەمی دینن و بەو پێیە ڕیشەی ئایین لە ئێش و ئازاری کۆمەڵایەتی دایە. بەڵام لێنین لـەو وتەیـەی

---

1. *Capital I*, p. 76F.

مارکس ڕاڤەیەکی سیاسی و تەواو جیاوازی هەبوو. بە باوەڕی لێنین ئایین سرکەرێکە کە چینی *دەسەڵاتدار* بۆ بەرخۆری چینە *ژێردەستەکان* بەرهەمی دێنێ تا ئەوان وەک ڕێرەوێکی باش و گوێ لە مست ڕاگرێ.[1] بەو پێیە ئایین ئامرازێکی باڵادەستی چینایەتییە. لەڕاستی دا ئەو کاتەی مارکس ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئایینی دابووە بەر شیکاری و ڕاڤەکردن، لێنین زۆربەی تێکۆشانە فکرییەکەی خۆی سەبارەت بە ئایینی خەرجی جنێودان کرد. لێنین هەر جۆرە هزرێکی ئایینی بە "مەترسی دارترین فیتنە" وێنا دەکرد.[2] دواتر لە بیرۆکە مارکسیست – لێنینیستی ڕووسیە دا هەر جۆرە باسکردنێک لە ڕۆڵ و فۆنکسیۆنی کۆمەڵایەتی ئایین بەشێوەی باسکردنەکەی مارکس وەلانرا و لەجیاتیان بەسکردن لەسەرچاوە و جۆرەکانی ئایین لە کۆمەڵگای بەر لە چینایەتی و چینایەتی، سەرهەڵدانی ئایین هاورێی لەگەڵ سەرهەڵدانی خزمایەتی، جۆرە سەرەتاییەکان وەک تۆتمیزم و ئانیمیزم و بەتایبەت ڕەتکردنەوەی هۆکارەکانی بوونی خواوەند لە فەلسەفە دا لە ئەرەستۆوە بگرە تا کانت باڵادەست بوو و بەو پێیە لایەنی کۆمەڵناسانەی خوێندنەوەی ئایین لاواز بوو.

---

1. Lenin, *Collected Works.* vol. 10, p. 83.

2. Ibid, vol, 35, p. 122.

## بانگەشەی سیاسی ئایینەکان

ئایینـە گـەورەکانی دنیـا بەیـەک رادە خـاوەن بانگەشـەی سیاسـی نەبوونە. هەڵبەت فێرکارییەکانی سەرجەم دینـەکانیش کـەم تـا زۆر بـە لای ڕێک و پێک کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی دا شکانەوە و بەپێی ئەوە کـە تـا بـەر لەسـەدە نوێیـەکان لـەنێوان بـواری کۆمەڵایـەتی و سیاسـی دا لێـک جیابوونەوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەئارادا نەبووە فێرکارییەکانی ناوبراو لە سەر سەرجەمی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا دەنواندرا. بەڵام لەمـەڕ ئـەو بابەتە کە تا چ ڕادەیەک ڕێکخراو و سەرزنجیرە و کاربەدەستە ئایینییـەکان بانگەشەی دەستێوەردان لە ژیانی سیاسی و بەتایبەت بەرێوەبـەری بابەتـە دەوڵەتییەکانیان بووە لـە نێوان دینـەکان دا بـەهۆکاری جیاجیـا جیـاوازی لـەئارادا بـووە. یـەکێک لـە جیاوازییـە گشـتییەکان دەبـێ لـەنێوان ئایینـە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییـەکان و یـان لـەنێوان ئایینـەکانی یـەکێتی وجـوود و ئایینـە عەلەوییـەکان دا بدۆزینـەوە. لەئایینـەکانی یـەکێتی وجـوودی دا مەلـەکووت و ناسـووت لێـک جیاناکرێنـەوە و سـەرجەمی بـوون یەکـە و مووقەددەسە. "پێغەمبەرانی" ئایینە یەکێتییە وجوودییەکان راسپاردەگەلێک نین کە لە مەلەکووتەوە بۆ ناسووت راسپاردەیان پـێ بـێ. لـەو ئایینانـە دا تاکی پێغەمبەر گرینگترە لە هزرەکـانی چوونکـە خـۆی نوێنگـەی تەعالییـە. هەر لەو ڕوووەوە لەو ئایینانە دا عالەمی ناسووت بە تەواوی بێ کـەڵک و گەندەڵ نییە. بەو پێیە لەو ئایینە دا داشکانێکی کۆنسێرڤاتانە لە ئارادایـە.

ئایینەکانی یەکێتی وجووودی توانایەکی شاراوەیان بۆ بەسیاسی بوون هەبووە، چوونکە لەو ئایینانە دا بزاوتێک لە ناسووتەوە بۆ لاهووت لە ئارا دا نییە.

لەهەمبەر دا لە ئایینە عەلەوی یان (دوو ساحەتییەکان) دا وێناندنی جیاوازی نێوان لاهووت و ناسووت بواری بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بۆ گەیشتن بە "مەدینەی فازڵە" لەخۆ گرتووە. لەو ئایینانە دا مەسێجی پێغەمبەر گرینگتر لە کەسایەتی خۆیەتی و ئەو وێناندنە کە دەبێ جیهانی ناسووت بەپێی پێوانەکانی مەسێج و رساڵەتی ئایینی دەبێ لاهووتی بکرێن، ئەو ئایینانەی چالاک تر و سیاسی تر کردووە. بەو پێیە بەگشتی ئایینەکانی یەهوودی، مەسیحی و ئیسلام سیاسی ترن لە چاو ئایینەکانی وەک ئایینی برهەمایی و بوودایی.

ئەو پۆلێن کردنەی ئایینەکان بەپێی کۆمەڵناسی ئایینی ماکس ڤێبێرە.[1] نووسەرێکی تر بەناوی سی. پی. تێل پۆلێنکردنێکی وەک ئەوەی راناوە. بە باوەڕی ئەو دەبێ لەنێوان ئایینە "تێئۆکراتیکەکان" و "ئەنترۆپیکەکان" دا جیاوازی دانێن. لە ئایینەکانی پۆلی یەکەم دا خواوەند وەک وجوودێکی عەلەوی و چاودێر بەسەر جیهان دا چاو لێدەکرێ و مرۆ بەندە و سازکراوی ئەوە، لەکاتێک دا لە ئایینەکانی پۆلی دووهەم دا وەها

1. M. Weber, *The Sociology of Religion.* Tr. E. Fischoff. (London 1965), chaps. II, III.

**وێناندنێک لە خواوەند لەئارادا نییە و لەڤیاتیان مرۆ دەگاتە پلەی ئۆلۆهییەت.[٢]**

**لە درێژە دا دەپرژێنە سەر تایبەتمەندییە سیاسییەکانی هەندێ لە دینە گەورەکان.**

**مەسیحییەت. بنەماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە فیرکارییە سەرەتاییەکانی ئایینی مەسیحییەت دا، بنەماکانی ساکاری ئەویندارى بە خواوەند و مرۆ بوو. بەپێی ئەو بنەمایە هیچ کەس سەروەری بە سەر کەس دانییە. بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتی ئەویندارى و متمانەیە. بەو پێیە دەبێ لەهەمبەر دوژمنایەتی و ئازاری دێتران دا دۆستایەتی و ئەویندارى پێشان بدرێ. مەسیحی دوژمنانی خۆشی خۆش دەوێ. تاکی مەسیحی تەنانەت نابێ بەشوێن مافە تاکییەکانی خۆشی دا بچێ. بەو حاڵە بەپێی هەڤۆتەکانی مەسیحی جیهان دواجار هی خەڵکی خۆبەکەم گرە. بێ گومان وەها بنەماگەلێک تەنیا و کۆمەڵگای "برایان" دا دێتە دیی. جەماعەتی مەسیحی سەرەتایی هیچ جۆرە ئامانجێکی دنیایان نەبووە دەفکری باڵادەستی بە سەر جیهانیش دا نەبوون. بەو پێیە لە دەرەوە چوارچێوەی جەماعەتی مەسیحی "برایانی باوەڕ دار" دا، قانوونکانی پەیوەندیدار بە**

---

2. C. P. Tiele. *Elements of the Science of Religion.* (Edinburgh, 1899).

کۆمەڵگای مەدەنی و دەسەڵاتی دەسەڵاتداران لەجێگەی خۆی دا بەردەوام بوو و لەلایەن جەماعەتی مەسیحیشەوە پەرژێنرا بوو. "ئەوەی هی قەیسەرە دەبێ بدرێتەوە بە قەیسەر". دەسەڵاتە سیاسی و دنیاییەکانی هەنووکە بەرهەمی ویست و بڕیاری خواوەندن. "مەملەکەتی مەسیح لەو جیهانە دا نایەتە دی." بەو حاڵەش تەنانەت لە تاقمە سەرەتاییەکانی مەسیحیش دا، کڵێسە بە کاوەخۆ ڕۆڵی گێرا لە بەڕێوەبردنی بابەتە دنیاییەکانی وەک بەڕێوەبردنی ماڵە گشتییەکان دا. لەگەڵ لەناوچوونی تاقمە سەرەتاییەکان و پەرەسەندنی زەوییەکانی مەسیحییەت دا، کێشەی پەیوەندی نێوان کڵێسە و هەڤۆتەکانی لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی – سیاسی دا بوو بەگرینگترین کێشە. گەرچی کڵێسە دەسەڵاتە سیاسییەکانی هەنووکەیی پەژراند بەڵام بەردەوام ئەو مەرجە ناوخۆییەش لەئارا دابوو کە باوەڕداری مەسیحی دەبوو بتوانێ ئەرکەکانی بە بێ لەمپەر بە ئەنجام بگەیەنێ. بەو حاڵەش مەسیحییەت دەبوو خۆی لەگەڵ قانوون و نەریتەکانی کۆمەڵگای هەنووکەیی دا دیاری کا، بەتایبەت کاتێک وەها قانوونگەلێک لەلایەن حکوومەتە نامەسیحی یان کافرەکانەوە بنوێندرێ و لەگەڵ فێرکارییەکانی مەسیحیش دا ناکۆکی هەبێ. گرینگترین کێشە، ئاشت کردنەوەی بنەماکانی ئەویندار و خۆش ویستنی مەسیحی بوو لەگەڵ بنەماکانی قانوونیی دەوڵەتی دا. لەهەمبەر بنەماکانی هەڤۆتەکانی مەسیحی واتا ئەویندار، یەکێتی سەرجەم مرۆییەکان، تەناهی، بەرامبەری، قەناعەت، لێ بووردن، بەرگری لە کۆکردنەوەی ماڵ و هتد دا، قانوونکانی حکوومەتەکان سەبارەت بە شەڕ و پێکدادان، سزای تاونباران، دیاریکردنی تاوانەکان، خاوەنێتی تاکەکەسی و بواری ماڵ کۆکردنەوە، کڕین و فرۆشتنی مرۆییەکان وەک

کۆیلە و ئەو جۆرە شتانە لە ئارادا بوون. ئایە قانوونی ئەویندداری دەیتوانی زاڵ بێ بەسەر قانوونی دەوڵەت دا و یان ئەوە کە کڵێسە دەبوو قانوونکانی گۆڕەپانی ڕەوشتی و تاکەکەسی ژیانی تاک لە قانوونکانی گۆڕەپانی گشتی و سیاسی لێک هەڵاوێرێ؟ فێرکارییە سەرەتاییەکانی مەسیحییەت پەیوەندی هەبوو بە ژیانی ئەخلاقی و ناوخۆیی تاکەوە. لە پەیوەندی مرۆ و خواوەند دا بابەتگەلێکی وەک قان و پۆستە کۆمەڵایەتی و ڕادەی سامان و زانیاری وەدەست خراو نەیدەتوانی دەستێوەردانی هەبێ. لەوانەیە هۆکاری ئەو نواڕینە ناسیاسی و ناکۆمەڵایەتییە سەرەتاییە ئەوە بوو کە مەسیحییەت وەک بزووتنەوەیەکی نێوەشاراوە لەهەمبەر دەوڵەت و کۆمەلگایەکی بەهێز دا سەری هەڵدا کەسەبارەت بەو دوژمنایەتی دەنواند. هەر لەو ڕووەوە بوو کە دەوڵەت وەک ڕاستەقینەیەکی زەڕووری و بێ ئەم لا و ئەو لا پەژرێنرا. بەڵام تەنانەت پاش بەدەوڵەتی بوونی مەسیحییەتیش لەڕێگەی کۆنستانتین ئیمپراتوری ڕۆمەوە دیسانیش بواری بەرێوەبردنی بنەما سەرەتاییەکانی تاقمی مەسیحی لە ئارادا نەبوو چوونکە قانوون دەوڵەتی و بنەما هەڤۆتەکانی مەسیحی لە زۆربەی بوار دا لە رواڵەت و ناوخۆ دا لەگەڵ یەکتر لەناکۆکی دا بوون و دەبوو ڕێگەچاەیەک بۆ ئەو ناکۆکییە بدۆزنەوە. دواجار مەسیحییەت ڕێگەچارەی ئەو ناکۆکییەی لە قانوونی سروشتی دا بەو واتایەی لەناو رەواقییەکان دا باوبوو، دۆزییەوە. لەسەر ئەو بنەمایە بێ گومان و لە ڕووی سروشتییەوە ئازاد و بەرامبەرن و بەپێی ڕاڤە مەسیحییەکە سەردەمانێکیش بەو شێوە (بەپێی قانوونی سروشتی Jus naturae) دەژیان. بەڵام کاتێک لەجێگەی قانوونی سروشتی "قانوونی نەتەوەکان" (Jus gentium) سەقامگیر بوو مرۆ لە رێرەوی

کردنی قانوونی سروشتی دەرکەوت و ئازادی و بەرامبەری خۆی لەدەست دا و بەپێی قانوون تووشی نابەرامبەری و شەرت و مەرج هات. بەپێی ئەو جۆرە چەمکە رەواقییانە، باوکانی کڵێسە بەڵگەیان دێناوە کە هۆی دەرچوونی مرۆ لە دۆخی سروشتی تاوانی ئەو بوو و دەوڵەت چوارچێوەیەکە کە خواوەند بۆ لەغاو کردنی تاوانکاری مرۆ پێکی هێناوە. کۆمەڵگا و دەوڵەتی هەنووکەیی بەپێچەوانەی دۆخی سروشتی سەرەتایی خۆی لە خۆیی دا خێر نییە بەڵکووو دەرئەنجامی تاوانەکانی مرۆن. بەو پێیە دەوڵەت لەوە را چارەسەرییەکە بۆ لابردنی شەر لە خۆگری بابەتگەلێکی وەک کۆیلەتی و ماڵ کۆکردنەوەیە کە چ هاوڕێژەیەکی لەگەڵ هەڤۆتەکانی مەسیحی دا نییە. لە ڕوانگەی کڵێسەوە باوەڕداری ڕاستەقینە دەبێ خۆی لە دەرەوەی هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی دا وێنا بکا. بە پێی وەها لەبەرچاو گرتەگەلێک ناکۆکییەکانی نێوان فێرکارییە مەسیحی و قانوون دەوڵەتییەکان بەو شێوەی چارە سەر کرا کە قانوونی دەوڵەتی تەنیا لە دوو بوار دا دەشێ پێرەو بکرێن و رێزدار بن: یەکەم کاتێک ناکۆکییەکی ئاشکرا و راوێژییان لەگەڵ فێرکارییەکانی مەسیحی دا هەبێ کە لەوەها کاتێک دا دەبێ هەڵوەشێتەوە و دووهەم کاتێک ناکۆکی شاراوە و مەعنەوی بێ کە لەوەها کاتێکیش دا قانوونی دەوڵەتی دەبێ چاک بکرێ. زۆرترین مشت و مری لەسەر کێشەگەلێکی وەک کۆیلەتی و شەر، لەنێوان قانوون دەوڵەتی و بنەما ئایینییەکان دا هاتە ئاراوە. مەسیحییەت کۆیلەتی پەژراند و یان لانی کەم حوکمێکی سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی نەبوو. کۆیلەکان دەبوو رێرەوی لە سەرووەرانی خۆیان بکەن و کۆیلەداریش دەبوو سەبارەت بە کۆیلەکان دلۆڤان بن. هەڵبەت لە ڕوانگەی کڵێسەوە کۆیلە و کۆیلەدار لە

بواری کێشەی ئـایینی و زرگارییـەوە ئامپـا بـوون. هەرچەنـدە مەسیحییەت هەندێ سەنگ و سووکی لـە هەنـدێ مـافی کۆیلـەکان دا پێـک هێنـا وەک ژن هێنان بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا کڵێسە خۆی کۆیلەی رادەگرت، لەگەڵ ئەوەیدا کە ئازاد کردنی کۆیلانی بەخێر دەزانـی. تەنانـەت لـە سـاڵی ١٤٥٤ دا قەشـە نیکۆلاسـی پێنجـەم پشـتگیری کـرد لـە هێنـانی کۆیلـە ڕەش پێسـتەکان بـۆ پرتەقاڵ. لە پرسی شەریش دا کە لە رواڵەت دا دژی بنـەما سـەرەتاییەکانی مەسیحییەت بوو بەڵام کڵێسە دواجار داکۆکی کـرد لـە "شـەرە عادڵانـەکان". هــەروەها لەهەمبــەر بنــەماکانی ئەوینــداری و خۆشەویســتی جەماعــەتی سـەرەتایی مەسیحی دا دەست بـردن بـۆ تووند و تیـژی بـۆ بەرێوەبـەرانی قانوون و سزای تاوانبارانی پەسەند کرد. تەنانەت پاش ئـەوە کـە سیستمی حقووقی رۆمی لەئاکامی هێرشی تایفە هەڤۆییەکانی ژێرمەن دا لـەناو چـوو و نەریتەکانی تایفە سەرەتاییەکان وەک دۆئێـل و "ئـەزموونی بـێ تـاوانی"[1] (وەک چوونە ناوئـاگری سیاوەش لـە شـانامەی فێردوسـی) دا بـوو بـە بـاو کڵێســە کــەم تــا زۆر ئەوانــەی پەژرانــد. تەنانــەت کڵێســە ئەشکەنجەشــی هەڵنــەگرت و لەهەمبــەر دژبــەران و لادەران دا دەکــاری دێنــە. لــەپەیوەنـدی لەگـەڵ خـاوەنێتیش دا بنـەماکانی جەماعـەتی سـەرەتایی مەسـیحی ئـاڵ و گۆڕی تێدا پێـک هـات. بـەپێی ئـەو بنەمایانـە دەوتـرا کـە زەحمەتـە کەسـی ساماندار بچێتە بەهەشت و هەر کـەس دەبـێ بەشـێک لـەداهاتی خـۆی جگـە لەو بەشەی بۆ ژیانی پیویستە بداتە هەژاران و یان بیسـپێرێتە بـەیتولماڵ.

1. Ordeal

بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاست دا پیاوانی ئایینی و بیرمەندانی مەسیحی وەک تۆماس ئاگۆیناس بوونی خاوەنێتی تایبەتیان بەو هۆیە کە دەبێتە هۆی کارلێهاتوویی لە بەرهەم هێنان و بەڕێوەبەرایەتی بابەتەکان پەژراند. بە باوەڕیان "قانوونی سروشتی" هاوبەشی لە ماڵ دا تەنیا لە هەل و مەرجی هەڵکەوتە و بەپەلە دا پاساوی بۆ هەیە. بەو پێیە دنیایی بوون یان "ڕێئالیست" بوون مەسیحییەت لەلایەنە جیاجیاکانی دا زیاتر ئەو ئایینەی سیاسی کرد.

مەسیحییەت لە چاخەکانی ناوین دا بوو بە ئایینی حکوومەت و دەسەڵات. پاش هەرەسی ئیمپراتۆری ڕۆم بۆشاییەکی گەورە لە ئوڕووپا دا پێک هات کە تەنیا هێزی ڕێکخراو بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە مەسیحییەت و کڵێسەی ڕۆم بوو. لە درێژەی بە فەرمی بوونی ئایینی مەسیح لە ئیمپراتۆری ڕۆم دا تا هەرەسی ئیمپراتۆری لە ساڵی ٤٧٦ زایینی دا کە نزیکەی سەدە و نیوێکی درێژە کێشا دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی و دەزگای کڵێسەی مەسیحی ڕۆم ڕووی لە هەڵکشان بوو و بێ گومان پاش هەرەسی ئیمپراتۆری لە ڕۆژئاواش دا پۆستە ئۆفیسی و سیاسییەکان کەوتە دەستی ئەوان. لە ئیمپراتۆری ڕۆژهەڵاتی ڕۆم دا لە قووستەنتەنییە ڕێکخستنی کڵێسە نەگەیشتبۆە دەسەڵاتی کڵێسەی ڕۆم. کڵێسەی ڕۆم کە لەلایەن پێترۆس قێددیسەوە دانرا بوو خاوەن پێگەیەکی ناوەندی بوو. بەشێوەیەکی ڕەسمیش لە ساڵی ٣٤٧ زایینی دا بە پێی بڕیارەکانی کۆمەڵەی ئایینی ساردیکا ئەحکامی کڵێسەی ڕۆم لەچاو کڵێسەکانی تر و بۆ وێنە کڵێسەی گەورەی بیزانس سەرەتی پێ درا. دواتر ئیمپراتۆری ڕۆم

لێوەشاوەیی کڵێسەی ڕۆمیان وەک سەرچاوەی پێ ڕاگەیشتن بە سەرجەم ناکۆکییەکان بە ڕەسمی ناسی. پاش هەرەسی ئیمپراتۆڕی، قەشەکان ڕۆڵی ناوەندیان لەحکوومەت دا دەست کەوت و بەتایبەت لە سەردەمانی قەشە گریگداری گەورە لە سەرەتاکانی سەدەی حەوتەم بە دواوە بەڕێوەبەرایەتی ڕاستەوخۆی بابەتە سیاسییەکان بوو بە یەکێک لە ئەرکەکانی قەشە. لەئاکام دا ڕەوایی ئایینی پاشا و ئەمیرەکانی ئوڕووپاش بەستراوەی پەسەندی قەشە بوو. لە چاخەکانی ناوین دا لەنێوان قەشەکان و ئیمپراتۆڕی ڕۆمی مووقەددەس دا کە لە ساڵی ٤٩٣ زایینی دا لە لایەن فرانکەکانەوە پێکهاتبوو، یەکێتی پێکهات. یەکێتی ئیمپراتۆڕی مووقەددەس و قەشەکان لە سەردەمانی شارلمانی دا گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی بەڵام لە سەدەکانی یازدە و دوازدە دا لەنێوان قەشە و پاشاکان دا رکەبەرایەتییەکی توووند هاتە ئاراوە کە دواجار لە ناوەڕاستەکانی سەدەی سێزدەهەم دا بەقازانجی قەشەکان کۆتای پێهات. ڕوودانی شەڕەکانی سەلبیش دەسەڵات و گرینگایەتی قەشەکانی زێدە کرد. قەشەکان دانی تاج و تەختیان بە پاشاکان وەک ماف و دەسترۆیشتوویی خۆیان دەزانی و پاشاکانیش خۆیان بە دانراوی قەشەکان دەزانی. لەئاکام دا لەگەڵ خۆگرتنی بنەماکانی دەوڵەتی نەتەوەیی هێدی هێدی پێگەی قەشەکان لاواز بوو. لە سەدەی سێزدەهەم دا لۆیی پازدەهەم پاشای فەرانسە لە گێرەوکێشەی قەشە دا، قەشەی دستبەسەر و زیندانی کرد و بارەگای دانیشتنی قەشەکانی لە ڕۆمەوە گواستەوە بۆ ئاوینیۆن لە باشووری فەرانسە. گووڕانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان، هەرەسی فیۆدالیتە، دابران لە کڵێسە و ڕیفۆڕماسیۆن و

گەشەی هزرە نوێیەکان یەک لە دوای یەک زیانیان گەیاندە دەسەڵات و حکوومەتی ڕۆم.

جەخت کردنی ئایینی پڕۆتستانت لەسەر ئەوە کە"هەر باوەڕدارێک پیاوی ئایینی خۆیەتی" بووە هۆی ڕەتکردنەوەی ئۆرتی ئایینی سەرزنجیرەکانی کڵێسە. بنەماکانی هەڵقوڵاو لە ئایینی پڕۆتستانت و بزووتنەوەی ڕیفۆڕمی دین بەتایبەت تاکخوازی و ئازادی کار و تێکۆشانی تاکەکەسی بێ گومان بووە هۆی لاوازبوونی بانگەشەی سیاسەتەکانی مەسیحییەت. دواجار شۆڕشی فەرانسە گورزێکی مەرگ ئاوی سرەواندە دەسەڵاتی کڵێسەی کاتۆلیک. پیاوانی ئایینی مەسیحی لەهەمبەر پێلی شۆڕشی فەرانسە دا خۆراگرییەکی بەرچاویان پێشان نەدا. لە ساڵی ١٧٩٤ دا کۆنوانسیۆنی نەتەوەیی رایگەیاند کە کڵێسە مافی دەستێوەردان لە بابەتە سیاسییەکانی نییە. دواتر لە ساڵی ١٩٠٥ دا قانوونی جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت لە فەرانسە دا بە ڕەسمی کۆتایی هێنا بە دەستێوەردانە سیاسییەکانی کڵێسە لەو وڵاتە دا.

**ئایینی بوودا.** سیستمی ئایینی بوودا لە سەدەی شەشەمی بەر لە زایین سەری هەڵدا و پاشانیش بە سەرانسەری ئاسیا دا بڵاو بۆوە. نازناوی "بوودا" بە واتای کەسێکە کە دەستی وە ڕاستەقینەی وجوود گەیبێ، لە هەمان کاتیش دا ئامانجی ئایینی بووداش بووە، بەو واتایە کە هەر باوەڕدارێکی بوودایی دەبێ دواجار لە حەقیقەتی یەکە و یەکێتی گشت

جیهان تێبگا. ئایینی بوودا نارەزایەتییەک بووە لە دژی ئایینی برهەمایی و ڕووحانییەتی برهەمەنی و سیستمی کاستی هیندوستان و دروشمی ئەو ئایینە یەکێتی و بەرامبەری گشت مرۆڤایەتی لەهەر ڕەگەز و سینف و گرووپ و هۆز و چینێک. لە ڕوانگەی ئایینی بووداوە سەرجەمی خەڵک لە باری توانای بە بوودا بوونەوە وەک یەکن. ئایینی بوودا داشکانی جیهانی، چڵە کێشی و یەکێتی وجوودی بووە. گرینگترین چەمکە فێرکارییەکانی ئەو ئایینە کارما و داتۆ (Karma, dhato)ن کە باس لە "سیکلی" تەعالی بەخشی ژیان لە ئاستی تاکەکەسی و لەئاستی بەکۆ و جیهانی دا دەکەن. لەڕوانگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە دەرئەنجامەکانی وەها فێرکاریگەلێک خۆ بەدەستەوەدان، ڕەش بینی، دەسەڵات خوازی و دوورە پەرێزی لە کاروچالاکی دنیایی و سپاردنی چارەنووسی تاک و کۆ بەدەست سیکلی بێ ئەم لاوئەولای زەمان بووە. لەگەڵ ئەوەش دا ئایینی بوودا ئایینێکی ساکارگەر و حاواوە بووە و هیچکات پاڵنەری ورەی خەباتگێری و دەسەڵات ویستی نەبووە. ئەو ئایینە لە درێژەی مێژووی خۆی دا تەشەنەی کردە هەر شوێنێک خوا خۆجێی و خواکانی ئایینەکانی تری پەژراند و هەر لەو ڕووە وە لەگەڵ هیچ کام لە ئایینە بەرچاوە باوەکانی سەردەمانی تەشەنە کردنی خۆی دا واتا ئایینی زەردەشت و مانی و کۆنفۆسیوس و مەسیحییەت و تەنانەت ئایینی برهەمایش دا کۆنتاکی لێ نەکەوتەوە. لەگەڵ هەمووی ئەوەش دا ئایینی بوودا لە سەرجەمی وڵاتان دا ئایینێکی ڕێکخراو بوو و کەنیسەی بوودابیەکان دەسەڵات و سامانێکی بەرجاویان هەیە. لە تبێت دا ڕووحانییەتی بوودایی خاوەن دەسەڵاتێکی بەرچاو بووە و دالایی لاما (ڕێبەری تاقمی لامایی ئایینی بوودا) بەرپرسی دەوڵەت و ڕێبەری سەر

زنجیرەی ڕووحانییەت بووە. لە ژاپۆن دا کەنیسەی بوودایییەکان لە جاخی فیۆدالی دا دەسەڵاتێکی سپایی و سیاسی بەرچاویان وەدەست هێناوە. لە وڵاتانی بوودایی دا پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و ڕووحانییەت بەردەوام باش بووە. پاشاکان و بازرگانانی ئەو وڵاتانە بیناو پارک گەلێکیان پاوانکردووە بۆ راهێنانی بوودایی تا لەو شوێنانە دا بپرژێنە تێهزرین و بیرکردنەوە. سەربردەی ئەو هاریکارییە دەگەڕێتەوە سەردەمانی پاشای ئاسوکا لە هیندی سەدەی سێهەمی بەر لە زایین کە لایەنگری ڕووحانییەتی بوودایی بوو. لە زۆربەی وڵاتان دا ڕووحانیانی بوودایی لەگەڵ فێرکارییەکانی بووداش دا بوونە سیاسەتوان و سپایی. راهێنانی بوودایی ئێستاش لە باری تیۆرییەوە "هەژارانی شەرە پۆشن" هەر چەندە لەوانەیە جلکیان لە زێر چنرابێ. لە تایلەند دا سنگاراجایان ڕووحانی گەورەی تاقمی بوودایی زۆربەی کات لە بنەماڵەی سەڵتەنەتی بووە. ڕووحانییەکانی بوودایی لە سریلانکا و بێرمە دا خاوەن بەشێکی بەرجاوی زەوییە کشت و کاڵییەکان بوون.

**ئایینی جوو.** هەڤۆتی پێغەمبەرانی جوو هەم بەلای دنیا و هەمیش بەلای قیامەت دا شکاوەتەوە. لەپاش چاخی دوور خستنەوە لە بابێل دا ڕووحانییەتی جوو ڕێبەرایەتی هۆزیان بەدەستەوە گرت و شەریعەت بەشێوەی تەورات کۆکراوە و نووسرا. بەڵام هەر لەو سەردەمان دا ڕاڤەکەرانی تەوارت کە دواتر بوون بە ڕووحانییەتی فەریسی لەگەڵ

ڕووحانییـــەتی ئەریســـتۆکراتی دەســـەڵاتدار دا کەوتنـــە ناکۆکییـــەوە. ڕووحانییـەتی فەریسـی جـەختیان دەکـردە سـەر قـانوونی گشـتی بـوونی ڕووحانییەت و پییان وابوو شەریعەتی جوو خاوەن تایبەتمەندی زارەکی و بگۆڕە. دواجار بیر و رای ئەو گرووپە بە سەر سەرجەم جووکـان دا زاڵ بـوو و لە نزیک ساڵی ٥٠٠ زایینی دا بەشێوەی تێلمـووز (کـۆی بیـروڕا و مشت و مر و ئەحکام و دانوستانەکانی) لێهات. نزیکەی سـەرجەمی جووکـان ئـۆرتی تێلموزیان پەژراندووە. ئـەو کۆیـە لەلایـەن پیـاوانی ئـایینی و بیرمەنـدانی جۆوە کۆکراوەتەوە کە بۆ وێنە دەکرێ باس لە تێکستی بە ناوبانگی مووسی میمونیدیس (١٢٠٤ – ١١٣٥) بکەین. ئایینی جوو بەو شێوەیەی لە تێلمـووز و نووسـراوەی خاخامـە جـوو و کـۆی قـانوون و بیروڕاکـان را دەردەکـەوێ چاودێر بوو بە سەر سەرجەمی ژیانی جۆکان دا. جووایەتی لـەنێوان ژیـانی دینـی و نـادینی دا هـیچ جـۆرە جیاوازییـەک دانـانێ و ڕێوشـوێنێکی ورد سەبارەت بـە لایەنـە جیاجیاکـانی ژیـانی دنیـایی و کۆمەڵایـەتی لـە ژیـانی سێکسی را بگرە تا ژیانی ئابووری لە خۆدەگرێ.

جووایـەتی لـە چـاخی ئێسـتا دا تایبەتمەنـدی ئـەتنیکی و ڕەگـەزی بـەخۆوە گرتـووە. تـەقڵی جوویـەتی پێشـتر زۆر بـاو بـوو تـا ئـەوە کـە لـە سەردەمانی موسی مێندڵسۆن (Mendelssohn) دا بیرۆکـەی هەنووکـە بـوو بـە باو کە بەپێی ئەو بیرۆکەیە کەسێک کە لەناو هۆزی جوو دا لە دایک نـەبوو بێ بۆی نییـە تـەقڵی ئـەو بێ. بەگشـتی ئـایینی جـوو لـە بـاری بیرۆکـەی سیاسییەوە لاواز بووە و لەوانەیە هۆکاری سەرەکی ئەو بابەتەش ئەوە بێ کە جۆکان لە زۆربەی خوولـەکانی مێژوویـی دا لـە ژێر دەسـتەی بێگانـە دا

ژیـاون. لـەچاخی کـەونار دا جۆکـان بـە پـاریزەوە شـێوەی سـەڵتەنەتی حکوومـەتیان پەژرانـد هـەتا ئـەوە کـە حکوومـەتی حـەزرەتی داود تـەمێکی قودسی بەخشییە سازی سەڵتەنەت. جۆکان پاش چـاخی دوورخستنەوە بـە شـێوەیەکی بێکـردەوە لـەژێر حکوومـەتی ناجۆکـان دا دەژیـان. بەتایبـەت حکوومەتی ئیمپراتۆڕی ڕۆم وەک "حکوومەتی شـەر" چـاوی لـێ دەکرا. بـەو حاڵەش زۆرینەی جۆکانی دانیشتوویی ڕۆم جیابوونەوەی دین و دەوڵـەتیان پەژرانـد بـوو. تـەنیا کەمایەتییـەکی توونـد ڕۆ نـەبێ کـە پێیـان وابـوو حکوومەتی زەوی تەنیا بۆ خوایە و بەو پێیە لەدژی ئیمپراتۆڕی دا راپـەرین و لەئاکامی سەرکوتیان دا دۆخی سەرجەمی جۆکانیش ئاڵۆز بوو و لـەوە و پـاش بـە ئـاواتی رۆژگـاری سـەرهەڵدانی نەجاتـدەر و زیندووکـەرەوەی سەڵتەنەتی جیهانی هۆزی جوو وەک هۆزی هەڵبژاردە بوون.

بەپێی بیـروڕای پیـاوانی ئـایینی لـەوان سـەردەمان دا جۆکـان لەگـەڵ خوای خۆیان دا پەیمانیان بەستووە کە لـەدژی حکوومـەتی ئـەو خەڵکانـەی لەناویان دا دەژین سەرهەڵدان نەکەن. ئەو باوەڕە بنەمای هەسـتی سۆزاوی گشتی جۆکان بوو سەبارەت بە دەوڵەت. هەڵبەت ئـەو سۆزدارییە مەرجـدار بوو بەوە کە سەرجەمی ئایینی جوو دەبـێ بپـارێزرێ. بـەپێی قانوونییـەکی باو (Dina demalchtha dina) جۆکان خۆیان مـوولزەم بـەوە دەزانـی کـە دەبـێ ڕێرەوی قانوون مەدەنییەکانی ولاتـانی نیستەجێی خۆیـان بکـەن. هـەروەها ئایینی جـووی کـۆن خـاوەن ورەیـەکی سپایی بـەرچاو نـەبووە. هەرچەنـدە یەهوە وەک "پیـاوێکی شەکەر" وێنا دەکرا بەڵام پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل

لەترسی ئیمپراتۆڕی ئاشور خوازیاری تەناهی هەمیشەیی بوون. بوتایبەت فەریسییەکان بۆچوونێکی دژەسپای بەرچاویان بووە.

ئیسلام. ئیسلام لەچاو دینەکانی تر تەنیا دینێک نییە بەڵکووو سیستمێکی دەوڵەتیش بووە و بیرۆکەی سیاسی و حقووقیەکانی بەشێوازی جیاجیا بەرێوە دەچوو. بە واتایەکی باشتر ئیسلام هەر لە دەسپێکەوە *تێئۆکراسییەک* بووە یەکەمین کێشەی گرینگ و مشت و مڕ وڕووژێنێ کەلەپاش وەفاتی پێغەمبەر جیاوازی خستە ناو موسوڵمانانەوە کێشەی جێگر و ڕێبەری سیاسی- دینی ئۆمەتی مووسوڵمان بوو. هەر لە سەر ئەو کێشە بوو کە خەواریج و شیعە و سووننی سەریان هەڵدا. پێغەمبەری ئیسلام تەنیا نێردراوێک نەبوو بەڵکووو لە سەردەمانی کۆچکردنی بۆ مەدینەوە ڕێبەری سیاسی بێ ئەو لاو ئەو لای مووسوڵمانانیش بوو. بەو پێیە ئیسلام لە دەسپێکەوە هەم بزووتنەوەیەکی دینی و هەمیش بزاوتێکی سیاسی بوو. دەوڵەتی مەدینە سیستمی هۆزایەتی دوورگەی عەرەبستانی تێک دا و لە نێوان هۆزە دژەیەکەکان دا یەکێتی سیاسی و بیروباوەڕی پێکدهێنا.

بنەمای دەوڵەتی مەدینە گرێبەستەکانی بەیعەت لەنێوان هۆزەکان و پێغەمبەر بوو. گرێبەستەکانی عەقەبەی یەک و دوو یەکەمین گرێبەستەکانی بەیعەت بوون. پەیمانی برایەتی نێوان مووهاجیرین و ئەنساریش کاریگەر بوو لە پێکهاتنی شووناسێکی یەکە دا. هەروەها پەیمانی حودەیبییە لەگەڵ خەڵکی مەکە دا لە بواری وەلانانی دوژمنایەتی کاتی تایبەتمەندی سیاسی

هەبوو. گرێبەستی بەیعەتی خەڵکی مەککە لەگەڵ پێغەمبەر پاش گرتنی ئەو شارە و گرێبەستەکان یان حەلفەکانی دوایی بنەمای خۆگرتنی دەوڵەتی مەدینەیان پێک هێناوە. پەیماننامەی مەدینە، کە لە ساڵی یەکەمی کۆچی دا بەسترا یەکەم بەڵگەی سیاسی و لەڕاستی دا وەک قانوونی بنەڕەتی دەوڵەتی یەکگرتووی مەدینە بە ڕێبەراتی پێغەمبەر دەهاتە ژمار. بەپێی ئەو پەیماننامەیە ڕاگەیەنرا کە مووسوڵمانان و خزمانیان *ئۆمەتێکی* یەکە پێک دێنن و لەشەر و تەناهی دا لەگەڵ یەکتر هاوپەیمانن. بەپێی بەشی دووهەمی ئەو پەیماننامەیە تەنانەت جۆکانیش وەک بەشێکی ئۆمەت دێنە ژمار و خاوەن مافی وەک یەک بوون لەگەڵ مووسوڵمانان دا و دەیانتوانی دینی خۆشیان بپارێزن. هەر وەک لەو بەشەی دا هاتووە:"وان یهود بنی عوف امة مع المؤمنین، للیهود دینهم و للمسلمین دینهم."[1] پاش گرتنی مەککە و شەری حونییەن نزیکەی سەرجەمی هۆزە عەرەبەکان نوێنەرگەلێکیان بۆگرێبەست لەگەڵ پێغەمبەردا نارده مەککە. تەنانەت هەندێ لەهۆزەکان بەبێ ئەوەی باوەڕیان بە ئیسلام هێنابێ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی دا یەکیان گرت. شۆڕشی سیاسی ئیسلام هەم لەڕێگەی غەزا و جەهادەوە و هەمیش لەڕێگەی گرێبەستی تەناهی و یەکێتییەوە سەرکەوت. ئیسلام تەنیا بزووتنەوەیەک بۆ زرگاری تاکەکەسی نەبوو بەڵکووو ئامانجی هەر لە دەسپێک دا پێکهێنانی یەکێتییەکی بەکۆش بوو. بەو پێیە

---

١. محمد حمیدالله، *سندی مهم از دوران رسالت حضرت پیغمبر(ص)*، ترجمه غلامرضا سعیدی، نشر بعثت.

لەلایەکەوە ئیسلام شۆڕسێکی سیاسی بوو کە گرژی لەسەر دەسەڵات و شەرە ناوخۆییەکانی بەدواوە بوو. بنەمای کۆمەڵایەتی ئەو گرژییانە یەکیان ناکۆکی نێوان بەدەوییە سەحرانشینەکان و بازرگانەکان بوو و ئەویتریش نێوان عەرەبەکان و کۆیلەکان بوو. پێکدادان بۆ دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەناو مووسوڵمانان دا وەک گرینگترین تایبەتمەندی مێژووی سیاسی ئیسلام دێتە ژمار. پاش ئەوە کە ئەریستۆکراتی هۆزایەتی عەرەب لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە تێک شکا، "ئێلیتەکانی ئایدۆلۆژیا" نوێ لەناو کۆمەڵگای ئیسلامی دا سەریان هەڵدا. گرژی نێوان ئەو دووە، وەک لەیەنێکی بەرچاوی گرژییە سیاسییەکانی دەسپێکی ئیسلام دێتە ژمار.[1] میراتی ئیسلام لەسەردەمانی ئەمەوییەکان و عەباسییەکان دا کەوتە دەست ئۆلیگارشییەکی ساماندار و لەنێوان ئەریستۆکراتی کۆنی عەرەب (لەچوارچێوەی بەنی ئوومەییەدا) و گرووپی هەڵبژاردەی هەڵقوڵاوی بزووتنەوەی دینی ئیسلام پێک دا دان هاتە ئاراوە کە بۆ وێنە دەکرێ باس لەشەری سیفیین و شەری کەربەلا بکەین. پاش ئەویش لەنێوان ئەریستۆکراسی عەرەب و نەتەوە ژێر دەستەکان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی پێکدا دان هاتە ئاراوە. بەپێی پێگەی کۆمەلایەتی کۆیلەکان، بزووتنەوەگەلێکی شعووبییە، شیعە و مووعتەزیلە سەریان هەڵدا. هەڵسوکەوتی بە کەم گرانەی ئەریستۆکراتی عەرەب لەگەڵ

1. W. M. Watt, Islamic Political Thought: Basic Concepts. (Edinburg U. P. 1968).

کۆیلەکان دا بواری پێکدا دانی سیاسی بەربڵاوی پێک هێنا. لەدەسپێک دا عەرەبەکان ئۆگرییەکی ئەوتۆیان بۆ پەلکێشی خەڵکی ژێردەست بەرەو ئیسلام نەبوو چوونکە سەرچاوەی داهاتیان جێزیە و خەراج بوو. بزووتنەوەی شیعە لە دەسپێک دا لەلایەنی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە لەسەر بنەمای کۆیلە، ئەسناف و پیشەوەران و هۆزە عەرەبەکانی باشووڕ بوو. هێڵی سەرەکی یان ئۆرتۆدۆکسی ئیسلام بووە هۆی بەهێزبوونی دەسەڵاتی ئەریستۆکراسی کۆنی عەرەب و بازرگانە کۆیلەدارەکان. بەڵام لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی عەباسییەکان، ئەریستۆکراسی کۆن جێگەی خۆی دایە گرووپە سەرەکییە هەڵقوڵاوەکانی بنەماڵەی نبووەت. عەباسییەکان کە خۆیان لەلایەنی دایکەوە کەنیز زادە بوون قانوونی ئەریستۆکراتی حەسەب و نەسەبی عەرەبیان لاواز کرد و تا ڕادەیەک بەرانبەری ڕەگەزیان لە ئیسالم دا پێک هێنا، لەلایەکی ترەوە لەو سەردەمانەدا تیۆری حکوومەت بەشێوەی ئێرانی جێگەی بیرۆکەی خەلافەت بەو واتایەی لەپاش وەفاتی پێغەمبەر سەری هەڵدابوو گرتەوە. خوولەفای راشیدین بەپێی پێکهاتنی ئەنجوومەن و نەسەب و بەیعەت و وەک خولیفەی رەسولوڵلا جڵەوی کارەکانیان بەدەستەوە گرتبوو لە کاتێک دا عەباسییەکان لەگەڵ زیندووکردنەوەی بیرۆکەی سوڵتا وەک ضل اللە فی الارض خۆیان بە خلیفةاللە دەزانی. عەباسییەکان هەرچەندە بەپاڵپشتی عەلەوەییەکان یان شیعەکان گەیشتنە دەسەڵات بەڵام پاش سەقامگیر بوون لەحکوومەت دا ئەوانیان سەرکوت کرد.

هەروەک ئاماژەی پێ درا بیرۆکەی سیاسی شیعە لەئاکامی ئالۆگۆڕە سیاسییەکانی پاش وەفاتی پێغەمبەر و ناکۆکی لەسەر کێشەی جێگردا گوورا. شیعە لەسروشت دا سیاسی بوو. بنەمای هزری بیرۆکەی سیاسی شیعە لووتفی خواوەند بوو بۆ بنەماڵەی بەنی هاشم. شیعە سەرەتاییەکان سەرەتا لەناو هۆزەکانی باشووڕ دا سەریان هەڵدا کە لەلای ئەوان هزری پاشایی ئیلاهی باوبوو. لەڕوانگەی شیعەوە ئیمامان لێهاتوویی ڕێبەرایەتی ڕووحانی و دنیایی مووسوڵمانانیان هەبوو. پاش غەیبەت بەگشتی ئەو باوەڕە باو بوو کە حکوومەتی سەقامگرتوو لە زات دا نارەوایە بەڵام نابێ لەدژی سەرهەڵدان بکرێ. زانایانی شیعە بەپێچەوانەی سوونە ڕەگەمای هەڵبژاردنیان لەخەلافەت و حکوومەت دا نەدەپەژراند و بەپێی بیرۆکەی "لووتف" یان "فەیز" لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە ئیمامان خاوەن کەرامەتی ئیلاهی و عیسمەتن. هەروەک محمد حسین آل کاشف الغتا دەڵێ:"ئیمامەت هەروەک نبوت پۆستێکی ئیلاهییە و هەروەک چۆن خواوەندی سووبحان هەرکام لە بەندەکانی کەخۆی بیهەوێ بۆ نبوت و ریسالەت هەڵدەبژێرێ ... ئاواش هەر کەسێکی بیهەوێ بۆ ئیمامەت هەڵدەبژێرێ و بە پێغەمبەری خۆی ئەمر دەکا هەتا دان بە ئیمامەتی دا بنێ و بیکاتە پێشەوای خەڵک."[١] شیعەی ئیمامییە ئیمامەت بە کۆڵەکەکانی دین دەزانێ و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە "دیاریکردنی ئیمام بەدەستی خەڵک نییە". دەوترێ کە"

---

١. هناالفاخوری، خلیل الجر، *تاریخ فلسفه در جهان اسلامی*، ترجمه عبدالحمید آیتی، سازمان انتشارات و آموزش انقلاب اسلامی، ١٣٦٧، ص ١١٢.

ئیمامەت پۆستەکەی سەرووتر لەوەیە کە خەڵک بە ئاوەز پێی بگەن و یان بە دەنگی خۆیان لێ تێبگەن و یان بە هەڵبژاردن ئیمامێک دەست نیشان کەن."[٢] بەپێی بیرۆکەی شیعە ئیمامەکان فەرمانرەوای خەڵکن و هەندێ لە زانایانی شیعە پێیان وایە ئەو فەرمانڕەواییە کردەوەکانی حکوومەتیش لەخۆ دەگرێ و لەسەردەمانی غەیبەت دا زانایان و سەرچاوە دینییەکان بە نایبی ئیمام دەزانن. زانا سێ فاقەکانی بەناوبانگی شیعە واتە محەمەد کوری یاقووبی کۆلینی، شێخ سەدووق و شێخ تووسی جەختیان کردۆتە سەر بیرۆکەی لووتفی تایبەتی خواوەند و ئیمامەت وەک مەرجی خۆشبەختی و درێژەی نبوت.

## ئایین و سیاسەت لە ڕۆژئاوادا

ڕاستە هەنووکە پیاوانی ئایینی و کڵێسە ڕۆڵێکی ئەکتیڤیان لەسیاسەت و حکوومەتی وڵاتانی ئورووپایی دا نییە بەڵام ئێستاش ئایین زا بەسەر ژیانی سیاسی لەو وڵاتانە دا کاریگرە. بۆ وێنە یەکێک لە هۆکارەکانی گوورانی حیزبە سیاسییەکان لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی دەبێ لە ناکۆکی و قەڵەشتوە ئایین زاکان دا بدۆزینەوە. هەروەها ئۆگرییە

---

٢. ابوجعفر محمد ابن یعقوب کلینی، *اصول کافی*، جلد اول، دفتر نشر فرهنگ اهل بیت، تهران، ص ٢٨٤.

ئایین زاکانی تاکەکان کار دەکاتە سەر نوارین و داشکانە سیاسییەکان و هەڵسوکەوتی هەڵبژاردنەکانیان. بەو پێیە لەسەر یەک ڕۆڵی ئایین زا لە سیاسەتی وڵاتانی ئوڕووپایی ڕۆڵێکی ناڕاستەوخۆ و نائەکتیڤ بووە.

لەباری پێکهاتەی ئایین زاوە دانیشتوانی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئوڕووپا یان زۆربەیان کاتۆلیکن، یان بە ڕێژەیەکی وەک یەک کاتۆلیک یان پڕۆتستانت و یانیش زۆربەیان پڕۆتستانتن. لەو وڵاتانەدا کە زۆربەیان کاتۆلیکن، ڕۆڵی ئایینزا لە سیاسەت دا زەقترە چوونکە کڵێسەی کاتۆلیک بانگەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی زۆرتری هەیە و خاوەن سەرزنجیرەی ڕێکخراوترە و بەهۆی هەبوونی یەکێتی ئایدۆلۆژیا زۆرتر لەگەڵ داشکانە حیزبی و سیاسییەکان دا هاوئاهەنگ دەبێ و ئێستاشی لەگەڵ بێ تایبەتمەندی دژە نەتەوەیی هەیە. هەر ڕاست بەو هۆکارانەوە کڵێسە لە وڵاتانی کاتۆلیک دا بە ڕادەیەکی زۆرتر دەکەوێتە بەر هێرش و ڕەخنەی گرووپە دژبەرەکان (بەتایبەت ئەگەر لەنێوان کڵێسە و چینی دەسەڵاتدار دا پەیوەندییەکی نزیک لەئارا دابێ). لەهەندێ وڵات دا پێگەی کڵێسە ئەوەندە بەهێزە کە تەنانەت داشکانە دژە کڵێسەییەکان بواری سەرهەڵدانیان بۆ نارەخسێ. لە دەوڵەتە تۆتالیتێرەکانی ئیسپانیا و پرتەقاڵ دا کڵێسە خۆی وەک بەشێکی چینی باڵادەست دەهاتە ژمار. لە وڵاتی ئیرلەند دا کڵێسەی کاتۆلیک ئێستاش خاوەن پێگەیەکی هەڵکەوتە و بەهێزە و هەر بەو هۆیەش داشکانە دژە کڵێسەییەکان لەو وڵاتە دا سەریان هەڵنەداوە. هیچ گرووپ یان حیزبێکی ناوێرێ دژایەتی کڵێسە بکا. لەو وڵاتانەی کەوا کڵێسەی کاتۆلیک بە تەواوی بە سەر هەموو لایەنەکان دا زاڵ نییە و کۆمەڵگای نائایین زایی

بەربلاوبوونەوەیەکی بەرچاوتری هەبووە، کڵێسە لەڕێگەی پێکهێنانی ڕێکخراو و ئەنجومەنە نائایین زاییەکانەوە خەریکی بەربڵاوکردنەوەی دزەی خۆیەتی. بۆ وێنە لە ئەڵمان و ئیتالیا دا حیزبە دێموکرات مەسیحییەکان خاوەن لقە کرێکاری، وەرزێری، لاوان، ژنان و هتدن. لە هەمبەر دا حیزبە نائایین زاکانیش لقەکانی وەک ئەوانەیان پێکهێناوە. بەو حاڵەش کڵێسە و حیزبە ئایین زاکان زۆرتر لە ناوچە گوندییەکان دا دزەیان بوە. لە وەها وڵاتگەلێک دا باڵادەستی ڕێژەیی کڵێشە بۆتە هۆی ئانالیزی کۆمەڵگای سیاسی و داشکانە سیاسی و ئایدۆلۆژیاەکان بە دوو بواری لایەنگری کڵێسە و دژە کڵێسە. فەرانسە خاوەن هیچ حیزبێکی ئایین زای بەهێزنییە و کڵێسەی کاتۆلیک لەو وڵاتەدا (تاڕادەیەک لە ژێر کاریگەری قانوونی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت لە ڕێکەوتی ١٩٠٥) لەلایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە داشکانەوەیەکی کۆنسێرڤاتیڤانەی توندی بەخۆوە گرتووە. لەنێوان دوو شەری جیهانی دا کڵێسە پاڵپشتی نەکرد لە بزووتنەوەی ئایینزای توندرۆی " کردەوەی فەرانسە" (Action Française). تەنیا هەڵوێستی سیاسی بەرچاوی کڵێسەی کاتۆلیک لەسەدەی بیستەم لە فەرانسەدا لە پشتیوانی دەوڵەتی رۆنراوی مارشاڵ پتن دا دەرلەوت.

لەگەڵ هەموی ئەوانەش دا هۆکاری ئایینزا ئێستاش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەرە لەسەر ژیانی سیاسی لە فەرانسەدا. بەتایبەت داشکانە ئایینزاییەکان کاردەکاتە سەر نواڕینە سیاسییەکان و هەڵسوکەوتی هەڵبژاردنەکان دا. زۆربەی کات حیزبی گۆلیست لەسەر بنەمای دەنگی تاکە ئایینزاییەکانە لە کاتێک دا حیزبە چەپەکان زۆربەی پاڵپشتی خۆیان لە

تاکە نائایینزایەکانەوە وەدەست دێنن. بەکورتی ئێستاش لە فەرانسەدا لەگەڵ خۆپاراستنی کڵێسە لەسیاسەت پەیوەندییەک لەنێوان داشکانە ئایینزایی تاکەکان دا لەئارادایە.

لە ئیتالیادا لەچاو فەرانسە کڵێسەو ئایینزا ڕۆڵێکی زەقتری لەسیاسیەت دا گێڕاوە. لەو وڵاتەدا ڕۆڵی ئایینزا تەنیا بەرتەسک نابێتەوە بە بوونی پەیوەندی نێوان داشکانە سیاسییەکان و داشکانە ئایینزاکانی تاکەکان بەڵکووو حیزبی دیموکرات مەسیحی کە لایەنگری بایەخە ئایینزاکانە، وەک پارسەنگییەکی گرینگ لەو وڵاتە دا دێتە ژمار. واتیکان و پیاوانی ئایینی کاتۆلیک بەراشکاوی دەست دەخەنە ژیانی سیاسییەوە. لەسەردەمانی بزووتنەوەی یەکێتی نەتەوەیی ئیتالیادا بەهۆی ئەو ناکۆکییانەی لەنێوان کڵێسە و دەوڵەت دا هاتنە ئاراوە، پاپ لە بڕووسکەیەک دا کاتۆلیکەکانی لەهەر چەشنە تێکەڵاو بوونێک لەگەڵ سیاسەت دا وشیار کردەوە. بەڵام ئەو ئاستەنگییانە هێدی هێدی رەوینەوە و لەساڵی ١٩١٩ دا ئیزنی پێکهاتنی ئزبی خەڵکی کاتۆلیک لەلایەن واتیکانەوە دەرکرا.

دزەی کڵێسە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی بەپێی گرێبەستی هاریکاری دەوڵەت و کڵێسەی ڕێکەوەتی ١٩٢٩ (سەردەمانی فاشیزم) دەستەبەر کراوە. هەر بەپێی ئەو گرێبەستە بوو کە کڵێسەی واتیکان بەرگری کرد لە چەسپانی لایەحەی تەلاق لە ساڵی ١٩٧٠ لەپارڵمان دا و کاتێکیش ئەو لایەحە چەسپا، بۆ بەتاڵ کردنەوەی بەپێی ڕێوشوێنەکانی بەردەست دەتەوداوێنی

بەڕێوەبردنی ریفراندۆمی گشتی بوو بەڵام قانوونی ناوبراو لە ریفراندۆمی ساڵی ١٩٧٤ یش دا پەسەند کرایەوە. بەستراوەیی تۆڕ و ئەنجوومەن و یەکێتییەکان بە کڵێسە و حیزبی دێموکرات مەسیحی لە ئیتالیادا هەراوتر لەهەر وڵاتێکی کاتۆلیکی ترە. حیزبی دێموکرات مەسیحی بەردەوام لەناو چینەکانی خوارووودا دزەیەکی بەربڵاوی بووە و نزیکەی ١/٤ دەنگەکانیان بەشێوەی مام ناوەندی وەدەست هێناوە.

لەبێلژیک دا کە زۆرینەی خەڵک کاتۆلیکن، حیزبی سۆسیال مەسیحی، حیزبی بەرچاوی وڵات بووە و بەردەوامیش بەسەر حیزبە دژە کڵێسەکاندا سەرکەوتووە. لەوڵاتانێکی وەک ئەڵمان، هوولەند و سویس کە خاوەن پێکهاتەیەکی تا ڕادەیەک وەک یەکی لایەنگرانی دوو ئایینزای کاتۆلیک و پرۆتستانتن، دو کڵێسە لەگەڵ یەکتر لە رکەبەرایەتی دان و ئەو رکەبەرایەتییەش لەژیانی سیاسی دا رەنگی داوەتەوە.

لە هوولەندا بوونی دوو کڵێسەی سەرەکی هاورێ لەگەڵ گرووپ و حیزبە نائایینزاکانی (لیبراڵ و سۆسیالیست) یان وەک سێ کۆڵەکەی کۆمەڵگا (Verzuiling) لێکداوەتەوە. لەو وڵاتەدا سێ حیزبی ئایینزای سەرەکی لە ئارادان. بەشێکی بەرچاوی دەنگەکانی دانیشتوانی کاتۆلیک (کە ٤٠٪ دانیشتوان پێک دێنێ) دەدرێتە "حیزبی خەڵکی کاتۆلیک". دانیشتوانی پرۆتستانت زۆربە دەنگ دەدەنە دوو حیزب یەکەم "حیزبی دژە شۆڕش" و ئەوەی تر "یەکێتی مێژوویی مەسیحی" . لەو وڵاتە دا هەردەم زیاتر لە نیوەی دەنگەکان بوپێی ئۆگری و تێبینییە ئایینزاکانەوە دەدرێنە حیزبەکان.

بەگشتی یـەکریزی نێـوان داشکانە ئایینزاکـان و داشکانە سیاسییەکان لـە هوولەندا بوونەتە هۆی باڵادەستی حیزبە ئایینزاکان.

لــە وڵاتــە زۆربــە پڕۆتســتانتەکانی ئورووپــا دا وەک ئینگلســتان و وڵاتانی سکاندیناوی هـیچ جـۆرە پەیوەندییـەکی واتـادار لـەنێوان داشکانە سیاسی و ئایینزاکان دا بـەرچاو ناکـەوێ. کڵێسـە پڕۆتستانتەکان خـاوەنی ڕێکخستنی یەکگرتوو نین. شووناسی نەتـەوەیی و ناسیۆنالیسـتی ئـاینزای پڕۆتســتانت لــە گشــت جــێ دا بــواری هاریکــاری کڵێســەی لەگــەڵ چینــە باڵادەســتەکان دا دەســتە بــەر دەکــا. ســەردەمانێک بــە تەشــەر کڵێســەی ئینگلستانیان وەک "حیزبی کۆنسێرڤات لە کاتی نـوێژ" دا وێنـا دەکرد. لـە ڕوانگەیەکەوە "ئامـادە بـوونی" ئـایینزا لـە وڵاتـانی پڕۆتستانت لـە ژیـانی سیاسی دا هەست پێکراوتـرە چوونکـە لـەنێوان بایەخـە ئایینزاکـانی چینـی دەسـەڵاتداری کاپیتالسـت و بایەخـە ئاییزاکـان دا هارمۆنییـەک لـە ئـارادا بووە. پاڵپشتی لە بایەخە ئایینزاییەکان لەو وڵاتەدا بە واتای پاڵپشتی لـە ئایدۆلۆژیا چینی دەسەڵاتدار بووە. لـە ڕاسـتی دا ئـایینزا لـە ولاتێکـی وەک ئینگلسـتان دا دیاریکـەری داشـکانی سیاسـی نییـە بـەڵکووو بـە پێچەوانـەوە داشـکانەوەی سیاسـی بەتایبـەت لەمـەڕ چینـە مـام ناوەنـدی و سـەرۆکاندا تایبەتمەندییەکی ئایینزای هەیە.[1]

---

١. ئەو بەشە کوورتکراوەیەکە لە:

G. Smith, op. cit. pp. 17-25.

لە ئوسترالیاش دا، وەک ئینگلستان زۆرینەی دانیشتوان هەڵگری ئایینزای پرۆتستانتن. کاتۆلیکەکان نزیکەی ٢٥٪ دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێکدێنن و بەشێوەیەکی نەریتی، لەسەدەی نۆزدەهەم بە دواوە، پشگیریان لە حیزبی کرێکار کردووە و بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ دزەی کومۆنیستەکان و یەکێتییە کرێکارییەکان دا، ڕێکخراوگەلی کرێکاری رکەبەریان پێکهێناوە. قەشەکانی کڵێسەی کاتۆلیک بەردەوام سەبارەت بە پرسەکانی رۆژ هەڵوێست دەگرن و جاروبارەش وەها هەڵوێستگەلێک بۆتە هۆی دژکردەوەی حکوومەت. زۆرینەی پرۆتستانتەکانی دانیشتووی ئوسترالیا ڕێکخستنێکی ئەوتۆیان نییە. ئەنجوومەنی کڵێسەکانی پرۆتستانت لەمەڕ کێشەگەلێکی وەک سنووردار کردنی ماوەی فرۆشتنی خواردنەوە ئەلکۆلییەکان لە دەیەی ١٩٥٠ دا رێوشوێنێکی بە کەڵکیان رەچاو کرد. فێدراسیۆنی پرۆتستانتەکانیش بۆ برگری لەچالاکی سیاسی گرووپە کاتۆلیکەکان چالاک بوونە.[2]

## ئایینزا و سیاسەت لە ئەمریکای لاتین‌دا

کڵێسە لە ئەمریکای لاتین دا لەباری سیاسییەوە تووشی قەڵەشتی ناوخۆیی هاتووە. ڕیشەی ئەو قەڵەشتە بیروڕای جیاواز بووە سەبارەت بە

2. Townsley op. cit. pp. 18-19.

ڕۆڵی کڵێسە لە پەرەسەندنی ئابووری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی. لابالی چەپ و رادیکالی کڵێسە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەربڵاوبوونەوەی یەکێتییە جوتیاری و کرێکارییەکان دا هەبووە. لە هەندێ بواردا پیاوانی ئایینی لاو و رادیکاڵ بەشێوەیەکی بەربڵاو پشتگیریان لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی کردووە. ئەوە وەک "ئیلاهیاتی ڕزگاریدەر" لە ئەمریکای لاتین دا دەناسرێ یەکێکی لە نوێنگە سەرەکییەکانی لابالی رادیکالی کڵێسەیە. ئەو "قەشە کرێکارییانەی" لە ئەڵمان، فەرانسە، بێلژیک و ئیسپانیاوە بۆ برەو پێدانی هزرە ڕیفۆڕمییەکان رویان کردۆتە ئەمریکای لاتین ڕۆڵێکی بەرچاویان گێراوە لە گووران و سەرهەڵدانی گرووپی قەشە لاو و رادیکاڵ و نویخوازەکاندا. کامیلوتورس لە کۆلۆمبیادا یەکێک لە نوێنەرانی سەرەکی ئەو لاباڵە بوو کە لە تێکهەڵچوونێک دا لەناو چوو. لە هەندێ بواردا وەک شیلی و باکووری برێزیل لابالی ڕیفۆڕمخوازی کڵێسە دەورێکی سەرەکی گێراوە لە بڵاوبوونەوەی بەشداری سیاسی جەماوەر و هەنگاوگەلێکی خزمەتگوزاریشی لە پێناو باشترکردنی هەلومەرجی ژیانی رەشایی خەڵک داناوە. لە باکووری بریزیل دا کەسانێکی وەک ئۆسقۆف کامار و ئۆسقۆف سالز لە پێشرۆیانی ڕووەی رادیکاڵ لە کڵێسە دا بوون. بەگشتی کڵێسەی کاتۆلیک لە برێزیلی سەردەمانی سیاسەتە پۆپۆلیستییەکانی ساڵانی ٤ – ۱۹٦۱ ڕوووەیەکی رادیکالی لەخۆ گرتووە و لەپاش بەرێوەچوونی دوهەم کۆنفرانسی قەشەکانی ئەمریکای لاتین لە ساڵی ۱۹٦٦دا سیاسەتێکی لە بواری پشتگیری بێ بەشان و کەمایەتییەکان گرتەبەر. لە ئاکام دا نزیکەی ۸۰ هەزار "جەماعەتی مەسیحی" بۆ یارمەتی دانی هەژاران پێکهات. کڵێسەی برێزیل پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئیلاهیاتی زرگاریبەخش دا هەبووە.

لەساڵی ١٩٨٥ دا ڕووەی رادیکاڵی ئەو کڵێسەیە بووە هۆی سەرهەڵدانی پێکدادان لەنێوان واتیکان و لیئۆناردۆ بۆف (Boff) لە لایەنگرانی بەرچاوی ئیلاهیاتی زرگاریبەخشی برێزیل و واتیکان لە فتوایەک دا ئەوی شەرمەزار کرد.

لەنیکاراگۆوادا کڵێسەی کاتۆلیک بەر لە شۆڕش وەک یەک لە دژبەرانی رژیمی سۆمۆزا دەهاتە ژمار. زۆربەی قەشەکانی ئەو سەردەم تەڤلی هێزەکانی دژی رژیم بوون. پاس شۆڕشی ساندینیستەکان، هەندێ لەپیاوانی ئایینی دەستیان گەیشتە پۆستگەلێکی سیاسی بەڵام کڵێسە بەگشتی کەدژکردەوەی بەکاوەخۆ دا بەهەنگاوەکانی دەوڵەتی شۆڕشگێر لە حاست دەستێوەردانی لە کاروباری کڵێسە و قوتابخانە دینییەکان و دانانی رێوشوێنی پەیوەندیدار بە بەرگری لە زاوزێی بێ سەرەوبەرە و ڕیفۆڕمی قانوونکانی بنەماڵەدا پرژایە سەر ڕەخنەکردنی حکوومەتی شۆڕشگێر.

بەگشتی لاباڵی کۆنسیرڤاتی کڵێسە بە دوو هۆ داکۆکیکەری بەرژەوەندی چینە دەسەڵاتدارەکان بووە: یەکەم ئەوە کە کڵێسە خۆی هەنووکەش لە زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین دا خاوەن زەوی و زار و سامانێکی بەربڵاوە و هۆی دووهەمیش ئەوەیە کە هەر وڵاتێک کە شایەدی بزووتنەوە و شۆڕشە جەماوەرییەکان بووە (وەک کوبا و مێکزیک) پێگەی کڵێسە کەوتۆتە مەترسییەوە. هەر لەو ڕووەوە لە هەندێ وڵاتانی وەک ئارژانتین و شیلی دا کڵێسە رادەسپێرێتە لایەنگرانی کە تەنیا دەنگ بدەبە حیزبە دێموکرات مەسیحی و کۆنسێرڤاتەکان. جگە لە هەندێ بواری

هەڵکەوتەی وەک شۆڕشی ژانوییەی ١٩٥٨ لە ویێنێزوئێلادا، کڵێسە بەگشتی پشتگیری کردووە لە سەقامگیربوونی سیاسی حکوومەتە سەرەرۆکان. لە باری برەوپێدانی هزرە نوێیەکان لەناو تاقمە جیاجیاکانی کڵێسەدا جیاوازی بیرورِا لە ئارادابووە. بۆ وێنە لە رابردوودا لە سەردەمانی بڵاوبوونەوەی هزرەکانی چاخی ڕۆشنگەری دا تاقمە یەسووعی و فرانسیسکەنەکان لەگەڵ پەرە پێدانی هزرە مۆدێڕنەکان بوون لە کاتێک دا تاقمی دۆمینیکی لەگەڵ وەها رەوتێکدا دژایەتی دەکرد. لەو وڵاتانەی شایەدی ئاڵوگۆرە شۆڕسگێرییەکان بوون دژەی کڵیسە ڕووی لە داکشان بووە. لە کوبادا کڵێسەی کاتۆلیک بەهۆی دژایەتی لەگەڵ سەربەخۆیی ئەو وڵاتە لە ئیسپانیا لە سەدەی نۆزدەهەم دا ئۆرتی کۆمەڵایەتی خۆی لەدەست دابوو. لەگەڵ ئەوەش دا زۆربەی پیاوانی ئایینی کوبا بە ڕەچەڵەک سپانیایی بوون. پاش شۆڕس لەنێوان دەوڵەت و کڵیسە دا گرژی هاتە ئاراوە و زۆریەک لە پیاوانی ئایینی هەڵپەسێردران. لەمێکزیک دا شۆڕشی ساڵی ١٩١١ ئاڵوگۆرگەلێکی لە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کڵێسەدا پێکهێنا. شۆڕش دەسەڵاتی کڵێسەی کاتۆلیکی بەرتەسک کردەوە. بەپێی قانوونی ساڵی ١٩١٧ مڵک و ماڵی کڵێسە، خۆماڵی راگەیەنرا و فێرکاری دینیش هەڵوەشایەوە و دەوڵەتی مێکزیک، وەک دەوڵەتێکی نادینی و بێ ئایینزایەکی فەرمی ناسرا. هەروەها دەبەرکردنی جل و بەرگی ئایینیش قەدەغەکرا. لە دەیەی ١٩٢٠ دا بەربەستەکان لەدژی کڵێسە بە توونی بەرێوەدەچوون و قەشەکانیش لە دژکردەوەیەک دا بۆ ماوەی سێ ساڵ دەستیان دایە مانگرتن و خۆیان پاڕاست لە بەرێوەبردنی رێورەسمی غووسڵی تەعمید، مارەکردن و بەخاک سپاردنی مردووان. بزوتنەوەی

ئایینی لایەنگرانی مەسیح لەوان ساڵانەدا دەستی دایە خەباتی چەکداری لەدژی حکوومەت؛بالام بەکاوەخۆ کڵێسەی مێکزیک خۆی لەگەڵ سیاسەتی ناسیۆنالیستی و نائایینی شۆڕش دا ڕێکخست و لە ساڵی ١٩٣٥دا هەر چەشنە بانگەشەیەکی سەبارەت بە دەستێوەردان لە سیاسەتی بەڕەسمی وەلانا. لەسەردەمانی قەیرانی خۆماڵی کردنی پیشەسازی نەوتی مێکزیک و گێرەوکێشە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتۆەکانی ئەمریکادا، کڵێسەی کاتۆلیکی مێکزیک کە هەردەم سەبارەت بە ئەمریکای پڕۆتستانت هەستیار بوە بە تووندی پشتگیری لە حکوومەتی مێکزیک کرد و کەوە پاش پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کڵێسە بەرەو باشی چوو.

لە ئەرژەنتین دا، کڵێسە هەتا سەردەمانی پرۆن ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی لە سیاسەت دا بەبوو بەڵام خان پرۆن لە ساڵی ١٩٤٣دا بە مەبەستی ڕاکێشانی پشتگیری کڵێسە و خەڵک هەڤۆتە ئایینییەکانی لە قوتابخانەکان دا دووبارە ساز دایەوە و لە هەمبەر دا کڵێسە لە هەلبژاردنەکانی ساڵی ١٩٤٥دا پشتگیرییەکی هەمەلایەنەی لە پێرۆن کرد. بەو حاڵەش لە ساڵی ١٩٥٥دا کڵێسە دەوڕێکی گرینگی لە هەرەس هێنانی رژیمی پێرۆن دا گێرا. پێرۆن بەهۆی قەدەغەکردنی هەڤۆتە ئایینییەکان و قانوونیی کردنی تەڵاق لەلایەن قەشەوە تەکفیر کرا و لەئاکام دا کڵێسە دەستی لە پشتگیری کردنی ڕژێمەکەی هەڵگرت. لەوە و پاش کڵێسە دەوریکی لە سیاسەت و حکوومەت لە ئەرژەنتین دا نەبووە.

## ئایینزا و سیاسەت لە هەندێ وڵاتی ئیسلامیدا

ئایینزای ئیسلام لە درێژەی سەدەی بیستەم دا لە زۆربەی وڵاتان دا لە دژکردەوە بە مۆدێرنیزم و لیبراڵیزمی ڕۆژئاوادا، ڕووەگەلی سیاسی و ئایدۆلۆژیاکی بەخۆوە گرتووە و زۆربەی بواردا لە چوارچێوەی حیزب و بزوتنەوە سیاسییەکاندا بۆتە ئایدۆلۆژیا سیاسی. ئیسلامی سیاسی سەدەی بیستەم زۆربە وەک "بناژۆیی" وێنا کراوە، هەرچەندە بۆچوونە جۆراوجۆرەکانی ئایدۆلۆژیا سیاسی ئیسلام ناکرێ لە ژێر ئەو سەردێرە دا کۆکرێنەوە. هەندێ بزووتنەوەی سیاسی وەک ئیخوان و لموسلیمینی میسر و حیزبی جەماعەتی ئیسلامی پاکستان بناژۆ دێنە ژمار. لە لایەکی ترەوە ئایدۆلۆژیا سیاسی ئیسلام لە تێکەڵاوی لەگەڵئایدۆلۆژیایەکانی تری وەک لیبراڵیزم، ناسیۆنالیزم و سیۆسیالیزم دا کۆڵکە زێرینەیەکی لە ئایدۆلۆژیا سیاسی پێکهێناوە.[1] لەهەندێ بواردا وەها ئایدۆلۆژیاگەلێک بوونەتە بەستێنی سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکانیش. لە وڵاتانی جیاجیای ئیسلامی دا حیزبی سیاسی بە بۆچوونی جۆراوجۆری ئیسلامی دەدیترێن. لە پاکستان دا مووسلیم لیگ و حیزبی جەماعەتی ئیسلامی لە حیزبە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتە دێنەژمار و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەربڵاویشیان لەناو خاوەن زەوییەکان و جووتیاران دا بووە. ئەو حیزبانە

---

١. حمید عنایت، *تفکر نوین سیاسی اسلام*، ترجمه ابوطالب صارمی، تهران، امیرکبیر، ١٣٦٢.

دژی سیاسەتە مۆدێڕن و سێکیولارەکانی حیزبە سەرەکییەکەی تری پاکستان واتا حیزبی خەڵک بوونە. مووسلیم لیگ پاش شکستی دەوڵەتی حیزبی خەڵک پشتگیری لە هەڵوێستەکانی دەوڵەتی نیزامی ژێنراڵ زیائولحەق دەکرد. حیزبی جەماعەتی ئیسلامی پاکستان لە ساڵی ١٩٤١دا بەر لە سەربەخۆیی ئەو وڵاتە لەلایەن مەولانا ئەبولعەلا مەودوودییەوە دامەزرا بوو. مەودوودی لەلایەنگەرانی سەرەکی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە پاکستان دا دەهاتە ژمار. حیزبی جەماعەتی ئیسلامی لە سەردەمانی حکوومەتی حیزبی خەڵکی زولفەقار عەلی بۆتۆدا بە توندی سەرکوت کرا هەر لەو ڕووەوە پاش شکستی ئەو حکوومەتە پشتگیری کردد لە دەوڵەتی نیزامی زیائولحەق. حیزبی جەماعەتی ئیسلامی زورتر بزوتنەوەیەکی سیاسییە تا حیزبێک و بەگشتی لایەنگری سیاسەتی بەئیسلامی کردنی وڵات بووە. پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو حیزبە پێکدەهات لە بازرگانەکان، کاسبکاران، کرێکاران، خوێندکاران و پیاوانی ئایینی. حیزبی جەماعەتی ئیسلامی بێنگلادێشیش کە پاش سەربەخۆیی ئەو وڵاتە، لە حیزبی جەماعەتی پاکستان جیابۆوە، حیزبێکی بناژۆ، دژە هیند و دژی بۆچوونە ناسیۆنالیستی و سێکیولاریستییەکانی حیزبی عەوام لیگ بووە. لێرەدا دەبێ جەماعەتی زانایانی ئیسلامی (سووننی) پاکستانیش بێنین. ئەو جەماعەتە بەر لە سەربەخۆیی ئەو وڵاتە پێکهاتبوو. گرینگترین ڕێبەری ئەو جەماعەتە مەولانا مووفتی مەحموود (١٣٥٩) بوو کە بەتووندی لەدژی دەوڵەتی مۆدێڕنیستی بۆتۆ و حیزبی خەڵکی پاکستان بوو. لەبێنگلادێشیش دا بزووتنەوەی لەو چەشنە لە ساڵی ١٩٨١دا پێهات کە ناسراوە بە بزووتنەوەی خەلافەتی بێنگلادێش و پشتگیری دەکا لە دامەزراندنی

"حکوومەتی قورعان". ئەو بزووتنەوە توانی لەژێر ڕێبەتایەتی مەولانا حافزدا لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ساڵی ١٩٨٦دا، ١/٥ ملیۆن دەنگ وەدەست بێنێ. یەکێکی تر لە حیزبە بناژۆکان "حیزبی ئیسلامی مالیزییە". ئەو حیزبە لە ساڵی ١٩٥١دا لە ناخی بزووتنەوەی ئۆمەتی ئیسلامی بە ڕێبەرایەتی پیاوانی ئایینی مالیزییەوە سەری هەڵدا و سەرەتا بۆچوونێکی پارڵمانتاریستی هەبوو بەڵام لەگەڵ گورگرتنی بۆچوونە مۆدێڕن و سێکیولارەکان لە مالیزی دەیەکانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠دا بۆچوونی توندتری لەخۆ گرت و لەساڵی ١٩٨٣دا لەژێر ڕێبەرایەتی ئەنجوومەنێک لە زانایانی ئایینی دا هەڵوێستێکی "شۆڕسگێرانەی" وەرگرت.

لە ئەفغانستانیش دا زانایان و پیاوانی ئایینی لە ژێر کاریگەری ئاڵوگۆڕە بەلەزەکانی ئەو وڵاتە دا بۆچوونی سیاسی ئاشکرایان لەخۆ گرت. لەو وڵاتەدا جگە لە ئایینی ڕەسمی تاقمەکانی سۆفیگەری وەک قادرییە و نەقشبەندییە لە ڕوانگەی سیاسییەوە خاوەن گرینگایەتین. سۆفیگەری و ئایینی ڕەسمی لە ئەفغانستان دا پێکەوە ژیاون. بنەماڵە گەورەکانی سۆفیگەری وەک بنەماڵەی موجەدەدی سەرزنجیرەی نەقشبەندییە و بنەماڵەی گیلانی سەرزنجیرەی قادرییە بەتایبەت لەناو هۆزەکان دا لەباری سیاسییەوە خاوەن دزە بوونە. زانایانی ئایینی ئەفغان کە زۆربەیان لە مەدرەسەی عیلمییەی پیشاوەری پاکستان خوێندوویانە، لەژێر کاریگەری ئاڵ و گۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دا هەڵگری بۆچوونی نەریتی و مۆدێڕنیستی جۆراوجۆرن. زانایانی ئایینی لە رابردوودا زۆربەیان دەستیان دەسیاسەت دا نەبوو و بە شتێکی رەوا چاویان لە

دەسەڵاتی ئەمیرەکان دەکرد. بەڵام لە دەیەی ١٩٦٠ بەدواوە هەڵوێستێکی سیاسی ئاشکراتریان وەرگرت و بەتایبەت زانایانی شیعە کە لە رابردوودا هەردەم کەمایەتی بوون و خاوەنی دزەی سیاسی نەبوون پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران دا و داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەتەوە، هەڵوێستی سیاسی توندیان وەرگرت و حیزبی بزاڤی ئیسلامی ئەفغنستانیان پێکهێنا.

## ئایینزا و سیاسەت لە ئێراندا

روحانییەتی شیعە لەئێران دا لە چاخی سەفەوی بەدواوە وەک یەکێک لەگرووپە خاوەن دزە سەرەکییەکان هاتۆتە ژمار و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی تر خاوەن ستاتۆ و ماف و پارێزراوی کۆمەلایەتی بەرچاو بووە و هەر لەو ڕووەوە وێکچوویەکی زۆرتر هەیە لەگەڵ "ستاتۆ کۆمەڵایەتییەکان" بە واتای تایبەتی وشە لە ڕۆژئاوا دا. پاشاکانی ئێران بەو ساکارییەی دەیانتوانی دەست بخەنە ماف و دەسترۆیشتوییەکانی ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی یان بازرگانەکانی بازاڕ و دیوانسالاران، بەو شێوەیە نەیاندەتوانی دەست بخەنە کاروباری دەسترۆیشتوییەکانی پیاوانی ئایینی و زانایانی دینی. ڕەوایی دەسەڵاتی سیاسیش تاڕادەیەکی زۆر بەستراوەی ڕاکێشانی پشگیری پیاوانی ئایینی بوە. لەلایەنی تیۆرییەوە ڕیشەی دەسەڵاتی روحانییەتی شیعە دەبێ لە هزری ئیمامەت و غەیبەتی ئیمامی ئاخر و جێ نشینی گشتی زانایان لەسەردەمانی گەیبەت دا

بدۆزینەوە. هەڵبەت هزری غەیبەت و جێگر زۆرتر بەستێنی ڕەتکردنەوەی ڕەوایی حکوومەتی نادینی دەستەبەر دەکرد تا بەرەنگار بوونەوە چالاکانە لەهەمبەر ئەو دا.

لەچاخی سەفەوی دا لەچاو رۆژگارانی رابردوودا کە نێوان کەوتبووە ناو ئەمیرایەتی و ئیمامەت، بنەما قودسی و ئایینییەکانی دەسەڵاتی سیاسی چاک بۆوە و بۆ شرۆفە دەسەڵات کەڵک لە بیرۆکەی سیاسی شیعە سەبارەت بە ئیمامەت وەردەگیرا.[1] پاشاکانی سەفەوی خۆیان لە ئەهلی بەیت و خاوەن ڕەوایی ئایینی دەزانی. لەچاخی سەفەوییەکان دا پیاوانی ئایینی هاوپەیمانی سوڵتانەکان بوونە. برەو و باوبوون و بەڕەسمی بوونی ئایینزای شیعە لە ئێران دا قەرزداری کردەوەکانی شاکانی سەفەوی بوو. لەو چاخەدا زانایان و پیاوانی ئایینی ئامادە بوونێکی ئاشکرایان لە دەزگا دەوڵەتییەکان دا هەبوو. *سەدر* گرینگترین پۆستی ئایینی ئەو سەردەمە دەهاتە ژمار و شێخ الاسلام لە ژێرچاوەدێری ئەودا بوو. باڵادەستی فکری و ئایدۆلۆژیاکی روحانییەتی شیعە لەو سەردەمانەدا خەریکی بڵاوبوونەوە بوو. قەواعیدول ئەحکام نووسراوەی بەناوبانگی عەڵلامە حیللی وەک بنەمای سیستمی حقووقی دەهاتە ژمار. بەگشتی لە سەردەمانی سەفەوی دا دابران و گرژییەکی ئاشکرا لەنێوان زانایان و شاکان دا نەهاتە ئاراوە. لە باری بەستراوەی پیاوانی ئایینی بە حکوومەتەوە لەو سەردەمەدا دەکرێ

---

۱. آن لمبتون، *نظریه دولت در ایران*، ترجمه چنگیز پهلوان، تهران، کتاب آزاد، ۱۳۵۹.

پیاوانی ئایینی بە دوو پۆل دابەش کرێن: یەکەم ئەو پیاوە ئایینیانەی کە پۆستە ڕەسمیەکانی وەک قەزاوەت و پێش نوێژیان وەدەست دێنا و دووهەم ئەو پیاوە ئایینیانەی پۆستی دەوڵەتیان نەبوو و تەنیا بە بەخشش و ماڵیاتی ئایینی خەڵک بەتایبەت بازرگانەکان بەرێوە دەچوون و زۆرتر سەرقاڵی کاروباری فێرکاری بوون.[1] بەگشتی دەسەڵات و پوانە کۆمەڵایەتی، فکری و ئابوورییەکانی پیاوانی ئایینی و زانایان وەک ستاتۆیەکی تا ڕادەیەک سەربەخۆ لە سەردەمانی دەفەوی و قاجاردا بەرز بۆوە. لەئەستۆگرتنی مەوقووفەکان، قوتابخانە دینییەکان، مەحکەمە شەرعییەکان و هەندێ کاروباری دیوانی و ئۆفیسی یەکێک بوو لە فونکسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی پیاوانی ئایینی. ڕاگواستنی ناوەندە فێرکارییە دینییەکان بۆ عێراقی دوور لە دەستی دەوڵەتی ئێران لەچاخی قاجارییەدا سەربەخۆیی دەزگای ئایینی زێدەتر دەکرد، هەروەها گوورانی سازی ئیجتیهاد و تەقلید و باڵادەستی موجتەهیدانی ئوسولی بە سەر ئەخبارییون دا دەسەڵاتی زانایان و موجتەهیدانی لە سەردەمانی قاجاردا زێدە کرد. هەر لەو سەردەمەدا چالاکی فکری و نووسراوەکانی زانایان و موجتەهیدین هەڵکشانێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی و بووە هۆی بڵاوبوونەوەی فێقهی شیعە و هەراوتر بوونی باڵادەستی ئایدۆلۆژیاکی پیاوانی ئایینی. شاکانی قاجاریش روحانییەتی ڕەسمی خۆیان پێکهێنا و

---

۱. مریم میراحمدی، *دین و دولت در عصر صفوی*، امیرکبیر، ۱۳۶۹ و نیکی کدی، *ریشه‌های انقلاب ایران*، ترجمه عبدالرحیم گواهی، نشر قلم، ۱۳۶۹

بەو پیاوە ئایینییانـەی سـەربەوان بـوون نازنـاوی وەک سـەدرولعوولەما و سوڵتان وڵعوولەمایان دەدانێ. شێخوڵئیسلام و پـێش نـوێژی هـەر شـارێک دانراوی پاشا بوو. لەسەردەمانی فەتح عەلی شای قاجاردا لەنێوان زانایـان و پیاوانی ئایینی و پاشادا پەیوەنـدی گـەلێکی بـاش لـەئارادابوو. یـەک لـە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو پەیوەندییە باشانە، دەکارهێنانی دزەی پیاوانی ئایینی لەسەر ساو و ڕاکێشانی بیروڕای پاشا بوو بۆ بـەرگری لـە هـەراوتر بوونەوەی دزەی ڕوو لە گەشەی سۆفییە و سێخییە بـوو کـە وەک رکەبـەرە سـەرەکییەکانی پیـاوانی ئایینیدەهاتنـە ژمـار.[1] هەڵبـەت لـەچاخی قاجـاردا دزەی فکری و ئایدۆلۆژیاکی پیاوانی ئایینی لەناو کۆمەڵگادا بنچینەییتر لە دزەی سیاسـیان لـە حکوومـەت دابـوو و بـەهۆی هـەر ئـەو دزەیـە، دەسەڵاتدارەکانی قاجـار ناچـار بـوون بـەرێزەوە لەگـەڵ زانایـان و پیـاوانی ئایینی دا هەڵسوکەوت بکەن.[2]

لـەڕاستی دا بـە سـەرنجدان بـە لـەیازەکانی دەسـەڵات و زاڵبـوون و باڵادەسـتی ئایـدۆلۆژیاکی پیـاوانی ئـایینی دەبـێ وەک یـەکێک لـە پـاژە سەرەکییەکانی چینی دەسـەڵاتداری نـەریتی ئێـران بێنینـەژمار. لـەڕوانگـەی

---

١. عبدالهادی حایری، *نخستین رویاروییهای اندیشه گران ایران با دو رویه تمدن بورژوایی غرب*، امیرکبیر، ١٣٦٩، صص ٦٠– ٣٥٦.

٢. یحیی دولت آبادی، *تاریخ معاصر یا حیات یحیی*، چاپ دوم، انتشارات فردوسی و عطار، ١٣٦١.

ئایدۆلۆژیا و ڕەوایی سیاسییەوە، دەسەڵاتدارانی قاجار پێویستیان بە ڕاکێشانی بیروڕای زانایان هەبوو. هەندێ لە پیاوانی ئایینیش لە ڕووی تیۆرییەوە ڕەوایی پێویستیان بۆ پاشا دەستەبەر دەکرد. بۆ وێنە گۆرینەوەی نامەکانی میرزای قوومی موجتەهیدی گەورەی سەردەمانی فەتح عەلی شا کە بە خاوەن *قانوونکان* بە ناوبانگە لەگەڵ شادا بە ئاراستەی پەسەندکردنی سوڵتان و کردەوەکانی بەناوبانگە. میرزای قوومی تەنانەت لە نامیلکەی *ئیرشادنامە* دا پاساوی هێناوەتەوە بۆ هزری دەسەڵاتی دوو فاق و نەرەخسانی بواری دەست وێراگەیشتنی حکوومەت لەلایەن زانایان لە چازی غەیبەت دا و هەروەها چەمکی " ظل الله" و خوایی بوونی پۆستی پاسایەتی. هەڵبەت هەندێکی تری زانایان هەر لەو سەردەمەدا خاوەن بانگەشەی سیاسی بوون و جەختیان دەکردە سەر بیرۆکەی ئیمامەت و ویلایەت لە شیعەدا و پێیان وابوو سوڵتان دەبێ ئیزن لە موجتەهیدین بخوازێ. بۆ وێنە شێخ جەعفەر کاشفولغیتا گەورە موجتەهیدی سەردەمانی فەتح عەلی شا جەختی دەکردە سەر ئەو باوەڕە کە خاوەن پۆستی سەڵتەنەت دەبێ پێغەمبەر یان ئیمام یان زانایان لەلایەن ئیمامەوە دانرابێ. ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە سوڵتان دەبێ لە بەڕێوەبردنی کاروبار و دانانی کاربەدەستان دا ئیزن لە موجتەهیدین وەرگرێ هەتا نەیەتەڕیزی سوڵتانە زاڵمەکان. ناوبراو خۆی "ئیزنی دایە" فەتح عەلی شا لە شەر لە دژی ڕووسیە دا هەنگاو بنێ. بەو پێیە هەندێ لە مووجتەهیدین لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە سوڵتان دەتوانێ بە وەرگرتنی ئیزن لە زانایان ڕەوایی وەدەست بێنێ. بەپێچەوانەوە هەندێ لە وان جەختیان لەوە دەکردەوە کە ویلایەت و حکوومەت شیاوی سپاردن بە سوڵتان نییە و زانایان خۆیان

دەبێ دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست. شێخ مەحەمەد حەسەنی ساحەب جەواهێر، زانا و مووجتەهیدی سەردەمانی فەتح عەلی شا و نووسەری *جەواهێروڵکەلام* باوەڕی وابوو کە ئەو سوڵتانانەی بە بێ ڕەزامەندی ئیمام دەسەڵاتی سیاسی دەگرنە دەست، داگیرکەرن و لە بنەمادا پۆستی حکوومەت هی ئیمامە. لە سەردەمانی غەیبەتی ئیمام دا، ویلایەتی گشتی و ڕەها هی فەقێکانە و ناتوانن بە بێ ئیزن و ئیجازە، ویلایەت بدەنە دەست کەسانی ترەوە. هەندێکی تر لە مووجتەهیدین هزری ویلایەتیان بە شێوەیەک شرۆڤە دەکرد کە حکوومەتی لەخۆ نەدەگرت. بۆ وێنە شێخ مورتەزا ئەنساری کە بە پێی بۆچوونێک یەکەم مەرجەعی تەقلیدی یەکەی شیعەکان بوو، لە سەر بنەمای وەها شرۆڤەیەک دژی تێکەڵاو بوونی زانایانی ئایینی لە سیاسەت دا بوو. شێخ موورتەزا ئەنساری جەختی دەکردە سەر تەقییە لە سەردەمانی غەیبەت دا. بە باوەڕی ناوبراو حکوومەتی حەققە لە سەردەمانی غەیبەت دا ناگونجێ. بەو حاڵەش لە ڕوانگەی ناوبراوە وە زانایان بە پێچەوانەی ئەئیمەی حەق فەرمانڕەوایی سیاسییان نییە هەرچەندە سوڵتانەکان لە چاخی غەیبەت دا بێ ڕەوایی و حەققانییەتن و هەر لەو ڕووەوە هاریکاری زانایانی ئایینی لەگەڵ پاشاکان دا وەک تاوان دێتە ژمار. ئەو زانا ئایینیانەش کە دواترەکان ڕۆڵێکی چالاکیان لە بزووتنەوە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کۆتاییەکانی چاخی قاجاردا گێرا بە ڕێڕەوی لە شێخ ئەنساری باوەڕیان بە فەرمانڕەوایی سیاسی زانایانی ئایینی نەبوو. شێخ محەمەد حوسێنی نائینی لە کتێبی بەناوبانگی تنبیەالامە و تنزیەالملە دا تەنانەت تێکۆشانێکی تیۆریکی بەربڵاوی بۆ پاساوی حکوومەتی دێموکراسی و مەشرووتە لە چاخی غەیبەتدا ڕاناوە.

هەندێ لە زانا ئایینییەکانی سەردەمانی مەشرووتە وەک مەلا محەمەدی کازم ئاخوندی خوراسانی تێکۆشان بۆ هێنانە کایەی حکوومەتی مەشرووتەی وەک تێکۆشان لە ڕێگەی ئیمامی غایب دا چاولێ دەکرد.[١]

لەکردەوەدا پەیوەندی نێوان پاشاکانی قاجار و پیاوانی ئایینی بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕە سەرەکییەکانی ئەو چاخە پەیوەندییەکی چەسپاو نەبوو. بۆ وێنە محەمەد شا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ زانایانی ئایینی دا نەبوو و زۆرتر پشتگیری لە سۆفییە دەکرد. میرزا ئاغاسی سۆفی کە سەرۆک وەزیرانی محەمەدشا بوو ئۆگری وەستان و بڵاوکردنەوەی تەسەوف بوو و هەر ئەوەش بووە هۆی ناڕەزایەتی زانایان و مووجتەهیدەکان. محەمەدشا تێکۆشا لەڕێگەی سنووردارکردنی لێهاتووی مەحکەمە شەرعییەکانەوە دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی کەم کاتەوە. لە سەردەمانی فەتح عەلی شا دا ڕوودانی شەر لەنێوان ئێران و ڕووسیەدا و ڕۆڵی پیاوانی ئایینی لەو شەرانەدا و دەرکردنی فەرمانی جەهاد گرینگایەتی و دزەی سیاسی پیاوانی ئایینی بەرز کردەوە. بەڵام هەوڵ و تێکۆشانی دەسەڵاتدارانی قاجار بەتایبەت لە سەردەمانی ناسرەدین شا بە دواوە بۆ نوێژەن کردنەوەی ئێران بەشێوەی ڕۆژئاوا دژکردەوەگەلێکی نامساعدی لە ناو پیاوانی ئایینی دا وڕووژاند. یەکەمین ڕیفۆڕمگەلێک کە لەلایەن عەبباس میرزاوە لە تەورێز خرایە ڕوو، ناڕەزایەتی لەناو پیاوانی ئایینی دا پێک

١. حامد الگار، *دین و دولت در ایران*، ترجمه ابوالقاسم سری، انتشارات طوس، ١٣٦٥.

هێنا. مەلاعەلی کەنی زانای سەردەمی ناسرەدین شا نارەزای بوو سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی "وشەی دز بوو سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی "وشەی دزێوی ئازادی".[٢] یەکێک لە ئامانجەکانی ڕیفۆرمی ئەمیرکەبیر ئەوە بوو کە لەڕێگەی لاوازکردنی دەسەڵاتی مەحکەمە شەرعییەکان و بەرگرتن لە تازییە و چلە دزەی پیاوانی ئایینی کەم کاتەوە. لە سەردەمانی ریفحرمەکانی میرزا حوسێن خانی سپاسالاریش دا کەلێنی نێوان حکوومەت و ڕووحانییەت زیتر بۆوە. سەفەرەکانی شا بۆ دەرەوە و دانی پوان گەلێک بە دەرەکییەکان دژکردەوە گەلێکی نێگەتیڤی لەناو زانایانی ئایینی دا وڕووژاند. بەگشتی لە سەردەمانی ناسرەدین شا و پاش ئەویش پەیوەندییەکانی نێوان دەربار و زانایانی ئایینی بەرەوساردی چوو و بێ گومان بەربڵاوتر بوونەوەی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو ئاڵوگۆرە بوو. لە سەردەمانی موزەفەرەدین شاش دا پێویستی بەربڵاوبوونەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا و ڕیفۆرمە ئۆفیسییەکان، سەرۆک وەزیرانی وەک ئەمین و دەوڵە، ئەمین و سوڵتان و عەنیو دەوڵەی هێنایە سەر ئەو باوەڕە تا بەرگری بکەن لە دزەی پیاوانی ئایینی لە کاروباری سیاسی دا. لە کۆتاییەکانی چاخی قاجاردا لە دژکردەوە بە دزەی ڕوو لە گەشەی ژیاری مەسیحی ڕۆژئاوا و شکانەوە قاجارییە بۆ نۆژەن کردنەوە دا، جۆرە دژکردەوەیەکی شیعەیی – ئێرانی بۆ پارێزگاری لە نەریت و فەرهەنگ و

---

٢. فریون آدمیت، *اندیشه ترقی و حکومت قانون در عصر سپهسالار*، انتشارات خوارزمی، ١٣٥١.

ئابووری نەتەوەیی لەناو پیاوانی ئایینی دا سەرهەڵدا کە دواتر بەشێوازی جۆراوجۆر بوو بە یەکێک لە بۆچوونە سەرەکییە ئایدۆلۆژیاکەکان لە ئێران دا. لە چەندین بواردا بۆ وێنە لە بزووتنەوەی توتن دا لەهەمبەر حکوومەت دا دەسەڵاتیان نواند و تواناکانی خۆیان بۆ مۆبیلیزەکردنی خەڵک پێشانی پاشاکانی قاجار دا. چالاک بوونی سیاسی زانایان و پیاوانی ئایینی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە زۆرتر دەبێ وەک دەرئەنجامی هەڵوێستی دژکردەوەی سەرەتاییان لەهەمبەر دزەی ڕۆژئاوا دا بزانین نەک وەک دەرئەنجامی بیرۆکەی ئیمامەت و دژایەتی تیۆریک لەگەڵ دەسەڵاتی نادینی دا. زۆربەی زانایان و پیاوانی سەرەتاکانی سەردەمی قاجار جگە لە بیروڕا فەقیهی و ئایینییەکانیان سەبارەت بە سیاسەت بەکردەوە بزاوتێکیان نەبووە. بزاوتی بەکردەوەیان پێویستی بە پاڵنەرێک هەبوو و ئاڵوگۆڕەکانی دەرئەنجامی پەیوەندیەکانی ئێران و ڕۆژئاوا ئەو پاڵنەرەی دەستەبەر کرد. هەر ئەو پاڵنەرە ڕۆڵێکی بەرچاوی گێرا لە بەشداری کردنی هەندێ لە زانایان و پیاوانی ئایینی لە بزووتنەوەی شۆڕشی مەشرووتەدا. لاباڵێکی بەرچاوی زانایانی ئایینی لەگەڵ پەژراندنی هزری حکوومەتی قانوون و بەربەستەکان دەسەڵات و جیاکردنەوەی هێزەکان پشتگیریان لە مەشرووتە کرد.

پاش شۆڕشی مەشرووتە دەسەڵاتی سیاسی زانایانی ئایینی لە دەزگای حکوومەت دا تا ڕادەیەک لایەنی ڕەسمی بەخۆوە بینی و بەپێی قانوونی بنچینەیی لێژنەیەکی پێچ کەسی زانایان بەرپرسی پێداچوونەوە و پێکگرتنی قانوونکانی پاڕلمان لەگەڵ قانوونکانی شەرع دابوون. لەگەڵ

هەمووی ئەوانەش دا پاش سەرکەوتنی سەرەتایی بزووتنەوەی مەشرووتە سەبارەت بە سروشت و ئاراستە و ئامانجی سەرەکی شۆڕش شک و گومان گەلێک لای پیاوانی ئایینی دروست بوو. بەتایبەت پارلمانتاریزم و قانووندانان و کێشەی پەیوەندی قانوونی مەوزوعە لەگەڵ قانوونی شەرع دا، هەندێ مشت و مر و گێرە و کێشەی لێکەوتەوە. بەکردەوە لێژنەی پێج کەسی پێک نەهات و لەگەڵ بەربڵاوبوونەوەی دژەی گرووپە ڕووناکبیرییەکان و بەگۆڕ بوونی ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی ئێران، دژەی پیاوانی ئایینیش لە کزێی دا.

لە سەردەمانی ڕەزاشا دا و لە ئاکامی مۆدێرنیزاسیۆنی ئێران بە شێوازی ڕۆژئاوا خەسارگەلێک کەوتە بەر پێگەی کۆمەڵایەتی و دژەی سیاسی پیاوانی ئایینی. لە بەر نووسینەوەی قانوونکانی ڕۆژئاوا لە بوارە جیاجیاکان دا بۆوە هۆی کەم بوونەوەی ڕۆڵ و گرینگایەتی شەرعی ئیسلام لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا. هەروەها تێکۆشان لە بابەت کەشفی حیجابی ژنان و گۆڕینی جل وبەرگی پیاوان زیانی دەگەیاندە ئەو کولتوورەی پیاوانی ئایینی پارێزگاریان لێدەکرد. دامەزراندنی مەحکەمە عورفییەکان و ڕێکخراوی دادپەروەری لە ساڵی ١٣٠٥ بەو لاوە بووە هۆی ئەوە زۆریەک لە پۆستە حقوقی و قەزاییەکان لە دەست پیاوانی ئایینی بێتەدەرێ. هەروەها ڕیفۆرمە فێرکاریەکان و دانانی ڕێوشوێن و سیستمی قوتابخانە نوێیەکان و دانەوەی دەرسی نوێ زیانی دەگەیاندە ڕۆڵی فێرکاری زانایانی ئایینیش. لەئاکام دا سیستمی کۆنی فێرکاری کە لە سەر بنەمای فێرکارییە دینییەکان ڕاوەستا بوو دایە کزێی و حەوزە دینییەکان گرینگایەتی پێشوویان نەما.

لەگەڵ ئەوەش دا بەربڵاوبوونەوەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی داشکانەوە بەلای زامانی فارسی و سەربردەی ئێرانی بەر لە ئیسلام و ئاورنەدانەوە لە ئایینزا و ڕێورەسمە دینییەکان باڵادەستی فەرهەنگی و ئایدۆلۆژیاکی ڕووحانییەتی لاواز دەکرد. هەروەها لە ساڵی ١٣١٥دا حکوومەتی ڕەزاشا بەڕێوەبەرایەتی هەندێ لە مڵکە بەخشراوەکانی گرتە ئەستۆ. لە دەوڵەتی ڕەزاشا دا کە پێکهاتبوو لە سپاییەکان و هەندێ ڕووناکبیری لایرنگری ڕۆژئاوا، بێ گومان جێگەی پیاوانی ئایینی و زانایانی ئایینی نەدەبۆوە.

لەساڵەکانی ٣٢ – ١٣٢٠ هەتاوی دا هاوکات لەگەڵ هەرەسهێنانی دەوڵەتی ڕەزاشادا هێزە کۆمەڵایەتی – سیاسییە سەرکوتکراوەکان و یەک لەوان پیاوانی ئایینی ڕزگار بوون و بەشێکی لەدەست چووی دزەی خۆیان دووبارە وەدەست هێنایەوە. ئەو دزەیە لەسەر دەمانی حکوومەتی بەرەی نەتەوەیی دوکتور موسەدیق دا کە هاوپەیمانییەک بوو لە حیزبە سەرەکییەکانی چینە مام ناوەندییە نوێ و کۆنەکان بە بۆچوونی ئایینی و نائایینی، بەربڵاوتر بوو. بەڵام زۆری نەخایاند کە بە هۆکاری جۆراوجۆر لەنێوان روناکبیران و هێزە روحانی و بازاڕییەکانی ناو بزووتنەوەی نەتەوەیی ئێران دا کەلەبر پێکهات و لەئاکام دا ئایەتوڵڵا کاشانی و حیزبی موجاهیدینی ئیسلام لە بەرەی نەتەوەیی دابران.

لە دەیەی ١٣٣٠هەتاوی دا بەگشتی پیاوانی ئایینی مەیلی سیاسی چالاکانەیان نەبوو. لەو سەردەمەدا زانا هەڵکەوتەکانی وەک ئایەتوڵڵا بروجێردی، ئایەتوڵڵا شارستانی و ئایەتوڵڵا بێهبەهانی نەچوونە ناو

گۆڕەپانی سیاسەتەوە. لەلایەکی ترەوە هەندێکی وەک ئایەتۆڵلا خانساری، مەحەللاتی و شاڕوودی پشتگیریان دەکرد لە تێکۆشانی کاشانی لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەی نەتەوە. بەهەرحاڵ لەو سەردەم دا پیاوانی ئایینی نەک لە ڕوانگەی فێقهی شیعەوە بەڵکووو لە ڕوانگەی کێشەگەلێکی وەک ناسیۆنالیزم و پێداویستی بەڕێوەچوونی قانوونی بنچینەیی مەشرووتە دەیان روانییە ژیانی سیاسی. پاش کودەتای ساڵی ١٣٣٢ هەتا ساڵی ١٣٤٢ هیچ چەشنە کەلەبر و ناکۆکییەک نەکەوتە نێوان دەربار و روحانییەتەوە. بەڵام ژێر پێ نانی قانوونی بنچینەیی و بەگۆڕ بوونی ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن بەشێوەی ڕۆژئاوا لەلایەن دەربارەوە لە ساڵی ١٣٤٢ بەولاوە دژکردەوەی نێگەتیڤی لەناو باشێک لە روحانییەت دا وڕووژاند و لەئاکام دا لەنێوان دەوڵەت و ئایینزا دا کەلێن هاتە ئاراوە کە یەکێک لە بوارە سەرەکییەکانی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ی پێکهێنا. پاش شۆڕشی ئیسلامی بەشگەلێک لە زانایان و پیاوانی ئایینی ڕێکخستن و پێکهێنانی زۆرتر و بەربڵاوتریان پێکهێنا و حکوومەتیان بەدەستەوە گرت. لەگەڵ خستنە ڕووی هزری ویلایەتی فەقێ و چەسپاندنی وەک یەکێک لە کۆڵەکەکانی قانوونی بنچینەیی نوێ ڕێکخراوی دەوڵەت تایبەتمەندییەکی ڕوونی ئایینی بەخۆوە گرت. کاکڵی سەرەکی روحانییەتی سیاسی دەسەڵاتدار پاش شۆڕشی ئیسلامی پێک دەهات لە قوتابیان و ڕێرەوانی ئیمام خومێنی کە ماوەیەک لەناو حیزبی جمهووری ئیسلامی دا ڕێکخرا بوون. حیزب لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دەسەڵات لەلایەن خواوەیە و سەرجەمی قانوونکانی وڵاتیش دەبێ لەسەر بنەمای شەریعەتی بن. لەلایەنی حقوقیشەوە بەپێی قانوونی بنچیەیی کۆماری ئیسلامی پۆستە

سەرەکییەکانی ڕێبەری سیاسی کەوتە دەستی زانایانی ئیسلام. بەپێی ئەو قانوونییە ویلایەتی ئەمر یان ڕێبەرایەتی دەکەوێتە ئەستۆی "زانایەکی عادڵ و بە تەقوا و خاوەن لێوەشاوەیی زانستی پێویست بۆ ئیفتاء". وەلی فەقیٚ فەرمانرەوایە بەسەر هەر سێک هێزە حکوومەتییەکە. هەروەها بەرپرسایەتی هێزی قەزایش دەدرێتە دەست " موجتەهیدێکی دادپەروەر". بەرپرسی دیوانی سەرووی وڵاتیش دەبیٚ "موجتەهیدێکی دادپەروەر" بیٚ. لەگەڵ ئەوەش دا ئەندامانی شوورای نیگەهبان کە چاودێرن بەسەر ئەو بڕیارانەی لە پاڕلمان دەردەکرێن تا دژی شەرعی ئیسلام نەبن، دەبیٚ شەش کەس لە "فەقیٚ زاناکان" بن و هەر ئەو زانایانە بەرپرسی چاوەدێری بەسەر بڕیارەکانی پاڕلمان دا تا لە دژی شەرعی ئیسلام نەبن. بەپێی ئەسڵی ٩٣ "پاڕلمانی شوورای ئیسلامی بە بیٚ بوونی شوورای نیگەهبان ئۆرتی قانوونیی نییە." لەگەڵ ئەوەش دا چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری و هەڵبژاردنەکانی پاڕلمانیش یەک لە دەسترۆیشتویەکانی شوورای نیگەهبانە. هەروەها بەپێی بڕیارەکان ئەندامانی مەجلیسی خووبرەگان کە بەرپرسایەتی دیاریکردنی تاکەکانی خاوەن لێهاتوویی و لێوەشاوەیی بۆ ویلایەت و ڕێبەریان لە ئەستۆیە دەبیٚ ئاشنایەتییەکی تەواویان لەگەڵ بنەماکانی فێقە و ئیجتهاد و زانستە دینییەکان دا هەبیٚ.

لەڕێکخراوە سەرەکییەکانی پیاوانی ئایینی پاش شۆڕشی ئیسلامی دەبیٚ باس لە (کۆمەڵەی مامۆستایانی حەوزەی عیلمییەی قوم) و (کۆمەڵەی روحانییەتی خەباتگێر) بکەین. کۆمەڵەی مامۆستایانی حەوزەی عیلمییەی قوم یەکێک بووە لە گرووپەکانی خاوەن دزەی پاش شۆڕشی ئیسلامی و

ئەندامانی لە شورای شۆڕش، مەجلیسی خوبرەگانی قانوونی بنچینەیی، شوورای نیگەهبان، مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری و هێزی قەزایی دا ڕۆڵیان گێراوە و ئامادە بوون. کۆمەڵەی مامۆستایان لەلایەن فیقهییەوە کۆنسێرڤات و دژی نوێ بوونەوەی فێقهن و لەلایەنی سیاسەتی ئابووریشەوە لایەنگری بازاڕی ئازاد بە واتا نەریتییەکەین و دژی دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووری دا بوونە. لەنێوان کۆمەڵەی مامۆستایان و کۆمەڵەی روحانییەتی تاران دا کە یەکێکی ترە لە گرووپە خاوەن دزەکان، پەیوەندییەکی نزیک لەئارا دابووە. یەکێکی تر لە گرووپە ئایینییە خاوەن دزەکانی پاش شۆڕش گرووپی حووججەتییە بووە کە پشتگیری کردووە لە دەستێوەرنەدانی ڕاستەوخۆی پیاوانی ئایینی لە سیاسەت دا و هەروەها سیاسەتی ئابووری بازاڕی ئازاد. بەپێی هەڵسەنگاندنێک لەئێرانی پاش شۆڕش دا ژمارەی پیاوانی ئایینی ۱۵۰۰۰۰ و ژمارەی قوتابیانی زانستە دینییەکان ۳۳۰۰۰ کەس بووە.[1] ئەو ڕێژەیە خاوەن لێوەشاوەی وەدەست خستنی گرینگترین پۆستە حکوومەتییەکان لە کۆماری ئیسلامی دان.

---

1. G. Delury (ed), *World Encyclopedia of Political Systems and Parties.* 2 vols. (New York, 1987) vol. I. pp. 529-530.

# ٨

# ڕووناکبیران و سیاسەت

## سروشت و ئۆگرییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕووناکبیران

وشـەی ڕوونـاکبیران زۆربـەی کـات بـۆ وەسف کردنـی ئـەو کەسـانە دەکـاردێ کـە زۆرتـر دەپرژێنـە سـەر کـاری فکـری. لـەهەنـدێ وڵاتـیش دا ڕووناکبیر واتایەکی شاراوەی داهێنـەر و ڕەخنـەگریش لـەخۆ دەگرێ. بـەو حاڵـەش نـاکرێ واتایـەکی یەکـەی ڕوونـاکبیران بخرێتـە ڕوو. نووسـەرێـک شێسـت واتـای جیاجیـای لـە ڕوونـاکبیران تـاوتوێکردووە.[١] ئـەو واتایانـە دەکرێ دابەش کەینە سەر سێ پۆلی سـەرەکی: لـە پـۆلی یەکـەم دا بەگشـتی ڕووناکبیران ئەو کەسانەن کە لـە ئافرانـدن و پاڕاستنی بایەخـە نـەهایی و نەگۆڕەکان لە بـواری ڕاستی، جـوانی و دادپـەروەری دا ڕۆڵیـان هەیـە. لـە پـۆلی دووهـەمی واتاکـان دا، ڕوونـاکبیران جارجییـانی بیروڕاکـان،

---

1. J. szezepanski. *Intellectyals in Contemporary Societies.* (Stanford, 1961).

بنیاتدانەرانی ئایدۆلۆژیایەکان و ڕەخنەگرانی دۆخی هەنووکەیی دێنەژمار. لە پۆلی سێهەم دا لەڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە روناکبیران وەک توێژێکی کۆمەلایەتی سەیر دەکرێن کە ڕۆڵیان گێراوە لە پەرەسەندن و پێشکەوتنی کولتووری کۆمەڵگادا. ڕووناکبیران بەگشتی وەک "زەینی" کۆمەڵگا بیهەوێ یان نەیهەوێ لەگەڵ دارشتەی دەسەلاتی سیاسی دا تووشی تیکهەڵچوون دەبێ و زۆربەی کات لەنێوان ئەو دووەدا گرژی دێتە ئاراوە. زەین و هزر بەدەگمەن ئاوێتەی دەسەلاتی سیاسی دەبن. دەسەلات ناتوانێ لە درێژخایەن دا نوێنەری هزری ئازاد بێ و کاتێکیش زەین و هزر رێرەوی دەسەلاتی سیاسی بن واتای خۆیان لەدەست دەدەن. ڕووناکبیر کەسێکە کە "بۆ هزر و فکر دەژی. ئۆگری ئەو بە ژیانی فکرییەوە زۆر وەک ئۆگری ئایینی دەچێ".[1]

بەگشتی ڕووناکبیران بەپێی بۆچوونە جیاجیاکان کەسانێکن کە لە چوارچێوە نەریتیەکان لە هەر بوارێک دا تێ دەپەرن، بایەخ گەلی نوێ پێکدێنن و یان جلکێکی نوێ دەکەنە بەر بایەخە کۆنەکان، دەزگای فکری نوێ بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان دەخەنە ڕوو، بەکەڵک وەرگرتن لە هزر و دەسەلاتی ڕەخنەگرانەوە دەپرژێنە سەر چارەسەری کێشە و پرسە کردەوەییەکان، فەلسەفەی نوێ بۆ ژیان دەئافرێنن، ڕەخنەی دۆخی هەنووکەیی کۆمەلایەتی و سیاسی دەکەن و بەکورتی لە چوارچێوە باوەکان هزر، فەرهەنگ، زانست و هونەر دەچنەدەر.

---

1. R. Hofstadter, *Anti-Intellectualism in American Life*, (New York, 1964), p. 27.

ڕووناکبیران چوونکە دۆخی هەنووکەیی دەدەنە بەر ڕەخنە، وەک "چەپخواز" چاولێدەکرێن. ریمۆن ئارۆن لە کتێبی *سرکەری ڕووناکبیران* دا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕووناکبیری جەخت کردنە لەسەر ئامانجە پێشکەوتووکان، ئازادی و بەرامبەری لە جێگەی ئایین، دەسەڵات و بنەماڵە.[2]

بەگشتی گرینگترین تایبەتمەندی گەلێک کە بۆ ڕووناکبیران لە واتا و تێگەیشتنە جۆراوجۆرەکان دا خراونە ڕوو بریتین لە: ئافراندنی هزرە نوێیەکان، تێ پەرکردنی نەریت و چوارچێوە باوەکان هزر، ئۆگری بەرژەوەندی گشتی، ئەنجام دانی کاری فکری بەشێوەیەکی بەردەوام و وەک کاری سەرەکی (لەهەمبەر کاری لەشی دا)، ڕەخنەی دۆخی هەنووکەیی سیاسی – کۆمەڵایەتی، نەبەستراوەیی بە ئۆگرییە چینایەتییە تایبەتەکان، پرژانە سەر ئایدۆلۆژیایە سیاسییەکان، ڕانانی "شێوەکانی ژیانی" نوێ، بیر کردنەوە و تێفکرین لە بابەتەکانی کۆمەڵگا و سیاسەت و کولتوور، زانیاری لەسەر کێشە و گرژییەکانی کۆمەڵگا لەسەر دەسەڵاتی سیاسی، ئافراندن و ڕاگواستنی فەرهەنگ، ئافراندنی بیرۆکە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندی لەگەڵ لایەنی زەینی ژیانی کۆمەڵایەتی لە هەمبەر لایەنی عەینی و بەرهەم هێنەرییەکەی، ڕانانی سەمبۆلیکی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی چینە دەسەڵاتدارەکان یان نادەسەڵاتدارەکان، لاکردنەوە لەنەریتە باوەکان،

2. R. Aron, *The Opium of the Intellectuals.* (London, 1957), p. 5.

ڕێنــوێنی کۆمــەڵگا بــەرەو لای ویســت و ئــۆگری و ئامانجــە راسیســەکان لەهەمبەر ئۆگرییە رۆژانە و دەم کورتــەکان دا، نارەزایــەتی لەهەمبــەر هــەر دۆخێکی هەنووکــەیی، ناسینی کێشــە و گرژییــە ســەرەکییەکانی کۆمــەلگا و دۆزینەوەی چارەسەری و پێش بینی ڕەوتی دوارۆژ، دووبــارە بیرکردنــەوە و نــویێ بیرکردنــەوە، ئــۆگری کێشــە ئابســترە و گشــتییەکان، دەردناســی کۆمەڵایەتی لەهەمبەر "بیرمەندی" بە واتــا نەریتییەکــەی و رەش بــین و بــێ ئۆرت سەبارەت بە خاوەن دەسەڵاتەکان.[١]

بــەپێی ئــەو واتایانــەی باســیان لێــوەکرا، ڕوونــاکبیر لەگــەڵ ئــەو بیرمەندەی کە تەنیا خــەریکی کۆکدنــەوەی زانیارییــە جیــاوازی هەیــە. هــەر وەک فیختە دەیوت:" زانیاری ڕووناکبیر دەبێ بۆ کەڵک وەرگرتنــی کۆمــەڵگا بەکار بێ. ڕووناکبیر دەبێ خــەڵک لەگــەڵ پێداویســتییە ڕاستەقینەکانیان و کەرەسەی گەیشتن بــەو پێداویســتییانەیان ئاشــناکا."[٢] هەرچەنــدە لەوانەیــە ررنــاکبیران بەشــێوەیەکی ئــەکتیف لــەدژی دۆخــی هەنووکــەیی نــارەزایی دەرنەبرن، بەڵام بەپێی پێداویستی کاری فکری خۆی دۆخــی هەنووکــەیی لــە

---

١. وەها تایبەتمەندیگــەلێک لــە واتــای نووســەرە جیاجیاکــان و لــە ناویشیان دا: ئێدوارد شیلێر، ریمۆن ئارۆن، ساتر، کارڵ مانهایم، ئانتۆنیۆ گرامشی، نیکۆلاس پۆلانزاس و هتد خراوەتە روو. یەکێک لە گرنگترین کتێبەکان لەو بارەوە ئەو کتێبەی خوارەوەیە:

E. Shils, *The Intellectual Between Tradition and Modernity.* (The Hague, 1961).

2. R. Michels, “Intellectuals”, *Encyclopedia of Social Sciences*, p. 118.

پێکگرتن لەگەڵ بارودۆخی فانتێزی باشتردا ناخۆش دەبینێ و خوازیاری ئاستێک لە ئاڵوگۆڕە. بە واتایەکی تر ڕووناکبیر بەردەوام دۆخی هەنووکەیی لەگەڵ دۆخێکی تردا بەپێی بنەما ئابسترەکان کە لە مێشکی خۆی دا ڕێکدەخا پێک دەگرێ و پێک گرتنیش هەردەم سەرچاوەی نارەزایەتییە.

لە بواری مێژووییەوە دەبێ بڵێین کە ڕووناکبیران بەرهەمی سەرهەڵدانی ئەو فەلسەفانەن کە بەشک و گومانەوە دەروانننە بیروباوەڕە نەریتییەکان. بەو واتایە لە مێژووی ئورووپادا ئۆمانیستەکان وەک یەکەمین گرووپی ڕووناکبیران دێنەژمار. لەچاخی ڕێنسانس دا واتا راسیۆمالیزم و رۆشنگەری، کۆمەڵگای ڕووناکبیری لە ئورووپادا بەربڵاوبۆوە. جیابوونەوەی ڕوو لە گەشەی ئۆگرییە دینییەکان لە ئۆگرییە دنیایی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و یان بزووتنەوەی سێکیولاریزم خۆی تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەم و دەرئەنجامی چالاکی فکری ڕووناکبیران بوو. لەو سەردەمانەدا ڕووناکبیران خەریکی تێکروخانی بنەماکانی کۆمەڵگای نەریتی و پێکهێنانی پلان و بنەمایەکی نوێوە بوون. بەپێی ئەو سەربردەیە چەمکی ڕووناکبیری لەگەڵ پێگەیشتن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و یۆتۆپیاخوازی دا ئاوێتە بووە. هەر لەو ڕووەوە ژۆزێڤ شومپیتێر لە کتێبی *کاپیتالیزم، سۆسیالیزم و دێموکراسی دا* "نەبوونی بەرپرسایەتییەکی

ڕاستەوخۆ لە کاروباردا و نەبوونی زانیاری وەک دەرئەنجامی ئەزموونی" وەک تایبەتمەندی گشتی ڕووناکبیران خستۆتە ڕوو.[1]

بەگشتی ڕووناکبیران لە ڕۆژئاوادا دەرئەنجامی ڕەوتی سێکیولاریزم و بززوتنەوەی ئۆمانیزم و لیبڕاڵیزم بوون و دەکرێ بڵێین کە یەکەم جار لە شۆڕشی فەرانسەدا تێکۆشان هزرەکانیان بێنە ناو دنیای ڕاستییەکانەوە. گرینگترین تایبەتمەندی فکری روناکبیرانی ئوڕووپا ئاوەزخوازی بوو. لە سۆنگەی وەها ئاراستەیەک دابوو کە روناکبیران دۆخی هەنووکەیی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان ڕەخنە دەکرد. ئامانجە ڕووناکبیرییەکان سەرەتا لە لیبڕاڵیزم، راسیۆنالیزم و سۆسیالیزم دا رەنگی دایەوە. بێ گومان ڕەخنە گرتن لە کۆمەڵگای باو لە ڕوانگەی راسیۆنالیستیەوە روناکبیران و دەسەڵاتداران و گرووپەکانی دەسەڵاتداری دەخستە بەر یەک. تایبەتمەندی سەرەکی روناکبیرانی سەرەتایی لە ئوڕووپادا پێداهاتنەوە بە سازی و پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ڕوانگەی ئاوەزخوازییەوە بوو. هەندێ لە روناکبیرانی وەک ولْتێر تێکۆشان شوێن لەسەر پاشاکانی سەردەم دانێن و لەڕێگەی ئەوانەوە ئامانجەکانیان بێننە دیی. هەروەها تێکۆشانی هەندێ ڕووناکبیری فەرانسە بۆ هاندانی کاترینی گەورەی سۆڤیەت بۆ ڕیفۆڕم و نوێژەن بوونەوە شیاوی باسکردنن. ئاوەزخوازی و ئامانج خوازی روناکبیرانی چاخی شۆڕشی فەرانسە و

1. J. Schumpeter, *Capitalism, Socialism and Democracy.* (New York, 1950), p. 147.

ڕەخنــەی پێکهاتــەە داوەشــاوە هەنووکەییــەکان دەبــری نــواڕینی چینێکــی بــوورژوازی بــوو کــە دەیویســت کــە ڕێگــەی دوبــارە بەرهــەم هێنانــەوەی پەیوەندییــەکانی بەرهــەم هێنــان و پێکهاتــەکــان و شــێوەکانی زانیــاری، جیهــانی کۆمەڵایــەتی و سیاســی هەنووکــەیی تێــک روخێــنن. رونــاکبیرانی سەدەی هەژدەهــەم لــە ئوڕووپــا لــە ڕاســتی دا وتــەبێژی بــوورژوازی بــوون. ئامانجەکانی ڕووناکبیران واتا ئازادی، بەرامبەری ماف، ڕیفۆڕمی ئابووری و مــاڵی، ناســیۆنالیزم و ســێکیولاریزم لــە ڕاســتی دا هــەمان ئامانجــەکانی بوورژوازی ئوڕووپا بوون. بەو واتایە روناکبیرانی ئەو چاخە وەک هێزێکی سیاسی سەربەخۆ و جیاواز نەدەهاتنە ژماردن. بەگشتی گرینگترین رایــەلی بەســتراوەی گڕووپــە ڕووناکبیرییــەکان و چینــە کۆمەڵایەتییــەکان دەبــێ لــە ئۆگرییــە فکــری و ئامانجــە تیۆرییــەکان دا بدۆزینــەوە. هاوکــات لەگــەڵ سەقامگیربوونی سیستمی کاپیتالیستی و باڵادەستی بوورژوازی و هاتنــە دی زۆریەک لە ئامانجەکانی رونــاکبیرانی ئوڕووپــا لــە چــاخی نــوێ دا، ڕۆڵــی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە فۆنکسیۆنەکانی ڕوونــاکبیری دا دابــەزینێکی هەست پێکــراوی بــەخۆوە بینــی. گڕووپــە دەســەڵاتدارەکانی چــاخی کاپیتــالیزم روناکبیر یان وتەبێژی فکری خۆیــان پێگەیانــد. بەرپرســان و بەرێوەبــەرانی ئەو زانستانەی کە وەک پێویستی گەشە سیستمی کاپیتالیستی بوون وەک روناکبیرانی سیستمی سەقامگرتوو دەرکەوتن. لەهەمبەردا لــە کۆتاییــەکانی ســـەدەی نۆزدەهـــەم بـــە دواوە بزووتنەوەیـــەکی ڕوونـــاکبیری نـــوێ لـــە چوارچێــوەی بزووتنــەوەی سۆســیالیزم و دژایــەتی لەگــەڵ کاپیتــالیزم دا دەرکەوت. ئەتمۆسفێری فکری روناکبیرانی سەدەی بیستەم لــە گشت جــێ دا لــەژێر کاریگــەری ئــەو بزووتنەوەیــە دا بــووە. دادپــەروەری کۆمەڵایــەتی،

سۆسیالیزم و دژایەتی لەگەڵ کاپیتالیزم لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕووناکبیری سەدەی بیستەم بووە.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە پەیوەندی نێوان روناکبیران و چینە کۆمەڵایەتییەکان پێک هەڵپرژانێکی بەربڵاوی وڕووژاند. بە سەرنجدان بەوە کە روناکبیران ڕۆڵ و پێگەیەکی ڕوون و دیاریان کەژیانی ئابووری کۆمەڵگادا نییە، بێ گومان ناتوانین ئەوان وەک چینێک لە چینەکانی کۆمەلگا بە واتا ئابوورییەکەی لەبەر چاو بگرین. هەڵبەت سەرچاوە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی روناکبیران دەناسرێن، بەڵام ناکرێ بڵێن کە پێویستە سەرچاوەی چینایەتی لەگەڵ زانیاری چینایەتی دا بەردەوام بەستراوەی یەکتر بن. روناکبیران لەگشت کۆمەڵگاکان دا خاوەن ستاتۆیەکی کۆمەڵایەتی ناهمگن و نامتجانس. سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ستاتۆی ڕووناکبیری و جینە کۆمەڵایەتییەکان دا جیاوازی بیروڕا گەلێکە.

مارکس لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کاپیتالیزم سەربەخۆیی روناکبیران لەناو دەبا و دەیانخاتە دۆخێکی وەک دۆخی پرۆلیتاریا. بەباوەڕی مارکس "بوورژوازی پەچەی ڕێز لەسەر هەرکام لەو کارانەی کە تا هەنووکە جیی ڕێزبوون، لاداوە و پزشک، مافناس، روحانی، شاعیر و بیرمەندی کردۆتە کرێکاری حەقدست گر".[1]

1. Marx and Engels, *Selected Works*, vol. I. p. 36.

بەوحاڵەش کۆمەڵناسانی مارکسیست لە نرخاندنی ڕۆڵ و جێگەی کۆمەڵایەتی روناکبیراندا تووشی پشێوی فکری هاتوون. لە نووسراوەکانیان دا لەلایەک ویکچوویی نێوان پێگەی کۆمەڵایەتی روناکبیران و پرۆلیتاریا جەختی لەسەر کراوە چوونکە هەر دو دەبێ کارەکەیان بفرۆشن بەڵام لەلایەکی ترەوە بە گومانەوە دەروانننە روناکبیران چوونکە زۆربەیان بەپێی پێگەی چینایەتیان ناجوڵێنەوە. کارڵ کائۆتێسکی روناکبیرانی پێ "چینێکی هەڵکەوتە" بوو چوونکە بەباوەڕی کائۆتێسکی روناکبیران پوانگەلێکی فێرکارییان لەبەردەست دابوو، کە بۆ هەموو کەس نەدەرەخسان. لەسەر یەک مارکسیستەکان سەرهەڵدانی روناکبیران وەک دەرئەنجامی گوورانی کۆمەڵگا چینایەتی و جیابوونەوەی کاری فکری لە کاری لەشی دەزانن. لێنین روناکبیرانی بەپێی ئۆگرییە چینایەتییەکانیان دابەش دەکردە سەر روناکبیرانی بوورژوازی و روناکبیرانی پرۆلیتاریایی.[1] لەلایەکی ترەوە ماکس ئادلێر، مارکسیستی قوتابخانەی ئۆتریش لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە چارەنووسی روناکبیران وەک لایەنگرانی زانست و هزر دواجار تەقڵ بوونە بە بزووتنەوەی سۆسیالیزم. بەباوەڕی ئادلێر روناکبیران بەپێی ئۆگری و پێگەی ئابووری و چینایەتی و فکری خۆی ناتوانن داکۆکی کەری بەردەوامی کاپیتالیزم بن. لەلایەکیترەوە پێلخانۆڤ بیرمەندی مارکسیستی ڕووسی هەڵیدەکوتایە سەر "ئەریستۆکراسی ڕووناکبیری" و روناکبیرانی بە لایەنگری "قارەمان پەرەستی" لەمێژوودا

1. Lenin, *Clooected Works*. vol. 2. p. 266.

دەزانــی.[2] ســەرجەمی ئــەو سۆسیالیســتانەی لایــەنگری "سۆســیالیزمی بــێ ڕێبەرایەتی" و بزاڤی خۆرسکی جەماوەر بوون رەش بین بوون سەبارەت بـە رونــاکبیران. لــەمێژووی سۆســیال دیموکراســی روســییەدا دژایــەتی لەگــەڵ روناکبیران بە "ماخاویزم" (Makhaevism) ناسراوە کە لە ناوی ماخاوێسکی (J. Machajski) وەرگیـرا بـوو، چوونکـە ماخاوێسکی ڕێبـەری بزووتنـەوەی سۆسیال دیموکراسی لەهێستان باوەڕی وابـوو کـە لـە نێوان رونـاکبیران و چینی کرێکاردا هیچ چەشنە پەیوەندییـەک لـەئارادا نییـە. لەلایـەکی تـرەوە لێنینیسـت و مارکسیسـتە ئۆرتۆدۆکسـەکان بۆچـوونی ماخاوێسـتیان وەک بۆچوونێکی منداڵانە و مەترسیدار بـە تونـدی ڕەخنـە دەکـرد. بەتایبـەت لـە سەردەمانی ستالین دا ماخاویزم و دژایـەتی لەگـەڵ "رونـاکبیران"دا قەدەغـە کرا.[3]

باســی زانســتی ســەبارەت بــە پەیوەنــدی رونــاکبیران و ئۆگرییــە چینایەتییـەکان باسـێکی دژوارتـرە و هـەروەها کـەمتر دەدیتـرێ. هـەروەک پێشـتریش ئامـاژەی پـێ درا، وەک یەکـەم بیرمەنـدانێ کـە وەهـا باسـێکیان خسـتە ڕوو، ئانتۆنیوگرامشــی بیرمەنــدی مارکسیســتی ئیتالیــایی بــوو. پرسیارێکی گرامشی خستییە ڕوو ئەوە بوو کە داخوا رونـاکبیران گرووپێکـی سەربەخۆن و یـان هـەر چینێکـی کۆمەڵایـەتی خـاوەن گرووپـی رونـاکبیرانی

---

2. G. Plekhanov. *Selected Philosophical Works.* vol. I, (Moscow, 1961), p. 823.

3. Stalin, *Problems of Leninism,* Moscow, 1947, p. 545.

تایبەت بەخۆیەتی. بەباوەڕی گرامشی وڵام دانەوەی وەها پرسیارێک بەهۆی بوونی جۆرە جیاجیاکانی روناکبیران لە درێژەی مێژوودا زۆر تێکچنراوە بەڵام دەکرێ دوو جۆری بەرچاوی روناکبیران دەست نیشان کەین. یەکەم ئەوە کە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بەپێی پێگەی خۆی لە دارِشتەی بەرهەم هێنانی ئابووری کۆمەڵگادا یەک یان چەند گرووپ لە روناکبیرانی "ئۆرگانیکی" خۆی دێنێتە دیی. رۆڵی وەها گرووپێک سازدانی همگنی و زانیاری هاوبەشە لەناو ئەو چینەدا. بۆ وێنە تێکنۆکراتەکان، حیسابداران و مافناسان روناکبیرانی چینی کاپیتالیستی نوێن. دووهەم ئەوە کە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی پاش سەرهەڵدانی ڕووبەڕووی روناکبیرانی سەقامگیر و نەریتی دەبێتەوە کە بەرواڵەت بەردەوامی مێژوویان هەیە. بۆ وێنە پیاوانی ئایینی بەدرێژایی سەدەکان زاڵبوون بەسەر زانست و فێرکاری و رەوشت و سیستمی قەزایی دا و لە ڕاستی دا روناکبیرانی ئۆرگانیکی ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی دەهاتنە ژمار و لەخاوەنێتی و قانە کۆمەڵایەتیەکانی تردا لەگەڵ ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی دا هاوبەش بوون. وەها روناکبیرانێک بەپێی ئەوە کە هەست بە یەکگەتوویی و یەکریزییەکی ناوخۆیی و بەردەوامی مێژوویی دەکەن خۆیان بە گرووپێکی سەربەخۆ لە چینی دەسەڵاتدار پێشان دەدەن. هەروەها بەباوەڕی گرامشی هەندێ لە روناکبیران و فیلسوفە ئایدیالیستەکانی (وەک بەندیتۆ کروچە و جیوانی جێنتیلە لە ئیتالیادا) خۆیان بە نوێنەری بەردەوامی هزرەکانی ئەفلاتوون و روناکبیرانی نەبەستراو دەزانی، بەڵام لەڕاستی دا وەک "روناکبیرانی کۆمپانیای فیات" دەهاتنە ژمار. بەباوەڕی گرامشی قەشەش خۆی وەک نوێنەری بەردەوامی نەریتی حەزرەتی مەسیح

دەزانــی بــەڵام لــەڕاســتی دا لەگــەڵ کاپیتــالیزمی نــوێ دا پەیوەندییــەکی ئۆرگانیکی هەیە. بەباوەڕی گرامشی ناڕاسترین شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسـی رونـاکبیران ئەوەیـە کـە تێکۆشـان واتایـەکی یەکـە بـۆ سـەرجەم روناکبیران و چالاکییە ڕووناکبیرییەکان بەدەستەوە بدەین. تـەنیا شێوەی ڕاست ئەوەیە کە لە پەیوەندی داڕشتە فکرییـەکان لەگـەڵ داڕشتەی گڕووپ بەندییە کۆمەڵایەتییەکان تێبگەین. بەواتایەک، سەرجەمی خـەڵکی خـاوەن فکـر "رونـاکبیرن" چوونکـە هـەر کـاڕێکی لەشـی تەنانـەت بێتـوو زۆریـش ساکاربێ پێویستی بەهەندێ کردەوە و خەباتی فکری هەیە. بەڵام سەرجەمی خەڵک خاوەن فۆنکسیۆنی ڕووناکبیری لە کۆمەڵگادا نین. لەهەر گڕووپێکـی کۆمەڵایەتی دا ڕووناکبیرانێـک لـەئارادان بـەڵام بەتایبـەت چینـە سـەرەکییە کۆمەڵایەتییـــەکان و بەتایبـــەت چینـــی دەســـەڵاتدار خـــاوەن گڕووپـــی ڕووناکبیرانی تایبەت بەخۆیانن. لەهەمان کات دا هەر چین یـان گڕووپێکـی کۆمەڵایەتی ڕوو لەگەشە خەریکی ڕاکێشـانی ڕوونـاکبیرانی نەریتییـە بـەلای ئۆگرییەکانی خۆی دا. کاتێک گڕووپی ڕووناکبیرانی ئۆرگانیک پێک هاتبێ، توانـای ڕاکێشـان لـەو بارەشـەوە هەڵدەکشـێ. ڕوونـاکبیرانی کۆمـەڵگای کاپیتالیستی پـارێزەری "هێژموونی" یـان باڵادەستی ئایـدۆلۆژیاکی چینـی کاپیتالیست لەناو کۆمەڵگای مەدەنی و باڵادەستی سیاسی ئەو چینـە لـەناو دەوڵــەت دان. ڕوونـــاکبیرانی کۆمـــەڵگای کاپیتالیســـتی کرێکـــارانی فکـــری سەرجەم چینـی دەسـەڵاتدارن و هێـزی لەفۆنکسیۆنە سـەرەکییەکانی چینـی دەسەڵاتداریش بەئەنجام دەگەیەنن. بەوپێیە لەڕوانگەی گرامشییەوە بـوونی روناکبیران لەدەزگای دەسەڵات دا نەتـەنیا وەک لەمپـەڕێک لەسـەر ڕێگـەی

چینی کۆمەڵایەتی باڵادەست نایەتە ژمار بەڵکووو لە بنەمادا بەردەوام بوونی باڵادەستی ئەو چینەش دابین دەکا.[1]

یەکێکی تر لەو نووسەرانەی پرژاوەتە سەر باسی پەیوەندی ڕووناکبیران و چینە کۆمەڵایەتییەکان، کارڵ مانهایمە کە پێشتریش باسمان لێوەکرد. بەباوەڕی مانهایم بەگشتی سەرجەمی ئایدۆلۆژیایەکان ڕەنگدانەوەی هەل و مەرجی بوونی چین و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانن لە پرۆسەی پێکدادانی سیاسی لەدرێژەی مێژوودا. ئایدۆلۆژیا هەر کۆمەڵگایەک لەسەردەمانێکی مێژوویی تایبەت دا پەیوەندییەکی سابژێکتیڤی لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها ناکۆکی نێوان بەرژەوەندییەکانیانەوە هەیە. بۆ وێنە سەرهەڵدانی کۆنسێرڤاتیزمی مۆدێرن لەشێوازە جیاجیاکانی دا دژکردەوەیەکی سیاسی و فکری بووە لەهەمبەر ڕەوتی تێکروخانی دیسیپلینی جیهانی کۆن. ژێرخانی ئایدۆلۆژیا و فەلسەفەکان گرژییەکی سیاسییە کە ئامانج و هیواکانی جیهان بینی هەر گرووپێک پێکدێنێ. هەلومەرجی ژیانی ماددی و ناکۆکی بەرژەوەندی چینە باڵادەست و ژێردەستەکان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بۆچوونە فکرییە ناکۆکییەکان. ئایدۆلۆژیا وەک جیهان بینی چینە باڵادەستەکان و یۆتۆپیا وەک جیهان بینی چینە ژێردەستەکان گرینگترین بۆچوونە فکرییەکانن

---

1. A. Gramsci, *Selections from Prison Notebooks.* (London, 1971), pp. 5-14.

بەوپێیە بەباوەڕی مانهایم ڕووناكبیران بەگشتی یەک چین نین، بەرژەوەندی هاوبەشیان نییە و ناتوانن دەست بدەنە كردەوەی بەكۆ. بەواتایەكی تر ڕووناكبیران ئیدئۆلۆگی چینە جیاجیاكانن و وەک "چینێكی لەناوخۆ"دا نایەنە ژمار.

لەگەڵ ئەوەش دا ڕووناكبیران بەشێوەیەكی شاراوە توانایی سەرووترچوونیان لەپێگەی چینایەتی خۆیان هەیە، هەرچەندە دابران لە ئۆگرییە چینایەتییەكان كارێكی زۆر دكوارە و ئەو دابڕانەش هەر چییەک بێ بەشێوەی ڕێژەیی دەبێ. بەتایبەت پاش سەدەكانی ناوەڕاست زۆربەی ڕووناكیبرانی نوێ لەچینە سەرۆكان دابران و لەهەمان كاتیش دا پشتگیریان لەچینە ژێردەستەكانیش نكردووە و بەو پێیە لەبنەمادا تایبەتمەندی و بۆچوونی چینایەتیان نەبووە. ڕووناكبیرانی "سەرئاوكەوتە" و سەربەخۆ لەئۆگرییە چینایەتییەكان لەچاخی رۆشەنگەری دا لەناو "هۆڵ" و باشگاكان دا سەریان هەڵدا. بەوپێیە لانی كەم لەسەردەمانی نوێ دا هەندێ لەڕووناكیبران سەربەخۆیی چینایەتیان وەدەست هێناوە. هەڵبەت لەڕوانگەی مانهایمەوە سەربەخۆیی ڕێژەیی ڕووناكبیران لەئۆگرییە چینایەتییەكان هەم لەیەنی پۆزێتیڤی هەیە و هەم لایەنی نێگەتیڤ، چوونكە ڕووناكبیران لەوانەیە لەئاكامی ئەو سەربەخۆییەدا پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئۆگرییە ئابژێكتیڤەكان لەدەست بدەن و ڕوو بكەنە فانتازیا. لێرە باسەكەی مانهایم بالێكی نۆڕماتیڤە چوونكە مانهایم باس لە بەرپرسایەتی ڕووناكیبران لەپاراستنی ئازادی و سەربەخۆیی لەئۆگرییە چینایەتییەكان بەتایبەت لە هەلومەرجی

چربوونـەوەی دەسـەلات دا کـردووە. ڕوونـاکبیرانی ئـازاد دەبـێ راوێژکـاری دەسەڵاتداران لەڕیفۆڕم و پلان داڕێژییە کۆمەڵایەتییەکان دابێ. جگـە لـەوەی مانهـایم وەک پەنـد و وانـە وتوویـەتی و بەتایبـەت بـەسـەرنجدان بـەو جەختکردنـەی دەیکاتـە سـەر دژواری سـەربەخۆیی ڕوونـاکبیران لەئۆگرییـە چیانییەتییەکان دەبێ لە ڕاڤەکارییە کۆمەڵناسانەکانی مانهایمـەوە بگەینـە ئەو ئەنجامە کە ڕووناکبیران لەخوولـە جیاجیاکـانی مێژوویـی دا نوێنـەری ئایدۆلۆژیا و فەلسەفە جۆراوجۆرەکانـە و لـەوەرا کـە دارِشـتە فکرییـەکان، ڕەنگدانـــەوەی گرژییـــە کۆمەڵایـــەتی و سیاســـی چـــین و گرووپـــە کۆمەڵایەتییەکانن، ناکرێ بڵێن ڕووناکبیران بەدەرن لە ئۆگرییە کۆمەڵایەتی و چینایەتییـەکان و هـەر لـەو ڕووەوە خوێندنـەوەی وردی پەیوەندییـەکانی گرووپە ڕووناکبیرییـەکان لەگـەڵ دارِشـتەی بەرژەوەندییـە چینایەتییـەکانی کۆمەڵگادا پێویستییەکە.[1]

## دەوری ڕووناکبیران لە سیاسەتدا

بەگشـتی دەتـوانین بڵـێن ڕوونـاکبیران سـێ ڕۆڵـی سـەرەکی لـەژیانی سیاسی دا دەگێـرن: یەکـەم، ڕەخنـەکردن لـە سیسـتمی سیاسـی، دووهـەم،

---

1. K. Mannheim. "The Problem of Intelligentsia" in *Essays on the Sociology if Culture,* edited by K. Mannheim (New York, 1956).

بەشـــداری و دەســـتێوەردان لەسیاســـەت دا و ســـێهەم، خۆپاڕاســـتن و دوورکەوتنەوە لەژیانی سیاسی.

**١. ڕەخنـەی سیسـتمی سیاسـی.** ڕەخنـەی سیسـتمی سیاسـی لەوانەیـە بەشـێوەی ڕەتکردنـەوەی تـەواوی دیسـیپلینی هەنووکـەیی سـەر دەربێنـێ. ڕووناکبیران لەشۆڕشەکانی ئورووپایی دا وەهـا دەورێکیـان گێـرا. ڕێبـەرانی شۆڕشی فەرانسە (روبسپێر، دانتـۆن، سـێن ژووسـت) زۆربـەیان ڕوونـاکبیر بـــوون. دەوری ڕوونـــاکبیرانی ڕووســـیە لەبزووتنـــەوە کۆمەڵایـــەتی – سیاسییەکان و شۆڕشەکانی ئەو ولاتـەدا لەسـەدەی نۆزدەهـەم بـەولاوە زۆر بەرچاو بووە. لەهەنـدێ بـواردا دەسـتیان داوەتـە توونـدوتیژیش. یەکـەمین گرووپـی ڕوونـاکبیری بـەهێز لـەڕووی سیاسـییەوە گرووپـی رازنوچێنتسـی Raznochintsy، بـــەواتای ئـــەو تاکانـــەی خـــاوەن پێگـــەی کۆمەڵایـــەتی جۆراوجـۆر) بـوو کـە هەڵوێسـتێکی شۆڕشـگێری و هێرشـبەرانەی سـەبارەت بەکۆمـــەڵگا و دەوڵـــەت هـــەبوو. دوو تیـــۆروانی ســـەرەکی بزووتنـــەوە خەڵکییەکان(نارۆدنیکەکان) واتـە لاورۆڤ و میخـائیلۆفسـی، ڕوونـاکبیرانیـان بەپێشەنگانی چاخی نوێ دینایە ژمار.

بەباوەڕی لاورۆڤ:"پێشکەوتی مرۆڤایەتی تـەنیا بـەهۆی بـوونی ئـەو تاکانەوەیە کـە بەشـێوەیەکی ڕەخنـەگرانـەوە بیـر دەکەنـەوە."[1] لـەکاتێک دا

1. P. Lavrov, *Historical Letters.* (Berkeley, Calif. 1967), p. 141.

لـــەڕووســـییە و ئـــەڵمان دا ڕوونـــاکبیران رونگەیـــەکی رەشـــبینانە و ڕەخنـــەگرانـــەیان هـــەبوو و لەگـــەڵ دۆخـــی هەنووکـــەیی دا هەســـتیان بەغـەوارەبوون دەکـرد، لەفەرانسـە و ئینگلسـتان دا ڕوانگـەی ڕوونـاکبیران بۆکۆمـەڵگا و دەوڵـەت هینـدە رەشـبینانە نـەبوو، چوونکـە ئـەو وڵاتانـە ئـاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕی بـەرچاویان دیتبـوو. لەگـەڵ ئـەوەدا کـە هەنووکـە لـەوڵاتانی پیشەسازی دا چینـی کرێکـار وەک چینێکـی شۆڕشگێری شـاراوە نایەتە ژمار، هەندێ لە مارکسیست و بیرمەندانی بزووتنەوەی چـەپی نـوێ لەدەیـەی ١٩٦٠ بـەولاوە لەلایـەنی تیۆرییـەوە تێکۆشـاون ڕوونـاکبیران وەک هێزی ڕزگاریبەخشی ئەو وڵاتانە بخەنە ڕوو.

بەگشتی ڕەخنەی ڕووناکبیران لەسیستمی سیاسی لەهەموو شوێنێک دا هەمەلاگر نەبووە. سەرهەڵدانی دەوڵەتی فەرعانی لەڕۆژئاوادا بۆتە هـۆی سەنگ و سووکی بۆچوونە سیاسییەکانی ڕووناکبیران لەو وڵاتەدا. بەوپێیـە بەریتی ڕوونـاکبیریش پـێ بـەپێی ئـاڵوگۆر لـە هەلومـەرجی سیاسـی دا بـێ گومان تووشی ئاڵوگۆر دەبێ.

بەباوەڕەی ریمۆن ئارۆن لەکتێبی *سرکەری ڕووناکبیران دا* ، هەنووکـە "شێوە ژیانی ئـەمریکایی" وەک ئارمـانی زۆربـەی ڕوونـاکبیرانی ڕۆژئـاوایی لێهاتووە. هەڵبەت هەندێ ئاڵوگۆری کاتی وەک شـەری ویێتنـام بـووە هـۆی مۆبیلیزەبوونی بیروڕای ڕووناکبیری. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنە بەرتەسکەکانی ڕووناکبیران لەو وڵاتانەدا زۆرتر بەلای کێشە و بابەتگەلێکی وەک پاڕاستنی مافی مرۆڤ، سیاسەتی چـەک و چـۆڵ و هتـد دا شکاوەتەوە. زۆربـەی کـات

گرووپـە کۆنسـێرڤات یـان نیچـەفاشـییەکـان ڕوونـاکبیران و نـەریتی ڕووناکبیریـان بـەهینـد نـەدەگرت. لەسـەردەمانی مـەک کـارتیزم لەوڵاتـە یـەکگرتووکانی ئـەمریکادا ڕوونـاکبیران یـەکێک لەمەبەسـتەکانی هێـرش و ئازار بوون. هەر لەو ڕووەوە رونـاکبیران کـە لـە هـەل ومرجێکی نالـەباری سیاسی و راوەدونان و ئازاردا دەژیان دەستیان دایـە کۆچکردن بـۆ وڵاتـانی تـر. کـۆچی بـەربڵاوی ڕوونـاکبیران لەئـەڵمان، ئیتالیـا و ئیسـپانیادا لەسـەردەمانی حکوومەتـە فاشیسـتییەکان دا یـەک لەلایەنـە هـەرە بەرچاوەکانی سەدەی بیستەم بووە.

ڕوونـاکبیران ڕۆڵێکـی سیاسـی بـەرچاویان لەبزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان، مـۆبیلیزە کردنـی جـەماوەر و شۆڕشـەکان دا گێـراوە. ئـایدۆلۆژیا و پڕۆپاگەنـدەی ئـایدۆلۆژیاکی پێویست بـۆ سـازدانی شـۆڕش زۆرتر کاری ڕووناکبیران بووە. سروشتی کاری فکری ڕووناکبیرانی ئابسترە و بنەمایی بارهێنا. بەگشتی لەسەردەمە قەیرانی و ئاڵ و گۆڕەکـان دا کەلـە چـاو سـەردەمانی سـەقامگیری و تـەناهی دا خـەڵک زۆرتـر بـەدڵیان بیردەکەنەوە، ڕۆڵی خاوەن فکروهزرەکـانیش زیـاتر دەبێ. کـارڵ وێنریـەک لەنووسەرانی مارکسیستی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەسەر ئـەو بـاوەڕە بوو کە ڕوونـاکبیران "لـەدەرەوەی بـواری ئـابووری"دا دەژیـن و بازرگـانی بازاڕی هزرن. بەوپێیە لەسەردەمانی ناسەقامگیری دا کە بازاڕی بیرکردنەوە بەرمێنترە، ڕۆڵی ڕووناکبیرانیش زۆرتر دەبێ. هەر لەو ڕووەوە وتـراوە کـە ڕووناکبیران "هەوێنی" شۆڕشن. پـاش شۆڕشـەکانیش ڕوونـاکبیران لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن کەتـەنیا گـرووپێکن کـەدەتوانن بەشـێوەیەکی ئاوەزییانـەو

دادپەروەرانە حکوومەت بکەن. دەوڵەتی ئایدیالی ئەفلاتوونیش لەڕاستی دا حکوومەتی ڕووناکبیران بوو. بەگشتی دەکرێ بڵێین کە لەو سیستمانەدا کەوا دەسەڵاتی سیاسی لەدەست خاوەن سامانەکان دایە زۆربەی کات ڕۆڵی و کاریگەری ڕووناکبیران لەدەسەڵاتی سیاسی دا کەم دەبێتەوە. بەوپێیە لە وڵاتە کاپیتالیستییەکانی ڕۆژئاوادا بەتایبەت لە وڵاتەیەکگرتووکانی ئەمریکادا ڕووناکبیران دەکەونە ژێر چینی کاپیتالیستەوە و هەر بەو بۆچوونی (فایده طلبابه) توونـد وەردەگرن.

لەگەڵ ئەوەدا کە لەنێوان بزووتنەوە کرێکارییەکان و ڕووناکبیران دا پەیوەندییەکی نزیک لەئارادا بووە و ئامادە بوونی ڕووناکبیران لەحیزبە چەپەکان دا زۆر ئاشکراتر بووە بەڵام لە دەوڵەتە کومۆنیستەکانی وەک مانگەکانی سۆڤیەت کە خۆیان تا ڕادەیەک دەرئەنجامی کاری گرووپە ڕووناکبیرییەکان بوونە، ڕووناکبیری و ڕووناکبیران ڕێرەوی پێویستییەکانی سیستمی سیاسی و لەخزمەت هەڵکشانی بەرهەم هێنانی ماددی دا بوون. لەلایەکی ترەوە تایبەتمەندی سەرئاوکەوتە و چەمەوازی ڕووناکبیران بۆتە هۆی ئەوە کە لەڕۆژئاوادا زۆربەی حیزبە چەپەکان لەژێر کاریگەری وەرسووران لە بۆچوونە ڕووناکبیرییەکان دا هەڵوێستی ناشۆڕشگێری و نەرم و نیانتر وەرگرن.

نارەزایی و ئەکتیڤ بوونی ڕووناکبیران لەڕووی سیاسییەوە دەرئەنجامی هۆکارگەلێکی جۆراوجۆرە. بۆ وێنە ناهارمۆنی نێوان ستاتۆ و چین یان ستاتۆ و دەسەڵات (بەپێی ڕاڤەکردنی ماکس ڤێبێر)، چاوەڕوانی

زێدە، بەهیند نەگرتنی لایەنگرانی هزر لەلایەن لایەنگرانی دەسەڵاتەوە، بۆچوونی ئاوەزییانەی ئابسترە بەهۆی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە، ژیان کردن لە پەراوێزدا و بەدوور لە دەقی سەرەکی کۆمەڵگا، و ئەو جۆرە بابەتانە، وەک هۆکارە سەرەکییەکانی نارەزایی ڕووناکبیران دێنە ژمار.

لەو وڵاتانەدا کە کەوتوونەتە سەر ڕەوتی پرۆسەی تێپەربوون ڕووەو کاپیتالیزم و کۆمەڵگای پیشەسازی ڕۆڵی سەرەکی ڕووناکبیران ڕەخنەی کۆمەلگای نەریتی و ئامادە کردنی هەل و مەرجی گەیشتن بە کۆمەڵگای مۆدێرن بووە. ڕووناکبیرانی ئەو وڵاتانە داکۆکییان کردووە لە لیبڕاڵیزم، ناسیۆنالیزم، سۆسیالیزم، پۆپۆلیزم و تێکەڵاوییە تێکچنراوەکانی وەها ئایدۆلۆژیا گەلێک.

ڕووناکبیرانی ئەو کۆمەڵگایانە وانییە بڵێی حەتمەن دژە نەریتن چوونکە لەهەندێ بواردا تێدەکۆشن هەتا نەریتەکان دووبارە نوێ کرێنەوە بۆ ئەوە لەگەڵ هەل و مەرجی نوێ دا یەکتر بگرنەوە. ئیدئۆلۆییەکانی ڕووناکبیری ئەو کۆمەلگایانە بمان هەوێ و نەمان هەوێ تێکەڵاوییەکن لە تۆخمە جۆراوجۆر و جاروبارەش تۆخمە دژەیەکەکان. مۆبیلیزەی سیاسی جەماوەر بەو چەمکانەی دەکەونە دەرەوەی دەقی نەریتەکانی کۆمەڵگا زۆربەی کات دژوارە. بۆ ئەوەی توانای مۆبیلیزەی فکری بگەیەننە ئاستێکی سەرڕوو ڕووناکبیران تێدەکۆشن ناوئاخنی ئایدۆلۆژیا مۆدێرن لەچوارچێوەی چەمک و شێوە نەریتییەکن دا رانێن. چالاکی ڕووناکبیران لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا کەمتر بەشێوەی بەشداری ڕاستەوخۆ لە دەسەڵاتی سیاسی

دایه و زۆرتر لەڕێگەی لەسەر بیروڕای گشتی، وەرێخستنی بزووتنەوە فکری و کۆمەڵایەتی و حیزبە سیاسییەکان و راهێنانی پیاوانی کردەوەدا خۆ دەردەخا.

سەرهەڵدانی ڕووناکبیرانی نوێ لە کۆمەلگا نەریتییەکان دا خۆی یەکێک لە نوێنگە هەرە سەرەکییەکانی ئاڵ و گۆر لەو کۆمەڵگایانەدا بووە. ڕووناکبیرانی ئەو کۆمەڵگایانە لەژێر کاریگەری بەربڵاوی دزەی فکری و فەرهەنگی ژیاری رحۆئاوادا پەرەیان سەندووە و سەرەتا لە بوارە فەرهەنگی و فکرییەکان و دواتریش لەبوارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دا گرینگایەتیان وەدەست هێناوە.

٢. بەشداری کردنی ڕووناکبیران لە ژیانی سیاسی دا. سەبارەت بەرۆڵی سیاسی ڕووناکبیران یەکەمین پرسێک کەزەق دەبێتەوە ئەوەیە کە هەندێ لە نووسەران بەتایبەت لە نەریتە ئایدیالیستی و رادیکاڵەکان دا دژایەتی لەگەڵ دۆخی هەنووکەیی و بی گومان بەشداری نەکردن لەدەزگای دەسەلاتیان وەک تایبەتمەندییە سروشتییەکانی ڕوونکبیری چاو لێ کردووە. لەگەڵ ئەوەش دا ڕۆڵی ڕووناکبیران لە سیاسەت دا تەنیا بەتەسک نابێتەوە بە بەشداری کردن لەدەسەڵات دا و ڕووناکبیران لەوانەیە لەئاست و شێوازی جۆراوجۆر و ڕاستەوخۆ کاربکەنە سەر ژیانی سیاسی.

دزەی ناڕاستەوخۆی ڕووناكبیران لەژیانی سیاسی دا زۆربەی كات زۆر گرینگترە لەبەشداری كردنی ڕاستەوخۆیان لەسیاسەت دا. بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆژیایە سیاسییە هاوچەرخەكان لە هەموو شوێنێک دا كاری ڕووناكبیران بووە. پرۆپاگەندە بۆ شۆڕش، ڕیفۆڕم، ناسیۆنالیزم، سۆسیالیزم، كۆمۆنیزم و ئەنترناسیۆنالیزم بەبێ بوونی ڕووناكبیران وەسف ناكرێ. هاینریش هاینە بیرمەندی ئەڵمانی سەبارەت بەڕۆڵی سیاسی ڕووناكبیران وتوویەتی:"[1]ئاگادار بن ئەی پیاوانی گەردن بەرزی كردەوە! ئێوە شتێک نین جگە لەو ئامرازانەی بێ ئاگاداری لەدەست پیاوانی هزردان كە زۆربەی كات لە كونج نشینی و خواردەستییەكی تەواوەوە ئێوە هەڵدەبژێرێن بۆ ئەو ئەركانەی ناتوانن لەبەریان هەڵێن. ماكسمیلیان ڕووبسپێر شتێک نەبوو جگەلە دەستی ژان ژاک رۆسۆ."

بەشداری كردنی ڕووناكبیران لەسیاسەت دا شێوازی جۆراوجۆری هەیە. بۆ وێنە دەكرێ ناو لە دزەكردن لەسەر سیاسەتە دەوڵەتییەكان یان بیروڕای گشتی، بەشداری كردن لەژیانی سیاسی و دەست بەسەر داگرتنی دەسەڵات، راوێژكاری سیاسی و ئەوە جۆرە شتانە بەرین. ڕووناكبیران لەهەموو شوێنێک دا وەک گرووپە دژبەرەكان دەبەردا بوون دزە بكەنە سیاسەتەكانی دەوڵەت و یان لەپێكهاتەكانی حكوومەت دا بەشداریان

---

١. كارل پوپر، *جامعه باز و دشمنان آن*، ترجمه عزت الله فولادوند، خوارزمی، ١٣٦٩، ص ٨٩٦.

کردووە. بۆ وێنە ڕووناکبیران بەواتای بەربڵاوی وشە لەدەیەی ١٩٦٠دا، ٥٧% نوینەرانی پارڵمانی فەرانسە، ٢٣% نوێنەرانی پارڵمانی ئیتالیا و ٦٨% نوێنەرانی پارڵمانی ئینگلستانیان پێک دێنا.[٢] بەڵام بەشداری کردنی سەرکەوتوانەی ڕووناکبیران بەواتای تەواوی وشە لەسیاسەت دا بەستراوەی لاوازی و بەهێزی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی تر بووە. لەو وڵاتانەدا کە گرووپەکانی کۆمەڵگای نەریتی وەک خاوەن زەوییەکان، ئەریستۆکراتەکان و ڕووحانییەت ڕۆڵێکی بەرچاویان لەسیاسەت دا هەبووە، گۆڕەپانی چالاکی ڕووناکبیران بەرتەسکتر دەبێتەوە. بەپێچەوانەوە لەکۆمەڵگای مۆدێرنی پیشەسازی دا بواری زۆرتر بۆ چالاکی سیاسی ڕووناکبیران ڕەخساوە. هەڵبەت ڕووناکبیران بەشێوەی تاکەکەسیش لەژیانی سیاسی و ئۆفیسی دا بەشداری دەکەن. لەو ڕووناکبیرە بەرچاوانەی ڕۆژئاوا کە خاوەن پۆستی پارڵمانی ، دەوڵەتی یان ئۆفیسی یان دیپلۆماتیک بوون دەبێ باس لە ئیدمۆندبێرک، لامارتین، دوتوکڤێل، جان ستوارت میل، ئاندرە ماڵڕۆ، ماکیاڤیللی، لێنین، ترۆتسکی و پارەتو بکەین. هەروەها ڕووناکبیران زۆربە وەک راوێژکار لەگەڵ کاربەدەستە سیاسییەکان دا کاردەکەن. کەڵک وەرگرتن لەخاوەن رایان بۆ راوێژی سیاسی لەوڵاتە ڕۆژئاواییەکان دا بە وتەیەک بۆتە هۆی

---

2. L. Bodin, *Les Intellectuals.* (Paris, 1964), p. 81 in *Marxism, Communism and Western Society.* “Intellectuals” p. 306.

سەرهەڵدانی "دوکتورەینی دوکتوری".[1] لەلایەکی ترەوە ڕووناکبیران وەک نوێنەری یان وتەبێژی گرووپەکانی دەسەڵات یان گوشاریش دەجوڵێنەوە.

هاریکاری ڕووناکبیران لەگەڵ سیستمە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان هەروەک بۆ وێنە لەهەندێ وڵاتانی ڕۆژئاوادا بەدی دەکرێ (وەک پەژراندنی پۆستی راوێژکاری یان ئەنجامی پلانە لێکۆڵینەوەکان بەئاراستەی بەرژەوەندی سیستمی سیاسی دا) باس لەوە دەکەن کە وەها روناکبیرانێک لەگەڵ هەموو تایبەتمەندییە سینفی و گرووپییەکانیان دا، لەڕاستی دا وتەبێژی چینی دەسەڵاتدارن. بەتایبەت لەوڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکادا ئەتمۆسفێری ڕووناکبیری هیچ کات بەرادەی وڵاتە ئوڕووپایی یان ئاسیاییەکان رادیکاڵ و ڕەخنەگرانە نەبووە. زانستگاکان بەتایبەت دیسیپلینەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی دابین کردنی راوێژکاران و کاربەرێوەبەرانی بەرزی بڕۆکڕاسی دەوڵەتی ئەو وڵاتە دێنەژمار. بەواتایەکی تر لەنێوان زانستگا و حکوومەت لەڕۆژئاوادا پەیوەندییەکی ئۆرگانیک هاتۆتە ئاراوە. دابین کردنی سەرچاوەی ماڵی و فەرعانی لەلایەن حکوومەتەوە و دابین کردنی توێژکار و راوێژکار و لێکۆڵەر لەلایەن زانستگاوە بۆ حکوومەت بۆتە هۆی بەردەوامی ئەو پەیوەندییە.

---

1. Gilpin and Wright (eds), *Scientists and National Policy-Making.* (London, 1964).

**٣. دوورەپـەرێزی لـە سیاسـەت.** دوورەپـەرێزی و خـۆ دوورخسـتنەوە لەژیانی سیاسی لـەناو گرووپـە کۆمکەلایەتییـەکان دا لـە هـەل و مـەرجێکی تایبەت دا گەشە دەستێنێ. زۆربەی کات لە هەل و مەرجی ڕوودانی خەساری بـێ هۆشکەر و هەسـتی بێـزاری و گومـان و هـەروەها هەسـتی ئـاڵ و گـۆر هەڵنەگری هەل و مەرجی سیاسی بۆچوونی بێ کردەوەیـی و دوورکەوتنـەوە لەسیاسـەت دا زێـدەتر دەبـێ. لـەڕوانگـەی سـایکۆلۆژی کۆمەلایەتییـەوە دوورکەوتنەوە لەسیاسەت زۆربەی کات هاورێیە لەگەڵ دیاردەگـەلێکی وەک تـرس و خـەمۆکی و هەسـتی خـۆ بەکـەم گـری و رەش بینـی. لـەڕوانگـەی کۆمەلایەتییەوە بارودۆخی "دوورە پەرێزی" (Marginalism) بـواڕێکی لـەبارە بۆ بەربلاوبوونەوەی دوورە پەرێزی سیاسی. بۆ وێنە هەردەم پاژگەلێک لـە کەمایەتییـەکان و ژنـان و ڕوونـاکبیران دەکەونـە وەهـا بارودۆخێکـەوە. بەگشـتی دورەپـەرێزی لەسیاسـەت بـەهۆی سـێ هۆکـارەوە سـەرهەڵدەدا: یەکەم، نەبوونی هێزی پاڵنەر بۆ بەشداری کردنی لەژیانی سیاسی (هۆکارە سایکۆلۆژی و فەرهەنگییەکان)، دووهەم نەبوونی بـوارە پێویستەکان (وەک فێرکـاری، زانیـاری، ڕێکخسـتن و ڕێکخـراو) و سـێهەم نـەبوونی هـەل و دەرفـەتی کـردەوە ەڕوانگـەی سیاسـییەوە بـەهۆی داخراوبـوونی داڕشـتەی دەسەلات. لەمەڕ ڕووناکبیرانەوە، دوورەپەرێزی لەسیاسەت زۆرتـر بـەهۆی هۆکاری سێهەمەوەیە.

بێ لایەنی سەبارەت بەسیاسەت لەناو ڕووناکبیرانی دەوڵەتانی تۆتالیتێر دا زۆر باوە، تا ئەو رادەیەی کە هەندێک وەک بارودۆخی "کۆچی ناوخۆیی" باسی لێ کردووە. پەیوەندییەکانی نێوان ڕووناکبیران و ڕژێمە تۆتالیتێرەکان زۆر تێکچنراوە. لەلایەکەوە حکوومەت دەپرژێتە سەر سەرکوتی ئاشکراو شاراوە یان حاوانەوەیەکی شاراوە و یان تێکۆشان بۆ ڕاکێشانی هاریکاری ڕووناکبیران، و لەلایەکی ترەوە ڕووناکبیران بەئاشکرا و شاراوە سەمبۆلیک حکوومەت ڕەخنە دەکەن. لەشۆڕشەکان دا زۆربەی کات بەشگەڵێکی ڕووناکبیران تێکەڵ بەژیانی سیاسی دەبن، بەڵام زۆربەی کات ئەو هاریکارییە زۆر بر ناکا. زۆربەی کات تایبەتمەندییەکانی ژیانی ڕووناکبیرانە لەگەڵ پێویستییەکانی ژیانی سیاسی و ئۆفیسی دا یەکتر ناگرنەوە. لەلایەکی ترەوە مشتومر لەنێوان دەسەڵاتدارە تازە پێگەیشتۆکان و ئەو ڕووناکبیرانەی پێشتر لایەنگری ئەوان بوو، دیاردەیەکی باوە. لەنێوان هیتلێر، مۆسۆلۆنی و فرانکۆدا دەگەل ڕووناکبیرانێکی بەرچاوی وەک ئۆتۆستراوسێر، پریمۆدو ریورا (تیۆروانی حیزبی فالانژ) و ویلفرێدۆ پارەتوودا بەرێز ناکۆکی گەلێک هاتە ئاراوە. شۆرشی ڕووسییە بەشێکی بەرچاوی ڕووناکبیرانی ڕووسی گەیاندە دەسەڵات بەڵام لەگەڵ پتەوبوونی دەسەڵاتی حیزب و بروکرسی دا ژمارەیەکی زۆری ڕووناکبیران، هونەرمەندان، بیرمەندان و شاعیرەکان سەرکوت کران. لەچاخی ستالین دا هەلی چالاکی روناکبیرانە دابەزییە سەر ەمترین ئاستی خۆی. ژێدانۆڤ وەزیری فەرهەنگی ستالین، پێی وابوو ڕووناکبیران شتێک نین جگە لە "ئەندازیارانی روح" کە دەبێ لەخزمەت فەرهەنگی دەوڵەتی دابن. لەپاش مردنی ستالین و لەسەردەمەکانی ئازادی ڕێژەیی ڕووناکبیرانی ڕووسییەدا

بەوتەی کۆلاکفێسکی "بەئاراستەی ئەفسوون سرینەوە لەهزر جەختیان کرد و هێرشیان بردە سەر ئۆستوورە دارشتنی نیمچەمارکسیستی و کردەوەگەلی نیمچەئایینی – جادوویی حیزب"[1].

## ڕۆڵ و دەوری ڕووناکبیران لە ئێراندا

لەئێران دا بێ گومان ڕۆڵی ڕووناکبیرانی مۆدێرن بەتایبەت لەدەسپێکی ئاڵ وگۆر و مۆدێرنیزە بوونی ئەو وڵاتەدا لەئاستی ڕۆڵی خۆیان لەژیانی سیاسی دا زۆر سەرووتر دەچوو و لایەنێکی دارشتەیی و بنیاتی بەخۆوە گرت. ڕووناکبیران لەهۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی دارشتەی دەوڵەتێکی نوێ بوون کە لە پاش شۆرشی مەشرووتەوە هاتە ئاراوە. ڕووناکبیرانی سەرەتایی ئێران یەکەمین نوێنەرانی هزرە نوێیەکان بەتایبەت لیبراڵیزم، سێکیولاریزم و مۆدێرنیزم بوون. میرزا مێلکۆم خان، میرزا فەتح عەلی ئاخوندزادە، میرزا حوسێن خانی سپاسالار، میرزا سالەی شیرازی، میرزا یۆسفی مووستەشارولدەوڵە، شیخ ئەحمەدی ڕووحی و میرزا ئاقاخانی کرمانی دەبێ وەک پێشقەرەوڵانی بزووتنەوەی ڕووناکبیرانی ئێران بێنینە ژمار. لەویستە سەرەکییەکانی ئەو ڕووناکبیرانە نوێ کردنەوەی شوناس و نەریتە نەتەوەییە ئێرانییەکان، قەدەغە کردنی دەستێوەردانی پیاوانی ئایینی لە سیاسەت دا، دانانی سیستمی قانوونی

1. L. Kolakowski, “Intellectuals and the Communist Movement”, In his *Toward a Marxist Humanism.* (New York, 1968), pp. 158-172.

بنچینـــەیی نـــوێ بەشـــێوەی ئورووپـــا، دامەزرانـــدنی پێکهاتـــەە سیاســـییە نوێیەکان لەسـەر بنـەمای دەسـەڵاتداری نەتـەوەیی و پێکهێنـانی بنـەماکانی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێڕن بوون. لەهەندێ بواردا ڕووناکبیران بەمەبەستی بـەڕێوەبردنی ئامانجـە سـەرەکییەکانی خۆیـان خـەریک بـوون بیـروڕای زانایانی ئایینیش ڕاکێشن، و گەوهەری ئایدیالەکانی خۆیـان پـێ ئیسلامی بوو.

بـواری فکـری شۆڕشـی مەشـڕووتەی ئێـران لـەئاکامی بڵاوبوونـەوەی بیـــروڕای ڕوونـــاکبیرە ســـەرەتاییەکانەوە ئامـــادە بـــوو. ئەنجوومەنـــە ڕووناکبیرییـــەکانی وەک فەرامۆشـــخانە و کۆمەڵـــەی ئادەمییـــەت و لـــۆژی ئاگاداری ئێران و ئەنجوومەنی پێشکەوتن چـالاکی فکـری و کردەوەییـەکانی ڕووناکبیرانیـان ڕێکدەخست. لەگـەڵ ئـەوەش دا ڕوونـاکبیران لـەدەروازەی شۆڕشی مەشڕووتەدا، خوازیاری ڕیفۆڕمی بـەربڵاو لـە سیستمی سیاسی و مـاڵی و زەوی دابـوون بـۆ وەلاچـوونی هـۆی دواکـەوتوویی ئێـران لـەچاو ڕۆژئـاوادا. هـزری ڕوونـاکبیران لـەو سـەردەمانەدا لـەدەیان ڕۆژنامـە و هەواڵنامـەدا بـڵاو دەبـۆوە. پـاش سـەرکەوتنی بزووتنـەوەی مەشـڕووتە و پێکهـاتنی مەجلیسـی شـورای نەتـەوەیی ڕوونـاکبیرانی نـوێ لـە گۆڕەپـانی سیاســـەت و حکوومـــەتی ئێـــران دا زۆر زەق بـــۆوە و ئەنجوومەنـــە ڕووناکبیرییـەکان برەویـان سـەند. لـەخولی یەکـەمی مـەجلیس دا لـەنێوان ڕەوتە ڕووناکبیری و نەریتییەکانی شۆڕش دا جیاوازی ئاشکرا سەری هەڵـدا و کێشەگەلێکی وەک ئازادی و بەرانبەری و واتای مەشروتە و قانووندانان و

دەسەڵاتداری و پەیوەندی دین و دەوڵەت و ڕۆڵی زانایان لـە قانوونـدانان دا بووە هۆی ناکۆکی لەناویاندا.

بەگشـتی قـانوونی بنچینــەیی مەشـروتە زۆرتـر ڕەنگدانــەوەی ئیـدە وهـزری ڕوونــاکبیران لەمـەڕ دەسـەڵاتی نەتـەوەیی و ئـازادی و بەرانبـەری دابوو.هــەروەها هزرەکــانی ڕیفــۆڕمی زەوی و ئــابووری و ســێکیولاریزمی فەرهەنگی و ناسیۆنالیزمی کەونار و دژایەتی لەگەڵ ڕووحانییەت کە دواتـر لەســـەردەمانی پەهلـــەوەیی دا بـــەڕێوەچوون، ڕیشـــەیـــان لـــەبیـــروڕای ڕووناکبیرانی چاخی مەشروتە دا بـوو. لـەخولی دووهـەمی مـەجلیس دا دوو گرووپـی سـەرەکی سیاسـی لـەئارادا بـوون: یەکـەم ئێعتێـدالیون و ئـەوەیتر دێموکراتــەکان. گرووپـی دێمـوکرات پێکهـاتبوو لــە ڕوونــاکبیرانی لایـەنگری لیبراڵیزم و سۆسیال دێموکراسی. لەهەمبەردا حیزبـی ئێعتێـدالیوون زۆربـە پێکهاتبوو لە پیاوە خاوەن دزەکان و یەریستۆکراتی کۆنسێرڤات.لەدەرەوەی مەجلیســیش دا گرووپــەکانی ڕوونـــاکبیری حیــزب گــەلێکی وەک حیزبــی ئیتتیفـاق و تــەرەققی و حیزبـی تـەرەققی خـوازانی لیبرالیـان پێکهێنـابوو. کووتلەی ڕووناکبیری مەجلیسی دووهەم، کووتلـەیەکی بـەهێز بـوو. حیزبـی دێموکراتی عامیوون، بۆچوونی سۆسیالیستی ئاشکرای هـەبوو و پاڵپشـتی لــە ڕیفۆڕمــە ئابوورییــە بنچینەییــەکان و جیابوونــەوەی سیاســەت لــەدین دەکرد. لەچالاکییە بەناوبانگەکانی دێموکراتەکان دژایەتی توند بـوو لەگـەڵ سیاسەتی کابینەی سپادار لەبواری وەرگرتنـی دراو لــە دەرەوە کـە شکسـتی ئەو سیاسەتەی لێکەوتـەوە. دواتـر هەنـدێ لەئەنـدامانی حیزبـی دێمـوکرات ڕێیان کەوتە کابینەی مۆستۆفی ئەلمەمالیک بەڵام لەگـەڵ پێکهـاتنی دوبـارە

دەوڵەتی سپادار کە پشتگیری ئێعتێدالیوون و گرووپە میانەڕۆکانی لەپشت بوو جارێکیتر گۆڕەپان بەڕووی ڕووناکبیرانی حیزبی دێموکرات دا تەسکتر بۆوە. بەگشتی چالاکی گرووپە ڕووناکبیرییەکان و کاریگەریان لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێران هەم لە خولی دووهەمی مەجلیس و هەمیش لە مەجلیس و کابینەدا بەرزبوونەوەیەکی هەست پێکراوی بەخۆوە بینی. گرینگترین هەنگاوەکانی قانووندانەری مەجلیسی دووهەم وەک قانوونی نوێی هەڵبژاردنەکان، قانوونی ڕێکخراوی عەدلییە و نرخاندنە گشتییەکان لەژێر دزەی گرووپە ڕووناکبیرییەکان و حیزبی دێموکرات دا نران. لەخولی سێهەمی مەجلیسیش دا دزەی گرووپە ڕووناکبیرییەکان لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکان دا بەتایبەت حیزبی دێموکرات دا بەردەوام بوو. لەژێر دزەی ئەو گرووپانە لەو خولەدا قانوونگەلێکی وەک قانوونی ڕێکخستنی وەزارەتی ماڵییە و خزمەتی سەربازی چەسپان. ڕوودانی شەری جیهانی یەکەم و کۆتایی کاری خولی سێهەمی مەجلیس کۆتایی هێنا بە خولێکی گرینگی چالاکی گرووپە ڕووناکبیرییەکان لەسیاسەت و حکوومەتی ئێران دا. لەدرێژەی شەری یەکەم دا زۆربەی ڕووناکبیرانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات دا درێژەیان بەچالاکی سیاسی ۆخیان دا. چالاکی "کۆمیتەی ئێرانی ئازاد" بەڕێبەرایەتی سەید حەسەنی تەقی زادە لە بێرلەن دا شیاوی باس لێکردنە. وەک ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە دەبێ باس لە سەید محەمەدعەلی جەماڵ زادە، ئیبراهیم پورداود، حەیدەرخانی عەموئۆغلی، میرزا نەسروڵلاخانی جەهانگیر و حەبیبوڵلا شەیبانی بکەین. کۆمیتەی ئێرانی ئازاد لەڕاستی دا وەک دەوڵەتی دوورخراوە لەدرێژەی شەری یەکەم دا چاوی لێدەکرا و لەگەڵ حیزبی دێموکراتی ئێرانیش دەپێوندی دا بوو. ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە

گۆڤاری "کاوە"یان لە درێژەی شەر و پاش شەریش لەبێرلین دا بڵاو کردەوە. لەدرێژەی شەریش دا هەروەها گرووپە ڕووناکبیرییەکان بەشداریان هەبوو لە چالاکی گەلێکی وەک بزووتنەوەی میرزا کوچەک خانی جەنگەڵی و سەرهەڵدانی شێخ محەمەدی خەیابانی، ئەندامی حیزبی دێموکرات لە تەورێزدا.

لەگەڵ کودەتای رەشەمەی ١٢٩٩هەتاوی دا باری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران بە ئاشکرا ئاڵ وگۆری بەسەردا هات و چالاکی ڕووناکبیران لەسیاسەت دا بەو شێوەیەی لەپاش سەرەرۆیی بچووک دا گوورا بوو کۆتایی پێهات. شێوازی چالاکی ڕووناکبیرانی چاخی مەشروتە لەسەردەمانی حومەتی رەزاشادا شێوازێکی‌تری لەخۆ گرت. حکوومەتی ڕۆژئاواخواز و ڕیفۆرمیستی رەزاشا هەندێ لەویستەکانی ڕووناکبیرە سەرەتاییەکانی ئێرانی وەک سازدانی بنەماکانی دەوڵەتی مۆدێرن، ناسیۆنالیزمی ئێرانی، بەرگری کردن لەدزەی روحانییەت، زیندووکردنەوەی سەروەرییەکانی ئێرانی کەونار، ڕیفۆرمی دیوانی و ئۆفیسی و چربوونەوەی سیاسی هێنایە دیی، بەڵام ویستەکانی‌تری ئەوانی لەمەڕ حکوومەتی قانوون و ئازادی و لیبڕاڵیزمی سەرکوت کرد. هەندێ لەڕووناکبیرانی ئێرانی خۆیان پشتیوانی فکری پێویستیان بۆ ڕیفۆرم و مۆدێرنیزەبوون لەسەردەمی رەزاشادا دەستەبەر کرد بەڵام پاش دەرکەوتنی تایبەتمەندی سەرەرۆیانەی رژیمی رەزاشا لێی دوورکەوتنەوە. بۆ وێنە دەکرێ باس لە مووشیرودەوڵە، قەوام و سەڵتەنە، عەلی دەشتی و سەید حەسەنی تەقی زادە بکەین. هەروەها لەڕووناکبیرە بەرچاوەکانی ئەو

سـەردەم کەلـە ژیـانی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی دا ڕۆڵێکـی بـەرچاویان گێـرا دەکرێ ناوی عەلی ئەسغەری حیکمەت، زەکائولمولکی فڕووغی، زەبیحـولڵا شەفەق، سەعید نەفیسی و مەتین دەفتەری بێنین.

پاش هـەرەسهێنـانی رژیمـی رەزاشـا هاوکـات لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی ئازادییە کۆمەڵایـەتی و سیاسییەکان، ڕوونـاکبیران و چینـە مـامناوەندییـە نوێیەکان بـواری چـالاکی سیاسـیان بـۆ رەخسـا. سیاسـەتە فێرکارییـەکانی چـاخی رەزاشـا ببـوە هـۆی سـەرهەڵدانی تـوێژێکلی نـوێی خوێنـدەواران. یەکەمین حیزبی بەرچاو کە لەلایەن ئەو گرووپەوە پێکهاتبوو حیزبـی ئێـران بوو کە لە بنچینەدا وەک ئەنجوومەنی ئەندازیاران پێکهاتبوو. حیزبی ئێران "حیزبی پزشک، مافنـاس، رۆژنامـەوان، مامۆسـتای زانکـۆ و مامۆسـتایان" بوو.[1] ئەو حیزبە دوو لایەنی لێ جیـابۆوە کـە یـەکیان بزووتنـەوەی ئـازادی (نهضت آزادی) بـەبۆچوونی ئیسلامی بـوو و ئـەوەیتریـان حیزبـی خـەڵکی ئێـران بـوو. لـەحیزبـەکـانی تـوێژی ڕوونـاکبیری ئـەو سـەردەم دەبـێ بـاس لەحیزبی زەحمەتکێشان و حیزبی "پان ئێرانیست" بکەین. بەرەی نەتـەوەیی دوکتور موسەددیق وەک هاوپەیمانییەک لەحیزبەکان لەکۆتاییەکانی دەیەی ١٣٢٠هـەتاوی دا لـەخۆ گـری کۆیـەکی گـەورەی ڕوونـاکبیرانی نـوێ بـوو و کـاتێکیش گەیشـتە دەسـەڵات پشـتگیری کـرد لـە ڕیفـۆڕمی زەوی، ڕیفـۆڕمی هەڵبژاردنەکان و هەروەها ڕیفۆڕمی سیاسی.

---

1. R. Cottam. *Nationlism in Iran.* (Pittsburgh, 1964), p. 265.

لەپاش هەرەسهێنانی دەوڵەتی بەرەی نەتەوەیی لەنێوان ساڵەکانی ١٣٤٢هەتا ١٣٥٧ هەتاویدا تویژێکی نوێی ڕووناکبیرانی کۆنسێرڤات، ڕۆژئاواخواز و لایەنگری دەربار سەری هەڵدا و پۆستە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە گرت. ئەو گرووپە سەرەتا لەساڵی ١٣٤٠ هەتاویدا لەکانونی تەرەققیدا لێک کۆببوونەوە، کە پێکهاتبوون لەنزیکەی ٣٠٠کەسی خوێندەوار لە ڕۆژئاوا و بەتایبەت لە ئەمریکادا. هەر ئەو کانوونە دواتر بوو بە حیزبی ئێرانی نوێ. کانوونی تەرەققی سەرەتا وەک گرووپێکی دژبەر دەهاتە ژمار. دامەزرێنەرانی بریتی بوون لە: حەسەنعەلی مەنسوور(کوری مەنسوورولمەمالیک)، موحسین خاجەنووری، دوکتور مەنووچێهری شاقولی، ئەندازیار فەتحوڵڵا ستوودە و ئەمیر عەبباسی هۆوەیدا. ئەو کانوونە لەهەڵبژاردنەکانی خولی بیست و یەکەمی مەجلیسی شورادا ڕێژەیەکی بەرچاوی کورسییەکانی وەدەست هێنا و خۆی بەلایەنگری سیاسەتە ڕیفۆرمییەکانی دەربار ناساند. حیزبی ئێرانی نوێ وەک ئامرازی دەسەڵاتی دەربار زاڵبوو بەسەر مەجلیس و هێزی بەڕێوەبەردا. ئایدۆلۆژیا ڕەسمی حیزبی جەختی لەسەر پێداویستی تێکەڵاوی و کۆکردنەوەی ئۆگری و بەرژەوەندییەکانی گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان دەکرد و بۆ ئەو مەبەستەش سەرجەمی یەکێتییە خاوەن کارەکان، یەکێتییە کرێکارییەکان، سینفەکانی بازاڕ و هەرەوەزییە لادێییەکانی کۆنترۆڵ دەکرد. لەڕاستی دا ڕێبەرانی حیزبی ئێرانی نوێ بێ ئایدۆلۆژیا ناوخۆیی بوون و خۆیان وەک "تێکنۆکرات" چاو لێدەکرد. ئایدۆلۆژیا ئەوان ڕەنگدانەوەیەکی بۆچوونە فکرییەکانی داڕشتەی دەوڵەتی تۆتالیتێری پەهلەوی بوو. بە واتایەکیتر ئایدۆلۆژیا ئەو تاقمە لە ڕووناکبیرانی سەردەمی دەوڵەتی تۆتالیتێر وەک

ئایدۆلۆژیا "بوورژوازی – ڕەها" (لەهەمبەر بوورژوازی – لیبڕاڵ)دا وێنا بکەین.

لەدەیەی ١٣٥٠ هەتاوی‌دا بەشگەلێکی توێژی ڕووناکبیری ئێران ڕوویان کردە ئایدۆلۆژیا ئیسلامی‌و بۆچوونی شۆڕشگێرانەیان لێبەدەستەوە دەدا. پێشتریش هەروەک بینیمان ڕووناکبیرانی ئێرانی زۆربە خاوەن بۆچوونی لیبڕاڵی و نادینی و دژەنەریتی بوون. بەپێچەوانەوە، ئامانجی ڕووناکبیرانی ئیسلامی دەیەی ١٣٥٠ هەتاوی زیندووکردنەوەی ئیسلام وەک سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەهەمبەر سیستمی کاپیتالیستی ڕۆژئاوادا بوو. لەنوێنەرانی ئەو بۆچوونە لەناو ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمەدا دەبێ باس لەجەلال ئالی ئەحمەد، عەلی شەریعەتی و بناخەدانەرانی گرووپی موجاهیدینی خەڵک و بزووتنەوەی شۆڕشگێری خەڵکی مووسوڵمان(جاما) و بزووتنەوەی ئازادی ئێران بکەین کە سەرجەمیان کەم تا زۆر دژی کاپیتالیزم و ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا بوون و لایەنگری شرۆڤەیەکی سیاسی و نوێخوازانەی ئیسلام بوون بۆ سازدانی سیستمێکی کۆمەڵایەتی ئیسلامی.

## خوێندکاران و بزووتنەوەی خوێندکاری

لەپەراوێزی باسکردنی ڕووناکبیراندا ئاماژەیەکیش بەڕۆڵی سیاسی خوێندکاران و بزووتنەوە خوێندکارییەکان پێویستە چوونکە بزوتنەوە خوێندکارییەکان زۆربە دەکەونە ژێرکاریگەری رەوتە ڕووناکبیرییەکان و یارمەتی دەگەیەننە بەربڵاوبوونەوەی رەوتە ڕووناکبیرییەکان لەناو کۆمەڵگادا. کۆمەڵە خوێندکارییەکان دەبنە ئامانجی مۆبیلیزەی ئایدۆلۆژیا گرووپە ڕووناکبیرییەکان و دەتوانن هزرەکانی ڕووناکبیران دابەش بکەن. لەڕوانگەی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، خوێندکاران لە کۆمەڵگاکانی هاوچەرخ دا گرووپ گەلێکی پەراوێزنشینن کە لەدرێژەی خولەکانی خوێندکاریدا جێگەیەکیان لەناو شێوەی بەرهەمهێنان و دەقی پەیوەندییە ئابوورییەکانی کۆمەڵگا دا نییە و وەک هێزی کاری شاراوەی دوا رۆژ لەسەرچاوە ماڵییەکانی کەرتی گشتی و یان کەرتی تایبەت دەخۆن.لەڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە تایبەتمەندییەکانی ژیانی خوێندکاری دەتوانین ئاوا کورت کەینەوە؛ دورکەوتنەوە لە بنەماڵە، هەستی لێکدابران و ئازادی لە هەڵبژاردنی ڕێگەی ژیان دا، ژیانی بەکۆ لە خەوگەکان دا، ژیانی سێکسی نالەبار و کەڵەکە بوونی وزەی سێکسی – ژیان، دوورکەوتنەوە لە دەقی ژیانی کۆمەڵایەتی و هتد. بەسەرنجدان بەو بارودۆخە، بزووتنەوە خوێندکارییەکان زۆربە تایبەتمەندی ئیدئالیستی بەخۆوە دەگرن. بزووتنەوە خوێندکارییەکان زۆربەی کات پاژێکن لە بزووتنەوە ئایدۆلۆژیاکی هەراوتر. بێ گومان دەبێ بزووتنەوە سینفییە خوێندکارییەکان کە یەکێتییە خوێندکارییەکانیان لێدەکەوێتەوە، لە بزووتنەوەی سیاسی خوێندکاران جیاکرێنەوە. یەکێتییە خوێندکارییەکان لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا زۆربە لەسیاسەت دانەرییە ناوخۆییەکانی زانستگادا

دەوریان هەیە و داکۆکی دەکەن لە بەرژەوەندی و ئۆگرییە خوێندکارییەکان. لەهەر شوێنێک سیستمی حیزبی سەقامگیر بووبێ و سەربەخۆیی زۆرتر بێ، بزووتنەوە و ڕێکخراوە سیاسییە خوێندکارییەکان لەگەڵ تەڤڵ بوون و یان پشتگیری لە حیزبە تایبەتەکان دەبنە گرووپی گووشار. بزووتنەوە خوێندکارییەکان زۆربە وەک هۆکاری پێشوەبردنی ئایدۆلۆژیایەک یان بزووتنەوەیەکی گشتیتر دەجووڵێنەوە. بوارەکانی گەشە یان هەرەسی بزووتنەوە خوێندکارییەکان خۆی بەگشتی ڕێرەوی هۆکارەکانی گەشە کردن یان هەرەسهێنانی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە.

بەگشتی جۆری ژیانی خوێندکاری بوارێکی لەبارە بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دژە نەریتییەکان، دادپەروەرانە و ئیدئالیستییانە. لەلایەنی سەرچاوەی کۆمەڵایەتییەوە بەسەرنجدان بە بڵاوی فێرکاری گشتی، خوێندکاران هەڵقوڵاوی چینە جیاجیاکانن و هەر لەو ڕووشەوە وەک توێژێکی سەرئاو کەوتە و شیاوی مۆبیلیزە بوون لەڕێگەی بۆچوونە ئایدۆلۆژیاکە جیاجیاکانەوە دەردەکەون.

یەکێک لە بزووتنەوە سەرەکییەکانی خوێندکاری و ڕووناکبیری لە سەدەی بیستەم لە مانگی مەی ١٩٨٠ زایینی لە فەرنسەدا سەری هەڵدا. ڕاستە ئەو بزووتنەوەیە سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا بەڵام لەرزەی خستە رژیمی ژێنراڵ دۆگۆڵەوە و ترسێکی گەورەی سازکرد لەناو چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگا پیشەپێکهاتەە پێشکەوتووکان دا. شۆڕشی مانگی مەی بە دوو قۆناغدا تێپەری. لەقۆناغی یەکەم دا لە سەرەتاکانی مانگی

مـەی دا خوێنـدکارانی پـاریس مۆبیلیزەبـوون و بزووتنـەوەی خوێنـدکاری بەخێرایی سەرانسەری پاریسی تەنییەوە. بێ توانایی حکوومەتی دۆگۆڵ لـە کۆنترۆڵی بزووتنەوەدا بۆوە هۆی ئەوە بزووتنەوە بەخێرایی تەشەنە بکاتە شـارەکانیش. لـەقۆناغی دووهـەمدا، بزووتنـەوەی خوێنـدکاری بـوو بـە بزووتنەوەی گشـتی و کرێکـاری و لـەناوەڕاستەکانی مـانگی مـەی بـە دواوە مانگرتنی گشتی زۆر بەربلاو هاتنە ئاراوە. دواجار رژیمی دۆگۆڵ ناچار بـوو بەپاڵپشـتی هێزەکـانی ئەرتـەش بزووتنەوەکـە بەشـێوەیەکی تونـدوتیژ و خوێناوی سەرکوت بکا. لەگەڵ هەمووی ئەوەشدا ئامانجەکانی بزووتنەوەی مانگی مەی ڕوون نەبوون. شۆڕشگێران دوژمنی "سـەرجەمی سیسـتم" بـوون. "دوژمن ئیتر تاکێکی وەک پادشا یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی وەک بوورژوازی نییە. دوژمن سـەرجەمی شـێوە ناتاکەکەسـی، ئـاوەزیی بـوو و بروکراتیکـی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی – ئابوورییە."[1]

---

1. E. Hobsbawm, *Revolutionaries: Contemporary Essays.* (London, 1977), p. 241.

# ٩

# سپا و سیاسەت

## سەرەتا

لەڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە تاوتوێ کردنی پەیوەندی سپا دەگەڵ کۆمەلگا و گرووپ و هێزە کۆمەلایەتییەکان لەلایەک و پەیوەندی لەگەڵ دەزگای دەسەڵاتی سیاسی لەلایەکیترەوە خاوەن گرینگایەتییە. بەواتایەکیتر ئەوەی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە گرینگە ئەو ڕۆڵ و دەورەیە کە سپاکان وەک نێوبەندی نێوان چین و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەک و حکوومەت لەلایەکیترەوە دەیگێرن. زۆربەی کات سپا وەک ئامرازی بەرێوەبەری دەسەڵات و توندوتیژی دەولەتی لەڕووی قانوونییەوە بێ بەرپرسایەتی سیاسییە بەڵام لەکردەوەدا بەهۆی هۆکاری جیاجیا لەوانەیە بەشێوازی جۆراوجۆر بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەرپرسایەتی دەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێ. بێ گومان شێوە و رادەی دزەیان دەستێوەردانی سپا لەڕژێمە سیاسییە تۆتالیتێر یان دێموکراسییە پاڕلمانییەکاندا جیاوازە. لەوڵاتانی کومۆنیستی سەدەی بیستەمدا ئەفسەرانی پلەبەرزی سپا بەشداریان بووە لەحیزبی دەسەڵاتداردا

و لەلایەکی‌ترەوە ڕێکخراوە حیزبییەکانیش لەناو سپادا چالاک بوونە. لەدەوڵەتە دیموکراتیکەکانیش‌دا لەگەڵ ئەوەدا کە سپا بۆی نییە ڕاستەوخۆ و ئاشکرا دەست بخاتە ناوسیاسەتەوە، دیسانیش سپا وەک یەکێک لەگرووپە خاوەن دزەکان دێتە ژمار. بۆ وێنە لەوڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکادا لەنێوان ئەفسەرانی سپا و هەندێ پیشەسازی نەتەوەیی‌دا کە قازانج لەگەڵ لەگرێبەستە سپاییەکان بەردەوام پەیوەندایەتییەکی تایبەت لەئارادابووە.

دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سپا لەسیاسەتدا لەوڵاتانی لەکاتی پەرەسەندن‌دا زۆرئاشکراتر بووە. یەکێک لەهۆکارەکانی ئەو دەستێوەردانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵە زەقەی کە زۆربەی سپاکان وەک پارێزەری سەربەخۆیی و شوناسی نەتەوەیی دەرکەوتووە. کێشەی گرینگ لەڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە تەنیا داستێوەردانی سپا لەسیاسەتدا نییە بەڵکووو پرسی گرینگ ئەوەیە کە کاتێک سپا دەستدەخاتە ناو کاروباری سیاسییەوە پشتگیری لە بەرژەوەندی چ گرووپگەلێکی کۆمەڵایەتی دەکا. دەستێوەردانی سپا لەسیاسەتدا بەتایبەت بەشێوەی کودەتای نیزامی بەجۆرێک لەجۆرەکان لەگەڵ دارشتەی بەرژەوەندی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان‌دا لەپەیوەندی دایە. لەوڵاتێک‌دا کە دەسەڵاتی سیاسی لەدەست ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی دایە، ڕوودانی کودەتا لەوانەیە هێمایەک بێ لەناکۆکی ناوخۆیی چینی دەسەڵاتدار. لەلایەکی‌ترەوە هاوکات لەگەڵ گەشەی چینە مامناوەندییەکان لەوانەیە ئەفسەرانی سپا وەک نوێنەری بەرژەوەندی وەها چین‌گەلێک دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و

بەئاراستەی ئەو بەرژەوەندییانەدا دەست بدەنە سازدانی ئاڵوگۆرگەلێک. بەو پێیە دەکرێ بوترێ کە تەنیا چەمکی دەوڵەتی سپایی چەمکێکی کۆمەڵناسانە نییە. دەوڵەتە سپاییەکان لەڕووی پێگەی کۆمەلایەتی و بۆچوونی چینایەتییەوە لەوانەیە زۆر جۆراوجۆر بن. هەر لەو ڕووەوە تاوتوێ کردنی پەیوەندییە تاکەکەسی، گرووپی و ئایدۆلۆژیاکەکان لەنێوان سپا و چینە کۆمەلایەتییەکاندا بابەتی سەرەکی باسی کۆمەڵناسی سیاسی دەوڵەتە سپاییەکانە. بەو پێیە باس کردن لەدەستێوەردانی سپا لەسیاسەتدا لەڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە بەرتەسکتر، لەباسی گشتی دەستێوەردانی سپاییەکان لەژیانی سیاسیدا.

## سەربردەی مێژوویی سپا

یەکەمین شێوازەکانی سپا لەکۆمەڵگا کشتوکاڵییە سەرەتاییەکانی سەرهەڵدا چوونکە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دەورووپشتیاندا دەناکۆکی دابوون. سەرجەمی ئیمپراتۆڕییەکانی چاخی کەونار خاوەن ڕێکخراوی سپایی تایبەت بەخۆیان بون. لەو سەردەمانەدا سپاکان بەستراوەی ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی بوون. هاوکات لەگەڵ هەراوبوونی شارەکان فۆنکسیۆنی سپاش بۆ داکۆکی کردن لەشارەکان لەهەمبەر هێرشی دەرەکیدا خۆشاردنەوەی لێنەدەکرا. لەزۆربەی وڵاتانی چاخەکانی رابردوودا لە ڕەگەزە ژێردەستەکان کەڵک وەرگیرا بۆ سازدانی سپای بەکرێگیراو.

لــەچاخی نــاوین لــەئوڕووپادا دەوڵەتــە گچکــە خــۆج نــاوین لــەئوڕووپادا دەوڵەتە گچکە خۆجێیـەکان سپای بچووک و لێک بڵاویـان پێک هێنـاوە. لەوان سەردەماندا پادشاکان زۆربەی کات لەجێی دانی پارە زەویـان دەدایـە سـەربازەکان. هـەر ئـەو رەوتـە بـوو بـە پێگـەی پێکهـاتنی چینـی فیـۆدال. ئەریستۆکراسـی خـاوەن زەوی لــە ئوڕووپـاشدا ڕیشـەی سـپایی هــەبوو. ئەریستۆکراتی سپایی هێزی سـەرەکی داکۆکیکـەری شـارەکان لەسـەدەکانی نـاوەڕاسـتدا بـوون. پـرشوبـڵاوی سپا تایبەتـەکان لـەچاخی فیۆدالیتـەدا دەبووە لەمپەری پێکهاتنی ڕێکخراوێکـی چـرو یەکـە. تەنانـەت لەشـەرەکانی سـەلیبیشدا ڕێکخسـتن و یـەکێتی پێویسـت لـەئارادا نـەبوو. لەکۆتایـەکانی سـەدەکانی نـاویندا هاوکـات لەگـەڵ سـەرهەڵدانی دەوڵەتـە سـەرەرۆکان، پادشــاکان کەوتنــە ڕاکێشــانی بیــروڕای چینــە بازرگــانی و شــارییەکان و تێدەکۆشــان ئەریستۆکراســی ســپایی لاواز کــەن. ڕێکخــراوە ســپاییەکانی دەوڵەتە سەرەرۆکان بێ گومان سەرتر بوون لە سپا بچووک و تایبەتەکانی ئەریستۆکراتی خۆجێی. لەگەڵ بەرهەمهاتنی چەلوچۆڵە نوێیەکان لـەنێوان ساڵانی ١٥٥٠ و ١٦٥٠دا ئەرتەشی دەوڵەتە سەرەرۆ سەڵتەنەتییەکان شێواز و هێزێکـی نـوێی لـەخۆ گـرت. سـتاندارد بـوونی جـلوبـەرگ و کـەلوپـەل و دیسـیپلینی سـپایی هـەر لـەو سـەردەمەوە دەسـتی پـێکـرد. سـەرزنجیرە، دامەزران، پلە و هێما تایبەتەکانی سپاییش هـەر لـەو سـەردەمەدا سـەریان هەڵدا. زەقترین وێنەی سپای مۆدێڕن سپای سـەڵتەنەتی پێـرۆس بـوو کـە لەسەدەی هەژدەهەم لەلایـەن فرێدریکی دووهەمـەوە لەسـەر بنـەمای تـەواو نـوێدا پێکهـات. لـەپێرۆسدا سـپا وەک قوتـابخانـەی سـەرجەمی نەتـەوە" وەسـف دەکـرا. سـپاکانی دەوڵەتـە سـەرەرۆکان یەکـەمین سـپا پرۆفیشـناڵە

مۆدێڕنەکان بوون. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سپایانە تاڕادەیەک داخراوبوون چوونکە تەنیا ئەریستۆکرات و نزیکانی پادشاکان بۆیان هەبوو بگەنە پۆستەکانی سەرووی سپا. ئەفسەرانی سپای دەوڵەتە سەرەرۆکان باجیان لێوەرنەدەگیرا چوونکە دەوترا ئەوان "باجی خوێن" دەدەن. تائەو سەردەمیش خۆشەویستی و تورەیی پادشاکان کاریگەری هەبوو لەسەر بررزبوونەوە و دابەزینی پلەی ئەفسەرانەدا. سپاکانی دەوڵەتە سەرەرۆکان بەو پێیە لەڕوانگەی ڕێکخراوییەوە سپاگەلێکی "پاتریمیونیال" بوون. لەهەمان سەردەمدا کرین و فرۆشتنی پۆستە سپاییەکان باو بوو و ئەوەش خۆی بووە هۆی بەرزبوونەوەیەکی بێژماری رادەی ئەفسەران. بۆ وێنە سپای فەرانسە لەساڵی ١٧٨٧دا، ٣٦٠٠٠ئەفسەری هەبوو کە تەنیا ١٣٠٠٠کەسیان بەکردەوە لەخزمەت سپا دابوون. بەو پێیە ئێلیتێکی سپایی تاڕادەیەک گەورە لە دەوڵەتە سەرەرۆکاندا پێکهات. فەرانسە لەسەردەمانی لویی چواردەهەمدا خاوەن گەورەترین سپای پرۆفیشناڵی نوێ بوو و نزیکەی ٤٠٠٠٠٠ سەربازی هەبوو(دانیشتوانی ئەو سەردەمی فەرانسە ٢٣ملیۆن کەس بوو). لەئینگلستان هەر لەوسەردەمدا توێژێکی سپایی بچووکتر لەئارادا بوو کە لەژێر چاودێری پارڵماندا بوو. نەریتی کرین و فرۆشتنی پۆستە سپاییەکان لەو وڵاتەدا هەتا ساڵی ١٨٧١زایینی باوبوو. لەپێرۆسدا ئەفسەرانی سپا زۆرتر لەچینی ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی (یۆنکێرەکان) بوون. لەساڵی ١٧٩١زایینیدا، سەرجەمی ئەفسەرانی پلەبەرزی سپایی ئەو وڵاتە سەر وە ٥١٨ بنەماڵەی ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی بەرچاوبوون.

لەساڵی ١٨٠٦زایینیدا لەنزیکەی ٨٠٠٠ ئەفسەری پێرۆسی تەنیا ٧٠٠ کەسیان لەبنەماڵـە نائەریسـتۆکراتەکان بـوون. سـپای پررۆفیشـناڵ و نەتـەوەیی بـەواتای مـۆدێرن هـاورێ لەگـەڵ سـەربازیدا تـەنیا لەسـەدەی نۆزدەهـەمدا سەریان هەڵدا. شەری ساڵەکانی ٧١ – ١٨٧٠ نێوان ئەڵمان و فەرانسە شەری بەتەواو مانای ئەرتەشە نەتەوەییەکان بوو. سـەربردەی پێکهـاتنی سـپای نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ شـەری سـەربەخۆیی ئـەمریکا لەسـاڵەکانی ٨٣ – ١٧٧٥ و هەروەها شەرەکانی شۆڕشگێری و شـەرەکانی نـاپێلئۆنی فەرانسـە. لەفەرانســـەدا لەســـاڵی ١٧٩٣دا لەگـــەڵ قـــانوونی سیســـتمی ئـــەرکی گشتی(سەربازی)(Levee en masse)دا تـۆوی سـپا گـوورا. سـپای نەتـەوەیی بەواتای نوێ لەلایەن لازارکارنۆووەوە لەدرێژەی شۆڕشی فەرانسـەدا داهـات. رەگەمای سیستمی ئـەرکی گشـتی پەیوەنـدی نێـوان سـپا و نەتـەوەی بـەهێز دەکـرد. لەسـالأنی یەکـەمی شـۆڕشدا سـەربازەکان ئەفسـەرانی خۆیـان هەڵدەبژارد. بەپێی قانوونی بنچینەیی ساڵی ١٧٩٣ هـەر فەرانسـەییەک وەک سـەربازی نەتـەوەیی دەژمێـرا. لەگـەڵ ئـەوەشدا ٧٠٪ ئەفسـەرانی سـپای فەرانسە هەروا هـەڵقولأوی چینـی ئەریسـتۆکراتی ئـەو ولأتـە بـوون. سـپای نەتەوەیی نـوێ تێکەلأوییـەک بـوو لـە سپای پرۆفیشـناڵ و ئـەرکی گشـتی. گرینگترین ریفۆرمی سپایی لەدرێژەی سـەدەی نۆزدەهـەمدا لـەپێرۆس هاتـە ئاراوە. لەسـاڵی ١٨١٠ ئاکـادیمی سـپایی گریـگ لـەبێرلین هاتەدامەزرانـدن. پێکهێنـانی سـتادی هاوبەشـی سـپا لەدەیـەی ١٨٦٠دا یـەک لـە داهێنانـەکانی دەوڵەتی پێرۆس بوو. مۆدێلی سپای پرۆفیشـناڵی پێـرۆس بـوو بـە مـۆدێلی دەوڵەتانیتری ئورووپاش دواتر لەئاستی جیهـانیدا لەبـەری هەڵگیرایـەوە. تەنانەت فەرانسە پاش شکستی ساڵی ١٨٧١ کەوتە لاسایی کردنەوەی سپای

پێرۆس. لەپاش ئەو ساڵە سەرجەمی دەوڵەتە ئوڕووپاییەکان خزمەتی ئەرکی نەتەوەییان کردە زۆرە ملی. کێبەرکێی چەکوچۆڵ لەسەردەمانی ئاشتی بە چەکی ساڵەکانی ١٨٧٠ هەتا ١٩١٤ لەنێوان دەوڵەتە جیاجیاکانی ئوڕووپاییدا گرینگی و کێشی سپای نەتەوەیی زێدە کرد. لەو ساوە سپا بەواتا نوێیەکەی سەقامگیر بوو. لەدرێژەی سەدەی بیستەمدا دەوڵەتە نائوڕووپاییەکانیش دەستیان دایە پێکهێنانی سپای نەتەوەیی و سیستمی زۆرەملی سەربازییەوە.[1]

لەشارستانییەتی ئیسلامیدا لەڕوانگەی مێژووییەوە دەسەڵاتی سپایی و ناسیۆنالیزم هەردەم ئاوێتەی یەکتر بوون. ڕێگەی باوی پێکهێنانی دەوڵەت لەو ژیارەدا گرتنی سەرزەوییە نوێیەکان لەڕێگەی دەکارهێنانی سپاوە بوو. پێغەمبەری ئیسلام و خەلیفەکانیش خۆیان وەک فەرماندەی لەشکر دەهاتنە ژمار. هەروەها لەلای ئەمیرانی وڵاتانی ئیسلامیدا ڕاگرتنی سپای جیرەخۆر هەر لەوزۆوە لەئارادا بوو. لەڕاستیدا خەلیفەکانی بەغدا پاڵپشتی دەسەڵاتی سپا جیرەخۆرەکان بوو تا ئەو جێیەی ئیمام محەمەدی غەزالی دەسەڵاتی خەلیفەی پێ ستێکی ئەفسانە بوو و بەڵگەی دێنایەوە کە لە ڕۆژاری ئەودا دەوڵەت تەنیا دەرئەنجامی بوونی دەسەڵاتی سپایە و

1. A. Vagts, *A History of Militarism.* (New York, 1967).

خەلیفە کەسێکە کە خاوەنی گەورەیی و دەسەڵاتی سپایی پێ وەفادار بن. لەدوایین ئیمپراتۆڕی ئیسلامی واتا ئیمپراتۆڕی عووسمانیشدا بەشێکی بەرچاوی دەسەڵاتی سیاسی لەدەست "یەنی چرییەکان" واتا گیان بەختکەرەکاندا بوو کە کاکڵی سەرەکی سپای ئەو ئیمپراتۆڕییەیان پێکدێنا.

## میلیتاریزم: بەسپایی بوونی کۆمەڵگا و سیاسەت

چەمکی میلیتاریزم لەمێژووی مشتومری حیزبی وسیاسیدا بەتایبەت لەلایەن حیزب و گرووپە سۆسیال دێموکرات و چەپەکانەوە دەکارهێنراوە وەک دروشمی سیاسی بۆ خراکردن و ڕەخنەی هەندێ لەو حکوومەتانەی خاوەن بۆچوونی "سپایی" بوون. لەبنەمادا میلیتاریزم بە دوو واتا دەکارهاتووە: یەکەم دزەی فەرهەنگی سپای لە کۆمەڵگادا و دوهەم دەستێوەردانی سپا لەسیاسەتدا. مەبەست لەمیلیتاریزم لەواتای یەکەمدا بەگشتی بریتییە لە دزەکردنی سپا و یان شێوە ژیان و فەرهەنگی سپایی لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. هەر وەک بینیمان میلیتاریزم بەواتای ئیشتیایی کۆمەڵگا بۆ ئیدئالە سپاییەکان لە ڕەوتی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرندا دەرکەوت. زۆربەی کات لەشێوە ژیان و فەرهەنگی سپاییدا پەسنی ڕێکوپێکی و سەرزنجیرەی پلە و پەیوەندی باڵادەستی و ڕێرەوی و نواڕینە شەرخوازەکان دەکرێ ویان تەنانەت شەر لەڕوانگەی ئەخلاقیەوە شتێکی باشە و وەک ئافرێنەری هێزی ڕووحی و رەوانی دێتە ژمار. لەو ڕووەوە میلیتاریزم زۆربە بەواتای بەناو

نەخوشییەکی سیاسی- کۆمەڵایەتی دەکار دێ و مەبەستیش لێی ئەوەیە کە سپا سنووری ئۆگرییەکانی و ئەرکە رەواکانی خۆی تێپەراندووە. میلیتاریزم بەو واتایە لەوانەیە لەئاکامی بەرزبوونەوەی ملمڵانێ سپاییەکان و پێداویستی هەڵکشانی خەرجی چەکوچۆڵەکان و نوێ کردنەوەی سپا و بەرزبوونەوەی رێژەی سپاییەکان لەلایەن *حکوومەتی ناسپاییەوە* ساز بدرێ. هەروەها لەوانەیە دزەی رێبەران و کۆمەڵە سپایی لەسیاسەتی ناخۆ و دەرەوەدا بەشێوەیەکی *راستەوخۆ* هەڵکشێ و لەئاکامی ئەودا میلیتاریزم بەربڵاوبێتەوە. بەواتایەکیتر "میلتاریزمی" "ناسپایی" لەئاکامی باڵادەستی و زاڵبوونی ورەی سپای لەکۆمەڵگادا و لەدەوڵەت و لەناو خەڵکدا سەرهەڵدا بەڵام "میلیتاریزمی سپایی" دەرئەنجامی باڵادەستی سپا دەحکوومەتدایە.

لەرووی بوارەکانی سەرهەڵدانەوە، میلیتاریزم دەرئەنجامی بەردەوام بوونی نوارینە نەریتی یان خۆی دیاردەیەکی نەریتی نییە کەلەگەڵ مۆدێرنیزە بوونی کۆمەڵگادا خۆ بەخۆ لەناو بچێ، بەڵکووو دەرئەنجامی هەلومەرجی مۆدبەخۆ لەناو بچێ، بەڵکووو دەرئەنجامی هەلومەرجی مۆدێرنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و هۆکاری سەرەکیشی بەتایبەت دەکارهێنانی رووەو زێدەی تەکنۆلۆژییە لەبواری چەکوچۆڵدا کە بۆتە هۆی پەرەسەندنی رێکخراوەیی و تێکنیکی سپا. سپا مۆدێرنەکان هێزە کۆمەڵایەتی- سیاسییەکانی بە دیسیپلینی و یەکریزن و بەشێوەی

ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ەگەڵ دەزگای حکوومەتیدا دەپەیوەندی دان. بۆ سپا ئامانجە سپاییەکان گرینگترین ئامانجن و بێتو کۆمەڵگا ئامادەی پەژراندنی وەها ئامانجگەلێک ببۆ سپا ئامانجە سپاییەکان گرینگترین ئامانجن و بێتو کۆمەڵگا ئامادەی پەژراندنی وەها ئامانجگەلێک بێ، ئەوا گشت ژیانی کۆمەڵایەتی بۆچوونی میلیتاریستی لەخۆ ەگرێ. لەو ڕوانگەوە میلیتاریزم شتێکی زیاتر لە بەربڵاوبوونەوەی چەندایەتی توانکانی سپا و بەڵگەی هەلومەرجێکە کە لەو دا گەلی بەشی سەرەکی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێتە "سپایی". میلیتاریزم پەیوەندیەکی ئەوتۆی بە فۆنکسیۆنەکانی سپاوە نییە ویان بەستراوەی هەلومەرجی شەر و ئاشتی نییە. بەباشی بەرێوەچوونی فۆنکسیۆنەکانی سپا بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ خۆی یەکێک لە کۆسپەکانی سەرهەڵدانی میلیتاریزم دەبێ و بەرگری دەکا لەبڵاوبوونەوەی ورەی سپایی- پیشەسازی" و "فەرهەنگی چەکوچۆڵ" وەک بواری بڵاوبوونەوەی میلیتاریزمی نوێ دێنە ژمار.لەئاکامدا "سپاییەکان بەشێوەیەکی ڕووەو زێدە سەرقاڵی سیاسەتدانەرییەکان دەبێ بەبێ ئەوە لێهاتوویی و ئەزموونی پێویستیان بۆ وەها بابەتگەلێک هەبێ".[1]

لەڕووی سەربردەی مێژووییەوە زۆربەی کات میلیتاریزم دەگەرێتەوە بۆ نەریتی سپای پێرۆس و بۆ چوونی سپایی دەولەتی ئەڵمان لەچاخی

---

1. P. Goodwin, “The National Security Establishment”, in *American Militarism*, edited by E. Knoll and J. McFadden, (New York, 1969), p. 17.

فرێدریشی گەورە بەو لاوە. بیسمارک بەشێوەی تایبەتی سپایەکانی خۆی رایگەیاند بوو کە کێشە سەرەکییەکانی مێژوو لەڕێگەی "خوێن و شمشێرەوە" چارەسەر دەبن. هزری بیسمارک نوێنگەی تێکەڵاوی میلیتاریزم، ناسیۆنالیزم و کۆنسیرڤاتیزم بوو. لەسەردەمانی بیسمارک دا ژیانی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندی سپایی بەخۆوە گرت و گەلێ بەشی بەرچاوی بوورژوازی ئەڵمان خۆی لەگەڵ شێوازەکانی ژیانی میلیتاریستی ڕێکخست. لەسەردەمانی حکوومەتی میلیتاریستی ویلهۆڵمیی دووهەم دا سپا بەسەر پاڕلمان دا زاڵ بوو. دەسپێکی شەرە جیهانییەکان لەلایەن ئەڵمان و سیاسەتی پەرەسەندنی سپای ئەو وڵاتە بەتایبەت لەشەری جیهانی دووهەم د ابۆچوونە میلیتاریستیەکانی بەهێزکرد. هەروەها سیاسەت و حکوومەتی ژاپۆن لەنێوان دو شەری جیهانیدا وەک نوێنگەیەکی بەرچاوی میلیتاریزم اتۆتە ژمار. دزەی ڕێبەرانی سپایی لەحکوومەت و سیاسەتی ژاپۆن لەساڵی ١٩٣٠ وە هەتا ١٩٤٥ لەچاخی فاشیزمی ژاپۆنیدا هاورێ بوو لەگەڵ بەهێزبوونی نەریتی سامۆرایی لەو وڵاتەدا. لەو سەردەمدا سپا ویستی خۆی سەپاندە سەر هێزوحیزبە سیاسییەکان و بیروڕای گشتی و سیستمی پاڕلمانی تێک شکاند و لەگەڵ کۆنترۆڵی ئامرازەکانی پەیوەندیدا پرژایە سەر بەرێوەبردنی سیاسەتی "مۆبیلیزەی زەینی خەڵک". هەندێک "جۆری بیرکردنەوەی میلیتاریستی" ئەڵمانییەکان و ژاپۆنییەکان وەک هۆکارە گرینگەکانی شەر چاولێدەکەن. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا تەنیا ئەزموونی نوێی ناسپای بوونی ژیانی سیاسی لە دەوڵەتە هاوچەرخەکاندا بۆتە هۆی

ئەوە کە میلیتاریزم بەواتای دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سپا لەسیاسەتدا وەک ریزپەڕێک بەسەر رێسادا چاولێکرێ دەنا نا لەهەموو شوێنێک لە ئیمپراتۆڕییە گەورەکان و لەچاخی دەوڵەتە سەرەرۆکانیشدا سپاکان دزەیەکی بەرچاویان لەڕێبەری سیاسیدا هەبووە. لەلایەکیترەوە، هاوکات لەگەڵ سەقامگیربوونی سپای مۆدێرن وەک ڕێکخراوێکی بەربڵاو و بەدیسیپلین شیمانەی میلیتاریستی بوونی کۆمەڵگا، فەرهەنگ و بەتایبەت حکوومەت بەرز بۆتەوە. بۆ وێنە لەفەرانسە لەسەردەمانی شۆرش و شەرە شۆڕسگێرییەکاندا، سپا وەک نوێنگەی نەتەوە و کۆمەڵگای فەرانسە چاولێدەکرا و تەنیا وەک ئامرازێکی دەستی دەوڵەتی شۆڕشگێری نەدەهاتە ژمار.

بالادەستی سپا بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی لە فەرانسەی سەردەمی ناپێلئۆن بۆناپارتدا گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی. لەدەوڵەتی بۆناپارتیستی ناپێلئۆنی سێهەمدا، سپا گرینگترین کەرەسەی سازدانی ڕێکوپێکی ناوخۆیی و یەکریزی کۆمەڵایەتی بوو. دواتر گرینگایەتی سپا لەژیاسنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەگشتی میلیتاریزم لەئاکامی ڕوودانی شەرە گەورەکانی جیاهنی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بۆوە. هەندێ لەبیرمەندانی وەک هارۆڵد لاسوێل چەمکی "دەوڵەتی پادگانی" بۆ وێناندنی تۆتالیتێریزمی میلیتاریستی سەردەمانی دوو شەری جیهانی دەکارهێناوە.[1]

---

1. H. Laswell, “The Garrison-State Hypothesis Today”, in *Changing Patterns of Military Politics*, edited by S. Huntington (New York, 1962), pp. 51-70.

لەپاش شەری دووهەمی جیهانی، شەری سارد گۆڕێکی زیتری بەخشییە بۆچوونە میلیتاریستییەکانی ڕژێمە سیاسییەکان لە ڕۆژئاوا و رۆژهەڵات دا. ڕاستە بڵاوبوونەوەی نەریتی سپاییگەری یەکێک بوو لەبوارەکانی سەرهەڵدانی فاشیزم بەڵام لەلایەکیترەوە فاشیزمیش نەریتی میلیتاریستی بەهێز کرد. بزووتنەوەی فاشیستییەکانیش کەڵکیان لەرێورەسمیە سپاییەکان وەرگرت و رێپێوان و سەرزنجیرەی نیمچەسپاییەکانیان کردە باو و پەسنی نەریتییە سپایی و نەریتەکانی شەریان کرد. گرووپە چەکبەدەستە فاشییەکان و ڕێکخراوە پرۆپاگەندەکانیان وێکچوونییەکی ئاشکرایان لەگەڵ سپادا هەبووە. پەیوەندی رێرەوان و ڕێبەران لەحیزبە فاشیستییەکاندا جۆرە پەیوەندییەکی نیمچە سپایی بوو. بزووتنەوە فاشیستییەکان لەگەڵ دەزگا سپاییەکانیشدا دەپەیوەندیدا بوون. لەگەڵ بەهێزبوونی بزووتنەوە نیمچە سپای فاشیستییەکان، ڕۆڵی نەریتی سپاکان تا ڕادەیەک لاواز بوو و ناچاربوون لەگەڵ ئەو بزووتنەوانەدا گەلێ پەیوەندی نزیک سازدەن. لەپاش شەری یەکەمی جیهانی لەگەڵ کەم بوونەوەی پێرسۆنێلی سپا زۆربەی ئەفسەرانی پێشوو چوو بوونە ناو ڕێکخراوە سپایی و نیمچە سپاییەکانی گرووپە ڕاستەکانەوە. لەنێوان هێزە سپاییەکان و ئەو ئەفسەرانەی کە پاش شەر تووشی *ناکامی* جۆراوجۆر هاتبوون و بزووتنەوەی فاشیستیدا پەیوەندییەکی گەرموگوڕ لەئارادا بوو. جەخت کردنی بزووتنەوەی فاشیستی لەسەر سەروەرییەکانی سپایی و پاڵپشتی کردن لەفاشیزم لەناو ئەنجوومەن و باشگا سپاییەکانی ئەڵمان و ئیتالیادا

دەربری ئەو پەیوەندییەیە. دەوڵەتە فاشیستییەکان بۆ پتەو کردنی یەکریزی کۆمەڵگا لەهەمبەر هێزە سیاسییە دژبەرەکاندا کەڵکیان لەواتا سپاییەکانی وەک "شەری هەمەلاگر" و "سپای خەڵکی" وەک پاژێکی ئایدۆلۆژیاکی خۆیان وەردەگرت. سەبارەت بە ئیسپانیا بەشێکی سپا بەڕێبەرایەتی فرانکۆ بەکردەوە دەسەڵآتی دەدەست دابوو. ژێنراڵ فرانکۆ بەپشگیری سپا حیزبی فاشیستی فالانژی هێنایە ژێر رکێفی خۆی. فاشییەکان لەهەموو شوێنێکدا بەپاڵپشتی شاراوەی هێزەکانی سپا دەستیان گەیشتە دەسەلآت. دواتر دەوڵەتە فاشیستیەکان لە سپا کەڵکیان بۆ سیاسەتە پەرەسەندنەکانی خپیان وەرگرت. ئەو رکەبەرایەتییەی لەنێوان ڕێکخراوە نیمچە سپاییە فاشییەکان و سپادا سەریان هەڵدا، لەهەموو شوێنێکدا بەقازانجی سپا کۆتای پێ هات. هەڵبەت لەلایەکیترەوە، هەڵپەساردنی(پالآوتنی) ناو سپا و بالآدەستی پۆلیسی تەناهی بە سەر یەکەکانی سپادا سەربەخۆیی کردەوەی ئەفسەرانی سپای لەناو برد. لەئەڵمان نارەزایەتی ئەفسەرانی سپا لەشۆرشی سەرنەکەوتووی ٢٠ ژوئییەی ساڵی ١٩٤٤ دا دەرکەوت. لەدژکردەوە بەو نارەزایەتییە دەوڵەتی هیتلێر پرۆپاگەندە و (القائات) سیاسی ناوخۆی سپای بەگۆڕتر کرد.

لەولآتە دێموکراتیکەکانیشدا شەرە جیهانییەکان بۆە هۆی بەهێزبوونی دزەی سپا لەسیاسەت و کۆمەڵگادا. لەئەمریکادا پریزیدێنت رۆزوێڵت دەستی لە فەرماندەی گشتی هێزەکان کێشایەوە و لەهەمبەر ستادی هاوبەشی فەرماندەرانی سپا پێگەیەکی بالآدەستی دەست کەوت. بەتایبەت سپا لەسیاسەتی دەرەوەدا دزەیەکی یەکجار زۆری دەست خست.

بەپێچەوانەوە لەئینگلستان‌دا چێرچیل بەسەرنجدان بە سەربردەی سپای خۆی توانی بالادەستی دەزگای سیاسی بەسەر سپادا هەروا بپارێزێ. لەپاش شەر، لەئەمریکادا پرێزیدێنت ترۆمێن تێدەکۆشا کەلک وەرگرێ لەدزەی سپا کە بە هۆی شەری ساردەوە بەرزبۆوە، لەئاکامدا ژامرەیەکی بەرچاوی ئەفسەران بۆ پۆستە سیاسییەکان هەلبژێردران. هەلبەت قانوونی تەناهی نەتەوەیی سالی ۱۹٤۷ رۆلی ستادی هاوبەشی سپای تەنیا بە کاروباری سپاییەوە بەستەوە. لەسەردەمانی ئایزنهاوێردا دزەی سپا بەسەر دەزگای سیاسی‌دا دایە کزی. بەو حالەش کۆنگرە لەسەرجەم‌دا لەگەل ویستەکانی سپادا هاودەنگ بوو. لەگەل ئەوەش‌دا چوونە ناوەوەی زۆربەی ئەفسەرانی سپا بۆ پۆستە سەرۆکانی پیشەسازی و بازرگانی لەپاش شەردا، پەیوەندییەکانی نێوان گرووپە سپایی و پیشەپێکهاتەکانی بەهێزکرد. هەندێ لەپیشەپێکهاتەکانی وەک پیشەسازی فرۆکەسازی گرێبەستی مالی ماکرۆیان لەگەل سپادا بەستووە. هەر بەو هۆکارانەوە لەئەمریکادا لەزۆربەی بواردا ئەفسەرانی سپا پاش خانەنشینی وەک پاداش لەو پیشەپێکهاتەانەدا خەریکی کارکردن دەبەن کە پێشتر کەلکان لەخزمەتەکانیان لەبەستنی گرێبەستەکان‌دا وەرگرتووە.

لەزۆربەی ولاتانی لەکاتی پەرەسەندندا سپا، بەسەرنجدان بەلاوازی چینە کۆمەلیەتییەکان و هێزە کۆمەلایەتییەکان و حیزبە سیاسییەکان رۆلێکی بەرچاویان لەسیاسەت‌دا وەدەست هێناوە. لاوازی دارشتەی دەولەت

و قانوونی بنچینەیی و ڕەوایی قانوونی بنچینەیی لەو وڵاتانەدا هاندەرێکی گرینگی دەستەبەر کردووە بۆ دەستێوەردانی سپا لە سیاسەتدا. هەروەها پێداویستی ڕیفۆرم و پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەروەها پێداویستی بەگرووپە مۆدێرنە چالاکەکان لەو جۆرە وڵاتانەدا بۆتە هۆی ئەوە کە سپاش لە ئامادەنەبوونی گرووپە ڕیفۆرمیستییەکانیتر کەڵک وەرگرێ و وەک بەرێوەبەری پلانەکانی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە گرێ. هەروەها بەهۆی لاوازبوونی بنیاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ وێنە حیزبە سیاسییەکان، یەکێتی و پێکهاتە مەدەنییەکان لەو وڵاتانەدا هەلیان بۆ سپا ڕەخساندوە تا وەک ڕێکخراوترین و بەدیسیپلینترین سازی سیاسی دەسەڵات بەدەستەو بگرێ. سەرەرای وانەش لاوازی یەکێتی نەتەوەیی و سەرهەڵدانی هێزە دکە ناوەندەکان هەردەم پاڵنەرێکی بەهێز بووە بۆ دەستێوەردانی سپا لە حکوومەتدا. زۆربەی کات کەڵک وەرگرتن لە سپا بەئاراستەی ئامانجە سیاسییەکاندا، لەوڵاتانی کەمتر پەرەسەندوودا ساکارتر بووە لە دامەزراندنی و پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان. لەوەها وڵات-گەلێکدا بەتایبەت سەردەمانی پاس شەری دوهەمی جیهانی سپا ڕۆڵی نوێژەن کەرەوەیەکی زۆرتری پێدراوە و زۆرتر لەگەڵ بەرژەوەندی چینە مامناوەندییە نوێیەکاندا هاورێ بووە. هەر بەو هۆیە سپا لەو ولاتانەدا لەژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیا چینە مامناوەندییەکان بەتایبەت هزری ناسیۆنالیزم و پەرەسەندنی ئابووریدا بووە. بەگشتی سپا لەوڵاتانی لەکاتی پەرەسەندندا هەم وەک هێزێکی کۆنسێرڤات و هەمیش وەک هۆکارێکی مۆدێرن بزووتنەوە. لەوڵاتانی ئەمریکای لاتیندا دەستێوەردانی

سپا لەسیاسەتدا لەڕاستیدا تایبەتمەندییەکی کولتووری بووە کە سەربردەی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕەکانی سەربەخۆیی ئەو وڵاتە. لەو وڵاتانەدا کە بەشێوەی بەردەوام یان هەڤدودان سەرقاڵی گرژی و هالۆزی سپایی بوون (وەک هەندێ لەوڵاتانی عەرەبی، ئیسراییل و پاکستان) ئامادەبوونی سپا لەژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەست پێکراوتر بووە.

## باس و بابەتە تیۆرەکان

فیلسووف و نووسەرانێکی گەورەی وەک تۆماس کارلایل و فریدریش نیچە روحی سپایی و ژیانی سەربازیان لەگەڵ تایبەتمەندی بێ روح و ژنانەی ژیاری بوورژوایی هاوچەرخدا پێکگرتووە و باسیان لە سەروەرییەکانی ژیانی سەربازی کردووە. لەڕاستیدا تایبەتمەندییەکانی وەک ڕێکوپێکی و دیسیپلین و ڕێڕەوی کردن و دەسەڵات و سەرزنجیرە پلە وەک ئایدیالەکانی کۆنسیرڤاتیزم دێنە ژمار. تەنانەت گەلێ کەسی وەک ماکس ڤێبێریش وێنەیەکی ترسناکیان لە کۆکەڵگای تووشی "بازرگانی لێ-دراوی" و بڕۆکراسی و بێ سەروەرییەکانی سپاییدا بەدەستەوە داوە. میلیتاریزم زۆربەی کات هاورێ لەگەڵ بۆچوونە کۆنسیرڤات و دژە لیبراڵییەکان. هەروەها ڕێزگرتن لە نوارین و بۆچوونە سپاییەکان هاورێ بوونە لەگەڵ دژایەتی کردنی سۆسیالیزم و پارڵمانتاریزم.

گائێتانۆمووسکا، کۆمەڵناسی ئیتاڵی لەکتێبی چینی *دەسەڵاتدار*دا باسی لە مەترسییەکانی سپاییگەری لەژیانی مەدەنیدا کردووە. بەباوەڕی مووسکا لەناو هێزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا، سپا زێدەتر لەهەر هێزێکیتر توانا و بواری پێویستی بۆ دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات و زاڵبوونی یەک لایەنەی هەیە. لەژیانی سیاسیدا داشکانەوەیەکی بەهێز لەئارادایە بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆری سپایی، بەڵام باشترین رێ بۆ دوورکەوتنەوە لەو بۆچوونە زۆرینەیە بەباوەڕی مووسکا پێکهێنانی سپای سەقامگیر و سازی کراوە کە ئەندامەتی لەودا ببێتە کارو پیشەیەک و لەئاکامدا بۆچوونە سەرەرۆ و توندوتیژییەکانی ئەفسەران لەغاو کرێن.(بەرتەسک کرێنەوە).

مارکس و ئینگێلس لەپەیوەندی لەگەڵ رۆڵی سپا لەسیاسەتدا، لەساڵی ١٨٥٤ دا بەپێی مۆدێلی "دەوڵەتی سپایی" پێرۆس وێنەیەکیان لەکۆمەڵگای میلیتاریستی کێشاوەتەوە. بەباوەڕی مارکسوئینگێلس لەپێرۆسدا، سپا چینی دەسەڵاتداری پێک دەهێنا. هەروەها ڕاڤەگەلێکیان سەبارەت بەسروشتی سپایی دەوڵەتی بیسمارک لەئەڵمان و دەوڵەتی ناپێلئۆنی سێهەمی فەرانسەدا لەڕوانگەی پەیوەندی سپا لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکاندا خستۆتە ڕوو. ئینگێلس بۆناپارتیزم وەک "سەرەرۆیی سپایی" وێنا دەکا کە لەودا چوونکە بوورژوازی توانای ئەوەی نییە بە تەنیایی حکوومەت بکا هەر بۆیە دەسەڵات دەداتە دەست سپا هەتا بەرگری بکا لە مۆبیلیزەی هێزی شۆڕشگێری چینی کرێکار. بەباوەڕی ئینگێلس سیستمی بۆناپارتیستی لەمپەرێک بوو ەسەر رێگەی چارەسەر کردنی

گرژییـــە چینایەتییـــەکاندا. ئینگـــێلس هـــەروەها پـــاش هـــەرەسهێنـــانی بۆناپارتیزم لەفەرانسەدا، ئیمپراتۆڕی ئەڵـمانی پێ "نوێنەری ڕاستەقینەی میلیـتاریزم" بوو. مـارکسو ئینگـێلس چـەمکی بۆناپـارتیزم و "سـەرەرۆیی سپاییەکان" بۆ وەسفی هەلومەرجی باڵانسی چینایەتی نێوان بـورژوازی و پرۆلیتاریـادا دەکـار دێنـا. بـەبـاوەڕی ئینگـێلس لەئـەڵماندا دەسـەڵاتی ڕاســتەقینە دەدەســت "کاســتی ئەریســتۆکراتی ئەفســەران و کــارگێرانی دەڵەتی"دا بوو نەک دەدەست بورژوازیدا. مارکس، بیسمارکسیزمـــی وەک تێکەڵـــاوییـــەکی ســـــــەرەرۆیی سـپایی، پاڕڵمانتـــاریزمی رواڵـــەتی، فیۆدالیزم و باڵادەستی بورژوازی دەزانی.[1]

## کۆمەڵناسی سیاسی دەستێوەردانی سپا لە سیاسەتدا

توانا سیاسییـــەکانی ڕێکخراوە سپاییـــەکان. سپاکان لـــەچاو ڕێکخــراوە سیاسییـــە ناســپاییەکان وەک حیزبــەکــان لەســێ لایەنــەوە

---

1. Marx and Engels, *Selected Works*. vol. 1. p. 605, vol. 2. p. 33.

سەروەرییان هەیە: یەکەم لەڕوانگەی ڕێکخراوەییەو، دووهەم لەڕووی توانای مۆبیلیزەکردنەوە و سێهەم لەڕووی ئەو ئامرازانەی کەڵکیان لێ-وەردەگرن. لەڕوانگەی ڕێکخراوەییەوە سپا مۆدێڕنەکان خاوەن ڕێکخستنێکی چڕ و دیسیپلینێکی بەگۆڕ سەرزنجیرەیەکی وەردن. سپا، ڕێکخراوێکە کە بۆ ئەنجامی ئامانجگەلێکی تایبەت و رون پێکدێ و هەر لەو ڕووەوە خاوەن ڕێکخستنێکی یەکدەست و یەکریزە. دەسەڵاتی سپایی ناکەسییە و زیاتر بەهۆی هێما و پلەوەیە. لەلایەنی توانایی مۆبیلیزەکردنی سپا مۆدێڕنەکانەوە بەسەرنجدان بەئامانجە تایبەتەکانیان تایبەتمەندییەکی سەمبۆلیک و ئایدۆلۆژیاکیشیان هەیە و زۆربەی کات لەسەر بنەمای کۆیەک لەبایەخە ئایدۆلۆژیاکییەکان راوەستاون. ناسیۆنالیزم گرینگترین بۆچوونی ئایدۆلۆژیاکی سپای مۆدێڕن بووە. سپاکان زۆربەی کات زەینێکی بەکۆ پێکدێنن کە ئەندامان تێدا ڕۆدەچن و بەپێی ئەوە کە زەینە بەکۆکان زۆربەی کات سەرچاوەی بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانن، سپاش هەر بەو هۆیە لەوانەیە بزووتنەوەی سیاسی پێک بێنێ. لەناو ریکخراوە ناسپاییە سیاسییەکانی سەدەی بیستەمدا تەنیا حیزبە کومۆنیستەکان خاوەن ڕێژەیەکی سەڕووی زەینییەتی بەکۆ بوونە. لەڕوانگەی ئامرازەکانیشەوە، بەپێی ئەوە کە سپا ڕێکخراوێکی کەم تا زۆر پاوانکراوی نواندنی دەسەڵاتە، لەچاو ڕێکخراوە ناسپایەکاندا خاوەن سەروەرییەکی بەرچاوە. لەهەمبەر ئەو خاڵە بەهێزانەدا سپاکان لەپێکگرتن لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا خاڵی لاوازی بەرچاویشیان هەیە و ئەویش ئەوەیە کە سپا بۆ بەرێوەبردنی کاروباری سیاسی پێک نەهاتووە و هەر لەو ڕووەوە تەنانەت لە دیکتاتۆڕییە سپاییەکانیشدا بەرێوەبەرایەتی

بەشێکی کاروبارەکان دەدرێتە دەست ناسپاییەکانەوە. بێ گومان هەر چەندە سیستمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تێکچنراوتر بێ، توانای سپاش بۆبەڕێوەبردنی کاروبارەکان کەمتر دەبێ.[1]

**پاڵنەرەکانی دەستێوەردانی سپا لە سیاسەتدا.** پاڵنەرەکانی دەستێوەردانی سپا لەسیاسەتدا تێکچنراوترە لەپاڵنەرەکانی گرووپەکانی-تری وەک یەکێتیە کرێکاری یان خاوەنکارەکان بۆ دەستێوەردان لەژیانی سیاسیدا. هۆی ئەو تێکچنراوییەش بێ گومان دەبێ دەدەارشتەی سپادا بدۆزینەوە. سپا بێ گومان چین یان توێژ یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی و یان گرووپێکی پرۆفیشناڵی خۆبەخش نییە بەڵکووو بەشێکە لەبرۆکراسی دەوڵەتی بە واتایەکی بەربلاو و لەهەمان کاتیشدا لەناو خۆدا ئۆگرییە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان شوێندانەرن لەسەری. بۆ تێگەیشتن لە پاڵنەرەکانی سپا بۆ دەستێوەردانی لەژیانی سیاسیدا سەرەتا دەبێ جیاوازی دانێن لەنێوان ئایدۆلۆژیا سپا و پاڵنەرە ڕاستەقینە و پشت پەردەکان. زۆربەی کات لە هەموو شوێنێکدا سپاکان هۆی دەستێوەردانی

1. S. E. Finer, *The Man on Horseback: The Role of the Military in Politics.* (London, Pall Mall Press, 1962), pp. 6-22.

خۆیان لە ژیانی سیاسی دا داکۆکی و پاڵپشتی کردن لە بەرژەوەندییە گشتی و نەتەوەییەکان رادەگەیەنن. خان پرۆن لە ئەرژەنتیندا سپای پێ " گەوهەری نوتەوە" و سەرووتر لە هەموو حیزب و گرووپە خاوەن دزە و بەرژەوەندییەکانەوە بوو. زۆربەی کات سپاکان رادەگەیەنن کە لەو هەل-ومەرجانەدا کەوا مەترسیگەلێک بەرژەوەندی نەتەوەیی دەخاتە بەر هێرشەوە بۆ رەواندنەوەی ئەو مەترسییە دەستێوەردان دەکەن بەڵام ئەو دەستێوەردانە کاتییە و لەپاش رەوینەوەی مەترسی سپا دووبارە دەسەڵات دەداتەوە دەست ناسپاییەکان. لە زۆربەی بوارەکاندا سپا پاش دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات ئۆگری پاراستنی بەردەوامی دەسەڵات دەبێ. هەڵبەت وێناندنی سپاکان سەبارەت بە "بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان" بێ گومان زۆر جیاوازە. بۆ وێنە لە ولاتانێکی وەک ئیسپانیا و پۆرتەگاڵ دا سپا بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئۆلیگارشی وەک یەک چاولێدەکرد و پێی یەک شت بوون لە کاتێک دا لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناویندا سپاکان بەرژەوەندی نەتەوەییان زۆرتر لە بەرژەوەندی چینە مامناوەندییە نوێیەکاندا دۆزیوەتەوە. بەو پێیە لە پشت ئایدۆلۆژیا پاڵپشتی کردن لە بەرژەوەندی نەتەوەییەوە هەردەم پاڵپشتی کردن لە بەرژەوەندی بەشێک لە هێز و گرووپ یان چینە کۆمەڵایەتییەکان خۆحەشارداوە و کۆمەڵناسی سیاسی دەستێوەردانی سپا دەبێ بپرژێتە سەر ناسینی ئەو بەرژەوەندییانە.[1]

---

1. Ibid. pp. 35-39.

پاڵنەرە ڕاستەقینەکانی دەستێوەردانی سپاکان لە کاروباری سیاسیدا ڕەنگە داکۆکی کردن بێ لە بەرژەوەندییە چینایەتییەکان، بەرژەوەندییە ناوچەییەکان، بەرژەوەندییە ئایینی و یان تاکەکەسییەکان. بێ گومان ڕەنگە تێکەڵاوییەک لە هەمووی ئەو پاڵنەرە جۆراوجۆرانە لە کاردا بن. ئۆگرییە چینایەتییەکان لە هەندێ بواردا دەستێوەردانەکانی سپا لە سیاسەتدا شی دەکەنەوە. بۆ وێنە لە ئەڵمانی پاش ساڵی ١٩١٨ دا ئۆگرییە چینایەتییەکانی سپا زۆر کاریگەر بوون لە سەر هەڵسوکەوتی سیاسی ئەو وڵاتەدا. سپای ئەڵمان لەو سەردەمدا زۆرتر هەڵقوڵاوی چینی ئەریستۆکرات بوو. لەساڵی ١٩٣٠ زایینی دا، ٩٥٪ ئەفسەران لە چینە سەرۆکانی خاوەن زەوی بوون. سپای ئەریستۆکراتی ئەڵمان بێ گومان نوارێنێکی دژە دێموکراتیک و دژە سۆسیالیستی هەبوو و لەگەڵ بزووتنەوەی سۆسیال دێموکراسی ئەڵمانیشدا بە توندی دژایەتی دەکرد و هەر بە ئاراستەی ئەو جۆرە بۆچوونە سیاسییەنەدا بوو کە دواجار لەگەڵ حکوومەتی هیتلێردا کەوتە بەرەیەک.

هەر وەها سەبارەت بە چالاکی سیاسی سپای ژاپۆن لە نێوان دوو شەری جیهانیدا ئۆگرییە چینایەتییەکان هۆکارێکی دیاریکەر بوو. لە دەیەی ١٩٢٠ دا ژامرەی ئەفسەرانی هەڵقوڵاو لە چینە مامناوەندی و خوارووو و جوتیاران و بەتایبەت سامۆراییەکانی لە کاتی هەرەسهێناندا بەرز بۆوە، لە کاتێکدا بەرپرسانی سەرووی سپا هەروا لە گەورە بنەماڵەکانی

ئەریستۆکراتی و سپایی کۆن بوون. لە ساڵی ١٩٣٧ دا نزیکەی یەک لە سەر سێی ەفسەرانی سپای ژاپۆن هەڵقوڵاوی وردەبوورژوازی و وردەمالیکەکان بوون. لە هەمبەردا، حیزبە سیاسییەکان زۆرتر لە لایەن چینی زایباتسۆ(خاوەنی پێشەپێکهاتەکان)وە پشتگیری ماڵی دەکران. دوژمنایەتی سپای ژاپۆن لەگەڵ چینە سەرۆاکن و بەتایبەت زایباتسۆ و حیزب و پێکهاتەە سیاسییە نوێیەکان و بە گشتی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا مۆدێرنەی کە لە ئاکامی ڕیفۆڕمەکانی چاخی میجیدا سەری هەڵدا بوو، وێنەیەک بوو لە دژمنایەتی چینە نەریتی و ڕووەو هەرەسهێنانەکان کە لە دژکردەوە بە نوێژەن بوونەوە و مۆدێرنیزمی ژاپۆن دواجار پشتگیری بیروڕای دژە کاپیتالیستەکانیان کرد، دژە سۆسیالیستەکان و دژە پاڕلمانتاریستەکانی ئێکی کیتا ڕێبەری ناسیۆنال سۆسیالیزم یان فاشیزمی ژاپۆن.

هەر وەها لە میسردا نوارین و هەڵسوکەوتی سیاسی سپا لە ژێر کاریگەری ئۆگرییە چینایەتییەکانی ئەفسەران دابوو. پاش کرانەوەی قوتابخانەی سپایی لە ساڵی ١٩٣٦ دا گرووپێکی نوێی ئەفسەرانی گەنج لەو وڵاتەدا داهێنران کە زۆربەیان سەر وە چینی وردەمالیک و وەرزێران بوون. ئەو ئەفسەرە گەنجانەی بەپێی ئۆگرییە چیانییەتییەکانیان لەگەڵ چینی ئەفەندی(خاوەن زەوییەکان)دا هەستیان بە دوژمنایەتی دەکرد. عەبدولناسر و لایەنگرانی نوێنەری وەها هێزێک بوون و چینی ئەفەندییان بە بەرپرسی شکستی فەلەستینییەکان لە ساڵی ١٩٤٨ دا دەزانی. پاس دەست بە سەرداگرتنی دەسەآڵت لە ساڵی ١٩٥٢ دا چینی سەڕوو حیزبە سیاسییەکانی ئەو چینەیان دایە بەر هێرش و بە قازانجی وەرزێران دەستیان دایە ڕیفۆڕمی

زەوی و بە راگەیاندنی بۆچوونی "سۆسیالیزمی عەرەبی" لە ساڵی ١٩٦١ دا پیشەپێکهاتەکانی بەشی تایبەتیان خۆماڵی کرد.

ئۆگرییە چینایەتییەکانی ئەفسەرانی گەنج لە هەندێ وڵاتی ئەمریکای لاتیندا وەک ئەرژەنتین و برێزیل لە بۆچوون و هەڵسوکەوتی سیاسیاندا کاریگەر بوونە. بەر لە شەری یەکەمی جیهانی ئەفسەرانی سپا لەو وڵاتانەدا زۆرتر سەر وە چینی ئۆلیگارشی خاوەن زەوی بوون. بەپێچەوانەوە لە شەری جیهانی دووهەم بە دواوە ئاخیزگەی چینایەتی ئەفسەرانی گەنج زۆرتر چینە مامناوەندییەکانی شاری بوون. بۆچوونی ناسیۆنالیستی، رادیکاڵی و دژە ئۆلیگاریشییەکانی ئەفسەرانی گەنج تا رادەیەکی زۆر دەرئەنجامی ئاڵوگۆر لە ئاخیزگەی چینایەتی سپادا بوو. یەکێک لە وێنە بە ناوبانگەکان، شۆڕشی ئەفسەرانی گەنجی برێزیل بوو لە پشتگیری راگواستنی دەسەڵات بۆ وارگاس لە دژی ئۆلیگارشی خاوەن زەوی ئەو وڵاتە لە دەیەی ١٩٢٠ دا. لە ئەرژەنتین دا ئەفسەرانی گەنجی هەڵقوڵاوی چینە مامناوەندییە نوێیەکان خان پرۆنیان گەیاندە دەسەڵآت، بەڵام کاتێک پێرۆن تێکۆشا لە ڕێگەی مۆبیلیزەی کرێکارییەوە دەسەڵاتی خۆی لە سپا

**جیاکاتەوە، هەندێ لە هەمان ئەفسەران لە ساڵی ١٩٥٥ دا پێرۆنیان لە دەسەڵات وەلانا.[1]**

**بەرژەوەندییە ناوچەییەکان. ڕەنگە سپا بۆ بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانی خۆی دەستی لە سیاسەت وەردابێ. بۆ وێنە لە ئیسپانیادا دوژمنایەتی سپا لەگەڵ کاتالۆنیاکان و بزووتنەوەی جوداخوازی دەرئەنجامی ئەوە بوو کە ئەفسەرانی سپا زۆربەیان خەڵکی کاستیل و ئەندولێس بوون. لە پاکستان دا دۆزینەوەی ئەفسەرانی سپا خەڵکی ڕۆژئاوای پاکستان بوون و لە چینی خاوەن زەوی ناوچەی پەنجاب بوون و بە سووکایەتییەوە دەیانڕاونییە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی پاکستان. لە یۆگۆسلاڤیای بەر لە شەری جیهانی دووهەمدا کە پێکاتبوو لە ئەیالەتەکانی بۆسنی، کرۆواسی، مەقدوونییە، مۆنتە نێگرۆ، سێربستان و ئێسلۆنی، ئەلکساندری یەکەم لە ساڵی ١٩٢٩ دا حکوومەتێکی دیکتاتۆڕی بە هێزی پێکهێنا و سیاسەتێکی لە دژی ئەتنیکە غەیرە سێربەکان بە تایبەت کرۆواتاکان گرتە بەر. ئەفسەرانی سپاکەی زۆربە خەڵکی سێرب بوون کە هەستێکی دوژمنانەیان هەبوو سەبارەت بە ئەتنیکەکانیتر.[1]**

---

1. Ibid. pp. 40-43.

1. Ibid. p. 43-47.

هەروەها سپا ڕەنگە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و ئۆگرییە سێنفییەکانی خۆی وەک ستاتۆیەکی کۆمەڵایەتی – سیاسی لە هەمبەر حکوومەت دا بەربەرەکانی و یان دەستێوەردانی حکوومەت بکەن. بۆ وێنە سپای ئەڵمان لە سەرانسەری سەردەمانی ئیمپراتۆڕی دا واتا لەساڵی ١٨٧١ وە هەتا ساڵی ١٩١٨ و هەر وەها لە سەردەمانی کۆماری وایماریش‌دا و سەردەمانی نازیسمیش‌دا لە هەمبەر حکوومەت‌دا داکۆکی دەکرد لە ئۆگرییە سینفییەکانی خۆی. وەزیری شەر لە هەمبەر رایشتاک دا بەرپرس نەبوو و بەرگری دەکرد لە دەستێوەردانی ئەو لە کاروبارەکانی سپادا. رایشتاک تەنانەت کۆنترۆڵی بە سەر بووجەی سپاش‌دا نەبوو. هەر وەها سپا لە سەردەمانی کۆماری وایمار پاش شەری یەکەم دەفکری پارستنی پۆوان و سەربەخۆیی خۆ لە حکوومەت دا بوو و بە مەبەستی لاوازکردنی حکوومەت گەلێ هەنگاویشی نا کە لە بە دەسەڵات گەیشتنی هیتلێردا کاریگەر بوون. لە سەردەمانی هیتلێریش‌دا سپای ئەڵمان لە هەمبەر دەستێوەردانی حیزبی نازی و گەشتاپۆدا بەربەرەکانی دەکرد، هەتا لە ساڵی ١٩٣٨ دا هیتلێر خۆی فەرماندەیی سپای گرتە دەست خۆی.

بە گشتی پاڵنەرەکانی دەستێوەردانی سپا لە سیاسەت و حکوومەت دا زۆربەی کات تێکچنراوە و کۆمپلێکسێکە لە پاڵنەرە سینفی، چینایەتی، ناوچەیی و تاکەکەسییەکان. بۆناسینی ئەو پاڵنەرانە لە هەر وڵاتێکدا دەبێ بگەرێنەوە سەر دارشتەی کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتە.

زۆربەی کات ئەو کەلەبرانە لـە ئاسـتی سـازی و ڕێکخـراوە سیاسـییەکان و یـەک لـەوان سـپادا ڕەنگدەداتـەوە و دەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی وەفـاداری گەلێکی ناکۆک لە ناوی دا.

## ئاستە جۆراوجۆرەکانی دەستێوەردانی سپا لە سیاسەتدا

دەستێوەردانی سپایی لە سیاسەتدا لە گەلێ ئاسـتی جیاجیـادا دێنـە ئەنجام. دەکرێ چوار ئاست یان پلە و بوار لەبەر چاو بگرین:

یەکەم دزەکردنی سپا لە دەزگای حکوومەتدا بە بێ ئـەوەی دەسـەڵات لـە دەست غـەیرە سـپاییەکان بێتـە دەر، لێـرەدا سـپا وەک گرووپێکـی دزە دەخرێتــە ڕوو. دووهــەم هەرەشــە و گووشــارهێنان لەلایــەن ســپاوە بــۆ حکوومەت بەتایبەت هەرەشەی کودەتـا بەمەبەسـتی دابـین کردنـی ویسـت و بەرژەوەندییـەکانی سـپا بـە هـۆی حکوومەتـەوە؛ لـەو بـوارەدا بـێ گومـان تواناکانی سپا لـە رادەی *دزەی* تـەنیادا تێدەپـەڕێ و لـە *دەسـەڵات* نزیکتـر دەبێتــەوە. سـێهەم دەسـتێوەردانی ڕاسـتەوخۆ لـە سیاسـەت دا و وەلابردنـی حکوومەت لە ڕێگەی توندوتیژییەوە و دانانی حکوومەتێکی غەیرە سپایی‌تـر لە جێگەی حکوومـەتی وەلانـراو. و چـوارەم دەست بەسـەر داگرتنـی پۆسـتە حکوومەتییـەکان لەلایـەن بەرپرسـە سـپاییەکان یـان سـازدانی حکوومـەتی ناسپایی.

بە پێی ڕاڤەکردنی کلاسیکی س.ئەی. فاینر کۆمەڵناسی سیاسی ئینگلیزی ئەوە کە دەستێوەردانی سپا لە سیاسەتدا لە کام ئاستدا بێ پەیوەندی بە رادەی بە پێکهاتە بوونی ژیانی سیاسی، پەرەسەندنی "فەرهەنگی سیاسی" و بەرفراوانی پێکهاتە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە هەیە. لە هەلومەرجی بەپێکهاتە بوون و پەرەسەندنی فەرهەنگی سیاسی، بنەما جێ بەڵکەکانی دەسەڵاتداران لە حکوومەتدا واتا بنەماکانی ڕەوایی دەسەڵاتی سیاسی خاوەن پەژراندنی گشتی و پشتیوانەی ئەخلاقییە و قانوونکانی راگواستنی هێمنانەی دەسەڵاتی سیاسی بە دروستی بەڕێوە دەچن و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەک حیزب، یەکێتی و پێکهاتەە مەدەنییەکان بەهێزن. بە سەرنجدان بە وەها ئیندێکس گەلێک لە بواری پەرەسەندنی سیاسیدا فاینێر، وڵاتانی جیهانی دابەش کردۆتە سەر چوار پۆل: یەکەم ئەو وڵآتانەی بە پێی ئیندێکسە ناوبراوەکان پەرەیان سەندووە (وەک ئینگلستان، ئەمریکا، وڵاتانی سکاندیناوی و هتد). لەو وڵآتەدا دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرای سپا لە سیاسەتدا بە چاوێکی نارەوا سەیر دەکرێ، هەر چەندە لەوانەیە دزەکردن لە ئاستی یەکەمدا بێ. دووهەم ئەو وڵاتانەن کە تێیاندا هەندێ لە ئیندێکسەکانی پەرەسەندنی سیاسی وەک بەربڵاوبوونەوەی ڕێکخراوەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، پێشکەوتوون بەڵام هەندێکیتری ئەو ئیندێکسانە بەتایبەت ڕەوایی ڕێگەکانی گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی هەنووکەش نەگەیشتۆتە دۆخێکی لەبار. ئەڵمانی ساڵەکانی نێوان ١٩١٨ هەتا ١٩٣٣، ژاپۆنی نێوان دوو

شەری جیهانی و فەرانسەی پاش کۆماری سێهەم بەدواوە لەو چەشنە وڵآتانە بوون. لەو چەشنە وڵآتانەدا تێکۆشانی سپا بۆ دەستێوەردانی سیاسەت بەرەنگاری کۆمەڵگای مەدەنی دەبێتەوە. پۆڵی سێهەم ئەو وڵآتانەن کە ئیندێکسەکانی پەرەسەندنی سیاسی تێیاندا پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە، بیروڕای گشتی و کۆمەڵگای مەدەنی گەشەیان نەسەندووە و ڕێکنەخراون و شێوە قانوونییەکانی راگواستنی دەسەڵاتی سیاسیش ڕەواییەکی ئەوتۆی نییە. لە وەها هەلومەرجێکدا بەربەرەکانییەکی ئەوتۆ لە هەمبەر دەستێوەردانی سپا لە سیاسەتدا ناکرێ. وڵاتانێکی وەک تورکیە، ئەرژەنتین، میسر، سوورییە، پاکستان و عێراق لە دەیەی ١٩٦٠ دا لە وەها هەڵومەرجێکدا دەژیان. چوارەم پۆل و ئاخرین پۆڵ ئەو وڵاتانەن کە لە ڕوانگەی ئیندێکسەکانی پەرەسەندنی سیاسییەوە هیچ چەشنە پێشکەوتنێکیان نەبووە و شیمانەش ئەوەیە کە لەو وڵاتانەدا سپا ڕێکخراوترین سازی سیاسی - کۆمەڵآیەتی بێ. لەو چەشنە وڵاتانەدا بە دەسەڵآت گەیشتنی سپا وەک بابەتێکی سروشتی سەیر دەکرێ.

باسی دەستێوەردانی سپا لە سیاسەتدا بەتایبەت لە وڵاتانی پۆڵی دووهەم و سێهەمدا هێزی وردبینی تێکچنراوی کۆمەڵناسانە لەخۆ دەگرێ. لە وڵاتانی پۆڵی دووهەمدا دەستێوەردانی سپایی زۆر دەگمەن، دەمکورت و سەرنەکەوتوو بووە و تووشی بەربەرەکانی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش بۆتەوە. بۆ وێنە سپای ژاپۆن لە نێوان دوو شەری جیهانیدا لە درێژەی شەری دووهەمدا کاتێک کە لە چڵەپۆپەی دەسەڵآتی خۆیدا بوو ناچار بوو لەگەڵ پێکهاتەە بەهێزەکانی وەک پاڕڵمان، دەرباری ئیمپراتۆر،

شورای هۆزەکان (Genro) هۆزە گەورەکان، حیزبە سیاسییەکان، زایباتسۆ یەکێتییە کرێکارییەکان و هتد دا پێ ڕاکێشی. سپا لە ساڵی ١٩٣٠ دا دەستی دایە گووشار و هەرەشەکردن لە حکوومەت بەڵام تووشی بەرنگاربوونەوەیەکی بەرچاوهات لەلایەن دەربار، بڕۆکڕاسی دەوڵەتی و زایباتسۆوە. شۆڕشی سپایی بەناوبانگی فێورییەی ١٩٣٦ بۆ دەست بەسەر داگرتنی دەسەڵاتی سیاسی تووشی بەرەنگارییەکی توند هات و دواجار شکستی خوارد. هەڵبەت لاباڵە میانەرۆکانی سپا دزەی بەربڵاوی خۆیان بە سەر ڕێکخراوی سیاسی وڵاتدا پاراست و لە درێژەی شەری دووهەمدا بە کردەوە کەوتنە چڵەپۆپەی پێکهاتەکانی بڕیاردانەوە.

کودەتای بەناوبانگی کپ(Kapp) لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەڵماندا وێکچوویەکی بنەڕەتی لەگەڵ کودەتای سەرنەکەوتووی ١٩٣٦ ژاپحندا هەبوو. لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٨ هەتا ١٩٣٣ دا سپای ئەڵمان بەردەوام لە فکری دۆزینەوەی بەهانەیەکی قانوونییدا بوو بۆ دەستێوەردانی سیاسەت و حکوومەت. بەو حاڵەشەوە سپا لەساڵی ١٩٢٠ ا تووشی بەربەرەکانی پێکهاتە مەدەنییەکان، بیروڕای گشتی، یەکێتیە کرێکارییەکان، کڵێسە و حیزبە سیاسییەکان بوو. لە فێورییەی ١٩٢٠ دا دەوڵەتە سەرکەوتووکانی شەری یەکەم ناوی جەنایەتکارانی شەریان دایە دەوڵەتی ئەڵمان. لەدژکردەوە بەو شێوەکارە سپا بە ڕێبەرایەتی ژێنراڵ لۆتۆیتز (Luttwitz) بە هاوکاری گرووپێکی دەستە ڕاستی بە ڕێبەرایەتی وڵفگانگ کپ دەستی دایە

کودەتا و کپ بوو بە سەرۆک وەزیری ئەڵمان. لە هەمبەردا ئەندامانی دەوڵەتی قانوونیی رایان کردە دێرسدن و لەوێرا بە وڕووژاندنی بیرورای گشتی و هاندانی مانگرتنی گشتی بەرەیەکی یەکگرتووی بەرچاویان لەدژی حکوومەتی کودەتا پێکهێنا. دواجار پاش پێنج رۆژ حکوومەتی کپ لێک هەڵوەشا. بە گشتی لە وڵاتانێکی وەک ژاپۆن و ئەڵمان بەربەرەکانی غەیرەسپاییەکان لەهەمبەر دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سپا لە سیاسەتدا بەرچاو بوو و سپا تەنیا لە چوارچێوەی قانووندا و وەک گرووپێکی خاوەن دزە لە پشت پەردەوە هەنگاو بنێ.

لە یەکێتی سۆڤیەتیشدا باڵادەستی و دەسەڵاتی هەمەلاگری حیزبی کۆمۆنیست بواری بۆ دەستێوەرانی ڕاستەوخۆی لە سیاسەتدا نەدەهێشتەوە. سپای سۆڤیەت سپایەکی ڕێکوپسپایەکی ڕێکوپێک و بەهێز و خاوەن پۆوانی کۆمەلایەتی بەرچاو بوو. هەڵبەت حکوومەتی کۆمۆنیستی هەر لە سەردەمانی دامەزرانی سپای سوورەوە نیگەرانی ئەگەری سەرپێچی سپایی بوو. شۆڕشی سپایی کرۆنشتاد لە ساڵی ۱۹۲۲ ا بەتایبەت ئەو نیگەرانییەی بەگۆر کرد. هەر لەو ڕووەوە حیزبی کۆمۆنیست بۆ چاوەدێری بە سەر سپادا هەندێ کۆمیسێری سپای دادەنا. هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی گرووپەکانی نوێ دەسەڵآت بەتایبەت دەزگای حیزبی، برۆکراسی و بەرێوەبرایەتی و یەکێتییە کرێکارییەکان کە سەرجەمیان لە ڕێگەی ئەندام بوون لە حیزبدا لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندیدا بوون، هێدی هێدی بواری کردەوەی سپا دادەبەزی. لەگەڵ ئەوەشدا ڕوون نەبوونی قانوونکانی دەستاودەست بوونی دەسەڵآتی سیاسی هەردەم ئەگەری

دەستێوەردانی سپای دەهێشتەوە. هەڵبەت دزەی حیزب بە سەر سپادا هەر وا ڕووو لە فراوانی بوو. بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٢٤ دا تەنیا ٣١٪ ئەفسەران کومۆنیست بوون. ئەو ژمارەیە لە ساڵی ١٩٢٧ دا گەیشتە ٥٦٪ و لە ساڵی ١٩٣٠ دا بەرز بۆتەوە بۆ ٩٠٪. ٣٢٪ ئەفسەران بەشێوەیەکی ڕەسمی وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب دەهاتنە ژمار. کۆمیتەی ناوەندی حیزب بەردەوام جاوەدێر بوو بە سەر کاروباری سپادا و پۆلیسی تەناهی حیزبیش لەناو هێزە چەکدارەکاندا چالاکی دەنواند. لە ساڵی ١٩٣٧ دا ستالین ٤٠٪ ئەفسەرانی پلە بەرز و نیوەی ئەفسەرانی پلە خوارووی پاڵاوت. ستالین تێدەکۆشا لە دەوڵەتێکی سەرانسەر میلیتاریستیدا سپا لەلایەنی سیاسییەوە بخەسێنێ. ستالین لە لایەکەوە حیزبی وەک ڕێکخراوێکی سپایی لێکرد و لەلایەکی تریشەوە سپای خستە ژێر (القائات) سیاسییەوە. لە درێژەی شەری جیهانی دووهەمدا لەگەڵ بەهێزبوونی ناسیۆنالیزمی ڕووسی جارێکیتر ڕۆڵی سپا وەک نەجات دەری ڕووسییە و سۆسیالیزم جەختی لەسەر کرایەوە بە گشتی دەوڵەتی سۆڤیەت تێدەکۆشا لەڕێگەی پرۆپاگەندەی سیاسی و حیزبی، بەربڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی پۆلیسی نهێنی و دانی پۆوانی ئابووری و فەرماندەری دوو فاقی (حیزبی – سپایی) بەرگری بکا لەسیاسی بوونی سپا. (فەرماندەری دوو فاقەی سپا لە ساڵی ١٩١٨ پێکات و لە ساڵی ١٩٣٧ لە سەردەمانی پاڵاوتنی گەورەدا بە گۆرتر بوو. لە ساڵانی شەری دووهەمدا بە هۆی سەرکەوتنی سپا، فەرماندەری سیاسی هەڵوەشاوە و لە دەیەی ١٩٦٠ دا بەرپرسایەتی داهێنانی

ئایدۆلۆژیاک درایە فەرماندەری سپا). لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا سپای سۆڤیەت لە هەندێ بواردا ڕاستەوخۆ دەستێوەردانی ژیانی سیاسی دەکرد. یەک لەو بوارانە، پاڵاوتنی بێریا، سەرۆک پۆلیسی ستالین لە ساڵی ١٩٥٢ دا بوو. بێریا، سەرۆکی ک.گ.ب وەک دوژمنی سروشتی سپا دەهاتە ژمار. لەو ساڵەدا یەکەکانی سپا بە فەرماندەری مارشاڵ ژۆکۆڤ و مارشاڵ کانیڤ، بێریایان دەست بەسەر کرد. دووهەم سەبارەت بە وەلانانی مالێکۆڤ لە ساڵی ١٩٥٥ دا، ڕێبەرانی سپایی کۆمیتەی ناوەندی حیزب ڕۆڵی کاریگەر و ڕاستەوخۆیان هەبوو. پاش داکەوتنی مالێنکۆڤ، خرۆشچۆڤ ویستەکانی سپای لەمەڕ هەڵکشانی بوددجەدا دابین کرد و مارشاڵ ژۆکۆڤ گەیشتە پۆستی وەزارەتی بەرگری. هەر وەها لە خەباتی خرۆشچۆڤ لەدژی دژبەرانیشیدا لە سەر برۆکراسی و بەرێوەبەرایەتی دەوڵەتیدا (مۆلۆتۆڤ، بۆلگانین و مالێنکۆڤ) سپا بە فەرماندەری مارشاڵ ژۆکۆڤ پشتگیری لە خرۆشچۆڤ کرد.

بە گشتی لە یەکێتی سۆڤیەتدا سپا نەیدەتوانی لە هەمبەر حیزبدا خۆراگرێ و بە سەرنجدان بە باڵادەستی بەربڵاوی حیزب ناچار بوو بۆ بەدواداچوونی بەرژەوەندییە سینفییەکانی بە ناوی حیزبەوە بجوڵێتەوە. بە گشتی ڕۆڵی سپای یەکێتی سۆڤیەت لە سیاسەتدا بەرتەسک بوو بە دزەکردن.

لە وڵاتانی لەکاتی پەرەسەندندا بە هۆی لاوازی ڕەوایی سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنی و بەرفراوان نەبوونی حیزبە سیاسییەکان دەستێوەردانی

سپا لە سیاسەتدا هەراوتر بووە. لەو وڵآتانەدا سپا وەک ڕێکخراوترین هێزی سیاسی هەستاوە بە کاری حیزب و پێکهاتەە سیاسییەکانیتر. هەڵبەت پلەکانی دەستێوەردانی سپا لەو وڵآتانەدا بە پێی ڕادەی بەربڵاوی کۆمەڵگای سیاسی جیاواز بووە. بۆ وێنە لە تورکیەدا پاش سەقامگیربوونی سیستمی کۆماری دوو حیزبی کۆماریخوازی خەڵک و دێموکرات دەرکەوتن. بە کردەوە هەتا ساڵی ١٩٤٥ دەسەڵآت تەنیا دەدەست حیزبی کۆماریخوازی خەڵک دا بوو. لەو ساڵەدا مۆڵەت درایە هەندێ لە دژبەرانی ناوخۆی حیزبی دەسەڵاتدار هەتا هەستن بە دامەزرانی حیزبی دژبەری خۆیان. لەئاکامدا حیزبی دێموکرات پێکهات و لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٥٠ دا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. حیزبی دێموکرات نوێنەری نەریتخوازی، دژی مۆدێڕنیزم بوون بە شێوەی کەمالیستی وخاوەن بۆچوونی ئایینی و جووتیاری بوو. لەو ناوەدا سپای تورکیە کە خاوەن نەریتێکی کەمالیستی بە هێز بوو پشتگیری دەکرد لە ڕووناکبیرانی ڕۆژئاواخواز و حیزبی کۆماریخواز. کودەتای ساڵی ١٩٢٠ تورکیە بە ڕێبەرایەتی جەماڵ گێرسل لەلایەن چینە مامناوەندییەکانەوە پشتگیری دەکرا. بە سەرنجدان بە هێزی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ژێنراڵ گێرسل گفتیدا پاش دارشتنی قانوونی بنچینەیی نوێ و بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان دەسەڵآت بداتە دەست غەیرە سپاییەکان. بەڵام تا بەرلەوە بە سەرنجدان بە ئەو پشگتگیرییە تا ڕادەیەک بەربڵاوی لە حیزبی دێموکرات دەکرا، حکوومەتی گێرسل، دستی ایە سیاسەتێکی سەرکوتکەرانەی بەربڵاو. هەر چەشنە هاریکارییەکی حیزبە

سیاسییەکانی‌تر لەگەڵ حیزبی دێموکراتدا قەدەغە کرا. لەو هەڵبژاردنانەی کە دواجار لەژێر گووشاری حیزب و پێکهاتەە سیاسییەکان‌دا، لەژێر چاوەدێری سپادا ئەنجام‌درا حیزبی کۆماریخوازی خەڵک دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. بە گشتی سپا لە تورکیەدا نوێنەری ئۆگری و بەرژەوەندییەکانی چینە نوێ و مۆدێرنیستەکان بووە و هەردەم لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر چەشنە مەترسییەک لەسەر میراتی ئەتاتورک بوە ئاراستەی داکۆکی کردن لە کەمالیزم و ناسیۆنالیزمی تورکدا دەستێوەردانیان کردووە. کودەتای ژێنرال ئۆڕن لە ساڵی ۱۹۸۰ دا تایبەتمەندییەکی ئەوتۆی هەبوو.[1]

بە گشتی لەگەڵ بەربڵاوبوونەوەی حیزبە بەهێزەکان، پەرەسەندنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بەربڵاوبوونەوەی بەشداری گشتی، گەشە کردنی بیرورای گشتی، بەهێزبوونی نەریتی پاڕلمانتاریزم و هتد هێدی هێدی ئەو بۆشاییانە پردەبوونەوە، کە سپاکان کەڵکیان لێوەردەگرت بۆ دەستێوەرانیان لە ژیانی سیاسی وڵاتانی لەکاتی پەرەسەندندا و لەئاکامدا لەگەڵ ڕێکخستن و وشیاری هێز و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، ئیتر سپا نەیدەتوانی بەناوی ئۆگری و بەرژەوەندییەکانیانەوە گۆڕەپانی ژیانی سیاسی داگیر بکا.

## سپا و سیاسەت لە ئێراندا

1. Ibid. chaps. 7,8,9.

سپای مۆدێڕنی ئێران دەرئەنجامی نوێژەن بوونەوەی پاش شۆڕشی مەشرووتە لەناو حکوومەتی رەزاشادا بوو. گەرای سەرەتایی سپا پێکهاتبوو لە تێکەڵاوییەکی هێزەکانی بەردەست بەتایبەت بریگادی قەزاق و بریگادی ناوەندی. سەرجەمی سپا بوو بە خاوەن جلوبەگی یەکدەست، ئەفسەرانی دەرەکی وەلانران و لە ساڵی ١٣٠٠ هەتاوی دا زانکۆی ئەفسەری پێکهات. یەکەم ریکخستنی سپای رەزاشا بە شێوەی دابەس کردنی سپا بە شەش لەشکری ناوچەیی هاتە ئاراوە. لە سەردەمانی رەزاشادا بوددجەی هێزە سپاییەکان بە شێوەیەکی نێونجی نزیکەی یەک لە سەر سێی سەرجەمی بوددجەی وڵات بوو. ژمارەی سپاییەکان لەو ساڵانەدا لە ٤٠ هەزار کەسەوە بەرز بۆوە بۆ ١٥٠ هەزار کەس. لە حکوومەتی رەزاشادا، سپا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەسەڵاتی سیاسی دەدەستدا بوو. فەرماندەری سپا لە بەرێوەبردنی کاروبارەکاندا باڵادەستی هەبوو بەسەر بەرپرسە ناسپاییەکان. سپا نوێنەری بۆچوونی مۆدێڕنیزە بوون و یەکێک بوو لە لەیازەکانی دەسەڵاتی رەهای دەربار. "ئێلیتی" سپای ئێران پێکهاتبوون لە گرووپە تازە سەرهەڵدا و سەربەخۆ لە ئەریستۆکراتی هۆزی خاوەن زەوی چاخی قاجاردا و بەڵام بە نۆرەی خۆی لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی زەوی و زارە بەربڵاوەکان بوونە پاژێکی چینی خاوەن زەوی ئێران. لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا زاڵبوونی تاکی رەزاشا لە سەر سپادا دەبووە لەمپەرێک لەسەر رێگەی سەبەخۆیی کردەوەی سپاوە. بەو پێیە داڕشتەی سپای نوێی ئێران داڕشتەیەکی "پاتریمونیاڵ" بوو. پاش هەرەسهێنانی رەزاشا لە ساڵەکانی

۳۲ – ۱۳۲۰ هـــەتاوی‌دا بـــە ســـەرنج‌دان بـــە چـــالاکی گـــرووپ و حیزبـــە جۆراوجۆرەکـان و بەشـداری کردنـی پیـاوانی ئـایینی، ئەریسـتۆکراتەکان، بازاڕ، ڕووناکبیران و یەکێتییە کرێکارییەکان لە سیاسـەت‌دا و ناوەندایـەتی مەجلیسی شورای نەتەوەیی و لاواز بـوونی دەربـار، ئیتـر سـپا نەیـدەتوانی وەک یاریزانێکی سیاسی بجوڵێتەوە. لەوان ساڵانەدا دەربار تێدەکۆشا سـپا وەک ئامرازی دەسەڵاتی خۆی لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی بوودجە و وەرگرتنی یارمەتی سپایی لە دەرەوە بە هێز بکا.

کودەتای ساڵی ۱۳۳۲ هەتاوی دەرئـەنجامی هاریکـاری دەربـار و سـپا بوو. پاس ئەویش تا ماوەیەک ڕۆڵی سیاسی سپا لە ئێران‌دا بـەرچاو بـوو. پاش کودەتا سپا بوود زاهیدی لە چڵەپۆپەی سپادا دەسەڵاتی دەدەست دابوو و چـاوەدێری کـرد بەسـەر هەڵبژاردنـەکانی خـولی هەژدەهـەمی مـەجلیس‌دا. دەرباریش رازی نەبوو لە بەرفراوان بوونی دەسەڵات و دزەی سیاسی سـپا، بەتایبەت لە پێداگری زاهیدییەوە کـە دەیـوت کـە دەبـێ فەرمانـدەری گشـتی هێزەکان بسـپێرێتە دەسـتی بـەڵام فەرمانـدەری هێـزە چەکدارەکان دەدەست شادا مایەوە. لە ڕەوتی پتەوبوونی دەسەڵاتی شا لـە سـاڵی ۱۳۳۹ بـەو لاوە زۆربـەی ئـەو ئەفسـەرانەی سـپا کـە لـە ڕووی سیاسـییەوە گرینـگ یـان مەترسیدار بوون، دەست بەسـەر کـران. هـەروەها تاقمێـک لەسەرلەشکر و سەرهەنگەکان بەر لە وەختی خۆیان خانەنشـــێن کران. هـەر چەنـدە لـــە سـالانی ۵۷ – ۱۳۳۲ هــەتاوی دا سـپا یـەکێک لـە ئـامرازە بـەرچاوەکانی دەسەڵاتی دەربار بوو، بەڵام هیچ کـات سـەربەخۆیی کـردەوەی نـەبوو. شـا لەو سـاڵآنەدا تێکۆشـا سـتادێکی وەفـاداری خـۆی دەسـتەبەر کـا لـە ڕێگـەی

بەرزکردنەوەی بووجەی سپایی و بەرزکردنەوەی ژمارەی سپاییەکان بەهێز کا. ژمارەی سپاییەکان لە ١٢٠ هەزار کەسەوە لە ساڵی ١٣٢٠ دا هەڵکشا بۆ ٤٠٠ هەزار کەس لە ساڵی ١٣٥٦ هەتاوی‌دا. لەگەڵ بەرزبوونەوەی داهاتە نەتەوییەکان لەنێوان ساڵانی ٥٨ – ١٣٥٦ هەتاوی دا زیاتر لە ٦ میلیارد دۆلار خەرجی کرینی چەکوچۆڵ کرا. خەرجی سپایی ساڵانە لە ٧٠ میلیۆن دۆلار لەساڵی ١٣٣٩ دا بەرز بۆوە بۆ ٩٠٠٠ میلیۆن دۆلار لە ساڵی ١٣٥٦ هەتاوی‌دا. شا بەمەبەستی دابین کردنی وەفاداری سپا بەستراوەی هۆکارگەلێکی وەک چاودێری هێزەکانی ئاسایش بە سەریان‌دا، سپاییەکان خاوەن پۆانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەچاوبن و دانی پۆستە ناسپاییەکان بەوان بوو. سپای ئێران لەو ساڵانەدا لەسەر بنەمای تەنیا وەفاداری وە دەربار وە راوەستا بوو و سەربەخۆیی دەنگدان و کردەوەی نەبوو.

لە ساڵانی کۆتایی دەوڵەتی پەهلەویش‌دا کاتێک شا تووشی بێ باوەڕی بوو و هەستی کرد پشتگیری دەرەکی خۆی لەدەست داوە، هەر ئەو هەستی لاوازییە هێدی هێدی تەشەنەی کردە ناو ریزەکانی سپاشەوە. دوو دڵی و رارایی شا لەسەرکوت کردن‌دا، دەسەڵآتی سپاشی لاواز کرد. سپابوودموقەدەم بەرپرسی ساواک لە گەرمەی قەیرانی شۆڕشگیرانەدا ووتی: "شاهەنشا بە پێی ئەوە کە باوەڕێکی تەواوی بە کراوەیی دنیای ساسیەت و دێموکراسی و بەرێوەچوونی قانوونی بنچینەیی هەیە ئیزنی دژکردەوەی توندوتیژ نادتە هێزە چەکدار و ئینتزامییەکان". لێرەدا ە

ڕاشکاوی ڕادەگەیەنم کە شاهەنشا دەستی ئێمە و هێزە چەکدارەکانی بەستووە و کارەکانی خستۆتە بەردەست سەرۆک وەزیری وڵات. هەڵبەت ئێمە سەرمان سوورماوە کە بۆچی شاهەنشا ئەو سیاسەتانە بەڕێوەدەبا."[1] بە پێی شایەدی دانێکیتر: "پلانو ڕێوشوێنەکانی حکوومەتی شەریف ئیمامی تەواو دژایەتی هەبوو لەگەڵ ڕێوشوێنەکانی حکوومەتی سپایی کە لە سەردەمی خۆشیدا ڕاگەیەندرا بوون و ژێنراڵ ئووەیسیش فەرمانداری تاران سەرسووور مابوو کە چۆن ڕێوشوێنەکانی حکوومەتی سپایی لەگەڵ سیاسەتی نەرم و هێمنانەی دەوڵەتدا بخاتەوە سەریەک."[2] لەئاکامدا بە وتەی سپابۆد قەرەباغی حکوومەتی سپایی وەک " شێرێکی بێ یاڵ و کلکی" لێهاتبوو.[3] دەوڵەتی سپایی ئەزهاریش کە لە ١٥ گەلاڕێزانی ساڵی ١٣٥٧ هەتاویدا پێکهات، بە هۆی دوودڵی و ڕارایی کارێکی لەدەست نەهات. هەر ئەو دوو دڵیانە گرینگترین کاریگەریان هەبوو لە پێشوەچوونی کاری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیدا. ئەزهاری ... ووتی لەگەڵ جەخت و ئەمرەکانی

---

١. ابراهیم یزدی، *آخرین تلاشها در آخرین روزها*، تهران، قلم ١٣٦٣، وصص ٢١٠ – ٢٠٨.

٢. ویلیام سولیون، *مأموریت در ایران*، ترجمه محمود مشرفی، تهران، انتشارات هفته، ١٣٦١، ص ١١٩.

٣. عباس قرەباغی، *اعترافات ژنرال*، تهران، نشر نی، ١٣٦٥، ص ٣٧.

پیتاپیتای شادا لەمەڕ خۆ پاڕاستن لە توندوتیژی، حکوومەتی سپایی بوو بەناوێکی بێ جێ و توانای سەقامگیر کردنی دیسیپلینی لێ وەرگیرایەوە."[1]

سەبارەت بە ئەزموون و سەربەخۆیی کردەوەی سپا سپابوود توفانیان لە کۆبوونەوەی شوورای فەرماندەری سپادا رایگەیاند "ئێمە لە سەرنسەری ژیانماندا خەباتی سیاسیمان نەبووە و ئێستاش من نایزانم".[2] پاش دەرچوونی شا لە ٢٦ بەفرانباری ١٣٥٧ هەتاویدا کۆڵەکەی سپا تێک-ڕما و ژێنراڵ هایزێری ئەمریکایی بە مەبەستی بەگری کردن لە هەرەس-هێنانی سپا و ئەگەری سازبوونی کودەتایەکی سپایی نێردرایە ئێران. لەپاش ئەوە شا ئێرانی جێ هێشت، دەنگۆی ئەوە داکەوت کە ڕەنگە سپا ڕاستەوخۆ لە هەمبەر دەوڵەتی بەختیاردا دەست بخاتە ناو کاروباری سیاسییەوە، هەرچەندە شا بەر لە رۆیشتنی هەندێ پەند و ئامۆژگاری بۆ بەرگری کردن لە کودەتا جێ هێشتبوو[3]. هایزێر لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ ڕاستە فەرماندەکانی سپا بەردەوام باسیان لە کودەتا دەکرد بەڵام هیچ

---

١. سولیوان، پیشین، صص ٥١– ١٥٠.

٢. *مثل برف آب خواهیم شد*. تهران، نشر نی، ١٣٦٥، ص ٢٤٤.

٣. قرەباغی، پیشین، ص ١٥٣.

شتێکیان سەبارەت بە چۆنییەتی کودەتا نەدەزانی. "فەرماندە سپاییەکانی ئێران بەتەواوی تێدامابوون و دەستەوەستان بوون."[٤] پاش ڕۆیشتنی ژێنراڵ هایزێر لە ١٥ ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی‌دا هەستی لاوازی لەناو سەرانی سپای ئێران دا گەیشتە چڵەپۆپە. لەلایەکی‌ترەوە شوورای شۆڕش دەبەردابوو بیروڕای سپا بەلای خۆی‌دا ڕاکێشێ و یان هێزەکەی پووچەڵ کاتەوە. هەندێ لە ئەمیرەکانی سپاش کە هیچ پێگەیەکیان نەمابوو بێ لایەن مانەوە. بەوتەی قەرەباغی سپابوود موققەدەم بەرپرسی ساواک، سپابوود رەبیعی فەرماندەی هێزی ئاسمانی، سەرلەشکر نەشات فەرماندەی گاردی شاهەنشایی و سەرلەشکر مەولەوی بەرپرسی پۆلیسی تاران رایانگەیاند کە لەگەڵ شۆڕش‌دا هاوئاهەنگن.[١] دواجار لەئاکامی ئەو جموجۆڵانەدا شوورای ئەمیرانی سپا لە ٢٢ ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی دا لێبرا خۆی رادەستی شۆڕش بکا و لەئاکامی ئەو بڕیارەدا سپا رایگەیاند کە بێ لایەنە.

---

٤. رابرت هایزر، *مأموریت در تهران*، ترجمه عبدالرشیدی، انتشارات اطلاعات، ١٣٦٥، ص ٦٨.

١. قرەباغی، ص ٣٥٦.

# ١٠

# ڕۆڵ و دەوری ئەتنیک و کەمایەتییە ئەتنیکەکان لە سیاسەتدا

## ئەتنیک و ڕەگەز

گێرە و کێشەی ڕەگەزی و ئەتنیکی بەردەوام لەژیانی سیاسی و گووران و لەناوچوونی دەوڵەتەکاندا دەوریان گێراوە. داگیرکردنی وڵاتی ئەتنیکێک لەلایەن ئەتنیکێکیترەوە یەکێک لە هۆکارەکانی پێکهاتنی دەوڵەتەکان بووە. لە مێژووی هزرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا هزری سەروەری ڕەگەز و ئەتنیکی لە هزرە هەرە کۆن و باوەکانە. ئەرەستوو بەڵگەی دێنایەوە کە هەندێ لە ڕەگەزەکان لە سروشتیاندا سەروەرییان تێدایە و هەندێکیتریشیان کۆیلەتی. هەندێ لە نووسەران تەنانەت بۆ دۆزینەوەی ڕیشەی جیاوازییە چینایەتییەکان، جیاوازییە ڕەگەزییەکان دەپشکنن. هانری دۆبۆلێنویلیە (villiers Boulain) نووسەری فەرانسەوی، ئەریستۆکراتی فەرانسەوی لە ڕەگەزی فرانکەکان و جەماوەری خەڵکیش وەک ڕەگەزی گۆڵەکان چاو لێدەکرد. سی یەس (Abbé sieyes) شۆڕشگێری فەرانسەوی، شۆڕشی فەرانسەی بە دەرئەنجامی تێکۆشانی ئەتنیکی ژێر

دستی گوڵەکان لەچوارچێوەی "ستاتۆی سێهەم" و وەدەرنـانی داگیرکـەرانی ئـەتنیکی فرانکـەکان لـە پۆسـت و مـەقامی ئەریسـتۆکراتی دەزانـی. کۆنـت دۆگۆبینـۆ، نووسـەری فەرانسـەیی لـە کتێبـی چواربـەرگی *وتارێـک لەسـەر نابەرانبەرییـە ڕەگەزییـەکانی مرۆڤ (٥٥ – ١٨٥٣) دا* بەڵگـەی دێنایـەوە کـە ژێرمەنەکان (مەبەستی ئەریستۆکراسی فەرانسە واتـا فرانکـەکان بـوون کـە وەک ڕەگەزی ژێرمەن دەهاتنە ژمار.) لـەناو هـەموو ڕەگـەزەکاندا، ڕەگـەزی سـەڕووتـر و ئافرێنـەری فەرهـەنگ و ژیـاری مرۆڤـی بوونـە. لـە ئـەڵماندا نوسەرانی جیاجیا ئەتنیکی سامی یان جویـان لـەچاو ئـەتنیکی ژێرمـەن بـە ئەتنیکی تێکدەر و لاسایی کەرەوە و لەمپەری پێشکەوتنی فەرهەنگی دەزانی. بێ گومان وەها وێناندنێ بێ بەرییـە لەهـەر چەشـنە بنەمایـەکی ئـاوەزی و بەڵگەییەوە، بەڵام سروشتی وێناندنی نابەرامبەری ڕەگەزەکان و سـەروەری یـەکیان بـە سـەر ئـەوی‌تـردا ئـەنجامی سیاسـی گرینگـی لـێکەوتۆتـەوە و گێرەوکێشـەی بـەرچاوی بـەدواوە بـووە. لـە وڵاتـانی فـرە ئـەتنیک دا ڕەگەزەکانی ژێر دەست لەڕێگەی بیرۆکەی زاڵبوونی ڕەگەزێک یان ئەتنیکێک بە سەر دەزگای دەوڵەتی‌دا سەرچاوەی ناڕەزایەتی و تێکچوونی ئەتنیکـەکان بووە. لە ئیمپراتۆڕییەکانی کەونـاردا زۆربەی کات گرۆۆپێکی ڕەگەزی بەسەر گرووپەکانی‌تردا باڵادەستی دەوڵەتی هەبوو. لەچاخی ئیمپریالیزم بـەواتای مۆدێرنیش‌دا پێکدادانە ڕەگەزییەکانی گرینگایەتییـەکی بـەرچاویان وەدەست هێنا. لەو چاخـەدا وشیاری ڕەگـەزی و ئـەتنیکی بـەرز بۆوە و لـە ئاکـامی کـۆرەو و کۆلـۆنی و ناکۆلۆنییـەکاندا ڕەگـەزە جۆراوجۆرەکـان بـەرەنگاری یەکتر بوونەوە. پێکدادانی نێوان سپی پێست و سوورپێستەکان و هژەروەهـا خۆجێییەکانی کیشوەری ئەمریکا بەتایبەت لە دەسپێکدا، ڕەنگدانـەوەیـەکی

بەرچاوی بوو لەسەر ئاستی ژیانی سیاسیدا. لە باکووری ئەمریکادا سیاسەتی سپی پێستەکان، لەحاند سوورپێستەکان دوورخستنەوەیان لەناوەندەکانی شاری و یان لەناوبردنیان بوو لەکاتێک دا لەباشووری ئەمریکادا، کۆچبەرانی ئیسپانیایی سیاسەتێکیتریان گەتە بەر و خۆجی سیاسەتێکیتریان گەتە بەر و خۆجێیەکانیان هێشتەوە بۆکارکردن لە سەر زەوییە کشت و کاڵییەکان. لەهەمبەردا، هەلومەرجی ئیقلیمی ئەفریقا بەپێچەوانەی ئەمریکا و ئۆسترالیا لەمپەر بوو لەسەر ڕێگەی ئەوە کە ژمارەیەکی زۆری پسی پێستەکان بتوانن ببنە نیشتەجێی ئەوێ.

بەدرێژایی مێژوو، ئیمپراتۆرە گەورەکان بەردەوام ئەتنیک و ڕەگەزی جۆراوجۆریان لەخۆ گرتووە. هەنووکەش ئەو وڵاتانەی کە خاوەن سەربردەی ئیمپراتۆڕی بوونە تێکەڵاوی ئەتنیکی و ڕەگەزیان زۆرترە. کۆچکردنی ئەتنیکەکانی بەهۆی هەڵکشانی ڕێژەی دانیشتوان، نەداری ئابووری و یان سەرکوتی سیاسی زەمینەی کەوتنە بەرەیەکی ڕەگەزەکانی بەرزکردۆتەوە. کۆچکردنی بەشێکی خەڵکی هیند بۆ باشووری رۆژهەڵاتی ئەفریقا، کۆچکردنی ژاپۆنی و چینییەکان بۆ کەنارەکانی ئۆقیانووسی ئارام لە وڵاتە یەکگرتووکاندا، کۆچکردنی (زۆرە ملی) رەش پێستەکان بۆ ئەمریکا، کۆچکردنی پرش و بڵاوی ئەتنیکی بنی ئیسرائیل (لە چاخی سەر لێشێوەندا)، کۆچی سپی پێستەکان بۆ باشووری ئەفریقا و هتد، خاوەن سەتکەوتی سیاسی بەرچاو بووە. لە هەندێ بواردا، خاوەن کاپیتاڵەکان بە

مەبەستی وەدەست خستنی هێزی کاری هەرزان و گوێڕایەڵ و خەبات لەگەڵ یەکێتییە کرێکارییەکاندا پشتگیریان کردووە لە کۆچبەرانی ڕەگەزەکانی‌تر. لەوەها بوارێکدا، زۆربەی کات لەنێوان هێزی کاری کۆچبەر و هێزی کاری خۆجێیدا گرژی دێتە ئاراوە و جاروبار شۆڕشی ڕەگەزیشی لێدەکەوێتەوە. بەو پێیە لەو جۆرە بوارانەدا، ئۆگرییە ئەتنیکی و ڕەگەزییەکان زاڵ دەبن بەسەر ئۆگرییە چینایەتییەکاندا. شۆڕشە ئەتنیکی و ڕەگەزییەکان پێویستیان بە هاتنە دی هەلومەرجی سانژێکتیڤ و ئابژێکتیڤی پێویست هەیە. ناڕەوایی و نابەرامبەری ئابووری و کۆمەڵایەتی وەک بەستێنی نارەزایەتی هاوڕێ لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێکخراو و وشیاری پێویست بواری کردەوەی سیاسی دەستەبەر دەکا. نەبوونی بواری بەشادیکردنی سیاسی بە هۆی هۆکاری ئەتنیکی و جیاوازی دانانی ڕەگەزی لە ئاست کاروباری سیاسییەوە بواری بەرچاوی سەهەڵەڵدانە ئەتنیکییەکان بووە.

لەڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە باسی کەمایەتییە ئیتنیکی و نەتەوەیییەکان و پەیوەندیان لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتدا باسێکی گرینگە. سەردێری کەمایەتییە نەتەوەییەکان لەناو گرووپە ئەتنیکی و فەرهەنگییە تایبەتەکانەوە کەڵکی لێوەردەگیرێ کە لەناو وڵاتێکدا دەژین کە دەوڵەتەکەی لەژێر دەستی ئەتنیکێکی تر دایە. سەرهەڵدانی کێشەی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئەتنیکییەکان لەناو وڵاتەکاندا دەرئەنجامی گوورانی ناسیۆنالیزمی نوێ بووە کە لەلایەکەوە بۆنە هۆی بەهێزبوونی هەستی یەکریزی کەمایەتییە ئەتنیکییەکان و لەلایەکی‌تریشەوە هەستی ناسیۆنالیستی ئەتنیکی دەسەڵاتداریشی بەهێز کردووە. هەندێ لەو

وڵاتانەی دەکەونە سنووری دوو بواری فەرهەنگییەوە خاوەن کەمایەتی ئەتنیکی جۆراوجۆرن. بۆ وێنە هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێ درا لە ئورووپادا ئەو وڵاتانەی دەکەونە نێوان دوو بواری فەرهەنگی – ئەتنیکی ئەڵمان و فەرنسەوە بوونە خاوەن وەها بارودۆخێک. هەروەها لە وڵاتانی نێوان دوو بواری فەرهەنگی ژێرمەنی ە ئێسلاوی لە رۆژهەڵاتی ئورووپادا موزاییکێکی نەتەوە و ئەتنیکە جۆراوجۆرەکان سەری هەڵداوە. کۆچکردن و داگیرکردنیش کاریگەر بوونە لە بە فرە ئەتنیکی کردنی وڵاتێکدا. بێ گومان هەمووی کەامیەتییە نەتەوەیی و ئەتنیکییەکان ئۆگری جیابوونەوە لە وڵاتی سەرەکی نین. ئاستی لایەنگری کەمایەتییەکان لە دەوڵەتی ناوەندی بە هۆی هۆکاری جۆراوجۆرە جیاوازی کەمایەتییە نەتەوەییەکان خاوەن خاڵی هاوبەشی فەرهەنگی، مێژوووی و زمانین و بە پێی رادەی دەسەڵاتویستی ئەتنیکی ناوەند لەوانە بەپلەگەلی جۆراوجۆر خۆیان ڕێکخەن. سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی لەحاند کەمایەتییە نەتەوەیی و ئەتنیکییەکانەوە لەوانەیە بە دوو ئاراستەی خوارەوەدا بێ یەکەم پاڕاستنی شوناسی فەرهەنگی نەتەوە و ئەتنیکەکان و دووهەم ڕاکێشان و تواندنەوەی نەتەوە و ئەتنیکەکانیش کەوانەیە بە ئاراستەی وەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی سیاسی و یان فەرهەنگی دابێ. رادەی توانای سیاسی کەمایەتییە ئەتنیکییەکان بەستراوەی هۆکارە جۆراوجۆرەکانە، یەک لەوان ئەوەیە کە دەبێ بزانین داخوا کەمایەتییەکی تایبەت لە وڵآتێکدا بەشێکە لە نەتەوەیەکی گەورەتر کە لە وڵاتێکی تردا دەوڵەتی پێکهێناوە یان نا (وەک ئەتنیکی کورد لە ئێران

و عێراق دا). بێ گومان بەهێز بوون یان لاواز بوونی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لەچاو دەوڵەتی ناوەندیدا بەستراوەی هۆکارگەلێکی وەک رادەی دانیشتوان، ڕووبەری وڵات، رادەی پەرەسەندنی ئابووری، رادەی پشکی کەمایەتییەکان لە سامانی نەتەوەیی و هتدە. هەندێ لە نووسەران جیاوازیان داناوە لە نێوان کەمایەتییە ئەتنیکییە هەمیسەیی و هەڵکەوتەکاندا. سەبارەت بە کەمایەتی یەکەم واتا کەمایەتییە هەمیشەییەکان دەبێ بڵێین کە ئەگەری یەکێتی لەگەڵ ئەتنیکی ناوەندیدا لەئارادانییە (وەک کەمایەتییە ئەتنیکییە ئاسیاسییەکانی دانیشتووی وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکا). بەڵام سەبارەت بە بابەتی دووهەم پێکهاتنی کەمایەتی ئەتنیکی لەوانەیە دەرئەنجامی لێک بڵاوبوونی وڵاتدا بوو بێ. (وەک کەمایەتییە ئەتنیکییەکانی فارس زمان لە هەندێ وڵاتی دراوسێی ئێراندا).

باس کردن لە مافەکانی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئەتنیکییەکان لە ڕوانگەی مافی نەتەوەییەوە بە سەرنجدان بەوە کە ئەو باس و خواسانە کاریگەرییەکی ڕاستەقینەی لە پاڕاستنی مافەکانی کەمایەتییەکاندا نەبووە، لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە پێویستی بە درێژدادری نییە. هەر لە کۆنگرەی ڤییەن لە ساڵی ١٨١٥ دا و کۆنگرەی بیرلین لە ساڵی ١٨٧٨ و کۆنفرانسی ئاشتی پاریس و پلانی ئۆتۆنۆمی نەتەوەکان لەلایەن ودرۆویلسۆنەوە هەتا پەیمانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و راگەیەنراوی نەتەوە یەکگرتووکان باس لە مافە جیاجیاکانی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئەتنیکییەکان کراوە. جگە لە رادەی کاریگەری رێوشوێنە ناونەتەوەییەکان

لەبەر چاوگرتنی مافەکانی بەرباس، لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە پەیوەندی کەمایەتییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و ڕۆڵ و کاریگەری سیاسیان بەستراوەی سیستمی مافی بنەڕەتی دەسەڵاتدار لە وڵاتەدا و هەروەها بنەماکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی ئەو کەمایەتیانەوەیە. ژمارەی کەمایەتییەکانی ناو وڵاتێکیش کاریگەری هەیە لە دەسەڵاتی سیاسیاندا. لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپادا هەر لە یەکەم سەدەکانی زایینەوە چنراوەیەکی تێکچنراوی ئەتنیکەکان بەهۆی کۆچکردنی ئەتنیکە تیۆتۆنی و ئێسلاوەکانەوە هاتە ئاراوە. ئەو جۆرە ئەتنیکانە بەدرێژایی سەدەکان بە شێوەی یەکەی جیا لەیەک و نامۆ لەگەڵ یەکتر پێکەوە و لە پەنایەکتر ژیاون. ئەو کۆمەڵە ئەتنیکەی بە هۆی کۆرەوەوە کۆچ دەکەن زۆربەی کات یەکگرتووی و یەکریزی فەرهەنگی خۆیان دەپارێزن. بۆ وێنە لە وڵاتە یەکگرتووکاندا کەمایەتی چینی (لە china towns دا) زێدەتر لە ڕەش پێستەکان شوناسی فەرهەنگی خۆیان پاراستووە. ڕەشەکانی ئەمریکا لە هۆزگەلی جیاجیا بوون کە زۆربەیان بەیەک زمانیش نەدەئاخاوتن. هەروەها بەردەوام بوونی "ئیتالیاییە گچکەکان" و "لێهستانییە گچکەکان" (کەمایەتییە یەکدەستە ئیتالی و لێهستانییەکان) وەک هێمایەکی ناتەواوی پرۆسەی واندنەوەی فەرهەنگی لە ئەمریکادا چاوی لێکراوە. لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینیشدا کەمایەتییە دورەکانی مێستیزۆ (Mestizo) کە لە ئاکامی تێکەڵاوی ئیسپانیا و پورتوگالییەکان لەگەڵ خۆجێیە سوورپێستەکاندا سەریان هەڵداوە، لەچاو زۆرینە یەکریزی و شوناسی

فەرهەنگی خۆیان پاراستووە. کەمایەتییە جۆکان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئورووپا و ناوچەکانیتردا زۆربە لە رووی ترس و دڵەراوکێ وڵاتی خۆیان جێ هێشت و هەر لەو روویەشەوە لە هەموو شوێنێکدا یەکدەستی و یەکریزی ئەتنیکی و ئاییني خۆیان دەپاراست. بە گشتی بەردەوامی و یەکریزی کەمایەتییە ئەتنیکی و فەرهەنگییەکان دەرئەنجامی رادەی جیاوازی فەرهەنگی نێوانیان و ئەتنیکە باڵادەستەکان، هۆکارەکانی یەکریزی ناوخۆیی (یەکێتی زمان، هۆز، ئایین و هتد) و هەروەها جۆری هەڵسوکەوتی زۆرینە لەگەڵ کەمایەتییەکاندا (پێهەڵکردن یان سەرکوت) بووە. کاتێک چەندین هۆکاری وەک رەگەز، نەتەوە، زمان و ئایین یەکتر بە گۆترتر دەکەن، (بگەرێوە بۆ باسی کەلەبرە کۆمەڵایەتییەکان لە وتاری سێهەمدا) یەکریزی و شوناسی کەمایەتی ئەتنیکی بە هیز دەبێ.

جیاوازییە رەگەزییەکانی نێوان رەگەزە بەرچاوەکان جیاوازیگەلێکی ئاشکران. یەکێک لە رەگەزناسان رەگەزە بەرچاوەکانی مرۆیی بە شێوەی (استعاری) دابەشکردۆتە سەر چوار رەگەزی رۆژ (سپی)، شەو (رەش)، بەرەبەیان (زەرد) و ئێوارە (سوور).[1] لە نەبوونی هۆکارە رەگەزییەکاندا رەنگە هۆکارە نەتەیی و فەرهەنگییەکان بواری گرژی و ناکۆکی دەستەبەر کەن. بۆ وێنە لە رۆژهەڵاتی ئورووپادا سێرب، چێک، ئیسلاو، مەقدوونی، کرۆواتاکان و هتد جیاوزییەکی رەگەزی ئاشکرایان لەگەڵ یەکتردا نییە

1. See F. Boas, “Race in *Encyclopedia of Social sciences,* 1934, p. 26.

بەڵام هەرکام خاوەن سەربردەی ئـەتنیکی و فەرهـەنگی و مێـژووی جیـاوازی خۆیانن کە زۆربەی دە زمانیاندا ئەو جیاوازییە دەردەکەوێ. زمان زەقتـرین لایـەنی جیاکـەرەوەی فەرهـەنگی و ئـەتنیکی نێـوان ئەتنیکـە جیاجیاکانـە. بـەردەوامی زمـان هێمـای بـەردەوامی سـەربەخۆیی ئـەتنیکی و فەرهەنگییـە. لێهستانییەکان (پۆلۆنییەکان) کە ماوەی ١٥٠ ساڵ لـە ژێـر دەسـتی ڕووس و ئۆتریش و ئەڵمانییەکاندا بوون، زمـانی خۆیـان پاراست. ئێرانییـەکان بـە پێچەوانەی زۆربـەی ئەتنیکـەکانی رۆژهـەڵاتی نـاوەڕاست، لـە سـەردەمانی باڵادەسـتی عـەرەبدا زمـانی فارسـی و زۆریـەک لـە میراتـە نەتەوەییـەکانی خۆیـان پاراسـت. فەرانسـەوەییەکانی کەنـەدا تـا ڕادەیـەکی زۆر بـە هـۆی ئۆگریـان بـۆ کڵێسـەی کاتۆلیـک شوناسـی فەهـەنگی خۆیـان پاراسـتووە. تەنانەت لە وڵاتە یـەکگرتووکانیشدا ئیرلـەندییـەکان بـە هـۆی ئۆگریـان وە کڵێسەی کاتۆلیکەوە زیاتر لە گرووپە کۆچبەرە ئوڕووپاییـەکان توانیویانـە شوناسی ئەتنیکی خۆیان بپارێزن. جیاوازی ئاسـتی پەرەسـەندنی ئـابووری گرووپـە ئەتنیکییـە جۆراوجۆرەکـانیش دەبێتـە هـۆی بـەردەوامی شوناسـی جیاوازی ئەتنیکەکان. لە ئیرلـەندا دوواکەوتوویی ئـابووری ئـەو ناوچانـەی ئەتنیکەکان تێدا دەژین لەچاو ناوچەکانی ناوەندیدا جیـاوازی فەرهـەنگی و زمانی و ئایینیانی بە گۆڕتر کردووە. بە سەرنجدان بە هۆکارەکانی باسکراو ڕۆڵی سیاسی کەمایەتییەکان لە ئاستی نەتەوەییدا بەستراوەی یـەکریزی، ڕێکخراوەیی و ڕێبەرایەتی ناوخۆیی، ڕادەی تەریک مانەوە و یان پەیوەندی لەگەڵ زۆرینە و هەروەها جۆری هەڵسوکەوتی ئەتنیکی باڵادەستە.

لە وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکادا هەر وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ-دا پاش شەری یەکەمی جیهانی دەرکەوت کە کەمایەتییە ئەتنیکییە جۆراوجۆرەکان بەپێچیوانەی چاوەروانی زۆرینە لەناو فەرهەنگی ئەمریکایی‌دا نەتواونەوە. چالاکی قوتابخانە تایبەتەکانی لێهستان (پۆلۆنی)، ئیرلەندی و هتد بوونە هۆی بە گۆڕتر بوونی سیاسەتی "بە ئەمریکایی" کردنی کەمایەتییەکان. لە هەمان کاتدا وەها سیاسەتێک لەسەر بنەمای ئەو گومان و گریمانەیە بوو کە ئەتنیکی ئەنگلۆساکسۆن لەچاو ئەتنیکەکانی‌تر سەرووترە. لە دژکردەوە بە وەها سیاسەتگەلێک هەستی ئەتنیکی و ناسیۆنالیستی لەناو کەمایەتییەکان‌دا بەرز بۆوە و تایبەتمەندییە فەرهەنگی و ئەتنیکییەکان جەختیان لەسەر کرایەوە.

جۆری بەشداری کردنی گرووپە ئەتنیکییەکان لە سیاسەتی نەتەوەیی‌دا لەو بوارانەی هەلی بۆ رەخساوە شێوازی جۆراوجۆری بەخۆوە گرتووە. وەک وێنەیەکی کلاسیک دەکرێ باس لە سیستمی کانتۆنەکانی سویس بکرێ کە لەو وڵاتەدا لە ڕێگەی دابەشکردنی وڵات لە نێوان ناوچە ئۆتۆنۆمییە جۆراوجۆرەکانەوە کە هەر یەکەو نوێنەری یەکەیەکی ئەتنیکییە و خاوەن ڕێکخراوی ئۆفیسی بە جوێیە، سیاسیەتەکانی نێوان ئەتنیکەکان ڕێکخراوە. بەر لە شەری ناوخۆیی لە لوبنان‌دا دابەشینی پۆستە سیاسییەکان بە پێی ئەتنیسیتە و ئایین ڕێگە چارەی هاریکاری نێوان یەکە جیاوازە ئەتنیکی و ئایینییەکانی پێک دێنا. لە هەندێ لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئوڕووپادا، وەک ڕۆمانی و مەجارستان و چێکۆسلۆڤاکی‌دا پاش شەری یەکەمی جیهانی بە مەبەستی پێکهێنانی یەکگرتووی نەتەوەیی

وەزارتخانەگەلێکی تایبەت بۆ کەمایەتییەکان پێکهات و یان پۆستگەلێک لە کابینەدا درایە نوێنەرانی کەمایەتییەکان. یەکێتی سۆڤیەت بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبر خاوەنی نزیکەی ١٨٥ گرووپی ئەتنیکی بوو کە بە ١٤٧ زمان دەئاخاوتن. دابەش کردنی وڵات بە کۆمار و ناوچە ئۆتۆنۆمییەکان هاوڕێ لەگەڵ وروژاندنی هەست و وشیاری نەتەوەیی کەدژی دەوڵەتە کاپیتالیسەکانی ڕۆژئاوا ڕێگەچارەیەکی بە کردەوەی بەلشۆڤیکەکان بوو بۆ وڵاتێکی فرە نەتەوەی وەک یەکێتی سۆڤیەت. لە وڵاتیکی وەک تورکیە و یۆناندا گۆرینەوەی زۆرە ملی کەمایەتییەکان وەک ڕێگەچارە لەبەرچاو گیرا.

## کەمایەتییە ئەتنیکییەکان لە ڕۆژئاوای ئورووپادا

لە رۆژی ئورووپادا بە گشتی سنوورە سیاسی و زمانییەکان دەکەونەوە سەریەک. لەگەڵ ئەوەشدا کەمایەتی فەرهەنگی و ئەتنیکی و زمانی لە هەندێ وڵاتاندا لەئارادان. بۆ وێنە دەکرێ باس لە باسک و کاتالۆنەکانی ئیسپانیا، سکاتلەندی و ووێنە دەکرێ باس لە باسک و کاتالۆنەکانی ئیسپانیا، سکاتلەندی و وێڵزییەکانی ئینگلیس و ئیتالییە ئەڵمانی زمانەکانی تیرۆڵی باشوور بکرێ.

هەنــدێ لــەو کەمایەتیانــە بزووتنــەوەی سیاســی و یــان حیــزب و ڕێکخراوی سیاسیان پێک هێناوە و یان بە جیا چوونەتە نـاو پارڵمانـەوە. لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا کەمایەتییەکانی لـە بـواری ژمـارەی دانیشـتوانەوە بچووکن. بۆ وێنە حیزبی خـەڵکی سوێدی زمـانی فینلانـد یـان کەمایەتییـە ئـەڵمانی زمانـەکانی دانیمـارک و یـان دانمارکییـە زمانـەکانی ئـەڵمان وەک هێزێکی سیاسی بەرچاو نایەنە ژامر. بە پێچەوانەوە لە سویس و بێلژیک دا کەمایەتی زمانی بەربڵاو لەئارادان. بێلژیکییە هولەنـدی زمانـەکانی بـاکوور (فێلمیشەکان) زۆرینەی دانیشتوانی وڵات (نزیکەی ٥٥٪) پێکـدێنن. بێلژیکییـە فەرانسـە زمانـەکان (والۆنـەکان) وەک کەمایەتییـەکی گـەورە دێنـە ژمـار و دانیشــتووی بــاکوورن. لــە ســویسدا ئــەڵمانی زمانــەکان نزیکــەی ٦٥٪ دانیشــتوان پێــک دێــنن و فەرانســە زمانــەکانیش کەمایەتییــەکی گــەورەن (نزیکـەی ٢٥٪ دانیشـتوان). بـەو حاڵـەش لـە سـویسدا حیزبـە سیاسـییە بـەرچاوەکان بـەپێی کەلـەبرە زمانییـەکان سـەریان هەڵنـەداوە و سـنووورە زمانییەکان لەگەڵ سـنووری کانتۆنـەکاندا یـەکتر ناگرنـەوە. بەپێچەوانـەوە لەنێوان سـنووری کانتۆنـەکان و سـنوورە ئایینییـەکاندا یەکگرتەنەوەیـەکی بەرچاو بەدی دەکرێ. لە بێلژیکدا ماوەیـەک زمـانی فەرنسـە زمـانی چینـی دەسـەڵاتدار بـوو و لەهەمبـەر فێلمـیش زمانـەکاندا (یـان فێلمینگـەکان لـە باکووری فلاندەرزدا) لەڕووی ئابووری و فەرهەنگی و سیاسییەوە پێگەیـەکی خواڕووتر و داخراوتریان هەبوو. بۆچـوونی ناسیۆنالیستی هـەردەم لـەناو فێلمـیش زمانــەکاندا بــەهێز بــووە. بــەڵام لەدەیــەی ١٩٧٠دا ئــاڵ وگــۆڕە ئابوورییەکان هەلومەرجی رابردوویان وەرسووراند و والۆنـەکان لـە ڕووی ئابوورییەوە بەرەو نشستی چوون و لەهەمبەردا فێلمینگەکان شایەدی گەشە

کردنێکی کشتوکاڵی و پیشەسازی بێ وێنە بوون. حیزبی سیاسی گچکەش بەپیی بۆچوونی ئەتنیکی زمانی پێک هاتوون (حیزبی یەکێتی ئەتنیکی فێلمینگەکان و بەرەی خۆشەویستانی فەرنسە لەناو واڵۆنەکاندا). بە گشتی ناکۆکییە فەرهەنگی و ئابوورییەکانی دوو ئەتنیکی ناوبراو کاریگەر بوونە لەسەر سیاسەتی وڵاتی بێلژیکدا. حکوومەت دەبوو لە ڕووی تێکەڵاوی ناوخۆییەوە ڕەنگدانەوەی ئۆگری گرووپە ئەتنیکییەکانی پێوە دیار بێ. بۆ وێنە دوو وەزیری فەرهەنگ بۆ دوو بەشی دانیشتوان دادەنرێ و ئەندامەکانی کابینە دەبوو بە شێوەیەکی وەک یەک لەهەر دوو ئەتنیک بان و نوێنەرانی پارڵمان لەهەر ئەتنیکە و بەشێوەیەکی جیا لەئاستی ناوچەییدا پارڵمان پێکدێنن.[1]

## دەوری عێل و عەشیرەت و ئەتنیکەکان لە ئێراندا

عێڵ و عەشیرەت لە ئێراندا بەردەوام بەشێکی بەرچاوی دانیشتوانیان پێکهێناوە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕۆڵیان بینیوە لەسیاسەت و حکوومەتدا. وشەی عێڵ لە سەردەمانی ئیلخانەکانەوە بەجێ

1. Smith, op. cit. pp. 13-17, 264-66.

ماوە و زۆرتر بەواتای تایفەی سەحرانشینەکان دەکارهاتووە. عێڵ ڕێکخراوی ئۆفیسی و سیاسی عەشیرەت بووە و لە خوارەوە بەرەو ژوور و بریتی بووە لە منداڵ، تش، تیرە، تایفە، عێڵ و عێڵی گەورە. عێڵەکان لەئێراندا نیوە سەحرانشین بوون و لەساڵدا لە ناوچە جیاجیاکاندا گەرمێن و کوێستانیان دەکرد. لەگەڵ ئەوشدا عێڵەکان ناوەندی دانیشتنی دیاریکراویان بووە. بۆ وێنە عێڵی بەختیاری نیشتەجێی چوارمەحاڵ و خوزستان، عێڵی قەشقایی نیشتەجێی فارس، عێڵی شاسێوان نیشتەجێی ئازەربایجان، عێڵی تورکمەن نیشتەجێی دەشتی گورگان و عێڵی بۆچاقچی و هەوشار نیشتەجێی کرمان بوون. لە ڕواڵەتدا ژاینی عێڵی و کۆچنشینی و خانخانی لەئاکامی هێرشی مەغوول بۆ ئێراندا پەرە گرتوو بووە و وشەی خانیش کە لە بنەڕەتدا قائان بووە پاشماوەی هەمان سەردەمە. هەندێ لە عێڵەکان کەم تا زۆر نیشتەجێی بوونەوە و یان بەتەواوی نیشتەجێی بوون. سیاسەتی تەختەقاپۆکردنی عێلات و عەشیرەتەکان لەسەدەی بیستەمدا زۆرتر بۆتە هۆی "یەک جێنشینان". لە هەندێ عەشیرەتدا بنەماڵە یەک-جێ نشینەکان پێیان دەووترێ "خاکی" و بنەماڵە کۆچەرەکان پێیان دەووترێ "بادی". دە زمانی فارسیدا وشەگەلێکی وەک قەبیلە، تایفە، تیرە و عەشیرەت بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لێک جیا نەکراونەتەوە. عێڵ و عەشیرەتەکان لەسەر بنەمای حسب و نسب و پەیوەندییەکی خزمایەتی تێکچنراون کە لە بنەماڵەو هەتا تایفە، تیرە، عەشیرەت و قەبیلە لەخۆ دەگرێ. یەکێتی تایفەکان وەک یەکێتی تایفەکانی بارکزایی، میرمرادزایی و بۆزۆرگ زادەش سەردەمانێک باو بوونە. سەبارەت بەواتای عێڵ و عشیرەت هاودەنگی لەئارادا نییە. هەندێ لە ئەتنیکەکانیشیان وەک پاژێکی عێڵەکان

هێناوە؛ هەندێ بوونی ڕێکخراوی دەسەڵات و نسب عێڵیان بە پێوەر گرتووە و هەندێکش جەختیان کردۆتە سەر کۆچ و گەرمێن و کوێستان چوون. بە هەرحاڵ سەحرانشینی، ئاژەڵداری و کۆچبەری بەشێک بوونە لە خاڵە جیاکەرەوەکانی عێڵ و عەشیرەتەکانی ئێران. وەک گرینگترین عەشیرەت و هۆز (قەبیلە)کانی ئێران دەکرێ ناوی ئەوانەی خوارەوە بێنین: کوردەکان، لۆرەکان، بەختیارییەکان، قەشقاییەکان، خەمسەی فارس، شاسێوانەکان و تورکمەنەکان.

هەروەک پێشتر وتمان عێڵ ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی عەشیرەتە. ڕەنگە عێڵێک پێکهاتبێ لەچەندین عەشیرەت. عەشیرەت ئاماژە دەکاتە سیستمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و عێڵیش هێمایەکە بۆ سیستمی ئۆفیسی و سیاسی. لەو هەلومەرجەدا کە هێشتا سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابووری عەشیرەت ئاڵوگۆڕی تێدا نەهاتووەتە ئاراوە (بەتایبەت بەر لە ڕیفۆڕمی زەوی)، عێڵ و عەشیرەت بە یەک واتا دەکار دەهاتن. لەوەو پاش باس لە دوو گرووپ کراوە واتا عێلیات یان عەشیرەتە کۆچبەرەکان و دێهیات واتا عەشیرەتە نیشتەجێیەکان. پەیوەندی خزمایەتی بە سێ شێوە لەناو عێڵەکاندا لەئارادابووە: ١) پەیوەندی خزمایەتی یان باوک ڕەگەزی؛ گەورەترین گرووپ لەو ڕوانگەوە "منداڵە" کە لەلای هەندێ لە عەشیرەتەکانەوە خۆی دابەش دەبێتە سەر گرووپی بچووکتری وەک "تەش". ٢) خزمایەتی خەیاڵی کە بەپێی ئەو ئەندامانی تایفە یان تیرە یان

عێڵێک خۆیان لە بەرەبابێکی یەکە دەزانن. بنەمای عێڵ و عەشیرە بەواتا نەریتییەکەشی هەر ئەو پەیوەندییە بووە. ٣) پەیوەندی خزمایەتی سەبەبی یان بطنی کە خۆی تا ڕادەیەکی زۆر لە ناوخۆی تۆڕی پەیوەندییە خزمایەتییە نەسەبییەکانەوە هاتۆتە ئەنجام.

خانەکان ڕۆڵێکی تەوەرەییان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی وئۆفیسی عێڵاتدا گێڕاوە. واباو بوو کە هەر عێڵێک خاوەنی ئیلخانێک و چەندین خان بوو. خانەکان دەسترۆیشتوویەکی بەربڵاویان هەبوو لە ڕێک- وپێک کردنی کاروباری کۆچکردن، دابەشینی مەتاعەکان، کۆکردنەوەی پیتاک و دادوەریدا. لە ناوچە کشتوکاڵییەکاندا نزیکەی ٢٠٪ بەرهەمیان وەک بەهرەی مالیکانە وەردەگرت (دە و دوو).

خان زۆربەی کاروبارەکانی بە راوێژکردن لەگەڵ ریشسپیانی تایفەدا ئەنجام دەدا. ریشسپییەکانیش بەرپرسایەتی یرکر عەشیرەییە بچووکترەکانی عێڵیان لەئەستۆ بوو. پلە ئۆفیسی – سیاسییەکانی عێڵەکان لە خوارۆوە بەرەو ژوورو بریتی بووە لە: سەرپەرستی بنەماڵە، ریشسپی، کوێخا، کەلانتەر، کەلانتەرخان، ئیلخان ئیل بەیگی. لە ڕوانگەی مێژووییەو بەرپرسانی عەشیرەکان بەردەوام یەکێک بوون لە گرووپەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگای نەریتی ئێراندا. لە کۆتاییەکانی سەردەمانی قاجاردا بە سەرنج- دان بەوە کە نزیکەی یەک لەسەر چواری دانیشتوانی ئێران پێکهاتبوون لە عەشیرەت و هۆزەکان، بەرپرسانی هۆزەکان خاوەن دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەرچاو بوون.

عـێلات و عەشـیرەتەکانی لـە ڕوانگـەی ڕێکخسـتنی دەسـەڵاتی ناوخۆییەوە جەماعەتێکی یەکریز و خۆبەڕێوەبەر بووە و هەروەها وەک یەکەگەلێکی سپایی جیاش دەهاتنە ژمار. لەڕاستیدا مێژووی سیاسی ئێران تا سەدەی بیستەم مێژووی پێکدادان و گێرەوکێشەی عەشیرەت و خێڵە ئۆتۆنۆم و چەک بەدەستەکان بوو. بەرپرسانی عێڵ و عەشیرەتەکان بەشێک بوون لە چینە خاوەن تویولەکانی ئێران و پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا هەبوو. لەڕاستیدا ئەوان تەنیا بەشی میراتی ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی ئێران بوون.[1] لە سەردەمانی سەفەوییدا هەتا بەر لەوەی شاعەبباس بە سازدانی سپایەکی نوێ، دەسەڵاتی دەوڵەتی چرکاتەوە، بەرپرسانی عەشیرەتەکان ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆیان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات دا هەبووە. پاش هەرەسهپاش هەرەس-هێنانی حکوومەتی سەفەوی و هەتا بەر لە پێکهاتنی دەوڵەتی قاجار لەنێوان عێڵ و تایفە لەسەر بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات کرژی و ئالۆزی هاتە ئاراوە. کەم تا زۆر هەموو حکوومەتەکان لە دەکارهێنانی باڵادەستی بەسەر عەشیرەت و خێڵەکاندا تووشی کێشەگەلێک هاتوون. بەهێز کردنی هێزی سپای ناوەندی باشترین ڕێگەی سەرکوت کردن یان ڕاکێشانی

١. لمبتون، *مالک و زارع*، ص ٤٠٥.

پەیڕەوی عەشیرەت و خێڵەکان هاتۆتە ژمار. حکوومەتە جۆراوجۆرەکان سیاسەتی جیاجیایان بۆ کۆنترۆڵی خێڵەکان دەکار هێناوە. سیاسەتی پادشاکانی قاجار ئەوە بوو کە بەسەر هەر عێڵێکدا لە ناو بەرپەسانی ئەو عێڵەدا ئیلخانێک دانێن کە گرینگترین ئەرکی کۆکردنەوەیماڵیات بوو بۆ حکوومەتی ناوەندی. تۆخمە سەرەکییەکانی سیاسەتی قاجارەکان لە حاند عەشیرەتەکاندا بریتی بوون لە کەڵک وەرگرتن لەهێزە نیوە سیاسییەکانی عێلات بەتایبەت لە سنوورەکاندا، وەرگرتنی ماڵیاتی عەشیرەتەکان و راگۆاستنی عەشیرەتەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر بە مەبەستی سنووردار کردنی دەسەڵاتی سیاسییان. بەرپرسانی خێڵەکان وەک خاوەن زەوییەکان پشکی مالیکانەیان وەردەگرت. لەناوخۆی خێڵیشدا، دەسەڵآتی خان و بەرپرسان تەنیا لەسەر بنەمای زۆر و توند و تیژی نەبوو بەڵکوو جۆرە باڵادەستییەکی باوک سالارانە (پاتریمونیاڵ) وەک بنەمای دەسەڵآتی خێڵ دەهاتنە ژمار. لە ئێراندا هەر عێڵێک، یەکەیەکی ئۆفیسی، سیاسی، فەرهەنگی و ئەتنیکی جیاواز بوو. لە خولەکانی لاوازی دەسەڵاتی ناوەند دا ناوچە عێڵ نشینەکان پلەیەکی سەرووی سەربەخۆیان لە دەوڵەتی ناوەندی وەدەست دێنا. لەڕاستیدا دەسەڵآتی دەوڵەتی ناوەندی خۆی بەواتای باڵادەستی خێڵێک بە سەر خێڵەکانیتردا بوو. دەوڵەتی قاجار لە ڕوویناوخۆییشەوە تایبەتمەندی عێڵی خۆی پاڕاستووە. بەو واتایە کە

پادشاکانی قاجار بەپێی نەریتیە عێڵییەکانی خۆی کەسێکی وەک ئیلخان بۆ نێوبژیوانی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی خێڵ لە دەربار دا ڕاگرتبوو.[1]

خێڵ و عەشیرەتەکان لە سەردەمانی شۆڕشی مەشرووتەدا، وەک خولەکانی‌تری لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی، ڕۆڵێکی بەرچاویان گێرا و جاروباریش یارمەتیان گەیاندۆتە پێشوە بردنی کاروبارەکانی شۆڕش. بۆ وێنە عێڵی بەختیاری بەڕێبەرایەتی سەردار ئەسعەد بەختیاری ڕۆڵێکی بەرچاوی گێرا لە سەرکەوتنی شۆرشی مەشرووتەدا. عێڵی بەختیاری لە سەردەمانی ئەفشاری و قاجاری‌دا یەکێک لە بەهێزترین، ساماندارترین، تۆرترین و پر چەکترینی عێلەکانی ئێران بوو و سپایەکی عێڵی بەبڵاوی لەبەر دەستدا بوو. سەرهەڵدانی بەختیارییەکان لە دژی سەرەڕۆی قاجار لە سەردەمانی مەشرووتە لە ڕاستی‌دا بە ئاراستەی پاک کردنەوەی حیسێبە کۆنەکان ڕووی‌دا و کەمتر بە هۆی ئامانجخوازی و مەشرووتەویستی بووە پادشاکانی قاجار ئۆتۆنۆمی و ئازادی خانە بەختیارییەکانی لە ڕێگەی دانانی دەسەڵاتدارە خۆجێیەکانی لە ئیسفەهان‌دا سنووردار کردبوو.[1] لەگەڵ

---

۱. ا. ک. س. لمبتون، *نگاهی به جامعه اسلامی ایران*، ترجمه یعقوب آژند، نشر مولی، ۱۳۶۰.

۱. م. ایوانف، *انقلاب مشروطیت ایران*، ترجمه کاظم انصاری، امیرکبیر، ۱۳۵۷، ص ۶۰.

ئەوەشدا ئیلخانە بەختیارییەکان لەلایەن دەربارەوە دیاری دەکران. سپای بەختیارییەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە شکستی سەرەرۆیی بچووکدا. پاش تۆپ باران کردنی مەجلیس، عەلی قولی خانی سەردار ئەسعەدی بەختیاری کە لە پاریس دەژیا لە ڕێگەی نامە گۆڕینەوەوە خانە بەختیارییەکانی لە دژی محەمەد عەلی شا هاندا. داگیرکردنی ئیسفەهان و سەقامگیر بوونی مەشرووتە لە وێدا لەلایەن سەمسامولسەڵتەنەی بەختیارییەوە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لە سەرکەوتنی مەشرووتەخوازاندا.

لەگەڵ سەرهەڵدانی داڕشتەی دەوڵەتی سەرەرۆ لە سەردەمی ڕەزاشادا، دزەی سیاسی خێڵەکانیش دایە کزێ. لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی دەوڵەتی نوێ دەکرێ باسی ئەو هەنگاوانەی خوارەوە بکەین: خەبات لە ڕێگەی تواندنەوەی ناوچە نیوە سەربەخۆ عەشیرەتەکان لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەی نوێ، هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتە عێڵی و عەشیرەتییەکان، بەربەست کردنی دەسەڵاتی خانەکان، پەلکێشی زۆرە ملی لاوانی عەشیرەتەکان بۆ خزمەتیکردنی سیستم، چەک کردنی گشتی و نیشتەجێ کردنی خێڵەکان. بۆ ئەو مەبەستە دەوڵەتی ڕەزاشا بە کردەوە کەوتە شەر لەگەڵ عەشیرەت و خێڵەکان. خێڵ و عێڵە قەشقایی، بەختیاری، شاسێوان و عەشیرەتەکانی بویەرئەحمەد، بەلوچەستان، خوراسان، خوزستان و ئازەربایجان یەک لە دوای یەک هەتا ساڵی ١٣١٢ هەتاوی سەرکوت کران و هاتنە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی ناوەندییەوە. وەلانانی خانە بەختیارییەکان لە حکوومەتی ئیسفەهان و کرمان و یەزد لە ساڵی

١٣٠٠ هەتاویدا، هەڵوەشاندنەوەی نازناوەکانی ئیلخانی و ئیل بەیگی لە ساڵی ١٣١٢ هەتاویدا و گرتن و ئێعدامی هەندێ لە خانەکانی بەختیاری لە ساڵی ١٣١٣ هەتاویدا لە هەنگاوەکانی دەوڵەتی ناوەندی بوون لەحاند عێڵی گرینگی بەختیاری.

لەو ناوەدا سەرچاوە ماڵییەکانی عەشیرەتەکانیش دەستی بەسەر داگیرا و زۆربە کەوتە بەردەست سەرانی سپا. بەشێکی بەرچاوی زەوی و زارەکانی بەرپرسانی خێڵەکانیش بە کەڵک وەرگرتن لە قانوونی نوێ تۆمار کردنی بەڵگە و زەوییەکان دەستی بەسەردا گیرا و کەوتە بەردەست سپاییەکان. هەنگاوگەلێکیش بۆ نیشتەجێ کردنی عەشیرەتەکان و "تەختە قاپۆ" کردن و بەرگری لە کۆچکردنی وەرزانەیان نرا. لەئاکامی وەها هەنگاوگەلێکدا ژیانی خۆبژیو و ئازادی عەشیرەتەکان کەوتە بەر گووشاری بەگوڕ و پۆستەکانی سپا و ژاندارمێری لەناو دڵی زەوییەکانی عەشیرەتەکاندا بەرپا بوو و لەئاکامدا فەرماندەرانی سپایی دەستیان داگرت بەسەر ژیانی عێڵ و عەشیرەتەکان. هەروەها بەپێی قانوون چەسپاوەکانی خولی یازدەهەمی مەجلیس لە ساڵی ١٣١٧ هەتاویدا سەبارەت بە دابەشکردنە نوێیەکانی وڵات و دیاریکردنی فەرماندارانی خۆجێیی لە ناوەندەوە دەسەڵاتێکی بڕۆکڕاسی نوێ بەسەر ناوچە عەشیرەتەکاندا بڵاو بۆوە. بەو پێیە دەسەڵاتی عێڵ و عەشیرەتەکان تێک شکا.

پاش هەرەسهێنانی ڕەزاشا، لە ساڵانی ٣٢ - ١٣٢٠ هەتاویدا، جارێکیتر بە هۆی لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی، خێڵ و عەشیرەتەکان گەشانەوە. بەرپرسانی عەشیرەتەکان لە خولەکانی مەجلیسی ئەو سەردەمەدا دزەیەکی بەرچاویان کرد. هەر دوابەدوای چوونە دەرەوەی ڕەزاشا ئەو خانانەی لە تاران لەژێر چاوەدێریدا ڕاگیرا بوون گەڕانەوە ناو عێڵەکانی خۆیان و بەرێوەبەرایەتی ناوچەیان گرتەوە دەست. زۆربەی ئەو خێڵانەشی کە بە زۆری نیشتە جێ کرابوون گەڕانەوە بۆ ڕێوڕەسمی ژیانی پێشویان. بەڵام زۆری نەبرد کە جارێکیتر لەگەڵ بەهێزکردنی بنەماکانی دەسەڵاتی ناوەندیدا دەسەڵاتی عێڵ و عەشیرەتەکانیش سنووردار بۆوە. بەتایبەت ڕیفۆڕمی زەوی و خۆماڵی کردنی جەنگەڵ و مەتاعەکان زیانێکی زۆری گەیاندە بنەما ئابوورییەکانی ژیانی عێلاتی و دەسەڵاتی خان و کەلانتەرانی عێڵیش تێک شکا.

لە سەردەمانی پاش ساڵی ١٣٣٢ هەتاوییەوە سەرهەڵدانی داڕشتەی دەسەڵاتێکی چربۆوەی سەرەرۆ لەلایەک و نوێژەن بوونەوەی بەلەزی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەلایەکیترەوە گورزی کاریگەریان سرەواندە کۆڵەکە سیاسی و ئابوورییەکانی عێلات و عەشیرەتەکان. پاش شۆڕشی ئیسلامی، لە ساڵەکانی سەرەتاییدا بە سەرنجدان بە لاوازی دەوڵەتی ناوەندی ویستی ئەتنیکەکان بۆ ئۆتۆنۆمی و خۆبەرێوەبەری و باشتربوونی بارودۆخی ئابووری بەگۆڕتر بوو. لە کوردستاندا دوو حیزبی سەرەکی واتا حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی کۆمەڵە هەستان بە ڕێکخستنی ریزەکانیان و خوازیاری ئۆتۆنۆمی و دامەزراندنی حکوومەت و پاڕلمانی

خۆجێیی بوون و دەستیان دایە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی "پێشمەرگە". شێخ عێزەددین حوسێنی، پێش نوێژی مەهاباد بوو و هەر لەو مینبەرەش را خوازیاری ئۆتۆنۆمی کوردستان بوو. کۆمەڵە بۆچوونی مائۆئیستی و جوتیاری هەبوو و هەستان بەسازدانی ئەنجوومەنە جووتیارییەکان لە کوردستاندا و خوازیاری ڕیفۆڕمی زەوی لە کوردستاندا بوو. ئاڵۆزی بارودۆخی کوردستان دەوڵەتی کاتی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە شاندێک بۆ دانوستان لەگەڵ ڕێبەرانی کورد دا رەوانەی مەهاباد بکا. بەڵام دانوستان نەگەیشتە هیچ ئاکامێک و دواجار پێکدا دان لەنێوان پاسدارانی شۆڕش و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا هاتە ئاراوە و سپا و پاسدار بەلێشاو چوونە کوردستان.

## ڕۆڵ و دەوری سیاسی ئەتنیک و خێڵەکان لە ئەفغانستاندا

لە ئەفغانستاندا چوار ئەتنیکی سەرەکی نیشتەجێن کە برتین لە: ئەتنیکی پەشتوون، ئەتنیکی تاجیک، ئەتنیکی هەزارە و ئەتنیکی ئۆزبەک. بێجگە لەوانەش هەندێ ئەتنیکی بچووکتری وەک ئەتنیکی بەلووچ و تورکمەنیش هەن کە لە ڕوانگەی سیاسییەوە گرینگایەتییەکی ئەوتۆیان نییە، گەورەترین و لە ڕوانگەی سیاسییەوە گرینگترین ئەتنیکی ئەفغانستان ئەتنیکی پەشتوون بووە کە نیشتەجێی ناوچەکانی رۆژهەڵات و

باشـووری. پەشـتوونەکان خۆیـان لـە ئـەتنیکی بنـی ئیسـرائیل دەزانـن. گرینگتـرین هـۆزی سیاسـی ئەفغانسـتان واتـا درانییـەکان کـە بـەردەوام دەسەڵاتی سیاسی دەدەستی ئەوان دابووە لقێکی ئـەو ئەتنیکـەن. یـەکێکی‌تـر لـە هـۆزە گرینگـەکانی ئـەو ئەتنیکـە غەلزاییـەکانن کـە بـە پێچەوانـەی درانییەکانـەوە کۆچـەر بوونـە و ئێسـتاش لـە دەوروبـەری قەنـدەهاردا نیشتەجێن. ئەتنیکی پەشتوون، هـەر وا گرینگتـرین ئـەتنیکی خـاوەن زەوی ئەفغانستان بووە. بەتایبەت لەناو درانییـەکان و بارکزاییـەکان‌دا بـەردەوام رکەبەرایەتییەکی سیاسی لەئارادا بووە. پەشتوونەکان لە ڕووی ئایینییـەوە حەنەفین.

دووهـەم ئـەتنیکی بـەرچاوی ئەفغانسـتان ئـەتنیکی فـارس زمـان و تاجرپیشەی تاجیکن کە بنەماڵەکانیان بە ڕۆژئاوا و باکووری ئەفغانستان‌دا بڵاوبۆتـەوە و لـە شـارەکانی بـەڵخ و بەدەخشـان و هیـرات و نیمـروزدا نیشتەجێن. تاجیکەکانی باکوور سوننی حەنـەفی و تاجیکـەکانی ڕۆژئـاواش شیعەن. تاجیکە سوونییەکان زێتـر تێکـەڵاوی پەشـتوونەکان بوونـە و هـەر لـەو رۆشـەوە زێتـر لـە شـیعەکان دەسـتیان گەیشـتۆتە پۆسـتە ئۆفیسـی و دەوڵەتییەکان. لـە نێـوان تاجیـک و پەشـتوونەکان‌دا لـە ڕووی سیاسییەوە بەردەوام رکەبەرایەتی سیاسی لە ئارادا بـوو. لـە سـاڵی ١٩٢٩دا حکوومـەتی ئـەمانوڵلاخانی پەشـتوون تووشـی سـەرهەڵدانی تاجیکێـک بـوو بـەناوی حەبیبوڵڵا بەچچەسەقا کە سەرکوت کرا.

پاش هەرەس‌هێنانی رژیمی مارکسیستی ئەفغانستان جارێکی‌تر گێرەوکێشەی نیوان پەشتوون و تاجیکەکان سەری هەڵدایەوە و لەنێوان بورهانەددین رەببانی و ئەحمەدشامەسعوودی تاجیک و گۆڵبەددین حیکمەتیاری پەشتوون‌دا رکەبەرایەتی سیاسی هاتە ئاراوە.

سێهەم ئەتنیکی بەرچاوی ئەفغانستان هەزارەکانن کە تێکەڵاوییەکن لە ڕەگەزی سپی و زەرد و نیستەجێی ناوەندی ئەفغانستانن و بەزمانی فارسی دەئاخێون و لە ڕووی ئایینیشەوە شیعەن. کوشتاری بەربڵاوی هەزارە شیعەکان لەلایەن حکوومەتی سووننی ئەمیرعەبدوررەحمانەوە لە مێژووی ئەفغانستان‌دا بەناوبانگە. هەزارەکان بەردەوام یەکێک بوون لە ئەتنیکە ژێردەستەکانی ئەتنیکی پەشتوون.

ئەتنیکی ئۆزبەک لە ئەفغانستان‌دا تورک زمانن و لە باکووری ئەو وڵاتەدا دەژین. لە ڕوانگەی سیاسییەوە ئۆزبەکەکان ئەتنیکێکی خاوەن دزە نەبوون. پاش ڕووخانی رژیمی مارکسیستی کابۆڵ ئۆزبەکەکان بە ڕێبەرایەتی ژێنراڵ دۆستم دەستیان بەسەر ناوچەکانی باکووردا داگرت، ئۆزبەکەکان بەشێکی گرینگی یزەکانی رژیمیان پێک دێنا و لە درێژەی داگیر کردنی ئەو وڵاتە لەلایەن سپای یەکێتی سۆڤیەتەوە لەگەڵ موجاهیدانی ئەفغان دەشەر دابوون.

**لە ئەفغانستاندا بە گشتی هەر هۆزە و خاوەن "جەرگەیەک" واتا ئەنجوومەنێکی ئۆفیسی – سیاسی بووە و دەوڵەتی نەتەوەیش هەر دەم لەگەڵ جەرگەکانی هۆزەکان لە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکدا بووە و لەڕاستی-دا دەوڵەت وەک درێژبۆوەی جەرگە هاتۆتە ژمار.[١]**

---

**١. مری لوئیس کلیفورد، *سرزمین و مردم افغانستان*، ترجمه اسعدی، انتشارات علمی فرهنگی، ١٣٦٨.**

**-- الیور روا، *افغانستان، اسلام و نوگرایی سیاسی*، ترجمه سروقد مقدم، انتشارات آستان قدس، ١٣٦٩.**

# ١١

## ڕۆڵ و دەوری ژن لە ژیانی سیاسی‌دا

لێکۆڵینەوەکانی بەردەست باسی ئەوە دەکەن کە بەرامبەری سیاسی ژنان لەگەڵ پیاوان‌دا لە کۆمەڵگاکانی هەنووکەیی‌دا زۆرتر لایەنێکی حقووقی هەیە هەتا ڕاستەقینە. لەمپەری جیاجیا لەئارادان بۆ بەشداریکردنی سیاسی ژنان. بزووتنەوەی سیاسی ژنان کاتێک بە واتای تەواوی خۆی دەردەکەوێ کە خۆرسک، ڕەکەبەر، ڕێکخراو و لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیایەکی شیاو و تایبەتی ژنان بێ. بێتوو بەشداری ژنان لەژیانی سیاسی‌دا بە وڕووژاندنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی‌تر(بەتایبەت بە خواستی پیاوان) بێ، نارکەبەرایەتی بێ واتا بۆ جەختکردنی هەڵوێستەکانی دەسەڵاتی سەقامگیر بێ، بەشێوەی تاک و پەرش‌وبڵاو بێ، واتا بەشێوەی بزووتنەوەی گرووپی و ڕێکخراوەیی بەکۆ نەبێ و بەتایبەت بێتوو هاودەنگ بێ لەگەڵ ئۆگری و ئەخلاقی پیاوانە واتا لەسەر بنەمای "ئایدۆلۆژیایەکی درۆیینی" پیاوانە بێ، بەواتای تەواوی وشە نابێتە بەشداری کردنی سیاسی ژنان. وەلا بردنی لەمپەرە حقووقییەکان و مۆدێرنیزە بوونی کۆمەڵایەتی بەکاوەخۆ نابێتە هۆی بەربڵاوبوونەوەی بەشداریکردنی ژنان لەژیانی سیاسی‌دا. هەروەک چۆن لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانیش‌دا وەلابردنی ئەو لەمپەرانە بواری

بەشداریکردنی سیاسی ژنانی بەرفراوان کردۆتەوە. ئەو ڕاستییە بۆتە هۆی باوبوونی هەندێ بیرۆکە لەمەڕ سنووری توانای بەشداریکردنی ژنان لەژیانی سیاسیدا لەسەر ئەو بنەمایە کە "سروشتی" ژنان لەگەڵ سیاسەت بەواتای دەسەڵات و توندوتیژیدا یەکتر ناگرنەوە. لەڕاستیدا دەبۆچوونە لیبرالییەکاندا لەمەڕ بەشداریکردنی ژنان لە ژیانی سیاسیدا جەخت دەکرێتە سەر ئەوە کە ژنان دەبێ خۆیان لەگەڵ ڕاستەقینەکانی ژیانی سیاسیدا ڕێکبخەن و تایبەتمەندی "پیاوانەی" پێویست وەدەست بێنن. لەلایەکیترەوە لە بیرۆکە سۆسیالیستی و فێمینیستییەکاندا لەگەڵ پەژراندنی یەک نەگرتنەوەی سروشتی ژنان لەگەڵ ڕاستەقینەی دەسەڵات بەواتا باوەکەی لە کۆمەڵگا مۆدێڕنە پیشەپێکهاتەکاندا جەخت لەوە دەکرێتەوە کە ڕێگە چارە نە ئاڵوگۆڕە لە تایبەتمەندی ژناندا بەڵکووو سازدانی ئاڵوگۆڕە لە داڕشتەی دەسەڵات و خاوەنێتیدا: دەوڵەت و سیاسەت دیاردەیەکی پیاوسالارانەن و تەنیا بە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە داڕشتەی دەسەڵات دایە کە ژنان لە بواری سیاسیدا ئەکتیڤ دەبن دەنا نا بەشداریکردنی ژنان لەژیانی سیاسیدا بەواتای تاکەکەسی باو لە بواری سیاسیدا بەواتای "ژن سرینەوە"یە.[1] بە گشتی دوو بۆچوونی سەرەکی لە بزووتنەوەی ژناندا لەئارا دابووە یەکیان بۆچوونی لیبرالی کە مەبەستی بەرز کردنەوەی بەشداریکردنی ژنان بووە لە ناو خۆی سیستمی سیاسی

---

١. نووسراوەی خوارەوە یەکێکە لە گرنگترین نووسراوەکان سەبارەت بە شیکاری فیمینیزم:

J. Mitchell, *Psychoanalysis and Feminism.* (Penguin, 1974).

سەقامگیردا و ئەوەی تریشیان بۆچوونی سۆسیالیستییە کە ئاڵوگۆڕ لە سیستمی سیاسی – ئابووری هەنووکەدا بە مەرجی ڕزگاری ژنان دەزانێ.

## سەربردەی مێژوویی

بۆ دۆزینەوەی سەرە داوی سەربردەی بزووتنەوەی سیاسی ژنان و هزرەکانی پەیوەندیداری دەبێ لە شۆڕشی فەرانسە بەدواوە بگەرێن. ئۆلمەپ دۆگروژ نووسەری فرانسەیی لە ساڵی ١٧٨٩ دا لە *ڕاگەیەنراوی مافەکانی ژن و هاووڵاتی دا* ڕایگەیاند: "هەر وەک چۆن ژنان مافی ئەوەیان هەیە بچنە ژێر پەتی سێدارە ئاوهاش مافیان هەیە بچنە سەر سێنی وتاردان!" لە درێژەی شۆڕشی فەرانسەدا هەستان بە سازدانی کلوپگەلی شۆڕشگێری. لە ساڵی ١٧٩٢ دا نووسەرێکی ئینگلیسی بە ناوی ماری وڵستۆنکرافت بە نووسینی نامیلکەی *پشتگیری لە مافەکانی ژن* سەرنجی بیروڕای گشتی ڕاکێشایە سەر پێگەی سیاسی ژنان. لەچاخی رۆشەنگەریدا بیرمەندانێکی وەک کوندورسە و دیدرۆ داکۆکیان دەکرد لەمافی ژنان. لەدرێژەی شۆڕشی فەرانسەدا، لایەنگرانی ئازادی ژنان لە دوو توێی نامەیەکی نارەزایەتیدا بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی ئاوایان نووسیوە: "ئێوە هەرچی دەمارگرژی رابردوو لەناوتان برد بەڵام ئیزن دەدەن کۆنترین و باوترینیان بمێنێتەوە ئەویش ئەو دەمارگرژییەیە کە دەبێتە هۆی ئەو

نیوەی حەشیمەت لە پۆست و ڕێز و تایبەت لەئامادە بوون لەو کۆمەڵەدا بێ بەش بن.".[1]

هەروەها لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لایەنگرانی سەن سیمۆن و فێورییە دوو لە سۆسیالیستەکان باسیان لەداکۆکی کردن لەمافی ژنان دەکرد. لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمیشدا ویستی بەرامبەری ژنان لەژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەشێوەیەکی ئاشکرا خرایە ڕوو. لەئینگلستاندا بزووتنەوەی سیاسی ژنان بۆ وەدەست هێنانی مافە سیاسییەکانیان لە ساڵی ١٨٥٠ وە بۆ داکۆکی کردن لەمافی دەنگدانی ژنان پێکهات. لەساڵی ١٨٦٩ دا جان ستوارت میل فیلسووفی سیاسی بەناوبانگی ئینگلیسی کتێبێکی لەژێر ناوی *کۆیلەتی ژنان دا* نووسی کە لەلایەن بیروڕای گشتییەوە پێشوازی لێکراو خۆی یەکەمین لایەحەی بۆ دانی مافی دەنگدانی ژنان پێشکەشی پاڕلمانی ئینگلیس کرد. هەر لەو ساڵانەدا ئەنجوومەن گەلی سیاسی ژنان لە زۆربەی وڵاتانی ئوڕووپاییدا پێکهات. لەئینگلستاندا یەکێتی نەتەوەیی مافی دەنگ بۆ ژنان لەساڵی ١٨٦٧ ا پێکهات و مانگرتن و ڕێپێوانی بۆ گەیشتن بە ویستەکانی خۆی وەڕێخست. لە ئەمریکادا ئەنجوومەنی نەتەوەیی مافی دەنگی ژنان لە ساڵی ١٨٦٩ دا پێکهات. لە فەرانسەدا یەکێتی مافی ژنان لە ساڵی ١٨٧٦ دا دامەزرا.

---

1. J. McCrindle, “Women`s History” in *Radical Philosophy*. No. 10, spring 1975, p. 41.

بزووتنەوەی سۆسیالیستیش هەر لە دەسپێکەوە خەباتی دەکرد بۆ مافەکانی ژنان. فریدریش ئینگێلس لە کتێبی *سەرچاوەی بنەماڵە(خێزان)، خاوەنێتی تاکەکەسی و دەوڵەتدا* ووتی کە "ڕووخانی مافی دایک و دایک سالاری لەئاکامی باڵادەستی پیاوانددا بەواتای شکستی مێژوویی ڕەگەزی ژن بوو."[1] ئۆگۆست بێبڵ لە سۆسیالیستە سەرەتاییەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ژنان دەبێ لەژێر نیری کاپیتالیزم و هەروەها سیستمی پیاوسالاری-دا ڕزگارییان بێ.[2] بزووتنەوەی نێونەتەوەیی سۆسیالیستی ژنان وەک بەشێکی بزووتنەوەی جیهانی سۆسیالیزم لەساڵی ١٩٠٧ دا و دواتر لە ساڵی ١٩١٥ دا کۆنگرەیەکی بەست و خوازیاری مافی دەنگدان و بەشداریکردنی ژنان لە بزووتنەوەی جیهانی پرۆلیتاریا دا بوو. بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیش لە ساڵی ١٨٩١ دا لەدرێژەی پلانی بەناوبانگی ئێرفۆرت دا خوازیاری هەراوتر بوونی مافی دەنگدانی ژنان لە ئەڵمان دا بوو. لە سۆڤیەت دا پاش شۆڕش لێنین خوازیاری بەشاریکردنی ژنانی کرێکار لە دەسەڵاتی شووراکان دا بوو و مافی دەنگدانی سیاسی درایە ژنان.

---

1. Marx and Engels, *Selected Works.* vol. 2, p. 217.

2. A. Bebel, *Women and Socialism.* (New York, 1910), p. 6.

لــە ئێــران دا ســەربردەی دژکــردەوە بــە بــارودۆخی نــەریتی ژنــان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییـەکانی سـەدەی نۆزدەهـەم و بەتایبـەت بزووتنـەوەی مەشــڕووتە. فەرهــەنگی پیاومــەزنی کۆمــەڵگای نــەریتی ئێــران بــە سووکایەتییەوە دەیروانییە ژنان و بواری هەڵسووڕانی سیاسی پێ نەدەدان. جـۆری هــەڵسوکـەوت لەگـەڵ ژنــان دا دەتــوانین لــە بۆچــوونی خاجــە نیزامولمـوڵکی تووسـی دا بدۆزینـەوە، لـەو ووتەیـەیدا:" لـە حـەدیس دا هاتووە کە پێغەمبەر (ص) فەرموویەتی کە لەگـەڵ ژنـان راوێـژ بکـەن بـەڵام هــەرچی گووتیــان پێچەوانــەی ئــەنجام دەن هــەتا ڕاســتیتان بێتــە رێ و حەدیسەکەش ئەوەیە: "شاورهن و خالفوهن"، بێتوو ژنان ئاوەزی تەواویان بوایە پێغەمبەر سڵاوی لێبێئەوەینەدەوت."[1]

پێ بەندی نەریت و رێورەسمەکانی کۆمـەڵگای پیـاو مـەزنی، رەچـاوکردنی توندی حیجاب و سنووردار کردنی هەڵسووڕانی ژنـان بـە مـاڵ و مێـردی لـە تایبەتمەندییەکانی هەلومەرجی ژنان لە کۆمـەڵگای نـەریتی ئێـران دا بـوو. کـرین و فرۆشـتنی ژن وەک کـەنیز لـە ئێرانـی چـاخی قاجـاردا لـە هەنـدێ نـــــــــــاوچودا بـــــــــــــاو بـــــــــــوو.[2]
پەیوەنــدی لەگــەڵ ئوڕووپــا لــە کۆتاییــەکانی ســەدەی نۆزدەهــەمدا نارەزایەتییەکی بەرفراوانی لەدژی هەلومـەرجی نـەریتی ژنـانی ئێرانـی لـێ

---

١. مرتضی راوندی، *تاريخ اجتماعی ايران*، جلد ٣، ص ١٩١.

٢. *خاطرات حاج سياح*، ابن سينا، ١٣٤٦، ص ١٦٥.

کەوتەوە. لەگەڵ دامەزرانی قوتابخانە بە شێوازی ئورووپایی، هێدی هێدی دەرگای قوتابخانە بە ڕووی کچانیشدا والا بوو. ڕووناکبیرانی چاخی مەشرووتە نواڕینی ژنان بە چاوێکی سووک و بالادەستی پیاوانیان سەر کۆنە دەکرد. ژنان لە هەندێ بزووتنەوەی کۆمەلایەتی ئێراندا وەک بزووتنەوەی بایکۆت کردنی توتن و یان بزووتنەوەی مەشرووتەدا دەوریان بینیوە بەلام دەبێ بلێین وەها دەورێک زۆرتر پەیڕەوی بوو و زۆربە لە پالپشتی لە گرووپە کۆمەلایەتییەکانیتری وەک زانایانی دینی و پیاوانی ئایینی و یان ڕووناکبیران دا دەهاتە ئەنجام نەک بلێی بزووتنەوەی تایبەتی ژنان بێ.

بە گشتی بزووتنەوە سەرەتاییەکانی ژنان لەسەدەی نۆزدەهەم دا لەلایەن گروپە بچووکەکانی ژنانی خوێندەواری چینی مامناوەندییەوە ڕێخران و بێ گومان بزووتنەوەیەکی جەماوەری نەبوو. زۆرینەی ژنان هەروا پێبەندی ڕۆڵە نەریتییەکانی خۆیان بوون و لە بزووتنەوەی ژنان نەدەگەیشتن و یان لە حاندی دا بێ لایەن بوون. لە دژکردەوە بە بزووتنەوەی ژنان دا هەندێ لە نووسەران وەک دژایەتی کردن بەلگەیان هێناوەتەوە کە ژنان لە بواری لەشی و فکرییەوە ناگەنە پیاوان و یان ئەوەتا بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسی دا دەبێتە هۆی ئالۆزی و پشێوی لە سەقامگیری دەولەتدا. بۆ وێنە هێگێل دەیووت:" ژنان ڕەنگە خاوەن فەرهەنگ، هزر و چێژ بن بەلام ناتوانن بگەنە ئیدەیەکی رەها. جیاوازی

نێوان ژن و پیاو وەک جیاوازی نێوان حەیوان و گیایە... چوونکە گەشە کردنی ژنان هێورترە... لەگەڵ ئەوەدا کە ژنان دەسەڵآت بە دەستەوە بگرن دەوڵەت تووشی مەترسی دێ چوونکە ژنان کردەوەکانیان بە پێی پێویستییە گشتییەکان (مەعقوول) ڕێکناخەن بەڵکووو بە پێی ویست و هەوەس دەجووڵێنەوە..."[1]

هەروەها ژان ژاک رۆسۆ لە کتێبی *ئیمیل دا* دەڵێ:" بەدوا داچوونی ڕاستییە ئابسترە و ئاوەزییەکان و بنچینە و بنەماکانی زانست و هەر تشتێکی پێویستی بە بەرفراوانکردنەوە هەبێ، دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی تێگەیشتنی ژن. خوێندنەوەکانی ژنان دەبێ بە تەواوی کردەوەیی بێ. ئەرکی ژنان دەکارهێنانی ئەو قانوونیانەیە کە پیاوان دەیدۆزنەوە ..."[2]

لە ئوڕووپادا دوژمنایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی ژنان لە وڵاتانی کاتۆلیک دا بە گۆرتر بووە لەچاو وڵاتە پڕۆتستانتەکان. لە ڕوانگەی ئایینییەوە بەڵگە دەهێنرایەوە کە بەشداریکردنی ژنان لە ژیانی گشتی و سیاسی دا دەبێتە هۆی لاواز بوونی پەیوەندی ژنانا لەگەڵ ژیانی بنەماڵەیی دا. مافی دەنگدانی سیاسی ژنان تەنیا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دا لە

---

1. G. W. F. Hegel, *The Philosophy of Right.* (trans by T. M. Knox) Oxford, U. P. 1967, pp. 263-4.

2. J. J. Rousseau, *Emile*, Dutton Press 1955, p. 350.

زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی دا دانی پێدا هێنراوە (لە ئینگلستان لە ساڵی ١٩١٨، لە ئەمریکا دا لە ساڵی ١٩٢٠، لە ئیتالیادا لە ساڵی ١٩٢٥ و لە فەرانسە دا لە ساڵی ١٩٤٤ دا). وڵاتی سویس زێتر لە هەر وڵاتێکیتر بەربەرەکانی کرد لەگەڵ دانی مافی دەنگدان بە ژنان. دواجار لە ساڵی ١٩٧١ دا مافی دەنگدانی ژنان لە هەڵبژاردنەکانی دەوڵەتی فێدراڵ لە ریفراندۆمێکی گشتیدا چەسپا. بەو حاڵەش هەندێ لە کاشۆنەکان مافی دەنگدانی ژنانیان لە کاروباری ئەیالەتی دا بە ڕەسمی نەناسی.

## مۆدێلەکانی هەڵسوکەوتی سیاسی ژن[1]

بە گشتی بەپێی توێژینەوەکانی بەردەست ژنان لەچاو پیاوان ئاستی وشیاری سیاسیان کەمترە و لەچاو پیاوان لە لایەنی سیاسییەوە بێ لایەنترن و بێتوو بەشداری ژیانی سیاسیش بن زێتر لە پیاوان بە لای حیزبە ڕاست و کۆنسێرڤاتەکان دا دەشکێنەوە. گرینگترین نوێنگەکانی

١. ئەو بەشە کورت کراوەیەکی سەرچاوەی خوارەوەیە. سەرجەمی هێنراوەکان لە سەرچاوە جیاجیاکان لەو بەشەدا هەر لەو سەرچاوەیە وەرگیراون؛

M. Goot and E. Reid, *Women and Voting studies: Mindless Matrons or Setist Scientism.* Sage Professional Papers, No. 06. 008.

هــەڵسوكــەوتی سیاســی ژنــان كــە لــە توێژینــەوە و تاوتوێكردنــە جۆراوجۆرەكاندا جەختیان لەسەر كراوە دەكرێ ئەوا كورت كرێنەوە:

## چاولێكەری ژنان لە مێردەكانیـان لـە هـەڵسوكـەوتی سیاسـیدا.

یەكێک لە خاوەن رایان گووتوویەتی:" یەكێتی بیروڕای تەواو لەنێوان ژن و مێرد[لـە كاروبـاری سیاسـی دا] دەرئـەنجامی زاڵبـوونی پیاوانـە لـە بـواری سیاسییەوە."[1] بە پێی گووتەیەكیتر:" لـە زۆربـەی بـواردا نـوارێنی سیاسـی ژنان هەر هەمان نوارێنی مێردەكانیانە."[2] بە پێی توێژینەوەیەكیتر:" بەپێی بەڵگەی بەرچاو ژنان لە بابەتە سیاسییەكان دا پـەیڕەوی لـە مێردەكانیـان دەكەن(جاروبار پێچەوانەشی دەدیترێ) و یان لانـی كـەم ژن و پیـاو زۆربـەی كات پاڵپشتی لە یەک حیزب یان یەک كاندیداتۆر دەكەن."[3] بـەپێی زۆربـەی ئەو توێژینەوانە بەشداریكردنی ژنان لە ژیـانی سیاسـی دا بەشـداریكردنێكی سەربەخۆ نییە بـەڵكوو پـەیڕەوی ئۆگرییـەكانی پیاوانەیـە كـە زاڵـە بەسـەر سەرجەمی ژیان دا. بەواتایـەكیتـر سیاسـەت وەک "سـەرقاڵییەكی پیاوانـە" سەیر دەكرێ.

---

1. P. Lazarsfeld et al, *The People´s Choice.* (Columbia U. P. 1968), p. 141.

2. E. Nordlinger, *The Working Class Tories.* (London, 1967), p. 51.

3. L. Milbraith, *Political Participation.* (Chicago, 1965), p. 136.

هەروەها بەڵگە هێنراوەتەوە کە "ئەوە تەنیا ژنانن کە ئاگاداری بیروڕای سیاسی مێردەکانیانن[لە ئەنجامی بیروڕا گۆرینەوەدا]. پیاوان هەست بەوە ناکەن کە دەبێ سەبارەت بە سیاسەت راوێژ لەگەڵ ژنەکانیان دا بکەن".[4] لە هەندێ توێژینەوەدا پێشاندراوە کە رای سیاسی ژنان دوابەدوای گۆڕانی رای سیاسی مێردەکانیان تووشی ئاڵوگۆر دەبێ.[5] لانی کەم یەکێک لە هۆکارە دیاریکەرەکانی رای سیاسی ژنان، رای مێردەکانیانە. هەروەها پاش پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش شیمانەی پێکهاتنی ئاڵوگۆر لە رای سیاسی ژنان و داشکانەوەیان بەلای رای مێردەکانیان دا زۆر زێترە هەتا پێچەوانەکەی.

لە هەندێ لێکۆڵینەوەدا هۆکارەکانی داشکانەوەی ژنان بەلای رای سیاسی مێردەکانیان دا تاوتوێ کراوە بۆ وێنە دوو رژە پێشان دەدا کە ئەو ژنانەی وتوویانە هەر وەک مێردەکانیان دەنگ دەدەن ٣٠٪ هۆکارەکەیان گێراوەتەوە بۆ "متمانە" بە مێردەکانیان، ٢٠٪ بە مەبەستی بەرگری لە گێرەوکێشەی ناو ماڵ و ٤٠٪ بەهۆی "هاوبیر بوون" لەگەڵ مێردەکانیان

4. Lazarsfeld, op. cit. p. 141.

5. R. Milne & H. Mackenzie, *Marginal seat.* (London, 1958), p. 162.

وەک ئـــەوان دەنگیـــان داوە.[1] لـــە ڕۆژئـــاوای ئـــەڵمان دا ٩٠٪ ژنـــەکان وەک مێردەکانیان دەنـگ دەدەن. لـە بابەتـە سیاسییەکان دا زۆربـەی کـات ژنـان پیاوانیان پێ لە خۆیان وریاترە.[2]

کۆنسێرڤات بوونی ژن لە ڕووی سیاسییەوە. بـەپێی توێژینەوەیـەک "ژنان ئـۆگری ئـەوەن وەک مێردەکانیـان دەنـگ بـدەن هەرچەنـدە بـە گشـتی کۆنسێرڤاتترن".[3] لە ڕاستی دا ئۆگری بیروڕای سیاسـی مێردەکانیـان هـەر چەندە ئەو بیروڕایە ناکۆنسـێرڤاتیش بـێ، خـۆی لـە خـۆی دا جۆرێکـە لـە کۆنسێرڤات بوون. بەپێی توێژینەوەکانی لیپسـت "نزیکـەی سـەرجەمی ئـەو وڵاتانەی زانیارییەکانیان لەبەر دەست دایە ژنان زێتر لە پیـاوان پشـتگیری لە حیزبە کۆنسێرڤاتەکان دەکەن."[4]، بـەو واتایـە کـە ژمـارەی ئـەو ژنانـەی لایەنگری وەها حیزب گەلێکن لە پیاوان زێترە. بۆ وێنە لە(ڕۆژئاوای)ئەڵمان دا لـــە ســـەرەتاکانی دەیـــەی ١٩٦٠ دا، ٥٨٪ ئـــەو کەســـانەی دەنگیـــان دابـــووە

---

1. M. Duverger, The Political Role of Women. (Paris, Unesco, 1955), p. 49.

2. J. Ueltzhoffer, “Women in Political Life” *Marxism, Communism and Western Society.* Vol. 6, pp. 341-42.

3. M. Curtis, *Comparative Government and Politics.* (New York, 1968), p. 113.

4. S. M. Lipset, *Political Man.* (London, 1966), p. 221.

حیزبی دێموکرات مەسیحی ژن بوون. بۆ حیزبی سۆسیال دێموکراتیش ئەو ژمارەیە ٤٨٪ بوو. بەڵام بە گشتی، بۆچوونی کۆنسێرڤاتانەی ژنان جەختێکی هەمەلایەنەی لە سەر نەکراوە. هەروەها توێژینەوەکانی بەرباس زۆربە پەیوەندییان بە هەڵبژاردنێکەوە هەیە و خوێندنەوەی پێکگرتەیی نەکراون. هەروەها ڕەنگە پشتگیری ژمارەیەکی زۆرتری ژنان لە حیزبە کۆنسێرڤاتەکان لەچاو پیاوان بەهۆی بەشداریکردنی زێتری ژنان لە هەڵبژاردنەکان دا بێ. لە لایەکیترەوە ئەو وتەیە ڕەتکەرەوەی ئەو نییە کە لەو هەڵبژاردنانەی حیزبە ڕاست و کۆنسێرڤاتەکان سەردەکەون، زۆرینەی پیاوان دەنگ دەدەنە وەها حیزب گەلێک.

بە گشتی بەپێی بەڵگەکانی بەردەست، ناکۆکی نێوان پشتگیری کردنی ژنان و پیاوان لە حیزبە کۆنسیرڤاتەکان بە شێوەیەکی مامناوەندی نزیکەی ٧٪ بووە، واتا ژنان ٧٪ زێتر لە پیاوان دەنگیان داوەتە وەها حیزب گەلێک. بەو پێیە کاتێکیش ژمارەیەکی زۆرتری ژنان لەچاو پیاوان دەنگ دەدەنە حیزبە کۆنسیرڤاتەکان جیاوازی کەمە، هەرچەندە لەوانەیە لە هەندێ بواری تایبەت دا جیاوازیەکە زۆر زێتر بێ. بەپێی توێژینەوە گەلێکی زۆر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ڕەگەز و بۆچوونی سیاسی دا نەدیتراوە و یان لانی کەم جیاوازی لە بۆچوونی سیاسی نێوان ژنان و پیاوان دا

"بەرچاو" نەبووە.[1] لە لایەکی‌تریشەوە بەڵگەگەلێکی زۆریش لەبەر دەست دان کە باس لەو دەکەن کە ژنان زێتر لە پیاوان پشتگیری حیزبە چەپەکانیان کردووە.

بە گشتی پیاوان لەچاو ژنان تا ڕادەیەک ڕاست ئاژۆترن بەڵام وەها دەرئەنجام وەرگرتنێک رۆشنکەرەوەی هەلومەرجێکی دیاری مێژوویی نییە. بۆ وێنە لە فەرانسەدا حیزبە ڕاست و سەڵتەنەت خوازەکان زێتر لەلایەن ژنانەوە پشتگیریان لێ کراوە هەتا پیاوان، لەکاتێکدا حیزبە ڕاستە فاشییەکانی ئیتالیا و ئەڵمان زێتر لەلایەن پیاوانەوە پشتگیریان لێ کراوە هەتا ژنان.

پەیوەندی نێوان ئۆگرییە ئایینی، کۆنسێرڤات بوون و ژن بوون لە توێژینەوە جیاجیاکان دا جەختی لەسەر کراوە.[1] هەندێ لە نووسەران بۆ دۆزینەوەی ڕیشەی سەرەکی داشکانەوەی زێتری ژنان بەلای حیزبە ڕاستەکان دا ئۆگرییە ئایینییەکانیان دەپشکنن. بۆ وێنە لیپست بەڵگەی هێناوەتەوە کە لە فەرانسە و ئیتالیادا کڵێسەی کاتۆلیک لایەنگرانی خۆی کە زۆربەیان ژنن هاندەدا کە دەنگ بدەنە حیزبە ڕاست و ئایینییەکان.[2]

---

1. H. Bone & A. Ranney, *Politics and Voters*. (New York, 1967), p. 26.

1. B. Berelson & G. Steiner, *Human Behaviour.* (New York, 1964), p. 573.

2. Lipset, op. cit. p. 260.

جەخت کردن لەسەر ئایین و بنەماڵە لە بۆچوونە کۆنسێرڤاتەکان دا زۆر زەق بووە. ژان بلۆندڵ لە شی کردنەوەی کۆنسێرڤات بوونی ژنان دا گووتوویەتی:" زۆربەی ژنان ناچنە سەر کار و بارودۆخی حەستەمی ژیان لە کارگەکانیان نەئەزموە و بەو پێیە کە زۆربەیان لە ئۆفیسەکان دا کاردەکەن و بێ گومان کاری ئۆفیسیش پاک و خاوێنتر و خۆشترە."[3] هەندێ لە نووسەران داشکانەوەی ژنانی کرێکار بەلای حیزبە ڕاستەکانیان لە ڕێگەی هۆکارەکانی وەک ئایین و بارودۆخی کارەوە شی کردۆتەوە. بێ گومان لە ڕوانگەی پێگەی ئابووری و ئاستی خوێندەواری و هەلی کارکردنەوەوە لە هەموو شوێنێک دا ژنان لەچاو پیاوان لە ئاستێکی خوارووتردان و وەها هۆکارگەلێکیش دەبوایە ژنانی زۆرتر هاندابا ڤۆ لای حیزبە چەپەکان هەتا ڕاستەکان. بەو حاڵەش وادێتە بەرچاو کە وەها هۆکارگەلێک لەهەمبەر هۆکارەکانیتردا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەیەکی بەرچاو لەو بوارەدا ئەنجام نەدراوە.

**نەریتخوازی ژن.** بە پێی توێژینەوەگەلێکی زۆر سەبارەت بە بۆچوونە حیزبییەکانی ژنان لە ولاتانی ڕۆژئاوایی دا، وەفاداری بەو حیزبانەی بەشێوەیەکی نەریتی لە دەسەڵآت دابوون(چ چەپ و چ ڕاست) و لەئەنجام

---

3. J. Blondel, *Voters, Parties and Leaders.* (Penguin, 1965), p. 60.

دا، سەقامگیری و بەردەوامی لە شێوەی دەنگدان دا لەناو ژنان زۆر باوتر بووە. بۆ ژنان، جێگۆرکێی بیروڕای سیاسی بە گشتی ناخۆشترە هەتا بۆ پیاوان. ڕاست لە خاڵی هەمبەردا، هەندێ توێژینەوە باسیان لە دارای و بێ سەقامگیری ژنان لە بۆچوونە حیزبییەکان دا کردووە.[1] لەسەر ئەو بنەمایە ژنان زووتر و ساکارتر لە پیاوان ئزبەکەیان دەگۆڕن. هەندێکیتری توێژینەوەکان هیچ چەشنە پەیوەندییەکی واتاداریان لەنێوان ڕەگەز و ئاڵوگۆری بۆچوونە حیزبییەکان دا نەدۆزیوەتەوە.[2] بەو پێیە لەگەڵ ئەوەدا کە ژنان لەژیانی سیاسی دا بەوە بەناوبانگن کە پێبەندی نەریتەکانن و چەمەواز نین، بەڵام توێژینەوە جۆراوجۆرەکان دەرئەنجامی جیاجیان بەدەستەوەداوە. هەروەها ئەو بەنگەشەیەش کە ژنان بەپێچەوانەی پیاوان لە هەڵبژاردنەکان دا زێتر باری سەرنجیان بەلای تاکەکەس دایە هەتا پرس و بابەتەکانی بەر مشتومر، بە گشتی پەسەند نەکراوە.

**دوورەپەرێزی ژن لەسیاسەت.** بە پێی توێژینەوەکانی بەردەست لە هەموو شوێنێک دا بە شێوەیەکی مامناوەندی ١/٣ ژنان رایانگەیاندووە کە سیاسەت پەیوەندی بە ژیانی ئەوانەوە نییە. ئۆگری ژنانی خوێندەوار لە زانکۆدا هیندەی مامناوەندی ئۆگری پیاوان بووە بۆ سیاسەت. بە گشتی رادەی ئۆگری ژنانی زانکۆ بۆ سیاسەت کەوتۆتە خوارووی مامناوەندی

1. C. Burns, *Parties and People,* (Melbourne U. P. 1961).

2. Duverger, op. cit. p. 68.

پیاوان. رادەی بەشداریکردنی ژنان لە هەڵبژاردنەکان دا کەمتر لە پیاوانە. بۆ وێنە لە فەرانسەدا ۲/۳ ئەو کەسانەی دەنگ نادەن ژنن.[3] بۆچوونی سەرەکی توێژینەوەکانی بەردەست لەمەڕ ئەو بابەتە بە ئاراستەی چەسپاندنی ئەو خاڵە گشتییە دایە کە ژنان "بوونەوەری سیاسی" نین بەڵکووو زێتر ئۆگری کێشەکانی ژیانی تاکەکەسی و تایبەتی و یان کۆمەڵایەتین". پەیڕەویی کردنی ژنان لە مێردەکانیان دە ژیانی سیاسی دا و کۆنسێرڤات بوون و نەریتخوازیش دا باس لەو بۆچوونە گشتییە دەکەن. وەها وێناندن گەلێک زۆربە لەسەر بنەمای توێژینەوەگەلێکی سنووردارە و هەر لەو ڕووەوە جێگەی باس و خواس لێ کردنن. لەوەها توێژینەوەگەلێک دابەڵگە هاتۆتەوە کە ژنان کەمتر لە پیاوان سیاسی بوونە. لانی زۆر ئەوە کە ژنان ڕوانگەی ژنان بۆ سیاسەت زۆرتر ڕوانگەیەکی رەوشت خوازانەیە هەتا ڕێئالیستییانە. بەپێی وەها توێژینەوەگەلێک سیاسەت بەواتای بەدواداچوونی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان لەریگەی رکەبەرایەتی و پێک هەڵپرژانەوە وەک سەرقاڵییەکی پیاوانە چاوی لێ دەکرێ لە کاتێک دا

---

3. Ueltzhoffer, op. cit. pp. 341-42.

"ژنان دەنگ دەدەنە پاڵنەرە ئەخلاقییەکان نەک بەپێی قازانجویستی و مەقام ویستییەوە".[1]

ئەندامەتی ژنان لە ڕێکخراوە سیاسییەکانیش دا زۆر سنووردارە. ڕێژەی ئەندامانی ژن دە ڕێکخراوە حیزبییەکان دا نێوان ١٠٪ هەتا ٢٠٪ سەرجەمی ئەندامان بووە. ئەو ڕێژەیە لە ئاستە سەرۆکانی ژیانی حیزبی دا دادەبەزێ. هەروەها ئەرکی ژنانیش لەناو حیزبەکان دا سنووردار دەبێ بەکێشە فەرهەنگییەکان یان پەیوەندییە گشتییەکان. نوێنەرایەتی ژنان لە پارڵمانیش دا زۆر سنووردار بووە. لەپارڵمانی ئەڵمان دا بە شێوەی مام-ناوەندی ٩/٦٪، لە کۆمەڵەی نیشتمانی فەرانسە دا ٥٪، لە کۆمەڵەی عەوامی ئینگلستان دا ٣٪ و لە کۆنگرەی ئەمریکادا ٢٪ ئەندامان ژن بوونە.[2] بە گشتی دەرئەنجامی وەها توێژینەوەگەلێک ئەوەیە کە ژنان کەمتر لە پیاوانی ئۆگری ژیانی سیاسین، ئاستی زانستی سیاسیان خوارووترە و لەلایەنە جیاجیاکانی ژیانی سیاسی دا کەمتر بەشداریان هەیە. هۆی ئەو بابەتەش زۆرتر دەگەڕێتەوە سەر جۆر و شێوەی کۆمەڵگا پەژراندن و هەڤۆت و راهێنانی ژنان. بە گشتی ڕۆڵی دارشتەی دەسەڵاتی سیاسی و جۆری ڕێکخستنی لە ناسیاسی کردنی ژنان دا تاوتوێ نەکراوە و تەنانەت لەبەر چاویش بەگیراوە. حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان زۆربە لە

---

1. R. Lane, *Political Life.* (Glencoe, 1959), p. 46.

2. Ueltehoffer, op. cit. p. 342.

پەیوەندی لەگەڵ پرسی ژنان دا هەڵوێست ناگرن، لەئاکام دا هەڵبژاردنی ئژبێک لە جێی حیزبێکیتر بۆ ژنان دژوار و تەنانەت بێ واتاش دەبێ. بەستنەوەی بێ لایەنی سیاسی ژنان تەنیا وە تایبەتمەندییەکانی "دەروونناسانە"، فەرهەنگی، جۆری پەژراندنی کۆمەڵگا و هتد بۆتە هۆی لەبەرچاو گرتنی هۆکارە سیاسییەکان.

گریمانی وەها تێگەیشتنێک ئەوەیە کە چوارچێوەی خانە حصەای بەدەرە لە کاریگەرییەکانی ژیانی سیاسی. بەواتایەکیتر وەژراندنی کۆمەڵگا و پەژراندنی فەرهەنگ، و لەو بابەتانە وەک دیاردەگەلێکی "ناوخۆیی" چاولێدەکرێن کە ژیانی سیاسی لە دیاری کردنیان دا ڕۆڵێکی نییە. تایبەتمەندی سیاسی بێ لایەنی سیاسی ژنان کاتێک باشتر لێی تێدەگەین کە سیاسەت بەواتا بەرفراوانەکەی لەبەرچاو بگرین. بەو واتایە کە گشت بوارەکانی ژیان هەر لە جۆری دابەشینی سەرچاوەکان لە بواری ئابووری را بگرە هەتا چۆنییەتی بیچم گرتنی بایەخە سەرانسەرییەکان پرۆسەیەکی سیاسین. بێ لایەنی سیاسی ژنان پێویستی بەردەوام بوونی سیستمی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و ڕەگەزی پیاوەزنانەیە. زاڵبوونی پیاوان بەسەر ژنان دا بە هەر هۆکارێک، یەکێک لە ڕاستییە حاشا هەڵنەگرەکانی مێژووی سیاسی مرۆڤە. بێ کردەوەیی سیاسی ژنانیش تەنیا دەتوانێ دەرئەنجامی "لۆژیکی" وەها باڵادەستییەک بێ. تەنانەت ئەو توێژینەوانەش کە لەمەڕ ڕۆڵی سیاسی ژنان ئەنجام دراون لە ڕوانگەی

ئــۆگری و بایەخــەکانی ڕەگــەزی باڵادەســتەوە هاتوونــە ئــەنجام دان و باڵادەستی پیاوان وەک بابەتێکی سروشتی لەبەرچاو گیراوە.

# بەشی پێنجەم

## پێگەی کۆمەڵایەتی دەوڵەتان و ڕژێمە سیاسییە جۆراوجۆرەکان

### سەرەتا

لەوتاری پێشوودا، سەرجەمی ئەو هێز و گرووپە کۆمەڵایەتیانەی کە ڕەنگە ڕۆڵ یان کاریگەریان هەبێ لەسیاسەت و حکوومەتدا بەوردی تاوتوێمان کردن. لەو وتارەدا مەبەستمان *ئانالیز کردنی* کۆمەڵگا بوو بە گرووپ و تۆخمەکانی پێک هێنەری. لەو بەشەدا هەوڵ دەدەین تێکە*ڵاوی* گرووپ و هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەڕژێمە سیاسییە جۆربەجۆرەکاندا تاوتوێ بکەین و پێگەی کۆمەڵایەتی ڕژێمە جۆراوجۆرەکان شیکەینەوە. لەڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە جۆراوجۆری پێگە کۆمەڵایەتی گرینگترین پێوانەی پۆلێن کردنی ڕژێمەکانە. تاوتوێ کردنی پێگەی کۆمەڵایەتی ڕژێمە سیاسییەکان خۆی پێویستی پۆلێن کردنی ڕژێمەکانە و هەر لەو ڕووەوە لەدەسپێکدا پێویستە پێوانەکانی

دابەشکردنی ڕژێمە سیاسییەکان لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە شرۆڤە بکەین. پاش تاوتوێ کردنی پێگە کۆمەڵایەتی ڕژێمە سیاسییەکان هەر لەو بەشەدا بەشێوەیەکی چڕوپڕتر باسی "کۆمەڵگا سیاسییە" جۆراوجۆرەکان دەکەین. چەمکی "کۆمەڵگای سیاسی" چەمکێکی هەراوتر لە چەمکی ڕژێمە و ڕەنگە چەندین رژیم لە یەک جۆر کۆمەڵگای سیاسی بن. "کۆمەڵگا سیاسییە" جۆراوجۆرەکان بەپێی دەسەڵات یان لاوازی کۆمەڵگای مەدەنی و جۆری پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی لێک جیا دەکرێنەوە.

# ١

## پێگە کۆمەڵایەتییەکانی ڕژێمە سیاسییەکان

### پێوانەکانی کۆمەڵناسانەی پۆلێن کردنی ڕژێمە سیاسییەکان

ئەو پێوانانەی لەڕوانگەی مافە بنچینەییەکان و پەیوەندی نێوان سێ هێزەکە و هەروەها داڕشتەی ناوخۆیی حکوومەت بۆ پۆلێن کردنی ڕژێمەکان دەکار دێن، سەرەرای گرینگایەتییان، بە کەڵکی کۆمەڵناسی سیاسی نایەن. پێوانەکانی کۆمەڵناسانەی دابەش کردنی ڕژێمە سیاسییەکان دەبێ سەرنج بدەنە *پەیوەندی* نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا. لەو ڕووەوە دوو پێوانە زەق دەبنەوە. یەکەم شێوەی دەکارهێنانی دەسەڵاتی حکوومەتی بە سەر کۆمەڵگادا کە داڕشتەی دەسەڵاتی سیاسی پێک دێنێ و دووهەم ڕادەی دەکارهێنانی دەسەڵاتی حکوومەتی بە سەر کۆمەڵگادا یان

هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان. بەپێی پێوانەی یەکەم دەکرێ ڕژێمە سیاسییەکان بە دوو بەشی دێموکراتیک و دەسەڵاتویست دا دابەش بکەین و بەپێی پێوانەی دووهەم ڕژێمە سیاسییەکان دابەش دەبنە سەر ڕژێمە چەپ و ڕاستەکان. جۆراوجۆری زۆری ڕژێمە سیاسییەکان تەنیا بە هۆی تێکەڵاوی ئەو دوو پێوانەوە نییە بەڵکووو بە تایبەت بەهۆی رادەی ڕێژەیی دێموکراتیک یان دەسەڵاتویست بوون و چەپ یان ڕاست بوونی ڕژێمە سیاسییەکانە. بەو واتایە دەتوانین تەیفی ڕژێمە سیاسییەکان بەشێوەی خوارەوە ریز کەین ڕژێمەکانی ڕاستی توندرۆ، ڕاستی میانەرۆ، چەپی ریفۆرمیست، چەپی رادیکاڵ و ڕژێمەکانی تەواو دێموکراتیک، نیوە دێموکراتیک، نیوە دەسەڵاتویست و تەواو دەسەڵات-ویست.

لەڕووی کۆمەڵناسی سیاسییەوە دارشتەی دەسەڵات دوو جۆرە: یەکەم، دارشتەی دەسەڵاتی تاک لایەنە و دووهەم دارشتەی دەسەڵاتی دوو لایەنە. لەدارشتەی دەسەڵاتی تاک لایەنە (وەک جۆرێکی تیپیکاڵ) دا دەسەڵاتی سیاسی ڕەوایی خۆی لە سەرچاوەگەلێکی جگە لە کۆمەڵگا (خەڵک) ەوە وەدەست دێنێ و لەئاکام دا سازیگەلی بەشداری کردنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە بریاردانی سیاسیدا لە ئارادا نییە. ڕژێمە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بە ئایدۆلۆژیا و دارشتەی جیاوازەوە لە هەمان کات دا ڕەنگە خاوەنی دارشتەی دەسەڵاتی تاک لایەنە بن. بەو پێیە حکوومەتانی ئۆلیگارشی، سەرەرۆی کۆن و نوێ، تۆتالیتێر و

دیکتاتۆڕییە شۆڕشگێڕەکان گشتیان لە سەر بنەمای دارِشتەی دەسەڵاتی تاک لایەنەن.

لەدابەش کردنی ڕژێمە سیاسییەکان لەڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە مەبەست لە دەوڵەتە دەسەڵاتویستەکان سەرجەمی ئەو دەوڵەتانەن کە خاوەنی دارِشتەی دەسەڵاتی تاک لایەنەن و ڕەنگە چەپ یان ڕاست، تاک یان گرووپی(لەڕووی ژمارەی لێژنەی دەسەڵاتدارەوە) و هەروەها هەڵگری ئایدۆلۆژیا سیاسی جۆراوجۆر بن. لەهەمبەردا مەبەست لە دەوڵەتە دێموکراتیکەکان لێرەدا ئەو دەوڵەتانەیە کە خاوەنی دارِشتەی دەسەڵاتی دوو لایەنەن. لەو جۆرە رژیمانەدا (بە بێ لەبەرچاو گرتنی جۆری ئایدۆلۆژیا و چەپ یان ڕاست بوونیان) سەرچاوەی ڕەوایی دەسەڵاتی سیاسی بە جۆرێک لە جۆرەکان بە هۆی کۆمەڵگاوە چاوی لێدەکرێ و لەئاکام دا سازی گەلی بۆ بەشداری کردنی لانیکەم بەشێکی کۆمەڵگا و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە سیاسەت دا لەئارا دایە. بێ گومان مەبەست لە دێموکراتیک بوونی رژیمێک ئەوە نییە کە گشت چین و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەیەک رادە دەستیان وە لەیازەکانی دەسەڵاتی سیاسی رابگا، هەر چەندە دەکرێ ئەو وێنەیە وەک "وێنەیەکی تیپیکاڵ" یان "شێوەیەکی ئایدیال"ی ڕژێمە دێموکراتیکەکان بپەژرێنین. بەو پێیە لەڕژێمە دێموکراتیکەکاندا ڕەنگە ژمارەیەکی زۆرتر یان کەمتری گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و بە پلەگەلی جۆراوجۆر لەژیانی سیاسی دا بەشدارییان هەبێ.


هەروەک ئاماژەمان پێدا، دوو دارشتەی دەسەڵاتی تاک لایەنە و دوو لایەنە لەڕاستی دا دوو جۆری تیپیکاڵن و لەدنیای ڕاستییەکاندا ڕەنگە وێنەی دارشتەی دەسەڵاتی تەواو تاک لایەنە و یان دارشتەی دەسەڵاتی تەواو دوو لایەنە و لەهەمبەر یەکتردا، زۆر دەگمەن بێ. لەگەڵ ئەوەش دا گەلێ رژیم هەن کە لەڕووی روڵەتەوە خاوەنی دارشتەی دەسەڵاتی دوو لایەنە(و هەروەها خاوەنی پێکهاتەکانی بەشداری کردنی گشتی وەک پارڵمان و حیزب و هتد)ن بەڵام لەڕاستیدا دارشتەی دەسەڵاتی تاک لایەنەیان هەیە، بەو واتایە کە لە پشتەوەی پێکهاتەە رواڵەتییەکاندا ناوەندێکی دەسەڵاتی یەکە و گرووپێکی یەکەی بڕیاردەر لەئارا دایە. ئەوەی ئیمرۆکە وەک دێموکراسییە رواڵەتییەکان یان نیوە دێموکراسی دەناسرێن و هەر وەها دێموکراسییە ژاکۆبۆنی یان دیکتاتۆرییە شۆڕشگێرەکان، لەو جۆرە تێکەڵاوەن. دارشتەکانی دەسەڵات دەکرێ بە شێوەی خوارەوە پێشان درێن:


١. دارشتەی دەسەڵاتی ئەستوونی ٢. دارشتەی دەسەڵاتی


ئەستوون ٣. دارشتەی لەرواڵەت دا دوو

تاک لایەنە دوو لایەن

لایەنە بەڵام لەڕاستیدا تاک لایەنە








پێوانەی دووهەمی پۆلێنکردنی ڕژێمـە سیاسییەکان واتـا چـەپ یـان ڕاست بوونیان پەیوەنـدی بـە رادەی دەستێوەردانی دەوڵـەت لـەگۆڕانی کۆمـەڵگادا هەیـە. ڕژێمـە چەپـەکان، ئـەو رژیمانـەن کـە پشتگیری گـۆران لـەدارشتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەرزنجیرە پلەی پۆانـە سـەقامگرتووکان دەکـەن. مەبەست لـەو ئـاڵوگۆرانـە گەیشن بـە هـەلومـەرجێکی "دادپەروەرانـەتر"ە. چـــەمکی دادپـــەروەری کۆمەڵایـــەتی بـــە واتـــا رادیکاڵەکـــەی چەمکێکـــە کـــە دادپەروەری لە بەرامبەری دا دەدۆزێتەوە، نـەک بـە واتـا ئەرەستوویيەکەی کـە لـــەودا چـــەمکی دادپـــەروەری لـــەو نابەرامبەرییانـــەدا دەدۆزێتـــەوە کـــە دەرئەنجامی سروشتە نابەرامبەرەکانن. سەبارەت بە چەپ یان ڕاست بوونی ئایدۆلۆژیا یان ڕژێمە سیاسییەکانیش دەبێ پلـەگەلـی جۆراوجۆر لەبەر چاو گرین. چەپی شۆڕشگێر یان رادیکاڵ لەبیری پێکهێنانی ئـاڵوگـۆری بنـەڕەتی لـەڕێکخـراوی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی دایـە. لەهەمبـەردا چـەپی میانـەرۆ، ڕیفۆڕمیستە و خوازیـاری گـۆڕانی سـەرخانە. ئایـدۆلۆژیا و ڕژێمـە ڕاست-ئاژۆکان دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگا و سیستمی کۆمەڵایەتی سـەقامگیر وەک بابەتێکی باش و سروشتی و یان لانیکەم وەک سیستمێکی کە هـەڵگری ئـاڵ-وگۆر نییە چاو لێدەکەن. لەڕوانگەی ڕاستەوە، دادپەروەری هاوکـات لەگـەڵ پاڕاستنی نابەرامبەرییـە سڕووستییەکان لـەناو تاکـەکان دا دێتـە دی. بـە واتایـەکیتـر ڕەوتـی سروشـتی کۆمـەڵگا خـۆی پێکهێنـەری دادپەروەرییـە و

سیاسەت و حکوومەت ئـامرازێکی شیاو نین بـۆ دابـین کردنـی دادپـەروەری لەکۆمەلگادا. ڕاستئاژۆیش پلەگـەلێکی جۆراوجـۆری هەیـە: ڕاسـتی تونـدرۆ سەرجەمی هەلومەرج و پۆانە کۆمەڵایەتییە چەسپاوەکان بە باش دەزانـێ و تەنانەت ڕەنگە لەهەمبەر ئاڵوگۆرە کۆمەڵایەتییەکان دا بەربـەرەکانی بکـا و تایبەتمەنـدی دواکەوتووانـەش لـەخۆگرێ واتـا خوازیـاری پارسـتنی دۆخـی هەنووکەیی بەرەو نەمان(Status quo ante) بێ. ڕاستی میانەرۆ ڕەنگـە ئـاڵ-وگۆر لەپانتایەکی سنووردار دا بپەژرێنێ بەڵام بـەرگری بکـا لـە ئـاڵوگـۆری بوارەکانیتر. بۆ وێنە گۆڕانێکی کەم لـەپانتای ئـابووری دا بپـەژرێنێ بـەڵام نەچێتـە ژێربـاری ئـاڵوگـۆری هاوبـەش لـەپانتای فەرهـەنگی و نـەریتی و سیستمی بەهاکان دا و یان بە پێچەوانەوە.

لەتێکەڵاو کردنی دوو پێوانە یان تەوەرەی سەڕووو چوار دەستە رژیمی سیاسی دێنە دیی کە بریتین لە: ١) ڕژێمە دێموکراتیکە ڕاستەکان، ٢) ڕژێمـە دەسـەڵاتویسـتە ڕاسـتەکان، ٣) ڕژێمـە دێموکراتیکـە چەپـەکان و ٤) ڕژێمـە دەسەڵاتویستە چەپەکان. گریمانەی سەرەکی ئەوەیە کە ڕژێمە سیاسییەکان بـەپێی دوو پێوانـەی بـەرباس لـە ڕووی پێگـەی کۆمەڵایەتییـەوە جیـاوازی بنەڕەتیان لەگەڵ یەکتردا هەیە واتا لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان لەپەیوەندی دان. بێتوو ئەو گریمانەیە رەتکرێتەوە ئەوا پانتای کۆمەڵناسـی سیاسیش بابەتی بوونی خۆی لەدەستدەدا. ڕژێمە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بەپێی پێوانەکانی کۆمەڵناسی سیاسی دەتوانین بەشێوەی خـوارەوە پێشـان بدەین:

دێموکراتیک (دارشتەی دەسەڵاتی دوو لایەنە)



**فاشیزمی کۆرپۆڕاتیست(ئیتالیا)**

**جۆرەکانی دەوڵەتی کومۆنیستی**

**فاشیزمی پۆپۆلیست(ئەڵمان)**

**دەسەڵات خواز(داڕشتەی دەسەڵاتی تاک لایەنە)**

## ڕژێمە دێموکراتیکە ڕاستەکان و ڕەوتی گۆڕانی دەوڵەت لە ڕۆژئاوادا

ڕژێمە ڕاستە دێموکراتیکەکان زۆرتر لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا سەریان هەڵداوە. مێژووی سیاسی ڕۆژئاوا لەو یەک دوو سەدەی رابردوودا شایەدی ئاڵوگۆری ڕژێمە سیاسییە دێموکراتیکە ڕاستەکان لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکیتر بووە. هۆکاری ئەو ئاڵوگۆڕانە دەبێ لە قەیرانە برگەییەکانی ئەو سەردەمانەدا بدۆزینەوە. لێرەدا دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێ کە لە

مێژووی سیاسی ئورووپا دا لەکاتی لەناوچوونی فێئودالیتە و سەرهەڵدان و بەربلاو بوونەوەی سیستمی کاپیتالیستی دا دارِشتەیەکی تایبەتی دەوڵەتیش سەری هەڵدا کە وەک دارِشتەی دەولەتی سەرەرۆ (Absolutism) باسی لێکراوە . ئەو دارِشتەی دەڵەتیش وەک یەکێک لەدارِشتەکانی مۆدێرنی سیاسی دێتە ژمار و باشتر وایە بەر لەتاوتوێ کردنی ڕەوتی ئاڵ-وگۆری دەوڵەت لەڕۆژئاوادا و ڕژێمە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتە دا ئاماژەیەک بدەینە دارِشتەی دەوڵەتی سەرەرۆ وەک سەرەتایەکی دارِشتەی دەوڵەتی مۆدێرنی نەتەوەیی. تاوتوێ کردنی دارِشتەی دەوڵەتی سەرەرۆ نەک تەنیا لەڕووی ڕەوتی ئاڵوگۆرەکانی دەوڵەتە ئورووپاییەکان دا گرینگە بەڵکووو جۆرێکی دەوڵەتی سەرەرۆ لە هەموو شوێنێک دا سەرەتای سەرهەڵدانی دارِشتەی دەوڵەتی مۆدێرنی نەتەوەیی بووە. لە ئێرانیش دا دەوڵەتی مۆدێرنی نەتەوەیی سەرەتا لەچوارچێوەی دەوڵەتی سەرەرۆ لەچاخی پەهلەویی‌دا دەرکەوت. بێ گومان لەنێوان دارِشتەی دەوڵەتی سەرەرۆ لە وڵات و ناوچە جۆراوجۆرەکان دا جیاوازی بنەڕەتی لەئارا دایە بەڵام ئەو جیاوازییانە نابێ ببنە لەمپەری تێگەیشتن لە وێکچوویییە بنەڕەتییەکانی نێوانیان.

گرینگترین باس‌وخواسە کۆمەڵناسانەکان سەبارەت بە دەوڵەتی سەرەرۆ پەیوەندی هەیە بە جێگەی مێژوویی و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو دەوڵەتەوە. وشەی دەوڵەتی سەرەرۆ و سەڵتەنەتی سەرەرۆ لەسەدەی نۆزدەهەم لەئورووپادا بوو بە باو و مەبەستیش جۆرە حکوومەتێک بوو کە دەوری سەرەکی هەبوو لە راگۆاستنی کۆمەڵگا لە فیۆدالیتەوە بۆ

کاپیتالیزمی سەرەتایی و بەو مەبەستەش ڕیفۆڕمی ئابووری، ئایینی، دیوانی و ماڵی بەرچاوی ئەنجام دا و سەرچاوەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئۆفیسی یەکانگیر کرد. زۆربەی نوسەران وەک ماکس ڤێبێر و ئالێکسی دۆتکڤێل دەوڵەتی سەرەرۆیان وەک دەسپێکی بنەماکانی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن هێناوەتە ژمار. هەندێ لە نووسەران تەنانەت گوورانی دەوڵەتی سەرۆشیان لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرن دا وەک یەک چاو لێکردووە. لەمێژووی ئوروپادا، سەردەمانی نێوان ساڵەکانی ١٦٤٨ (شۆڕشی ئینگلستان) و ١٧٨٩ (شۆڕشی فەرانسە) بە سەردەمانی دەوڵەتی سەرەرۆ ناو بردووە. بێ گومان سەردەمانی دەوڵەتی سەرەرۆ بە شێوازی کەم تا زۆر وەک یەک لەناوچەکانیتری جیهان دا پاش مەیینی پەیوەندییەکانی کاپیتالیزم و لاوازی داڕشتە ئابووری و کۆمەلایەتییە خۆجێیەکان لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا دەستی پێکرد. گرینگترین تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی سەرەرۆ لەئوروپادا چڕبوونەوە و پاوانکردنی سەرچاوە و ئامرازەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی، کۆکردنەوەی ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لەدەست دەوڵەتی سانترالی نەتەوەیی دا، سەرهەڵدانی سپای نوێ، ناسیۆنالیزم و جەخت کردن لەسەر بەرژەوەندی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو.

یەکەم بیرۆکەی کۆمەڵناسانە سەبارەت بە پێگەی کۆمەلایەتی و ئابووری دەوڵەتی سەرەرۆ لەلایەن کارڵ مارکس و فرێدریش ئینگێلسەوە خرایە ڕوو. مارکس خۆی شایەدی دەوڵەت و سەڵتەنەتی سەرەرۆی ئەڵمان بوو و ئەو دەوڵەت و سەڵتەنەتەی پێ دەرئەنجامی قۆناخی گواستنەوە

لەنێوان تێداچوونی چینە فیۆدالییەکان و سەرهەڵدانی بوورژوازی بوو. لەگەڵ بەربڵاوبوونەوەی بازرگانی و پیشەپێکهاتەدەستییەکان ناوەندی کۆمەڵگا لە گوندەوە بۆ شار و لەئەریستۆکراسی خاوەن زەوییەوە بۆ بوورژوازی گوازترایەوە. رکەبەرایەتی بازرگانی نێوان دەوڵەتان پێداویستی پشتگیری کردنی دەوڵەت لەبازرگانی خستە ڕوو. تەناهی بازرگانی و خاوەنێتیش پێویستی بە هاتنە سەرکاری سیستمێکی ئۆفیسی چربۆوە و بەهێز بوو. دەوڵەتی سەرەرۆ دەرئەنجامی گۆڕانێکی ئەوتۆ بوو. بەباوەڕی مارکس لەچاخی دەوڵەتی سەرەرۆدا چینە کۆمەڵایەتییە کۆن و نوێیەکان نەیاندەتوانی بەسەر یەکتردا زاڵ بن. هەڵبەت دەوڵەتی سەرەرۆ پرۆسەی تێداچوونی کۆمەڵگای کۆنی بەگۆرتر کرد و پشتگیری لە بەربڵاوبوونەوەی شارەکان و بوورژوازی کرد. لەڕوانگەیەکەوە ئۆگرییەکانی دەوڵەتی سەرەرۆ ئاوێتەی ئۆگرییەکانی چینەکانی کۆمەڵگای نوێ بوو. بەو حاڵە بەسەرنجدان بەهاوسەنگی دەسەڵاتی چینە کۆن و نوێیەکان، دەوڵەتی سەرەرۆ بەرواڵەت سەربەخۆ لە چینە کۆمەڵایەتییەکان بوو.[1]

لەدەسپێکی گەشەی بوورژوازی دا دەوڵەتی سەرەرۆ وەک هێزێکی پێشکەوتوو دەهاتە ژمار بەڵام دواتر بوو بە لەمپەرێکی بەردەم ڕێگەی گەشەکردنی تەواوی کۆمەڵگای بوورژوازی و بوورژوازیش لەگەڵ وەدەست هێنانی دەسەڵاتی ئابووری و کۆمەڵایەتی زێتر لەگەڵی دا کەوتنە

1. Marx, *The German Ideology*.

**ململانێیەوە. دەوڵەتی سەرەرۆ هەرچەندە لەدەسپێک دا دەسەڵاتی چینە فیۆدالییەکانی تێکشکاند بەڵام رواڵەتی پۆانە فیۆدالییەکانی پاڕاست. لەڕاستی دا بەستێنی کۆمەڵایەتی سەرەکی دەوڵەتی سەرەرۆ هەمان چینە فیۆدالییە کۆنەکان بوون و لەگەڵ لاواز بوونی ئەو بەستێنەدا بێ گومان بنچینەی دەسەڵاتی دەوڵەتی سەرەرۆش سست دەبوو. دەوڵەتی سەرەرۆ هەرچەندە لەدەسپێکدا دەرئەنجامی گەشە پەیوەندییەکانی کاپیتالیستی بوو بەڵام چوونکە لەهەمان کاتدا بەمەبەستی پتەوکردنی بنەما بنچینەییەکانی خۆی کۆمەڵگای کۆنی دەپاڕاست دواجار بوو بەهێزێکی کۆنەپارێز و هەر ئەوەش پاڵنەرێکی پێک دێنا بۆ ڕوودانی شۆڕشی بوورژوایی. ئینگێلس لە *سەرچاوەی بنەماڵە، خاوەنێتی تایبەت و دەوڵەت دا* سەبارەت بە سروشتی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی سەرەرۆ دەڵێ:"هەندێ سەردەمانی هەڵکەوتەیی دێنە پێشەوە کە لەو سەردەمانەدا چینەکانی دژبەر وەها بە شێوەیەکی هاوسەنگ یەکتر پووچەڵ دەکەنەوە کە دەسەڵاتی دەوڵەت، وەک نێوبژیڤانێکی رواڵەتی، بەشێوەیەکی کاتی تاڕادەیەکی دیاریکراو سەربەخۆ لەهەر دوو(چین) دەبێ. بەو شێوەیە بوو کە سەڵتەنەتی سەرەرۆی سەدەکانی حەڤدە و هەژدە توانی هاوسەنگی نێوان ئەریستۆکراسی و چینی بوورژوا بپارێزێ."[1]**

1. F. Engels, *The Origin of Family, Private Property and the state.* (1884), p. 320.

بەباوەڕی ئینگێلس لە هەلومەرجی ئالۆزی کۆمەڵگای فیۆدالی دا دەرباری سەڵتەنەتی "تۆخمێکی پێشکەوتوو" بوو کە وەک نوێنەری "ڕێک-وپێکی لەناو ئالۆزی"دا دەهاتە ژمار و "لەهەمبەر دابرانی [کۆمەڵگا] لەنێوان واساڵە شۆڕشگێرەکان"دا نوێنگەی یەکێتی نەتەوەیەکی لەکاتی سەرهەڵداندا بوو. بەباوەڕی ئینگێلس لەکۆمەڵگای فیۆدالیدا پاڵپشتی"تۆخمە شۆڕشگێرەکان" دەربار بوو و یەکریزی نێوان دەربار و بوورژوازی لەسەدەی پازدەهەم دا بووە هۆی زاڵ بوونی پادشاکان بەسەر فیۆدالیتەدا. بەباوەڕی ئینگێلس دەوڵەتی سەرەرۆ وەک یەکێک لە قۆناغە سەرەتاییەکانی سەرهەڵدانی کاپیتالیزم دێتە ژمار. بەو حاڵەش دەوڵەتێکی ئەوتۆ لەسەدەی پازدەهەمیش دا بەکردەوە دەوڵەتێکی فیۆدالی بوو و تەنیا بەشێوەیەکی شاراوە وەک دەوڵەتێکی بوورژوایی دەهاتە ژمار. لەگەڵ گەشەکردنی دەسەڵاتی بوورژوازی دا، دەوڵەتی سەرەرۆ جارێکیتر لەگەڵ ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی دا یەکیان گرتەوە.[2]

کارڵ کائۆتێسکیش لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە لەچاخی دەوڵەتی سەرەرۆدا ئاراستەی ڕوو لەدەسەڵاتی پادشاکان زۆر بەهێز بوو. دەوڵەتی سەرەرۆ بەرگری دەکرد لەڕوودانی هەر چەشنە خەباتێکی چینایەتی و سەربەخۆ لەچینە کۆمەڵایەتییەکان بوو. لەو سەردەمانەدا چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا لەڕووی دەسەڵاتەوە هاوسەنگ بوون.

---

2. F. Engels, “Decay of Feudalism and rise of National states” in *The Peasant War in Germany*. pp. 210-31.

مـارکس و ئینگـێلس لـە تـاوتوێ کردنـی دەوڵـەتی سـەرەرۆدا بـاری سـەرنجیان زێتـر بـەلای سیسـتمی فەرانسـەی سـەدەکانی حەڤدە و هـەژدەدا دەشکایەوە. بـەبـاوەڕی ئـەوان ڕەوتـی بـەکاوەخـۆی سـەرهەڵدانی دەوڵـەتی سەرەرۆ لەئـەڵمان دا دەرئـەنجامی کـرچوکـاڵ بـوونی ڕەوتـی پێگەیشـتوویی کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتـە بـوو. لەئـەڵماندا بـەهۆی "لاواز بـوونی سـەڵتەنەتی سەرەرۆ" بوورژوازی نەببوو بە چینێکی سیاسی، و هەر لەو ڕووەوە ناچار بوو لـەگـەڵ ئەریستۆکراسـی دەسـەڵاتدار دا یـەک بگـرێ. پـاش سـاڵی ١٨٤٨ بـوورژوازی لاوازی ئـەڵمان خـۆی رادەسـتی حکوومـەتی بیسـمارک کـرد. سیسـتمی دەوڵـەتی سـەرەرۆی بیسـمارک کۆمـەڵگای نـەریتی پـرۆس و دەسەڵاتی چینی یۆنکێری تێکشکاند و خۆی ئەرکی بوورژوازی گرتە ئەستۆ و هەر بۆیەش بوورژوازی پشتگیری لێکرد. ئینگـێلس پێـی وابـوو، ئـەڵمانی سـەردەمانی بیسـمارک لەگـەڵ دۆخـی دەوڵـەتی سـەرەرۆی فەرانسـەی سەدەکانی حەڤدە و هەژدە و هەروەها لەگەڵ بۆناپارتیزمی یەکەم و دووهەم دا شـیاوی پێـک گـرتنن.[1] ئینگـێلس دەوڵـەتی سـەرەرۆی بیسـمارکی وەک تێکەڵاوییـەکی نیـوە فیـۆدالیزم و بۆناپـارتیزم وەسـف دەکـرد کـە لەگـەڵ بـەرێوەبردنی شۆڕش لەسـەڕوودا بـە تـەمابوو دەوری مێـژووی بـوورژوازی بگێڕێ.[2]

---

1. Engels, *Origin*, p. 321.

2. Marx and Engels *selected Correspondence*. 439.

بە گشتی بیرۆکە مارکسیستییەکان جێگەیەکی تایبەتیان بۆ دەوڵـەتی سـەرەرۆ لـە ڕەوتـی پێگەیشـتن و پەرەسـەندنی کۆمەڵایـەتی دا لەبـەرچاو گرتـووە. ئـەو دەوڵەتـە لەدەسـپێکدا تایبەتمەندییـەکی پێشـکەوتووانە و لـەکۆتایش دا ئاراسـتەیـەکی دواکەوتووانـەی هـەبوو. لەنووسـراوە مارکسیستییەکان دا دەوڵـەتی سـەرەرۆ وەک قۆنـاخێکی نێـوان سـەڵتەنەتی فیۆدالی لەسـەدەکانی نـاوەڕاست دا و حکوومەتـە مەشرووتە بوورژواکـانی سەرەتاکانی چـاخی کاپیتـالیزم دێتـە ژمـار. لـەڕاستیدا دەوڵـەتی سـەرەرۆ دوایین بیچمی دەوڵەتی فیۆدالی دەهاتە ژمار.

سـانترالّ بـوونی دەسـەڵاتی قانوونـدانان و بەرێوەبەرایـەتی، سەرهەڵدانی دەزگـا ئۆفیسـی و سـپاییە زەبەلاحـەکان و نـوێژەن بوونـەوەی قەزایی، ماڵی و دیوانی لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەوڵەتی سـەرەرۆ بوون. پێکهاتەە نوێنەرایەتییـەکان و پاڕلمـان لەدەوڵـەتی سـەرەرۆدا تـەنیا رواڵەتی بوو و دەسـەڵات لـە بنـەمادا خـاوەن تایبەتمەندییـەکی بروکراتیـک بـوو. وەک دەسـکەوتە سـەرەکییەکانی دەوڵـەتی سـەرەرۆ دەکـرێ ئەوانـە خـوارەوە ناوبـەرین: بەربـەرەکانی لەگـەڵ جیـاخوازی ئەریستۆکراسـی و گرووپە کۆنەکانی دەسەڵات، پێک هێنانی دەزگای ئۆفیسی و ماڵی و سپایی سانترالّ، نوێژەن کردنەوەی لایـەنی مـاڵی، سـانترالیزە کردنـی ئـابووری، هاندانی کەرتی تایبەت بۆ سامان نوانـدن و پشـتگیری کردنـی گـومرگی کـە سـەرجەمیان هـەلومـەرجی پێویستی کەڵەکە بـوونی سـەرەتایی سـامانیان دەستەبەر دەکرد. لەڕۆژئاوا دا دواجار لـەئاکامی شۆڕشـە بوورژواییـەکان دا دەوڵەتـە سـەرەرۆکان هەرەسـیان هێنـا. لـەولاتانی دواکـەوتووتری وەک

سۆڤیەت دا لاوازی بوورژوازی بووە هۆی ئەوە بوورژوازی لەگەڵ دەوڵەتی سەرەرۆدا ببێتە هاوپەیمان و لەئاکام دا دەوڵەتێکی ئەوتۆ زۆرتر تایبەتمەندی بوورژوایی هەبوو. لەئینگلستانی چاخی دەوڵەتی سەرەرۆدا بە هۆی چەند هۆکارێکەوە پارڵمان سەربەخۆیی کردەوەی زێتر هەبوو. لەئیسپانیادا دەوڵەتی سەرەرۆ پشتگیری لە گەشەکردنی بازرگانی نەکرد و زێتر بەشێوەی نەریتی دەرکەوت. بێ گومان بیچمی دەوڵەتی سەرەرۆ لەوڵاتە جیاجیاکان دا بە هۆی هۆکارە خۆجێی و مێژووییەکانەوە جۆراوجۆر بوو.

دەوڵەتی سەرەرۆ لەهەندێ وڵاتی وەک سۆڤیەت دا سەرەرۆتر و لەهەندێ وڵاتیتری وەک فەرانسەدا لیبراڵتر بوو. کەم تا زۆر لەهەموو وڵاتەکان دا شۆڕشە ئەریستۆکراسییەکان لەدژی دەوڵەتی سەرەرۆدا ڕووی دا، بەڵام دەوڵەتی سەرەرۆ ئاستەنگی سەرەکی خستە بەردەم دەسەڵات و قانەکانی ئەریستۆکراسی. بەو حاڵەش دەوڵەتی سەرەرۆ لەهەندێ وڵات دا زێتر لە ولاتانیتر دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی چینە فیۆدالەکانی پاراست، و ئەوەش بەهۆی لاوازی چینە بوورژواییەکان بوو. هەرچی ئەو چینانە لاوازتر بوونە، دەوڵەتی سەرەرۆش کەمتر پشتگیری لەبازرگانی دەکرد. بارودۆخێکی ئەوتۆ لەئەڵماندا هاتە پێشەوە. لەوڵاتانیتری وەک فەرانسەدا دەوڵەتی سەرەرۆی "گەژبین"[1] لەدەقی پێشکەوتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان و

---

1. Enlightened Despotism

فەرهـەنگی بـوورژوایی دا سـەری هەڵـدا و گـۆڕانێکی بـەرچاوی لـەداڕشتەی کۆمەڵایەتی و ئـابووری دا پێـکهێنـا، هەرچەنـدە لـەهەنـدێ بـواردا لەگـەڵ دژایەی ئەریستۆکراسی کۆن ڕووبوڕوو بوو.

لـەوڵاتانی جۆراوجۆرەکـان لەبرگـە مێژووییـە جیاجیاکـاندا چـاخی دەوڵـەتی سـەرەرۆ کۆتـایی پـێ هـات. چـرای تەمـەنی دەوڵـەتی سـەرەرۆی ئینگلسـتان لەسـاڵی ١٦٨٨ دا (شۆڕشـی شـکۆدار) کۆژایـەوە، لـەکاتێکدا دەوڵەتی سـەرەرۆ لەفەرانسـەدا لـە سـەردەمی لـۆیی شـازدەهەم دا گەیشتە چڵەپۆپـەی خـۆی. لـەوڵاتانی ئـەڵمانی دا یەکـەمین تیشکەکانی دەوڵـەتی سەرەرۆ پاش پەیمانی وێستفالی سەریان هەڵـدا و تـا سـاڵی ١٨٤٨ درێـژەی کێشـا. دەوڵـەتی سـەرەرۆی سـۆڤیەت هـەتا شۆڕشـی سـەرنەکەوتووی ١٩٠٥ دەست لێ نەدراو مابۆوە. بە گشتی خاڵی دەسپێک، هـەلومـەرجی گـووران، رادەی سـەقامگیر بـوون و چەسـپان، سـەردەمانی بـەردەوام بـوون و هۆکارەکـانی لـەناوچوونی دەوڵـەتی سـەرەرۆ لەوڵاتـە جیاجیاکـان دا زۆر جۆراوجـۆر بـووە. بـە گشـتی لەهـەموو شـوێنێکدا سـەرهەڵدانی دەوڵـەتی سـەرەرۆ بۆتـە هـۆی کـۆت و بەنـدبوونی گرووپـەکانی دەسـەڵات و "سـتاتۆ سیاسییەکان" و گوورانی سیستمی ئۆفیسی، ماڵی و سپایی سـانترالی ژێـر دەسەڵاتی پادشای لێکەوتۆتەوە. پادشا خۆی وەک دابین کـەری دیسیپلین و تـەناهی و نوێنگـەی ویستە نەتەوەییـەکان و خـاوەنی دەسـەڵاتی گشـتی و داهێنەری ڕیفۆڕم و هاندەری بازرگـان و پیشەسـازان و پـارێزەری یـەکریزی نەتـەوەیی لەهەمبـەر هەرەشـەکانی دەرەکـی و پاڵپشـتی ئەریستۆکراسـی لەکاتی تێداچوون دا و راهێنەری چینی نوێی نوێنەران و خاوەن پۆستەکانی

دەوڵـەتی دەرکـەوت. هاوکـات لەگـەڵ هـەرەس هێنـانی دارِشـتەی دەوڵـەتی سەرەرۆ لەئاکامی ڕوودانی شۆڕشە بوورژواییەکان و گۆڕانی سیاسی‌تردا، بەسـتێنی خـەباتی دەسـەڵات لـەنێوان چـین و هێـزە کۆمەڵایەتییـەکان دا دەستەبەر کرا.

## سیستمە کۆنسێرڤاتە نەریتییەکان

لەوڵاتـە جیاجیاکـانی ئوڕووپـادا دەوڵـەتی سـەرەرۆ بـە شـێوازگەلی جۆراوجۆر لێک هەڵوەشا. لەئینگلیستان‌دا دوایین بیچمی دەوڵـەتی سـەرەرۆ پاش و پێش شۆڕشی پارساکان لەحکوومەتی پادشاکانی بنەماڵەی ستوارت- دا دەرکـەوت. بـەڵام "شۆڕشـی مـەزنی" ١٦٨٨ دواجـار بـۆوە هـۆی سنووردار بوونەوەی دەسەڵاتی دەربار و زاڵبوونی سیاسی پاڕڵمان. داڕشتەی سیاسـی دەوڵەت لەوەو پاش کەوتە ژێردەستی تێکەڵاوییـەکی چینـە خـاوەن زەوی و بازرگانـەکان و تـا ڕیفۆڕمـەکانی ١٨٣٢ داڕشـتەیـەکی کۆنسـێرڤاتانە بـوو. لەفەرانسەدا داڕشتەی دەوڵـەتی سـەرەرۆ هاوکـات لەگـەڵ شۆڕشـی ١٧٨٩ دا لێک هەڵوەشا، بەڵام پـاش "دیکتـاتۆڕی بـوورژوایی" سـەردەمانی شۆڕش، داڕشتەی سیاسی دەوڵەتی کۆنسێرڤات، لەو وڵاتەش دا سەقامگیر بـوو. بـە گشتی مەبەست لـە داڕشـتەی دەوڵـەتی کۆنسیرڤات، دەوڵەتێکە کە پاش هـەرەس هێنـانی دەوڵـەتی سـەرەرۆ لـەسـەر بنـەمای دەسـەڵاتی چینـەکانی سـەروی خـاوەن زەوی و بازرگـان هاتـە ئـاراوە. بـە گشـتی ئایـدۆلۆژیا کۆنسـێرڤات جـەخت دەکاتـە سـەر چـەمکگـەلێکی وەک گرینگـی و دەوری بنچینەیی دەسەڵاتی سیاسی، پیرۆزی خاوەنێتی تایبەت، بنەماڵـە و ئـایین

و پێداهەڵدانی نەریت و ڕێورەسمەکان. لەئایدۆلۆژیا کۆنسێرڤاتیزمدا سازی خاوەنێتی تایبەت وەک گرینگترین سازی و بنەمای سەرجەم مافەکان و تەواوەتی نەفسی مرۆڤ سەیردەکرێ. خاوەنێتی تایبەتی زەوی بەتایبەت خاوەنی پیرۆزی و سەروەری بووە.

کارڵ مانهایم، هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، بە گشتی بەستێنی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیا کۆنسێرڤاتیزمی لەدژکردەوەی چینەکانی خاوەن زەوی، جووتیار و وردەبوورژوازیی لەهەمبەر سەرهەڵدانی کۆمەڵگای بوورژوایی و ئاراستە کاپیتالیستی و ئاوەزییەکان لەلایەک و هەرەس هێنانی دیسیپلینی کۆن لەلایەکیتردا بینیوە. بەباوەڕی مانهایم "نەریتخوازی تەنیا کاتێک دەبێتە ئایدۆلۆژیا کۆنسێرڤاتیزم کە کۆمەڵگای نەریتی لە ڕێگەی خەباتی چینایەتییەوە تووشی ئاڵوگۆڕ هاتبێ".[1]

لەئوروپادا ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی زێتر لەهەر چینێکیتر پشتگیرییان دەکرد لە قانوون بنچینەییەکانی کۆنسێرڤاتیزم وەک قانوونگەلێک کە بەهیچ چەشنێک لێک بڵاو نابن. میناکی کلاسیکی دەوڵەتی کۆنسێرڤات لەرۆژئاوادا دەوڵەتی حیزبی تووری (کۆنسێرڤاتی) ئینگلستانی سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا بوو. بە گشتی کۆنسێرڤاتیزم وەک ئایدۆلۆژیا سیاسی لەدەیەی ١٨٣٠ دا لە ئوروپا و بەتایبەت لەئینگلستان و ئەڵمان دا

---

1. K. Mannheim, *Essay on Sociology*. (London, 1952), p. 101.

بوو بەباو. (وا دەڵێن کە شاتۆبریان نووسەری فەرانسەیی یەکەم جار ئەو وشەیەی بۆ گۆڤارێک هەر بەو نێوە لەساڵی ١٨١٨ دا داهێناوە). هەر وەک ئاماژەی پێدرا کۆنسێرڤاتیزم دژکردەوەیەکی وشیارانە بوو لەهەمبەر مەترسییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای نوێ لەسەر دیسیپلینی کۆندا کە لەسەدەی هەژدەهەم بەو لاوە بەگۆرتر بوو. یەکەم دژکردەوەی کۆنسێرڤاتیستانە لەهەمبەر هەنگاوە ڕیفۆڕمیستییەکانی دەوڵەتی سەرەڕۆدا سەریان هەڵدا. شۆڕشی فەرانسە و میراتەکەی پێلێکی نوێی کۆنسێرڤاتیزم و نەریتخوازیان وڕووژاند. کۆنسێرڤاتیزم لەڕاستی دا دژکردەوەیەک بوو لەهەمبەر سەرجەمی چاخی رۆشنگەری کە شۆڕشی فەرانسە یەکێک لەدەرکەوتەکانی بوو. ئیدمۆند بێرک نووسەری ئینگلیسی و "باوکی کۆنسێرڤاتیزم" لەڕەخنەی شۆڕشی فەرانسە و ئامانجە ئابسترەکانی دا پشتگیری لە کۆمەڵگایەک دەکرد کە لەسەر بنەمای نەریتە کۆنەکانەوە بێ. هزرەکانی بێرک لەکتێبی *هەندێ تێبینی لەمەڕ شۆڕشی فەرانسەدا* باشترین بەڵگەی بیری کۆنسێرڤاتانە بوون. نەریتخوازی و کۆنسێرڤاتیزم وەک ئایدۆلۆژیایەک دەرئەنجامی سەرەتاکانی چاخی مۆدێرن بوون. کۆنسێرڤاتەکان لەدژکردەوەی هزری شۆڕش و پێشکەوتن و ئاوەزخوازی و لیبڕاڵیزم و ڕادیکاڵیزم دا سەبارەت بە بنەمای بیروڕاکانی خۆیان وشیاربوونەوە و جەختیان کردە سەر پێداویستی پاڕاستنی نەریتەکان لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگادا. لەئایدۆلۆژیا کۆنسێرڤاتیزم دا جەخت دەکرێتە سەر پانتای نائاوەزیانەی ژیانی مرۆڤ وەک پانتایەکی بەردەوام و دیاریکەر و نەگۆڕ. مرۆڤ هەروەک ماکس ڤێبێڕ، ئیدمۆند بێرک و ئالێکسی دۆتکڤێل دەڵێن

بوونەوەرێکە ڕەمزئاوی، ئایینی و ئەفسانە داتاش و لەخۆرا پێی وایە کە توانای گەیشتن بە پێگەیشتوویی ئاوەزییانەی هەیە. "کۆنسێرڤات بە دوای دۆزینەوەی دیسیپلینێکەوەیە کە لەسروشتی بابەتەکان دایە، بەڵام خۆشی دیسیپلینێکیتر ناسەپێنێتە سەری."[1] ناکرێ سروشتی مرۆڤ، کۆمەڵگا و سیاسەت بگۆری. سیاسەتوان تەنیا دەتوانێ تێکچنراوییەکانی ژیان فام بکا نەک بیانگۆڕێ. سیاسەت هونەری بابەتە گوونجاوەکانە نەک بابەتە نەگوونجاوەکان. لەڕوانگەی کۆنسێرڤاتەکانەوە، کۆمەڵگا لەسەر بنەمای گرێبەستی کۆمەڵایەتی و دیاردەیەکی دەستکرد نییە بەڵکووو بەپێی دەمارگرژی و نەریتی سەدەکان و سەردەمانێکی دوور و درێژ بیچمی گرتووە. بە وتەی ئیدمۆند بێرک ئەو دەمارگرژی و نەریتانە "دەهەزار جار باشترن لەهەڵبژاردنی ئاوەزییانە".[1] لەڕووی مێژووییەوە، هەرچەندە کۆنسێرڤاتەکان لایەنگری پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە سەقامگیرەکان بوون، بەڵام لەلایەکەوە لەهەمبەر داڕشتەی دەوڵەتی سەرەرۆی مۆدێڕن دا پشتگیریان لەئازادی و پلۆرالیزم دەکرد و لەلایەکیتریشەوە لەهەمبەر "دیکتاتۆڕی دێموکراتیک"ی شۆڕشی فەرانسەدا لایەنگریان لەئازادییە نەریتی و جێکەوتووکانی سیستمی کۆمەڵایەتی کۆن دەکرد. بەو پێیە کۆنسێرڤاتیزم لەبنەمادا هزرێکی دەسەڵاتویستانە و دژەلیبراڵی نەبووە، هەرچەندە بەکردەوە زۆربە ناچار بووە لەهەمبەر ئازادی دا پشتگیری

---

1. R. White (ed), *The Conservative Tradition.* (London, 1950), p. 3.

1. Quoted in ibid. p. 41.

لەدەسەڵات بکا. ئەو پادشایانەی لەژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیا کۆنسێرڤاتیزم دا بوون، بەپێچەوانەی پادشاکانی دەوڵەتی سەرەرۆ خۆیان لەهەر چەشنە ڕیفۆرم و داهێنانێک دەدزییەوە. بۆ وێنە لە جۆرجی سێهەم پادشای "حکوومەتی کۆنسێرڤاتیزم" دەگێرنەوە کە: "لەسەردەمانی من دا هیچ چەشنە داهێنانێک نایەتە ئەنجام." لەزمان فرانسوای یەکەم ئیمپراتۆری ئۆتریش دەگێرنەوە کە گووتوویەتی: "حکوومەت بکە بەڵام هیچ شتێک مەگۆڕە." حکوومەتی مترنیخ یەکێک لەمیناکە کلاسیکەکانی حکوومەتی کۆنسێرڤاتیزم بوو کە دژی هەر چەشنە گۆڕان و نوێژەن بوونەوەیەک بوو.

بە گشتی سەدەی نۆزدەهەم لەئوڕووپادا، سەدەی زاڵبوونی سیستمە کۆنسێرڤاتەکان بوو، هەرچەندە ئایدۆلۆژیا کۆنسێرڤاتیزم خۆی لەدرێژەی ئەو سەدەیەدا تووشی ئاڵوگۆر هات و هەندێ ئاراستەی لیبراڵی وەک ناسیۆنالیزمی قەبوول کرد. دواتر کاتێک کۆنسێرڤاتیزم بوو بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری ئەویش گۆرا بۆ فاشیزم کە نوێنگەی دژکردەوەی توندوتیژ و ترساوی نەریتخوازان و کۆنسێرڤاتەکان بوو لەهەمبەر تایەتمەندییەکانی کۆمەڵگای نوێ دا. (لەدرێژەدا باسی فاشیزم دەکەێن).

سیستمە کۆنسێرڤاتەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئوڕووپا زۆربەیان سیستمی سیاسی چینە ئەریستۆکراتە خاوەن زەوییەکان بوون. بەڵام لەلایەکەوە هاوکات لەگەڵ گەشەی پیشەسازی و بازرگانی و نوێژەن بوونەوەی ئابووری و کۆمەڵگا و لەلایەکیترەوە داکەوتنی خاوەنێتی زەوی

و ئۆگری زۆری خاوەن زەوییەکان بە بازرگانی وپیشەسازی و راگوازتنی ئەو سامانەی دەرئەنجامی کشتوکاڵی بازرگانی بوو بۆ پانتای بازرگانی و پیشەسازی بنەما ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ڕژێمە کۆنسێرڤاتەکانی لەرزۆک کرد. هەروەها بەربڵاوبوونەوەی لیبڕاڵیزمی فکری ڕووناکبیرانی نوێ بنەما ئایدۆلۆژیاکەکانی کۆنسێرڤاتیزمی لاواز کرد. هاوکات لەگەڵ زاڵبوونی بازرگان و خاوەن پیشەپێکهاتە و ڕووناکبیرانی نوێ پاڕاستنی بەشە سەرەکییەکانی هزری کۆنسێرڤاتیزم واتا خاوەنێتی تایبەت، بنچینە و ڕەچەڵەکی بنەماڵەیی و ئۆگری نەریت و ئایین ئیتر نەدەگونجا. لەئوڕووپای پاش شەری دووهەمی جیهانی تەنیا لەئینگلستاندا نەریتی کۆنسێرڤاتیزم بە شێوەیەکی لێکدانەبراو مایەوە. لەوڵاتانیتری ئوڕووپایی-دا ئۆگری کۆنسێرڤاتیزم تەنیا لەحیزبە دێموکرات مەسیحییەکاندا رەنگی داوەتەوە.

## سیستمە لیبڕاڵەکان

بە گشتی لیبڕاڵیزم وەک بیرۆکەیەکی سیاسی لەسەر بنەمای بەرتەسک کردنەوەی دەستێوەردانەکانی دەوڵەت لە پانتای تایبەت دایە. بە پێی قانوون بنچینەییەکانی لیبرالیزم مرۆڤ بە پێی توانا ئاوەزییەکانی خۆی بوونەوەرێکی مووختار و سەربەخۆیە کە دەتوانێ بەپێی راوبۆچوونەکانی خۆی بژی و شێوەیەکی ئەوتۆ لەژیان دا دەبێتە هۆی هاتنەدی بەرژەوەندی تاک و کۆ. بەو پێیە لەنێوان لیبڕاڵیزم و

کۆنسێرڤاتیزم دا گەلێ جیاوازی سەرەکی لەئارادایە. لەکۆنسێرڤاتیزمدا جەخت دەکرێتە سەر نەریت وەک ئاوەزی بەکۆمەڵ لەلیبرالیزمدا ئەو جەختکردنە جێگەی خۆی دەداتە ئیندیویدیالیزم. لەلایەکیترەوە لیبرالیزم و کۆنسێرڤاتیزم هەر دوو کیان سەر وە ئایدۆلۆژیا ڕاستی دیموکراتیکن و لانیکەم هەر دوو کیان لەو خاڵەدا هاوران کە پانتای ئابووری دەبێ بەدوور بێ لەدەستێوەردانی دەوڵەت. لەڕووی مێژووییەوە زۆربە لیبرالیزمی ئابووری(ئازادی هەڵسووڕانی تایبەتی) و لیبرالیزمی فەرهەنگی(ئازادی پانتای هزرەکان) هاورێ بوون، هەرچەندە بە شێوەی جیا لەیەکیش شیاوی وێناندنن. بۆ وێنە لەهەندێ سیستمی نیوە فاشیستیدا لیبرالیزمی ئابووری هاورێ بووە لەگەڵ نەبوونی لیبرالیزمی فەرهەنگی. لەلایەکیترەوە سۆسیالیزم لەهەمان کاتدا کە پشتگیری دەستێوەردانی دەوڵەت لەئابووری دا دەکا لیبرالیزمی فەرهەنگیش لەخۆ دەگرێ. واتای ئەو لیبرالیزمەی بۆ حیزب و ڕژێمە سیاسییەکان دەکاردێ بریتییە لەدانی بەشی هەرە زۆری بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بە کەرتی تایبەتی. بەو واتایە ڕژێمە لیبراڵەکان لەبرگە مێژووییە تایبەتەکان دا پێدەگەن. لەمێژووی سیاسی ڕۆژئاوا دا ڕژێمە لیبراڵەکان بە واتای وردی وشە هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی دیموکراسی، سۆسیال دیموکراسی و دەوڵەتی فەرعانی دا لەناو چوون.

لیبرالیزم بە واتا گشتی و فەرهەنگییەکەی بە جەخت کردن لەسەر دابین کردنی زۆرترینی ئازادییە تاکەکەسییەکان، وەک جیهان بینی سەرجەم ڕژێمە سیاسییە دیموکراتیکەکان (بەڕاست و چەپەوە) دێتە ژمار و

لەو واتایەش دا ڕژێمەکانی "لیبڕاڵ"، دێموکراتیک، سۆسیال دێموکراتیک، دەوڵەتی فەرعانی و نیۆلیبڕاڵەکان هاوبەشن. هەندێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە بۆ پاڕاستنی لیبڕاڵیزم وەک ئایدۆلۆژیا بە واتا فەرهەنگییەکەی خۆی ڕەنگە پێویست بێ دەوڵەت دەست بخاتە ناو کاروبارەکانی پانتای کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە. هەنووکە زۆربەی کات بۆ دەربرینی ئەو واتایەی لیبڕاڵیزم لەوشەی دێموکراسی(و جاروبارەش "دێموکراسی ئابووری") کەڵک وەردەگیرێ. لەڕوانگەیەکی بەربڵاوی ئەو تۆوە نووسەڕێک گووتوویەتی: "دەوڵەتانی لیبڕاڵ لەڕەوتی پێگەیشتنی مێژوویی خۆیان دا گەلێ سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاوازیان ڕەچاو کردووە، هەر لە "لەسەفر" لەسەدەی نۆزدەهەم را بگرە هەتا ڕیفۆڕمی کۆمەڵایەتی و بەنەتەوەیی کردن لە سەدەی بیستەمدا."[1] لەو بەشەدا ئێمە لیبڕاڵیزم بە واتا دیار و مێژووییەکەی تەنیا بۆ وەسف کردنی ڕژێمە سیاسییە تایبەتەکان دەکار دێنین و کارمان بە خاڵە هاوبەشەکانی ئەو جۆرە ڕژێمە لەگەڵ ڕژێمە دێموکراتیکەکان دا نییە.

ڕژێمە لیبڕاڵەکان بەواتای تایبەت، لەئاکامی قەیرانەکانی ڕژێمە کۆنسێرڤاتەکاندا سەریان هەڵدا. گۆڕانی داڕشتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، داکەوتنی ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی و بەربڵاوبوونەوەی چینە بازرگانی و پیشەپێکهاتەکان هاورێ لەگەڵ نوێژەن بوونەوەی فەرهەنگی و مۆدێڕنیزم

---

1. J. Schapiro, *Liberalism and the Challenge of Fascism.* (New York, 1949), p. 18.

دا، بەستێنی سەرهەڵدانی ڕژێمە لیبڕاڵەکانیان دەستە بەر کرد. لەئینگلستاندا ڕیفۆڕمەکانی ساڵی ١٨٣٢ و دانی مافی هەڵبژاردن بە چینە پیشەسازەکان خاڵی دەسپێکی گۆڕانی رژیمی لیبڕاڵ لەو وڵاتەدا بوو. بنەمای ڕژێمە لیبڕاڵەکان لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئوڕووپادا دەستێوەرنەدانی رەهای دەوڵەت لە پڕۆسەکانی بەرهەم هێنان و ئابووری دا و هەروەها دانی مافی دەنگدان و بەشداری کردنی سیاسی (زۆربە مەرجدار بە مەرجەکانی خاوەنێتی) بوو. لەو ڕووەوە لیبڕاڵیزمی کلاسیکی سەدەی نۆزدەهەمی ئوڕووپا لەڕووی نواڕینە ئابوورییەکانەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ کۆنسێرڤاتیزم دا نەبوو.

لەڕوانگەی لیبڕاڵیزمەوە، ئازادی سیاسی و ئابووری بازاڕی ئازاد وەک تەواوکەری یەکتر سەیر دەکرێن. لیبڕاڵیزم (لەڕووی ئابورییەوە) زۆر زێتر لەدێموکراسی و سۆسیال دێموکراسی و دەوڵەتی فەرعانی ئاوێتەی کاپیتالیزمی ئازاد بووە. کارڵ مارکسیش بۆ ئایدۆلۆژیا حکوومەتی چینایەتی بوورژوازی، لیبڕاڵیزمی هەر بەو واتا بەرتەسکەی دەکار دێنا. لەئاکامدا دەکری بڵێن کە بیرۆکەی چینایەتی مارکس بۆ ڕژێمە لیبڕاڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم خرایەڕوو نەک ڕژێمە دێموکراتیکەکان و دەوڵەتی فەرعانی بەو واتایەی دواتر سەریان هەڵدا. ئیگێڵز دەوڵەتی لیبڕاڵی بەو شێوەیە واتا دەکرد "ڕێکخراوی سیاسی چینێک بوو کە ئەو چینە چەوسێنەر بوو و ریگربوو لەبەردەم کاریگەری هەر چەشنە هۆکاڕێکی دەرەکی لەسەر

هەلومەرجی بەرهەم هێنان".[2] (شیکاری مارکس لەدەوڵەتی لیبڕاڵی ئەوە بوو کە ئەو دەوڵەتە "کۆمیتەی بەریوەبەرایەتی بوورژوازی"یە مارکسیستەکانی دوای مارکسیش بەپەیڕەوی لەو ئەو بۆچوونەیان بۆ دەوڵەتە دیموکراتیکە مۆدێرنەکان دەکار دێنا هەرچەندە تۆخمی حکوومەتی قانوون و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەدەوڵەتی مۆدێرندا زۆر پێشکەوتووتر لەدەوڵەتی لیبڕاڵی سەدەی نۆزدەهەم بووە). لەلایەکیترەوە لەیەنگرانی دیموکراسی ڕۆژئاوا پییان وابوو کە ڕاڤەی چینایەتی مارکس لەسەر دەوڵەتی لیبڕاڵ لەگەڵ دارشتەی دەوڵەتی دیموکراتیک دا ناگوونجێ. بە باوەڕی ئەوان لیبڕاڵیزم بە سێ قۆناخ دا تێ پەریوە: لیبڕاڵیزمی کلاسیک(یان لیبڕاڵیزمی بوورژوازیی) لیبڕاڵیزمی دیموکراتیک و لیبڕاڵیزمی کۆمەڵایەتی(یان سۆسیال دیموکراسی).[1] لەهەمبەر دا هەندێ لە مارکسیستەکان بەڵگەیان هێناوەتەوە کە دیموکراسی تەنیا بزاوتێکی تاکتیکییە کە لە ڕێگەی ئەوەوە لیبڕاڵیزمی بوورژوایی خۆی دووبارە ڕێکدەخاتەوە. بەهەر حاڵ لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسی و پەیوەندییەکانی دارشتەی دەسەڵاتی دەوڵەتی لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکان دا دەبێ جیاوازیگەلێک دانێن لەنێوان رژیمی لیبڕاڵ و رژیمی لیبڕاڵ دیموکرات یان دیموکراسی دا. درێژ بوونەوەی ڕژێمە لیبڕاڵەکان بە واتا کلاسیکەکەی لەگەڵ چاخی دیموکراسی جەماوەری سەدەی بیستەم دا بە

2. Marx and Engels, *Selected Works*, vol. 2, p. 150.

1. Schapiro, op. cit.

**سەرنجدان بە ڕێکخستنی هێزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان نەدەگوونجا. هەنووکە چاخی لیبرالیزمی کلاسیکی سەدەی نۆزدەهەم تێ پەڕیوە چوونکە کاپیتالیزمی پاوانکراو چ لە کەرتی تایبەت و چ لە بەشی دەوڵەتی دا هەراوتر بۆتەوە و هەر وەک دواجار دەبینیین نیۆلیبرالیزمی ساڵەکانی دوایی لەگەڵ لیبرالیزمی کلاسیک دا جیاوازی (ماهوی) هەیە.**

**لیبرالیزم وەک ئایدۆلۆژیا ڕژێمە سیاسییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم لە ئوڕووپادا سەری هەڵدا. لیبرالیزم لە ڕاستی دا رژیمی سیاسی چینێکی بوورژوا بوو کە پاش تێکرمانی سیستمی فیۆدالی و دەوڵەتی سەرەڕۆ و حکوومەتی کۆنسێرڤاتانەی ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی، دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت. لە ڕوانگەی ئاڵوگۆری مێژووییەوە حکوومەتی بوورژوازی لە دەسپێک دا لەچاو سیستمی کۆن خاوەن تایبەتمەندی شۆڕشگێرانە بوو. یەکەمین ڕەنگدانەوەی حکوومەتی بوورژوازی ڕۆژئاوا دەتوانین لەباڵادەستی و زاڵبوونی بوورژوازی خاوەن زەوی ئینگلستان (The Gentry) بە سەر پاڕلمان و پێکهاتەە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە لە پاش "شۆرشی شکۆداری" ساڵی ١٦٨٨ دا بۆ دۆزینەوەی. لەلایەنی مێژووی هزرەوە، بیرۆکەکانی بیرمەندانێکی وەک جان لاک، مۆنتێسکییۆ و ئادام سمیت بنچینە فکرییەکانی ڕژێمە لیبراڵەکانیان دەستەبەر کرد. شۆرشی فەرانسە لە گوورانی رژیمی لیبرال دا ڕۆڵێکی دیاری کریان هەبو. بەپێی لیبرالیزمی بوورژوایی هەر چەشنە بەرتەسک لردنەوەیەکی سیاسی لەسەر بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی دەبێ هەڵوەشێتەوە. هەروەها خاوەنێتی زەوی دەبێ**

هیچ چەشنە مەرجێکی سیاسی و فیۆدالی نەخرێتە بەردەم و بە مەبەستی ئازاد کردنی هەڵسووڕانی تاکەکەسی لە بازرگانی و پیشەسازی دا، سینفە فیۆدالییەکان هەڵگیرێن. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، قانوون بنچینەییەکانی لیبڕاڵیزمی کلاسیک بەرتەسک کردنەوەی چوارچێوەی دەوڵەت و دەسەڵاتی حکوومەت بوو بۆ پاڕاستن و پارێزگاری کردن لە مافە تاکەکەسییەکان و ئازادکردنی بازرگانی و خاوەنداریتی و هێزی کار لە مەرجە نەریتییەکان. ڕژێمە لیبرالەکان بەو واتایە لە وڵاتە جیاجیاکان دا لە خوولە مێژووییە جۆراوجۆرەکان دا سەریان هەڵدا بەڵام لە هەموو بوارەکان دا پێگەی کۆمەڵایەتیان چینە بازرگانی و پیشەپێکهاتەکان بوو. دەوڵەتی لیبڕاڵ بوورژوا لەهەموو شوێنێک دا لە ڕێگەی ئاڵوگۆری شۆڕشگێرانەوە نەهاتۆتە سەر کار. بۆ وێنە لە پرۆس دا، بە پێچەوانەی فەرانسەوە، ڕیفۆڕمەکانی شتاین– هاردێنبێرگ سەرهەڵدانی رژیمی لیبڕاڵی لێ کەوتەوە. ڕژێمە لیبڕاڵ بوورژواییەکان مافی دەگندانیان بەرتەسک دەکردەوە بۆ بەشێکی تایبەتی کۆمەڵگا. بەپێی ئەوە کە سەقامگیر بوونی لیبڕاڵیزم لە بنەمادا بەلای قازانجی چینە بازرگانەکان دا دەشکاوە، چینە خاوەن هێزەکان هەڵسووراوترین بەشی کۆمەڵگا بوون لە پاڕاستن و پارێزگاری کردنی لیبڕاڵیزم دا، ڕژێمە لیبڕاڵ بوورژواکان نەیاندەتوانی بەرژەوەندییەکانی چینەکانی خواڕوو و هەروەها چینە نابازرگانییەکان چ لەڕووی سیاسییەوە و چ لە ڕووی ئابوورییەوە دابین بکەن. ویستی بەرفراوان کردنەوەی مافە سیاسییەکان و بەتایبەت مافی دەنگدان بۆ چینەکانی خواڕوو و ڕەچاوکردنی هەندێ ڕێوشوێن بۆ باشترکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریيان پاڕدۆکس و قەیرانگەلێکی لە ڕژێمە

**لیبراڵ بوورژواکان دا لێکەوتەوە. دابەشینی دادپەروەرانەی داهاتی نەتەوەیی بەپێی قانوونکانی سروشتی بازاڕ هەر وەک ئابووری زانە کلاسیکەکان بیریان لێ کردبۆوە، لە رواڵەت دا نەدەهاتە ئەنجام. دسەڵاتی ئابووری و سیاسی بوورژوازی لەسەر بنەمای سیستمی بازاڕی ئازاد بوو کە خۆی لە خۆی دا نەیدەتوانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی چینەکانی خوارووو باشتر کا. هەرئەوەش خۆی بوو بە سەرچاوەی ئەو ناڕەزایەتیانەی کە دواجار سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی سەرەتاییان لێکەوتەوە. ئابووری زانانێکی وەک فرێدریک باستیات (Bastiat)ی فەرنسەیی بەڵگەیان دێنایەوە کە لە درێژماوەدا، قانوون سروشتییەکانی ئابووری نەک تەنیا بەرز بوونەوەی قازانج بەڵکووو بەرزبوونەوەی حەق دەستەکانیشیان لێ-دەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی دابین کردنی بەرژەوەندییەکانی سەرجەم گرووپە ئابوورییەکان بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ. بەو پێیە پێش بینییە رەش بینانەکەی دەیوید ریکاردۆ لە رواڵەت دا رەتدەکرایەوە کە پێ وابوو بەرزبوونەوەی دانیشتوان کاریگەری دەبێ بەسەر بەرزبوونەوەی نرخی قازانج دا و هەروەها دابەزینی سامانی بەردەست بۆ بەرهەم هێنان و دواجار دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی داکەوتنی ئابووری. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێ درا، ڕژێمە سیاسییەکانی ئینگلستان پاش چەسپاندنی لایەحەی ڕیفۆڕمی ساڵی ١٨٣٢ و هەروەها رژیمی سیاسیفەرانسە پاش شۆڕشی ژووئییەی ١٨٣٠ میناکگەلێکی کلاسیکی حکوومەتی لیبڕاڵ بوورژوا بوون. لە ئەڵمان دا هاوکات لەگەڵ شکستی شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ دا هەندێ لە ئامانجە تا ڕادەیەک لاوازەکانی لیبڕاڵ بوورژوایی ئەو وڵاتە لەڕێگەی هاریکاری کردنی لیبڕاڵەکان و حکوومەتی سەڵتەنەتی دا هاتنە دیی. گرینگترین هەنگاوەکانی**

ئەو سەردەمە خەبات بۆ ڕزگار کردنی جووتیاران لە دەست سێرواژەکان، و هەروەها هەڵوەشاندنەوەی سیستمی سینفییە نەریتییەکان و دامەزراندنی بنەماکانی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن بوون.

## لیبڕاڵ دێموکراسی

پاش شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٤٨ دەرکەوت کە ڕژێمە لیبڕاڵ بوورژواکان ناتوانن بە شێوەی کۆن درێژە بە ژیان بدەن. لایەنگرانی لیبڕاڵیزم دەیاندی کە هزرەکانیان تەنیا لەگەڵ بەشێکی بچووکی کۆمەڵگادا کۆکە. ئالێکسی دۆتکڤێل لە کتێبی *دێموکراسی لە ئەمریکادا*(١٨٣٥) بەڵگەی دێنایەوە کە دێموکراسی ناتوانێ بەرتەسک بێتەوە تەنیا بۆ بەشێکی بچووکی کۆمەڵگا. دۆتکڤێل خوازیاری ئەوە بوو کە بوورژوازی دەسەڵاتداری فەرانسە پێ بنێتە ڕێبازی دێموکراسییەوە. لە ئینگلستانیش دا جان ستوارت میل لەهەمبەر لیبڕاڵیزم دا پشتگیری لە لیبڕاڵ دێموکراسی دەکرد. میل لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە قانوون سروشتیەکانی ئابووری ناتوانن ببنە هۆی دابەش بوونی دادپەروەرانەی کاڵاکان. میل یەکەم بیرمەندێک بوو کە هزری بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەوڵەتی لە سیستمی کاپیتالیزم دا دەخستە ڕوو. لیبڕاڵ دێموکراتەکان پشتگیریان دەکرد لە بەرفراوان بوونەوەی مافی دەنگدان بۆ هەمووان و هەروەها بەشداری کردنی سەرجەم هاووڵاتیان لەژیانی سیاسی دا. جان ستوارت میل لیبڕاڵ دێموکراسی بە باشترین و دادپەروەرانەترین شێوەی حکوومەت لە کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان دا دەزانی. بزووتنەوە و هزری لیبڕاڵ دێموکراسی لە ڕاستی دا بە واتای تەواوکەری

ئامانجەکانی یبرالیزم چاولێدەکرا. لەژێر تیشکی وەها بزووتنەوە و هزرێک دا بوو کە لە ئینگلستان دا لە ساڵانی ١٨٦٧ و ١٨٨٤ دا مافی دەنگدان بەرفراوان بۆوە. بێ گومان بوورژوازی لیبڕاڵ نەیدەتوانی لەهەمبەر بزووتنەوە کرێکاری و سۆسیالیستیەکان دا کە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا بەربڵاو ببوونەوە دژکردەوەیەکیتر لە خۆی پێشان دا. هەڵبەت ڕوون بوو کە تەنیا هەنگاوە سیاسییەکان بۆ بەرفراوان کردنەوەی مافی دەنگدان ناتوانن بەستێنی کرژییە چینایەتییەکانی نێوان بوورژوازی لیبڕاڵ و بزوتنەوە جەماوەرییەکان لەناو ببا و بەتایبەت پێداویستی دەستێوەردانی دەوڵەت لە دابین کردنی فەرعانی کۆمەڵایەتی دا هەرچی زێتر ئاشکرا دەبوو. هەڵسووران و دەستێوەردانی دەوڵەت وەک پێویستییەکی پشتگیری لە ماف و هەڵسوورانە تایبەتەکان دەهاتە ژمار. لە دەسپێک دا گرژییەک لەنێوان دەوڵەت و قانوونکانی لیبڕاڵیزم دا بەدی نەدەکرا. بە واتایەکیتر دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروبارەکانی پەیوەندیدار بە فەرعانی کۆمەڵایەتی و هاوسەنگی ئابووری دا خۆی وەک سیاسەتێکی لیبرالی سەیر دەکرا. گوورانی بزووتنەوەی کرێکاری سۆسیالیستی ڕۆڵێکی بنچینەیی هەبوو لە گۆڕانی لیبڕاڵیزم بۆ لیبڕاڵ دێموکراسی دا. لە ئینگلستان دا جگە لە ژۆزێف چەمبرلین، ڕێبەرانیتری حیزبی لیبڕاڵ بەربەرەکانیان کرد لە دژی ویستی بزووتنەوە کرێکارییەکان دا. لە هەمبەردا فێدراسیۆنی سۆسیال دێموکراتیک کە دواتر بوو بە حیزبی کرێکار، پێ داگر بوو لەسەر ئەوە کە ڕێگەی هەڵسووڕانی پاڕلمانییەوە ویستە سیاسییەکانی خۆی وەدەست بێنێ. لە ئەڵمانی دەیەی ١٨٦٠ دا حکوومەتی بیسمارک لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی سۆسیالیستی کرێکاری و حیزبی سۆسیال

دێموکراتیک لەگەڵ داشکانەوە بەلای سیاسەت دانەری کۆمەڵایەتی و هزری سۆسیالیستی دەوڵەتی دا، ڕووی کردە جۆرێک لە لیبراڵ دێموکراسی. لە ئیتالیاش دا ئاستەنگییە ئابوورییەکانی چینەکانی خوارەوو شوێنیان دانایە سەر داشکانەوەی لیبراڵەکان بەلای سیاسەت دانانە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی باوک سالارانە، هەرچەندە خۆراگری لە هەمبەر بزاوتە کرێکارییەکان لە ئیتالیادا لەچاو وڵاتانیتردا ئاشکراتر بوو.

بە گشتی لیبراڵ دێموکراسی(دێموکراسی بە واتای باو) لە هەمبەر لیبراڵیزمی کلاسیک دا لە بنەمادا لەخۆ گری هزری بەرامبەری و دابینکەری ماف و ئازادییە سەرەکییەکانی تاکەکان بۆ بەشداری لە بڕیاردانە سیاسییەکان دا بووە. لە دێموکراسی دا بەرامبەری تاکەکان بە پێچەوانەی لیبراڵیزمی کلاسیک تەنیا واتای سیاسی و حقووقی لەخۆ ناگرێ بەڵکووو رژیمی دێموکراتیک بەرپرسە هەلومەرجی کۆمەلایەتی پێویست بۆ هاتنە دی بەرامبەری بەو واتایە دەستە بەر کا. هەرچەندە سەرهەڵدانی دێموکراسی بە واتا مۆدێرنەکەی دەگێرنەوە بۆ شۆڕشی فەرانسە بەڵام دەبێ لەنێوان "دێموکراسی" تۆتالیتێر یان ژاکۆبۆنی روبسپییەر لە شۆڕشی فەرانسە دا و دێموکراسی بەو واتایەی لە سەدەی نۆزدەهەم دا هاتە دیی جیاوازی (ماهوی) دانێن. دێموکراسی وەک *رژیمێکی سیاسی* تەنیا لە سەدەی نۆزدەهەم لە ئوڕووپادا بیچمی گرت. بەبڵاوبوونەوەی مافی دەنگدانی گشتی بە کردەوە و سەرهەڵدانی ڕێکخراوە چینایەتییە جیاجیاکانی کۆمەڵگا سەرەتایەک بوو بۆ بەرفراوان بوونەوەی دێموکراسی. یەک لە میناکە

کلاسیکەکانی ڕژێمە لیبڕاڵ دێموکراتیکەکان رژیمی فەرانسەی پاش شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ بوو کە مافی دەنگدانی گشتی بەرفراوان کرد.

بە گشتی دەوڵەتی لیبڕاڵ دێموکراتیک وەک پێشکەوتنێکی بەرچاوە دەهاتە ژمار لەچاو دارِشتەی دەوڵەتی لیبڕاڵ کلاسیک دا و لەگەڵ ناسینی دەسەڵاتی یەکێتییە کرێکارییەکان و بەرفراوان کردنەوەی مافی دەنگدانی کرێکاران و ژنان ئاستەنگییە هزرییەکانی لیبڕاڵیزمی بوورژوازیشی لە ڕووی تیۆرییەوە چارە سەر دەکرد. بەڵام لەدرێژەی سەدەی بیستەم دا هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانە ئابوورییە بەربڵاوەکان دا لاوازییەکانی دێموکراسی لیبڕالیش ئاشکرا بوو و هەر لەو ڕووەشەوە بستێنی سەرهەڵدانی دێموکراسی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بوو.

## دێموکراسی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی فەرعانی

قەیرانی ئابووری کاپیتالیستی ئازاد لەدرێژەی ساڵەکانی ٣٢ – ١٩٢٩ دا کە هاورێ بوو لەگەڵ بەرزبوونەوەی بێگاری، داکەوتنی نرخی پشکی کۆمپانیاکان، تێداچون، داکەوتن و دابەزینی سامان نواندنی دەرەکی ئاڵ-وگۆڕێکی بەرچاوی لە سیستمی کاپیتالیستی دا بەدواوە بوو و بووە هۆی بەرزبوونەوەی دەستێوەردانی حکوومەت لە ئابووری دا و هەروەها پێک هێنانی ئاڵوگۆر لە دارِشتەی دەوڵەت دا. حکوومەتە کاپیتالیستییەکانی ڕۆژئاوا یەک لە دوای یەک بە مەبەستی بەرزکردنەوەی کاروپیشە و

سرینەوەی قـەیرانی داکـەوتن دەسـتیان دایـە دەسـتێوەردانی کاروبـاری ئابوورییەوە. لە ئەمریکادا دەوڵەتی ڕۆزوێڵت هەنگاوگەلێکی بەربڵاوی نا بە مەبەسـتی سـازدانی کاروپیشـە، یارمـەتی کردنـی تێـداچوون، ڕیفـۆڕمی سیسـتمی بـانکی، بەرزکردنـەوەی خەرجییـە گشـتییەکان و بـاج، دانـانی قانوونی کار، دانی پارەی بێکاری و هتد. بنـەمای بوودجـەی پارسـەنگی بـە قازانجی بنەمای بوودجەی کەسری دار وەلانا هـەتا بـواری بەرزکردنـەوەی خەرجییـە گشـتییەکانی دەوڵـەت دەستەبەر بێ. لـە ئینگلسـتان دا هاوکـات لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی حیزبی کرێکار لە ساڵی ١٩٤٥ دا هەنگاوگـەلێک نـرا لـە بـواری بـە نەتـەوەیی کردنـی پیشـەپێکهاتـەکـان، دابـین کردنـی کاروپیشـەی تـەواو، دابەشـینی دادپەروەرانـەی داهاتـە، دابـین کردنـی خزمەتگوزارییـە کۆمەڵایەتییـەکان، دانـانی مووچـە برینـەوەی بێکـاری، راوەستاندنی نرخەکان و هتد.

جان مینارد کینز ئابووری زانی بـەناوبانگی ئینگلیسـی لـە کتێبەکـەی خۆی دا بە ناوی *بیرۆکەی گشتی دراو، قـازانج و کـار و پیشـە(١٩٣٦)* بنـەما تیۆرییـەکانی ئـەو هەنگاوانـەی خسـتە ڕوو کـە لـە سـاڵی ١٩٣٠ بـە دواوە لەلایـەن حکوومەتـەکانی ڕۆژئـاوا بـە مەبەسـتی خـەبات لەگـەڵ قـەیرانی ئـابووری دا رەچـاوکرا بـوون. بەڵگـەی سـەرەکی کینـزیش ئـەوە بـوو کـە ئابووری کاپیتالیزمی ئازاد ناتوانێ پارسەنگی لـە نێـوان رانـان و ویست دا بێنێتە ئاراوە و هەر لەو ڕووەوە لە سروشت دا ئابووری کاپیتالیزمی ئـازاد سـەقامگیر نییـە و نـاتوانێ ویسـتی کاریگـەر پێـک بێنـێ. بـەو پێیـە دەستێوەردانی دەوڵەت بـە مەبەستی پێک هێنـانی بـالانس لـە ئـابووری دا

وەک پێویستییەک خۆ دەردەخا. ڕێگە چارەی کینز ئەوە بوو کە دەوڵەت دەبێ دەسەلاتی خۆی لە بواری دانانی باج و بەرزکردنەوەی خەرجە گشتییەکان بە مەبەستی دابین کردنی ویستی کاریگەر و دابین کردنی کاروپیشەی تەواو دەکار بێنێ. بە گشتی پاش شەری دووهەمی جیهانی دەوڵەت وەک ڕێکخەری کاپیتالیزم تا ڕادەیەک بوو بە جێگرەوەی میکانیزمی بازاڕی ئازاد. دەوڵەتە کاپیتالیستەکان بە پلەگەلی جیاجیا لە بواری دابەشینی داهاتەکان، سامان نواندن و پێکهێنانی کاروپیشە دا بەرپرسایەتی گەلێکیان گرتە ئەستۆ. هەروەها هەنگاوە فەرعانییەکانی دەوڵەتەکانیش سەبارەت بە چینەکانی خوارەوو بەربلاو بۆوە. بەپێی هەندێ زانیاری لە ئاکامی سەرهەڵدانی دەڵەتی فەرعانی دا پشکی ۲۰٪ سەرووی دانیشتوان لە داهاتەکان لەچاو سەردەمانی بەر لە شەر دابەزیی و پشکی ۲۰٪ خوارووی دانیشتوانیش بەرز بۆوە.[1]

کۆنترۆڵی ئابووری و پلان دانان بە پلەی جیاجیا بنەمای سیستمی کاپیتالیستی دەوڵەتی فەرعانیان پێک هێناوە. لە ڕووی تیۆرییەوە دەبێ داڕشتەی دەوڵەتی فەرعانی لە ڕۆژئاوا دا لەژێر باسەکانی پەیوەندیدار بە سۆسیال دێموکراسی دا بخوێننەوە. هەڵبەت واتای "سۆسیال دێموکراسی" زۆر لێڵ و ناڕوونە و بەربلاوترێشە لە ئایدۆلۆژیا دەوڵەتی فەرعانی و لە هەندێ بواریش دا وەک هاوتای بزووتنەوەی سۆسیالیستی و بزووتنەوەی

---

1. G. Dalton, *Economic Systems and Society: Capitalism, Communism and the Third World.* (London, 1974), p. 146-9.

یەکێتییە کرێکارییەکان دەکار هاتووە. لە ڕاستی دا زاراوەی "سۆسیال دێموکراسی" لە دەسپێک دا بۆ بزووتنەوەی سیاسی چینی کرێکار لە ئورووپادا دەکار دەهات. مەبەستی سەرەتایش لەو زاراوەیە تێکۆشان بە ئاراستەی ڕیفۆڕمە سیاسی و کۆمەڵایەتی – ئابوورییەکان بە گشتی لە سیستمە لیبڕاڵەکان دا بوو. زاراوەی دێموکراسی کۆمەڵایەتی بەتایبەت پاش شۆڕشەکانی ١٨٤٨ لە ئورووپادا بوو بە باو و لە بنەمادا بە واتای کۆمەڵایەتی کردنی دیموکراسی یان بەربڵاوکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی ڕژێمە لیبڕاڵ دێموکراتیکەکان دەکار دەبرا. سۆسیال دێموکراسی لە ڕاستی دا وەک دەرمانێکی نەخۆشییەکانی لیبڕاڵیزم چاو لێ دەکرا و هەر لەو ڕووەوە لەلایەن شۆڕشگێرانی دژی لیبڕاڵیزمی بوورژواییەوە دەکەوتە بەر هێرش. مارکس و ئینگێلس زاراوەی سۆسیال دێموکراسیان بە واتایەکی "شۆرشگێری" دەکار دێنا و "وردە بوورژوا"کانیش کە خۆیان پێ " سۆسیال دێموکرات" بوو دەکەوتنە بەر هێرشی مارکس و ئێنگێلز.[1] هەر بەو هۆیە بوو کە لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەڵمان دا سۆسیال دێموکراسی وەک بۆچوونێکی شۆڕشگێری سەیر دەکرا.

لایەنگرانی فرێدیناندلاساڵ سۆسیالیستی بەناوبانگی ئەڵمانی یەکەم کەسانێک بوون کە لە ساڵی ١٨٦٣ دا "سۆسیال دێموکراسی"ان بۆ وەسفی هەڵوێستە حیزبییەکانی خۆیان دەکار هێنا. لەلایەکیترەوە کۆنگرەی

1. Marx & Engels, *Selected Works,* vol. 1, p. 108.

پێنجەمی یەکێتی گشتی کرێکارانی ئەڵمانیش لە ساڵی ۱۸٦۸ دا "سۆسیال دێموکراسی" بۆ وەسفی پرۆگرامەکانی خۆی دەکار هێنا. هەر لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە لە ساڵی ۱۸٦۹ دا حیزبی سۆسیال دێموکراتیکی کرێکاران پێک هات.

لەپاش شەری یەکەمی جیهانی سۆسیال دێموکراسی بە گشتی بۆ وەسفی رژێمە ریفۆرم خوازە لیبرالەکانی رۆژئاوا دەکار دەهات. بەو پێیە زاراوەی سۆسیال دێموکراسی هێدی هێدی ناوەرۆکە شۆرشگێری و رادیکاڵەکەی خۆی لە دەست دا و هەڵگری واتایەکی ناشۆرشگێر و ریفۆرم خوازانە بوو. بۆ وێنە حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئەڵمان لە ساڵی ۱۹٦۳ دا لە کاتی بەرێوەبردنی سەدەمینساڵوەگەری دامەزرانی دا باسی رۆڵی لاساڵی لە دامەزراندنی ئەو حیزبە دا کرد بەڵام ناوی مارکسی نەهێنا. بە گشتی حیزبە سۆسیال دێموکراتیکە ریفۆرم خوازەکانی هەنووکەیی لە رۆژئاوادا دەرئەنجامی بزووتنەوەی سۆسیال دێموکراسین. لە رووی فکریشەوە پێداهاتنەوە خوازی بە مارکسیزم دا خۆی یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی سۆسیال دێموکراسی ریفۆرم خواز بووە.

لە نێوان دوو شەری جیهانی دا حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان لە خەبات و ململانێ لەگەڵ هێزە فاشیست و دەسەڵات خوازەکان لە ئەڵمان، ئیتالیا، ئۆتریش و ئیسپانیادا شکستیان خوارد. بە پێچەوانەوە لە وڵاتانێکیتری وەک ئینگلستان و وڵاتانی سکاندیناوی دا حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان گیانێکی تازەیان بەبەردا هاتەوە و هێدی هێدی دەسەڵاتی

سیاسیان گرتە دەست و دارِشتەی دەوڵەتی مۆدێرنی فەرعنییان پێک هێنا. پاش شکستی فاشیزم، حیزبە سۆسیال دێموکراتەکانی ناوەندی ئورووپاش بەهێز بوون.

بە گشتی لەپاش شەری دووهەمی جیهانی بۆچوونی رادیکاڵ لەناو حیزبە سۆسیال دێموکراتەکانی ئورووپادا بە توندی بەرەو لاوازی چوو و سۆسیال دێموکراسی وەک بۆچوونێکی ڕیفۆرمیستی، بەشێکی بوورژوازیشی لەخۆ گرت. لە ئەڵمان دا حیزبی سۆسیال دێموکرات یەک لە سێ حیزبە سەرەکییەکەی ئەو وڵاتە بووە. لە کاتێک دا لایەنگرانی یەکێکیتر لە حیزبە سەرەکییەکان واتا حیزبی یەکێتی دێموکرات مەسیحییەکان کە زۆربە لە چینە مامناوەندییە پرۆتستانت و کاتۆلیک و وەرزێران و بزووتنەوەی کرێکاری مەسیحی بوون، حیزبی سۆسیال دێموکرات زێتر لەلایەن چینەکانی کرێکاری ناەپیشەپێکهاتەکان، کرێکاران یەخە سپی و رووناکبیران و چینە مامناوەندییەکانەوە پشتگیری لێدەکرا. حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئەڵمان لە کۆنگرەی گودزبێرگ لە ساڵی ۱۹۵۹ دا بە رەسمی بوو بە ڕیفۆرم خواز و بە هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبەکانیتر لە ساڵانی ۸۲ – ۱۹٦٦ دا دەسەڵاتی سیاسی وەدەست هێنا و پشگیری لە سیاسەتە فەرعانییەکان کرد، دابین کردنی کۆمەڵایەتی، دابین کردنی کاروپیشە تەواو و دەستێوەردانی کرێکاران لە بەرێوەبەرایەتی پیشەپێکهاتەکان دا.

## قەیرانی کاپیتالیزم و سەرهەڵدانی نیۆلیبرالیزم

نیـۆلیبرالیزم وەک ئایدۆلۆژیایـەکی ئـابووری لـە دژ کـردەوە بـە سـەرهەڵدانی داڕشـتەی دەوڵـەتی فـەرعانی پـاش شـەری دووهـەمی جیهـانی سەری هەڵداوە و هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی قـەیران لـە ئـابووری دەوڵـەتی فەرعانی دا بواری فکری سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەنـدێ لـە وڵاتانی ڕۆژئاوای لـەدژی دەوڵـەتی فـەرعانی و دەسـتێوەردانی دەوڵـەت لـە ئـابووری و بۆچـوونی کینـزی دا پێـک دێنـێ. لـە ڕووی ئابوورییـەوە نیۆلیبراڵەکان گومانیان هەبوو سەبارەت بە بیرۆکەی کینز و ڕۆڵی دەوڵەت وەک هۆکاری ڕێکوپێک کەری ئابووری و جاریکیتر جەختیان کردەوە سـەر (مزایای) سیستمی رکەبەرایەتی ئازاد. بەو پێیە نیۆلیبرالیزم وەرسوورانێکی بەرچاو بووە لە سیاسەتی ئـابووری و هـەروەهاش لـە بیـری ئـابووری لـە ڕۆژئـاوادا. لـە کۆتاییـەکانی دەیـەی ١٩٧٠ لـە وڵاتـانێکی وەک ئینگلسـتان، ئەمریکا، ئەڵمان، فەرانسە و ئوسترالیادا سیاسەتە کینزییەکانی ڕێکوپێک کردنی ویستی گشتی جێگەی خۆی دایە ئەو سیاسەتانەی جـەختیان دەکردە سەر رانان. ئەو ئاڵوگۆرە لـە دژکردەوە بـە قـەیرانی ئـەو داکەوتنـە هاتـە ئانجـام کـە لـە نـاوەڕاسـتەکانی دەیـەی ١٩٧٠ وە هێـدی هێـدی ئـابووری کاپیتالیزمی ڕۆژئاوای دەبەرگرت. قەیرانی ئابووری کاپیتالیستی بەتایبـەت زۆربوونی لـە رادە بـەدەری کاپیتـاڵ و دابـەزینی نرخـی بـەهرە، سیاسـەتی دابەزانـدنی خەرجییـە گشـتییەکانی هێنایـە سـەڕووی ئۆگرییـە ئـابووری و سیاسییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا. بەڕێوەبردنی ئەو ئامانجە تەنیا لـە ڕێگـەی

سیاسەتی دابەزاندنی خەرجی حەق دەستە ڕاستەقینە و کۆمەڵایەتییەکان واتا خەرجییە فەرعانی، فێرکاری و لەش ساغییەکانەوە دەلوا.[١]

دەرئەنجامی ئەو ڕووەرگەرانە تیۆری و پراکتیکییە، وەبرەوکەوتنی سیاسیەتە ئابوورییەکانی نیۆکلاسیک و داشکانەوە ڕووەو زێدە بەلای تایبەتی کردن لە ئابووری دا بووە. وەها ڕوووەرسوورانێک لە سیاسەتی ئابووری ئەمریکادا لەساڵی ١٩٧٧ وە لە سەردەمانی سەرۆک کۆماری کارتێرەوە دەستی پێ کرد و لەسەردەمانی ریگان دا گەیشتە چڵەپۆپە. لە ئینگلستان دا سیاسەتی نوێ ئابووری لە ساڵی ١٩٧٦ وە دەستی پێ کرد و لە سەردەمانی سەرۆک وەزیری مارگارێت تاچێر دا بە تەواوی بەرفراوان بۆوە. نیۆلیبرِاڵیزم هەرچەندە تێکۆشانێکە بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ هەل-ومەرجی بەر لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی فەرعانی، بەڵام خۆی دەرئەنجامی هەلومەرجی ئابووری و سیاسی هاوچەرخە. هەندێک وەک "دژە شۆڕش" لە هەمبەر بۆچوونەکانی دەوڵەتی فەرعانی دا باسیان لێ کردووە.[١] سیاسەتە ئابوورییەکانی ڕژێمە نیۆلیبرِاڵەکان بواری گەشەی کەرتی تایبەت و سامان دانەرانی بەغیرەتی وەک سەردەمانی کاپیتالیزمی لیبرِاڵی دەستەبەر کردووە. بەپێی باوەڕی هەندێ لە نیۆلیبرالەکان بوونی یەکێتییە

---

1. A. G. Frank, *Critique and Anti-Critique: Essays on dependence and Reformism.* (London, 1984), pp. 189-195.

1. D. Green. *The New Right: The Counterrevolution in Political, Economic and social Thought.* (London, 1987).

کرێکارییەکان یەکێک لە هۆ هەرە بەرچاوەکانی ئاوسانی رو لە زێدە و داکشانی ئابووری لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بووە. بۆ وێنە فرێدریش هایک سەبارەت بە ئینگلستان گوتوویەتی: "بە بێ ستاندنەوەی ئەو پوانە حقووقییانەی دراوەتە یەکێتییە کرێکاریەکان، ئینگلستان هیچ کات ڕووی خۆش بە خۆیەوە نابینێ."[2] دەوڵەتە نیۆکیبراڵەکان خەریکی بەهێزکردنی کاپیتالیزمی ئازاد و کەرتی تایبەتی لەڕێگەی سیاسەتە دژەکینزییەکانی "ستراتیژی رانان" دا بوون. بۆچوونی سەرەکی دەوڵەتە نیۆلیبڕاڵەکان، بۆتە تایبەتی کردنی پیشەپێکهاتەە نەتەوەییەکان. "باشترین جۆری یارمەتی دانی حکوومەت بە ئابووری ئەوەیە کە بازاڕ ئازاد کا لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆی دا."[3] بە گشتی بۆچوونی نیۆلیبڕاڵی بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی هەل و توانای کۆمپانیا گەورە تایبەتەکان سەبارەت بە ماڵ کۆکردنەوە و هەروەها لەناو بردنی هێدی هێدی ئاستنەگییەکانی بەردەم بازرگانی ئازاد. گەڕانەوە بۆ لیبڕاڵیزم ڕەنگە قەیرانە سروشتییەکانی لیبڕاڵیزمی ئابووری بە پانتایەکی نوێترەوە ئەکتیڤ کا و جارێکیتر دارشتەی دەوڵەت لە ڕۆژئاوادا تووشی ئاڵوگۆڕ بکا.

---

2. Ibid. pp. 205-6.

3. Ibid. p. 200.

## ڕژێمە ڕاستە دەسەڵاتخوازەکان

ڕژێمە سیاسییە ڕاستئاژۆ دەسەڵات ویستەکان ئەو رژیمانەن کە ئاڵ-وگۆری بنچینەیی لە سیستمی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەنووکەدا(بە مەبەستی دابین کردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی) پێک ناهێنن و داڕشتەی دەسەڵاتی سیاسی لە بنەمادا دەسەڵاتاوی و تاک لایەنە و هەروەها بە بێ بەشداری خۆرسکی گرووپ و هێزە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانە. بێ گومان بە سەرنجدان بە رادەی ڕاست ئاژۆیی و یان رادەی باڵادەستی تاک لایەنە میناک گەلێکی جیاجیا بۆ ئەو جۆرە داڕشتە سیاسیانە دەدۆزێتەوە. وەها رژیم گەلێک ڕەنگە درێژەی سیستمە کۆنسێرڤاتە نەریتییەکان بن و یان ئەوەتا لە ئاکامی شۆڕش و ئاڵوگۆری سیاسی خێرادا سەرهەڵدەن. زۆربەی کات ڕژێمە ڕاستئاژۆ دەسەڵات خوازە"شۆرشگێرە"کان لە کۆمەڵناسی سیاسی دا بە گشتی وەک فاشیزم یان تۆتالیتێریزمی ڕاست وەسف دەکرێن. فاشیزم وەک داڕشتەی دەوڵەت لەژێر هەلومەرجێکی تایبەتی مێژوویی دا دێتە دیی و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری تایبەتی هەیە. فاشیزم سەرەتا بەواتای سەندیکالیزمی دەوڵەتی واتا ڕێکخستنی ئابووری کۆمەڵگا لە سەڕوودا لەلایەن دەوڵەتەوە و پشتگیری کردن لە پاوانکراوە تایبەتەکان دەکار دەهات، بەڵام دواتر واتاکەی بەرفراوانتر بۆوە و بە جۆرێک لە ڕژێمە سیاسییە تۆتالیتێرەکان دەگوترا. بەتایبەت کۆمەڵناسی سیاسی فاشیزم بە سەرنجدان بەپێگەی کۆمەڵایەتییەکەی یەکێک لە مشتومر هەڵگرترین و تێکچنراوترین باسەکانی کۆمەڵناسی سیاسییە.

وشەی فاشیزم لە وشەی ئیتالیایی Fascio بە واتای "تاقم، پۆل" و "کۆ" وە وەرگیراوە. ڕیشە لاتینەکەشی واتا Fascis بە واتای پۆلێک چێوەی لێک بەستراوە کە یەکێک بوو لە سەمبۆلەکانی حکوومەت لە رۆمی کەونواردا. دواتریش هەر ئەو سەمبۆلی پۆلە چێوە بوو بە یەکێک لە سەمبۆلەکانی شۆڕشی فەرانسەو پاش ئەویش بزووتنەوەی ژاکۆبۆنی ئیتالیاش وەک سەمبۆلی یەکێتی و ئازادی نەتەوە دەکار هێنا. لە سەدەی نۆزدەهەم دا کرێکارانی نارازی کشتوکاڵی لە سیسیسل دا کۆمەڵەگەلێکیان بەناوی "گرووپە شۆرشگێرییەکان"(revoluzionari Fascio) پێک هێنا. لە ساڵی ١٩١٤ دا گرووپە شۆڕشگێر و ئەنترناسیۆنالیستەکانی ئیتالیاش بەناوی Fasci پێک هاتن. مۆسۆلینی ئەندامی یەکێک لەو گرووپانە بوو. بژارە سیاسییەکەشی لە ساڵی ١٩١٩دا لەسەر بنەمای کۆیەک لە "گرووپە خەباتکارەکان" (Fasci di Combattimento) وەرێخرا.

## تایبەتمەندی و بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوە فاشییەکان

فاشیزم وەک بۆچوونێکی گشتی لە سیاسەت دا بۆ بزووتنەوە توندرۆکانی، ڕاستی دەسەڵاتخواز، دژە کاپیتالیزمی گەورە، دژە دێموکراتیک، دژە لیبراڵ، دژە مۆدێرنیزم، دژە سۆسیالیزم، دژە ئەنارشیزم، دژە مارکسیزم و رابردووئاژۆ دەکار دێ کە ڕەنگە دواجار سەرهەڵدانی سیستمە سیاسییە دەسەڵاتخوازەکان یان تۆتالیتێرەکانی لێ

بکەوێتەوە. فاشیزم زێتر بەو شتانە دەردەکەوێ کە رەتیان دەکاتەوە. فاشیزم بە واتا مێژووییەکەی کە لە نێوان دوو شەری جیهانی دا لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی دا دەرکەوت تێکەڵاوییەک بوو لە ناسیۆنالیزمی توندرۆ، ئیمپریالیزم، دژایەتی لەگەڵ نەریتی ئاوەزی و ڕووناکبیری، پراکتیکی، پەسنی دەوڵەت، ڕەگەزپەرستی، دەسەڵاتپەرستی، ئێلیتیزم، مۆبیلیزەی جەماوەری، شەرخوازی، ڕێبەرپەروەری، کۆنسێرڤاتیزم، جووتیارخوازی، ڕادیکاڵیزمی وردەبوورژوایی و نەریت خوازی. هەر ئەو تێکەڵاوییە تێکچنراوەی ئایدۆلۆژیا بزووتنەوە فاشیستییەکان وای کردووە کە تێگەیشتن لێیان حەستەم بێ. ئەو دەوڵەتانەشی لە ناخی بزووتنەوە فاشیستییەکان دا سەریان هەڵداوە، جەختیان کردۆتە سەر چەمک گەلێکی وەک رێزەوی و دیسیپلینی تاکەکەسی، سەرزنجیرەیی، بوونی نابەرامبەری لە نێوان ستاتۆکانی کۆمەڵگا(ئێلیتیزم)، پێداویستی یەکێتی چینایەتی، یەکریزی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم و یەکریزی بەپێی وتەزاگەلێکی خەیاڵی وەک ڕەگەز و دێموکراسی، تاک خوازی و ئازادییان بە واتا لیبرالییەکەی رەتکردۆتەوە.

لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە، بەپێی زۆربەی ئەو بیرۆکانەی سەبارەت بە سەرهەڵدانی بزووتنەوە فاشیستییەکان خراونە ڕوو، ئەو بزووتنەوانە لەو کۆمەڵگایانەدا سەریان هەڵداوە کە شایەدی پرۆسەی بەرفراوانی لێک بڵاوبوونی یەکریزی نەریتی بوون و هەروەها شایەدی بە جەماوەری بوونی کۆمەڵگا بوون. فاشیزم بەپێی بۆچوونە جۆراوجۆرەکان دژکردەوەیەک بوو لە هەمبەر ڕەوتی نوێژەن بوونەوە و بەپیشەیی بوون و

لەناو ئەو گرووپانەش دا جێی دەبۆوە کە تووشی بارودۆخێکی ئانۆمی هاتبوون. لە دەقی وەها بارودۆخێک دا تاک لە ڕوانگەی سایکۆلۆژییانەوە هەستی تەناهی لە دەست دەدا و بۆ قەرەبووکردنەوەی هێمنایەتی لەدەست چوو پەنا دەباتە بەر دەسەڵات. هەر لەو ڕووەوە بزووتنەوەی مۆبیلیزەی جەماوەری و ڕێبەری و ئایدۆلۆژیا هەمەلاگر ڕاکێشەر دەبێ. بزووتنەوەی فاشیستی لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە لەسەر بنەمای تیپی کەسایەتی دەسەڵاتخوازە کە هەم زاڵخوازە و هەمیش پێرە هەڵگرە. بەپێی ئەوە کە دەسەڵاتداران لەتاکی دەسەڵاتخواز دا هەستی ڕێز و پێداهەڵدان پێک دێنن، هەر لەو ڕووەوە تاکی لاواز لەلای وەها کەسایەتییەکەوە کەم و هیچ دێتە ژمار.

بە گشتی فاشیزم دەرئەنجامی گووشارە ڕوحییەکانی چاخی مۆدێرنیزم، لێک دابرانی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگای جەماوەری و هەڵقوڵاوی هەستی ترس و تەناهی چینایەتی بوو کە لە پرۆسەی نوێژەن بوونەوە و بازرگان بوونی کۆمەڵگادا زیانیان بەرکەوتبوو. لە هەمبەر دا ئایدۆلۆژیا فاشیستی بۆ ڕەواندنەوەی ترسی مۆدێرنیزم جەختی دەکردە سەر دەسەڵات، شووناس، پەیڕەوی، ڕێکوپێکی، ڕێبەری،سەروەری نەتەوەیی، یەکریزی و ئەو جۆرە شتانە. لەدەقی ئەو بوار و قەیرانە گشتییەدا بوو کە هۆکار و قەیرانە دەم کورتەکانی وەک دەرئەنجامەکانی شەری یەکەمی جیهانی،

قــەیرانی داکــەوتن، هەســتی ناسیۆنالیســتی و هتــد کاریگــەر بــوون لەسەرهەڵدانی فاشیزم دا.[1]

بزووتنەوەی جەماوەری فاشیزم لە هـەموو شـوێنێک دا پێـک هـاتبوو لەو تاکانـەی کـە لـە ڕوانگـەی کۆمەڵایەتییـەوە ناتـەناهی و دە مەترسـی و تێداچوون دا بوون و لەهەمبەر بزواتی کۆمەڵگای مۆدێرن و تێکرمانی ستاتۆ چەسپاوەکانی کۆمەڵگای نەریتی دا دژکردەوەیان دەنواند. ئامانجی فاشیزم گەڕانـەوە بـووە بـۆ بـارودۆخی کۆمەڵایـەتی بـەر لـە مـۆدێرن، بـەر لـە بەپیشەسازی و بەر لە دێموکراتیک بوون.

فاشـیزم وەک بزووتنەوەیـەکی تونـدرۆی ڕاسـتی رادیکـاڵ زۆربـەی لایــەنگرانی خــۆی لــە وردەبــوورژوازی و چینــە مــامناوەندییــە روەو تێداچوونـەکان وەدەست دێنـا. قەیرانـەکانی نـوێژەن بوونـەوە و ئـابووری کاپیتالیستی کە کارتێکەرییەکی خراپیان نابووە سەر وردەبوورژوازی شاری و چینە جووتیارییەکان بووە هۆی بەرفراوان بوونەوەی پێگـەی کۆمەڵایـەتی فاشیزم و بواری مۆبیلیزەی جەماوەری لە پانتایەکی بەربڵاودا.

بزووتنەوەی فاشیستی بزووتنەوەیـەکی یەکدەست و یـەکریز نییـە و لانی کەم دوو بۆچوونی سەرەکی تێدایە. یەکـەم بۆچـوونی کۆنسێرڤاتانەی

---

١. گیلبرت آلاردیس، *جایگاه فاشیسم در تاریخ اروپا*، ترجمه حشمت‌الله رضوی. انتشارات کیهان، ١٣٧١.

چینە سەرۆکانی نەریتی کە زۆربەی کات لە هەمبەر لیبڕاڵیزم، مۆدێڕنیزم و بۆچوونە سۆسیالیستییەکان دا دژکردەوە پێشان دەدەن و ئەوەیتریش، بۆچوونی کەم و زۆر رادیکاڵی وردەبوورژوازی و جووتیارانی لەکاتی داکەوتن دایە کە زۆربە لە هەمبەر کاپیتالیزمی مۆدێڕن و سەرهەڵدانی کاپیتالیزمی زەوی، ماڵی و پیشەسازی گەورەدا دژکردەوە پێشاندەدەن. هەر بەو هۆیەیە هەر وەک پێشتریش وتمان ئایدۆلۆژیا فاشیزم و بەتایبەت بزووتنەوەی فاشیستی تێکەڵاوییەکە لە ئامانجە دژە کاپیتالیستیەکان، داشکانەوە بەلای کاپیتاڵە بچووکەکان، توندکردنەوەی یەکریزییە نەریتیەکان لە کۆمەڵگای مۆدێڕنی نیوەپیشەسازی دا، کۆنسێرڤاتیزم و پشگیریکردن لە نەریتە بنەماڵەیی و فەرهەنگییەکان، ڕادیکاڵیزمی وردەباوژوایی و نەریتخوازی جووتیاری و باوک سالارانە.[1] چینەکانی کۆمەڵگای نەریتی بەتایبەت چینە مامناوەندییەکانی لە کاتی داکەوتن دا لە پرۆسەی مۆدێڕنیزم دا تەناهی و هێمنایەتی خوو پێ گرتووی خۆیان لەدەست دەدەن و هەڵدێن لەو ئازادییانەی کە کۆمەڵگای مۆدێڕن لەگەڵ خۆی دا دەیان هێنێ و هەر لەو ڕووەوە هەر کە بزووتنەوە و ئایدۆلۆژیا و ڕێبەرایەتی سەریان هەڵدا خۆی دەئامێزی داوێن هەتا دوور بن لەو ئازادییە نەخوازراوە و تەناهی نەریتی لە دەست چوویان لەناو ئایدۆلۆژیا تۆتالیتێر و گشتگیردا بدۆزنەوە. ئێریک فرۆم لە کتێبی *هەڵاتن لە ئازادی* دا

1. H. Trever-Roper, “The Phenomenon of Fascism”, in *European Fascism* edited by S. Woolf, (New York, 1969).

فاشیزمی پێ دەرئەنجامی گووشارە رەوانییەکانی مۆدێڕنیزم و کاپیتالیزمە. بەباوەڕی فرۆم داڕشتەی رەوانی چینی مامناوەندی واتا کەسایەتی دەسەڵاتخواز کە خاوەن بۆچوونی سادیستی و مازۆخیستییە تاک ئامادەی پەژراندنی فاشیزم دەکا. بەو پێیە فاشیزم لەسەر بنەمای ترسی لەدەست دانی رابردووی خوو پێگرتوودا هاتنی داهاتوویەکی نادیار و دژکردەوەیەکی ترساویشە سەبارەت بە دنیای نوێ.[٢]

لە ڕوانگەی سایکۆلۆژی جەماوەرییەوە ئەو تاانەی یەکریزی نەریتی خۆیان لەدەست داوە و لەکاتی تێکڕووخان و "ئانۆمی"دا دەژین سەوداسەری "منی ئایدیال"ن هەتا ئەو بۆشاییەی بە هۆی سەرلێشێواون و پەست بوونە یان هەتۆتە ئاراوە پر بێتەوە.[٣] هەر لەو ڕووەوە ڕێبەرایەتی لەو چەشنە بزووتنەوەدا ڕۆڵی بنەڕەتی دەبینێ. هزری یەکێتی و یەکەبوونی ڕێبەر و جەماوەر لە فاشیزمی ئوڕووپایی دا لێرەوە سەچاوەی دەگرت. بزووتنەوەی فاشیزم لە هەموو شوێنێک دا دەبەردابوو دەرئەنجامە ناخۆشەکانی کاپیتالیزم بۆ خاوەنێتی و کاپیتاڵی بچووکی وردەبوورژوازی، ژیانی نەریتی و ئابووری خۆبژیوی جووتیاران و فەرهەنگ و شێوە ژیانی ئەریستۆکراسی تێک بشکێنێ. وادەی لەناوبردنی چربوونەوەی کاپیتاڵەکان، "ئازادی ئابووری"، "خۆبەرێوەبەرایەتی"، زیندووکردنەوەی

---

٢. اریش فروم، پیشین، فصلهای ٥، ٦.

3. S. Freud, *Group Psychology and the Analysis of the Ego.* (New York, 1960).

سینفەکان، پشتگیری کردن لە کەسب و کار و کاپیتاڵە بچووکەکان، خەبات لەگەڵ بۆچوونە پاوانکراوەکان، هاوسەنگ کردنی ناکۆکییە چینایەتییەکان و لەو جۆرە شتانە بواری مۆبیلیزەی جەماوەری بزووتنەوە فاشیستییەکان دەستە بەردەکەن. ئامانجی ئابووری فاشیزم بەلای سیستمی کاپیتالیستی بچووک و سینفی دا دەشکێتەوە کە لەودا کرێکار خاوەنکاری خۆشییەتی. بۆچوونی دژەکاپیتالیستیانەی بزووتنەوەی فاشیستی دەرئەنجامی هەڵوێستێکی بەر لە کاپیتالیزمە و هەر لەو روەوە بەردەوام هاورێ بووە لەگەڵ بۆچوونێکی دژە سۆسیالیستی. سۆسیالیزم و بزووتنەوەی کرێکاری، وەک یەکێک لە دەرکەوتەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن لە هەموو شوێنێک دا دژکردەوەی نێگەتیڤی بزووتنەوە فاشیستییەکانی ورووژاند.

لەئامانج و پلانەکانی بزووتنەوە فاشیستییەکان دا هەم ئەو نابەرامبەرییانە رەخنە دەکرێن کە دەرئەنجامی سیستمی کاپیتالیستین و هەمیش بەرامبەری خوازی تێکدەری سۆسیالیزم. گەڕانەوە بۆ تەناهی لەدەست چووی کۆمەڵگای نەریتی لە ڕوانگەی ئەریستۆکراسییەوە پێویستی گەراندنەوەی ڕێوڕەسمی پەیڕەوی و فەرمانبەری رەعیەت و جەماوەری خەڵکە لە هەمبەر ڕێبەرانی هەڵبژاردە و ئێلیت دا. شێوازی سیستمی فاشیزم لە بنەمادا ئەریستۆکراسی، ئۆلیگارشی و ئێلیتیستیانە و لەخۆگری تۆخمێکی بەهێزی پاتریمونیالیزمە. لە ئایدۆلۆژیا فاشیستی دا بەرادەی پێچەوانەی هەر ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیتر هیچ چەشنە خۆنواندنێک سەبارەت بە دێموکراسی نایەتە ئەنجام، بەڵکووو دێموکراسی وەک سیستمێکی گەندە و هەڵوەشاوە سەیر دەکرێ. تۆخمی ناسیۆنالیستی یان

نیـوە ناسیۆنالیسـتی(ڕەگەزخوازی) لـە ئایـدۆلۆژیا فاشـیزمیش دا لەسـەر بنەمای ئەو جەختەیە کە دەکرێتە سەر رابردووی ئایـدیالی لەدەست چـوو. ناسیۆنالیزم یـان نیـوە ناسـیۆنالیزم لـە ئایـدۆلۆژیا فاشـیزمدا، نوێنگـەی خواستی پێک هێنانی یەکێتی و یەکریزی لە هەلومەرجێک دایە کـە بنـەمای یەکریزی نەریتی تێک شکاوە.

لە ڕووی مێژووییەوە بزووتنەوە و ڕژێمە فاشیستییەکان لە ولاتانێک دا سـەریان هەڵـداوە کـە پێشـتر شـایەدی ڕوودانـی شۆرشـە دێموکراتیـک و بوورژوا توند وتیژەکان نەبوون. لـەو ولاتانـەدا بـە هـۆی هۆکـارە تایبەتـە مێژووییەکانـەوە هـیچ چەشـنە چینێکـی شۆڕشـگێری سـەربەخۆ و بـەهێز نەهاتەدیی هەتا سیستمی سیاسی و کۆمەڵایـەتی و فەرهـەنگی نـەریتی بـە شێوەی شۆڕشە دێموکراتیکەکانی وەک شۆڕشی فەرانسە تێکـەوە پێچـێ. لـە لایەکیترەوە بەرفراوان بوونەوەی تۆڕی پەیوەندییـە بازرگـانی و سیاسییە نێونەتەوەییـەکان لـە سـەدەی نۆزدەهـەم و سـەرهەڵدانی ململانـێ ناسیۆنالیستییەکان، ئـەو ولاتانـەی لـە ڕووی پیشەسـازی و ئابوورییـەوە دواکەوتوو بوونی هێنانـە سـەر ئـەو رایـە کـە بـە مەبەسـتی پتـەوتر کردنـی بنەماکانی دەسەلاتی نەتەوەیی خۆیان دەست بدەنە ڕیفۆڕم یان "شۆرش لـە سەڕووو"را. بەو پێیە بەشێکی چینـی دەسـەلاتداری ئەریستۆکراسـی کـۆن کـە ئاگادارییەکی زۆرتری لە پێداویستی ئاڵوگۆڕەکـان دا هـەبوو بـو ڕاکێشـانی پشتگیری چینە مامناوەندییە بازرگانی و پیشەپێکهاتەکان کـە لاواز بـوون، دەستیـان دایە ڕیفۆڕم و ئاڵوگۆرگەلێک لە سەڕوودا. ئـەو شـێوە ئـاڵوگۆرە کۆمەڵایـەتی و ئابوورییـە دەتـوانین لـە ڕیفۆڕمـەکانی میجـی ژاپـۆن دا،

ڕیفۆڕمەکانی بیسمارک لە حەڵمان دا و بە پلەگەلی لاوازتر دە حکوومەتە نەتەوەییەکانی ئیتالیا، ئیسپانیا و پۆرتۆگاڵدا بەدی بکەین.

ئەو چەشنە ڕیفۆڕمانە ڕاستەخێرابوون و لە هەندێ بواریش دا کەڵەکە بوونی کاپیتاڵ و پەرەسەندنی ئابوورییان دەستەبەر کردووە بەڵام بەپێچەوانەی شۆڕشە دێموکراتیکەکان، لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە گشتگیر نەبوون و کۆمەڵگای نەریتیان بە گشتی تێک بەڕووخاند. لەئاکامی پاشماوەکانی کۆمەڵگای بەر لە کاپیتالیزم ەاتە چینە کۆنەکان و داڕشتەی کۆمەڵگا و فەرهەنگی نەریت کەم تا زۆر دەست لێ نەدراو مایەوە و بەردەوام بوو. لە شۆرشی فەرانسە دا سیستمی فیۆدالی، سیستمی سینفی و کۆمەڵگای نەریتی جووتیاری بە تەواوی تێک شکا، لە کاتێک دا لەو کۆمەڵگایانەی ئەزموونی "شۆڕشی کۆنسێرڤاتانەیان" هەبوو بەشێکی بەرچاوی پەیوەندییە بەرهەم هێنەکانی فیۆدالی، سینفە نەریتی و کۆمەڵە گوندییەکان و جووتیارییەکان بەردەوام مانەوە. دەرئەنجامی ئەو ئاڵ- وگۆڕانە سەرهەڵدانی داڕشتەیەکی کۆمەڵایەتی دوو فاقە یان پێکەوە ژیانی دوو فۆڕماسیۆنی کۆمەڵآیەتی بوو. ئەو دوو فاقی بوونەی داڕشتەیە بواری سەرەکی سەرهەڵدانی بزووتنەوە فاشیستیەکانی پێک هێنا. هەڵبەت فاشیزم وەک رژیمێکی سیاسی کاتێک دێتەدی کە ئەو بوارە داڕشتەییە لە ڕێگەی هۆکارە پێویستەکانی سیاسی و مێژووییەوە ئەکتیڤ بن. یەکێک لە گرینگترینی ئەو هۆکارانە سەرهەڵدانی قەیران لە کۆمەڵگای مۆدێڕنێک دایە کە لە ئاکامی ڕیفۆڕم و شۆڕش لە سەڕوورا سەری هەڵداوە. ئەو قەیرانە ڕەنگە بە شێوازی ئابووری، سیاسی و روحی دەرکەوەێ و دەکرێ وەک

قەیرانی مۆدێرنیزم و یان کاپیتالیزمی لاو ناوی لێ بەرین. لە زۆربەی بیرۆکەکان دا، فاشیزم و کۆمەڵگای جەماوەری وەک نەخۆشییەکی سەرەتایی سەرهەڵدانی کاپیتالیزم و مۆدێرنیزم سەیر دەکرێن.[1]

بە گشتی فاشیزم وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، دژکردەوەی چین و گرووپە نەریتییە زیان لێ کەوتووکانی مۆدێرنیزم لە دژی کۆمەڵگای مۆدێرن و دەرکەوتە جۆراوجۆرەکانی(بە کاپیتالیزم، سۆسیالیزم، لیبراڵیزم و مۆدێرنیزمەوە) بووە. لە دارشتەی کۆمەڵگای دوو فاقەدا، بەشی نەریتی بەردەوام لەژێر هێرش کردن دایە و لە کاتی تێداچوون دایە. هەر لەو رووەوە ئایدۆلۆژیا بزووتنەوە فاشیستیەکان زۆربەی کات داکۆکی کەر و "نێگەتیڤ"ن و بۆ گەیشتن بەو لەسەرخانە فکری و ئایدۆلۆژیاکییەکانی فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی کۆن کەڵک وەردەگیرێ. فاشیزم نارەزایەتی ئەو چین و گرووپە کۆمەڵایەتییە رووەوە تێداچونانەیە کە لەگەڵ جیهانی مۆدێرن دا هەست بە دۆستایەتی ناکەن و بەو پێیە بە شێوەی دژکردەوەیەکی گوماناوی دەبیری زیندووکردنەوەی سیستمی نەریتی ئیەئالیزەبوون دان. ماکە سەرەکییەکانی یۆتۆپیای فاشیستی لە فەرهەنگ و سیستمی کۆمەڵایەتی تێپەرکراوەوە وەردەگیرێن. بەو واتایە فاشیزم نارەزایەتییەکی "رادیکاڵ" بووە لە لایەنی راستەوە سەبارەت بە کۆمەڵگای مۆدێرن. ناوئاخنی سەرەکی ئایدۆلۆژیایە فاشیستییەکان لە راستی دا هەمان

---

١. مور، پیشین، فصل دوم.

"کۆنسێرڤاتیزمی" نەریتییە کە بێ گومان دە هەڵومەرجی ئاڵوگۆری مێژووی دا بەشێوەی ئایدۆلۆژیا دواکەوتوو و توندوتیژ دەردەکەوێ.

لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە، فاشیزم نوێنگەی دژکردەوەی نارەزایەتی و هەستی لاوازی و ترسی چینەکانی بەر لە کاپیتالیزم بووە و بەتایبەت وردەبورژوازی و جوتیاران لەهەمبەر دەسکەوتەکانی دێموکراسی، مۆدێرنیزم و کۆمەڵگای پیشەسازی دا. دژەکردەوەی چینەکانی بەر لە کاپیتالیزم لەهەمبەر ئەو گووشارانەی لە بەپیشەسازی بوون دەکەونەوە هاورێیە لەگەڵ هەستی بەپەرۆش بوون بۆ کۆمەڵگای نەریتی. فاشیزم یەکێک لە نەخۆشییەکانی سەردەمانی تێپەربوون لە کۆمەڵگای نەریتییەوە بوو بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی مۆدێرن و هەر لەو روەوە فاشیزم نە لە کۆمەڵگای تەواو نەریتی دا و نە لە کۆمەڵگای تەواو پیشەسازی و مۆێرن دا بواری سەرهەڵدانی پێک نایە.

## دەوڵەتی فاشی

یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی کۆمەڵناسی سیاسی فاشیزم کە زۆربە لەبەرچاو نەگیراوە، پێداویستی جیاوازی دانانە لە نێوان بزووتنەوە و دەوڵەتی فاشیستی دا. زۆربەی کات بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی – سیاسییەکان بەر لە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵآت و پاش ئەو لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە تووشی ئاڵوگۆر دەبن. هەر کات بزوتنەوەیەک دەستی گەیشتە دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسایەتی دەکەوێتە سەر شان و ئیتر ناتوانێ هەر وەک سەردەمانی بەر لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات تەنیا

نوێنــەری بەرژەوەنــدی گرووپــە بنچینەییــەکانی خــۆی بــێ. ڕژێمــە فاشیستییەکان بەردەوام تووشی کێشەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای دوو فاقـەی نیوە نەریتی و نیوە مۆدێرنن و بوتایبەت لە ڕەوتی بێ گەڕانەوەی ئاڵوگۆڕ و نوێژەن بوونەوەی ئابووری – کۆمەڵایەتی دا دەبێ بە جۆرێک لەگەڵ ئـەو کێشـەیە یـەک لا بنـەوە. هـەلاجی ڕژێمـە فاشیسـتییەکان لـەنێوان ئـەو دوو بەشەدا یەکێک بووە لە هۆکارە گرینگەکانی تێکچنراوی دیـاردەی فاشـیزم و تێگەیشتن لیی و رانانی ڕاڤەگەلی ناکۆک سەبارەت بەو ڕژێمە. لە ڕوانگـەی مێژووییەوە ڕژێمە فاشیستییەکان لەژێر کاریگەری ئاستەنگییە نـاوخۆیی و دەرەکییــەکان دا ناچــار بــوون هێــدی هێــدی دە ئایــدۆلۆژیا خۆیــان دا بــە هاوســـەنگی ڕادیکـــاڵیزمی دژە کاپیتالیســـتانە و بـــەهێزکردنی تـــۆخمی کۆنســـێرڤاتیزم و ڕاســـتئـــاژۆی بـــە زەرەدی تـــۆخمی ڕادیکـــاڵیزمی وردەبوورژوازی پشتگیری هەندێ لـە بەشـەکانی چینـە کاپیتالیست بـۆ لای خۆیان ڕاکێشن. پێداویستی دەوڵەت بـە کـەرتی تایبـەتی بـە سـەرنجدان بـە بەردەوام بوونی خاوەنێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەم هێنـا دە فاشـیزم دا نـەک دانەبـەزیی بـەڵکوو بـە هـۆی ئـەکتیڤ بـوونی دەوڵـەت دە گۆڕەپـانی نادەوڵــەتی دا(ئیمپریــالیزم و شــەرخوازی) جاروبــار بــەرزیش دەبێتــەوە. فاشـیزم هـیچ کـات بـەکردەوە لـە بـواری ئـابوری دا نـەبوو بـە سیسـتمێکی تۆتـالیتێر بەو واتایەی لە ستالینیزم دا بەدی دەکرا، دزگـا سیاسییەکەشـی لـــە ئـــەڵمان و ئیتالیـــادا بەشـــێوەیەکی بـــەردەوام تووشـــی ململانـــێ و گێرەوکێشەی تاکەکەسی و گرووپی بوو. بەردەوام بوونی خـاوەنێتی تایبـەت بەسەر ئامرازەکانی بەرهـەم هێنـان دا پشت بەسـتنی رو لـە زێـدەی رژێمـی سیاسی وە سامانە بازرگانی و پیشەسازی و ماڵییەکان دا بۆتە هـۆی ئـەوە

کە هەندێ لە نووسەران بەتایبەت لەناو مارکسیستەکان دا بە سەرنجدان بە بارودۆخی کۆتایی رژیمی فاشیستی، بەو ڕژێمە بڵێن رژیمی کاپیتالیٔ ماڵی و بوورژوازی گەورە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە ستالین، فاشیزمی بە حکوومەتی بوورژوازی گەورە کە هەلومەرجی قەیران دا دادەنا. بەباوەڕی ستالین چین لە هەلومەرجێک دا ئیتر نەیدەتوانی بە شێوەی دێموکراتیک و پارڵمانتاریستی حکوومەت بکا و بۆ هەڵاتن لە قەیرانی کاپیتالیزم ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر شێوە نادێموکراتیک و ترسناکەکان. هەندێکیتری مارکسیستەکانیش، فاشیزمیان پێ چڵەپۆپەی سیستمی کاپیتالیستی، یان وەک دیکتاتۆڕی بوورژوازی لە سەردەمانی قەیرانی کاپیتالیستی دا وەسف دەکرد کە ئامانجی رەواندنەوەی مەترسی لەسەر کاپیتالیزم و پتەو کردنی پێگەی بورژوزی ماڵی گەورەیە. بەپێی ئەو ڕاڤەکردنە فاشیزم سەخانێکی سیاسیترە بۆ کاپیتالیزم. سەربردەی ئەو جۆرە تێگەیشتنانە لە فاشیزم دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی کۆمینتێرن کە لە پلێنۆمی سیزدەهەمی کۆمیتەی بەرێوەبەرایەتی خۆی دا لە ساڵی ١٩٢٨ فاشیزمی وەک "دیکتاتۆڕی ئاشکرای کۆنە پارێزترین تۆخمەکانی کاپیتاڵی ماڵی" وەسف کرد.[١] ڕاڤەی فاشیزم وەک دەرئەنجامی کاپیتالیزمی ماڵی پاوانکراو لەناو کۆروکۆمەڵە کومۆنیستەکانی ئوڕووپای رۆژهەڵات دا باوترین ڕاڤە بوو. بەپێی ئە بەڵگەیە قەیرانی گشتی کاپیتالیزم دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شێوازگەلێکی پاوانکراوی دەوڵەتی کە باڵادەستی کاپیتاڵی ماڵی بەهێز دەکەن. گرینگترین

1. COM intern, *These and Decisions.*13th Plenum. (New York, 1934), p. 3.

ڕەخنەیەک کە ئاراستەی ئەو بیرۆکەیە دەکرێ ئەوەیە کە فاشیزم لە وڵاتانی نیوەپیشەسازی و نیوەکاپیتالیستی دا سەری هەڵدا کە هێشتا شایەدی سەرهەڵدانی کاپیتالیزمی ماڵی و پاوانکراو بەشێوەیەکی تەواو نەببوون. لەلایەکیترەوە ڕاڤەکردنی فاشیزم بەتایبەت لە ئەڵمان دا وەک کاپیتالیزمی پاوانکراوی دەوڵەتی و هاوپەیمانی دەسەڵاتی ئۆلیگارشی ماڵی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی حیزبی دەسەڵاتدار تەنیا پەیوەندی بە لایەنێکی دەوڵەتی فاشیستییەوە هەیە واتا پەیوەندی نێوان سامانە گەورەکان و دەوڵەت لە هەلومەرجی سەقامگیری تەواوی دەوڵەتی فاشیستی دا هەبوو. هەروەها لەناو کۆمەڵە ماڵییەکانی کۆمەڵگای ئەڵمانی هیتلێری دا بەپێی بەڵگەکانی بەردەست گرژی و ناکۆکی توند لەئارادا بوو و حیزبی نازیش بە تەمابوو ئەو ناکۆکیانە پوش بەسەر کا. هەر بەپێی ئەو بەڵگانە هیچ گومانێک نامێنێتەوە سەبارەت بە ڕۆڵی گرینگی کاپیتاڵە گەورەکان و هاریکاریان لەگەڵ سیستمە فاشیستییەکان بەتایبەت لە ئەڵمان-دا(پیشەپێکهاتەە قورسەکان و بانکە سەرەکییەکانی ئەڵمان قازانجێکی زۆریان لە سیاسەتەکانی حیزبی نازی دەست کەوت) بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە سیاسەتە سەرەکییەکانی رژیم لەلایەن گرووپە ماڵی و پیشەپێکهاتەە گەورەکانەوە دیاری دەکرا و یان ئاڵوگۆر لە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی دا شوێن پەنجەی ئاڵوگۆرەکانی ناوخۆی کۆمەڵە کاپیتالیستییەکانی پێوە بووە. لەگەڵ ئەوەش دا ڕژێمە فاشیستییەکان بە شێوازی جۆرواجۆر و ناڕێکوپێک دەستیان دە ئابووری کاپیتالیستی وەردەدا. لەلایەکیترەوە گرووپە خاوەن دزە پیشەسازی و ماڵییەکان دژی ئاڵوگۆر دە سیاسەتی دەرەکی هیتلێر لەساڵی ١٩٣٨ بە دواوە بوون. لەگەڵ

ئەوەش دا ڕۆڵی کاپیتالیستە گەورەکان لە پێک هاتنی کابینەکانی هیتلێردا لەلایەن توێژەکانی ڕۆژئاواشەوە جەختی لەسەر کراوە. پشتگیری ماڵی و سیاسی بەشێکی بەرچاوی پیشەسازی قورسی ئەڵمان لە حیزبی نازی کاریگەر بوو لە پتەو کردنی پێگەی ئەو حیزبەدا. هەروەها بەپێی بەڵگەکانی بەردەست گرووپە کۆنسێرڤاتە ماڵی و پیشەسازی و بازرگانییەکان تێکۆشان ئۆگرییەکانی فاشیزم بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی لەغاو کەن. بێتوو فاشیزم لە ڕوانگەی مێژوویییەوە بەردەوام بایە بێ گومان ئۆگرییە کاپیتالیستی و کۆنسێرڤاتییەکەی بە گۆرتر دەبوو و بۆچوونە سەرەتاییە دژە پیشەسازی و دژە کاپیتالیستییەکەشی هێدی هێدی لەناو دەچوو. بەهەرحاڵ سەکوتی یەکێتییە کرێکارییەکان، کەم کردنەوەی حەق دەستە ڕاستەقینەکان و دابەزینی بەکارهێنەرە گشتییەکان لەپەیوەندی لەگەڵ سیاسەتەکانی شەردا، هەلومەرجێکی لەباری بۆ گەشەی پیشەپێکهاتەە قورسەکان و هەروەها چرکردنەوەی کاپیتاڵی پیشەسازی بە زەرەدی بەشی بازرگانی و کشتوکاڵی پێک هێنا.[1] بەو پێیە ڕاستەقینەی باڵادەستی چینایەتی لەگەڵ پلانە کۆمەڵایەتییەکانی حیزبی نازیش دا بەردەوام مایەوە. رژیمێکی کە بە مەبەستی خەبات لەگەڵ کۆمەڵگای پیشەسازی و کاپیتالیستی بوورژوایی دا گەیشتبووە دەسەڵات، لەڕاستی دا یارمەتی ئەو ڕژێمەی کرد هەتا پێ بگا. دواجار بۆچوونە دژە مۆدێرنیستی و و

---

1. D. Schoenbaum, *Hitler's Social Revolution: Class and Status in Nazi Germany: 1933-39*, (London, Doubleday), pp. 298-300.

مۆدێڕنیستەکان لە فاشیزم دا لەگەڵ یەکتر تێکەڵاوبوون و ڕەوتی تێداچوونی دارِشتەی کۆمەڵگای نەریتییان بە گۆرتر کرد. گرژی هەمەلاگر لە ڕژێمە فاشیستیەکان دا لەنێوان داشکانەوە بەلای زیندووکردنەوەی یەکریزی و فەرهەنگی نەریتی و نوێژەن کردنەوەی بێ سنوور لە بنەمادا بوونە هۆی لاوازبوونی بنەماکانی دەسەڵاتی ئەو رژیمانە. دواجار لە هەموو شوێنەکان دا فاشییەکان ناچار بوون لەگەڵ بوورژوازی گەورە و ئەرتەش و کڵێسەدا لەدژی بۆچوونە رادیکاڵی و وردەبوورژوازییەکان دا یەکدەست بن. مانەوە فاشیزم لە دەسەڵات دا بەلای قازانجی کاپیتالیزمی پیشەسازی و بازرگانی و زەوی داشکایەوە و لەلایەن کڵێسەشەوە پشتگیری لێکرا.

نموونە مێژووییەکان. هەروەک پێشتریش باسمان لێ کرد لەناو بزووتنەوە فاشیستییەکان دا دوو بۆچوون لەئارادابوون کە یەکیان بۆچوونی رادیکاڵی دژە کاپیتالیست، بەرامبەرخواز(و جاروبار دژە پیشەسازی) بوو کە لەسەر بنەمای ئۆگرییەکانی وردە بوورژوازی نەریتی و جووتیاری و چینە مامناوەندییەکان بوو و ئەوەیتریشیان بۆچوونی کۆنسێرڤات و دژە سۆسیالیستی بوو کە لەسەر بنەمای ئۆگرییەکانی چینە دەسەڵاتدارە کۆنەکان بوو. ئەوە کە تا چ ڕادەیەک لە هەر کام لەو دوو بۆچوونە لەناو رژیمی فاشیستی دا باڵادەست دەبوو، تایبەتمەندی تایبەتی فاشیزمی لەهەر وڵاتێک دا دیاری دەکرد. هەر لەو روەوە فاشیزم لە ڕاستی دا ئایدۆلۆژیا چینێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکووو بزووتنەوەیەکە پر لە پاڕدۆکسی ناوخۆیی. لە فاشیزم دا کۆنسێرڤاتیزم، ڕادیکاڵیزم و دژایەتی لەگەڵ شۆڕش دا پێکەوە تێکەڵ دەبوون.

پاژە سەرەکییەکانی فاشیزمی ئورووپا، یەکیان کۆنسێرڤاتیزمی ئەریستۆکراسی، ئایینی چینەکانی سەرووو بوو کە دواجار بوو بە لەمپەری دینامیزمی بزووتنەوەی جەماوەری فاشیزم و ئەویتریشیان ڕادیکالیزمی دژە کاپیتالیستانەی وردەبوورژوازی نەریتی و جووتیارانە. لە سەرکەوتنی هەر کام لەو دو بۆچوونە لە بزووتنەوە و رژیمی فاشیستی هەر ولاتێک دا هۆکارگەلێکی جۆراوجۆر کاریگەرن وەک ڕادەی پەرەسەندنی ئابووری و پیشەسازی، ڕادەی گەشەکردنی کاپیتالیزمی مۆدێرن و بوورژوازی گەورە، ڕادەی دەسەڵاتی هێزە کۆنسێرڤاتەکانی وەک ئەریستۆکراسی، کلێسە و روحانییەت، ڕادەی ڕێکخراوەیی چینە وردەبوورژواکان و ڕادەی ڕێکخراوەیی چینە کرێکارییەکان و سەرهەڵدانی یەکێتییە کرێکارییەکان و حیزبە چەپەکان و بەتایبەت پلەی مەترسی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لەسەر دیسیپلینی چەسپاودا.[1]

**فاشیزمی ئیتالیا.** فاشیزم بەواتای وردی وشە لە ئیتالیادا بە بزووتنەوەی مۆسۆلینی دەوترا کە لە ساڵانی ٤٥ – ١٩٢٢دا دەسەڵاتی سیاسی لە دەست دا بوو. تەنانەت هەندێ لە نووسەران نازیزمی ئەڵمان و فالانژیزمی ئیسپانیا لەگەڵ ئەو هەمووە وێکچوونییە بنەڕەتییەی لەگەڵ فاشیزمی ئیتالیادا هەیانە وەسف کردینان وەک ڕژێمە فاشیستییەکان بە ڕەوا نازانن. هەر وەک پێشتریش ئاماژەی پێ درا، "گرووپە

1. H.Trever-Roper, op. cit.

خەباتکارەکانی" مۆسۆلینی کە لـە سـاڵی ١٩١٩ دا پێـک هـاتن لەدەسپێک دا چەپئاژۆ بوون. مۆسۆلینی خۆی هەتا ساڵی ١٩١٤ وەک یەکێک لـە ئەندامـە ئەکتیڤەکانی حیزبی سۆسیالیست دەهاتە ئەژمار و سەرنووسەری رۆژنامەی سۆسیالیستی *ئاوانتۆ* بوو. مۆسۆلینی لە هەمبەر سۆسیالیستە ڕیفۆڕمخواز و ئاشتی خوازەکان دا پشتگیری لـە کردەوەی ڕاستەوخۆ و سەندیکالیزمی شۆڕشگێری دەکرد و هەر بەو هۆیە لە حیزب وەدەر نرا. لە درێژەی ساڵانی شـەردا دژایەتییەکـەی لەگـەڵ سۆسـیالیزم دا بـەگۆرتر بـوو و لـە جێگـەی سۆسیالیزم پشتگیری لە ناسیۆنالیزمی هێرش بەر دەکرد. فاشیزمی ئیتالیا هـەر لـە هـەمان دەسپێکەوە خـاوەن دوو بۆچوونی سـەرەکی ئایـدۆلۆژیاک بـوو، یـەکیان بۆچـوونی سـەندیکالیزمی شۆڕشـگێری و ئـەوەیتریشـیان بۆچـوونی کۆنسـێرڤاتی و ناسـیۆنالیزمە. "گرووپـە خـەباتکارەکان" لـە دەسـپێکەوە تووشـی گـرژی و نـاکۆکی هـاتن لەگـەڵ یەکێتییـە کرێکارییـە سۆسیالیستییەکان دا و خاوەن زەوییە گەورەکان بەتایبەت لـە دەوروپشـتی چەمی پوو دا کەڵکیان لە گرووپە فاشییەکـان وەردەگـرت وەک کەرەسـەیەک بـۆ ترسـاندنی جـەماوەری جووتیـاران و بـەرگری کـردن لـە داشکانەوەیان بەرەولای سۆسیالیزم دا. یەکێتی لەگەڵ گرووپە خـاوەن زەوییـەکان و تـەڤڵ بـوونی تـاکێکی زۆری چینـە مـامناوەندییـەکانی خـوارووی لەگـەڵ فاشیزم دا گرینگتـرین تایبەتمەنـدی بزووتنـەوەی سـەرەکی فاشـیزمی یتالیـا بـوو. هەروەها ڕاکێشـانی پشـتگیری هێـزە چەکدار و پۆلیسـەکان لـە پێشکەوتنی کاری حیزبی فاشیست لەهەمبەر دەوڵەتی لیبڕاڵ دا زۆر کاریگەر بوو.

یەکەمین حکوومەتی مۆسۆلینی بە هاوپەیمانەتی لەگەڵ فاشییەکان، ناسیۆنالیستەکان و لیبراڵەکان دا لە ساڵی ١٩٢٢ دا پێک هات. لە ساڵی ١٩٢٣ دا فاشیست و ناسیۆنالیستەکان حیزبی ناسیۆناڵ فاشیست (PNF)یان پێک هێنا. لە هەڵبژاردنەکانی ئاوریلی ١٩٢٤ دا فاشییەکان و هاوپەیمانانیان زێتر لە ٦٤٪ دەگەکانیان وەدەست هێنا، بەڵام هەر لەو سەردەمەدا حیزبی فاشیست تووشی ناکۆکی ناوخۆی هات و دوو لابالی رادیکاڵ و کۆنسێرڤات (یان "ریۆزیۆنیست")ی تێدا پێک هات. مێلیشیای فاشیستی خوازیاری "پێلی دووهەم لە شۆڕشی فاشیستی"دا بوون بەڵام مۆسۆلینی بە مەبەستی دەستەمۆ کردنی بۆچوونە توندوتیژەکان و درێژەپێدانی هاریکاری لەگەڵ هێزە ڕاستەکان دا دواجار هێنانییە ژێر رکێفی وەزارەتی ناوخۆ. تەنانەت پێک هاتنی دیکتاتۆڕی بە ئاشکرای فاشیستی لە ساڵی ١٩٢٥ بە دواوە بە قازانجی رادیکاڵەکان دانەشکاوە و لە جێگەی ئەودا دەسەڵاتی لابالی کۆنسێرڤاتی پێ بەهێز بوو. مۆسۆلینی لەو ساڵانەدا هێدی هێدی توندرۆکانی لاواز کرد کە خوازیاری پێک هێنانی دەوڵەتیکی تەواو فاشیستی بوون. دەزگای دەوڵەتی مۆسۆلینی لە هەر ڕوویەکەوە دەوڵەتێکی کۆنسێرڤات بوو. لەگەڵ ئەوەش دا کە سیستمی *کۆرپۆراتیستی* بە مەبەستی بەرفراوان کردنەوە کۆنترۆڵ کردنی دەوڵەت بە سەر ئابووری دا هاتە ئاراوە بەڵام هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێک لە دارشتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئیتالیادا نەهاتە ئاراوە. لە ڕاستی دا مۆسۆلینی دەوڵەتی فاشیستی بەو شێوەیە ڕێکنەخست کە فاشییەکان لەبەر چاویان بوو. کەرتی تایبەتی ئیتالیا لە ڕوانگەی ئابوورییەوە لە سیستمی سیاسی مۆسۆلینی رازی بوو. مۆسۆلینی چوونکە نەیتوانی هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێک لەناوخۆدا پێک بێنێ ڕووی کردە

شەری دەرەکی و پەرەسەندنی ئیمپریالیستی. دوڵەتی مۆسۆلینی لەدرێژەی دەیەی ۱۹۳۰ دا خەریک بوو باڵانسێک لەنێوان هێزە ڕاست و کۆنسێرڤاتیڤەکان دا پێک بێنێ. لە ڕاستی دا مۆسۆلینی هێدی هێدی ناچار بوو لەگەڵ هێزە کۆنسێرڤاتیڤەکان دا هاریکاری بکا. پێکهاتەە نەریتییەکان بەتایبەت پارڵمان و دەرباری سەڵتەنەتی بەشێوەیەک لەشێوەکان بەردەوام مانەوە. هەروەها گرێبەستی ئاشتی نێوان دەوڵەت و کڵێسە ڕێزی لێ دەگیرا. لە کاتێک دا مۆسۆلینی لە پلانی ساڵی ۱۹۱۹ ی خۆی دا باسی لە "هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەت و مەجلیسی سێنا و ئەریستۆکراسی، وەلابردنی خزمەتی زۆرەملی، هوڵوەشاندنەوەی بانکەکان و بازاڕی پشکەکان، دەست بەسەرداگرتنی سامانە بەرهەم هێنەکان، نەمانی چری دەسەڵاتی سیاسی و پشتگیری لە جەماوەری هەژار" کردبوو، بەڵام بە کردەوە فاشییەکان بەهۆی لاوازی ماڵی زێتر پاڵیان وە چینەکانی سەڕوو دەدا. چوونە پاڵیەکی حیزبە فاشیست و ناسیۆنالیستەکان لە ساڵی ۱۹۲۳ دا دەسپێکی داشکانەوە بەلای ڕاست و کاڵ بوونەوەی ئایدۆلۆژیا فاشیزم لە ئیتالیادا بوو.

**ناسیۆناڵ سۆسیالیزمی ئەڵمان.** نازیزم تاڕادەیەک لە ڕووی ئایدۆلۆژیاکەوە ڕیشەی لە ناسیۆنالیزم و فەرهەنگی ئەڵمان دابوو. بەپێی ڕاڤەیەک نازیزم "نوێنەری بەهێزترین نەریتی سیاسی لە ئەڵمانی پاش یەکێتی ئەو وڵاتەدابوو". لە نازیزم دا، ناسیۆنالیزم، میلیتاریزم، دەسەڵاتخوازی، پێداهەڵدانی سەرکەوتن و زۆر و دەوڵەت و "ڕێئالیزمی سیاسی" دەگەیشتنە چڵەپۆپەی خۆیان. ناسیۆناڵ سۆسیالیزم توانی لە

هەستی ناسیۆنالیستی بەشێکی بەرچاوی چینەکانی بەر لە کاپیتالیزم لەدژی گرێبەستی وێرسا و نوێنگەکانیتری پەست کردنی ئەڵمان کەڵک وەرگرێ.[1] ئایدۆلۆژیا نازیزم تێکەڵاوییەک بوو لە ئایدۆلۆژیایە جیاجیاکانی چینە جۆراوجۆرەکانی بەر لە کاپیتالیزم. تۆخمە کۆنسێرڤاتیزم و نەریت پەرەستییەکەی لە نوارینی ئەریستۆکراسی یۆنکێرەکان، و تۆخمی دژایەتی لەگەڵ کاپیتالیزمی گەورە و مۆدێرنی لە ئایدۆلۆژیا وردەبوورژوازی روەو نەمان و تۆخمی دیسیپلینی لە ژیانی جووتیاری وەرگیرا بوو. بە پێچەوانەی باوەڕی هێزە هاوپەیمانەکانی شەری دووهەمی جیهانی نازیزم دەرخەری روحی دەسەڵاتخوازی و میلیتاریزمی ئەتنیکی ئەڵمان نەبوو بەڵکووو هەر وەک سەرجەم بزووتنەوە و ڕژێمە فاشییەکان ڕیشەی لە هەلومرجێکی تایبەتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و هەروەها ئۆگری و بەرژەوەندی گرووپە دیارەکان دا هەبوو. لە وەها هەلومەرجێک دا بوو کە نەریتی میلیتاریستی و ناسیۆنالیستی چاخی ئیمپراتۆری بۆ مەبەستی مۆبیلیزەی جەماوەری کەڵکی لێ وەرگیرا.

ئایدۆلۆژیا سیاسی نازیزم بە ئاشکرا لە هەمبەر دێموکراسی (و بەڵشەڤیزم)دا راوەستا و دەوڵەتی لە سەر بنەمای ڕێبەرایەتی (Fuhrerstaat) لە هەمبەر سیستمی پاڕلمانی و لیبڕالی دا وەک تاقە رژیمێک چاو لێ دەکرد کە لەو دا خەڵک و ڕێبەری دەتوانن بگەنە یەکێتییەکی تەواو.

---

1. A. Bullock, *Hitler: A Study in Tyranny*, (London, 1964), p. 737.

نازیزمیش خەریکی سازدانی جەماعەتێکی فانتێزی بوو کە قەرەبووی یەکریزی لەدەست چووی کۆمەڵگای نەریتی بکاتەوە. هەر لەو ڕووەوە چەمکی یەکێتی و جەماعەتی ئەتنیکی (Volksgemeinschaft) لە نازیزمی ئەڵمان دا وەک پووش بەسەر کردنی کەلەبرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کەڵکی لێ وەردەگیرا. لەناو حیزبی نازیش دا هەر چەشنە باس و خواسێک سەبارەت بە سیاسەتە نەتەوەییەکان قەدەغە بوو. بە گشتی سیستمی سیاسی نازیزم بە پێچەوانەی ڕواڵەتەکەی، سیستمێکی ڕێکخراو و یەکریز نەبوو و لەناخی دا ململانێ و ناکۆکی توندی تاکەکەسی و گرووپی لەئارادا بوو. بەتایبەت دوو بۆچوونی میانەڕۆ و توندڕۆی تێدا بەدی دەکرا. داشکانەوەی نازیزم بەلای ڕاست دا لەگەڵ تێپەربوونی سەردەم بە گۆرتر بوو. بنەما سەرەکییەکانی ئایدۆلۆژیا ناسیۆناڵ سۆسیالیزم سەبارەت بە خەبات لە گەڵ کاپیتالیزم دا هێدی هێدی دەستیان لێ بەردرا. هەروەها لە ژووئیەی ١٩٣٣ دا گرێبەستی ئاشتی لەگەڵ کڵێسەدا بەسترا. ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتی چینەکانی سەڕوو بەتایبەت لە دەزگای قەزایی و بڕۆکڕاسی کۆن دا هەروا بەردەوام مانەوە. هەروەها سپای کۆن کە هەڵقوڵاوی ئەریستۆکراسی سپای نەریتی بوو هێدی هێدی زاڵ بوو بەسەر سپای شۆڕشگیری .S.A سەرکوتی هێزە چەپەکانیش پشتگیری ئاشکرای گرووپە ڕاست و کۆنسێرڤاتەکانی ڕاکێشا. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا تۆخمی ڕادیکاڵیزمی نازیزم بەهێزتر لە فاشیزمی ئیتالیا بوو. لە ئەڵمان دا دەسەڵات زێتر لە دەست حیزب دا بوو هەتا دەوڵەت و حیزب لە بواری بڕیارە ئابوورییەکانی وەک کۆنترۆڵی نرخ و متمانە بانکییەکان و تێکۆشان بۆ بەرێەبردنی پلانە فەرعانییەکان دا ئەکتیڤ بوو. هەروەها چاوەدێری و

دەستێوەردانی حیزب لە پێکهاتەی بڕۆکڕاسییەکان دا، دەزگای قەزایی، سپا و هتد دا بووە لەمپەری سەر ڕێگەی باڵادەستی تەواوی هێزە کۆنسێرڤات و ڕاستئاژۆکان و لەئاکام دا ئامادەبوونی جەماوەری مۆبیلیزە کراو لە ئەڵمان دا هەستیارتر بوو. هیتلێر لە نێوان دەوڵەت و نەتەوەدا سەرێتی دەدایە نەتەوە و حیزبی نازی پێ نوێنگەی ویستی نەتەوەیی بوو و ئەوەش خۆی لە ڕووی تیۆرییەوە لەچاو فاشیزمی ئیتالیا کە لەودا دەسەڵاتی دەوڵەت وەک سەرووترین دەسەڵات سەیر دەکرا، بوارێکی لەبارتر بوو بۆ پاراستنی بزووتنەوەی جەماوەری.

**فالانژیزم لە سپانیادا.** لە ڕوانگەی مێژووییەوە، لەئاکامی شەری یەکەمی جیهانی دا ئیسپانیا تووشی کێشەی ئابووری و مەترسی لێک بڵاوبوون هات. دیکتاتۆری سەربازی پریمودۆ ریورا (٣٠ – ١٩٢٣) دژکردەوەیەک بوو بەو کێشانە. هاوکات لەگەڵ هەرەس هێنانی دیکتاتۆری ریورا، کۆماری ئیسپانیا بە سەرۆکایەتی ئاڵکانا زامۆرا (٣٦ – ١٩٣١) دەستی دایە ڕیفۆڕمی زەوی، نائایینی کردنی فێرکاری گشتی و سنووردار کردنەوەی دەسەڵاتی کڵێسە. فاشیزمی ئیسپانیا دژکردەوەیەک بوو بە نوێژەن بوونەوەکانی ئەو سەردەمە. بنیات دانەری فاشیزم لەو وڵاتەدا ئێرنێستۆ کابالڕۆ (Caballero) بوو کە وەک لایەنگری فاشیزمی ئیتالیا و نازیزم دەهاتە ژمار. گرووپێکیش لە دەوری یەکێکیتر لە بنیات دانەرانی فاشیزمی ئیسپانیا دا واتا رامیرۆ راموس (Ramos) پێک هات کە لایەنگری پێک هاتنی گرووپی چەکداری بوو. لە تێکەڵاوی ئەو دوو گرووپە دا لە ساڵی ١٩٣١ حیزبی سەرەکی فاشیستی ئیسپانیا واتا "گرووپی هێرش بەری

**ناسیۆناڵ سەندیکالیست" (Jons)پێک هات کە لایەنگری یەکێتی چینایەتی و ئەتنیکی لە ئیسپانیادا، پێک هێنانی ئیمپراتۆڕی ئیسپانیا لە باکووری ڕۆژئاوای ئەفریقادا، سەرکوتی کاپیتالیزم، پێک هێنانی سیستمی ئابووری *کۆرپۆراتیستی* و بەهێزکردنی جێگەی کڵێسە لە کۆمەڵگادا بوو. ئەو گرووپە خۆی خاوەن دوو لابالی نەریتی و رادیکاڵ بوو. هەر لەو سەردەمانەدا گرووپێکی تری فاشیست لەلایەن خۆزە ئانتۆنیۆ پریمودۆ ریورا (کوری دیکتاتۆڕی پێشوو) پێک هات کە لە ساڵی ١٩٣٣ دا رۆژنامەی *ئەل فاشیۆ* و حیزبی فالانژی ئیسپانیای دامەزراند. لە تێکەڵاو بوونی گرووپی ناسیۆناڵ سەندیکالیست و حیزبی فالانژ لە ساڵی ١٩٣٣ دا حیزبی "فالانژ ناسیۆناڵ سەندیکالیست" پێک هات. پەیوەندی نزیکی حیزب لەگەڵ گرووپە ڕاستەکان و بەتایبەت لەگەڵ کڵێسە، سپا و چینە تێرەکانی کۆمەڵگا بووە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان پریمودۆ ریورا ڕێبەری کۆنسێرڤاتەکان و راموس ڕێبەری توندرۆکان. ئایدۆلۆژیا حیزب لەو سەردەم دا هاوکات لە سەر بنەمای هاودەردی لەگەڵ سۆسیالیزم و دژایەتی لەگەڵ ئەنترناسیۆنالیزم و خەباتی چینایەتی بوو. حیزبی فالانژ هەتا بەر لە شەری ناوخۆیی لە ساڵی ١٩٣٦ دا دزەیەکی ئەوتۆی نەبوو بەڵام هێدی هێدی خۆی ڕێکخست و ڕێکوپێک کرد. پاش سەرکەوتنی بەرەی چەپئاژۆ لە هەڵبژاردنەکانی فێوریەی ١٩٣٦ دا فالانژیستەکان دەستیان دایە چالاکی خەباتکارانە و چەکدارانە و تێرۆریستی لە دژی حکوومەت دا و بەر لە شۆڕشی سەربازی فرانکۆ لە مەراکیش لە ژوئییەی ١٩٣٦ دا، ببوە یەکێک لە هێزە سەرەکییە سیاسییەکانی ئەندامی بزووتنەوەی نەتەوەیی (لە هەمبەر بەرەی کۆماریخوازان دا). لاوازی ماڵی فالانژیستەکان بوارێکی لەبار بوو بۆ**

ڕاکێشـانی پشـتگیری کاپیتالیسـت و کۆنسـێرڤاتەکان. ژمارەیـەکی زۆری قەشە، سەڵتەنەتخواز و کەسایەتییە سەربازییەکان تـەڤلی حیـزب بـوون. بەتایبەت هاوپەیمانی لەگەڵ یـەکێک لـە کۆنسێرڤاتترین و ئـایینیترینـی گرووپە سیاسییەکان (Carlists) داشکانی حیزبـی بـەلای ڕاست دا بـەگۆرتر کرد. هەر لەو سەردەمەدا حیزبی فـالانژ بـە کـەڵک وەرگـرتن لـە ڕێکخـراو و پرۆپاگەندە دەستی دایە مۆبیلیزەیەکی سیاسی بـەربلاو و لـەدرێژەی شـەری نـاخۆیی دا (٣٩ – ١٩٣٦)دا بـە پشـتگیری فاشـییەکـانی ئیتالیـا و ئـەڵمان ڕێکخراوێکی سەربازی بەربلاوی پێک هێنا و دواجار بە هۆی لاوازی ڕێبـەری سیاسـی هاوپـەیمان بـوو لەگـەڵ گرووپـی ژێنـراڵ فرانکـۆ فەرمانـدەی چەکدارەکانی بەرەی ناسیۆنالیستی و لەئاکام دا حیزبـی "فـالانژی نـەریت-خوازی ناسیۆنال سەندیکالیست" بە ڕێبەرایەتی فرانکۆ پێک هـات. لەگـەڵ بالادەسـتی فرانکـۆ کـە ئێسـتا ببـوە بەرپرسـی دەوڵـەت، لابـاڵی رادیکـاڵی شۆڕشـگێری فالانژیسـت لاواز بـوو و هێـزە خـاوەن زەوی، کۆنسـێرڤات، سەڵتەنەتخواز و لایـەنگرانی کڵێسـە بـە سـەر حیـزب دا زاڵ بـوون. حیزبـی فرانکۆ هاوپەیمانییـەک بـوو لـە خـاوەن زەوییـەکان، بـوورژوازی گـەورە، کڵێسە و سپا و بۆچونێکی تـەواو کۆنسـێرڤاتانە و ڕاست ئاژۆیـان هـەبوو. دوکتـورەینی پەرسـتنی کۆدیـو (Caudillo) (ڕێبـەری سـەربازی) لـە جێگـەی دوکتورەینی پەرستنی "ڕێبەری ئامـادە نـەبوو" کـە پـاش ئێعـدامی پریمـودۆ ریورا لەناو فالانژیستەکان دا باو بوو، دووبارە هاتەوە کایەوە. لە ڕاسـتی دا حکوومـەتی فرانکـۆ شـتێکی زێتـر لـە کۆنسـێرڤاتیزمی نـەریتی ئیسـپانیا نـەبوو و لـە سـەردەمانی حکوومـەتی ئـەودا دژەی بزووتنـەوەی رادیکـاڵی ڕاستئـاژۆ دایـە کزیـی. "کۆدیـۆ" بەرپرسـی دەوڵـەت و سـەرۆک وەزیـر و

فەرماندەی سپا بوو و لە ڕووی تیۆڕیشەوە لە هەمبەر خوا و نەتەوەدا بەرپرسایەتی لەئەستۆ بوو. بە گشتی فاشیزمی ئیسپانیا کۆنسێرڤاتتر لە فاشیزمی ئیتالیا بوو.

## ڕژێمە چەپەکان

ڕژێمە چەپئاژۆکان کە بە تەمان ئاڵگۆر لە داڕشتەی قانە کۆمەڵایەتییەکان دا پێک بێنن زۆرتر بە شێوەی ڕژیمی دەسەڵاتویست دەرکەوتوون نە بە شێوەی حکوومەتی دێموکراتیک. ئەو ڕژیمانەی پێیان دەوترێ ڕژیمی سیاسی چەپی دێموکراتیک بە کردەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ داڕشتەی دەوڵەتە فەرعانی و سۆسیال دێموکراسییەکانی وڵاتانی باکوور و ڕۆژئاوای ئوڕووپادا نییە. ڕژێمە چەپەکان، بە گشتی دەرئەنجامی سەدەی بیستەم بوونە و لە سەربنەمای بزووتنەوەی یەکێتییە کرێکارییەکانەوە سەریان هەڵداوە. هەر وەک پێشتریش بینیمان، رادەی دەسەڵاتی بزووتنەوە کرێکارییەکان و شێوازەکانی لە وڵاتە جیاجیاکن دا بە هۆی هۆکاری جۆراوجۆرەوە زۆر جیاواز بوو. بۆ وێنە لە ئینگلستان دا بزووتنەوەی کرێکاری دواجار تایبەتمەندییەکی نەرم و نیانی لەخۆ گرت و لە ژێر سۆسیالیزمی ڕیفۆڕمیستی ئەو وڵاتە و سیاسەتی تاڕادەیەک تۆلرانسی حکوومەتە لیبڕاڵ و کۆنسێرڤاتەکان دا توانی لەگەڵ پێک هاتنی حیزبی کرێکار دا دەستی بگاتە دەسەڵاتی سیاسی. لەوڵاتانی دواکەوتووتری وەک سۆڤیەت دا بزووتنەوەی کرێکاری تووشی سیاسەتی نەبوونی تۆلرانس و سەرکوت هات و ناچار بوو ڕوو بکاتە ڕێگەی توندوتیژ و

شۆڕشگێرییەکان. سەرهەڵدانی "ئەریستۆکراسی کرێکاری"ش لە وڵاتانی پێشکەوتووتردا بوارێکی لەبارتری بۆ هاریکاری نێوان یەکێتی و حیزبە کرێکارییەکان لەگەڵ سیستمی سیاسی دا پێک هێنا. ئەریستۆکراسی کرێکاری ڕۆڵێکی زەقی لە بە دەسەڵات گەیاندنی حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان دا هەبوو.

هەر وەک پێشتریش بینیمان بزووتنەوەی کرێکاری لە ئوڕووپادا لە ژێر کاریگەری بۆچوونە ئایدۆلۆژیایە جۆراوجۆرەکان دا بوو کە گرینگترینییان بۆچوونی سۆسیالیزمی ڕیفۆڕمیست (یان سۆسیالیزمی "فانتێزی") لە ئینگلستان، سۆسیال دێموکراسی ڕیفۆڕم خوازی ئەڵمان، بزووتنەوەی سۆسیالیزمی مەسیحی، سۆسیالیزمی مارکسیستی، سەندیکالیزمی بەتایبەت فەرانسە بوون. ڕۆڵی ئەو ئایدۆلۆژیایانە لە شێوەی ڕێکخستن و بیچم گرتن و ئامانج و ئاراستە (سیاسی و ئابوورییەکانی) بزووتنەوەی یەکێتییە کرێکاری و حیزبە سۆسیالیستەکان دا کاریگەر بووە. بێتوو سۆسیالیزم وەک درێژ بۆوەی سروشتی دێموکراسی بوورژوازی سەیر کەین و یان وەک ڕەتکەرەوەی دێموکراسی بێتە ژمار بێ گومان شوێن دادەنێتە سەر شێوەی کردەوە و هاریکاری بزووتنەوە و حیزبە کرێکارییەکان لەگەڵ سیستمی سیاسی دا. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە پرسی گرینگ ئەوەیە کە چین و بزووتنەوەی کرێکاری لە دەوڵەتە سۆسیالیست یان کومۆنیستییەکان دا تا چ ڕادەیەک خاوەن دەسەڵاتی سیاسی بوونە؟ لەلایەکی ترەوە لە دەوڵەتە دێموکراتیکە ڕۆژئاواییەکان دا یەکێتییە کرێکارییەکان بوونە یەکێک لە گرووپ و لۆسە

سەرەكییەكانی دەسەڵاتی سیاسی و لە هەندێ بواریش دا دەسەڵاتی دەوڵەتییان بەدەستەوە گرتووە. بەڵام بێ گومان باسكردن لە چینی كرێكار وەك پاژێكی "چینی دەسەڵاتدار" لە كۆمەڵگای كاپیتالیزم دا بێ واتایە. بەڵام لە وڵاتانی وەك سۆڤیەت و چین دا كە حیزبە كومۆنیستوكانی ئەو وڵاتانە خۆیان پێ نوێنەری چینی كرێكارە و لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی خاوەنێتی تایبەتی بەسەر كەرەسەكانی بەرهەمهێناندا ئاڵوگۆڕێكی بنەڕەتی لە ارشتەی قانە كۆمەڵایەتییەكان دا پێك هێنا، ناسكردن لە چینی كرێكار وەك پاژێكی چینی دەسەڵاتدار باسێكە شیاوی خستنە ڕوویە. لێرەدا وەك میناك ئاماژەیەك دەكەینە سەر پێگەی كۆمەڵایەتی دەسەڵاتی سیاسی لە یەكێتی سۆڤیەت دا لە سەردەمی پێكهاتنییەوە لە ساڵی ١٩١٧ وە هەتا هەرەس هێنانی لە ئەنجامی ڕیفۆڕمەكانی چاخی گۆرباچۆڤ دا.

لەپاش سەركەوتنی شۆڕشی ئۆكتۆبر لە سۆڤیەت دا ناكۆكی بیروڕا سەبارەت بە سروشتی كۆمەڵایەتی دەوڵەتی كە لەناخی ئەو شۆرشەوە سەری هەڵدا هاتە ئاراوە. بەپێی باوەڕی حیزبی كومۆنیست كۆمەڵگای نوێ كۆمەڵگایەكی سۆسیالیستی و ناچەوسێنەری بوو كە لەو كۆمەڵگایەدا حیزب وەك نوێنەری چینی دەسەڵاتداری پرۆلیتاریا حكوومەتی بەڕێوە دەبرد.لە هەمبەردا ترۆتسكیەكان باوەڕیان وابوو كە كۆمەڵگای نوێ كۆمەڵگایەكی ناچەسێنەر بەڵام ناسۆسیالیستی بوو كە لەو كۆمەڵگایەدا بڕۆكڕاسی ببوە جێگرەوەی پرۆلیتاریا و حیزب زاڵ بووە بەسەر شورا كرێكارییەكان دا. هەندێكیتر لەسەر ئەو باوەڕە بوون كە لە فۆڕماسیۆنی كۆمەڵایەتی نوێ دا چینێكی دەسەڵاتداری نوێ خەریكی سەرهەڵدانە كە نە

بوورژوایە و نە پرۆلتەر. شارڵ بێتلهایم یەکێک لە کارناسە سەرەکییەکانی کۆمۆنیزم لەلایەکیترەوە لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە کۆمەڵگای نوێی سۆڤیەت جۆرە کاپیتالیزمێکی دەوڵەتی بوو کە لەو کۆمەڵگایەدا بوورژوازی دەوڵەتی وەک چینی دەسەڵاتدار دەهاتە ژمار و کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی دەدەست دابوو.[1] لە ڕووی ڕاستەقینەی مێژووییەوە، لە سەرەتاکانی سەردەمانی لێنین دا ئەنجوومەنە کرێکارییەکان خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕێژەیی بووە و وەک سەرچاوەی سەرەکی ڕەوایی سیستمی نوێ دەهاتنە ژمار بەڵام لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزب لە مارسی ۱۹۱۹دا لەگەڵ جیابوونەوەی حیزب لە ئەنجوومەنەکان، ئەنجوومەنەکان هێدی هێدی کەوتنە ژێر باڵادەستی حیزبییەوە. لە کۆنگرەی دەهەمی حیزب کە لەساڵی ۱۹۲۱ دا پێک هات داخوازی دابین کردنی ڕۆڵێکی چالاک بۆ یەکێتییە کرێکارییەکان لە بەڕێوەبردنی پیشەپێکهاتەکان و پێک هێنانی دێموکراسی ناوحیزبی دا ڕەتکرایەوە.

لە سەردەمانی حکوومەتی ستالین دا، ئەنجوومەن و یەکێتییەکان و تەنانەت حیزبیش گوێڕایەڵ و دەستەمۆی بەڕێوەبەری ڕێبەر بوون و حکوومەت بە تەواوی تاکەکەسی بوو. لەگەڵ ئەوەش دا لەو سەردەمانەدا گرووپ گەلێکی دژەی بەرچاو لە دەزگای حیزبی، سپا، بڕۆکڕاسی و

---

۱. ر . ک . بە مدودف و دیگران، چند *دیدگاه دربارە شوروی*، ترجمە علی مازندرانی، انتشارات آگاه، ۱۳۶۳.

بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی دا سەریان هەڵدا. تێکنیسیەن، تێکنۆکرات، بروکرات، ئەندازیار و بەرپرسان پاژە سەرەکییەکانی چینی باڵادەستی یەکێتیی سۆڤیەت پاش سەردەمانی ستالینیان پێک دێنا.[٢] لە یەکێتی سۆڤیەت دا کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بنەمای دابەشینی نابەرامبەری دەسەڵاتی سیاسی بوو نەک خاوەنێتی. ئەو گرووپانەی کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانیان دەدەست دابوو پێگەی کۆمەڵایەتی حیزبی کومۆنیستیان پێک دێنا. پاش نەمانی ستالین هەڵێک رەخسا بۆ ململانێ و گێرە و کێشەی نێوان گرووپە خاوەن دزەکان. وەها گرووپ گەلێک خوازیاری کەم بوونەوەی دەسەڵاتی دەزگای حیزبی بوون کە لە ژێر کۆنترۆڵی خرۆشچێڤ سکرتێری گشتی حیزب دابوو. لەنێوان ساڵانی ٨ – ١٩٥٣ دا تێکۆشانی بڕۆکڕاسی دەوڵەتی، سپا و پۆلیسی نهێنی بۆ سنووردار کردنی دەسەڵاتی حیزب تووشی شکست هات. خرۆشچێڤ و حیزب توانیان گرووپەکانی دزە یەک لەدوای یەک دەستەمۆ بکەن. پاشان شەری دەسەڵات لەنێوان خرۆشچێڤ و حیزب دا هاتە ئاراوە و خرۆشچێڤ دەویست حیزب وەک کەرەسەیەکی ناسیاسی بۆ بەرێوەبردنی کاروباری ئابووری کێبکا. بە گشتی شێوە ڕێبەرایەتی خرۆشچێڤ و بە هیند نەگرتنی گرووپە خاوەن دزە بەرچاوەکان دژکردەوەیەکی نەشیاویان وروژاند و دواجار لە ئۆکتۆبری ١٩٦٤ دا ئەندامانی کۆنسەی بەرێوەبەرایەتی حیزب بە پشتگیری بڕۆکڕاسی دەوڵەتی و سپا و پۆلیس لە کودەتایەک دا خرۆشچێڤیان وەلانا. لە

2. I. Deutscher, *Russia Afler Stalin.* (London, 1969), chap. IV.

سەردەمانی ڕێبەرایەتی بە کۆی برێژنێڤ – کاسیگین دا بەرژەوەندی گرووپە هەڵکەوتە و خاوەن دزەکان سەرنجی پێ دەدرا. برۆکراسی دەوڵەتی و بەرپرسان بەتایبەت لەمەڕ بەرێوەبردنی سیاسەتە حیزبیەکان دا سەربەخۆیی پرۆفیشنالی زێتریان وەدەست هێنا.[1] ئامانجی سەرەکی و سەرەتایی ڕیفۆرمەکانی سەردەمانی گۆرباچۆڤیش هەر وەک سەردەمانی خرۆشچێڤ بەرتەسک کردنەوەی دەسەڵاتی گرووپە هەڵکەوتەکانی ناوچینی دەسەڵاتدار لەژێر ناوی نوێژەن بوونەوەدا بوو. لە کۆبوونەوەی گشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە ئاوریلی ١٩٨٥ دا ئەندامی گرووپی برێژنێڤ لە پۆلیت بیرۆ، سکرتارییەت، دەوڵەت و ڕێکخراوە ئابوورییەکان دا وەلانران. هەروەها لە کۆبوونەوەی گشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە ژانوییەی ١٩٨٧ دا بەئاشکرا بەرپرسایەتی چینی دەسەڵاتداری کۆن لە دواکەوتووی ئابووری و سەرەرۆیی سیاسی دا وەبیر هێنرایەوە. ئاڵوگۆر لە داڕشتەی حیزب، دەوڵەت و برۆکراسی دا لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕێبەری نوێ بوون. ڕیفۆرمەکانی بەرباس بێ گومان لەگەڵ بەرژەوەندی گرووپەکانی دەسەڵات دا دەکەوتنە بەریەک. بەڵام ڕیفۆرمەکانی سەردەمانی گۆرباچۆڤ بەربڵاوتر لە ڕیفۆرمەکانی سەردەمانی خرۆشچێڤ بوو و هێزگەلێکی نوێی ڕزگار کرد کە لە ڕەوتی خۆی دا ڕیفۆرم خواز و چینی دەسەڵاتداری کۆنی لەناو برد.

---

1. R. Conquest, *Russia after Khrushchev.* (New York, 1965), Ch. 11.

# ٢

# جۆرەکانی «کۆمەڵگای سیاسی»:

## پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی و جەماوەردا

### سەرەتا

پۆلێن کردنی ڕژێمە سیاسییەکان لە بەشی یەکەم دا بە پێی دوو تەوەرەی دارشتەی دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا تێگەیشتنێکی ئابژێکتیڤ لەجۆری رژیم و بنەما کۆمەڵایەتییەکانیان بەدەستەوە دەدا. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە دەکرێ پۆلێن بەندییەکی بنچینەییتر و ئابسترەی ڕژێمە سیاسییەکان بەپێی پەیوەندی دارشتەی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی، رادەی دەسەڵاتی کۆمەڵگای مەدەنی و رادەی بەجەماوەری بونی کۆمەڵگا بەدەستەوە درێ. هەروەک پێشتر وتمان کۆمەڵناسی سیاسی باس لە پەیوەندی دەسەڵاتی دەوڵەتی لەگەڵ دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی واتا دەسەڵاتی گرووپ و هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەکا. دەوڵەت، پەیوەندی دەسەڵات لە

سەروترین ئاستی خۆی لە کۆمەلگا دایە بەڵام دەکەوێتە دەقی گرووپ و هێزە کۆمەڵایەتییەکان. بە واتایەکی گشتی دەوڵەت ڕیشەی لە کۆمەڵگا دایە و بابەتی کۆمەڵناسی سیاسیش تاوتوێ کردنی جێگەی دەوڵەت لە کۆمەلگادایە. هەر لەو ڕووەوە "سیاسەت" دەرئەنجامی پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگایە. باسکردن لە پەیوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی هەروەک پێشتر بینیومانە گرینگترین بابەتی بیرۆکەی سیاسی – کۆمەڵایەتی مۆدێرنیش بووە. لە هزری بەر لە کۆمەڵناسی دا واتا لە هزری فەلسەفی دا، دەوڵەت وەک جۆرە دەسەڵاتێکی گشتی سەربەخۆ لە دەسەڵاتدار و ڕێرەو و هەروەها وەک خاوەن دەسەڵاتی بەرز لە وڵات دا سەیر دەکرا. هەر لەورووەوە سروشت و سنووری دەسەڵاتی دەوڵەت و ماف و سەربەستییەکانی تاک و حکوومەت لەهەمبەر یەکتردا بابەتی سەرەکی هزر سیاسی مۆدێڕنیان پێک هێناوە. لە هەمبەردا نوارینی کۆمەڵناسی سیاسی لە سەدەی نۆزدەهەم دا لە گشتگیری و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ئۆگرییەکانی دەسەڵاتدار و پێرەوانی کۆڵیوەتەوە و گریمانەشی ئەوە بووە کە دەوڵەت جگە لە فۆنکسیۆن و لایەنە "گشتی"یەکەی[1] لە هەمان کاتیش دا نوێنەری ئۆگری گرووپە تایبەتەکانە و هەر لەو ڕووەوە دەبێ پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی گشتی لەگەڵ بواری تایبەتی کۆمەڵگا دا تاوتوێ

---

١. گرنگترین فۆنکسیۆنە گشتییەکانی دەوڵەت لە چوار "فۆنکسیۆنە" گشتییەکەی بەرباسی قوتابخانەی فانکشناڵیستی واتە پاراستنی یەکریزی، چارەسەری گرژی، گەیشتن بە ئامانج و خۆگونجاندن دەگەڵ هەلومەرجی نوێ دا کورت دەبێتەوە.

بکرێن. سەرجەمی هزری سیاسی مۆدێڕن لە چاخی لیبڕاڵیزم دا تەرخانی دیاریکردنی وەها بوارێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ لە دەسەڵاتی دەوڵەتی دا بوو. بەو واتایە کۆمەڵگای مەدەنی وەک گۆڕەپانی ژیانی تاکەکەسی، بنەماڵەیی و ئابووری سەربەخۆ دەسەڵاتی دەوڵەتی دەهاتە ژمار.

بابەتی سەرەکی ئایدۆلۆژیا لیبرالیش داکۆکی کردن بووە هەر لەو بوارە کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادییەکانی لە هەمبەر سەرەڕۆیی دەولەت دا. بە گشتی باس لە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی لە هزری بەر لە کۆمەڵناسی دا واتا لە هزری لیبڕاڵی دا بەشێوەی باسێکی نۆڕماتیڤ و فەلسەفی دەخرایە ڕوو. هەر لەو رووەوە داکۆکی لە دەوڵەتی مەرجدار و سنووردار و گۆڕەپانی تایبەتی ژیان و خاوەنێتی تایبەت و ئابووری بازاڕ بابەتی سەرەکی ئایدۆلۆژیا لیبرالیان پێک هێناوە. بنەمای هزری گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەلای تۆماس هابز و جان لاکیش دا هەر جیایی نێوان بواری دەوڵەتی و بواری تایبەتی بوو. لەو هزرانەدا بوارێک وەک بواری جیا لە دەسەڵاتی دەوڵەتی دەناسرا کە لەو دا تاکە بەرامبەر و قازانج ویستەکان بەپێی ئیشتیای خۆیان بە شوێن بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوەن. کاتێک تاکەکان مافی رەهای خۆیان لە بارودۆخێکی سروشتی دا دەدەنە دەسەڵاتێکی سەڕووتر، ئەوسا وێناندنی بوونی پانتای گشتی و پانتای تایبەتی دیارو ڕوون واتا دەوڵەت و کۆمەڵگا دەڵوێ. دەسەڵاتدار دەبێ پارێزەری مافەکانی کۆمەڵگای مەدەنی (خاوەنێتی، ئازادی، مافەکانی بنەماڵە) بێ. بەو پێیە لە هزری لیبڕاڵی دا دەوڵەت وەک ڕەنگدانەوەی

داڕشتەی ئابووری کۆمەڵایەتی نایەتە ژمار بەڵکووو خۆی دەتوانێ بیچم و سنوور و تواناکانی دیاری بکا. جۆراجۆری و پلۆراڵی ئۆگری و گرووپەکان لە کۆمەڵگای مەدەنی دا و هەروەها بەشداری کردنیان لە دەوڵەت دا قانوونی بنەڕەتی هری لیبڕاڵ دێموکراسیێش بووە. بە گشتی لە هزری سیاسی بەر لە کۆمەڵناسی دا دەوڵەت و کۆمەڵگا وەک دوو تای تەررازوو چاو لێ دەکران کە بەرزبوونەوەی کێشی یەکیان دابەزینی گرینگایەتی ئەوی‌تریانی لێ دەکەوتەوە. هەر وەک پێشتر بینیومانە ئەو تێگەیشتنە فەلسەفی و نورماتیڤە لە پەیوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگادا، لە هزری مارکس دا جێی خۆی داوەتە تێگەیشتنێکی ڕاڤەیی و کۆمەڵناسانە کە وەک خاڵی هەنگاونانی کۆمەڵناسی سیاسی دێتە ژمار.

لێرەدا بە مەبەستی دەست خستنی پۆلێن بەندییەکی بنچینەیی‌تر لە ڕژێمە سیاسییەکان بە پێی پەیوەندی دەوڵەت، کۆمەڵگای مەدەنی و جەماوەردا سەرەتا دەپرژێتە سەر تاوتوێ کردنی چەمکەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای جەماوەری.

## کۆمەڵگای مەدەنی

هەنووکە زاراوەی "کۆمەڵگای مەدەنی" لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دا لە هەمبەر دەوڵەت دا بە بوارێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەوترێ کە بە بێ دەستێوەردانی دەسەڵاتی سیاسین و کۆیەکیش لە سازی،

دامەزراوە، ئەنجوومەن و ڕێکخراوی تایبەتی و مەدەنی (ناتایبەتی) لەخۆ دەگرێ. ئەگەر بڵێین تایبەتمەندی سەرەکی دەوڵەت داڕشتەی دەسەڵاتی فەرماندەرانە یان فەرماندەری و پەیڕەوییە، ئەوسا کۆمەڵگای مەدەنی بێ بەرییە لەوەها داڕشتەیەک. هەروەک بینیمان جیاوازی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لە چەمکی دەوڵەت، دەرئەنجامی هزری سیاسی سەدەکانی هەژدە و نۆزدەی ڕۆژئاوا بوو. وەها جیاوازییەک ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی هەرەس هێنانی داڕشتەی دەوڵەتی سەرەرۆ و سەرهەڵدانی دەوڵەتی لیبڕاڵ و بواری بازاڕی ئازاد بوو. هەڵبەت دەرکەوتە سەرەکی و گەرانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ناخی فیۆدالیتە و سەدەکانی ناوەڕاستی ئورووپاش دا لەئارادا بوون. کۆمەڵگای مەدەنی بەو واتایە بە گشتی بە بواری حقوقی مەدەنی تاک و گرووپەکان، بواری "مافی سروشتی" (لە هەمبەر مافی "خاوەنێتی") دا، بواری بازاڕ و ئابووری ئازاد و بواری فەرهەنگی دەوترا.

بەکورتی کۆمەڵگای مەدەنی بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دەوڵەتیش بواری پەیوەندییە سیاسییەکانە. سەربردەی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مەدەنی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی مافی کۆبوونەوە و پێک هێنانی ئەنجوومەن کە هاتنە دیشی لەچاو مافە سەرەکییەکانی‌تر دژوارتر بووە. لە کۆمەڵگای فیۆدالی دا، کۆمەڵگای مەدەنی کەم تا زۆر بە شێوەی سنووردار لەئارا دابوو. پرش و بڵاوی دەسەڵات، مافی خاوەنێتی، پارێزراوی و قانەکانی ئەریستۆکراسی خاوەن زەوی، بوونی شارە خۆبەرێوەبەرەکان (Burgh) و لەو جۆرە شتانە بواری بوونی وەها

کۆمەڵگایەکی مەدەنی لاوازیان پێک دێنا. لە رۆژهەڵات دا لەچاو ڕۆژئاوا بە سەرنجدان بە تایبەتمەندی سەرەرۆیی حکوومەت، کۆمەڵگای مەدەنی و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان زۆر لاوازتر بوون. دیکتاتۆرە شۆڕشگێرەکانیش وەک حکوومەتی ژاکۆبحنەکانی فەرانسە دەبوونە لەمپەری چالاکی ئازادی گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. تەنانەت بنیاتدانەری دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکاش لە بوونی ئەو تاقم و گرووپانە بە گومان بوو و پێی وابوو مەترسین لە سەر دەوڵەت دا. بە وتەی جیمز مادیسۆن "گرووپ یان تاقم بریتییە لە کۆیەکی هاووڵاتیان... کە بەپێی هاندەرێک یان بەرژەوەندییەکی هاوبەشی کە لەگەڵ مافی هاووڵاتیانیتر و هەروەها لەگەڵ بەرژەوەندی بەردەوام و بەکۆی کۆمەڵگادا ناتەبان، یەکگرتوو و یەکتیڤ بوو بن."[1]

چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی وەک بوارێکی نادەوڵەتی بە گشتی لە هزری سیاسی دا بە سێ واتا دەکار هاتووە: یەکەم وەک هەلومەرجی بەر لە گوورانی دەوڵەت، دووهەم هەلومەرجی دژی دەوڵەت و سێهەم وەک هەلومەرجی پاش لەناوچوونی دەوڵەت. واتای یەکەم بنەمای هزری گرێبەستی کۆمەڵایەتی بەتایبەت نووسراوەکانی جان لاک فیلسووفی ئینگلیسی بوو. لەو واتایەدا گریمانە ئەوە بوو کە کۆمەڵگای مەدەنی بەر لە پێک هاتنی دەوڵەت لە ئارادا بووە و دەوڵەت گەلێ ئاستەنگی خستۆتە

---

1. A. Hamilton, J. Madison, J. Jay, *The Federalist Papers.* (New York, 1961), No. 10, p. 78.

بەردەمی و یان چالاکییەکانی ڕێکوپێک کردووە. لە واتای دووهەم دا، کۆمەڵگای مەدەنی وەک بوارێکی ئازادی دەسەڵاتی دەوڵەتی و یان بوارێک سەیر دەکرا کە بەربڵاوبوونەوە دەبووە هۆی ویکهاتنەوەی چوارچیوەی دەوڵەت. لە واتای سێهەم دا بەتایبەت لە نەریتە فکرییەکانی ئەنارشیستی دا ژۆمەڵگای مەدەنی وەک ئامانجی کۆمەڵگای بێ دەوڵەت یان جێگری دەوڵەت سەیر دەکرێ.[٢]

لە ڕوانگەی مێژوییەوە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لە هزری سیاسی دا بە پێنج واتای جیاواز دەکارهاتووە:

1) لە هزری ئەرەستوویی دا بە واتای دەوڵەت لە هەمبەر بنەماڵەدا و کە هزری لایەنگرانی گرێبەستی کۆمەڵایەتیش دا لە هەمبەر هەلومەرجی سروشتی دایە.

٢) لە هزری کەسانێکی وەک فێرگسۆن دا هەروەک چۆن لە کتێبەکەی دا بەناوی وتارێک سەبارەت بە مێژووی کۆمەڵگای مەدەنی (١٧٦٧) بە واتای کۆمەڵگای خاوەن ژیار لە هەمبەر کۆمەڵگای سەرەتایی دا دەکارهاتووە.

2. Norberto Babbio, *Democracy and Dictatorship: The Nature and Limits of State Power.* Trans. Peter Kennealy, (Polity Press, Cambridge, 1989), p. 24.

**٣) لە هزری هێگێل دا بە واتای بیچمی سەرەتایی گووڕانی دەوڵـەت هاتووە.**

**٤) لە هزری مارکس دا وەک بـواری پەیوەندییـە مـاددی و ئـابووری و ئۆگرییە چینایەتی و کۆمەڵایەتییـەکان لـە هەمبـەر دەوڵـەت و وەک پێگـەی دەوڵەت دەکارهاتووە.**

**٥) لــە هــزری ئانتۆنیۆگرامشــی[1] دا کۆمــەڵگای مــەدەنی وەک پــاژێکی سەرخان (نەک بواری ژێرخان بە پێی هزری مـارکس) و نـاوەنـدی پێکهاتـەی دەسـەڵاتی ئـایـدۆلۆژیاک یـان هێژمـۆنی فکـری چینـی دەسـەڵاتدار، دەکـار هاتووە.**

**لە فەلسەفەی سیاسی دا بە گشتی هەر لە سەردەمانی ئەرەستوو بـە دواوە کۆمەڵگای مەدەنی بە واتـای کۆمـەڵگای سیاسـی یـان دەوڵـەت دەکـار هات. دەڵەت شاری یۆنـانی لـە ڕوانگـەی ئەرەسـتۆوە کۆمـەڵگای مـەدەنی و درێژ بۆوەی سروشتی بنەماڵە بوو. لە بیرۆکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتیش دا بەگشتی کۆمەڵگای مەدەنی وەک کۆمەڵگای سیاسی لە هەمبەر هەلومـەرجی سروشتی یان کۆمەڵگای سروشتی دا دەکار دەهات، بەو جیاوازییـە کـە لـەو بیرۆکـە دا کۆمـەڵگای مـەدەنی دیاردەیـەکی ناسروشـتی واتـا دەرئـەنجامی گرێبەست و تەوافوق بوو. لە هزری سیاسی مەسیحی دا کۆمـەڵگای مـەدەنی**

1. Ibid. pp. 39-40.

(Societas Civium) وەک بـواری دەسـەڵاتی نائـایینی لـە کۆمـەڵگای ئـایینی (Societas fidelium) وەک بواری لێهاتوویی کڵێسە جیاکراوەتەوە. تەنیا لـە سەدەی نۆزدەهەم دا هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵـەتی لیبـڕاڵ دایـە کـە بیـری لێـک بڵاوبـوونی بـواری سیاسـی "کۆمـەڵگای مـەدەنی" لـە بـوارە کۆمەڵایەتییەکەی دێتە دیی.

لەو تێگەیشتنانەی باسیان لێ کرا، سێ تێگەیشـتنی دوایـی، ڕیشـە سـەرەکییەکانی دەکارهێنـانی چـەمکی کۆمـەڵگای مـەدەنی لـە بـاس و خواسەکانی کۆمەڵناسی سیاسی هاوچەرخ دا پێـک دێـنن و هـەر لـەو رووەوە ئاماژە پێ کردنیان پێویستە.

لە فەلسەفەی هێگێـل دا، زاراوەی کۆمـەڵگای مـەدەنی چـەمکێکی زۆر تێکچنراو و دژوارتر لەو چەمکەیە کە دواتـر کـارڵ مـارکس وەک تێگەیشـتنی هێگێل خستییە ڕوو. لە فەلسەفەی هێگێل دا کۆمەڵگای مەدەنی "خولەکێکـە" لە نێوان بنەماڵە و دەوڵەت دا و هاوری لەگەڵ بنەماڵە و دەوڵەت دا یەکێک لە سێ پێگـەی سـەرەکییـەکانی فەلسـەفەی دیالـەکتیکی هێگێل پێـک دێنـێ. کۆمەڵگای مەدەنی لەچاو بنەماڵە، بیچمێکی کرچوکـاڵی دەوڵەتـە و لـەچاو دەوڵەتیش دا بابـەتێکی زۆر وردە. بنەماڵـە نەێنگـەی یـەکێتی و ئەوینـە لـە کاتێک دا کۆمەڵگای مەدەنی نوێنگەی لێک دابـران و ململانـێیـە. کۆمـەڵگای مەدەنی خـاوەنی سێ "خولـەکـە" : یەکـەم سیسـتمی پێداویسـتییەکان، یـان پەیوەندیە ئابوورییەکان، دووهەم بواری بەڕێوەبردنی دادپـەروەری و سـێهەم

بواری سینف یان پێکهاتەە فەرعانییەکان. بەو پێیە کۆمەڵگای مەدەنی هێگێل بەرتەسک نابێتەوە لە بواری سیاسی دا. لە ڕاستی دا ناتوانینکە کۆمەڵگای مەدەنی کۆیەک لەو بابەتانە لەخۆ دەگرێ کە دەکەونە دەرەوەی گۆڕەپانی بنەماڵە و دەوڵەتەوە، چوونکە بەڕێوەبردنی دادپەروەری بەشێوەی نەریتی بەشێک بووە لەلایەنی دەوڵەت (یان حکوومەت). کۆمەڵگای مەدەنی یان بوورژوایی لە فەلسەفەی هێگێل دا، تاڕادەیەک هاوتای چەمکی دەوڵەت بە واتا نەریتییەکەیەتی. لە ڕاستی دا کۆمەڵگای مەدەنی هێگێلی بیچمێکی ناتەواو و کرچ و کاڵی دەوڵەتە و وەک یەکەم قۆناخی پێکهاتنی دەوڵەتیش دێتە ژمار نەک قۆناخی بەر لەو. کۆمەڵگای مەدەنی دەوڵەتی حقوقی – ئۆفیسییە لە کاتێک دا "دەوڵەت" بە واتای تەواوی وشە نوێنەری تۆخمێکی سیاس – ئەخلاقی و یان ئۆگرییە گشتی و لکێنراوەکانە. بەو پێیە کۆمەڵگای مەدەنی بیچمێکی ناتەواو و خواڕووتری دەوڵەتی " گشتی" بەو واتایەیە. کۆمەڵگای مەدەنی دەوڵەتێکە بەرپرسی کاروباری "دەرەوە" لە کاتێک دا دەوڵەت بە واتای تەواوی خۆی دەوڵەتی "ناوخۆییە".

چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لە هزری مارکس دا بە واتایەکی دیارتر دەکار هاتووە. مارکس لە *سەرەتایەک لەسەر ڕەخنەی ئابووری سیاسی دا* کە پێشتر هەندێکمان لە لاپەرە 59 دا هێنایەوە دەڵێ:"لەئاکامی خوێندنەوەکانم دا گەیشتمە ئەو جێیە کە ناتوانین خۆبەخۆ لە پەیوەندییە حقوقی و هەروەها شێوازەکانی دەوڵەت بگەین و نە دەشتوانین بەپێی پرۆسەی پێگەیشتنی زەینی مرۆڤ شییان کەینەوە، چوونکە ڕیشەیان لە

هەلومەرجی ماددی ژیان دایە و هێگێل ئەو هەلومەرجەی بەشێوەی نووسەرانی ئینگلیسی و فەرانسەیی سەدەی هەژدهەم لە ژێر سەردێری *کۆمەڵگای مەدەنی دا* کورت کردۆتەوە. هەروەها بۆ توێژینەوەی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ ئابووری سیاسی بپشکنین."

لەشی کردنەوەی مارکس دا کۆمەڵگای مەدەنی بواری پەیوەندییە ئابووری یان پەیوەندییە ژێرخانی و کۆیەک لە پەیوەندییەکانی نێوان تاک و چینەکانە کە دەکەونە دەرەوەی بواری سەرخانی دەوڵەتەوە. کۆمەڵگای مەدەنی "پێگەی سروشتی" دەوڵەتە و تایبەتمەندییە سەرەکییەکەشی تاکەتی، ململانێ و گرژییە. مارکس کۆمەڵگای مەدەنی پێ "کۆمەڵگای بوورژوایی" بوو. لە "کۆمەڵگای بوورژوایی" دا بوورژوازی نوێنەرێکە کە سەرخانە حقوقی و سیاسییەکانی جیهانی مۆدێرن بە کارکردنی خۆی پێک دێنێ. بە گشتی کۆمەڵگای مەدەنی یان بوورژوایی مارکس، بواری ئۆگرییە تایبەتییە چینایەتییەکانە.

پاش مارکس، ئانتۆنیۆگرمشی زێتر لە هەر مارکسیستێکیتر چەمکەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا بەکار هێنا. بەڵام واتاکانی گرامشی جیاوازن. هەر وەک ووتمان لە هزری مارکس دا کۆمەڵگای مەدەنی یان "کۆمەڵگای بوورژوایی" هەمان لایەنی بنیاتە

ماددی یان پیوەندییە ژێرخانییەکانە کە لەسەر ئەو بنەمایە لایەنی سەرخانی حقوق و دەوڵەت و ئایدۆلۆژیا سەرهەڵدەدا، لەکاتێک دا گرامشی کۆمەڵگای مەدەنی وەک چەمکی لایەنی سەرخانی بەتایبەت بەشە ئایدۆلۆژیایەکەی دا دەکار دێنا. گرامشی دوو لایەنی سەرخانی لێک جیا دەکردەوە؛ یەکەم پانتای گشتی یان دەوڵەت و دووهەم پانتای تایبەت یان کۆمەلگای مەدەنی. دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتدار، لە گۆڕەپانی کۆمەڵگای مەدەنی دا وەک "هێژمۆنی" (باڵادەستی فکری) و لە گۆڕەپانی دەولەت و حکوومەتیش دا وەک "باڵادەستی ڕاستەوخۆ" دەردەکەوێ. بەباوەڕی گرامشی بۆ وێنە کڵێسەی کاتۆلیک وەک ڕێکخراوی فکری و فەرهەنگی چینی دەسەڵاتدار دەزگای هێژمۆنی ئەو چینەیە لە کۆمەڵگای مەدەنی دا. بەکورتی کۆمەڵگای مەدەنی بوارێکە کە لەودا دزەگای ئایدۆلۆژیاکەکان هەڵدەستن بە مەبەستی پێک هێنانی هێژمۆنی چینایەتییەوە. کۆمەڵگای مەدەنی وەک بەشێک لە دەوڵەت سەیر دەکرێ بەو جیاوازییەی کە کۆمەڵگای مەدەنی بواری کۆبوونەوە و هاندان و ڕەوایی و کاری فێرکارییە لە کاتێک دا بواری دەوڵەتی پانتای زۆر و سەرکوت و باڵادەستییە.

چەمکی کۆمەڵگا مەدەنی لە کۆمەڵناسی سیاسی هەنووکە دا تێگەیشتنێکە لەسەر بنەمای "ئابووری سیاسییەوە". بە گشتی کۆمەڵگای مەدەنی هەمووی ئەو پانتایە لەخۆ دەگرێ کە لەپاش دیاری کردن و لێک بڵاوبوونی پانتای دەوڵەتەوە دەمێنییەوە. کۆمەڵگای مەدەنی، پانتایەکە کە لەودا گێرەوکێشە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیایەکان ڕوو دەدەن و دەوڵەتیش تێدەکۆشێ ئەو گرژییانە لە ڕێگەی نێوبژیوانی یان سەرکوتوە

چارەسەر کا. نوێنەرانی ئەو گرژیانە لەناو کۆمەڵگای مەدەنی دا بریتین لە هێز، چین، گرووپ، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و سازی و ڕێکخراو و گرووپگەلی گووشار و ئەنجوومەنەکانی نوێنەریان. کۆی ئە وهێزە کۆمەڵایەتیانەی لەبەشی پێشوودا تاوتوێ کران وەک پاژەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دێنە ژمار. لەمەڕ حیزبە سیاسییەکان و پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی دا وتراوە کە "حیزبەکان پێیەکیان لە کۆمەلگای مەدەنی و پێیەکیشیان لە پانتای دەوڵەت دایە".[1] هەندێ لە نووسەران چەمکی "کۆمەڵگای" سیاسیان وەک پانتای حیزبە سیاسییەکان کە لەنێوان پانتای کۆمەڵگای مەدەنی و انتای دەوڵەت دایە دەکارهێناوە.

## کۆمەڵگای جەماوەری

لێرەدا بە گشتی چەمکی کۆمەڵگای جەماوەری لەهەمبەر کۆمەڵگای مەدەنی دا بەمەبەستی وەسف کردنی پێکهاتنی جۆرێک لە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگادا دەکار دێنن. لە کۆمەڵناسی سیاسی دا چەمکی کۆمەڵگای جەماوەری بە واتای بەرفراوانتری دەکار هاتووە. هەندێ لە

1. Bobbio, op. cit. p. 25.

نووسـەران، سـەرجەمی کۆمـەڵگا مۆدێرنـەکانیان بـەبێ لەبـەرچاو گرتنـی جۆری ڕژێمە سیاسییەکانیان، وەک کۆمەڵگای جەماوەری سەیر کردووە. لە کۆمـەڵگای جـەماوەری بـە واتـا بەرفراوانـەدا وێکچـوویی نێـوان بیـروڕای جەماوەرەکان زەقترە لە جیاوازییەکانیان. وەک یەک لێ کردن تایبەتمەندی سەرەکی کۆمەڵگای جەماوەری بەو واتایەیە. کۆمـەڵگا نەریتییـەکان نـاکرێ وەک کۆمەڵگای جەماوەری سەیر کـەین چوونـە لـەو کۆمەڵگایانـەدا لەگـەڵ ئەوەدا کە نەریتەکان زاڵن و جۆراوجـۆری فکـری لـە ئـارادا نییـە، ئۆگرییـە گرووپی و تـۆڕی پەیوەندایـەتی جۆراوجـۆر لـەئارا دان و یـەکریزی لەسـەر بنەمای پەیوەندییەکان نزیک و واتـادارە. کۆمـەڵگای جـەماوەری لـە واتـای بەرتەسـکـتـردا لـە هـەلومـەرجی سـەردەمانی تێپـەربوون لـە کۆمـەڵگای نەریتییـەوە بـۆ کۆمـەڵگای مـۆدێرن و یـانیش هـەر لـەناوخۆی کۆمـەڵگای مۆدێرن دا سەر هەڵدەدا. لە کۆمـەڵگای جـەماوەری دا جیاوازییـە گرووپـی و سینفییە نەریتییەکان کەم ڕەنگ دەبـن. تێپـەر بـوون لـە "جەماعەتـەوە" بـۆ "کۆمەڵگا" هەردەم پێویستی بـە داشکانەوە بـەلای سـەرهەڵدانی بـارودۆخی جـەماوەری دا هەیـە. لـە ڕوانگـەی کۆمەڵناسـی دۆرکهایمـەوە، کۆمـەڵگای جەماوەری نوێنگەی بارودۆخی "ئانۆمی"یە. هاوکات لەگەڵ هەرەس هێنـانی شوناسە ئەتنیکی، خۆجێی، سینفی، سـتاتۆ و چینایەتییـەکان و هـەروەها هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی پەیوەندی و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە جەماوەرییـــەکان دا وەک یـــەک لـــێ هـــاتن بـــەرز دەبێتـــەوە. گەرهەنگـە خۆڤجێیەکان لە هەمبەر سەرهەڵدانی گەرهرنگی جەماوەری دا دەسرێنەوە و ئۆگرییـــەکانیش ڕووەو لاواز بـــوون دەچـــن. هـــەر چەنـــدە لـــە کۆمـــەلگای جەماوەری دا چینەکان بە واتا ئابوورییەکـەی دەمێنێتـەوە بـەڵام جیاوازییـە

چینایەتییەکان لە روی ڕێکخستن. وشیاری و چالاکی سیاسی دا لاواز دەبن. لەوەها کۆمەڵگایەک دا وشیاری و یەکریزی چینایەتی لە وشیاری و یەکریزی جەماوەری دا دەتوێتەوە و جۆرە (همگرایی‌ەک) لەنێوان ئایدۆلۆژیایە چینایەتییە جیاجیاکان دا سەر هەڵدەدا و سەمبۆلە هاوبەشە سەرەوو چیانییەتییەکان لە سەرانسەری کۆمەڵگادا بەربڵاو دبنەوە. لەدەقی کۆمەڵگای جەماوەری دا بواری سەرهەڵدانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییە جەماوەرییەکان و بەتایبەت بزووتنەوەی مۆبیلیزەی جەماوەری بەرز دەبێتەوە. بزووتنەوەی جەماوەری، مۆبیلیزە و ڕێکخراوە سیاسییە بەربڵاوەکان، تایبەتمەندی سیاسی کۆمەڵگای جەماوەرین. لەئاکامی مۆبیلیزەی سیاسی دا، چینەکانی خوارووی کۆمەڵگاش ڕێگەی چوونە ناو پانتا سیاسییەکانیان بۆ خۆش دەبیّ. بەشداری کردن لە کۆمەڵگای جەماوەری دا گرووپی و خۆرسک واتا لە سەر بنەمای ئۆگری و بەرژەوەندییە سینفییەکانەوە نییە بەڵکووو مۆبیلیزەخوازانە و وڕووژێنراوە. فۆنکسیۆنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان سازدانی سەمبۆلە پێویستەکانە بۆ مۆبیلیزەی گشتی. لە کۆمەڵگای جەماوەری دا یەکریزی کۆمەڵایەتی نەریتی لەناو چووە و کۆمەڵگا بە توندی لە لێکدابران و سەرلێشێواوی ئەخلاقی و مەعنەویی دا دەژی، بەڵام بزووتنەوەی جەماوەری یەکریزییەکی سیاسی نویّ لە کۆمەڵگا دا پێک دێنیّ کە هەر چەندە لە ڕووی هەست و سۆزەوە بە گور و توندە بەڵام لە هەمان کاتیش دا درویی، خشکەیی و لە تێپەر بوون دایە. بنەمای ئەو یەکریزییەش نە

ئۆگرییە گرووپی و سینفییەکانە بەڵکووو پەیوەندییە ناتاکەکەسییە ئایدۆلۆژیاکەکانە. هەر لەو ڕووەوە یەکریزی دەستکردی کۆمەڵگای جەماوەری یەکریزیەکی پتەو نییە. کۆمەڵگای جەماوەری هەروەها لێهاتوویەکی تایبەتی هەیە بۆ بە ئایدۆلۆژیاک بوون، چوونکە بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییەکانی وەها کۆمەڵگایەک ئایدۆلۆژیا و بزووتنەوەی جەماوەری خاوەن تایبەتمەندییەکی ئێش برن. ئامرازە پەیوەندییەکانی جەماوەریش پێویستی پێکهاتنی یەکریزی ئایدۆلۆژیاکن. لە کۆمەلگای جەماوەری دا جەخت دەکرێتە سەر بەرامبەری تاکەکان وەک پێرەو. یەکێک لە فۆنکسیۆنەکانی بزووتنەوەی جەماوەری سەرکوتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ("هاوئاست" کردنی کۆمەڵایەتی و نەک ئابووری)یە. لە دەقی کۆمەڵگا و بزووتنەوە و مۆبیلیزەی جەماوەری دا هیچ گرووپ یان ڕێکخراوێک بۆی نییە سەرهەڵێنێ. هەر لەو روەوە کۆمەڵگای جەماوەری خاوەن بۆچوونی "پۆپۆلیستییە". تەنیا ئەو ویستانە رەوا دەژمێردرێن، کە لەلایەن جەماوەرەوە بێ. ڕێبەرانی بزووتنەوە جەماوەرییەکان تێدەکۆشن خۆیان وەک ئاوێنەی باڵانوێنی ویستی جەماوەر پێشان بدەن. بێ گومان لە کۆمەڵگا جەماوەرییەکان دا سازی و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ناتوانن بەردەوام بمێننەوە. بەو پێیە لە ڕووی واتاییەوە کۆمەڵگای جەماوەری دەکەوێتە هەمبەر کۆمەڵگای مەدەنییەوە. لە کۆمەڵگای جەماوەری دا ڕێبەرانی سیاسی بە زۆری خۆیان دەخەنە بەردەم ویست و گووشارەکانی جەماوەرەوە. هەر ریبەرێک لەو بوارەدا زێتر سەرکەوتن وەدەست بێنێ، زێتر دەتوانێ رکەبەرایەتی وەلانێ. لەلایەکی-تروەش جەماوەریش لە وەها کۆمەڵگاگەلێک دا بە سانایی خۆی دەخاتە

بەردەم مۆبیلیزەی ڕێبەرانی سیاسییەوە. کۆمەڵگای جەماوەری تینووی ئایدۆلۆژیا و مۆبیلیزە و ڕێبەرایەتییە و تێدەکۆشێ یەکریزی نەریتی لەدەست چوو لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیا سیاسییەوە زیندو کاتەوە. بەپێی تویژینەوە جۆراوجۆرەکان، بە گشتی ئەو بەشانەی کۆمەڵگا زێتر تەقڵی بزووتنەوە جەماوەرییەکان دەبن کە لە ئاکامی ئاڵوگۆرە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دا، زیانیان بەر کەوتبێ و ڕووەوە تێداچوون بن. گرووپە پەراوێزەکانی وەک وردبوورژوازی، ڕووناکبیرانی بێ "چین"، پەنابەران، کرێکارانی نوێ، لاوان، بێاران و ئەو سەربازانەی لەشەر گەڕانەوە خاوەن ڕیشەیەکی کۆمەڵایەتی لاوازترن، و لێهاتووی مۆبیلیزەیان زۆرترە و کاکڵی سەرەکی کۆمەڵگای جەماوەری پێک دێنن. تایبەتمەندییەسەرەکییەکانی کۆمەڵگای جەماوەری بریتین لە: لێکدابراویی، لاوازی پەیوەندییە گرووپییەکان، بۆشای مەعنەوی، لاوازی پێوانە ئەخلاقی و هنجارییەکان، ئێلینە بوون، گووشار و دڵەراوکێی ڕوحی، هەستی ناتەناهی، تووندێتی ئایدۆلۆژیا و ڕێبەرایەتی و یەکریزی نوێ و دەسەڵات ویستی.[1]

**تیۆرییەکانی کۆمەڵگای جەماوەری.** ئەو تیۆرییانەی سەبارەت بە کۆمەڵگای جەماوەرییەوە رانراون زێتر لایەنی ڕەخنەگرانەیان هەبووە. بە گشتی ئەو بیرۆکانە لە دوو هەڵوێستەوە کەوتوونەوە: یەکەم لە

---

1. E. Shils “The Theory of Mass Society”. *Diogenes*, n. 39, 1962, pp. 45- 66.

هەڵوێستی کۆنسێرڤاتیزم و ڕێزدانان بۆ کۆمەڵگای مەدەنی و ڕەخنەی بۆچوونە دێموکراتیکەکان لە کۆمەڵگای مۆدێڕندا، و دووهەم لە هەڵوێستی پشتگیری کردن لە دێموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی و ڕەخنەی بۆچوونە تۆتالیتێرەکان لە کۆمەڵگای مۆدێڕن دا. وەک میناکی بیرۆکەکانی پۆلی یەکەم دەکرێ ئاماژە بکەینە بیروڕای کەسانێکی وەک ئالێکسی دۆتکڤێل، نووسەری فەرانسەیی، ئۆرتگا یی گاست نووسەری کۆنسێرڤاتی ئیسپانیایی و ئیمیل دۆرکهایم و وەک میناکی پۆلی دووهەمیش دەکرێ ئاماژە بکەینە سەر بیروڕای هانا ئارێنت، ئێریش فرۆف و ویلیام کۆرنهاوزێر.

هەرەس هێنانی کۆمەڵگای نەریتی و ئۆگری و پوانە ئەریستۆکراسییەکان لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕەکانی وەک شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی فەرانسە و سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مۆدێڕن بە بۆچوونی بەهێز سەبارەت بە دێموکراسی، ئازادی و بەرامبەری هەندێ بواری سەرەتایی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای جەماوەری لە چاخی کاپیتالیزم دا پێکهێنا. ئەو بیرمەندە کۆنسێرڤاتانەی هەڵیان دەکووتایە سەر کۆمەڵگای دێموکراتیکی مۆدێڕن، کۆمەڵگای جەماوەری و کۆمەڵگای دێموکراتیکیان وەک یەک سەیر دەکرد و پێیان وابوو دێموکراسی خاوەن بۆچوونی جەماوەری بەهێزە.ڕووی ڕەخنەی نووسەرانێکی وەک دۆتکڤێل لەسەر کۆمەڵگای مۆدێڕن و دێموکراسی زێتر لەلایەنە جەماوەرییەکەی بووە. ئەو جۆرە بیرمەندانە داکۆکیان دەکرد لە جەماعەت بە واتا نەریتییەکەی لەهەمبەر ئیدۆڤیدیالیزمی کۆمەڵگای مۆدێڕن، لە دەسەڵاتی ئەخلاقی لەهەمبەر

دەسەڵات بە واتا نوێیەکەی و لە ستاتۆی نەریتی لەهەمبەر چینەکان بەواتا مەدێرنەکـەی دا. کاریگـەری بیـروڕای دۆتکڤێـل وەک نوێنـەری سـەرەکی بۆچوونی دژە دێموکراسی جەماوەری و پشتگیری لـە بنـەماکانی کۆمـەڵگای نـەریتی لـە بیـروڕای نووسـەرانی دواتـریش دا بەتایبـەت مـاکس ڤێبێـڕ، دورکهـایم، گێئـۆرگ زیمـل دا مایـەوە. بـە بـاوەڕی ئـەو نووسـەرانە ئـاڵ-وگۆڕەکـانی دەرئـەنجامی پیشەسـازی بـوون، سـێکیولاریزم و دێموکراسـی ئێلینە بوون، تەریک کەوتنەوە و بە جەماوەری بوونی تـاک و کۆمـەڵگایان لێ کەوتۆتەوە. بیرمەندانی کۆنسێرڤاتی سەدەی نۆزدەهەم پێیان وابـوو بـە گشـتی کاپیتـالیزم و پیشەسـازی و دێموکراسـی ڕێخۆشـکەری وەک یـەک لێهـاتن و بـە جـەماوەری بـوونی کۆمـەڵگای مـۆدێڕن و بـەبـاوەڕی ئـەوان تایبەتمەندییە سـەرەکییەکانی کۆمـەڵگای جـەماوەرەی مـۆدێڕن بـریتین لـە: لەناوچوونی ستاتۆ و جەماعەتی نەریتی، سەرهەڵدانی شـارە بـەربڵاوەکان و سیستمی کارگەکان، هەرەس هێنانی پەیوەندییە تەناهی بەخشـە نـەریتی و باوک سالارەکان، سەرهەڵدانی ورەی تاکخوازی، "داوەشانی فەرهەنگی" (بـە وتـەی نیچـە و کارلایـل)، ئێلینـەبوون، خـەمۆکی و نارەحـەتی لـە کۆمـەڵگای مـۆدێڕن، "بەربڵاوکردنـەوەی دیسـیپلینی پادگـان و گرتوخانـە بەسەر سەرجەمی ژیانی کۆمەڵایەتیدا"(بە وتەی لۆیی بۆناڵد)، "دیکتـاتۆڕی

ماشێن"(بە وتەی دۆتکڤێل)، "ئەفسوون سرینەوە" و داشکان بەلای ئاوەزی بروکراتیک دا(لە بیرۆکەی ڤێبێردا) و لاوازی یەکریزی نەریتی و سەرهەڵدانی بارودۆخی ئانۆمی (لە بیرۆکەی دۆرکهایم دا).[1]

بەپێزترین بواری تیۆریک سەبارەت بە کۆمەڵگای جەماوەری دەبێ لە بیروڕای ئیمیل دۆرکهایم دا بدۆزینەوە. تیۆروانە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای جەماوەری وەک هانا ئارێنت، ئێرش فرۆم و کۆرنهاوزێر گشتیان کەم تا زۆر کاریگەری قوتابخانەی دۆرکهایمیان پێوە دیار بووە. چەمکی تەوەرەیی کۆمەڵناسی دۆرکهایم یەکریزی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕەکانییەتی. دۆرکهایم لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کۆمەڵگا کۆیەک لە هزرە ئەخلاقییەکانە. بە واتایەکی‌تر، کۆمەڵگا کۆیەکی چەندایەتی تاکەلان نییە بەڵکووو ڕاستەقینەیەکی چوونایەتی و یەکە و یەکریزە. خواوەند هەر هەمان کۆمەڵگا و ویژدانی کۆمەڵایەتییە. قانوون و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان زاڵن بە سەر ئاوەزی مرۆڤەکان دا. بزاوتی سەرەکی کۆمەڵ بەباوەڕی دۆرکهایم لە یەکریزی ئینیسترۆمێنتاڵیزمەوەیە بۆ یەکریزی ئۆرگانیک. بەرزبوونەوەی تێکچنراوی دابەش کردنی کاری کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی سەقامگیری و یەکریزی کۆمەڵگا. بەڵام کۆمەڵگا هەردەم خاوەن یەکریزی دڵخواز نییە و کە پڕۆسەی تێپەربوون لە یەکریزی ئینیسترۆمێنتالییەوە بۆ یەکریزی ئۆرگانیک دا تووشی دۆێکی لێکدابران و ئانۆمی و نەبوونی

1. R. Nisbet, *The Sociological Tradition.* (London, Heinemann, 1967).

یەکریزی دەبێ کە دۆرکهایم ناوی نا "ئانۆمی". کۆمەڵگا یان لە دۆخی یەکریزی و یانیش لە دۆخی ئانۆمی و لێکدابران دایە. کۆمەڵگای لێکدابراوی دۆرکهایم هاوجنسییەکی زۆری لەگەڵ کۆمەڵگای جەماوەری دا هەیە. بەباوەڕی دۆرکهایم یەکریزی و دیسیپلینی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ئۆگرییە ئەخلاقییەکانە و نەک لەسەر بنەمای ترسی "لوایتان" و یان قازانج ویستی، هەروەک ئەو جۆرەی لایەنگرانی قوتابخانەی (اصالت فایدە) بەڵگەیان دێنایەوە. ویژدانی بە کۆ، رەوشت و دابەش کردنی کار بە شێوەی بەربڵاو بنەمای یەکریزی کۆمەڵگاکانن. لە کۆمەڵگای مۆدێڕن دا دابەش کردنی کار جێگەی ویژدانی بە کۆ دەگرێتەوە بەڵام شێوازە نائانۆمییەکانی دابەش کردنی کاری کۆمەڵایەتی نەبێتە هۆی یەکریزی. بەباوەڕی دۆرکهایم، دابەش کردنی کار لە دوو بارودۆخی دا شێوازی نەخۆشی بە خۆوە دەگرێ، یەکەم لە هەلومەرجی ئانۆمی یان لاوازی نۆڕمە ئەخلاقییەکان و دووهەم لە هەلومەرجی دابەش کردنی کاری زۆرەملی دا کە لەودا نۆڕمە دەسەڵاتدارەکان نادادپەروەرانەن خۆکۆژی بە واتای مۆدێڕن لە هەلومەرجی "ئانۆمی" و لاوزی یەکریزی کۆمەڵایەتی دا بەرز دەبێتەوە. گووشارەکانی بە هۆی ئاڵوگۆرەکانی سەدەکانی رابردووە بوونە هۆی سەرهەڵدانی سەردەمانێکی سەر لێشێواوی و گێرەوکێشەی کۆمەڵایەتی و تێکۆشان بۆ سامان و دەسەڵات و نوێژەن بوونەوەی و شاری بوون و بەربلاوبوونەوەی پیشەسازی ئاستەنگی گەلێکی لەباری یەکریزی لەئاستی تاک و کۆدا پێک هێناوە. بە گشتی لە ڕوانگەی دۆرکهایمەوە کۆمەڵگای

مۆدێرن لەخۆ گری داشکانەوەیەکی بەهێزە بۆ بە جەماوەری بوون.[1] تیۆروانەکانیتری کۆمەڵگای جەماوەری ڕاڤەکردنی خۆیان سەبارەت بە گۆرانی تۆتالیتێریزم، ناسیۆنالیزم، کۆمەڵگای جەماوەری و بزووتنەوەی مۆبیلیزە جەماوەرییەکانیان لەناو وەها چوارچێوەیەک دا داناوە.

هانا ئارێنت لە کتێبی *ڕیشەکانی تۆتالیتاریزم دا*، سەرچاوەی بزووتنەوە و ڕژێمە تۆتالیتێرە مۆدێرنەکان لە هەلومەرجی کۆمەڵگای جەماوەری دا دەدۆزێتەوە. بەباوەڕی ئارێنت هەر لە دەسپێکی شۆڕشی پیشەپێکهاتەوە و هەرەس هێنانی داڕشتەی کۆمەڵایەتی کۆنەوە تاک لە کۆمەڵگای مۆدێرن دا تووشی تەنیایی و تاقکەوتنەوەیەکی مەترسیدار هاتووە و ئەوەش خۆی پانتای گشتی ژیانی سیاسی تووشی بشێوی کردووە. دەرئەنجامی ئەو پڕۆسەیە سەرهەڵدانی تاکێکی تەریک و تەنیایە کە تەنیاییەکەی نە بە واتای لەگەڵ ئەویتر نەبوون بەڵکووو بە واتای "لەگەڵ خۆ نەبوونیشە". ئەو تەنیاییە نێگەتیڤە، تایبەتمەندی جەماوەڕێکی هەراوی دانیشتوانی سەدەی بیستەمە. بزووتنەوەی جەماوەریش ڕێگەیەک بوو بۆ ڕزگاری جەماوەرەکان لەو تەنیاییە قوڵە. ئایدۆلۆژیا دەوڵەتی تۆتالیتێر خەریکی زیندووکردنەوە و گەراندنەوەی یەکریزی و ژیانی مەعنەوەی لەدەست چوویە. لەلایەکیترەوە دەوڵەتی تۆتالیتێر کە خۆی

---

1. I. Zeitlin, op. cit. pp. 250-291.

هەڵقوڵاوی هەلومەرجی کۆمەڵگای جەماوەری و تەنیایی تاکە لەگەڵ لەناوبردنی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی و نەریتییە سیاسی و حقوقییەکانی کۆمەڵگا و گۆڕینی چینەکان بۆ جەماوەر، لە بنەمادا هەل-ومەرجی کۆمەڵگای جەماوەری بە گۆرتر دەکا. تۆتالیتێریزم لە ڕێگەی تێرۆر و ئایدۆلۆژیایەوە بە دوو شێوە کۆمەڵگای مەدەنی تێک دەشکێنێ و هەلومەرجی کۆمەڵگای جەماوەری پتەو دەکا: یەکەم لە ڕێگەی کاول کردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و دووهەم لە ڕێگەی کاول کردنی پەیوەندییە تێگەیشتنەکانی مرۆ لەگەڵ ڕاستییەکان دا. ئایدۆلۆژیا و تێرۆر فەزای کۆمەڵگای مەدەنی لەناو دەبا و سەرجەمی خەڵک وەک یەک لێ دەکا. کۆمەڵگای مەدەنی خاوەنی هیچ چەشنە جۆراوجۆری و چەند لایەنە نییە کە ئایدۆلۆژیا تۆتالیتێر بە ڕانانی شیکارییەکی یەکە لە سەرجەمی بابەتەکان ویستی تاک مۆبیلیزە دەکا بۆ زۆرەملی ناوخۆیی خۆی.[١]

ئێریش فرۆمیش لە کتێبی *هەڵاتن لە ئازادی دا* بەڵگەیەکی لە بنەمادا وەک ئەوەی سەڕووی سەبارەت بە سەرهەڵدانی کۆمەڵگای جەماوەرییەوە ڕاناوە. بەباوەڕی فرۆم لە سەدەکانی ناوەڕاست دا مرۆ خاوەن تەناهی بوو بەڵام ئازادی نەبوو. چین، ستاتۆ کاروپیشە و سینفەکان لە سەر جێی

١. هانا آرنت، *ریشەهای توتالیتاریسم*، ترجمەی محسن ثلاثی، انتشارات جاویدان، ١٣٦٣.

خۆیان بوون و تەناهیان دەبەخشییە تاک. هەر کەسەو بێ پرس و را پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی دەپەژراند. بەڵام لەگەڵ رێنسانس دا تاک خوازی و شوێن دەسەڵات و سامان کەوتن و ململانێ جێگەی ژیانی ئاسوودە و بەرتەسکی رابردووی گرتەوە. ڕیفۆڕماسیۆن ئەو پڕۆسەیەی لە ڕێگەی جەخت کردن لە سەر تاکتیکی باوەڕداران، خۆتەوەرەیی، تەنیا و کارو تێکۆشانی تاکییەوە وەک ئامرازی بەخشین بە گۆر کردەوە. هەستی تەنیایی، بچووک بوونەوە و سەر لێشێواوی و نەبوونی تەناهی تاکەکەسی، دەبێتە هۆی هانا بردنی وە دەرمانی هێوربەخشی دەسەڵات و دەسەڵات ویستی و بە شێوازی پاڕدۆکسیکاڵ لە لە دیاردە رەوانی – کۆمەڵایەتییەکان دا مازوخیزم و سادیزم سەرهەڵدەدەن. بەباوەڕی فرۆم هەستی تەنیایی و نەبوونی تەناهی تاکەکەسی سەرچاوەی سەرەکی بێ ئارامییەکانی چاخی نوێیە.

ویلیام کۆرنهاوزێر لە کتێبی *سیاسەتی کۆمەڵگای جەماوەری*[1] لەڕاڤەکردنی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای جەماوەری مۆدێرن دا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئاڵوگۆری سەدەکانی رابردوو بەستێنی سەرهەڵدانی کۆمەڵگا و بزووتنەوە جەماوەرییەکان و تۆتالیتێریزمی لەسەدەی بیستەم دا دەستەبەر کردووە. کۆرنهاوزێر کۆمەڵگای دێموکراتیک و پلۆڕاڵیستی لەهەمبەر کۆمەڵگای جەماوەری دا دادەنێ. لەنەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی و پێکهاتەکانی دا، کۆمەڵگا جەماوەری دەبێ. بیرۆکەی کۆمەڵگای جەماوەری

1. W. Kornhauser, *The Politics of Mass Society*. (New York, Free Press, 1963).

خۆی سەبارەت بە چۆنییەتی لەناوچوونی گرووپ و پێکهاتەکانی نێوان جەماوەر و دەسەڵاتی دەوڵەتە. کۆمەڵگای جەماوەری دەرئەنجامی یەکریزییە گرووپییەکانە. لەو هەلومەرجەدا "ئێلیتەکان بە سانایی خۆ دەخەنە بەردەم دزەی جەماوەر و جەماوەریش بە سانایی دەکەوێتە بەردەست ئێلیتەکان". لەوەها هەلومەرجێک دا کۆمەڵگا ئامادەی مۆبیلیزە بوون دەبێ و هەلومەرجی سەرهەڵدانی بزووتنەوە جەماوەرییە تۆتالیتێرەکان دەستەبەر دەبێ. لە کۆمەلگای جەماوەری دا، تاک هاوکات لەگەڵ لە دەست دانی یەکریزییە گرووپییەکانی تەریک دەمێنێتەوە و وەک "تۆزقالێکی" لێ دێ و ئامادەی پەژراندنی ئایدۆلۆژیایە تۆتالیتێر و یەکریزبەخشەکانە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای جەماوەری دا پێک هاتووە لە سەرجەم چینە کۆمەڵایەتییەکان. کاتێک جەماوەر بێ ڕێکخراو و ووشیاری بەکۆ بێ، ئیشتیای ڕێکخستنی بێ، بزووتنەوەی جەماوەری بیچم دەگرێ. هەلومەرجی کۆمەڵگای جەماوەری مۆبیلیزەی گشتی دانیشتوان دەرەخسێنێ و لە ڕاستیش دا تۆتالیتێریزم هەمان بارودۆخی مۆبیلیزەی گشتییە. لەوەها هەلومەرجێک دا، سازی، ئەنجوومەن و حیزبەکان لە کۆمەڵگای مەدەنی دا ناتوانن هەروەک دەوڵەتی تۆتالیتێر، جەماوەر بەلای خۆیان دا ڕاکێشن و لەئاکام دا گرینگایەتیان نامێنی. تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای جەماوەری لە ڕوانگەی کۆرنهاوزێرەوە بە گشتی بریتین لە لاوازی یەکریزی گرووپی، وردیلە بوونی تاک، ئامادە بوونی پەژراندنی ئایدۆلۆژیایە تەناهی بەخشەکان و

سەرهەڵدانی جەماعەتی درۆیین. "تاکەکانی وردیلە بوو بەسانایی مۆبیلیزە دەبن و بەپێی ئەوە کە تۆتالیتێریزم، بارودۆخی مۆبیلیزەی گشتییە، کۆمەڵگای جەماوەری دەکەوێتە بەر مەترسی سەرهەڵدانی بزووتنەوە و ڕژێمە تۆتالیتێرەکانەوە".

بە کورتی تیۆروانەکانی کۆمەڵگای جەماوەری، پێیان وابوو کۆمەڵگای مۆدێڕن بە گشتی خاوەن بۆچوونی جەماوەرییە و ڕیشەی ئەو بۆچونانەشیان لە ئاڵوگۆڕە مێژوویی و نوێژەن بوونەوەکانی چاخی نوێدا دەدۆزییەوە. بەباوەڕی تیۆروانەکانی کۆمەڵگای جەماوەری تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای جەماوەری بریتین لە شوێن هەڵگری جەماوەری، دڵەراوکێی تاک و کۆ، ئێلینە بوون، سەرلێشێواوی و "ئانۆمی" و قەیرانی شوناسە کە دەرئەنجامی پرۆسەکانی پیسەسازی، شاری بوون، دێموکراسی و مۆدێڕنیزمن. کۆمەڵگای جەماوەری بەستێنی سەرهەڵدانی بزووتنەوە جەماوەری و مۆبیلیزەیی و تۆتالیتێریزم دەستەبەر دەکا. بزووتنەوەی مۆبیلیزەی جەماوەری گەڕانەوە بۆ جۆرە یەکریزییەک کە بە شێوەی "جەماعەتی دروێ" دێتە دیی. لە کۆمەڵگای جەماوەری دا تۆوی یەکریزی و کەش و هەوای پەیوەندییە نزیکەکان لاواز دەبێ و لە جێی ئەو تۆوێکی پەیوەندییە جەماوەرییەکان لە چوار دەوری دێتە ئاراوە. بەو پێیە جەماعەتی درۆ بەپێی سەمبۆلە گشتییەکان پێک دێن. بۆ وێنە بزووتنەوەی فاشیزم تێدەکۆشی لەسەر بنەمای پەیوەندییە درۆیی یان زۆر بەربڵاوەکانی وەک پەیوەندی ڕەگەزی و روحی نەتەوەیی، یەکریزییەکی نوێ پێک بێنێ. تۆتالیتێریزم خۆی نوێنگەی بەرچاوی جەماعەتی درۆیینە. تاک خۆی

لەناو بزووتنەوەی جەماوەری دا وون دەکا و بەو پێیە خۆی دە دۆزیتەوە و واتایەکی نوی دەبەخشێتە ژیانی.

## کۆمەڵگا سیاسیە جۆراوجۆرەکان

بەپێی جۆری پەیوەندی دەوڵەت، کۆمەڵگای مەدەنی و جەماوەر دەکرێ چەند جۆر "کۆمەڵگای سیاسی" لەبەر چاو گرین. هەر کام لەو جۆرانەی کۆمەڵگای سیاسی ڕەنگە لەخۆ گری چەند جۆرە رژیمی سیاسی بن. بەو پێیە پۆلین کردنی بەردەست گشتیتر لە پۆلێن کردنی ڕژێمە سیاسیەکان لە سەر بنەمای دوو تەوەرەی داڕشتەی سیاسی و ئایدۆلۆژیا بوو. پێوانەکانی پۆلێن کردنی کۆمەڵگا سیاسیەکان بەپێی کۆمەڵگای مەدەنی بریتین لە: ١) بوون یان نەبوونی پەیوەندی ئۆرگانیک لەنێوان دەوڵەت و کۆمەلگای مەدەنی دا؛ ٢) بوون یان نەبوونی پەیوەندی ئایدۆلۆژیاک لەنێوان دەوڵەت و جەماوەر دا؛ ٣) رادەی دەسەڵات و پەرەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی؛ ٤) رادەی پشت بەستنی داڕشتەی دەسەڵاتی سیاسی بە مۆبیلیزەی جەماوەرەوە. بەپێی ئەو پێوانانەی شەش مۆدێلی خوارەوە خۆ بەدەستەوە دەدەن:

**کۆمەڵگای سیاسی پلۆرالیست.** لەو جۆرە کۆمەڵگا سیاسییەدا کۆمەڵگای مەدەنی و سازی و پێک هاتەکانی خۆرسک و بەهێزن و ئۆگری تاک یان جەماوەرە پرش و بلاوەکان لە سینف و گرووپ و پێکهاتە جیاجیاکان دا ڕێک دەخەن. بەو پێیە کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆڵی "هێرش گێرەوە" لەنێوان دەوڵەت و جەماوەردا دەگێرێ. دەوڵەت بە شێوەی ڕاستەوخۆ هەڵناستێ بە مۆبیلیزەی پشتگیری جەماوەری بێ بیچم و لە ئاکام دا ژیانی سیاسیش بە دوور دەبێتەوە لە مەترسی بە جەماوەری بوون. مەترسییەکی بە جەماوەری بوونی سیاسەت لەگەڵ خۆی دا دەیهێنێ بە هۆی تۆخمی بەڵێنە ڕاستەکانە کە ڕێبەرانی سیاسی بۆ پێشوە بردنی کارەکانیان دەیدەنە جەماوەر و ئاستی ویستەکانیان بەرز دەکەنەوە و لەئاکام دا سیاسەت ڕووەو زێدە ڕۆی دەچێ. دەسەڵاتی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش دەبنە لەمپەری بە جەماوەری بوونی کۆمەڵگا و هەمیش دەبنە لەمپەری مۆبیلیزەی جەماوەر کەلایەن ڕێبەرانی سیاسییەوە. لە کۆمەڵگای پلۆرالیستیش دا لەنێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت دا پەیوەندییەکی ئۆرگانیک لەئارادایە، بەو واتایە کە بواری ڕاگواستنی دەسەڵاتی سیاسی لە بەشێکی کۆمەڵگای مەدەنییەوە بۆ بەشەکانیتر لەئارادایە. هەڵبەت پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی هیچ کات تەنانەت لە سیستمە لیبراڵ – دێموکراتیکەکانیش دا هەمە لایەنە نییە بەو واتایە کە گەلێ بەشی کۆمەڵگای مەدەنی خاوەن پێگەی ستراتێژیک و دیاریکەرترە لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت دا. ئەو ڕەخنانەی کراوەتە سەر بیرۆکەی پلۆرالیزم وەک مۆدێلی دێموکراسی هاوچەرخ هەروەک بینیمان دەگەڕێتەوە سەر پەیوەندییە کرچ و کاڵ و بەرتەسکەکانی نێوان دەوڵەت و

هەندێ لە گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. لەو سیستمانەدا دواجار تەنیا گرووپە ستراتێژیکەکانی کۆمەڵگای مەدەنی (بە تایبەت چینی کاپیتالیست) لەگەڵ دەوڵەت دا پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی بەردەوام سازدەدەن و لەئاکام دا خاوەن باڵادەستی کۆمەڵایەتین. لەگەڵ هەمووی ئەوانەش دا کۆمەڵگای سیاسی پلۆرالیست لێرەدا تەنیا وەک "شێوەیەکی تیپیکاڵ" شیاوی باس لێکردنە، بەو واتایە کە دەکرێ لە پێک گرتن لەگەڵ ئەودا، بارودۆخە ئابژێکتیڤەکانی کۆمەڵگای لیبراڵ یان دێموکراتیکەکان ڕەخنە و یان پێکیان بگرین. لەو "شێوە تیپیکاڵە"دا تاکەکانی جەماوەر ئازادانە دەکەونە شوێن ئۆگرییەکانیان، ڕێکخراو و ئۆرگانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پێک دێنن و ئەو ڕێکخراو و ئۆرگانانەش بەپێی قانوون تایبەتەکانی (وەک قانوونەکانی هەڵبژاردن و راگواستنی دەسەڵاتی سیاسی لە سیستمە پارڵمانییەکان)دا بە شێوەیەکی هەڤدودان دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە دەگرن. لەئاکام دا لەنێوان دەوڵەت و جەماوەرەکان دا پەیوەندییەکی مۆبیلیزەی ڕاستەوخۆ نایەتە دیی و سیاسەت جەماوەری نابێ. هەروەها بواری کردەوەی ئایدۆلۆژیا سیاسی لە چوارچێوەی پانتای پەیوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی دا دەمێنێتەوە. بەڵگە ئابژێکتیڤ و بێ گومان ناتەواوەکانی کۆمەڵگای سیاسی پلۆرالیست دەتوانین لە سیستمە سیاسییە لیبراڵ – دێموکراتیکەکانی ڕۆژئاوا دا بەدی بکەین. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای سیاسی کەو وڵاتانەدا دەکرێ لەو خاڵانەی خوارەوەدا کورت کرێنەوە: هێزی سازی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بوونی

پەیوەندی ئۆرگانیک لەنێوان ئەو پێکهاتانە و داڕشتەی دەسەڵات دا، بواری دەستاودەست بوونی دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لەنێوان گرووپە هەڵبژاردەکان دا، لاوازی بوارەکانی مۆبیلیزەی جەماوەری و داشکانەوە روەو ئایدۆلۆژیاک بوونی ژیانی سیاسی.

**کۆمەڵگای سیاسی داخراوی نەریتی.** لەهەمبەر کۆمەلگای سیاسی پلۆرالیست دا وەک جەمسەرێکی تەیفی کۆمەڵگا سیاسییەکان، کۆمەڵگای سیاسی تەواو داخراو لەئارا دایە. لێرەش دا مەبەست "شێوەیەکی تیپیکاڵە" و دەنا نا لە هیچ کۆمەڵگایەک دا پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی سیاسی، کۆمەڵگا و جەماوەر بە تەواوی لێک دانابڕێ.

لەو "شێوە تیپیکاڵە"دا کە دەکرێ وەک بەڵگە باس لە ئۆلیگارشییە نەریتی و سەرەڕۆییە تاکەکەسییە رەهاکان بکەین، کۆمەڵگای مەدەنی و سازی و دامەزراوەکانی ئێشتا بەتەواوی پێ نەگەیشتوون. وێناندنی بوونی پانتا تایبەتەکان وەک گۆڕەپانی مافە تاکەکەسی و گرووپییەکانی جیا لە دەسەڵاتی گشتی و تەنانەت وێناندنی جیاکردنەوەی دەوڵەت لە کۆمەڵگا دەرئەنجامی ئاڵوگۆڕەکانی سەدەکانی هەژدە و نۆزدەی ئوڕووپا بووە و لە کۆمەڵگا نەریتییەکان دا بێ واتایە. لەو کۆمەگایانەدا، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان خاوەن گۆڕەپانێکی سەربەخۆ نین. هەروەها ڕەوایی داڕشتەی دەسەڵات و هێزی بنەماکانی ڕەوایی سیاسی لەو کۆمەڵگایانەدا دەبێتە لەمپەری سەرهەڵدانی قەیرانەکانی باڵادەستی و لەئاکام دا پێویستی

مۆبیلیزەی بیروڕای جەماوەر و بە شێوەی بەردەوام لەئارا دا نییە. بە واتایەکیتر هێشتا کۆمەڵگای مەدەنی لە پێکدادان لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتی دا نەهاتۆتە ئاراوە کە پێویستی سەرکوتی بێتە دیی. لەئاکام دا داڕشتەی دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەی تیپیکاڵ داخراو و بە دوورە لە ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان. لەو جۆرە کۆمەڵگا سیاسییانەدا، سیاسەت نە چالاکییەکی گرووپییە و نە تایبەتمەندییەکی جەماوەری لەخۆ گرتووە بەڵکووو لە بنەمادا پرۆسەیەکی تاکەکەسییە. میناک گەلێکی ئەو جۆرە کۆمەڵگا سیاسیانە دەتوانین لە هەندێ وڵاتی نەریتی دا کە نە کەوتوونە بە نوێژەن بوونەوەی فەرهەنگی و سیاسی بەربڵاو (وەک عەرەبستانی سەعوودی، ئۆردۆنی هاشمی و کووەیت) بدۆزینەوە. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای نەریتی لەو وڵاتانەدا دەتوانین لەو تایبەتمەندییانەی خوارەوەدا کورت کەینەوە: تایبەتمەندی تاکەکەسی و پاتریمونیالیستی سیاسەت، لاوازی بوارە فەرهەنگی و ئابوورییەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی، پاوانکردنی دەسەڵاتی سیاسی دەدەست تاقمێک لە گرووپە هەڵبژاردەکان دا و سەرهەڵنەدانی کۆمەڵگای جەماوەری وەک بەستێنی مۆبیلیزەی سیاسی. وەک میناکێکی تا ڕادەیەک دیاری ئەو جۆرە کۆمەڵگا سیاسییە دەتوانین باس لە رژیمی رەزاشای ئێران بکەین.

**کۆمەڵگای سیاسی نیوە نەریتی و ناجەماوەری. لەو جۆرە کۆمەڵگا سیاسیانەدا گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هێزێکی ئەوتۆیان هێشتا وەدەست نەهێناوە و یانیش ئەگەر بەربڵاو بوو بێتنەوە هێشتا بە تەواوی بە سازی نەبوون و ڕێکنەخراون و حکوومەت (چ لە جۆری سەرەرۆی گەش بینی نەریتی و چ لە جۆری دەوڵەتی ڕەها و چ لە جۆری حکوومەتە سپاییە هاوچەرخەکان) بێ هەر بەو هۆیە لە باری ڕەوایی و دەسەڵاتەوە بە شێوەی کاتی هەست بە قەیران و مەترسی ناکا و لەئاکام دا پێویستی بەوە نییە ڕاستەوخۆ دەستەوداوێنی جەماوەری خەڵک بێ بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی. لەو جۆرە کۆمەڵگا سیاسییەدا لاوازی پەیوەندی ڕێکخراو و ئۆرگانیک لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی دا لەئارادا نییە و زۆربە حکوومەتەکان ڕەوایی خۆیان لە سەر چاوە نەریتییەکانەوە وەدەست دێنن.**

**بەڵام لەلایەکیترەوە کۆمەڵگای مەدەنی لە دەقی ئاڵوگۆرە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانەوە دەسەڵات و بەربڵاوی وەدەست دێنێ. ڕژێمەکانی بەر لە شۆڕش زۆربەی کات میناکی ئەو جۆرە کۆمەڵگا سیاسییەن. لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا لەلایەکەوە داڕشتەی دەوڵەت، نەریتی و تا ڕادەیەک داخراو و گرووپە تازە سەرهەڵداوەکان ناتوانن بە سانایی بچنە ناوییەوە و سیاسەت و حکوومەتیش زۆربەی کات هەروا تاکەکەسین بەڵام لەلایەکیترەوە گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەک ڕکەبەری حکوومەت ڕوو لە پەرەسەندنن. قەیرانی وەها کۆمەڵگاگەلێک دەرئەنجامی ئەو بارودۆخەیە. لە بنەمادا بەربڵاوبوونەوەی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەل-ومەرجی حکوومەتی داخراودا لە باری سەقامگیری سیاسییەوە لەخۆگری**

مەترسییە. وەها حکوومەتێک بۆ بەر پرچ دانەوەی قەیرانی بنەڕەتی ڕەوایی و باڵادەستی خۆی یان دەبێ سنوورێک بۆ بەربڵاوبوونەوەی کۆمەڵگای مەدەنی دانێ و یان تۆڵرانسی لەگەڵی دا هەبێ. هیچ کامی ئەو دوو ڕێگەچارەیە نابێتە هۆی بەرپرچ دانەوەی قەیران. بە کردەوە وەها حکوومەت گەلێک بەشێوەی هەڤدودان و یان تەنانەت هاوکات هەر دووک سیاسەت رەچاو دەکەن و بەردەوامیش لەنێوان سیاسەتی سەرکوت و سازدان دا لە هاتووچۆدان و یانیش لەگەڵ بەشێکی کۆمەلگای مەدەنی بەشێوەی تۆڵرانس مامڵە دەکەن، لە کاتێک دا بەشەکانیتر سەرکوت دەکەن.

لەوەها هەلومەرجێک دا حکوومەت بۆ بەهێز کردنی پێگەی خۆی لەهەمبەر هێزە کۆمەڵایەتییە ڕێکخراوە هاورکەکان دا دەستەوداوێنی ڕێگەچارەیەکی سێهەم دەبێ و دەست دەداتە مۆبیلیزە جەماوەری لە لایەنە جیاجیاکانەوە. ئەو سا جۆری کۆمەڵگای سیاسی دەگۆڕێ و جۆرێکی چوارەم (کۆمەڵگای سیاسی داخراوی جەماوەری) دێتە دیی. هۆکاری "قەیران" گرینگترین هۆکاری دیاریکەرە لە گۆڕانی کۆمەڵگای سیاسی لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکیتر. وەها قەیران گەلیک لە پەیوەندی نێوان داڕشتەی دەسەڵات و کۆمەڵگای مەدەنی دا سەرهەڵدەدەن. بێ گومان ڕوودانی قەیران لە کۆمەڵگایەکی سیاسی دا نابێ بە واتای سەرهەڵدانی هەلومەرجی شۆڕشگێری بێنین. کۆمەڵگای سیاسی داخراوی ناجەماوەری کە گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەو دا ڕووە و گەشە کردنن ڕەنگە بە شێوەیەکی

سەرکەوتوانە بگۆڕین بۆ کۆمەڵگایەکی سیاسی‌تر و بەو پێیە مەترسی شۆڕش برەوێننەوە. گووڕانی هەلومەرجی شۆڕشگێری پڕۆسەیەکی دژوارترە و لانیکەم پێویستی بە وەیە کە گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بتوانن لە ڕێگەی ڕێکخستن، بەربڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆژیا، ڕێبەرایەتی و مۆبیلیزە، نارەزایەتی جەماوەری ڕێنوێنی بکەن.[1]

وێنەی ئەو جۆرە کۆمەڵگا سیاسیانە دەکرێ دە زۆربەی دەوڵەتە رەها نوێژەن و ڕووناک بینەکان دا بدۆزینەوە کە دواجار تووشی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان هاتوون. گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئە جۆرە کۆمەڵگا سیاسیانە دەتوانین بە شێوەی خوارەوە کورت کەینەوە: بەربڵاوبوونەوەی ریژەیی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە بێ بوونی ڕەهەندەکانی بەشداری کردنی گرووپی لە ژیانی سیاسی دا و داشکانەوە ڕوو لە زێدە بەلای مۆبیلیزەی جەماوەری دا.

**کۆمەڵگای سیاسی داخراوی جەماوەری.** لەجۆرە کۆمەڵگا سیاسییەدا گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەربڵاوبۆوە و تا ڕادەیەک بەهێزن و

---

۱. باسێکی چروپر سەبارەت بە هەلومەرجی سەرهەڵدانی بارودۆخی شۆرشگێرانە لێرەدا ناگونجی. بۆ دیتنی باسێکی تۆکمەتر بروانە:

حوسێن بەشێرییە، *انقلاب و بسیج سیاسی*، انتشارات دانشگاه تهران، ۱۳۷۲.

مەترسی گەلێکیش بۆ سەقامگیری سیاسی پێک دێنن. لە هەمبەردا، دەوڵەت بە بێ ئەوە بتوانێ کۆمەڵگای مەدەنی بە تەواوی سەرکوت کا، بە مەبەستی لاوازکردنی لە ڕوانگەی سیاسییەوە دەست دەداتە مۆبیلیزەی جەماوەری. لەڕاستی دا ئەوە جۆری قەیرانی بووی کۆمەڵگای سیاسی داخراوی نەجەماوەرییە و لە کۆمەڵناسی سیاسی دا سیاسەت و ئایدۆلۆژیا وەها کۆمەڵگایەک وەک "پۆپۆلیزم"(Populism) یان خەڵک ورووژێنی ناوی لێ دەبرێ. لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا دەوڵەت لەگەڵ کەڵک وەرگرتن لە گشت سەمبۆلەکانی ڕەوایی لە هەمبەر بەهێزبوونی گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دا بەربەرەکانی دەکا، بەڵام گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا بەهۆی هۆکاری جیاجیاوە بەهێزترن لەوە کە حکوومەت بتوانێ بە سانایی سەرکوتیان کا. ڕووخانی کۆمەڵگای مەدەنی لەوەها هەلومەرجێک دا کارێکی دژوارە و بۆ ئاسانکاری ئەو کارە دەوڵەت دەستەوداوێنی ڕاکێشانی پشتگیری و مۆبیلیزەی جەماوەری دەبێ.

قەیرانی ڕەوایی و بەشداری سیاسی لەو جۆرە کۆمەڵگا سیاسییەدا زۆر ڕوونە. مۆبیلیزەی جەماوەری دەتوانێ ریگەچارەیەکی کاتی بێ بۆ هەر دوو قەیرانەکە. لە ڕوانگەی ڕەوایی سیاسییەوە کاتێک دەسەڵاتداران بتوانن هەستی جەماوەر بە قازانجی خۆیان بورووژێنن، لەوانەیە بۆشایی ڕەوایی تا ڕادەیەک قەرەبوو بێتەوە. هەروەها پێک هێنانی سازیگەلێک بۆ ئامادە بوون و بەشداری جەماوەر لە گۆڕەپانی کۆمەڵگادا دەتوانێ لە رواڵەت دا نەبوونی پێکهاتەکانی بەشداری ڕێکخراو و خۆرسک قەرەبوو کاتەوە.

وڕووژاندنی جەماوەری زۆربەی کات هێمای هەستی لاوازی حکوومەتە لە هەمبەر گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دا. لە درێژەی مۆبیلیزەی جەماوەری دا حکوومەت ڕەنگە لەباری ڕەوایی و دەسەڵاتەوە وەها هەستی بەهێز بوون بکا کە دەتوانێ سازی و گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تێک بشکێنێ ( کە ئەوسا لە جۆرێکی کۆمەڵناسییەوە دەگەینە جۆرێکی‌تری کۆمەڵناسی). لە لایەکی‌ترەوە مۆبیلیزەی جەماوەری ڕەنگە بە هۆی هۆکاری جیاجیاوە (وەک خشکەیی بوونی مۆبیلیزە یان ئامادە نەبوونی دانیشتوان بۆ وەها کارێک) خۆ ڕانەگرێ هەتا هەلومەرجی شیاوی ئەو کارە سەرهەڵدەدا. لەوەها هەل- ومەرجێک دا ڕەنگە گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی خۆیان لە هەمبەر دەوڵەت دا دەست بدەنە مۆبیلیزەی جەماوەری. لە باری توانا و هەلی مۆبیلیزەی سیاسییەوە زۆربەی کات گرووپەکانی دەرەوەی دەزگای دەسەڵات بۆ جەماوەر ڕاکێشەرترن هەتا حکوومەت، بەتایبەت چوونکە گرووپە دژبەرەکان دەتوانن هەر چەشنە وادە و بەڵێنێک بدەنە جەماوەری مۆبیلیزە بوو. بەبێ ئەوە کەسێک چاوەڕوانی ئەوەی ببێ کە لە هەمان کات دا بەڵێنەکانیان بەرنەسەر. کاتێک گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی خاوەن ڕێبەری، ئایدۆلۆژیا و توانای ڕێکخستن و مۆبیلیزەی پێویست بن بوونی کەمە ناڕەزایەتییەک لە هەر چەشنێکی لەناو جەماوەری خەڵک دا بە کەڵک دەبێ بۆ کاریگەر کردنی خەباتی دەسەڵات. بە پێچەوانەوە لەنەبوونی هۆکارەکانی باسکراودا بوونی ناڕەزایەتی جەماوەری لە ئاستێکی بەرفراوانیش دا ڕەنگە چارەساز نەبێ (ئەو بارودۆخە لە جۆری شەشەمی کۆمەڵگای سیاسی دا سەر هەڵدەدا). بێ گومان بێتوو لەوەها هەلومەرجێکی قەیرانی دا حکوومەت لە مۆبیلیزەی جەماوەر دا تووشی شکست بێ و

گرووپە دژبەرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە مۆبیلیزەکردن دا سەرکەون، بارودۆخەکە "شۆڕشگێری" دەبێ و دواجار بێ توانایی یان هەستی لاوازی حکوومەت لەسەر کوت کردن دا راگواستنی دەسەڵاتی لێدەکەوێتەوە.

کۆمەڵگای سیاسی داخراوی مۆبیلیزەخواز تەنیا لە هەلومەرجی بەر لە ڕوودانی شۆرشەکان دا سەرهەڵنادا، بەڵکووو لە هەلومەرجی دوای ڕوودانی شۆڕشەکانیش دا ڕەنگە سەرهەڵدا. بێ گومان خەبات بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات پاش هەرەسی رژیمی کۆنیش لەناو گروپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دا بەردەوام دەمێنێتەوە. هەرکام لەو گرووپانە ڕەنگە بەتەمابن دەست بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتی دا بگرن. یەکێک لە شێوە باوەکان لەوەها هەلومەرجێک دا دەست دانە مۆبیلیزە و وروژاندنی جەماوەرییە بە مەبەستی وەدەرنانی رکەبەران لە گۆڕەپانی دەسەڵات دا. زۆربەی کات گرووپە توندرۆکان دەتوانن لە ڕێگەی ئەو شێوەوە گرووپە میانەرۆکان لە گۆڕەپانی دەسەڵات دەرپەرێنن. لەو بوارەش دا بێتوو مۆبیلیزەی جەماوەری هەتا گەیشتن بە ئامانج خۆراگرێ و گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش سەرکوت کرێن جۆری کۆمەڵگای سیاسی دەگۆڕێ و کۆمەڵگای سیاسی سەرکوتکەری جەماوەری (جۆری شەشەم) سەر هەڵدەدا. لەلایەکیترەوە بێتوو مۆبیلیزە جەماوەری و یان بەربەرەکانی گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەدرێژەی ئەو ماوەیەدا بەهەر هۆیەک خۆ رانەگرێ ڕەنگە هەلومەرجێکی وەک کۆمەڵگای سیاسی داخراوی نامۆبیلیزە بێتە بەرەوە کە هەر وەک بینیمان لەخۆگری تۆخمە قەیرانییەکانە. وێنەی ئەو

**جۆرە کۆمەڵگا سیاسییە دەتوانین لە زۆربەی ڕژێمە پۆپۆلیستییەکانی ئەمریکای لاتین لە درێژەی دوو سێ دەیەی رابردوودا و هەروەها لە رژیمی سیاسی ئێرانی سالآنی ٧ – ١٣٥٤ هەتاوی دا بدۆزینەوە.**

**کۆمەڵگای سیاسی سەرکوتکەری ناجەماوەری.** **لەو جۆرە کۆمەڵگا سیاسیانەدا پانتای دەوڵەت بە زەرەدی کۆمەڵگای مەدەنی بەرفراوان بۆتەوە و کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕووی چالاکی سیاسییەوە سەرکوت کراوە، لەگەڵ ئەوەش دا سروشتی سیستمی سیاسی بەلای مۆبیلیزەی جەماوەری دا نەشکاوەتەوە. وەها کۆمەڵگایەک لە لایەکەوە خاڵی هەمبەری کۆمەڵگای سیاسی جۆری سێهەمە کە لەودا ڕاستە سیاسەتی دەستەوداوێن بوونی جەماوەر دەکار نایە بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی تا ڕادەیەک بەهێزە. لە لایەکیترەوە ئەو جۆرە کۆمەڵگا سیاسییە دەکەوێتە هەمبەر جۆری چوارەم، چوونکە سیاسەت لە یەکیان دا جەماوەری و لە وەیتردا ناجەماوەرییە. وەها کۆمەڵگایەک دەتوانین لە جۆرەکانی ڕژێمە کۆنسێرڤاتە نادێموکراتیکەکان دا بدۆزینەوە. دەوڵەتە سپاییە نەریتییەکان، کە پاش دەست بەسەر داگرتنی دەسەڵات حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە سەربەخۆکان سەرکوت دەکەن بەڵام خاوەن بۆچوونی ئایدۆلۆژیاک نین سەبارەت بە مۆبیلیزەی جەماوەری، یەکێکن لەو جۆرە کۆمەڵگایانە. هۆی نەبوونی وەها بۆچوونێک دەبێ لەو ڕاستییەدا بدۆزینەوە کە کۆمەڵگای مەدەنی تەنانەت ئەگەر ئازادیش بێ، هێشتا وەها بەهێز و پەرەسەندوو نییە و هەر لەو**

ڕۆوەش مەترسییەکی بەرچاو بۆ سیستمی سیاسی پێک ناهێنی. لە وەها کۆمەڵگایەک دا کۆمەڵگای مەدەنی بە هۆی چەند هۆکارێکەوە لەچاو دارشتەی دەسەڵاتی رەها هەلی پەرەسەندنی بۆ رەخساوە و نویژەن بوونەوە ئابووری و کۆمەڵایەتی تا ڕادەیەک بەرچاویش وەک پشتیوانەی کۆمەڵگای مەدەنی هاتوونە ڕوو بەڵام ئاڵوگۆرە ئابوورییەکان و بەرفراوان بوونەوەی کۆمەڵگای مەدەنی بە رادەی پێویست بە هێز نەبووە. هەر لەو ڕووەوە کاتێک دەوڵەت هەلی بۆ دەرەخسێ هەتا دووبارە سەرچاوەکانی دەسەڵاتی خۆی چرکاتەوە یەکەم هەنگاوی دەستەمۆ کۆمەڵگای مەدەنییە. بە گشتی بۆچوونە قەیرانییەکان لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا لە ڕووی سیاسی و ئایدۆلۆژیاکەوە بەو رادەیە نەگەیشتوون کە پێویست بکا سیاسەتی مۆبیلیزە و بزووتنەوەی جەماوەری رەچاوکرێ. وەها کۆمەڵگایەک زۆربەی کات نە لە هەلومەرجی دوابەدوا بەر لە شۆرشەکان و نە دوابەدوا پاش شۆرشەکان سەرهەڵدەدا.

لە هەلومەرجی دوابەدوا پاش شۆرش دا هەر چەندە ڕەنگە کۆمەڵگای مەدەنی سەرکوت کرێ بەڵام حکوومەت ناتوانێ خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی جەماوەری دا بە سانایی بپسێنێ. بەڵام ڕەنگە لە ڕەوتی شۆرشەکان دا جۆرێکی وەهای کۆمەڵگای سیاسی لە هەلومەرجی داکەوتنەوەی پێلەکانی شۆرش دا بێتە بەرەوە، واتا لە هەلومەرجێک دا کە لەلایەک ئیتر مۆبیلیزەی جەماوەری نەلوێ و لە لایەکیتریشەوە حکوومەت ناتوانێ ئەو مەترسییانەی دەرئەنجامی ئازادی گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە

**بپەژرێنێ. زۆربەی کات جۆرە سیاسەتێکی جەماوەری پێویستە بۆ پاساوی سەرکوتی پێکهاتەی مەدەنییەکان بەڵام بێتوو بواری بەرێوەبردنی سیاسەتی جەماوەری نەبێ ئەو سا سیاسەتی سەرکوتی کۆمەڵگای مەدەنی بە شێوەیەکی بەردەوام ناکرێ دەکار بێ. هەر لەو ڕووەوە کۆمەڵگای سیاسی جۆری پێنجەم زۆربەی کات دارِشتەیەکی لەرزۆکی هەیە و یان دەگۆرێ بۆ کۆمەڵگای سیاسی جۆری سێهەم و یان جۆری شەشەم. وەک میناک گەلێک بۆ وەها کۆمەڵگایەکی سیاسی دەکرێ باس لە کۆمەڵگای سیاسی ئێران لە نێوان کودەتای ساڵی ١٣٣٢ هەتاوی و سەردەمانی ڕیفۆڕمەکانی زەوی دا بکەین.**

**کۆمەڵگای سیاسی سەرکوتکەری جەماوەری. لەو جۆرە کۆمەڵگا سیاسییەدا دەوڵەت کۆمەڵگای مەدەنی سەرکوت دەکا و لە هەمبەر دا دەست دەداتە مۆبیلیزەی جەماوەری لە ئاستێکی بەرفراوان دا. لێرەدا هەرچەندە سازی و گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و نەریتی کۆمەڵگای مەدەنی لە لایەنی مێژووییەوە بەهێزتر بوو بێ، بزووتنەوەی جەماوەری زێتر بەرفراوان دەبێ. بزووتنەوەی جەماوەری پێویستی بە سەرکوت و وەدەرنانی گرووپەکانی رکەبەرە لە بلۆکی دەسەڵات دا. بێ گومان دەبێ توانایییەکانی ئایدۆلۆژیایە گشتگیرەکان جا چ چەپ و چ ڕاست کە جەماوەر بە وادەی ڕیفۆڕمی خێرا دڵخۆش دەکەن، شیاوی ئەو جۆرە کۆمەڵگایەن. تۆتالیتێریزم چ چەپ و چ ڕاست لە ڕێگەی ترسان و تۆقاندنی گرووپە**

سیاسییەکان و بەربڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیا لە ئاستی جەماوەری دا بەردەوام دەمێنێتەوە.

دەوڵەتە تۆتالیتێرەکان بە مەبەستی هاندان و راکێشانی پشتگیری خەڵک هەم کەڵک لە سیاسەتە ئابوورییەکان وەردەگرن و هەمیش لە پاڵنەر ئایدۆلۆژیاکەکان. بە پێی ئەوە کە لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیایەوە ناکرێ (تسخیری) گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بکرێ، شیاوترین شێوە لە ڕوانگەی دەوڵەتی تۆتالیتێرەوە دەکارهێنانی سیاسەتی توندوتیژی و تێرۆرە لەهەمبەر ئەو گرووپانەوە. بێ گومان بە مەبەستی وەدەست هێنانی سەرکەوتن لەو بوارەدا سیاسەتی مۆبیلیزەی جەماوەری دەبێ پاش سەرکوتی کۆمەڵگای مەدەنیش بەردەوام بێ. هەر لەو ڕووەوە لە ڕووی رادەی سەرکەوتنەوە، سیاسەتی جەماوەری ڕەنگە لەنێوان کۆمەڵگای سیاسی جۆری شەشەم و جۆری چوارەم دا لە هاتوجۆ دا بێ. شیمانەی گوورانی کۆمەڵگای سیاسی جۆری شەشەم لە هەلومەرجی قەیران دا بەرز دەبێتەوە، جا چ لە هەلومەرجی قەیرانی بەر لە شۆرش و یانیش پاش شۆرش. لە هەلومەرجی یەکەم دا دەوڵەت ڕەنگە بە سەرنجدان بە مەترسی بەربڵاوبوونەوەی کۆمەڵگای مەدەنی دەست بداتە سیاسەتی مۆبیلیزەی جەماوەری. هەستی مەترسی دەوڵەتانی دەسەڵات ویست لە بەهێزبوونی گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەردەم سەرهەڵدانی بۆچونی بەجەماوەری کردنی سیاسەتی لێ دەکەوێتەوە. لە هەلومەرجی پاش شۆرشەکان یانیش گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی دا داشکانەوە بەلای سەرکوتی خێرای

**کۆمـەڵگای مـەدەنی و بەربڵاوکردنـەوەی سیاسـەتی مـۆبیلیزەی جـەماوەری زێتـر دەبـێ (بـەرز بێتـەوە). دیکتاتۆڕییـە شۆرشـگێری یـان "دێموکراسـییە" ژاکۆبۆنییەکان لەو جۆرە کۆمەڵگا سیاسیانەن کە لەگەڵ سـەرکوتی گرووپـە کۆمەڵایەتییـە ڕێکخـراوەکـان دا لــە سـەرەوەی ئـەوان را دەپرژێنـە سـەر مـۆبیلیزەی جـەماوەری. باشـترین مینـاکی ئـەو جـۆرە کۆمـەڵگا سیاسـیانە دەکـرێ لـە ڕژێمـە فاشـییەکـانی ئوڕووپـا لـەنێوان دوو شـەری جیهـانی دا بدۆزینەوە.**